# بۆکان لە مێژوودا

## «کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

(بەرگی سێهەم)

# بۆکان لە مێژوودا

## «کۆمەڵەی ٤٨١ وتار»

ئەنوەر سوڵتانی

بنکەی ڕۆشنگەری

**کتێب:** بۆکان لە مێژوودا (کۆمەڵەی ٤٨١ وتار) بەرگی سێهەم
**نووسەر:** ئەنوەر سوڵتانی
**دیزاین و ڕووبەرگ:** چیمەن ئیلخانیزادە
**چاپی یەکەم:** ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان ٢٠١٨
**چاپی دووهەم:** بنکەی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا ٢٠٢١
نیگارەکانی ڕووبەرگ لە کاشییەکانی ئیزیرتوو وەرگیراون

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

# بیرەوەرییەکان

لەم بەشەدا هەندێک کتێبی بیرەوەریی کوردی و فارسی یان وەرگێڕاوی کوردی و فارسیی نووسەرانی ئورووپایی، پشکێنراون کە لەنێو بیرەوەریی نووسەرەکاندا ئاماژەیەک بە بۆکان یان کەسایەتییەکانی ناوچەی بۆکان کرابێ. زانیاریی دووراودووری ئەو کەسانە وا هەیە سەداسەد ڕاست نەبن، بەڵام هەر ئەوەندەی لایەنێکی تاریکی ژیانی خەڵکی بۆکانیان ڕوونکردبێتەوە، دەتوانێ بایەخی خۆیان هەبێ.

## بیرەوەرییەکانی سەردار موقتەدیری سەنجاوی

ئەم دێڕانەی خوارەوە بەشێکن لە بیرەوەرییەکانی «عەلی‌ئەکبەرخانی سەردار موقتەدیری سەنجابی»، کە دوکتۆر کەریمی سەنجابی برازای ڕێکیخستووە و لە ساڵی ٢٠٠١دا لە تاران بڵاوکراوەتەوە.

سەردار موقتەدیر، سەرۆک‌هۆزی سەنجابی یەک لە سێ هۆزی مەزنی ناوچەی کرماشان (کەڵهوڕ، سەنجابی، گۆران) بوو، کە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا، خۆی و ئەندامانی عەشیرەتەکەی کەوتنە بەر هێرش و بۆمباردمانی بێ‌بەزەیی‌یانەی سپا و فڕۆکە شەڕکەرەکانی بریتانیا. هۆی مەسەلەکەش لایەنگری کردنی سەنجابییەکان بوو لە بیرۆکەی «یەکییەتیی ئیسلامی»ی عوسمانییەکان و هاوپەیمانە ئاڵمانییەکانیان. لە ئەنجامدا سەردار موقتەدیر، هۆزەکەی خۆی خستە گێژاوی شەڕێکی بێ‌سوودی بێ‌ئەنجام لەگەڵ سپای ڕووس و ئینگلیز و لەژێر گوشاری ئەواندا مەجبوور بوو خاک و وڵاتەکەی بەجێ‌بهێڵێ و پەنا بباتە بەر هێزەکانی عوسمانی لە باشووری کوردستان و ئەو بەشەی دواتر بوو بە عێراق.

سەردەمێک کە سەردار موقتەدیر دەچێتە عێراق (ساڵی ١٩١٨)، سەردەمی دەست بە سەربوونی شێخ مەحموودی مەلیکە لە مووسڵ. ناوبراو لە ماوەی مانەوەی‌دا لە شارەکە چەندین جار دەچێتە چاوپێکەوتنی شێخی نەمر یا ئەو ئیجازەی چەوپێکەوتنی سەردار موقتەدیر وەردەگرێ و دەچێتە مزڵەکەی.

گوێ پێنەدان و هەڵس‌وکەوتی نالەباری ئەفسەر و بەرپرسانی سپای عوسمانی لەگەڵ سەردار و هاوڕێکانی لەلایەک و جێ لێژ بوون بە سپای ئاڵمانی و تورک،

کارێـک دەکا کە ســەردار بەبـێ ئیجازەی ئەوان و بەدزیی عوسـمانییەکانەوە لەگەڵ چەنـد هاوڕییەکـیدا بگەڕێتـەوە ئێران و لە ڕێگەی پشـدەرەوە بگاتە سەردەشـت و لەوێـوە بـۆ بـۆکان و ئینجا تیکانتەپەی هەوشـار (تیـکاب) و پاشـان ئازەربایجان و تاران.

هاوڕێیانی سەردار موقتەدیر لەم سەفەرەدا بریتی بوون لە: حوسێنخانی سالار زەفـەری برای، سـلێمانخانی سـالار موقتەدیـری برازی، میرزا ابولقاسـم لاهووتیی کرماشـانی، شـاعیری شۆڕشـگێڕی کورد وەک پێشـکار، موجاهیدێکی میللی، چەند کوێخازادەی سـەنجابی، ئەفسـەرێکی هەڵاتووی عوسـمانی و ژمارەیەک سوارە، کە سەرجەمی هەمووان بە خۆیەوە گەیشتبووە ٥٣ کەس.

مێژووی سـەفەری سـەردار موقتەدیر و هاوڕێکانی بەگوێرەی یادداشـتەکان بە شێوەی خوارەوەیە:

ـ گەیشتنە نێو خاکی عوسمانی (عێراق) [لە ڕاستیدا چوونە باشووری کوردستان]: ١٦ی ڕەمەزانی ١٣٣٦ (تیرماه ١٢٩٧)، (جوولای ١٩١٨)

ـ گەڕانەوە و گەیشتنە تاران: ١٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣٣٧ (٢٤ آذر ١٢٩٧ ـ ١٦ی دێسامبری ١٩١٨).

بەگوێرەی لاپەڕەی ٤٢٩ی بیرەوەرییەکان، ماوەی گەڕانەوەی سـەردار لە خاکی عوسـمانییەوە بـۆ ئێران چـل ڕۆژ بووە و بەو پێیـە، تێپەڕبوونی ئـەو و هاوڕێکانی بـە سەردەشـت و بۆکان و تیکانتەپەی هەوشـاردا، دەبێ لە مـاوەی مانگی نوامبر و دێسامبری ١٩١٨دا بووبێ.

مەسەلەی سەرنجڕاکێش لە سەفەری سەردار موقتەدیردا، ئەوەیە میرزا ئەبولقاسم لاهووتیی کرماشانی، شاعیری شۆڕشگێڕی کوردیش یەکێ لە هاوڕێیانی بووە. لاهووتی، کە دایکی لە هۆزی سەنجابی بوو و خۆشی بۆ ماوەیەک لەنێو ئەواندا ژیابوو، لەو سەردەمە تایبەتیەدا وەک پێشکار و بریکاری سەردار موقتەدیر، گەلێک ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ ڕاپەڕاندووە و بۆ نموونە لە شاری سنە پێوەندیی بە ئاڵمانییەکانەوە گرتووە.

یادداشتەکانی سەردار موقتەدیر نیشاندەری ئەوەن کە لاهووتی هەستێکی بەهێزی لایەنگریی ئاڵمان و عوسمانیی هەبووبێ و لە ماوەی مانەوەیاندا لە مووسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی هاتوچۆی کاربەدەستانی سپای عوسمانیی کردبێ، ئینجا لەو قۆناغەدا کە سەردار موقتەدیر بڕیاری گەڕانەوەی ئێرانی دابێ، لاهووتی لێی جیا بووبێتەوە و بەتەنیا لە عێراق بۆ ماوەیەک لەژێر حیمایەی عوسمانیدا ژیابێ. ئەم بەشەی یادداشتەکانی سەردار لەمەڕ لاهووتی، لە کتێبێکی مندا کە لەمەڕ ژیان و ئاسەوارەکانی لاهووتیم نووسیوە، شوێنێکی تایبەتییان داگیر کردووە.[١] موقتەدیر دەنووسێ:

... لای ئێوارە گەیشتینە گوندێک لە سەرەتای دۆڵی پشدەر. ئاوی چۆمی ئاڵتوونکۆپری بەو دۆڵەدا تێپەڕ دەبوو. بەناچار لەم گوندە دابەزین. ئاغای دێیەکە ناوی ڕەسووڵئاغا بوو کە جیاواز بوو لە حاجی ڕەسووڵئاغای پشدەری. ئاغا و خاوەنی گوندەکە لە ماڵ نەبوو... لای ئێوارە هاتەوە. بەبێ هەواڵپرسی و موجامەلە لێی پرسین خەڵکی کوێن؟ گوتم ئێرانین. ئەمجار پرسی موسڵمانن یا عەجەم؟... لە پشدەرایەتی کەسێکی شارەزا بردینە ماڵی عەباسئاغای برای بچووکی حاجی ڕەسووڵئاغا، کە لەم دواییانەدا ببووە سەرۆکی گشتیی.. بەیانیی ئەو ڕۆژە، سەعاتێک پێش نیوەڕۆ گەیشتینە سەردەشت. لە سەردەمی شەڕی جیهانی و هاتنی عوسمانییەکاندا نیوەی شارەکە بەناوی یارمەتی بۆ عەسکەری ئیسلام ڕووتابۆوە. ڕووسەکان لە شەڕی عوسمانیدا شارەکەیان کردبووە خۆڵەمێش و دوای ڕۆیشتنی ئەوانیش پشدەرییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو... سێ وڵاخمان بە سێ تمەن بەکرێ گرت، لەوێوە هەتا بۆکان.

... لای ئێوارە گەیشتینە گوندی حوسێنئاغا یەک لە سەرۆکهۆزانی گەورک. ناوی گوندەکە «نستان» بوو... لای ئێوارە گەیشتینە ماڵی عەلیئاغا... ژنی عەلیئاغا لە بەگزادەکانی عێلی گەورک، ئامۆزای عەلیئاغا بوو. باوکی ئەو کابرایە چەند

١. بڕوانە: ئەنوەر سوڵتانی، «لاهووتی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد»، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.

ســاڵ پێشــتر بە یارمەتیی خانانی موکری و ســەرداری بۆکان بۆ ماوەیەک ببوو بە سەرۆکی ئەو لقەی عێلی گەورک...

## بۆکان و موکری

نزیک ئێوارە گەیشتینە ماڵی مستەفابەگی حاجی ئێلخانی... ماڵ و دەزگایەکی گەلێک باشی هەبوو. کاتێ چووینە ماڵەوە، کەسێکی شەست ساڵان بە جلوبەرگی ڕێکوپێک و خاوێنەوە، دارتەعلیمێک بەدەستەوە، کاتێ چاوی بە ئێمە کەوت، بە ویقارێکەوە وەستا و بانگـی چەنـد کەسـێکی کرد. جڵـەوی وڵاخەکانیان گرتیـن. هەر ئەوەنـدەی دابەزین، ناوی منی پرســی. منیش بەبێ شــاردنەوە، خۆم و ساڵار زەفەر و ساڵار موقتەدیرم پێناساند. بە گەرموگوڕی وەریگرتین. هەتا بەر دەرگای ژوورەکە لەگەڵمان هات و بــە فەرمــوو فەرمــوو بردینیــە ژوورێ. کوڕێکی خوێنشــیرینی بەژن و بــاڵا جوانی بیســت ســاڵان لەوێ وەستابوو. فەرمانی پێدا کەلوپەلەکانمان بێنن و لەنێو یەکێ لە ژوورەکاندا دایانبنێن، هاوڕێکانیشــمان لەو ژوورەدا دابمەزرێنن. بە شــێوازی قســە لەگەڵ کردنیدا دەردەکەوت ئەو کەســە، کوڕی مســتەفابەگ بێ. دوای نیوســەعاتێک دوو کــوڕی دیکەشــی هاتنــە لامــان کــە ناویان محەممەدبــەگ و عەبدوڵڵابــەگ بوو. بەهــۆی میهرەبانــی نوانــدن و دڵپاکــی حاجــی ئێلخانــی و کوڕەکانییــەوە، زوویــەک ماندوومان حەسایەوە. مستەفابەگ ئەمری کرد بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە حەمامەکەمان بۆ خاوێن و ئامادە بکەن. شــەو، دەســتێک نوێنی مومتاز و خاوێنیان بۆ هەرکام لە ئێمــە هێنــا. ســبەی ڕۆژهەڵات چووینــە حەمام. کاتێ هاتینــە دەر، چایی و فراوێنێکی تێروتەســەلیان بــۆ هێنایــن. هــەر چەند هەوڵمــان دا پێش نانی نیوەڕۆ بــەرەو بۆکان بکەوینە ڕێ، قبووڵی نەکرد. نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئینجا پێمان لەســەر ڕۆیشــتن داگــرت و ئیجــازەی ڕۆیشــتنمان وەرگــرت. کەوتینــە ڕێ. هــەر ســێ کوڕەکــەی تــا فرسەخێک لەگەڵمان هاتن و بەڕێیان کردین. سوارێکیش هەتا بۆکان بووە ڕێنوێنمان. نیوســەعات لە شــەو تێپەڕ ببوو کە گەیشــتینە شارۆچکەی بۆکان. کاتێ چووینە بەر دەرگای عیمارەتی سەرداری بۆکان، دەنگی ساز و ئاواز دەهات. کە چاویان بە ئێمە

کەوت ساز و ئاوازیان ڕاگرت.

سەردار خۆی لە ئەندەروونەدا بوو. نۆکەرەکانی هاتنە پێشەوە و ولاخەکانیان دایە دەست چەند کەسی جڵەودار، ئێمەشیان بردە ژوورێکی گەورە و خاوێن، کە چەند کورسی و مێزێکی گەورەی تێدابوو، سۆبەشیان بۆ پێکردین. عەلیخانی سەرداری بۆکان بە جلوبەرگی وەک بەرگی عەسکەرییەوە هاتە دەر. بەبێ ئەوەی کەسێک ئەومان پێ بناسێنێ، بە ڕوخسار و جلوبەرگیدا ناسیمانەوە. ئەویش ناوی ئێمەی لە پیاوەکەی حاجی ئێلخانی پرسیبوو. بە تێگەیشتوویی و ڕێزەوە وەریگرتین. کە چاییمان خواردەوە و گەرم داهاتین، بە منی گوت مەیلی خواردنەوەتان هەیە؟ وەڵامم دایەوە ڕەزای ئێوەمان دەوێ. بەزمێکی خۆشیان خستە ڕێ. بەراوردی میوانداریەتی، خوڵق و خووی باش، دڵپاکی و ئازادیی مەجلیسی ئەوم لەگەڵ مەجلیسی ناوچاوگرژ و ترسێنەری سوارئاغا و ڕەسووڵئاغا کرد، کە تێیدا برا لە برا دڵنیا نەبوو.

هەمان شەو، هەواڵیان بە مەحموودئاغا، کوڕە گەورەی حاجی محەممەدئاغا (حاجی ئێلخانی)ی دێبوکری دابوو، کە زاوای سەردار بوو. سبەی پێشنیوەڕۆ مەحموودئاغا و حاجی بایزئاغا و عەلیئاغا هەر سێ کوڕی حاجی ئێلخانی هاتنە چاوپێکەوتنمان. سالار ئەسعەدی خزمی مستەفابەگیش هات. ئەو ڕۆژە و شەوی دووهەمیش لە ماڵی سەرداری بۆکان بووین. سەردار پێشنیاری کرد بچینە دیتنی حاجی محەممەدئاغای ئێلخانی گەورەی دێبوکرییان. منیش شەوقی چاوپێکەوتنیم هەبوو. لە کاتی ڕۆیشتندا، من و سالار زەفەر سواری کالیسکەی شەخسیی سەردار بووین. هەر گەیشتینێ، حاجی بایزئاغا و مەحموودئاغا دووسەد هەنگاو پێشتر لە ماڵەکەیان وەستابوون و چاوەڕوانی ئێمە بوون. بەپێیان کەوتنە پێشمان هەتا گەیشتینە نێوماڵ. حاجی ئێلخانی لە دەرەوەی دیوەخان وەستابوو. دابەزین و زۆری ڕێز لێناین. نەمدەزانی ئەو ڕێزگرتنانە بۆ ئێمەیە یا بۆ سەرداری بۆکان تا ئەوەی لەنێو ژوورەکەدا سەردار بۆ ئەنجامی کارێک چووە دەرەوە و گەڕایەوە. حاجی ئێلخانی هیچ لە بەری نەجووڵایەوە. ناوبراو لە بەرانبەر سەردار و بەگزادەکانی تردا لە ڕادەبەدەر لەخۆبایی و خۆڕاگر بوو. وا دەردەکەوت کە تەمەنی حاجی ئێلخانی

لە دەوروبەری حەفتاوپێنج و هەشـتا سـاڵ بێ. نیوتاقە شـاڵی سـپی و سورمەیی لە پشـت بەسـتبوو و نیـو تاقەیەکـی دیکـەی لە هەمان شـاڵ بە دەوری سـەرەوە بوو. جلوبـەرگ و تەنانـەت عەباکـەی لە بەرەک بـوو. ڕوخسارێکی ڕەشـتاڵە ، باڵایەکی مامناونجـی، کەمـەری باریـک و سـینگێکی هێندێ پانـی هەبوو. دوای نانـی نیوەڕۆ، شەویش هەر لەوێ مابنەوە. بۆ نانی نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی میوانی مەحموودئاغای کوڕە گەورەی حاجی ئێلخانی بووین. بنەماڵەی حاجی ئێلخانی یەک لە ناودارترین و ڕووناکبیرترین بنەماڵە کوردەکانی ئێرانن، بەتایبەت حاجی بایزئاغای کوڕی، پیاوێکی خاوەن فەزیلەت، عەرەبیزان، ئەدیب و فەقیهـ بوو. مەسـلەکی دێموکراتی و مەڕامی سەربەخۆیی حکوومەت و نەتەوەی کوردی هەبوو. بڕوای شەخسیی بریتی بوو لەوەی کـە ئینگلیزەکان ئازادی دەدەنـە گەلانی جیهان و بەتایبەت وەفا بەو بەڵێن و پەیمانە دەکەن کە لە بەغدا بە نوێنەرانی کوردیان داوە. من دژ بە بۆچوونەکەی وەسـتام و گوتم بەرلە هەموو شـت ئینگلیزەکان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا ئازادیخواز نین و ئەوەنـدەی بتوانن ئازادیخواز و نیشتمانپەرسـت و خێرخوازی وڵاتانی تر، بەتایبەت وڵاتانی موسـتەعمەرە، سووک و بێقیمەت و خانەنشین دەکەن. دووهەم ئەوەی کە پێشەوای ساڵح و خەڵکی بەغیرەتی کورد نابێ دیعایەی سەربەخۆیی بکەن و گیانی خۆیـان لـەو پێنـاوەدا بەخت بکەن، بەڵکوو دەبێ هەوڵی یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەسـڵ و بنەچەکی ئێرانیی خۆیان بدەن، حاجی بایزئاغا لە بۆچوونەکانی من ناڕەحەت بوو و گوتـی بـۆ کورد، عەجەم یا عەرەب و تورک جیاوازییان نییە. وەڵامم دایەوە و گوتم ئەگەر خەڵکانی نەخوێندەوار و تێنەگەیشتوو وەک سوارئاغا و ڕەسووڵئاغا کە لەم سەفەرەدا ئێمەیان بە عەجەم دادەنا و خوێنمانیان بە حەڵاڵ دەزانی قسەی وا بکەن، قەیـدی نـاکا، بەڵام لە خەڵکی خوێندەوار و فازیـل و مێژووزانی وەک ئێوە بەدوورە وا بیربکەنـەوە. لـە قسـەکانم هەڵبەزییـەوە و هەنـدێ قسـەی سـووکی بـە ئێـران و ئێرانییەکان گوت. منیش لە بەرانبەردا تووڕە بووم و گوتم ئەم قسانەی ئێوە میراتی چەند سـەد ساڵ دیعایەی سـوڵتانەکانی ئالی عوسمان و شـەڕ و دەمارگیریی ئایینی نێوان سـوننە و شـیعەیە کە ئێرانی موسـڵمان بە عەجەم و ڕافزی دادەنێن. ئایا ئەوە

کارێکی بەجێیە کە ئێوە من و سەدان هەزار کوردی ئێرانی بە عەجەم دادەنێن هەر لەبەروەی سوننی نین، لە کاتێکدا خۆتان، کە بەگوێرەی قسەی عەرەب، عەجەمی تەواون، بە غەیرە عەجەم و غەیرە ئێرانی دادەنین؟

دەمەقاڵەی من و حاجی بایزئاغا لە دەوربەری نیوەشەودا کێشایە کێشە و قسەی پیس و ناحەز، بە شێوەیەک کە حاجی بایزئاغا گوتی ئەگەر لە ماڵی خۆمدا میوان نەبووایەی، بە شێوەیەکی تر لەگەڵت دەجووەڵامەوە و ئەگەر نەمتوانیایە بتکوژم، ئەوا خۆمم دەکوشت. ئامادەبووانی مەجلیسەکە کەوتنە نێوان و هەردوو لامان بێدەنگ بووین، بەڵام حاجی بایزئاغا بەتەواوەتی دڵی لێمان ئێشا. ئەو شەوە هەتا بەیانی نەخەوتم. لەلایەکەوە نارەحەت بووم کە بۆچی خانەخوێیەکی وا باشم رەنجاندووە و لەلایەکی ترەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە، خوایە ئەوە چ سەرلێشێواوی و لە ڕێگالادانێکە تووشی ئێمەی گەلی کورد هاتووە بە شێوەیەک کە ئەسڵ و بنەچەکی خۆمان لە بیر کردووە و لە خۆمان نامۆ بووین، کەوتووینەتە داوی بارودۆخی عەشیرەتی و پاشاگەردانی و شوانییەتی و خورافەی دەمارگیریی ئایینیی خۆمان و ئینجا عەرەب و عەجەم و تورک بەهۆی داماویی خۆمان دەزانین.

سبەی ڕۆژ بۆ نانی نیوەڕۆ لە ماڵی مەحموودئاغا بووین. دوای نانی نیوەڕۆ بەگوێرەی بانگهێشتنی سالار ئەسعەد لای عەسر چووینە ماڵی ئەوان. لە ڕاستیدا میوانداریيەکی برادەرانەی شایانی کردین. ئەو شەوە و نیوەڕۆی ڕۆژی دوای ئەو لەوێ ماینەوە، بەڵام حاجی بایزئاغا بەهۆی دل ئێشانییەوە لە من، بەرلە نیوەڕۆ گەڕایەوە ماڵی خۆیان.

لای عەسر لەگەڵ سەرداری بۆکان و مەحموودئاغا و عەلیئاغا کوڕانی حاجی ئێلخانی و سالار[سەردار] ئەسعەد گەڕاینەوە بۆکان و شەو لە ماڵی سەردار ماینەوە. ئەو شەوە، کاتی خەو، کە خانان و بەگزادەکان لەگەڵ سەردار ڕۆیشتن و ئێمە لە مەنزڵی خۆمان ماینەوە، یەکێ لە خزمانی عەلیئاغا هات و بانگی سمایلخانی موجاهیدی کرد. وا دەرکەوت کە عەلیئاغا لای وا بووە ئێمە بەهۆی کوشتوبڕ و تالان و تەنگژەی نێوخاکی عوسمانییەوە خەرجی ڕێگامان پێنەمابێ و ئاتاج بین بۆیە

پێنجسەد تمەنی بۆ ناردبووین. گەرچی کارێکی مرۆڤانەی کردبوو، بەڵام ئەم کارە بۆ ئێمە زۆرناخۆش بوو و من لە عارەقی خەجاڵەتی‌دا نقوم بووم و بەسپاسەوە پارەکەم دایە دواوە.

ڕۆژی دوایی کاتی خۆرهەڵات سێ ئێسترمان لە چەرچییەکی خەڵکی سلێمانی کە لە بۆکان چارەوێدار بوو، بەکرێ گرت و ئامادەی ڕۆیشتن بووین. سەردار و هەموو بەگزادان بۆ بەڕێ‌کردنی ئێمە سوار بوون. هەرچەند تکامان کرد قبووڵیان نەکرد و تا نیو فرسەخ لە دەرەوەی شارۆچکەکە لەگەڵمان هاتن.

لەگەڵ سەردار و بەگزادەکان خواحافیزیمان کرد.

مزڵی دواییمان ماڵی قۆچبەگ لەسەر ڕێگای تیکانتەپە بوو. عەلی‌خان دوو سوارەی شارەزای لەگەڵ ناردبووین. لای عەسر گەیشتینێ (قۆچبەگ)، کە ئاگادار کرابۆوە لە بۆکان چەند شەو مابووینەوە و میوانداریيەکی زۆر کرابووین، زۆری میوانداری کردین. پێویست بە خۆناساندن نەبوو، ڕێزی زۆری گرتین و بۆ نیوەڕۆ فەرمانی ئامادەکردنی خواردنی حازری دا. دامودەزگای ئەو لە هی خانانی موکری بەڕێ‌وجێتر بوو. دەیانگوت دە برای هەیە و ساڵێک پێش ئەوە یەک لە براکانی لە شەڕ لەگەڵ هەندێکی تر لە ئاغاواتی موکری‌دا کوژرابوو. قۆچبەگ پیاوێکی ڕێک‌وپێک و دەوڵەمەند بوو، بەڵام ناوی وا دەرکردبوو کە بەهۆی تەماع و لەچەرییەوە زۆربەی براکانی ڕووی لێ‌وەردەگێڕن. مزڵی دواترمان ماڵی جانگیرخان، یەکی تر لە ئاغاواتی موکری بوو لە پێنج یا شەش فرسەخیی شوێنەکە. من ئەوم ڕاستەوخۆ دەناسی، لەبەروەی لە سەردەمی شەڕی مەشرووتەخوازی‌دا هاوڕێ لەگەڵ سالاروددەولە هاتبووە کرماشان. داوام لە قۆچبەگ کرد سوارێکی شارەزامان تا ماڵی ئەو لەگەڵدا بنێرێ. گوتی دوو ڕۆژ پێشتر نامەیەکم بۆ نووسیوە و بڕیارە ئەمڕۆ بێتە ئێرە. لای ڕۆژاوا جانگیرخانیش هات و شەو لە ماڵی قۆچبەگماینەوە. بەیانی ڕۆژی دواتر لەگەڵ جانگیرخان کەوتینە ڕێ. دوای دوو فرسەخ ڕێگا پێوان، گەیشتینە گوندی یەک لە براکانی قۆچبەگ. جەختیان کرد دابەزین و نانی نیوەڕۆ بخۆین، بەڵام لەبەروەی تا ماڵی جانگیرخان زیاد لە شەش سەعات ڕێگە بوو، ناچار بووین پێشنیارەکە

بدەینە دواوە.

ئینجا گەیشتینە گوندی یەکێکی تر لە براکانی قۆچبەگ. خۆی هاتە پێشەوە و پێی لێ دە کەوشێک کردین و دایبەزاندین. ئەو برای هەرە بچووکی قۆچبەگ ناسراو بە«خانی»[خانە] بوو و ناوبانگی میوانداریی دەرکردبوو. لە ڕێگا پێش ئەوەی بگەینە ماڵەکەی، جانگیرخان دەیگوت شتێکی نەگونجاوە خانی ئیجازە بدا بەبێ نانی شەو یا نیوەڕۆ لە ماڵی بێینە دەرەوە. نانێکی نیوەڕۆمان خوارد و بە پێداگری ئیجازەی ڕۆیشتنمان وەرگرت. لای بانگی شێوان گەیشتینە ماڵی جانگیرخان. بارودۆخی ئەندەروونی و بیروونییەکەی بێعەیب بوو. هەموو فەرشی دیوەخانەکەی، فەرشی چاکی ئەراکی بوون، کە لە سەردەمی هاوڕێیەتیی سالاروددەولەدا بە تالان لە دەوروبەری مەلایر و سولتاناباد (ئەراک) کەوتبووە چنگی. شەو لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دواتر وێڕای شارەزایەک بەرەو هەوشاری ئازەربایجان کەوتینە ڕێ.

## ڕووداوی ماڵی سەردار ئەفشار

دوای دوو سەعات گەیشتینە ڕووبارێکی بچووک، کە سوارە شارەزاکەمان گوتی سنووری نێوان موکریان و ئازەربایجانە. لەوێ دابەزین، دەست و دەموچاومان شۆرد، جلوبەرگی کوردیمان داکەند و هەمووومان بەرگی «موجاهیدی»مان کردەبەر. لای نیوەڕۆ چووینە نێو یەکێ لە یەکەم گوندەکانی عێلی هەوشار. چوونی ئێمە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی نێوان ئەو بەشەی هۆزی هەوشار لەگەڵ هۆزێکی کورد بەناوی کەڵهوڕ. ئەم کەڵهوڕانە ٥٠٠ بنەماڵەیەک بوون کە نازاندرێ کەی هاتوونەتە ئەو لایانە. چەند ڕۆژ پێش ئێمە، سەرۆکەکەیان ناسراو بە ئێلخانی، بە دەدوازدە سوارەوە دەچێتە سەر گوندێکی هەوشار و چەند جووت گا بە تالان دێنێ. سەرۆکی ئەو ئەفشارانە کەسێک بوو بەناوی کەریمخان و کوڕەکەشی فەرەیدوونخان بوو کە بە ئازایەتی ناوی دەرکردبوو. ئەوان لە دزیی کەڵهوڕەکان ئاگادار دەکرێنەوە و بە چەند سوارێکەوە دەکەونە شوێنی تالانچییەکان. لە پێکدادانێکدا ئێلخانیی سەرۆکیان دەکوژن و ماڵە بەتالانچووەکەش دەستێننەوە. کەڵهوڕ دوای ئەم شکستە، پەنا دەبەنە بەر هۆزی گەڵباخی و مەندەمی و

دووسەد سواری گەڵباخی دێنە یاریدەیان. لەم کاتەدا ئەفشارەکان لە ترسی هێرشی گەڵباخی، خەڵکیان لەسەر هەموو بەرزاییەکان دانابوو و چووبوونە مەتەرێزەوە... چووینە ماڵی کەریمخان، پیاوێکی قسەخۆش و خۆشمەشرەب. لە ڕوخسار و هەڵسوکەوتی کوڕەکەی، واتە فەرەیدوونخان دەردەکەوت کە بانگەوازی ئازایەتییەکەی ڕاست بێ. بەهۆی دراوسێیەتی موکرییەکانەوە قسەکردنی ئاسایییان بە زمانی کوردی بوو، گەرچی هەندێ جار لەگەڵ یەکتردا بە تورکی دەدوان. شەو لەوێ ماینەوە و بە میهرەبانی و دڵپاکی میوانداریيان کردین. تکامان لە کەریمخان کرد بۆ ڕۆژی دوایی کەسێکی شارەزامان تا تیکانتەپە لەگەڵدا بنێرێ. لێی پرسین ئایا لەوێ دەچنە ماڵی سەردار ئەفشار یا لەنێو گوندەکە منزڵ دەگرن. گوتم هەڵبەت دەچینە ماڵی سەردار. گوتی بڕوا ناکەم ڕێگەتان بدا. لە گوندی کەریمخانەوە تا تیکانتەپە چوار فرسەخ ڕێگا بوو. نیو سەعات دوای نیوەڕۆ گەیشتینە بەر دەرگای عیمارەتی سەردار ئەفشار لە دەرەوەی گوندەکە. چوار ساڵ بوو خەریکی دروستکردنی ئەو عیمارەتە بوو... اقبال لەشکری تەورێزیش لەگەڵی بوو (بڕ: لاپەڕە ٥٩٢ تا ٦١٢).[١]

١. «ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران، خاطرات علی‌اکبرخان سردار مقتدر سنجابی»، تحریر و تحشیه دکتر کریم سنجابی، چاپ شیراز، تهران ١٣٨٠/ ٢٠٠١، فارسی.

## ئەمانوڵڵاخان (حاج عزالـممالک)ی ئەردەڵان

بـە حیسـابی بیرەوەرییـەکان، نووسـەر لـە سـەردەمی ناسرەددینشـای قاجـاردا لەدایکبـووە و لەبـەرەوەی لـە دایکـەوە شـازادە بـووە، واتـە دایکـی کچـی شـاکانی قاجـار بـووە، هاتوچـۆی دەرباری کـردووە و چوار شـای قاجار (ناسرەددینشـا، موزەففەرەددینشـا، محەممەدعەلیشـا و ئەحمەدشـا)ی بینیوە، ئینجا لە سـەردەمی هـەر دوو پەهلەوییـەکاندا گەلێـک پۆسـت و مەقامـی وەک وەزارەت (دە جـار)، ئەنـدام پەرلەمانـی (پێنـج جـار) و سـەناتۆری (دوو جـار)ی پێ سـپێردراوە. حاجی «فخرالممالک»ی باوکیشی سەرۆکی دەرباری ئەحمەدشای قاجار بووە (ل ١٥٤).

من کتێبەکەم خوێندەوە بۆ ئەوەی بزانم کاتێ کە ئومەرا و ئەفسەرانی پایەبەرزی ئازەربایجانـی ئـاوا لە خەمـی خاک و ناوچەی خۆیان دان، کوردیش بۆ کوردسـتان وەهایە؟ بەداخەوە لاپەڕەکانی کتێبەکە پێچەوانەی ئەوەیان بۆ دەرخسـتم! ئەردەڵان گەلێـک مرۆڤێکی ڕاسـت و سـادق و لێـزان و خوێنـدەوار بـووە و زۆریش کوردی خـۆش ویسـتووە، بەڵام کامە کورد؟ ئەو کوردەی کـە وەک ئەو لە خزمەت ئێران و دەوڵەتی ئێراندا بێ و لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و خـوای نەکردە سـەربەخۆیی گەلەکەی نەکا! با پێکـەوە ئەم دێڕانەی بیرەوەرییەکانی بخوێنینـەوە کە سـەبارەتە بـە کۆچی خۆی و ژمارەیەک لە کاربەدەسـتانی ئێرانخوا بـۆ خاکـی عوسـمانی دوای ئۆلتیماتۆمـی ڕووسـی تزاری لە سـاڵی ١٣٢٩ی کۆچی/ ١٩١١ی زایینی، واتە بە سێ ساڵ پێش شەڕی یەکەمی جیهانی. لەو ساڵەدا ئەردەڵان گەیشـتۆتە کەرکووک و «سـەردار شـوجاع»ی کوڕی سـەردار عەزیزخانیش[1] لەوێ بووە. پاشان گەیشتۆتە ئەستەمووڵ. ئەوە دەقی قسەکانی خۆیەتی:

«لە ڕێگای کەرکووک و مووسڵ... شەو و ڕۆژ پەیوەندیمان بە خەڵکی ناوچەکەوە هەبـوو، لەبـەرەوەی ئـەم ناوچەیە هەمووی کوردنشـین بـوو و بنەمـای زمانەکەیان

---

١. من نەمتوانی بزانم ئایا «سـەردار شـوجاع» ناسـناوی سـەیفەددینخانی کوڕی سـەردار عەزیزخان بووە یان ئەوە کوڕێکی دیکەی سەرداره.

فارسـی بـوو... لـە ئەسـتەمووڵ کوردانی تەبەعەی عوسـمانی لە بەرانبـەر «ئوجاقی تورکی»دا «ئوجاقی کوردی»یان پێکهێنابوو و لە ڕێگەی ئاغای «احتشـام السـلطنه»ی باڵوێـزی ئێرانـەوە منیان بانگهێشـتن کـرد بچمە نێـو جەرگـە و ڕێکخراوەکەیانەوە. گوتم ئەگەر یەک مادە لە مەرامنامەکەیان زیاد بکەن و بنووسـن دەبێ ئەو بەشـەی ناوچە کوردنشـینەکان کە لە خاکی عوسـمانی‌دایە بکەوێتە سـەر ئێران، ئەوا لەگەڵ ڕێکخراوەکەیـان‌دا دەبـم و دەچمـە نێـو ئوجاقـی کوردییـەوە، دەنـا عینـوان کردنـی سـەربەخۆیی کـورد بابەتـی قسـە لێ‌کـردن نییە لەبـەروەی کوردان ڕەگـەزی پاکی ئێرانین...» (١٤١).

ئـەردەڵان لـە بڕگەی مێژوویی کۆتایـی حکوومەتی ڕەزاشـای پەهلەوی و هاتنە سـەر حوکمی محەممەدڕەزاشـادا ئوسـتانداری ئوسـتانی چوارەم (ڕەزائیە) بووە و دوای ئـەوەی لەسـەر کارەکـە وەلانـراوە، لەگـەڵ سـپەهبود جەهانبانـی، وەزیـری نێوخۆی ئەو دەم، بە ڕێگای مەهاباد و مەراغەدا چوونەتەوە تاران. ئەوە بیرەوەریی ئەو سەفەرەی مەهابادییەتی:

«لـە مەهابادیـش لەوانـە بـوو ڕاپەڕینێـک بەرپـا بێ [پێشـتر گوتبووی لـە ورمێ خەڵـک خەریکـی ڕاپەڕیـن بـوون دژ بـەو و بـە حکوومەتـی ئێـران]. ئیسـکۆرتی وەزیـری نێوخـۆ بریتـی بـوو لـە ژمارەیـەک ژاندرمـە و «سـەرهەنگ باسـتی» سـەرۆکیان بـوو. هـەر ئەوەنـدەی ژاندرمـەکان لەگـەڵ ئێمـەدا هاتنـە مەهابـادەوە، ئاڵۆزییـەک پەیـدا بـوو و شـار کەوتـە دڵەتەپـێ. دەگوتـرا کـوردان خەیاڵیـان وایـە هەمـوو ژاندرمـەکان قەتڵیعـام بکـەن. لـە ڕابـردووش‌دا ئـەم چەشـنە کوشـتارانە لـە مەهابـاد کرابـوو. ئێمـە لـە ماڵـی قـازی محەممـەد دابەزیـن کـە بمانـەوێ و نەمانـەوێ حکوومەتـی مەهابـادی بەدەسـت بوو. من لەگەڵی‌دا قسـەم کـرد و گوتم ئێمـە میوانیـن، وەزیـری نێوخۆ هاتۆتە ماڵتـان، ئیتر ئەوە پێچەوانـەی جوامێرییە کە ژاندرمـەکان بکـوژن و بۆ ئێوەش بـاش نابێ. گەرچی بەڕواڵەت دەیگوت دەسـەڵات لـە دەسـت مـن دەرچـووە و هەڵسوکەوتـی ژاندرمـە لەگـەڵ خەڵکی ئێـرە تووڕەی کردوون و چاوی دیتنی ئەوانیان لە شـارەکەیان‌دا نییە، بەڵام دوای وتوویژ کردن

بڕیار درا ژاندرمەکان ئەو شەوە لە ماڵی قازی محەممەد بمێننەوە و نەچنە نێو شار و ئەو ڕەشاشەش وا بردبوویانە سەربان، بیهێننە خوارێ. ژاندرمەکان وەک میوان لە ژوورێکی گەورەدا مانەوە، قازی محەممەدیش خۆی قەتارەی بەست و تفەنگی بەدەستەوە گرت تا بەیانی چاوەدێریی ئاسایشی شار و ئەمنییەتی ئەو ماڵەی کرد کە ئێمەی لێ بووین [واتە ماڵی پێشەوا خۆی]. لە کاتی خەوتندا دیتم سەرهەنگ باستی جێگەوبانەکەی هێنا و لەلای تەختی خەوی منی دانا بۆ ئەوەی ئەگەر گوللەیان هاویشت وە هەردووکمان بکەوێ یاخود لەبەروەی من کورد بووم گوللە نەخەن بۆ ئەو لایە. بەیانی ڕۆژی دوایی وەزیری نێوخۆ ئەنگوستیلەیەکی پیرۆزەی لەلایەن ئەعلاحەزرەتەوە بە قازی محەممەد مەرحەمەت فەرموو و بە سەلامەتی لە مەهاباد دەرکەوتین» (ل ٢٩٠).

ئەوە شێوازی قسە و بیرەوەری نووسینی ئەردەڵانە سەبارەت بە گەورەیی و هیممەت و میوانداریەتیی پێشەوا قازی محەممەد کە گیانی ئەم هەمووە ملهوڕانەی پاراستووە و شەو تا بەیانی بە تفەنگەوە کێشکی داوە نەکا ئازارێکیان پێ بگا، ئێستا دەڵێ من پێم گوت بۆ تۆ باش نابێ ژاندرمەکان بکوژرێن، واتە هەڕەشەم لێکرد! یان دەڵی وەزیری نێوخۆ ئەنگوستیلەیەکی پێ مەرحەمەت فەرموو و بە سەلامەت لە مەهاباد هاتینە دەرەوە؛ جا فەرموو هەڵیبگرەوە!

ڕوانگەیەکی دیکەی ئەردەڵان بە نیسبەت کورد لە شوێنێکدا دەردەکەوێ کە دەڵێ من باڵوێزی ئێران بووم لە عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم[١] کە هێرشیان کردە سەر قاسم و بە برینداری برایە نەخۆشخانە، منیش بۆ هەواڵپرسی چووم بۆ لای. لە ژووری چاوەڕوانی‌دا بووم کە چاوم بە مەلا مستەفا بارزانی کەوت، ئەویش لەوێ دانیشتبوو. گەرچی پێشتریش لە میوانیی فەرمی‌دا بینیبووم، بەڵام سەروسڵاومان لەگەڵ یەکتر نەبوو. ئێستا بیرم لەوە دەکردەوە نەکا پێش من ئەو بانگ بکەنە نێو

١. لە بیرمان نەچێ هەموو یان بەشێک لەو پیلانانەی ڕژیمی شا دژ بە عەبدولکەریم قاسم و هاندانی کورد بۆ چەک هەڵگرتن دژ بە قاسم لەو سەردەمانەدا بووە کە ئەردەڵان باڵوێزی ئێران بووە لە عێراق و هەندێک جاشی کوردیشی بەناوی کاردار و وابەستە و... لەگەڵ خۆیدا بردبووە ئەوێ.

ژوورەکەی قاسـم، لەو حاڵەتەدا چۆن تەحەممولی ئەم کارە بکەم و ئایا بگەڕێمەوە بـۆ باڵوێزخانـە یان لـەوێ بمێنمەوە [!] لەو خەیاڵاتەدا بووم کە ئاجودانەکەی قاسـم هات و منی بانگ کردە ژوورەکەوە...» (٣٦١).

دیـارە کتێبەکـە هـەر ئـەم چەنـد لاپەڕەیە نییە و پـڕە لـە ڕووداوی ژیانی حاجی عیززولمەمالیکی ئەردەڵان، بۆ نموونە: سەفەری ئورووپا؛ یازدە جار زیارەتی کەربەلا و نەجـەف؛ چـوار جـار بوونـە میرحـەج؛ وەرگرتنـی ڕێبـەری حیزبـی میللیـوون و خەزێنەداری حیزبی سوسیالیسـت و دە جار وەزارەت و زۆر ڕووداوی دیکەش لە سەردەمی پەهلەوییەکان تا کۆتایی حکوومەتی پادشایەتی لە ئێران. ئەردەڵان ساڵی ١٣٥٧، واتە لە سەردەمی شۆڕشدا سەناتۆر و جێگری سەرۆکی مەجلیسی سەنای ئێران بوو، بەڵام بۆمن ئەم بابەتە جێگەی بیرکردنەوەیە بۆچی هەسـتی نەتەوایەتی لە نێو کوردانی هەندێک ناوچە و شوێندا ئەوەندە لاوازە و هەر ئەوەندەی کوردێک بـە پلەوپایـە دەگا خزمەتکردنی بێگانەی پێ باشـە، بەڵام هاونیشـتمانییەکانی خۆی لەبەرچاو ئەوەندە سووکە؟[1]

---

١. اردلان، امان‌الله‌خان (حاج عزالممالک)، «خاطرات حاج عزالممالک اردلان، زندگی در دوران شش پادشاه»، تنظیم و تحشیه دکتر باقر عاقلی، چاپ دوم، نشر نامک، تهران ١٣٨٣/ ٢٠٠۴، ۴٥١ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم بەهرامبەگی

بیرەوەرییەکانی «میرزا کەریم بەهرامبەگی» سەرچاوەیەکی دەستی ئەوەڵ و بایەخدارە بۆ مێژووی بۆکان و دەوروبەری. میرزا کەریم لە بەگزادەکانی هۆزی «خەڵکی» و نەوەو نەتیجەی عەلیمەردانبەگ بووە کە بە چەند پشت دەگاتەوە بوداق سوڵتانی موکری و فەقێ ئەحمەدی داروشمانە.

هۆزی «خەڵکی» پێش هاتنی عەزیزخانی سەردار کولل، حاکم و خاوەن ملکی بۆکان بوون، بەڵام بە دەسەڵاتسەندنی ئەو و سێ سەرداری دوای ئەو (سەیفەددینخان، حەمەحوسێنخان و عەلیخان)، ئاغایەتی و خاوەنایەتیی شاریان لەدەست چووە و بەو بۆنەیەوە، بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم دارماڵی هێرش کردنە بۆ سەر سەردارەکان و ئاغاواتی ئێلخانیزادە، کە ماوەیەک دوای سەردارەکان حوکمی بۆکانیان گرتە دەست و ئیتر بەرەی عەشیرەی «خەڵکی» نەیتوانی سەرهەڵبداتەوە. کێشەی نێوان تیرەی میرزا کەریم و تیرەی سەردار عەزیزخان، کە ئەویش لە تایفەی مورادبەگی و خەڵکی نستانی سەردەشت بوو، بەشێک لە لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییە بەنرخانەی داوە بە خۆی.

ڕووداوەکانی دیکەی ئەو ساڵانەی ناوچەکە، تێکدرانی گوندی «یەنگیجە»؛ دروستکرانی گوندی سەدراباد؛ کێشەی عەشایری کە دەبێتە هۆی کۆچی بنەماڵەی میرزا کەریم لە بۆکانەوە بۆ سابڵاغ؛ کوشتاری خەڵکی سابڵاغ لەلایەن قازاخی ڕووسەوە (١٩١٨)؛ ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە؛ شەڕ و پێکدادانی هێزی ڕووس و عوسمانی لە موکریان و وێرانی ماڵ و ئاوارەیی خەڵکی ناوچەکە لە ئەنجامی شەڕ؛ قاتوقڕی و گرانی و گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی - سیاسی - ئابووریی دیکە لە یادداشتەکانی میرزا کەریمدا ڕەنگیان داوەتەوە. بەبێ هیچ گومانێک بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم یەک لە سەرچاوە بەنرخەکانی مێژووی بۆکانن لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

ئەم بیرەوەرییانە، کە بە فارسی نووسراون، هێشتا بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام گۆڤاری مەهاباد لە ژمارە ٥٢-٥٣دا دوو بەشی لێ بڵاوکردۆتەوە و بەختەوەرانە، درێژە دەدا بە بڵاوکردنەوەی بەشەکانی دیکەی.

بەهیوای ئەوەی هەرچی زووتر سەرجەمی بیرەوەرییەکان بکەوێتە بەردەستی خوێنەری ئەویندری مێژووی بۆکان و ناوچەکە.[1]

١. «خاطرات میرزا کریم بهرامبیگی، به همت محمد و طاهر بهرامبیگی، گۆڤاری مەهاباد، بەشی یەکەم: (ژمارە ٥٢، جوولای ٢٠٠٥، لاپەڕە ٥٢ ـ ٥٥ )، بەشی دووهەم: (ژمارە ٥٣، ئاگۆستی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٥٨ تا ٦٠)».

## بیرەوەرییەکانی عەبدوڵلاخانی ناهید (ئیفتخار)

عەبدوڵلاخانی ناهید (ئیفتخار) کەسایەتیی سیاسی و هونەری و ئەدەبیی ناوچەی فەیزوڵلابەگی و یەک لە خاوەنمڵکەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی بۆکانە. ناهید ساڵی ١٨٩١ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٥ وەفاتی کردووە و بۆ ماوەی سێ دەورەی چوار ساڵە نوێنەری شاری سەقز بووە لە پەرلەمانی ئێران.

بیرەوەرییەکانی ناهید کە بە زمانی فارسی نووسراوە، لەلایەن مامۆستای پایەبەرز ئەحمەدی قازییەوە ئامادە و چاپ کراوە. لەم کتێبەدا ناهید ڕووداوەکانی ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیی تا ماوەی شەڕ، هەروەها ساڵانی دوای ئەو هەتا ١٩٤٢ی تۆمار کردووە.

زۆربەی زۆری ڕووداوەکانی کتێبەکە لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی و سەقز و بۆکان ڕوویان داوە و تێیاندا باسی شەڕ و پێکدادانی ڕووس و عوسمانی؛ قاتی و گرانی؛ تالانوبڕۆ؛ ئیعدام و قەتڵیعامی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی عوسمانی و ڕووس و چەوسانەوەی خەڵک لەلایەن مەئموورانی ئێرانەوە کراوە. شوێنی هەندێک لە شەڕەکان لە ناوچەی موکریان (مەهاباد، بۆکان، سەقز و بانە) بووە و نووسەر ناوی گەلێک گوندی دەوروبەری بۆکان، وەک ئاڵبلاغ و گۆل و سلێمانکەندی و زۆر کەسایەتیی وەک سەردار حەمەحوسێنخان و سەردار عەلیخان دەبا و لە ئیعدامی حاکمی بانە و سەقز و سەرداری موکری لەلایەن سپای عوسمانییەوە دەدوێ. کتێبەکە تژی لە زانیاریی ناوچەی بۆکانە لەو سەردەمەدا.[1]

١. «خاطرات من»، بقلم عبدلله ناهید (افتخار)، یکی از رجال کردستان، بەاهتمام احمد قاضی، چاپ اول، ناشر نفیسیفر، تهران (؟) ١٣٦٢/ ١٩٨٣، ١٠٧ صفحه، فارسی.

## مێژوولکەی بنەماڵەی قازی

کتێبی «تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت مکری» بیرەوەرییەکانی نەمر خەلیلی فەتاحی قازییە کە ڕێزدار قادر فەتاحی قازی (کوڕی نووسەر) بڵاوی کردۆتەوە. ئێمە بۆ گەلێک ڕووداوی مێژوویی ناوچەکە و تۆمار کرانیان، ئەمەکداری میرزا خەلیلین، کە پێشتر لە کتێبی «سالهای اضطراب» و پاشان لەم کتێبەدا تۆماری کردوون و گەیاندوونییەتە دەست ئێمە و نەوەکانی دوای خۆی.

کتێبی «مێژوولکەی بنەماڵەی قازی...» زانیارییەکی زۆری لەسەر ڕووداوە سیاسی ـ عەشیرەتییەکانی ناوچەی موکریان و مەهاباد، بەتایبەت لە پەیوەندیی بنەماڵەی قازیدا (کە خۆی ئەندامێکی بنەماڵەکەیە) ڕاگەیاندووە.

من کتێبەکەم بەوردی خوێندۆتەوە و یادداشتم لەسەر نووسیوە. ئەم لاپەڕانەی کە بۆکان و کەسایەتییە بۆکانییەکان بگرنەوە ئەمانەن: ۵۹، ۶۲، ۶۳، ۶۶، ۶۸، ۷۲، ۷۵، ۸۰، ۱۱۳ تا ۱۲۲، ۱۲۷، ۱۲۸، ۱۳۲ ۱۳۷، ۱۴۱، ۱۴۲، ۱۴۶، ۱۴۸، ۱۴۹، ۱۵۴، ۱۵۵، ۱۶۱، ۱۶۲، ۱۶۶، ۱۶۷، ۱۶۹، ۱۷۰، ۱۷۷، ۱۸۲، ۱۹۳، ۱۹۴ و ۱۹۵. لە نێو ئەم لاپەڕانەدا زۆر ڕووداوی گرنگی سیاسی کە پەیوەندیی بە بۆکان یا خەڵکی بۆکان و دەوروبەرییەوە هەیە باس کراون و وا هەیە گرنگترینیان لاپەڕە ۱۴۸ ـ ۱۴۹ بێ کە باسی دوژمنایەتیی ئاغاواتی دێبوکری لەگەڵ بارزانییەکان دەکا. هەروەها لاپەڕە ۱۴۶ کە لە باسی جوامێریی عەلیئاغای عەلیاردایە، کە ئامادە نەبوو نامەی داخوازیی بۆ ئیعدامی پێشەوا ئیمزا بکا.

ئەوەی لە کتێبەکەدا گەلێک بەڕوونی باسی کراوە، سەفەری هاوینی ساڵی ۱۹۲۵/ ۱۹۴۶ی پێشەوا قازی محەممەدە بۆ تاران و چاوپێکەوتنی «قوامالسلطنە»ی سەرۆکوەزیران کە دەوری نەرێنیی عەبدوڵلاغای ئێلخانیزادە بۆ هاندانی قەوام و بەرپرسانی سپای حکوومەتی ئێران دژ بە کۆمار و شەخسی پێشەوا دەردەخا (لاپەڕە ۱۷۷ تا ۱۸۲). کتێبەکە مامۆستای ماندوویینەناس حەسەنی قازی وەریگێڕاوەتە

سەر کوردی.[١]

١. خلیـل فتـاح قـازی، «تاریخچـه خانـواده قاضی در ولایت مکری»، ویراسـتار قـادر فتاحی قاضی، چاپ اول، تبریز، ١٣٧٨/ ١٩٩٩، ٢٣٢ صفحه، فارسی.
خەلیلی فەتاحی قازی، «کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری»، وەرگێڕ و ئامادەکار حەسەنی قازی، دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٩، کوردی.

## وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی

وڵاتـی مـن بەرگـی یەکەمـی کتێبـی بیرەوەرییەکانـی نەمـر «حاجـی عەبدوڵـڵای قازی»یـە. حاجـی عەبدوڵـڵا کوڕی قازی کەریـم، لە بنەماڵـەی قازییەکانی مەهاباد و سـەر چۆمیمەجیدخـان و ئاغـای گونـدی «کۆنەدێ» بـوو لە دەوروپشـتی مەهاباد. بیرەوەرییەکانـی حاجـی عەبدوڵڵا دارماڵـی زانیارییە لە ژیانی عەشـیرەتیی ناوچەی موکریان لە سەدەی بیستەم تا ساڵی شۆڕشی ئێران (١٩٧٩)، کە کاک قاسمی کوڕی ڕێکیخسـتووە و لە سـوید لـە چاپی داوە. لە کتێبەکەدا، زوڵـم و زۆریی مەئموورانی حکوومەتـی لـە ناوچەکـە؛ بارودۆخـی ژیانـی بنەماڵەی قـازی؛ سـاڵانی کۆمەڵەی ژ. ک. و کۆماری کوردستان و دوای ئەو هەتا حکوومەتی موسەددیق و ڕاپەڕینی باڵی شۆڕشـگێڕی حیزبـی دێموکـرات لە سـاڵانی ١٩٦٧ـ١٩٦٨ و گەلێـک بابەتی دیکەی سەردەمی ڕەزاشا و کوڕەکەی باسیان کراوە.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، حاجی عەبدوڵڵا باسـی عەشایری دێبوکری، عەلیئاغای حاجـی ئێلخانـی (عەلیـار)، قاسـمئاغای موهتـەدی، حیسـامی داشکسـتان، ئاغایانـی فەیزوڵڵابەگـی، ڕاپەڕینـی وەرزێرانـی ناوچـەی چۆمـی مەجیدخـان (١٩٥٣)، هەندێ گوندی دەوروپشتی شار، وەک حەمامیان و دیوەخانی مەحموودئاغای ئێلخانیزادە و گەلێـک بابەتـی هاوچەشـن دەکا. حاجـی عەبدوڵـڵا ماوەیـەک لـە بۆکان سـەربازیی کردووە و لە میهمانخانەی حسێن خاتەمی (ئەندامی حیزبی توودە) ماوەتەوە؛ باسی ئەو ساڵانە و کاتی ڕۆیشتنی جوولەکەی بۆکان بۆ فەلەستینی کردووە و ناوی ماڵی حاجـی حەمەدەمین (تاجری بۆکان) دەبا و هەروەها دەچێتە سـەر باسـی دوکتۆری ئاڵمانی لە بۆکان.[١]

١. وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی، ئامادەکردنی قاسمی قازی، ستۆکهۆڵم (سوید)، ٢٠٠٥، ١٨٨ لاپەڕە، کوردی.

## چێشتی مجێور

سەرچاوەیەکی گەلێک بەنرخ بۆ مێژووی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ کولتووریی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری بیرەوەرییەکانی نەمر مامۆستا هەژارە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا.

هەژار خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بۆکان و گوندی شەرەفکەندی ڕۆژاوای بۆکان ژیاوە و بە فەقێیەتی لە چەند گوندی دیکەی ناوچە دەرسی خوێندووە و ئاشکرایە بیرەوەرییەکی دەوڵەمەندی لە ساڵانی ژیانی ئەو سەردەمە، واتە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەبێ. هەژار هاوڕێ لەگەڵ هێمن، بەشداریی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانی لە بۆکان کردووە و شێعری خوێندۆتەوە. پێشتریش هاوڕێ لەگەڵ نەمر حەمەڕەشیدی عەلیزادە وەک نوێنەری کومیتەی حیزبی تازە دامەزراوی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان، چۆتە مەهاباد و لەگەڵ نەمر حەسەنی قزڵجی سەرنووسەری گۆڤاری هەڵاڵەدا هاوکاری کردووە. ئەم چالاکییانە و گەلێک ڕووداوەی دیکەی ژیانی هەژار لە بۆکان بەشێک لە لاپەڕەکانی «چێشتی مجێور»یان تایبەت بە خۆ کردووە و لەوانە ٧٨ ـ ١٠٧ و...

هەژار هەروەها لەم کتێبەدا گەلێک جار باسی سەرداری بۆکان، حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی، قاسمئاغا و حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە، حەمەدئاغای عەباسی (سەرا)، قازی کاکەحەمەی قزڵجی، مەلا ئەمجەدی عوسمانی، مەلا عەبدوڵلای حەسار، سەید حەمەدەمینی نوورانی، مەلا سەید عەبدولکەریمی زەنبیل (شێخی زەنبیل)، سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)، سەید عەوڵا شێتە و گەلێکی دیکە لە دانیشتووانی شاری بۆکان و دەوروبەری کردووە.

بەگشتی بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژار وەک سەرچاوەیەکی پڕبایەخی مێژووی بۆکان لە سەدەی بیستەمدا دەبێ سەیر بکرێ.[١]

---

١. عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، «چێشتی مجێور»، ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧، ٥٨١ لاپەڕە، کوردی.

## ئاڵەکۆک، بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان

بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مامەغەنی، کەسایەتیی ناسراوی سیاسیی کورد، ساڵانی زیندان و بەشێکیشی چالاکیی سیاسیی نێو شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە، بەڵام باسی سنە و تەورێز و تاران و باشووری کوردستانیشی تێدا کەم نین.

ئەوەی لە بیرەوەرییەکاندا، شاری بۆکان و دەوروبەری بگرێتەوە، بریتین لە فەسڵێکی تایبەت بە «ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان» (پاییزی ١٩٥٢ تا هاوینی ساڵی ١٩٥٣) کە تێیدا باسی حاجی قاسمی کەریمی و جیبهەی میللی، حسێن فاتحی، بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان، ئاغاکانی بۆکان و بەگشتی ڕاپەڕینی خەڵک دژ بە ئاغاکان لەنێو شاری بۆکان دەکا و هیچ لەمەڕ ناوچەی فەیزوڵڵابەگی نانووسێ (لاپەڕەی ١١٩ تا ١٢٤).

لە لاپەڕەکانی دیکەشدا باسی عەلی‌ئاغای دێبوکری (ئەمیر ئەسعەد) (ل ٢٩)، حەسەن زیرەک (ل١١٩)، عەزیزخانی یەکشەوە (کرمانج) (ل ٢٥)، مەنیج حەیران (ل ٢٧)، بەرپرس و ئەندامانی حیزب لە بۆکان (ل ٢٢٠)، حاجی حەمەڕەسووڵ ئیسماعیل‌زادە، میرزا حەمەساڵحی کەریمی و عەبدوڵڵا سامبەگی، کە بە هەڵە بە ڕۆستەمی ناوی بردووە (ل ٢٢٠ ـ ٢٢١)، برایم فەڕشی (ل ١١)، عەبدوڵڵا موهتەدی، نەمران مینەی شێرخانی، دوکتۆر جەعفەری شەفیعی و هەروەها ئەنوەر سوڵتانی (ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ داریووشی فرووهەر و نوێنەرانی دەوڵەتی بازرگان) (ل ٣٢٦ ـ ٣٢٧) و... دەکا.[1]

١. غەنی بلووریان، «ئاڵەکۆک»، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی حامید گەوهەری، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ٤١٥ لاپەڕە، کوردی.

## سەدەی کارەسات

ئەم کتێبە، دەقی وتووێژێکی دوورودرێژی ڕێزدار برایم فەڕشییە لەگەڵ کەسایەتیی ناوداری سیاسیی کوردستان، مامەغەنی بلووریان، کە سەرەتا لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان ئینجا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا بە شێوەی کتێب لە سلێمانی و لەلایەن بنکەی ژینەوە بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە، ڕوونکەرەوەی گەلێک ڕووداو و کارەساتی گرنگی کوردستان و ئێران، بەتایبەت موکریانە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا کۆتاییەکەی و هەر بەو بۆنەیەشەوە ناوی «سەدەی کارەسات»ی لێنراوە. مامەغەنی لەم وتووێژەدا، باسی سەرەتاکانی چالاکیی سیاسیی خۆی و سەرهەڵدانی کۆمەڵەی «ژ. ک» لە مەهاباد و موکریان دەکا. بەشی سێهەمی وتارەکان گەیشتۆتە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چالاکییەکانی. هەر لەو بەشەدا باسی «جووڵانەوەی جووتیاران و خەباتی جەماوەریی شاری بۆکان»لە ساڵی ١٣٣٢/ ١٩٥٣دا کراوە.

بیرەوەرییەکانی مامە لەم بارەیەوە تەنیا لایەنی هەڵوێست و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی بۆکان دەگرێتەوە، واتە ئەو پەیوەندییانەی وا حیزب لە ڕێگای خوالێخۆشبوو حسێن فاتحی، بەرپرسی حیزب لە بۆکان لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵکی شار و ڕێبەری ڕاپەڕینەکە، نەمر حاجی قاسم کەریمی گرتوویەتی، بەڵام ئەو پەیوەندییانەش بۆ نووسینەوەی دواڕۆژی ڕووداوەکانی ئەو دوو ڕاپەڕینە (ڕاپەڕینی شاری بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی) گرنگە.[1]

١. برایم فەڕشی، «سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان»، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٩٧ لاپەڕە، کوردی.

## بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی

نەمر کەریمی حیسامی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ ـ ١٩٩٦دا، دە بەرگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردەوە کە تێدا باسی ژیانی سیاسیی خۆی کردووە. کتێبەکە گەنجینەیەکی بەنرخە بۆ ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و عێراق کە بەشێکی لە ناوچەی سندووس و مەهاباد و بەگشتی موکریان ڕابردوون. لە بەرگی یەکەمدا، کە ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵیی نووسەر (لە ١٩٢٦ هاتۆتە جیهان) هەتا ساڵی ١٩٥٧ی گرتۆتەبەر، کاک کەریم چەندین جار هاتۆتە سەر باسی بۆکان و ناوچەکەی دەوروبەری:

- چوون بۆ خانەقای زەمبیل (ل ٧٣)؛
- گوندی قەرەکەند و میوانییەتیی ماڵی عەبدولکەریمی کاڕەش (حەمزەیی) (ل ٧٤)؛
- بەشداری مامۆستا هەژار و نەمر ڕەشیدی عەلیزادە لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆکانەوە (ل ١٠٩)؛
- ژیاندنەوەی چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سندووس لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی شێعرێکی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (قەڵای ڕەسووڵەسیت)ەوە (ل ١٥٤)؛
- خەلیفەی سەیدی زەمبیل (ل ١٦٢)؛
- ڕاپەڕینی وەرزێرانی گوندی «گۆل» و پاشماوەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و موکریان (ل ٢٠٦ بەدواوە)...

ئەگەر دەرفەت هەبێ وا هەیە بە بەرگەکانی دیکەی کتێبەکەشدا بچمەوە کە بۆ نموونە باسی ژیانی نەمر مەلا حەسەنی قزڵجی لە باشووری کوردستان و بولغاریای کردووە و لە چالاکییەکانی حیزب لە ناوچەی بۆکان دواوە. بۆچوونی کاک کەریم لەسەر ڕاپەڕینی وەرزێرانی فەیزوڵڵابەگی هەندێ جیاوازە لە سەرچاوەکانی دیکە و دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران لە ڕێبەرایەتیی ڕووداوەکاندا زۆر بەرچاوتر پیشان دەدا و لەم پێوەندییەدا چەشنە هێرشێکیش دەکاتە سەر نەمران غەنی بلووریان و حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر)، بەڵام لەگەڵ بیرەوەرییەکانی مامەغەنی، لە هەر دوو کتێبی ئاڵەکۆک و سەدەی کارەساتدا، یەک دەگرێتەوە. ئەویش دەوری حیزب لە ڕووداوەکاندا گرنگ دەنوێنێت.[١]

١. کریم حیسامی، «لە بیرەوەرییەکانم ـ بەرگی یەکەم لە منداڵییەوە تا ساڵی ١٩٥٧»، وەشانێن ژینانوێ، سوید ١٩٨٦، ٣١٦ لاپەڕە، بەرگی دەیەم ١٩٨٩ ـ ١٩٩٥، چاپخانەی ماردین، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ٢٥٩ لاپەڕە، کوردی.

## داکۆکی لە دوو ڕوخساری هەڵکەوتەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد

ئـەوە نـاوی کتێبێکـی کـەم لاپەڕەیـە ڕێـزدار «صارم‌الدیـن صادق‌وزیـری» بـۆ بەرپەرچدانـەوەی کتێبـی بیرەوەرییەکانی دوکتۆر هاشـم شـیرازی نووسـیویە و لە پەیوەندیی دوو کەسایەتیی کورد: پێشەوا قازی محەممەد و نەمر ئیحسان نووری‌دا بۆچوونەکانی ئەوی ڕەد کردۆتەوە.

کتێبەکە بریتییە لە چوار بەش:

- بەشی یەکەم و دووهەم وەڵامدانەوەن بە نووسینەکانی دوکتۆر شیرازی لەمەڕ ئەو دوو کەسایەتییە؛
- بەشـی سـێهەم، کە دوورودرێژترە، باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران لە ساڵی ١٩٥٣/١٣٣٢ و کاندیدبوونی خۆیەتی لە شاری مەهابادەوە و لەم پەیوەندییەش‌دا بەرپەرچی قسە و هەواڵی ڕاگەیەندراوی دوکتۆر شیرازی داوەتەوە؛
- بەشـی چـوارەم پەیوەندیی نووسـەرە لەگـەڵ دوکتۆر محەممـەدی کەیوان‌پوور (موکری).

ئەوەی لە پەیوەندی بۆکان لە کتێبەکەدا هاتبێ بریتین لەوانەی خوارەوە:

- نوێنەرایەتیی عەبدوڵلائاغای ئێلخانی‌زادە لە مەجلیسی ئێران و دەوڵەتخوابوونی (لاپەڕە ٧ و ١٧)؛
- سەعیدی هومایوون، ئەحمەدی تورجانی‌زادە، حەمەدئاغای عەباسی (لاپەڕە ٤٣، ٥٧ و ٧١)؛
- مەسەلەی گۆڕانی سندووقی دەنگ لە بۆکان و مەهاباد و سەردەشت بە قازانجی «سـەید حەسـەنی ئیمامـی»، ئیمـام جومعەی تـاران و دژایەتی‌کردنـی ئاغاواتی ئێلخانی‌زادە لەگەڵ سادق‌وەزیری (لاپەڕە ٧٢ ـ ٧٣)؛
- لایەنگری‌کردنـی حاجـی قاسـم [کەریمـی]، خەباتگێـڕی نـاوداری بۆکانـی لـە سادق‌وەزیری (لاپەڕە ٧٢)؛

ـ هەروەهـا نـاوی بۆکان لە پەیوەندیی چەند بابەتـی دیکەشدا هاتووە (لاپەڕە ٨٥ ـ ٨٦).

سارمخانی سادق‌وەزیری گەنجینەیەکی بەنرخی مێژوویی هاوچەرخی کوردستانە و خۆزیا بەو نامیلکە بچووکانە و وەڵام و شەڕەقسـانە کفایەتی نەکردایە و سـەرجەم بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسیایەتەوە.

(تێبینی: بەداخەوە سارمخان لە سەرەتای بەهاری ٢٠١٩دا لە سویس کۆچی‌دوایی کرد. یادی بەخێر بێ!)[1]

١. صارم‌الدین صادق‌وزیری، «دفاع از دوچهره برجسته جنبش ملی کرد زنده یادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد» ناشر (؟)، محل انتشار (؟)، سال ٢٠٠۴/١٣٨٣، ٨٨ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی دوکتۆر هاشم شیرازی

پێشتر باس لە کتێبێکی ڕێزدار دوکتۆر «صارم‌الدین صادق‌وزیری» کرا، کە دوو بەش لە چوار بەشی پێکهاتەی کتێبەکە وەڵامی بۆچوونەکانی دوکتۆر هاشم شیرازی بوو، کە خوێندوومەتەوە.

خاوەن بیرەوەری لە کتێبەکەدا خۆی بە کەسێکی نزیک لە پێشەوا قازی محەممەد و ئیحسان نووری پاشا و هەڵسووڕاوانی دیکەی بواری سیاسەتی ناوچە دەناسێنێ و دەڵێ بە ئیجازەی ئیحسان نووری بوومەتە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران و بە ئیجازەی ئەوانیش هەواڵم بۆ «مولیەر»ی ئەمریکایی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بردووە. هەروەها دەڵێ ئەندامی ژمارە ۱۱ی کۆمەڵەی «ژ. ک» و بۆ ماوەیەکیش مونشیی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەکە بووم. جگە لەوانە باسی لە بەشداریی خۆی لە چەند ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی موکریان‌دا کردووە، کە من دەبێ بەسەریان‌دا تێبپەڕم و تەنیا ئەو بابەتانە بهێنمەوە کە لە پەیوەندیی ناوچەی بۆکان‌دان:

«لە هاوینی ساڵی ۱۳۲۳/ ۱۹۴۴ لە یەکێ لە دانیشتنەکان [ی کومیتەی ناوەندیی «ژ. ک»]دا بڕیار درا هەندێک کەس بچنە نێو «عەشایر» و بڵاوکراوەی «دیاریی [کۆمەڵەی «ژ. ک» بۆ لاوانی کورد]» لەگەڵ خۆیان بەرن و بە یارمەتیی بڵاوکراوەکە هانی عەشایر بدەن بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی کۆمەڵە. من ناوچەی ئەختاچی [نێوان مەهاباد و بۆکان]، واتە [ناوچەی] عێلی دێبوکریم هەڵبژارد و بە هەندێک بڵاوکراوەوە لە مەهاباد وەڕێ‌کەوتم... هەموو ڕۆژێک چاوم بە ئاغاوات دەکەوت و بڵاوکراوەکەم بە دیاری دەدانێ، ئەوانیش هەندێک دراویان دەدا. بۆ نموونە، چاوم بە سوڵتان‌ئاغای مەعرووفی، قاسم موهتەدی و حاجی ڕەحمان موهتەدی[1] کەوت. عەبدوڵڵا [؟] و

۱. سەبارەت بەو هەواڵەی سەرەوە دەبێ بگوترێ کە لەو سەردەمەدا ناوی بنەماڵەیی، واتە شۆرەتی حاجی ڕەحمان‌ئاغا و قاسم‌ئاغا، ئێلخانی‌زادە بوو. لە ساڵانێکی درەنگتردا، سەرەتا حاجی ڕەحمان‌ئاغا و پاشان قاسم‌ئاغا شۆرەتیان گۆڕی و کردیان بە موهتەدی. هەروەها دیارە ئەم ڕووداوە هی سەردەمی پێش کۆماری کوردستانە. حاجی ڕەحمان‌ئاغا لە بڕگەی دامەزرانی کۆماردا چوو بۆ سەفەری حەج و لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە

قاسم هەرکام تا ٢٠٠ تمەنیان دامێ، بەڵام ئەندامییەتییان قبووڵ نەکرد. حاجی ڕەحمان ٥٠٠ تمەنی‌دا و ئەندامییەتیشی قبووڵ کرد. بە حاجی ڕەحمانم گوت دەبێ ناوێکی خوازراوە بۆخۆت هەڵبژێری. گوتی من ناوی خوازراوەم پێویست نییە، برایەکی ڕاست دەبم بۆتان. گوتم با هەر ئەو دوو وشەیە ببن بەناوی خوازراوەت. گوتی باشە. درەنگتر لە تاران بە عادەت لە جەژنان‌دا دەچوومە چاوپێکەوتنی، لەنێو خەڵکدا دەیگوت من دوو ناوم هەیە، یەکیان عەبدوڕڕەحمانە کە حاجی بایز[ئاغا]ی باوکم لەسەری داناوم و یەکیشیان «برای ڕاست»ە[١] کە دوکتۆر شیرازی بۆی دەسنیشان کردووم» (ل ١٠٣ ـ ١٠٤).

لە بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکان‌دا، دوکتۆر شیرازی باسی چاوپێکەوتنی پێشەوا قازی محەممەد و نەمر ئیحسان نووری لە تاران دەکا. لەو سەفەرەدا پێشەوا چاوی بە شا و ئەحمەدی قەوام، سەرۆکوەزیرانی ئێران کەوت. شیرازی دەڵێ ئیحسان نووری تکای لە پێشەوا کرد و گوتی هێشتا کاری دروستکردنی بینا [واتە کۆماری کوردستان] تەواو نەبووە مەهێڵن کورد لەسەر ڕەنگ کردنی دیوارەکانی بکەونە شەڕی یەکترەوە!... بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار لە شارەکانی سنە، کرماشان، سەقز، پاوە، بۆکان، قەسری شیرین، مەریوان، سەردەشت و بانە لە خەڵکانی لێهاتوو کەڵک وەربگرن لەبەروەی کوردستان تەنیا مەهاباد نییە» (ل ١٢٤).

لە لاپەڕە ١٥٦ی کتێبەکەدا نووسەر باسی دەزگیرانییەتیی خۆی لەگەڵ عیسمەت‌خانمی کچی پێشەوا و شیرنی‌خواردنی ئەو دەزگیرانییەتییە دەکا و دەڵێ «ئاغای [ئەحمەد] تورجانی‌زادە لەم بارەیەوە قسەی کرد و بۆ هەڵبژاردنی من وەک زاوایان، پیرۆزبایی بە بنەماڵەی قازی گوت.»

---

بۆکانیش، هێشتا لە سەفەر نەگەڕابۆوە، واتە لەو برگەیەی جێ‌باسی نووسەردا حاجی نەبووە و بە کاکە ڕەحمان یان ڕەحمان‌ئاغا بانگ کراوە. ئەوەش ئیرادێکی گرنگ نییە بۆ نووسەر لەبەروەی لە کاتی نووسرانی بیرەوەرییەکان‌دا ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوانە تێپەڕ ببوو و ئاساییە وردەکارییەکانیانی لە بیر نەمابێ. من تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لە خوێنەر ئەم دێڕانەم نووسی.

١. حاجی ڕەحمان‌ئاغا لە کۆمەڵەی «ژ. ک»دا دوو کۆد یا ناوی خوازراوی هەبوو: یەکیان برای «ڕاست» و ئەویتر «مرۆڤ». مامۆستا هەژار لە شێعری بەرەو موکریان‌دا پرسیار دەکا و دەڵێ: «لە مرۆ، ئاخۆ برای ڕاست ماون؟»

لـە لاپـەڕە ١٩٥ و باسـی مەسـەلەی هەڵبژاردنـی نوێنەری مەجلیسـی شـووڕای میللـی لـە مەهابادیدا دەڵێ «مولیـەر»ی ئەمریکایی داوای لێکردم پشـتگیریی دوکتۆر محەممەدی موکری بکەم... نامەی مولیەرم بۆ عومەرخانی شکاک و نامەی ئیحسان نووریپاشام بۆ شێخ عەبدوڵڵا گەیلانی لە ورمێ وەرگرت... نامەی دوکتۆر [کەریم] سـەنجابیم لە تارانەوە برد بۆ دوکتۆر موکری لە مەهاباد و پێمگوت پێویسـتە بچم بـۆ بـۆکان، کە گەڕامەوە نامەکان دەبـەم بۆ ورمێ... چووم بۆ بۆکان و گەڕامەوە و نامەکانم لێوەرگرت و بە ئوتوبووس چووم بۆ ورمێ» (ل ١٨٩ تا ١٩٥).

بەداخـەوە دوکتـۆر شـیرازی ناڵـێ لە بـۆکان کاری چـی بووە و نامـەی کێی لە تارانەوە هێنابوو بۆ کێ لە بۆکان.

کتێبەکە بابەتێکی دیکەی سـەبارەت بە بۆکان لە خۆی نەگرتووە، بەڵام نووسـەر لە باسی زیندانیکرانی خۆیدا، کە لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٣، واتە سەردەمی کۆمـاری ئیسـلامیی مـەلاکاندا ڕووی داوە و ٦ مانـگ و چەنـد ڕۆژێکـی درێـژە کێشـاوە، گێڕانەوەیەکـی هەیـە کە سەرنجڕاکێشـە. شـیرازی هـۆکاری گیرانی خۆی ڕاناگەیەنێ، بەڵام لە ئەفسەرێکی تورکی ئازەربایجانی دەدوێ کە پێکەوە لە زیندانی جەمشـیدئابادی تـاران لـە یەک ژووردا بوون و دەڵێ ئەفسـەرەکە پێی گوتم: «کورد لە سـەردەمی کۆماری کوردسـتاندا گەلێک یەکگرتوو و یەکدڵ بوون و ڕژیمی شـا نەیدەویسـت ئەو ڕۆحی یەکگرتوویییە لە بەشـەکانی دیکەی کوردسـتانیشدا پەرە بستێنێ. بەپێچەوانە، هەوڵی دەدا لە کوردستان خەڵک باوەڕ بە یەکتر نەکەن و کەس لای خەڵـک خۆشەویسـت و ڕێـز لێگیـراو نەبێ. هەر بۆیەش سـپای ئێـران تاقمێک پسـپۆڕی ئێرانی و خاریجی ناردە کوردستان کە ماوەیەک لەوێ مانەوە و خەریکی لێکۆڵینەوە بوون. دوابەدوای ئەوە، ڕژیم بڕیاری دا دەبێ درۆ و بەخیلی و تۆمەت و فێڵبـازی و ڕقەبەرایەتـی و... لـە نێـو کۆمەڵگای کورددا پەرەی پێ بـدرێ بۆ ئەوەی هەموو کەس ببنە نەیار و دوژمنی یەکتر» (ل ٢١٥ ـ ٢١٩).[١]

---

١. شیرازی، دکتر هاشم، «خاطرات دکتر هاشم شیرازی از فعالین سیاسی کردستان (١٢٩٨ ـ ١٣٧٧)»، بەکوشش هاشم سلیمی، انتشارات توکلی، تهران ١٣٧٩/ ٢٠٠٠.

## بیرەوەری و شێعرەکانی محەممەد نووری

مامۆستا محەممەدی نووری یەک لە دوایین شاعیرانی زیندووی سەردەمی کۆماری کوردستان و قوتابییانی قوتابخانەی شێعریی سەیفولقوزاتی قازییە، کە ئێستا لە بۆکان دەژی. ژیانی نووری تژیی ڕووداوە: چالاکی سیاسیی سەردەمی کۆمار؛ سالانی حکوومەتی موسەددیق؛ سەردەمی ئیسلاحاتی ئەرزیی ئێران؛ ڕووخانی ڕژیمی شا و هاتنە سەرحوکمی مەلاکان و دوای ئەو تا ئەمڕۆ. لە هەموو ئەو سالانەدا، جگە لە سەردەمی کۆماری مەلایان، نووری مرۆڤێکی چالاک بووە و ئاشکرایە دەبێ بیرەوەریی زۆری لێیان هەبێ، بەتایبەت کە بۆ ماوەیەک نوێنەری بۆکان لە مەجلیسی شوورای ئێران و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی سیاسیی حکوومەتی شا لە ناوچەی کوردستانیش بووە.

کتێبی «شەوێک و خەوێک؛ بستووی ژیان» لە دوو بەش پێکهاتووە: «شەوێک و خەوێک»، کە بیرەوەرییەکانی مامۆستایە و ١٧٢ لاپەڕەی سەرەتای گرتۆتەبەر و «بستووی ژیان»، کە کۆی شێعرەکانییەتی و تا لاپەڕەی ١٣٢ درێژەیان هەیە.

دەکرێ بگوترێ کتێبەکە سەرتاپا لە پێوەندیی بۆکاندایە، گەرچی خۆی گوتوویەتی خەڵکی «گڵۆڵان»ی مەهابادم، بەڵام نووسەر لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری و گوندەکانی ناوچەی چۆمی مەجیدخان ژیاوە و بەشداری لە ڕووداوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە بووە؛ ئەو سالانەش وا لە تاران ژیاوە، نوێنەری بۆکان بووە لە پەرلەمانی ئێران.

شێعرەکانی نووریش یا لە بۆکان گوتراون یا بۆ کەسایەتیی ناوداری ناوچەی بۆکان یاخود لە وەڵامی ئەواندا نووسراون: حەقیقی، سوارە، ئیمامی، هێدی، کوڕانی سەیدی زەمبیل، قاسم و حوسێنئاغای موهتەدی و... واتە کتێبەکە ئاوێنەی ژیانی سیاسی ـ فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتیی خەڵکی بۆکان و دەوروبەرییەتی.

کاک سەلاحەددین ئاشتی بە کتێبەکەدا چۆتەوە و ئامادەی چاپی کردووە.[1]

---

١. محەممەدی نووری، «شەوێک و خەوێک، بستووی ژیان»، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، ١٣٢ لاپەڕە، کوردی.

## بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسندی

نەمر محەممەد شاپەسندی، ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک» و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوی لەگەڵ چاپ و چاپەمەنیی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامێتە بووە. هەر لە گۆڤاری نیشتمانەوە تا ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان (١٩٤٥) و چاپەمەنییەکانی دیکەی شاری مەهاباد، جێپەنجەی ئەو، وەک پیتچن و نووسەر و ڕۆژنامەوان، بەسەر هەموویانەوە دیارە. دوای هەرەسی کۆمار و ئاوارە بوون لە باشووری کوردستانیش شاپەسندی لە شار و لە چیا بەو ئەرکەوە خەریک بووە و ژمارە ١٠ی گۆڤاری نیشتمانی هەر لەوێ دەرکردووە، تەنانەت دوو جار لە دووکانی ئاسنگەرییدا، چاپخانەی دروستکردووە و چاپەمەنی دەورەیی کوردیی پێ چاپ کردوون. لە بەغداش هەر بەو کارەوە خەریک بووە و دەڵێ هیچ چاپخانەیەک لە بەغدا نەبووە کارم تێدا نەکردبێ.

شاپەسندی تەنیا مرۆڤێکی تەکنیککار نەبووە و بە ناسناوی «ئازەر»ی سەردەمی کۆمەڵەی «ژ. ک»یەوە، وتاری لە زۆرێک لەو چاپەمەنییانەدا نووسیوە و تەنانەت خۆی ژمارەیەکی گۆڤاری «ئاوات»ی لە مەهاباد دەرکردووە (١٩٤٥). شاپەسندی لە هەموو ماوەی ژیانیدا خەریکی کاری سیاسی بووە و لە پەیوەندیی گەلێک نزیکی نەمر عەبدوڕڕەحمان زەبیحیدا کاری کردووە و وەک ئەو، لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکرات کەوتووە، کە لە ساڵی ١٩٦٦دا لە بارزانی و پارتی جیا بوونەوە؛ هەروەها لە زۆر لایەنی ژیانی سیاسیی زەبیحی ئاگادار بووە. بیرەوەرییەکانی شاپەسندی ڕوونکەرەوەی هەندێک لایەنی سیاسەت و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوورن کە تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە شاراوە بوون یا خود بە ناتەواوی دەمانزانین و لەوانە، هاوکاریکردنی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ تەیمووری بەختیار و ئامادە کردنی ١٥٠٠ چەکدار بۆ ئەو و «پەناهیان»ی حیزبی توودەی ئێران، کە زۆریان سەریان تێداچوو.

لە کتێبەکەدا باسی بۆکان بابەتێکی سەرەکی نییە، بەڵام مەسەلەیەک باس دەکا کە من پێشتر بەرگوێم نەکەوتبوو، ئەویش لە پەیوەندیی چاپخانەی بۆکان‌دایە کە شەهید حەسەنی قزڵجی بەڕێوەی دەبرد. شاپەسندی دەنووسێ:

«کاتێ خۆی کۆمەڵە ئامێرێکی چاکی بچووکی[چاپی] بۆ کومیتەی بۆکان کڕیبوو و هەڵاڵە بەو ئامێرە چاپ دەکرا» (لاپەڕە ٣٢).

بەم پێیە، یەکەم، پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵەی «ژ. ک» لە بۆکان کومیتەی هەبووە و دووهەم، دەزگایەکی چاپ بۆ ئەو کومیتەیە کڕدراوە، کە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دواتردا بۆتە هی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گۆڤاری «هەڵاڵە»ی پێ چاپ کراوە.

هەروەها دەڵێ کاتێک لە تەورێز لەگەڵ زەبیحی گۆڤاری نیشتمانمان چاپ دەکرد، کاری پیت‌چنین لە ماڵی خۆمان بەڕێوەدەبرا و بۆ چاپ دمانبردە چاپخانەی خەلیفەگەریی ئەرمەنییان. جا دەڵێ ژمارە ٦ ـ ٩ (دیارە ٧ ـ ٩ یەک ژمارەن)، واتە ئەو دوو ژمارەیەمان لە ماڵی برادەرێک لە بنەماڵەی ئێلخانی‌زادەدا ئامادە کرد (لاپەڕە ٣٤)، کە دواتر دەڵێ ئەو کەسە قاسم‌ئاغای ئێلخانی‌زادە [موهتەدی] بوو [کە ئەو دەم ماڵی لە تەورێز بوو] (لاپەڕەی ٤٧ی پاشکۆ).

جگە لەوانە، نووسەر چەند جارێک باسی ژیانی نەمر حەسەنی قزڵجی لە باشووری کوردستان دەکا و جارێکیش باسی نەمر سەعید یەزدان‌پەنا (لاپەڕە ٣٦ی پاشکۆ).

من ئەو لاپەڕانەی کە باسی بۆکانیان تێدا کراوە لێرەدا دەنووسم:

٣٢، ٣٤، ٤٩، ٥١، ٥٣، ٨٥، ٩٦ و ١١٠؛ هەروەها لە بەشی پاشکۆدا ئەم لاپەڕانەی خوارەوە:

٣٦، ٤٧، ٧٢، ٧٤، ٧٧.[1]

١. محەممەد شاپەسندی، «بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسندی»، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ١٤٥ لاپەڕە، کوردی.

## بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی

لـە نەبوونـی مێژوویەکـی سـەرجەم و زانیاریـی ڕاسـتەوخۆ یـا فەرمیـی حیزبـە کوردستانییەکاندا بۆ ناسینی گەوهەری ئایدیۆلۆژیک و ڕێباز و ڕێچکەی سیاسییان،[1] وا هەیـە بیرەوەریـی کادر و ئەندامان و هەڵسـووڕاوانی حیزبەکان ببێتە جێگرێک و هەندێک لەو بۆشایی‌یانە پڕ بکاتەوە.

هەردوو لقی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەم بوارەدا لە ڕێکخراوەکانی دیکە هەڵسووڕاوترن، هەر لە مامەغەنی بلووریانەوە تا مامۆسـتایان کەریمی حیسـامی، جەلیلی گادانی، محەممەد شاپەسندی، سەعید کاوە، محەممەدی خزری، ڕەشید ئەحمەدی، عەبدوڵڵا فەتاحی، محەممەد بۆکانی و گەلێکی تر، هـەرکام بـە شـێوەیەک هەوڵیـان داوە بیـرەوەری و ڕوانینی تایبەتی خۆیـان لەمەڕ مێژووی حیزبەکە و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان لەنێو حیزبەکەدا بۆ خوێنەری ئاسایی بگێڕنـەوە. ئێمـە هەرەوەزێکـی وا، بۆ نموونـە، لە نێو کۆمەڵـەدا نابینین و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانیش کە ئیتر هیچ.

دیـارە بیرەوەری‌نووسـان لـە هەمـوو شـوێنێکی ئەم جیهانـە، تەنیا ئـەو بابەتانە دەنووسـن کە خۆیان پێیان چاکە و بە ڕاسـت و دروسـتی دەزانن، لە هەمان کاتدا هەندێـک شـتی جێگەی مشـتومڕ یا دژ بەخۆیـان دیزە بەدەرخۆنـە دەکەن و ناوی نابـەن. ئـەوە دیاردەیەکـی جیهانـی و ئەگەر بتوانم بڵێم ئینسـانییە، واتـە هی هەموو مرۆڤێکـە، بەتایبـەت مرۆڤی سیاسـەتکار، مەگـەر ڕۆحێکی گـەورەی وەک ژان ژاک ڕوسۆ، کە لە تیروتانەی خەڵک نەترسێ و خۆی لە قاو بدا، ئەوەش یەک لە ملیۆنە!

ئەو بیرەوەرییانەی ئەندامانی حیزب، سەرەڕای هەندێک ناتەواوی و دەرخستنی ناپێویسـتی نهێنیەکانی نێو حیزبەکە و خۆبواردن لە گێڕانەوەی هەندێکی پێویسـتی تر، کەرەسـەیەکی باشـن بۆ نووسـینی مێژووی سیاسـیی کوردسـتان لە داهاتوودا،

١. دیارە هەوڵی نەمر دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسـملوو و مامۆسـتا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بۆ نووسینی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ لە بیر بکرێ.

هــەر بۆیــەش خاوەنــی گرنگایەتیــی تایبەتن، بەڵام جگە لە یــەک و دووان، ئەوانی تر لە شــیکردنەوەی ڕووداوەکان و هەڵســەنگاندنی هۆکارەکان‌دا کورتی دێنن و زیاتر بیچمــی حیکایەتگێڕانــەوە بەخــۆوە دەگــرن، گەرچــی تەنانەت لەو بیچمــەش‌دا هەر بەکەڵکن.

کاک ئەمیــری قــازی ڕوخســارێکی ناســراوی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانە و بــۆ ســاڵانێکی دوورودرێــژ، لــە تەمەنــی مێرمنداڵییــەوە لەگــەڵ یەکییەتیــی لاوان و پاشــان ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ حیزب کەوتــووە و ماوەی چەند ســاڵ ئەندامی دەفتەری سیاســیش بــووە. ڕیبەرانــی حیــزب لە ســەردەمی کۆنگــرەی دووهەمەوە تــا ئەمڕۆ دەناسیّ و ئەزموونی ڕاستەوخۆی کار و هەڵسووڕانی لەگەڵیان هەیە، بەو بۆنەیەوە بیرەوەرییەکانــی دەتوانــن خــاوەن گرنگایەتیــی تایبەت بن و وەک زانیاریی دەســتی یەکەم سەیر بکرێن.

کتێبی «لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم» بە شەرحی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەست پێدەکا و دوای ســەردەمی خوێندن لە قوتابخانە و زانســتگە، دەگاتە پێشمەرگایەتی، چوون بۆ باشووری کوردستان و گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات، هەتا هاتنەدەر لە وڵات و نیشتەجیّ بوون لە ئورووپا.

ئــەو بابەتانــەی کــە بــۆکان و ناوچەکــەی بگرنــەوە، لــە کتێبەکــەدا گەلێــک زۆرن: نووســەر لــە بنەماڵــەی قازییەکانــی مەهابــادە، لــە گونــدی حاجیاباتــی ســەر چۆمــی مەجیدخــان لەســەر ڕێــگای میانــدواو ـ بــۆکان لەدایکبــووە؛ دایکــی لــە دێبوکرییەکانــە؛ پۆلــی یەکەمــی ســەرەتایی لــە قوتابخانــەی شــاری بــۆکان خوێنــدووە؛ لــە تــاران هاتوچــۆی ماڵی حاجــی ڕەحمان‌ئاغــای موهتــەدی کردووە؛ لەگــەڵ کاک ســەلاحی موهتــەدی لــە زانســتگەی تــاران دەرســی خوێنــدووە و ئــەوان و چەند کەســی دیکە لــە خوێندکارانی کــورد «کومیتــەی بەڕێوەبەریی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان پێکهێناوە و هەر لەو ڕێڕەوەدا کەوتۆتە پەیوەندی لەگــەڵ کاک ســەعد و حەســەن‌ئاغای موهتەدی و سلێمانی عەلیــار و... هاتوچۆی بــۆکان و شــێخلەر و ســەدرابادی کــردووە و هەر لەوێشــەوە چووە بۆ باشــووری

كوردستان.

بەكورتی، كتێبەكە بابەتی زۆری لە پەیوەندیی بۆكان و ناوچەی دەوروبەری تێدایە و بەهۆی زۆریی بابەتەكانەوە من بەكورتی ئاماژەیان پێدەكەم. ئەوە ناوی هەندێک كەسایەتیی بۆكانییە لە بیرەوەرییەكاندا، هاوڕێ لەگەڵ باسی چەند ڕووداوێكی هاوپەیوەند بە بۆكانەوە:

- جووتیارانی بۆكان، حاجی قاسمی كەریمی و عەوڵا ئێرانی (ل ٢٩ و ٧٤)؛
- میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ل ٢٩)؛ عومەری كوڕی میرزا حەمەڕەئووف (ل ١٨٤)؛
- مەلا عومەری عەسری (ل ٣٢، ٩٦)؛
- سەعدی موهتەدی (ل ٤٧، ٥٦)؛
- قاسمئاغای موهتەدی (ل ٤٩)؛
- سەلاحی موهتەدی (ل ٤٢، ٤٩، ٥٢، ٥٥، ٩٦)؛
- حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی (ل ٤٩)؛
- مامۆستا هەژار (ل ٧٣ و...)؛
- محەممەدی موهتەدی (ل ٢١٥، ٢١٦، ٢٢٠، ٢٣٣، ٢٥٢)؛
- حەسەنی قزڵجی (ل ٢٣٤، ٢٨٢)؛
- عەلی گەلاوێژ (ل ٢٣٤، ٢٨٢)؛
- عەبدوڵڵا موهتەدی (ل ٣٨٦)؛
- عومەر ئێلخانیزادە (ل ٣٨٦)؛
- یەكەمین لقی «كومیتەی بەڕێوەبەرایەتیی كاتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە بۆكان كرایەوە (ل ٤٧)؛
- یاغی بوونی جاشێكی بۆكانی كە دواتر حیزب كوشتی (ل ٢٦٤ ـ ٢٦٥)؛
- مەسەلەی دەركرانی یەک لە ئاغاواتی دەوروبەری بۆكان لەسەر مڵكەكەی لەلایەن بەرپرسی كومیتەی حیزب لە بۆكانەوە و هاتنی بە ژن و منداڵەوە بۆ بۆكان. نووسەر دەڵێ لە كێشەی دابەشكرانی زەوییەكاندا بەو شێوەیە وا

دەکرا و لە نەبوونی یاسـایەکی ڕێکوپێکدا، دژ بەو دابەشکردنانە وەسـتاوە، بـەڵام بەرپرسـی کومیتـەی بۆکان و دوکتۆر قاسـملوو ئەویان بـە لایەنگری لە ئاغاوات تۆمەتبار کردووە (ل ٢٦٧ ـ ٢٦٨).

لـە شـوێنی جیاجیای کتێبەکەدا نووسـەر باسـی جیاوازیـی بیروبۆچوونی خۆی لەگـەڵ دوکتـۆر قاسـملوو، کەریمـی حیسـامی و حەمەدەمینـی سـێڕاجی دەکا و بە «توودەکـڕات» ناویـان دەبـا. لە بەرانبەردا پەسـنی ڕێبـاز و کەسـایەتی و تواناکانی عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی (ئەحمـەد تۆفیـق) دەدا، هەر ئـەوەش گرنگایەتیی بـە کتێبەکەی دەبەخشـێ، لەبـەروەی ئێمـە ڕیوایەتی لایەنەکەی ترمان لە کێشـەی نێوان دوو باڵی ناسـراو بە ئیسـحاقی و قاسـملووی حیزب لە زمان چەند کەسـەوە بیسـتووە و ئەم ڕیوایەتـە، بۆچوونـی لایەنەکـەی دیکـە دەردەخا، گەرچی نووسـەر لـە خوێندنەوەی بابەتەکاندا هەسـت دەکا هەڵوێسـتی نووسـەر لە سـەردەمی کۆنگـرەی دووهەم و خەباتی چەکدارانەی باڵی شۆڕشـگێڕ و شۆڕشـی ئەیلوول، هەڵوێستێکی بەینابەینی بـووە و نـە لەگـەڵ ئەملایان گەڕاوەتـەوە نێوخۆی وڵات و نە لەگـەڵ نەمر عەبدوڵڵا ئیسـحاقی زۆری دانـوو کـۆڵاوە. ئـەوە تێگەیشـتنی کەسـێکی وەک منـە لـە دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، دەنا وا هەیە نووسەر خۆی لەگەڵ ئەم لێکدانەوەی من نەبێ.[1]

---

١. ئەمیـر قـازی، «لە بیرەوەرییە سیاسـییەکانم»، ناشـر (؟)، چاپی ئاپێک، سـتۆکهۆڵم ٢٠١٠، ٤٨٢ لاپەڕە، کوردی.

### بیرەوەرییەکانی مەلا محەممەدی خزری

بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا مەحەممەدی خزریم بە شوێن بیرەوەرییەکانی کاک ئەمیری قازیدا خوێندەوە و پاشان چوومە سۆراغی بیرەوەرییەکانی کاک سەعید کوێستانی. هەرسێ ئەو کەسانە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی کاک عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)دا ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون و پێکەوە لەگەڵ گەلێک هەڵسووڕاوانی دیکەی حیزب لە باشووری کوردستان ژیاون.

ئەو سەردەمە بە چەند دیاردەی گرنگ دیاری دەکرێ: کۆدەتای ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق؛ گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت؛ شۆڕشی ئەیلوول؛ دووبەرەکیی نێوان بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ چەندبەرەکی و جیاوازیی نێوان لایەنگرانی عەبدوڵڵا ئیسحاقی لەلایەک و سولەیمانی موعینی، سمایلی شەریفزادە، حەمەدەمینی سێڕاجی، دوکتۆر قاسملوو، کەریمی حیسامی و... لەلایەکی تر؛ پێکهاتنی کومیتەی شۆڕشگێڕ لەژێر کارتێکەریی مائۆئیسم و شەڕی چریکیی گریلای چەپ لە زۆر وڵاتی دیکەدا؛ جیابوونەوەی سەلاحوددینی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانیزادە لە حیزبی دێموکرات و پێکهێنانی حیزبی ڕزگاری و... سەرەنجام شەهادەتی دەیان شۆڕەلاوی کورد ڕاستەوخۆ بەدەستی ژاندرمە و ساواکی ئێرانی یا لە ڕێگەی پاراستنی پارتییەوە.

بیرەوەریی ئەم سێ کەسایەتییەی نێو حیزبی دێموکرات دەتوانێ ڕوونکەرەوەی گەلێک لایەنی نادیاری خەباتی سیاسی و چەکداریی ئەو ساڵانە بێ، گەرچی لە بۆچوون و تەنانەت گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا جیاوازیی بەرچاو هەیە، بەڵام بابەتی واش گەلێک زۆرن کە هەر سێ لایەن لەسەریان هاودەنگ و هاوبەشن و ئەوەش کاری مێژوونووسانی دوارۆژ هاسان دەکاتەوە. ئاشکرایە لە هەرسێک دەقەکە ڕووداوەکانی سەبارەت بە بۆکان ڕەنگیان داوەتەوە.

١. نووسـەر لە گێڕانەوەی ڕووداو و باسی کەسایەتییەکان‌دا گەلێک جار ناوی کاک سـەلاحوددینی موهتـەدی (مسـتەفا) و نەمـر محەممـەدی ئێلخانـی‌زادە (کاوە) دەبـا و کاتـێ لە دەسـتەی یەکەمـی ئەو لاوانـەی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان دەدوێ وا گەیشتوونەتە باشوور، ئەو دوو کەسەش وەک «دوو لاوی خوێندەوار و ڕووناکبیر» دەناسـێنێ، ئینجا دەگاتە سـەر کێشـە و چەندبەرەکیی نێو حیزب و پێکهاتنی حیزبی ڕزگاری لەلایـەن ئەوانـەوە (لاپـەڕە ١٨ ـ ٢١). لـە لاپەڕەکانی دواتریش‌دا باسـی ئەم دوو کەسـە و چوونیان بەرەو مەکتەبی سیاسـی و ڕق‌وکینی عەبدوڵلای ئیسـحاقی بەرانبـەر بـەوان دێنێتـە گـۆڕێ. ئەو لاپەڕانە بریتین لـە: ٣٦، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٦، ٧٦، ٨٦، ٨٧، ١٨٢ و پاشکۆ.

٢. نـاوی میـرزا حەمەڕەئووفـی حافیزولقورئـان، خەیاتـی بۆکانـی و بەرپرس و هەڵسـووڕاوی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٥٣ی بۆکان، کە ماوەیەک دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ پەڕیوەی باشـووری کوردسـتان ببوو و لـەوێ بەنـاوی «ڕەئـووف مەلا حەسـەن»ەوە هاوکاریی حیزبی دێموکرات و پاشـان پارتی دێموکرات و شۆڕشی ئەیلوولی دەکرد، چەند جار لە بیرەوەرییەکانی خزری‌دا هاتـووە. میـرزا حەمەڕەئـووف لـە باوەڕپێکراوانـی نزیکـی عەبدوڵـلا ئیسـحاقی و ناحەزانی باڵی چەپی نێو حیزب بوو. بۆ باسی ئەو دەبێ سەیری لاپەڕە ٢٢، ٣١، ٤٩ (باسی هەڵبژێردرانی بە ئەندامییەتیی کومیتەی چاوەدێری)، ٧١، ٧٧ و ٢١٨ بکرێ.

٣. جگـە لـەو سـێ کەسـە، ناوی هەندێـک خەڵکی دیکـەی بۆکانیش لـە کتێبەکەدا هاتوون.

- کاک سەعدی موهتەدی، لاپەڕە ٣٦.
- مەلا عومەری عەسری، لاپەڕە ٣٦، ٨٥ تا ٨٧ و پاشکۆ.
- سەید کامیلی ئیمامی [ئاواتی شاعیر] (وەک هەڵبژێرراوی غیابی بۆ ئەندامییەتیی کومیتەی ناوەندی دوای کۆنگرەی دووهەم): لاپەڕە ٤٨.
- حەبیـب قەرەگوێـزی (وەرزێر)، (وەک هەڵبژێردراوی کومیتەی ناوەندی)، لاپەڕە ٤٨ و ٨٦.

ـ مامۆستا هەژار موکریانی، (وەک هەڵبژێردراوی کومیتەی ناوەندی)، لاپەڕە ٤٨، ١١٩، ١٩٤، ٢٠٢.

ـ سەید تاهیری ئیمامی، (وەک هەڵبژێردراوی کومیتەی چاوەدێریی)، لاپەڕە ٤٩، ٧٧، ٢١٨.

ـ مامۆستا خالیدی حیسامی (هێدی)، لاپەڕەی١٠٩، ١١٠، ١١٩، ١٣٠.

جگە لە ناوی کەسایەتییەکان، هەندێک جار هەواڵی شاری بۆکان و دەوروبەریشی لە کتێبەکەدا دەبیندرێ: لە ڕاگەیاندنی هەواڵی هەڵسووڕانی سیاسیی دوای کۆنگرەی دووهەم و دابەشکرانی بەرپرسایەتییەکاندا، نووسەر دەڵێ: «ناوچەکانی سەردەشت، مەهاباد، بۆکان و هەوشار کاک سلێمانی موعینی بەرپرسیان بوو» (ل ٧٤ و ٧٩).

هەروەها باسی هەندێک شوێنی دەوروبەری بۆکانیش دەکا، وەک گوندی قالوێ، قەرەگوێز و کێوی حاجی کیمی لە قەرەگوێز. وەکوو دیارە قالوێ شوێنی شەهادەتی کاک عەوڵای موعینی و مینەشەم بوو (ل ٨٦).

نووسەر لە چەند شوێن بە شێوەیەک لە پەیوەندییەکانی نێو ئەندامان و بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتیی ئەو دەمی حیزب دەدوێ و لە زمان سولەیمانی موعینییەوە عەبدوڵڵا ئیسحاقی بە «جینایەتکار» ناو دەبا (ل ١١٤) یا باس لە کوژرانی ئەسعەدی خودایاری و قادر شەریف و سەدیقی ئەنجیری بە دەست خۆیییەکان دەکا و سەرەپەتی ئەو ئیعدامانە بە زۆری دەگەیەنێتەوە عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کە خوێنەری دڵسۆزی گەل ناتوانێ بە خوێندنەوەیان ناشاد نەبێ. من بە ڕادەیەک ئەم ڕووداوانە دڵی ئێشاندم کە لەسەر ڕووپەڕی ١٥٦ی کتێبەکە نووسیومە «قانوونی جەنگەڵ»! هیوادارم من هەڵەم کردبێ! ئەو هەڵوێستەم تەنیا سەبارەت بە نووسەری بەڕێزی کتێبەکە نییە و بەگشتی بێزارم لە یەکتر پووچاندنەوەی خودییەکان کە لە زۆربەی بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵانەدا دیاردەیەکی بەرچاوە.

نووسەر دژ بەوە دەوەستێ کە ناوی «کومیتەی شۆڕشگێڕ» یا «ئینقلابی» لەسەر ئەو خەباتکارانە دابندرێ کە لەو ساڵانەدا گەڕانەوە ئێران و لە شەڕی ژاندرمە و سپای ئێرانیدا شەهید کران. ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە ئەوان حەوت کەس

بـوون و بەنـاوی کومیتەی نوێی ڕێبەرایەتیـی حیزبەوە هەڵبژێردران و هیچی تر (ل ١٣١ بـەدواوە). ئـەم بۆچوونـە وا هەیە ناحەزی زۆر بن، بەڵام نووسـەر لە جەنگەی کارەکان‌دا بووە و ناکرێ چاو لە هەواڵ یان بۆچوونەکانی بپۆشرێ.[1]

١. محەممـەد خـزری، «لاپەڕەیـەک لە تێکۆشـان و جووڵانەوەی سـاڵەکانی ٤٢ ـ ٤٧ (١٩٦٣ ـ ١٩٦٧)ی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان»، ناشـر: نووسـەر، سـوید ٢٠٠٣، ٢٢٩+٣٧ لاپەڕە، کوردی.

## بیرەوەرییەکانی سەعید کوێستانی

وەک لە دوو بەشی پێشتردا نووسیومە، ئەم کتێبەم دوای بیرەوەرییەکانی «کاک ئەمیری قازی» و «مامۆستا مەلا محەممەدی خزری» خوێندەوە. ئەو سێ کەسە لە هەڵسووڕاوانی سەردەمی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

کاک سەعید خەڵکی ناوچەی نەغەدەیە و هاوڕێ لەگەڵ نەمران سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە، یەک لە ٧ کەسی ئەندامی «کومیتەی نهێنی»ی حیزب بووە. ئەو کومیتەیە دوابەدوای کۆنگرەی دووهەم و ڕۆیشتنی کاک ئەحمەد تۆفیق پێکهات و بەگشتی بەناوی «کومیتەی شۆڕشگێڕ»ەوە دەناسرێ. ئەو ئەندامانەی حیزبیش کە دوای ئەو ڕۆژانە گەڕانەوە ئێران و لە شەڕی ژاندرمەدا شەهید کران یا بە هاوکاریی پاراستنی پارتی گیران و ئیعدام کران، بەناوی ئەو کومیتەیەوە ناسراون. مەلا محەممەدی خزری لای وایە ئەوە کومیتەیەکی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دوای کۆنگرەی ٢ بووە و نابێ ناوی کومیتەی شۆڕشگێڕی لەسەر دابندرێ، بەڵام کاک سەعید کوێستانی بە «کومیتەی ئینقلابی» ناوی دەبا (ل ١٨٠).

دوای شکستی کومیتە و شەهید بوونی بەشێک لە ئەندامەکانی، نووسەر دەگەڕێتەوە ئێران و خەریکی ژیانێکی بەڕواڵەت ئاسایی، بەڵام کەموزۆر سیاسی دەبێ و لە بڕگەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا سەرلەنوێ دەچێتەوە سەر هەڵسووڕانی حیزبی و بۆ ماوەی ساڵانێک لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاوکاری دەکا، لە کۆتاییشدا بە پەنابەری دێتە دەرەوەی وڵات و تا کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانی لە ئورووپا نیشتەجێ دەبێ.

بابەتی نێو کتێبەکە زۆرن و لەوانە هەواڵ لەمەڕ کوژرانی کاک سەدیقی ئەنجیری و شەڕی ساڵی ١٣٥٨ی نەغەدە و شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٦٤، کە لە ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵانەدا بێلایەن دەنوێنێ و وێناچێ ڕاستییەکان بۆ

بەرژەوەندیی حیزبی بشارێتەوە، بۆ نموونە، دەڵێ کۆمەڵە هەڵگیرسێنەری شەڕ لەگەڵ هێزی شەهید موعینی حیزبی دێموکرات نەبوو (ل ٢٥١ ـ ٢٥٣).

بەڵام ئەوەی وا لە کتێبەکەدا بۆکان بگرێتەوە ئەوانەی خوارەوەن:

- ل ٦٢: فایق ئەمین (سولەیمانی موعینی) گوتی کاتێکی باش هاتووی [بۆ باشووری کوردستان]، ئێستاکە کاوە و مستەفا (سەلاحەددینی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانیزادە)ش هاتوون و لای کاک ئەحمەد تۆفیقن (شوباتی ١٩٦٣(؟).
- ل ٦٤: دەمانویست حیزبی دێموکراتی کوردستان وەخۆخەین و هەرەکەتێکی پێ بدەین. لەسەر داوای برادەران لە کۆیسنجاق لە شاری حاجی قادری کۆیی... کۆبووینەوە... بەشدارانی کۆبوونەوە بریتی بووین لە پێنج کەس، واتە کاک عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کاک سولەیمانی موعینی، کاک سەلاحەددینی موهتەدی، کاک محەممەدی ئێلخانیزادە و بۆخۆم. ئەو کات حیزب ١٤ـ١٥ پێشمەرگەی هەبوو. دیاربوو «کاوە» واتە کاک محەممەدی ئێلخانیزادە وەک مەسئوولی بەشی پێشمەرگە دیاری کرابوو و لە کۆبوونەوەکەدا تەئیید کرایەوە... بۆ سەلاحەددینی موهتەدی، لای بۆکان و سەقز و هەوشار... دیاری کرا.
- ل ٦٧: لە ساڵی ٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣) لەسەر داخوازی ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەیەکمان لە گوندی ئالانێ پێکهێنا... هەواڵێک لە سەلاحەددینی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانیزادە نەبوو. دیار بوو لە نێوان ئەحمەد تۆفیق و ئەواندا ساردوسڕی پێکهاتبوو، بەڵام ئەحمەد تۆفیق باسێکی لە ناکۆکی نەکرد و گوتی کارێکیان پێ ئەسپێردراوە بزانین پێیان دەکرێ بیکەن، بەڵام کاتێ لە دەرێ لە کاک فایق (سولەیمانی موعینی)م پرسی بۆچی مستەفا و کاوە نەهاتوون؟ وەڵامی داوە و گوتی لەگەڵ ئەحمەد نێوانیان ساردە، تکایە جارێ باسی مەکە بزانین چی لێدێ. دوای ماوەیەک بۆمان ڕوون بوویەوە نەک هەر لەگەڵ یەک نەماون بەڵکوو دژایەتیی یەکتریش دەکەن، ئەحمەد تۆفیق بۆیە غەیبەتی سەلاحەددینی نەدەکرد دەیویست بزانێ نیزیکی و دووریی ئەوان لە بارزانی بەکوێ دەگا. کاتێک بەوە گەیشت کە ناتوانن نەزەری بارزانی بۆ لای

خۆیـان ڕاکێشـن، ئەحمـەد تۆفیق بۆی لە سـیمی ئاخر دان، ئـەوەی نەدەبوو لە ئاست کاوە و مستەفا بیکا، کردی.

ـ ل ٨٢: حوسـێنی مەدەنـی پێشـنیاری پێکـردم و گوتـی مام جەلال لـە قەڵادزێیە بـا بچینـە لای چاومان پێی بکەوێ و هێندێک مەسـایلی خۆمانـی لەگەڵدا باس بکەیـن... مـام جـەلال پێشـنیاری پێکردین لەگەڵـی بچینە لای مسـتەفا و کاوە... پێمان گوت ناتوانین لەگەڵ ئەوان پێکبێین و کار بکەین. چونکە لەو سەروبەندەدا بوو کە مسـتەفا و محەممەد برۆشـووریکیان وەک بەرنامـە بەناوی «کۆمەڵەی ڕزگاری» دەرکردبـوو... لەگـەڵ بیروبۆچوونـی ئێمـە نەدەهاتـەوە... بۆ ئەوەی قسەی مام جەلال نەشکابێ زۆر بە نابەدڵی هەستاین لەگەڵ مام جەلال چووین بۆ مزڵی کاک سەلاح و کاک محەممەدی ئێلخانیزادە.

ـ ل ٩٦: کاک ڕەئووفـی خەیـات لەلایـەن ئەحمـەد تۆفیقـەوە وەک بەرپـرس لـەو بنکەیە [سـونێ] دانرابوو. مەلا ڕەسـووڵ[ی پێشنماز و برادەران دەگەنە بنکە و دوای نـان خـواردن هـەر شـەوی هەوەڵ لەگـەڵ کاک ڕەئووف لێیـان دەبێ بە کێشـە. ڕەئووف پیاوێکی فەقیرۆکەی قسـەگێڕەوەی لەبنەوەبڕی ئەحمەد تۆفیق بوو. لەگەڵ مەلا ڕەسـووڵ قسـەیان لێ چەپ دێ و مەلا ڕەسـووڵ لەگەڵ ئەو برادەرانەی لەگەڵی بوون، ڕەئووف و یەک دوانێکیان چەک دەکەن.

ـ ل ١٠٨: دەبووایە کاک قادر شەریف و کاک حەسەن نەغەدەیی و کاک محەممەدی کاکاغاش لە دەوروبەری مەهاباد و بۆکان و هەوشار و... هەڵسووڕێن.

ـ ل ١١٠: قـادر شـەریف لـە سـەفەری لای بـۆکان پەشـیمان بوویـەوە چونکـە محەممەدی کاکاغازادە خواحافیزی کردبوو و ڕۆیبوو.

ـ ل ١١٦: لەسـەر ئەو بڕیار و قەول و قەرارەی... کاک قادر شـەریفیش بەرەولای ناوچەکانـی پـێ سـپاردراوی خـۆی، واتـە دەوروبـەری مەهابـاد و بـۆکان و سەردەشت بڕوا... قادر شەریف بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی ڕۆیی.

ـ ل ٢٠٢: [لـە دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ی گەلانـی ئێران]، منیش لـە ناوچەی مەهاباد دەسـت بـەکار بـووم... و لـە سـەرەتاوە ناوچـەی «چۆمـی مەجیدخـان»م گرتە

ئەستۆی خۆم.

ـ ل ٢٠٧: مـن و [مـەلا محەممەدی ] خزریش لە زمزیرانڕا تا دەگاتە دەوروبەری مەهاباد و نزیک بۆکان هەر شەوێ لە دێیەک خەڵکمان کۆدەکردەوە و قسەمان بۆ دەکردن.

ـ ل ٢٢٠: بەهاری ١٣٨١ی هەتاوی کاک حەسـەنی شـەرەفی بەڵێنی دابوو بە کاک حەمەدەمینی عیسازادە (سمکۆ) سەری ڕێکخراوی گڵۆڵان بدا... خۆمان گەیاندە ڕێکخراوی گەورکی ٣ لە گڵۆڵانی سەروو.

ـ ل ٢٣٠: یادی سەروان جاویدفەڕ (هەژار)، دەکاتە باسێک.

ـ ل ٢٥٧: کاک کەمالی ڕەحیمی خەڵکی ناوچەی بۆکان لەلای دوکتۆر سەعید بەدەل گوتبووی کومیتەی شارستانی سەردەشت کتێبی چاکی هەیە... دەیزانی دوکتۆر سـەعید بە بیسـتنی جۆرە کتێبێک حەساسـە و ناڕەحەت دەبێ. لێی دەپرسێ چ جـۆرە کتێبێـک؟ ناوبراو بۆ خۆ شـیرین کـردن دەڵێ... تەنانەت دووسـێ کتێبی دەرسی و مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست لەوێ لە گۆڕێ بوو.

ـ ل ٢٨٤: دوای چەند ڕۆژ کاک سـەلامی عەزیزی هات و کومیتەی شارسـتان[ی سەردەشت]م تەحویل دا و خواحافیزیم لە برادەرانی کومیتە کرد.[١]

١. سـەعید کاوە، «ئاوڕێـک لـە بەسـەرهاتی خـۆم و ڕووداوەکانـی نێـو حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران»، چاپـی یەکەم خاکەلێوەی ١٣٧٥ (١٩٩٦)، ناشـر: نووسـەر، ٣١٥ لاپەڕە، کوردی، ژمارەی کتێبخانە: ٨ ٤٠٧٧ ٦٣٠ ٩١.

**بیرەوەرییەکانی نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات** (ڕەئووفی مەلا حەسەن)

ژیانی پڕ لە شانازیی مامۆستا ڕەئووفی حافیزەلقورئان، بەرگدرووی شاری بۆکان دوای تەمەنێکی درێژی خزمەت و خەبات، لە ڕۆژی ٢٠١١/٤/٩دا لە شاری سلێمانی کۆتایی پێهات و بەرپرسانی بێئەمەگی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور و هەندێک کەسایەتیی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دانیشتووی باشوورن، مەرگەکەشیان وەک ژیانی، خستە پشتگوێ و تەنانەت سەرەخۆشییەکی ئاساییشیان لە منداڵەکانی دریغ کرد.

«ئێمە دەرگانەی داد بووین، ئاوا ستەممان لێچوو

داخوا قەسری ستەمکار چۆن تووشی نشوستی بێ!»[١]

ژیانی مامۆستا ڕەئووف لێوالێو بوو لە خەباتی سیاسی و چەکداری و پێشمەرگەیی لەپێناو کوردستانە خۆشەویستەکەیدا کە دەیگوت: «بە بەهەشتی ناگۆڕمەوە». لەو ڕێگایەشدا تووشی زیندان، ئاوارەیی، هەژاری، نەخۆشی و کوڕکوژراوی هات، بەڵام کۆسپ و کارەساتەکانی ژیان نەیانتوانی سەری لە قەندیل بەرزتری پێ دانەوێنن و تەنانەت لە ڕۆژانی پیری و نەخۆشیشدا دەستی بە چەکی خەبات ڕاهاتووی بۆ نیاز لە هیچ بوونەوەرێکی سەرزەوی پێ درێژ بکەن. ژیانی مامۆستا نموونەیەک بوو لە پاکی، ڕاستی، سەربەرزی، ئەخلاق و وەفاداری بە نیشتمان.[٢]

مامۆستا ڕەئووف تا کۆتایی ژیان لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی خۆی مایەوە و

١. وەرگێڕاوی فەردێکی شاعیری فارس «خاقانی شیروانی».
٢. من شانازیی ئەوەم هەبوو لەو ماوەیەدا چەند جار بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆستادا قسە بکەم. جاری یەکەم مامۆستا بە پێکەنینەوە فەرمووی کاک سەلاحوددینی موهتەدی پێی گوتووم کە تۆ لە وتارێکدا حەسرەتی ئەوەت خواردووە من و حاجی قاسمی کەریمی کۆچی دواییمان کردووە و بیرەوەرییەکانمان تۆمار نەکراون. ئەوا من زیندووم، فەرمووا! ئەو قسەیەی کاک سەلاح ڕاست بوو و من بە بیستنی هەواڵی درێژەی ژیانی مامۆستا لە سلێمانی شاگەشکە بووم. بەشێک لە کاری تۆماری بیرەوەرییەکانیش هەر لەوێوە دەستی پێکرد.

نەگۆڕا. بۆ ئەو، دوای کوردستانی مەزن، دوو کەس لە هەمووان گرنگتر بوون، کە تا دواچرکەی ژیان وەک قارەمان سەیری کردن و وەک بوت سوجدەی بۆبردن: مستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق. هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی، شەخسی یا هیچ خۆشی و نەخۆشییەک نەیانتوانی ئەو دوو قارەمانە لە بیری مامۆستا بەرنەوە. هۆکاری گرنگ بوونی ئەوانیش لای مامۆستا خۆی گوتەنی، ئەو ڕاستییە بوو کە لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و سەرفرازیی کورد بەگیان و بەدڵ خەباتیان کردبوو و ئەویش بەختی ئەوەی ببوو لە نزیکەوە بیانناسێ و هاوخەبات و هاوسەنگەریان بێ.

**

بەختەوەرانە کاک ئیسماعیل ئیسماعیلزادە ماوەی ساڵ و نیوێک پێش کۆچیدوایی مامۆستا چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی چەند ڕۆژەی لەگەڵ کرد و بیرەوەرییەکانی بە دەنگی خۆی تۆمار کرد. هەروەها مامۆستا بەشی زۆری بیرەوەرییەکانیشی بە دەسخەتی خۆی نووسییەوە و دایە کاک ئیسماعیل، منیشی وەک بەرپرسێک بۆ بیرەوەرییەکانی دەسنیشان کرد. دواتر هەموو یادداشتەکان لەلایەن کاک ئیسماعیلەوە تایپ کران و ئەویش و منیش خەریکی نووسینی پەراوێز و ڕوونکردنەوە لەسەر هەندێک ڕووداوی سیاسی و کەسایەتیی جێگەی باسی یادداشتەکان بووین، کە مامۆستا تەلەفۆنی بۆ کردم و فەرمووی جارێ دەست ڕابگرن و بڵاوی مەکەنەوە.

لەو کاتەدا مامۆستا ڕەئووف گەلێک نەخۆش بوو، لە ماڵەوە کەوتبوو و من بەڕوونی هەستم کرد کە دەیهەوێ بڵاوکردنەوەی یادداشتەکان بکەوێتە سەردەمی دوای ژیانی خۆی. هەر ئەوەش بووە هۆی دەستڕاگرتن و بڵاونەکرانەوەی بیرەوەرییەکان.

ئێستا کە مامۆستای نەمر بەجێیهێشتووین و کاک ئیسماعیلیش چەرمەسەرێ و تەنگژەی ژیانی کوردستانی کۆتایی هاتووە و لە شوێنێکی بە متمانەتری ئەم جیهانە دەژی، دەتوانم مزگێنی ئەوە بە خوێنەرانی «بۆکان لە مێژوودا» بدەم کە بیرەوەرییەکانی

مامۆستا ڕەئووف بەبێ هیچ چەشنە دەستێوەردان و گۆڕین یا ڕاستەوپاستەکردنی تاقە ڕستەیەکیش، تەنیا دوای نووسرانی پەڕاوێز و ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر هەندێک ڕووداوی ژیانی مامۆستا، سەرەتا لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان‌دا بە شێوەیەکی هەفتانە بڵاو دەکرێتەوە و پاشانیش بیچمی کتێبی پێدەدرێ و لە نێوخۆی وڵات دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

بیرەوەرییەکانی مامۆستا ڕەئووف لە سێ بەش پێکهاتوون:

ـ یەکەم، سەردەمی خەباتی سیاسی لە بۆکانی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٤ـ٢٥ واتە ١٩٤٦) و بەتایبەت ساڵانی ١٣٣٠ ـ ١٣٣٢ (١٩٥١ ـ ١٩٥٣)، کە بە ڕاپەڕینی شکۆداری خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دژ بە ئاغاوات و خاوەن‌ملّکان دیاری دەکرێ و بە کودەتای ئەمپریالیستیی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢/ ١٩٥٣، ڕووخانی حکوومەتی موسەددیق و گەڕانەوەی شا بۆ ئێران کۆتایی دێ.

دیاردەی گرنگی ئەو ساڵانەی بۆکان بریتین لە هەوڵ و خەباتی کۆمەڵانی گەل دژ بە فیئۆداڵی چەوسێنەر؛ تێکشکانی ڕاپەڕینەکانی شار و گوند لە ناوچەی بۆکان؛ گیرانی مامۆستا و خەباتکارانی دیکەی ناوچەکە و لە کۆتایی‌دا هەڵاتنی ژمارەیەک لە ڕاپەڕیوان، وەک نەمر حاجی قاسمی کەریمی و مامۆستا ڕەئووف، لە دەست گرتن و کوشتوبڕی ئاغاکانی بۆکان و حاوانەوەیان لە باشووری کوردستان. لەو ماوەیەدا، مامۆستا ڕەئووف بەرپرسایەتیی لقی بۆکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ دەبێ و پەیوەندییەکی ڕۆژانەی لەگەڵ ڕاپەڕیوانی شار و دێ دەبێ.

ـ دووهەم، چوونی مامۆستا بۆ باشوور و پەیوەست بوونی بە ڕیزی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوسەنگەر بوونی لەگەڵ نەمران ئەحمەد تۆفیق، موعینییەکان، شەریف‌زادە، مەلا ئاوارە و... تا بڕگەی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە ١٩٦٤/١١/١٩، دووفاقە بوونی حیزب و لەگەڵ باڵی ئەحمەد تۆفیق کەوتنی مامۆستا.

ـ سێهەم، خۆ لادان لە کێشەی باڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چوونە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی نەمر بارزانی و شەهید

بوونی یەک لە کوڕەکانی لەپێناو خاک و نەتەوە، تا قۆناغی دانیشتنی دوای هەرەسی ١٩٧٥ و گەڕانەوەی بۆ سەر ئیشوکاری بەرگدروویی لە سلێمانی.

بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەر سێ ئەم قۆناغە گرنگانەی ژیانی خۆی و خەباتی گەلی کوردی بەڕوونی گرتۆتەبەر.

یادی «مامۆستا حەمەڕەئووفی حافیزەلقورئان» ناسراو بە «میرزا حەمەڕەئووفی خەیات» و «ڕەئووفی مەلا حەسەن» بۆ هەمیشە زیندوو بێ!

## بیرەوەرییەکانی ناسر حیسامی

کاک ناسر حیسامی ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتەی گەلەکەمانە. نووسینی سەر ماڵپەڕەکەی بە قەدرایی وتاری سەر تەلەفیزیۆن و ئەویشی بە ڕادەی کار و کردەوەی سیاسیی سێ دەیەی ڕابردووی، دڵسۆزانەن.

کاک ناسر ماوەیەکە لە ماڵپەڕەکەی خۆی (شارستان)دا،[1] زنجیرەیەک بیرەوەریی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی خۆی بڵاودەکاتەوە کە لە باری سیاسییەوە بەنێوەرۆک و لە باری زمانەوە شیرین و شیاوی خوێندنەوەن. لە سەردەمێکدا کە تەلەفیزیۆن و چاپەمەنییە کوردییەکان بایەخی پێویست بە ڕەسانەیەتیی زمانی نەتەوایەتیمان نادەن و ڕۆژانە دەیان وشەی بێگانەی ئاوێتە دەکەن، قەڵەمی ڕەسەنی نووسەر بۆ ئەدەبی کوردی غەنیمەتێکە. بەشێکی بەرچاو لەو ڕووداوانەی وا لە بیرەوەرییەکانی ناسر حیسامیدا ڕەنگیان داوەتەوە لە موکریان و دەوروبەری بۆکان ڕابردوون.

خۆزگە کاک ناسر بیرەوەرییەکانی لە کورتی نەدەبڕیەوە و بە دوورودرێژیی زیاترەوە باسی ڕووداوەکانی دەکرد. هەروەها، بەگوێرەی جێگە و پێگەیەک کە ئێستا لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیەتی، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ کە ڕوانینیکی ڕەخنەگرانەی بە ڕووداوە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئەم سی و چەند ساڵەی کوردستانیشدا هەبێ. نەوەی دوارۆژ پێویستی بەوەیە بزانێ ئێمە چیمان کرد و هەڵە لەکوێ و چی و چۆن ڕوویدا، بۆ ئەوەی خۆی بەسەر هەڵەی زیاتردا نەکەوێ. ئەم ڕەخنەگرییە جیاوازە لە بریندارکردن و پووچاندنەوە و ڕووخاندن؛ کاک ناسر ئەم جیاوازییە باش دەناسێ.

گەلەکەمان پێویستی بە چاوی وردبین و قەڵەمی ڕاستگۆ هەیە.

---

1. http://sharistan. org/index. php?id=86

## بیرەوەرییەکی کاک خالیدی سەیادەت

### شەوێک لەو شەوانە

کاک خالیدی سەیادەت، پێشمەرگەی کۆمەڵە سەبارەت بە شەوێکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٢ی هـ/ ١٩٨٤ی ز، بیرەوەرییەکی نووسیوە. لەو شەوەدا ١٧٠ پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕووبەڕووی هێرشی دڕندانەی هێزە سپاییەکانی ڕژیمی مەلاکان بۆ سەر بنکەیەکی کۆمەڵە لە گوندی قزڵجەی خواروی نێوان مەهاباد و بۆکان بوونەتەوە و توانیویانە قارەمانانە خۆ لە گەمارۆی دوژمنی داگیرکەر دەرباز بکەن و بە دیوی ئاجیکەند و حوسێنابادی لای بۆکان‌دا بگەنە گوندی قۆڵغەتە.

نووسەر لەم دەقەدا دژ بە شەڕ نەوەستاوە و هۆی ئاشکرای مەسەلەکەش ئەوەیە لێرەدا باس لە شەڕی داسەپاوی کۆماری مەلاکان دژ بە پێشمەرگەی کوردە، نەک شەڕی نێوخۆیی کورد و کورد، بەڵام هەر ئەویش ناڕاستەوخۆ شەڕی بە دیاردەیەکی گڵاو قەبڵاندووە، کە دوو دڵ و دوو دڵدار لە یەکتر دادەبڕێ، کۆرپەی ساوا لە زگی دایکی‌دا دەخنکێنێ و هیوا لە دڵی بەجێماوانی کارەساتەکەدا دەتاسێنێ.

گرنگایەتیی بابەتەکەی کاک خالید شی‌کردنەوەی هەستی مرۆڤانەی پێشمەرگە و دەرخستنی ئاوات و ئارەزووی دواڕۆژیان و خوڵقاندنی فەزایەکی ئاماڵ تراژێدییە: ژنەپێشمەرگەیەکی دووگیان لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکەکە بە چیای «چەکوچ»ی ناوچەی قزڵجەدا هەڵدەگەڕێ، گوللەی دوژمن دەیپێکێ و دەبێ بە یارمەتی پێشمەرگەکانی تر لە گەمارۆی پاسداران ڕزگار بکرێ. کارەکە بەڕێوەدەبرێ، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا برینی گوللەی دوژمن کاری خۆی دەکا و ئەسمەری ژنە پێشمەرگە لەگەڵ کۆرپەی نێو زگی، پێکەوە سەردەنێنەوە و دەستی ساردەوەبووی ئەسمەر هەموو هیوایەکی دواڕۆژی بەختەوەری بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی لە دڵی حەمەی حاجی، پێشمەرگەی کۆمەڵە و هاوسەری ئەسمەردا دەتاسێنێ.

شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەندێک جار هێندە پسپۆڕانەیە کە خوێنەر لە

جیهانی پڕ لە تاڵ و سوێریی پێشمەرگەی کوردەوە دەباتە جیهانی سووررپیالیستیی نێو کتێب و فیلم و ڕۆمان، جیهانێک کە زیاتر لە چیرۆک دەچێ تا واقیع، گەرچی واقیعێکی زەقیش بێ. لە ڕاستیدا ئەگەر بیرەوەریی پێشمەرگەی کورد لە ماوەی سەدەی بیستەمدا تۆمار بکرابا، ئەوەی نوێی وڵاتەکەمان بە هەزاران شتی سەمەرەی دەبیست و دەخوێندەوە کە لە چیرۆکی پڕ لە قارەمانییەتی ستالینگراد کەمتر نەبن. ئەوەی خوارەوە نموونەیەکە لە بابەتەکە بۆ ناساندنی کاری نووسەر و شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەلایەن ئەوەوە:

«... ماوەیەک بوو باران نەدەباری و تاریکیش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. حەمەی حاجی و ئەسمەر و سێ پێشمەرگەکە بەرەو قۆڵغەتەپە بەڕێوە بوون، خرمەی پێی خۆیان و ئەسپەکە تەنیا دەنگێک بوو کە دەیانبیست، تەنانەت ئەسمەریش لە ناڵاندن کەوتبوو. دوای ماوەیەک پزیشکیارەکە ئەسپەکەی ڕاگرت، دەیەویست چاوێک لە برینەکەی ئەسمەر بکا، پێشمەرگەکان برانکاردەکەیان هێنا خوارێ، لەبەر شۆقی چراقووە بەهێواشی پانسمانەکەی کردەوە، دیار بوو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خوێنی برینەکەی ڕانەوەستابو، لەشی ئەسمەر گەرمییەکی وای تێدا نەمابوو کە تەنانەت دەستی حەمەی هاوسەریشی هەستی پێ بکا، پزیشکیار ویستی بڵێ تازە هیچ ناکرێ! بەڵام دڵی نەهات! هەر چواریان بەبێ دەنگی بە دیارییەوە دانیشتبوون. حەمە کەوتەوە بیر و خەیاڵی ساڵی ڕابوردوو، کە بۆ یەکەم جار خۆشەویستیی ئەسمەر چووە دڵییەوە، وەبیر زەماوەندەکەیان کەوتەوە کە بابی ئەسمەر پێی کوت ئەو کچەی من قەت لە شاخ و کێو نەبووە دەبێ زۆرت ئاگا لێی بێ! کەوتەوە بیری ئەو ئارەزووە بچووکەی ئەسمەر، کە ڕۆژێکماڵێکیان بێ کە منداڵەکەیان لە ئارامیدا تێیدا گەورە بێ. ماوەیەک هەروا هەموویان لە بێدەنگیدا دانیشتبوون کە باران بەنەرمی دەستی پێکردەوە...»

هیوایە نووسەر ئەم قەڵەمە بەرپرسە دانەنێ و ئێمە لە داهاتوودا بابەتی بەپێزی دیکەی لەمەڕ ژیانی پڕ لە کارەسات و قارەمانییەتی پێشمەرگە، لێبخوێنینەوە.

تۆماری ڕاستەقینە و دوور لە لایەنگریی ژیانی پێشمەرگەی کورد و زیندوو

ڕاگرتنی ناوی شەهیدان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەرکێکی گەورە و گرانی هاوسەنگەرەکانیان، بەتایبەت پێشمەرگەی خوێندەواری دەستبەقەڵەم و ئەو کەسانەیە کە لە چیا دابەزیون، بەڵام نەبەزیون و دەرەتانی نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆشیان هەیە.

تۆبڵێی ئەگەر چیای «چەکوچ» ئەو داستانە مەزنەی ئازایەتی و مرۆڤایەتییەی لێ تۆمار کرابێ، چیای قەندیلی سەردەمی «پشتئاشان» و ساڵانی دوای ئەو، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی «گریلا»، چەندەها حیکایەتی نەگوتراوی نەبیسراوی لە دڵدا بێ! سەفین و هەڵگورد و شاهۆ و... چی؟

ئەوەش دەقی نووسراوەکەی کاک خالید سەیادەت، کە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکانم وەرگرتووە:

**شەوێک لەو شەوانە**

٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، ئەو ڕۆژە یادکردنەوەیەکە لە خەبات و تێکۆشانی نەوەیەک لە کوڕان و کچانی کوردستان کە لە ساڵە سەختەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بۆ ئەو وڵاتە ڕێگای موقاوەمەت و وەستانەوەیان هەڵبژارد. ئەو موقاوەمەتە ڕەوایە ئەگەر لەلایەکەوە شانۆیەک بوو لە نیشاندانی ئیرادە و وزەی بێسنووری مرۆڤی تێکۆشەر، لەلایەکی دیکەوە پەردەیەک بوو لە خەباتی گەلێکی ڕاپەڕیو کە نەیدەویست بچێتە ژێر باری دەسەڵاتی کۆماری تازەپێگەیشتووی ئیسلامییەوە. لە ڕاستیدا ئەوە بەشداری و پشتیوانیی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان بوو کە مەودای ئەم خۆڕاگرییەی لە بەرابەر دەسگای سەرکوتی یەکێک لە بێبەزەییترین ڕژیمەکانی دنیادا خوڵقاند.

ئەم بیرەوەرییە کە بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە بڵاو دەکرێتەوە، تەنیا تابلۆیەکە لەو خۆڕاگری و بوێرییەی کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی ڕزگاریی گەلی کورد و کرێکاران و زەحمەتکێشان لەو ساڵانەدا تۆماریان کرد. کۆمەڵێک لەو ئازیزانە لەو ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد و زۆر کەسیشیان بەشێک لە

ئەندامی لەشیان لە دەست دا!

یادی ئازیزیان بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێزە!

**

لە خەوهەستانی بەیانی زوو، ئەگەر تێرخەو نەبووبێتی خۆش نییە، جا ئەگەر ئەو بەیانییە زۆر زوو بێ و پێش ئەوەی هەوا ڕووناک بووبێ ناخۆشتریشــە، بەســەر ئەوەشدا کەسێک بە هەموو توانای خۆیەوە درگای ژوورەکەت بکوتێ و دەسهەڵگریش نەبێ، تۆش هەر خەو بەرت نادا و لە نێوان خەو و بەخەبەریدا بە هیوای ئەوەی کە بەشکم کەسەکە ماندوو بێ و دەست لە کوتانی درگا هەڵگرێ و تۆ بتوانی چەند ساتێکی تر بنووی! پیاوی خاوەنماڵ دەسهەڵگر نییە و بە کوتانی درگاشــەوە ڕاناوەســتێ و بە هەموو هێزییەوە هەرا دەکا، ئەرێ بۆ هەڵناستن، دەورتان گیراوە! ئەم هەرایە و ئەم وشانە بەسن بۆ ئەوەی وەک فەنەر لە جێی خۆت هەستی و لە ماوەی چەند چرکەدا جلەکانت لە بەرکەی و درگا بکەیەوە.

پیــاوی خاوەنمــاڵ هاتبــوو بچێ بۆ مزگــەوت بۆ نوێژی بەیانی کــە لە گردەکانی دەوری دێ هێــزی دوژمنــی دیبوو، بەپەلە گەڕابۆوە ماڵێ، ڕەنگی ســپیهەڵگەڕابوو، دەمی وشک ببوو، هەموو گیانی دەلەرزی و بێپسانەوە دەیگوت دەوری دێ گیراوە! ئێســتا تەقــە دەســت پێدەکا! کاتێک لێت دەپرســی، کام گرد، کام تەپۆڵکــە، گیراوە! لە وەڵامدا دەیگوت هەموو جێیەک، هەموو جێیەکیان گرتووە! پیاوەکە زۆر لەوە زیاتر پەشۆکا بوو کە بتوانێ پێت بڵێ دوژمن کوێی گرتووە و کوێی نەگرتووە.

لــە ڕۆژهەڵاتــی شــاری مەهابــاد و لــە نێــو شــیو و دۆڵەکانــی چیــای گــەورە و بــەرزی چەکوچماڵــۆکدا چەند دێیەکی بچووک هەڵکەوتوون کە لەو ســاڵانەدا جێی حەســانەوە و بنکەی پێشــمەرگە بوون. خەڵکەکەی ســەرەڕای هەژاری، دڵگەورە و میوانخۆشەویســت بــوون، هەرچــی بوویــان لەگــەڵ پێشــمەرگە بەشــیان دەکــرد و باوەکــوو مەترســی هێرشــی ئەرتــەش و پاســدارانی کۆمــاری ئیســلامی نیگەرانــی خســتبوویە دڵیانــەوە، بەڵام هیچ کاتێک ڕوویان لە پێشــمەرگە گــرژ نەدەکرد. ئێمەی

کۆمەڵە لە پاییز و زستانی نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ی زایینیدا کە دەبێتە ١٣٦٢ی هەتاوی بنکەیەکمان لە قزڵجەی خواریَ هەبوو کە جیاواز لە کومیتەی ناوچە و بەشی تەداروکات و موخابەرات (پێوەندی بێسیم) و نەخۆشخانە، جێگای حەسانەوەی هێزی پێشمەرگە و هەروەها پێشمەرگەی نەخۆش و برینداریش بوو.

لە هەمان کاتدا حیزبی دێموکراتیش لە قزڵجەی سەروَ بنکەی هەبوو، کە هەشتنۆ کیلۆمیتر لە قزلجەی خواریَ دوورە، لە نیزیک هەردووک قزڵجەش، گوندی شیلاناویَ هەڵکەوتووە کە لەو کاتانەدا ماڵی مامۆستا هێمنی شاعیریشی لیَبوو. هەموو ئەو دێیانە لە داوێنی چەکوچوماڵۆک و بەرەو شاری مەهاباد هەڵکەوتوون. قزڵجەی خواریَ کەمتر لە بیست کیلۆمیتر لەو شارە دوورە.

ئێمە لەو دێهاتانە بنکەمان کردبۆوە و نێشتەجیَ بووین و هیزی دوژمنیش لە پادگانی مەهاباد و بەرزاییەکانی دەوری شار دامەزرابوو. هێرش هێنان بۆ سەر ئەم ناوچەیە بۆ ئەرتەش ئاسان نەبوو، چونکە لەلایەکەوە زۆر شاخاوی و چڕ و سەختن و لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەی زۆری تێدا بوو. جگە لەوانەش خەڵک بەگشتی لەگەڵ پێشمەرگە و دژی دەوڵەت بوون.

ئەم بەیانییە زووە، ڕۆژی ٢٠ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی بوو کە پیاوی خاوەنماڵ درگای ژوورەکەی ئێمەی دابووە بەر مست و بە ترس و پەشۆکاوییەوە هاواری دەکرد دەورتان گیراوە! لەو کاتەی ساڵدا لەو ناوچەیە هەوا هێشتا هەر ساردە، لە نێو دیَ و لە داوێنی شاخ بەفر نەمابوو، بەڵام بەسەر بەرزاییەکانی شاخەکەوە پەڵەپەڵەی گەورەی بەفر دیار بوو، هەرچەند لە سەرەتاوە تاو هەڵات، بەڵام زۆر زوو هەور ئاسمانی داگرت و زریانێکی سارد دەست و دەموچاوی دەتەزاندین.

نیگەرانی و خۆفی هێرشی دوژمن نەیدەهێشت هەست بە تەوژمی سەرمای بەرەبەیان بکەین، بەڵام هەموو کەس دەیزانی کە دەبیَ جلی گەرم لە بەر کا و برێک خواردن لە گیرفانی خا و دەست داتە چەکەکەی و ئامادە بیَ. جلی گەرمیش لە ڕاستیدا تەنیا ژاکەتێک بوو کە بەسەر کەوا و پاتۆڵی پێشمەرگانەدا لە بەرمان

دەکرد و خواردنیش نانێک بوو لەگەڵ برێک پەنیر.

هەڵگرتنی چەک و بەستنی ڕەخت و هاتنە دەر لە ماڵ بە هەموویەوە پێنج دەقیقەی پێنەچوو، لە بەر درگای دەرێ ژنی خاوەنماڵمان دی کە خەریک بوو منداڵەکانی دەشاردەوە، کلیلی ژوورەکەی خۆمان دایە و کوتمان کە ئەگەر ئێمە نەگەڕاینەوە با ئەو کلیلە بە تۆ بێ. لە ماوەی ئەو سێزدە مانگەدا کە ژیانی هاوسەریمان پێکەوە نابو ئەوە بۆ جاری سێهەم دەچوو کە ئەوەی نێومان نابوو ماڵ بەجێماندەهێشت. لە ڕێبەندانی ساڵی پێشتردا لە دێی کولیجە لە نزیک جادەی بورهان (ڕێگای بۆکان ـ مەهاباد) زەماوەندمان کرد، لە نێوەڕاستی بەهاردا هەستمان بە مەترسیی هێرشی ئەرتەش و پاسدار کرد و بنکەی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی مەهابادمان گوێستەوە بۆ دێی هاچیدەرێ، کە نزیک دەبۆوە لە ناوچەکانی گەورک و مەنگوڕ. پاییزی ئەو ساڵە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هێزی دوژمن بە زۆری لە پایگاکانی خۆیاندا مابوونەوە و جموجووڵێکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدەدا، هاتینە سەر ئەوەی کە خۆمان لە شار نزیکتر کەینەوە و بنکەیەک لە قزڵجەی خوارێ بکەینەوە.

ئەو بەیانییە پێش ئەوەی بزانین دوژمن کوێی گرتووە و هێزی چەندەیە، هەستمان بەوە دەکرد کە ڕۆژێکی درێژ و شەڕێکی قورسمان لە پێشە. گەیشتنی دوژمن تا قزڵجەی خوارێ کە دوورترین و چڕترینی ئەو دێیانە بوو، ئاماژە بوو بە بەرنامەیەکی گەورە بۆ داگیر کردنی ناوچەکە!

نێو دێ زۆر ئاڵۆز بوو، پیاوەکان خەریک بوون بەپەلە مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانیان لە دێ دوور خەنەوە، ژنانیش دەستی منداڵەکانیان گرتبوو لە جێیەک دەگەڕان کە خۆی تێدا حەشار بدەن. هەوا زۆرتر ڕووناک ببوو، هێشتا تەقە دەستی پێنەکردبوو. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە سەرەتاوە پێمان وابوو دەوری دێ گیراوە، هێزەکانی دوژمن هێشتا زۆر نزیک نەببوونەوە و لە تەپۆڵکەکانی هێندێک دوورتر لە دێ دامەزرابوون. لە ڕاستیدا تاکتیکی دوژمن ئەوە نەبوو کە خۆی لە شەڕی نزیک و دەستەویەخە بدا، چونکە نە ورەی ئەوەیان هەبوو و نە توانای بەربەرەکانی لەگەڵ پێشمەرگەیان لە شەڕی وادا هەبوو. حەولی ئەوان ئەوە بوو کە بە چەکی قورس و

لــە دوورەوە هێـزی پێشـمەرگە شـپرزە کـەن. ئێمـە زۆر زوو هاتینە سـەر ئەوە کە نەیەڵیـن شـەڕ بکەوێتـە نێو دێوە و تـا ئەوەندەی دەتوانین حـەول بدەین کە خۆمان لە بەرابەر ئەو هێرشـە بەربڵاوەی دوژمن لادەین، بەتایبەتی کە ئەو لە دوورەوە و بـە چەکـی قورس شـەڕی دەکـرد و لەوانە بوو کە زەرەری گـەورە بە خەڵکی دێش بگەیەنـێ. ئێمـە بۆ ئـەوەی بتوانیـن هێزەکەمان و کەلوپەلی پێویسـت وەک چەک و تەقەمەنـی لـە نێـو دێ بەرینە دەرێ دەبوو هەر چۆنێک بێ بەرگری لە هاتنە پێشـی هێـزی دوژمـن بکەیـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو پـەل پێشـمەرگە دیاریکـران کـە لە دوو لاوە بەرەنـگاری دوژمـن بنـەوە و نەیەڵـن بـەرەو نێو دێ پێشـڕەوی بکەن، تا بەڵکـوو خەڵکـی دێ فریـا کەون خۆیان حەشـار بـدەن و ئێمەش بتوانیـن کەلوپەلە گرینگـەکان و باقـی هێزەکەمان لە مەیدانی شـەڕ دوور خەینـەوە. بەهۆی ئەوەی کە قزڵجـە مەقـەڕی کومیتـە ناوچە بوو، بنکەی پزیشـکی و تەداروکات و پێشـمەرگەی نەخۆش و بریندار و تەنانەت میوانیشی لێ کۆببۆوە.

بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە دێ تەنیـا ڕێگایەک هەبـوو، ئەویش هەڵگەڕان بە شـاخی بـەرزی چەکـوچدا و ئاوا بوون بـەرەو ناوچەی بۆکان. چەند ولاغمان لە خەڵکی دێ وەرگرت و چەک و تەقەمەنی و هێندێک کەلوپەلی پێویست و بێسیمەکەمان لەسەر بار کرد. هێشتاش تەقە دەستی پێنەکردبوو کە بارەکان و ئەو کەسانەی کە بەهۆی باری لەشساغییەوە چەکی قورس یان فیشەکدانیان پێنەبوو، بەرەو لووتکەی چەکوچ کەوتنەڕێ. ژمارەیان نزیک سـی کەس دەبوو، یەکیان دایکی هاوڕێیەکی پێشـمەرگە بوو کە لە شـارەوە هاتبوو بۆ دیتنی کچەکەی. ئەمانە دابەشکران بە دوو دەسـتە و هەر دەستەی فەرماندەیەکی بۆ دیاری کرا.

هـەوا ڕوونـاک ببوو کە تەقە بە چەکی قورس لەلایەن دوژمنەوە دەسـتی پێکرد. هـاوکات ئـەو دوو پەلـە پێشـمەرگەیەی کە بۆ بەرەنـگار بوونـەوەی دوژمن دیاری کرابـوون لـە مـاوەی کەمتـر لـە نیـو سـەعاتدا خۆیـان گەیانـدە نزیک شـوێنەکانی دوژمن و شەڕێکی قورس لە نزیکەوە دەستی پێکرد.

هێرشـی چاوەڕواننەکراوی پێشـمەرگە و گوێسـتنەوەی مەیدانی شەڕ بۆ نزیک

شوێنەکانی دوژمن بوو بەهۆی ئەوەی کە لە سەرەتاوە تۆپ و خۆمپارەباران بۆ نێو دێ و دەوروبەری دێ کەم بێتەوە و هەلێکی باش بڕەخسێ بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەبوو هەرچی زووتر بە شاخی چەکوچدا هەڵگەڕێن و لە مەیدانی شەڕ دوور کەونەوە.

ئێستا ئێمە ببووین بە سێ بەش، جیاواز لەوانەی کە بە شیو و دۆڵەکانی شاخدا هەڵدەگەڕان تا ئاوای ئەودیوی چەکوچ بن و ئەو دوو پەلەی کە لە دوو لاوە خۆیان گەیاندبووە سەنگەرەکانی دوژمن و دەرگیری شەڕی سەنگەر بە سەنگەر بوون، بەشێکیشمان لە نێو دێ مابووینەوە کە هەم وەک هێزی پشتیوان وا بین و هەم ئەگەر لەلایەکی دیکەوە هێرش بکرێتە سەر نێو دێ پێشی پێ بگرین، بەتایبەتی لەبەروەی تا خەڵکی دێ ماوە پەیدا بکەن کە خۆیان حەشار بدەن.

لەگەڵ گەرم بوونی تەقە، دڵەخورپە و ئاڵۆزی وردەوردە لەش و ڕۆحمانی بەجێدەهێشت و جێی خۆی دەدا بە وزە و چالاکی و نەزم. زۆر زوو کۆنترۆڵمان بەسەر خۆماندا پەیدا کرد. هەموو کەس دەیزانی دەبێ چی بکا و هیچ وەزیفەیەک لەو کاتەدا نەدەبوو پشتگوێ بخرێ. گەورەترین مەترسیمان ئەو دوو دەستەیە بوو کە دەبوو هەرچی زووتر لە مەیدانی شەڕ دوور خرێنەوە. بە بێسیمی دەستی پێوەندی لە نێوان هەرسێک بەشەکەدا بەردەوام بوو. هێرشی ئەو دوو پەلەی کە خۆیان گەیاندبووە سەر سەنگەرەکانی دوژمن، بەتەواوی پێشی بە پێشڕەویی دوژمن گرتبوو. هێزەکانی دوژمن لە جێی خۆیان چەقیبوون و توانای هاتنە پێشیان نەبوو، بەڵام تۆپخانەی قورسیان بەتەواوی کەوتبۆوە کار و شاخەکەی دابووە بەر تۆپ. وردەوردە زانیمان کە هێرشەکەی دوژمن زۆر بەربڵاوە و هەموو دێهاتەکانی بناری چەکوچومالۆکی گرتۆتەوە.

لە پشت دێی قزڵجەوە شیو و دۆڵێک بەرەو بەرزایی شاخ دەست پێدەکا کە گەورە و قووڵ و چڕە و پاش چەند سەد میترێک تەسک دەبێتە و سێچوار دۆڵی چکۆلەتری لێدەبێتەوە کە هەر کام لەلایەکەوە بە چیاکەدا هەڵدەگەڕێن و تا نزیک بەرزایی لووتکەی شاخەکە درێژەیان هەیە. ئەو پێشمەرگانە دەبوو بەو دۆڵانەدا

بڕۆنە سەرێ و هەموو حەولیان ئەوە بێ کە دوژمن نەیانبینێ.

چەنـد سـەعاتێک تێپەڕیبوو، شـەڕ بە قورسـی درێـژەی بوو، هێزی پێشـڕەویی دوژمـن حەولـی ئـەوە بـوو کە خۆی لـە نێو دێ نزیـک کاتەوە، بۆ ئەم مەبەسـتەش چەند جار هێرشـیان هێنا، بەڵام هەموو جارەکان تێکدەشـکان و بە چەند کوژراو و بریندارەوە دەگەڕانەوە سـەنگەرەکانی خۆیان. فەرماندەی ئەو پێشـمەرگانەی کە لە نزیکـەوە بەرەنـگاری دوژمـن ببوونـەوە حەمەی حاجـی، فەرمانـدەی گوردانی٢٤ی مەهاباد بوو. فەرماندەی گشـتی ناوچەی مەهاباد یەکێک لە ئەندامانی کومیتە ناوچە بـوو کـە لەگـەڵ ئێمە لە نێـو دێ مابـۆوە و لەوێـوە فەرماندەیی هەموو شـەڕەکەی دەکرد. دووسـێ سـەعات لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو کە بڕیاری دا وردەوردە هەموومان نێو دێ بەجێبێڵین و بەرەو شاخەکە بکەوینە ڕێ.

دوژمن دەیزانی ناتوانێ بە هێزی پیادە بێتە پێشێ و هەستیشی بەوە کردبوو کە تەنیا ڕێگای پاشەکشەی ئێمە ئەو شاخە بەرزەیە، بۆیە بێپسانەوە هەموو شوێنێکی کێوەکـەی دەکوتـا. پلانی ئێمە ئەوە بوو کە لەگـەڵ تاریکیی هەوا هەموو هێزەکەمان بگەیەنینە سەر چەکوچ، لەوێ پشوویەک بدەین و تا شەومان بە دەستەوەیە خۆمان بگەیەنینە ناوچەی گەورکایەتی. تا ئێستا کە چەند سەعاتێکی مابوو بۆ تاریک بوون، کەسی ئێمە نەگەیشتبووە سەر بەرزایی چەکوچ تا بزانین کە لەو دیوی چەکوچ وەزع چۆنە، بڵێی دوژمن لە بۆکانیشەوە نەهاتبێ و ئەوێشی نەگرتبێ! ئێمە دەبوو تا هەوا بەتەواوی تاریک نەبووە چەند کەسێکمان بگاتە سەر چەکوچ تا بتوانین ئاگادارییەک لە بارودۆخی ئەودیوی کێوەکە وەدەست بخەین.

فەرماندەی گشتی بە بێسیم بە حەمەی حاجی ڕاگەیاند کە ئێمە خەریکین نێو دێ بەجێدێڵین و خۆمان لەو پێشـمەرگانە نزیک دەکەینەوە کە بەرەو لووتکەی چەکوچ بەڕێـوەن، ئەوانیـش تـا ماوەیەکی کە و پێـش تاریکی، سـەنگەرەکانیان بەجێبێڵن و هەر بەو دۆڵانەدا بەرەو لای ئێمە بکەونە ڕێ.

لـە ڕێـگادا بوویـن کـە بـە بێسـیم ئـاگادار بووینـەوە کـە دوو کەسـمان بـە پڕیشـکی تۆپـی دوژمـن برینـدار بـوون، دوو کەس لەوانـەی کە هەر لـە بەیانییەوە

بـە مەبەسـتی دوورکەوتنـەوە لـە مەیدانی شـەڕ، بـەرەو لووتکەی شـاخ کەوتبوونە ڕێ. دڵەخورپـە دایگرتیـن! دەبـێ کـێ بـن! ماوەیەکـی خایاند تـا زانیمان کـە یەکێک لـە برینـدارەکان دایکە پێشـمەرگەکەیە و ئـەوی کەیان ئەسـمەری مەجنوونە. ئەوان خۆیـان برینپێچێکیـان لەگـەڵ بـوو کـە دەیتوانـی کاری سـەرەتایی برینپێچان بکا، بەڵام بۆ برینی قورسـتر کۆمەکپزیشـکی لێهاتووتر و بەئەزموونترمان لەگەڵ بوو، کـە زۆر جـار برینداری قورسـی لە مـەرگ نەجات دابوو. برینی دایکە پێشـمەرگەکە قـورس نەبـوو، برینپێچەکـە هـەر لـەوێ برینەکـەی ئـەوی پێچابـوو، بـەڵام برینـی ئەسـمەر قـورس بـوو، پڕیشـکێکی گەورە لـە زگی درابـوو و خوێنی ڕانەدەوەسـتا. یەکـەم کارمـان ئـەوە بـوو کە پزیشـکیارە بەئەزمونەکەمـان بەخێرایی نـارد بۆ لای برینـدارەکان تـا بەشـکم ئـەو بتوانـێ کارێکـی بـۆ بـکا. دواجـار بـە بێسـیم حەمەی حاجیمـان ئـاگادار کـردەوە کـە فەرماندەیـی شـەڕەکە بسـپێرێ بـە جێگرەکـەی و خۆی بگەیەنێتە لای ئەسمەر.

نزیک سـاڵێک پێشـتر، ئەو کاتەی بنکەمان لە دێی کولیجە بوو حەمە و ئەسـمەر یەکتریـان خـۆش دەویسـت و هەر لەوێ پاش ماوەیەک زەماوەندیان کرد. ئەسـمەر کچـی بنەماڵەیەکـی زەحمەتکێشـی شـاری مەهابـاد بـوو کـە لەگـەڵ ڕێکخـراوی نهێنیـی نێـو شـار چالاکـی دەکـرد، سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی پێـش ئـەوەی بگیرێ و ڕاپێچـی زینـدان کـرێ، شـاری بەجێهێشـت و هاتـە نێـو ڕیـزی پێشـمەرگەوە. لـە سـەرەتاوە وەک مامۆسـتا لـە دێهاتـی ناوچەی محاڵـی مەهاباد دەرسـی دەکوتەوە، بـەڵام دواتـر کـە زۆرێـک لـە دێهاتەکانـی ناوچەکـە کەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی هێزی داگیرکـەری کۆمـاری ئیسـلامی، نەیتوانـی درێـژە بـە کاری مامۆسـتایی بـدا، بۆیـە لـە نێـو پەلێـک لـە پێشـمەرگەکانی گوردانـی ٢٤ی مەهابـاددا سـازماندرا و زۆری پێنەچـوو کـە بـوو بـە پێشـمەرگەیەکی لێهاتـوو و جێگای متمانـە. حەمـەی حاجی خەڵکـی دێـی دێبوکـری هەڵکەوتـووی ڕۆژاوای شـاری مەهابـادە. منداڵـی کار و ڕەنج و تێکۆشان بوو، ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە تەمەنی لاویدا بوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، کوڕێکی بەڕەنگوڕووی سەوزەی باریکەڵە و هەتا بڵێی لەبەردڵان بوو، هەر

چەند خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام زۆر زیرەک و تیژ و وریا بوو. لە کاتی شەڕ و خەتەردا زۆری ئازایەتی لە خۆی نیشاندابوو. ئەوەندەی لە بەرابەر دوژمندا بەجەرگ و هەڵمەتبەر بوو، لە ئاست خەڵکدا نەرم و میهرەبان و لەخۆبوردوو بوو. لەو کەسانە بوو کە هیچ کات تووڕەیی و دەمارگرژیی پێوە دیار نەبوو.

هێزەکانی دوژمن لە سەنگەرەکانی خۆیاندا چەقیبوون و توانای پێشڕەوییان نەبوو، بەڵام زۆرترین زەختیان بە چەکی قورس خستبووە سەر شیو و دۆڵەکانی شاخی چەکوچ. ئێمە بەزۆری پەرۆشی وەزعی ئەسمەر بووین کە خۆی دووگیان و برینەکەشی قورس بوو، پزیشکیارەکە بڕیاری دا کە ئەسمەر دەبێ بەپەلە بەڕێکرێ بۆ نەخۆشخانە یان لانیکەم شوێنێکی ئەمین، کە برینەکەی دەرمان کرێ. دەسبەجێ برانکاردێکمان ئامادە کرد، لەگەڵ حەمەی حاجی، هاوڕێی پزیشکیار و دوو پێشمەرگەش ئامادە کران کە لەگەڵ تاریک بوونی هەوا بکەونە ڕێ. ئێمە دەبوو چاوەڕێ بین تا هەوا تاریک ببێ جا ئەو کات بەخێرایی خۆمان بگەیەنینە سەر لووتکەی کێوەکە. ڕۆژێک شەڕ، ماندوویی، برسیەتی و کزەی سەرمای قەدی ئەو شاخە و ڕێژنەی جارجاری بارانیش، بەتەواوی ماندووی کردبووین. بەپەلە بووین بچینە یەکێک لە دێیەکانی ئەو دیوی چەکوچ و پشوویەک بدەین.

حەمەی حاجی کە گەیشتبووە لای ئەسمەر و دیتبووی برینەکەی قورسە، ڕووی کردبووە پێشمەرگەکان وکوتبووی دەبێ بەپەلە ئەسمەر بگەیەنینە دێیەک، برانکاردەکەیم بۆ لەسەر ئەسپەکە قایم کەن، پێویست نییە کەسیشم لەگەڵ بێ، بۆخۆم بەخێرایی لە چەکوچی تێپەڕ دەکەم و دەیگەیەنمە قۆڵغەتەپە، ئەگەر تا بەیانی هیچی لێنەیە و بمێنێ، لەوێوە بە کەسی جێمتمانەدا دەینێرمە نێو شاری مەهاباد تا لە ماڵێک بیشارنەوە و دوکتۆری بەرنە سەری! پێشمەرگەکان لێی قبووڵ ناکەن بەتەنیا بڕوا، دوو پێشمەرگە و پزیشکیارەکەش لەگەڵیان دەکەون و لەژێر تۆپبارانی دوژمندا خۆیان دەگەیەننە ئەو دیوی چەکوچ و پێش ئەوەی هەوا بەتەواوی تاریک بێ ڕێگای دێی قۆڵغەتەپە دەگرنەبەر.

جێگری حەمەی حاجی کە ئێستا فەرماندەی ئەو پێشمەرگانە بوو، کە لە خوارەوەی

نێودێ و لە سەنگەرەکانی پێشەوە لەگەڵ دوژمن لە شەڕدا بوون، بڕیاری دابوو تا پێشمەرگەکان خۆیان ئامادە کەن بۆ کشانەوە، هەوا خەریک بوو تاریکی دەکرد، دەبوو هەرچی زووتر هەموو هێزەکە خۆی بگەیەنێتە ئەو دیوی چەکوچ. لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر لە دۆڵەکاندا خۆیان حەشاردابوو، چەند کەسێک خۆیان گەیاندە سەر بەرزایی شاخ و تا ئەوەندەی لێشیان دیار بوو هیچ جموجووڵێکی دوژمنیان نەدیبوو. ئێستا ئەوەندە تاریک ببوو کە بتوانین ئەو مەودایە تا سەر لووتکەی شاخ بەبێ خەتەر تێپەڕ کەین. نزیکترین دێ لەو دیوی چەکوچ بەرەو دۆڵی ئاجیکەند و ناوچەی بۆکان، دێی حوسێنابادە. ئێمە نەماندەویست بەرەو دۆڵی ئاجیکەند بچین، چونکە مەترسیی ئەوە دەکرا کە دوژمن گرتبێتی، ئێمە دەمانەویست بڕۆین بۆ قۆڵغەتەپە، ئەو شەوە لەوێ بحەسێینەوە و دواجار خۆمان بگەیەنینە ناوچەی گەورک. ئێستا هەوا تاریک ببوو دوژمنیش دەستی لە تۆپ و خۆمپارەهاویشتن هەڵگرتبوو. هەموو پێشمەرگەکان، بەر و دوا و هەر دەستەی بە دۆڵێکدا خۆمان گەیاندە سەر بەرزایییەکانی شاخەکە. هێزەکەمان دوای ڕۆژێک شەڕی قورس لە سەرما و لەژێر باراندا بەتەواوی ماندوو و شەکەت و شپرزە ببوو و پێمان وا نەبوو هێزی ئەوەمان هەیە کە ئەو شەوە لە چۆمی قۆڵغەتەپە، کە بەتایبەتی لەو فەسڵەدا ئاویشی زۆر بوو بپەڕینەوە و بگەینە ناوچەی گەورکان. هاتینە سەر ئەوە کە ئەو شەوە بچینە قۆڵغەتەپە، کە هەر چەند پایگای دوژمنیشی لێیە، بەڵام بە شەو دەگەینێ و لە ماوەی ڕۆژدا نایەینە دەرێ، دوای تاریک بوونی هەواش لە دێ وەدەردەکەوین و لە چۆم دەپەڕینەوە بەرەو گەورکان. زۆربەمان ڕێگاکە بەباشی شارەزا بووین، پێمان وابوو بەوەشەوە کە بریندار و ژنی دووگیان و هاوڕیی بەتەمەنمان لەگەڵە بە دووسێ سەعات دەگەینێ. تیمێکی چەند کەسیمان نارد کە تا نزیک دێی حوسێناباد بچن، بزانن ئەگەر دوژمنی لێنەبێ، لە پێشدا بچین و لەوێ پشوویەک بدەین و نانێک بخۆین.

ماوەیەک بوو باران نەدەباری و تاریکیش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. حەمەی حاجی و ئەسمەر و سێ پێشمەرگەکە بەرەو قۆڵغەتەپە بەڕێوە بوون، خرمەی پێی

خۆیان و ئەسپەکە تەنیا دەنگێک بوو کە دەیانبیست، تەنانەت ئەسمەریش لە ناڵاندن کەوتبوو. دوای ماوەیەک پزیشکیارەکە ئەسپەکەی ڕاگرت، دەیەویست چاوێک لە برینەکەی ئەسمەر بکا، پێشمەرگەکان برانکاردەکەیان هێنا خوارێ، لەبەر شۆقی چراقووە بە هێواشی پانسمانەکەی کردەوە، دیار بوو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خوێنی برینەکەی ڕانەوەستابوو، لەشی ئەسمەر گەرمییەکی وای تێدا نەمابوو کە تەنانەت دەستی حەمەی هاوسەریشی هەستی پێ بکا، پزیشکیار ویستی بڵێ تازە هیچ ناکرێ! بەڵام دڵی نەهات! هەر چواریان بەبێ دەنگی بە دیارییەوە دانیشتبوون. حەمە کەوتەوە بیر و خەیاڵی ساڵی ڕابوردوو، کە بۆ یەکەم جار خۆشەویستی ئەسمەر چووە دڵییەوە وەبیر زەماوەندەکەیان کەوتەوە کە بابی ئەسمەر پێی کوت ئەو کچەی من قەت لە شاخ و کێو نەبووە، دەبێ زۆرت ئاگا لێی بێ! کەوتەوە بیری ئەو ئارەزووە بچووکەی ئەسمەر، کە ڕۆژێک ماڵێکیان بێ کە منداڵەکەیان لە ئارامیدا تێیدا گەورە بێ. ماوەیەک هەروا هەموویان لە بێدەنگیدا دانیشتبوون کە باران بەنەرمی دەستی پێکردەوە. پێشمەرگەکان دەستیان کرد بەپێچانەوەی تەرمەکە و ئامادەیان کرد کە درێژەی ڕێگا بدەن. حەمە هەروا دانیشتبوو، بیرەوەری و خەیاڵ و دنیای خۆشی ئەسمەر بەری نەدەدا. دڵۆپەکانی باران فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتیان دەشتەوە، ویستی بۆ دوایین جار ئەسمەر ببینێ و ماڵاوایی لێبکا. پزیشکیارەکە چراقووەکەی بۆ هەڵکرد و پەتووەکەی لەسەر سەری ئەسمەر لادا. ئەسمەر چاوی لێکنابوو هەروەک نوستبێ، بەئارامی نێوچاوانی ماچ کرد و بە بێدەنگی هاتە دواوە. ئێستا حەمە خەریک بوو بەتەواوی هەستی بە کارەساتەکە دەکرد. لەگەڵ مەرگی ئەسمەر، منداڵەکەی نێو زگی و هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی بۆ ژیانی هاوبەش بەجێیان‌دەهێشت.

زانیاریی تیمەکە ئەوە بوو کە لە حوسێناباد هیچ جموجووڵێکی دوژمن نابیندرێ، بۆیە فەرماندەی گشتی بڕیاری دا کە هەرچی زووتر دوو دەستە پێشمەرگەکەی کە زۆرتر پێکهاتبوون لە برینداری شەڕەکانی پێشوو و پێشمەرگەی نەخۆش بڕۆن بەرەو نێو دێ و بەدوایاندا باقی هێزەکە پاش ئەوەی کۆبوونەوە و سازمان درانەوە

بچینە نێو دێ و لەوێ پشوویەک بدەین و نانێک بخۆین و ئەوجار هەموومان پێکەوە درێـژەی ڕێـگا بـەرەو قۆڵغەتەپـە بدەیـن. لـەو کاتەوە کە ئێمـە هاتبووینـە ئەودیوی شـاخەکەوە و لـە دوژمـن نەدیو ببوویـن، تەقەیەکی ئەوتـۆ نەمابوو، تەنیـا جارجار تۆپێـک یـا خۆمپارەیەک بێهەدەف لە جێگایەکی شـاخەکە دەکـەوت و بێدەنگیی ئەو شـەوە سـارد و تاریکـەی دەشـکاند. ئێسـتا هەمـوو فەرماندەی پەل و دەسـتەکان پێشـمەرگەکانی خۆیان کۆکردبۆوە و خەریک بووین بەرەو حوسێناباد بکەوینە ڕێ کـە لـە دەوری دێ تەقـە دەسـتی پێکـرد، تەقەیەکـی چاوەڕواننەکـراو لەو دەسـتە پێشـمەرگەیەی کە باری تەندروسـتییان باش نەبوو و دەمانەویست بە هەر جۆرێک بووە لە شەڕ و تێکهەڵچوون بیانپارێزین! دیار بوو دوژمن لەو هێرشە بەربڵاوەیدا بە مەبەسـتی گەمارۆدانی تەواوی ئێمە لەلای شـاری بۆکانیشـەوە هێرشی هێناوە و هەمـوو دێهاتەکانـی ئەودیـوی داوێنـی چەکوچومالۆکیشـی گرتووە. ئـەو تیمەی کە هـەر سـەعاتێک پێشـتر تـا دەوری دێیەکە چووبوو هیچی نەدیبـوو، لەوە دەچوو کە دوژمنیش هەر تازە گەیشـتبێتە حوسـێناباد. تێکهەڵچونەکە بەرەوڕوو بوونەوەیەکی لەنـاکاو بـوو، ئـەو پێشـمەرگانەی کە لە پێشـەوەی دەسـتەکە دەگەنە نێـو یەکەمین کۆڵانەکەنـی دێ، چاویـان بـە ماشـێنێکی سـەرئاوەڵە دەکـەوێ کە پڕە لە پاسـدار و بـە چـرای کـوژاوەوە بـەرەو ڕووی ئـەوان دێ. تەقـە دەسـت پێدەکا، پێش ئەوەی پاسـدارەکان لـە ماشـێن بێنـە خـوارێ و دامەزرێـن، دەسـڕێژی پێشـمەرگەکان لـە مەودای نزیکەوە شـپرزە و بڵاویان دەکا. ئەوان بە نەفەر زۆر و بە هێز حەسـاوە و بە چەک تەیار، پێشـمەرگەکانیش بەتایبەت ئەو دەسـتەیە بەپێچەوانە، چەند کەسیان هەر چەکیان پێنەبوو، چەند کەسیشـیان تەنیا چەکێک و یەک خەشـابیان پێ بوو، لە ڕاسـتیدا ئەوەی ئامادەیی شـەڕی بێ تەنیا تیمێک بوو کە بۆ پاراسـتنیان لەگەڵیان خرابـوو، بەڵام ئەو جارەش وەک هەموو جارەکانی پێشـوو ورە، لەخۆبوردوویی و شارەزایی بەسەر شەڕی نزیک و دەستەویەخەدا بردییەوە. پێشمەرگەکان بەبێ هیچ خەسـارێک لـە کەمینەکەی دوژمن خۆیـان دەرباز کرد و بۆ جاری دووهەم ڕوویان کردەوە بەرزاییەکانی شاخەکە. ئێستا غەیری قۆڵغەتەپە، هیچ جێگایەک بۆ پشوودان و

حەسانەوە نەبوو کە بچین. پاش ماوەیەک، هەموومان بەوانەشەوە کە لە حوسێناباد لە کەمین کەوتن، یەکمان گرتبۆوە. هەر جۆرێک بوو دەبێ بەخێرایی وەڕێ‌کەوین.

دوای چـاردە سـەعات شـەڕی قـورس لەبـەر بـا و بـاران و لە سـەرمادا، نزیک بە سـەدوحەفتا پێشـمەرگە، بێ‌ئەوەی تەنانەت نیو سـەعاتیش مۆڵەتی پشـوودان و حەسـانەوەیان بـێ، بـە نێـو شـیو و دۆڵەکانـی چیـای چەکوچومالـۆکدا بـەرەو قۆڵغەتەپـە ڕێچکەیـان بەسـت. تـا گەیشـتینە داوێنی شـاخ خـراپ نەبوو، هـەر چەند ماندوویـی و برسـییەتی هێـز و توانایەکـی ئەوتـۆی بـۆ نەهێشـتبووینەوە، بـەڵام هـەر چۆنێـک بـێ ڕێگاکـە سـەرەوخوار بـوو و بـاوی ڕۆیشـتنمان خۆشـتر بـوو. هەورێکـی ڕەش سەراسـەری ئاسـمانی داگرتبـوو، تەنانـەت ئەسـتێرەیەکیش دیـار نەبـوو. ڕێچکـەی پێشـمەرگەکان درێـژ ببـۆوە و هەنـگاوەکان هەر چەنـد بەئارامی، بـەڵام بـە بەردەوامـی بـەرەو پێش دەڕۆیشـتن. ئێسـتا کەوتبووینە نێو دەشـتێکەوە کـە زەوی کێڵـدراو بـوو، بارانـی زۆریش ڕێگاکـەی کردبوو بە قوڕێکی خەسـت کە جـار لەگـەڵ جار هەنـگاو هەڵێنانـەوەی دژوارتر دەکـرد. تاریکییەکـی کەم‌وێنە باڵی بەسـەر ئـەو دەشـتەدا کێشـابوو. ئاسـمان هەورێکـی ڕەش و زەوی هـەر ڕەش و فەزای دەوریشـمان یەکجار تاریک بوو. وردەوردە وای لێهات کە نەک هەر بەرپێی خۆمان، بەڵکوو هاوڕێی بەردەمی خۆشمان نەدەدی. چەند سەعات تێپەڕیبوو، بەڵام ئەو دەشتە هەر کۆتایی نەدەهات و ئێمەش هەر نەدەگەیشتینە دێیەکە. چەند کەسێک توانای ڕۆیشـتنیان نەمابوو، یانی لە نێو ئەو قوڕەدا نەیاندەتوانی هەنگاو هەڵێننەوە، کەسـی وا بوو لینگە کەوشـێک یان هەردووک کەوشـەکەی لە نێو قوڕدا بەجێمابوو. ئـەو بـڕە نـان و پەنیـرەی کـە بەیانی لـە سـەرەتای شـەڕەکەوە هەر کەسـە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتبوو، تەواو ببوو. ڕێ‌ڕۆیشـتن بە چەک و ڕەختەوە و بە برسـییەتی و دەموشکییەوە لە نێو ئەو دەشتە قوڕەدا، وەک ئەوە وابوو چەند بەرابەری قورسایی خۆت ڕاکێشی. لە سەرەتاوە پێمان وابوو کە ڕوومان لە قۆڵغەتەپەیە، بەڵام زانیمان کـە ئێمـە ماوەیەکـی زۆرە هـەر بـە دەوری خۆمـاندا دەخولێینەوە. بۆ ئـەوەی لەو تاریکییە سەیرەی ئەو شەوەزەنگەدا لە یەکتری گوم نەبین، هەر کەسەی دەستی بە

پشــتێنی کەســی پێش خۆی گرتبوو. چەند کەسێک کە هێشتا تواناییەکی زۆرتریان تێدا مابوو چوونە ژێر باڵی ئەو کەســانەوە کە پەکی ڕۆیشــتنیان کەوتبوو و لەگەڵ خۆیــان دەیانکێشــان. هەمــوو ناوچەکــە داگیرکراو بــوو و پایەگای دوژمنــی لێبوو. تەنانــەت لەســەر تەپەیــەک لە پەنــا قۆڵغەتەپەش کە ئێمە بە هیــوا بووین ئەگەر پێش ڕووناکبوونی هەوا بگەینێ، ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لێی بمێنینەوە، پایگایەکی گەورەی دوژمنــی لێبــوو. ئێســتا مەترســیی گەورەمــان ئەوە بوو کــە لەو دەشــتەدا ڕۆژمان لێببێتــەوە و دوژمــن بمانبینێ و لــە هەموو لایەکەوە گەمارۆمان بــدەن! ئەگەر ئێمە نەگەینــە نێــو دێ و ڕۆژمــان بەســەردابێ ئــەوە شــەڕێکی قــورس لە نێــوان ئێمە و هێزی گەورە و تەیاری دوژمندا دەهاتە پێشــێ، کە بۆ ئێمە دەبووە شــەڕی مان و نەمان و ڕەنگبوو زۆربەشــمان تێدا بچین! نەزمی ڕێڕۆیشــتنی پێشمەرگانەش کەم ببۆوە و زۆر کەس بۆخۆیان بێئەوەی بزانن بەرەو کوێ دەچن هەنگاوی قورس و ماندوویــان هەڵدێنــاوە و دەڕۆیشــتن. فەرماندە دەســتەکان دوایین هێــز و توانای خۆیان خستبووە گەڕ کە کەسانی دەستەکەی خۆیان بێننەوە نێو سەفەکە و نەیەڵن هــەر کــەس بۆ خۆی بە لایەکدا بڕوا. وردەوردە تارمایی لە ڕۆژهەڵاتی ئاســمانەوە دەردەکــەوت، ئەگــەر ئەوە لەلایەکەوە نیگەرانی لە نزیکبوونەوەی ڕۆژ و ئەویش بە مانای دەرگیر بوون لە شــەڕێکی نابەرابەردا بوو، لەلایەکی کەوە هیوایەکیشــی تێدا بــوو کــە بتوانیــن ڕێگای نێــودێ ببینینەوە. چەند کەســێک گوتیان گویمــان لە دەنگی سەگوەڕە، دادەی ڕاوەستن! بێدەنگ بن با بزانین وایە! بەڵێ ڕاست بوو دەنگی سەگ دەهــات. دیاربــوو لــە دێیەک نزیک ببووینــەوە. لەو حاڵەدا موهیم نەبــوو کوێیە، هەر کوێیەک بووایە دەچووین، ئەگەر تووشی شەڕیش بووایەن لانیکەم نان و ئاوێکمان دەخوارد و برێک هێزمان دهاتەوە بەر. لەو ســاتەدا دەنگی ئەو ســەگانە بۆ ئێمە لە هەموو مۆسیقایەک خۆشتر بوو. ئێستا لە ڕاستیدا ڕێگامان دیبۆوە، ئەویش بەرەو دەنگــی ســەگەکان بــوو. وردەوردە ڕووناکــی زۆرتــر وەدەرکەوتبوو. هەنــگاوەکان خیراتــر ببوون و دەنگی ســەگەکان نزیکتر. ئەوجــار دەوروبەرمان دەدی و زانیمان کە بەڵێ، لە نزیک قۆڵغەتەپەین. سەگوەڕەکە بە نزیکبوونەوەی ئێمە توندتر ببوو و

وەختێک ئاخر کەسەکانمان لە کۆڵانەکانی نێودێدا بڵاوبوونەوە، هەوا ئەوەندە ڕووناک ببوو کە پایەگاکەی دوژمن لەسەر گردەکەی نزیک نێو دێ بەباشی ببینین.

کەس نەیزانی چۆن هەر چوار و پێنجەی بەسەر ماڵێکدا دابەش بووین. ئێمە پێنج کەس چووینە ماڵێک، زۆر بەگەرمی وەریانگرتین. زۆریان پرسیار لێنەکردین، دەیانزانی ڕۆژی پێشوو لە قزڵجە شەڕی قورس بووە و ئێمە لەو شەڕە گەڕاوینەوە، نان و پەنیر و چایان بۆ دانایین، برێک بووژاینەوە و خەوتین. نزیک نیوەڕۆ هەستایین. ئەو جار حەسابووینەوە، جلە تەڕەکانیان بۆ وشک کردبووینەوە و خواردنێکی خۆشیان بۆ دروستکردبووین. باسی شەڕەکانی شەو و ڕۆژی ڕابردوومان بۆ گێڕانەوە. دەیانکوت دەمانزانی ئەرتەش و پاسدار هاتوونە سەر قزڵجە! دەنگی تۆپ و خۆمپارە دەگەیشتە ئێرەش! باوەشی گەرم و دڵسۆزی ئەو ماڵە هەموو ماندووبوونەکەی لە بیر بردبووینەوە.

ئەمڕۆ باران نەدەباری و هەوریش بە ئاسمانەوە دیار نەبوو، تیشکی خۆر لە پەنجەرەوە هاتبووە ژووری، ڕۆژێکی تازە دەستی پێکردبوو، دەبوو بەرەوپیری بچین. لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژ و تاریک بوونی بەرەبەرەی هەوا، هەموومان لە بەردرگای مزگەوتی دێ کۆبووینەوە. دەبوو بە نزیک پایەگاکەی دوژمندا بڕۆین تا لە چۆمەکە بپەڕینەوە و بڕۆین بەرەو ناوچەی گەورکان.

غەمی قووڵی لە دەستچوونی ئەسمەر و منداڵەکەی بەسەر هەموومان‌دا قورسایی دەکرد، بەڵام بۆ حەمەی حاجی وەک برینێک وابوو لەسەر جەستەی کە چاکبوونەوەی نەبوو. بزەی پێکەنینی کەمتر پێوە دیار بوو، مات و کەمقسە و دڵتەنگ ببوو و وەک جاران لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆشی و شادی و پێکەنین‌دا بەشداریی نەدەکرد. ئێمەش بە هەموومان هەوڵمان ئەوە بوو کار و ئەرکی ڕۆژانەی لەسەر شانی کەم کەینەوە و نەیەڵین غەم و پەژارە بەسەریدا زاڵ بێ. سەرەڕای ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ئیرادەی قایم و وزە و توانای ئەو بۆ کار و تێکۆشان هەروا پتەو بوو، وەک هەمیشە لە کۆبوونەوەکان‌دا بەشداری دەکرد، ئاگای لە بارودۆخی یەکەیەکەی پێشمەرگەکانی گوردانەکەی بوو و لە کاتی

شــەڕیش‌دا وەک فەرماندەیەکــی ژیــر و وریا ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد. لەو ســاڵە ســەختانەدا کــە کۆمــاری ئیســلامی گەورەترین لەشــکرەکانی ئەرتەش و پاســداری لەگــەڵ هەمــوو پســپۆڕانی نیزامیــی خــۆی ڕژاندبوویە کوردســتانەوە تا ئــەو خەڵکە بەچۆک‌دا بێنێ و ئەو وڵاتە بەتەواوی داگیر کا، فەرماندەیی کردنی بەشێک لە هێزی پێشــمەرگەی کۆمەڵــە لــە نێو جەرگی ناوچــە داگیرکراوەکانی موکریــان‌دا بۆ لاوێکی تەمەن ٢۴ ســاڵە ئەرکێکی ئاســان نەبوو! حەمەی حاجی کوڕە زەحمەتکێشــی ژیر و نەترس بە سەربەرزی و لێهاتوویی ئەو ئەرکەی تا ئەو ڕۆژەی کە دوو ساڵ دواتر لە شەڕیک‌دا ئەو جار خۆی گیانی بەخت کرد بەڕێوەبرد (٢٠١١/۶/١۶).

## بیرەوەریی پێشمەرگەی کورد، عوسمان نۆباری

لێرەدا بیرەوەرییەکانی کاک عوسمان نۆباری سەبارەت بە شەهید «ئەبووبەکر کانیەڕەشی» دەهێنمەوە کە ماڵپەڕی «گیاڕەنگ» بڵاوی کردۆتەوە (٢٠١١/٦/٢٦).

زۆربەی هەرە زۆری شەهیدانی پێشمەرگە، کەسانی خاوەن هیممەت و لەخۆبوردوو و گیانبەختی خاک و گەلەکەیان بوون و گەلێک خەسڵەتی بەرزی مرۆڤایەتییان هەبووە، کە ئەگەر هاوڕێکانیان هەوڵی تۆمارکردن و ناساندنیان بە کۆمەڵانی خەڵک نەدەن، مەترسیی هەیە کە بە تێپەڕبوونی ساڵ، دوای نەوەیەک و دووان، لە بیری خەڵک بچنەوە و وەک چۆن جەستەیان جارێک شەهد کرا، ناویشیان شەهید بکرێ، واتە بەتەواوەتی لە بیری مێژوو بچنەوە. دیارە حیزبە سیاسییەکان هەوڵێک لەپێناو ناساندنیان دەدەن و لە لیستەی شەهیدەکانیاندا ناویان تۆمار دەکەن، بەڵام ئەم کارە فەرمییە گەلێک جیاوازە لەوەی برادەر و دۆست و هاوسەنگەری شەهید، کە لە نزیکەوە دەیناسێ و ئاگاداری هەڵسوکەوت و بیروبۆچوون و هەڵوێستی سیاسی و خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکانییەتی، ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ.

مـن لێرەدا نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم چەشنە کارەتان بۆ دەهێنمەوە، کە کاک عوسمان نۆباری پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات باسی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی و هاوڕێیەکی شەهیدی دەکا. نووسەر خەڵکی نۆباری ڕۆژاوای بۆکان و پێشمەرگە شەهیدەکەش خەڵکی کانیەڕەشە لە هەمان ناوچە و دراوسێیەتیی نۆبار.

بە ئامانجی کورتکردنەوەی لاپەڕەکان، بەشێک لە سەرەتای نووسەرم هەڵپاچیوە کە بابەتێکی گشتی بوو، بەڵام دواتر ئاوا نووسینەکەی درێژە پێدەدا:

... کاتێک بۆ ئەوەڵین جار شانازیی ئاشنا بوونم لەگەڵ کاک ئەبوو بە نسیب بوو، جێژنی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٠ بوو. ئەو کات هەم من و هەم کاک ئەبوو ئەندامی یەکییەتیی لاوان بووین. کاک ئەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی بەهرەمەندی دیکە، کە یەکێک لەوان شەهید سەید عومەری قادری بوو، بەرنامەیەکی هونەرییان هێنابووە نۆبار.

لە بیرمە یەکێک لە شانۆکان ناوی «سێ برسی» بوو، وا بزانم پاشان جارێکی دیکەش ئەو شانۆیەمان ئیجرا کردەوە. دیارە ئەو شانۆیە سرنجی خەڵکی زۆر ڕاکێشا.

پاش ئەو بەرنامەیە لەگەڵ کاک ئەبوو تێکەڵاویمان پەیدا کرد و قەرار بوو لەوی بەدوا بۆ ئەو جۆرە بەرنامانە منیش یەکێک بم لە هاوکارەکانیان، بەڵام ئیدی بەهۆی هەلومەرجی ناوچەکەوە زۆری نەبرد کە هەردووکمان لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی دیکە کچ و کوڕ لە ناوچەی بۆکان ڕەسمەن بووینە پێشمەرگە و لە یەکییەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ناوچەی بۆکان سازمان دراین.

لە سەرەتادا و لە چەند دیدارێکی کورتدا کاک ئەبوو کوڕێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و خاوەنبیرێکی پاک و بێگەرد لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیدا بوو. خۆشکەلام و زۆر جار پێکەنینێکی شیرینی لەسەر لێوان بوو، ئەلاقەیەکی تایبەتی بە موتاڵا و خوێندنەوە هەبوو و هەر لەو کاتەشدا ئەوەی کە فێری دەبوو بە شێوەیەکی لێهاتووانە دیهێنایە سەر کاغەز. کە دەچوویە ماڵەکەی زۆر بەهاسانی چەندین کتێب و نەشریاتی حیزبیت بەرچاو دەکەوت.

ئەوەندەی من بزانم چەندین وتار و بەرهەمی جۆراجۆری لە گۆڤارە خنجیلانەکەی لاواندا بڵاوکرایەوە؛ ئەو کات کە ئەبوو کانیڕەشی لە نووسینەکانیدا باسی لە ڕێز و حورمەت گرتنی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی حیزب لە نێو خۆمان و خەڵکدا و هەروەها لە قاودانی سیاسەتەکانی ڕژیمی وەک موعتادیی دەکرد، هێشتا زۆر زوو بوو، ئەو بەتایبەت بایەخێکی زۆری دادەنا بۆ ناسینی خورافات لە نێو کۆمەڵگادا و دەیگوت هێندێک شێخ و کۆلکەمەلا هەن کە نەخشی ئەوان زۆر لە نەخشی ئاخوندەکان خراپترە، ئەوانە بەو کارەیان دەیانەوێ خەڵک لە باری عیلمی و زانستییەوە ڕوشد نەکەن و هەروا لە دواکەوتوویی‌دا بمێننەوە.

ئەبوو کانیەڕەشی ئەهلی منمن و پێداهەڵکوتن نەبوو، لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا قسەی خۆی هەبوو، هەمیشە ڕەنجی شانی خۆی دەخوارد، ئەو ئاکارە جوانانە بوون کە داهاتوویەکی ڕوونی بۆ کاک ئەبوو بەدی دەکرد. لەسەر تەشکیلات لە بواری تەشکیلاتییەوە کاک ئەبوو خاوەن پێگەیەکی جەماوەری وەک چینی ڕووناکبیر بوو

لـە نێـو هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاودا، ئەزموونێکی زۆری وەسـەریەک نابوو؛ ئەو کە زۆر جاران لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی‌دا لەسەر تیۆرییەکانی تەشکیلات دەرسی دەکوتـەوە، بەکـردەوەش لە چەندین ناوچەی بۆکاندا ئەو کارەی بەڕێوە دەبرد. ئەو کادرانەی بە خۆشییەوە ئێستا ماون چاک دەزانن کە کاک ئەبوو چەند بە بەرنامە و دەقیـق بـوو لـە کارەکانی‌دا و هەر لەو کاتـەش‌دا چەندە مەحبـووب و جێگای ڕێزی بوو لە هەموو ناوچەکاندا، ئەوە لێگەڕێ هێندێک قوڵەچۆماغی چاوبرسی بۆ تەماعی دونیایـە هەمـوو ویژدانی خۆیان دەفرۆشـن و دەبنە چاوسـاغی دوژمن، دەنا ئەبوو کانیڕەشـی ئێسـتاش لـە زۆربەی ناوچـەی بۆکاندا هـەروا شـوێن‌پەنجەی ماوە و خەڵک بە تاسە و حەسرەتەوە یادی دەکەن.

لەسـەر شـانۆ دیارە هەر بەتەنیا گۆڤار و ڕۆژنامەکان نەبوون کە کاک ئەبووی شـەهید بیروبۆچوونـی خـۆی تێـدا بڵاودەکـردەوە، بەڵکوو ئەو پێی وابوو شـانۆش میمبەرێکـی دیکەیـە بـۆ پووچەڵکردنـەوەی سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی، هـەر بۆیـە ئـەو دەیگـوت بـۆ دەربڕینی هەسـت و سـۆزی خەڵـک و ناسـاندنی ئەو فەرهەنـگ و کولتـووره دەوڵەمەنـدەی گەلـی بەش‌مەینەتـی کورد ئەوە باشـترین و ئاسـانترین ڕێگایـە، هـەر بۆیە دەسـتی کردەوە بە نووسـینی شـانۆکانی و هێنانیان بۆ سـەر سـەحنەکان؛ دیارە لەو پێیەش‌دا تووشی سـەختییەکی زۆر هات لەبەروەی ئێمـە زۆربەمـان ئەزموونێکی ئەوتۆمان نەبوو لەسـەر شـانۆگەری. جـاری ڕۆژانی ئـەوەڵ و دووهـەم کاتێک تەمرینی پێدەکردین بەردەوام بـە خۆی پێدەکەنین چونکە ئەوەندە لە لامان سـەخت بوو قەت پێمان وا نەبوو بتوانین وەک ئەو شـتەکان ئەدا بکەیـن، بـەڵام چونکـە بۆخۆی کـوڕە کوردێکی دێهاتی بوو و لـە نزیکەوە لە ئێش و ئازارەکانـی خەڵکی کورد حاڵی بوو دەیزانی باسـی چییان بۆ دەکا و هەر بۆیە ئەو کە شارەزای بواری شانۆ بوو، لەو بارەیەوە ئێمەی تێگەیاند کە ئەرکەکانمان چییە و ئەوەی پێمان دەسپێرێ دەبێ چۆن بەڕێوەی بەرین.

لـە درێـژەی ئـەو کارە هونەرییانـەدا و هونەرنمایـی کاک ئەبـوو لەسـەر سـەحنەکان، ڕەنگـە گێڕانـەوەی بیرەوەرییـەک لـەم پێیـەدا خـراب نەبـێ. بەهـۆی

ڕێکوپێکیـی ئـەو بەرنامە هونەرییانەی کە لە گوندەکان بەڕێوەمان دەبردن، لەسـەر یـەک تامەزرۆیییەکـی زۆری بـۆ خـۆی پەیـدا کردبـوو، یەکێـک لـەو گوندانـەی کە خەڵکـەی داوایـان کردبـوو ئەو بەرنامەیان بۆ نیشـان بدەین گونـدی قەرەگوێز بوو، کـە ئەوەنـدەی لـە بیـرم مابێ پێم وایـە مۆڵگەیەکی ڕژیمیشـی لێبوو؛ ئـەو ڕۆژە لە ئاوایی حاشـیاباد بووین. لای ئێوارێ بەڕێز کاک هەیاس، کە ئەو کات بەرپرسـمان بوو کوتی سـاز بن ئەمشـەو ئەم بەرنامەیە دەبەین و لە گوندی قەرەگوێز پێشـانی خەڵکـی دەدەیـن و زۆرمـان پێخۆش بوو؛ هێشـتا ڕووناکی مابوو کە گەیشـتینە نێو ئاوایی، زوو نان و چامان خوارد و چووینە مزگەوت کە ڕوانیمان سوێندت خواردبا کـە شـەش کـەس لـە نێو ئاوایـی، دانەمـاوە ڕەنگـە سـوێندت لێنەکەوتبایـە. ورد و درشت وپیر وجوان هەمووی هاتبوون، ئەوەی کە دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم لێهاتووی و هونەرنمایی کاک ئەبوویە لەسەر سەحنەکان. یەکێک لەو شانۆیانەی کە هەر بۆخۆشی نووسـیبووی، شانۆیەکی کۆمێدی بوو بەناوی «سەلمانی»؛ لەو شانۆیەدا کاک ئەبوو پینـچ شـەش دەقیقـە لـە پیشدا دەچووە سـەر سـەحنە، لـەو ماوەیـەدا حەرەکاتێکی دەکـرد کـە تەماشـاچی لـەوێ مەحاڵ بوو کە خـۆی پێڕابگیرێ، لـەو کاتەدا بوو کە کاک حەمەدەمیـن قاڕنجـە بانگی کردین کە چوویـن و لە کونی پەردەکەوە ڕوانیمان هیـچ کەسـێک ئاگای لـە خۆی نەمابوو کابرایەک لە پێشـەوە دانیشـتبوو و یەکدوو دەدانیشـی دیـار بوو کەوتبـوون، ئەوەندە بە کوڵ و خـۆش پێدەکەنی جاری وا بوو گەشـکەی دەگـرت، لەگـەڵ پێکەنینەکەشـیدا لیکی بـە زاریدا دەهاتە خـوارێ. بۆیە لەوێ و لەو سەحنەیەدا بۆمان دەرکەوت کە کاک ئەبوو چۆن بە ناخی ئەو خەڵکەدا چۆتە خوارێ و بۆ دڵخۆشکردنی ئەوان هەر شتێکی کە لە دەستی بێ دەیکا.

ئـەوەی لـە مەراسـم و کۆبوونەوانـەدا کەمـی هەبـوو و دەبـوو پێمـان بـا تەنیـا کامێرایـەک بـوو کە ڕەنگە ئێسـتا بۆ گێڕانەوەی ئەو بەسـەرهاتانەش پێویسـتی بەو کورتە نووسراوەی منیش نەکردبا.

## مەسەلەی دەرەبەگەکانی ناوچە

ئـەوەی کـە زۆر جار کاک ئەبووی ئازار دەدا مەسـەلەی ئاغـاوات و دەرەبەگەکانی کوردسـتان بوو، زۆر جار دەیکوت شـیرازەی نێو کۆمەڵگا ئەمانە تێکیانداوە و هەر ئەوانەش بوونەتە فاسیلەی تەبەقاتیی نێو خەڵکی هەژار و لێقەوماو. کاتێک بە ڕێدا دەڕۆیشـتین لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردسـتان و بەتایبەت لە ناوچەی بۆکان و مەهاباد ئەو ئازارەی زیاتر هەست پێدەکرد، هەتا چاو هەتەر دەکا باشترین لـە زەویوزارەکانـی ئـەو ناوچانە، ئەوە ئاغاکانن کە دەسـتیان بەسـەردا گرتووە و بێئەوەی زەحمەتێکیان پێوەکێشابێ هەزارانهەزار یەکتار زەوییان بەزۆر لە ڕێگای غەیرەقانوونییەوە دەسبەسەردا گرتووە و بەئاشکرا خوێنی ئەم خەڵکە دەمژن. ئەمانە بێجگە لە کۆێخاکانیان بۆخۆشیان بەدایم لە تەعقیبی خەڵکدا بوون و بوونەتە باعیسی ناکۆکی لەنێو کۆمەڵگادا، خەڵکیان کردۆتە جاسووس لەسەر یەکتر و هەموو شتێکی خەڵکیان بۆ خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە و لە سەرانەی مەڕومالاتەوە بگرە هەتا دەغڵودان و تەنانەت لە سوورانەی ئەو کچانەی بە مێرد دەدرێن خۆش نابن، سەرەرای هەمووی ئەمانە هەتا هیچ کات حازر نین و دەعێیان نایە نە لەگەڵ خەڵکی خزمایەتی بکەن و نە لە شایی و شینی خەڵکدا بەشدار بن. کاک ئەبوو ئەوانەی بە خاڵی هەرە لاوازی نێـو کۆمەڵـگا و یەکێک لە ئاواتە پیرۆزەکانی ڕزگار کردنی هەمووی ئەو ناوچانە لە دەست ئەو ملۆزمانە و ئەسپاردە کردنی بە خەڵکی هەقدار و برسی بوو.

## بڕوا بە یەکسانیی ژن و پیاو

کاک ئەبـوو وەک ئینسـانێکی دێموکـرات باوەڕێکـی زۆری بە بەرابـەری ژن و پیاو هەبـوو، بۆ ئەم مەبەسـتەش لە زۆربـەی کارەکانیدا بەکردەوە ئەم ئەرکەی عەمەلی دەکرد، بۆ نموونە لە کارە ئەسـڵییەکانی، وەک کاری تەشـکیلاتی و هەسـتەی نهێنیی حیزبـی و هەروەهـا نووسـینی دەقـی شـانۆیی و چەندیـن کاری دیکـەیدا ژنـان و کچانـی خوێنـدەواری شانبەشـانی پیـاوان بەشـداری پێدەکـردن و زۆریـش تێیـدا سـەرکەوتوو بـوو. ئـەو پێی وابـوو بەبێ بەشـداری کردنی هەرکام لەو دوو بەشـە سـەرکەوتن مەحاڵـە و خەباتەکـە ناتـەواو دەمێنێتـەوە. لەلایەکـی دەیکەشـەوە کاک

ئەبــوو پێی وابوو بەشـێکی زۆر لە ژنانیش نیسـبەت بە مافەکانــی خۆیان تاوانبارن، بـۆ نموونــە زۆر جاران دیتراوە کە بە چوار ژنان مێردێکیان بووە، باشــە ئەوە یەک نەیزانــی دوو نەیزانــی چۆن دەکرێ بە هەموویان بڵێ گێل و نەزان، جیا لەوانە وەک دەبینیــن زۆرجــاران پیــاو بەهــۆی ئیــش و کارەوە لە مــاڵ نییە و لە ماوەیــەدا تەنیا ئــەوە ژنــە کــە وەک خوشـکی گــەورە یان دایـک یان ژنی گــەورەی ماڵێ لە ترســی ئابــڕوو چــوون هەمــوو دەســتوور و نەریتە کۆنەکانــی پیاو بەڕێوە دەبــا. هەر بۆیە ئەو کە ڕێچکەشکێن و یەکێک لە لایەنگرانی یەکسانی بوو، تەبیعەتەن لەگەڵ ئەوەی ڕێزێکی تایبەتی بۆ خوشکە مەستوورەی هاوسەری دادەنا و هەر لەو کاتەشدا هەم ڕێنوێــن بــوو بۆی و هەم دەستیشــی ئاواڵــە کردوو بۆ هەر کارێکی کــە لەم بوارەدا ئەنجامی بدا.

بێشـک هــەر دایـک و بابێک دەبێ ئەوەی لە مێشـکی خــۆیدا زمزمە کردبێ، کە چ داهاتوویەکــی پــڕ لــە خێر و خۆشــی بـۆ منداڵەکەی بــەدی بێنێ و لــە منداڵەکەش زیاتــر خــەون بە حــەز و ئاواتەکانییەوە دەبینێ، کاک ئەبــوو زۆر زیاتر لە هەمووی ئەوانەش هیوای بە داهاتووی تررووسـکەی ســاوا و خوێنشیرین بوو و ئاواتی ئەوە بــوو کــە بــە جوانترین شـێوە پەروەردە بــێ، کە بەخۆشـییەوە بەهۆی دڵسـۆزی و وەفاداریــی دایکــی ئەو ئاواتەشــی هاتۆتە دی، دیارە تررووسـکەخانیش کە لە داوێنی ئەم بنەماڵە شۆڕشگێڕانەدا لەدایکبووە ئەو ناو و ناوبانگەی بە قەد گەورەیی خۆی پاراسـتووە. ئــەو کە لە ئوروووپــا خوێندوویە و گەورە بــووە، زانیویە چۆن کەڵک لە عەسری ئەمڕۆی سەردەم وەرگرێ و هەروەها پابەندبوونی خۆشی بە فەرهەنگ و کولتووری دەوڵەمەندی نەتەوەکەی هێشتۆتەوە.

## بریندار بوونی کاک ئەبوو و قسەیەکی خۆش

وا بزانم هاوینی ساڵی ١٣٦٢ بوو ئێمە یەکییەتیی لاوان وێڕای کومیتە شارستانی بۆکان و بەشێک لە هێزی بەیان بۆ بەڕێوەبردنی جەولەیەکی سیاسی ـ نیزامی چووینە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان. دوژمن هەر لە سەرەتاوە کە چووینە ئەو ناوچەیە زۆرمان پێ حەساس

بـوو، لـە ماوەیەکی کـورتدا نیروویەکی زۆری لە بۆکان و سـاینقەڵا کۆکردەوە و شـەوێکی کە لـە ئاوایی ئەربەنـووس و دەوروبەری مابووینەوە بۆ بەیانی هێرشـی کردینە سـەری. لەو شـەڕەدا جاش و پاسـدارێکی زۆر کوژران ئێمە چەند شەهید و چەند بریندارمان دا، کە من لەگەڵ داوای لێبووردن لە شەهیدەکان تەنیا کاک هەمزەی حیجازی و کاک مەنسووری سوارە و هەروەها لە بریندارەکانیش کاک قاسمی باقیم لە بیرماوە، دیارە کاک ئەبووش یەکێک بوو لە بریندارەکان، لاقی ڕاستی بریندار ببوو، هەر ئەو شەوە بریندارەکانیان ڕاگوێست بۆ نەخۆشخانە؛ لە ڕێگا لە یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی پیە محەممەد لادەدەن کە شتێکیان بدەنێ بە بریندارەکان. لەو کاتەدا ژن و منـداڵ دەچنە سـەر ماشـێنەکە و وەک هەمیشـە بەداخ بوونی خۆیـان لەو وەزعیەتە دەردەبـڕن و ژنێـک دەڵـێ هەی چاوی دایکتان کوێر بـێ، کاک ئەبووش دەڵی چاوی دایکی خۆت کوێر بی، ژنەکە دەڵی کاکە گیان خۆ بۆیەم وا نەکوت ئەتۆ ناڕەحەت بی، کاک ئەبووش بە پێکەنینەوە دەڵێ دایە گیان منیش بۆیەم وا نەکوت تۆش ناڕەحەت بی، ئاخر ئەمن دایکم زۆر خۆش دەوێ.

## خولیای کاک ئەبوو بۆ زادگاکەی

لـە دڵـە گەورەکـەی کاک ئەبـوودا گەلێـک هیـوا و ئاواتـی گـەش بە دی دەکـرا؛ ئەو شـانازی دەکرد بە هەموو کانیاوەکان و هەرگاشـەبەردێک و مشتەخۆڵێکی ناوچەی پڕپیت و بەرەکەتی بۆکان؛ وێردی سـەرزاری ئەو گشـت شاعیر و ئەدیب و هەموو هونەرمەندانـی دەڤەرەکـە بـوو. ئـەو دەیزانـی ئـەم ناوچەیـە لە بـاری کولتووری و مێژوییەوە ڕابردوویەکی دوورودرێژی هەیە، بۆیە زۆر جار دەیکوت و یەکێک لە خەونە کەسـک و سـوورەکانی ئەوە بوو کە خۆزگە کەسێک هەبایە کە مێژووی ئەم ناوچەیەی وەک خۆی چۆن هەیە ئاواش نووسـیبایەوە و ئەو کات بۆ هەموو کەس مەعلـووم دەبـوو کە ئـەم ناوچەیە لە هەموو بارێکەوە چەنـدە دەوڵەمەندە. هەر ئەو خۆشەویسـتییەش ببوونـە هـۆی ئەوەی کە سـاتێک لەو خەڵکـە دانەبڕێ و هەر لەو پێناوەشدا گیانی شیرینی خۆی فیدای خەڵک و خاکەکەی کرد.

دیارە دڵخۆشییەکی کە هەمە ئەوەیە کە کاک ئەبوو لە نێو هێزی خرۆشانی گەلدا و بەتایبەت لە نێو چینی ڕووناکبیردا قەڵایەکی ڕێکخستنی وەهای بینا کردووە بۆ خۆی و نەتەوەکەی کە تا چەندین نەسلی دیکەش ناوی هەروا بە زیندووی دەمێنێتەوە.

پێویستە بگوترێ کە ڕۆژی یازدەی پووشپەری ساڵی ١٣٧٠ هاوڕێیان کاک ئەبووبەکری خزری ناسراو بە ئەبوو کانیڕەشی و کاک جەلیلی ڕەحیمیان بۆ ئەنجامدانی مەئمووریيەتێکی حیزبی دەچنە گوندی حسێن مامەی سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان کە لەسەر جادەی میاندواو و بۆکان هەڵکەوتووە، بەداخەوە بەهۆی ناپاکیی خۆفرۆشێکەوە شوێنی حاوانەوەی هاوڕێیانمان ئاشکرا دەبێ و دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە کە لە بۆکان و میاندواو کۆی کردبۆوە، هێرش دەکاتە سەر ئەو ماڵەی کە کاک ئەبوو و کاک جەلیلی لێدەبێ، بە هەموو چەکێکی قورس و نیوەقورس ئەو ماڵە دەدەنە بەر دەسڕێژ و ماڵەکەیان بە سەردا دەڕووخێنن. پاش ماوەیەک ئینجا بە لۆدێر تەرمی بێگیانی هەردووکیان لە نێو ئاور و خاک و خۆڵ دێنەدەرێ و دەیانبەن بۆ شوێنێکی نادیار کە تا ئێستاش مەعلووم نییە لەکوێ ئەم دوو شەهیدە بە خاک سپێردراون.

بێشک شەهیدبوونی ئەم دوو تێکۆشەرە لە پێشدا خەسارێکی گەورە بوو بۆ حیزب و پاشان بۆ کومیتە شارستانی بۆکان و خەڵکی بەئەمەگی ناوچەکە. لە بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ئەم دوو کادرە بەوەج و ئەم دوو قەڵەمبەدەستە و ئەم دوو پێشمەرگە چاونەترسە، جارێکی دیکە لە بەرامبەر گەورەیی و لەخۆبوردوویی‌یان چۆک دادەدەم و کڕنۆشیان بۆ دەبەم.

ڕووحیان شاد و ڕێگایان بەردەوام بێ.

### مامۆستا حەسەنی قزڵجی، بیرەوەریی حەسەن ماوەڕانی، هاوکارێکی حیزبی

ئـەوەی لێـرەدا دەکەوێتـە بـەر چاوی خوێنـەر، وتارێکـە ڕێزدار حەسـەن ماوەرانی نووسیویەتی و لە ساڵی ۲۰۱۲ لە ماڵپەڕی «ڕاڤە»دا بڵاوی کردۆتەوە.[۱]

مامۆسـتا قزڵجـی دوای گەڕانـەوە نێوخـۆی وڵات، ماوەیەکـی کـەم لـە بۆکان و بەگشـتی کوردسـتان مایەوە و پاشـان چوو بۆ تاران. لەوێ وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندیـی حیزبـی توودەی ئێران، لە پەیوەندیی حیزبدا بوو و ڕۆژنامەی «مەردوم» ئۆرگانی حیزبی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە. هەر لەوێش بوو، کە هاوڕێ لەگەڵ بەرپرسـانی سـەرەوەی حیـزب وەک نوورەددین کیانووری و ئیحسـانی تەبەری و یەک لەوان، عەلی گەلاوێژدا گیرا و لە زیندانی ئێڤینی تاران گیانی لێ ئەستێندرا.

لـە مـاوەی ژیانی مامۆسـتا لە تـاران و کار کردنی لە دەفتـەری حیزبی توودەی ئێراندا، کاک حەسـەنی ماوەڕانی، وەک ئەندامی حیزب، یەک لەو کەسـانە بووە کە پەیوەندیی نزیک و ڕۆژانەی لەگەڵیدا بووە و بێگومان یەک لە باشترین کەسانێکە کە شارەزای ژیانی ڕۆژانە و ئەرک و کاری حیزبیی مامۆستا لە تاران بێ. ئێستا ۳۰ ساڵێک دوای ڕووداوەکان، کاک حەسەن بابەتێکی سەبارەت بە مامۆستا نووسیوە و لـە ڕۆژانێـک دواوە کـە ئەگـەر ئەو و چەند کەسـی دیکـەی نزیک بە حیـزب بۆمانی نەگێڕنەوە، وا هەیە لە تاریکیدا بمێنێتەوە و لە دواڕۆژدا کەسـیان لێ ئاگادار نەبێ. بەختەوەرانە، ئێسـتا سـاڵانێکە تەپوتۆزی حیزبایەتی کردن بەو شـێوەیەی کە ئەو دەم باو بوو، نیشتۆتەوە و ڕووناکبیری کورد بە سەربەخۆیییەکی زیاتر و دوور لە دەمارگیریی حیزبی دەڕوانێتە مێژووی کوردسـتان و ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئێسـتا زۆرن ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کورد دەخەنە پێش بەرژەوەندییە حیزبییەکەیان، دیاردەیەک کە بەداخەوە لە ڕابردوودا بەراوەژوو بوو!

مـن دڵنیـام کاک حەسـەن بیرەوەریی زیاتریشـی لەو سـاڵانەی ژیانی مامۆسـتا

1. http://www. rave online. org/syasat/H_Qzilci_He_Ma. php

هەیە و کەسانی دیکەی دەوروبەری مامۆستاش لەو سەردەمەدا، بۆ نموونە، کاک ناسری شافیعی و مامۆستا مەلا ساڵحی ئیبراهیمی، کە لێرەدا ناویان هاتووە، دەتوانن زانیاریی زیاترمان لەسەر ژیان و کارەکانی بدەنێ. ئەوە ئەرکێکی گرنگی نیشتمانییە و کەسایەتیی مرۆڤێکی هەڵکەوتەی گەلەکەمان لێیان دەخوازێ کە لە بەرانبەریدا بێدەنگ و کەمتەرخەم نەبن.

پێویست بە گوتن ناکا کە ڕاگواستنی وتاری کاک حەسەن بەواتای پەسند یا ڕەد کردنەوەی قسە و بۆچوونەکانی نییە و ئەو خۆی بەرپرسە لە بەرانبەر ئەو شتانەی وا نووسیونی یا ئەو بۆچوونانەی وا سەبارەت بە هەندێک کەس دەربڕیون.

## بە یادی مامۆستا حەسەنی قزڵجی

لە مێژووی کورددا گەلێ کەسایەتیی مەزن هەبوون کە بەداخەوە ئەو جۆرەی کە شیاوی ڕێزیانە قەدریان نەگیراوە و یادیان ناکرێتەوە. یەکێ لەو زانا و بلێمەت و خەباتکارانە مامۆستا حەسەنی قزڵجییە کە لە ڕێکەوتی ١٩١٤/٩/١٥ لە بنەماڵەی کوردپەروەر و زاناپەروەری قزڵجی (تورجانیزادە) لەدایکبووە و ساڵی ١٩٨٣ لە بەندیخانە ئێڤینی تارانیدا لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ئازاری پیاوکوژەکانی خومەینی و جەلادەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کرا. مامۆستا قزڵجی نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەوانی هەرە لێهاتووی سەدەی بیستەمی کوردە کە خەباتی ئەدەبی و سیاسیی خۆی لە کۆمەڵەی ژ. کدا دەسپێکرد و هەتا دوا ڕۆژی ژیانی کە سەرتاسەری پڕ لە ئاوارەیی و چەرمەسەری بوو، وازی لە تێکۆشان و بەتایبەت نووسین نەهێنا.

هێمن، هەژار، محەممەد مەسعوود، محەممەدی مەلا کەریم، جەلال دەباغ، ڕەفیق سابیر، کەریمی حیسامی، مامۆستا زەبیحی، گۆران و دڵزار و دەیان نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کورد هاوڕێیەتییان کردووە و لە تیشکی زانستی وی بەهرەیان وەرگرتووە.

پێکەنینی گەدا، کە کۆمەڵە چیرۆکێ زاتیریی نووسراوەی مامۆستایە و لە ڕاستیدا ئاوێنەی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەمە و ڕەنگدەرەوەی ژیانی خۆیەتی لە ئاوارەییدا، لە مێژوویی ئەدەبیی کورددا بێوێنە دەمێنێتەوە. لە سەردەمی کۆماردا

گۆڤـاری هەڵاڵـەی لـە بۆکان بڵاوکـردەوە و بۆ ڕۆژنامەی کوردسـتانی دەنووسـی. پێشـەوا قـازی محەممـەد هەمیشـە دووپاتـی دەکـردەوە کـە بریـا دە کەسـی وەک مامۆستامان هەبا.

لەپـاش ڕووخانی کۆمار پەڕەوازەی باشـوور دەبـێ و ڕۆژنامەی ڕێگا دەردەکا، پاشان لە پەڕەوازەیی‌دا هاوکات لەگەڵ کاری ڕۆژانە، کە بریتی بوون لە کشتوکاڵ، پێشـنوێژی لەباتی مەلای دێ، بۆیاخچێتی، کرێکاریی چێشتخانە، میرزای کاسبکاران و... یارمەتیـی دەرکردنـی «خەبـات»، «ڕێـگای ئـازادی» و دەیـان بڵاوکـراوەی تـری خەباتکارە کوردەکانی باشـووری دەدا. لە پەڕەوازەییش‌دا دەکەوێتە زیندانی ڕژیمی عێراق و ماوەی سێ ساڵان لە بەغدا دەکەوێتە بەندیخانە. لە زیندانی بەغدادا دەگەڵ مامۆسـتا گۆران، شـاعیری مەزنی کورد و عەزیز محەممەد تێکۆشـەری بەناوبانگی کـورد، کـە پاشـان بـوو بە سـکرتێری حیزبی شـیووعیی عێراق هاوبەنـد و هاودەم دەبێ. پاشـان بە یارمەتیی حیزبی شـیووعی ڕەوانەی ئاڵمانی دێموکراتیک دەکرێ و پاش ساڵێک لە بولغارستان نیشتەجێ دەبێ. لەوی لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە قواسـتراوە و بۆ ماوەی ١٥ سـاڵان بەرنامەکانی ڕادیوی پەیکی ئێران بە کوردی و عەرەبی بەڕێوەدەبا.

پـاش شۆڕشـی ١٩٧٨ی ئێـران گەڕایـەوە نیشـتمان و دوای پتـر لە ٣٥ سـاڵ بە دیداری  خاوخێزانی شاد بۆوە.

لـە تـاران ڕۆژنامـەی مـەردم بـە زمانـی کوردیـی بڵاوکردەوە و پاش هێرشـی ڕژیـم بـۆ سـەر حیزبی تـوودە کەوتە زیندانی کۆمـاری ئیسـلامییەوە و لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ئازاری پیاوکوژەکانی ڕژیمدا کۆچی‌دوایی کرد.

ئـەم نووسـراوەیە وردە بیرەوەرییەکانی خۆمن کـە ماوەیەکی وەک خوێندکاری بەردەسـتی لەبـەر ڕووناکایـی زانسـتییانەی ئـەو بلیمەتـەدا بەهـرەم لـە بیـری پێشکەوتووانەی وەرگرتووە و گەلێک شتی لێ فێربووم کە تەنانەت لە زانکۆکانیش‌دا ناکرێ فێریان بی.

بە مێرمنداڵی زۆر جاران ناوی مامۆسـتا قزڵجیم لە زمانی گەورەکان بیسـتبوو،

بەتایبــەت لــە کاتــی بڵاوکردنەوەی بەشــی کوردیی پەیکــی ئێــران‌دا، ڕادیۆی حیزبی توودەی ئێران کە لە ساڵەکانی ١٩٦٦/ ١٩٦٧دا تاقە ڕادیۆیەک بوو بە دروستی دەنگی شۆڕشی چەکدارانەی کورد و تەنانەت شۆڕشی کوردستانی باشووریشی بەتەواوەتی بڵاو دەکردەوە.

بــە مێرمنداڵــی و ســەرەتای گەنجێتــی چەندیــن جــاران گوێــم لــە بەرنامەکانــی دەگرت، بەتایبەت لە زنجیرەباسێکی مامۆستا لەسەر حاجی قادری کۆیی کە دەنگی لەسەرەخۆی مامۆستا قزڵجی ئەوەندە بەهەستەوە بوو کە کاری دەکردە سەر گیانی هەر مرۆڤێک، بەتایبەت گەنجی کوردی مێشــک پڕ پرســیاری وەڵام وەرنەگرتووەی وەک من.

لە ساڵی ١٩٧٨ کە پاش ئازادبوون لە بەندیخانەی ڕژیم من و هاوڕێکانم بە گەرمی و تونــدی خەریکــی خەباتــی سیاســی بــە لایەنگریــی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان بووین و خوێندن و ژیانی ئاســاییمان وەلانابوو و بە قەولی مامۆســتا هەر خەریکی هەڵبەزهەڵبەزێ بووین، بۆ جارێکی تر دەنگی مامۆســتام گوێ لێبوو، بەڵام نەک لە ڕادیۆ، بەڵکوو لەسەر تەلەیفوون.

لە تاران من و حوســێنی برام لە شــوقەیەکی‌دا دەژیاین کە هی خاڵم، محەممەدی ســێڕاجی بوو. شــوقە چ شــوقە، پتر وە مقەر دەچوو هەتا ماڵ. دێموکرات، توودەیی، شــیووعی، فیدایــی و هــەر کــەس بایــی دەنکەجۆیــەک پێوەندیی بە شۆڕشــەوە هەبا لــەوێ ســەری وەدەردەنــا. بە خۆشــییەوە ئەو ســەردەم باوی دژایەتیی سیاســی لە گــۆڕێ‌دا نەبــوو و خەڵک زۆرتر یەکگرتوو بوون. تاقەتیان بۆ گوێ گرتن لە یەکتری هەبــوو. منیــش هــەم کۆنــە زیندانیی سیاســی بووم و هــەم دێموکرات بــووم و هەم دۆســتایەتییەکی گەرموگــوڕم لەگــەڵ شــیووعییەکان و توودەیی‌یــەکان هەبــوو و هــەم بەهــۆی خوێندکاربوون و کار لــە بنکەی چاپەمەنی‌دا، ناســیاو و برادەرم زۆر بــوو، ماکــەی ئــەو جموجووڵە بووم لە شــوقەکەدا. حوســێنی برام، ڕەوانی شــاد، لە خۆپێشــاندانەکانی زانکۆی تاران‌دا زۆر بەگوڕ هەڵدەســووڕا و بە بۆنەی ئەویشــەوە ماڵەکە هێندەی تر هاتوچۆی لەسەر بوو.

شـەوێک دانیشـتبووین و باس و هەڵڵای دەمەقاڵەی سیاسـی لە گۆڕێدا بوو کە تەلەیفـوون زرینـگاوە. هەڵمگـرت و گوتـم فەرموون، لەپـڕ دەنگی مامۆسـتا قزڵجیم گوێ لێبوو کە بە هەمان لەسـەرەخۆیی سـڵاوی کرد و پرسـی کە ماڵی ئێمەیە یان نا؟ ڕسـتەکە تەواو نەببوو گوڕاندم وسـت بن، مامۆسـتا قزڵجییە. دەسـبەجێ کوتم سـەلام مامۆسـتا قزڵجی. هەموو برادەران بە بیسـتنی ناوی مامۆستا بێدەنگ بوون. دەمزانـی کـە خاڵم، ڕەوانی شـاد بێ، حەمەدەمینی سـێڕاجی تەلەیفوونەکەی داوە بە مامۆسـتا قزڵجی و ڕەحمەتی کاک کەریمی حیسـامی. دەسـبەجێ خۆم بە مامۆسـتا قزڵجی ناساند و گوتم کە حەسەنی خوشکەزای کاک حەمەدەمینم. گەلێک پرسیاری لەسـەر وەزعی ئێران کرد کە وەڵامم داوە و دڵنیام کرد کە کاتی چاوپێکەوتن و بە دیداری و سـەربەرزبوونمان هاتووە. ئەوە یەکەم جار بوو کە شـانازیی قسـەکردنم لەگەڵ ئەو زانا بلیمەتە بە نسیب دەبوو.

ماوەیـەک بەسـەرچوو، شـۆڕش سـەرکەوت و مـن و هاوڕێیانیـش سـەرقاڵی کاری حیزبایەتـی و هەڵبەزهەڵبـەزێ بوویـن، جاروبـارەش سـەرێکی تارانم دەداوە بـۆ خەبـەردار بوون لـە خوێندن و زانکۆ. لە یەکێ لەو سـەفەرانەدا کۆنە برادەرێکی زیندانـم، ئاسـەفی ڕەزمدیـدە کە ببوو بـە ئەندامی کومیتـەی ناوەندیی حیزبی توودە (لـە بەندیخانـەی ئێڤیـن شـەهید کـرا)، من و چەند کەسـی تری بانگهێشـتن کردبوو. چوومـە دەفتـەری حیزبـی تـوودە کە لەوێڕا بەیەکـەوە بەرەو ماڵیـان بڕۆینەوە. لە دەفتـەری حیزبـی توودەدا کە وەژوور دەکەوتی میزێکیان دانابوو و چەند کورسـی لە پشـتەوە و کادرێکی دەبیرخانە و یەکدوو کەسـی یارمەتیدەر بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵـک و چاوەدێـری کاریـان دەکرد. یەکـێ لەوانە کۆنە هاوبەندم بـوو و یەکترمان بـاش دەناسـی. کـە منی دیـت بەرەوپیلمەوە هـات و پاش چاک و چۆنـی کوتی ئەو پیرەمێردەش کوردە، نازانم کێ لێرەی داناوە و ئەویش هەر کیانووری دەناسـێ کە لێرە نییە و درەنگ دێتەوە؛ دەڵێ لە بولغارستانەوە گەڕاوەتەوە، بزانە کێیە؟

هەر بیرم بەلای مامۆستا قزڵجییەوە نەبوو. چون بە خەیاڵی من ئەو تەلەیفوونی ماڵـی ئێمـەی هەبـوو و گەر بهاتباوە زەنگی بۆ ئێمە لێدەدا. کە سـڵاوم لێکرد و بە

دەنگــە نەرمەکــەی وەڵامی دامەوە ئامێزم پێداگرت و خۆم پێناســاند. بە گەنجەکانم گوت ماڵتان نەشێوێ ئەوە مامۆستا قزڵجییە و بەخێر ئەندامی کومیتەی ناوەندیتانە. دەسبەجێ بەرەو دەفتەری کاکە ڕەزای شەڵتووکی وەسەرکەوتین، بزەیەکی هاتێ و گوتــی لــە دەفتەری حیزبەکەشــماندا مەگەر دێموکرات بە هانای پیــاو بگا، دەنا پیاو سەقەت دەبێ، باش بوو تۆ پەیدا بووی و لەو چاوەڕوانییە دەربازت کردم.

کاکە ڕەزا شــەڵتووکی کە ماوەی ٢٥ ســاڵان لە زیندانەکانی شــادا بە سەربەرزی مابــووە (لــە ســاڵی ١٩٨٣ لــە زیندانــی ئێڤیندا بــە جەزرەبە کۆچیدوایــی کرد) زۆر بە ڕووخۆشی و ڕێزەوە باوەشی بە مامۆستا داگرت و بەخێرهاتنەوەی کرد و گەلێک سەرکۆنەی برادەرەکانی بەردەرگای کرد کە بۆ یەکڕاست نەیانناردۆتە سەرێ. پاش هێندی قسەوباس دەگەڵ ئاسەف و کاکە ڕەزا و مورتەزا باباخانی (هەم ئاسەف و هەم مورتەزا ساڵی ١٩٨٣ لە بەندیخانەی ئێڤین شەهید بوون. مورتەزا هاوڕێیەکی کۆنی من بوو کە لەگەڵ خوشکم زەماوەندیان کرد و پاش لەدایکبوونی منداڵی دووهەمی گیرا و بەداخەوە نەیتوانی پێگەیشتنی کچە ژیرەکانی ببینێ) بۆ نانخواردن چووینەوە ماڵی ئاســەف. پاشــان من لەگەڵ کاکە ڕەزا ســازام کە هەتا ئەوان ماڵ و شــوێن بۆ مامۆســتا جێبەجــێ دەکــەن من لەگەڵ خۆم بیبەمەوە مەهابــاد و لەوێڕا بەڕێیکەمە بــۆکان بۆ دیتنی ماڵ و منداڵەکانی و پاشــان بۆ تارانــی بنێرمەوە. دیار بوو نەدەکرا دەسبەجێ لە دەست برادەر و دۆستەکانی تاران دەرباز بین، هەر بۆیەش دوو ڕۆژان لە تاران لە شوقەکەی من و حوسێنی برام ماینەوە و گەلێک لە گەنجەکان هاتنە دیداری مامۆستا و گەلێک لە کوردەکانی تری دەوروبەر هاتن و چاویان بە مامۆستا کەوت. مامۆســتا قزڵجی کە لە ســەردەمی کۆمارەوە پەڕەوازەی هەندەران ببوو یەکەم جار بــوو کــە هاتبووە تاران و بە قەولی خــۆی «وڵاتی عەجەمەکان»ی دەدیت. بە گاڵتەوە گێڕایەوە:

لە تەیارەدا لەگەڵ ئەمیری نیکئایین (ئەندامی کومیتەی ناوەندیی ح. ت) بەیەکەوە هاتینەوە، کە گەیشتینە سەر ئێران و لە ئەرز نیزیک بووینەوە هەتا چاو کاری دەکرد هەر ئەرز و شــاخی ویشــک دیار بوو. لە بولغارســتان هەمیشە ئەمیر باسی جوانیی

گوڵ و گوڵزاری ئێرانی دەکرد. پێم گوت ئەمیر ئەوەیە مەملەکەتی گوڵ و بولبول، خۆ نە تەڕایی تێدایە و نە شینایی.

لەکاتی هاتنمان بەرەو مەهاباد هەرچی لە کوردستان نزیکتر دەبووینەوە مامۆستا پتر دەکەوتە سەر زەوق و وردە بیرەوەرییەکانی لە سەردەمی کۆمار دەگێڕاوە. زۆر بە ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی باسی پێشەوای دەکرد. باسی مامۆستا تورجانیزادەی دەکرد کە هەم مامۆستای خۆی بووە و هەم مامی بوو. زۆر بە ڕێز و خۆشەویستی باسی مەلا عەبدوڵڵای داودی، مەلای خەجێی دەکرد و ئەوی بە دانەری سەرەکیی بیری دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک دەزانی. دەیگوت کە بەرلە کۆمار تاقە ئاسەواری دەسەڵاتی ئێران لە مەهاباد فەرمانداریێکی تریاکی بوو بە ناوی «سریع القلم» کە پیاوێکی شێعردۆست بووە و بەکردەوە هیچکارە. مامۆستاش لە دایرەی فەرمانداریدا دامەزرابوو و وەک باسی دەکرد کارەکەیان تەنیا نووسینی چەند نامەی دایرەیی بووە و بەس. زۆربەی کاتەکەیان بە باسی ئەدەبیات و شێعر گوزەرابوو. لە ڕاستیدا مەحکەمەی پێشەوا ناوەندی دەسەڵات بووە و کاروباری شاری بەدەستەوە گرتبوو. دەیکوت کە فەرمانداریش پاش ماوەیەکی کورت گەڕاوە وڵاتی خۆی و بەکردەوە ئیتر ئاسەواری دەسەڵاتی ئێران نەمابوو.

گەڕانەوەی مامۆستا بۆ کوردستان و شادبوونەوەی بە دیداری ماڵ و منداڵ پاش ٣٥ ساڵان لەگەڵ هەموو خۆشییەکانی خەمێکی قورسیشی خستە سەر دەروونی. لەم ماوەیەدا خێزانی لەگەڵ سێ کچەکانی سەرەڕای تێکچوونی باری ئابووری، لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا بە سەربەرزی مابوونەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی مامۆستا بوون، سەرەڕای ئەوەش منداڵەکانی پێگەیشتبوون. هەر بۆیەش کە باسی ڕاوەستان و دان بە جەرگداگرتنی خێزانی دەکرد، کە ژنە کوردێکی ئاسایی و نەخوێندەوار بوو، ئەوپەڕی ڕێزدانان لە وشەکانی دەباری.

پاش چەند ڕۆژان لە بۆکان چوومە لای. ماڵەکەیان، ماڵێکی هەژارانە بوو و ژیانیان بە کاری کچێکی مامۆستا کە لە خەستەخانە کاری دەکرد بەڕێوە دەچوو.

گەڕانەوەی باوکێکی کە ٣٥ ساڵان لێیان دوور بوو لەگەڵ شادی، خەمێکیشی هێنابووە پێش. باوک و منداڵ لە هەمبەر ئەو دوورییەدا لە یەکتر نامۆ ببوون. ئەو تراژیدیایەش هەوری خەمی خستبووە سەر نیگا هەمیشە بە بزەکانی مامۆستاوە. هاتنەوەی مامۆستا بۆ کوردستان و چاوپێکەوتن بە بەشێک لە کۆنە دۆستەکانی، وەک حەمەدەمینی سێڕاجی، دوکتۆر قاسملوو، کەریمی حیسامی، مامۆستا زەبیحی، مامۆستا هێمن، مەلا عەبدوڵڵای حەسار، گەلێکی هێنابۆوە سەر زەوق.

هەروەک وەعدەم بە کاکە ڕەزا دابوو، پاش دە ڕۆژان بردمەوە تاران. لەم ماوەیەدا حیزبی توودە شوقەیەکی بۆ ئامادە کردبوو. سێ ژووری هەبوو و حەمام و ئاودەست و متبەخ. دەستێک مۆبل و میزیکی نان خواردن و ٦ کورسی و ژوورێکی نوستنیان بۆ ئامادە کردبوو بە هەموو کەرەسەکانی متبەخەوە. هەر لەو بینایەدا ڕەحیمی ناموەر، کە نووسەرێکی بەناوبانگی فارس و ئەندامی کومیتەی ناوەندی ح. ت بوو، لە بولغارستانیش هەر دراوسێی مامۆستا بوو، جیرانی شوقەی تەنیشتی بوو. عەلی عەموویيش کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، لە قاتی سەرەوە دەژیا.

بەمجۆرە مامۆستا لە تاران نیشتەجێ بوو و منیش گەڕامەوە مەهاباد و سەرم بە کاری حیزبی دێموکراتەوە قاڵ بوو. ماوەی مانگێک گوزەرا و ڕۆژێک مامۆستا لەگەڵ حوسێنی برام بۆ سەردانی ماڵ و منداڵەکەی گەڕابۆوە مەهاباد. شەوێک لەلامان مانەوە و بەیانەکەی چوونە بۆکان. ئەو شەوە لەگەڵ بابم هەتا سەعاتی سێی بەیانی قسەیان کردبوو. بابم لە دانیشتن لەگەڵ مامۆستا تێر نەببوو، وەعدەی لێوەرگرتبوو کە لە گەڕانەوەدا چەند ڕۆژێک بمێنێتەوە. پاش گەڕانەوە لە بۆکان ماوەی حەوتوویەک لەلامان ماوە کە بەڕاستی خۆش گوزەرا. دەکرێ بڵێین لەو حەوتوویەدا گەلێک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆمار و مێژووی کۆنی کورد و بەسەرهاتی پەڕەوازەیی باسکرا.

پاش پێکهاتنی یەکەم پلێنۆمی بەرفراوانی حیزبی دێموکرات بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە من لە پلێنۆمدا گرتبووم بەرەبەرە بەرپرسایەتییەکانیان لە دەست دەرهێنام هەتا هەستم کرد کە کار هەر دێ بەرەو دژایەتی دەڕوا و خەریکی سازکردنی

سـیناریۆیەک بـوون بـۆ لادانی من ( دیارە لە داهاتوودا بەوردی باسـی سـیناریۆکە دەکەم). ئیتر منیش کە سـیناریۆکەم لە قاودا هەر ئەوێ ڕۆژێ بە نووسـراوە وازم لـە حیـزب هێنـا و بـەرەو تاران چوومـەوە کـە خەریکی دریـژەدان بە خوێنـدن بم. هەمدیسان لە تاران دوو شەو لە ماڵی خۆمان دەبووم و سێ شەو لەلای مامۆستا. ئیتر دەوری زەمانە وای لێهات کە منیش چوومە نێو حیزبی توودە و پاش ماوەیەک کار کردن لە کوردستان، گەڕاندیانمەوە تاران کە حەکایەتێکی جیاوازە. بە هەر جۆر پـاش ماوەیەکـی یـەک مانگە دانیشـتن و کار نەکردن، شـەوێک مامۆسـتا پێی گوتم کـە دەیانهـەوێ بە زمانی کـوردی ڕۆژنامەیەک بڵاو کەنەوە و هەتا ئەو کاتیش دوو کەسـیان لـە هاوڕێ کـوردەکان دیاریکردبوو کە بەهۆی ناشـارەزایی نەیانتوانیبوو کارێکـی بکـەن. پێـی گوتـم کە لـە کەری شـەیتانی وەرە خـوار و کاکـە ڕەزا بانگت دەکا مـل بـدە بـەو کارە، بە قازانجـی گەلەکەمانە. بەیانەکەی کاک ڕەزا شـەڵتووکی، مورتـەزا باباخانیـی بـەدوادا ناردبووم، چوومە لای و مامۆسـتاش هاتە ژوورەکەی کاکـە ڕەزا و پـاش دڵداری‌دانـەوە ڕازی بـووم کـە لەگەڵیـان دەسـت بـەکار بمەوە. هـۆی ئـەم ڕازی بوونەش سـەرەڕای بیروباوەڕی هاوبەشـمان پتـر کاری ڕۆژنامە لەگـەڵ مامۆسـتا بوو کـە دەمزانی دەتوانم بەهرەی باشـی لێ‌وەرگرم و زۆر شـتی لێ فێربم.

کاری وەدواکەوتنی ئیزنی ڕۆژنامەیان دا بەخۆمان. دیار بوو کە هەتا ئەو سەردەم مـن خـۆم نەمدەزانـی کـە لەنێو حیزبی چەشـنی نوێی چینی کرێکاریـش هەر هەمان بەزمی دەسـتە و دەسـتەبازی و سـیناریۆ سـازکردنی نێو حیزبی دێموکـرات باوە. تەنانەت دوایە تێگەیشـتم کە حیزبی دێموکراتیش ئەو نەخۆشـییەی لەوان گرتۆتەوە؛ هـەر بۆیـەش بـە گیان و دڵـەوە وەحەول کەوتیـن و برادەرێکی کوردی شـاهابادی کرماشـانمان هەبـوو کـە زۆر وریـا بوو بەناوی غـولام قەرەویسـکی، ئەومان وەک خـاوەن ڕۆژنامـە بە وەزارەتی ئیرشـاد ناسـاند و ئیزنی دەرخسـتنی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆمان بەناوی «ڕێگای کوردستان» وەرگرت.

مامۆسـتا قزڵجـی ناوەکـەی بە یادی یەکەم ڕۆژنامەی کـە پاش ڕووخانی کۆمار

لـە باشـووری کوردسـتان بڵاویـان کردبۆوە و بـوو بەهۆی بووژاندنـەوەی حیزبی دێموکرات، هەڵبژاردبوو. بە دڵخۆشییەوە خەریکی وەڕێخستنی کاری ڕۆژنامە بووین. نووسـەری کـوردی ئەوتۆمان لـە چوارچێوەی حیزبـی توودەدا وەگیـر نەدەکەوت. تەنیـا مامۆسـتا قزڵجـی و دوکتـۆر عەلـی گەلاوێژمـان هەبـوو. منیـش لـە ڕوانگەی مامۆسـتاوە و لە ڕاسـتیش‌دا بۆ نووسـین بـە زمانی کوردی لە قۆناخـی دارەدارەدا بووم. کاک عەلی گەلاوێژیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە کرابووە بەرپرسـی ڕێکخـراوی کوردسـتان کـە خەریکی دامەزراندن بوو و هەم سـەرقاڵیان کردبوو بە نووسـین بـە زمانـی ئازەری بـۆ ڕۆژنامـەی ئازەربایجانی فیرقە، کـە کاتێکی زۆری لێ‌دەگرت و بە هیچ چەشنێ دەرەتانی هاوکاریی ئێمەی نەبوو. بەو هۆیانە مامۆستا پێوەندی بە نووسـەر و شاعیرەکانی شیووعیی باشوورەوە گرت و ئەوانیش ئامادە بوونـی خۆیـان بـۆ یارمەتی بە ئێمە ڕاگەیاند. هەتا وەڕێخسـتنی ئـەو ئامادەکارییانە چەنـد حەوتوویەکی پێچوو. برادەرێکی هونەرمەندی فارس و داڕێژەری لاپەڕەکانی «نامـە مـردم» ئۆرگانـی ناوەندیـی حیـزب کـە مامۆسـتای ئـەو فەننە بوو، ئـازەری، بەوپـەڕی پێ‌خۆش‌بوونـەوە ئارمـی ڕێگایـان بۆ سـاز کردبووین. بۆ پەسـند کردنی ئارمەکـە لەگـەڵ کاک ڕەزا شـەڵتووکی دانیشـتین. کاک ڕەزا زۆر بەداخـەوە پێـی ڕاگەیاندین کە بەهۆی هێندێ مەسەلە لەسەر کەسایەتیی خاوەن ڕۆژنامەکە ناتوانین «ڕێـگای کوردسـتان» دەربخەیـن. بەڕیوەبەرایەتیـی حیـزب ئەمـری ڕاگرتنـی کاری بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامەکـەی داوە. مـن زوو هەڵچووم و بـە ناڕەحەتی و تووڕەیی لە هۆیەکەم پرسـی. کاکە ڕەزا پێی ڕاگەیاندین کە لە ڕێکخراوی کرماشـانەوە چەند نامە هاتووە کە یەکیشیان بەرپرسی شاهاباد ( ئەو کات کاک سولەیمانی چیرە بوو) نووسـیویێتی و پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەو برادەرە خۆشـناو نییە. منیش دەزانم کە ئـەوە تەنیـا چاوپێهەڵنەهاتن و حەسـوودییە، بـەڵام ڕای دەفتەری سیاسـی ڕاگرتنی ڕێگایە و بڕیاریان داوە «نامەی مەردم» بەکوردی دەربکەین. ئەوەشیان بڕیارداوە و لـە نامـەی مەردم بەکوردی‌دا چەند لاپەڕەش بۆ ئەدەبـی کوردی تەرخان بکەن. من زۆر بەتوندی دەدوام و هێندێ قسـەی خراپیشـم کرد، بەڵام مامۆسـتا لەسـەرەخۆ

بـوو و بەئەهوەنـی کوتـی: کاکـە ڕەزا دیـارە بەزمـان پێدەگرن و نایانـەوێ مل بە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردی بدەن، هەرچەندە هی خۆیانیش بێ. چون کوردی نازانـن و ناتوانـن نێوەرۆکـی وتـارەکان کۆنتـرۆڵ بکەن. پێیـان بڵی بـا لەخۆڕا ئەو برادەرەش بەدناو نەکەن.

کە بە دڵپڕی گەڕاینەوە ژوورەکەی خۆمان پێی کوتم:

ڕۆڵە تۆ بۆ بە کەوچێک ئاو وەمەلە دەکەوی و توورە دەبی. ئەوە پاشکەوتوویی خۆمانـە، تاقـە ئیزنیکی ڕەسـمیمان بـۆ ڕۆژنامەیەکی کـوردی وەرگرتووە و خودی بـرادەرە کـوردەکان بوونـە هـۆی تێکچوونـی. دەنـا کـێ دەزانـێ ئەوانـەی تـر کـە دەزگاکانی حیزبیان بە ناوە چ پاشـەڵێکیان هەیە. ئەمانە عەیبی یەکتر دەشـارنەوە و ئێمەی کوردیش عەیبی بۆ یەکتر دادەتاشـین. بەداخەوە وا فێر بووین. ئەگینا ئەگەر بەناوی کابرایەکی فارسمان وەرگرتبا یەک لە کوردەکان نەیدەپرسی کە ئەم کابرایە کێیـە. تۆ مەڕوانە کە ئێمە کۆمۆنیسـتین و ئـەوەی توودەیی‌یە هەمووی هەر مرۆڤی پێگەیشتوو و تێگەیشتووە، گەلێکیان چاویان بە کورد هەڵنایە و هەر عەجەمن.

بەهەر جۆر بۆچوونی مامۆستای دروست بوو و بەکاربردنی «هەر عەجەمن»یش پێشـاندەری توورەیی‌یەکەی خۆی بوو و بە جێگای ڕێگای کوردسـتانی سـەربەخۆ، «نامـەی مـەردم» بـە کـوردی هاتـەدەر. زۆربـەی وتارەکانـی نامـەی مـەردم بـە کـوردی وەرگێـڕدراوی وتـارە سـەرەکییەکانی حیزبـی تـوودە و بەیاننامەکانـی بـوو. دوو لاپەڕەمـان بـۆ ئەدەبیاتـی کـوردی تەرخان کردبـوو. کە لە ڕاسـتی‌دا پتر لـە هەموو شـتێک سـەرنجی خوێنەرانی ڕادەکێشـا. بەهـۆی نەبوونـی پیتی کوردی زۆر نیشـانەمان بـە دەسـت چـێ دەکرد. لـە مـاوەی دەرچوونی مەردم بـە کوردی ٦١ ژمارەمـان بڵاوکـردەوە کـە حەوتووانـە بـوو. هەروەهـا لەپـاڵ ڕۆژنامـەدا بـە ئیمکاناتـی حیزبـی توودە، کتێبـی پێکەنینی گەدا و پەڕتووکی جێگۆڕکێ و سـوان و پوانـی پیتـەکان لـە زمانـی کـوردی‌دا (مامۆسـتا قزڵجـی)، زووحەیاتیـن (عەلـی گەلاوێـژ)، پێشـمەرگە و پێشـەوا لـە دادگای نیزامـی‌دا (ڕەحیمـی سـەیفی قـازی)، تانیـا کچـە پێشـمەرگەی قارەمـان (وەرگێڕانـی جـەلال دەبـاغ) و هەروەهـا کۆمەڵـە

شـێعریکی دڵزار و یەکیش هی ڕەفیق ســابیرمان بڵاوکردەوە. بۆ پیتچنین دەبووایە هەموو وتارەکان بە تایپ بنووسرێن. ئەرکی تایپکردن لەسەر شانی کچە کوردێکی خوێنشیرن و کۆڵنەدەر بوو بەناوی پەروین، لە بنەماڵەی قوبادی و ئەمجەدییەکانی کۆلیایی. مامۆسـتا زۆری خۆشدەویسـت و ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرت. ژوورێکیان بـۆ ئێمـە تەرخـان کردبـوو لـە تەنیشـت ژووری کیانـووری. ئـەو هۆدەیـە بەهـۆی مامۆسـتاوە، ببـوو بە مەکـۆی هاتوچۆی کوردی بەشـە جیاوازەکانی کوردسـتان. لـە ئەندامەکانـی پارتی و یەکێتیەوە بگـرە هەتا کوردی باکوور و ڕۆژاوا کە ڕێگایان دەکەوتە تاران سـەرێکیان لێدەدا. ئەندامەکانی کوردی حیزبی شـیووعیی عێراقیش کـە دەهاتـن لەجیاتی دانیشـتن لـە ژووری عادڵ حەبـە (ئەندامی مەکتەبی سیاسـیی حیزبی شـیووعی بوو کە ماوەی ٩ سـاڵان لە سـەردەمی شـادا لە ئێران لە زینداندا بوو) نوێنەری حیزبەکەیان، هەر لەلای ئێمە دەمانەوە.

نووسین و وەرگێڕان دەبووایە لە سەتاسەت بە دڵی مامۆستا بایە. دیارە نەک لە ئاست نێوەرۆک، بەڵکوو لە ئاست ئەدەبیاتەکەیەوە و بەتایبەت لە لانی ڕێزمانییەوە. هەمیشـە بە پێکەنینەوە دەیکوت کە لە ماوەی ئەو ٣٠ ـ٤٠ سـاڵەدا زمانی کوردیتان لێ شێواوە.

یەکەم جار کە وەرگێڕانی وتارێکم لە بەردەستی دانا، کوتی وەرە لام دانیشە. منیش کورسیەکم لە پەنای دانا و بە قەڵەمی سوور پیێداهات و کەوڵی کرد. گەنج بووم و خام، زۆر تەریق بوومەوە. لەسەرەخۆ گوتی: کوڕم ئەوە زۆر ئاساییە. تۆ لە هیچ قوتابخانەیەک کوردیت نەخوێندووە و جگە لە کوردستانی حیزبی دێموکرات و چەند کتێبـە کوردییـەک دەرەتانت نەبووە کتیبی کوردیش بخوێنێوە. منیش لە سـەرەتادا هەروا بووم.

لـە پاشـان گێڕایـەوە کە پاش ڕووخانی ڕژیمی ڕەزاشـا بۆ یەکـەم جار کارتێکی پیرۆزبایـی نـەورۆزی لە ورمێ بە کوردی لە چاپدابوو و بڵاوی کردبۆوە. دەیگوت ڕێنووسەکە هەر فارسی بوو. سەرەڕای پیری زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆیی یەکیەکی هەڵەکانی بۆ شـیکردمەوە. لە ڕاسـتیدا سـەرەڕای ئەوەی کە لەمێژ بوو بە کوردی

شتم دەنووسی، بەڵام کارکردن لەگەڵ مامۆستا بۆ من سەرەتای فێر بوونی ڕێزمانی کوردی بوو.

هەر کەس، چ چاک یا چ خەراپ، ئەگەر بەقەدەر سەرەدەرزییەک کارێکی بۆ کورد کردبایە بەلایەوە بەڕێز بوو، بەتایبەت ئەوەی نووسەر و شاعیر و ئەدیب بایە. بە پشوودرێژی ڕای خۆی پێدەکوتن و شیکارییەکی کە پێی باش بایە لەسەر کارەکانیانی دەکرد. لە بیرمە کە کاک عەلی گەلاوێژ کتێبەکەی لەسەر لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان لە دەربەگایەتی بەرەو سەرمایەداری تەواوکرد، هێنای بۆ مامۆستا. بەوردی خوێندییەوە. کاک عەلی گەلاوێژ پاش حەوتوویەک لە کوردستان گەڕاوە تاران و من و مامۆستا لە ماڵەکەی مامۆستا خەریکی نانخواردن بووین کە وەژوور کەوت، بەرلە سڵاو بە پیرییەوە چوو و هەر دوو لای ماچ کرد و کوتی: پیرۆزباییت لێدەکەم، کارێکی گەلێک گرینگت گرتە ئەستۆ و زۆر بە زانستییانە ئەنجامت داوە. نەتەوەی کورد ئەوانەی پێویستە. کاک عەلیش بە پێکەنینەوە کوتی: ئەگەرچی دەموچاوت هەموو چەور کردم، بەڵام ماچەکەت حەقدەستێکە کە دەمحەسێنێتەوە. مامۆستا هەر بەمجۆرەش لە ئاست نووسینەکانی خۆی لەخۆبایی نەدەبوو. گەورە یان بچووکی لەلابایە بۆی دەخوێندەوە و گەر ڕایەکت دەربڕیبایە پێشوازیی لێدەکرد. لەو ماوەیەدا نەبوو کە چیرۆکێک یان وتارێکی لەسەر ئەدەبیات و ڕێزمان بنووسێ و بۆ ئێمەی نەخوێنێتەوە. تەنانەت ڕۆژێک چیرۆکی چەکمەڕەقی بەدەستەوە بوو و دەینووسی. کاک عەلی گەلاوێژیش لە مەهابادەوە هاتبووە تاران و لەلامان دانیشتبوو خەریکی نووسینی وتارێک بوو بە فارسی. مامۆستا جاروبارەش بە بزەوە چاوی لە کاک عەلی گەلاوێژ دەکرد. کە تەواو بوو گوتی گوێ بگرن ئەم چیرۆکەتان بۆ بخوێنمەوە. کە تەواو بوو کاک عەلی گەلاوێژ بە پێکەنینەوە گوتی دەسخۆش مامۆستا، بەڵام هیچت بۆ ئێمەی ئاغاوات تێدا نەهێشتۆتەوە. (کاک عەلی کوڕی برایمئاغای ساروقامیشی بوو و چەکمەڕەق چیرۆکی ئاغاواتێکە کە دەمرێ و دەچێتە بەهەشت و هەڵسوکەوتەکەی لەوێ باس دەکرد)، مامۆستاش بە پێکەنینەوە گوتی تۆ ناگرێتەوە چون خەیانەتت بە چینی دەربەگ کردووە.

ڕۆژێک وتارێکیان لە دنیادا لەسەر بزووتنەوەی ۴۶ ـ ۴۷ بەناوی کاکە ڕەزا شەڵتووکی چاپ کردبوو کە پڕ بوو لە هەڵە. تەنانەت نووسیبویان کە حەمەدەمینی سێڕاجی شەهید کراوە و هێرشێکی زۆریان کردەبووە سەر بارزانی نەمر. بە کاکە ڕەزای کوت ئەوە چییە نووسیوتە؟ دیار بوو کە ئاگای لێ نەبوو کێ نووسیوێتی. بە وەش مامۆستا هێندەی دیکە تووڕە بوو. بە گۆچانەوە بەرەو ژووری کیانووری چوو دەستی کرد بە هەڵلا لەگەڵیان. بە هەر جۆر ئەهوەنیان کردەوە و وەعدیان پێدا کە ئیتر بەری ئەو چەشنە وتارانە بگرن. لە ڕاستیشدا وا نەبوو. هەر بە ناو کومیتەیەکیان ساز کرد بەناوی «کومیتەی ڕاوێژکاری مەسەلەکانی کوردستان» ( کمیتە مشورتی مسائل کردستان) کە کاکە ڕەزا بەڕێوەی بەرێ و مامۆستا و کاک عەلی گەلاوێژ و منیش ئەندامی بووین. ئەو کومیتەیە مانگێ جارێک کۆدەبووینەوە و چمان پێ دروستبا بە کاکە ڕەزامان دەگوت و ئەویش ڕەوانی شاد بێ حەولی خۆی بۆ دەدا. بۆ وێنە دانیشتنی نوێنەرەکانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە مەهاباد دەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە ماڵە بابی سەلیمی بابانزادە لە ئەنجامی زەختی کومیتەکەدا بوو، بەڵام لەپاش جیابوونەوەی پەیڕەو[انی کۆنگرەی چوار]، بەکردەوە کاری کومیتە بۆوە بە هیچ. کیانووری ڕاستەوخۆ دەگەڵ مامەغەنی ڕاوێژی دەکرد و کومیتەیەک بە بەشداری کاک عەلی گەلاوێژ و ڕەفیق جەوادی فیدائییەکان و وەک لە بیرم مابێ ئەحمەدی عەزیزی لە پەیڕەو چێکرا بوو. هەرچەندە دانیشتنی مانگانەی ئێمەش هەر بەردەوام بوو، بەڵام بەکردەوە کارتێکەریمان لەسەر هیچ نەبوو. بەکردەوە وەک مامۆستا دەیکوت کومیتەکە ببوو بە داوەڵ.

مامۆستا لەگەڵ لەسەرەخۆیی و ئەهوەنی هەمیشە بیری خۆی بەڕاشکاوی دەردەبڕی. ڕیایی نەدەکرد و بەرژەوەندیخوازی لە زاتیدا نەبوو. لەپاش جیابوونەوەی دەستەی هاواری کۆنگرەی چوار لەسەر سیاسەتی حیزب لە ئاست کوردستان بۆچوونی خۆمان هەبوو، کە پڕ بوو لە ڕەخنە. دیارە ڕەخنەکانی مامۆستا لە هی من و کاک عەلی توندوتیژتر و وردبینانەتر بوون. کاکە ڕەزا داوای کرد

کـە کیانـووری و عەلی عەموویی (سـکرتێر و دەبیـری دووهەمی حیـزب) لەگەڵمان دانیشن و وەڵامی ڕەخنەکانمان بدەنەوە. هەمدیسان لە ماڵی مامۆستا کۆبووینەوە و پـاش وتوویـژێکـی دوورودرێژ مامۆسـتا خـۆی پێڕانەگیـرا و ڕووی دە کیانووری کرد و کوتی: هاوڕێ کیانووری ئەتۆ بەو سیاسەتە کێبەرکێیەت سەری هەموومان بە فەتەڕات دەدەی. کیانورێ کە چاوەڕوانی قسـەی وەها نەبوو بە ڕامانەوە کوتی: بەڵی مامۆستا؟

مامۆسـتا کوتـی: هـاوڕێ بەڵێی چی؟ ئاخـر ئاخوند و شۆڕشـگێڕیان بە یەکەوە کوتـووە. تـۆ چـۆن دەتوانی مەلا بکەیتە دێموکرات؟ هـەزار خەتیان بۆ دابڕێژی هەر دەگەڕێنەوە سـەر پەت و سـینگی خۆیان و بە کافرت دەزانن. ئێوە کە بە کولتووری شیعە خوتان گرتووە نازانن کە ئەمانە تەقیەتان دەگەڵ دەکەن. بەهەر جۆر کیانووری هەر لەسەر خەتەکەی خۆی ماوە.

هەمدیسان جارێکیان وتارێک لەسەر ئیمامی عەلی لەلایەن تەبەرییەوە نووسرابوو بەناوی «پاکیی کردەوە لە عەلی فێر بە» (از علی آموز اخلاص عمل) کە هێرشی کردبووە سـەر حەزرەتی عوسـمان. مامۆسـتا کە وتارەکەی خوێندەوە بەتووڕەیی کوتی وەرە ئەو کەرانە لەو قوڕە دەرهێنە. ئاخر چتان لەم باسانە داوە. دیسان یەخەی کیانووری گـرت و بەتونـدی گوتی: هـاوڕێ ئەگەر ئێوە حیزبی توودەی ئەسناعەشـەرین ئەوە پێمـان بڵێـن با بزانین. دەنا چتان لە تێکبەردانی شـیعە و سـوننی داوە؟ کیانووریش بـۆ ئەهـوەن کردنـەوەی مامۆسـتا تەبەریـی بانگ کـرد و لە ژوورەکەمـاندا بوو بە دمەقاڵەیەکی زانستییانەی توند لە نێوان هەر دوو زانادا کە یەکیان مەلایەتیی سوننیی خوێندبوو و یەک شـیعە و هەر دوو ببوونە مارکسیسـت. من زۆرم پێ سـەیر بوو کـە مامۆسـتا حەدیس و ڕیوایەتی لە کتێبە کۆنـەکان دەهێناوە، دەتگوت لەبەر دەمی کتێبەکانیـان چنیـوە و لـە ڕوویـان دەخوێنێتەوە. لە ئاخردا مامۆسـتا بـە گێڕانەوەی چەنـد ڕیوایـەت و بەڵگـە بە تەبەری کوت کە هەموو باسـێکی شۆڕشـگێڕی لەسـەر ئیمام عەلی و حوسـێن بێبنەمایە و شـەڕی ئەمان تەنیا لەسـەر دەسـەڵات بووە و بەس. هەروەها بە بزەوە بەشـە تالانی ئیمام عەلی لە خوراسـان بۆ باس کرد و بە

پەنجەڕاکێشـان بە سـەرچاوەکە کە ١٦ باری وشـتر زێڕ و زێو و ١٦٨ ژن بووە کە دراوە بـە کوڕەکـەی، حەسـەن. هەڵبەت تەبـەری ڕەخنەکەی مامۆسـتای لەم لانەوە وەرگرت کە نەدەبووایە ئەم وتارە لە ئۆرگانی حیزبی چینی کرێکاردا لە چاپ بدرێ. زۆرجـاران بـە شـێوەی زاتیری باسـی هەڵەکانی حیزبـی دەکرد و نەیدەشـاردەوە. جارێـک خەریکـی وەرگێڕانـی بەیاننامـەی حیـزب بوو لەسـەر حیزبـی دێموکرات و لەبەر خۆیەوە سەری دەلەقاندەوە و دەیکوت: ئەمانە دەڵێی لە گوێی گادا نوستوون. لەبارەی وشـەی باندی قاسـملوودا جارێک بە پێکەنین و بزەی سـەر لێوەوە ڕووی دە کاکـە ڕەزا کـرد و کوتـی: ئـەرێ کاکـە ڕەزا بـۆ نەنووسـین بانـدی مامەغەنی و کاک حەمەدەمیـن و خۆمـان خلاس کەین. ئەگەر ئەم برادەرانە چەند سـەت کەسـن، قاسملوو چەند میلیۆنی دەگەڵە. خۆ باندی چەند میلیۆنیمان نییە.

کاک عەلـی گەلاوێـژ لـە کوردسـتان ڕێکخـراوی ئەیالەتیـی حیزبـی تـوودەی دامەزراندبـوو. لەلایـەن کومیتـەی ناوەندییـەوە مـن و مامۆسـتاش وەک ئەندامـی کومیتەکە داندرابووین. مامۆستا قزڵجی کاری ڕێکخراوەیی زۆر بەدڵ نەبوو. دەبووایە گەڕابایەوە کوردسـتان و لە دانیشـتنەکەیاندا بەشـداریمان کردبایە. دەرفەتێک بوو بۆ سـەردانی کوردسـتان. کە گەڕاینەوە و لە دانیشـتنەکەیاندا بەشداریمان کرد من خۆم زۆرم بەدڵ نەبوو. ئەو کەسـانەی کە بەڕاسـتی بە کاری سیاسـییەوە ماندوو ببـوون دیـار نەبـوون و چەنـد کەسـێک داندرابوون کە بـە بڕوای مـن نەیاندەتوانی هەڵسـووڕێنەری ئـەم ئەرکـە بـن. پاش بەشـداری لە کومیتەکـەدا گەڕاینـەوە تاران. مامۆستا پێی کوتم کوڕم ئەوە ڕاوەبەرازە و کاری ڕێکوپێکی لێناوەشێتەوە من بە کاکە ڕەزا دەڵێم کە نامهەوێ ئەندامی کومیتەی ئەیالەتی بم.

مـن کـە لەلایـەن کومیتـەی ناوەندییـەوە پێـم لـە کوردسـتان بڕابـۆوە ئـەم هەلوێسـتەم بـە کەیـف نەبـوو و منەمنم دەکرد. ئاخـر پێم کوت کە ئـەوە دەرفەتێکە بـۆ مـن کـە دیسـان بگەڕێمـەوە نێـو کاری کوردسـتان. کوتی کە وەک جـاری پێش هەمـوو بـەردەکان لەسـەری تۆدا دەشـکێنن؛ لەسـەرەخۆ بە و پـاش ماوەیەکی دی خۆیـان داوات لێدەکـەن کـە بگەڕێیـەوە. هەتا حیزب لەسـەر ئەو خەتـە دەڕوا ئێمە

ناتوانین لە کوردستان بە دروستی کار بکەین ئەوە ئەزموونی حیزبی شیووعی سەلماندوویەتی، گەرچی حیزبی ئێمە بە قامکێکی ئەوانی پێناکرێ. بەهەر جۆر منیش بە قسەییم کرد و لە تاران دووبەدوو لەگەڵ کاکە ڕەزا قسەمان کرد و وازمان لە ئەندامەتیی کومیتەکە هێنا و سەرمان بەردایەوە سەر کاری ڕۆژنامەکە. جیاوازییەکی گەورە لە نێوان مامۆستا و ئەوانی تر کە لە وڵاتە سوسیالیستییەکان مابوونەوە لە باسکردنی باری ژیانی ئەو وڵاتانەدا بوو. مامۆستا قەت کەموکوورییەکان و ڕەخنەکانی نەدەشاردەوە. بەدروستی پەنجەی بۆ بارە ئەرێنی و نەرێنییەکان ڕادەکێشا. مێشی نەدەکردە فیل و ڕاست و ڕەوان دەیگێڕاوە کە چۆن کاک کەریم کاری برادەرێکی بە ویسکی جێبەجێ کردبوو و یان دکتۆر ڕەحیم بە بەرتیلێکی بچووک باشترین میوەی لە بازاڕی دەکڕی. ڕەحمەتی دکتۆر ڕەحیم خۆی بە لامانەوە بوو کە مامۆستا نەقڵی سەردانەکەی باکۆی گێڕاوە و کوتی:

لەگەڵ کاکە ڕەحیم بەرەو بازاڕ وەڕێکەوتین کە شووتی بکڕین. کە چاوم بە شووتییەکان کەوت پێم کوت با وازیان لێبێنین بە کاری خواردن نایەن. کاکە ڕەحیم کوتی ئەوە هی من نییە مامۆستا، ڕاوەستە. ئینجا بە تورکی کابرای گاز کرد و پێی کوت: یۆسف شووتییەکانم بەرە نێو ماشێنەکە! کابرا دوو شووتیی زلی لە ژووری پشتەوەڕا هێنا و خستییە نێو ماشێنی کاکە ڕەحیم و ئەویش چەند ڕوبڵی لە دەستی نا. وەڵڵا دەتگوت هەر ڕەحیمئاغایە و لە گوندەکانی خۆیدایە و کابرا ڕەعیەتێتی!

کاکە ڕەحیم خۆشی بە گێڕانەوەی مامۆستا پڕ بەدڵ پێدەکەنی. جارێک باسی برادەرێکی بولغاریی خۆی گێڕاوە کە بەڕێوەبەری کالخۆز بووە. دەیکوت بەرهەمەکەیان تەماتە بووە، باشەکانیان بە نرخی گران بە ئورووپای ڕۆژاوا فرۆشتۆتەوە و خراپەکانیان داوە بە بازاڕی نێوخۆ و هەرە تلخاوەکانیان بەڕیکردۆتە سۆڤێ. لێی پرسیبوو بۆ بۆ سۆڤێ. کابرای برادەری کوتبووی با برا گەورە نەبایە! زۆرجاران بە گاڵتە بە هەندێ کەسی دەکوت: «کەرەکۆمۆنیست» ڕۆژێک پرسیم ئەرێ مامۆستا کۆمۆنیست بەپێی تاریف دەبێ مرۆڤی هەرە تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بێ، چۆن دەتوانێ هەم کۆمۆنیست بێ و هەم کەریش بێ؟ پێکەنی و

کوتی: ئەوە لەکوێی! کەری وامان هەیە و سەت پووتی بارە؟ چایەک ساز کە هەر ئێستا یەکیان دەبینی. ئێمە لە دەفتەری حیزب لە چای سماوری دەفتەرمان نەدەخواردەوە. هەردووکمان جگەرەکێش و چاخۆری بەئیشتیا بووین. لە ژوورەکەی خۆمان کەتری و چادانی کارەباییمان دانابوو و چای باڕووتیی سەیلانمان ساز دەکرد، کە هەم خۆشڕەنگ و هەم بەتام بوو. گەلێکجار هاوڕێیان بە بیانووی سەردانمان خۆیان دەگەیاندە چای دروست خواردنەوە. منیش چام سازکرد و ئینجا مامۆستا پەروینی نارده شوێن برادەرێکی کومیتەی ناوەندی کە بەرپرسی هەرێمی باکووری ئێران بوو. بە منیشی کوت کە ئەو هات هیچ نەڵێم و سەرداخەم.

کە هاوڕێکە هات دەستی کرد لەگەڵی بە قسە و گێڕانەوەی حەکایەتی کۆن و گاڵتە. منیش چام بۆ تێکردن و لە بەردەستیانم دانا. دیار بوو میوانەکە ئەو چایەی زۆر بەکەیف بوو و بەتام و چێژ دەیخواردەوە. ئینجا مامۆستا دەستی کرد بە تاریفی من: ئەم کوڕە زۆر باشە و منی حەساندۆتەوە و چای خۆش ساز دەکا و دەستاوی خۆشە و چێشتی خۆشم بۆ ساز دەکا... پێداهات هەتا بە کاری حیزبی و گورجوگۆڵی و شتی وا سەیر کە خۆشم نەمدەزانی چن. پاشان بە بیانووی دەسبەئاوگەیاندن لە کاتێکدا چاوێکی بەبزەوەی دادەگرت لە ژوورەکە وەدەرکەوت. کابرا هەر دیتی مامۆستا بزر بووە ڕووی لە من کرد و کوتی هاوڕێ تۆ بۆ خۆت خەسار کردووە و بە لای مامۆستاوە دانیشتووی کە هیچ داهاتوویەکی حیزبیی بۆت نییە. مامۆستا بەڕێزە، بەڵام هیچی لە حیزبدا بەدەست نییە. وەرە دەتبەمە لای خۆم و دەتکەم بە جێگری خۆم لە شیمال (باکوور) هەم من لە هاتوچۆی زۆر دەحەسێمەوە، هەم تۆ لە ڕێکخراودا سەردەکەوی و پلەی حیزبیت دەگۆڕدرێ. زۆری ڕست، بەڵام لەبەر خۆڕاگرتن و لە قاقانەدان هۆشم لەسەری نەمابوو. کە مامۆستا هاتەوە و ئەو ڕۆیی؛ مامۆستا پرسیی: نەیکوت وەرە لای من؟ لە قاقام دا و پێکەنیم و بۆم گێڕاوە کە چی کوتووە. کوتی ئەوە کەرەکۆمۆنیستیشت دی!

مامۆستا کە باسی بولغارستانی دەکرد هەمیشە بە ڕێز و حورمەتەوە باسی خەجیجخانمی خێزانی کاک کەریمی حیسامی دەکرد. دیار بوو کە لە سۆفیا بەڕاستی

زۆر ئاگایان لە مامۆستا بووە. هەروەها زۆر بە خۆشییەوە یادی خوێندکارەکانی کوردی باشووری دەکرد کە لەوێ هەمیشە سەریان دابوو و بە قەولی خۆی بێ ساواریان نەکردبوو. لە تارانیش مەلا ساڵحی ئیبراهیمی زۆرجاران سەری دەدا و بانگهێشتنی دەکرد. لەسەریەک لە نەقڵەکانی‌دا بەڕێزەوە باسی هەموو ئەو کەسانەی دەکرد کە یارمەتییان دابوو؛ بەتایبەت هەمیشە بە چاکی باسی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود و حەلاوەخانی خێزانی دەکرد، کە شێرەژنێکی دڵ و دەروون گەورە و میوانپەروەر بووە. زۆربەی پەنابەرە پەڕەوازەکان لە ماڵی ئەوان خۆیان گرتبۆوە و هەمیشە ئاگای لە باری ژیان و گوزەرانی ئەو خەباتکارانە بووە. تەنانەت باسی یارمەتی‌دانی شێخ لەتیفی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێگا بەوردی بۆ گێڕامەوە؛ دەیکوت:

کەل‌وپەلی پێویستی دروستکردنی چاپخانەیەکی بچووک و گەڕۆک بە پارەی شێخ لەتیف و بە وەستایی کاک محەممەدی شاپەسندی، یەکێک لە ئەندامەکانی سەرەتای چالاکیی کۆمەڵەی «ژ. ک» و بەرپرسی لەچاپ‌دانی نیشتمان بوو. شاپەسەندی پاشان بەرپرسی چاپخانەی کوردستان و سەرنووسەری گڕوگاڵی منداڵان لە سەردەمی کۆماردا بوو و وێڕای مامۆستا قزڵجی و مامۆستا زەبیحی و هەژار، لە ماڵی شێخ پەناگیر ببوو. زەحمەتی پیت‌چنین و لەچاپ‌دانی ڕێگا لەسەر شانی کاک محەممەد بوو... هەروەها دەیکوت:

دەزگای تایپمان نەبوو و کەم کەس تەنانەت دەیزانی کە تایپ چییە و چۆنە. داوام لە شێخ لەتیف کرد. کوتی کە بە پارە ئەگەر بۆتان دەکڕدرێ باشە، دەنا چم لە دەست دێ، منیش پێم کوت شێخ لەتیف ئەوە تەنیا لە دایرەی قایم‌مقامی سلێمانی هەیە. ئەویش خولەپیزەی ناردە لام و منیش وێنەیەکی دەزگای تایپم بۆ کێشاوە و پاش چەند ڕۆژان خولەپیزە هێرشی بردبووە سەر دایرەی قایم‌مقام و تایپەکەی بە خەزا بۆ هێنابن. (خولەپیزە شۆڕشگێڕیکی بەناوبانگی باشوور بوو لە سەردەمی نووری سەعیددا کە چەکی هەڵگرتبوو و خەباتی دەکرد. ڕژیم ناوی چەتەی بەسەردا بڕیبوو.) زۆربەی پەنابەرە پەڕەوازەکان لە ماڵی ئەوان خۆیان گرتبۆوە و هەمیشە ئاگای لە باری ژیان و گوزەرانی ئەو خەباتکارانە بووە. هەروەها زۆر بەباشی باسی

شێخ حیسامەددینی دەکرد کە ماوەی دوو مانگان لەماڵەکەیاندا شاردبوویانەوە و لەگەڵ پیاوەکانی خۆی ڕەوانەی باشووری کردبۆوە.

پاش داخستنی ڕۆژنامەی مەردم منیش لەلایەن کومیتەی ناوەندی بۆ سەروسامان دان بە ڕیکخراوەی شپرێوی ئەیالەتی بەرێکرامەوە کوردستان. ماڵێکمان لە تەورێز بە نیوەنهێنی گرتبوو. بڕیارمان دابوو مامۆستاش بهێنینە لای خۆمان. کە هات و حەوتوویەک ماوە تاقەتی سەرمای تەورێزیی نەبوو و گەڕاوە تاران. بۆ ئەوەی کە پاش هاتنەوەی من بۆ کوردستان مامۆستا بەتەنیا نەبێ و پێویستیشمان بە کەسێک بوو وەک پەیک لە تاران، کاک ناسری شافعیمان دیاریکرد، کە هەر لە ماڵە کۆنەکەمانڕا ناسیاوی لەگەڵ مامۆستا هەبوو و هەر جارێکیش کە هاتبا تاران سەری مامۆستای دەدا. کاک ناسر زۆری خزمەت بە مامۆستا کرد و مامۆستاش گەلێک خۆشی دەویست؛ لەگەڵ ئەوەش کە دەچوومە تاران هەر جەمێک لە ماڵی براکانم دەبووم و پتر لەلای مامۆستا دەمامەوە.

مامۆستا ڕاوێژی دەمی خۆشبوو و لەگەڵ هەر مرۆڤێکی ناسیاو و نەناسیاو ئەوەندە بە ڕووخۆشی دەدوا کە کابرای بەرانبەری زوو هەستی خۆشەویستی دەبزوا. لە تاران ماوەیەکی من و کاکە ڕەزا لە گەڕەکی قولهەک هاوماڵ بووین و ماڵەکەش بڕیار وابوو نیوەنهێنی بێ. جاروبارە کە دەبووایە لەو ماڵە بمێنمەوە مامۆستام دەهێنا تا لە ماڵەکەی خۆی بەتەنیا نەمێنێتەوە. ڕۆژێک جگەرەی لێ بڕابوو. کوتم دەچم دەکڕم. کوتی منیش دێم با هێندیک پیاسەش بکەین ئیرە هەوای زۆر خۆشە. وەدەرکەوتین و لە بەرانبەری ماڵەکەمان کابرایەک جگەرەی دەفرۆشت و منیش زۆرجاران بەزەییم پێدا دەهات و جگەرەم لەو دەکڕی. کە چووینە لای، مامۆستا هێندێ قسەی خۆشی لەگەڵ کرد و کوتوپڕ بە زاراوەیەکی عەرەبی دەستی کرد بە قسە لەگەڵ کابرا. ماوەیەکی چارەگە سەعاتی یەکتریان دواند. من تێیان‌نەدەگەیشتم. بەس لە ئاخردا هەستم پێکرد کابرا زۆر بە شەرمەزاری دەڕوانێتە من. مامۆستاش هیچی نەدرکاند و هەر بە لەسەرەخۆیی بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. ئینجا کوتی:

ئەو کابرایە عەرەبی شیعەیە و بەسراوییە، من بە زاراوەی خۆیان دواندم و کابرا وەیدەزانی منیش هەر لە عەشیرەتەکەی وانم. هەواڵی گەلێک کەسیشی لێ

پرسـیم من هێندی کۆنە شـیووعیی بەسـراویم دەناسـی و خۆم بە خزمیان ناسـاند. کابـرا پێـی کوتـم کە تـۆ چی منی، منیش کوتـم کە نەوەی منـی. زۆر تەریق بۆوە و داوای لێبووردنی کرد و کوتی مامە وەڵڵاهی نەمزانیوە کە ماڵی نەوەی خەڵکی لای خۆمانـە، ئـەوە من و کابرای میوەفرۆشـی ئـەو بەریان داناوە کـە چاوەدێریی ماڵی نەوەکەت بکەین، پێی بڵێ ئاگای لە خۆی بێ.

هـەر ئـەوێ ڕۆژی ماڵەکەمـان چـۆل کـرد و من چوومە شـوقەیەکی تـر و کاکە ڕەزاش بۆ ماڵێکی تر. مامۆسـتا هەروەها پاش ئەم ڕووداوە گێڕایەوە کە شـارەزایی لە زاراوەکانی عەرەبی لە بەغداش بە فریای گەیشتبوو. کوتی کە حکوومەتی عێراق کونبەکـون لێمـان دەگـەڕا کە مـن و زەبیحـی بگرن و ڕەوانـەی ئێرانمـان کەنەوە. پـەڕەوازە و بێدەرەتـان بوویـن. مـن کورسـی و خوانچەیەکـەم پەیـدا کردبـوو و لەسـەر جـادە بۆیاخـم لە کەوشـان دەدا، کابرایەکی کوردی جاش منی ناسـیبۆوە و پۆلیـس هاتـن ڕەپێچکیان دام و بردیانمـە دایرەی پۆلیس. لەوێ ئەفسـەرێک هات و لێـی پرسـیم تۆ حەسـەنی قزڵجـی خەڵکی ئێـران و ڕاکردووی. بـە عەرەبییەکی تۆخ کوتـم ئـەوە شـێت بـوون. حەسـەنی چـی و مـن محەممـەدی بۆیاخچیـم و خەڵکـی فلانـە گونـدم. کوتـی وەڵڵاهـی بـەو عەرەبییـەوە کـە تـۆ قسـەی پێدەکـەی تاوانـە تۆمەتـی وەهـات لێبـدەن. بانگـی کابـرای جاشـی کـرد و وەبـەر زلـەی دا کـە بـۆ شـڵتاخ بەو عەرەبە بۆیاخچییە بەسـتەزمانە دەکەی. منیشـی بە دڵدانەوە بەڕێکرد و ڕزگاریم هات.

لـە ئاخـر چاوپێکەوتـندا دەیزانـی کە خەتەری هێـرش کردنی ڕژیم لەسـەریانە؛ دەگەڵـم باسـی کـرد و کوتـی من ئیتـر زۆر پیرم و بمگـرن لە مردن زیاتـر چارێکم نابـێ و بـۆ دوو ڕۆژ پتـر ژیـان حەیای خۆم نابەم. دیسـان داوام لێکـرد کە بێتەوە لای خۆمان. پێمکوت کە بە کۆڵیش بێ دەربازت دەکەم. پێکەنی و کوتی با سەرماکە بشکێ دێم. تاقەتی سەرمای تەورێزم نییە.

کە خەبەری گیرانی کومیتەی ناوەندیمان بیست، خەبەرمان دا بە ناسر کە بزانێ مامۆسـتا چی بەسـەرهاتووە. ناسـر چاوەدێریی ماڵەکەی کردبوو هەتا پیرێژنێک کە شـوقەیەکیان دابوویـە و ئاگای لـە خانووبەرەکـە دەبوو و پلیـکان و بەردەرگاکەی

خاوێن دەکردەوە و جاروبار کە ئێمە لەوێ نەباین کەلوپەلی بۆ مامۆستاش دەکڕی، لە ماڵ هاتبووەدەر. لێی پرسیبوو کە چ بەسەر مامۆستا هاتووە و پێی‌کوتبوو کە خودا غەزەبیان لێ‌گرێ بابەگەورەشیان بردووە.

ئیتر خەبەری مامۆستا نەبیسرا هەتا جارێک بەنهێنی چووبوومەوە تاران و چاوم بە مەلا ساڵحی ئیبراهیمی کەوت و بۆی گێڕامەوە کە توانیبووی بەهۆی ئیسلامی‌بوونییەوە لە سەرەمەرگی مامۆستادا جارێک سەردانی بکا. دەیکوت کە هێنابوویان لەسەر برانکارد ڕایانکێشابوو و زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا و ئەوەندەی لێ‌تێگەیشتبوو کە سڵاوی بۆ هەموو ناسیاوان ناردبوو و داوای گەردنئازایی کردبوو. دیارە هەرچەند ڕۆژێک پاش ئەم سەردانە کۆچی‌دوایی کردبوو.

بەمجورە دەفتەری ژیانی نووسەری مەزنی کورد لە بن دەستی جەللادەکانی ڕژیمی خومەینی‌دا پێچرایەوە و ئەدەبیاتی کورد شاسواری دەمبەپێکەنینی خۆی لە کیس‌دا،بەڵام هەتا کورد ماوە «پێکەنینی گەدا» وەک ئەستێرەیەکی گەشی گەنجینەی ئەدەبی کورد دەمێنێتەوە.

یادی بەخێر و ڕەوانی شاد و ناوی هەر زیندوو بێ.

## بیرەوەرییەکانی ئەمین‌لەشکر

میرزا قارەمانی ئیسفەهانی ناسراو بە «ئەمین‌لەشکر» ماوەی ٢٠ ساڵ لە دامودەزگای عەزیزخانی سەردار لە تاران کاری کردووە و هەندێ ئەرکی وەک «مستەوفیی نیزام»، واتە حیسابداری سپای بەڕێوەبردووە و دوای ئەوەی ئەمیرنیزامی گەڕووسی لەو وەزارەتە لابرا و نێردرایە موکریان بۆ ئەوەی هەمزاغای مەنگوڕ بەفێڵ بکوژێ، ماوەیەک بۆتە «وەزیری فەوائیدیعامە» لە دەرباری ناسرەددین‌شا. ئەمین‌لەشکر لە موکریان ڕوخسارێکی ناسراوی خەڵک بوو و بۆ ماوەیەکیش لە دەزگای وەلیعەهد لە تەورێز کاری دەکرد.

وا بیرەوەرییەکانی ئەمین‌لەشکر، کە شێوازی یادداشتی ڕۆژانەیان هەیە، لە تاران چاپ کراوە و من نوسخەیەکم لە کتێبخانەی «سواس»ی لەندەن چاوپێکەوت. لەو ماوە کورتەدا کە ٥٠ لاپەڕەیەکی کتێبەکەم خوێندەوە، چاوم بەناوی بۆکان نەکەوت، بەڵام سەبارەت بە سابڵاغ و ناوچەکەی گەلێک شتی تێدا نووسرابوو، کە بۆکانیشیان دەگرتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٢٥دا کە باسی ئامادەبوونی خۆی لە «دربخانه مبارکه»، واتە کاخی وەلیعەهد لە تەورێز دەکا دەنووسێ:

«میرزا قاسمی قازی تا کاتی نانی نیوەڕۆ لەوێ بوو و هەندێک باسی کاروباری سابڵاغ و سەیفەددین‌خانی کرد و لە دارایی و ماڵ و ئاسوودەیی قادرئاغا گەلێک دوا، کە گوایە ئەمڕۆ لەنێو خەڵکی موکریان‌دا لە هەمووان دەسڕۆیشتووتر و ئاسوودەترە و کوڕەکانیشی جگە لە خۆی، هەرکام سەروسامانێکیان هەیە... [شوێنی دوو وشە بەتاڵە و ئینجا نووسراوە] سەدراباد هی سەیفەددین‌خانە و زۆر تەعریفی گوندەکە و داهاتی مڵکەکانی سەیفەددین‌خانی کرد و دەیگوت هەموو ساڵێک دەهەزار تەغاری موکری حاسڵی مڵکەکانی سەیفەددین‌خانە، بەڵام خۆی بەوپەڕی لەچەری دژی... عەزیزوڵڵا (عیززەتوڵڵاخان) و فەڕڕوخخانی کوڕانی نەمر پاشاخانی موزەففەروددەولەش مڵک و ماڵیان هەیە و ئاسوودەن (ل ٢٥)؛

- مەلا حەمەدەمینی سابڵاغی چۆوە بۆ سابڵاغ (٢٥)؛
- ڕەسووڵئاغای موکری و قاسمئاغای کوڕی (٣٥)؛
- پۆستەخانەی موکری (٣٥)؛،
- عیززەتوڵڵاخان کوڕی نەمر موزەففەرودەدەولە، لەگەڵ شازادەخانمدا لە سابڵاغەوە هاتوون (٤٤)؛
- «کاکە چکۆلە» هات و باسی ئەوەی کرد کە ئەو نامەیەی وا سەبارەت بەو، بۆ «مقرب‌الخاقان ناظم‌المیزان»م نووسیبوو، جێی خۆی گرتووە. ناوبراو گەڕایەوە بۆ سابڵاغ (٥٧) و...

یادداشتەکانی ئەمین‌لەشکر سەرنجڕاکێشن و جوان نووسراون و جوانیش ڕێکخراون. زۆر وا هەیە لەنێو یادداشتەکاندا بابەتی دیکەی سەبارەت بە ناوچەی بۆکان و خەڵکەکەی هەبێ.

ڕوونکردنەوە: میرزا ئەبولقاسمی قازی باوکی نەمر سەیفولقوزاتی قازی کەسایەتیی مەزنی کوردستانە، بەڵام نەمزانی «کاکە چکۆلە» کێیە، لە کتێبەکەدا ناوی هەر بەو شێوەیە نووسراوە.[١]

١. «روزنامه خاطرات امین لشکر»، بەکوشش ایرج افشار و محمدرسول دریاگشت، نشر اساطیر، تهران، ١٣٧٨/ ١٩٩٩، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت

یەک لەو سەرچاوە بیانییانەی وا لە نووسینە کوردییەکانی سەبارەت بە کۆماری کوردستان (۱۹۴۶) باسی دەکرێ کتێبی بیرەوەرییەکانی مەئموورێکی دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکایە بەناوی «ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت»، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا لە عێراق و ئێران کاری کردووە و ئاشنای کێشەی کورد لە هەر دوو وڵاتەکە بووە.

ڕووزڤێڵت لە مانگی ئاوریلی ۱۹۴۶دا چۆتە سنە و پاشان سەقز، ئینجا لە مانگی دواتردا لە تەورێزەوە وەڕێکەوتووە و بە سەڵماس و ورمێ و شنۆ و نەغەدەدا تێپەڕ بووە تا گەیشتۆتە مەهاباد و لەوێ چاوی بە پێشەوا قازی محەممەد کەوتووە و سەری چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستانی داوە. ئینجا لەوێوە بە ڕێگای بورهاندا (؟) چۆتە بۆکان و پاشان گەیوەتە سەقز، کە لەوێ لە پادگان میوانی ژەنەڕاڵ هومایوونی بووە. کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سەر فارسی و لە لاپەڕە ۳۴۴یدا دەنووسێ «بە نێو بۆکاندا تێپەڕ بووین و گەیشتینە هێڵی بەرە»، واتە سەرا، کە سنووری نێوان کۆمار و سپای ئێران بووە. دیارە زانیاریی ئەوتۆ سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا نییە، بەڵام سەبارەت بە کۆمار و بارودۆخی سپای ئێران لە سەقز و سنە و بەتایبەت بۆچوونە سیاسییەکانی پێشەوا و ئەفسەرانی سپای ئێران و بەگشتی کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات لە لاپەڕەکانیدا زانیارییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ؛ ئاشکرایە دەبێ بە پارێزەوە سەیری ئەم زانیارییانە بکرێن لەبەروەی نووسەر لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا هەڵەی زەقی کردووە.[1]

---

۱. آرچیبالد روزویلت، «شوق آموختن»، ترجمه صهبا سعیدی، انتشارات اطلاعات، تهران ۱۳۷۱/ ۱۹۹۲، ۵۷۴ صفحه، فارسی.

**بیرەوەرییەکانی سەرتیپ عەلیئەکبەر درەخشانی**

لـە هـەر دوو ڕژیمـی شـایەتی و مەلایەتـیدا، کوردسـتان فێرگەی کاری سـپایی و ڕاهاتنی ئەفسـەر و کاربەدەستانی ئێرانی بووە و هەر دوو ڕژیمەکە ئەوی شەلات و چەقۆکێشـیان بـووە بەڕێیـان کـردوون بـۆ کوردسـتان و چـرای سـەوزی گرتن و لێدان و ئەشکەنجە و ئیعدامی خەڵکیان پێداون و لێیان ویستوون کەڵک لە ڕێبەران و سـەرۆکهۆزانی کـورد دژ بـە یەکتر وەربگرن و هەوڵ بدەن بە هەڕەشەوگوڕەشـە یـان بـە پلەوپایـە و هەندێک جاریش بە پووڵ و پارە سەرشـۆڕی خۆیانیان بکەن و لە کاتی پێویسـتدا بیانخەنە شـوێن خۆیان و شـەڕی کورد و خەڵکانی دیکەیان پێ بکەن.

سەرلەشـکر عەلیئەکبەری درەخشـانی یەک لە ئەفسەرە ئێرانییەکانی سەردەمی کۆماری کوردسـتان (١٩٤٦)ە. ئەو لە پۆسـتی ئوسـتانداری ئازەربایجانی ڕۆژاوا و هەروەهـا فەرماندەیـی لەشـکری ئازەربایجـاندا پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ کۆماری کوردسـتان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان هەبووە و بەشـێک بووە لەو پێکهاتە لەشکرییەی ئێرانییەکان بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ کۆمار و ڕێبەرانی و هەوڵی کەسـانی هاوپیشـەی ئـەو وەک جیهانبانـی، حەسـەن ئەرفەع، هووشـمەند ئەفشـار، وەرەهـرام و لە ژوور ئەوانەوە ڕەزمئارای ڕەئیسـی سـتادی ئەرتەش و شەخسـی شـا و ئاغـا لاوەکییەکانـی ئـەو، بوونـە هۆی تێکشـکانی لەگـەڵ کۆمـار و کوژرانی خەڵکانێکـی زۆر لـە ئازەربایجان و ئیعدامی ١٩ کەس لە ڕێبەران و هەڵسـووڕاوانی کورد لە سێ شاری مەهاباد، سەقز و بۆکان.

درەخشانی، کوڕەزای خان محەممەدخانی کەنگەرلوو لە گەورەپیاوانی نەخجەوان بووە کە دوای پەیمانی ساڵی ١٨٢٨ی تورکمانچای لە نێوان ئێران و ڕووسیای تزاری و دابڕانی نەخجەوان و شەککی و شیروان لە ئێران، هاتوونەتە ئێرانەوە و لە ناوچەی

نازلووچای ورمێ نیشتەجێ بوون (ل ٥٣).[١] درەخشانی یەک لە ئەفسەرە کۆنەکانی سپای ئێران و یەک لە دامەزرێنەرانی ئەرتەشی نوێی ئێرانە. ناوبراو زیاد لە سێ ساڵ لە سەردەمی ئەحمەدشای قاجار و ڕەزاشا و محەممەدڕەزاشای پەهلەویدا وەک ئەفسەری قەزاق، ئەفسەری ژاندرمەری و ئەفسەری سپا لە گیلان، کوردستان، لوڕستان و ئازەربایجان خزمەتی حکوومەتی ئێرانی کردووە و دووجاریش بە تاوانی جاسووسی کردن بۆ یەکییەتیی سۆڤیەت و بەرتیل وەرگرتن لە خەڵک (ل ٢٥٤)، لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە گیراوە؛ جاری یەکەم ماوەی سێ ساڵێک لە زینداندا ماوەتەوە و جاری دووهەم، کە ١٠ مانگ پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ [١٩٧٩]ی گەلانی ئێران بووە، لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا گیراوە و لە زیندانی ئێڤین لە کاتی لێپرسینەوەدا تووشی وەستانی دڵ هاتووە و مردووە.

کاری بەرچاوی درەخشانی تەسلیم کردنی پادگانی تەورێز بە هێزی کۆماری ئازەربایجان بوو بەبێ دەسکردنەوە (١٣٢٤/٨/٢٢ = ١٩٤٥)؛ هەر ئەوەش بوو بە خاڵی گرنگی ژیانی و بەو تاوانە بوو کە جاری یەکەم لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە گیرا و دادگایی کرا. لەو بڕگەیەدا درەخشانی فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان (ئەرتەش و پۆلیس و ژاندرمەری) لە تەورێز بوو و لە وتووێژ لەگەڵ پێنج هەواڵنێری ڕۆژنامەکانی تاران (بزرگ علوی، فروزش، شاهندە، کاتبی و جهانگیر تفضلی) کە لە ساڵی ١٣٢٤دا سەفەری تەورێزیان کرد،[٢] گوتبووی «ئەگەر دوو خاڵ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجاندا نەبووایە، هەموو ئێران دەبوونە لایەنگری حیزبەکە: سەربەخۆیی داخلی و زمانی تورکی» (ل ٤٥). ئەوە هەڵوێستێکی تەواو جیاوازە لە بۆچوونی کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندیی ئەو دەمی ئێران.

درەخشانی لە سەرەتای کاردا لە گیلان دژ بە هێزی جەنگەڵییەکان جەنگیوە و

---

١. گەرچی نەخجەوان ناوچەیەکی کوردنشین بووە، بەڵام ئەگەری زیاتر ئەوەیە کەنگەرلووەکان ئازەربایجانی بووبێتن.

٢. دەزانین ئەو هەواڵنێرانە دواتر چوون بۆ مەهاباد و لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەدیش وتووێژیان کرد. کورتەیەکی ئەو وتووێژە لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٤٦/١/١١)دا، بڵاوکراوەتەوە.

کەوتۆتـە شـوێن میـرزا کووچکخـان و خالـۆ قوربانی کـورد (ل ٦٠). پاشـان چۆتە ئازەربایجان و لە ورمێ دامەزراوە و یەک لەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە «چاوەدێری کردنی ناوچە کوردنشـینەکانی سـەر سـنوور» بووە (ل ١٦٢). سـاڵی ١٣٠٣/ ١٩٢٤، چۆتە شـاری شـنۆ و ماوەیەکیش لە سـابڵاغ ماوەتەوە کە دەڵێ شارەکە لەو ساڵەدا ٢ هـەزار ماڵـی تێدا بـووە (ل ١٨٠). ئینجـا بـە ڕێـگای «عیسـاکان»دا[1] بەرەو سـەقز ڕۆیشـتووە و لەسـەر ڕێگا، دوو سـەعات پێش ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی مانگی عەقرەب [ئابان]، نێوەڕاست مانگی پاییزی ساڵی ١٣٠٣ گەیشتۆتە بۆکان.

سەبارەت بە بۆکان دەنووسێ:

«بـۆکان قەسـەبچەیەکی بچووکـی گەلێک خاوەن سـەفا بوو و ماڵەکانی لەسـەر گردێـک هەڵکەوتبـوون [کـە دەبێ گردی قەڵای سـەردار بێ]. سـەرداری موکری، بە دەست تورکانی عوسمانی تیرەباران کرابوو، ئێستا کوڕەکەی لە قشوونی «سوڵتان»ی ئیفتیخـاری[2] و خاوەنملکـی دەوڵەمەنـدی ئـەو شـارۆچکەیەیە. سـاختمانێکی گەلێک عالی کە ماڵی ئەو بوو، لەسـەر بەرزترین شـوێنی گردەکە دروسـتکرابوو. نەفەرات [سـەربازەکان] لە کاروانسەراکان و ساحێبمەنسەبان [ئەفسەر و دەرەجەداران] لە ماڵی خەڵکدا نیشـتەجێ کران. شـوێنی منیان لە ماڵی جوولەکەیەکی خەڵکی هەمان شـارۆچکە دابین کرد. چارەکە سـەعاتێک دوای ئەوەی چوومە ماڵەکەوە، پێشکار و چەنـد کـەس لە کەسوکاری سـەردار هاتنە لام و بە تـکای زۆر داخوازیان لێکردم شـەو لـە ماڵـی ئـەوان بمێنمەوە. مـن ڕازی نەبـووم، بـەڵام پێداگریـی زۆری ئەوان مەجبـووری کـردم قبووڵـی بکـەم. لەبەروەی ڕێپێوانـی ئەو ڕۆژەمان لە سـابڵاغ بە دواوە بـە وڵاغـی کـرێ بـوو و خـاوەن وڵاغەکانیـش گەڕابوونـەوە بـۆ ورمێ، زۆر ڕێکوپێک و جێگەی ڕەزامەندی بوون. بەیانی ڕۆژی ٢٥ی عەقرەب [ئابان] لە بۆکان وەڕێکەوتین و دوای شەش فرسەخ چووینە ناو سەقزەوە» (ل ١٨٠ و ١٨١).

درێـژەی سـەفەری درەخشـانی لـە سـەقزەوە بـۆ سـنە و لوڕسـتان بـە دوای

١. عیساکەندی سەر ڕێگای بورهان
٢. دواتر هەر لە سەردەمی پەهلەویدا «سوڵتان» بوو بە «سەروان».

ئـەو یادداشـتانەدا دێ تـا ئەوەی دەگاتە مەسـەلەی لەسـەر کار لابـران و ١٨ مانگ زیندانی کرانی.

دوای ئـەم مەئموورییەتـەی، کاتـێ چـاوی بـە ڕەزاشـا دەکـەوێ و ڕەزاشـا دەبیسـێتەوە کـە درەخشـانی کەسـێکی ملهـوڕە و دەتوانـێ خەڵـک بڕووتێنێتـەوە، دەیکاتـە «بازڕەسـی مڵکەکانـی خۆی» لە گێـلان و مازندەران. ئەم فەسـڵەی کتێبەکە گەلێک سەرنجڕاکێشـە و دەریدەخا ڕەزاشـا چۆن بە زۆرداری مڵک وماڵی خەڵکی زەوت کردووە و بەناوی خۆیەوە تاپۆی کردوون. درەخشانی دەڵێ ٧ دەفتەرخانەی ئەسـنادی ڕەسـمی لـە مڵکەکانی ئـەودا دامەزرابوون بۆ ئەوەی مڵـک و ماڵی خەڵک بەخۆڕایی یان بە پووڵێکی کەم بەناوی «ذات اقدس شاهانه»وە سەبت بکەن و هەموو «ئەملاکی خالیسـەی دەوڵەت لە مازندەران و گورگانیش بە «ذات اقدس... فرۆشران» (ل ٢٦٦ ـ ٢٦٧).

دواتـر، درەخشـانی کـە لەو سـەردەمەدا پلەی سـەرهەنگی (کۆلۆنێلـی) هەبووە، دەبێتـە ئوسـتاندار و فەرمانـدەی هێزەکانـی ئازەربایجانـی ڕۆژاوا. لـەم بەشـەدا دژایەتی و ڕق و کینی خۆی دەرحەق بە کورد بەتەواوەتی دەردەبڕێ. ئەو لە زمان ڕۆژنامەکانـی تارانـەوە چەندەها جـار کورد بە «غارەتگەر، یەغماگەر و وەحشـی و ڕاهـزەن» ناودەبـا (ل ٢٨٨ تـا ٣٠٦) و دەڵێ سەرلەشـکر ڕەزمئارا ڕەئیسـی سـتادی ئەرتەش بە تێلگراف پێی گوتم «تاوەکوو چەند بەش لە عەشایر[ی کورد] سەرکوت نەکەی و لە دادگای سـەحرایی بە سـزای خۆیان نەگەیەنی، سەرکەوتوو نابی[!]» (ل ٣٠٠).

لاپەڕە ٣٠٧ تا ٣١٧ی کتێبەکە هەندێک هەواڵ و تێلگرافن سەبارەت بە کوردستان، بەتایبـەت مەهابـاد و پێشـەوا قـازی محەممـەد. تێلگرافەکان لە نێوان درەخشـانی و ڕەزمئارادا ئاڵوگۆڕ کراون. لەم بەشـەدا درەخشـانی لە هەندێک ڕووداو دەدوێ کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

ـ سریع القلم فەرمانداری مەهاباد [پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان] کەسێکی بێکەڵک و هیچ لەدەسنەهاتوو بوو؛

ـ قاتلانی سەرۆکی ئیدارەی ئاماری مەهاباد بەدزییەوە لە شاری‌دا دەگەڕان؛
ـ قەرەنی‌ئاغـای مامـەش نامەیەکـی بـۆ نووسـیوم و تێیـدا گوتوویەتی: سـەرتیپ هووشمەندی ئەفشار [فەرماندەی لەشکری کوردستان] هاتۆتە مەهاباد و داوای لـە کوڕەکـەم کـردووە نامەیەک بۆ دەوڵەت بنووسـێ و تێیدا بخـوازێ مەهاباد [چیتر عاید بە لەشکری ئازەربایجان نەبێ و] بخرێتە سەر لەشکری کوردستان؛ هەروەها کاغەزێک [بەخەڵک] مۆر بکا و بڵێ قازی محەممەد خائین بە دەوڵەتە، کوڕەکەشـم گوتوویەتی یەکەمیان کاری دەوڵەتە نەک ئێمە و دووهەمیش ئێمە خەیانەتێکمان بە قازی محەممەدەوە نەبینیوە»؛
ـ نامەیەکم بۆ قازی محەممەد و باوەڕپێکراوان (معتمدین)ی شار نووسی و گوتم هاتنی فەرماندەی لەشـکری ۴[ی کوردسـتان] بۆ مەهاباد هەڵە بووە و دەوڵەت بەباشی ئاگاداری نیشتمان‌دۆستی و دەوڵەتخوایی خەڵکی مەهاباد هەیە؛
ـ خەڵکـی مەهابـاد تێلگرافێکیـان لـە ڕێگـەی سـەدری قـازی نوێنـەری مەهاباد لە مەجلیسـەوە بـۆ سـەرۆک‌وەزیران و... نـارد و تێیـدا شـکایەتیان لـە سـەرتیپ هووشـمەندی ئەفشـار کـرد کە «هەزاران کەسـی مەحـو و بەدبەخت و حەبس کردووە و سـەرەڕای ئەوانەش هاتۆتە مەهاباد و داخوازی ئەوە بووە مەهاباد ببـێ بە بەشـێک لـە هێزەکانـی غەرب [ ئوسـتانی کوردسـتان]، ئێمەشـی بەوە تاوانبـار کردووە کە لایەنگری سـەربەخۆیی کوردیـن. ئێمە دژ بەوەین بکەوینە سەر هێزەکانی ڕۆژاوای ئێران [کوردستان] و گازندەشمان لەو فەرماندە خائینە هەیـە. محەممـەد قـازی لەلایەن خەڵکـی مەهابـادەوە، فەرهادی، کەرباسـیان و ئیمزای دیکە؛

لە تێلگرافی ڕۆژی ١٣٢٣/٦/٢٥ [١٩٤٤]ی درەخشانی بۆ ستادی ئەرتەش‌دا هاتووە: ڕووسـەکان پاسـگایەکیان لـە بـۆکان و یەکیشـیان لە [گوندی] سـەرا بەرەو سـەقز دامەزراندووە (ل ٣١٤). لە تێلگرافی ١٣٢٣/٧/٢ی درەخشانی بۆ ستادی ئەرتەشیش‌دا

هاتووە: «ئەو سیاسەتەی کە ١٠ کەستان داوە بە ئەمیر ئەسعەد[١] هەڵەیە... هەروەها هەڵسوکەوتی خراپی سەرتیپ هووشمەندی ئەفشار لەگەڵ سەرۆکعەشیرەکان بۆتە هۆی ئەوەی مەهاباد بەجێبهێڵن و بڕۆن... ئێستا سەرۆکهۆزەکانی هەرکی، مامەشی شنۆ و زەرزا لە شاری شنۆ کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ بچن مەهاباد بگرن، وا من چووم بۆ مەهاباد (هەمان لاپەڕە).

لە لاپەڕە ٣٣٩ بە دواوە تا ٥٥٦، باسی فەرماندەیی لەشکری ئازەربایجانە ڕاست پێش دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان؛ تەسلیمی پادگانی تەوریز بە هێزەکانی فیرقەی دێموکرات؛ چوون بۆ تاران؛ گیران و دادگایی کران و لەسەر کار لابران. بەشی کۆتایی کە بریتی بێ لە گیرانی درەخشانی لەلایەن ساواکەوە، هاوسەرەکەی و سەروبەرکەرانی کتێبەکە نووسیویانە. سەرجەم کتێبەکە بەشێکە لە پرۆژەی «تاریخ شفاهی ایران» کە لە زانستگەی هارواردی ئەمریکا بەڕێوە دەبرێ، بەڵام لە تاران چاپ بووە و هەر ئەوەش شوێنێک بۆ گومان لێکران بەجێدەهێڵێ. وەزارەتی ئیرشاد لە کاتی چاپ بوونی کتێبەکەدا (٢٠٠٦) بەدەست تاقمی ئەحمەدینەژادەوە بوو و کتێبی سیاسیی لەگوێن ئەم کتێبە بەبێ دەستێوەردانی ئەوان نابێ توانیبێتی لە چاپ بێتە دەرێ.[٢]

---

١. عەلیئاغای عەلیار.

٢. درخشانی، سرتیپ علیاکبر، «متن کامل خاطرات سرتیپ علیاکبر درخشانی از افسران پایەگذار ارتش جدید ایران (١٣٧٥ ـ ١٢٥٧)، فرماندە لشکر آذربایجان و استاندار آذربایجان غربی»، بەکوشش حبیب لاجوردی، طرح تاریخ شفاهی ایران مرکز مطالعات خاورمیانە، دانشگاه هاروارد، نشر صفحه سفید، تهران ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، ٦٠٧ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی قەسابی لوڕستان

سـپەهبود ئەمیر ئەحمەدی بە «ئەمیر قەسـابی لوڕسـتان» ناوی ڕۆیشـتووە، ئەویش بەهۆی ئەو جینایەتانەوە کە دەرحەق بە گەلی لوڕی کرد، بەڵام ئەو کردەوانەش کە لە کوردستان کردوونی کەمتر نەبوون لە «شاکار»ەکانی لوڕستان و بەو پێیە دەشێ سووک و سانا وەک قەسابی لوڕستان و کوردستان ناودێر بکرێ.

ئەمیـر ئەحمەدی پەروەردەی «مەدرەسـەی قەزاقخانە»ی تارانە و هەموو ماوەی تەمەنی لە پلەی «گرووبانی»یەوە تا سپەهبودی، وەک بەرزترین پلەی سپایی ئێران، لـە خزمەت حکوومەتی ڕەزاشـا و محەممەدڕەزاشـای پەهلەوی‌دا بـووە. پەیوەندیی ئەمیـر ئەحـمـەدی و ڕەزاشـا عەینوبیلـلا پەیوەندیـی ئایەتوڵڵا خەڵخاڵـی و خومەینی بووە، واتە هەر کات و ساتێ ڕەزاشا ویستبێتی ناوچەیەک و خەڵکێک سەرکوت بکا یان بە قەولی خۆی ئاژاوەیەک هێور بکاتەوە، ئەمیر ئەحمەدیی ناردۆتە سەریان.

بیرەوەرییەکانی ئەمیر ئەحمەدی لێواولێون لە پاساودان و پاکانە کردن بۆ خۆ و بـۆ ئـەو ڕژیمـەی کـە خزمەتی پێدەکـرد و بـەو پێیە لە گەلێـک شـوێن‌دا دوورن لە ڕاسـتی، بـەڵام سـەرەڕای ئەوانەش خوێنەر لـەم هەمووە دڵڕەقـی و بێ‌بەزەیی‌یەی ئەو وەک تاکەکەس و حکوومەتی ڕەزاشا وەک سیستەم، سەری سوڕ دەمێنێ و لە خۆی دەپرسـێ حکوومەتێک کە بۆ خزمەتی خەڵک دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گرتووە چـۆن دەتوانـێ لەگـەڵ هەمان ئـەو خەڵکە بەو شـێوە نامرۆڤانەیـە بجووڵێتەوە؟ ئایا بەهێـز کردنـی حکوومەتـی ناوەنـدی دەبێ بە ویسـت و ئاواتی خەڵک بـێ یان دەبێ ئـەم هەمـووە خوێنڕشـتن و وێرانییەی لە دوا بێ؟ ئەوەی ئەو و ڕەزاشـا لە ناوچە عەشـیرەتییەکانی ئێرانیـان کردووە، ئورووپایی‌یەکان لەگەڵ سوورپێسـتی خۆجێیی ئەمریکا و ئەمریکا لەگەڵ خەڵکی ڤیەتنامی نەکردووە.

ئەمیر ئەحمەدی یەکەم کەس بووە کە بە فەرمانی ڕەزاشـا «لەشـکری غەرب»ی پێکهێنـاوە و خـۆی وەک سەرلەشـکر فەرماندەیی کردووە. لەشـکری غەرب هەموو

کرماشـــان، کوردستان، ئیلام و هەمەدانی گرتۆتەبەر (ل ١٨٨ی بیرەوەرییەکان). لەو مەئموورییەتانەیدا لەگەڵ شابەختی، ڕەزمئارا، جیهانبانی، حەسەن ئەرفەع و ئەمیر تەهماسـبیدا هاوکاری کردووە کە دەسـتی هەموویان بە خوێنی کورد سوورە. «من لــە کاتـی فەرماندەیـی لەشـکری غەربدا لــە پشـت دەروازەی شـاری برووجێرد و هەمەدانەوە تا شوێنە سنوورییەکان، هەموویم لە «اشرار» پاک کردەوە» (ل ٢٧٠).

لە کتێبەکەدا، ئەمیر ئەحمەدی باسـی سـەفەری سـاڵی ١٣٠٤ [١٩٢٥]ی ڕەزاشـا بۆ ئازەربایجان دەکا و دەڵێ ئەمیر تەهماسـبی، سـمایلئاغای سـمکۆی بانگهێشـتن کردبوو بێ و لە بەر دەم سەربازخانەی سەڵماس چاوی بە سەردار سپە (ڕەزاشا) بکـەوێ.«... سـەردار سـپە بە هەڵـەی ئەمیر تەهماسـبی زانی، بەڵام خـۆی نەدۆڕاند هەندێک چاکوچۆنیی لەگەڵ سمکۆ کرد و گوتی هەندێک کارم پێتە کە دواتر باسی دەکەین... من و هاوڕێیانی دیکەی سەردار سپە ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتین، نەکا لەلایەن سـمکۆوە هێرشـمان بکرێتە سـەر...» (ل ٢٥٩). بەیانی ڕۆژی دوایی چووین بۆ سـابڵاغ (مەهاباد) و شـەوێک لـەوێ ماینەوە و ئینجا چووین بـۆ تەورێز (هەمان لاپەڕە). سـەبارەت بە سـەفەری ئەو ساڵەی ڕەزاشـا بۆ مەهاباد لە کتێبەکەدا هیچی دیکە نەگوتراوە.

دواتـر ئەمیـر ئەحمـەدی دەبێتـە فەرمانـدەی لەشـکری ئازەربایجـان و دەکرێتە مەئمـووری داکووژاندنی شـەڕ لە سەردەشـت. لە باسـی سەردەشـتدا دەنووسـێ خەڵکەکـەی ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدن هەموویان جلوبەرگی ئاوریشـمین لە بەر دەکەن (٢٧٠). کێشەی سەردەشت شەڕی پشدەرییەکانە کە دەڵێ شارەکەیان سووتاندبوو. «کاتێ گەیشـتمە مەهاباد شـەڕی تەنبەتەنی سپاییەکان لەگەڵ «شەڕەنگێزان» بوو» (هەمان)... «سەرۆکهۆزانی شکاک، مامەش، گەورک، مەنگوڕ، دێبوکری و هەموویانم بانـگ کـردن و گوتم هەرکامیان بە ژمارەیەک سـوارەی عێل و تایفەی خۆیانەوە لە سـابڵاغ ئامادە بن. ئەم عێلاتە نیشتمانپەرسـتی گەرموگوڕن و لە هەر پێشهاتێک[ی ئەوتۆ]دا، پێشبڕکێی یەکتر دەکەن. کاتێ هێزەکە ئامادە بوو، چووین بۆ سەردەشت... شــەڕ دەسـتی پێکرد... لـەو عەشـایرەی وا هـاوکاری ئێمەیان دەکـرد قەرەنیئاغای

مامەش بریندار بوو و کۆمەڵێک لە عەشایر کوژران و بریندار بوون... سەردەشتمان لـە دەسـتی پشـدەرییەکان دەرهێنـا. لە شـوێنی سەردەشـتدا قەسـەبچەیەکی نوێم دروسـتکرد و سـەربازخانەیەکی بەهەیبەتم بنیات نا... هەشـت مانگ لەوێ مامەوە (٢٩٤ ـ ٢٩٦)

ئەمیـر ئەحمـەدی ئینجـا دەگەڕێتـەوە بـۆ مەهابـاد و دەڵـێ: «تێلگرافـم کـرد بـۆ عومەرخانی شـکاک بێ بۆ مەهاباد... بە ٥٠ سـوارەوە گەیشـتێ... بەسەر گۆڕی ئەو ٨٠٠ ژاندرمەیەدا تێپەڕ بووین کە چەند ساڵ پێشتر سمکۆ ئەوانی لەگەڵ مەلیکزادەدا کوشتبوو... چوومە نێو شاری مەهابادەوە» (٢٧١ ـ ٢٧٢).

سەمەرە ئەوەیە عومەرخان لە ڕۆژی کوژرانی ژاندرمەکاندا لەگەڵ سمکۆ بووە، بەڵام ماوەیەکی کەم دوای ئەوە و تەنانەت پێش ئەوەی شۆڕشی سمکۆ تێکبشکێ، بە ٥٠ سوارەوە چۆتە خزمەت ئەمیر ئەحمەدی و بۆی دەچێتە شەڕی کوردی پشدەر و دواتـر دەنێردرێتە شـەڕەجەنگی سـمکۆش؛ فەرمـوو هەڵیبگرەوە! ئەوە خەسـلەتێکی ناسراوی عەشیرەتییە کە زۆرجار داری لە کوولەکەی ڕۆحی خەباتی کورد داوە.

دواتـر تێلگرافـی ڕەزاشـا دەگاتـێ کـە داوا لـە ئەمیـر ئەحمەدی دەکـرێ بچێ بۆ سـەڵماس کە لەوێ سـمکۆ دیسـان سـەری هەڵداوەتەوە، ئەویش دەسـبەجێ بەرەو ورمـێ و سـەڵماس وەڕێدەکـەوێ. «بیـرم لـەوە کـردەوە کـە بۆ سـەرکوت کردنی سـمایلئاغا هیچ چەکێک کاراتر نییە لە عومەرخان کە لە جنسـی خۆیەتی... کێشـەی بنەماڵەییشـی لەگەڵـیدا هەیـە»! بابەتـی سـەبارەت بـە «فیتنـەی دووبارەی سـمکۆ» لـە لاپـەڕە ٢٧٢ەوە تـا ٢٩٠ی کتێبەکـەی بـۆ تەرخـان کـراوە. لـەم بەشـەدا ئەمیـر ئەحمـەدی لـە عومەرخـان دەپرسـێ: «تا چەنـدە لەگەڵ منـی؟» لـە وەڵامدا دەڵێ: «تا پـای گیـان». بـە سـەرۆکانی دیکەی عێلی شـکاکیش دەڵێ سـمکۆم بۆ بگـرن، دەڵێن لەبـەرەوەی کـوردە بەڵێـن نادەیـن بیگریـن و بیدەینـە دەسـتت، بـەڵام دەیکوژیـن! ئەویـش دەڵـێ باشـە، بیکـوژن (٢٨٨ ـ ٢٨٩). ڕوون نییـە قسـەکانی تیمسـار چەندی ڕاسـت و چەندی خۆهەڵکێشـانە، بەڵام ئەگەر ڕاسـت بێ جێگەی بیرلێکردنەوەن و لـە ڕێگـەی هەڵسـەنگاندنی هەڵوێسـتی هەر ئـەو ڕێبەرانەوە دەزانیـن بۆچی خەباتی

نەپساوەی سەدە و ساڵانی کورد هێشتا بە ئەنجامێک نەگەیشتووە و ئێمە لە سەدەی بیست و یەکەمیش‌دا هەر بە ئاواتی حکوومەتێکی نەتەوەیی‌یەوەین. مامۆستا هێمن ڕاست دەکا کاتێ دەڵێ: «خەتای سواران نەبوو، پێش‌سوارەکانمان قورس و ناوەستان!»

ئەمیر ئەحمەدی دەنووسێ لە شەڕی سەڵماس لەگەڵ سمکۆدا سەدان کەس کوژران.

بەشێکی زۆری بیرەوەرییەکانی ئەمیر ئەحمەدی لە دەوری شەڕ لە لوڕستان دەگەڕێ و ئەو بەلایەی وا ئەو، لە دوو مەئموورییەتی جیاوازدا، بەسەر «اشرار»، واتە خەڵکی هەژاری لوڕی هێناوە لە باوەڕ بەدوورە، بەڵام کتێبەکە لە باسی کوردستان و موکریانیش خاڵی نییە، ئەوە بەشێکە لە نێوەرۆکی لاپەڕە ٣٩٨ی بیرەوەرییەکانی ئەمیر ئەحمەدی لەژێر سەردێری «موضوع استقلال کرد»:

«سەرهەڵدانی یەک‌لەدوای‌یەکی کوردان لاپەڕەی خوێناوی و دڵتەزێنی لە مێژووی سەدەکانی ئەم دوایی‌یەی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا و لوبنانی ڕەش کردۆتەوە...» (٣٩٨).

بەم بۆچوونەوە خوێنەر دەتوانێ بزانێ «موضوع استقلال کرد» لە ڕوانگەی ئەوەوە دەبێ چی بێ کە کردوویەتە بابەتێکی سەربەخۆ و لە لاپەڕە ٣٨٩دا ئەم عینوانەی پێ داوە. ئەمیر ئەحمەدی دەنووسێ:

«ڕەزاشا لیستەی ناوی سەرۆکانی کوردی ئێرانی لایەنگری سەربەخۆیی کوردی بە تێلگرافی ڕەمز بۆ ناردم و فەرمانی دا هەموویان بگرم بۆ ئەوەی هەودای پەیوەندیی لایەنگرانی سەربەخۆیی کورد[ی تورکیا] لەگەڵ ئێران بپسێ.» ئینجا چۆنییەتیی پیلانێک دەگێڕێتەوە کە دایڕشتووە، سەرەتا فەرماندەی هەموو پادگانەکانی ناوچەی بە نهێنی بانگ کردووە، لیستەی ناوی ئەو کەسانەی پێداون کە دەبووایە لە ناوچەی ژێر فەرمانی ئەواندا بگیرێن و پێی گوتوون بەدرۆ بە هەموو ئەو کەسانە بڵێن سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی بڕیارە بێ بۆ ئێرە و پێیان ڕابگەیەنن هەموویان لە ڕۆژی ١٩/١٠/ ١٣٠٩دا بچنە پادگانی شوێنەکەی خۆیان بۆ

ئـەوەی پێشـوازی لێبکـەن، ئینجا هەر لـەوێ بیانگرن! بەو شـێوەیە لە پرێکدا و بە ڕۆژێک هەموو ئەو ٢٥٠ سـەرۆکەی کورد تەنیا بەگوێرەی گومان لێکراوییەک یان بە حیسابی ڕاپۆرتی نەیارێک، گیراون و نێردراونەتە تاران، هەتا شەهریوەری ١٣٢٠ [لەسەر کار لابرانی ڕەزاشا] ماوەی ١١ ساڵ لە زیندان‌دا ماونەتەوە (٣٩٨ ـ ٣٩٩)!

لـە چەنـد لاپـەڕە دواتـردا ئەمیر ئەحمـەدی هەواڵی سـەرکوت کردنـی ڕاپەڕینی جوانڕۆیی‌یەکان (١٣٠٩) و شەڕ لەگەڵ «جافرەسوڵتان» دەداتە خوێنەر، کە بە قسەی ئەو، دەگاتە ئەنجامی هەڵاتنی جافرەسان بۆ عێراق (٣٩٥ ـ ٣٩٦).

لە لاپەڕە ٤١١ بەدواوە نووسـەری بیرەوەرییەکان هەواڵی ڕووداوەکانی شـەڕی دووهەمی جیهانی وهاتنی هێزی هاوپەیمانی سۆڤیەت وئینگلیز بۆ نێو ئێران ڕادەگەیەنێ و چەند ڕاگەیاندنی «ستادی جەنگ» و مەجلیسی شووڕای ئێران لەو پەیوەندییەدا دەخاتە بەرچـاوی خوێنـەر. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی یەکەم: «سـەعات ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٣ی شەهریوەری ١٣٢٠ هێزەکانی سۆڤیەت و ئینگلیز لە باکوور و باشوور و باشووری ڕۆژاواوە هاتوونەتـە نێـو ئێرانەوە؛ تەورێز، ورمێ، خۆی، میاندواو، مەهاباد، بناو، و کوێ و کوێی دیکەیان بۆمباران کردووە... خوراسـان، گورگان، مازندەران، گێلان و ئازەربایجانیشیان تا مەهابەد داگیر کردووە» (٤٢٥ ـ ٤٢٩).

نووسەر لەم قۆناغەدا چۆنییەتیی لەبەریەک چوونی ئەرتەشی ئێران، هەڵاتنی ئەفسەر و سەربازەکان و چۆڵ بوونی پادگانەکان ڕادەگەیەنێ کە میسداقی شێعرەکەی مامۆستا هەژارە کە دەڵێ «بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی/ بوو بڵاو ئەرتەشـی شاهەنشـاهی!» درێـژەی کارەکـەش دەگاتـە ئەوەی ڕەزاشـا بە هەمـوو یاڵ و کووپاڵییـەوە لە ٢٥ی شـەهریوەری ١٣٢٠ بە فەرمانی هاوپەیمانان ئیسـتیعفا دەدا و لە ئێران دەردەکرێ، ئینجا محەممەدڕەزاشای کوڕی دێتە سەر حوکم و قشوونی ئێران مەجبوور دەکرێ بکشـێتەوە دیوی باشـووری ئەم هێڵە کە لە بەری باکووری‌دا سـپای سـوور جێگر بووە؛ هێڵەکە بەو شوێنانەدا تێپەڕ دەبێ:

«لە قەسەبچەی شنۆ لە باشووری ڕۆژاوای ورمێوە بۆ حەیدەرئاباد و میاندواو لە باشووری گۆلی ورمێ و زەنجان و خورڕەم‌ئاباد لە باشووری بەحری خەزەر و بابول و

زیرئاب و سمنان و شارووود و عەلیاباد لە ڕۆژهەڵات» (٤٤٣). لەو قۆناغانەدا ئەمیر ئەحمەدی دەبێتە فەرمانداری نیزامیی تاران.

ڕادەی دوورەباوەڕی دیکتاتۆرییەتیی ڕەزاشا بۆ کەسانێک کە ڕاستەوخۆ نەیانبینیوەو هەستیان پێنەکردووە زەحمەتە بزاندرێ، بەڵام کتێبەکە لە چەند شوێندا ڕووی ڕاستیی بێبەزەیی و توندوتیژیی ڕەزاشا دەردەخا، ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەمیر ئەحمەدی ئەو دەم و دواتر لە سەردەمی کوڕی ڕەزاشاش‌دا بەشێک بوو لە دەسەڵات و تەنانەت دوای خانەنشینیش بوو بە سەناتۆری ئینتیسابی لەلایەن محەممەدڕەزاشاوە، هەر بۆیەش بەڕاشکاوی ڕەخنەی توند لە ڕەزاشا ناگرێ، بەڵام دیسانەکە، خوێنەر لە خوێندنەوەی هەندێک لاپەڕەی کتێبەکە و باسی توندوتیژیی ڕەزاشادا مووچڕک بە لەشی‌دا دێ و لەو جانەوەرە دڕندەیە دەترسێ. بەگوێرەی گێڕانەوەی نووسەر، ڕەزاشا لە قسەکردن لەگەڵ ئەفسەرانی پایەبەرزی سپادا جگە لە «پدرسوختە» و «پدرسگ» و «مادر...» هیچی پێنەگوتوون و هەر کات توورە بووبێ ئەفسەری وەبەر شەق و زللە داوە، دەرەجەی لەسەر شانی سەرلەشکر و سپەهبود هەڵکەندووە و خستوونییەتە زیندانەوە، لە ڕۆژی هاتنی سپای موتتەفیقین بۆ ئێران بە شمشێر بەربۆتە سەروسەکوتی دوو ئەفسەری پایەبەرزی خۆی و سەروگوێلاکی خوێناوی کردوون (٤٣١).

ئەوەی ڕەزاشا لەگەڵ سپەهبود و سەرلەشکری سپای خۆی کردوون، ئەوانیش لەگەڵ ئەفسەرانی خوارەوەتر و ئەوان لەگەڵ دەرەجەدار و سەربازی ئاسایی و هەر هەموو دامودەزگا سپایی‌یەکەش لەگەڵ خەڵکی ئاسایی‌یان کردووە. لە یەک ڕستەدا، لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشادا کەس نەبووە بە شێوەیەک لە شێوەکان کەرامەتی نەشکێ و سووکایەتیی پێنەکرێ، تەنانەت وەزیری دەربار و وەزیرەکانی دیکەی خۆی کە یان ئیعدام کران یان کەوتنە قوژبنی زیندانەوە.

دوای لابرانی ڕەزاشا لەسەر حوکماتی ئێران و کرانەوەی فەزای سیاسیی وڵات، خەڵکەکە نەفەسێکی ڕاحەتیان کێشا و توانییان بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ بە ئازادی قسە بکەن و بیروڕا دەرببڕن و بنووسن. ئەمیر ئەحمەدی دەڵێ: «لە ماوەی

مانگـی شـەهریوەر تـا ئابانی سـاڵی ١٣٢٠ [واتـە ٣ مانگی یەکەمـی دوای دەرکرانی ڕەزاشا]، سەرجەم ١٥٠ حیزب لە ئێران بنیاتنران» (٤٧٨). دیارە ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو بەندوبەسـتە بوو کە ڕەزاشـا لەسـەر ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی دانابوو، زمانی خەڵکـی قفـڵ کردبـوو و قەڵەمـی شـکاندبوو. پێکهاتنـی کۆمەڵـەی «ژ. ک» و حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش ڕاسـت دەگەڕێتەوە بۆ هەمـان ئـەو سـاڵانە و بۆشـاییەک لە نێوان لاچوونی ڕەزاشـا و ئەو سـاڵانەی کە محەممەدڕەزاشای کوڕی هێشتا بناغەی دیکتاتۆرییەکەی خۆی قایم نەکردبوو.

ئەمیر ئەحمەدی سەبارەت بە حاجی عەلی ڕەزمئارا دەنووسێ تۆمەتی نزیکایەتیی لە حیزبی توودەی ئێرانی پێوە بەسترا، بەڵام لە پۆستی فەرماندەیی تیپی کوردستاندا خزمەتەکانی جێگەی دەسخۆشی لێکردنن و لەو هەرا و بەزمەی شەڕ و ئاژاوەیەدا لیاقەتێکـی باشـی لـە خـۆی پیشـان دا [واتە خەڵکی باش سـەرکوت کـرد!] (٤٩٩). لە مەسەلەی ئازەربایجاندا دەنووسێ: «لە ماوەیەک پێشترەوە [واتە پێش ٢١ی ئازەری ١٣٢٥ و هێرشی ئەرتەش بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان]، کاربەدەستانی ئەرتەش تفەنگ و فیشەکیان دابووە ئاغاواتی نیشتمانپەرستی وەک زولفەقارییەکانی زەنجان و ئەسلەحەدارباشـی و یەمینی» (٥١٨). هەروەها سـەبارەت بە سەفەری پیشەوەری و هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی فیرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجـان بـۆ تـاران، کـە شـەهید حەمەحوسێنخانی سەیفی قازیشیان لەگەڵ بوو، دەنووسێ: «نیازی ئێمە لەو وتووێژ و هاتوچۆیانـە ئەوە بوو کە سـەرقاڵ بن [واتە ڕێبەرانی ئازەربایجان و کوردسـتان] تا ئەوەی سـپای سـۆڤیەتی لە ئازەربایجان بچنە دەرەوە و ئەو تاوانبارانە پشتیوانی لاوەکییان نەمێنێ» (٥١٧).

لـەو قۆناغـەدا ئەمیر ئەحمـەدی وەزیری جەنگی کابینەی قەواموسسـەڵتەنە بوو. گەرچـی ئـەو هەواڵانـەش وا لـە کتێبەکەدا سـەبارەت بە کوردسـتان و ئازەربایجان دەیـدا زۆریان ناڕاسـتن، بـەڵام هەندێک جار ناڕاسـتییەکە دەگاتـە لووتکەی تۆمەت هەڵبەسـتن و درۆی زەق کـردن: «لـە ئازەربایجـان و کوردسـتان کاربەدەسـتانی پیشەوەری و قازی محەممەد دەستیان دایە جینایاتی ترسناک و خەڵکانێکیان بەناوی

کۆنەپەرست و لایەنگری کۆنەپەرستییەوە کوشت و تاقمێکیان لە ئەفسەران و ئەفرادی نیزامی و ئاغاوات و بازرگانان کوشت» (٥١٣). هەمووان دەزانن کە لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری کوردستاندا تاقە کەسێک کە کوژرابێ «غەفووری مەحموودیان» بوو لە مەهاباد، کە ئەویش بەبێ ئاگاداریی حکوومەتی کوردی کوژرا و کاتێ پێشەوا هەواڵەکەی ژنەفت، بۆی گریا. ئەی کامەن ئەو قەتڵ و کوشتارانە لە کوردستانی هێمن و بێئاژاوە کە جەنابی تیمساری ئەرتەشی شاهەنشاهی دەفەرموێ؟

لاپەڕە ٥٢٢ی کتێبەکە بە هەمان شێوە پڕە لە درۆ و هەڵبەستراو سەبارەت بە بارزانییەکان و نەمران شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی و ئیعدامی پێشەوا و قازییەکانی تر.

کتێبەکە باسێکی ڕاستەوخۆی بۆکانی تێدا نییە، بەڵام لە چەند شوێندا کە هەواڵی مەهاباد ڕادەگەیەنێ بۆکانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە شەڕی پشدەرییەکاندا کاتێ سەرۆکهۆزەکانی ناوچەی بانگی مەهاباد کردووە و سوارەی لێخواستوون و بردوونی بۆ شەڕی سەردەشت و سەڵماس، یەک لەو سەرۆکهۆزانە مەزنی هۆزی دێبوکری بووە، هەروەها کاتێ ناوی هۆزەکان دەبا و دەڵێ ئەوە و ئەمە و هتد... واتە هۆزی دیکەی جگە لەوانیش لە لەشکرکێشانەکەدا بەشدار بوون و دوور نییە بەگزادەی فەیزوڵڵابەگیش بگرێتەوە.

یان لە دوو سەفەری ڕەزاشادا بۆ مەهاباد، کاتێ سوارەی عەشایر چوونەتە پێشوازی و بە شانازیی ئەوەوە ڕمبازێ و جلیتبازییان کردووە، گومان نییە دەبێ سوارەی عەشیرەتی دێبوکری، گەورک و بەگزادەی لای بۆکانیش بەشدارییان تێدا کردبێ.[1]

١. امیر احمدی، احمد، «خاطرات نخستین سپهبد ایران»، بەکوشش غلامحسین زرگری‌نژاد، موسسە پژوهش و مطالعات فرهنگی بنیاد مستضعفان و جانبازان انقلاب اسلامی، تهران ١٣٧٣/ ١٩٩٤، ٧١٦ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی سپەهبود ڕەزمئارا

لەو ئەفسەرە ئێرانییانەی وا ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیی کۆماری کوردستاندا بوون یەکیان «سەرلەشکر ڕەزمئارا»یە کە دواتر پلەی سپاییەکەی هەڵکشا و کرایە سپەهبود، واتە بەرزترین پلەی سپایی تا ئەو دەم.

پێش هەموو شت با ئەوە ڕوون بێتەوە کە لە مێژووی سپایی سەردەمی پەهلەوییەکانی ئێراندا بەناوی «ڕەزمئارا»وە باوکێک و سێ برای بە ئەسڵ شیرازی هەن، کە هەر چواریان ئەفسەری ئەرتەش بوون: محەممەد ڕەزمئارا لە سەردەمی ناسرەددینشای قاجاردا (١٨٤٨ ـ ١٨٩٦) ژیاوە. سێ کوڕی محەممەدیش بریتین لە حوسێنعەلی و حەسەن کە هەردووکیان سەرهەنگ (کۆلۆنێل) بوون و «عەلی» یان «حاجی عەلی» کە نووسەری ئەم بیرەوەرییانە بێ، کە لە سەردەمی ڕەزاشا (١٩٢١ ـ ١٩٤١) و محەممەدڕەزاشای پەهلەویدا (١٩٤١ ـ ١٩٧٩) گەیشتە بەرزترین پلەی سپایی ئێران و بوو بە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەش، لە کۆتاییدا گرووپی «فیدائیيانی ئیسلام» کوشتیان. هەر ئەم حاجی عەلییە «فرهنگ جغرافیائی ایران»ی لە ٢٠ بەرگدا نووسیوە کە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە جوغرافیای ئێران. کەوابوو، بابەتی ئەم وتارە، «حاجی عەلی ڕەزمئارا»یە.

ڕەزمئارا لە قوتابخانەی ئالیانسی فەرەنسییەکان و «مدرسه نظام مشیرالدوله» لە تاران دەرسی خوێندووە، ئینجا چۆتە خزمەتی سپا و قەزاقخانەوە، ماوەی سێ ساڵیش نێردراوەتە فەرەنسە دەرسی سپایی بخوێنێ. پاشان گەڕاوەتەوە ئێران و ساڵی ١٣٠١/ ١٩٢٢ وەک ئەفسەرێک لەگەڵ «فەوجی پەهلەوی»دا، نێردراوەتە شەڕی سمکۆ لە دەوروبەری سەڵماس. لەم بارەیەوە ڕەزمئارا دەڵێ: «لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ کورداندا بە شێوەیەکی سیحراوی ڕزگاریمان بوو، بەڵام لە شەڕی ڕۆژێک دواتردا کوردەکانمان شکاند و لە هەموو لایەک مرۆڤ و ئەسپ بوو دەکەوتن و عەشایر بوون کە دەبوونە خۆراکی مەرگ... جەنازەیەکی

زۆر لە مەیداندا کەوتبوون» (ل ٩ـ٣٧).

ڕەزمئارا، ماوەیەک ڕەئیسی ستادی ئەرتەش بوو، پاشان «حەسەن ئەرفەع» کرایە سەرۆکی ستادی ئەرتەش کە ڕەزمئارای خانەنشین کرد. ئەرفەع بەتەواوەتی لایەنگری سیاسەتی ئینگلیز بوو و ڕەزمئارا گومانی لایەنگریی سۆڤیەت و بەگشتی بیری چەپی لێدەکرا بە شێوەیەک کە محەممەدڕەزاشا بە «پیاوی ڕووسان»ی دەزانی (١٧٦).

هەر چۆنێک بێ، ڕەزمئارا گەلێک هەڵسووڕاو و لێزان بوو و سەرەڕای دژایەتیی شا و نەیارەکانی دیکەی، کاتێ قەواموسسەڵتەنە بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران، هێنایەوە سەر ئیشوکار و ڕاست ناردیە کوردستان. ئەوە سەردەمێکە کۆماری کوردستان دامەزراوە و ڕەزمئارا چۆتە چاوپێکەوتنی پێشەوا قازی محەممەد (ل ١٨٠).

کتێبی بیرەوەرییەکانی ڕەزمئارا لەلایەن کامبیزی کوڕی خۆی و کاوە بەیات لێکۆڵەر و مێژوونووسی ئێرانییەوە ئامادە کراوە و هەندێک بەشی هەر ئەوان خۆیان نووسیویانە. ئەوان [و لە ڕاستیدا کاوەی بەیات] لە لاپەڕە ١٨٣دا دەنووسن: «دەوری ڕەزمئارا لە گرتنەوەی ئازەربایجاندا گرنگ بوو. ناوبراو نەخشە و پلانی بەگژدا چوونی حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستانی کێشا و هێزەکانی سپای ئێرانی لە سێ قۆڵەوە ناردە سەر دوو حکوومەتەکە: قۆڵی نێوەڕاستمیاندواو بوو بە فەرماندەیی «سەرلەشکر هومایوونی» و دوو قۆڵەکەی دیکەش تەورێز و ئاستارا. هێزەکانی هومایوونی بەرەو مەهاباد چوون و هێزی دەوڵەت لە سەردەشت و بۆکان نیشتەجێ کران» (١٨٤).

ڕەزمئارا بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ماوەیەک لە فەرەنسە دەرسی خوێندبوو و لەگەڵ شێوەی ژیان و شێوازی حکوومەتی ڕۆژاواییەکان ئاشنا ببوو، هەروەها ئەگەر ئەو چاوەڕاوە ڕاست بێ کە دەگوترا لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران و یەکییەتیی سۆڤیەتیدا پەیوەندی هەیە، لەچاو ئەفسەرانی وەک ئەمیر ئەحمەدی و شابەختی و ئەمیر تەهماسبی، کە جگە لە نۆکەرایەتیی شا هیچیان نەدەزانی، هەندێک جیاواز بوو و

هەڵسەنگاندن و هەڵوێستی سەربەخۆتری هەبوو. سەرەڕای ئەوانەش ئێرانیچییەکی تەواو بوو و لەپێناو سەقامگیریی ئەرتەشی هەڵوەشاوەی ئێران دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هەوڵی زۆری دا، تەنانەت بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکانی هیچ سیودووی نەدەکرد لەوەی سیستەمی عەشیرەیی کە ڕەزاشا خەریکی تێدابردنی بوو، بژێنێتەوە. ئەو لەگەڵ ئەوەدابوو کە دەوڵەت هەڵوێستێکی هێمنانەتری لە بەرانبەر [سەرۆک]عەشایردا هەبێ و ئەگەر پێویست بێ، عەشایر چەکداریش بکا (١٩٣)! یەک لەو کارانەی کە لەم بوارەدا کردی بانگهێشتنی ٢٠٠ سەرۆکعەشیرەت بۆ تاران بوو لە کۆتایییەکانی مانگی شەهریوەری ١٣٢٧دا (١٩٤).

ڕەزمئارا لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتیی خۆی لە لوڕستان و کرماشان ملک و ماڵێکی زۆری پێکەوە نا و لەو کارەدا وەها زیادەڕۆیی کرد کە بە بەرتیل وەرگرتن و دادۆشین و چەوساندنەوەی خەڵک تۆمەتبار کرا و برایە دادگا، هەر بۆیەش لە بەشێک لە کتێبەکەدا لیستەی ملک و ماڵی خۆی نووسیوە، کە دیارە بۆ ئەوەی دیزە بەدەرخۆنەی بکا و بڵێ هەر ئەوەندەم ملک و ماڵ هەیە نەک زیاتر (١١٩ تا ١٢٢). بەرتیل وەگرتن و چەوساندنەوە بەتایبەت لە سەردەمی ڕەزاشادا بێدادی دەکرد و کەسیش نەیدەوێرا شکایەت لە ئەفسەر و کاربەدەستی بەرتیلخۆر بکا، لەبەروەی سەرۆک و فەرماندەی ئەویش لە خۆی خراپتر خەڵکی دەچەوساندەوە و پشتی ژێردەستەکەی خۆی بەرنەدەدا. ڕەزمئارا دەڵێ لە لوڕستان بووم کە تاقمێک لەلایەن دەربارەوە هاتن بۆ چاوپێکەوتنی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە و کاروباری نیزامیی ئێمە، سەرۆکی هەیئەتەکە هەر لە یەکەم ڕۆژ و پێش هەموو شتێکدا داوای بەرتیلی لێکردم (٩٢)!

سەرنجڕاکێشتر لەوە، کێشە و دووبەرەکی و دژایەتی و «باندبازی»یە لە نێوان ئەفسەرانی سپای ئێران و بەرپرسانی سیاسیی وڵاتەکەدا. هەر ئەفسەر و فەرماندەیەک لە پەیوەندیی سیاسەتمەدارێکدایە و ئەگەر خۆی ڕاستەوخۆ سەر بە دەوڵەتێکی بێگانە نەبێ وا هەیە ئەو سیاسەتمەدارەی وا ئاگای لێیەتی داردەستی وڵاتێکی ئورووپایی بێ. هەر ئەوەندەش کە باڵێک و لایەنێک دەگاتە سەرۆکوەزیری یان وەزارەت و فەرماندەیی ئەرتەش، ئیتر هاوبیر و هاوسەنگەرەکانی خۆی هەڵدەکێشێ و ئەوانی دیکە وەلا دەنێ. بە شێوەیەک کە کەس لە داهاتووی خۆی

دڵنیا نییە و بۆ مانەوە و تێدانەچوون و ئەوەی بای سیاسەت نەیبا و تەفروتوونای نەکا دەبێ سێبەری کەسێکی پایەبەرزی دەوڵەتیی بەسەرەوە بێ!

کتێبەکە بەگوێرەی عینوانەکەی دەبێ لە دوو بەشی «بیرەوەری و بەڵگەنامەکانی ڕەزمئارا» پێکهاتبێ، لە کاتێکدا دەبووایە ناوی «بیرەوەری، سەفەرنامە و بەڵگەنامەکانی ڕەزمئارا»ی لەسەر بووبا، لەبەروەی لە سەرجەمی ۵۷۴ لاپەڕەی کتێبەکە، تەنیا ۱۷۴ لاپەڕەی بیرەوەریی ئەون و لە لاپەڕە ۱۹۹ بەدواوە تا ۳۸۲ سەفەرنامەی سەفەری ساڵانی ۱۳۰۲ ـ ۱۳۰۴یەتی بۆ فەرەنسە. فەسڵی پێنجەمی کتێبەکە ۱۴ لاپەڕەیە و کاوەی بەیات نووسیویەتی، ۱۹۰ لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکەش بەڵگەنامەکانن کە پێکهاتووە لە:

ـ کۆپیی هەندێک فەرمان، وەک فەرمانی سەرۆکوەزیری ڕەزمئارا لەلایەن شاوە؛

ـ ۷ نامەی ئەشرەفی پەهلەوی، خوشکی شا بۆ ڕەزمئارا، کە لە خوێندنەوەیاندا هەست بە کەینوبەین و ئەویندارییەک لە نێوانیاندا دەکرێ. دیارە ئەشرەف لەو کارە خێرانەی زۆر کردووە و زانیویەتی لەگەڵ کێ بیکا! ڕەزمئاراش هەر لە سەردەمی لاوییەتییەوە تا ئەو دەمەی کە بوو بە سەرۆکوەزیر هەرگیز دۆخینەکەی نەبەستەوە و لە سەرەتای کتێبەکەدا بە شێوەیەک باسی عەیاشی و ڕابواردنی خۆی لەگەڵ ژنان دەکا کە کوڕەکەی و کاوەی بەیات بەشێکیان قرتاندووە و لە دوو شوێندا (لاپەڕە ۲۳ و ۲۵) نووسیویانە «بەشێک لەم ڕوونکردنەوانە قرت کران»؛

ـ قانوونی ئەساسیی ئێران؛

ـ وەسیەتنامە؛

ـ چەند وێنە، کە بەشێکیان لە لوڕستان و کرماشان و یەکیان بە جلی کوردییەوە لە سنە کێشراون؛

ـ بابەتی سەبارەت بە بۆکان و ناوچەی موکریان و کەسایەتییەکانی لە کتێبەکەدا زۆر نییە و هەر ئەوانەن وا لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا.[۱]

---

۱. رزمآرا، سپهبد حاج عەلی، «خاطرات و اسناد سپهبد حاج علی رزمآرا»، بەکوشش کامبیز رزمآرا و کاوه بیات، انتشارات شیرازه، تهران ۱۳۸۲/ ۲۰۰۳، ۵۷۳ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی چەند کەسایەتیی سەردەمی پەهلەوییەکان (١٩٠١-١٩٧٩)

لە ماوەی دووسێ مانگی ڕابردوودا چەند کتێبی بیرەوەری سەردەمی پەهلەوییەکانم خوێندۆتەوە و لە نێویاندا بۆ مەسەلەی کۆماری کوردستان (١٩٤۶) و هەواڵی ناوچەی موکریان و ڕووداوەکانی بۆکان گەڕاوم. ڕەنگە بۆ خوێنەر سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم هیچی وام لێ دەستنەکەوتوون! ڕاستییەکەی ئەوەیە کاربەدەستانی حکوومەتی پەهلەوییەکان وەها گیرۆدەی کێشەی نێوخۆیی لەگەڵ یەکتر و کۆکردنەوەی پووڵ و پارە و نۆکەرایەتیی ئەم یان ئەو وڵاتی ڕۆژاوایی بوون کە خەڵکی شار و شارۆچکەکانی ئێران، بەتایبەت شوێنی دوورەدەستی وەک کوردستانیان هەر بە بیریشدا نەهاتووە تا بگاتە ئەوەی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیاندا شەش دێڕی بەکاکڵی لەسەر بنووسن. دیارە کوردستان پێگەی سەرەکیی هەڵکشانی پلەوپایە و دەرەجەی ئەفسەران بووە و هەر کەس هاتبێ و لەوێ خەڵکی باشتر چەوساندبێتەوە و کوشتبێتی، لە گەڕانەوەی تاراندا پلەی چۆتە سەرێ و دەرەجەی بەرزتری دراوەتێ.

لای «ئەفسەرانی ئەرتەشی شاهەنشاهی» و بەگشتی هەموو سیستەمی حکوومەتیی پەهلەوی لە کوردستان و لوڕستان و ناوچە دوورەدەستەکانی سەر سنوور یەک دیاردەی سەرەکی و گرنگ هەبووە: هێمنایەتی و بێدەنگ بوونی خەڵک و ناوچەکە بۆ ئەوەی بتوانن پایەی حکوومەتی خۆیان پتەوتر بکەن و بێهەستوخوست خەڵک بڕووتێننەوە. جا لە هەر کوێیەک ناڕەزایەتی و ڕەخنە لە خەڵکەوە وەبەرچاو هاتبێ، دەسبەجێ هەڵیانکوتاوەتە سەریان و بەناوی چەتە و شەڕانی و شەڕەنگێز و ئاژاوەچی و دوژمنی ئاسایش و پێشکەوت و پیاوی بێگانە و کۆمۆنیست، بەتایبەت بەتاوانی جیاوازیخوازییەوە شەڕیان بەسەردا داسەپاندوون، گرتوویانن و کوشتوویانن، ئینجا بە شانازییەوە میداڵیا و نیشانی قارەمانییان لە سینگ دراوە و پلەیان چۆتە

سـەرێ و بەشـی زیاتریـان لـە تالانوبـڕۆی ماڵـی خەڵـک پێگەیشـتووە. زۆرجاران تەنانـەت بنەماڵـەی ئـەو کەسـانەش وا کەوتوونەتـە بـەر پەلامـاری مەئموورانـی حکوومەت شاربەدەر کراون یان لە زیندان خراون و وا بووە بۆ چاوەترسێی خەڵک ئیعدامیش کراون!

لەلایەکـی تـرەوە، دوای پەیدابوونـی نـەوت لـە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاسـت، ڕۆژاواییەکانیـش وەربوونەتـە ناوچەکـەوە، بەڵام ئەوان تەنیـا چاویان لە نەوت و بازاڕی فرۆشتنی کەرەسەی خۆیان لە ئێران بووە و جگە لە چەکدارکردنی حکوومەتی ناوەنـدی بـە هەمـوو چەکێکـی کۆمەڵکـوژی، کاریـان بەسـەر چەوسـانەوەی خەڵک لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوە نەداوە و تەنانەت لێیان بوونەتە شەریکەدزیش.

دزی و بەرتیل وەرگرتن و چەوساندنەوەی خەڵکی ئێران لەلایەن کاربەدەستانی حکوومییـەوە، بەتایبـەت لـە ناوچەکانـی دوور لـە پێتەخـت، لـە سـنوور و واقیـع و تەنانەت نەقڵ و حیکایەت دەرچووە و زیاتر لە ئەفسانە دەچێ: حەوت دەفتەرخانەی ئەسنادی ڕەسمی تەنیا لە باکووری ئێران کاریان بۆ ئەوە کردووە ئەو ملک و ماڵانە بەناوی ڕەزاشاوە تۆمار بکەن کە بەزۆر و بەخۆڕایی یان بە نرخێکی نزیک بە هیچ لە خەڵکەکەی دەسـەندن (بیرەوەرییەکانی سـەرتیپ درەخشانی، ل ٢٦٦). ڕەزاشا کە خـۆی وا خەریکی گردوکۆی سـامان و چەوسـاندنەوە بوو، «هەمـوو فەرماندەکانی خۆشـی دەوڵەمەنـد کـردن، بێئـەوەی لـە گیرفانـی خـۆی قڕانێـک خـەرج بـکا... بۆ نموونە، سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی چوار ساڵ لە کوردستان مایەوە و دوای ئەوەی بەنـاوی «فاتـح غـرب»ەوە گەڕایـەوە تـاران، ئەوەندەی «زێـڕ» لەگەڵ خـۆی هێنابوو کـە بـە بەشـێک لە پووڵی ئەو زێڕانـە ٥٠٠ ماڵی لە دەوروبەری مەیدانی حەسـەناباد کڕی!» (بیرەوەرییەکانی ئەرتەشـبود فەردووسـت، بەرگی ١، ل ٦٢). سپەهبود حاجی عەلـی کیـا ٢٥٠٠ هیکتـار زەوی لـە «ئەیوان کـەی» نزیک تـاران و ٢٠٠ هیکتار باغی پسـتە و ٥٠ هیکتـار باغـی هەنـاری تەنیـا لـە نزیک تـاران هەبوو، ئەوانـەش جگە لە دەیـان کۆمپانیـای زەبەلاحی بازرگانی (بیرەوەرییەکانی سـپەهبود حاجی عەلی کیا، ل ٨٧ تا ٨٩). سـپەهبود ڕەزمئارا لە ماوەی دەسـەڵاتدارییەتی خۆی لە لوڕسـتان و

کرماشان ملک و ماڵێکی زۆری پێکەوە نا و لەو کارەدا وەها زیادەڕۆیی کرد کە بە بەرتیل وەرگرتن و چەوساندنەوەی خەڵک تۆمەتبار کرا و برایە دادگا... (ل ١١٩ تا ١٢٢).

کار تەنیا بە گەندەڵی و گردوکۆی پووڵ و پارە ڕانەدەوەستا، نۆکەر بوون بۆ پەیڕەوکرانی سیاسەتی بێگانە بە تان‌وپۆی ڕژیمەکەدا گەڕابوو. زۆر بنەماڵەی کاربەدەستی باڵای ئێرانی وەک «عەلەم» و «جەم» و «ئەرفەع» و «قەوام» و «فرووغی» و «مەنسوور» داردەستی سیاسەتی ئینگلیز و کەسانی وەک «دوکتۆر ئەمینی» و «ئەردەشێری زاهیدی» نۆکەری ئەمریکا و خەڵکی وەک «مەتین دەفتەری» و شەخسی ڕەزاشا لایەنگری ئاڵمان بوون. ڕەزاشا «تەیموورتاش»ی وەزیری دەرباری خۆی بە تاوانی جاسووسی بۆ یەکییەتیی سۆڤیەتی ئیعدام کرد؛ سپەهبود ڕەزم‌ئارای ڕەئیسی ستادی ئەرتەش و سەرۆک‌وەزیری شا بە لایەنگری کردنی سۆڤیەت تۆمەتبار کرا؛ سەرتیپ درەخشانی هەر بەو ناوە موحاکەمە کرا و سێ ساڵ زیندانیی پێدرا؛ درەنگتریش لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧دا بە هەمان تاوان گیرا و لە کاتی لێپرسینەوەدا سەکتەی کرد و مرد.

لەژوور هەموو ئەو دز و تاڵانچییانەوە، خودی ڕەزاشا بووە کە بە یارمەتیی ئایرون ساید و ئەردەشێر جی ڕیپۆرتر و بەکورتی لەلایەن سیاسەتی بریتانیاوە هاتە سەر حوکم، بەڵام دواتر بە لایەنگریی ئاڵمانیا ویستی جووتە لە هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی بوەشێنێ، ئینجا دوای هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران، لە ١٥ی شەهریوەری ١٣٢٠ (١٩٤١)دا لە ترسی ئەوەی بکەوێتە دەست سۆڤیەت، بە هەموو کەس‌وکارییەوە چوو بۆ باشووری ئێران و لەوێشەوە بە فەرمانی هاوپەیمانان لە ئێران چووە دەرەوەی وڵات و کوڕەکەی کرایە جێگری. هەر ئەم کوڕەش کە ئەوان لە ١٩٤١دا هێنایانە سەر حوکم، ئەمریکایی‌یەکان لە ١٩٧٩دا لە ئێرانیان دەرکرد و خومەینییان بە تەیارەی تایبەتیی «ئەیر فڕانس» هێنا و لەجێی ئەویان دانا. ئەوە کورتە مێژووی سیاسەتی سیاسەتمەدارانی ئێرانە لە سەدەی بیستەمدا؛ جا ئەو چەتە و دزانە نیشتمانپەرستن و کوردی هەژار نیشتمانفرۆش!

دەرباری شـا بەتایبەت لە سـەردەمی پەهلەویی دووهەمدا ناوەندی عەیاشـی و ڕابواردنـی خـۆی و کەس‌وکار و دەوروبەرەکەی بووە. شـەرحی ڕابواردنی شـا و خوشـک و براکانی و هەروەها دەسـتوپێوەندی وەک «عەلەم»، لـە بیرەوەرییەکانی عەلەم و فەردووستدا بەباشی دەردەکەوێ. سپەهبود حاجی عەلی کیا سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسـیی نێوان محەممەدڕەزاشـا و ئەرتەشـبود فەردووست دەنووسێ: «ڕەزاشـا بە سـولەیمان بێهبوودی (سەرپەرشـتی کاروباری کاخی شـا)ی گوت ئەم کوڕە (واتە حوسێن فەردووست) لە کاخ وەدەربنێن، نێوقەدی کوڕەکەمی پسانددووە!» (بیرەوەرییەکانـی سـپەهبود حاجـی عەلی کیا، ل ١٥٣). ئەردەشـێری زاهیدی (زاوای شـا و باڵوێـزی ئێـران لە ئەمریکا) لقێک لـەو دەربارە پیس و پۆخڵـەی بردبوو و لە باڵوێزخانـەی ئێـران لـە ئەمریکا دابنابوو! ئەوانەی خوارەوە قسـەی کەسـێکی نزیک بە محەممەدڕەزاشـا و دەرباری ئەون سـەبارەت بە زاوازێڕینەی شـا: «ئەردەشێری زاهیـدی لـە ئەمریـکا قاچاخچییەتـی و کاری پیسـی دەکـرد... بێئابڕوویـی دەکـرد، [ژنـە] ئارتیسـتی دەبـرد بـۆ سـەناتۆرە ئەمریکایی‌یـەکان، ئـەوە خانـم بردنـە ئیتـر! دەورودووکانـی تریاک کێشـانی لـە باڵوێزخانەکەدا کردبۆوە، زۆر پیسـە، زۆر زۆر پیسە...» (بیرەوەرییەکانی سپەهبود حاجی عەلی کیا، ل ١٩٢ تا ١٢١).

من لە خوارەوەدا هەندێک ئاماژەی دوور و نزیکی نێو کتێبە بیرەوەرییەکانی ئەو چەند کەسەی سەرەوە بە مەسەلەی کورد و کۆمار و بۆکان (ئەگەر هەبێ)، دەخەمە بەرچاوی خوێنەر، ئەگەریش بابەتی سەبارەت بە ناوچەکەیان تێدا نەبوو هەندێک خاڵی گرنگیان لە پەیوەندیی سیاسەتی گشتیی ئێراندا لێڕادەگوێزم، بەڵام با لەپێش‌دا ئەم ڕاستییە ڕابگەیەنم کە زۆربەی زۆری ئەو کتێبە بیرەوەرییانەی من خوێندوومنەتەوە لە ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا چاپ کراون، بەو بۆنەیەوە جێی پەنجەی سانسۆر و چاوەدێریـی وەزارەتـی ئیتلاعـات و ئیرشـادیان پێوەدیـارە و خوێنـەر ناتوانـێ بـە متمانەوە سەیریان بکا. لە هەندێک شوێن‌دا دەستێوەردانەکە ئەوەندە ئاشکرایە کە لە کەڵەگایی کردن لە خوێنەر دەچێ، بەڵام چارە چییە دەسەڵات بەدەست ئەوانەوەیە و لەوەندە زیاتریش لەو دەسەڵاتە چاوەڕوان ناکرێ.

**بیرەوەرییەکانی جەهانگیر تەفەززولی**

من ئەم کتێبەم بۆیە خوێندەوە کە بزانم هەواڵی سەفەری مەهاباد و چاوپێکەوتن و وتووێـژی خـۆی و ٤ ڕۆژنامەنووسـە تارانییەکـەی دیکـەی لەگـەڵ پێشـەوا قازی محەممەد تێدایە؟ دەزانین تەفەززولی و بوزورگی عەلەوی و سـێ ڕۆژنامەنووسـی دیکە لە تارانەوە چوون بۆ تەورێز و مەهاباد بۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەسەر حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بنووسن. کورتەیەکی هەواڵی چاوپێکەوتنی ئەو ڕۆژنامەنووسـانە و پرسـیار و وەڵامەکانیان لەگەڵ پێشەواش لە ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهابادا بڵاوکراوەتەوە.

بەداخـەوە دەبێ بڵێـم کتێبەکـە گەرچی بەکورتی باسـی سـەفەری ئەو کەسـانە بـۆ تەورێـز و چاوپێکەوتنـی پیشـەوەری دەکا، بـەڵام زۆر یـان کەم هیـچ هەواڵێکی سەفەری مەهابادی تێدا نییە.[١]

١. تفضلی، جهانگیر، «خاطرات جهانگیر تفضلی»، بەکوشش یعقوب توکلی، چاپ دفتر ادبیات انقلاب اسلامی، تهران ١٣٧٦/ ١٩٩٧، ٢٤٦ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی سپەهبود حاجی عەلی کیا

کیا یەکێک بووە وەک بەشیر موشیری ئێمە، خەیاڵاوی و هەندێکیش دەست بەقەڵەم، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو، دز و پارەپەرست و دەوڵەمەند. کتێبێکی نووسیوە کە لە «سیپارەی خۆشبەختی»یەکەی «ئوستاد»، واتە بەشیر موشیر دەچێ و لای وایە وەڵامی هەموو پرسیارێکی سیاسەتی ئێران و جیهان لەو کتێبەدایە! هەروەها ڕێکخراوێکی بەناوی «کوک» دروستکردووە کە تەواو وەک ڕێکخراوی ماسۆنی دەچێ و دەڵێ لەوێدا هەموو ئوستاندارەکانی ئێران ئەندام بوون و وەک «برا»ی یەکتر وابوون ( ل ٦٥). ئەوە هەڵبژاردەیەکی قسەکانی سپەهبود کیایە:

«... دوای کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق، محەممەدڕەزاشا گەلێک لە خۆی دەترسا و نیگەرانی ئەوە بوو ئەویش بکوژن (ل ٦٦)... مەلەکەی بریتانیا لەقەبی «سێر»ی خەڵات کردووم [خەڵاتی سپەهبود کیا] (٦٨)... نوێنەری ڕەزمئارا لەو ستوونەدا کە دەچوو بۆ ئازەربایجان گوتی ئەو تەرەسە (مرتیکەیە) هەر ڕۆیشتووە و خەڵکی ڕووتاندۆتەوە (٧٣)... میللەت هێشتا شعووری نییە بزانێ کە دەتوانێ خاوەنی دەنگ بێ (٩٠)... کێنێدی سەرۆککۆماری ئەمریکا گوشاری خستە سەر محەممەدڕەزاشا بۆ ئەوەی دوکتۆر عەلی ئەمینی بکاتە سەرۆکوەزیر (٩٤)... شا، لەسەر داواکاریی ئەمینی مەجلیسی بیستەمی هەڵوەشاندەوە (٩٦)[1]... ڕێکخراوی «کوک» یارمەتیی سەرکەوتنی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی دا (١١٧)... سەرۆکهۆزەکان دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ دەهاتنە لای شا و سپاسی منیان دەکرد (١١٧)... ئێمە [واتە ڕێکخراوی کوک] سازمانی ئەفسەرانی حیزبی توودەمان کەشف کرد. ئێمە زانیاریمان دەدایە حکوومەت نیزامیی تەیمووری بەختیار و ڕوکنی ٢ی ئەرتەش (١٢٤)... من ڕەئیسی کوللی مەرزبانیی ئێران بووم و تەیمووری بەختیار

١. لە مەجلیسی بیستەمدا کە تەنیا چەند مانگ دەوامی کرد، عەبدوڵڵائاغای ئێلخانیزادە نوێنەری بۆکان بوو. ئەگەر هەڵە نەکەم ئەو دەم بۆکان لەگەڵ مەهاباد و سەردەشت تەنیا یەک نوێنەریان هەبوو.

مەرزبانـی ماکـۆ بـوو (١٣٤)... تەرحـی دروسـتکردنی «سـاواک» ئەمریکاییـیەکان دایانڕشـت (١٣٥)... کێنێـدی گوتبـووی مـن ڕقـم لـە قیافـەی شـایە (١٣٦)... بەختیار پیاوکوژ بوو... سـپەهبود نیعمەتوڵڵا نەسـیری سـەرۆکی سـاواکی ئێران بێشعوور بوو و پێیان دەگوت «نیعمەتگەچە» یان «کەللەگەچی»؛... ئەرتەشبود ئاریانا شێت و بێعەقڵ بوو[1] (١٤٧).[2]

١. نووسەر بە هەمان شێوە باسی ئەفسەرانی دیکەی سپای ئێرانی کردووە وەک سپەهبود وسووق (وثوق)، ئەرتەشبود هیدایەت و سەرلەشکر زاهیدی.
٢. کیا، سپهبد حاجی علی، «خاطرات سپهبد حاجی علی کیا»، بەکوشش حبیب لاجوردی، طرح تاریخ شفاهی ایران، دانشگاه هاروارد، نشر زیبا، تهران ١٣٨١/ ٢٠٠٢، ١٦٨ صفحه، فارسی.

**بیرەوەرییەکانی ئەرتەشبود فەردووست**

فەردووسـت هاوپـۆل و هاوڕێـی سـەردەمی منداڵـی تا پیریـی محەممەدڕەزاشـا و جێگەی متمانەی زۆری دەربار بوو. دواتر گوترا کە فەردووست لە ئێران ماوەتەوە و هاوکاریی کۆماری ئیسـلامی کردووە. کتێبی بیرەوەرییەکانیشـی لەلایەن وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێرانەوە چاپ کراوە و جێگەی متمانە نییە، بەڵام هەندێک هەواڵی سیاسیی ئێرانی تێدایە:

«تەیموورتاش وەزیری دەرباری ڕەزاشا تۆمەتی جاسووسی کردن بۆ یەکییەتیی سـۆڤیەتی لێـدرا. ڕەزاشـا، گرتـی و پاشـان ئیعدامی کـرد (ل ٢٤)... بـاوک و باپیری «قەوامـی شـیرازی» نۆکەری ئینگلیزەکان بوون (هەمـان)... برای عەلی قەوام بوو بە ئوسـتانداری کوردسـتان (٥٢)... دایکی محەممەدڕەزاشا (توورانخانم) تورک بوو و بە تورکی قسـەی دەکرد... دایک و دوو خوشـکی محەممەدڕەزاشـا دوای «کەشـفی حیجاب» بە سـەری ڕووت چووبوون بۆ شـاری قوم بۆ زیارەت. مەلاکان لەوێ لە ژوورێکدا زیندانییان کردبوون و نەیانهێشـتبوو بچنە نێو حەرەمی پاکەوە. ڕەزاشـا بە هێزی سـپاییەوە چووە سـەر مەلاکان و ڕزگاری کردن... کوردستان بە دەست ئەمیر ئەحمەدی سەرکوت کرا و ڕەزاشا بەناوی «فاتح غرب» دەرەجەی سپەهبودی پێدا... ڕەزاشا کاری پێی نەدابوو چ سەروەت و سامانێکی لە کوردستانەوە هێناوەتەوە (٦٢).» لاپـەڕە ٧٨ی کتێبەکـە ئـەو هەواڵانـەی تێدایە وا فەردووسـت لە سـەبارەت بە ناوچەی ئازەربایجان و لەشکری کوردستان دەیدا و جێگەی سەرنجن. [١]

١. فردوسـت، ارتشـبد حسـین، «ظهور و سـقوط سـلطنت پهلوی، خاطرات ارتشـبد حسـین فردوست»، بخش اول، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣۶٧/ ١٩٨٨، + ١۵٢ صفحه فارسی.

### وتارەکانی عبدالرحمن فرامرزی

عەبدوڕڕەحمانـی فەرامـەرزی سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی «کەیهان» بوو کـە لـە سـاڵانێکی زۆری پێـش شـۆڕشـی ١٣٥٧ی ئێـران‌دا لە تـاران دەردەچوو. ئەم کتێبـە کۆمەڵـی هەندێک سـەروتار و وتارە کە فەرامەرزی بەنـاوی خۆی یا بەناوی خوازراوەی «نەوشـاد»ەوە سـەبارەت بە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردسـتانی نووسـیون و ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەیان لە ڕۆژنامەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ١٣٢٤/٥/٢٢ تـا ١٣٢٥/١٠/٢٦، کـە ئەوەش کـەموزۆر دەکاتە ماوەی تەمەنی هەر دوو دەسەڵاتداریی ئازەربایجان و کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینیدا.

فەرامەرزی ئێرانیچییەکی توندوتیژ و جێگەی متمانەی دەرباری محەممەدڕەزاشا بوو،[1] هەر بۆیەش دەیتوانی لە چوارچێوەیەکی بەربەستکراودا ڕەخنە لە دامودەزگا حکوومەتییەکانی ئێران بگرێ و بەو بۆنەیەوە ڕووناکبیران و دژبەرانی ڕژیم لەچاو ڕۆژنامـەی «ئیتلاعـات» کـە خاوەنەکەی (مەسـعودی)یان بە ئاڵقەلەگوێی سیاسـەتی ئینگلیز و نۆکەری دەربار دەزانی، بایەخی زیاتریان پێدەدا. فەرامەرزی لەم وتارانەدا هەڵوێستێکی دوژمنانەی بەرانبەر بە هەر دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان هەیە و لە هێرش کردنە سەر پێشەوا و پیشەوەری‌دا هەندێک جار قەڵەمی چەپەڵ و پڕ تەوس و تەنانەت جنێو و سووکایەتی بەکار دەهێنێ؛ ئەو سووکایەتییە جاروبارە باڵ دەکێشێتە سەر گەلی کورد و ئازەربایجانیش، وەک ئەوەی کە دەڵێ: «ئەی خاک بەسەر ئەو فارسەی وا بە ڕادەی فلان کوردی چیایی مەهاباد و بیابانیی سەڵماس و ورمێ واتای دێموکراسـی نازانێ» (ل ٣٤٩)! یان ڕێبەرانی هەر دوو بزووتنەوەکە بە «خائـن، ماجراجو، عناصر فاسـد و حشـرات مـوذی» ناو دەبـا (٤٦١). فەرامەرزی لە باری ئایینییەوە موسـوڵمانی سوننیی خەڵکی «لارستان»ی ئوستانی فارس بوو و وا هەیە بەو بۆنەیەوە چەشنێک «عەتف»ی بە نیسبەت کوردەوە بووبێ، بەڵام عەتفێکی

---

١. لـە یادداشـتەکانی عەلـەم وەزیـری دەربـاری محەممەدڕەزاشـادا ئامـاژە بـە هاتوچۆی فەرامەرزی بۆ دەربار هەیە. بڕواننە بەرگی ٣، ل ٢٣٩.

وا لە هێرش کردنەکانی سەر ڕێبەرانی کۆماری کوردستانیدا دەرناکەوێ.

فەرامەرزی دەڵێ لەگەڵ «زانایەکی کورد» قسەم کردووە و لە زمان ئەوەوە دەنووسێ: «حیزبی کۆمەڵە کوردی ئێران دروستیان نەکردووە و بەڕواڵەت یەکەم جار لە عێراق دروست بوو و کورتکراوە[ی وشەکەکەشی] ئەوەیە: «ک. ژ. ک» (کومەڵەی ژیانی کورد)، واتە «جمعیت زندگی کرد» (٤٥). لەو هەواڵ و بۆچوونانەی وا لە زمان جەنابی «زانا کورد»ەکەوە دەیگێڕێتەوە بەڕوونی دیارە کابرا دوژمنێکی ڕاست و ڕەوانی کۆماری کوردستان و ڕێبەرەکانی بووە، بەڵام ناوی ڕاناگەیەنێ.

لە وتاری ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٣ی کەیهاندا فەرامەرزی ئاماژە بە سەروتارێکی ڕۆژی پێشتری ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەکا کە نووسیویەتی ڕادیۆی بەیرووت لە زمان هەواڵنێری هەواڵدەریی فەرانسەوە گوتوویەتی گوایە [پێشەوا] قازی محەممەد بە هەواڵنێرەکەی گوتبێ: «ئەگەر فەرمانی شەڕ بدەم تەنیا لە ماوەی ٣ یان ٤ ڕۆژدا شاری کرماشانیش دەگرم!» ئینجا گاڵتە نەک بە پێشەوا، بەڵکوو بە کورد دەکا و دەڵێ: «ئەو کەسە پێشەوای کام کوردستانە؟ ئەگەر زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی دەبێ زمانی کام قەبیلە و کام بەشی کوردستان بکرێتە زمانی فەرمی؟» بەو شێوەیە، زۆر لەسەر مەسەلەکە دەڕوا و چەند جار سەبارەت بە پێشەوا کەڵک لە وشەی ناحەز و نابەجێ وەردەگرێ. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا دەڵێ: «قازی جاران شانازی بەوە دەکرد کە شا گۆچانێکی پێداوە، بەڵام ئێستا بۆتە پێشەوا... پێشتر پیاوێکی زۆر بەخۆوە هاتبووە تاران نازانم ئەو بوو یان قازییەکی دیکە و «بابەشێخ» و خەڵکانی بەڕێزی دیکەی ناوچەکەشی لەگەڵ هاتبوون ... لە نێوخۆیاندا ڕقەبەرییان هەبوو،[1] بابەشێخ پیاوێکی عالم بوو، بەڵام خوێندەواریی قازی ئەوەندە نەبوو... ئێستا ئەو قازییە بۆتە پێشەوا و دەتوانێ بە ٣ یان ٤ ڕۆژ کرماشان بگرێ...» (١٨٩ ـ ١٩٥). لە وتارەکەدا فەرامەرزی ناوی شەهید سەدری قازی زۆر بەباشی

١. فەرامەرزی هەڵە دەکا. ئەوەی وا لەگەڵ حاجی بابەشێخی سەیادەتدا چووبووە تاران و گۆچانی «مرصع»ی خەڵات کرابوو، دەبێ نەمر سەیفولقوزاتی قازی بووبێ، نەک پێشەوا قازی محەممەد، ئەویش لە سەردەمی حوکمی ڕەزاشا، واتە پێش سەرهەڵدانی شەڕی دووهەمی جیهانی؛ نەمر سەیفولقوزات لە ساڵی ١٣٢٣دا کۆچیدوایی کردووە.

دەبا و دەڵێ: «یک تکه ماه است» (هەمان).

ناوونیتکە و قسەی ناحەزی فەرامەرزی سەبارەت بە پیشەوری گەلێک زیاترە و تەنانەت لە شوێنێکدا پێی دەڵێ لات،[١] بەڵام چ دەکرێ، قەڵەم بەدەست دوژمنەوە بێ لەوە باشتر نانووسێ.

بایەخێکی گرنگی وتارەکانی فەرامەرزی ئەوەیە هەندێک سەنەد و ڕاگەیاندنی فەرمیی دەوڵەتی ناوەندیی سەبارەت بە کۆماری ئازەربایجان ڕاگەیاندووە کە لە سەرچاوەی دیکەدا یان نەهاتوون یان بەوردی نەنووسراون. یەک لەوانە وتاری ڕۆژانی١٣٢٥/٣/٢٥ و ١٣٢٥/٥/٣١ی کەیهانە، کە لەژێر دوو سەردێڕی «متن موافقت نامه» و «هیأت نمایندگی آذربایجان در تهران»دا نووسراون.

یەکەمیان سەبارەت بە سەفەری بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ (ئاوریلی ١٩٤٦)ی پیشەوەری و هەیئەتی نوێنەرایەتیی ئازەربایجانە بۆ تاران بە بەشداریی حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی، کە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی قەوامولسەڵتەنەی سەرۆکوەزیرانی ئێران بەیاننامەیەکی ٧ مادەیی سەبارەت بە ئازەربایجان دەرکرد و تێیدا هەندێک مافی بۆ گەلی ئازەربایجان بە ڕەسمی ناسی. بەیاننامەکە لە ڕاستیدا پێکهاتننامەیەک بوو لە نێوان حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و دەوڵەتی ئێران. وتارەکە باسێک لەو بەیاننامە یان پێکهاتننامەیە ناکا، بەڵام ئەو ١٥ خاڵە ڕادەگەیەنێ کە دوابەدوای بەیاننامەکەی دەوڵەت و وەک «توضیح و مکمل»ێک بۆ ئەو نووسراوە و پیشەوەری سەرۆکی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و موزەففەری فیرووز موعاوینی سیاسیی سەرۆکوەزیرانی ئێران ئیمزایان کردووە. لام وایە ئەو ١٥ خاڵە کەمتر بینرابێ لەبەروەی سەرچاوە کوردییەکان تەنیا باسی ئەسڵی بەیاننامەکەی سەرۆکوەزیرانیان کردووە.

«مکمل»ەکەش وەک ئەسڵی پێکهاتننامەی نێوان ئازەربایجان و حکوومەتی ناوەندیی ئێران ئاماژەی ڕاستەوخۆی بۆ کوردستان و کۆمارەکەی تێدا نییە[٢] و

١. بەواتای ڕووتوقووت، تەنانەت چەقۆکێشە.

٢. لەو دەقە ٣٣ ماددەییەدا کە دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان و یەک لەوان حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی لەو سەفەرەدا پێشکەشی دەوڵەتیان کرد چەند جاران ناوی «کوردستانی ئازەربایجان» هاتووە کە دیارە ئاماژەیە بەو بەشەی خاکی کورد وا کەوتۆتە بەر ئوستانی

تەنانەت بەندی ١٠ی «مکمل» کە دەڵێ «ئەیالەتی ئازەربایجان لە دوو ئوستانی ٣ و ٤ پێکدێ»، دەتوانرێ بە چەشنێ دەم خوارکردنەوە لە کورد بزاندرێ و ئەو ڕاستییەی کە نە حکوومەتی ناوەندیی ئێران و نە کۆماری ئازەربایجان هیچکامیان بە تەنگ کێشەی ئێمەوە نەبوون، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی شەهید حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی ئەو دەم بەشێک بوو لەو هەیئەتەی وا چووبوونە تاران (ل ٢١٥ ـ ٢١٨).

دووهەم وتاری گرنگی نێو کتێبەکە، سەبارەت بە سەفەری میرزا عەلی شەبستەری، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئازەربایجان و سەلامولّلا جاوید، ئوستانداری ئازەربایجانە بۆ تارانە و تووڕەیی فەرامەرزی لە وتوویژەکان و بەگشتی لەوەی کە دەڵێ: «من گوتبووم بە شوێن ئازەربایجاندا کوردستان دێ و پاشان خوزستان، ئەوا قسەکانم وەدیهاتن» (٢٦٤).

فەرامەرزی لە زۆر شوێنی دیکەی وتارەکانیشدا باس لە کوردستان دەکا، وەک ئەوەی دەڵێ: «گرفتی کوردستانیش هاتە سەر گرفتی ئازەربایجان» (١٤٠)؛ یا باسی «جینایەت و کوشتاری حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان» دەکا کە بەشی زۆری بوختان و هەڵبەستراون.

فەرامەرزی لایکەم دوو وتاریشی تایبەت کردووە بە ئیعدامی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی. لە وتاری ١٣٢٥/١١/٧دا دەنووسێ «چەند ڕۆژ پێش ئێستا هەواڵی ئەوەم خوێندەوە کە قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە سەرۆکانی مەهاباد مەحکووم بە ئیعدام کراون، بە هەواڵەکە دڵتەنگ بووم، نەک لەبەروەی بۆچی دەیانەوێ ئەو سێ کەسە ئیعدام بکەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی تەنانەت لە ئیعدام کردنیشدا هەڵاواردن (تبعیض) هەیە... نامەوێ قازی محەممەد بێتاوان بناسم... من تاوانی مەهاباد وەک تاوانێکی «تبعی» دەزانم [بە شوێن یان لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ئازەربایجاندا هاتووە]... سەدری قازی بزووتنەوەی خەیانەتبازانەی ئازەربایجانی تەئیید کردووە و لەم بابەتەوە تاوانبارە، بەڵام لە مەجلیسدا وەکیلێکی

---

چوارەم (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) و مەهابادیش دەگرێتە بەر.

زۆر هەبوون کە ئەو بزووتنەوەیەیان تەئیید کرد، ئەی بۆچی ئەوان ناگرن و مەحکوومیان ناکەن؟» (٥٠٧ ـ ٥٠٩).

لە درێژەدا فەرامەرزی ڕاستییەک دەردەخا کە لە سیاسەتی ڕژیمی شا و ئێستاش لە سەردەمی مەلاکاندا بەڕوونی دەبیندرێ ئەویش ئەوەیە کەسایەتییە کوردەکان بۆ هەمان ئەو کار و کردەوەیەی کە فڵانە ئازەربایجانی یان مازندەرانی یان ئیسفەهانی دەیکەن، ئیعدام دەکرێن لەحاڵێکدا ئەوانی تر بە زیندان چوونێک ڕزگاریان دەبێ. ئەم سیاسەتە، کە هەر ئێستاش لە ئێراندا ڕەچاو دەکرێ، دەبێ دوو هۆکاری هەبێ: یەکەم چەکدار بوون و مەترسیدار بوونی کورد بۆ ڕژیمەکان و دووهەم بێکەسی و بێخاوەنی کورد لە ئێراندا. لە پەسندی ئەم بۆچوونەی خۆمدا ئەم دێڕانەی فەرامەرزی دەهێنمەوە کە سەبارەت جیاوازیی باردودۆخی کورد و ئازەربایجانی نووسیویەتی:

«لە کۆنەوە دەوڵەت لەچاو ئوستانەکانی دیکەی ئێران بایەخی زیاتری داوە بە ئازەربایجان، هەمیشە وەلیعەهدی ئێران والیی ئازەربایجانیش بووە، کەمتر دەوڵەتێک لە ئێراندا پێکهاتووە کە سەرۆکی دەوڵەت یان هەندێک لە ئەندامەکانی ئازەربایجانی نەبووبێتن، هیچ وەزارەتخانەیەک نییە کە چەند بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی گەورەی ئازەربایجانی نەبن، پیاوان[ی سیاسیی] ئێمە و ئەفسەرە پلە بەرزەکانمان ئەغڵەب ئازەربایجانین و ئەگەر جوان سەرنج بدەین دەبینین کە لە ڕاستیدا ئازەربایجانی بەسەر هەموو ئێراندا حوکمات دەکا... بەڵام بارودۆخ بۆ کورد وا نەبووە. جگە لە منداڵانی حاجی فەخرولملووک[ی ئەردەڵان] کە کەڵکیان لە شازادە بوونی خۆیان وەرگرتووە [واتە دایکیان لە بنەماڵەی شاهانی قاجار بووە]، یەک وەزیری کورد، مودیرکوللی کورد، والیی کورد و سەرلەشکری کورد ناتوانی بدۆزییەوە...» (٥٠٨).[١]

لە وتاری ڕۆژی ١٣٢٦/١/١١ی کەیهانی فەرامەرزیش ئەم دێڕانە ڕادەگوێزم:

---

١. ئەو حیسابەی وا فەرامەرزی باسی دەکا ئەمڕۆش وەک خۆی ماوەتەوە و تەنانەت کەلەبەرەکە لە جاران گەلێک گەورەتریش بۆتەوە.

«ئیعدامی قازییەکان: دوێنێ پێیان ڕاگەیاندم کە قازی محەممەد، سەدری قازی و سەیفی قازی لە مەهاباد ئیعدام کراون... من لەو ڕووداوە دڵتەنگم. نەک لەبەروەی سێ کەس کە ببوونە داردەستی سیاسەتی بێگانە... ئیعدام دەکرێن، بەڵکوو لەبەروەی لە کارەکەدا دووچاوەکی دەبینم» (٥٢٠). لە درێژەدا فەرامەرزی چەند جار دەڵێ ئەو کەسانە دەبووایە ئیعدام بکرایەن، بەڵام بۆچی ئەو کەسانەی دیکەی وەک ئەوان وابوون ئیعدام ناکرێن: «من قازی محەممەد و سەیفی قازیم نەدەناسی، بەڵام سەدری قازیم بینیبوو. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم قیافەی نەجیب و ئەخلاقی شەریفی ئەو لەبەرچاومە... بەڵام ئەگەر خۆشم سەرۆکی دادگاکە بووایەم هەر ئەم سزایەم بەسەردا دەسەپاند... من لەوە نارەحەتم کە لەم وڵاتەدا هەڵاواردن و دووچاوەکی بە ڕادەیەک حاکمە کە کەسانێک کە شەریکی یەک تاوانن هەندێکیان بەسەر داری سزادا بەرز دەکرێنەوە، بەڵام هەندێکی دیکە پلە و مەنسەبیان بەرز دەبێتەوە...» (٥٢٠ تا ٥٢٢).

فەرامەرزی هەڵوێستی خۆی بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ: دەستتان خۆش بێ ئەو کەسانەتان ئیعدام کرد، بەڵام بۆچی کەسانی دیکە ئیعدام ناکەن! ئیتر بەرپرسایەتی پیشەیی و ئینسانیی خۆی لە بیر دەباتەوە و ناڵێ باشە بۆچی ئەو سێ کەسەی وا ماوەی پێنج ساڵ ناوچەیەکی بەرینیان بەڕێوەبرد، بێئەوەی خوێن لە لووتی کەسێک بێ، ئەویش بەبێ جیرە و مواجیبی «ایران بزرگ!» و «شاه شاهان!» ناپرسێ باشە لە بارودۆخێکدا کە ئەفسەرەکانی ئەڕشەدی ئەرتەش «بە بڵاوبوونی دوو پەڕ ئاگاهی» لە سەرانسەری ئێران و لە کوردستانیش کلکیان نا نێو گەڵۆزیان و پشتیان کردە خەڵک و سەربازخانەکانیان چۆڵ کرد، چییان لێهات! ئایا لە گەڕانەوەی هێزی دەوڵەتدا دەبووایە میداڵیا بەو کەسانە بدرێ کە ناوچەکەیان لە ئاسایشدا ڕاگرت یان بە سەرلەشکرە ترسەنۆکە هەڵاتووەکانی ڕژیم؟ ئەوانە دەبووایە ئیعدام بکرایەن یان تیمسارەکانی نۆکەری سیاسەتی ئینگلیز و ئەمریکا و ڕووس؟

کتێبەکە گەلێک بابەتی دیکەی سەبارەت بە کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان تێدایە و دیارە هەمووی بەو ڕوانگە نەرێنی و دوژمنانەی

سەبارەت بە کوردەوە کە لە سەرەوەتر نموونەیم هێنایەوە.

بەڵام پێشتر با ئەوە بڵێم کە ئەم وتارە پێش بڵاوبوونەوە کەوتۆتە بەرچاوی برای بەڕێزم مامۆستا حەسەنی قازی و هەندێک تێبینی ئەوی تێدا ڕەچاو کراوە. کاک حەسەن لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە من ناوی حکوومەتی ئازەربایجانم بە «کۆماری ئازەربایجان» هێنابوو و نووسیبووی:

«بزووتنەوەی ئازەربایجان لەو سەردەمی‌دا لە هیچ بەڵگە و نووسراوەیەکی خۆی‌دا عینوانی خۆی وەک «کۆمار/ جمهووری» نەهێناوە. لە هەموو جێگەیەک «میللی حکوومەت»ی بەکار هێناوە. ئەوان زانیویانە «جمهووری» لە چوارچێوەی سیستمی پادشایی‌دا ناگونجێ و هەر ئەوەش تاوانبار کردنیان بە «تەجزیەتەڵەب» بەرپەرچ دەداتەوە.»[١]

١. فرامرزی، عبدالرحمن، «استاد فرامرزی و قضیه آذربایجان جنجالی‌ترین منازعه قلمی در تاریخ مطبوعات»، بەکوشش حسن فرامرزی، انتشارات دستان، تهران ١٣٧٩/ ٢٠٠٠، فارسی.

## یادداشتەکانی ئەسەدوڵڵا عەلەم

من لەم کتێبەکەدا بەشوێن هەواڵ و بۆچوونی نووسەر و لە ڕێگای ئەوەوە شەخسی محەممەدڕەزاشـای پەهلەوی سـەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول و نەمر مەلا مستەفای بارزانی گەڕاوم. دیارە بابەتی ڕاستەوخۆی سـەبارەت بە بۆکان لەو یادداشـتانەدا نییە، بەڵام کەسـانێک کە لە دواڕۆژدا مێژووی سیاسـیی بۆکان و پەیوەندیی خەڵکی ناوچەکـە لەگەڵ شۆڕشـی ئەیلوول بنووسـن دەتوانن کـەموزۆر کەڵک لەم کتێبەش وەربگـرن، بـەڵام لەلایەنی هەڵوێسـتی پەهلـەوی دووهەم و دەربار و سـاواکەوە و ڕوانینیان بە مەسەلەی کورد، سەرچاوەیەکی باشە.

یادداشتەکانی عەلەم جارێک لە ئەمریکا و لە پێنج بەرگدا بڵاوکرایەوە، جارێکیش بە سەروگوێ شکاوی و لە دوو بەرگدا لە ئێران. چاپەکەی ئەمریکا لەژێر چاوەدێریی د. عەلی‌نەقـی عالی‌خانـی دۆسـتی عەلـەمدا چاپ بووە، بەڵام ئـەوەی نێوخۆی ئێران چاوەدێریی «عبدالرضا هوشـنگ»ی بەسـەرەوە بووە و ئاشـکرایە دەستی وەزارەتی ئیرشادی گەیشتۆتێ کە بە فەیزی خۆیان ٥ بەرگی یادداشتەکانیان کردووە بە دوو بەرگ! من خۆم کتێبەکانم نین و بۆ خوێندنەوەیان چوومەتە کتێبخانەیەکی گشتی لە لەندەن. بەداخەوە دوای سێ جار سەردان، بەرگی ٢ و ٤ی یادداشتەکان کە ئەندامان بردبوویانـە دەرەوە هـەر نەگەڕایـەوە و منیـش چیتر کاتم نەبوو شـوێنی بگرم. بەو پێیـە، یادداشـتەکانی مـن هـی بەرگـی ١ و ٣ و ٥ ن، بـەڵام بـۆ ئـەوەی کارەکە زۆر ناتەواو نەبێ کەڵکم لە بەرگی دووهەمی چاپی ئێرانیش وەرگرتووە. چاپەکەی ئێران بەنـاوی «گفتگوهای من با شـاه؛ خاطرات محرمانه اسـدالله علـم» لەلایەن چاپەمەنی «طرح نو»ەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم نوسـخەیەی کتێبەکەی چاپی ئێران کە بەردەسـتی من کەوتووە چاپی چوارەم و هی ساڵی ١٣٧١ [١٩٩٢]ە. سەیر ئەوەیە یادداشتەکانی عەلـەم بە ڕۆژمێری ئێرانی نووسـراون و هەرواش چـاپ کراون، بەڵام ڕێکەوتەکان لە چاپەکەی تاراندا بە ساڵی زاییني ڕێکخراون!

ئەسەدوڵڵای عەلەم نزیکترین کەس بووە لە محەممەدڕەزاشای پەهلەوی و تەنانەت گەلێک قسەوباسی کە لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی یان دەوڵەتی ژێر حوکمی نەکردووە، لەگەڵ ئەودا کردوویەتی. عەلەم جێگەی ڕاز و نهێنی درکاندنی شا و هاوڕێی سیاسەت و عەیشونۆش و ڕابواردنی بووە لە تاران و لە ماوەی سەفەرەکانی دەرەوەی وڵاتدا. ئەو نزیکایەتییە بە ڕادەیەک بووە کە شەهنازی کچی شا بۆ ئەوەی چاوی بە باوکی بکەوێ چۆتە لای ئەو و مەسڵەحەتی پێکردووە کەی و چۆن بتوانێ باوکی ببینێ! هاوسەری عەبدوڕڕەزای برای شاش پێی گوتووە خۆ ئێمە کەسمان لە تۆ نزیکتر لەلای شا نییە!

عەلەم لە ساڵی ١٣٤٧ەوە تا ١٣٥٦[١٩٦٨ تا ١٩٧٩] بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی ڕۆژانە، نزیک بە هەموو ڕۆژێک دوای تەواو بوونی کاروبار، چەند دێڕێکی سەبارەت بە کارەکانی ئەو ڕۆژەی خۆی نووسیوە. بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لەو ماوەیەدا تازە لەسەر کاری سەرۆکوەزیریی ئێران وەلا نرابوو و ئەرکی «وەزیری دەربار»ی پێ سپێردرا بوو، ئاگاداری گەلێک پەیوەندیی ئاشکرا و نهێنیی نێو حکوومەتی ئێران بووە. کەموزۆر هەموو یادداشتەکانی عەلەم لە پەیوەندیی محەممەدڕەزاشادان، هەر لە کاروباری شەخسی وەک نەخۆشی و دەوا و دەرمان و ڕابواردن لەگەڵ کچان و ژنان هەتا کاروباری بنەماڵەیی، وەک پەیوەندیی شا لەگەڵ فەرەحی شاژن و منداڵەکانیان و خوشک و برا و زاواکانی شا و کاروباری سیاسی، وەک چاوپێکەوتنی ڕۆژانەی ئەشخاس لەگەڵ شا، کە زۆربەیان دەبووایە لە ڕێگەی ئەوەوە ڕێکبخرایە (هەر لە سەرۆک و باشوەزیر و باڵوێزی وڵاتانەوە تا نوێنەری کۆمپانیاکان و...) سەفەر کردنی شا بۆ دەرەوەی وڵات یان هاتنی میوانی وەک سەرۆککۆمار و شاهانی وڵاتانی دیکە بۆ ئێران و بەگشتی بەشێکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی شا لەژێر چاوەدێری و بەڕێوەبردنی عەلەمدا بووە مەگەر پەیمانی شا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان، کە تەنانەت دوکتۆر ئیقباڵی وەزیری نەفتی ئێرانیش ئاگای لێیان نەدەبوو و وا هەبوو دوو ڕۆژ دوای ئیمزاکرانی پەیمانەکان بە بەشێک لە نێوەرۆکیان بزانێ!

دیـارە شـا هەمـوو کاروبارێکـی لە ڕێگـەی عەلەمـەوە ڕێکنەخراوە، بـۆ نموونە چاوپێکەوتنـی ڕۆژانـەی مەئمووڕانـی دەزگا جاسووسـییەکانی ڕۆژاوا، پەیوەندیـی فەرماندەرانی سپا و سەرۆکوەزیر و وەزیرەکان لەگەڵ ئەو و زۆر شتی دیکەش لە دەرەوەی دەسەڵاتی عەلەمدا بووە، گەرچی عەلەم لووتی لەو کارانەش وەژاندووە و بەتایبـەت بەهـۆی ڕقەبـەری و دژایەتییـەک کـە لەگـەڵ ئەمیـر عەبـاس هوەیـدا سـەرۆکوەزیری هەموو ئەو سـاڵانەی ئێران بوویەتی، کەڵکی لە هەموو دەرفەتێکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی پاشقولی بدا و لەبەرچاوی شای بخا. ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی بە نیسـبەت فەرەحی شـاژنیش هەبووە و خۆی و شا نەیانویستووە دەرەتان بەو و بـە «ئاڵقەی ئەنتلێکتۆئێل»،[1] واتە ڕووناکبیرانی دەوروبەری فەرەح و سـەرۆکوەزیر بدەن.

ڕوانگەی ئاشـکرا و هەمیشـەیی عەلەم بە نیسـبەت ژنیشـەوە جێگەی سـەرنجە. ئـەو و شـا هەرگیـز هیچ باوەڕێکیان بـە توانای فکریی ژن نەبـووە و تەنیا ژنیان لە جێگەوبـاندا ویسـتووە. ئـەم بێباوەڕییە بە ژن لە شـوێنی زۆری ئەو یادداشـتانەدا دەردەکـەوێ، کاتێ کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان باسـی فەرەح یـان ژنێکی دیکەی وەک شـاژنی بریتانیـا و کەسـانی دیکە دەکرێ، بەڵام لەلایەکی تـرەوە هەردووکیان بـە بوونی ژن و منداڵـەوە، چەندەها هاوڕێی کچی ئێرانی و غەیرە ئێرانییان بووە و لەگـەڵ ئەواندا ڕۆژانە و بەئاشـکرا چوونەتە ئەسپسـواری و گـەڕان و پیکنیک و ڕابواردن و ماڵیان لە تاران و پاریس و سویس و کیش بۆ کڕیون.

بـا کورتـی بکەمـەوە و بچمـە سـەر باسـی سـەرەکی: یادداشـتەکانی عەلـەم جێمتمانەتریـن سـەرچاوەی بەردەسـتن بـۆ ناسـینی بیروبۆچـوون و سیاسـەت و هەڵوێسـت و پەیوەندییەکانـی محەممەدڕەزاشـای پەهلـەوی و وا هەیـە بەبـێ خوێندنەوەی ئەو یادداشتانە نەکرێ و نەتوانرێ سیستەمی حکوومەتی و ڕۆحییە و

١. عەلەم ڕووناکبیرانی دەوروبەری سەرۆکوەزیران و فەرەح بە «عن تلێکتۆئێل» ناو دەبا و لـە قەولـی ڕەسـووڵ پەرویزییەوە دەڵێ ئەمانـە تەنیا «عەن»ەکەیان مـاوە و «تلێکتوئێل» یان فەوتاوە!

فکری پەهلەوی دووهەم و تەنانەت ڕەزاشای باوکی بناسرێ.

بەڵام بابەتی هەڵبژاردەی من لە یادداشتەکانی عەلەمدا:

دوابەدوای کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم و کۆتایی هاتن بە سیستەمی شایەتی لە عێراق (١٩٥٨)، کێچ کەوتە کەوڵی محەممەدڕەزاشاوە و بەتەواوەتی لەوە دەترسا خۆشی تووشی چارەنووسێکی هاوچەشنی مەلیک فەیسەڵ بێ. دیارە ئیسرائیل و وڵاتە ڕۆژاواییەکانیش لەدەسچوونی پێگەی گرنگی عێراق و نزیکبوونەوەی قاسم لە یەکییەتیی سۆڤیەتیان نەدەویست و دژی دەوەستان. ئەوەی ئایا سەرەتا ڕۆژاواییەکان شایان لە گیانی قاسم بەردا یان شا ویستی ئەوان بەشوێن خۆیدا بکێشێ و بەگژی قاسمیاندا بکا، وەک پرسی هێلکە و مریشک وایە، بەڵام لە بەشێکی ئەم یادداشتانەدا کاتێ عەلەم باسی کۆدەتای ئەفغانستان و لابرانی محەممەد زاهیرشا دەکا، بە شا دەڵێ: «چۆن توانیمان لە ڕێگەی کوردەکانەوە بەگژ حکوومەتی عێراقدا بچین و پاشان وڵاتە ڕۆژاواییەکانیش مەجبوور بوون تێکەڵاوی کێشەکە بن، لێرەش دەتوانین کارێکی وا بکەین.»

هەر چۆنێک بێ، یادداشتەکانی عەلەم کاتێ دەست پێدەکەن کە شۆڕشی ئەیلوول ٦ ساڵە دەستی پێکردووە و هەر بۆیەش ئەو کارە سەرەتاییانەی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام لە بیرەوەرییەکانی سەرهەنگ پێژماندا بەڕوونی دەردەکەوێ کە چۆن ساواک چۆتە جڵدی کوردەوە و دوو کەس لە ڕێبەرانی کوردیان بە نهێنی بردۆتە تاران و بەڵێنیی هاوکاری و پشتگیرییان پێداون بۆ ئەوەی کورد شەڕێک دژ بە قاسمی نەیار و ناحەزی شا و ڕۆژاوا هەڵگیرسێنێ، کە هەرواش بوو و شەڕێکی نەخواستە و ناپێویست بەسەر کورد و عێراق بەگشتیدا سەپێنرا کە سوودی تەنیا بۆ شا و ساواک و ئیسرائیل و ڕۆژاواییەکان بوو و دووکەڵێکی ١٤ ساڵەی چووە چاوی کوردەوە و هەزاران شەهید و سەدان هەزار زیندانی و بریندار وماڵوێرانی و ئابوورییەکی نشوستهێناو و بەهێزبوونەوەی دووبارەی سیستەمی عەشیرەیی لێکەوتەوە.

ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکن لە یادداشتەکانی «اسدالله علم» سەبارەت بە کورد و بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول:

بەرگی یەکەم:

گرفت و خەمی سەرەکی شا لەو یەکدوو ساڵەدا ئەوەیە ڕۆژاواییەکان نەوتی کەم لە ئێران دەکڕن و دەوڵەت بودجەی تەواوی نییە.

هەینی، ١٣٤٧/١٢/١٦: من بە نهێنی ئاگادارکرابوومەوە [و بە شام ڕاگەیاند] کە لەبەروەی کوردان لوولەی نەوتی مووسڵ بۆ کەرکووکیان بە خۆمپارە تەقاندۆتەوە، شەریکاتی نەوت دەیانەوێ بیکەنە بیانوو و بە عێراقییەکان بڵێن وڵاتەکەتان سەقامگیر نییە و لە ئەنجامدا ئێمەش ناتوانین سەرمایەی لێدابنێین، ئینجا بەرهەمی [نەوتی] ئەوێ کەم بکەنەوە و بەشی ئێران [لە فرۆشتنی نەوت] زیاتر بکەن (لاپەڕە ١٣٩).

هەینی، ١٣٤٨/٥/١٨: ڕادیۆ بەغدا هێرشی زۆر دەکاتە سەر ئێران و بەتایبەت بنەماڵەی پادشایی... بەڵام ئەگەر هاوپەیمان و هاوڕێکانمان [ڕۆژاواییەکان] لێبگەڕێن، بە خزمەتیان دەگەین! من دڵنیام کە هەر هاوپەیمانەکانمان بوون نەیانهێشت لە مووسڵ لوولەی نەوت لەوە زیاتر بتەقێندرێتەوە، دەنا کوردەکان کاری خۆیان کردبوو. بۆ ئەوەش بەڵگەی چاکم بەدەستەوەیە. (٢٣٣)

بەرگی دووهەم: (بەدەستمەوە نییە.)

بەرگی سێهەم:

سێشەممە ١٣٥٢/٤/٢٦: دوای نیوەڕۆ چوومە خزمەت شا... پاشان مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کوردان کە هاتۆتە ئێرە، دوو سەعات شەرەفی چاوپێکەوتنی [شای] پێدرا. ئێدیتۆری کتێبەکە (عەلی نەقی عالیخانی) لە پەڕاوێزی لاپەڕەکەدا ئەم دێڕانەی نووسیوە:«... لە لاپەڕە سێهەمی نامەکە[ی بارزانی]دا تەئکیدی ئەوە کراوە کە پەیوەندیی ئێران و کوردانی عێراق لە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ تورکانی قوبروس قووڵترە»، بەڵام بە سەرنجدانێکی ئاسایی لە ڕووی دەقی نامەکەوە دەردەکەوێ کە ئەو نووسینەی عالیخانی ڕاست نییە لەبەروەی بارزانی نووسیویەتی: «تۆ [واتە شا] گوتووتە پەیوەندیی ئێمە و کورد قووڵترە لە پەیوەندیی تورکیا و قوبروس»، کەوابوو ئەوە قسەی شایە نەک بارزانی (١١٣).

چوارشەممە، ١٣٥٢/٥/٣١: عەلەم لێرەدا باسی سەرهەڵدانی خەڵک لە بەلووچستانی پاکستان دەکا و وتووێژی خۆی لەگەڵ شا سەبارەت بە کێشەکە دەنووسێ. شا دەڵێ دەستی ڕووس [یەکییەتیی سۆڤیەتی] لە پشت ڕاپەڕینەکەیە. عەلەم دەڵێ: «باشە، خۆ ڕووس ناتوانێ ڕاستەوخۆ سەرباز بنێرێتە ئەوێ. ئێمەش ناتوانین دەست لەسەر دەست دابنێین و هیچ نەکەین بێن سەرمان ببڕن، دەبێ کارێک بکەین. ئەگەر سەرکەوتنێکی کەمیشمان دەست کەوێ، وەک لە کوردستان دەستمان کەوتووە (مەلا مستەفا بارزانی)، ئەو دەم ئینگلیز و ئەمریکا بیانەوێ و نەیانەوێ بەدوامان‌دا دێن، وەک لە کوردستانیش هاتن.» شا دەڵێ ڕاستە، بەڵام چی بکەین باشە؟ عەلەم دەڵێ: «سەرەتا ئیجازەم پێ بدە با ڕۆژاوای ئەفغانستان بشێوێنم!» (١٣٥).[١]

دووشەممە، ١٣٥٢/٦/١٢: دوای نیوەڕۆ دیسان مەلا مستەفا بارزانی شەرەفی چاوپێکەوتنی [شای] وەرگرت، هەڵبەت زۆرزۆر بەنهێنی (١٥٣).

سێشەممە، ١٣٥٢/٦/١٣: بەیانی چوومە خزمەت ئەعلاحەزرەت... عەرزم کرد... ئینگلیزەکان سەبارەت بە کوردستان فیڵمان لێناکەن، فەرمووی منیش لام وا نییە بیکەن لەبەروەی هەر بوونی [شەڕی] کوردستان هۆکارێکی گرنگە بۆ بڕینەوەی نفووزی تەواوی سۆڤیەت لە عێراق...» (١٥٤).

سێشەممە ١٣٥٢/٧/٢٤: بە شام گوت دوێنێ باڵوێزی ئەمریکا لەلای من بوو و بابەتێکی سەبارەت بە داواکاریی ئیسڕائیل پێگوتم کە دەیانەوێ کوردەکان دەسبەجێ دژ بە عێراق بچنە شەڕەوە، بەڵام بۆچوونی خۆی ئەوە بوو کە ئەم کارە کورد تێدا دەبا لەبەروەی چەکی وایان نییە بتوانن لە دەرەوەی چیا و شوێنی خۆیان شەڕی پێ بکەن. شا فەرمووی ئەو ڕاست دەکا، دەسبەجێ تەلەفۆنی بۆ بکە [بۆ باڵوێزی ئەمریکا] و پێی بڵێ بۆچوونەکەی ڕاستە و ئێمەش نامانەوێ کورد وەک داردەستی ئیسڕائیل و ئەمریکا بناسرێن...» (٢٢٢).

شەممە، ١٣٥٢/٧/٢٨: بەیانی چاوم بە ژمارەیەکی زۆری بەلووچ و کورد و لوڕ و

---

١. عەلەم خەڵکی «بیرجەند»ی خوراسان و نزیک سنووری ئەفغانستان بوو و دەسەڵاتێکی زۆری ئابووری و سیاسیی لە ناوچەکە هەبوو.

تاقمێکیش مفتەخۆری سەگبابی تارانی کەوت «نیازم چڵکاوخۆرانی تارانییە»، (١٣٢).

چوارشەممە، ١٣٥٢/٩/٧: عەرازیزی شێخ عوسمانی نەقشبەندیم عەرزی شا کرد کە بەیانی زوو هاتبووە چاوپێکەوتنم (ناوبراو لە کوردستان کەسێکی قسەڕۆیشتووە، هەروەها لە عێراق پەیڕەوی زۆری هەیە»، ویستبووی لە تاران خانەقا دروست بکا، فەرمووی یارمەتیی بدەن (٣٠٣).

چوارشەممە، ١٣٥٢/١٢/١٥: «لە دوێشەوەوە دیسانەکە لەسەر سنووری عێراق پێکدادان[ی سەربازانی ئێران و عێراق]ە. شا فەرمانی تاکتیکی پێدەدان... بە جیا، چاوم بە ژمارەیەکی زۆری کورد لە هۆزی جیاجیا کەوت،[1] کە هاتوونەتە تاران و قسەم لەگەڵ کردن، ورەیان زۆر بەرز بوو... لە شەڕی نێوان [ئێران و عێراق]دا عێراقییەکان ٥٠ کەسیان کوژراوە... باڵوێزی ئێران لە لەندەن دەیگوت عێراقییەکان بەو شەڕە کڵاویان کردۆتە سەرمان لەبەروەی دەیانەوێ نەتەوە یەکگرتووەکان لە کێشەی شەتولعەرەبدا دەست بخاتە کارەکەوە» (٣٧٢ ـ ٣٦٦).

سەبارەت بە نامەی ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٤ی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بۆ محەممەدڕەزاشای پەهلەوی (بڕواننە سەرەوەتر سێشەممە ١٣٥٢/٤/٢٦) دەبێ بڵێم نامەکە لە ١٩٧٣/٧/١٤دا بە ئینشایەکی باشی ئینگلیزی نووسراوە و تێیدا بارزانی نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە خەریکە ماوە بۆ بەڕێوەبردنی پەیمانی ئازاری نێوان شۆڕش و حکوومەتی عێراق تەواو دەبێ و ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دەگاتێ بێئەوەی حکوومەتی عێراق بە تەما بێ بەڕێوەی ببات، جا دەڵێ نیگەرانی ئەوەین کە عێراقییەکان لە چەکی ئاسایی و نائاساییش وەک چەکی کیمیایی دژ بە ئێمە کەڵک وەربگرن... هەر بۆیەش پێویستە بزووتنەوەکەمان بەهێز بکرێ و لە دۆخی داکۆکییەوە بگەینە دۆخی هێرش بردن... پاشان داوای یارمەتی لە شا دەکا و دەڵێ لە سەردانەی ئەم نزیکانەی ئەمریکاتدا قسەمان بۆ بکە و خۆت و هەر کەسێکی

---

١. وا هەیە ئەوەی عەلەم نووسیویەتی «قبیلە جداگانە»، لایەن و حیزبی جیاواز بووبێ. ئێرانی، چ ئەو دەم و چ ئێستا، هەر کورد بە عەشیرەت دەناسن و نایانەوێ دان بە سەرپاکی میللەتێک دابێنن بەناوی کورد.

دیکـەی دەنگـت دەیگاتێ، هەمووتان هــەوڵ بدەن یارمەتی زیاترمــان پێ بگەیەنن بۆ ئەوەی بتوانین لە بەرانبەر هێرشی بەغدادا خۆ بگرین.

بەرگی پێنجەم:

ئەم بەرگە بابەتێکی ئەوتۆی ســەبارەت بە کورد و بارزانی و شۆڕشــی ئەیلوول تێدا نییە هۆکارەکەشی ئەو ڕاستییەیە کە هی ساڵانی دوای ١٩٧٥ە و ئیتر شۆڕشی کورد هەرەســی هێناوە. تەنیا لە لاپەڕە ٢٥دا دەڵێ کوردان ویســتوویانە شــا تێرۆر بکەن. لە لاپەڕە ١٧٠ و ٢٤٠ و ٤١٦ شدا سووکە ئاماژەیەک بە کورد کراوە و تەواو.

بەرگی ٢ی چاپی ئێران (وا هەیە هەمان بەرگی دووی چاپی دەرەوە نەبێ).

ئەم بەرگە، یادداشتی ساڵانی پێش و دوای هەرەسەی ١٩٧٥ دەگرێتەبەر.

ساڵی ١٩٧٤:

پێنجشــەممە، ١٨ی میهــر: [ لەگــەڵ شــادا] باســی شکســتی چریکەکانمــان کرد لە کوردستانی عێراق. شا هیواداره بارودۆخی کوردان بەهۆی تۆپخانەی دوورئەنگێو و مووشەکی دژی تانگی ئێمەوە باشتر بێ (ل ٦٢٣).

هەینی ١٠ی ئابان: بە فەرمانی شا چاوم بە باڵوێزی ئینگلیس کەوت و سەبارەت بە هەواڵی نابەجێی تۆڕی تەلەفیزیۆنیی سەربەخۆی ئینگلستان سەبارەت بە کوردی بێچارەی عێراقی کەوتمە گلە و گازندە (٦٢٩).

چوارشــەممە، ٢٢ی ئابان: باڵوێزی ئینگلیز ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ هاتە چاوپێکەوتنم... وەزارەتــی دەرەوەیــان نیگەرانــی تێکنیســیەنە ئینگلیزییەکانــە کە بڕیارە مووشــەکی ڕاپیێر لە سنوورەکانی ڕۆژاوامان دامەزرێنن. ئەوان نابێ بە هیچ شێوەیەک بچنە نێو سنووری عێراقەوە دەنا وا هەیە کارەکە ببێ بە ڕووداوێکی نێونەتەوەیی... (٦٣٣).

یەکشــەممە ٣ی ئازەر: شــا هێشــتا بیری لەلای ســەفەری مۆسکۆی بوو و گوتی ئەوان گازندەیان لە پشــتگیریی کردنی ئێمە لە چریکە کوردەکان هەبوو. لێم پرســین چــۆن مــرۆڤ دەتوانــێ لــە نێــوان یارمەتیی ئێران بە کــورد و یارمەتی ســۆڤیەت بە ڤیەتنامــی باکــووری جیاوازی دابنێ. لە کوردســتان وا خەڵک بەهــۆی وێرانگەرترین چەکی ئەمڕۆیی، واتە فڕۆکە و مووشەکەوە لەنێو دەبرێن... (٦٣٦).

شــەممە، ٩ی ئــازەر: ســەبارەت بــە عێــراق و ڕادەی پشــتگیریی ڕووســیە لەوان قسەمان کرد. شا گوتی مۆسکۆ جگە لە داکۆکی کردن لە خۆی هیچ ناکا، بەڵام ئێمە دەبــێ لــە بەرانبەریــان‌دا بوەســتین. ئێمە بە تۆپخانــەی دوورهاوێــژ بەلایەکی وامان بەســەر عێراقییەکان هێناوە کە گومانم هەیە بۆ هێرش کردنەوەیەکی نوێ بۆ ســەر کوردان پەلە بکەن. عێراقییەکان بە هەموو مووشــەک و شــتی دیکەیانەوە نەیانتوانی ئــەو تۆپــە بەڕواڵــەت «کوردی»یانە بێدەنگ بکــەن. ڕاهاتن و ڕێکوپێکــی ئەوان زۆر خراپە (٦٣٧).

چوارشــەممە، ١٣ی ئــازەر: شــا فەرمانــی پێدام بــە ســەرۆکی «ســتاد بــزرگ ارتشتاران» بڵێم ئەگەر چریکە کوردەکان توانای خۆڕاگری لە بەرانبەر دژە هێرشی عێراقییەکانیــان نییــە، ئێمــە دەبــێ تۆپــە دوورهاوێژەکانمان لە هێڵــی یەکەمی بەرەی شەڕ دوور بخەینەوە با نەکەونە دەست دوژمن (٦٣٩).

ساڵی ١٩٧٥:

پێنج‌شــەممە، ١٥ی ئیسفەند: بومێدیەن سەرۆک‌کۆماری ئەلجەزائیر ڕایگەیاندووە کە کێشەکانی نێوان ئێران و عێراق چارەسەر کراون. شا و سەددام حسێن بەئاشکرا یەکتریان لە باوەش گرت و سپاسی سەرۆک‌کۆماری جەزائیریان کرد (٦٦٣).

هەینی، ١٦ی ئیسفەند: شا سەعات دووی بەیانی گەڕایەوە ئێران... گوتی توانیومە پەیماننامــەی «شــط العــرب» بدڕێنم. لێم پرســی چی بەســەر چریکە کــوردەکان دێ؟ بەڕواڵــەت فەرمانــی بــە ئەرتەشــبود نەســیری داوە پێشــنیاری پەنابەرییەتییــان لــە ئێــران پــێ بکا. گوتم ئەی کوردســتانی خودموختارچ لێ‌دێ؟ شــا گوتی ئەوە هەر لە ســەرەتاوە قســەی قۆڕ بوو، ئەوان بێ‌نێوبڕ لە بەرانبەر ســەددامدا شکســتیان هێنا، بەبێ پشــتگیریی ئێمە دە ڕۆژیش لە بەرانبەر عێراقییەکان‌دا نەیاندەتوانی خۆبگرن... عــەرزم کرد لەگەڵ ئــەوەش‌دا ئەو داوخوازییەی کوردان وا هەیە ڕۆژێک بەکەڵکمان بێ. گوتی بۆی هەیە وابێ، بەڵام پێم ســەیر نییە ئەگەر پەیمانی ئێمە لەگەڵ ســەددام حســێن هەمیشــەیی بــێ. زۆر گونجاوە کــە بەغدا بیەوێ پەیوەندیــی نزیکتری لەگەڵ ئێمــە هەبــێ و خــۆی لە گێچەڵی نفــوزی لاوەکی، بەتایبەت ڕووســەکان ڕزگار بکا.

وەڵامـم دایـەوە، بەڵام سـاڵی پار هیچی وای نەمابوو عێراقییەکان خواسـتی کوردان قبـووڵ بکـەن و بەکـردەوە هاندانـی ئەعلاحـەزرەت بووە هـۆی ئەوەی کـوردەکان پێشـنیارەکەیان دایـە دواوە. ئـەو بەتوندیـی گوتـی هـەردوولا دەیانزانـی کـە عێراق نەیدەویسـت بەڵێنەکانـی جێبەجێ بکا، زیاتر یارییەکی بێتـام بوو تا بەڵێن... (٦٦٣ ـ ٦٦٤)

چوارشەممە ٢١ی ئیسفەند: شا لە حاڵەتێکی ڕۆحی زۆر باشتر لە دوێنێدا بوو، هۆکارەکەشی ساکار بوو. دوێنێ دوانیوەڕۆ لەوە ناڕەحەت بوو کە چاوی بە مستەفا بارزانـی ڕێبـەری کوردەکان کەوتبوو، دیارە لە چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو، هەندێـک شـەرمەزارە. گەرچـی ئەگەر پشـتگیریی ئێمـە نەبووایە کـوردان زۆر پێش ئێستا تێدا دەچوون. زیاد لە ١٠٠ چەشنە تۆپخانەی سەحرایی و ژمارەیەکی گەلێک زۆری مووشەکی دژەتانگ و سامی ژێر فەرمانی ئێران لە کوردستان هەن، هەموو ئەمانە دەبێ بەخێرایی تێدا بچن لەبەروەی هیچ شانسێک نییە بکەونەوە دەستمان... کۆمەڵـگای نێونەتەوەیی تاوانبارمان دەکـەن کە خەیانەتمان کردووە، بەڵام بیر لەوە ناکەنـەوە کە ئەگەر پشـتگیریی ئێمە نەبووایە، ئەمڕۆ کـوردان لەکوێ دەبوون؟ هەر چۆنێک بێ، کوردستانی سەربەخۆ هیچ کاتێک سوودی بۆ ئێمە نەبووە (٦٦٥).

پێنجشـەممە، ٢٩ی ئیسـفەند: ڕاپۆرتم دا بە شـادا کە کوردانی عێراق دەرفەتێکی زیاتریـان دەوێ بـۆ ئـەوەی بنەماڵەکانیان لەوپەڕی سـنوورەوە بهێننە نێو ئێرانەوە. بارزانی دڵنیگەرانی هاوڕێیان و خزمانی بەجێماویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا شـا پێداگرە لەسـەر ئـەوەی پەنابەرییەتی تەنیا بە چریکـەکان بدرێ، لەبەروەی عێراق زیانێک بە ژن و منـداڵ ناگەیەنـێ. وەڵامـم دایەوە تەنانەت ئەگەر واش بـێ ناتوانین چاوەڕوان بین کوردەکان باوەڕ بەوە بکەن یان بنەماڵەکانیان لەوێ بەجێبهێڵن. شـا پێشـنیاری کرد بیانخەینە ژێر پشـتگیریی خاچی سـووری نێونەتەوەیی‌یەوە، لە ڕاستیدا بەڵێنی دا کارەکە جێبەجێ بکا. ئەگەر بڕیار بێ ڕێز لە پەیمانمان لەگەڵ عێراق بگرین، ئەو چارەیەکی دیکەی نییە (٦٦٥ ـ ٦٦٦).

هەینـی، ١ی فەروەردیـن (نـەورۆز) تـا ١٤ی فەروەردیـن: باڵوێزمان لـە عەممان

بە نامەیەکی مەلیک حوسـێنەوە هات کە تێیدا ناوی هەندێک ناسیۆنالیسـتی کوردی ئاشکرا کردبوو وا دژ بە گیانی شا پیلانیان دەگێڕا. دەسبەجێ نامەکەم دایە ساواک (٦٦٧).

دیـارە ئـەم دێڕانەی سـەرەوە هەڵبژاردەیەکی کەمی ٥ بـەرگ کتێبی پڕ لاپەڕەن. یادداشتەکانی عەلەم بۆ ناسینی کەسایەتیی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی و بنەماڵەکەی، هەروەها پەیوەندییەکانی ڕژیمی شا لەگەڵ ولاتانی دەرەوە سەرچاوەیەکی بەسوودە. عەلـەم گەلێـک لە شـا نزیـک بـووە و زۆر نهێنیی ئـەو و دەرباری شـای زانیوە کە هەندێکیانی لەم یادداشتانەدا درکاندووە. جیاواز لە کێشەی کورد، لام وایە بەگشتی ناسینی ڕژیمی شا بەبێ ئەم یادداشتانە گەلێک ئەستەمتر دەبێ.[١]

١. علـم، اسـدالله، «یادداشـت‌های علـم»، ویرایـش و مقدمه مشـروحی درباره شـاه و علم از علی‌نقی عالی‌خانی، جلد یکم: ١٣٤٧ ـ ١٣٤٨/ ١٩٦٨ ـ ١٩٦٩، چاپ نیوورلد لیمیتد، ایالات متحده آمریکا، ٤١٣ صفحه، فارسی.

## بیرەوەرییەکانی سەرتیپ هاشمی

ئەم کتێبە بیرەوەریی سەرتیپ هاشمی جێگری سەروکی ساواک و بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی «ضدجاسوسی» ساواکە. هاشمی خەڵکی شاری «خۆی» و وەک زۆرێک لە ئەفسەران وکاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانی سەردەمی پەهلەوییەکان، ئازەربایجانییە. بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە پەیوەندەکانی حکوومەتی ئێران لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان (١٩٦١) لە ڕێگەی ساواکەوە دەگیران و ئەویش یەک لەو چەند ئەفسەر و فەرمانبەرە دەوڵەتییە پلەبەرزانە بوو کە پەیوەندییەکانی دەبەست، جێگەوپێگە و دەوربینینی لە شۆڕشی ئەیلوولدا گرنگایەتیی پەیدا کردبوو. دیارە لە ماوەی چاردە ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول کوردانی خۆفرۆشی ڕۆژهەڵاتیش وەک سەرهەنگ پێژمان و سەرهەنگ مودەرریسی لە هاتوچۆی بەردەوامی ناوچەی شۆڕشدا بوون، بەڵام دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ و هاتنی ئاوارەکان بۆ ئێران و نیشتەجێبوونی ڕێبەرانیان لە کەرەج، سەرتیپ هاشمی بە قسەی خۆی، ڕۆژانە سەردانی بارزانی کردووە و دەوری پەیوەندیدانی بارزانی بە شا و حکوومەتی ئێران و ساواکەوە گێڕاوە.

هاشمی پێش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ بەرپرسی ڕاگەیشتن بە ئیشوکاری «موعاویدین»، واتە ئەو بە ڕەگەز ئێرانییانە بووە کە سەددام حسێن لە عێراق دەریدەکردن و دەیناردنەوە ئێران، دەشزانین زۆریان کورد بوون.

لە فەسڵی «متجاوزین مرزی، معاودین و پناهندگان»ی کتێبەکەدا هاشمی باسی هەڵسووڕاویی خۆی لە ڕاگەیشتن بەو سێ دەستە خەڵکە دەکا و لە درێژە و لەژێر سەردێڕی «ورود ایل بارزان بە ایران»دا (ل ٤٩٤ ـ ٥٠٥) دەچێتە سەر مەسەلەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و هاتنی کوردی ئاوارە و پەنابەر بۆ ئێران. لەوێدا لە خزمەت و پێڕاگەیشتنی خۆی و ساواک و دەوڵەتی ئێران بە کوردە ئاوارەکان دەدوێ و دەوڵەت دەکاتە فریشتەی میهرەبان و دڵسۆزی ئەو پەنابەرانە وەک

ئەوەی خەیانەت و پشت تێکردنێک نەبووبێ و کەڵک وەرگرتنی نامرۆڤانەی خۆی و ساواک و شا لە خوێنی ئەو هەموو شەهید و بریندارە کوردە درۆ بووبێ! لەگەڵ ئەوەشدا لە توێی ڕستە و هەواڵەکاندا هەندێک ڕاستی دەدرکێنێ کە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی دەردەخەن. ئێمە هەموومان لە شارەکانی عەجەمستان ئاوارە کوردەکانی باشوورمان دەدیت کە لەوپەڕی بێوازی و ناتەواوی و ڕەزالەتدا دەژیان. هاشمی لەو بابەتەوە دەڵێ ساواک هیچ دەسەڵاتێکی بە بارزانی نەدەدا بتوانێ پێیان ڕابگا. هاشمی دەڵێ بارزانی بەردەوام سکاڵای دەکرد و دەیگوت ڕۆژانە ١٥٠ نامەی ئاوارەکانم پێدەگا کە هەموو هاواریانە لە دەست بارودۆخەکە، بەڵام هیچم لە دەست نایە بۆیان بکەم. تەنانەت دەڵێ جارێکیان بارزانی گوتی ئەگەر خۆکوشتن لە ئیسلامدا حەرام نەبووایە خۆم دەکوشت با لەو بارودۆخە ڕزگاریم بێ. هەر لەوێدا دەڵێ بارزانی نیسبەت بە ئەمریکاییەکان زۆر ڕەشبین بوو و بە ناپیاو و پەیمانشکێنی ناودەبردن و لە شوێنێکیشدا بارزانی بە پیاوێکی قورس و قایم و ئازا ناودەبا.

هاشمی دواتر باسی نەخۆشکەوتنی بارزانی و ئازاری شێرپەنجەی دەکا و بەڕاشکاوی دەڵێ شا ئیجازەی نەدەدا بۆ عیلاج بچێتە دەرەوەی وڵات. کاتێکیش ئیجازە درا، ئیتر درەنگ ببوو و عیلاج سوودی نەدەبەخشی تا ئەوەی لە ئەنجامدا وەفاتی کرد.

ئەوە داگیرکەرێک کە زیاترین سوودی لە ڕاپەڕینی کورد و ڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەرگرت، ئەویش کیسنجر و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت شۆڕشی کورد، جا وەرە کورد بەو دەرس لەو مێژووە وەرمەگرە! با برادەرانی کوردی باشوور و هەندێک حیزب و ڕێکخراوە کە ئێستاش پشت بە ئێران دەبەستن جارێکی دیکە بەخۆیاندا بچنەوە و ئەو ڕێوییانەی ئێران بناسن.[١]

---

١. هاشمی، سرتیپ منوچهر، «داوری، ـ سخنی در کارنامه ساواک»، نشر ارس، لندن ١٣٧٣/ ١٩٩٤، ٦٤٣ صفحه، فارسی.

## بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵڵای هومایوونی

**وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە: حەسەن قازی**

بـرای بەڕێـزم مامۆسـتا حەسـەنی قـازی حەجـی بـۆ هێناومەتـە دێـی لـەج! من کە بێگومـان دەبووایـە لـە درێـژەی ئـەم باسـەدا بچمـە سـۆراغی بیرەوەرییەکانـی سـەرلەشـکر هومایوونـی، فەرمانـدەی لەشـکری کوردسـتان و دەوری چەپەڵی ئەو لـە دژایەتیکـردن و بەرانبـەر وەسـتانی کۆمـاری کوردسـتان (١٩٤٦) دەربخـەم، بە بڵاوبوونـەوەی ئەم بابەتەی مامۆسـتا حەسـەن لەسـەر وێبلاگی «ڕوانگـە» کارم بۆ هاسان بوویەوە و لێرەدا نێونیشانەکەم دیاری کردووە.

ئەم بەشە هەڵبژاردەیە، ساڵانی ١٣٢٤ ـ ٢٥/ ١٩٤٦، دەگرێتەوە کە تێیاندا کۆماری کوردسـتان بە ڕێبەرایەتیی پێشـەوا قازی محەممەد دامەزرا و بە هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سـەر ناوچەکە هەرەسـی هێنا. هومایوونی، وەک پێشتر لە بیرەوەرییەکانی ڕەزمئارادا ئاماژەم پێکرد، یەک لە نەیار و ناحەزانی کۆمار و گەلەکەمان بوو و بەو بۆنەیـەوە ئاشـکرایە ڕوانگەی بە نیسـبەت کوردەوە لـەم بیرەوەرییانەدا دەبێ چۆن بـێ. کاری کاک حەسـەن، خـۆی گوتەنی، زۆر بـە وردەڕیشـاڵە، لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکەی تێدا تەرجەمە کراوە و لە کۆتاییش‌دا بەراوردکارییەکی قسەی هومایوونی لەگەڵ نووسـینەکانی نەمر خەلیل فەتاحی قازی کراوە و نامەیەکی شـەهید سـەدری قازیـش خراوەتـە بەرچاو کە دەریدەخا لەو ڕێکەوتەدا لـە تارانەوە چۆتەوە مەهاباد یان براوەتە ئەوێ.

لێرەدا پێویسـتە بڵێم کە ئێرانییەکان سـاڵانێکی زۆرە پرۆژەی مێژووی زارەکیی ئێـران لەژێـر چاوەدێریـی زانکۆی هارواردی ئەمریکی و بـە بودجەی ئەوان بەڕێوە دەبەن و توانیویانە بیرەوەری گەلێک کاربەدەسـت و فەرماندەی سـپایی سـەردەمی قاجـار و پەهلـەوی بڵاوبکەنـەوە کە وا هەبوو ئەگەر ئەو پرۆژەیـە نەبووایە، خۆیان نەیانویسـتایە یا نەیانتوانیایە بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە. ئەوە پرۆژەیەکی گەلێک گرنگ و سەرکەوتووە و جێی خۆی دەبێ ئەگەر کوردیش بە شێوەیەک لە شێوەکان

کارێکی هاوچەشــن بۆ کەســایەتییە سیاســییەکانی خۆی بەڕێوە ببات و ئیجازە نەدا قەڵەمــی چەپەڵــی کەســانی وەک ئەرفەع و پێژمــان و قانعی‌فەرد مێژووی سیاســی گەلەکەمان پەڵەدار بکەن.[1]

1. http://ruwange. blogspot. com/2013/06/blog post_4543. html

## بیرەوەرییەکانی لاهروودی و سێ نامەی پێشەوا

ئەمیر عەلی لاهروودی ئەندامی ڕێبەرایەتیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە موهاجەرەتی سۆڤیەت، بیرەوەرییەکانی خۆی لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجان (١٩٤۶) و چوونی خۆی بۆ ئازەربایجانی باکووری (سۆڤیەتی) هەتا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و چەند ساڵێکیش دوای ئەو نووسیوە و بنکەی چاپەمەنیی فیرقە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە باکۆ بۆی بڵاوکردۆتەوە.

لاهروودی بەهۆی پلەوپایەی حیزبی و هەروەها نزیک بوونی لە ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خاوەنـدەسەڵات و بەسەر پەنابەرانی توودەیی و ئێرانیی نێو ئازەربایجانی سۆڤیەتدا دەسرۆییشتوو بووە و بەو بۆنەیەوە دەستی بەسەر گەلێک بەڵگەنامەی حیزبی و دەوڵەتی ڕاگەیشتووە. هەڵوێستی سیاسیی لاهروودی سەرەڕای نزیکایەتیی فیرقە لە حیزبی توودە، کەمتر کۆمۆنیستی و زیاتر نەتەوەیی ئازەربایجانییە و لەم بوارەدا گەلێک چۆتە پێشەوە، بە شێوەیەک کە دژایەتیی کورد و ئەرمەنی و ئێرانی لە هەموو شوێنێکی یادداشتەکانیدا دەبیندرێ.

بە نیسبەت کوردەوە، هەڵوێستی لاهروودی باش نییە و گەرچی هێرشی ڕاستەوخۆ ناکاتە سەر کەسێک، بەڵام کاتێ نێوهێنانی پێشەوا قازی محەممەد و بارزانی و هەروەها ڕێبەرانی بزووتنەوەی چەپی ئێرانی، وەک غەنی بلووریان، سێڕاجی و نەمران عەلی گەلاوێژ و ڕەحیمی سەیفی قازی، هەرگیز دڵانی خێریان پێداناهێنێ.

ئەوەی لە یادداشتەکانی لاهروودیدا بۆکان و ناوچەکەی بگرێتەوە، ئەو بابەتانەن وا سەبارەت بە نەمر عەلی گەلاوێژ نووسیونی، بەڵام لەبەروەی ناوچەی سەرچۆمی جەغەتوو و چۆمی مەجیدخان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بۆکانەوە هەیە، دەبێ بابەتی پەیوەندیدار بە نەمر د. ڕەحیمی سەیفی قازیش بخەمە چوارچێوەی

کارەکەوە.

لاهـرووودی هەروەها سـێ نامەی پێشـەوای لە کتێبەکـەیدا چاپ کردووە. من لە ئەسـڵ بـوون و نەبوونـی نامـەکان دڵنیا نیم، بەڵام بە پێویسـتم زانـی وەک کارێکی لاوەکی ئەوانیش لێرەدا بهێنمەوە و بیانخەمە بەر چاوی خوێنەر. دواتر دەبێ هەواڵی بـەراورد کردنـی نموونەی خەت و ئیمزای پێشـەوا لەگەڵ ئـەم بەڵگەنامەدا بدرێ و بزانـدرێ ئایـا دەسـخەتی ئەون یان نا. بەگوێرەی بۆچوونی ڕێزدار حەسـەنی قازی نامەکان دەسخەتی پێشەوا نین، بەڵام ئیمزاکەیان هی ئەوە.

ئـەم لاپەڕانـەی کتێبەکە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان، بۆکان و کەسـاییەتییەکانی دەگرنەوە:

١٠٤، ١٠٥، ١١٢، ١١٦، ١١٧، ٢٧٤ (بـۆکان)، ٢٧٥ (بـۆکان و عەلیئاغـای عەلیـار)، ٣١٤، ٣٦٥، ٣٦٧، ٤٢٨ (ڕادیـۆ پەیکـی ئێـران، گەرچی باسـی نەمر قزڵجی و گەلاوێژی نەکـردووە)، ٤٣٤، ٤٥٠، ٥٩٦ (ئامـار سـەبارەت بـە کوردسـتان)، ٦٤٣، ٦٦٥ بـەدواوە (ئەکسەرییەت و حیزبی توودەی ئێران)، ٦٨٧، ٦٨٨ (کوردێکی سەقزی).

نامەکانی پێشەوا لە لاپەڕە ٣٣٣ تا ٣٣٨ی بیرەوەرییەکانیدا چاپ کراون. لە بیرمان نەچێ کە سیاسەتی یەکییەتیی سۆڤیەتی لە سەردەمی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستاندا، بەهۆی فەرمانبەران و سپایەکەوە بەڕێوەدەچوو کە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون و حکوومەتی ناوەندی لە مۆسکۆ ڕاسـتەوخۆ دەسـتی لە کارەکان وەرنەدەدا. لە هەر دوو بانگهێشـتنی سەرانی کورد بۆ سۆڤیەتیشدا کەسەکان تەنیا چوونە باکۆ و لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەربایجان و باقرۆفی سـەرۆککۆماری حکوومەتی ئازەربایجانی سـۆڤیەتیدا قسـەیان کرد. بەو پێیە، نامەنووسـینی پێشـەوا بۆ باقرۆفیش کە دەنگ و نوێنەری یەکییەتیی سۆڤیەتی بوو، شـتێکی ئاسـاییە و سـەمەرە نانوێنێ، بـەڵام لاهرووودی کە ناسیۆنالیسـتێکی ئازەربایجانـی بـوو، بـە شـێوەیەکی دیکەی پیشـانی خوێنەر دەدا کـە گوایە باقرۆف سـەرۆک و پێشـەوا قازی محەممـەد فەرمانبەرێکی بەردەسـتی بـووە، هەر بۆیەش نامەی بۆ نووسیوە و داوای یارمەتیی لێکردووە.

بـۆ زانیاریـی زیاتـر سـەبارەت بـە دەقـی نامەکانـی پێشـەوا قـازی محەممـەد، یادداشت و وەرگێڕانی نامەکان بە قەڵەمی بەپێزی بەڕێز کاک حەسەن قازی لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.[1]

**سێ نامەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ میرجەعفەر باقرۆف**

ئامادە کردن و وەرگێڕانی : حەسەنی قازی

بەڕێـز ئەمیرعەلـی لاهـروودی سـەدری فیرقەی دێموکراتـی ئازەربایجـان لە کتێبی بیرەوەرییەکانـیدا: «یادماندەهـا و ملاحظەها» (نشـر فرقە دمکرات آذربایجان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە باکۆ بە زمانی فارسی بڵاو بۆتەوە، لە لاپەڕە ٣٣٥ - ٣٣٧دا کۆپیی سێ نامەی پێشەوا قازی محەممەدی بڵاو کردۆتەوە کە بۆ میرجەعفەر باقرۆف نووسراون. ئەم نامانە بە زمانی ترکی ئازەربایجانی و بە دەسـخەتی جیاواز نووسـراون. تەنێ نامـەی یەکەم لەسـەر کاغەزی فۆرمی «وزارەت هیزی کوردوسـتان» نووسـراوە و تاریخی پێوەیە. لە هەرسـێک نامەکاندا ئیمزای پێشـەوا قازی محەممەد بە بەراورد کردن لەگەڵ سـەرچاوەی دیکەدا بە جوانی دەناسـرێتەوە و چ گومانێک لە ڕەسـەن بوونـیدا نییـە. ئـەم بەڵگانە یەکەم جـارە بڵاو دەکرێنەوە. بەداخـەوە لە کتێبی بەڕێز لاهروودیدا ئەو نامانە بەوردی و بەسەرنجەوە وەرنەگێڕدراونە سەر زمانی فارسی. لە نێوەرۆکی نامەی دوویەمڕا دەردەکەوێ کە لە دوای پاشەکشەی ئەرتەشی سوور لە ئێران (مانگی مای ١٩٤٦) نووسـراوە، لەو نامەیەدا هێندێک وشـە پەڕێندراوە یان پـاک کراونەتـەوە! مەبەسـت لـە عیسـازادە، کـە دواتر لـە نامەکەدا بەنـاوی یەکەمی «سـەلاحەددین» باسـی لێوەکراوە «سـەلاحەددین کازمۆف»ە، کە ڕاوێژکاری نیزامی کۆمار بوو. سـەلاحەددین کازمۆف لە کوردەکانی سـۆڤیەت بوو و لە لیسـتەیەکدا کە لەلایەن وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئازەربایجانەوە بڵاو کراوەتەوە وەکوو یەک لە «قارەمانانی سـۆڤیەت» ناسـێندراوە. کازمۆف ساڵی ١٩٧٨ لە ڕووداوێکدا لە باکۆ

---

١. امیرعلـی لاهـرودی، یادماندەها و ملاحظەها، نشـر فرقە دمکرات آذربایجان، باکو، ١٣٨٦/ ٢٠٠٧، ٧٤٨ صفحە، فارسی.

کووژرا.

نامـەی سـێیەم دەبـێ بە ڕێگەی ئـەو خوێندکارە کوردانەدا ناردرابـێ کە بۆ خوێندن چووبوونە سـۆڤیەت. لە کۆتاییەکانی مانگی ئاوریلی سـاڵی ١٩٤٦ نزیکەی ٦٠ لاوی کورد بۆ پەروەردەی نیزامی لەلایەن کۆماری کوردسـتانەوە ناردرانە ئازەربایجانی سـۆڤیەت، بەڵام بەر لەوان بەپێی نووسـینی ویلیام ئیگڵتۆن «سێ قوتابی ناوەندی لە مهابادەوە لە زانکۆی باکۆ وەرگیرابوون، لە چوارچێوەی ئەو بوورسانەیدا کە ساڵێک پێشـتر درابـوون بـە حکوومەتی ئێران. ئـەو خوێندکارانە بریتی بـوون لە: ڕەحمانی حەلەوی، خوسـرەوی زولفەقاری و مسـتەفای شـەڵماشی (کۆماری کوردی لە ساڵی ١٩٤٦، لاپەڕەی ٨٥). لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٤٦ ئەو خوێندکارانە بە سەردان دێنەوە مهاباد. لە نوتقێکی پێشەوا قازی محەممەد کە لە ژمارەی ٧٦ی کوردستاندا چاپ کراوە (کوردسـتان، سێشـەمۆ ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٢٥ هەتاوی [١٣ی ئووتی ١٩٤٦]) ئاماژە بـە هاتنـەوەی ئەو خوێنکارانە کراوە و پێشـەوا قازی محەممـەد لەو بارەیەوە دەڵێ: «... ئەمـن لـەم سـەفەرەدا هێنـدێ کارم مابوو کـە جێبەجێیان بکەم، بـەڵام چونکوو بیسـتم کە سـێ نەفەر لە موحەسـیلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سـەردانی وڵات هاتوونـەوە تاڵووکـەم کـرد کە چاوم پێیان بکەوێ و ئینتیـزارم هەبوو کە لە وەختی هاتنـەوەی ئـەواندا پێشـوازێکی زۆر چاکیـان لـێ بکـرێ، چونکـوو ئەوانـە هـەوەڵ موحەسـیلێکن کـە لە کوردان چوون بـۆ خاریجە. میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێ بکا، بەڵام داخەکەم لەم خسووسـەوە وەک پێویسـتە تەوەجوهی لازم و پێشـوازیی شـایانیان لـێ نەکـراوە. ئومێـدەوارم کە هەمـوو سـاڵێک مووەفەق بیـن ژمارەیەکی زۆر لـە موحەسـیلین بنێریـن بـۆ خاریجـە کە بە حـەول و قووەتی خـودا مووەفەق بین بەهۆی عیلم و زانسـت کەشـتی کوردسـتان بگەیەنینە سـاحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بە نووسین و گوتن بۆ خەڵکی بڵێن و بنووسن کە میللەت ئاشـنا بێ کە میللەتانی دیکە چلۆن بە قووەتی عیلم و زانسـت ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێر دەریایان موسەخەر کردووە...»

یـەک لـەو خوێندکارانـە، ڕەحمانی حەلەوی [دانیشـجووی کورد لە مەدرەسـەی تیببـی بادکووبە] لە ژمارەی ٧٩ی ڕۆژنامەی کوردسـتان‌دا (کوردسـتان، سێشـەمۆ ٢٩ی گەلاوێـژی ١٣٢٥ [٢٢ی ئووتـی ١٩۴۶]) وتارێکی بەناوی «بڕێک لە جوغرافیای شاری باکۆ» بڵاو کردۆتەوە.

بـەم پێیـە دەردەکەوێ نامەی دووەم لە دوای مانگی مای ١٩۴۶ و نامەی سـێیەم لە کۆتایی یان سەرەتای سێپتامبری ١٩۴۶ نووسراوە.

**نامەیە یەکەم**

ژمارە ٣٣

بروار... ئارمی کۆماری کوردستان

وزارەت هیزی کوردوستان

مهاباد

آذربایجان کومونیست پارتیاسنن باش کاتبی جناب میرجعفر باغراوف

چوق احترامله عرض اولونور سردشـت و سـقز و بانه رایونلارندا دشـمن النده تانک لار واردر و بیردە سنه شهرندە اولارن لشکرن مرکزندە طیارە وار بونە کویرە سیزدن چوق خواهش ایدرم امر بیورەسنز بیزە اوچ تانک و ایکی ضد طیارە طوپی بیزە ویرسونلار.

**محمد قاضی ٢۴/١٢/٢٩**

وەرگێڕانی کوردی:

سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان جەنابی میرجەعفەر باغرۆف

بـە ڕێـزی زۆرەوە عـەرز دەکـرێ، لـە ناوچەکانـی سەردەشـت و سـەقز و بانە دوژمـن تانکـی لـە دەسـتدایە و هەروەهـا لە شـاری سـنەش لە مەرکەزی لەشـکر فڕۆکەیـان هەیـە، بۆیـە زۆر تکاتان لێدەکەم ئەمر بفەرموون سـێ تانک و دوو تۆپی دژەفڕۆکەمان بدرێتێ.

**محەمەدی قازی ٢۴/١٢/٢٩ [٢٠ی مارسی ١٩۴٦]**

**نامەی دووەم**

محترم آذربایجان خلقینین آتاسی و بیوک معلمی اولان جناب میرجعفر باقراوف

اولا شـخصا مـن و بیز کورد خلقی طرفندن سـیزه و آذربایجـان ملتنه چوق لی سلام لار یترمگه باهم خوش آزاد و خوشبخت بیر خلق کیمی اولدوقجه ازون ایللار بویی یاشـاماقزنی اورگدن آرزو ایدیریک. منم بو مکتوبی یازماقده مقصودم اوندان عبـارت در کـه سـیز تمامـا آرخایـن اوله سـنز که سـیزن و قزل اوردونـن چکدیگی زحمت لر هدر گیتمیەجک و روس قوشونی بیزم فکرمزدان، اورک مزدان چیقمیەجاق من هیچ زمان اینانه بیلمرم که روس قوشـون لاری ایرانی بوشـالدەرق مظلوم خلق لاردان گوز گوتوروب اوز دوغمه وطن لارنه گیدەجک لار منه ایله گیلرکه دورت بش ایل سزن گوسترشنزله یاشایان و ینه روس لارن قایتمەسنن آرزو ایدن کورد خلقنی یاد دان چقارمیەجاق سـنز و بیزم حیاتی گوندەلک مسـئلەلارمزمراق لانەجاق سـنز. کـورد ملتـی آذربایجـان لـه باهـم اوز ملتـی، وطنـی و آزادلغـی اوغرنـده دائمـا دشـمن لـه ورشـوجاقلار آرتـق میـدان نامـوس لـی نـن دور بیـز کـورد ملتـی سـیزن کومـک نزلـه متمـدن بیـر ملـت بولمـاق لـه باهـم اونـی ده یاخشـی بیلیریـک کـه آزادلغـی سـیون بیـر ملـت بیرلیـک و مبارزەنـی ایتمەلیـدر آزادلـق مبارزەسـز و قانسـز ممکـن دگل در بیـز کورد ملتی هیچ وقـت طهرانه باش ایمەرگ لاکن، سیزدن بیر خواهشم وار:

١ـ کـورد ملتنی اوز قایغی یواسـنده بسـلەدیکیزکیمی اونـلاری اوچونجه یاد دان چیقارمەیـن و دائمـا گـوز قولاق ویرن سـیز بیزه بیـر بیز کورد خلقـی مقابلنده یوز بورجلی اولماقه حاضرغ

٢ـ بیر خواهشم وار که بیزه گوندردگز یولداش عیسی زاده تیزلیگله گری قایترق منـه بـو ایـش چوق تعجب گیلر بیر انسـان که ناموس له ایشـلەیه، زحمت چکه خلق مدافعـه قوشـونی یـارادا سـرحدی محکم لنـدره خلق آراسـنده حرمته مالـک اولابیر دن ایسـه روس لارن گیتمەسـی و کورد خلقنن دوشـمن له مبارزه امتحاننی ویرن زمـان یولداشـنی گیترمک فکرنی دوشـەرک بیزی ترک ایتمەسـی منـی معطل قویور

دیەسن بو بهانە ایدی منە گویرە صلاحالدینە بیزم حقمز سیزنکی قدر اولە بیلر چونکە او اولا ساویت اوغلی و ایکینجی کورد در بونە گویرە سیزدن خواهش ایدرم هیچ اولمەسا ایشی باشە چاتدرانە قدر یولداش عیسی زادەنی و یولداشنن تشریفی گیری قایتەرسنز چوق ساغ و خوشبخت اولەسنز سیزی اونتمەیان هم دوست.

**محمد قاضی**

وەرگێڕانی کوردی

باوک و مامۆستای گەورەی گەلی بەڕێزی ئازەربایجان جەنابی میرجەعفەر باقرۆف

یەکەم لەلایەن خۆم و گەلی کوردەوە وێڕای ناردنی سڵاوی زۆر بۆ ئێوە و میللەتی ئازەربایجان لە دڵەوە ئارەزوو دەکەین وەکوو گەلێکی ئازاد و خۆشبەخت بۆ ساڵانی درێژ بژین. مەبەستی من لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە کە دڵنیایی تەواوتان بدەمێ ئەو زەحمەتانەی ئێوە و سپای سوور کێشاوتانە بە فێڕۆ ناڕوا و قشوونی ڕووس لە فکر و دڵی ئێمە دەرناچێ. ئەمن قەت باوەڕ ناکەم کە هێزە ڕووسەکان بە چۆڵکردنی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان چاو لە گەلانی مەزلووم هەڵبوێرن. ئەمن وای بۆدەچم کە دوای چوارپێنج ساڵ ژیان لێرە ئێوە و ڕووسەکان بە گەڕانەوەتان گەلی کورد لە بیر ناکەن و سەرنج دەدەنە سەر مەسەلە حەیاتییەکانی ڕۆژانەی ئێمە. میللەتی کورد بەیەکەوە لە گەڵ ئازەربایجان لەپێناو میللەت، نیشتمان و ئازادیی خۆی بەردەوام لە بەرامبەر دوژمندا تێدەکۆشی و ئیدی مەیدان ئی کەسانی بەناموسە. ئێمەی میللەتی کورد بە یارمەتی ئێوە بۆ سازکرنی میللەتێکی بەشارستانی بەیەکەوە ئەوەش باش دەزانین کە میللەتێکی ئازادی خۆش بوێ، دەبێ خەباتێکی یەکگرتوو بکا. ئازادی بێ خەبات و بێ خوێن مومکین نییە، ئێمە وەکوو میللەتی کورد هیچ کاتێک سەر لەبەر تاران دانانەوێنین، بەڵام تکایەکم لە ئێوە هەیە:

١ـ هەروەک چۆن لە ڕۆژی تەنگانەدا لەسەر میللەتی کوردتان کردەوە لە بیریان مەکەن و هەمیشە چاو و گوێتان بە سەرییەوە بێ، ئێوە بۆ ئێمە یەک [ یەک یا چەند وشە پەڕیوە] ئێمە گەلی کورد لە بەرانبەردا ئامادەین سەد قەرزتان بدەینەوە.

٢ـ تکایەیەکم هەیە کە هاوڕێ عیسازادە کە ناردبووتانە لای ئێمە بە زوویی بنێرنەوە لامان. بە لای منەوە زۆر سەیرە ئینسانێک کە بە ویژدانەوە کاری کردووە، زەحمەتی کێشاوە، ئەرتەشی پاراستنی گەلی پێکهێناوە، سنووری مەحکەم کردووە و لەنێو کۆمەڵانی گەلدا خاوەن ڕێز و حورمەتە، لەپڕڕا بە گەڕانەوەی ڕووسەکان لە کاتێکدا گەلی کورد لە خەبات بەدژی دوژمن ئیمتیحانی خۆی دەدا ئێمە بەجێبهێڵی و وەبیر هینانی هاوسەرەکەی بکەوێ. لەوانەیە ئەوە بیانوویەک بێ. بە بۆچوونی من ئێمەش بە قەدەر ئێوە حەقمان بەسەر سەلاحەددینەوە هەیە، چونکوو یەکەم ئەو ڕۆڵەی سۆڤیەت و دووەم کوردە، بۆیە تکاتان لێدەکەم هەرنەبێ تا ئەو کاتەی کارەکە تەواو دەبێ هاوڕێ عیسازادە بنێرنەوە. ساخ و خوشبەخت بن .

**ئەو دۆستەی لە بیرتان ناکا، محەمەدی قازی**

**نامەی سێیەم**

بیوک اذربایجان معظم رهبری اتا و باش معلممز میرجعفرباقراوف حضرتلری

ایندی کە بیزم کیچک تمدن کاراونیمیز اوز مرخصلکی تمام ایدوب ینی دان کسب علم و کمال اوز اولکەنی ایشیق لاندرمق ایچون قایدرلار وقتی غنیمت بیلرم اوز صمیمی سلام لارمی تقدیم ایدوب و تقاضا ایلیم کە موکد دستور بیورەسز کە سزن مراحم و بیورکنز کوردلارن بارەسندە کاملا عملی اولوب و او جنابن خیرخواەلق لطف لاری جدی راخ تعقیب اولسون.

**محمد قاضی**

وەرگێڕانی کوردی

ڕێبەری گەورەی ئازەربایجان باوک و سەرمامۆستامان حەزرەتی میرجەعفەر باقرۆف

ئێستا کە کاروانی پچووکی شارستانییەتی ئێمە پشووی خۆیان تەواو کردووە و دیسان بۆ وەرگرتنی زانست و کەماڵ و ڕووناکگێڕانی وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەم کاتە بە دەرفەت دەزانم سڵاوی دڵپاکانەی خۆمتان پێشکێش بکەم و دەمەوێ

داوا بکـەم کـە دەسـتووری پتـەو بدەن کـە گەورەیـی و ڕوحمی ئێوە سـەبارەت بە کـوردەکان بەجـێ بهێنـدرێ و لوتفی خێرخوازانەی جەنابتان بە شـێوەیەکی جیدیتر شوێنگیرێ بکرێ.

**محەمەدی قازی**

دەقی نامەی یەکەم

33

نمره ......

تاریخ ......

وزارەت هێزی کوردوستان

* مهاباد *

آذربایجان کومونیست پارتیاسنن باش کاتبی جناب میر جعفر باقروف

چوق احترامله عرض اولونور  سردشت و سقز جبهه‌سنه رادیولاریزه

دشمن الینده تانکلار واردر  و بیرده سنه شهرنده اولان

عسکرین مرکزینده طیاره وار بونه گوره سیزدن چوق خواهش

ایدیرم امر بیوره‌سنز بیزه اوچ تانک واکی ضد طیاره طوپی

بیزه ویرسونلار  محمد قاضی ۲۹/۱۲/۲۴

~~27~~

1

## دەقی نامەی دووهەم

محترم آذربایجان خلقینین آتاسی و بیوک معنی اولان جناب میرجعفر باقراوف

اولاً شخصاً من و بیز کرد خلقی طرفندن سیزه و آذربایجان ملتینه چوخلی سلام لار یتیریلیر باهم خوش
آزاد و خوشبخت بیر خلق کیمی اولمه و تمه اوزون ایللار بویی یاشاماقینی اورکدن آرزو ایدیریک
سیز بو مکتوبی یازماقده مقصودم او بودان عبارتدر که سیز تماماً آرخاین اولسانیز که سیزین و قزل اوردونین
چکدیکی زحمت لر هدر گیتمیه جکدیر روس قوشونی بیزیم تکرمزدان، اورک مزدان چیخمیه جاق

من هیچ زمان اینانه بیلمرم که روس قوشون لاری ایران بو شکلده رک مظلوم خلق لاردان گوز گوتوروب
اوز دوغما وطن لارینه گیده جک لار منه ایله گلیر که دوروت بش ایل سونرا گوستریشینیز له
یاشایان و ینه روس لارین قایتمه سینی آرزو ایدن کرد خلقینی یادوان چیخارمیه جاق سینیز و بیزیم
حیاتی گرنده لک مسئله لاریمیز مراق لانه جاق سینیز.

کرد ملتی آذربایجان له باهم اوز ملتی، وطنی و آزادلیغی اوغرنده دائما دشمن له ووروشاجاقلار
آرتیق میدان نامرد لیکدن دور

بیز کرد ملتی سیزین کیمی نزله متمدن بیر ملت لو لماق له باهم اوزون دنیا حشی بیلیریک که
آزادلیق سیون بیر ملت بیر لیک و مبارزه نی ایتمه لیدر
آزادلیق سیاره مز و قانسز الکن دگلدر

بیز کرد ملتی هیچ وقت طهرانه باش ایمه رک لاکن، سیزدن بیر خواهشم وار:
کرد ملتی اوز قایغی بو اسنده دبله دیکدیکلری اونلاری اوچ نجه یاددان چیخارمه یین
دائما گوز قولاق و یرن

سیز بیزه بیر بیز کرد خلقی مقابلنده بیر بورجلی اولماقدا میسیز
۲ - بیر خواهشم وار که بیزه گونده ره دکر یولداش عیسی زاده تیز لیکله گری قایتدق
سنه برایش چوخ تعجب گلیر بیر انسان که نامرس له ایشله یه، زحمت چکه خلق مدافعه
قوشونی یاراداسو حدی محکم لنده ره خلق آراسنده حرمت ساتک اولا بیر دن ایسه
روس لارین گیتمه سی و کورد خلقنین دوشمن له مبارزه استمانی ویرن زمان یولداشی
گیتریک تکری دوشه رک بیزی ترک ایتمه سی منی مطل قویور

دیه سن بو بهانه ایدی سنه گوره صلاح الدینه بیزیم حقمزسیزنکی قدر او لا بیلر
چونکه او اولاً ساویت اوغلی و آیکینجی کورد در بونه گوره سیزدن خواهش ایدیرم
هیچ اولمه سا ایشی باشه چاتدرانه قدر یولداش عیسی زاده نی و یولداشلارین تشریف
گیری قایتاره سیز. چوخ ساغ و خوشبخت اوله سیز. سیزی او نتمه یان هم دوست

قاضی

## دەقی نامەی سێهەم

بیوک آذربایجانن معظم رهبری آتاوباش معلمز میرجعفر باقراوف حضرتلرینه

ایندی که بیزم کیچیک تمدن کاروانمز اورمیه‌دن تشکلی

تمام ایدوب یینی دان کسب علم و کمال و اوز اولکه‌سنه

ایشیق لاندرمق ایچون قایدرلار وقتی غنیمت

بیلدم اوز صمیمی سلاملارمی تقدیم ایدوب و تقاضا

ایلیرم که مؤکد دستور صادر بیورسز که شرلن تراجم

و بیورلکز کورسدلازن باره‌سنده کاملاً عملی اولوب

واو جنابات خیرخواه‌لق لطف لاری جدی تحت راغ

تعقیب اولونسون محمد قاضی

## بیرەوەرییەکانی حەمزە فەراهەتی

فەراهەتی کادری ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی خەڵق و ئەندامی ئەکسەرییەتی ئەو سازمانە پاش دوو پارەبوونی سازمانی فیدائییان، ناوی لەگەڵ چەند ڕووداو گرێ دراوە: یەکەمیان ئەوەی تاقە کەسێک بووە کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە کاتی خنکانی سەمەدی بیهرەنگی لە چۆمی ئاراس، وەک یەکێک لە نزیکترین دۆستەکانی لەگەڵی بووە. دووهەم بۆ کێشەی قەتڵی شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە ڕێستوورانی میکۆنووس لەلایەن پۆلیس و دادگای بەرلینەوە وەک زۆر کەسی دیکە لێکۆڵینەوە و پرسیاری لێکرا، بۆ ئەوەی بزانرێ لەو و لە دەیان ئێرانیی دیکەی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، کامیان هەواڵی کۆبوونەوەی میکۆنووسی گەیاندبووە دەزگای ئیتلاعاتی حکوومەتی ئێران. لە بیرەوەرییەکاندا، کە بە زمانێکی گەلێک شیرین نووسراوە، فەراهەتی وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە و خۆی بە دوور دەزانێ و باسی ڕووداوێکی هاوچەشنی کارەساتی سەمەد دەکا بۆخۆی و شەهید سەعید سوڵتانپوور لە ئیتالیا.

فەراهەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا لە مەهاباد و بۆکان و نەغەدە و پیرانشار و سەردەشت بووە و وەک هەڵسووڕاوی چریکەکان لەو شارانەدا ئەرک و کاری بەڕێوە بردووە و لەگەڵ هاوڕێیانی کورد و غەیرە کورد، ماوەیەک لە خڕی ناوزەنگ لە باشووری کوردستان ژیاوە.

هەڵوێستی نووسەر بەرانبەر بە کوردستان و شەڕی کۆماری ئیسلامی گەلێک ئیجابی و باشە و لە شەڕی نەغەدەدا مەلا حەسەنی و مراد قەتاری و شەڕخوازانی دیکەی تاوانبار کردووە.

لە باسی بۆکاندا دەڵێ لەوێ، لە ماڵی شەهید مینەی شێرخانی ژیاوە و لە کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی لقی کوردستانی ئەکسەرییەت لە بۆکان بەشداریی

کردووە، کە تێیدا بڕیار لەسەر وەستاندنی شەڕی چەکداری درا (ساڵی ١٩٨٠).[١]

ئەو لاپەڕانەی وا لە کتێبەکەدا، بۆکان دەگرنەوە بریتین لە:

٣١٦ تا ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٥٧ و ٤٠٢، کە زۆربەیان لە فەسڵێکدان بەناوی «کوردستان». لەو بۆکانییانەی وا لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە، ئەنوەر شەفیعی (٣١٦) و ئیبراهیم فەرشی (٣٦٥) و هەروەها شەهید مینەی شێرخانی و براکەیین. نووسەر سەبارەت بە فەرشی دەنووسێ: «یەک لە کادرە گەلێک باشەکانی سازمان بوو»، بەڵام ناوی ئەنوەر شەفیعی بە هەڵە تۆمار کردووە و زۆر وا هەیە نیازی دوکتۆر جەعفەر شەفیعی بووبێ، بەڵام لەبەرەوەی دوکتۆر جەعفەر لەگەڵ کۆمەڵە بوو نەک فیدائیيان، دوور نییە نیازی من بووبێتم، کە دۆستایەتیشم لەگەڵی بوو.

کتێبەکە کە بۆ ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران نرخێکی زۆری هەیە و وێدەچێ نووسەر بە چاوێکی واقیعبینانەوە سەیری کێشەکانی کردبێ.[٢]

١. ئەم کۆبوونەوەیە لە ماڵی ئێمە کرا.

٢. حمزه فراهتی، «از آن سال ها... و سال‌های دیگر»، ویراستار: کیوان ارجمند، چاپ اول، انتشارات فروغ، آلمان، پائیز ٢٠٠٦/١٣٨٥، ٥٢٥ صفحه، فارسی.

## چەند بیرەوەرییەکی خۆم

### دەبیرستانی کەشاوەرزی لە بۆکان

وا بزانم بەهاری ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦) بوو کە قوتابخانەی سەرەتایی «پەهلەوی»م لە بینایەی قەڵای سەرداری بۆکان کۆتایی پێ‌هێنا و لە پاییزی هەمان ساڵدا چوومە «دەبیرستان». دەبیرستانەکەش هەر ناوی پەهلەوی بوو و لە هەمان بینایەی قەڵادا بوو. قوتابخانەی سەرەتایی لە بەشی ڕۆژاوا و قوتابخانە ناوەندییەکەش لە بەشی باشووری حەوشی قەڵادا بوون. دوو لایەنەکەی تر بینایەی لێ‌نەبوو یا ئەگەر بووبێ لە سەردەمی مندا نەمابوو و ڕووخابوو، تەنیا عەمبارێک لەلای باکوور و تەوالێتەکان و دەروازەی چوونە دەرەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی‌دا بوون.

ڕاست لەو ساڵەدا کە من چوومە دەبیرستان، دیاردەیەکی نوێ لە فەرهەنگی بۆکان‌دا هاتە ئاراوە کە تا ئەو دەم نە لە بۆکان و نە لە شارەکانی دەوروبەر شتی وا بوونی نەبوو: لە بۆکان «دەبیرستانی کەشاوەرزی» کرایەوە و دوو خاڵۆزای خۆم و ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێ و هاوپۆلەکانم چوونە ئەوێ. ئەو دەبیرستانی کەشاوەرزییە چ بوو و بۆچی دانرا و بۆچی داخرا؟ نازانم، بەڵام وا هەیە بەهۆی گرنگایەتیی کشتوکاڵ لە ناوچەی بۆکان و بەرهەمی زۆری گەنم و جۆ و چەوەندەر و تەنانەت برنجی گردەوە کە تا ماوەیەک پێش ئەو ساڵانە لە گوندی حەمامیان و ئەو دەوروبەرە بەرهەم دەهێنرا، دەوڵەت ویستبێتی خوێندەوار و لێزانی خۆجێیی بۆ بواری کشتوکاڵ پەروەردە بکا.

هەر چۆنێک بێ، دەبیرستانی کەشاوەرزی کرایەوە و نزیکەی ٢٠ کەس لە هاوتەمەن و هاوڕێکانم چوونە ئەوێ، بەڵام من نەچووم و لە دەبیرستانی ئاسایی‌دا مامەوە. شوێنی دەبیرستانی کەشاوەرزی هەر بە تەنیشت دەبیرستانی پەهلەوییەوە لە نێو قەڵای سەرداردا بوو. بورجی باشووری ڕۆژهەڵات کە ڕووبەڕووی مزگەوتی جامیع و ماڵی مامۆستا مەلا ئەبووبەکری شەفیعی بوو کرایە دەفتەری دەبیرستانە

تازەکە و چەند ژووری دەوروبەریشی کرانە پۆلی دەرس و ئازمایشگا. دیوارێکیان کێشا و بەشێکی کەم لە حەوشی قەڵاشیان بۆ دابڕی و کردیانە حەوشی ئەوان.

مودیـری دەبیرسـتانەکە ئاغـای هاشـمی وەلـیزادە خەڵکـی سـابڵاغ بـوو، مـەلا نەجمەددینی سەعیدی و سەید مەجیدی حوسێنی دوو کەس لە مامۆستاکانیان بوون، ناوی ئەوانی دیکەم لە بیر نەماوە. هەروەها هەندێک لە مامۆسـتاکانی دەبیرسـتانی ئێمە لەوێش دەرسیان دەگوتەوە.

ئـەو دەسـتە قوتابییـە پۆلـی حەوتیان تەواو کرد، سـاڵێک دواتر پۆلی هەشـت و سـاڵی دوای ئـەو پۆلی نۆشـیان بۆ کردنـەوە، بەڵام لەبەر هۆیەکی بـۆ من نەزانراو، چیتر درێژەیان پێنەدا، واتە هەر ئەو چەند کەسـەی کە سـاڵی ١٣٣٥بۆ پۆلی حەوت وەرگیرابوون، چوونە پۆلی هەشت و نۆ و ئیتر کەسی دیکە لە ساڵی ١٣٣٦ یا ١٣٣٧دا وەرنەگیرا. دەردەکەوت کە پڕۆژە و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ کارەکە دانەنرابوو و مامۆستایان بە ڕادەی پێویست نەبوو و وا هەیە هەر دایک و باوکی منداڵانیش ساڵی دواتر نەیانویسـتبێ منداڵ بنێرنە دەبیرسـتانی کەشـاوەرزی لەبـەروەی داهاتوویان ڕوون نەبوو چی دەبێ.

بابەتی دەرسەکانیان جگە لە بیرکاری، فیزیک، شیمی، ئەدەبیات، زمانی ئینگلیسی، عەرەبـی، شـەرعیات، وەرزش و... بریتـی بوو لە باغەوانی و کەشـاوەرزی و شـتی ئەوتۆ. سەرەڕای ئەوانە، «کاری عەمەلی»شیان هەبوو، کە دەچوونە مەزرا و کاریان دەکرد. مەزرا یا شـوێنی کاری عەمەلییان هەمان شـوێنی دەبیرستانی کەمالی ئێستا بـوو لـەلای ئاشـی خانم و باغی مامۆسـتا شـێخ حەسـەنی کازمی، کـە دیواریان لە دەوری کێشابوو و سەوزە و شتی وایان لێدەچەند.

وا بزانم ساڵی ١٣٤١ بوو، کە سەرۆکوەزیری ئێران و چەند وەزیری کابینەکەی هاتنـە بۆکان. وەزیری فەرهەنگ دوکتۆر «پرویز ناتل خانلری» شـاعیر و زمانەوانی ئێرانی و خاوەنی گۆڤاری ئەدەبیی «سوخەن» بوو و هەر ئەویش بوو کە لە شوێنی مـەزرای دەبیرسـتانی کەشـاوەرزی قوڵینگـی دروسـتکردنی بینایەی دەبیرسـتانی پەهلەوی لە زەوی دا و منیش لەوێ بووم.

دواتـر، کاتێ کە درێژە بە کاری دەبیرسـتانی کەشـاوەرزی نـەدرا، قوتابییەکانی بەسـەر دەسـتی ئیدارەی فەرهەنگـەوە مابوونـەوە و نەیاندەزانـی دەبـێ چییان بۆ بکـەن. قوتابـی و دایـک و باوکیشـیان دڵنیگەرانی ئـەوە بوون لەکوێ و چـی بخوێنن لەبەرئـەوەی دەبیرسـتانێکی هاوچەشـن بـۆ پۆلـی دوای ٩، واتـە سـیکلی دووهەمی کەشـاوەرزی لە شـارەکانی دەوروبەریش نەبوو. هەر بەگشـتی سـیکلی دووهەمی دەبیرستان، واتە دوای پۆلی ٩ی ئاساییش لە بۆکان نەبوو و تەنیا لە ساڵی ١٣٣٨دا بوو کە پۆلی ١٠یان بۆ دانابوو، سـاڵێک دواتر منیش ئەو پۆلی ١٠یەم خوێند، بەڵام پۆلی ١١ نەبوو و لەوێ چەق دەبەسـترا. ئەوە وەزعی دەبیرسـتانە ئاساییەکە بوو، ئیتر وەزعی دەبیرستانی کەشاوەرزی چۆن بووبێ، دیارە.


هەر چۆنێک بێ، لە ساڵی ١٣٣٩دا ئیجازەیان دا هەموو قوتابییەکانی دەبیرستانی کەشـاوەرزی بچـن بۆ کۆنکۆری دانیشسـەرای کەشـاوەرزی لە ورمـێ، کە جگە لە دوو کـەس هەموویـان لـەوێ وەرگیـران و دوای دوو سـاڵ هاتنـەوە بـۆکان و لـە سـاڵی ١٣٤١دا بوون بە مامۆسـتای گوندەکانی دەوروبەری شار. لەو دوو کەسەش یەکیان لە پۆست و تێلگرافی بۆکان دامەزرا و ئەویتریان بوو بە گرووبانی ئەرتەش. دەبیرستانی گۆرینیش داخرا و قفڵی لێدرا.

سـەرجەمی تەمەنی دەبیرسـتانی کەشـاوەرزیی بۆکان سێ ساڵ خوێندنی نێوان ساڵی تەحسیلیی ١٣٣٥ ـ ١٣٣٦ و ١٣٣٨ ـ ١٣٣٩ بوو.

دەزانـم ئـەم زانیارییانـەی من گەلێـک ناتەواون و هیوادارم کەسـانی شـارەزای نێوخـۆی وڵات بابەتـی زیاتـری لەسـەر بنووسـن و هەڵەکانـی منیـش ڕاسـت بکەنـەوە، بەتایبـەت کاک ڕەحمانـی محەممەدیان کە خۆی قوتابیی ئەو دەبیرسـتانی کەشاوەرزییەی بۆکان بوو.

ئەوەی خوارەوە نەخشەیەکی دەسکردی خۆمە بۆ پیشاندانی بینایەی دەبستان و دەبیرسـتانی پەهلەوی و دەبیرسـتانی کەشـاوەرزیی نێو قەڵای سـەردار لە ساڵانی ١٣٣٥ تا ١٣٣٩ (١٩٥٦ تا ١٩٦٠)، واتە ئەو سـەردەمەی وا دەبیرسـتانی کەشـاوەرزی لـە بـۆکان هەبوو. دیارە نە پێوانە و ئەندازەکان تەواون و نە شـێوازی کێشـانەوەی

نەخشـەکەش ڕێـک و تـەواوە. مـن تەنیـا ویسـتوومە شـوێنەکان دیاری بکـەم، دەنا ئەوە کاری پسـپۆڕێکی وەک کاک سـولەیمان چووکەڵییە نەخشەیەکی ڕێکوپێکی بۆ بکێشێ. من هەر ئەوەندەم لێزانیوە!



## وەرزش لە بۆکان

زنجیرەوتاری ڕێزدار جەعفەر مەردانبەگی[1] و هاوڕێکانی بەناوی «مێژووی وەرزش لە شاری بۆکان»، کە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوکرایەوە، بوو بە هاندەرێک بۆ ئەوەی منیش بەگوێرەی توانا و بەپێی بڕکردنی بیرم، ئەم وردەبابەتە سەبارەت بە وەرزشی سەردەمی منداڵی و لاوییەتیی خۆم لە بۆکان بنووسم.

سەرەتا بڵێم مێژوولکەیەی وا کاک جەعفەر و هەڤاڵانی دەینووسن و ئەو دێڕانەی من ئێستا دەیاننووسم، هەمووی هەر مێژووی وەرزش لە قوتابخانەکانی بۆکانە دوای کرانەوەی قوتابخانەی فەرمی، واتە لە ساڵانی ١٣٠٧ (١٩٢٨) بەدواوە هاتوونەتە ئاراوە. لە کاتێکدا مێژووی گشتیی وەرزشی بۆکان لە دەرەوەی قوتابخانەکان کارێکی دیکەیە و هیوادارم کەسانێکی تر ئەرکی نووسینی بگرنە ئەستۆ. بۆ نموونە، لە شار و گوندەکانی دەوروبەر، چەند چەشنە زۆران یا زۆرەبانی باو بوو، وەک زۆرانیی پشتێنە و مەچەکە؛ یا خود یارییەک بەناوی «قاڕی فەقێیان» هەبوو کە بە هەندێک جیاوازییەوە، هەمان کریکێتی ئینگلیزییەکان بوو. یا تۆپێنیش باو بوو کە پێیان دەگوت «گۆڵێن» یا گۆڵگۆڵێن یا کێبەرکێی ڕاکردن، بازدان، خلیسکێنی سەربەفر، مەلەوانی و بینکێشانی نێو ئاو لە گۆمی سەرسەکۆ و دەرهێنانی سکەی پووڵ لەژێر ئاوی حەوزەگەورە و شتی دیکەی لەو چەشنە. سەردەمێکی هەندێک پێش ئێمە، تەنانەت ئەم وەرزشانەش هەبووە: ئەسپسواری، ڕمبازی و جلیتێن و... من ئەمانە هەر بۆ نموونە دەهێنمەوە دەنا ڕەنگە بکرێ ناوی دەیان وەرزشی لەو چەشنە ببەین کە پێش ئەوەی لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی‌دا هێرشی فەرهەنگی ئێرانی لە ڕێگەی قوتابخانە فەرمییەکانەوە بۆ سەر کوردستان دەست پێ بکا، لە ناوچەکەمان‌دا باو بوون و بەداخەوە ئێستا فەوتاون و ئەگەر مابێتن تەنیا ناوەکانیانە.

---

1. http://www. bokan. de/laperekan/mejoo/Werzesh/werzesh. htm

هەندێک کایەش هەبوون کە ڕەنگە لە چوارچێوەی چەمکی وەرزشدا جێیان نەبێتەوە، بەڵام یاری و ئەسبابی کات تێپەڕکردن بوون و خەڵک بەتایبەت منداڵ و لاوان پێیانەوە مەشغووڵ دەبوون، لەوانە: هەلووکێن، شەللاقە سووڕاندن، مزرەقبازی، مێشێن، جگێن، گۆرەویبازی، شووتیبڕکێن و کاڵەکبڕکێنی هاوینان و... کە لە هەموویاندا کێبەرکێ و بردنەوە هەبوو. هیوادارم کەسانێک کە بیرەوەریی باشیان لەو بابەتانە هەیە لەسەر ئەوانیش بنووسن و نەهێڵن لە بیر بچنەوە.

**

بەڵام وەرزشی قوتابخانەیی، مێژووەکەی لە بۆکان دیارە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای دامەزرانی قوتابخانە لە بۆکان و مەهاباد، واتە ساڵانی ١٣٠٧[١٩٢٨] بە دواوە. بۆیە دەڵێم مەهاباد، کە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان بەشێک بووە لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد و سەرەتا قوتابییانی پۆلی شەشەم بۆ ئیمتیحانی کۆتایی قۆناغی سەرەتایی دەچوونە مەهاباد، وەرزشیش ماددەیەکی دەرسی بوو.

یەکەم قوتابییانی قوتابخانەی دەوڵەتی لە بۆکان بە حیسابی ساڵی کرانەوەی قوتابخانە، دەبێ کەسانێک بووبێتن کە لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) لەدایکبووبێتن و لە ٧ ساڵان چووبێتنە قوتابخانە و لە ١٣ ساڵی، واتە دەوروبەری ١٣١٣دا بەشداریی ئیمتیحانی شەشەمی سەرەتایییان کردبێ.

ئایا وەرزشی سەرەتای کار لەو قوتابخانەیەدا چی بووە؟ من نازانم، بەڵام دەبێ هەندێک شتی سووک وەک «نەرمش» یا ژیمناستیک و بارفیکس و پارالێل، واتە یاری کردن لەسەر دوو میلەی هاوتەرتیب، هەروەها گۆڵێن یا والیباڵ و هەڵاتن و ئەو چەشنە شتانە بووبێ.

من خۆم ساڵی ١٣٢٣ لەدایکبووم، واتە ٢٣ ساڵ دوای لەدایکبوونی ئەو یەکەم تاقمەی وا لە بۆکان چوونەتە قوتابخانە و ٦ ساڵ دواتریش چوومەتە قوتابخانە (لە ٦ ساڵیدا چوومە پۆلی «تەهییە»، کە دواتر واتا فارسییەکەیان لەجێی دانا و بوو بە ئامادەگی). لە سەردەمی مندا تاقە یەک قوتابخانە لە بۆکان هەبوو و ئەویش

لــە قــەڵای ســەردار بــوو. قوتابخانــە ســەرەتایی‌یەکە وا بزانم ناوی شــاپوور بوو و دەبیرستانیش ناوی پەهلەوی (یا ئەویان پەهلەوی و ئەمیان شاپوور).

لــە حەوشــی قــەڵا لە بەشــی لای باکوور، چــوار داریان چەقاندبــوو و دوو داری هاوتەریبیان بەسەردا ڕاهێڵ کردبوو «بارفیکس»یان پێدەگوت. کەس ئێمەی فێر نەدەکرد، بەڵام هەندێک لە منداڵەکان یارییان لەسەر دەکرد، کە چەشنە ئاکرۆباتێک بوو. جگە لەوە مەیدانێکی والیباڵیش دواتر لە حەوشەکەدا دابین کرا کە لە زەنگی وەرزش و هەروەها ئێواران دوای تەواو بوونی دەرس قوتابی و مامۆستا والیباڵیان لێ‌دەکرد. دیارە ئیسفاڵت و شتی وا نەبوو و هەر بەشێک لە حەوشە ئاسایی‌یەکە بوو جاروبارە زیخیان تێدا بڵاو دەکردەوە. درەنگتر لە حەوشی قەڵای سەردار، دار و سەوەتەی باسکیتباڵیان دابین کرد و هەندێک قوتابی پێیەوە مەشغووڵ بوون، بەڵام ناویانم لە بیر نییە.

جگــە لەوانــە، لــە گەڕەکەکانیش‌دا والیبــاڵ دەکرا، دوو دار و پەتێک لەم ســەر بۆ ئەو سەر، هێڵیش بە گەچ یا شتێکی تر لەسەر زەوییەکە دەکێشرا و مەیدانی والیباڵ هەی مەیدانی والیباڵ! گۆڵێنیش لە هەندێک گۆڕایی و شــوێنی تەختی وەک باخچە و حەوشــی گەورەی ماڵان یا لە دەرەوەی شــار، دەکرا و زۆر باو بوو، بەڵام هیچ لە بیرم نییە کەسێک ئێمەی ڕاهێنابێ.

لــە ڕۆژانــی وەک ٤ی ئابــان و ٢١ی ئــازەردا وا هەبــوو کێ‌بەرکێــی هەڵاتــن و دووچەرخەســواری بەڕێــوە بچــێ. من خۆم والیباڵم دەکرد، بەڵام ســەرەڕای ئەوەی زۆرم پێخۆش بوو، والیباڵیســتێکی چاک نەبووم و تەنیا جارێک لە کێبەرکێیەکدا لە حەوشی قەڵا بەشداریم کرد کە دۆڕاندمان!

ئــەو دەمانــە، هاتنی تیمی میوان لە شــارەکانی دراوســێوە بۆ بــۆکان یا چوون لە بۆکانەوە بۆ ئەو شارانە، هێشتا باو نەبوو و من لە بیرم نییە شتی وا ڕووی دابێ.

بەداخەوە ناوی مامۆســتاکانی وەرزش یا قوتابیی ســەرکەوتووی وەرزشم باش لــە بیر نییە. دەزانم ئەم مامۆســتایانە: نەمران هاشــم وەلــی‌زادە و حەبیبوڵڵا تابانی، هەروەها کاک محەممەد سوڵتانی موکری وەرزشدۆست بوون و لە حەوشی قەڵادا والیباڵیــان لەگــەڵ دەکردیــن. درەنگتــر کاک ســولەیمان کەریمی لە مەهابــادەوە هاتە

بۆکان و برەوێکی باشــی بە وەرزشــی شــارەکە دا، بە هەمان شــێوە کاک مەحموود حیســامی، بەڵام ئەوە ســاڵانێکی درەنگتر بوو و ئیتر من لە بۆکان نەمابووم. لە نێو قوتابییــەکان‌دا، نەمــر عەبدولــڵا تەننــازی لە دووچەرخەســواری‌دا بــۆ ماوەیەک تاک بــوو و کــەس پێشــی نەدەکەوت، پێم ســەیرە بۆچی هەر ناوی ئەوم لــە بیرە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە دووچەرخەسواریم زۆر پێ‌خۆش بوو، بەڵام دووچەرخەم نەبوو و سواری دووچەرخەی خاڵۆزاکانم دەبووم.

دیاردەیەک کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ‌بکەم ئەوەیە لە سەردەمی ئێمەدا وەرزش برەوی پێ‌نەدەدرا و هەموو هەوڵی قوتابخانە و مامۆســتاکان و دایک و باوک ئەوە بوو منداڵ دەرس بخوێنێ. وەرزشیان وەک بەرگر و کۆسپی سەر ڕێگای خوێندنی منداڵ ســەیر دەکرد و تەنانەت ئەگەر بیاندیایە لە کۆڵان ســواری دووچەرخە دەبین چ دایک و باوک و چ مامۆستای قوتابخانە لێمان تووڕە دەبوون و تەنانەت سزایان دەدایــن. جــا درۆ نییــە ئەگەر بڵێم وەرزش قاچاغ بوو و وەرزشــکار وەک قاچاخچی دەبووایــە لــە کــون و کــەلاوەدا دوور لە چاوی ماڵ و مەدرەســە، دەســتێک لە تۆپ بــدا هــەر بۆیەش هەوڵــی پەرەپێدانی نەدەدرا. دیارە درەنگتــر باش ببوو و قوتابی و مامۆستا پێکەوە لە حەوشی قەڵا والیباڵیان دەکرد.

من لە دەبیرستان بووم کە ئەم گۆڕانە لە ڕوانگەی مامۆستا و قوتابخانەدا بەرچاو کــەوت. ئیــدارەی فەرهەنــگ خۆی «باشــگایەکی وەرزشــی»ی بۆ قوتابییــان کردەوە؛ باشگاکە ئەگەر هەڵە نەکەم لە ساڵی ١٣٣٨دا لە دوو دووکانی پاساژی سەید سدیقی قورەیشی‌دا کرایەوە کە لە خیابانی کۆن بەرەوە قەڵا جیا دەبۆوە. دووکانەکان بەسەر یەکــەوە بــوون، لــە یەکیان‌دا بۆ یەکەم جار لە بۆکان مێــزی پینگ‌پۆنگ دانرا و لەوی دیکــەدا هاڵتێرێکــی بەرزکردنەوەی قورســایی (وەزنەبەرداری) لەگــەڵ چەند دەمبیل دانرا بوو. لە بیرم نییە کێ باشگاکەی بەڕێوە دەبرد و ئەوەندەی بزانم مامۆستایەکی ئەوتۆش نەبوو بابەتەکان فێری قوتابی بکا یا ئەگەر هەبوو، ڕۆژانە لەوێ نەبوو. من لــەوێ پینگ‌پۆنــگ فێــر بووم و زۆرم پێ‌خۆش بوو، وا بزانــم لە هاوڕێیانی خۆم فێر بووم نەک لە مامۆستا و ڕاهێنەر. ئێستاش هەر هۆگری پینگ‌پۆنگم و لە ماڵەکەمان

لە لەندەن مێزی پینگ‌پۆنگمان هەیە کە ئەگەر باران لێبگەڕێ لە حەوشەکەدا کایەی لەسەر دەکەین!

یەکەم مێزی پینگ‌پۆنگی بۆکان بە تەختە سێلایەکی ناسک دروستکرابوو و تۆپ لەسەری باش بەرز نەدەبۆوە، دەبووایە بە هێز و قووەتی خۆت لێیدەی تا بچێتە ئەوبەری تۆڕەکە. من کاتێک بەوەم زانی کە لە ساڵی ١٣٣٩دا چووم بۆ مەهاباد و لەوێ لە باشگا ویستم پینگ‌پۆنگ بکەم. برادەرێکی لێبوو «سووره»یان پێدەگوت هەر ئەوەندەی یەک و دوو بردیەوە لێم! من بە مێزەکەی بۆکانم عادەت کردبوو و زۆرم پێ سەیر بوو هەر هێواشێک ڕاکێتم لە تۆپ دەدا بازی دەدا ئەوسەری ژوورەکە. مێزی ئەوان وەک هی ئێمە نەبوو و لە تەختەی ئاسایی دروستکرابوو و دواتر زانیم مێزی پینگ‌پۆنگ هەر دەبووایە وابێ نەک وەک ئەوەی بۆکان!

هەرچۆنێک بێ، باشگاکەی بۆکان شوێنێکی باش بوو بۆ وەرزش کردن و کۆبوونەوەو باس‌وخواسی وەرزشی. بە بۆچوونی من دەورێکی ئەرێنیشی بینی لە ئازاد بوونی وەرزش لە بۆکان و هاتنەدەری قوتابی لەژێر ترس و ئەندێشی مامۆستا و دایک و باوکان کە پێشتر هەر چەشنە وەرزشێکیان دژ بە کاری پەروەردە دەزانی.

من لە ساڵی ١٣٣٩ چووم بۆ دانیشسەرای ورمێ و پاشانیش بوومە مامۆستای گوند و ئینجا لە کوردستان تەبعید کرام، بەشوێنیدا نۆرەی زیندان هات و کارکردن لە شیرکەتێک لە تەورێز، ئیتر هیچ زانیاری و ئاگادارییەکم لە وەرزشی بۆکانی دوای ساڵی ١٣٣٩ نەما، بەڵام دەزانم دونیای وەرزشی بۆکان لەدوای حەزرەتی شێخ نەک هەر ژێر و ژوور نەبوو، بەڵکوو گەلێکیش خێراتر و زیاتر و چاکتر گەڕا!

دیارە ئەگەر نەمر ئەحمەدی سامبەگی ئێستا مابووایە دەیتوانی سەدان قات لەمن باشتر باسی ئەو ساڵانە و دواتریشی بکا، بەڵام لەوانەی لە بیرم ماوە و لەو سەردەمانەدا هاوپۆل بووین، یەکیان کاک حسێنی عەبدوڵلاهییە کە دەبێ بیرەوەریی زۆر چاکی ئەو ساڵانەی هەبێ. کاک ڕەحمانی محەممەدیانیش هاوپۆلم بوو و ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوە لە مێژووی بۆکانە؛ ئەویش دەبێ زانیاریی باشی ئەو ساڵانەی هەبێ، بەتایبەت کە دواتر لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرش‌دا کاری دەکرد و

ماوەیەکیش ڕاهنومای سپای دانیش بوو و دەبێ زۆر شت لە وەرزشی قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەری بۆکان بزانێ. ئەوەش بوارێکی گرنگە و دەبێ بزانین لە گوندەکاندا بارودۆخی وەرزش چۆن بووە. ئەوەندەی من لە بیرمە لە گوندی باغڵووجە و بوغدەکەندی و سەرا کەرەسەیەکی ئەوتۆی وەرزشی لێنەبوو. لە باغڵووجە تۆپمان بە پەڕۆ و گۆرەویەکۆن دروست دەکرد و لەگەڵ قوتابییەکان «قاڕی فەقێیان»مان پێدەکرد. تۆپێکیشمان هەبوو جاروبارە لەبەر دەم قوتابخانەکە فوتباڵمان دەکرد. جا ئەوە کێ کڕیبووی، نازانم.

لە هاوڕێیانی سەردەمی منداڵیم کاک حەسەن ئەیووبزادەم لە بیرە والیباڵی زۆر چاک دەکرد. لەبەر دەم ماڵی حاجی حەمەڕەحیمخانی دادخوا کە ماوەیەکیش پادگان و پاشان مەدرەسە بوو، والیباڵمان دەکرد، یارییەکی زۆر گەرموگوڕ کە خەڵکێکی زۆری هاوتەمەنمان تێیدا بەشدار دەبوون، بەڵام بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە. ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی حەمەساڵحی محەممەدیش لەسەر خیابانی سەقز ڕووبەڕووی دوخانیاتی کۆن، زەوییەکیان هەبوو کە دەورەکەی دیوار بوو و دواتر ماڵیان تێدا دروستکرد. ئێمە چەند خزم و دۆست و برادەری کاک عەزیز محەممەدی لەسەر ئەو زەوییە بۆ ماوەیەکی زۆر والیباڵمان دەکرد. ماوەیەکیش لەگەڵ کاک زاهید و کاک ڕەئووف زیایی لە حەوشی ماڵی کاک ناجی، تۆڕی والیباڵمان هەڵبەستبوو و والیباڵمان دەکرد. من خولیای والیباڵم هەبوو و لێی تێر نەدەبووم. هاوڕێکانی دیکەشم هەر وا بوون و ئێواران تا چاومان تۆپەکەی بدیتبایە دەستمان لە یاری کردن هەڵنەدەگرت.

پێویستە ئەوەش بڵێم لە ساڵانێکدا کە من قوتابیی قوتابخانە بووم، ڕێزدار عەلی حەبیبزادە دەورێکی گەلێک باشی دەبینی لە کار و چالاکیی غەیرەدەرسیی منداڵانی بۆکاندا. بەرپرسی «پیشئاهەنگی»ی بۆکان بوو و لەبەروەی کەسێکی ناسراو و جێگەی متمانەی دایک و باوکان بوو، خەڵک ئیجازەیان دەدا منداڵەکانیان لەژێر دەستی ئەو دابن و بۆ ئێرەوئەوێ بچن. وا بزانم لە دەوروبەری ساڵی ۱۳۳۷دا دەستەیەک پیشئاهەنگی بۆکانیی برد بۆ تاران بۆ «جومبووریی نێونەتەوەیی پیشئاهەنگی»، جارێکیش دەستەیەک پیشئاهەنگی مەهابادیی بانگ کرد بۆ بۆکان و میوانداریی کردن.

دووکانێکی پیشئاهەنگیشی لە دووکانەکانیماڵی میرزا عەبدولکەریمی هەمزەیی نزیک موسافیرخانەی نەمر میرزا عەبدوڵڵا فەتحی، کردەوە کە قوتابییەکان بەڕیوەیان دەبرد و شتیان تێدا دەفرۆشت. منیش پیشئاهەنگ بووم و لە بیرمە گەلێک کاری وەرزشیی پێدەکردین. ئێوارەیەک بردینی بۆ سەر ناڵەشکێنە، لەوێ تا نزیک نیوەشەو ماینەوە و لە لووتکەی ناڵەشکێنە ئاگرمان کردەوە، سروودێکی «پیشئاهەنگی»ی فارسی هەبوو بە دەوری ئاگرەکەدا دەمانخوێندەوە: «آتش، شعله برکش، شعله دم فرومکش!» وا هەیە هەر ئەویش بەرپرسی دانانی باشگاکەی دووکانی سەید سەدیق بووبێ. کاری وا بوێرانە لە فەرهەنگی بۆکاندا تەنیا بەو دەکرا.

وا هەیە کاک ڕەحمان مودەرریسی سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی ئەو ساڵانەی بۆکان، هەروەها دەبیر و مامۆستایانی ئەو سەردەمانە وەک کاک عوسمان محەممەدی و کاک یاسین حوسێنی و کاک برایم نەزەری سەبارەت بەو ساڵانەی وەرزش لە بۆکان شتی زۆر بزانن و جێی خۆیەتی پرسیاریان لێبکرێ. تەنانەت ورده شت و زانیاریی پچڕپچڕیش دواتر دەخرێنەوە سەر یەک و دەبن بە مێژووی چڕوپڕ.

لە کۆتاییدا بیرەوەرییەک لە کێبەرکێی فوتباڵی بۆکان بگێڕمەوە. من لە تاران دەژیام و خوێندکاری زانکۆی ئەدەب بووم لە زانستگەی تاران. لە خۆپیشاندانەکانی دانیشگا و یەک لەوانە، مانگرتنی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاراندا زۆر هەڵسووراو بووم. هاوینان دەگەڕامەوە بۆکان. جارێکیان لە مەیدانی فوتباڵەکەی بۆکان کێبەرکێی بۆکان بوو لەگەڵ شارێکی دیکە، لە بیرم نییە کوێ. بۆکان لە دوابوو و هەندێک ئاڵۆزی پەیدا بوو، خەڵکەکە هەراهەرایان کرد و بەردیان فڕێ دا، دووسێ پاسەبانی شارەبانی خەریک بوون بە باتووم لە خەڵک بدەن. من هەلەکەم لەبار زانی و دووسێ بەردم لە پاسەبانەکان ئاڵاند! یەکیان چاوی پێم کەوت و باتوومێکی گەیاندمێ. لە نێو خەڵکەکەدا خۆم ون کرد، بەڵام دیار بوو هەر بەشوێنمدا دەگەڕان و ئاخری دۆزیمیانەوە و گرتیانم و بردیانم بۆ شارەبانی، بەڵام دوایی بەریان‌دام.

## قوتابخانەی گوندی باغڵووجە

من دوای دوو ساڵ خوێندن لە «دانشسرای مقدماتی» شاری ورمێ، لە پاییزی ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢)دا بووم بە مامۆستا و لە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان دامەزرام. کێشەی ناسنامە و ڕێکەوتی لەدایکبوونم بوونە هۆی ئەوەی لە دەسپێکی کرانەوەی قوتابخانەکان، واتە یەکەمی مانگی میهردا وەرنەگیرام و مەجبوور بووم ٢٥ ڕۆژ دەست ڕابگرم تا بگەمە تەمەنی قانوونیی ١٨ ساڵان بۆ مامۆستایی. هاوڕێکانی دیکەم لە ڕۆژی یەکەمی میهرەوە هەرکام نێردرابوونە گوندێکی دەوروبەری شار. سەرەنجام لە ١٣٤١/٧/٢٥ (١٩٦٢/١٠/١٧)دا حوکمی مامۆستایی منیش دەرچوو و نێردرامە گوندی «باغڵووجە» لە باشووری ڕۆژاوای بۆکان بەرەو لای سەقز و گەورکایەتی.

ئەو دەم دوو یاسا لە پەیوەندیی قوتابخانە و مامۆستای گوندەکاندا ڕەچاو دەکرا:

یەکەم، کرانەوە و دانرانی قوتابخانە تەنیا بە ئیجازەی خاوەنملک و ئاغای گوندەکە گونجاو بوو و حکوومەت بۆ دانانی قوتابخانە لە گوندەکان تکای لە ئاغاوات دەکرد، بەڵام گوشاری نەدەخستە سەریان، جا ئەوانیش دەستیان ئاواڵە بوو ڕێگە بدەن یا نەدەن قوتابخانە لە گوندەکەیاندا بکرێتەوە.

دووهەم، ئەو مامۆستایانەی وا تازە دامەزرابوون دەنێردرانە گوندی دوورەشار و مامۆستا کۆنتر و خاوەن پێشینەکان دەهێنرانە گوندی نزیکتری شار.

باوکم لەو ماوەی ٢٥ ڕۆژەی سەرەتای ساڵی خوێندندا، هەوڵی دا نەمر حاجی ئەبووبەکرئاغای موهتەدی ئیجازەی کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکەی خۆی، واتە «کولتەپە»ی نزیک بۆکان ـ کە ئێستا تێکەڵاوی شار بووە، بدا، بەڵام ئەو کە مرۆڤێکی گەلێک باشیش بوو، وەک زۆرێکی تر لە ئاغاوات، نەیکرد گەرچی ساڵی دواتر، واتە پاییزی ١٣٤٢ ئیجازەکەی دا و ڕێزدار ڕەحمانی محەممەدیان بوو بە مامۆستای.

بەو پێیە، عەلیاباد لە ساڵی ١٣٤١ و کولتەپە لە ساڵی ١٣٤٢دا بوون بە خاوەنی قوتابخانەی دەوڵەتی.

بەپێچەوانە، ئاغاواتی ئێلخانیزادە هەر ئەو ساڵە، واتە پاییزی ١٣٤١ ئیجازەیان دا قوتابخانە لە گوندی «عەلیاباد»ی نزیک بۆکان بکرێتەوە. جا لە دەسپێکی کاری مامۆستاییمدا، منیان نارده گوندی دوورەدەستی «باغڵووجە» لە دێهستانی «تورجان» کە ملکی ئەوقاف بوو و ڕێزدار «جەعفەری قزڵجی» لەوێ مامۆستایەتیی دەکرد؛ دەبووایە قوتابخانەکە لەو تەحویل وەربگرم و ئەو بێتەوە نزیک شار و ببێتە مامۆستای گوندی عەلیاباد.

حوکمی خۆم و حوکمی کاک جەعفەرم لە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان وەرگرت، دەستەنوێنێک و هەندێک خرکەوپرکەی ماڵم کۆکردەوە، ماشێنێکی جیپم بەکرێ گرت و باغڵووجە هاتم! ئەو دەم ڕێگاوبانەکان زۆر خراپ بوون و بەهەڵکەوت نەبووایە ماشێن ڕێی نەدەکەوتە گوندێکی وەک باغڵووجە. کە گەیشتینە ئاواییەکە و کاک جەعفەر چاوی بە ماشێنی جیپ کەوت، خێرایەک کەلوپەلی خۆی پێچایەوە و بە هەمان ترۆمبیل ڕۆیشتەوە بۆ بۆکان، منیش لەوێ مامەوە و بووم بە ئاغای مودیر!

باغڵووجە لە سەردەمێکی کۆنتردا حوجرەی ئاوەدانی فەقێیانی لێبووو و لە زمان نەمر «مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی»م بیست کە دەیگوت لەو حوجرەیەدا دەرسی خوێندووە. کاک جەعفەریش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە پێشتر بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بە دەرس خوێندنی هەندێک ئەندامی بنەماڵەی تورجانیزادە و قزڵجی لە باغڵووجە دەکا و بەم پێیە دەبێ گوندەکە خاوەنی حوجرەیەکی ئاوەدان و مەلا و مامۆستای زانا بووبێ. لە سەردەمی مندا تەنیا یەک یا دوو فەقێی لێبوو کە نێوانم لەگەڵیان زۆر خۆش بوو، هەروەها لەگەڵ مامۆستاکەیان جەنابی مامۆستا مەلا محەممەد، کە قسەخۆش و ڕووحسووک بوو تا چەند ساڵ دواتریش لە هاموشۆی بۆکاندا سەردانی ماڵمانی دەکرد. بەهەمان شێوە «فەقێ حسێن»ی خەڵکی گوندەکە کە گەلێک برادەرم بوو و خۆی و دایکی زەحمەتی زۆریان بۆ دەکێشام، یادی هەموویان بەخێر بێ.

**

بـەڵام هـۆکاری زیندووبوونـەوەی ئـەو بیرەوەرییانـە: ڕێـزدار جەعفـەری قزڵجـی ماوەیـەک لەمەوپێـش کۆپیـی ئـەو دوو حوکمـەی بۆ نـاردم کە ئیـدارەی فەرهەنگی ئـەو دەمـی بۆکان لە پەیوەندیی قوتابخانـەی باغڵووجەدا بۆ ئەو و منی دەرکردبوو. ئـەو حوکمانـە گەرچـی شەخسـین و بـۆ کاک جەعفـەر و مـن نووسـراون، بـەڵام نێوەرۆکەکەیان هەندێک لایەنی مێژوویی تێدایە کە بۆ نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی ئەو سـاڵانەی بۆکان کەڵکیان دەبێ، هەر بەو بۆنەیەوە لێرەدا هەردووکیان دەخەمە بەرچاو و چەند ڕوونکردنەوەیەکیشیان لەسەر دەنووسم.

**هەندێک ڕوون کردنەوە:**

١. گوندی باغڵووجە لە ساڵی ١٣٤١دا سەر بە بۆکان بوو و ساڵێک دواتر لە بۆکان دابڕا و خرایە سەر شاری سەقز، منیش لەگەڵ بینایەی قوتابخانە و تەختەڕەش و کورسی و مێز و گەسـک و ئەفتاوەی قوتابخانەکەدا، لە بۆکان جیابوومەوە و درام بە ئیدارەی فەرهەنگی سەقز! دوو مامۆستای دیکەی بۆکانیش وەک من کەوتنە سەر سەقز.

٢. ئـەو دەم هێشـتا نـاوی وەزارەتخانەی پـەروەردەی ئێـران «وزارت فرهنگ و اوقاف» بوو و وا بزانم دوو ساڵێک دواتر، بوو بە «وزارت آموزش و پرورش».

٣. ئـەو دەم هێشـتا سیسـتەمی پەروەدەی ئێـران دوو قۆناغی هەبوو: دەبسـتان (کـە ٦ پـۆل بـوو) و دەبیرسـتان (ئەویش شـەش پۆلی هەبـوو، بەڵام دابـەش دەکرا بەسەر دوو «سیکل»دا: سیکلی یەکەم ٣ ساڵ و سیکلی دووهەمیش ٣ ساڵ). دەورەی ڕاهنمایی هێشتا دانەندرابوو.

٤. هێشـتا «سـپاه دانـش» نەهاتبووە ئاراوە؛ سـاڵێک دواتر بەشـوێن ئیسـلاحاتی ئەرزیدا، ئەویش دامەزرا.

٥. بـۆکان لـەو سـەردەمەدا «بخش»ێکـی شارسـتانی مەهابـاد بـوو و ئیـدارەی فەرهەنگی بۆکانیش، وەک پاشـماوەی ئیداراتی شارەکە لەژێر چاوەدێریی مەهابادا بەڕێـوە دەبرا و سـەرۆکانی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان لـە مەهابادەوە دەنێردران و

هـەر هەموویـان مەهابـادی بـوون. ئـەو سـەرۆکانە خەڵکانـی بـاش و خزمەتگوزار بوون و لە ناویاندا کەسێکی وەک نەمر حەسەنی مودەرریسی هەبوو کە لە ماوەی حکوومەتـی کۆمـاری کوردسـتاندا سـەرۆکی ئیـدارە بـوو و خوێندنیش بـە زمانی کوردی بوو. لەوانی دواتر تەنیا ناوی ئاغایانی سـیدقی و ڕەحمانی مودەرریسـی و ئەحمەدی قازی و مەجدی و کامیلیم لە بیرماوە.

٦. سـەرۆکی ئـەو سـاڵەی ئیـدارەی فەرهەنگـی بـۆکان ئاغای حەسـەنی مەجدی کوڕی مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی و برا چکۆلەی مامۆستا محەممەدی مەجدی، خەڵکی مەهاباد بوو کە ئێستا بەداخەوە نەماوە.

٧. یاریدەدەر، واتە جێگری سەرۆکی ئیدارەکە، مرۆڤێکی خۆشناو بەناوی ئاغای عەلـی حەبیـبزادە، بـرا گـەورەی دوکتـۆر سـەعیدی حەبیـبزادە خەڵکـی بۆکان و دراوسـێی ماڵمان بوو، کە پێشـتریش لە قوتابخانەی سەرەتایی دەرسی پێ‌گوتبووم. ناوبراو لەو سـاڵانەدا بەرپرسـی بەشی دارایی ئیدارەی فەرهەنگ و سەرۆکی بەشی «پیش‌آهنگی»ی شارەکەش بوو.

٨. ئیـدارەی فەرهەنگ لەو سـاڵانەدا لـە بینایەیەکی بچووکدا بوو لە دەوروبەری شێروخورشـیدی کـۆن، واتـە ڕووبەڕووی ماڵـی برایم‌ئاغای ئێلخانـی‌زادە و نزیکی سینەما سەعدی، کە ئەویش هەر ئەو ساڵە یا ساڵێک دواتر دروستکرا.

٩. قوتابخانـەی گونـدی باغڵووجـە نـاوی «مەولـەوی» بـوو، گەرچـی بـۆی هەیە بەنـاوی مەولـەوی کـوردەوە کرابـێ، بـەڵام ئـەوە ئەگەرێکی لاوازە و لەو سـاڵانەدا جگـە لـە ناوی شـاعیرانی فارس وەک سـەعدی و حافز و خاقانی و شـتی وا، ناوی هیچ کوردێک لەسـەر قوتابخانەکانی ناوچەی ئێمە دانەدەنرا؛ گەرچی لە شـاری سنە قوتابخانەی «مەولەویی کورد» هەبوو.

١٠. هێشتا یاسای ئیسلاحاتی ئەرزی لە ئێران نەهاتبووە گۆڕێ و ئاغاوات لە گوند و لە شار تەواو دەسەڵاتدار بوون.

١١. گوندی باغڵووجە ملکی ئەوقاف بوو و بە ئیجارە دەدرایە ئاغاوات. ئیجارەداری ئەو ساڵانەی باغڵووجە، کاکاغای کەیخوسرەوی خاوەن ملکی گوندی یەنگیجەی نزیک بۆکان و

برا گەورەی کەیخوسرەوخانی کەیخوسرەوی بوو کە کەسایەتییەکی ڕووناکبیر و ئەهلی کتێبخوێندنەوە بوو، ئەوان لە بەری دایکەوە خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی قازی و وەرگێڕی ناسراوی ئێران مامۆستا محەممەدی قازی هەبوو.

١٢. قوتابخانەی باغلووجە لە بینایەکی بچووکدا بوو کە تایبەت بۆ ئەو کارە دروستکرابوو، هەندێک لە دەرەوەی گوند و نزیک قەڵای کۆنی گوندەکە بەرەو باکوور هەڵکەوتبوو؛ دوو ژووری گەورە، یەک ژووری بچووک لە نێوەڕاستیاندا و بەرهەیوانێکی هەبوو. من لە ژوورە بچووکەکەدا دەژیام و هەموو قوتابییەکانی هەر شەش پۆلەکە لە یەک ژووردا دەرسیان دەخوێند، ژوورەکەی دیکەیان بەتاڵ بوو لەبەروەی لە زستاندا دوو ژوور گەرم نەدەکرا و مامۆستاش بۆ هەموو پۆلەکان هەر یەک کەس بوو؛ سەرجەمی ژمارەی قوتابییەکان ٢٠ کەسێک دەبوون.

١٣. قەڵای دێیەکە لەو ساڵانەدا لاڕووخاو بوو و کەڵکی لێوەرنەدەگیرا، بەڵام هێشتا لەسەر پێ بوو، ناشزانم لە کەیەوە چۆڵ کرابوو؛ دەروازەکەی ڕوو بە باشوور هەڵکەوتبوو، بەڵام لە سەردەمی مندا دەرگای تێدا نەمابوو.

١٤. لە گوندەکانی دەوروبەری باغلووجەدا کەمتر قوتابخانە هەبوو. گوندی «بوغدەکەندی» لە باکووری باغلووجە ملکی حەمەدئاغای عەباسی، هێشتا قوتابخانەی نەبوو و ساڵێک دواتر لە زستانی ساڵی ١٣٤٢دا قوتابخانەیەکی بۆ داندرا و مامۆستایەکیان بۆ نارد کە بەداخەوە ناویم لە بیر نەماوە، دوای دووسێ مانگ من جێگۆڕکێم لەگەڵ کرد و لە گوندی سەراوە چوومە ئەوێ و لە چەقەخانەی تاریکوتنۆکی مزگەوتی گوندەکەدا دامەزرام و بەربوومە دەرس گوتنەوە، ئەویش چوو بۆ سەرا. منداڵەکانی قوتابخانە لەسەر حەسیری گرێچنی چەقەخانە دادەنیشتن و یەک کورسی لەقولۆقیشی بۆ مامۆستا هەبوو، ڕووناکایی چەقەخانە تەنیا لە کونێکی سەر میچەوە دابین دەبوو و قوتابیی هەژار دەبووایە کتێبەکە لەو تاریکاییەدا بخوێنن. ساڵێک دواتر خەڵکی گوندەکە لە ڕووبەڕووی کانیاوی دێ و تەنیشت مزگەوتی بوغدەکەندی، بینایەکی باشیان بۆ قوتابخانە دروستکرد. خەڵکەکە بەبێ حەقدەست دیوارەکانیان هەڵچنی و ماڵی ئاغا، واتە عەباسییەکانیش

داری دارەڕایان بۆ دابین کرد؛ ئیدارەی فەرهەنگیش هاتە سەر سفرەی حازروبازر. بەوە دەڵێن حکوومەتی میللیی پەهلەوی و ئێستا سەڵتەنەتخوازەکان بە ئارەزووی گەڕانەوەی ئەو سیستمەوەن!

١٥. گوندی ڕووخاوی «شقۆیف» لە باکووری ڕۆژهەڵاتی باغڵووجە هەڵکەوتبوو. ماڵی تێدا نەمابوو و ئاوەدانیش نەبوو. مامۆستا هەژار لە سەرەتای تەرجەمەی شەرەفنامەدا دەنووسێ بنەماڵەی نەمر حوسێن حوزنی موکریانی لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو گوندی شقۆیفە بوون و پاشان ماڵیان چووبووە مەهاباد.

١٦. دوانیوەڕوانی پێنجشەممە لە باغڵووجەوە دەچوومەوە بۆکان و ئێوارەی جومعە یان بەیانی شەممە دەگەڕامەوە باغڵووجە. ئەوە کارێکی ئەستەم بوو، ترۆمبیل بەهەڵکەوت نەبووایە ڕێگەی نەدەکەوتە دێیەکە، جادەبووایە بەپێیان بچم بۆ بوغدەکەندی و لەوێوە بۆ گوندی «کوچک»ی خوارێ و پاشان لەسەر جادەی سەقز بۆکان چاوەڕێی ماشێنێک بم بمگەیەنێتە شار. ئەوە کاری هەموو مامۆستایەکی گوند بوو. لە بیرمە دوانیوەڕۆی چوارشەممەیەک تراکتۆرێک بە باغڵووجەدا تێپەڕ دەبوو، ئیتر لەسەر پێنجشەممە ڕانەوەستام، بازم دایە سەر تراکتۆر و جادەی سەقز بۆکان بگرەو هاتم!

١٧. لە ماوەیخوێندنمدا لە بۆکان ببووم بە پیشاهەنگ کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن «سکاوت»، ئێستاش نازانم چ بوو و بۆچی ببووم بە مام سکاوت! کە بوومە مامۆستای باغڵووجەش هێشتا ئەو عیشقەم لە سەردا مابوو. چەند تۆپ کووتاڵم (بە پارەی دایک و باوکی منداڵەکان) کڕی، وەستا مەحموودی خەیاتم، کە پێشتر شاگردی باوکم بوو، لە بۆکانەوە هێنایە باغڵووجە، دوو هەفتە لەوێ مایەوە و بەرگی پیش ئاهەنگی بۆ هەموو کوڕەکان دروو! لە کۆڵانی دێدا مەشقم پێدەکردن و دەرسی پێشاهەنگیم پێدەگوتن، لە گۆڕەپانی بەردەم قوتابخانەکەش فوتباڵمان دەکرد. جارێکیان کێبەرکێی تۆپێنی قوتابییەکانم لەگەڵ کوڕەلاوی خەڵکی گوندەکە ڕێکخست، بەڵام خێرایەک کۆتاییم پێهێنا، کاکەلاو لەوانە بوو هەموو لاقوپلی منداڵە قوتابییەکان بشکێنن!

١٨. ئەوەندەی لە بیرم بێ، قوتابخانەی باغڵووجە وەک زۆرێک لە قوتابخانەی

گوندەکانی ناوچە، کوڕانە بوو و هیچ کچێک دەرسی تێدا نەدەخوێند. دڵنیام ئەگەر من عاقڵ بووایەم و لەگەڵ خەڵکەکەدا قسەم بکردایە، تاکوتەرایەکیش بووایە کچانیان دەناردە قوتابخانە، بەڵام بە قوربانی عەقڵ بم، ئێستاش هەر نییە چ بگا بەو ساڵانەی تەمەن!

١٩. خەڵکی گوندەکە گەلێک لەگەڵم گولێک میهرەبان بوون و قەت چاکەیانم لە بیر ناچێتەوە، زۆرجار بۆ شێو بانگیان دەکردمەماڵی خۆیان یا دەهاتنە لام و منداڵەکانیش ١٨ماست و پەنیر و هێلکەیان بۆ دەهێنام.

یادی خەڵکەکە و منداڵەکان هەموویان بەخێر بێ.

**

ئەوە کۆپی هەر دوو حوکمەکانی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان بۆ کاک جەعفەری قزڵجی و من:


شماره ۳۰۹۶
تاریخ ۲۶/۷/۴۱
دایره
ضمیمه

وزارت فرهنگ
اداره فرهنگ شهرستان مهاباد
فرهنگ بوکان

آقای جعفر قزلجی آموزگار مولوی باغلوجه

پیرو شماره ۲۵۶۳ – ۲/۷/۴۱ لازم است فوراً اثاثیه و سوابق دبستان را با آقای انور سلطانی تحویل و به قریه علی آباد عزیمت و نسبت با فتتاح دبستان در قریه مزبور و نشر آگهی و ثبت نام دانش آموزان اقدام و نتیجه را اعلام دارید – م

از طرف رئیس اداره فرهنگ بوکان – حبیب زاده

وزارت فرهنگ
اداره فرهنگ شهرستان مهاباد
فرهنگ بوکان

شماره ..........
تاریخ ..........
دایره ..........
ضمیمه ..........

آقای انور سلطانی

بموجب این ابلاغ بسمت مدیر و آموزگار دبستان باغلوجه منصوب میشوید شایسته است فوراً بمحل جدید خود حرکت کلیه سوابق و اموال دبستان را از آقای جعفر قزلجی تحویل گرفته و ۲ نسخه صورت تحویل وتحول را باین اداره ارسال دارید.

از طرف رئیس اداره فرهنگ بوکان --- حبیب زاده

۲۰۱۵
۲۵/۷/۴۱

رونوشت برای اطلاع آقای جعفر قزلجی ابلاغ میشود استدعا دارد سوابق دبستان را با آقای انور سلطانی تحویل فرمائید.

از طرف رئیس اداره فرهنگ بوکان — حبیب زاده

## چەتەی سەر گوندی بوغدەکەندی

گوندی بوغدەکەندی سەر بە دێهستانی تورجانە و کەوتۆتە لای باشووری شاری بۆکان و باکووری شاری سەقز. بوغدەکەندیش وەک سەرا و سەرچاوە و کوچکی سەرێ و خوارێ و وا بزانم ئەحمەداواش، هەمووی ملکی حەمەدئاغای عەباسی بوو، حەمەدئاغا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دژ بە کۆمار جوولابۆوە، لە گوندەکەی دەرکرابوو و ماڵەکەی کرابووە بنکەی حیزبی و حەمەڕەشیدخانی بانە و پێشمەرگەی بارزانیی تێدا دەژیان.

دوای هەرەسی کۆمار و هاتنەوەی هێزی دەوڵەت، حەمەدئاغا لە پاداشتی ئەو کارەیدا بۆ ماوەی چەند دەورە کرایە نوێنەری شاری سەقز لە مەجلیسی شووڕای ئێران. لە ساڵی ١٣٤٢دا دەوڵەت ویستی حەمەدئاغا بکاتە سەناتۆری «ئینتیخابی»ی ئوستانی کوردستان[١] و کردیشی. بۆ ئەم کارە و بۆ ئەوەی دەنگی زیاتری بۆ کۆبکرێتەوە، گوندەکانی سەرجەم دێهستانی تورجانیان، کە گوندەکانی حەمەدئاغا لەوێ هەڵکەوتبوون، لە بۆکان جیاکردەوە و خستیاننە سەر سەقز. منی مامۆستای باغڵووجەش کەوتمە سەر ئیدارەی پەروەردەی شاری سەقز و ساڵی دواتر (١٣٤٣) نێردرامە گوندی سەرای ملکی هەمان حەمەدئاغای عەباسی.

سەرا گوندێکی گەورەی ئاوەدان و سەرەڕێی هاتوچۆی ترۆمبیل بوو، هەر بۆیەش زۆرم پێخۆش بوو لەوێ دابمەزرێم. جگە لە من مامۆستایەکی دیکەشی لێبوو کە خەڵکی سەقز بوو و هەردوکمان بە دابی سەردەم لە ماڵی ئاغادا دەژیاین، واتە لە دیوەخانی سمایلئاغای کوڕی حەمەداغا ژوورێکیان پێدابووین و خواردن و خەوتنیشمان هەر لەوێ بوو. ماڵی سمایلئاغا گەلێک ئاوەدان و پڕ لە میوان و

١. ئەوەندەی لە بیرم بێ ژمارەی ئەندامانی مەجلیسی سەنای ئێران ٣٠ کەسێک بوون کە نیوەیان لە ڕێگەی بەنێو هەڵبژاردنەوە دەبوونە سەناتۆر و نیوەی تریان شا دەسنیشانی دەکردن. تاقمی یەکەم پێیان دەگوترا سەناتۆری ئینتیخابی و تاقمی دووهەمیش سەناتۆری ئینتیسابی بوون.

نۆکـەر و دەسـتوپێوەند بـوو. دوور لـە ئینسـاف دەبێ ئەگـەر نەڵێم سـمایلئاغا و ئەمیرئاغـای بـرای بـۆ ئێمـە گەلێـک بـاش بـوون و لەچـاو مامۆسـتای گوندەکانـی دیکـە، ژیانێکـی شـاهانە و ئیحتیرامـی زۆرمان هەبـوو، بەڵام دوای یـەکدوو مانگ تێگەیشتم ماڵەکە جێگەی هاتوچۆی زۆڵە کوردێکی ڕەئیسی ساواکی سەقز بەناوی «سـەرهەنگ مونشـی»یە[1] و جگـە لەوەش، یەک لـە نۆکەرەکانیان (کـە نامەوێ ناوی بهێنم)، مەئمووری ڕەسـمیی سـاواکە و دەورەی ڕاهێنانی جاسووسـیی لە ئیسڕائیل بینیوە. جارێک هەر ئەو کەسە، کە دەیزانی سەرم لە سیاسەت دەخورێ و پێشتریش بانـگ کراومەتـە سـاواک، دیارە بە دەسـتووری هەمان سـاواکی سـەقز، شـێعرێکی کوردیـی پێـدام و گوتی تۆ دەنگت بۆ شـێعر خوێندنەوە باشـە بۆمـی بخوێنەوە! کە خوێندمـەوە هەسـتم کرد لێم نزیـک دەبێتەوە و مایکڕۆفۆنێکی لەژێـر کەواکەیدایە. ئیتر درێژەم بە خوێندنەوە نەدا!

دوای دوو یا سێ مانگ قوتابخانەیان لە گوندی بوغدەکەندی کردەوە کە ئەویش هەر ملکی حەمەدئاغا بوو. گەرچی بوغدەکەندی لە جادە دوور بوو و دەبووایە قوتابخانەکە لـە چەقەخانـەی مزگەوت بکرێتەوە، دیسـان هەر بە باشـم زانی لـە ماڵی حەمەدئاغا دەرچم. خێرایەک لەگەڵ ئەو مامۆستایەی وا بۆ ئەوێ دابین کرابوو، جێگۆڕکێم کرد و «سـەرا»ی گەورەدێی سـەر جـادەم دا بە «بوغدەکەنـدی»ی دووری کەمدەرەتان، کە نەک هەر مامۆستاکە، بەڵکوو دایک و باوکی خۆشم پێیان سەیر بوو!

بەکورتـی بووم بە مامۆسـتای گونـدی بوغدەکەندی و لەوێ دامەزرام. سـەرەتا بۆ چەند مانگ لە ماڵی وەسـتا محەممەدی دارتاش دەژیام، کە دۆسـتی باوکم بوو، بـەڵام بۆ بەهاری سـاڵی ۱۳۴۳ ژوورێکم بەکـرێ گرت کە هی پیاوێکی هەژار بوو و

---

[1] ١. هەر ئەو سـەرهەنگ مونشـییەی کە بوو بە هۆکاری شـاربەدەرکرانی من لە کوردسـتان، کاتـێ کـە مامۆسـتای دەبیرسـتانی ٩ی ئابـان بـووم لە شـەهرىڕەی نزیک تـاران، ئەویش بوو بە ڕەئیسـی سـاواکی شـەهرىڕەی! گوایە لە هەر پۆلێک کە من دەرسـم تێدا دەگوتەوە قوتابییەکی بانگ کردبووە سـاواک و پێی گوتبوون ئەگەر فلانەکەس باسـی سیاسەتی کرد، بە مودیری دەبیرستانەکە بڵێن. ئێستاش کە هاتوومەتە ئورووپا گوایە جەناب سەرهەنگ بە پەنابەری لە ئاڵمانیا دەژی. دەترسـم جەناب سـەرهەنگ لە قەبریشدا لە کۆڵم نەبێتەوە، جا بۆیە وەسیەتم کردووە دوای مردن بمسووتێنن!

لە دەرەوەی گوندەکە دروستی کردبوو.

لەو ساڵەدا گەرچی ژمارەی قوتابییەکان کەم بوو و قوتابخانەکە تازە کرابۆوە، بەڵام ساواک لە کۆڵم نەبۆوە و مامۆستایەکی دیکەیان نارده لام، کە زۆرم پێ سەیر بوو. لە هیچ گوندێکی دەوروبەری بۆکان و سەقز جگە لە سەرا، یەک قوتابخانەش نەبوو کە دوو مامۆستای هەبێ؛ تەنانەت ئەو گوندانەی وا قوتابی هەر شەش پۆلەکەشیان هەبوو، یەک مامۆستا بەڕێوەی دەبردن، بەڵام بوغدەکەندی بە یەک پۆلەوە بۆچی دوو مامۆستا؟ سەرەتا نەمدەزانی و دواتر تێگەیشتم کارەکە ساواک کردبووی و ئەو مامۆستایەش کە ناردبوویان ئاگای لێم بێ، بەڕواڵەت برادەری خۆم بوو و پێکەوە لە ورمێ دەرسمان خوێندبوو، لەبەر هەر هۆیەکیش تەشریفی ببووە ساواکی! سەید ع. ق موسوڵمان گوتەنی، جەددی لە بن دەستی بدا!

ئەو ساڵە قسەوباسی ئیسلاحاتی ئەرزی هەبوو، بەڵام بەلای ملکی حەمەدئاغادا نەهاتبوو. «سپاه دانش»یش تازە دادەنرا. هەرای ئیسلاحاتی ئەرزی کە بەرز بوویەوە، دەنگۆی ئەوە پەیدا بوو کە لە ئوستانی فارس و لە نێو قەشقایی و بەختیاریدا بزووتنەوەی چەکدارانە هەیە و ئەرتەشی شا لەوێدا کوشتارێکی کردووە و سەرهەڵدانەکەی داکووژاندووە. لە کوردستانیش دەگوترا «چەتە» پەیدا بووە، جادەکان ئەمنیەتیان نەمابوو و هەر جارەی هەواڵی شوێنێک دەهات کە چەتە بەسەریاندا داوە و لە شوێنێکیش کابرای سپای دانیشیان بە بارمتە گرتبوو و پاش چەند ڕۆژ بەریاندابوو.

ئێمە هەواڵێکمان لەو شتانە نەبوو و تەنیا لە دەنگۆیەک زیاتر بە هیچمان نەدەزانی. بەیانی ڕۆژێکیان لە بۆکانەوە دەگەڕامەوە بۆ بۆغدەکەندی، تووشی خەڵکێکی زۆر هاتم کە لە بوغدەکەندییەوە دەچوون بۆ سەقز. حاڵ و نەقڵ؟ دوێشەو چەتەمان هاتۆتە سەر، تایەیەکیان لێ ئاگر تێبەرداوین و گوتوویانە ئەمشەو دێنەوە یا دەبێ ۱۰ هەزار تمەنیان بدەینێ یا ماڵەکانمان دەسووتێنن! ۱۰ هەزار تمەنی ئەو دەم ئامادەکردن و دانە دەست چەتە، لەکردن نەدەهات.

لەگەڵیان گەڕامەوە سەرجادە و پێکەوە چووین بۆ سەقز. ئەوان چوون بۆ ژاندرمەری و

منیش چووم بۆ ئیدارەی پەروەردە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە هاوارێک بکەم. سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ نەمر ئاغای «فەییازی»، کوردێکی سنەیی بوو.[١] گوتی: «ها، بۆچە هاتووی؟» گوتم چەتەمان هاتۆتە سەر. گوتی: «وتوویانە ئەتخۆین؟!» ئیتر زانیم لەوێ هیچ ناکرێ و گوێی بیستن نییە، چوومەوە بۆ لای خەڵکەکە. لە ژاندرمەری بەڵێنیان پێدابوون کارێک بکەن.

پێکەوە گەڕاینەوە بۆ بوغدەکەندی، مامۆستاکەی دیکەش لەوێ بوو. شەو لە ماڵەکەی من بووین، نانمان خوارد و نەخوارد، زرمەزرم پەیدا بوو! ئێمە لە دەرەوەی گوندەکە لە بەرزایی و نزیک ئاشی ئاور بووین. هەر کە زرمەی پێیان بە دەوری ماڵەکەدا پەیدا بوو، خۆمان مات کرد و بێدەنگ ماینەوە. لە نێودێ هەستوخوست هەبوو، دەنگی بەرزیشمان دەبیست، بەڵام تێنەدەگەیشتین دەڵێن چی. دوای ماوەیەکی کەم ڕووناکی سەری هەڵدا، تایەیەکی دیکەیان ئاگر تێبەردابوو. کەسێک جنێوی دەدا و بانگی دەکرد «وەرن وەیکووژێنن!» بەو زاراوەیەدا زانیم کەسەکە خەڵکی ناوچەی بۆکان و سەقز نییە و وا هەیە لە گەورکایەتییەوە هاتبێ.

بەیانی چووینە سەردانی شوێنەکە، تایەی ماڵی حاجی کەریم ناوێکیان سووتاندبوو و بە حیسابی ئەوەی شەوی پێشتریش ڕاست چووبوونە سەر ماڵی ئەوان، وێدەچوو کێشەیەکی شەخسیشیان لەگەڵ ئەو بووبێ. گوتبوویان سبەی شەو دووبارە دێنەوە و ئەگەر پارەکەیان بۆ ئامادە نەکرابێ، چی و چی دەکەن.

لای نیوەڕۆ لە پادگانی سەقزەوە هاتن و دەوری گوندەکەیان دا. نەیاندەهێشت کەس بێ و بچێ. سەرتیپێکی عەجەم کە فەرمانەدەی پادگان بوو هاتە نێو دێ. سەرهەنگ مونشی سەرۆکی ساواکیشی لەگەڵ بوو. من مودیری قوتابخانەکە بووم، بەڵام هیچیان بە لای مندا نەهاتن و بیلامانێ هینیان بە کڵاوم نەپێوا! سەرهەنگی

---

١. یەکدوو ساڵێک پێش ئێستا لە لەندەن گەیشتمە خزمەت ئاغای فەییازی کە بۆ سەردانی خانمی کچی هاتبوو و زۆرمان باسی ئەو ساڵانە کرد. جارێکیش لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن چاوم پێی کەوتەوە، هەردووکمان چووبووینە لای دوکتۆری پسپۆڕی دڵ. بەداخەوە هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە لە ساڵی ٢٠٠٩ یا ٢٠١٠دا کۆچیدوایی کردبێ. یادی بەخێر بێ!

ساواک مامۆستاکەی هاوڕێمی کردە دیلمانج بۆ ئەوەی بە فارسی وتار بۆ خەڵکەکە بدا و ئەویش بیکاتە کوردی. سەرهەنگ مونشی خۆی کوردی سنە بوو، بەڵام لەوێ فارسـی دەتروکاند و برادەرەکەم بۆ خەڵکەکەی تەرجەمە دەکرد. دوای یەکدوو سەعات ئابڵۆقەی گوند کۆتایی هات، فەرماندەی پادگان و سەرۆکی ساواک کەوتنە ڕێ بڕۆن. فەرماندەی پادگان بە دەست ئیشارەی بە من کرد و گوتی وەرە! چووم بۆ لای. بە ڕێگەی ڕۆیشتنەوە لێم تووڕە بوو و گوتی تۆ گوتووتە سپا و دەوڵەت هیچیان لە دەست نایە و یاریدەی خەڵکەکەش نادەن؟ گوتم شتی وا نەبووە. گوتی نەخێر، بووە و چاکیش بووە، جا وەپێشم کەوە با بڕۆین! ئای لەبەر ئەو چەرمەسەرییەی تووشی هاتبووم! دووسێ قسەی توندی کرد، بەڵام جنێوی پێنەدام، دەنا ئەو کەللەگەرمەی وا ئەو ساڵانە بووم لەوانە بوو وەڵامی بدەمەوە و هەر لەوێ بەربنە گیانم و دوای کوتانی حیسابی، بمگرن. کە گەیشتینە دەرەوەی دێ، بەتووڕەیی گوتی بڕۆ ون بە و جارێکی دیکە لەو قسانەت بە زاریدا نەیە! کاکی مامۆستای هاوڕێم چاکی بۆ تێچەندبووم!

هیچکەس لەلایەن سپاوە لەگەڵ خەڵکەکەدا قسەی نەکردبوو، جا بۆیە دڵنیا بووم کە ئەو قسەیە دەبێ ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی ساواک گوترابێ. هاوڕێکەم پێش وتاردانی سەرهەنگ مونشی، نزیکەی ٢٠ خولەک بەدەم پیاسە کردنی نێو گوندەکەوە قسەی لەگەڵ دەکرد. گومانی کەمیش نەمابوو کە سەیدی برادەرم ڕاپۆرتی لێدابووم ئەوەش زۆر بەلامەوە سەیر بوو، نە دوژمنایەتییەک، نە نێوانناخۆشییەک، نە قسەوباسێکمان لە نێواندا بوو، بۆچی دەبێ ڕاپۆرتی لێدابێتم، ئەویش بە درۆ؟ درەنگتر زانیم کە ببوو بە هەواڵدەری ساواک و بۆ ئەم کارەی پارەی مانگانەی لێوەردەگرتن. تەنانەت چەند ساڵ دواتر بینایەیەکی گەورەی لە پشت ماڵی قزڵجی دروست دەکرد کە دەگوترا بۆ ساواکە، بەڵام بەناوی ئەوەوە ئامادە دەکرا. شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دەزگای ساواکی ڕووخاند و بینایەی کاکە سەیدیش بەناتەواوی مایەوە، بەڵام دوای چەند ساڵێک لەژێر سایەی مەلاکاندا تەواوی کرد و بە فەرمی بوو بە هی خۆی! داڵدەی من و خواعالم چەند کەسی دیکەشی شێواند و

ماڵی خۆی پێ ئاوەدان کردەوە. چەند مانگ دوای ئەم ڕووداوە لەگەڵ مامۆستایانی دیکەی کورد لە کوردستان شاربەدەر کرام کە باسەکەی دوورودرێژە، بەڵام هەرگیز دوای ئەم شاربەدەرییە وەک خۆم لێنەهاتەوە لەبەروەی هەر لە ماوەی شاربەدەرییەکەدا گیرام و کەوتمە زیندان، پاشانیش کە ئازاد کرام نەیانهێشت بچمەوە سەر کاری پێشووم، ناچار لە هەندەران کارێکم بۆخۆم دۆزییەوە هەتا شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ کە بۆ ماوەی چوارپێنج مانگ گەڕامەوە سەر ئیشی مامۆستایی، ئینجا لوتفی ئیسلام شامیلی حاڵم بوو و وەک سەدان مامۆستای کوردی دیکە لەسەر کار لابرام و تا ئەمڕۆش جێگەی خۆم نەگرتۆتەوە.

بەڵام درێژەی حیکایەتی چەتە:

شەوی سێهەم، واتە دوای ڕۆیشتنی ئەرتەش، چەند کەیخودایەکی گوندەکە بە ئێمەیان گوت ئێوە شەو بڕۆنەوە بۆ بۆکان و سبەینێ وەرنەوە. هەرچییەکم کرد ڕازی نەبوون و گوتیان چەتەکان ئەمشەویش دێنەوە و بوونی ئێوەش هیچ یارمەتییەکی ئێمە نادا، بڕۆنەوە و ڕۆژی دوایی بگەڕێنەوە. ئێمەش ڕۆیشتین.

ڕۆژی دواتر کە گەڕاینەوە نێو دێ، هەواڵمان بیست پێش ئەوەی چەتەکان بێنەوە سەر گوندەکە، خەڵکی دێ بێدەنگێک چوون سێ چەکیان کڕیوە و لە ماڵاندا ڕایانگرتوون و شەو لە هاتنەوەی چەتەکاندا دەستیان کردۆتەوە، یەک لە چەتەکانیان بریندار کردووە. بەیانی بەشوێنی خوێنی ڕژاوی لەشی جەنابی چەتەدا زاندرا کە بردبوویانە نێو قۆرغی نزیک ماڵان و لەوێوە ڕۆیشتبوون. من ماوەیەک دواتر تەنانەت ناوی چەتەی برینداریشم بیستەوە و گوتیان دوای یەکدوو ڕۆژ مردووە، بەڵام کاتێ کە چەتەکان زانیبوویان خەڵکەکە چەکیان هەیە و دەست دەکەنەوە، کەسێکیشیان لێ کوژرابوو، چیتر نەهاتنەوە و گوند هێور بوویەوە.

نەهاتنەوەی چەتە باش بوو، بەڵام شتی خراپتری بەدوادا هات! ژاندرمەری سەقز بەناوی پارێزگاری کردنەوە ۷ یا ۸ ژاندرمی کردە سەر گوندەکە و لەوێ لە ماڵی خەڵکدا نیشتەجێی کردن. ئێمە ڕۆژانە ژاندرمەکانمان دەدیتن. ژاندرمە لە ترسی خۆیان

به ڕۆژدا نەبووایه له کون نەدەهاتنه دەر و شەوانەش چەکەکانیان دەدایه کوڕەلاوی گوند کێشکی پێ بدێرن، جەنابی خۆشیان لێی دەخەوتن! خواردنی سێ ژەمەشیان دەبووایه خەڵکەکه بۆ دابین بکەن! حیکایتی ئەوان عەینووبیللا حیکایەتی چیرۆکی «چوب بدستهای ورزیل»ی غوەڵامحوسێنی ساعیدی بوو، بەرازکوژەکان زیانیان له بەرازەکان زیاتر بوو! ماوەی ڕەنگه دوومانگیش ئەو مفتەخۆرانه لەسەر زگی خەڵکی هەژاری بوغدەکەندی لەوەڕان و زیانیان گەلێک زیاتر بوو له زیانی تایه ئاگرتێبەردانەکه. ئەوە داکۆکی کردنی ئەرتەش و ژاندرمی شاهەنشاهی بوو له خەڵک!

تا کۆتایی خوێندنی ئەو ساڵه ئێمه له گوندەکەدا ماینەوه و چەته نەگەڕانەوه. ساڵی دواتریش من شاربەدەر کرام و هەر له کوردستان نەمام، بەڵام بیستمەوه که دواتریش چەته نەهاتبوونەوە سەر گوندەکە. بەگشتی دیاردەی چەتەگەری لەو ساڵانەدا له کوردستان زۆر به هێز نەبوو و وا هەیه یەکدوو ڕووداوێکی ئەو چەشنه نەبێ دووپات نەبووبێتەوه. کوردستان ناوچەیەک بوو تێکەڵاوی سیاسەت، لەوێدا چەته به واتا گشتییەکەی یا سەری هەڵنەدەدا یا ئەگەر سەریشی هەڵبدایه، گوڵی نەدەکرد. دژایەتی ڕژیم له کوردستان بەپێچەوانەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، شێوازی حیزبی و سیاسیی هەبوو و تەنانەت ئەو ئاغایانەی وا زەوی و گوندیان لێ دابەشکرابوو بەرەو ئەو دیاردەیه نەدەچوون. ئەوان زیاتر خەریکی خەباتی سیاسی و چەکداری بوون، زۆربەیان ڕوویان له باشووری کوردستان کردبوو و وەک پێشمەرگه چووبوونه نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە. هەر له ئاغاواتی دەوروبەری بۆکان کاک سەعدی موهتەدی، کاک سەلاحوددینی موهتەدی، کاک محەممەد و کاک حەسەنی ئێلخانیزادە، چەند کەس لەو ئاغاواته بوون که چووبوونه باشووری کوردستان و کەسانی وەک قاسمئاغا و ئەبووبەکرئاغای موهتەدی و برایمئاغای ئێلخانیزادە و چەند کەسی دیکەشیان گیرابوون و له زیندانی «فلکالافلاک»ی خوڕەمئاوا زیندانی کرابوون.

نیازم ئەوەیه بڵێم ئەم ڕووداوە تاکوتەرایانه نەیاندەتوانی مۆری خۆیان

لەســەر مێژووی سیاســی و کۆمەڵایەتیی ئەو ســاڵانەی کوردســتان بدەن و ئەگەر وەک بڵقێـک ســەریان هەڵبدایـە، خێرایەک لەژێر گوشــاری سیاســەتی ڕاســتەقینە و خەباتــی حەقخوازانــەدا دەتۆقیـن و تێدادەچـوون، کە هەرواش بـوو و ئێمە ماوەی دووسێ ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە هەواڵی هاتنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســتان، ڕێبەرایەتــی شۆڕشــگێڕمان بـۆ ناوچەکە بیســت. ماوەیەکـی کەم دوای ئـەو ڕووداوانــە، چیـای حاجیکیمیی گوندی قەرەگوێزی نـە چەندان لە بوغدەکەندی دوور، بوو بە مەکۆی شۆڕەلاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان، کە خوێنیشیان هەر لەم ناوچەیەدا پێشکەش بە خاکی نیشتمان کرد.

**دوورخرانەوەی من لەگەڵ مامۆستایانی بۆکان و موکریان**

هاوینی ساڵی ١٣٤٤ بوو. مامۆستای گوندی بوغدەکەندی بووم، سەر بە شاری سەقز. ساڵێک پێشتر، دێهستانی تورجان لە بۆکان جیا کرابۆوە و کەوتبووە سەر سەقز، ئێمەش سێ مامۆستای بۆکانیی گوندەکانی دێهستانی تورجان لە بۆکانەوە خرابووینە سەر ئیدارەی پەروەردەی سەقز.

لە کۆتاییەکانی ئەو هاوینەدا، لە ورمێ خەریکی ئیمتیحانی دیپلۆمی ئەدەبی بە شێوەی داوتەڵەبی بووم و لەگەڵ یەکدوو هاوڕێی خۆم لە موسافیرخانەیەک دەژیاین. هەواڵمان بیست کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ناوچەی موکریان، بەتایبەت شاری مەهاباد، تەبعید کراونەتە شارەکانی عەجەمستان. دوای ئیمتیحانەکان کاتێ گەڕامەوە بۆکان، هەر لە ڕۆژی یەکەمدا فەرمانبەرێکی ئیدارەی پەروەردە نامەیەکی وەزارەتی ئامووزش و پەروەرشی دایە دەستم، کە خوێندمەوە بۆم دەرکەوت جەنابیشم یەکێکم لە تەبعیدییەکان! نامەکە مۆر و ئیمزای خانم «فەڕوخڕوو پارسا»، جێگری وەزیری پەروەردەی ئێرانی پێوەبوو و بەو پێیە ئیداراتی ناوچەیی دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆیان لە کارەکەدا نەبوو، گەرچی بڕیارەکەی وەزارەتیش دەبێ لەسەر بنەمای هەواڵ و باس و پێشنیاری «حیفازەت»، واتە بەشی ئاسایشی ئیدارە خۆجێیەکان و پێشنیاری ساواکی شوێنێکی وەک سەقز و مەهاباد درابێ.

ئەو دەم سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی سەقز ئاغای «فەییازی» بوو، کە ٤٧ ساڵ دواتر لە لەندەن چاوم پێی کەوتەوە، مرۆڤێکی بەڕێز و لەبەردڵان کە ساڵی پار کۆچی‌دوایی کرد. سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی بۆکانیش کاک حەسەنی مەجدی بوو، کە ئێستا ئەویش نەماوە و جێگرەکەشی حاجی عەلی حەبیب‌زادە بوو کە بەختەوەرانە ئێستا ماوە و لە بۆکان دەژی. من دەوروبەری ساڵێک پێشتر (واتە ١٣٤٢ ـ ٤٣) کە فەرمانبەری پەروەردەی بۆکان بووم و لە گوندی باغڵووجە دەرسم دەگوتەوە، بێ‌عەقڵیم کردبوو و لە وەڵامی نامەیەکی ئیداریی کاک حەسەنی مەجدیدا

بـۆم نووسـیبوو «هەتا بژیم لە خزمەتکردنی کوردسـتانی گـەورە درێغی ناکەم» و شـتی لەو چەشـنە. لاوییەتـی و بێئەزموونـی و کەللەگەرمیی ئەو سـاڵانە و دۆخی سیاسـیی کوردسـتان کاری کردبـووە سـەر مێشـکم و گەمژانـە وامزانیبوو دەکرێ هەموو شت بڵێم و بنووسم!

ئیدارەی پەروەردەی بەخشی بۆکان لەژێر چاوەدێریی شارستانی مەهابادا بوو، نامەکەمیان ناردبوو بۆ ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد کە سەرۆکەکەی خۆجێیی نەبوو و ناوی «موحسـین» بوو. دیارە ئەوانیش دەبێ ناردبێتیانەتە سـاواکی مەهاباد. ئەوەش بـەو نیشـانەیەدا دەزانم کـە کارەکەم لێ گەورە ببۆوە و بازرەسـێک لە پەروەردەی مەهابادەوە نێردارایە بۆکان بۆ ئەوەی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە. بەهەڵکەوت، بازرەس (کە وا بزانم ناوی ئاغای «گوڵجەبینی» بوو)، بە خزمی مەرحوومی حاجی حەمەساڵحی محەممەدی دەرچوو و میوانی ئەوانیش بوو. حاجی حەمەساڵە کەڵەپیاوێکی عاقڵ و زانـا و ئامـۆزای دایکـم و باوکم بوو و منیش ڕێزی زۆرم لێدەگرت. مەسـەلەکە بە هیممەتی ئەو و بازرەسەکە، تەنانەت بەبێ چاوپێکەوتنی من چارەسەرکرا و درێژەی نەکێشا، بەڵام نەمزانی بازرەسەکە چی بۆ ئیدارە نوسیبوو گەرچی دڵنیام لای منی بەرنەدابوو. کاتێ لە بوغدەکەندی گەڕامەوە بۆکان هەندێک لۆمە و سەرکۆنەی باوکم نەبێ هیچ نەمابوو! ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد شوێنی مەسەلەکەی نەگرتەوە، بەڵام ساواکم لێورووژا و دوای ڕاگوێزرانم بۆ پەروەردەی سەقز ملۆزمێکیان بەردا گیانم و لە گوندی بوغدەکەندی کردیانە هاوکار و هاومالّم بۆ ئەوەی لەسەر هاتوچۆ و کار و کـردەوەم ڕاپۆرتـی هەفتانەیـان بداتـێ. هـەر ئەوەش بـوو بە هۆکاری سـەرەکی بۆ تەبعیدکرانـم لـە کوردسـتان، کـە لێرەدا دەمەوێ باسـی بکەم، بەڵام بـا ئەوەش بڵێم من هیچ گلەیییەکم لە کاک حەسـەنی مەجدی نییە. نامەیەک وەک ئەو نامەیەی من نووسـیبووم، بۆ هەر ئیدارەیەکی دیکەی دەوڵەتیش بنێردرایە، سـەرۆکەکەی هەمان کاری دەکرد کە ئەو کردی، واتە ناردی بۆ پەروەردەی مەهاباد.

بارودۆخی سیاسـیی ڕۆژ، سـەرەتاکانی شۆڕشـی ئەیلوول لە باشـوور؛ چوونی گەلێـک لاوانـی خەباتـکار لـە موکریان و بەگشـتی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانەوە بۆ

باشوور؛ داندرانی ڕادیۆی کوردیی کرماشان؛ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، کـە سـەرەڕای ئـەوەی سـاواک سەرپەرشـتیی دەرچوونـی دەکرد، گەلێک شـێعر و بابەتی نەتەوایەتیی تێدا بڵاودەبۆوە[١] و ئەمانە بەسـەر یەکەوە کەسـێکی وەک منیان بە پێشـینەی سیاسـیی بنەماڵەوە خسـتبووە سەر هەوا و بە شێوەیەکم لێ‌هاتبوو کە لە قۆناغێکدا فەقێ یان مەلایەکی نەناسراو لە گوندی بوغدەکەندی هاتە سەردانم و بەڵێنـی هاوکاریـی لەگـەڵ حیزبـی دێموکراتـی لێ‌وەرگرتـم، ناوێکـی نهێنیشـی بـۆ پەیوەندییەکانـی دواڕۆژمان پێـدام، کە بەهۆی تەبعید و دوورخرانەوەم لە ناوچەکە، درێـژەی نەبـوو و ئێسـتا لـە بیرم نییە ئەو کەسـە کێ بوو و لەسـەر چ ئەساسـێک هات بۆلام؟ پێشـتریش کاتێ لە باغڵووجە بووم، هەندێک دەفتەر و کاغەز و قەڵەمم بـۆ فەقێکانـی حوجـرەی گوندەکـە کڕیبوو و لەسـەر هەمـوو دەفتـەرەکان ئەم دوو فەردەی حاجی قادری کۆییم نووسیبوو کە دەڵێ: «کتێب و دەفتەر و تاریخ و کاغەز/ بەکوردی گەر بنووسـرایە زەمانی، مەلا و میر و شـێخ و پادشـامان/ هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی».

بگەڕێمەوە سـەر باسـی نامەکەی وەزارەتی پەروەردە و تەبعیدەکەم: پرسـیار، پرسـیار، کێی دیکە تەبعید کراوە؟ تێگەیشـتم لە بۆکان ئێمە سـێ کەس بووین: نەمر محەممـەدی ئەشـعەری، کاک عەبدولواحیـد سـەعیدی و ئیتر تـەواو! کاک محەممەد درابوو بە شـاری مەحەللات (لەوێشـەوە بۆ بەخشـی «دلیجان»ی سەر ڕێگای قوم - ئیسفەهان)؛کاک عەبدولواحید درابوو بە شاری قەزوێن و منیش بە شاری ئەراک کە لە قەدیمدا پێی دەگوترا سوڵتاناباد.

لـە سـەقزیش کاک نەسـروڵڵای تاهیـری (ئاغەنەسـێ)، کـە مرۆڤێکـی گەلێـک بەڕێز و خاوەن شەخسـییەت بوو، نێردرابووە قەزوێن، بەڵام لە مەهاباد سـەرجەم دەبیرانی دەبیرسـتان و چەند مامۆسـتای قوتابخانەی سەرەتاییش تەبعید کرابوون.

---

١. بۆ نموونە، ئەم شـێعرە مەشـهوورەی کامەران موکری لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوبۆوە کە من لەبەرم کردبوو:
ئاگر بە تۆزێ ئاو کوژایەوە/ گوڵ بە بای شەماڵ سەری نایەوە
بەڵام ژیلەمووی تێکۆشانی کورد/ پاش هەزاران ئاو هەڵگیرسایەوە

هەمووومان ڕاگوێزرابووینە شارەکانی ئوستانی مەرکەزی لە قەزوێنەوە تا ئەراک و مەحەللات و خومەین و تەفریش. ساڵێک پێش ئێمەش دەستەیەک مامۆستای بانەیی کە یەکیان کاک هاشم کەریمی بوو، نێردرابوونە ئوستانی لوڕستان و لە ئێمەوە دوور نەبوون. ساڵێک دواتریش ئەم کارە درێژەی کێشا و خەڵکانێکی دیکە لە کوردستان دوورخرانەوە. بەو پێیە، دەرکەوت کارەکە سیاسەتێکی داڕژاو و بەرنامە بۆ دانراوی سیاسی و ئەمنییەتیی ڕژیمی شا لە کوردستان بوو، نەک هەڵکەوتێکی ساکار.

هۆکاری مەسەلەکە گەرچی بەتەواوەتی ڕوون نەبوو، بەڵام بەئاشکرا پێوەندیی بە شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو لاوان و ڕووناکبیرانی کورد لە ئێران هەبوو. وەزارەتی پەروەردە دەیگوت ئەوە تەبعید نییە و مافی ئەوەشتان نییە پێی بڵێن تەبعید! بە حیسابی ئەوان، کارەکە ڕاگواستنێکی ئاسایی بوو و هیچی تر، دیارە ئەوەش درۆیەکی زەق بوو، دەنا چۆن دەکرێ سەرجەم چل کەس دەبیری دەبیرستانی شارێکی وەک مەهاباد پێکەوە ڕابگوێزرێن و تاقە یەک کەسیان نەمێنێ، لەو ٤٠ کەسەش ٣٩یان کورد بن! ئەی بۆچی لە شارە غەیرە کوردەکانی بنگوێی مەهابادا کاری وایان نەدەکرد؟

وەک گوتم، من کەوتبوومە شاری ئەراک کە شارێکی گەورە بوو، بەڵام ئەو دەم کەرەسەی هاتوچۆ، کەم بوو و چوون بۆ شوێنێکی وا چەپەک لە بۆکانەوە هاسان نەبوو. ئەو دەم بۆکان تەنانەت ئوتوبووسی ڕاستەوخۆی بۆ تارانیش نەبوو. دەبووایە ڕۆژێک بچمە تەورێز سبەی بچم بۆ تاران و ڕۆژی دوایی بە شاری قومدا بچم بۆ ئەراک. کاکم لەو کاتەدا چووبوو بۆ تاران بۆ کڕینی کەلوپەلی دووکان. بە مەسەلەکەی زانیبوو و هەواڵی ناردبوو بێ بۆ تاران، بزانین چ دەکەین. نامەیەکم لە پوورزایەکی خۆم لە سەقز (کاک محەممەدئەمین هۆشمەند) وەرگرت بۆ سەناتۆر «محەممەدی عەباسی» کە پێشتریش مامۆستای دوو گوندی ئەو (سەرا و بوغدەکەندی) بووم و چووم بۆ تاران. کاکم لەگەڵم نەهات و بەتەنیا چووم بۆماڵی حەمەدئاغا، کاک ئەمیری کوڕی حەمەدئاغا زۆری قەدر گرتم. حەمەدئاغاش گوتی

ئەگەر کێشــەی سیاســی نەبێ بۆت جێبەجێ دەکەم، بەڵام ئەگەر سیاســی بێ هیچم لە دەســت نایە و خۆی لە قەرە نادەم؛ هەندێکیش گلەیی و بناشــتی کرد کە لاوەکان بۆچی وا دەکەن و دەست هەڵناگرن؟ دیار بوو کارەکە بەڕاستی لە دەسەڵاتی ئەودا نەبوو و ئەزیەت کردنی ئەو و خۆم بێسوود بوو، ئیتر نەچوومەوە بۆ لای.

کاکم کەسی وای نەدەناسی یارمەتی لێبخوازین. بردمی بۆ لای شاعیری شەهید «ســەعید ســوڵتانپوور» کــە ماڵەکەی لــەلای مەیدانی ژاڵە و کۆکاکــۆلا بوو لە تاران. ســەعید نامەیەکی پێدام بۆ کەســێک لە وەزارەتی فەرهەنگ کە دۆســتی بوو. ئەویش هەمــان وەڵامــی حەمەدئاغــای پێدامــەوە: سیاســی نەبێ بۆت جێبەجــێ دەکەم، دەنا گلەیی مەکە! واتە ئەویش هیچ.

نامەیەکم نووسی و بردم بۆ وەزارەتی فەرهەنگ ویستم بیدەم بە «فەروخڕووی پارســا». گوتیــان ڕاســتەوخۆ نابێ و دەبێ بیــدەی بە بەرپرســی دەفتەرەکەی. کۆڵم نــەدا و بەیانــی زووی ڕۆژی دوایــی چوومــەوە وەزارەت، کە ترۆمبیلی پارســا هات ویســتم بچم نامەکەی بدەمێ، پێشــیان پێگرتم و نەیانهێشــت بیبینم نامەکەشــیان لە دەســت ســەندم. لــە وەڵامدا گوتیــان ئەوە «مەســڵەحەتی ئیداری»یــە و هیچ چارێکت نییــە جگــە لــە چوون یا ئیســتیعفا! تەواو بــوو، زانیم دەبــێ بچم. بلیتی ئوتوبووســم وەرگرت و چووم.

پێش ڕۆیشتن، کاکم بردمی بۆ لای «حاجی مەخمەلیان»ناوێک، کە دووکاندار بوو لە خیابانی ناسرخوســرەو. حاجییەک بوو کراســی مارکی «مەخمەلیان»ی دروســت دەکرد، کاکیشم لە بۆکان دەیفرۆشتن، برەویشی زۆر بوو. کابرا گەلێک دژبەر و داخ لە دڵی ڕژیمی شا بوو، بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات و تەنانەت نەیدەتوانی خۆی زۆر دەربخا. گوتی باش وایە قبووڵی مەسەلەکە بکەی و بچی؛ لەم چەشنە کارانەدا دۆســتایەتی و پارتیبــازی کەڵکــی نییــە. نامەیەکی پێــدام بۆ دووکانداڕێکــی ئەراکی گوتی ئەگەر پارە و پووڵت ویســت یا لە غەریبیدا پێداویســتییەکت هەبوو بچۆ لای

ئەو کەسە کە تەرەف حیسابمانە و لەم بارەیەوە ئاگای لێت دەبێ.[١] ڕۆیشتم.

لە بۆکان و سەقز مامۆستای گوند بووم و خەمی ئەوەم بوو لە ئەراکیش بمنێرنە گوند، بەڵام باش بوو بەبێ داواکاریی خۆم لە قوتابخانەی «سپەهدار» لە ناوچەیەکی هەژاری شاریدا دایاننام و لەوێ بووم بە مامۆستای پۆلی دووهەم. ئەوانی دیکەشیان هەر لە شارەکاندا ڕاگرتبوو و کەسیان نەناردبووە دێ، دیاربوو کۆنترۆڵ و چاوەدێرییان لە شارەکاندا باشتر بۆ دەکرا. گەڕامەوە بۆکان و هەندێک کەلوپەلی ماڵم پێچایەوە و بە گریانی دایک و خوشک و دڵپڕیی باوک و برا لە ماڵ چوومە دەرێ. چەند دۆستی خۆشەویست تا تەورێز لەگەڵم هاتن، شەو لە تەورێز چووین بۆ بارێک بۆ عارەقخواردنەوە و بەیانی من بەرەو تاران و ئەوانیش بەرەو بۆکان وەڕێکەوتین.

چوومە ئەراک. ماڵم لە نزیک مەدرەسەکە بەکرێ گرت. شەهید سادقی شەرەفکەندیش هەر نێردرابووە ئەراک، ئەویش لەو ماڵەدا کە سێ دەستە خانووبەرەی تێدا بوو دەستەیەکی بەکرێ گرتبوو. دەستە خانووەکەی دیکە، هی ژن و مێردێکی ئەراکی بوو هەردووکیان مامۆستای قوتابخانە بوون. هەر سێ ماڵەکان یەک حەوش و یەک تەوالێتیان هەبوو. ژنە مامۆستای دراوسێمان دووگیان بوو؛ خوشکە چکۆلەکەی کە لە دەبیرستان دەرسی دەخوێند، بۆ ئاگاداری کردن لە خوشکی دووگیان ماوەیەک لەگەڵ ئەوان دەژیا. بۆچی عاشقی کچە نەبووم؟ چ عاشقێک! هەر دەرسی قوتابخانە تەواو دەبوو و نەدەبوو بە هەلینگدان دەچوومەوە ماڵێ و بە چوارچاو سەیری دەرگام دەکرد گراوییەکەم لە قوتابخانە بگەڕێتەوە. ئەگەر ڕۆژێک نەمدیبایە شێت دەبووم. بە بیانووی قاپ و کەوچک شتنەوە دەهاتە سەر حەوزی نێوەڕاستی حەوشەکە و منیش وەک ئەستێرەناسی چاک هەمیشە لە «ڕەسەدخانە» دانیشتبووم و چاوەڕوانی هاتنی بووم، پێکەوە دەچووینە ژێرخانی ماڵەکە، بەڵام لە قسە و ماچوماچ بەولاوەتر نەدەچووین.

١. مەخمەلیان و کوڕە گەنجەکەی لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا ناویان کەوتبووە ناو ناوان، بەڵام دواتر هەواڵیان نەما...

ئێوارەیەکیان کچەکە نەهاتبۆوە ماڵ. پێشتر پێی گوتبووم دوای مەدرەسە دەچێ بۆ حەمام، بەڵام لە بیرم نەبوو. زۆر چاوەڕوان بووم، نەهاتەوە؛ بەربوومە گریان و ڕۆڕۆ. کاک سادق لە ماڵەکەی خۆیەوە گوێی لێببوو و دیتبووی چرام هەڵنەکردووە، لە دەرگای دا، دەرگام نەکردەوە، دەمویست لە پەنجەرەکەوە خۆم بخەمە خوارێ؛ هاواری کرد ئەگەر دەرگا نەکەیەوە دەیشکێنم. دەرگام کردووە و ڕاست لەو کاتەدا کچە جوانکیلەکە بە ساکی حەمامەوە گەڕایەوە ماڵێ، ئاو بە ئاوردا کرا و منیش زیندوو مامەوە!

**گفتە بودم چو بیایی غم دل با تو بگویم**
**چە بگویم، کە غم از دل برود چون تو بیایی!**

**(سەعدی)**

لەو ماوەیەدا کە لە ئەراک بووم، ئێمەی تەبعیدی زۆرجار لە ڕۆژانی هەینیدا هەر جارەی لە شارێک کۆدەبووینەوە، بەڵام کۆبوونەوەکان بێنێوەرۆک بوون و تەنیا عارەقخواردنەوە و گاڵتەوگەپ بوو هەتا ئێوارە و ئینجا گەڕانەوە بۆ شارەکان. من چەند جارێکیش بەتەنیا چووم بۆ لای کاک محەممەدی ئەشعەری کە لە شارۆچکەی «دلیجان»ی سەر ڕێگای قوم ـ ئیسفەهان دەژیا و لە ئەراکەوە نزیک بوو. بۆ گەڕانەوەی بۆکانیش جاری وابوو دەچوومە «مەلایر» و «هەمەدان»، ئینجا بە «سنە» و «سەقز»دا، دەگەیشتمەوە بۆکان. جاری وابوو دوو شەو لە موسافیرخانەی ئەو شارانەدا دەمامەوە. یەکەم جار کە گەڕامەوە بۆکان، ئەوەندە خەڵکمان پێوەهات کە کاک حەسەنی مەجدی ڕەئیسی پەروەردەی ئەو دەمی بۆکان بە برادەرێکی خۆی گوتبوو: «دەڵێی ئەنوەر لە شەڕی سواستپۆل گەڕاوەتەوە ئەوەندەی بەپیرەوە چوون!» ئەوە هیممەتی خەڵکی شارەکەمان بوو. خەڵکی بۆکان بۆ ئەم کارە گەلێک ئامادە بوون و لەگەڵی ڕاهاتبوون. پێش ئەو ساڵانەش لە زۆر بۆنەی جیاوازدا پێشوازیی گەرموگوڕیان لە زیندانیی ئازادکراو یا خەڵکانی تەبعیدکراوی ساڵەکانی

زووتـر کردبـوو.[١] دواتر کـە لە زیندانیش هاتمــە دەر، خەڵکەکە هــەروا گەورەیی‌یان نواند، ئەوەش سەرەڕای چاوەدێریی توندوتیژی ساواک. لە بیرمە کاتێ قاسمئاغای ئێلخانی‌زادە لە زیندان گەڕایەوە بۆکان (وا بزانم سـاڵانی دوای ئیسـلاحاتی ئەرزیی ١٣٤١ و ئـەو دەوروبەرانـە بـوو)، نیـوەی دووکان و بازاڕی شـارەکەی بۆ داخرا و خەڵک بە دەیان ماشـێن (ئەگەر سـەدان نەبووبێ) بەرەوپیری چوون؛ من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی. پێشـوازیی من لەچاو هی ئەو هەر هیچ نەبوو، خۆشـم لەچاو ئەو «عەدەد»ێـک نەبـووم، بەڵام هەر ئـەو گەورەیی‌یەش کە خەڵکەکە نواندیان لە سـەرم زیاد بوو. دەستیان خۆش بێ و هەروا ئازا بمێننەوە.

من دەزانم ئەو پێشوازییە هی خۆم نەبوو هی ڕێبازەکە بوو، هی دژایەتی‌کردنی ڕژیم بوو، بەڵام لە من‌دا خۆی دەردەخست کە ئاوا لەسەر هیچ و بەبێ تاوان شاربەدەر کرابووم. باوکم دوابەدوای تەبعیدی من نەخۆش کەوت و ئیتر هەڵنەستایەوە، دیدارەو ئاخریشی بووم، یادی بەخێر بێ خۆشیی لە ژیان نەدیت. ماوەی دوو ساڵ بوو لە باری ماڵییـەوە هەندێـک بەخۆی‌دا هاتبۆوە، من ببوومە مامۆسـتا و حقووقم وەردەگرت و کاکیشـم لـە سـەربازی گەڕابـۆوە و دووکانـی هەبـوو، بەڵام ئـەوە تەنیا دوو سـاڵ بوو و بە شـوێنی‌دا مێردەزمەی تەبعید سـواری ملمان بوو و نە ئەو و نە من و نە هیچ کەسی دیکەی بنەماڵەکەمان خۆشییەکی نەبینی، بەتایبەت کە هێشتا تەبعیدەکەم تەواو نەببوو، زیندانی بەشـوێن‌دا هات! ئەوەش ڕژیمی شـا کە ئێسـتا هەندێک کەس سـینگی بـۆ دەکوتـن و دەڵێـن لەچـاو مەلاکانی ئێسـتا، زۆر باش بوو. ئەوە ڕاسـتە، هەموو دیکتاتۆرێک لە حکوومەتی ئێسـتای ئێران باشـترە، بەڵام بۆ ئەوانەی لە هەر دوو ڕژیم‌دا ژیاون و کاری سیاسـییان کردووە، بەتایبەت بۆ کورد، ئاشـکرایە هەر دوو ڕژیمەکە ملهوڕ و زۆردار و کوردکوژ بوون؛ نە دار بێ، نە پەردوو...

**

١. مامۆسـتا حەمەڕەئووفـی خەیـات (ڕەئووفـی مەلا حەسـەن) لـە بیرەوەرییەکانی خۆی‌دا باسـی پێشـوازی کردنـی خەڵکی بـۆکان دەکا لە خـۆی و زیندانییـە ئازادکراوەکانی دیکەی ساڵی ١٣٣٢.

ئەوەش دوو وێنە لە قوتابییانی گوندی بوغدەکەندی و مەدرەسەی سپەهداری ئەراک کە جەنابم مامۆستایان بوو. شەرحیانم لە پەراوێزدا نووسیوە. ئەوی خوارەوە، دەستەچەپیان هی بوغدەکەندییە و دەستەڕاست هی ئەراک. سەیرێکی ڕواڵەتی قوتابییە کوردەکان بکەن لە بەراورد لەگەڵ قوتابییانی ناوچەی هەژارنشینی ئەراک. ئەوە بارودۆخی قوتابی کوردە، کە لە چەقەخانەی مزگەوت و بێ کورسی و مێز لەسەر حەسیری گرێچن دادەنیشتن و ڕووناکایی قوتابخانەکەش، ئەگەر بتوانین پێی بڵێین «ڕووناکایی»، لە تاقە یەک پەنجەرەی بچووکی لای کەوشکەنەکەوە دابین دەبوو و لەلای ژوورەوەتر، چاو چاوی نەدەدیت.



لەگەڵ قوتابییانی کچ و کوڕی پۆلی دووهەمی قوتابخانەی بوغدەکەندی، لە بەردەم چەقەخانەی تاریک و تنۆکی مزگەوتی گوندەکە، کە قوتابخانەی منداڵان و چەقەخانەی هەرزەکاران هەردووکیان بوو! ساڵی خوێندنی ١٣٤٣ ـ ٤٤.



لەگەڵ قوتابییانی پۆلی دووهەمی قوتابخانەی «سپهدار»ی ئەراک، ڕۆژی ۱۳۴۴/۱۲/۴.

دیاردەی سەیروسەمەرەی وا لە شارەکانی ئوستانی ناوەندیی ئێراندا زۆر بوون کە ئێمە لە کوردستان نەمانبینیبوو. با دەسنیشانی یەکدوو نموونە بکەم بۆ ئەوەی بڵێم ئێمە لە کوردستان چەندە بێئاگا بووین لە ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکانی دیکەی ئێران و چۆن ئێرانمان تەنیا لە دەلاقەی کتێب و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامە و وتاری حیزبەکانەوە دەناسی. بۆ نموونە، نەماندەزانی هێزی ئایینی و بڕوای خەڵک بە ڕێبازی شیعە، تەنانەت ماوەیەکی زۆر پێش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیش، چەندە بەهێز بوو و خومەینی و مەلاکان و مامۆستا ڕۆژاواییەکانیان چۆن لە ساڵی ۱۳۵۷دا سواری شەپۆلێک بوون کە گەلێک پێشتر لە ئێراندا هەڵیکردبوو و ئێمە نەماندەدیت. لە شاری «مەحەللات» و «خومەین»ی پەنای «قوم» تیغی ڕیشتاشین لە دووکانان‌دا نەدەفرۆشرا و بە «مکروه» دەزانرا. تەبعیدییەکانی ئەو شارانە دەبوو تیغ لە شارەکانی دیکە بکڕن؛ جا دەبێ لە شاری قوم چ خەبەر بووبێ!

جارێکیان چووبووم بۆ قەزوێن بۆ ماڵی کاک عەبدولواحیدی سەعیدی. قوتابییانی پۆلی یەکەمی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان لە ناوچەیەکی هەژارنشینی شار، بە

ڕیز دەهاتنە دەرەوە بچنەوە ماڵێ. کچەکان تەمەنیان ٧ یا ٨ ساڵان بوو، بەڵام تەنانەت بۆ نموونە یەک تاکەکەسیانم نەبینی دەسماڵ و ڕووسەریی بە سەرەوە نەبێ، هەر هەموویان حیجابیان بە سەرەوە بوو! جا بزانە ئەم وڵاتە چی بووە و ئێمەی هەژاری بە خەیاڵ سیاسی چۆن لەو ڕاستییانەی نێو ئێران بێخەبەر بووین! خۆ بارودۆخی ئێستای ئێران هەر باسیشی نەکەین لەسەر «حیجابی ئیجباری» چاکترە!

کە دەچووم بۆ تاران، ئوتوبووسەکەمان لە نیوەی ڕێگا، دەگەیشتە شاری قوم. سەرەتا پێم سەیر بوو دەمدیت دانیشتووانی ئوتوبووسەکە هەر دەگەیشتینە شوێنێکی تایبەت، بە بەر ڕۆیشتنی ئوتوبووسەوە لەپڕێکدا هەڵدەستانە سەرپێ و ژنانی بێحیجابیش بۆ ماوەیەک دەسماڵێکیان دەدا بە سەریاندا. دواتر زانیم ئەوە بۆ ئەوە بوو شاری قوم و گومبەزی حەزرەتی مەعسوومەیان لێدەردەکەوێ و بە ئیحتیرامی ئەو وایان دەکرد، بەڵام دیارە لەو ساڵانەدا کەس مەجبووری بەوە نەدەکردن و ئەم خەڵکە هەر بەپێی باوەڕی خۆیان وا دەجووڵانەوە، ئەوانەش کە وەک من لە جێگەی خۆیان نەدەبزووتن، کاریان پێیان نەدەبوو و نە ئەولا مۆڕەی لەملا دەکرد و نە ئەمیش پێکەنینی بەو دەهات. هەر دوو هێزەکە لە کۆمەڵگادا هەبوون و کاری خۆیان دەکرد. دیارە بە ژمارە بارستایی ئەوان زیاتر بوو و لە باڵانسی کۆتایی هێزەکاندا دەستی ئەوان باڵاتر بوو، بەڵام ئێمە بەوەمان نەدەزانی و بە بۆچوونی خۆمان هێزێکی مردوو یان نزیک بە مەرگ بوون و حیسابمان بۆ نەدەکردن، بەڵام هەر ئەو مردووە بێناوونیشانە لە ساڵی ١٣٥٧دا لە تابووت هاتەدەرێ و ئەو گۆبەندەی گێڕا کە گێڕای و ئەو بەڵایەی بەسەر ئێران هێنا کە هێنای! جا بریا هەر ئێرانیش بووایە، هەموو ناوچەکە و بەشێک لە دونیای هەژاند و شڵەژاند و لە بیچمی ئەلقاعیدە و ئەنسارولئیسلام و هەزار ڕەنگی دیکەدا دەرکەوت کە خێروبێری بۆ چەکفرۆشە ڕۆژاواییەکان و وێرانی و کوشتن و مردنەکەشی بۆ ئێمە بوو.

دەچمەوە سەر باسەکە: وەزارەتی فەرهەنگ (کە وا بزانم ئەو دەم ببوو بە وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش)، ئیجازەی گەڕانەوەی کوردستانی بۆ

دەرسگوتنەوە پێنەدەداین، گەرچی ئازاد بووین بۆ سەردان بگەڕێینەوە کوردستان. یەکدوو ساڵی پێچوو تا ئیجازەی ئەوەشیان پێداین بچین لە شارەکانی نزیکی تاران وەک «کەرەج» و «شەهریڕەی» و «شەهریار» و «وەرامین» دەرس بڵێینەوە. من سەرجەم دوو ساڵی تەواو لە ئەراک بووم و هەر لە مەدرەسەی «سپەهدار»یش دەرسم دەگوتەوە. لەگەڵ دەستەیەک مامۆستای ئەراکیدا ببووم بە دۆست کە تا ساڵانێکی زۆر دوای ئەوەش کاتێ لە تاران بووم، هەر هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و تەنانەت ئەوان دەهاتن بۆ بۆکان و ببوون بە دۆستی بنەماڵەییمان. خەڵکانێکی زۆر چاک بوون، لەگەڵ ڕژیمدا نەبوون، بەڵام کاری سیاسییان نەدەکرد.

هیچ شتێکی وا نەبوو لە ئەراک خۆمی پێوە خەریک بکەم، کتێبی ئاساییم لە کتێبخانەی گشتی وەردەگرت و دەمخوێندنەوە و ئابوونەی چەند گۆڤاری فارسیش بووم. زۆر دەچوومە سینەما و ڕۆژانی هەینیش لەگەڵ ئەو برادەرە ئەراکییانە «دەورە»مان هەبوو هەر جارەی دەچووینە ماڵی یەکێکمان. زیاتر یاریی «حوکم» دەکرا، بەڵام دواتر پارەی دۆڕاو دەدرایەوە دەست کەسەکە، من ئێستاش هەر فێری ئەو یارییە نەبووم! وا هەبوو والیباڵ و وەرزشی سووکیش بکەین. جاروبارە دەچووم بۆ تاران بۆ دیتنی فیلمێکی تازە یان شانۆیەکی نوێ، لە بیرمە شانۆی «شش شخصیت در جستجوی نویسندە»ی «پییەر ئاندێللۆ»م لە ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران و ئیتالیا لە تاران بینی و گەڕامەوە ئەراک. بۆ گەلێک بۆنەی وا دەچووم بۆ تاران.

دوای چەند مانگ مانەوە لە ئەراک، باوکم و خاڵم هاتن بۆلام. باوکم شەڵواری عەجەمیی لەپێ کردبوو و لەجیاتی پێچوکڵاوە کوردییەکەشی کڵاوێکی عەجەمیی لە سەردا بوو. کاتێ چاوم پێی کەوت هەندێکی لێ خورت بوومەوە، بەو جلوبەرگەوە نەمدیتبوو و ئەویش تێیدا ئاسوودە نەبوو. چەند ڕۆژێک لەلام مایەوە. ئەو فەقیرە لە میاندواو بەولاوەتر چاوی بەعەجەمستانیش نەکەوتبوو و ئێستا گەیشتبووە بنیدنیایە! بەڵام ئەراکی ئەو دەمیش شتێکی وا سەیروسەمەرە نەبوو، هەر ئەوەندە بوو کە لە بۆکان گەورەتر بوو. خەڵکەکەی زۆر دەوڵەمەند نەبوون و کاسبی باشیان

هاوینــان بــوو کــە خەڵکی ئەهواز و ئابــادان ماوەی یەکدوو مانــگ دەهاتنە ئەوێ و ماڵیــان بەکــرێ دەگــرت. ئەراک کوێســتانی و ســارد بوو و بۆ ئــەوان وەک گێلان و مازندەران دەچوو، بەڵام هەرزانتر. دوای هەفتەیەک لەگەڵ باوکم چووم بۆ تاران و لەوێــوە ئــەوان لەگەڵ خاڵم چوونــەوە بۆکان، منیش گەڕامەوە بۆ ئەراک. باوکم زۆر نەخۆش و بێواز بوو. ئەوە دواجار بوو بەسەر پێوەم بینی، پاشان لە جێگەدا کەوت تا ئەوەی بەجێیهێشتین. یادی بەخێر بێ، ژیانێکی پڕ ڕەنج و کڵۆڵیی بردەسەر.

لــە ئــەراک ماڵێکی دیکەم بەکــرێ گرتبوو کە هی پیرێژنێکــی جوولەکە بوو ناوی بیبیجــان یــان خانمجــان بوو. بۆ ماوەیەک هــەر دوو خوشــکەکەم لەگەڵم هاتن بۆ ئەراک و چەند مانگ لەو ماڵەدا لەگەڵم مانەوە. پیرێژن لە زســتاندا کورســی دادەنا وەک لای خۆمــان. دەیگــوت منداڵەکانــم لــە لانکــەدا گــەورە کــردوون، وەک باســی دەکــرد عەینووبیلــلا لانکــە و دەســرازە و بلوێری لای ئێمە! زۆر ڕەســمی کۆنی لای خۆمــان لــە کــۆندا لە ناوچــەی ئەراکیش باو ببــوو، بەڵام بە گەورەبوونەوەی شــار تێداچووبوون. دەوروبەری شــارەکە لوڕ و تورک بوون و فارس کەمتر بوو. لوڕی ئــەو دەوروبەرانــە لــە ئەراکەوە تا شــاری مەلایر لــە گوندەکاندا دەژیــان و گوندی «پــەری» زێــدی کەریمخانــی زەنــد، لەوێــوە دوور نەبــوو و من لە نێــو ئوتوبووسدا چاوم پێی دەکەوت. کەریمخان خزمی نزیکی ئەردەڵانییەکان بوو؛ لە شەڕ و کێشەی زەنــدی و ئەردەڵانــیدا گەلێــک کوردی ناوچەی ســنە ڕاگوێزرابوونــە لای مەلایر و زەندییەکانیش ڕاگوێزرابوونە دەوروبەری ســنە؛ ئێستاش زەندییەکان لە کوردستان هــەر هــەن. ئەوە شــەڕی خۆخۆریی کورد نەبــێ هیچی دیکــەی پێناگوترێ! ئەوەی کەریمخان بەســەر شــاری ســنەی هێنا چەنگیز بەســەر نیشــابووری نەهێناوە! دوو خشــتی هیــچ دیوارێکــی بەســەر یەکترەوە نەهێشــت و هــەر هەمــوو ئاوەدانییەکەی لەنێوبــرد، ئــەوەش کەریمخــان کە بــۆ ئێرانییەکان «عــادڵ» بوو و بــۆ خۆمان بەڵای ڕۆژگار.

دیســان لــە بابەتەکــە لام دا، بــا بگەڕێمــەوە: کابرایەکــی قەســابی جوولەکەکانــی ئەراکیــش لــە هەمــان ماڵــی بیبیجانخانــمدا ژوورێکــی بەکــرێ گرتبــوو، زۆر

پیاوێکی تێگەیشتووی سیاسی بوو و گەلێک جار دەهاتە ژوورەکەی من و پێکەوە قسەمان دەکرد. مامۆستایەکی بەهاییش لە قوتابخانەکەمان بوو، زۆر پێکەوە دۆست بووین، پاشان ئەویش ڕاگوێزرایە تاران و لەوێ یەکترمان دەدیت. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ڕێستوورانێکی چڵەوکەبابی لە تاران کردبۆوە، چەند کوڕەلاوی خەڵکی بۆکان کاریان بۆ دەکرد، ڕێزی زۆری دەگرتن و ئاگای لێیان دەبوو. گەلێک جوامێر بوو و دۆستایەتییەکەمانی لا گرنگ بوو، ئێستا لەهەر کوێیەکە یادی بەخێر بێ.

دوای شەڕی دووهەمی کوردستان و لە ئاوارەییدا جارێک چوومەوە ئەراک بۆ لای ئەو برادەرانەم. شناسنامەیەکی درۆیینم پێویست بوو بۆ ئەوەی لە تاران و لە شاراوەییدا پێی بژیم؛ ئەوان بۆیان دابین کردم، دەستیان خۆش بێ، دۆستی چاک هەتا زۆر بن هەر کەمە.

دوای دوو ساڵ کار و ژیان لە ئەراک، لەسەر داواکاریی خۆم ڕاگوێزرامە «شەهری‌ڕەی» نزیک تاران. دەمویست بچمە تاران، بەڵام تارانیان پێنەدام و ناردیانمە شەهری‌ڕەی. بە ڕۆژ لە گوندی «دەوڵەتاباد»ی نیوەڕێی تاران و ڕەی دەرسم دەگوتەوە وماڵیشم لە تاران لەلای مەیدانی فەوزیە (شەهناز) گرتبوو، کە ئێستا بۆتە ئیمام حوسێن. دەوڵەتاباد ئەو دەم گوندێکی وێران بوو، واتە قەڵایەک بوو دەوری بە دیوار گیرابوو و ماڵەکان هەمووی لەنێو قەڵاکەدا بوون. لە دەرەوەی قەڵا دووکانێکی بەقاڵی بوو و قاوەخانەیەک و قوتابخانەکەی ئێمە، ئیتر هیچ. پاشماوەکەی هەموو هەر کوورەخانە بوو و لەبەر بۆگەنی ئەو کوورەخانانە نەفەس‌کێشان ئەستەم بوو، بیستوومە ئێستا ماڵ و ئاپارتمان و بورجی زۆری لێ دروستکراوە. مودیرێکمان بوو، قەرەچی بوو و زۆریش پیاوێکی چاک و قسەخۆش، بەڵام بێ‌هەڵوێست و وازوازی. لەگەڵ هەموو کەس گاڵتەی دەکرد و نەیدەتوانی جیددی بێ! درەنگتر کە بووین بە دۆستی یەکتر و هاتوچۆی ماڵی یەکترمان هەبوو، بۆی گێڕامەوە و گوتی کاتێ تۆ هاتییە قوتابخانەکەمان لە بەشی «حیفازەت»ی ئیدارەی پەروەردەی شەهری‌ڕەی بانگیان کردم و گوتیان فڵانی، ئەو مامۆستا تازەیەی ناردوومانەتە مەدرەسەکەت،

سیاسییە و دەبێ ئاگات لێی بێ بزانی لەسەر کەلاس چی دەکا و دەڵێ چی و هاتوچۆی کێ دەکا. منیش لە وەڵامدا گوتم مەنزوورتان سوڵتانییە؟ گوتیان بەڵێ. گوتم ئەو سوڵتانییەی من دیتوومە ئەگەر هەموو گیانی خەنجێر بێ بە قەدرایی سەری پەنجەم بە ...نمدا ناچێتە خوارێ! ئەوە کێیە لە خۆتان گەورە کردۆتەوە و بە منیش دەڵێن ئاگات لێی بێ! کابرای قەرەچی ڕاستی دەکرد!

**

بە بەر کارکردن و دەرسگوتنەوە، ساڵی ١٣٤٧ لە چوار زانکۆ وەرگیرام (زانکۆی ئەدەبیی زانستگەی تاران، زانکۆی تەربیەت دەبیریی تاران، زانکۆی تەورێز، ڕشتەی زمانی ئینگلیزی و زانکۆی ئەدەب لە زانستگەی پەهلەویی شیراز) لەوەی شیرازدا ببووم بە نەفەری چوارەمی کۆنکۆر، بەڵام کارەکەم لە دەوروبەری تاران بوو و مەجبوور بووم لەوێ بخوێنم، هەرواشم کرد. بەیانان دەرسم دەخوێند و پاشنیوەڕۆیان دەرسم دەگوتەوە تا لیسانسی تاریخم وەرگرت. ئینجا چوومە دەبیرستانی ٩ی ئابان لە جادەی ئەوبەری شەهریڕەی بۆ لای خانیئاباد.

لە باری سیاسییەوە گەلێک توندوتیژ بووم و لە هەموو خۆپیشاندانەکانی زانستگەدا لە پێشەوە دەڕۆیشتم. لەگەڵ برادەرێکی خۆشەویستی بانەییدا کە دواتر بوو بە دوکتۆر، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی هەموو مانگرتن و خۆپیشاندانێکی دانیشجوویی‌دا بووین، سەرمان لە گێچەڵ دەخورا. لە مانگرتنی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاراندا (وا بزانم ساڵی ١٣٤٨ بوو)، دەممان زۆر لەپێش بوو و تەنانەت دروشمێک کە من سازم کردبوو کەوتە سەر زمانی هەمووان و نەک هەر خوێندکاری زانکۆکان بەڵکوو لەو ڕۆژانەدا خەڵکی ئاسایی نێو شاری تارانیش دەیانگوتەوە: «شرکت واحد دزده، مال مردمو می‌دزده!»

لە دەبیرستانیش زۆرم قسەی سیاسی دەکرد و تەنانەت لە دەرسی مێژوودا نەمدەهێشت قوتابییەکان ناوی «شا» بهێنن، بۆ نموونە دەبووایە لەجیاتی نادرشا بڵێن نادر و لەجیاتی ڕەزاشا بڵێن ڕەزا! بەکورتی وەک لە فارسیدا دەڵێن: «عسس

مرا بگیر!» کارێکم دەکرد کە ئەنجامەکەی جگە لە گیران و زیندان هیچی دیکە نەبوو. لاوییەتی و شێتی (لە هەندێک کەس دا!) جەمسەریان لێکدەگەڕێتەوە.

لەبەر بەدبەختی، سەرۆکی پێشووی ساواکی سەقز کە دەستی لە تەبعیدەکانی ئێمەدا هەبوو، ڕاست لەو ساڵەدا کە من ڕاگوێزرابوومە شەهریڕەی، ئەویش ببووە سەرۆکی ساواکی شەهریڕەی! حیکایەتی مار و پنگە! ئەوە تەنانەت بەهەڵکەوتیش بووبێ، هەڵکەوتێکی سەیر بوو. جەنابی سەرهەنگ مونشی بە ناو «کورد»، منی بەباشی دەناسی، جارێک لەسەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەی «کوهستان» بانگی کردبوومە ساواکی سەقز و زۆری هەڕەشە لێکردبووم و جارێکیش لە ڕووداوی چەتەی گوندی بوغدەکەندیدا هاتبووە گوندەکەمان. مام سەرهەنگ لە هەرکام لەو پۆلانەی دەبیرستان کە من وانەم تێدا دەگوتنەوە، قوتابییەکی بانگ کردبوو و پرسیاری منی لێکردبوون بۆ ئەوەی بزانێ لە کاتی دەرسگوتنەوەدا چی دەڵێم. پێی گوتبوون ئەگەر شتێکی سیاسیم گوت ئاگاداری مودیری قوتابخانەکە بکەنەوە. کابرای مودیر کەسێکی ئیسفەهانیی بەڕواڵەت دۆست، بەڵام لەبنەوەبڕ بوو.

هەوڵ دەدەم ناوی ئەو کەسانە بنووسم کە لەگەڵ ئێمەدا تەبعید کرابوون، دیارە من خۆم چەند کەسێک نەبێ ناوی کەسم لە بیر نەماوە، بەڵام لە دۆست و برادەر دەپرسم. هیوادارم کەسانی شارەزا سەبارەت بە تەبعیدەکانی دیکەی کوردستانیش بابەت بنووسن. دەزانین لە ساڵی ۱۳۱۹ و سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشادا خەڵکێکی زۆر لە مەهابادەوە نێردرانە «شیراز» و ڕێزدار سەید محەممەدی سەمەدی لە کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد»دا (ل ۹۵) باسیان دەکا و ناوی بەشێکیشیان دەنووسێ. لە ساڵی ۱۳۵۸یشدا حکوومەتی مەلاکان بە شێوەیەکی دڵڕەقانە ژمارەیەکی زۆری کوردیان لە موکریانەوە ناردە ناوچەی سمنان و دامغان، ئەوەندەی من بزانم ناوی ئەو کەسانە تۆمار نەکراوە و ئەگەر باسیشیان کرابێ لە ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسییەکاندا بووە و هیچی تر. نموونەی ئەم کردارە وەحشییانەیە زۆرە و ئێمە نابێ هەروا بە ساکاری بەلایاندا تێپەڕ بین. دوورخرانەوەکەی دووکاندار و فەرمانبەرانی ئیداراتی موکریان لە ساڵی

١٣٣٨دا، ئەویش بەو شـێوە نالەبارە، بۆ هەندێک بنەماڵە کارەسـاتێکی گەورە بوو و شـوێنی هەمیشەیی دانایە سـەر ژیانیان کە هەرگیز قەرەبوو نابێتەوە. تۆمار کردنی ناو، بیرەوەری، ڕێکەوت و شـێوازی دوورخرانەوەی خەڵکەکە ئەرکێکی نیشتمانییە. بەداخـەوە لێـرە لـە دوورەوڵاتـیدا ئـەم کارە گونجـاو نییـە و کاری نێوخۆی وڵاتی پێویسـتە. هیوادارم تا زووە و کەسـەکان ماون هیممەتدارێک ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ و بیرەوەرییەکانیان تۆمار بکا. ئەوە بەڵگەیەکی چاک دەبێ بۆ سەلماندنی هەڵسوکەوتی چەوتـی مـەلاکان لەگـەڵ گەلەکەمان و دەکرێ لـە دواڕۆژدا چ لە کۆڕ و کۆمەڵ و چ تەنانەت دادگادا کەڵکی لێوەربگیرێ.

لەو ماوەیەدا کە لە ئەراک بووم جارێکیان لەگەڵ کاک محەممەدی ئەشـعەری و کاک ع. س. چوویـن بـۆ ئیسـفەهان بـۆ گەڕان. لـە «منارجنبان» تووشـی برادەرێکی کـورد بوویـن کـە گوێی لێببوو ئێمە بە کوردی قسـە دەکەین، هـات بۆ لامان. کاتێ خۆمـان بـە یەکتر دەناسـاند زانیمـان کاک تەها اقـل الطلاب (حق‌طلب) بـرا چکۆلەی شـەهید قادرشـەریف و کاک مەناف. بۆ خزمەتی سـەربازی ناردبوویانە ئیسفەهان. ئـەو ڕۆژە هەتـا ئێـوارە بەیەکەوە بووین. چ دەسـتەگوڵێک و چ ڕۆڵەیەکی دڵسـۆزی گـەل و نیشـتمان! نەجیـب، بێدەنگ، کەمقسـە، بەڵام تێگەیشـتوو و لێـزان. بەداخەوە مـەلای مرۆڤکـوژی کۆماری ئیسـلامی چەند سـاڵ لە زینـداندا ڕایانگرت و پاشـان ئیعدامیان کرد. کاتێ هەواڵی ئیعدامیم بیست پڕبەدڵ بۆی گریام، یادی بەخێر بێ.

دوای ڕاگوێزرانمـان بـۆ تاران و دەوروبەری، ئیتر پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان تەبعیدییـەکاندا نەما و هەر کەسـە بەرەو ژیان و ڕێبـازی تایبەتی خۆی چوو، واتە ئاکامێکی دیار و ڕوونی سیاسیی لە بارودۆخی تەبعیدەکە وەرنەگیرا، ڕێکخراوەیەکی سیاسـی یـان حیرفەییمـان دروسـت نەکـرد و ئەوەش شـتێکی چاوەڕوانکـراو بوو لەبەروەی جەماعەتەکەمان پێکهاتەیەکی یەکدەست و هاوشێوە نەبوو و لە چەپەوە تا ڕاست و لە ناسیۆنالیستەوە تا خەڵکانی غەیری سیاسی هەموو جۆرێکمان لەنێودا بوو. هاتنی جەماعەت بۆ تاران و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ژیانی نێو ئەو گەورەشارە، خەڵکەکەی کردە تاکەکەسی کەموزۆر لێکدابڕاو. یەک چوو بۆ زانستگە، ئەویتر زەماوەندی کرد و

خەریکی ژیانی بنەماڵەیی بوو و بەگشتی هەرکام بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت، بەڵام تەبعیدەکە سەرجەم دیاردەیەکی ئەرێنی و باش بوو، زۆرێک لەوانەی وا لە تاران حاوانەوە بوونە خەڵکانی باش و خزمەتگوزاری نیشتمانیان و چاک ڕاهاتن.

ئێستا کە ئاوڕ لەو ڕابردووە دەدەمەوە و دەمەوێ لایەنی چاک و خراپی هەڵسەنگێنم، خوێندن و چوونە زانستگەی بەشێک لە تەبعیدییەکان، یەکتر ناسین و تێکەڵاوی و دۆستایەتیی نێوان مامۆستایانی شارەکانی کوردستان وەک سنە و کرماشان؛ دەستڕاگەیشتن بە کتێب و کتێبخانە و کتێبفرۆشی و چاپەمەنی باشی ئەوتۆ کە لە ناوچەی ئێمە هاسان دەست نەدەکەوت؛ ناسیاو بوون لەگەڵ هەندێک کەسایەتیی سیاسی و هونەریی ئێران و ناساندنی کوردستان و کێشەی کورد بەوان، بەشێک بوون لە ئەنجامە باشەکانی ئەو تەبعیدکرانە. هەر لەو تەبعیدییانە، کەسی وا هەبوو کە بوو بە خاوەنی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی یان وەرگێڕی کتێبی سەبارەت بە کورد یان مامۆستای زانکۆ.

**

من خۆم، باوەکوو زۆر خۆڕێکخەر و کەسێکی کۆمەڵایەتی نیم و زیاتر لەنێو خۆمدام، دیسانەکە لەگەڵ گەلێک خەڵکی باشی فارس و تورکدا هاوڕێیی و دۆستی و ناسیاوییم پەیدا کرد و پاشانیش چوومە زانستگە و ئینجا زیندان! لە ساڵی ١٣٤٧دا هاتوچۆی دەفتەری گۆڤاری «خوشە»م دەکرد کە ئەحمەدی شاملوو سەرنووسەری بوو. چەند شێعری وەک «هەڵۆ»ی مامۆستا هەژارم لەوێدا چاپ کرد و هەفتەی جارێک دەچوومە دەفتەرەکەی، شێعر و بابەتی دیکەی کوردی کە هەندێک کەس و لەوانە، کاک سوارەی ئێلخانیزادە بۆ گۆڤارەکەی دەنارد، دوای پیتچنین هەڵەبڕیم دەکردن، ئینجا ئەوان جاپیان دەکرد (دیارە من هیچ دەورێکم لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا نەبوو و ئەمانە شاملوو خۆی دەیکرد. من شووڵپاکەر بووم نەک بەرپرسی کارێک جگە لە هەڵەبڕی! بەڵام بابەتی خۆشم پێدەدان و ئەوان چاپیان دەکرد). لەو بەرنامەیەی وا بە «شب‌شعر خوشە» ناسراوە و ئەوەندەی

لـە بیـرم بێ لە سـاڵی ١٣٤٨دا بەڕێوەچوو و چەند شـەوێکی درێژە کێشـا، لە کاری بەڕێوەبـردن و بێنەوبـەرەدا سـووکە هاوکارییەکـی شـاملووم کـرد. لەگەڵ شـەهید سەعیدی سوڵتانپوور و نوسرەتی ڕەحمانی، کە دۆستی کاکم بوون هاتوچۆیەکی کەمـم هەبـوو، جاروبـارە شـێعر و بابەتـم بەنـاوی خۆم یـان بەناوی خـوازراوەوە لێرەولەوێ چاپ دەکرد، لەسەر دەرسی زانایانی وەک دوکتۆر ئاریانپوور، دوکتۆر شـەفیعی کەدکەنی، دوکتۆر خانلەری، دوکتۆر سـەدیقی، دوکتۆر باستانی پاریزی و دوکتۆر بەراهەنی ئامادە دەبووم و لە بەشی «زبانشناسی»ی زانکۆی ئەدەب دەرسی کوردیم لە خزمەت دوکتۆر محەممەدسەدیق موفتیزادە خوێند؛ لە زانکۆ بابەتم لەسەر «مەم و زین» و شێعرەکانی لاهووتیی کرماشانی نووسی، مێژوویەکی ڕۆژنامەگەریی کوردیم کردە فارسی و دامە «نشریە دانشکدە ادبیات»، کە دوای دوو مانگێک پێیاندامەوە و گوتیان ناتوانین چاپی بکەین، هۆکارەکەشی ئاشکرابوو! کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری باشی ئەو ساڵانەم دەبردەوە بۆکان و لەگەڵ هەندێک کەس پەیوەندیی ئەوەم هەبوو بیاندەمێ بیخوێننەوە.

دەزانم دوای تاقمی ئێمە کە لە هاوینی ساڵی ١٣٤٤دا تەبعید کراین، ئەو کارەی ساواک و وەزارەتی پەروەردەی ئێران لە کوردستان ماوەی دوو ساڵێکی دیکەش درێژەی کێشا و خەڵکانێکی زیاتـر لـە کوردسـتان دوورخرانـەوە. بەداخەوە ناوی کەسـەکانم لە بیر نەماوە، بەڵام وا بزانم کەمکەم ڕاگوێزران و چوونە تاران و شارە گەورەکانی ئێران بـوو بـە کارێکـی ئاسـایی و زۆر مامۆسـتای قوتابخانەکانـی کوردسـتان بۆ دەرس خوێنـدن لە زانکۆ، خۆیـان داوای ڕاگوێزرانی تاران و تەورێزیان دەکرد! لە دواییدا کارەکـە وای لێهاتبـوو، کـە جارێکیان لەسـەر پەروەندەی ئیداریی خـۆم لە ئیدارەی پەروەردەی شـەهریڕەی نامەیەکم بینی کە کەسـێک بە زمان منەوە نووسیبووی و داوای کردبـوو لـە بەرانبـەر ناردنەوەی من بۆ کوردسـتان، فڵانەکەس (برای خۆی) بنێرن بۆ تاران! من ئەو و براکەیم باش دەناسی و لەگەڵ ئەوەی وا لە تاران دەژیا و نامـەی داواکارییەکـەی بەنـاوی منەوە نووسـیبوو و ئیمـزای منی لێدابوو، سـووکە دۆستایەتییەکیشـم هەبوو، بەڵام بەڕووی هیچکامیانمدا نەدایەوە و ئێسـتاش ناویان

نازڕێنم، گەرچی ئەوە لە دۆستایەتی بە دوور بوو نامە لە زمان منەوە بنووسرێ و بەخـۆم ڕانەگەیەنـدرێ. نیازمە بڵێم چوونە تـاران وای لێهاتبوو هەندێک کەس کاری واشیان لەپێناوی‌دا دەکرد.

ماوەی سـێ‌چوار سـاڵ لە شەهری‌ڕەی مامەوە و پاشان ڕاگوێزرامە ناحیە ١٣ی ئامووزش و پەروەرشی تاران. یادیان بەخێر بێ کاک حەسەنی دیاکۆ (حەڵەبی) زاوای کاک مینەزیرەک هەروەها کاک محەممەدی فەراقی خەڵکی مەهاباد و خزمی خۆمان لـەو ئیدارەیـەدا کاریـان دەکـرد و زۆریان ئاگا لێم بوو. تا سـاڵی ١٣٥٢ کە ماوەی ٨ ساڵ بەسەر تەبعیدەکەم‌دا تێپەڕ دەبوو، هەر نەیانهێشت بگەڕێمەوە کوردستان. ئەو دەم لەجیاتی «حەراسەت»ی ئێستا، ئیدارەی «حیفازەت» هەبوو کە لقێکی ساواک بوو لـە ئیداراتـی دەوڵەتی‌دا. من هەموو سـاڵێک داوای گەڕانەوەی کوردسـتانم دەکرد و داواکارییەکـەم دەچووە حیفازەتی وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش، ئیتر حیفازەت وەڵامـی نەدەدامەوە. سـاڵی دواتر دیسـان هەڵەسـوونم دێنـاوە و داوای گەڕانەوەم دەکرد. لە هاوینی ساڵی ١٣٥٢دا کابرای بەرپرسی حیفازەت کە ناوی «جبل عامری» بوو، لە وەڵامی پرسیاری من‌دا کە بڕیاری گەڕانەوەم دراوە یان نا؟ گوتی «آغا برو خـودت را اصـلاح کن!» ئیتـر زانیم بارودۆخ لە جاران خراپترە و گەڕانەوەم مەحاڵە. مانگێک دوای ئەم قسەیە، گرتیانم و کەوتمە زیندان، واتە تەبعیدم لێ‌بوو بە زیندان. ئەمساڵ خۆزگەم بە پار!

سـەبارەت بەو تەبعیـدە و شـێوازی بەڕێوەبردنەکەی دەبێ بڵێـم کەڵەگایی‌یەکی ئاشـکرا لە مامۆسـتاکان و زوڵمێکی زۆر لە قوتابی و خەڵکی ناوچەکە بوو. بەشـی زۆری ئەوانەی وا لە کوردستان دەرکران خەڵکانی دڵسۆز بوون و ڕۆیشتنیان شوێنی دانایە سـەر ڕەوتی خوێندنی قوتابییەکان، بەڵام لە باری سیاسـی و کۆمەڵایەتییەوە بـە قازانجـی کـورد تەواو بوو لەبەروەی زۆرێک لەو تەبعیدییانە چوونە زانسـتگە و دوای تەواوبوونی خوێندن و کۆتایی دەورەی تەبعید، بە مەدرەکی زانسـتگایی‌یەوە گەڕانەوە وڵات.

مـن لە باری شەخسـییەوە زیانی زۆرم لێ‌کەوت. باوکـم دوابەدوای تەبعیدەکەم

نەخـۆش کـەوت و ئیتر هەڵنەسـتایەوە؛ گەرچی زۆری خۆش دەویسـتم نەمتوانی لە سەرەمەرگدا لەلای بم.[١] بە شوێن تەبعیدەکەمدا زیندان هات و ئەوەش بە شێوەیەکی دیکە کاری کردە سەر ژیانی شەخسی و بنەماڵەییم. بریا ئیمانداریکی ئایینی بووایەم و هیوای جەزای ئاخرەتم هەبایە، بەڵام نیم و ئێستاش کاڵە دڕاو و هیچ پێنەبڕاو، بێکەڵک و بێکەڵـپ! لێـرە کەوتوومەتەوە. ئەو «جوامێر»ەی وا ڕاپۆرتـی من و خەڵکانی دیکەی دەدایە ساواک، ئێستا لە بۆکان خانەنشینی ئیدارەی پەروەردەیە و ژیانێکی ئاسایی و خۆشی بنەماڵەیی تێپەڕ دەکا؛ ئەو ڕەئیسی ساواکەش کە دەستی لە تەبعید کردنی من و ئەوانی دیکەدا هەبوو (سەرهەنگ مونشی)، ئێستا زیت و زیندوو لە ئاڵمانیا دەژی و ئەو «بازجوو»ەی وا لە زیندان ئەشـکەنجەی دەکردم (ڕەسـووڵی)، ئێسـتا لە پاریس پەنابەرە و زۆریش ماقووڵە و کەس ناتوانێ پێی بڵێ لەل! منیش بە شـەش چەشـنە نەخۆشییەوە لێرە لە لەندەن لێی کەوتووم و مەگەر هەر لە دوورەوە لێیان بقوولێنم! بەڵام ڕق و کینی شەخسیم لە هیچکامیان نییە و مەسەلەکە وەک ئاکامێکی ناگوزیریی کار و کردەوەی خۆم و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ئێران سەیر دەکەم، لێشی پەشیمان نیم، واتە بەگشتی لەوە پەشیمان نیم کە کەوتمە سەر ڕێبازێکی سیاسیی چەپ و پێشـکەوتنخواز. دیارە لە درێژەی ڕێگادا هەڵەیەکی زۆریشـم کرد کە ئەوە کێشـەی شەخسـیی خۆمـە و بـە کەسـایەتی و دۆخـی ژێنێتیـک یـان پـەروەردەی ماڵمانەوە بەسـتراوە. بێگومـان ئەگەر ئەوەی ئێسـتا دەیزانم ئەو دەمانـە بمزانیبایە، وا هەبوو ژیانـم بـە ئاقارێکی دیکەدا بڕۆیشـتایە، ڕەنجـی کەمتری خـۆم و بنەماڵەمی بەرهەم بهێنایـە و لە عەینی کاتدا سـوودێکی زیاتری بـۆ کۆمەڵگاکەم هەبووایە، بەڵام ژیان بۆ هەمووان هەروەهایە، هەڵە کردن بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە و منیش لەو یاسا گشتییە بەدەر نیم.

ئـەوەی لـە پێوەنـدی کاری تەبعیدەکـەدا دەتوانم بیڵێـم و وەک هەڵسـەنگاندنێک بیخەمە بەرچاو، چەند خاڵێکن:

---

١. لە مردنی کاکم و دایکیشمدا هەر لە دەرەوەی وڵات بووم و دیدارەوئاخریان بووم.

گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەندێک جار ئەوەندە گەورەن کە دەسەڵاتی تاکەکەس هیچیان لەگەڵی پێناکرێ. بۆ نموونە، کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق و تووڕەیی ڕۆژاوا و ئیسرائیل و شای ئێران لە سیستەمی تازە دامەزراوی کۆماری لە عێراق، ڕووداوێکی ناوچەیی و جیهانی بوو و ئاشکرایە کەسانی وەک ئەو چەند تەبعیدییە هەژارە دەسەڵاتێکیان بەسەریەوە نەبوو، بەڵام هەر ئەم ڕووداوە و ڕووداوەکانی دواتر و هاندرانی سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن ساواکەوە بۆ چەک بەدەستەوە گرتن دژ بە قاسم، خواستە و نەخواستە شوێنی دانایە سەر تاکی کورد نەک لە باشوور، بەڵکوو تەنانەت لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش. لە ئەنجامدا لاوانێکی زۆر، بەتایبەت لە ناوچەی موکریانەوە ڕوویان کردە باشوور. دەمگۆ و هەواڵی سەر زاری خەڵک کە بە شۆڕشی ١٤ی تەمووز شادمان بوون لەلایەک، هەواڵەکانی ڕادیۆی شۆڕشیش لەلایەکی تر، هەروەها ماوەیەک دواتر، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران و بەرزبوونەوەی دەنگی ڕادیۆی کوردیی کرماشان، هەستی نەتەوایەتیی لە گەلێک کەس‌دا بزواند، بۆ نموونە، کەسێکی وەک من کە ئەو ساڵانە تەمەنم لە دەوروبەری ٢٠ بوو و تا ئەو دەم لەژێر کاریگەریی بیری پێشکەوتنخوازیی کاکمدا خۆم لە بەرەی چەپدا دیتبۆوە، بەرەو مەسەلەی نەتەوایەتی کشام؛ واتە، من بێ‌ئەوەی بمەوێ و بخوازم، کەوتبوومە بەر تەوژمی گژەبایەکی بەهێز کە هەست و بیری نەتەوایەتیی کوردی بێ، بێبەشی و هەژاریی گەل و وێرانیی باری ئابووریی ناوچەکە و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و زەبروزەنگ نواندنی پۆلیس و ژاندرمەری و سپا و زیاد لە هەمووان ساواک، ڕێیان بۆ لاوێکی وەک من لە بنەماڵەیەکی هەژار و کەم‌دەست خۆش دەکرد بۆ ئەوەی بیرم تەنیا لای خۆم نەبێ و چارەنووسی خەڵک و بەرژەوەندییەکانی بخەمە پێش بەرژەوەندیی خۆمەوە. خەڵکیش لە ڕاستی‌دا هەر ئەوانە بوون کە لە دەوروبەرم بوون و مەسەلەشیان بەگشتی مەسەلەی نەتەوایەتی بوو؛ واتە کێشەی نەتەوایەتی لەو ساڵانەدا ببووە بابەتی سەرەکی لە کۆمەڵگادا و بانگەوازی لە هەر چوار لاوە دەگەیشتە گوێ.

هاوینـان کـە دەهاتمـەوە بۆکان، لەگەڵ دۆسـت و برادەری نزیکی خۆمدا باسـی سیاسـەتی ڕۆژمـان دەکـرد و کتێـب و ڕۆژنامـەی ئـەو لایانـەم بـۆ دەهێنانـەوە. هەموومـان جگـە لـە یەک کـەس کە دواتر بە سـاواکی دەرچـوو، دژی ڕژیم بووین. نەسـلی پێش ئێمـە ئەوانە بوون کـە لە خەباتی سـاڵانی ١٣٣١ و ٣٢دا بەشـدارییان کردبـوو و لەلایـەن ڕژیـم یـان ئاغاکانـی بۆکانـەوە گیرابـوون و لێدرابـوون و هەڕەشـەیان لێکرابـوو و لـە ئەنجامدا ئیحتیاتکار بوون و خۆیان لە کاری سیاسـی کـردن لەگـەڵ ئێمەی دەمڕووت نەدەدا، هەر بۆیەش کەڵکی زۆریان بۆ ئێمە نەبوو و جگـە لـە هەسـتی دژایەتیکـردن لەگـەڵ ڕژیم و ئاغـاوات، هیچـی واشـیان پێنەبوو بیـدەن بـە ئێمـە. بە هەمان شـێوە ئێمەش چی وامـان لەباردا نەبوو نـەوەی دواتری پـێ پـەروەردەی سیاسـی بکەیـن، واتـە ئێمـە نەوەیەکـی خۆڕسـت و بێپشـتیوان بوویـن. مـن بەنـاوی خـوازراوەوە نامـەم بۆ هەندێـک لاوی شـارەکە وەک دوکتۆر شـێخی و چەند کەسـی دیکـە کە ناویان نابـێ بهێنم، دەنووسـی و داوام لێدەکردن دوای خوێنـدن و گەڕانـەوە بـۆ بۆکان خزمەتـی هەژاران و زەحمەتکێشـان بکەن و لـە بـەرەی خەڵکدا بن و نەکەونە بـەرەی زۆرداران و ملهوڕانـەوە، بەڵام نامەکانی منیـش وەک نوشـتەی شـێخ جاری وابوو گیرا نەدەبوو و کەسـەکان لـە گەڕانەوەدا ئەوە دەرنەدەچوون کە دەبووایە ببن! لەم چەشنە کارانەم زۆر دەکرد.

لە تارانیش هێدی و لەسەرخۆ نەبووم و سەرم لە گێچەڵی سیاسی و ئیعتیسابی نێو دانیشگا و خۆپیشاندان دەخورا؛ لە کارەکان بەپەلە بووم، لام وا بوو حکوومەتی شا بەو دوو خۆپیشاندانە دەڕووخێ و نامێنێ. زۆرم هاتوچۆی «ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران و شووڕەوی» دەکرد، چ وتاردان بووایە، چ فیلم و شتی دیکە. لە ماوەی ئەو ساڵانەی تارانـمدا بەبـێ درۆ، هیچ شـانۆگەرییەک لـە هیچ تالارێکی تاران پیشـان نەدراوە کە من نەمدیتبێ.

لەبیرمـە بـە بۆنـەی چلـەی «غـوەلامڕەزا تەختی»یـەوە لەگـەڵ چەنـد بـرادەری دیکەی کورد کە جگە لە «بەهائەددینی ئەدەب» ئەوانی دیکە ئێسـتا ماون، بەشـداریی خۆپیشـاندان و ڕێپێوانێکمان کرد لە «ابن بابویە»ی شـەهریڕەیەوە بەرەو تاران. تا

نزیک «مەیدانی شووش»ی باشووری تاران خەڵکێکی زۆر بووین، بەڵام کە گەیشتینە نزیـک مەیدانەکـە هەواڵیـان هێنا و گوتیـان پۆلیس لەوێ ڕاوەسـتاون و چاوەڕوانن هێرشمان بکەنە سەر. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە کشانەوە و دەرباز بوون. ئێمە کـە زۆرێکیشـمان کـورد بووین، ملمان پێوەنـا و چووینە پێشـەوە تاوەکوو کەوتینە نێو ئاڵقەی پۆلیسـەوە و لەوێ لەپڕێک بە باتووم کەوتنە گیانمان. بارودۆخ شـێوا و هەڵاتهەڵات دەسـتی پێکرد، هەر کەس بە لایەکدا دەرچوو و ئەوی دەریشـنەچوو گیـرا. دووکانـەکان دایانخسـت، مـن کەوتمە جۆگـەی خیابانەکـەوە و لەوێوە چووم بـۆ گاراژێـک کە خەریک بوون دەرگاکەیان دادەداوە. چەند کەسـێک بووین بەسـەر ئوتوبووسـەکان و سـەربانی گاراژدا ڕۆیشـتین و لە خیابانی پەنادەسـتەوە خۆمان فـڕێدا خـوارێ. مـن لینگێکـی کەوشـەکەم لێبەجێمـا، بـەڵام خـۆم ڕزگار بـووم و گەیشـتمەوە ماڵـێ. چەنـد سـاڵ دوای ئەوەش کە لەسـەر مەسـەلەیەکی دیکە گیرام، هێشتا گیراوەکانی چلەی تەختی هەر لە زیندانەکاندا مابوون، دیار بوو ئێمە چاکمان نەجات ببوو!

پێشتر باسی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیی دوای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی باشـووری کوردسـتانم لـە نێـو کۆمەڵانی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا کرد. لە مـاوەی تەبعیدەکـەمدا جارێکیان لە تـاران چووم بۆ ماڵی نەمر حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی. ئەگەر هەڵە نەکەم، ساڵی ١٣٤٦ یان ٤٧ بوو، لە کاکم بیستبوو کە شاعیر و نووسـەر و ڕووناکبیرانی کورد لە تاران هاتوچۆی ماڵی ئەوان دەکەن و شـوێنێکە بۆ زاخاودانی مێشک بە هەستی کوردایەتی. منیش کە تازە سەرم لە هێلکە هێنابووە دەرێ و دەمویسـت سـەرم لە نێو سـەراندا بێ، چووم. وا بزانم یەکەم جار لەگەڵ خاڵم (نەمر حاجی حەمەڕەشـید محەممەدیان)دا، چوومە ئەوێ و جاری دوایی هەر خـۆم چـووم. خاڵم لە بۆکانـەوە هاتبوو و وەک ڕێزلێگرتـن دەچوو بۆ ماڵی حاجی ڕەحمانئاغـا، بـە منیشـی گوت وەرە. حاجـی ڕەحمانئاغا کەسـایەتییەکی بەرچاوی ناوچەکـە و جێگـەی ڕێزی خەڵک بوو. سـەرەڕای پلـەی کۆمەڵایەتییەک کە هەیبوو، زۆر خاکـی و خۆمانـە و لەگـەڵ خەڵـکدا زمانخۆش و میهرەبان بـوو. دەرحەق بە

منیش گەورەیی نواند و هەواڵی خۆم و کەس‌وکارمی پرسی و ئەوەی چی دەکەم و چی دەخوێنم و شتی لەو چەشنە.

کاک سوارەی ئێلخانی‌زادەش لەوێ بوو. ئەو و کاک سەلاحی کوڕی حاجی ڕەحمان‌ئاغا قسەیان لەگەڵ کردم و کاک سەلاح دوو یان سێ چیرۆکی کوردیی پێدام کە بەدەست نووسرابوونەوە و گوتی دوای خوێندنەوە بۆمیان بهێنەوە. ئەو متمانە پێکردنەم لەلا گەلێک گرنگ هات. ئەوان باوکم و کاکمیان دەناسی و منیشیان بینیبوو، بەڵام لەو ڕادەیەدا نەبووم کاک سەلاح باوەڕی سیاسیم پێ بکا؛ دیارە ئەودەم چەپەڵی و دەست‌پیسی و خەیانەت، هەروەها خەت و ڕێبازی جیاوازی حیزبی و ڕێکخراوەیی کەمتر لە ئێستا بوو و لاوێکی وەک من کە تەبعیدیش کرابوو نەدەبووایە زۆر جێگەی نیگەرانی کەسانی وەک ئەو بێ کە کاری سیاسییان دەکرد و دەبووایە باوەڕ و بۆچوونیان بەرنە نێو خەڵکەوە. هەر چۆنێک بێ، چیرۆکەکانم بردەوە ماڵێ و هەر شەوی یەکەم هەموویانم خوێندەوە، دوای هەفتەیەکیش بردمەوە بۆ کاک سەلاح. لە بیرمە یەکیان چیرۆکی «نان و فیشەک» بوو، کە دواتر زانیم هەر خۆی نووسیبووی، بەڵام ئەو دەم پێی نەگوتم نووسەرەکەی کێیە و منیش نەمپرسی، دیارە نەشدەبووایە بپرسم. چیرۆکەکان بە کوردی نووسرابوون و لە باسی خەباتی چەکدارانە و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵگای کورددا بوون. لە بیرمە چیرۆکی نان و فیشەک بەو دوو ڕستەیە کۆتایی پێدەهات کە خانەخوێی گوندێکی کوردستان بە پێشمەرگەی میوانی خۆی دەگوت «مەترسە نانمان زۆرە!» ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت: «مەترسە فیشەکمان زۆرە!» لە فەزای ئەو ساڵانە و بەتایبەت دوای شۆڕشی ئەیلوول، کێشەی نەتەوایەتی و مەسەلەی کورد زەین و فکری زۆرێک لە لاوانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو و خەباتی چینایەتیی خستبووە بەر سێبەری خۆی. خەباتی چینایەتی لە کوردستانی ئەوساڵانەدا بەشێوەیەک ئاوێتەی خەباتە نەتەوایەتییەکە ببوو، کە بە هاسانی لێی جیا نەدەکرایەوە و تەنانەت بۆ زۆر کەسان لەسەر زەمینەی ئەو بوو کە واتای عەینی پەیدا دەکرد. بە بۆچوونی ئەو دەمی خۆم کاک سەلاح زیاتر هەڵوەدای مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردستان بوو تا کاک سوارە.

**

دواتر کاک سـوار کتێبی «سـیر تاریخ»ی گۆردن چایڵدی پێدام کە دوکتۆر ئەحمەدی بێهمەنیش تەرجەمەی فارسی کردبوو و گوتی بیخوێنەوە و مەهێڵە بابەتی ئیرتیجاعی مێشکت داگیر بکا.ئەو بەئاشکرانەیدەویست مەسەلەی میللی خەباتی دژبەدەرەبەگایەتی و سـەرمایەداری پەراوێـز بـکا؛ بـەڵام زەمانەکـە ئـەوە نەبـوو کـە ئەو دەیەویسـت و ڕووداوەکانی باشـووری کوردسـتان سـێبەرێکی وەها قورسـیان خسـتبووە سـەر فـەزای سیاسـیی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە دەرەتانـی نەفەسکێشـانی بـۆ کار و خەباتی چینایەتی تەواو بەرتەنگ و ئەستەم کردبوو.

من ئەودەم هیچ بابەتێکی تیئۆریی جیددیم نە لەسـەر ناسـیۆنالیزم و نە لەسـەر سوسیالیزم نەخوێندبۆوە و وەک بلّقێکی سەرئاو سەرم هەڵدابوو، گەرچی بە تەبیعەت خۆ بەزلزان نیم، بەڵام شانازیم بەوە دەکرد کە هەڵگری بیرێکی شۆڕشگێڕانەم؛ ئەو بیـرە «شۆڕشـگێڕانە»یە مەعجوونێکی سـەیر بوو لە ناسـیۆنالیزمی کوردی و بیری چەپـی سـتالینی. کتێبـی «درباره ناسیونالیسـم»ی سـتالینم لە کتێبخانەی مەجلیسـی شـووڕای میللـی لـە تـاران وەرگرتبـوو و هەندێکـم لێخوێندبـۆوە، هـەر ئەوەندەی وێرابـووم کتێبەکـە وەربگرم و چەنـد لاپەڕەیەکی لێبخوێنمەوە پێم وابوو شـاکارم کردووە و تەواوە، ئیتر شۆڕشگێڕێکم کەس دەسکم لە دوو ناکا! بەڵام درۆ ناکەم و بەڕاشکاوی دەڵێم هیچم لە باردا نەبوو و وەک دەهۆڵ تەنیا دەنگم هەبوو.

سـاڵانی دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ سـاڵانێکی ڕەش بوون. ئێمەمانان زۆر ئـازا بووایەین دەمانتوانی گۆڤاری «سـپید و سـیاه» و «تهـران مصور» و «امید ایـران» بخوێنینـەوە کـە هەمووی لەژێـر چاوەدێریی «ڕوکنـی دوو»ی ئەرتەش و بۆ ماوەیەکیش «حکوومەت نیزامی»ی تەیمووری بەختیاردا بوون و نەیاندەتوانی بستێک لـە مۆڵەتنامەیـان واوەتر بچن کە ئەوان پێیاندا بوون؛ تەنانەت ئەگەریش بیانتوانیایە، ئـەوان لـە ئێمەمانان کۆڵەوارتر بـوون و هیچیان لە باردا نەبوو بتوانن پێمانی بدەن! ئەوەی شتێکی دەزانی یا گیرابوو یان ئیعدام کرابوو یان هەڵاتبووە دەرەوەی وڵات.

بارودۆخ، بەتایبەت دوای ساڵی ١٣٣٥ و دامەزرانی ساواک خراپتر بوو و ئیتر کەڵ بە موو بەند بوو؛ هەر ساڵێک و دوو ساڵ جارێک بۆ چاوەترسێی خەڵکیش بووایە دەستەیەک لاوی بەهەست و خەمخۆری گەلیان دەگرت و لە زیندانیان دەکردن.

ئێمەی پەروەردەی ئەو بارودۆخە لە شارێکی وەک بۆکان کە تەنانەت کتێبخانەیەکی گشتیی تێدا نەبوو و تاقە کتێبفرۆشەکەی کاکم بوو، ئەویش خۆی لەژێر چاوەدێریی توندوتیژی دادگای نیزامی‌دا هەموو ساڵێک دەبووایە جارێک و دووان بچێتە ورمێ و بە بەرتیل و پاڕانەوە، ڕاگەیشتن بە دۆسیەی ڕۆژنامەفرۆشییەکەی ساڵی ٣٢ی بۆ چەند مانگێک دوابخا، کە تێیدا تاوانی فرۆشتنی ڕۆژنامەی «شەهباز» و «بسوی آینده»ی حیزبی توودەی ئێران لەسەر شانی لاوازی قورسایەتی دەکرد و ئاغاکانی بۆکانیش ئاگری کێشەکەیان لێ خۆش دەکرد. ئێستا ئەو ڕۆژنامەفرۆشە هەژارە بەو پێشینە مەترسیدارەوە لەو بارودۆخە گشتییەی ئێران و لەو هەلومەرجی نالەبارەی بۆکان‌دا دەیتوانی چ کەرەسەیەکی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی سیاسەت و کۆمەڵناسی لە بەردەستی مێرمنداڵ و لاوێکی تازەپێگەیشتووی شارەکە و یەکیان من، دابنێ، خوێنەر دەبێ خۆی بزانێ! باشترین کتێبێک کە ئێمەمانان دەمانتوانی بیخوێنینەوە کتێبەکانی سادقی هیدایەت و چووبەک و بوزورگی عەلەوی بوون و ئەگەر زۆر ئازا بووایەین دەمانتوانی مێژووی ویل دۆرانت و ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و داستایۆفسکی و چیخۆف بخوێنینەوە. لە بەرانبەر ئەو چەند کتێبە بەسوودەدا، سەدان کتێبی لاواز و کەمبایەخی نووسەران و وەرگێڕانی مۆڵەت پێدراوی ڕژیم هەبوون کە ڕاست و چەپ دەگەیشتنە دەستی خەڵک.

با نموونەیەک بهێنمەوە. لە پۆلی چوار تا شەشی سەرەتایی‌دا لە بۆکان، جارێکیان کتێبیان بە خەڵات دەدایە قوتابییانی پلەی یەکەم تا سێهەم. کتێبەکە چی بووبێ باشە؟ کتێبی «زندگانی من» کە حکوومەت نیزامیی شاپووری بەختیار و دەزگا شۆفارییەکانی ڕۆژاوا بەناوی ئەبولقاسمی لاهووتییەوە چاپیان کردبوو و ئێستا دەزانین کە سەرتاپای درۆ و هەڵبەستراوی دەستی ئەوان بوو و نە لاهووتیی هەژار لێی ئاگادار بوو و نە خوێنەری ساویلکەی ئەو دەمانە لە ژینگەی ئێران و کوردستانی

دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژدا ڕاستییەکەی بۆ دەردەکەوت! ئەوە نموونەیەک بوو لە سەرچاوەی زانیاریی ئێمەمانان لە سەردەمی ڕەشی پەهلەوییەکان‌دا.

کار و خەباتی سیاسی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخ بەبێ بنەمایەکی زانستی و تیئۆریک نەگونجاوە و ئەگەریش گونجاو بێ مەترسیی هەڵە و لەڕێ لادان و هەڵخلیسکانی زۆرە. نەسلی ئێمە نەسلێکی خۆڕست و بێ‌دەرەتان بوو. دیارە گەلێک پێشینەی خەبات و سیاسەت لە ڕابردووی دوور و نزیکی ناوچەکەدا هەبوو کە یارمەتیی دەداین و لەوەش زیاتر، خەڵکەکە بوون کە دژایەتیی ڕژیمیان دەکرد و ڕێزیان لە خەڵکانی دژبەری ڕژیم دەگرت. هەر ئەوە بەتەنیا دەیتوانی هاندەری ئێمە بێ بۆ هەڵبژاردن و درێژەدانی ئەم ڕێگایە. نەبوونی ئازادی و هەڵاواردن و جیاوازی دانان و زوڵم و زۆری مەئموورانی ڕژیم و هەژاری و نەداری و بێکاری و دەیان ناتەواویی نێو کۆمەڵگاکە هەموو پێکەوە، ڕێخۆشکەری ئەو ڕێبازە بوون کە ئێمەی لەسەر بووین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەی زانیاریمان لەچاو ئەمڕۆ گەلێک کەم بوو. دیارە تەلەفیزیۆن و ئینترنێت لە ئارادا نەبوون، ڕادیۆش ڕادیۆی دەسەڵات بوو و ڕادیۆی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەریش هەبووایە تەمەنی کورت و دەست پێڕاگەیشتنی زەحمەت بوو. ڕادیۆی «پەیکی ئێران» شەوانە نیوسەعات یان سەعاتێکی بەرنامەی کوردی هەبوو، ڕادیۆی «دەنگی کوردستان»ی شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی ئەو پارازیتەوە کە دەخرایە سەری کەڵکی گوێ بۆ ڕاگرتنی نەمابوو و بۆ نموونە دەبوو دەستت بە کلکی ڕادیۆکەوە بێ و هەر دوو سێ چرکە جارێک شوێنەکەی بگۆڕی و لە دەست پارازیتی «هانی هانی» لەملا بۆ ئەولا ڕابکەی!

تەنانەت کاتێ چووبووم بۆ تاران و لە زانکۆی ئەدەبیش دەرسم دەخوێند، مەودای فێربوونی کار و شێوازی سیاسی وەها بەرتەنگ بوو کە منی بێ‌دەسەڵات هیچم بۆ نەدەکرا. مامۆستاکان تاکوتەرایەک نەبێ یان مێشکی کۆنیان هەبوو یان هیچیان نەدەزانی. مامۆستای مێژووی هاوچەرخمان کابرایەکی دەبەنگ بوو لە هەموو ئیمتیحانێک‌دا یەک لە پرسیارەکانی ئەوە بوو گرنگترین سەرچاوەی مێژووی هاوچەرخی ئێران کامەیە؟ وەڵام دەبووایە ئەوە بێ: کتێبی «مأموريت براى وطنم»ی

محمدرضـا شـا! دوکتـۆر ئاریانپوورێک بوو کە شـتی دەزانی، ئەویشـیان ناردبوو لـە دانیشـکەدەی ئیلاهیـات دەرس بڵێتـەوە! دوکتۆر ڕەعدی ئازەرەخشـی هەبوو کە جارێکیش لەگەڵ برادەرێکی سنەیی چوومەماڵیان، بەڵام لە هەفتەدا تاقە یەک سەعات دەهاتـە زانکۆی ئەدەبیات. دوکتۆر شـەفیعی کەدکەنی هەندێک جێگەی دڵخۆشـیمان بوو. بابەتێکم لەسەر لاهووتیی کرماشانی بۆ نووسی، پاشان کە نووسراوی هەموو خوێندکارەکانـی دایـەوە دەسـتیان، هی منی نەهێنابۆوە. دواتـر دووبەدوو پێی گوتم ئەوەی تۆ نەدەکرا بیهێنمەوە نێو زانکۆ، لە ترۆمبیلەکەمدایە وەرە با بچین بتدەمەوە. چووینە لای ترۆمبیلەکەی لە خیابانی تەختی جەمشـید، لەوێ پێیدامەوە و هیچیشـی لەسەر نەنووسیبوو، تەنیا بە قسە هەندێک ناتەواویی کارەکەی پێگوتم.

کتێب و چاپەمەنی دەورەییش لەژێر چاوەدێریی توندوتیژی حکوومەتدا بوون و تەنیا جاروبارە هەندێک بابەتی باش بڵاو دەکرانەوە، ئەویش هەر ئەوەندەی ساواک بەخەبـەر بهاتایـە، پێشـی پێدەگرتـن. پێوەندگرتـن لەگەڵ باشـووری کوردسـتانیش شتێکی نەگونجاو بوو و نەدەکرا لەوێوە چوار کتێب و ڕۆژنامە بهێنی و بیخوێنیەوە، بشهاتبایە نێوەرۆکی ئوسوولییان نەبوو و ئەوانیش لەژێر چاوەدێرییەکی توندوتیژی حکوومەتەکانی ئەوێدا دەیانناڵاند.

لـە هەلومەرجێکـی ئەوتـۆدا ئێمـە زیاتـر گیایەکـی خۆڕسـت بووین، کە لەسـەر عەرزێکـی ڕەق ڕوابوویـن و گەرچی لە ئاووهەوایەکی لەبار کەڵکمان وەردەگرت کە ژینگەی سیاسیی کوردستان بێ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەگمان بۆ دانەدەکوترا و فارس گوتەنـی «سـطحی» بووین و هەر ئەوەندەش کە دەزگا جاسووسـییەکان بیانزانیبایە کەوتووینەتە شـوێن کڵاوی لار و خەریکی سیاسـەتین، بە هەموو شێوەیەک دژمان دەوەسـتان، لـە بانـگ کردنی سـاواک و هەڕەشـە لێکردنـەوە تا تەبعیـد و گرتن و ئەشکەنجە و لەسەر ئیشوکار وەلانران و ئازاری کەسوکار، تەنانەت ئیعدامیش.

من کە سەیری خۆم دەکەم و ئاوڕ لەو ڕۆژانە دەدەمەوە بەزەییم بەخۆمدا دێ. نەمامێکی بێڕیشـەی ئەوتۆ کە بە شـنەی هەر بایەک بە لایەکدا دەچەمییەوە، چۆن بەرگەی ئەو هەموو گژەبایەی گرت و لەسەر پێ مایەوە! کەرەسەیەکی کاڵوکرچ کە لە

بارودۆخێکی مرۆڤانە و ئازاددا دەیتوانی کەڵکی بۆ خۆی و بۆ خەڵک هەردووکیان هەبێ، چۆن ئەو شتە سەیروسەمەرەیەی لێ دروست بوو کە ئێستای من بێ و هەتا ویستی خۆی بناسێ هەر لە ٢٠ساڵیدا خۆی لە ئاوارەیی و تەبعید و زیندان و هەڵاتهەڵات و خۆشاردنەوەدابینی بێئەوەی لە ڕاستەقینەی دیاردەکان تێگەیشتبێ و لەڕووی زانیاری و ئاگایی و وشیارییەوە ڕێبازی بۆخۆی هەڵبژاردبێ. من و بنەماڵەکەمان چۆن بووینە قوربانیی ئەو بارودۆخە؟ منێک کە دەمتوانی لە ڕێگەی خوێندنەوە بگەمە شوێنێک و سوودێکم بۆ خۆم و خەڵک هەبێ، چۆن لەو گێژاوە کەوتم و وەک پەڕەکایەک بەملا و ئەولادا درام! لە تەبعیدەوە بۆ زیندان و لەسەرکار لابران و حیزبایەتی و ژیانی نهێنی و ئاوارەیی و ئێستاش نەخۆش و کەلەلا لە غەریبی و لاوازیدا.

دەزانم گەلێک کەس هەبوون دەیان قات لە من خراپتریان بەسەرهات، هیچ نەبێ من درەنگتر خۆم دۆزییەوە و بەگوێرەی توانا ڕێبازێکم بۆ خۆم هەڵبژارد، واتە کورد گوتەنی «پشت لە دۆست و ڕوو لە دوژمن» هەڵاتم و هاتمە ئەم لایانە، بەڵام ئەوانەی وا شەهید بوون چی؟ بنەماڵەی ئەوان چی؟ ئەو دەستەگوڵانەی وا بە دەست شا و خومەینییەوە پەڕپەڕ بوون و ئەوانەی وا ئێستا لە زیندانی زیندانبانە پیاوخۆرەکانی «ئیسلامی عەزیز»دا هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی ئیعدامن، چی؟ ئەوانەی وا ماڵ و دووکانیان سووتێنرا چی؟ هەر لەو بۆکانەی وا منی لێبووم، لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا چەندسەد پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهیدی دەستی مەلاکان بوون، ئیتر کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دیکە هیچ و خەڵکی ئاسایی هیچ و ماڵی وێرانبوو هیچ و دووکانی سووتاو هیچ و ئابووریی نشوستهێناوی ناوچەکەش هیچ!

من ئێستا لەوەی کردوومە پەشیمان نیم؛ بەڵام پێم خۆشە بزانم لەکوێدا هەڵەم کردووە و بە لاڕێدا ڕۆیشتووم بۆ ئەوەی دەرسێک بێ بۆ نەوەی داهاتووی وڵاتەکەم. کوڕەکەم ئێستا تەمەنی ٢٢ ساڵە. هیچ هەوڵم نەداوە بیکەمە سیاسی و حیزبی، بەڵام هەوڵم داوە ڕێگاناس و داودۆزەرەوە و لێزان بێ؛ لەجیاتی «چەباید کرد؟»ی لێنین مێژووی فەلسەفەی ڕۆژاوای «بێرتراند ڕاسێل» و کتێبی

«کریستۆفێرهیچنز»م پێناساندووە. دەمەوێ بە عەقڵ و تێگەیشتوویی ڕێبازی دواڕۆژی بدۆزێتەوە نەک بە ئیحساسات، بەڵام ئەم کارەم لێرە و لە نێو سیستەمی سوسیال دێموکراتی ڕۆژاوای ئورووپادا بۆ گونجاو بووە کە تێیدا تاکەکەس تا ڕادەیەک دەتوانێ ئازادیی هەڵبژاردنی ڕێگای هەبێ و گوشاری دەوروبەر ئەوەندە نین کە بە هاسانی چەواشەی بکەن و لە گرێژەنەی بەرن. ئایا ئەوە هەمان ئەو ڕێگەیە بوو کە دەبووایە منیش لەو تەمەنەی ئەودا هەڵمبژاردایە؟ دڵنیا نیم وەڵامی پرسیارەکە ئەرێ بێ. بارودۆخی ٥٠ ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا جیاوازییەکی ئەوەندە زۆری لەگەڵ ئەمڕۆی ژیانی لەندەن هەیە کە پێویست بە گوتن ناکا. ئایا منی بە بەرپرسایەتی ڕاهاتووی نێو بنەماڵەیەکی سیاسی دەمتوانی لەو بارودۆخە زەمانی و مەکانییەدا شتێکی دیکە بم؟ هەموو پرسیارەکەی منیش ئەوەیە: بە کام هێزەوە دەمتوانی لەو گێژاوە بەتەوژمە سیاسییە لابدەم کە تێیکەوتم؟ چی دەیتوانی بەرگرم بێ لەوەی کە بۆی چووم و بەرەو لایەنێکی دیکەم بەرێ؟ مرۆڤ دەسکردی ژینگە و دەروبەری خۆیەتی و لە حەوزێکی بچووکدا نەهەنگ پەروەردە نابێ. من ئەو ماسییە بچووکە بووم کە بەرەو دەریا دەئاژوام، بەڵام پێش ئەوەی بگەمێ، کاڵەدڕاو و هیچ پێنەبڕاو کەوتمە قوژبنێک و دانیشتم. ئەوە ئەگەر بۆ من کۆتایی ڕێگا بێ، بۆ ڕێبوارانی دوای من وا نییە. ئاواتی بە دەریا گەیشتن ئەمڕۆ لە جاران بەتینترە و ئاسۆی ئەو بە دەریا گەیشتنەش لە جاران نزیکترە. ئەوە بەشێکە لە شێعرێکی خۆم کە ناکرێ هەمووی بڵاوبکەمەوە:

**بەڵام کاکە، سەری کووپە سڵامەت**
**ئەگەر هات و شکابێ ئیستیکانێک**
**گەلە و ڕەنج و خەبات و ئیستیقامەت**
**ئەگەرچی ڕێگە ون کا، ڕێنەزانێک**

ئەنجامی قسە، سالانی تەبعیدی من درێژەیان کێشا و گەیشتە هەشت ساڵ. پێش ئەوەش کە ماوەیان کۆتایی پێ بێ و بگەڕێمەوە کوردستان، گیرام و خرامە

زیندانەوە، لە قوڵکێکەوە کەوتمە چاڵەوە!

پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکە بهێنم، با هەڵەیەک ڕاست بکەمەوە. بۆ ئەوەی ناوی تەبعیدییەکانی ساڵی ١٣٤٤ی موکریان لێرەدا بنووسم پەیوەندیم بە ڕێزدار «هاشمی کەریمی»یەوە گرت. کاک هاشم بیرەوەرییەکی باشی هەیە و هەندێک مەسەلەی بۆ ڕوونکردمەوە کە دەبێ بە سپاسی زۆرەوە لێرەدا ڕایانبگەیەنم. ئەوە قسەکانی کاک هاشمن:

تەبعیدییەکانی ساڵی ١٣٤٤ی ناوچەی موکریان سەرجەم ٣٠ کەس بوون. ساڵی پێشتریش ۶ کەس لە بانەوە تەبعیدی شارەکانی لوڕستان کرابوون. ئەو ۶ کەسەی ساڵی ١٣٤٣ی بانە، بریتی بوون لە: محەممەدئەمین مەجیدیان، محەممەد قادریان، محەممەدساڵح خەندانی، محەممەد ئیقدامی و... ئەحمەدی.

لە تەبعیدییەکانی ساڵی ١٣٤٤یش چوار کەسیان بانەیی بوون: ڕەئووف تەوەککولی (شەهریڕەی)؛ ساڵح خوسرەوزادە (خومەین)؛ محەممەد ئەحمەدی نمەشیر (وەرامین؟)؛ هاشم کەریمی (تەفریش). لە سەقز یەک کەس: نەسروڵڵا تاهیری (؟)؛ لە بۆکان سێ کەس محەممەد ئەشعەری (دلیجان)، عەبدولواحید سەعیدی (قەزوێن) و ئەنوەری سوڵتانی (ئەراک، دیارە من ئەو دەم لە پەروەردەی سەقز بووم نەک لە بۆکان)؛ لە سەردەشت دوو برا: مستەفا تەوحیدی (کاشان) و فایق تەوحیدی (تەفریش)؛ لە مەهاباد، ئەوانەی لە بیرم مابێتن، محەممەد ڕەیانی (قەزوێن)، ... فەهمی (قەزوێن)، سەید محەممەد کولیجی (قەزوێن)، سادق شەرەفکەندی (ئەراک)، عەدوول خەڕازی (قەزوێن؟)... هووەیدا (خەڵکی گێلان، تەفریش)، عەباس بلووریان (خومەین)...

بە وتەی کاک هاشم، ئەو خۆی لەگەڵ دەستەی ساڵی ١٣٤٤ بووە نەک ساڵی پێشتر. شەش کەسەکەی ساڵی ١٣٤٣ی بانەش بۆ ماوەی شەش مانگێک چووبوونە باشووری کوردستان و لەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوتبوون، ئینجا دوای کێشە و هەرای نێو باڵەکانی حیزب، گەڕابوونەوە ئێران و خۆیان تەحویل دابۆوە، ئیتر ناردبوویاننە ناوچەی لوڕستان و لە شاری وەک ئەزنا و... دامەزرابوون.

**بیرەوەرییەکانم لە زیندانی شادا**

دوورخرانەوەم لە کوردستان (ساڵی ١٣٤٤)، عاقیبەت بەخێر نەبوو لەبەروەی هێشتا ئیجـازەی گەڕانــەوەی کوردســتانم پێنەدرابــوو، ئەمجـار لە زیندانیـان توند کردم و دوای دوو ســاڵ و چەنـد مانگێـک کە بەریاندام، بەگوێرەی قـەراری دادگای نیزامی، بەتەواوەتی لەســەر ئیشوکاری مامۆســتاییش وەلانرام! چەند ســزای قورســی یەک لـە دوای یـەک بۆ لاوێکی تازەپێگەیشـتوو، تەنیا بە تاوانـی خوێندنەوەی کتێب و بێ هیـچ پەیوەندییەکـی ڕێکخراوەیی یان هەڵســووڕاوییەکی چەکدارانە. بـە قەولی نازم حیکمەت: «بو مملکت بیزیم!» ئەوەیە وڵاتەکەمان.

لێرەدا بەکورتی باســی گیران و زیندان و ئەشکەنجە و دادگا و «میللی کێشان»،[1] واتــە مـاوەی زیادەی زیندانی دوای تەواو بوونی ســاڵانی مەحکوومییەت هەتا کاتی ئـازادی خـۆم دەکـەم، ئامانجیشــم ئەوە نییـە کای کۆن بە با بکەم یا بەو شـێوەیەی وا ئێسـتا لە نێو کورددا بۆتە باو، بە ڕاسـت و بە درۆ، ئازایەتیی خۆم بســەلمێنم و منمنمـی پـێ بکەم؛ بەڵکوو دەمەوێ خۆم بکوتم، هەڵەکانم دەربخەم و چەوتییەکانم بـۆ خەڵـک ڕوون بکەمــەوە بـۆ ئـەوەی ڕۆڵــەی دواڕۆژی گەلەکەمـان بـە خۆراکـی خۆهەڵکێشـان پـەروەردە نەبـێ و لــەوە گرنگتـر، لە کار و هەڵســووڕانی سیاســیدا هەوڵ بدا یەکەم خۆی و تواناکانی هەڵسەنگێنێ، دووهەم دوژمن وەک هەیە بناسێ، سێهەم ڕێبازێک کە دەیگرێتە بەر بزانێ بۆ کوێ دەچێ و ئەوەی لە کۆتاییدا دەگاتە دەروازەی ســەوزی بەختــەوەری و ســەروەریی گەلەکـەی یـا وەکـوو دیوارێکـە و ســەری لێدەدرێ. لە هیچ شـوێنێکی قســەکانمدا هیچ شـتێک ناڵێم و نانووسم کە وا نەبووبـێ، جـا بـە چـاک یان بە خـراپ، لە بەرژەوەندیـی خۆمدا یان بـە زیانی خۆم. ئەوە بەڵێنە و لەســەری دەوەسـتم. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیـشدا ئەگەر بابەتێکی خـۆش یـان ناخۆش هەبـێ هەردووکیان دەنووســم و نامەوێ ڕواڵەتـی قارەمانێکی

---

١. میللیکێشــان، زاراوەیەکی تەنز بوو کە زیندانی ســازیان کردبوو، دەنا قۆناخێک بەو ناوە هەر نەبوو.

شـێرکرۆژی مرچومـۆڕ و جیـددی بەخۆمـەوە بگرم و وای پیشـان بـدەم کە فاتحی قزڵقەڵا و ئێڤین بووم! بەکورتی، هەر چۆنێک بووم، وای دەنووسم.

ڕۆژێکـی پاییـزی سـاڵی ١٣٥٢/ ١٩٧٣ بـوو. دەبیـری دەبیرسـتانێک بـووم لـە باشـووری تـاران (ناحیـە ١٣). نـاوی دەبیرسـتانەکەم لـە بیـر نییە، بـەڵام دەزانم لە شـوێنێک بـوو بەنـاوی چوارڕێـی وەلیعەهد لە جـادەی قەدیمی کـەرەج (جیاوازە لە چوارڕێـی وەلیعەهـدی خیابانـی شـاهڕەزا و پەهلەویـی نێوەڕاسـتی تـاران). زەنگی پشووی نێوان دوو دەرس لێدرابوو و من وەک دەبیرەکانی دیکە لە ژووری مودیر، کـە ژوورێکـی زەبـەلاح بـوو، دانیشـتبووم و لەگـەڵ دەبیرێکی خەڵکـی خورماوا کە پێکەوە دۆسـت بووین و هاتوچۆی ماڵمان هەبوو، خەریکی قسـەکردن بووم. لەپڕ هەسـتم کـرد ژوورەکە بێدەنـگ بوو و یەک لە هاوکارەکانم بانگی منی کرد. سـەرم هەڵێنا، هەموو مات و بێدەنگ سـەیری دوو کەسـیان دەکرد کە بە جلی ئاسـایییەوە لە بەردەرگا، لەوسەری ژوورەکە وەستابوون. یەکیان بانگی کردم. فیکەی خۆم زوو ناسـییەوە و زانیـم ئـەم ملۆزمانە بۆچی هاتوون! چووم بـۆ لایان. یەکیان گوتی: من ئەفسـەری پۆلیسـم، بۆ وەڵامی چەند پرسـیار لەگەڵمان وەرە دەرەوە. گوتم: باشـە، بـەڵام دەکـرێ خواحافیـزی لـە مودیر بکـەم؟ گوتی: بەڵـێ. گەڕامـەوە دواوە بۆ ئەو سـەری ژوورەکـە و لای مێـزی مودیـر. ژوورەکە زۆر گەورە و درێـژ بوو. بە دەم ڕێگاوە بۆ لای مودیر، سێچوار پەڕە کاغەزی نووسراوم پێبوو شێعر و یادداشتی کوردییـان لەسـەر نووسـرابوو، خێرایـەک دەسـتم برد بە هەسـتێکەوە لـە گیرفانی باغەڵـم دەرمهێنان و هەر گەیشـتمە بـەر دەم مێزی مودیر،[١] هەندێک نوشـتامەوە و بەدەم خواحافیزی کردنەوە کاغەزەکانم خستە ژێر پایەی ئەو پەرچەمی ئێرانەی وا لەسەر مێزەکە دانرابوو، ئینجا گەڕامەوە دواوە و چوومەوە بۆ لای دەرگا. کابراکان

١. مودیرەکەمـان، کـە بەداخەوە ناویم لە بیـر نەماوە، خەڵکی مازندەران و تا بڵێی مرۆڤێکی بـاش بـوو. برادەرێـک دەیگوت دەیان جار باسـی تـۆی لای من کـردووە و گوتوویەتی پێم خۆشـە کاتێ لە زیندان هاتەدەر ببینم، بەڵام بەداخەوە یەکدوو سـاڵ دوای ئەم ڕووداوەی گیرانی من خانەنشین کرا و ئیتر بۆم نەدۆزرایەوە، چەند ساڵ دوای ئەویش هەواڵی مردنیم ژنەفت. یادی بەخێر بێ، چ مرۆڤێکی باش بوو.

لەوێ وەستابوون و چاوەڕوانم بوون. لام وا نییە هەستیان بە کارەکەی من کرد. لە حەوشـی دەبیرسـتان چووینەدەرێ. ماشـێنێکی پەیکانیان پێبوو. چوار کەس بوون: ئەفسـەرەکە کـە وێدەچـوو بەرپرسـی ئەوانی دیکە بـێ، شـۆفیری پەیکانەکە و دوو کەس کە منیان لە پشـتەوە لە نێوان خۆیان دانا و وەڕێکەوتین. لە ڕێگا قسـەیەکی کەم کرا و تەنیا ئەفسەرەکە لێی پرسیم ماڵت ئا لەم شوێنەیە؟ ئەدرەسی ماڵەکەمیان پێبوو. گوتم نا، لەوێ ڕۆیشتووم و لە فڵانە شوێن دەژیم.

مەسەلەی ماڵ ئەوە بوو کە من لەگەڵ دوو برادەری خۆمدا دەژیام، بەڵام هاتوچۆی ماڵی دوو برادەری دیکەشم دەکرد کە ژوورێکی بەتاڵیان هەبوو و من بۆ ماوەی چەند شەوی پێش ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک ئەحمەدی سامبەگی کە لە بۆکانەوە هاتبوو و میوانی من بوو، لەو ماڵەدا دەژیاین، هیچ کلیلی ماڵەکەشم پێنەبوو! ماڵی یەکەم، کتێب و نامیلکە و کاغەزوماغەزی زۆری لێبوو، بەڵام ئەوی دووهەمیان هیچی لێنەبوو! بەو شێوەیە خۆم پەڕاندەوە و نەمهێشـت بمبەن بۆ لای کتێب و کاغەزەکانم، کابرای ئەفسـەریش پرکێشیی نەکرد و تەنیا گوتی لە کەیەوە لەوێ نەماوی؟ گوتم هەفتەیەک دەبێ.

چوویـن بـۆ ماڵـی دووهەم. لـە دەرگامان دا، ژنێک لێی کردینـەوە کە هاتوچۆی یـەک لـەو برادەرانـەی دەکـرد. کابرای ئەفسـەر دەسـبەجێ گوتی «چریـک خانم باز ندیـدە بودیـم!» ئـای گوتم قوڕم بەسـەر، منیان بە چریک دانـاوە. چووینە ژوورەوە. ژوورەکـە گـەڕان هیچـی وای لێنەبـوو جگە لە نوێن و پێخەو. تـا ئەو دەمە گیرفانم نەگەڕابـوون. گوتـم دەتوانم بچـم بۆ توالێت؟ گوتیان بچۆ. دیار بوو زۆر سـەختیان لێنەدەگرتـم. لەوێـش یەکدووکاغـەزم دڕاند و بە ئـاومدادا و هاتمـەوە لایان. تەنیا کاغەزێکیان لە ژوورەکەدا دییەوە کە شـەوی پێشـتر بۆ کاک ئەحمەدی سـامبەگیم نووسـیبوو. ئەحمـەد یـادی بەخێـر بێ بڕیـار بوو سـەعات ٧ی ئێـوارەی ئەو ڕۆژە بگەڕێتەوە ماڵێ پێکەوە بچین بۆ عارەقخواردنەوە. هەر وەستام و نەهاتەوە، دوای سـەعات نۆی شـەو چووم لە خوارەوە سـاندویچێک بکڕم بیخۆم، ئەو یادداشتەشـم بـە توورەیییەوە نووسـی و بەجێمهێشـت بۆ ئەحمـەد کە ئەگەر هاتەوە ڕاوەسـتێ تـا دەگەڕێمـەوە. نووسـیبووم: «ئەحمەدئاغـای... گوشـاد، هـەر چـاوەڕوان بـووم و

نەهاتییەوە، ئیتر برسیم بوو، چووم ساندویچێک بخۆم، ڕاوەستە تا دەگەڕێمەوە!»
کابرای ئەفسەر کاغەزەکەی خوێندەوە و گوتی ئەو ئەحمەدئاغای... گوشادە کێیە؟
گوتم میوانمە ئێستا چۆتە دەرەوە. ئیتر لەسەری نەڕۆیشت. ماڵپشکنین تەواو بوو و بێئەوەی سەر بە ژووری هیچکام لە برادەرەکانمدا بکەن، لە ماڵ چووینە دەرەوە.

لە ڕێگا بە هەمان شێوەی پێشوو دانیشتینەوە. ئەمجار ئەفسەرەکە گوتی گیرفانی بگەڕێن. گەڕان. چەند لاپەڕە کاغەزی تێدا بوو هەر شێعر و هەڵبژێرراوی کتێب و گۆڤارە فارسییەکان بوون و بایەخێکی سیاسیی ئەوتۆیان نەبوو. سەیرێکی کردن، پاشان دڕاندنی و لە شووشەی ماشێنەکەوە فڕێیدانە دەرەوە. زۆرم پێ سەیر بوو. گەرچی شتێکی گرنگ نەبوون، بەڵام لە کتێب و وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسیم دەرهێنابوون بۆ ئەوە دەبوون لێم بپرسرێ ئەم شێعرە یان ئەم ڕستەیە چییە و لەکوێوە هاتووە؟ بەڵام کابرا نەک هەر هیچی نەگوت، فڕێشیدان! باشە ئێستا کە بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە باوەڕ کردنی بۆم زەحمەتە، تەنیا شتێک وەک هۆکاری ئەم کارە بە زەینمدا دێ ئەوەیە کە ئەفسەرەکە کورد بووبێ و ویستبێتی یارمەتییەکم بدا، دەنا عەقڵم پێی ناشکێ بۆچی ئەوەندە سەهلی لێگرتم لە کاتێکدا لەنێو زیندانەکەدا وا نەبوو و دەیانویست موو لە ماست بکێشن و بەسەر هیچ شتێکمەوە نەدەچوون. دەزانم گرتن و بردنە زیندان بەدەست شارەبانی و پۆلیس بوو، بەڵام بازجوویی، واتە لێپرسینەوەی کێشەی سیاسی ئەرکی ساواک بوو.

هەر چۆنێک بێ لە دەوروبەری مەیدانی ٢٤ی ئیسفەند (ئینقلابی ئێستا)وە وەڕێکەوتین و بەرەو ناوەندی تاران، واتە تۆپخانە ڕۆیشتین. شارەبانی کولل و «کمیتە ضد خرابکاری» لە باکووری ڕۆژاوای تۆپخانە هەڵکەوتبوو. لە نیوەی ڕێگا بەدواوە گوتیان سەرت دانەوێنە و سەیری دەرەوە مەکە. وام کرد، بەڵام بە هەست دەمزانی بەرەو کوێ دەچن. شەقامەکانی تارانم وەک بەری دەستم دەناسی، بەتایبەت لەو شوێنانەدا.

گەیشتینە کومیتەی زیددی خراپکاری. جلوبەرگیان پێ داکەندم و بەرگی زیندانیان لەبەر کردم، ئەفسەرەکە کاغەزی «ئەحمەدئاغا»شی تەحویلی کومیتە دا،

ئەوانیش خستیانە سەر جلوبەرگەکەم، بەڵام پرسییان ئەو ئەحمەدئاغای... گوشادە کێیە؟ گوتم برادەرمە!

تا ئێرە جێگای خۆشی حیکایەتەکە بوو، بەڵام دواتری وا نەبوو. ڕاست بردیانمە ژوورێکی تاکەکەسییەوە و دوای چەند خولەکێکی کەم، نیگابانێک هاتە شوێنم، چاوی بەستم، وەپێشم کەوت و دەست لەسەر شانی خۆی بردمییە ژووری «بازجوویی»، واتە شوێنی لێپرسینەوە. لەوێ چاویان کردمەوە. بازجووەکەم کە دواتر زانیم ناوی «ئارەش»[١] بوو لە تیمی ڕەسووڵی، کوڕێکی گەنج کە تازە لە سپای دانیش گەڕابۆوە. کاغەزێکی نایە بەردەمم: «تۆ بۆ ئێمە ناسراوی... سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سیاسی و دژی ئینقلابیی خۆت و ئەو نامیلکانەی وا خوێندووتنەوە زانیاریمان بدەیە.» منیش دەستم کرد بە نووسین: مامۆستام، لە زانکۆی ئەدەبیی زانستگەی تاران مێژووم خوێندووە... ئینجا ناوی ئەو نامیلکە دەرسییانەشم نووسی وا لە زانکۆ خوێندبوومن.

دوای ماوەیەک هات، سەیرێکی کرد و لەپڕ زللەیەکی توندی لە پەنا گوێچکەم دا. چوارپێنج جنێوی ناخۆشیشی پێدام و گوتی: منداڵ فریو دەدەی؟ کاری دژی ئەمنییەتی و نامیلکەی قاچاغ دەڵێم نەک ئەو تڕەهاتەی تۆ نووسیوتە، بنووسە با پێستت نەگرووم! ئەوەی گوت و ڕۆیشت. من دووسێ نامیلکەی دیکەم لە هەمان چەشن لێ زیاد کرد و ڕاوەستام. کابرا هاتەوە و سەیرێکی کرد و گوتی هەستە سەر پێ! چەند زللەی لێدام ئینجا گوتی ڕاکشێ و لاقت بەرز بکەوە. بە قامچی بەربووە گیانم. زۆری لێدام و منیش هەر هاوارم دەکرد و دەمگوت: ئاخر نووسیومە، چی دیکە بنووسم؟ سوێندم دەخوارد و دەمگوت: هیچی دیکەم نەخوێندۆتەوە. دوای هەندێک لێدان لەسەر کورسییەکەی دانامەوە و گوتی: عاقڵ دەبی؟ دەنووسی؟ گوتم: ئاخر هیچم نییە بینووسم. بانگی نیگابانی کرد و گوتی: بیبەن بۆ «اطاق تمشیت»، واتە ئەو ژوورەی وا تایبەت بە ئەشکەنجە کردن بوو.

---

١. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ئارەشیان لەگەڵ «تهرانی»ی سەربازجوو پێکەوە ئیعدام کرد.

دوو کەس هاتن چاویان بەستم و بە شەلەشەل لە ژوورەکە بردیانمە دەرەوە. بۆ ترساندنی زیاتر، کردیانە قوولەقوول و هەراهەرایەک هەر مەپرسە: سەرت دانەوێنە، سەرت دانەوێنە! بە ڕاستدا و بەچەپ دا! تاکوو لە ژوورێک چووینە ژوورەوە و لەسەر کورسییەکی ئاسنیان دانام کە دواتر زانیم پێی دەگوترا «ئاپۆلۆ» ! کورسییەکە دوو دەسکی ئاسنی هەبوو، پەنجەی هەر دوو دەستمیان خستە نێوان شتێکی ئاسن وەک قفڵوبەند، کە لەلای سەرەوە جەڕەبابە دەدرا. ڕادەی توندکردنەکەی بەدەست خۆیان بوو. دەستم توند لەوێ قایم کرا بە چەشنێک کە جووڵەی لێبڕا. ئەگەر بمویستایە بیجووڵێنم ئازارێکی زۆری دەبوو و لەوانە بوو کون بێ. کورسییەکە بە شێوەیەک دروستکرابوو کە لاق لە سەری شۆڕ نەدەبۆوە، واتە ڕادەکشا. لەسەر هەر دوو لاقیش، لە نێوان قولاپە و کەشکەژنۆدا، هەمان قفڵوبەند دانرابوو، کە لاقیان پێ جەڕەبابە دەدا. ڕادەی توند کردنی ئەویش بەدەست خۆیان بوو. لاقیشم لەو دەزگا ئاسنە توند کرا. کڵاوخوودێکی قووڵیان لە سەر کردم. لام وابوو بۆ ئەوەیە کاتێ هاوار دەکەی دەنگت زۆر نەچێتە دەرەوە، بەڵام وا نەبوو و هۆکارێکی دیکەی هەبوو کە من نەمدەزانی، کەسیش پێی نەگوتم. چاوم هەروا بەسترابوو و ژوورەکەش وێدەچوو تا ڕادەیەک تاریک بێ لەبەروەی لەژێر چاویشمەوە هیچی وام نەدەدیت. ئێستا جەنابی ئاپۆلۆ ئامادەی وەڕێکەوتنە! موسافیری موحتەرەمیش کە بەندە بم، سوار بووە و توندوتۆڵ بەستراوەتەوە نەکا بکەوێتە خوارێ و دوور بێ لە گیانی ئازاری پێ بگا. مۆتۆڕی ئاپۆلۆی ساواک لەجیاتی بەنزین بە شەللاق دەکەوتە کار! کابرای شەللاقزەنیش ناوی «حوسێنی» بوو، دواتر جارێک بینیم، یەکی زەلامی مرچومۆنی بەدرواڵەتی ناحەز بوو کە دەیان کەسی لەژێر شەللاق و ئەشکەنجەدا کوشتبوو.

یەکەم شەللاق کە لە لاقم درا گوتم: ئەی بابەڕۆ، لاقم لێبۆوە! ئەم شەللاقە جیاواز بوو لەوەی وا ئارەش لە ژووری بازجوویی لێیدەدام. شەللاقی ئارەش لەچاو ئەوە وەک سڵاو و ئەحواڵپرسی وابوو. ئەو شەللاقەی سەر ئاپۆلۆ کاتێ لە بنی پێدەدرا، تا تۆقی سەری پێدەکەوتە ژان. ئەوە چی بوو؟ ئاسن بوو؟ ئاور بوو؟

نەمدەزانی. تەنیا دەمزانی خەریکن لەشم تێکدەشکێنن و لەبەر یەکی دەبەن. هاوار بە هیچ کوێیەک نەدەگەیشت. ژمارەی شەللاقەکان بەرز بۆوە و من ئیتر لەوانە بوو لە هۆش بچم. هاوارەکانم هێدی ببوونەوە و زیاتر دەمنالاند. ئاڕەش هاتە پەنا گوێم و لەگەڵ چەند جنێوی دایک و بابدا گوتی: ئەوە هیچ نییە، عاقڵت دەکەم، جوزوەی دەرسیم بۆ دەنووسی؟

دەست و لاقیان کردمەوە و گوتیان بە ڕێگەدا بڕۆ. ڕۆیشتنی چی؟ لەسەر پاژنەش نەدەکرا بڕۆم، بەزۆر بە ڕێگایاندا بردم و بردیانمەوە ژووری بازجوویی. قەڵەم و کاغەز هاتەوە مەیدان، بنووسە! جا وەرە بەو دەست و پلە هەڵماسیوە بێتوانایە بنووسە. هەر پیتێکی دەمنووسی بە قەدرایی تۆپێکی پینگپۆنگ دەبوو! ئاڕەش هاتەوە لای کاغەزەکە، سەیرێکی کرد و چووە ژوورەکەی پەنا دەست. لام وابوو دەمبەنەوە سەر کورسیی ئاپۆلۆ، بەلام دوای ماوەیەک ڕەسووڵی سەربازجوو و سەرۆکی ئاڕەش هات، یەکدوو جنێوی پێدام و گوتی: ئەم «باشەرەف»ە[1] ببەنەوە ژوورەکەی، کارم زۆر پێیەتی، ئەوە عاقڵ نابێ!

هەواڵێکی خۆش بوو وەک قەراری ئازادیم بۆ دەرچووبێ! هەڵیانگرتم، بردیانم و خستیانمە ژوورێکی تاکەکەسی بچووکەوە کە جیاواز بوو لە ژووری سەرەتای هاتنم، بەلام سێ کەسی دیکەشی تێدا بوون. گەرچی ئەوانیش وەک من حاڵیان شپرزە بوو، بەلام زۆر لەگەڵم میهرەبان بوون و چەند شەو ئاگایان لێم دەبوو. من سیفر کیلۆمیتر بووم و ئەوان زیاتر لەوێ مابوونەوە. دیارە هیچی واشیان لە دەست نەدەهات، بەلام بۆ ورە پێدان و ئازا کردنەوە و قسە لەگەڵ کردن و جۆک گێڕانەوە و لە بیر بردنەوەی ئازار و ئێش زۆر باش و یارمەتیدەر بوون. لە زیندان بەتایبەت لە کاتی لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدا، خەڵکانی دڵ زیندووی ورەبەرز گەلێک یارمەتیدەری هاوبەندییەکانیان. بەپێچەوانە، خەڵکانی بێڕۆحییە و

١. بازجوو و نیگابان ئەگەر بیانوویستایە کەسێک ئەزیەت بکەن بانگیان دەکرد: «باشەرەف!» دیارە نیازیان پێچەوانەکەی بوو و دەیانویست بە تەوسەوە بڵێن کەسەکە دەیهەوێ شەرەفی خۆی بپارێزێ و ڕاستی لە هاوڕێیانی نەڵێ، بەلام ئێمە مۆڵەتی ئەوەی پێنادەین!

تێکشکاو، سەربارێکی قورسی سەر هەموو دەردەکانی دیکەی زیندانیی هەژارن. لاقم هەرکامیان بەقەدرایی خەرگەیەکیان لێهاتبوو! دەستیشم ماسیبوو و ئازاری هەبوو. سێچوار ڕۆژێکی پێچوو، هیچ خەبەرێک نەبوو و من لاقم بەرەو باش بوونەوە دەچوو، پاڵم لێدابۆوە و لەگەڵ هاوبەندییەکاندا قسەوباس و نەقڵ و حیکایەت و جۆک و پێکەنینمان هەبوو!

ئیستیراحەت زۆری نەکێشا، ڕۆژێکیان بانگیان کرد محەممەدئەنوەر! زیندانبانەکان زیندانییان بەناوی بچووکەوە بانگ دەکرد نەک بە شۆرەتەوە. نیگابانێک دەهاتە نێو بەند و ناوەکەی بەدەنگی بەرز هاوار دەکرد؛ کەسەکە دەبووایە لە هەر سلوولێکدا بێ بڵێ: «بەڵێ!» بۆ ئەوەی کابرا بزانێ لە کام ژووره و بێ لەوێوە بیبا. بردیانمەوە هەمان ژووری ئاڕەش و چاویان کردمەوە. ئاڕەش هەمیسان کاغەزێکی ئامادەی نا بەردەستم «هویت شما محرز است... بنویس!» خوایە چی بنووسم؟ هەر ئەوانەی پێشووم بە هەندێک زیادکراوەوە نووسی، بەلای هیچ شتێکی سیاسیدا نەچووم. ئاڕەش هاتەوە سەرم و سەیری نووسینەکانمی کرد. کورتی بکەمەوە، دیسانەکە خۆم لەسەر ئاپۆلۆی گۆڕین بینییەوە. جەڕەبابە درام، بەڵام ئەمجارە دەدوازدە سیم (وایەر)ی کارەباشیان بە گیرەی ئاسنی بچووک لە لەشم گیراند. دووانیان لە نەرمایی گوێچکەم، ئەوانی دیکە لە لێو و لووت و دەست و لاق و سەر مەمکەکانم، یەکیشیان بیلامانێ لە نێوگەڵانم.

حوسێنی دیسان بەربووە شەللاق لێدان، هەر پێم سەیر بوو بۆچی لاقم لە لەشم جیا نابێتەوە، ئاڕەشیش هەر جنێوی دەدا. لەپڕ هەستم کرد هەڵدەتەکێم، دیار بوو کارەبایان لە لەشم دەدا. وایەری هەر ئەندامێکیان لە کارەبا بدایە، سەرم و لەشم بەرەو ئەولایە دەکشان، بەڵام دەزگاکە نەیدەهێشت زۆر بجووڵێم. جاری وابوو گوێچکە و دەم یان چاو، جاری واش بوو هی سەر مەمک و بەو شێوەیە، شوێنەکانی دیکەیان بە کارەبا وەسڵ دەکرد. جاری واش بوو هەموویان پێکەوە دەخستە کار. ئەگەر دەست و لاقم بە دەزگاکەوە قایم نەکرابووایە، هەر جارەی چەند میتر هەڵدەبەزیمەوە، بەڵام ئاپۆلۆ نەیدەهێشت جووڵە بکەم. زۆر ناخۆش بوو،

هەستێکی ناحەزم تێدا دروست ببوو، شەللاقەکەم لەوە پێ خۆشتر بوو. کێشە ئەوە بـوو نەمدەزانـی تاکەی لە کارەکەیـان بەردەوام دەبن و کەی لە دەسـتیان ڕزگاریم دێ. هەر ئاڕەش جنێوی دەدا و دەیگوت: ئەوە سەرەتای کارە، بزانە چیت لێدەکەم، ڕاسـتم پێناڵێـی، واوا لێکـراو؟ منیـش سـوێندم بە خـودا و پێغەمبەرێـک دەخوارد کـە بـاوەڕم پێیـان نەبوو و دەمگـوت هیچـم نەکـردووە. بەکورتی، ببـووە ململانیی نێوان ئەو و من، ململانییەکی نابەرانبەر کە تازە بە سـەرمدا سـەپا بوو و لەسـەری دەڕۆیشـتم و دەمگـوت هیچـم نەکـردووە، هیچی خراپـم نەخوێندۆتـەوە و ئاگام لە هیـچ نییە. بە هەمان شـێوەی پێشـوو دوای ئەوەی شـەکەت و مانـدوو و بریندار و کەلەلایان کردم هێنایانمە خوارێ، بەڵام ئەمجارە ڕاستەوخۆ بردمیانەوە ژوورەکەم. تۆ کاتێ لە ژووری ئەشـکەنجەدای، سـلوولەکەت لێدەبێتە بەهەشت و کاخی شاهی، خواخواتە لەکۆڵت ببنەوە و بتبەنەوە نێو ئەو ژوورە تەنگ و تاریکە، کە لە بەرچاوت وەک مەیدانی فوتباڵ گەورە و خۆش دەنوێنێ!

خوێن لە دەمم هاتبوو، سێ کەسەکە سەیرێکی نێو دەمیان کردم، گوتیان: دیسان بردیانیەوە سـەر ئاپۆلۆ؟ گوتم: ئا؟ گوتیان: ئەی بۆچی گازت لەو هەورە نەگرت کە لـە نێـو کڵاوخوودەکەدا بـوو؟ گوتم: نەمدەزانی، گوتیـان: گازت لە زمانت گرتووە و لە دوولاوە قرتاندووتە، دەبێ وریابی زۆر شتی پێنەخۆی، دەنا لەوانەیە بەتەواوەتی لێببێتەوە و قووتی بدەی! ماڵی وێرانم! دەستم لێدا ڕاستیان دەکرد، دووبەش لە سێ بەشـی زمانم لە هەر دوو لاوە قرتا بوو و تەنیا نێوەڕاسـتەکەی پێوەمابوو! لاقیشـم ئەمجارە بریندار ببوو و خوێنی لێدەهات، هەم بە شـەللاق و هەم لەو شـوێنەی وا بە دەزگاکەوە جەڕەبابەیان دابوو، بەڵام من زیاتر لە خەمی زمانمدا بووم نەک لاقە گەورە و جوانەکەم کە وا هەبوو لە ژمارە ٨ەوە بووبێتە ١٢! مابوومەوە چی بکەم؟ تاقەتـم لێبڕابـوو، شـەکەت بـووم، هێزی قسـەکردنم تێـدا نەبـوو، نەمدەزانی ئەگەر ئەمجارە بمبەنەوە سەر ئاپۆلۆ چی بەسەر زمانە قرتاوەکەم دێ و ئایا هەر بەگشتی زینـدوو دەمێنمـەوە؟ مـن هێـزی خۆڕاگرتن لـە بەرانبەر ئـەوم هەمووە ئەشـکەنجە وەحشییانەیەم نەبوو، لەڕ و لاواز بووم و کەمم سەختی و ناڕەحەتیی ژیان دیتبوو،

بـە ڕەنـج و ئازاریش ڕانەهاتبووم. گەرچی بیسـتبووم چریکـەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەگـەڵ سـەختی و ئـازاری ئەشـکەنجەی نێو زیندان ڕابهێنن شـەللاق لـە بەری پێی خۆیـان دەدەن و منیش دووسـێ جارێک لاسـایی ئەوانم کردبـۆوە، مەولانای ڕۆمی گوتەنـی: «کایـن منـم طاووس علیین شـده!» پێم وابوو ببوومە ئـەوان! بەڵام ئەوە لە گاڵتەجاڕ بەولاوە زیاتر هیچ نەبوو. شەللاقێکی حوسێنی بە قەدرایی هەزار شەللاقی خۆم ئازاری هەبوو! من بە تەنافی ڕزیوی خەون و خەیاڵاتەوە چووبوومە چاڵەوە!

**

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە، سێ کەسەکەیان لە سلوولەکەمان بردە دەرێ. یەکدوو ڕۆژ بەتەنیا مابوومەوە. ڕۆژێکیان کوڕێکی لاویان هێنا سـلوولەکەوە و دەرگایان پێوەدا. چۆنێ؟ چکارەی؟ ناوت چییە؟ ناوم فلانە و خەڵکی شـاری سـنەم و ویۆلۆنژەنیشم! کوردی؟ بەڵێ کوردم! ئای بەخێر بێیت! لەسەر چی گیراوی؟ ئەی تۆیان بۆ گرتووە؟ کەمکەم سەرەهەودای قسەوباس کرایەوە و کەوتینە باسی ناسیاوانی شارەکانمان. لە نێو قسەکانمدا گوتم لە زانکۆی ئەدەبیی دانیشگای تاران دەرسی مێژووم خوێندووە و هاوپۆلـی سنەییشـم بـووە، کە فلانەکەس بـێ. ئای گوتی ئەوە ئەویـش لێرەیە! هەی نەبێ! هەر ئەوەی گوت و نەیگوت وەک دەرگای ژوورێکی تاریکیان لێکردبێتمەوە و بردبێتیانمـە بـەر ڕووناکایـی خۆرەتـاو، هەمـوو مەسـەلەکەم بـۆ ڕوون بوویـەوە، هۆکاری گیرانم، ئەشـکەنجە درانم، باسـی نامیلکە لەگەڵ کردنم، هەموویم بەجارێک زانـێ و لە هەموو شـت تێگەیشـتم. باشـە، کێی دیکـەی لەگەڵە؟ فلانەکـەس! تەواوە، ئەویش کوڕێکی ئازەریی هاوپۆلم بوو و لەگەڵ برادەرە سنەیییەکەدا هاوڕێ بوون. ئیتـر هەموو شـتێک ڕوون بـوو، زانیم بۆ گیراوم و دەبووایە لە بازجوویی‌دا باسـی چیـم بکردایـە کـە نەمکردبوو. سـەد بریا ئەو شـتەم زووتـر زانیبایە یـان هەر پێش گیرانـم کەسـێک هەواڵـی گیرانـی ئەوانی پێ بدایەم بۆ ئەوەی ئـەم هەموو لێدانەم لە گیرفـان‌دا مابووایەتـەوە! بـەڵام داری خۆزیـا کەم وا هەیە شـین بـێ. گەرچی لێرەدا بـۆ مـن کەپەنکی پـاش بارانیـش بەکەڵک هات و قسـەی ئەو برادەرە خۆشەویسـتە

گرێپووچکەی کارەکەمی کردەوە.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو من لە کۆتایی ساڵی ئاخری زانکۆدا ٧ یا ٨ نامیلکەی ڕێکخراوی «ستاره سرخ»م لە برادەرێکی سنەیی وەرگرتبوو کە هاوپۆلم بوو، بەڵام نامەوێ ناو بێنم. هۆکاری گیرانی من تەنیا ئەو بوو و دواتریش لە پەروەندەی دادگاکەمدا دیتم تەنیا کەسێک کە ئیعتیرافی لەسەر من کردبێ، ئەو بوو، نەک هەر ئیعتیرافی نامیلکەکان، بەڵکوو شتی لێ زیاد کردبوو وەک ئەوەی گوتبووی ئەنوەر لە هەموو خۆپیشاندانەکانی دانیشگادا بەشداری کردووە و لەسەر کەلاسی دەرسیش ئوستادەکانی «ئەزیەت کردووە»، کە نەمزانی مەنزووری چی بوو و لەم چەشنە قسانە. دواتر ئەو برادەرە کە ئێستا شۆرەتی خۆی گۆڕیوە و ناوێکی دیکەی لەسەر خۆی داناوە، بێئەوەی بچێتە دادگا و مەحکووم بێ یاخود ئەشکەنجەیەک بکرێ، لە زیندان هاتە دەرەوە و چووەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بوورسییەشی وەرگرت و بۆ خوێندن چوو بۆ دەرەوەی وڵات، پاشانیش لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران دامەزرا، ئێستاش لە دەروەی وڵاتە و ماوەیەکیش لەگەڵ یەک لەو دوو حیزبە سەرەکییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوو! منی هەژاریشی تووشی ئەم بەدبەختییانە کرد کە باسیان دەکەم. پێم سەیرە، ئەو دەم لەو کەسانەم بیستەوە کە لەگەڵ ئەو لە سلوولێکدا بوون دەیانگوت تەنیا یەک زللەیان لێداوە و بەس، بەڵام دووسێ ساڵ پێش ئێستا چاوم بە کتێبکی ئینگلیزی[1] کەوت کە کابرایەک سەبارەت بە زیندانەکانی ئێران نووسیبووی و لە فەسڵی یەکەمیدا باسی ئەو «ئەشکەنجە زۆر»انەی کردبوو کە بەسەر هەمان ئەو برادەرە سنەییەی من هاتووە! دونیایەکی سەیرە، دەرەوەی وڵات وەک بازاڕی مسگەران وایە چەندە دەکۆخی بکۆخە، کەس گوێی لێنابێ! بەڵام ئەی ویژدان؟

هەر چۆنێک بێ، دوای ئەوەی نامیلکەکانم خوێندبۆوە، لە هاویندا خستبوومنە نێو قوتووی شیرنیاتەوە و بردبوومنەوە بۆکان. لەوێ دابوومن بە کاکم و کاک

١. من کتێبەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە، بەڵام ئەگەر هەڵە نەکەم ئەسڵەکەی بە فەرەنسی بوو، دڵنیا نیم.

محەممەدی ئەشـعەری و چەند کەسـی دیکە خوێندبوویاننەوە و لە کۆتایی هاوین و کاتـی گەڕانـەوەی تـاراندا، لـە ژێرخانـی ماڵـی کاکـم کە ئـەو دەم کرێگرتـەی ماڵی حەمەحوسـێنخانی بـەردەزەرد (ئەمیـری) بـوو، خسـتبوومنە ژێـر زەوییـەوە. ئێسـتاش وا ئـەم بـرادەرە سـنەیی‌یە، بـە قسـەی کاکـی ویۆلـۆنژەن، لـە کومیتـە گیـراوە و دیـارە دەبـێ منیـش بەشـوێن ئیعتیرافـی ئـەودا گیرابێتـم. ئـەوە هەمـوو مەسـەلەکە بـوو. سـاواک جاروبـارە کاری وای دەکـرد، واتـە کـە دەیدیت کەسـێک ڕاسـتی ناڵـێ لەبـەروەی زووتـر و بـە ژانەسـەری کەمتـر ئیعتیرافـی لێوەربگـرێ، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان هەواڵێکیـان پێدەگەیانـد بـۆ ئـەوەی وشـیار بێتـەوە و بزانێ ئەوان ئاگاداری مەسەلەکەن. جاری واش بوو فێڵیان لە زیندانیی هەژار دەکرد و زانیاری هەڵەیان دەگەیاندێ، دیارە ئەوە بۆ کەسانی گرنگ و ڕادەی بەرزی چریکی و حیزبـی بوو نەک بۆ لاپرەسـەنێکی وەک من کە هیـچ پەیوەندییەکی حیزبیم نەبوو و تەنانـەت نەمدەزانی «سـتارە سـرخ» چییە، کە نامیلکەکانیانم لەو بـرادەرەی هاوپۆلم وەرگرتبوو. هێنان و هاوبەند کردنی کاکی ویۆلۆنژەنیش لەگەڵ من لەو پەیوەندییەدا بـوو، دەنـا ئـەو هەژارە نە ئاگای لە مەسـەلەکە بوو و نە مرۆڤێکـی خراپ بوو و نە هاوکاری ئەوان بوو، دواتریش کە ناویم بیستەوە، مرۆڤێکی خزمەتگوزاری گەلەکەی بـوو. سـاواک تەنیـا لـەو ڕاسـتییە کەڵکـی وەرگـرت کە دەیزانـی ئەویـش کوردە و سـنەیی‌یە و ئەگـەر ئـەو و مـن لە ژوورێـکدا پێکەوە بیـن دیارە باسـی گیرانی ئەو برادەرە سـنەیی‌یەی هاوپۆلیشـم دەکرێ و من تێدەگەم گیرانەکەم لەسـەر چییە، جا دەچم سووک و سانا ئیعتیراف دەکەم، کە هەرواش بوو!

هەر چۆنێک بێ، ئەو هەواڵە بۆ من وەک هەواڵی هاتنی فریشتەی نەجات وابوو. نایشارمەوە ئەگەر سەرلەنوێ بیانبردایمەتەوە بازجوویی لەسەر ئەو بابەتی نامیلکانە، ئیتـر تاقەتـی ئەشـکەنجەم نەمابـوو وا هەبوو تەنیـا جارێک و دووانیتر لـە بەرانبەر لێدانەکەیاندا تاقەت بهێنم و بەناچاری ئیعتیرافم دەکرد و وا هەبوو خەڵکێکی زۆریش بە گرتن بدەم. هۆیەکەی ئەوە بوو من هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییم نەبوو، بەڵام لە بەرانبەردا پەیوەندییەکی زۆر و بەربڵاوم لەگەڵ خەڵکانی جۆراوجۆر هەبوو، کتێب و

ناميلكەی قاچاغم لە بيستسی كەسيش وەرگرتبوو و بابەت و نووسراوەی ياساخم بە بيستسی كەسی ديكە دابوو، جا كاميەك لەوانەم دەدركاند و ناوی كێم دەبرد، نازانم، بەڵام بە دڵنيايی بەرگەی ئەشكەنجەی ديكەم نەدەگرت و چاك و خراپ شتێكم هەر دەگوت و وا هەبوو لە ئەنجامدا كەسانێك پێوە بكەم و بەشوێن مندا بكەونە زيندانەوە. تا ئەو دەمە باش هاتبووم، هيچم نەگوتبوو و ناوی كەسێكم نەدركاندبوو كە لە بەردەستياندا بێ و بيگرن، بەڵام دواتر چ دەبوو، زۆر نيگەران بووم. دەترسام كارەساتێك دروست بێ و ناوی خەڵك بهێنم، ئەو دەم دەبووايە تا كۆتايی تەمەن بە سەرشۆڕی بژيايەم. با يەكدوو نموونەتان بۆ بهێنمەوە:

ڕاست شەوێك پێش گيرانەكەم، كاتێ كاك ئەحمەدی سامبەگی ميوانم بوو، دوای سەعات ٩ هاتەوە ماڵێ و پێكەوە چووين بۆ عارەقخواردنەوە. لە ڕێستوورانەكە پێكەوە لەسەر مێزێك دانيشتين، سەيرم كرد لەولاوەتر «سەعيدی سوڵتانپوور»، شاعيری گەورەی ئێرانی دانيشتووە و بە ناو بانگم دەكا و دەڵێ وەرن بۆ سەر مێزەكەی ئێمە. ئەويش لەگەڵ كەسێكی ديكەدا بوو. چووين بۆ لايان و تا درەنگانێك عارەقمان خواردەوە. پاشان جيابووينەوە و چووينەوە ماڵێ، بەيانيش من چووم بۆ سەر كارەكەم و هەر لەوێ گيرام. دەی من هاتوچۆی سەعيدم زۆر كردبوو و ئەويش كە دۆستی كاكم بوو، هاتبووە بۆكان و ميوانمان ببوو. چۆنم بزانيايە گيرانەكەم لە پەيوەندی ئەودا نييە! بەتايبەت كە ئەويش لەو سەروحەدەدا گيرا و لە زيندان بينيمەوە. بەختەوەرانە كێشەكانمان هيچ پەيوەندييەكيان بە يەكترەوە نەبوو و نە ئەو و نەمنيش ئاماژەيەكمان بە ناسينی يەكتر نەكردبوو، بەڵام تۆ بڵێی لە درێژەی ئەشكەنجەدا باسی ئەو كتێب و شێعرانەم نەكردايە كە لەوم وەرگرتبوون؟

نموونەيەكی ديكە: دۆستێكم هەبوو ناوی «ئەفراسياب» و خەڵكی لوڕستان بوو. لە كوميتە چەند جار گوێم لێدەبوو ئەفراسيابێكيان بانگ دەكرد و دەيانبرد بۆ بازجوويی. لە خۆم دەپرسی ئەو ئەفراسيابە كێيە، بڵێی برادەرەكەی من نەبێ؟ بڵێی لەسەر ئەو نەگيرابێتم؟ جا بڵێی باسی ئەوم نەكردايە؟ ئەی ناميلكەكان؟ ئەوانم لە بۆكان دابووە چەند كەس بيخوێننەوە، تۆ بڵێی ئەشكەنجەی وەحشييانەی ئەوان

مەجبووری نەکردایەم ناوی ئەو دۆست و برادەرە خۆشەویستانەم بدرکێنم؟

وەک گوتم، من پەیوەندیی حیزبایەتی و ڕێکخراوەییم نەبوو و وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەیان کەسم دەناسی کە کتێب و نامیلکەم لێوەرگرتبوون. ئەو دەم نەخۆشیی کتێبخوێندنەوەم هەبوو، ئێستاش هەروام، تێر نابم، هەرچی هەمە بیدەم بە کتێب پێم کەمە. ئەو کتێبانەش کە بەشوێنیاندا دەگەڕام زۆربەیان قاچاغ بوون و دەبووایە لەم و لەویـان وەربگـرم و بیاندەمەوە. نەمدەزانی لە پەیوەندیـی کامیاندا گیراوم و ئەگەر بمبەنەوە ژێر ئەشـکەنجە مەجبوور دەبم باسـی کامیان بکەم؟ بەڵام قسـە و هەواڵی ئەو برادەرە ویۆلۆنژەنە لە هەواڵی ئازاد بوون نەبێ لە هەموو شـت خۆشـتر بوو، تەکلیفی ڕوونکردمەوە و زانیم چیبەچییە و دەبێ چی بکەم.

دوو ڕۆژ دواتر بردیانمەوە بۆ بازجوویی. کاغەزیان نا بەردەمم بنووسم. ئەمجار کە دڵنیا بووم و دەمزانی کێشـەکە چییە، قیت دانیشـتم و دەسـتم کرد بە نووسـینی نـاوی ئـەو نامیلکانـەی وا لـە بـرادەرە سـنەییەکەم وەر گرتبوون، کـەی و لە کێم وەرگرتبوون و لەکوێم شـاردبوونەوە، هەموویانم نووسـی (ئافەرەم!) بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی ئەو کەسانەم نەهێنا کە لە تاران و بۆکان پێمدابوون بیخوێننەوە و بەختەوەرانە ئێسـتا هەموویان جگە لە کاکم و کاک محەممەدی ئەشـعەری ماون و دەزانـن دەڵێـم چـی. تەنانەت لە یەکـەم چاوپێکەوتنـی حزووریی دایکـمدا، کە دواتر باسـی دەکەم، لەگەڵ ماچ کردنیدا لە بنگوێی گوتم «باسـی فلانەکەسـم نەکردووە» فلانەکەس خزم و دۆستێکی نزیکم بوو، ئەوەم بە گوێیدا چرپاند، ئەویش تێگەیشت و لە گەڕانەوەی بۆکاندا پێی گوتبوو. ئەوەم دیارە دوای ئازادبوون بیستەوە.

هەسـتم دەکـرد سـووک ببـووم. لەلایـەک ویژدانم ئاسـوودە بوو کە سـەرەڕای ئەشکەنجەی ئەو چەند ڕۆژانە، ڕاستیم لە هاوڕێیانم نەگوتووە و کەسم پێوەنەکردووە، لەلایەکیشەوە خەیاڵم ئاسوودە ببوو کە ئەوا چارەنووسی نامیلکەکان ڕوون بۆتەوە و ئیتر دەبێ لەکۆڵم ببنەوە و ئەشکەنجەی زیاترم نەکەن، بەڵام لەو قۆناغەدا تەنیا ئاڵقەیەک لە زنجیرەی ڕووداوەکان بۆ ساواک ڕوون ببۆوە، واتە دەیانزانی نامیلکەکان لە ڕێگەی ئەو برادەرە سـنەییەوە گەیشـتۆتە دەستی من کە ئێسـتا لە بەردەستی خۆیاندام،

بـەڵام نەیاندەزانـی مـن لـەو ماوەیەدا چیـم لێکـردوون و بەکێـم داون بیخوێننەوە. ئەمجار دەیانویست ئەوانە بزانن. حکوومەتی شا لەو ساڵانەدا بۆ ئەوەی بە ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان بڵێ چەپی ئێران بەهێزە و هەموویان سەر بە یەکییەتیی سۆڤیەتی و چینـن و بـەو نـاوە چەکوچۆڵی زیاتریان لێوەربگرێ، لە ڕێگەی سـاواکەوە هەوڵی دەدا گرووپی درۆیین دروست بکا، واتە ئەگەر کەسێکیان لەسەر کتێبێک دەگرت بە ئەشکەنجەش بووایە تێدەکۆشان کەسەکە ببەستنەوە بە چەند دۆست و هاوڕێیەوە، ئەوانیـش بگـرن و بڵێن گرووپێکی «خەرابکار»ی تازەمان گرتووە. تەنانەت من دوای شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ بیسـتم کە سـاواک خۆی لە پادگانی کرماشـان نامیلکەکانی ڕێکخراوی «ستارە سرخ»ی چاپ دەکردەوە و دەیناردنە نێو خەڵک بۆ ئەوەی بزانێ کێ وەریاندەگرێ و کێ چەپە و دژ بە ڕژیمە، ئینجا هەر خۆشیان شوێنیان دەگرت و ئەوانەیان دەخستە زیندانەوە کە وەریانکرتبوون!

دوای ئەو ئیعتیرافە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەکۆڵم بوونەوە، دیار بوو ناردبوویان بزانـن ڕاسـت دەکـەم و نامیلکەکان لەو شـوێنەن کە گوتوومە یان نـا. تومەز، کاکی هــەژارم کاتـێ بـە هەواڵـی گیرانەکـەم دەزانـێ دەسـبەجێ نامیلکـەکان لەژێر زەوی دەردەهێنێ و دەیانبا لە ماڵی خزمێکی خۆمانیان دادەنێ، نەکا بێن ماڵەکە بگەڕێن و بیدۆزنـەوە و بـە زیانـی من تەواو بێ! کاکم گەلێک دڵسـۆز بـوو و منی زۆر خۆش دەویست، یادی بەخێر بێ. ئەو نەیدەزانی من خۆم ئیعتیراف دەکەم و شوێنەکەشیان پێدەڵێم! تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایی تەنانەت سیاسییەکانیش لە ساواک و ئەشکەنجە و تاقـەت و توانای مرۆڤ، تێگەیشـتنێکی عەینی و واقیعـی نەبوو و نەیاندەزانی هێزی شـەیتانیی سـاواک لـەوە زیاتـر بوو کـە نەتوانـێ ئیـرادە و دەسـەڵاتی زیندانییەکی سیاسـیی بەردەسـتیان تێکبشـکێنێ. تەنیـا قارەمانانـی خۆڕاگر توانیویانـە ئەم هێزە شەیتانییە تێکبشکێنن، بەڵام هەموو کەس ئەو خۆڕاگری و ئازایەتییەی نییە، لایکەم من نەمبوو یان ئەگەر هەمبوو هەر ئەوەندە بوو. کار بە شوعار پێکنایە!

بگەڕێمەوە سـەر ڕووداوەکان: کاتێ کە لە سـاواکی مەهابادەوە دەچنە بۆکان و ماڵی کاکم، دەبینن زەوی ڕاست لەو شوێنەی وا من نەقشەم کێشابوو هەڵکەندراوە و

نامیلکەکان نەماون، ئیتر کاکم هەڵدەپێچن و دەیانەوێ بزانن چییان بەسەر هاتووە. بۆ ماوەی یەکدوو ڕۆژ کەس خۆی بە خاوەنی نامیلکەکان ناکا و هەر دەڵێن نازانین و ئاگامان لێنییە، بەڵام ساواکی مەهاباد دەسبەردار نابێ و کاتێ کە لە تاران من دەبەنەوە بەر ئەشکەنجە و منیش دەڵێم هەر لەوێیە و لەوێ بووە، ئیتر دەست لەسەر کاکم هەڵناگرن و دەڵێن نامیلکەکانمان لە تۆ دەوێ و دەبێ پێمان بڵێی لەکوێن، دەنا دەتگرین. کاکم کەوتبووە گێرە و کێشەیەکی ناخۆشەوە و نەیدەزانی دەبێ چی بکا؛ نامیلکەکانیان بداتێ وا هەیە بە زیانی من تەواو بێ و لەسەرم بکەوێ، نەشیانداتێ ئەوان دەست هەڵناگرن. ئەملای تات و ئەولای تات!

ئیتر کاکم پرس و مەسڵەحەت بە کەسوکار و گەورەی بنەماڵەکەمان دەکا و هەمووان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە دیارە دەبێ ئەنوەر ئیعتیرافی کردبێ دەنا چۆن ڕاست بەبێ پرسوجۆ دەچنە سەر ئەو شوێنە تایبەتە و زەوییەکە هەڵدەکۆڵن. لە ئەنجامدا بە سەلاح دەزانن نامیلکەکان بدرێنە دەست ساواکی مەهاباد، بۆ ئەوەی لەکۆڵ بنەماڵەکە و بەتایبەت کاکم ببنەوە و نەیگرن. ئیتر کاکم تەلەفۆن بۆ ساواکی مەهاباد دەکا و دەڵێ نامیلکەکان لەلای دایکم بووە، ترساوە و هەڵیگرتوون، ئێستاش داونی بە من و لای منن، وەرن بیانبەن! ئەوانیش دەسبەجێ دێن و دەیانبەن؛ بەڵام وەک لە چەند شوێنی دیکەشدا گوتوومە، ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی هاتوچۆکردنی ساواکییەکانی مەهاباد بۆ دووکانەکەی و ئەویش کە لە خۆی دەترسا، نەیدەوێرا ڕێگرییان لێبکا، خەڵکی شارەکەش دیارە ئەم هاتوچۆیەیان پێناخۆش بوو، بەڵام بە حەیسوبەیسەکەشیان نەدەزانی. درەنگتر کاتێ لە زیندان هاتمە دەرەوە، کاکم تاقە گلەیییەکی کە لێی کردم ئەوە بوو گوتی ئەگەر ئەو مەسەلەیە نەبووایە ئەو سەگبابانە ئاوا کەڵەگایییان لێنەدەکردم، ئێستاش هیچم لەگەڵیان پێناکرێ، خۆ خەڵکەکەش بەوە نازانن! ڕاستی دەکرد، لەبەرەوەی ڕۆژی چوارەمی دوای ئازاد بوون و گەڕانەوەم بۆ بۆکان، برادەرێکی خۆشەویست کە ئێستا لەگەڵ حیزبێکی چەپدایە و لە دەرەوەی وڵات دەژی، هاتە چاوپێکەوتنم و ئازایانە و شۆڕشگێڕانە هەندێک زانیاریی بەنرخی لەسەر بارودۆخی شارەکە پێدام کە ئێستاش هەر مەمنوونی کارەکەیم. یەک لە

قســەکانی کە بۆی کردم، ناوی ئەو شــوێنانە بوو وا ســاواکی مەهاباد هاتوچۆیان دەکــرد، بــە ئیدارەی دەوڵەتی و دووکانــی خەڵکەوە، یەکیشــیان دووکانی کاکم بوو: «گرگ دهن‌آلوده و یوسف ندریده!»

بێمەوە سەر باسەکە: دوای چەند ڕۆژێک سەرلەنوێ بردمیانەوە بۆ بازجوویی. لام وا بوو تەواو بووە، بەڵام لە جاران زیاتریان لێدام! ئەمجار ئاڕەش ڕووتی کردمەوە، لە ژوورەکەی خۆی بە دەست هەڵیواسیم و بە شەللاق بەربووە گیانم. کامە جنێو پیسە پێیــدام، هەرچــی دەمگوت بۆ لێم دەدەی خۆ مــن ئیعتیرافم کردووە، فایدەی نەبوو و خراپتری لێدەدام. بن پیلم خەریک بوو بێتە دەرێ، گیانم هەمووی شین‌وڕەش ببۆوە، بــەڵام لــە کۆڵــم نەدەبۆوە. کەسێکیشــیان هێنابوو بــۆ بازجوویی و لــەوێ دایاننابوو ئــەم وەزعــە ببینــێ و بترســێ و زووتر ئیعتیــراف بــکا! بازجووەکان لــەم کارانەیان زۆر دەکــرد، منیــش لــە کاتی نووســیندا چاوم لە ئەشــکەنجەی خەڵــک دەبوو، ئەوە لــە خودی ئەشــکەنجەکە ناخۆشــتر نەبووایە خۆشــتر نەبوو، ڕۆحی بینــەر بە دیتنی بارودۆخی کەســی ئەشــکەنجەکراو تێکدەشــکا. جارێکیان کوڕێکی منداڵیان هێنابوو لێیانــدەدا و دەیانگــوت بۆچــی کتێبی «ماهی ســیاه کوچولو»ی ســەمەدی بێهرەنگیت خوێندۆتــەوە؟ ئــەو هــەژارە دەیگــوت بابــە ئــەو کتێبە چاپــی «کانون پــرورش فکری کــودکان و نوجوانــان»ە و دەوڵەتییە، بەڵام ئاڕەش دەیگوت کانوون کێیە، ئادرێســی ئەو سەگبابانەمان بدەیە با بیانگرین و واوایان لێبکەین!

هــەر چۆنێــک بــێ، دوای پاڕانەوە و ســوێند و قورئــان کە بێتاوانــم و ئیعتیرافم کردووە، دەستیان کردمەوە و هێنامیانە خوارێ و ئاڕەشیش هاتە قسە و گوتی: درۆت پێ گوتووین، نامیلکەکان لەو شوێنە نەبوون کە دەتگوت؛ لەکوێت داناون و ڕاستمان پــێ بڵــێ داوتــن بــە کێ؟ ئەمجار ترســی ئــەوەم بوو کاکــم ســووتاندبێتنی، ئەو دەم ئەویشیان دەگرت و باوەڕیشیان بە من نەدەکرد. دیار بوو هیچم لە دەست نەدەهات و دەبووایــە بچمــەوە ژێر ئەشــکەنجە و چاوەڕوانــی کرانەوەی ئــەو گرێپووچکەیە بم، بەڵام ســاواکیش ئێســتا جگە لە چاوەڕوان بوونی هەواڵی بۆکان، چارەیەکی دیکەی نەبوو. گوتم: وەڵڵا بیللا لەوێ بوون و خۆم لەوێم داناون، ئیتر هیچ هەواڵێکم لێیان

نەماوە و نازانم! ئەو شەوە هیچی وایان پێ نەنووسیم و بە شەکەتی و ناڕەحەتی بردیانمەوە ژوورەکەم.

دواتر کە نامیلکەکانیان لە بۆکان کەوتبووە دەست و بۆیان نێردرابووە تاران، ئەمجار دەستیان کرد بە پرسی ئەوەی بۆچی لە تارانەوە بردوومنەتە کوردستان و لەوێ داومن بە چ کەسانێک؟ لەسەر ئەوانەش سەرلەنوێ لێدانێکی زۆرم وێکەوت، بەڵام نەیانبردمەوە سەر کورسیی ئاپۆلۆ. سەرەڕای شەکەتیی زۆر و درێژەکێشانی ماوەی ئەشکەنجە، هەستم دەکرد ئەو بابەتەیان بەباشی بۆ ناچێتە سەر لەبەروەی کاتێ زانیم نامیلکەکان دۆزراونەتەوە ئەمجار ڕۆحییەم پەیدا کرد و زۆر نەدەترسام. گوتم لە ماوەی پشووی هاویندا لە تارانەوە چوومەتەوە بۆکان، ماڵەکەی تارانم تەحویلی خاوەنەکەی داوەتەوە و شوێنم نەبووە نامیلکەکانی لێدابنێم، ناچار لەگەڵ کەرەسەی دیکەی ماڵەکەمدا بردوومنەتە بۆکان، لەوێش تەنیا دایکم دەیزانی لەکوێم شاردوونەتەوە و کاکم و خوشکەکانم ئاگادار نەبوون. خواوڕاستان ئەم قسەیەم لەگەڵ قسەی کاکمدا یەکی گرتبۆوە و کاکمیان نەگرتبوو. بە حیسابێکی مەنتیقی کێشەکەی منیش دەبووایە دوای دۆزرانەوەی نامیلکەکان بهاتایەتە کۆتایی، بەڵام کۆتایی چی و ڕزگاریی چی!

هێشتا کێشەی نامیلکەکانی «ستارە سرخ» تەواو نەببوو کێشەیەکی دیکەیان سواری کۆڵی لاوازم کرد! کاتێ لە گوندی «بوغدەکەندی» بووم و ساواک مامۆستایەکی دووهەمی ناردبووە گوندەکە ئاگای لە هەڵسوکەوتم بێ. ڕۆژێکیان کوڕە ئاغایەکی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی کە گوندەکەیان لەوێوە دوور نەبوو، بەبێ هیچ پێشینەیەک هاتە گوندەکە و نێو قوتابخانەکەمان، تفەنگێکی ڕاویشی پێبوو. گوتی بۆ ڕاوەکەو هاتووم، ئینجا ئیسرارێکی زۆری کرد منیش تفەنگێک بتەقێنم! زۆرم پێ سەیر بوو. نەمدەزانی بۆچی بە هاوڕێکەمی نەدەگوت و هەر بە منی دەگوت! بە منێک کە بە قەدرایی دنیایەک ڕقم لە تفەنگ و ڕاو و راوچی بوو. نەمدەویست بە قسەی بکەم، بەڵام بە سوێند و قورئان و پێداگرتنی ئەو، ناچار تەق لە کەنداڵ، گوللەیەکم هاویشت! هەواڵی ئەم تفەنگ هاویشتنە گەیشتبۆوە گوێی

ساواک و گوتبوویان گوایە من «تەمرینی تیرەندازی و ئەنگێوی»م کردووە! گەرچی دڵنیام هەر خۆیان پیلانەکەیان ڕێکخستبوو و ئەم برادەرەیان ناردبووە لام، دەنا من چی و ئەو کوڕە چی و تفەنگ چی و ڕاو چی!

دوای کێشەی نامیلکەکان ئەمجار بیانووی ئەوەیان پێگرتم تفەنگت هەیە و چووی بۆ تیرەندازی، بۆچی کاری وات کردووە، تفەنگت لەکوێ بووە و چ کەڵکێکت لێوەرگرتووە؟ تفەنگ لەسەر قەباڵەی کورد نووسراوە و پاک نابێتەوە! بەڵام با لەسەر ئەوە زۆر نەڕۆم و بەکورتی بیبڕمەوە. دیسانەکە بەربوونەوە گیانم، پێمان بڵێ تفەنگت لەکوێ بووە؟ نە قسەیان بە گوێدا دەچوو و نە سوێند و قورئانیان باوەڕ دەکرد. لە بیرمە سوێندم دەخوارد دەمگوت بە نووری ئەو چرایە تفەنگم نەبووە! بەڵام ئەوەندەیان لێدام لەبەر ناچاری و بێوازی گوتم: بەڵێ تفەنگم هەبووە! ـ چ تفەنگێک؟ گوتم: بڕنوو بووە! ڕاستتان دەوێ ناوی تفەنگم زۆر نەدەزانی، سەربازیشم نەکردبوو لەوێ چوار شتی وا فێر بم، بڕنووم بەسەر زماندا هات، دەنا دەکرا بڵێم کلاشنیکۆف بووە! ـ دەی بڕنووت لەکوێ بووە؟ خوایە ئەمجار بڵێم چی؟ بەناچار گوتم: لە پێشمەرگەی کوردم کڕیوە. ـلەکوێ؟ ـ لەو دیوی سنوورەوە هاتبوون. لە بیرم نییە ناوی کێم پێدان، بەڵام دەبێ ناوی کەسێکی ناوچەی خۆمان بووبێ کە ئەو دەم لە باشوور دەژیا و لە بەردەستدا نەبوو بیگرن. ـ باشە ئێستا تفەنگەکە لەکوێیە؟ ـ لە بناری کێوێک لە بوغدەکەندی لەژێر زەویدا شاردوومەتەوە!

هەر ئەوەندەی دیتیان «ئیعتیراف»م بە تفەنگ کرد هەڵیانکوتاوە سەرم و لەگەڵ لێدانی تازەدا گوتیان درۆ دەکەی، تاقە یەک تفەنگ نەبووە! ئای لەبەر ئەو بەزمە، خەریکن بمکەنە عەمبارداری چەک! ئیتر کاتێ پێم لە خاوەنایەتیی تفەنگێک نابوو، فەرقی بۆم نەدەکرد تفەنگێک بێ یان دوان، گوتم: ڕاستە دوو دانە بوو، لە هەمان کەسم کڕیێ و لە هەمان شوێن شاردمنەوە! ئەمجار زیاتریان هێرش هێنا: ـ واوا لێکراو درۆ دەکەی، دوو دانە نەبوو زیاتر بوو، وەدەزانی ئێمە هەواڵمان نییە؟

بەکورتی، هەراج و «مزایدە»ی بازاڕ چۆنە، ئاوا بە هەر چەخسێک لێدان ژمارەی

تفەنگیان پێ بردمە سەرێ و پێیان دەنووسیم تا گەیشتە دە دانەی مۆر! هەمووشی هەر لەو پێشمەرگەیەی ئەوپەڕی سنوور کڕدراوە و لە بوغدەکەندی شاراوەتەوە، پارەی کڕینیشیان لە گیرفانی خۆم دراون وەک ئەوەی لەسەر گەنجی قارووون دانیشتبێتم! ئیتر خۆیان لەوێ وەستان، دەنا فەرقی نەدەکرد و ژمارەی تفەنگەکانی نێو عەمبارەکەی بوغدەکەندیم دەگەیاندە ٢٠ و ٥٠ و ١٠٠ دانەش بۆ ئەوەی لەو لێدان و ئێش و ئازارە ڕزگاریم بێ. هیچ تاقەتی لێدرانم نەمابوو، دەمویست حوکمی ئیعدامم بۆ دەرکەن و لەکۆڵم ببنەوە. ئەوە ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە، لە چەند قۆناغی ئەشکەنجەدا ئەگەر کەرەسەیەکم بۆ خۆکوشتن هەبووایە، چرکەیەک ڕانەدەوەستام و خۆم دەکوشت، بەڵام هیچم دەست نەدەکەوت. باسی سیاسەت و کوردستانیشیان کە دەکرد هەرچی جنێو بوو دەمدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هیچکام لەو پێشمەرگە هەژارانەم نەدەناسی و نەشمدەزانی کامیان لە عێراقن و کامیان لە ئێران. ئەو دەم کۆمەڵە نەبوو دەنا بە دڵنیایی جنێوم بەوانیش دەدا و بە هەموو ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیکەش!

سەمەرە ئەوەیە دواتر هەر ئەو قسە بێبنەمایانەی کردبوومن، ناردبوویان بۆ دادگا و لەوێ خۆم دەمخوێندنەوە، ڕەئیسی دادگای لە ساواک خراپتریش نەیدەگوت ئەو قۆڕیاتە چییە ناردووتانە بۆ من! بۆ ئەوان تاقە یەک شت گرنگ بوو: کەسێک کە کوردە، دەبێ تفەنگی هەبێ و لە کوردستان حەشاری دابێ بۆ گیانی مەئموورانی شاهەنشای ئاریامیهر، تەواو! منی هەژاری لاوازی لە نەفەسکەوتووش ئەوەی ئەوان گوتبوویان بۆم لە گەردن دابوون و بە دەسخەتی مبارەکم نووسیبووم: دە دانە تفەنگم کڕیون و هەڵمگرتوون بۆ خەرابکاری لە کوردستان! خۆش ئەوەیە کاتێ کە چووم بۆ دادگا، سەرەتا شتێک هەبوو بەناوی «پروندەخوانی» یا «تفهیم اتهام» و لەوێ ئەوراقی بازجوویی‌یەکەی خۆم هەمووی لە فایلێکدا بوون و درابوونە دەست وەکیلەکەم. ئەو چەند دێڕەی وا ڕاست بەدوای ئەشکەنجە و لێداندا نووسیبووم لەبەروەی دەستم گۆی نەکردبوو هەر پیتێکی بە قەدرایی چاوەگایەک دەبوون و کاتێ بە وەکیلەکەم گوت ئاخر ئەوەتا من لەژێر ئەم ئەشکەنجەیەدا ئەم قسە قۆڕانەم

کـردووە، بە ڕەئیسـی دادگا بڵێ هەمووی درۆن، ئـەو لە بەرانبەردا گوتی لێبگەڕێ، باوەکـوو درۆش بـێ باشـتر وایـە خۆتیـان لەگـەڵدا نەخەیە کێشـەوە، هـەر بڵێ وا نەبووە و ئیدی باسـی ئەشـکەنجە و مەشـکەنجە مەکە، ئەوەت باشـترە! ئەویش کە ئەفسەرێکی خانەنشین بوو، زیاتر لە من لە ساواک دەترسا! دواتر دەگەڕێمەوە سەر باسی دادگا.

دوای دوو مانگێـک کـە ئیتـر ئەشـکەنجە خەریـک بـوو کۆتایـی بـێ، بردیانمـە بەنـدی عوومـی کومیتـە. ژوورێکـی گەورەتـر بـوو، نزیکەی ٢٠ کەسـی تێدا بوون هـەرکام لـە ڕەنگێک و خەڵکی شـارێک. باوکـی دوکتۆر عەلی شـەریعەتی بەتەنیا لە ژوورێکـی گـەورە ڕاگیرابوو و دەرگای ژوورەکەشـیان جاروبارە بـۆ دەکردەوە و ڕۆژنامەشـیان دەدایـە. ئێمـە ئەو شـتە لۆکسـانەمان نەبوو! سـێ ژەمـە خواردنمان هەبوو، بەیانانیش پەرداخێک چایی شیرین، هیچی تر. حەوتووی جارێک دەیانبردینە حەمام و بەپەلە دەیانهێنانەوە. تەوالێتیش ڕۆژی سـێ جار بوو، بەڵام جاری وابوو نیگابانـەکان لێمـان توورە دەبوون و نەیاندەهێشـت بچین، دەمانگـوت تەوالێتەکەیان خواردیـن! پیاوێکـی سـی و پێنـج سـاڵەمان لەگـەڵ بـوو نـاوی سـەید زیائەددینـی تەباتەبایـی و نـەوەی سـەید زیـای تەباتەبایـی بـوو کـە کۆدەتـای لـە قاجـارەکان کـرد و ڕەزاشـای هێنایـە سـەر حوکـم. سـەید زیـا چـەپ بـوو، بانکێکـی لێدابوو و گرتبوویـان، ئەشـکەنجەی نامرۆڤانـە و خراپیـان کردبـوو خـۆی بـۆ ڕانەدەگیـرا و دەبووایـە زووزوو بچێ بۆ تەوالێت، بەڵام ئەویشـیان ئەزیـەت دەکرد و نەیاندەبرد. کەسێکی لێبوو شێرپەنجەی خوێنی بوو، خواردنی ئاسایی نەدەخوارد و تەنیا دەبوو کشـمیش و گوێز و بـادام بخوا، هەرچی هاواری دەکـرد نەیاندەدایە. بەکورتی، هەر کـەس بۆخـۆی کارەسـاتێک و حیکایەتێک و دونیایەک بوو؛ هەر کـەس کتێبێک بوو لە دەرد و ئازار و ئۆف و ئاخ. ئێستاش ئاغای قانعیفەرد و ثابتی دەڵێن سەردەمی شاهەنشای ئاریامیهر و ئەشکەنجە؟ خوا نەکا!

زیندانیـی قەدیمییـان لـە زیندانـی قەسـرەوە دەهێنـا کومیتە و لەوێ سـەرلەنوێ ئەشکەنجەیان دەکردنەوە. یەکیان «مستەفا جەوان خۆشدل» لە ڕێبەرانی موجاهیدینی

خەڵق بوو. پێکەوە لە ژوورێکدا بووین. نێوانمان زۆر خۆش بوو. دیتبووی من تەنیام و لەگەڵ هیچ گرووهـ و تاقمێک نیم، هەوڵی دەدا بەرەو خۆیانم ڕابکێشێ. بەداخەوە ئەو جەللادانە نزیکەی ساڵێک دوای ئەوە لەگەڵ هەشت کەسی دیکە، کە یەکیان بیژەن جەزەنی بوو، ئیعدامیان کرد و گوتیان ئەو نۆ کەسە ویستوویانە لە زیندان هەڵێن، کە هەمووی درۆ و ساختە بوو. «رضی تابان» و «مصلی‌نژاد» دوو کەسی دیکە لە گیراوەکان بوون و ئەشکەنجەی زۆر کرابوون. رضی باڵابەرز و ڕووخۆش، «عمو مصلی»ش قسەخۆش و حیکایەتچی. برادەرێکی کوردی مەهابادیشمان لەگەڵ بوو ناویم لە بیر نەماوە، بەڵام لەو ساڵانەدا براکەی لە بۆکان شارەدار بوو. یەک لە نیگابانەکانیش مەهابادی بوو، ئاگایەکی لەو برادەرە دەبوو و وا هەبوو چایی‌یەکی بداتێ، دەنا نیگابانێکی ئاسایی لەو قەسابخانەیە چی لە دەست نەدەهات بیکا.

ئێمە لەو بارودۆخەدا بووین، هەندێک قاچاخچیی تریاک و هێرۆئینیشیان هێنابوو لەگەڵیان خستبووین. ئەو ساڵە بە فەرمانی شا زۆرێک لەو قاچاخچییانە ئیعدام کران و ڕۆژنامەکان هەموو ڕۆژێک ناوی چەند ئیعدامییان بڵاو دەکردەوە. زۆرم بەزەیی بە یەکیان‌دا هات، دەیگوت خۆزگەم بە خۆتان! گوتم بۆچی، خۆ ئێوە لە ئێمە چاکترن، ئەشکەنجەش ناکرێن و کەس کاری پێتان نەداوە. گوتی بریا وا بووایە و هەموو ڕۆژێک دارکارییان بکردایەین، بەڵام ئیعدام لە ئارادا نەبووایە! جا یەکێک بێ و خۆزگە بە وەزعی ئێمە بخوازێ دەبێ کێ بێ؟ لە ژیان‌دا خراپتر لە خراپیش هەیە و ڕەنگی ڕەشتر لە ڕەشیش پەیدا دەبێ!

شەوێکیان کە شەوی عاشووڕا بوو، ڕەسووڵی سەربازجوو خەڵکی نێو دوو ژووری عموومی لە ژوورێکدا کۆکردەوە و دەستووری دا کترییەک چاییان بۆ هێنایەن، مەلایەک وەک ئێمە زیندانی و ناوی «عەلی‌محەممەد بەشارەتی» بوو و درەنگتر لەم ساڵانەدا بیستم کە تەسلیمی ساواک ببوو. ماوەیەک پێکەوە لە ژووری ئینفرادی‌دا بووین نێوانمان خۆش بوو. ئەو شەوە ڕەسووڵی بە بەشارەتی گوت بە بۆنەی عاشووڕاوە قسەیان بۆ بکە. بەشارەتی قسەی کرد هەم باش بوو، هەم

نەیهێشت ڕەسوولی پێی هەڵبەزێتەوە! کتری چاییەکەشیان کە هێنا گوتی یەکتان هەستێ بیکاتە پەرداخەکانەوە و بیدا بە ئەوانی دیکە. ئێمە هەرکامە و پەرداخێکی پلاستیکمان بوو، ئەوە هەموو ملک و ماڵەکەمان بوو! برادەرێکی کوردی جوولەکەی سنەیی لەگەڵ ئێمەدا گیرابوو، زۆر کوڕێکی چاک و لەبەردڵان بوو و هەموو کەس خۆشی دەویست. ئەو هەستا سەرپێ و دەستی کرد بە دابەش‌کردنی چایی. ڕەسوولی گوتی هۆ جوولەکەی فلان فلان‌شودە، تۆچی و عاشوورا و تاسووعا چی، لێمان بۆیەتە ساقی کەوسەر! ڕەسوولیش، وەک بازجووەکانی دیکە، هەمیشە جنێوێک لەسەر لێوی مبارەکی بوو، بەڵام کاری سەیروسەمەرەی وەک «نەوحەخوانی» ئەو شەوەشی دەکرد؛ دەیانگوت لوڕە و پێشتر گرووبانی ئەرتەش بووە، هەندێک خەسلەتی لاتیی تێدا بوو.[١]

سەدویەک ڕۆژی ڕەبەق لە کومیتە مامەوە، کە بەشی زۆری بە بازجوویی و ئەشکەنجە تێپەڕ بوو و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو بە دەسخەتی خۆم نووسیم و وەئەستۆم گرت نامیلکەکانم لەو برادەر سنەیی‌یە وەرگرتووە، بردوومنەتەوە بۆکان، لە ماڵی کاکم شاردوومنەتەوە و خاوەنی دە چەخماخ تفەنگی برنووشم، هەر هەموویانم لە بناری کێوێک لە بوغدەکەندی شاردوونەتەوە بۆ کاری خەرابکاریی دوارۆژ! ئاو بێنە و دەست بشۆ!

**ڕاگوێزران**

کەم کەم، کاری بازجوویی تەواو بوو و من چاوەڕوان بووم ڕامگوێزن و بمبەنە زیندانی قەسر کە بەدەست شارەبانییەوە بوو و تەلەفیزیۆن و کتێب و ڕۆژنامە و مولاقاتی هەبوو و بەکورتی لەچاو کومیتەی «ضد خرابکاری» وەک «کوەیت» وابوو! ڕۆژێکیان یازدە کەسیان سواری مینی‌بووسێک کردین و کەلەپچەیان لە دەستمان دا

---

١. چەند ساڵێک پێش ئێستا لەگەڵ برادەرێکی خۆم بە خیابانی شانزەلیزەی پاریس‌دا دەڕۆیشتین، لەپڕێک ڕەسوولی ڕووبەڕوومان هات، خێرایەک ناسیمەوە، یاسای مافی مرۆڤ بازجوو و زیندانیی کردوونە هاوشانی یەکتر، هەردوولامان وەک یەک دەپارێزێ، ڕەنگە ئەوان ماقووڵتریش بن!

بـۆ ئـەوەی ڕامانگوێزن و بمانبەنە زیندانێـک کە نەماندەزانی کوێیە. کە دەڵێم زیندان بۆیەیـە لەو سـاڵانەدا «قەسـر» زیندان بـوو و کومیتەی «ضد خرابـکاری» و ئێڤین و قزڵقەڵاش «بازداشتگاه» بوون. زیندانی قەسر بەدەست پۆلیسەوە بوو و سیانەکەی دیکە بەدەست ساواکەوە بوون.

کەلەپچەیان لێداین و بردیانینە نێو مینیبووسێکەوە، کەلەپچەکان بە ئاڵقەیەکەوە بەسـتران کـە لەژێر کورسـیی ترۆمبیلەکە دابیـن کرابوو. یەک لەو یازدە کەسـەمان «مەشـعووف کەلانتەری» خوشـکەزای «بیژەن جەزەنی» لە ڕێبەرانی فیدائییان خەڵق بـوو. مەشـعووف مرۆڤێکـی بێدەنگ و کەم قسـە بـوو و تەنیـا جاروبارەیەک بزەی دەهاتێ یان بە قسـەی ئەوانی دیکە دەهاتە پێکەنین. یەکی دیکەمان «مسـتەفا جەوان خۆشـدڵ» لە ڕێبەرانی موجاهیدینی خەڵق بوو. پێشـتر باسی مستەفا جوان خۆشدڵم کـرد کـە ماوەیـەک لە سـلوولێکدا پێکـەوە بووین. بـە قەدرایی سـاڵێک دوای ئەوە، ساواک هەردوو ئەو کەسانەی لەگەڵ جەزەنی و ٦ کەسی دیکەدا (٩ نەفەر) لە گردی پشـت زیندانـی ئێڤیـن زۆر ناجوامێرانـە ئیعدام کـرد. یەکی دیکەمـان عەلیمحەممەد بەشارەتی بوو، کە پێشتر باسم کرد. بەشارەتی مەلایەکی خەڵکی «جەهروم» بوو و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ لە حکوومەتی ڕەفسنجانیدا ماوەیەک بوو بە جێگری وەزیری کاروبـاری دەرەوەی ئێـران و پاشـانیش بوو بـە وەزیری نێوخـۆ. جارێکیان لەگەڵ هەیئەتێـکدا چووبـوو بـۆ کووبـا بۆ لای فیدڵ کاسـترۆ، لـە ڕۆژنامـەدا خوێندمەوە گوتبـووی کێشـەمان ئـەوە بـوو ئەگەر ژنـان بیانەوێ دەسـتمان لەگـەڵ لێبدەنەوە (تەوقە بکەن)، دەبێ چی بکەین؟ فەناتیسـم و دوگماتیسـمی ئیسلامی هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە یەخەی ئەم کۆماری ئیسلامییە ناموبارەکەی گرتبوو!

لەگەڵ بەشارەتیدا ماوەیەک هاوسلوول بووین. مرۆڤێکی قسەخۆش و لەبەردڵان بوو. شێعر و نەقڵ و حیکایەتی زۆری دەزانی و خۆی وەک ئاخوندێکی مێشک پووچەڵ دەرنەدەخست. زۆری جۆک و قسەی خۆش پێبوو. کەسانی قسەخۆش و «ورە بەرز» لە زیندان زۆر چاکن لەبەروەی باری سەرشـانت سـووک دەکەن و خەم و خەفەتت لە بیر دەبەنەوە. بەپێچەوانە، کەسانی مڕچومۆن و نێوچاوان ترشاو ئازارت دووقات

زیاد دەکەن. قسەی خۆش و جۆک و گۆرانی لە زیندان گەلێک باو بوو، لە دەرەوەش زیاتر. هەندێک قسە لەوێ دەکرا کە لە دەرەوە دوو کەس پێکەوە دابنیشن وا هەیە لە ڕوویان هەڵنەیەت بیکەن. بازداشتگای ساواک بوو و بێکاری و دانیشتن و قسەکردن و بیرەوەری گێڕانەوە، خۆ کتێب و ڕۆژنامەی لێنەبوو پێیانەوە خەریک بین. بابەتی سیاسیش لە بارودۆخی ژێر بازجوویی‌دا یان نەدەکرا یان تەنیا لەگەڵ ناسراو و هاوپەروەندەی خۆیی دەکرا. لەگەڵ بەشارەتی و ئیسلامییەکی دیکە چەند ڕۆژ پێکەوە لە سلوولێکی کومیتەدا بووین. سلوولەکەمان کە لە پەنای تەوالێتەکە هەڵکەوتبوو و دەنگ و سەدای تەوالێت لەگەڵ دەنگ و سەدای دیکەی خەڵکەکە هەموو دەگەیشتە گوێمان! جارێکیان شێعرێکم بۆ خوێندەوە زۆری پێخۆش بوو، لەبەری کردبوو و هەر کاتێ دەنگی بەرزی وامان گوێ لێبووایە دەیگوتەوە و قاقا پێدەکەنی. شێعرەکە بۆ ئەوە نابێ لێرەدا بینووسم، بەڵام شاعیرەکەی گوتبووی لە پشت دیوارەوە گوێم لە دەنگ و سەداتان هەیە!

بەشارەتی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا یەک لەو پێنج کەسە بووە کە وەزارەتی ئیتلاعاتیان دامەزراندووە، هەر ئەو بەشارەتییە دواتر بە جلوبەرگی ئاخوندییەوە لەگەڵ یەکەم تاقمی ئەو پاسدارانەی وا لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆکانیان گرتەوە، هاتبووە بۆکان و لەلای قوللە لەسەر خیابانەکەی لای ماڵی برایم‌خانی فەڕوخی، پێش‌نوێژیی بۆ پاسدارەکان کردبوو. گوایە ئەو دەم لە مامۆستا مەلا ئەبووبەکری شەفیعی پرسیبوو «محەممەدئەنوەر»م لە هەر کوێیەک هەیە بۆ پەیدا بکەن، ئەویش گوتبووی خوا دەزانێ ئێستا لە بن کامە بەردە! دڵنیام ئەگەر بیدیایەم نەیدەگرتم و کاری پێم نەدەبوو، نێوانمان گەلێک لەوە خۆشتر بوو کاری وا بکا.

دواتر کە پەڕەوازەی تاران بووم و لەوێ هەر شەو لە شوێنێک خۆم دەشاردەوە، هاوزیندانییەکی کۆنی نێو «کومیتەی دژی خراپکاری»م دیتەوە کە دارتاشێکی توودەیی بوو؛ گوتی بەشارەتی چەند جار هەواڵی پرسیوی و گوتوویەتی محەممەدئەنوەر لەکوێیە؟ تەلەفۆنێکی بۆ بکە بزانە دەڵێ چی. گوتم جا من لەم وەزعەدا چۆن مەترسیی وا بگرمە خۆم؟ گوتی دڵنیا بە بەشارەتی ئەو کەسە نییە و تۆی زۆر خۆش دەوێ.

ئەو دەم بەشارەتی ببوو بە ئەندامی یەکەم مەجلیسی شوورای مەلاکان. تەلەفۆنم کرد بۆ مەجلیس. زۆر بە گەرموگوڕی وەڵامی دامەوە و گوتی «تۆ ناڵێی لایەنگری موستەزعەفانم؟ دەی وەرە خزمەتی موستەزعەفان بکە!» زانیم دەیهەوێ بەرەو جاشایەتی و هاوکاریکردنی ڕژیمم ببات! چیتر تەلەفۆنم بۆ نەکردەوە.[۱]

ئەو دارتاشەش پیاوێکی باش بوو، دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۳۵۹دا لە کوردستان ڕۆیشتم و لە تاران خۆم شاردبۆوە، زۆرم بە کەڵک هات. کچەکەی حیزبوڵڵاهییەکی توندوتیژ بوو و لە ترسی ئەو نەیدەوێرا من بەرێتەوە ماڵی خۆیان، جا لە دووکانێکی مۆبلفرۆشی دایمەزراندم، هەم حەقدەستیان پێدەدام و هەم شەوانەش لەوێ دەخەوتم، ئیتر مەجبوور نەبووم کرێماڵ بدەم. کرێ‌ماڵەکە چش! خۆ نەمدەوێرا خۆم ئاشکرا بکەم و بچم لە بونگا و شوێنی وا ماڵ بەکرێ بگرم! دۆستی چاک بۆ کاتی تەنگانە باشە، خەڵکانێک کە مەترسی لە خۆدەگرن و لە بارودۆخی وڵاتانی وەک ئێران و عێراق و تورکیادا کاری سیاسی دەکەن دەبێ هەوڵ بدەن دۆستی چاک و جێ‌متمانەیان هەبێ کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بە هانایانەوە بێن و فریایان بکەون. ئەم چەشنە پێش‌بینی و دوارۆژبینییانە پێداویستیی سەرەکین بۆ کاری سیاسی لە بارودۆخی نالەباری ئەو بەقوڕگیراوانەدا کە کوردی تێدا دەژین...

هەر چۆنێک بێ، ئەو ڕۆژە بە مینی‌بووس بردیانین بۆ قزڵقەڵا. یەک‌دوو سەعات لە مینی‌بووسەکەدامایینەوە و هەر نەیاندەبردینە ژوورێ، لە ئەنجامدا گوتیان جێگامان نییە و ڕایانناگرین! هاتینەوە سەر حوللەمەڕەسێ و گەڕاندیانینەوە جەهەننەمی کومیتە، چاوی ڕەشمان کاڵ بوویەوە!

---

۱. کاک «وریا بامداد»، کە وێدەچێ خەڵکی کرماشان یان دەوروبەری بێ، کتێبێکی لەسەر بیرەوەرییەکانی زیندانی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە گەلێک شیرین نووسراوە و زانیارییەکانی لەگەڵ ئەو شتانەی وا من لە زیندان‌دا دیتم، دەقاودەق ڕاست دێتەوە. وادیارە ئەو نزیکەی ساڵێک پێش گیرانی من گیراوە و لە کومیتە و زیندانی قەسردا ڕایانگرتووە. لە کتێبەکەدا ناوی بەشارەتی دەهێنێ و دەڵێ هاوکاریی ساواکی کردووە. بەشارەتی لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ من بوو، خۆی وا دەرنەدەخست. گەرچی هەندێک مرۆڤ وەک پیواز توێ‌توێن و بەهاسانی ناکرێ هەناویان ببیندرێ. زۆر شت لە زیندان و ماوەی بازجوویی‌دا گونجاوە!

**مولاقات**

دیاربوو لەو ماوەیەدا كاكم هاتبووە تاران و هەوڵیدابوو بێتە چاوپێكەوتنم، ئەوانیش ڕۆژێكیان بۆ دیاری كردبوو كە دەكەوتە دوای ئەو ڕاگواستنەمان، بەڵام كاتێ گێڕایانینەوە بۆ كومیتە، چاوپێكەوتنەكەیان لەوێ بەڕێوەبرد. ڕۆژێك بانگیان كردم و بردیانم. وەمزانی دیسان بازجوویی و لێدانە، بەڵام هیچیان نەگوت و بردمیانە دەرەوەی بینایەی كومیتە بۆ نێو ساختمانی شارەبانی كولل، لەوێ «ئارەش»ی بازجووەكەم خۆی هات و گوتی مولاقاتت هەیە. بەو جلوبەرگە و بەو سەروقژە ئاڵۆزەوە بردیانمە ژوورێكەوە كاكم و كابرایەكی عەجەم لەوێ دانیشتبوون. كابرا، خاوەنی شیركەتێك بوو لە تاران، كە كاكم شتومەكی لێدەكڕی و من زۆرجار چووبوومە لای. لە بیرم نەماوە ناوی چی بوو، بەڵام شیركەتەكەی لە پشت فرۆشگای فیردەوسی بوو. دیار بوو ئەو كەسە پارتیی بەهێزی هەبوو و ئیجازەی چاوپێكەوتنەكەی منیش ئەو بۆ كاكمی وەرگرتبوو. نەیانهێشتبوو هیچ لەگەڵ خۆیان بهێنن. نزیكەی دە دەقیقە دانیشتین بەبێ ئەوەی لێك نزیك ببینەوە یان یەكتری ماچ بكەین. بە فارسی هەواڵیان پرسیم، گوتم حاڵم باشە و لەبەر ئارەش كە وەك میرغەزەب لەوێ دانیشتبوو هیچم پێنەدەگوترا. پاشان ئارەش گوتی ماوەی چاوپێكەوتنتان تەواو بوو. ئەوان ڕۆیشتن و منیشیان بردەوە كومیتە و نێو ژووری گۆرین. چاوپێكەوتنێكی گەلێك ساردوسڕ و فۆرمالیتە بەو سەروڕووە و بەو جلوبەرگەوە؛ دڵنیام دەبێ شوێنی خراپی لەسەر كاكم دانابێ لەجیاتی ئەوەی خۆشحاڵی كردبێ.

**زیندانی قزڵقەڵا**

دە ڕۆژی دیكە لە كومیتە مامەوە سەرلەنوێ هەمان ۱۱ كەسیان سواری مینیبووسی گۆرین كردین و بردیانینەوە بۆ قزڵقەڵا. ئێمە ئارەزوومان ئەوە بوو بچینە زیندانی قەسر كە بەدەست شارەبانییەوە بوو و دەرەتانی زیاتر و مولاقاتی ئەندامانی بنەماڵەشی هەبوو، بەڵام چ كەردەن، دیار بوو ویستبوویان هەر لەژێر دەستی ساواكدا بمێنینەوە و نەدرێین بە شارەبانی. ئەمجار لە ئیمتیحانی زانكۆی قزڵقەڵا قبووڵ بووین و

بردیانینە ژووریٚ! من ماوەیەک لە زیندانی تاکەکەسی‌دا مامەوە. دیوارەکان پڕ بوون لە نووسراوە و یادداشت و شێعری زیندانییە کۆنەکان. خەڵکانی ناوبەدەرەوەی زۆر لە قزڵقەڵا زیندانی کرابوون. ناوەکانی سەر دیوارم تا ماوەیەکی زۆریش لە بیر مابوو، ئەو شێعرانەشم لە بیر بوو وا نووسیبوویان و لەسەر دیوار هەڵیانکەندبوون، بەڵام ئێستا لە بیرم نەماون. ژوورەکەم پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو بەسەر حەوشی زیندانی عوموومی‌دا دەیڕوانی، بەڵام تەنیا بۆ ڕووناکی بوو و نەدەکرا کەسیان ببینی. تەنیایی ناخۆش بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی ئەشکەنجە نەمابوو، سەر سەکۆی ژوورە تەنیایی‌یەکە وەک تەختی ئەعلاحەزرەتی هومایوونی وابوو! پاش سیٚ‌چوار هەفتە بردیانمە بەشی عوموومی. سوارەی نەمر کە پێشتر لەویٚ زیندانی کرابوو، شێعری «سوورەقەڵا»ی سەبارەت بە «قزڵقەڵا» گوتووە، لە ڕابردوودا زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی کورد وەک نەمر مامەغەنی بلووریانیش لەویٚ ڕاگیراون، هەروەها سەرۆکهۆزە کوردەکانیش زۆریان لە سەردەمی ڕەزاشا و کوڕەکەی‌دا ڕێگەیان کەوتۆتە قزڵقەڵا. قزڵقەڵا کۆنە کاروانسەرای سەر ڕێگای تاران و شمیران بوو و لە سەردەمی ناسرەددین‌شادا (١٥٠ ساڵێک پێش ئەو ساڵانە) دروستکرابوو. حەوشێکی مامناونجی، بە ٣ بەند، واتە ٣ ژووری عوموومییە تێدا بوو، کە هەرکام شوێنی ١٥ تا ٢٠ کەسێک دەبوونەوە. متبەقێک و حەمام و تەوالێتیشی هەبوو. بە درێژایی هەر دوو دیواری حەوشەکەش ژووری تاکەکەسی بوون کە دەرگایان لە پشتەوە بۆ دەکرایەوە و دەهاتە نێو دوو داڵان. هەر دوو لای داڵانەکان، ژووری تاکەکەسی بوون.

لە زیندانی عوموومی‌دا دۆست و برادەری چاکم پەیدا کردن. یەک لە زیندانییەکان ناوی زیائەددین تەباتەبایی بوو کە پێشتریش لە کومیتە دیتبووم. سەید زیای نەوە بەپێچەوانەی باوەگەورەی، شۆڕشگێڕ بوو. دیارە کەسانی خۆفرۆش و خراپیش لە زینداندا هەبوون. من لە ترسی ئەوەی قسەکان بگەنەوە دەفتەری زیندان لای هەمووان دەمگوت سیاسی نیم و هەر لەخۆڕا گرتوویانم. بۆشم دەچووە سەر لەبەروەی هاوپەروەندەییم نەبوو و شانازیی زۆرم بە خۆم دەکرد کە ئیعتیرافم

لەسـەر کـەس نەکردبوو و کەسـم بەشـوێن خـۆمدا نەهێنابـووە زینـدان. جارێکیان لەگـەڵ سـەید زیـا لای یەکتـر دانیشـتبووین و وێـڕای خەڵکەکـە نانـی نیوەڕۆمـان دەخوارد. نانێکی بۆری سەربازییان لەگەڵ خواردنەکەدا پێدەداین کە بەگشتی کەس بەشـی سـەرەوەی نەبووایـە بەشـی ژێرەوەی نەدەخـوارد. من ئـەو ڕۆژە هەروا بە ئاسایی ژێری نانەکانم دەخوارد و لێدەگەڕام بەشی سەرەوەیان ئەو بیخوا. لەپڕێک تەماشـای کردم و گوتی حەرامزادە! ئەوە نانخواردنی کەسـێکە سیاسـی نەبێ؟ هەر دەڵێی سیاسی نیم و ئەوەش نانخواردنتە!

دەرگای هـەر سـێ بەنـدە عموومییەکان بەرەو باشـوور و بەسـەر حەوشـێکدا دەکرانەوە. حەوشـەکە حەوزێکی بچووک و شـۆڕەبییەکی جوانی تێدا بوو هاوینان خەڵکەکە لەبەر سـێبەری دادەنیشـتن. یەکدوو جاریش وا هەبوو کەسـانێک مەلەیان تێدا دەکرد. ڕۆژێکیان هەموومانیان کردە ژوورەوە، بە هەر سێ ژوورە عموومییەکە، ٤٠ ٥٠ کەسـێک دەبووین. دەرگایان لەسـەر داخسـتین. چەند سـەرباز بە مشـارێکی گەورەوە هاتن، بەربوونە بڕینی شـۆڕەبی هەژار و لە بنەوە بڕییانەوە! ئەفسـەرێک هات گوتی ئێوە باسی ئەو دارەتان بە شانازییەوە کردووە و شێعرتان پێداهەڵگوتووە بۆیـە بڕیمانـەوە! دیـارە هەمـووی درۆ بـوو و هـەر لەبـەروەی دارەکـە کاتی خۆی ئەفسەرانی شەهیدی توودەیی سەردەمی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ ناشتبوویان، ئەمان ڕقیـان لێی بـوو و بڕییان کە وەک سـیمبولێک نەمێنێ و زیندانییەکانیش سـێبەریان نەبێ لەسەر حەوزەکە لەبەری دابنیشن! بەوە دەڵێن مافی مرۆڤی شاهەنشاهی، ئەوە بارودۆخی ژیانە لەو سیسـتمە گڵاوانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا دەنا حەوشـێکی گـەورەی بێدارودرەخـت، تاقەدارێکـی تێـدا بـێ بـە کام مەنتیـق ڕەوایـە ببڕدرێ و فڵانـە ئەفسـەر یـان ڕەئیسـی زینـدان چۆن دەبـێ ئـاوا دوور بێ لە ویـژدان کە ئەم دڵخۆشـییەش لـە زیندانیی بێدەسـەڵاتی بەردەسـتی خۆی درێغ بکا؟ ئـەوە تەنیا بە کولتـووری دواکەوتـووی ناوچەکـەی ئێمە تەفسـیر دەکرێ دەنا شـتی وا لە ڕۆژاوا ئەستەمە ببیسترێ و ببیندرێ.

چەنـد کـەس کـە بـە «گروە نهاونـدی» دەناسـران لە زیندانـی قزڵقـەڵادا زیندانی

بوون، یەکیان «سیرووس نەهاوەندی» خۆی بوو. ئەو نەهاوەندییە کوڕە دەوڵەمەندێک بوو، خۆی و گرووپەکەی بۆ یەکەم جار لە ئێران ویستبوویان بانک ببڕن و باڵوێزی ئەمریکا بڕفێنن، لە یەکەمیاندا بڕە پارەیەکی کەمیان دەست کەوتبوو، بەڵام لە دووهەمیاندا سەرنەکەوتبوون. پاشان گیرابوون و پەشیمان ببوونەوە و ڕووخابوون. بەپێچەوانەی زیندانییەکان کە خۆیان تێهەڵنەدەقوتاندن، زیندانەوانەکان زۆریان خاتر دەگرتن. گرووبانێک بوو کە ناویم لە بیر نەماوە، بەڵام زۆر قەدیمی بوو و لە بیرەوەریی زیندانیانی دوای ساڵی ١٣٣٢دا هەمیشە ناوی هەیە و گوایە لەو ساڵانەدا زۆریش جەللاد و بێبەزەیی بووە، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا کەڵپی ڕزیبوو و حەپەحەپی پێنەدەکرا. ئەو کابرایە جاری وابوو دەهاتە نێو زیندان، ئەگەر کەسێک هەر لەوانەی نەهاوەندی لەبەری هەڵبستایە دەیگوت تۆ سەری ئاغای نەهاوەندی هەڵمەستە! لای وابوو هەموو کەس نەهاوەندیی وەک ئەو خۆش دەوێ.

ماڵی نەهاوەندی زۆر دەوڵەمەند بوون و کاک کەریم خامچی خەڵکی سابلاغ، دوای هاتنەدەر لە زیندان کاری بۆ کۆمپانیایەکی ئەوان دەکرد و ببووە مەئمووری خەریدیان. نەهاوەندی لەگەڵ دوو سێ کەسی هاوگرووپی خۆی نەبووایە لەگەڵ ئێمەمانان زۆری قسە نەدەکرد، بەڵام دەیزانی من کوردم و پرسیاری کاک کەریمی لێدەکردم، زۆریش بە ڕێزەوە ناوی دەهێنا.

ئەم نەهاوەندییە، گەلێک بێدەنگ و هەستوخوست و هەڵسوکەوتی لەسەر خۆ بوو، کە ئەگەر ئەو پەشیمانبوونەوەیە نەبووایە خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست. ناوبراو هیچ نەبێ خێرێکی بۆ داینەوە. ئەویش ئەوە بوو هاوینی ئەو ساڵە، کێبەرکێی وەرزشی ئاسیایی لە تاران بەڕێوە دەچوو. ئیجازەیان دابوو بنەماڵەی نەهاوەندی تەلەفیزیۆنێکی بۆ بهێنن، جا ئێمەش بە بۆنەی ئەوەوە، دەمانتوانی سەیری موسابەقەکان بکەین، بەڵام حەقمان نەبوو جگە لە موسابەقە، بەرنامەی خەبەر و شتی وا ببینین. بەگشتی لە بێهەواڵیدا ڕاگیرابووین و نە ڕادیۆ و نە ڕۆژنامە و نە تەلەفیزیۆن، هیچکامیمان نەبوو.

لەو ماوەیەدا کە لە قزڵقەڵا بووم دەنگوباسی موحاکەمەی «خسرو گلسرخی» و هاوڕێکانی بڵاوببۆوە، بەڵام ئێمە هیچمان لێ نەدەبیست، تەنیا جارێک نەبێ کە هەندێک لەتوکوتی ڕۆژنامەیان لە تابلۆیەک دابوو و بە نایلۆن سەریان داپۆشیبوو و هێنابوویان لـە دالانەکـە لای متبەق بە دیوارەوە هەڵیانواسـیبوو. باسـی موحاکەمەکان و داوای لێبووردنی چەند کەسی ئەوانی تێدا بوو، بەڵام هەواڵی دیفاعی ئازایانەی گوڵیسورخی و ئەوانـی دیکـەی تێدا نەبوو! دەچووین بەدزییەوە نایلۆنەکەمان هەڵدەداوە و سـەیری لای پشتەوەی ڕۆژنامەکانمان دەکرد، هەموو هەر تینووی هەواڵ بووین!

لەوانـی دیکـەی وا لـە قزڵقـەڵا بـوون، «مەهـدی سـامیع»م لـە بیـرە. سـامیع ئیسفەهانییەک بوو لە پەیوەندیی فیدائییان‌دا، بەڵام دوای شۆڕشی ٥٧ زۆری بازدا و لـەم ڕێکخـراوەوە چووە نێو ڕێکخراوەیەکی دیکە. لە سـاڵی ١٣٥٨دا، پێش هاتنەوەی پاسدار، کابرایەک لە بۆکان لە کتێبفرۆشییەک دانیشتبوو، دواتر گوتیان ئەوە مەهدی سـامیع بـووە. وا بزانم ماوەیەک لەگەڵ ئەقەلییەتی فیدائییـان کەوت، دواتر لەوانیش جیابۆوە و لەگەڵ موجاهیدین کەوت. ماوەیەکیش خۆی بە «یەزدانپەنا»کانی بۆکانەوە هەڵواسیبوو.

کەسێکی دیکە لە بیرم مابێ، ئازەربایجانییەک بوو «قزڵئەیاغ» ناو، گەلێک کوڕێکی پاک و لەبەردڵان بوو؛ دوای شۆڕشی ٥٧ ئەویش بەدەست مەلاکانی ئێران کوژرا. لەو زیندانییانەی وا زۆرم خۆش دەویستن، یەکیان «محەممەد دێهقانی» برای بێهرووز و ئەشـرەف دێهقانی بوو. لە سـلوولێکی ئینفرادی‌دا بوو و پاشـان لە بەندی عموومی دیتمەوە (دڵنیا نیم هەر لە قزڵقەڵا یان لە ئێڤین). زۆر ئەشکەنجە کرا بوو.[1]

١. دوای ئـازادی و کاتـێ لـە تەورێـز کارم دەکـرد، جارێـک لـە سـاڵی ١٣٥٧دا لـە تارانەوە بـە ئوتوبـووس دەچوومـەوە بۆ تەورێز، لە گاراج تووشـی محەممەد دێهقانـی بووم، لەگەڵ زیندانییانـی سیاسـیی دیکـە ئازاد کرابوو. ڕژیم کەوتبووە شلوشـەوێقی. بلیتەکەم یەکدوو سـەعات دواخسـت و لەگـەڵ ئەودا پێکەوە بە ئوتوبووسـی «شـەوڕەو» چووینـەوە تەورێز. لـە ڕێـگا زۆری باسـی زیندان دوای ئازاد بوونی من کرد. کاتێ گەیشـتینە تەورێز سـەعات دەوروبـەری ٣ ـ ٤ی بەیانـی بـوو.ماڵیـان لە تێرمیناڵی ئوتوبووسـەکانی ئەو دەم لای باغی گوڵستانەوە دوور نەبوو. پێکەوە چووینەوە ماڵیان. یەکدوو جاری لە دەرگا دا، دایکی هاتە پشـت دەرگاکـە، بـە تورکی گوتی «آنـا منم، ممد!» ئـەو دەقیقەیەم هەرگیز لە بیـر ناچێتەوە،

لەو ساڵانەدا زیندانییەکی زۆری خەڵکی برووجێردمان لەگەڵ بوو. دوای «دوکتۆر ئەعزەمـی» و «هومایـوون کەتیرایـی» بزووتنـەوەی چـەپ و چریکـی لـە برووجێرد گەلێک نەشەی کردبوو.[1] هەموو کەس‌وکاری نێرینەی دوکتۆر ئەعزەمییان گرتبوو و لـە ئێڤیـن ڕایانگرتبـوون، دواتر کـە بردیانمە ئێڤین لەوێ دیتمـن. خەڵکی مەزلوومی، بێ‌ئازاری، بێ‌قسـە، کە تەنانەت هی وایان تێدابوو هەشـتا و چەند ساڵی تەمەن بوو، چەند کەسیان تریاکی بوون، دەیانگوت لە زینداندا تریاکیشیان پێدەدەن.[2]

هێشتا هەر لە قزڵقەڵا بووم کە شەوێکیان خەڵکی هەر سێ بەندە عموومییەکەمانیان خستە یەک بەندەوە و دەرگایان داخست و زیندانیی تازەیان هێنا. هەموویان مەلا و فەقـێ بـوون و لە قوم گرتبوویانن. چاک و خراپ هەموو جۆرە کەسـێکیان تێدابوو. یەک ڕووداویش ڕووی دا با بیگێڕمەوە: بە عادەت زیندانییەکان بە هەویری نەبرژیوی نێـو ئـەو نانـەی وا بـۆ خواردن پێیـان دەدایـن مـۆرەی شـەترەنج و تەختەنەردیان دروست دەکرد[3] و لەسەر پەتووش بە سابوون خانەکانیان دەکێشایەوە و بە ڕۆژ بۆ

دایکی جگەرسووتاوی کوڕێک لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکراو و کچێک لە زیندان‌هەڵاتووی لێرەولەوێ خۆشـارەوە، ئێسـتا کوڕێکی دیکەی لە زیندان ئازاد بووە و دەیگرێتە باوەش. باوەڕی نەدەکرد، ماچی دەکرد و دەیلستەوە. خوایە چی بڵێم، نازانم؟ ئەوان چوونە ژوورێ و منیش چوومەوە ماڵی خۆم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دیکەش دەچوومە ماڵیان خەڵکێکی زۆر پێیانەوە دەهاتن. درەنگتر سەفەرخانی قەهرەمانیش ئازاد کرا. من لەگەڵ ئەودا هاوبەند نەببووم، بەڵام بە ناسیاویی هاوڕێیەکم لە تەورێز چوومە ئەو ماڵەی وا لەوێ دابەزیبوو، کە گوتیـان کـوردە، لای خۆی دانیام و وێنە و فیلمیان لێ‌گرتین، دواتریش لەگەڵ برادەرەکەمدا چووینە ئەو گوندەی وا خەڵکی ئەوێ بوو لە دەوروبەری عەجەب شـێر، میوانی دیکەشـیان هەبوو نەیانهێشت شەوێ بگەڕێینەوە و میوانداربیان کردین.

١. بـە گاڵتـە دەیانگێـڕاوە گوایـە شـا هوەیـدای سـەرۆک‌وەزیری هەڵقورینجانـدووە و پێـی گوتـووە پیـاو نی و هیچت پێ‌ناکـرێ! ئەویش هەر گوتوویەتی وا مەڵێ با نەیلێم، وا مەڵێ با منیـش نەیلێـم. شـا گوتوویەتی بیلێ ئەویش گوتوویەتی «برووجێرد!» شـا ڕقی هەسـتاوە و جنێوی پێداوە و هەڵیبڕیوە، واتە برووجێردییەکان کەڵەگایی‌یان لە ڕژیمی شا دەکرد و ڕژیم دەرەقەتیان نەدەهات، جەنابی شاش بەوە قەڵس بوو!

٢. لـە لوڕسـتان تریاک‌کێشـان ئاسـایی‌یە و لـە مەجلیس و میوانـی‌دا کە دادەنیشـن، تریاک دەکێشـن. دەڵێـن دوای تریاک‌کێشـانەکە بانـگ دەکـەن و دەڵێـن «چایی بێنن بۆ پیـاوەکان»، ئـەوەی تریاکـی نەکێشـابێ چایـی بـۆ دانانێـن، واتە پیـاو نییە! ژنـان کەمتـر وا هەیە تریاک بکێشن، بەڵام قلیان (نێرگەڵە) زۆر دەکێشن.

٣. وەستای دروستکردنی مۆرەی شەترەنج کوڕێکی برووجێردی بوو ناوی «کوردی» بوو. کوردی بەبێ کەرەسـە، مۆرەی وای دروسـت دەکرد مرۆڤ سـەری سـوڕ دەما. ڕوخ یان

کات تێپەڕکردن دوو کەس دادەنیشتن یارییان دەکرد و ئەوانی دیکە ئەگەر پێیان خۆش بووایە لە دەوریان کۆدەبوونەوە و هەر کەس لای یەکیانی دەگرت و پێی دەگوت چی بکا و چی نەکا. بەوەیان دەگوت «کۆنسە»، هی وا هەبوو دەیگوت «کۆنسە» مەدەن، پێم خۆش نییە، هی وابوو پێی تووڕە دەبوو، تووڕە بوون و هەڵچوونیش لە زینداندا زۆر ئاسایی‌یە، خەڵکەکە بەگشتی تووڕەن و لەسەر شتێکی بچووک بەگژ یەکتردا دەچن، بە چەشنێک ئەگەر باوەڕی سیاسی و بەرپرسایەتی بەرگر نەبێ، ڕۆژانە شەڕ و پێکدادان دەقەومێ.

ڕۆژێکیان دوو کەس شەترەنجیان دەکرد، یەکیان لەو فەقێیانەی قوم بوو کە تازە هاتبوون. دیار بوو سیفر کیلۆمیتر بوو و بە یاساکانی زیندانی نەدەزانی. من شتێکم بە لایەنەکەی دیکە گوت بیکا، واتە «کۆنسە»م دایە، جووچکەمەلا پێی ناخۆش بوو، لەپڕ جنێوێکی پیسی پێدام، زۆرم پێ سەیر بوو و پێی تێکچووم، شتی وام نەبیستبوو ڕووبدا، هەر ڕاستبوومەوە و یەک زللەی تەڕم لە بناگوێی دا، شەقەی تا ئەوپەڕی حەوشە چوو! مەلا هەستا سەرپێ لێم بداتەوە، دەستیان گرت و هەر چۆنێک بوو شەڕ داکووژا. ئەوە یەکەم و دوایین شەڕ بوو لە زیندان کردم، دەنا بەگشتی بێدەنگ و بێ‌ئازار بووم.

لەو ماوەیەدا کە لە قزڵقەڵا بووم، کابرایەکی سەرهەنگ هەر سێ مانگ جارێک بێدەنگ و بێ‌هەستوخوست دەهات، بە پێوە ڕادەوەستا و هەواڵی دەپرسین، کەس ئەوی بە جیددی وەرنەدەگرت و وەڵامی سەرسەری نەبووایە پێیان نەدەداوە. دەیانگوت هیچی لە دەست نایە و هەر دێ قسەی بێ‌تام و بێ‌کەڵک دەکا و دەڕوا. دەبێ بازڕەس و شتێکی وا بووبێ کە کەس تووی بە کڵاو نەدەپێوا. لە نێو قسەکانی‌دا هەمیشە دەیپرسی باشە «کۆتلێت» تان دەدەنێ؟ ئێمەش دەمانگوت بەڵێ! دەیگوت باشە، کەوابوو ئیتر موشکیلێکتان نییە! ناومان نابوو سەرهەنگ کۆتلێت!

---

قەڵای کە دروست دەکرد حەوش و حەسار و کۆنگرە و دەرگا و پەنجەرە و نیگابانیشی لێ‌دادەنا، دەبوو بێیە سەیری و بزانی ئەسپ و فیلی چۆن دەخولقاند، هەر ئەوەندە بوو نەیدەتوانی ڕۆحیان بەبەردا بکا.

کابرای حۆل پێی وابوو زیندانی تاقە گرفتی ئەوەیە کۆتلێتی نادەنێ. وێدەچوو پێشتر کەسێک ئەوەی پێ گوتبێ و ئەویش داوای لە زیندان کردبێ هەفتەی جارێک کۆتلێت بدەن بە زیندانییەکان، جا ئەم شاکارەی خۆی لە بیر نەدەچۆوە و هەرجارەی دەهات بە ڕووی خەڵکەکەیدا دەداوە.

**دادگا**

لـە قزڵقـەڵاوە بردیانـم بـۆ دادگای نیزامـی. دادگای نیزامـی لـەلای زیندانـی قەسـر هەڵکەوتبـوو. بـە چەنـد نیگابانـەوە زیندانییـان چەنـد جـار دەبـردە ئـەوێ. جـاری یەکـەم نـاوی «پروندەخوانـی» یـان «تفهیـم اتهـام»، واتـە پێداچوونـەوەی فایلـی ئەو تۆمەتانـە بـوو کـە سـاواک لـە کەسـەکەی دابـوون و بەگوێـرەی ئـەوان داوای سـزادانی کەسـەکەی کردبـوو. دادگای نیزامـی سـەربەخۆیی‌یەکی نەبـوو و لەژێـر کارتێکەریـی سیاسـەتی دەوڵـەت و خواسـتی سـاواکدا خەڵکـی مەحکـووم دەکرد. پەروەندەخوانـی هـاوکات بـوو لەگـەڵ پارێـزەر گرتـن. پارێزەرەکانیـش هەمـوو «تەسـخیری»، واتـە داسـەپاوی سـاواک خـۆی بـوون دەنـا زیندانـی نەیدەناسـین و هەڵینەدەبـژاردن؛ هـەر هەمووشـیان ئەفسـەرانی خانەنشـینی ئەرتـەش بـوون و کـەم تـا زۆر هیچیـان لـە دەسـت نەدەهـات، جگـە لـەوەی ڕواڵەتـی دادگایەکـی شـێوە ئورووپایـی بپارێـزن. لـە قۆناغـی دواتـردا دادگا دەبەسـترا و پارێـزەر هەندێـک لـە سـەرۆکی دادگاکـە دەپاڕایـەوە، بەڵکـوو سـەرنج بداتە لایەنـی ئەرێنیی کەسـایەتیی زیندانـی و قـەراری قورسـی بـۆ دەرنـەکا و شـتی لـەم چەشـنە. پاشـان قـەرار دەردەچـوو. لـە قۆناغێـک دواتـردا، دادگای پێداچوونـەوە، واتـە «تجدیدنظـر» هەبـوو، ئەویـش کـەمورزۆر بـە هەمـان شـێوە بەڕێـوە دەچـوو و بڕیارەکان لە پێشەوە پێش‌بینی دەکران، هەر ئەوە و ئیتر تەواو.

مـن کـە چووم بۆ خوێندنـەوەی پەروەندەکەم، جگە لە قسـە و ئیعتیرافاتی خۆم، دووسێ لاپەڕە قسە و بۆچوونی ئەو برادەرە سنەیی‌یەش لەسەر پەروەندەکەم بوو، واتە من هیچ هاوپەروەندەیەکم جگە لەو کەسـە، نەبوو. ئیعتیرافاتی من دوو دەسـتە


بوون یەکەمیان سەبارەت بە وەرگرتنی نامیلکەکان و بردنەوە و شاردنەوەیان لە بۆکان بوو بە لیستەی ناوی نامیلکەکانەوە، جا لە بیرم نییە ئایا عەینی نامیلکەکانیش نێردرابوونە دادگا یان نا؛ دووهەمیان سەبارەت بە ڕاپۆرتێک بوو کە لێیاندابووم و گوتبوویان گوایە تفەنگم پێبووە و گوللەم هاویشتووە. تەنیا دوو کەس دەیانتوانی ڕاپۆرتی گوللەهاویشتنیان لێدابێتم: هەمان ئەو کوڕە ئاغایەی وا باسم کرد یا مامۆستاکەی هاوکاری خۆم.

لە دادگادا پرسیارێکی ئەوتۆیان لە خۆم نەکرد و زیاتر پارێزەرەکەم قسەی بۆ کردم. پارێزەرەکەم پیاوێکی گەلێک باش بوو. ژمارە تەلەفۆنی ماڵی خۆمانم پێدابوو، پەیوەندیی پێوە کردبوون و خاڵی خۆشەویستم حاجی حەمەڕەشیدی محەممەدیان هاتبووە تاران چاوی پێی کەوتبوو، بەدزییەوە پارەیەکیشی دابوویە. کابرا لە دادگادا زۆرم بۆ پاڕایەوە و هەوڵی دا دڵی حاکم نەرم بکا، بەڵام لە ئەنجامدا هەر زیندانێکی دوو ساڵەیان بەسەردا بڕیم.

داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکەم کرد. دادگای «تجدیدنظر» پێکهات، «سەرهەنگ خواجەنووری»ی جەللاد، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەم بوو. کاتێ ئەوەم بیست، ئەژنۆم شکا و دڵنیا بووم دوو ساڵم لێدەکاتە دە ساڵ! بەڵام بەپێچەوانە، قەراری دادگای پێشووی شکاند و کردی بە ساڵ و نیوێک! شتی وا کەم ڕووی دابوو، خواجەنووری قەراری دادگای بەرایی کەم بکاتەوە! بەڵام کردی. بە بۆچوونی خۆم پارێزەرەکەم لەم کارەدا دەوری بینی. لە بیرمە ڕۆژی دادگایی کردنی دووهەم، کاتێ هەستابووە سەر پێ و دیفاعی لێدەکردم، ئەو هەژارە، لاقی وەک شەقشەقە دەلەرزی، ناچار من کە لەلای دانیشتبووم، لاقم نابوو بە لاقییەوە بۆ ئەوەی تەکان و شەکانی نەبێ! خواجەنووری لای ئەوان هەیبەتی زۆر بوو. هەر چۆنێک بێ، قەراری کۆتایی دادگای پێداچوونەوەم بۆ ساڵ و نیوێک زیندان دەرچوو، کە شەش مانگێکیم کێشابوو. گەڕاندیانمەوە قزڵقەڵای موبارەک!

ئەوەی خوارەوە نەخشەی زیندانی قزڵقەڵایە کە خۆم کێشاومەتەوە. من لە ژووری عموومی ژمارە ٢دا بووم. ئەو ژوورە و ژووری ئینفرادییەکەی خۆشم

لەسەر نەخشەکە بە ئەستێرە دیاری کردووە:




## مولاقات لە قزڵقەڵا

ڕۆژێکیان لە قزڵقەڵا بانگیان کردم بۆ مولاقات. کە چووم پێم سەیر بوو، دایکم هاتبوو لەگەڵ نەمر کاک قادری سالمی. کاک قادر خزممان بوو لەگەڵ کاکم و دایکم پێکەوە هاتبوون. کاکم مولاقاتەکەی بۆ خۆی و دایکم وەرگرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا کە لە بازاڕەوە وەڕێکەوتبوو بێ بۆ قزڵقەڵا، درەنگ کەوتبوو و نەگەیشتبوویە، قادر گیانیش ئەو مەترسییە گەورەیەی وەئەستۆ گرتبوو و خۆی لەجیاتی کاکم

لــە قەڵەمدابــوو و ئیجازەنامەکەی تەحویلی پاســەوانی بــەردەرگا دابوو، ئەوانیش لە مەســەلەکەیان نەکۆڵیبۆوە و گوتبوویان بڕۆنە ژووریٚ. چاوپێکەوتنەکە حزووری و لــە دەفتــەری زیندان بوو. هەر چوومە ژووریٚ، ڕاســتەوخۆ چووم دایکم ماچ کرد و لەجیاتــی ئــەوەی بڵێم چۆنی چاکی، لە بنگوێی‌دا گوتم: «باســی ڕەحمانم نەکردووە!» نەمــر ڕەحمانــی محەممەدیــان یــەک لــەو کەســانە بــوو کــە نامیلکەکانــم پێدابــوو بیخوێنێتەوە. دایکم هەر لە زووەوە لەگەڵ سیاســەت و زینداندا ناســیاوی هەبوو و لــە ســەردەمی کۆمــار و ســاڵانی ١٣٣١ ـ ٣٢ و گیرانی کاکمەوە بەباشــی شــارەزای کاری نهێنی کردن و کتێبشــاردنەوە بوو و لەو شــتانە باش تێدەگەیی. ئیدی دوای ئەم قسەیە و کاتێ زانیم مەئموورەکان لە مەسەلەکە نەگەیشتوون، خەیاڵم ئاسوودە بوو لەبەروەی لە زیندان هەر نیگەران بووم نەکا ئەم خزمەشــمان بە ئاگری منەوە بسووتێ و بیگرن.

دواتر ماوەیەک قســەمان کرد، بە کوردیٚ و فارســی و مەئموورەکانیش زۆریان پرکێشی نەدەکرد. من حوکم درابووم و کارم تەواو ببوو. بەینێکی باش دانیشتین و قســەمان کرد، دایکم هەوڵی دەدا نەگری، لە کۆتایی‌دا گوتیان کات تەواوە و دیســان مــاچ کردنــی هەردووکیان و ڕۆیشــتنیان. یادی دایکیشــم و قادر گیانیــش بەخێر بیٚ کە ئەو ڕیســکەی کردبوو و نەترســابوو بێتە چاوپێکەوتنم. قادر دەســتەگوڵێک بوو نموونەی نابێتەوە، پاســدار و بەســیجی میاندواو دوو ســاڵێک دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ئەو دەســتەگوڵەیان پەرپەڕ کرد. وەختێک هەواڵەکەم بیســت گێژ بووم، نەمدەویست باوەڕ بکەم. نە مردنی باوکم و نە هی کاکم هێندەی کوژرانی ئەو شــوێنیان لەســەر دانەنام.

بەهەرحــاڵ، چەنــد مانگێک لە قزڵقەڵا بووم، کە دەمگــۆ بڵاوببۆوە گوایە قزڵقەڵا چۆڵ دەکەن و دەیڕووخێنن و ئێمەش دەبەنە زیندانی ئێڤینی تازە.

### ئێڤینی تازە

ڕۆژێکیــان ئێمــەی هــەر ســێ بەنــدە عموومییەکــەی زیندانــی قزڵقەڵایــان ســواری

ئوتوبووسێک کرد و ئەوانی ئینفڕادیشیان بە مینیبووس هێنا و بردیانین بۆ زیندانی ئێڤین. وا بزانم کۆتاییەکانی هاوین یان سەرەتاکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٣ بوو، هەوا هەر گەرم بوو و ئوتوبووسەکە مەنفەزی نەبوو، زۆریش درەنگ وەڕێکەوت، تا وەڕێکەوت چەند کەس بوورانەوە. ئیتر دەرگای جەهەننەمی قزڵقەڵا داخرا و دواتر ڕووخێندرا. لە قزڵقەڵا چها نەکرابوو و چ ئارەزووهایەک بۆ ئازادی و عەداڵەت و بەرانبەری لەوێ بەربا نەچووبوو، چ جینایەت و ئەشکەنجە و ئازارێک تووشی ئازادیخوازان نەهاتبوو؟ هەموو ئەم کارانە لەو هاوینەی ساڵی ١٣٥٣دا بوون بە مێژوو و ئیتر دیاردەیەکی چەپەڵ بەناوی زیندانی قزڵقەڵا لەسەر ڕووی زەوی پاک بووەوە، بەڵام ڕووی ڕەشی ئەشکەنجەچییەکانی ڕژیمی پەهلەوی هەرگیز پاک نابێتەوە. دوای ئازاد بوونی من شوێنی قزڵقەڵا بوو بە مەیدانی میوە و تەڕەبار، من چووم و ویستم بە حیسابی کۆڵانەکانی دەوروبەر شوێنی دەقیقی بەندە عوومی و ئینفیرادییەکان بدۆزمەوە. تازە هەموو شت تەواو ببوو و ئەو خەڵکەی دەهاتنە شوێنەکە هەمووی لە بیری ئەوەدا بوون سێو و پرتەقاڵەکەیان تمەنێک هەرزانتر بکڕن، کێ بوو دەنگی شەللاق و هاواری ئەشکەنجەکراوان ببیسێ و پەڕەی گوڵی ئاواتەکانی ئەم هەموو لاوە بێتاوانە کۆبکاتەوە کە بە درێژایی دەیان ساڵ بەدەست زیندانبانەکانی شاهی شاهانەوە هەڵوەریبوونە سەر خشتەسوورەکانی زەویی «سوورەقەڵا»؟ ژیان تا بووە هەروا بووە. دەڵێن ئەو زیندانی «باستیل»ەی وا لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسەدا دەرگای کرایەوە و ئەم هەموو ناوەی دەرکردووە، تەنیا حەوت زیندانیی تێدا بووە و ئەوانیش دز و قاچاخچی بوون! بەڵام قزڵقەڵای ئاریامیهر تەنیا شوێنی زیندانیانی سیاسی بوو، زۆرێک لەو دەستەگوڵانە لەژێر ئەشکەنجەی حکوومەت نیزامیی بەختیار و ساواکی شادا گیانی پیرۆزیان لە دەست دابوو.

ئەوە چارەنووسی ئێمەیە بەدەست ئەو ڕژیمانەی ناوچەکە کە ئەگەر زیندانێکیان داخست یەکی گەورەتر بکەنەوە! هەر چۆنێک بێ، ئێمەیان لە قزڵقەڵاوە بردە ساختمانی تازەی زیندانی ئێڤین، واتە دەستەی ئێمە ئاخرین زیندانییانی قزڵقەڵا و

یەکەمین زیندانییانی ئەم ئێڤینە بووین کە ئێستا هەیە. دیارە لاقمان بە بەرەکەت بوو! لەبەروەی دواتر لە سەردەمی مەلاکاندا ئێڤین چەند قات گەورە کرایەوە! نەک هەر ئێڤینیش بەڵکوو لە هەموو شار و شارۆچکەیەک لە قزڵقەڵا خراپترێکیان کردەوە، هەر ئەوەندەی ماوە لە گوندەکانیش لەجیاتی قوتابخانە زیندان بکەنەوە!

هەر چۆنێک بێ، قزڵقەڵا زۆر خۆش بوو، ئازاد بووین و دەهاتینە حەوشەکە دەگەڕاین، بەڵام لە ئێڤین کردیانینە کونەوە و تەنیا ڕۆژێ سەعاتێک دەیانبردینە شوێنێک کە هەر بەنێو حەوش بوو، دەنا دیواری بڵیندبڵیند و ئاسمانی بەرز و زەوی سەختی کۆنکرێتی نەبێ هیچ نەبوو. سەرەتا باش بوو خەڵک کەم بوون، بەڵام ژمارەی زیندانییەکان بەرەبەرە زیادی کرد و ژوورەکان پڕ بوون. زیندانەوانەکانیش فەرقیان کرد. لە قزڵقەڵا زیندانەوان هەر نەدەهاتنە نێو زیندان مەگەر بۆ کارێکی تایبەت نەبووایە، دوای چەند خولەکیش دەڕۆیشتن و هەر خۆمان دەماینەوە، زۆریش نێوچاوان ترشاو نەبوون، بەڵام ئەوانەی ئێڤین مرچومۆڕ بوون و دوژمنانەتر لەگەڵمان دەجووڵانەوە، هەموو دەم و سەعاتێکیش لووتیان بە لووتمانەوە بوو. دەرگاکان دادەخران و دەبوو بێن بیکەنەوە. من لەگەڵ هاوبەندانی پێشووم لە سلوولی عموومی بووین و ئەوە باشتر بوو لە ئینفرادی. چەند مانگێک لەوێ مامەوە بێئەوەی مولاقاتم هەبێ. پاشان بردیانم بۆ زیندانی قەسر. لە ڕاستیدا دوای کومیتە دەبووایە بمنێرن بۆ قەسر، بەڵام ئەو ماوەیەی قزڵقەڵا و ئێڤین وەک تەمێ کردن و سزادان وابوو، دەنا من حوکم درابووم و نەدەبووایە لە «بازداشتگا»ی بێ مولاقات و بێئیمکاناتدا ڕامبگرن، بەڵام کوێی کارەکانی ساواک ڕاست بوو تا ئەوەیان چەوت بێ!

### زیندانی قەسر

لە ئێڤین هیچ مولاقاتێکیان پێنەدام. دواتر کاکم باسی ئەوەی کرد چەندیان هەوڵ دابوو، بەڵام نەیانتوانیبوو ئیجازەی مولاقات وەربگرن. ساواک ئەزیەتی دەکردم و دوای دادگا و مەحکوومبوونیش لە کۆڵم نەدەبوونەوە. سەرەنجام دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر

گیرانەکەمدا بردیانم بۆ قەسر. با لە بیرم نەچێ، لە هەر زیندانێکەوە دەیانبردم بۆ یەکی دیکە، جلوبەرگی خۆمیان پێدەدامەوە و لە بەرمدەکردن، بەڵام کە دەگەیشتینە زیندانە تازەکە دیسان لێیان دەستاندمەوە و بەرگی تایبەت بە ئەوێیان لە بەر دەکردم، ئەوراق و شتومەکی نێو گیرفانیشم لەگەڵ پەروەندەکەمدا بەدەست مەئموورەکانەوە دەبرا و دەدرا بە زیندانە تازەکە. هەموو جارێک لێیان دەپرسیم ئەو کاغەزی «ئەحمەدئاغا»یە چییە و ئەو کەسە کێیە؟ ئەوە بەتەواوەتی وەڕەزی کردبووم و نەشیاندەداوە دەستم بیدڕێنم لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. دەمگوت هەر دەستم پێی بگا دەیدڕێنم و خۆم لەو پرسیارانە ڕزگار دەکەم، بەڵام ئەوەم بۆ نەلوا تاوەکوو چووم بۆ قەسر. قەسر زیندانی شارەبانی بوو و دەکرا کەرەسە و شتومەکی نێو گیرفانی خۆت پێ بێ. هەر ئەوەندەی کاغەزەکەم گەیشتەوە دەست، خێرایەک دڕاندم و فڕێمدا. ئەوانەشم دواتر، یادی بەخێر بێ بۆ کاک ئەحمەدی سامبەگی دەگێڕاوە و دەمگوت ئەگەر ئەو شەوە زوو بهاتبایەتەوە ئەو یادداشتەم نەدەنووسی، ئەو کاغەزەش چوار زیندانی تاران نەدەگەڕا و تۆش لای زیندانبانەکان وا مەشهوور نەدەبووی!

لە قەسر، سەرەتا بردیانین بۆ بەشی «قرنطینە». بەشی «قرنطینە» دنیایەکی سەیر بوو. داڵانێکی ڕەش و پیس و پۆخڵ، هەمووی زیندانییانی عادی. ئێمەش سێچوار کەس زیندانیی سیاسی بووین لە ئێڤینەوە چووبووین و چوارپێنج کەسیش لە کومیتەوە هاتبوون، هەموومان لەلایەک لە دەوری یەکتر کۆ ببووینەوە و لە ئینساف نەگوزەرێین ئەوانی دیکە ئازارێکیان بۆمان نەبوو، بەڵام شەڕ و هەرایان لەگەڵ یەکتر هەبوو، جارێکیان شەڕیان دەکرد، یەکیان لینگە کەوشێکی لەوی دیکە گرت، ڕاست هات و درا لە سەری هاوڕێیەکی ئێمە! بەڵام ئەم شتانە زۆر نەبوون. دووسێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە تا ڕاپانگواستین بۆ بەندی سیاسییەکان.

ئەوانەی لە کومیتەوە هاتبوون یەکیان کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بوو، کە دەمناسی. کاک عەبدوڵڵا ئاماژەی بە دوو کەس لە سیاسییەکان کرد کە پێکەوە لەگەڵ ئەو لە کومیتەوە هاتبوونە ئەوێ و گوتی ئەو دوو کەسە بران و دەڵێن

باوکیان لە بۆکان بووە، ناویان «شەیبانی»یە، تۆ نایانناسی؟ گوتم هەی نەبێ! ئەوانە کوڕی حاجی شەیبانین، یەکەم مودیری مەدرەسە لە بۆکانی ساڵی ١٣٠٧. من بەهۆی خاڵمەوە، لە تاران هاتوچۆی ماڵی شەیبانیم دەکرد لە کۆڵانێکی پشتەوەی مەیدانی شەهناز (ئیمام حوسێنی ئێستا)؛ هەر شەیبانیش یەکەم ماڵی لە تاران بۆ بەکرێ گرتم. چووم بۆ لایان و هەواڵی باوک و دایکیانم پرسی. دواتریش کە لە زیندان هاتمە دەرێ چوومە ماڵیان و هەواڵی منداڵەکانیانم بە دایک و باوکیان ڕاگەیاند، لە مردنی حاجی شەیبانیش‌دا لەگەڵ خاڵم چووم بۆ سەرەخۆشیی کەس‌وکارەکەی. لەم ساڵانەدا کاک عەبدوڵڵای موهتەدیم بینی و باسی زیندانم لێ پرسی، بەڵام لە بیری نەمابوو کە لەو ساڵەدا لە زیندان پێکەوە بووبێتین.

هەر چۆنێک بێ، دوای دووسێ ڕۆژ بردیانین بۆ بەندی سیاسی. وەبزانم بەندی ٢ و ٧ بوو. بەندی سیاسی سەرجەم ٦ بەند بوو و یەکی تازەشیان لێ زیاد کردبوو کە حەوشەکەی لەگەڵ بەندی ٢دا هاوبەش بوو. بەندی ٢ و ٧ شوێنی زیندانییانێک بوو کە زیندانەکەیان قورس نەبوو، واتە تا دووسێ ساڵ بوو. قەسر لەچاو ئێڤین و قزڵقەڵا زۆر خۆش بوو، کتێبی لێ‌بوو و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە؛ مولاقاتیش کەم‌وزۆر هەبوو.

کاتێ گەیشتمە بەندی ٢ جگە لە کەسانێک کە لە کومیتە بینیبوومن، کەسم نەدەناسی، هاوپەروەندەشم نەبوو، ئەو برادەرە سنەیی‌یەش وا بە گرتنی دابووم ماوەیەک لەوێ ببوو و پاشان بەبێ چوونە دادگا و مەحکووم بوون و زیندان بۆ بڕینەوە، ئازاد کرابوو. تاقە شتێک کە جێگەی بەتاڵی ئەو تەنیایی‌یەی بۆ پڕ کردمەوە، وجوودی چەند زیندانیی کورد و یەکیان شەهید سولەیمانی تیکانتەپە بوو. سولەیمان لە من کەم‌تەمەنتر، بەڵام تێگەیشتوو و میهرەبان و دڵسۆز بوو. هەر لە ڕۆژی یەکەم‌دا گەلێک لە پەیوەندییەکان و یاساکانی زیندانی بۆ ڕوون‌کردمەوە. من سولەیمانم بە دۆستێکی باش و جێگەی متمانەی خۆم دەزانی و هەرواش بوو. کاتێ لە شەڕی ساڵی ١٣٥٨ی سنەدا شەهید کرا زۆرم خەفەت خوارد و چوومە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی. یادی بەخێر بێ. کاک «طیب سیادت»یش لەوێ بوو. تەیب لە بنەماڵەی حاجی بابەشێخی تورجان و

مرۆڤێکی ساغ و بێفێڵ و قسەخۆش و جێگەی ڕێز بوو. قسە کردن لەگەڵ ئەو، باری زۆری لێ سووک دەکردم. هەروەها کاک «زاگرۆس خوسرەوی» خەڵکی سابڵاغ لەوێ بوو، ئەویش وەک کاک سولەیمان و کاک تەیب مرۆڤێکی باش بوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ڕۆیشت، لە بیرم نییە بردیانە کامە بەند، لەبەروەی دواتر هیچ نەمبینییەوە. کاک عەبدوڵڵای موهتەدیش لەگەڵ دوو کرێکاری تورکی ئازەربایجانی لەوێ بوون و هاوپەروەندەی یەکتر بوون. نازانم کاک عەبدوڵڵا حوکمی چەند ساڵ زیندانی وەرگرتبوو، بەڵام دەزانم من زووتر لەو ئازاد بووم و دوای گەڕانەوەی بۆکانم، لەگەڵ کاک سەلاحوددینی موهتەدی جارێک چوومە خزمەت دایکیان لە ماڵی خۆیان و هەواڵی سەلامەتیی کاک عەبدوڵلام پێدا.

لە زینداندا کێشە و گرفت زۆر بوو. ئاشکرایە سەرەکیترین کێشە، کێشەی نێوان زیندانی و زیندانەوان بوو. لە ڕابردوودا زیندان بەگشتی لەژێر هێژمۆنیی زیندانییە چەپەکاندا بوو، کە بەتایبەت دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە توودەیییەکاندا خۆلاسە دەبۆوە. دیارە بە تەنیشت ئەوانەوە ناسیۆنالیستە کورد و ئازەرییەکان و هەندێک سەرۆکعەشیرەی کورد و لوڕیش لایەنێکی دیکەی زیندان بوون. بە هاتنی ئیسلامییە خومەینیچییەکان لە دەیەی چل و سەرهەڵدانی بزاڤی چریکی لە ساڵی ١٣٥٠ هاوسەنگییەکان تێکچووبوون و چەپرەوی ڕووی لە هەڵکشان بوو. ڕژیمیش زیاتری سەخت لێدەگرتن و ماوەبەماوە، یەک لەو ئیمتیاز و ئەو سەربەخۆیییانەی لێدەسەندنەوە کە پێشتر هەیانبوو و پۆلیس و ساواک لووتی زیاتریان دەوەژاندە کاروباری زیندانیيانەوە. هەر کام لە بەندەکانی زیندانی سیاسیی قەسر لە ڕێگەی «کۆمۆن»ێکەوە بەڕێوە دەبرا کە زیندانییەکان پێکیاندەهێنا و بەرپرسانی زیندانیان مەجبوور دەکرد بە قبووڵ کردنی. کۆمۆن هەموو هەفتەیەک چەند کەسی دادەنا بۆ کار و خزمەت و خاوێنکردنەوە و ڕاگەیشتن بە خواردنی خەڵکی نێو بەندەکە و پاکوخاوێنیی بەند.

لە سەردەمی چوونی من بۆ قەسردا هەوڵی زیندان ئەوە بوو کۆمۆنەکان تێکبشکێنن و نەیانهێڵن، کەس لەگەڵ کەسدا خواردن نەخوا و هەر کەسەی بەرپرسی

خـۆی بـێ. زیندانییـەکان ئەوەیـان قبـووڵ نەدەکـرد و لـە بەرانبەری‌دا دەوەسـتان. ڕۆژێکیـان ڕایانگەیانـد کـەس حەقـی نییـە لەگـەڵ کەس‌دا نانـی نیوەڕۆ بخـوا، بەڵام «کۆمۆن» گوێی نەدایە قسەیان و خواردنەکان دوو بە دوو دانران. من ئەو ڕۆژە لە داڵانەکە لەسـەر سفرە دووورودرێژەکە دانیشتبووم و لەگەڵ کەسێکی دیکەدا پێکەوە خواردنمـان دەخـوارد. ئەفسـەرێک هاتـە ژووریّ و ناوی چەند کەسـێکی یادداشـت کـرد کـە یەکیـان بەهەڵکەوت مـن بووم. پاشـان بڵیندگۆ ئـەو ناوانـەی خوێندەوە و داوای لێ‌کـردن بچـن بـۆ ژێـر هەشـت (واتـە بـۆ دەفتـەری زینـدان). وا بزانـم ٨ تا دە کـەس دەبوویـن. چوویـن. بە ڕیز ڕایانگرتین. ئەفسـەرێکی زۆر تووڕە و تۆسـن هـات و بەربووە هەڕەشەوگوڕەشـە، چیتـان لێ‌دەکەین و دەتاننێرینـەوە کومیتە بۆ ئەشـکەنجە و لەبـەر خۆش‌شانسـی منیش نەفەری یەکەمی ڕیزەکـە بووم! هەر هاتە پێشەوە، بە هەموو هێز و قووەتی خۆی زلـلەیەکی لێدام کە تا ئەو کاتە زلـلەی وام لێ‌نەدرابوو. بۆ ماوەیەک گێژ بووم، دەستم بە دیوارەوە گرت و نەمهێشت بکەوم. وا بزانم کابرای ئەفسەر خۆی تێگەیشت زیادەڕۆیی کردووە و نەدەبووایە ئاوا لە منی بەلەباریکی لاواز بدا، ئیتر لە کەسـی دیکەی نەدا و تەنیا هەندێک هەڕەشـەی دیکەی لێ‌کردیـن و گوتـی جـاریّ بڕۆنەوە ژووریّ با بزانم. چووینەوە، بەڵام ئەو شـەوە و ڕۆژانـی دواتریـش هـەر پێکـەوە نانمان خوارد! بۆیـان نەچووە سـەر، خەڵکەکە لەو پەیوەندییەدا یەکگرتوو بوون، هەر بۆیەش زیندانەوان هیچیان بۆ نەدەکرا.

باسـی یەکگرتووییـم کـرد، کێشـەیەکی دیکەی نێـو زیندان کێشـەی ئیدیۆلۆژیک بوو. ئیسـلامییەکان سـەفی خۆیان جیاواز بوو و جگە لە هەندێک کاری هاوبەش و گشـتی، حەشرونەشـریان لەگـەڵ یەکتر بـوو و تاکوتەرایەکیان نەبـێ لەگەڵ ئێمەدا نەدەجۆشـان، هـەر خەریکی نوێـژ و ڕۆژووی خۆیان بوون. جگە لـەوان، عالەمەکە بەگشتی نوێژی نەدەکرد و ڕۆژووی نەدەگرت. زۆرێک لە ڕێبەرانی ئێستای کۆماری ئیسـلامی ئـەو دەم لەویّ بـوون لەبەروەی هیچکامیان زیندانیـی زۆریان پێنەدرابوو ببرێنە بەندەکانی سـەرەوەتر. ئیسـلامییەکان مەلایەکی دەبەنگی گاڵتەجاڕیان لەنێودا بوو ناوی «شجوونی» بوو کە دوای شۆڕش کرایە نوێنەری مەجلیس و دەڵێن ئێستا

نیوەی کەرەجی کردۆتە هی خۆی. شجوونی ئەو دەم دەیگوت ١٣ جار گیراوم، هەر جار لە زیندان ئازاد دەبم، نرخی «نوحەخوانی»م یەک تمەن دەبەمە سەرەوە! دیارە ئێستا یەک تمەنەکان بۆی بوونەتە یەک میلیارد تمەن! کابرا جگە لە پووڵ و پارە باوەڕی بە هیچ شتێک نەبوو. لە بەرانبەردا کەسانی جێگەی ڕێزی زۆریشمان لەگەڵ بوو بۆ نموونە فەرەیدوون تۆنێکابۆنی، نووسەری توودەیی و چەند کەسی سەر بە ڕێکخراوی چریکی فیدایی و موجاهیدینی خەڵق.

کێشەیەکی دیکەی زیندان ئەوە بوو خەتی فکریی چەپەکانیش یەک نەبوو، چریک لەلایەک و توودەیی لەلایەکی دیکە، موجاهیدینی خەڵقیش سەفی خۆیان هەبوو. خەڵکانی سەربەخۆی وەک منیش هەبوون، بەڵام کەم بوون و کەس هیچمانی بە جیددی وەرنەدەگرت. ئەم جیاوازییانە زۆر دەرنەدەکەوتن و لە کاروباری گشتیدا چەشنە پێکهاتن و یەکگرتنێک هەبوو، بۆ نموونە لە وەرزشی بەیانان و ئێواران یان لە کاری خاوێنکردنەوە و ئامادەکردنی خواردندا...

لەو ماوەیەدا کە لە قەسر بووم، چەند جار، مان لە خواردن گیرا بۆ ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە کارێک یان ڕووداوێک. یەکیان ئەو ڕۆژە بوو وا ساواک بیژەن جەزەنی و ٨ کەسەکەی دیکەی فیدایی و موجاهیدی ئیعدام کرد، بەڵام لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا وای دەرخست کە گوایە ویستبێتیان هەڵێن و ئەوانیش تەقەیان لێکردبێتن! ڕۆژنامەی کەیهانی ئەو ڕۆژەیان کە هێنا، عالەم هەموو مات بوون و حەپەسان، خواردن نەخورا و بەو بۆنەیەوە ماوەیەکی زۆر بێدەنگی کرا و پاشانیش وەرزش بەڕێوەچوو کە ئەوەندەی بزانم هەمووان تێیدا بەشدار بوون. هەندێک لە جووڵە وەرزشییەکان بەناوی قارەمانانی زیندانەوە کرابوون و وەرزش و «نەرمش» بەواتای بەربەرەکانی و دژایەتیکردنی ڕژیم و تەسلیم نەبوونی ئەوان بوو؛ زیندانیش بەوەی دەزانی.

بەندی ٢ هەندێک کتێبیشی لێڕاگیرابوو کە کەسێک لەلایەن زیندانییەکانەوە دەبووە بەرپرسی ڕاگرتنی لیستی ناوی ئەو کەسانەی وا ڕزێرویان دەکردن و لە کەسێکیان وەردەگرتەوە و دەیاندایە کەسێکی دیکە. من ماوەیەک بەرپرسی ئەو کارە

بـووم، بـەڵام بەگشـتی، زیاتر لەنێو خـۆمدا بووم و کەمتر لەگەڵ خەڵک دەجۆشـام، هەموو ماوەی تەمەنم هەروا بووم و ئێستاش هەروام.

لـە بەنـدی سیاسـیدا هەمـوو زیندانییـەکان سیاسـی نەبوون و هەندێک کەسـی دیکـەش کـە کاریـان کەوتبـووە دادگای نیزامـی، تێکـەڵاوی سیاسـییەکان بـوون. لە بەندی ٢دا کابرایەکی کورتەباڵای چوارشانەی فارس هەبوو، دووکانداری بەند بوو. ئـەو کابرایـە سیاسـی نەبـوو و بە ڕۆژ دەچـووە دەرەوەی بەند نازانـم چی دەکرد، بـەڵام پەیوەندیـی بـە دەفتـەری زیندانەوە هەبـوو. کە دەڵێـم دووکانـدار، ڕەنگە بیر لـەوە بکرێتـەوە چ سـوپرمارکێتێکی گەورەی لێبووە، ئـەوەی پێی دەگوترا دووکان، قوژبنێکی بچووک بوو هەر جێگەی کابرا خۆی دەبۆوە، بۆ ناوی سوێندەکە تەنانەت یەک بنێشـت یان نوقڵیشـی تێدا نەبوو. کابرا تەنیا ڕۆژانی چوارشـەممە لیستی چەند کیلۆ ماسـت و هەندێک سـیری پێدەدرا ڕۆژی دواتر بیهێنێ و پووڵەکەی وەربگرێ، ئـەوەش بـۆ ئـەوە بوو لـە ڕۆژانی هەینیدا سـیر و ماسـت دەخورا کـە دەگوترا بۆ سەلامەتی باشە.

کابـرای دووکانـدار حیکایەتێکـی خۆشـی هەبـوو دەیگێڕایەوە و قاقـا پێدەکەنی. گوایە لەگەڵ دوو کەسـی دیکەدا دەچن لە گوندێکی دەوروبەری «وەرامین» چلچرای ئیمامزادەیـەک بـدزن و بیفرۆشـن! شـەودرەنگان پەیـژە دەبەن و دەچنە سـەری و چلچـرا لـە گوڵمێخی میچەکە جیـا دەکەنەوە، ئیمامزادەش لەو ژێـرەوە وەدەنگ نایە هیممـەت و بەرەکەتـی بخاتـە کار و نەهێڵـێ چـرای ماڵەکـەی بدزرێ! کاتـێ چلچرا بـەرز دەکەنـەوە، لەبەر قورسـی ناتوانن ڕاییگرن و لە ئەنجـامدا جەنابی چلچرا لەو سەرەوە زرم دەکەوێتە خوارێ ئەو هەموو گلۆپەی کە پێوەی بووە هاوکات پێکەوە دەشـکێن و وەک بۆمبا دەنگ دەدەنەوە! خەڵک پێدەزانن و دەرژێن بە سـەریاندا و دەیانگـرن، لەبـەروەی یەکیـان دەمانچەیەکی پێدەبێ، دەیاندەن بـە دادگای نیزامی و لە ئەنجامدا سـەر لە بەندی ئێمە دەردەهێنن! کابرا زۆر ڕازیتر بوو بدرێ بە بەندی عادی، بەڵام نەیاندەدا لەبەروەی کاریان پێی بوو و هەواڵی نێو بەندی بۆ دەبردن.

### مولاقات لە زیندانی قەسر

لــە مــاوەی مانــەوەم لە زیندانی قەســردا دوو جــار چاوپێکەوتنی بنەماڵــەی خۆمانم هەبــوو. یەکــەم جــار دایکــم و کاکــم هاتــن بــۆلام، گوایە خاڵیشــم، یــادی بەخێر بێ، لەگەڵیــان بــوو، بــەڵام ئیجازەیــان نەدابــوو بێتــە ژووریٚ. مولاقاتەکان لە پشــت دوو محەجەرییــەوە بوو، مولاقاتییەکان محەجەریی خۆیــان هەبوو و زیندانییەکانیش هــی خۆیــان، لــە نێوانیش‌دا پاســەبان هات‌وچــۆی دەکرد و گوێی ڕادەگــرت. ئێمە بە کــوردی قســەمان دەکــرد، بــەڵام مەئموورەکە کە جل‌وبەرگی دایکمــی دەدیت دەنگی نەدەکرد، دیارە ئەو نەیدەتوانی بە فارسی قسە بکا.

جاری دووهەم تەنیا کاکم هاتبوو. دوای ئازاد بوونم گوتی کاتیٚ هاتم بۆ مولاقات، کاک سەلاحوددینی موهتەدی کە هاتبوو چاوی بە کاک عەبدوڵلا بکەویٚ، پێشنیاری کــرد هــاوڕیٚ لەگــەڵ یەکتر بچینــە ژووریٚ بۆ ئەوەی لای یەکتر ڕابوەســتین و کاک عەبدوڵــلا و ئەنوەریــش کە هاتن چاومان بە هەردووکیان بکەویٚ. هەرواش بوو، من کە چووم بۆ مولاقات و کاک عەبدوڵلاش هات، لای یەکتر ڕاوەستا بووین. لە بیرمە کاک عەبدوڵــلا لە کاک ســەلاحی پرســی: «حــال **ئەزبەنی** چطوراســت؟» نیازی ئەوە بــوو بارودۆخــی شۆڕشــی ئەیلــوول و بارزانی چۆنە؟ بــەڵام ئەوەی بە شــێوازێکی تاکەکەســی دەگــوت وەک ئــەوەی کەســێک بیٚ و نەخۆش بیٚ بۆ ئــەوەی مەئمووری گویٚڕاگر لێی تێنەگا. کاک ســەلاح کە قســەکەی دەناســییەوە، گوتی زۆر نەخۆشــە، هەرچــی دەرمانــی دەدەنــیٚ فایدەی نییە لەوانەیە نەژی! من ئەم شــێوە قســە کردنەم پیٚخۆش بوو، ئەوان هەردووکیان لە من و کاکم سیاســیتر بوون و دەیانزانی چۆن قســە بکەن. من تەنیا پرســیاری بنەماڵە و کەس‌وکارم لە کاکم دەکرد و هەوڵم دەدا بزانم دوای گیرانی من کەس نەگیرابیٚ یان بانگ نەکرابێتە ساواک، بەڵام ئەوان باسی مەسەلەی گشتیتری سیاسییان دەکرد.

### ئازادی بە شێوازی ساواک!

ماوەی مانەوەم لە زیندانی قەســر دەوروبەری شــەش مانگ بوو و ماوەی حوکمی زیندانەکەشــم لــە تــەواو بوون بــوو. ڕۆژانە کەســانێک کە مــاوەی مەحکوومییەتیان

تەواو دەبوو، ئازاد دەکران و شـەوی پێشـتر ماڵاوایی‌یان لە خەڵکەکە دەکرد. هەروا دوو سـێ هەفتەیەک پێش ڕۆژی ئازاد بوونم هەواڵ هات کە ئەو کەسـانەی وا لەم ماوەیـەی دواییدا لە قەسـر ڕۆیشـتوون و بە خەیاڵ ئازادیان کـردوون، هیچکامیان بەکردەوە ئازاد نەکراون و ڕوون نییە چییان لێ بەسەر هاتووە. ئەم هەواڵە هەموو لایەکـی نیگـەران کرد. سـەرەتا باوەڕ بە هەواڵەکە نەدەکرا، چـۆن دەبێ دوای تەواو بوونـی ئـەو مەحکوومییەتەی وا خۆیان بڕیویانەتەوە، کەسـەکە ئـازاد نەکەن! بەڵام شـتەکە دوای ماوەیەک پشتڕاسـت کرایەوە و دەرکەوت کە ساواک دوور لە هەموو یاسـایەک ئازادبـووەکان ئازاد نـاکا! خۆ ئەو دەم ڕێکخراوەکانـی داکۆکیکەری مافی مرۆڤیش یان نەبوون یان لە بەرانبەر شا و نەوت و ئۆپێکدا قڕوقەپیان کردبوو. کەس نەیدەزانـی بۆچـی وایە و دەیانـەوێ چی بکەن. درەنگتر لە ڕێـگای مولاقاتییەکانەوە هەواڵ هات کە هەموو ئەوانەی وا لە قەسـرەوە ئازاد کراون، نەچوونەتە دەرەوە و ڕاسـتەوخۆ براونەتە ئێڤین. ئێڤین گیان، شـەش مانگ بوو لێت دوور کەوتبوومەوە، وا دەمهێننەوە خزمەتت!

ڕۆژی ئازادیی منیش گەیشت! جلوبەرگ کۆ کرایەوە، بڵێندگۆ ناوی ئازادبووانی ئـەو ڕۆژەی خوێنـدەوە، منیش لەگەڵ بووم. چـووم بۆ دەفتەری زیندان و دەفتەر و دەستەک هێنرا و ئیمزا وەرگیرا، وەک ئەوەی لە زیندانی قەسرەوە ئازاد کرابێتم! بەڵام هەر ئەوەندەی کارەکان تەواو بوون گوتیان بچۆ ئەو ژوورەی پەناوە و لەوێ دانیشە. چووم وکاتێ ئەوانی دیکەش هەموو کۆبوونەوە. بانگیان کردین، سواری ماشێن بووین و ئێڤین خۆ بگرە هاتین!

### حوللەمەرەسێ

جارێکی دیکە زیندانی ئێڤین! بردیانینە نێو بەندێک لە بەندەکانی ئێڤین و لە ژوورێکی گەورەیان داناین کە پێش ئێمە لایکەم ٢٠ ـ ٣٠ کەسی تێدا بوو و نزیک بە هەموویان هەمان ئەو کەسانە بوون کە پێشتر پێکەوە لە زیندانی قەسر بووین: «سەلاموعەلێکم حەمـە، میوانـی تـۆم ئـەم ژەمـە!» کـەس نەیدەزانـی بـۆ لەوێیـن و دوای ماوەیـەک

زیندانوانــەکان درکاندیــان کە ماوەی زیندان «نامحدود»ە و بەدەســت دادگاومادگاوە نییە، ســاواکە بڕیار دەدا، بیلامانێ گونڕەشیشــە و دەتوانێ هەرچی پێیخۆشە بیکا! بەڕاشـکاوی گوتیـان ئازادییــەک لــە ئــارادا نەمــاوە، مولاقاتیش نییە، دەبێ ســەرینی خاترجەمی بنێنە ژێر سەرتان و لێی دابنیشن! سادقی هیدایت ئەم شێعرە فارسییەی بۆ گازندە لە ڕەزاشــا هەندێک گۆڕیبوو و وا ئێســتا لە ســەردەمی ئاغازادەکەشــیدا کــە بــارودۆخ هەمانە، بەکەڵکــی خوێندنەوە دێ. دەکرێ لەو وڵاتانــەی ئێمەدا زەمان بوەســتێنرێ هیچ، تەنانەت بگەڕێندرێتە دواوەش، وەک مەلاکان ماوەی سەدەیەکیان گەڕاندە دواوە. ئەوە شێعرەکەیە کە هیدایەت هەندێک گۆڕیویەتی:

**در کف خرس خر، ک...ن پاره‌ای**

**غیر تســـلیم و رضا، کو چاره‌ای؟**

لەبیرم نییە چەند، بەڵام بە دڵنیایی زیاد لە شەش مانگ لە ئێڤین مامەوە و وەک باقی خەڵکەکە «میللی کێشی»م کرد. مولاقات زۆر کەم بوو، هەواخۆریش یان نەبوو یان کەم بوو، میوەیان نەدەداینێ و بەگشتی بارودۆخێکی خراپ هاتبووە ئاراوە. کەس نەیدەزانــی چ دەقەومــێ، حکوومەتی شــا دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەهێزتر ببــوو، چەکوچۆڵــی زیاتــری کڕیبوو، هەر لــەو ماوەیەدا کە من لــە زیندان بووم، بە قیمەتی خەیانەت بە شۆڕشی کورد، کێشەی «شط العرب»ی لەگەڵ عێراق چارەسەر کردبــوو، وڵاتەکە بە سیســتەمی یەک حیزبی بەڕێــوە دەچوو، کە ئەو یەک حیزبەش تەنیا «شــووڵپاکەر»ی شــا و ساواک بوو و دەســەڵاتی لە دەسەڵاتی ئێمەی زیندانی زیاتر نەبوو![1] زەمین و زەمان دەبووایە گوێ بۆ شای شاهان و ئەرتەش و ساواک شل بکەن و بەرەو «تمدن بزرگ» بئاژوێن کە هیچ نەبوو جگە لە جبەخانە و تەیارە و بۆمبای بە دۆلاری نەوت کڕدراو بۆ هەڕەشە کردن لە هاوسێ و بەراوسێ. وڵاتانی ڕۆژاوا گیرۆدەی قەیرانی نەوت بوون و نەیاندەویســت شــا لە خۆیان بڕەنجێنن کە

١. بڕواننە بەرگی چواری یادداشتەکانی عەلەم بۆ ڕادەی بێدەسەڵاتیی حیزبە دەسکردەکانی شا.

لە ڕێکخراوی «ئۆپێک»دا قسەی برەوی هەبوو، بانگ و هەرای مافی مرۆڤ و گەلێک ئەسڵ و بنەمای وەک داکۆکی کردن لە زیندانیانی عەقیدەتی پشتگوێ خرابوو و بەگشتی بارودۆخێک ڕەخسا بوو کە تێیدا شا و ساواک هەستیان دەکرد دەتوانن ملهوڕی لە هەموو خەڵکی ئێران بکەن و دەشیانکرد، جا زیندانیی هەژاری لە قەڵای پۆڵایینی ئێڤیندا ڕاگیراو چی لە دەست دەهات، ئێوە بڵێن!؟

**مولاقات لە ئێڤین**

لە ئێڤین نە کتێب هەبوو، نە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن. خەڵکەکە ڕۆژ و شەو هەر دادەنیشتن و پاڵیان بە کاتەوە دەنا بەڵکوو زوو تێپەڕ بێ، ئەویش نەدەجووڵایەوە! مولاقات کەم بوو، بەڵام هەبوو. دوای پێنج مانگێک سەرەتای ئازادیش پەیدا ببوو و چەند کەسێکمانیان ئازاد کرد و هەر ئەوەش دڵی خۆش کردبووین واتە لەوسەری تۆنێلەکە، ڕووناکییەک با کەمیش بێ، دەرکەوتبوو.

ڕۆژێکیان بانگیان کردم بۆ مولاقات. بردیانمە ژێر چادرێک لە حەوشی ئێڤین، وادیار بوو شوێنی مولاقاتەکەیان تەعمیر دەکرد و ئەو شوێنە کاتییەیان بۆ مولاقات دانابوو. سەیرم کرد دایکم و کاکم لەوێ دانیشتوون. گوتیان زۆرمان هەوڵ داوە تا ئەو مولاقاتەمان وەرگرتووە، بەزەییم پێیاندا هات، کاکم دووکان و کاسبییەکەی بەجێهێشتبوو و کەوتبووە شوێن مولاقات وەرگرتن بۆ من، دایکی هەژاریشم بەو لاقە نەخۆشەیەوە داخودا لە چەند دەرکەی دابوو و لە چەند نامرۆڤ پاڕابۆوە تاکوو بتوانێ چارەگە سەعاتێک چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ. گوتیان میوەی زۆرمان هێنابوو نەیانهێشت لە کیلۆیەک زیاتر بهێنینە ژووری، سەد تمەنیشمان بۆ خەرج و مەخاریج بۆ بەجێهێشتووی گوتوویانە لەوە زیاتر نابێ. دڵم نەهات نارەحەتیان بکەم و بڵێم پوول چی لێدەکەم و لەکوێ خەرجی دەکەم؟ دوای هەندێک ئەحواڵپرسیی کەسوکار، بەگریانەوە لە یەکتر جیابووینەوە. کاکم و من هەوڵمان دەدا خۆڕاگر بین، بەڵام دایکی هەژار ئەوەی لە دەستی دەهات هەڵوەراندنی دڵۆپی فرمێسک بوو و بەرگریشی لێنەدەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک قورس و قایم بوو و نە

لەو ملۆزمە دەپاڕاوە کە لەوێ دانیشـتبوو، نە گوشـاری دەخسـتە سـەر من. دەزانم دونیایەکـی دیکـە نییە، بـەڵام ئەگەر هەبێ بۆ ئەو ڕەنج و ئازارەی تووشـی دایکم و کاکم کردووە دەبێ بکەومە قووڵایی جەهەننەمەوە. هیچم لە دەسـت نەدەهات، ئاهی ئـەم دوو مەزلوومـە هـەژارەش نەدەگەیشـتە هیچ بارەگایەک، تـۆ دەبێ بەهێز بی و نەیەڵی زوڵمت لێبچێ دەنا ئاهـ و ناڵە کەڵکی بۆ کەس نەبووە لە دواڕۆژیشدا نابێ.

دوای ئـەوەی لـە زینـدان هاتمـە دەرێ دایکم و کاکم بۆیان گێڕامـەوە ئەو ڕۆژە دوای مولاقـات چـۆن گەڕاونەتـەوە نێـو تاران. گوتیـان لە بەردەرکی ئێڤین تاکسـی نەبـوو، ماوەیـەک چاوەڕوان ماینەوە ئینجا بەناچاری بەپێیان وەڕێکەوتین بچین بۆ سەر ئوتووبانەکە بەڵکوو لەوێ تاکسییەک بگرین. بە قەراغ جادەکەدا دەڕۆیشتین کە زیخی پێدا بڵاوکرابۆوە. دایکم لەسەر ئەو زیخ و چەوە لاقی وەردەگەڕێ و دەکەوێ بە زەویدا. کاکم دەچێ تاکسی بهێنێ و دایکم سوار بکا، ڕاست لەو کاتەدا ماشێنێک بـەوێدا تێپـەڕ دەبـێ، کاتـێ دایکـم دەبینێ لە قـەراغ جادەکـە کەوتووە، دەوەسـتێ. ماشـێن کـێ لێی دەخوڕێ؟ «ڕەسـووڵی»، واتـە هەمان ئەو بازجووەی وا سـەعاتێک پێشتر ئیجازەی مولاقاتەکەی منی پێیدابوون! دەپرسێ چی بووە؟ دایکم هەر بەسەر زەوییـەوە دەگـری و بە کوردی و نیوە فارسـییەک دەڵی لە من گەڕێ، کوڕەکەم بۆ ئازاد بکە! ڕەسـووڵی بەزەیی پێیدا دێ و دەڵێ «چشـم مادر، چشـم!» ئیتر لێدەدا و دەڕوا. کاکیشـم لەسـەر ئوتووبانەکە تاکسـییەک دەهێنێ، لەگەڵ دایکم دەڕۆنەوە بۆ هوتێلەکەیان لەنێو شار.

مـن دوای مولاقـات بـە کیلۆیـەک میـوەوە گەڕامـەوە نێو بەند، دوو دانە سـێو و هەرمـێ و شـتی وا. باشـە چلپەنجـا کـەس چ دەتوانن لەو چوارپێنـج میوەیە بکەن؟ هێنایان بە بنی لیوان لە نێو کاسـەیەکدا هەڵیانشـێلان و وەک مەعجوونیان لێکرد، ئینجـا مقەببایەکـی وەک کەوچکی چاییان تێخسـت و بە خەڵکەکـەدا گێڕایان گوتیان هەر کەس نیوە کەوچکێک بخوا، منیش نیوە کەوچکی خۆم لێخوارد. تامی ئەو نیوە کەوچکە لە هەموو ئەو میوە ئاڵ و واڵایەی ئێستا لێرە هەیە و دەیخۆم، خۆشتر بوو!

## ئازادی

کورتـی بکەمـەوە. هـەروا مانگێک و دووانی دیکەی پێچـوو، بانگیان کردم و گوتیان ئازاد بووی! جا نازانم هەر ئازادییەکەم لە بەرنامەیاندا بوو یان بارودۆخی کەوتنی دایکـم و بەڵێنـی ڕەسـووڵیش دەوری تێـدا بینـی. چوومە دەفتەری زینـدان و لەگەڵ هاوبەندییەکی دیکەمدا پێکەوە ئازادیان کردین. هاوبەندییەکەی دیکەم لاوێکی ڕیش و سمێڵ زەردی ئیسلامیی خەڵکی دەوروبەری ئیسفەهان بوو. لە کاتی ڕۆیشتندا ئەو سـەد تمەنەیان دامەوە وا کاکم لە مولاقاتەکەدا بۆی بەجێهێشـتبووم، بەڵام کابرای ئیسـفەهانی پووڵـی پێنەبـوو، داوای پووڵی ڕێگای لێکـردن، دە تمەنیان دایە، زۆری هاوار کرد چۆن بە دە تمەن دەگەمەوە ئیسفەهان؟ فایدەی نەبوو، گوتیان یاسا لە دە تمەن زیاتر ئیجازە نادا. گوتم خەمت نەبێ من پووڵم پێیە دەتدەمێ و وەڕێکەوتین. کە لە زیندان هاتینە دەرێ تاکسـییەکمان لەسـەر ئوتووبانەکە گرت، لە تاکسـییەکەدا هەموو سـەد تمەنەکەم دا بە کابرای ئیسـفەهانی و گوتم دە تمەن کرێ تاکسییەکەی لێبـدە و ئـەوی دیکەی هەڵگرە بۆخۆت، هـەر کارێکی کرد و گوتی بابە پازدە تمەنم بەسـە، گوتـم نابـێ، من لە تاران خەڵکم هەیـە و بۆ پووڵ دانامێنم، تۆ بیدە بە دیاری بۆ کەسوکارەکەت. ئیتر من لە مەیدانی ٢۴ی ئیسفەند (ئینقلاب) دابەزیم و ئەویش بە هەمان تاکسی چوو بۆ «شمس العمارە»ی ناسر خوسرەو لەوێ سواری ئوتوبووسی ئیسفەهان بێت.[1]

---

١. ئەو قسـەیەم بۆیە گێڕایەوە بڵێم چاکە و خزمەتکردنی خەڵک هەمیشـە کارێکی باشـە و چاکە دێتەوە ڕێی کەسـەکە. دوای ئەم ڕووداوە، کاتێ کە لە سـەردەمی کۆماری ئیسلامیدا (ساڵی ١٣۶٠) جارێکی دیکە لە تاران گیرامەوە و برامە ئێڤین، گەرچی بازجووەکان نیقابێکی سـپییان بە ڕووی موبارەکیاندا دەدا و خۆیان دەشـاردەوە و من دەموچاوی بازجووەکەی خۆم بەڕوونی نەدەدیت، بەڵام دوای بیرکردنەوەی زۆر و بە حیسـابی شـێوە و شـێواز و هەروەهـا بەهـۆی ئەو پرسـیارانەوە کە لێی دەکردم، هەسـتم کـرد بازجووەکەم هەمان ئەو پیاوەیـە وا لـە سـەردەمی شـادا پێکەوە لە ئێڤین ئازاد کراین و سـەد تمەنەکـەم دایە! زۆرم لەگەڵ میهرەبان بوو، لێی نەدەدام، هەر دەیپرسـی باشـە لەکوێ زیندانی بووی؟ لەگەڵ کێ؟ چـۆن ئـازاد کـرای؟ لەگەڵ کێ؟ ناوی هاوبەندییەکانت لە بیر ماوە؟ گەرچی سەداسـەد دڵنیا نیم، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لام وایە کابرا هەمان ئەو شەخسە بوو، لە ماوەی دە ڕۆژیشدا لە زیندان ئازادی کردم، نامەشی پێدام کە منیان بە هەڵە گرتووە و دەتوانم بگەڕێمەوە سەر ئیـشوکاری خـۆم! دوای ئازادبـوون نامەکـەم دا بـە برادەرانی ئەکسـەرییەت. لام وا نەبوو

کاتێ لە زیندان هاتمە دەر و بەگوێرەی ئەو هەوالانەی وا لە دۆست و برادەرم بیست، بارودۆخی ئابووریی ئێران لەچاو ئەو ساڵەی وا تێیدا گیرام (دوو ساڵ و چەند مانگ پێشتر)، گەلێک گۆڕابوو. هۆکارەکەشی گران بوونی نرخی نەوت بوو کە ببووە هۆی ئەوەی پووڵ و پارەیەکی زۆر کەوتبووە دەستی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت. دیارە بودجەی ئەسڵی سەرفی کڕینی چەک‌وچۆڵ و هەروەها دزی‌وفزیی کاربەدەستان دەبوو، بەڵام وردەوپردەیەکیشی هاتبووە دەستی خەڵکەوە و بەچاو دەمدیت وەزعی خەڵک لە جاران باشتر بوو. من کە گیرام، دوایین حقووقی مانگانەی مامۆستاییم وەک دەبیری لیسانسیە لە تاران، ١٣٠٠ تمەن بوو. کە لە زیندان هاتمەدەرێ برادەرە هاوکارەکانم چوارپێنج هەزار تمەنیان وەردەگرت! دیارە نرخی شت‌ومەکیش چووبووە سەرێ، بەڵام بەگشتی وەزعی ئابووریی توێژی مامناونجی لە جاران باشتر بوو. لە بەرانبەردا، بارودۆخی سیاسی هەتا بڵێی خراپ بوو. ساواک گەلێک لە جاران زیاتر دەسەڵاتی سەندبوو و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لەوپەڕی کەمی و کەساسیی‌دا بوون، زۆر کەس لە خۆیان دەترسان لەبەروەی بە کەمترین بیانوو دەگیران و دەخرانە زیندانەوە. دواتر دیتم ئەم هەل‌ومەرجە لە کوردستان گەلێک لە شوێنەکانی دیکە خراپتر بوو و بێ‌ئەوەی ڕەونەقی ئابووری لەوێ وەک تاران بەرچاو بێ گوشاری ساواک و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژیم زیاتر لە جاران زەق و ئاشکرا بوو.

## هاتنەوە بۆ بۆکان

لە تاران چوومە ماڵی برادەرێکی خۆشەویستم لە هەمان ئەو شوێنەی وا لێی گیرابووم و لەوێوە بردبوویانمە «کمیتە ضد خرابکاری». بە دیتنی ئەو و ئەو دۆست و برادەرانەی ماڵەکە و کەسانی دیکەش کە هاتنە سەردانم، گەشامەوە. لەگەڵ برادەرەکەمدا هەمان ڕۆژ چووین بۆ تێلگرافخانە و لەوێوە تەلەفۆنم بۆ بۆکان کرد کە بڵێم ئازاد کراوم.

---

لە ڕۆژنامەی «کار»دا بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام لەپڕ دیتم بڵاوکرایەوە. ئیتر نازانم زیانی بە کاروباری ئەو کەسە گەیاند یان نا، بەڵام من پێم‌خۆش نەبوو و بە شوێنی‌دا لە ڕێکخراوەکە ئیستیعفام دا و هاتمە دەرێ، تا ئەمڕۆش ئیتر نەچوومەتە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسییەوە.

گوتیـان خاڵـت لـە تارانـە و بچۆ بـۆ لای ئـەو. چووم. خاڵـم، حاجی حەمەڕەشـیدی محەممەدیان، کەسـێکی تێگەیشـتوو و کارجوان بوو. جووتێک کەوشـی بۆ کڕیم و گوتی پێش هەموو شـت دەبێ بچین بۆ شـیرکەتی ئەو کابرایەی وا تەڕەف حیسـابی کاکتە و لەو ماوەیەدا زۆری زەحمەت کێشـاوە بۆ مولاقات وەرگرتنەکانت. چووین. هەمـان ئـەو شەخسـە بوو کـە لە یەکـەم مولاقاتدا لـە کومیتە پێکـەوە لەگەڵ کاکم دانیشتبوو. چایەکمان خواردەوە و زۆرم سپاس کرد. بەداخەوە ناویم لە بیر نەماوە، بەڵام کابرایەکی بەهایی زۆر جێگەی ڕێز بوو. بۆ هەمیشە مەمنوونیم.

ئەو شـەوە، مامۆستا محەممەدی نووری (شاعیر) کە ئەو دەم نوێنەری بۆکان لە مەجلیـس بـوو، هاتە چاوپێکەوتنی خاڵم. دەیزانی منیـش ئازاد کراوم و لەگەڵ ئەوم، دیـارە بـۆ لای ئـەو هاتبوو نەک من، بـەڵام هەر ئەوەندەش کە هـات و لەلای منیش دانیشـت بـۆ بارودۆخـی ئەو سـەردەمەی کەسـێکی وەک ئـەو ئازایەتی بـوو، یادی بەخێر بێ.

ڕۆژی دوایی سەرەتا چووم بۆماڵی حاجی مەهدی شەیبانی کە وەک گوتم دوو کوڕی لە زیندان بوون و باسی ئەوانم بۆ کردن. پاشان بلیتی ئوتوبووسم وەرگرت و چووم بۆ تەورێز. لەوێ میوانی دوو دۆستی خۆشەویستم بووم. بە تەلەفۆن لەگەڵ بۆکان قسـەم کرد، واامان بە سـەڵاح زانی کە بە ئوتوبووسـی «شـەوانە»ی کرماشان بچمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی خزم و دۆسـت و برادەر نەیەن بۆ پێشـوازی و بە دەسـت ساواکەوە تووشی کێشە نەبن، بڕیارمان دا کاکم بێ بۆ میاندواو و منیش لە میاندواو بێدەنگێـک دابـەزم ئینجـا پێکەوە بچینەوە بۆ بۆکان، بەڵام کاتـێ لە میاندواو دابەزیم دیتـم کاکـم و دەدوازدە کەسـی دیکـە لە دۆسـت و خزمان زەحمەتیان کێشـابوو و هاتبـوون. لـە بـاوەش گرتـن و ماچومـووچ، ئینجـا وەڕێکەوتن بۆ بۆکان و ڕاسـت چوونەوە ماڵێ لای دایک و خوشـکەکانم کە گیرانی من تووشـی ئازار و زەحمەتی زۆری کردبـوون و تەنانەت هەندێـک بەرنامەی بنەماڵەکەمانی لێ تێکدابوون. باوکم لەمێژ بوو نەمابوو.

بەیانـی تـازە لە خەو هەسـتا بووین میوان دەسـتی کرد بە هاتن. زۆری لەسـەر

نـاڕۆم هـەر لـە بەیانییـەوە هەتا نیوەشـەو خەڵک بـوو دەستەدەسـتە دەهاتن، ژنان بەجوێ و پیاوان بەجوێ. ماوەی سێ ڕۆژ لەبەر میوانداریيەتی و چێشتلێنان هەموو لـە دەسـتوپیل کەوتبـوون و خوشـکم نەخۆش کەوتبـوو، نەماندەزانی لـە بەرانبەر ئەو هەموو گەورەییەی خەڵکدا چی بکەین، غافڵگیر ببووین. خەڵک لە شـارەکانی دیکەشـەوە دەهاتـن و ببوو بـە وەزعێک کە لە تاقەت و توانـای هەمووان چووبووە دەرێ و نیگەرانـی ئـەوە بوویـن لای سـاواکیش ڕەنگدانەوەی هەبێ. شـەوانە دوای نانخواردن دووکاندارەکانی شـاری دەهاتـن. دەزانم زۆربەیان لەبەر خاتری خاڵم و کاکـم دەهاتـن، بـەڵام هەر ئەوەنـدەی مەترسـییەکەیان دەبینی و شـلوێ نەدەبوون، جێگـەی ڕێـز بوو. ماڵی یەک لە تاجرەکانی بۆکان، بـرا گەورەیان وەفاتی کردبوو و سەرەخۆشییان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو برای مەرحوومەکە هەموو شەوێک دوای نانخواردن دەهاتنە ماڵمان و دادەنیشتن، من لە خەجاڵەتییان دەبووم بە ئاو و هیچیشم پێنەدەکرا.

ڕۆژی سـێهەم کە تەواو بوو بە سـەڵاح و مەسـڵەحەتی هەموو لایەک وا بەباش زانـرا کاکـم دووکان بکاتـەوە، منیـش لـە ماڵەوە دانەنیشـم و لەگـەڵ برادەرێکدا بە ڕاسـتە شـەقامەکەی بـۆکاندا تـا لای گاراج پیاسـەیەک بکـەم و بگەڕێمـەوە، ئینجـا لـە دووکانـی کاکـم دابنیشـم بـا خەڵکەکـە ببینـن کـە ئیتـر لـە ماڵـەوە نیـم و چیتـر زەحمەتـی هاتن نەکێشـن. پلانەکە بێسـوود نەبـوو و ئەو لافاوەی وەسـتاند، بەڵام هـەر سـەعاتێ دواتـر لـە ماڵـەوە تەلەفۆنیان کـرد و گوتیـان میوانت هەیـە وەرەوە ماڵـێ! کـە چـووم، زۆرم پێخـۆش بوو، لاوێکی سیاسـیی خەڵکی بـۆکان بوو کە من ڕێـزی زۆرم لێدەگـرت و دوایـی چـووە نێـو کۆمەڵـەوە و وا بزانـم ئێسـتا لەگـەڵ حیکمەتیسـتەکانە. گەلێـک ڕێنومایـی کـردم و بارودۆخـی بۆکانـی لـەو سـاڵانەدا کـە لـە زینـدان بـووم، بـۆ شـیکردمەوە. گوتـی سـاواکییەکانی مەهابـاد ڕۆژانـی چوارشـەممە دێن بۆ بۆکان و سـەردانی هەندێک شـوێن دەکەن و ناوی شوێنەکانی پێ گوتم.

بـۆ ماوەیـەک لە بۆکان مامەوە، کارم نەبوو و لە دووکاندا یارمەتیی کاکم دەدا.

نەمدەزانــی دەبــێ چــی بکەم و کار لەکوێ بدۆزمەوە. لەبــەروەی بە حوکمی دادگای نیزامی مەحکووم کرابووم، ئیتر مافی گەڕانەوە سەر ئیشوکاری دەوڵەتیم نەبوو و تەنیا دەمتوانی لە کەرتی تایبەتدا کار بکەم، کەرتی تایبەتیش لە بۆکان چی دەکرد! تەنیا دەکرا دووکانداری بکەم و تەواو.

خواوڕاســتان، ڕۆژێکیــان کاک حەســەنی ئەیــووبزادە لە تارانــەوە تەلەفۆنی بۆ دووکانــی کاکــم کردبــوو و گوتبــووی کاک جەلیلــی گادانی دەڵێ کارێکــم بۆ ئەنوەر دۆزیوەتەوە ئەگەر پێی خۆشە با بێ بۆ لام لە تاران قسەیەکی لێبکەین. دەسبەجێ چــووم. کاک جەلیــل ڕەئیســی کارگوزینیــی شــیرکەتی «انبارهــای عمومــی ایــران» کۆنتراتچیی ئیدارەی گوومرگ، بوو. شیرکەتەکە لە تاران و خوڕەمشەهر و تەورێز و جولفــا و چەنــد شــوێنی دیکەی ئێران لقــی هەبوو. کاک جەلیل لە ئیــدارەی ناوەندیی شــیرکەتەکە زۆر دەسڕۆیشــتوو و جێگەی ڕێز بوو و سەرپەرشتیی لقی شارەکانی دیکەشــی دەکــرد. زۆر بــە میهرەبانییــەوە گوتــی کام شــارت پێ خۆشــە هەڵیبژێرە، دەتنێرمــە ئــەوێ. مــن شــتی وام بــە خەونیش نــەدەدی بمکەنە سەرپشــک بۆ کار و شــوێنی کار! تەورێــزم هەڵبــژارد و ئەویش حوکمی بۆ نووســیم. ئــەو گەورەییەی کاک جەلیلم هەرگیز لە بیر نەچۆتەوە و ناچێتەوە.

لە تەورێز ماوەی چەند ســاڵێک کارم کرد، منیش بووم بە مودیری ئیداریی لقی تەورێز و ئاغای مودیر کەری نێر نەیدەکێشــا. گوومرگ بە شــێوەی نەریتی شــوێنی بەرتیــل و دزی کــردن بوو. من ئەو فێڵانەم لەگەڵ نەبــوو و مودیر عامیلیش ئەوەی دەزانــی، منیــان دەناســی و متمانەیــان پێدەکردم، دیــارە لــەوەدا کاک جەلیل دەوری گرنگی هەبوو. ئەو خۆی مرۆڤێکی پاک بوو و سوێندیان بە سەری دەخوارد، منیش کە جێگەی بڕوای ئەو بووم، بە هەمان چاو سەیر دەکرام و دواتریش ئەوەم پیشان دا. هــەر بەگشــتی مودیرانی شــیرکەتەکە خەڵکانی دەســپاک و بەشــێکی بەرچاویان سیاســی و توودەیــی یــان لــە تەیفی توودەیی بــوون. لە هەموو ئــەو ماوەیەدا کە لە تەورێــز کارم کــرد، تاقە تمەنێکم جگە لە حقووقی مانگانــەم نەچووە گیرفانەوە و لە حقووقەکەشم بەشێکیم بە قەرز دەدا بەکرێکارەکان و دەفەوتا و دەخورا. زۆر دژی

دزی‌وفزی بووم، هەر کەسێ ئەو کارانەی بکردایە دەرمدەکرد. سێ ساڵێکی لێمامەوە. جێگـەی دەردی‌دڵ و چارەسـەری کێشـەی هەمـووان بووم. تەنیـا دز و بەرتیلخۆر خۆشـیان نەدەویسـتم، ئەوانیش لەبەر فەزای گشـتیی نێو کرێکاران نەیاندەوێرا فزە بکەن و هەڵوێستێک دژ بە من دەرببڕن. شیرکەتی تەعاونیی کرێکارانم دامەزراند و تـا مـن لەوێ بووم لە هەڵبژاردنی مودیری شـیرکەت تەعاونـی‌دا کەس خۆی کاندید نەدەکـرد لەبـەروەی بـە بوونی من کـەس دوو دەنگیشـی نەدەهێنایـەوە. پێم خۆش نییە ئەوانە بڵێم، بەڵام وەک ئەزموونێک باسـی دەکەم کە دەکرێ لە شـوێنێکی وەک گوومرگیش‌دا کار بکەی و پاک بی. من وا بووم، بەڵام هێشـتا نەدەگەیشـتمە پاکی و بێخەوشـیی کاک جەلیـل و هەندێکی دیکە لە هـاوکارە توودەیی‌یەکانم کە گوڵخەنی گوومرگیان کردبووە گوڵشـەن. دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ جارێکیان لە شەقامێکی تاران تووشـی مودیرەکەی پێشـوومان بووم. لەپێش‌دا ڕاوەسـتا و ماوەیەک بە واق‌ووڕی سەیری کردم، ئینجا گوتی ئێوە نەسلی دایناسۆڕ بوون، فەوتان و نەمان، ئێستا بڕۆ بزانە لەوێ چ خەبەرە!

لە سـەرەتای کار و ژیانم لە تەورێز، هێشـتا ترسـی سـاواکم هەر لە دڵدا بوو، زۆر بەپارێـزەوە هات‌وچـۆی خەڵکـم دەکرد و زیاتر بە کارەکەمـەوە خەریک بووم. تەنانەت برادەرێکی کوردم کە پێشـتر لە تاران پێکەوە بووین و زۆرمان بەشـداریی خۆپیشـاندانەکانی زانسـتگە کردبـوو، بانگـی کردمـەماڵی خۆی و گوتی کەسـی لێ نییە، هەر خۆمم، بەڵام هەر نەمدەوێرا بچم و دەترسام کەسێکی ناپاک بە هەواڵەکە بزانێ و ساواک ئاگادار بکاتەوە و بگەڕێمەوە بەردەم ئارەش و ڕەسووڵی و ئاپۆلۆ! ئەو ترسەم هەبوو و پێی لێدەنێم. حەق بووم یان نا، نازانم، بەڵام ئاوا بووم. ساواک هەر لەو ماوە کەمەدا وا لە بۆکان دەژیام، چاوترسـێنی کردبووم. جارێکیان پوورم نەخۆش بوو و جگە لە دوکتۆر قادری شـێخی کەسـی پێ دوکتۆر نەبوو، چووم بۆ ماڵـی دوکتۆر شـێخی بیبەمە سـەر نەخۆشـەکە، هەر لـە دەرگام دا، گوتیـان لە ماڵ نییـە و منیـش گەڕامەوە دواوە. چەند ڕۆژ دواتر بانگیان کردمە سـاواکی مەهاباد و پرسـیاری پەیوەندیی خۆم و دوکتۆر شـێخییان لێکردم. دەیانویست بڵێن ئاگاداری

هەموو شتێک هەین، گەرچی کەموزۆر دەمزانی کێ لەو نزیک ماڵی دوکتۆر شێخییە چاوی پێم کەوت و دەبێ هەر ئەویش ڕاپۆرتی لێدابێتم. دوای یەکدوو ساڵ، وردەوردە هێزم هاتەوەبەر و ورەی کار و قسەکردنم زیاتر بوو، بەتایبەت لەگەڵ چەند هاوکاری خۆم کە لە پلەیەکی بەرزی ڕێکخراوەیی دوو ڕێکخراوی چەپی ئێراندا بوون و ڕۆژانە پێکەوە کارمان دەکرد و شەوانەش دەچووینە ماڵی یەکتر.

## ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧

دوای ماوەی سێ ساڵێک مانەوەم لە تەورێز، نیشانەکانی شۆڕشی گەل سەریان هەڵدا و بارودۆخ گۆڕا. ڕۆژی ٢٩ی بەهمەنی ١٣٥٦ لە نێو شاری تەورێز بووم کە خۆپیشاندانە گەورەکەی چلەی شاری قوم بەڕێوەچوو و کوژرانی خەڵک و سووتانی دووکانانم بە چاوی خۆم بینی. ڕاستەوخۆ بەشداریی خۆپیشاندانی ئەو ڕۆژەم نەکرد، بەڵام خۆپیشاندەرانم دەدیت و چەند کوژراویشم بینی کە لەسەر جادە و کۆڵانەکان کەوتبوون، بریندارێشم بینی کە خەڵک دەرگایان لێدەکردنەوە و دەیانبردنە ژووری بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ئەرتەش و پۆلیس و ساواک. درەنگتر دەشچوومە سەفی خۆ پیشاندەرانەوە و تەنانەت شەوانە دەچوومە مزگەوتێک کە دەگوترا مەلاکەی دژ بە ڕژیم قسە دەکا.

لە کۆتاییەکانی تەمەنی ساواکدا، جارێک لە ساواکی تەورێزەوە بانگیان کردم. سەقز و سابڵاغ کەم بوو، ئێستا نۆبەی ساواکی تەورێزیش هاتبوو! پرسیاری سەرکارگەرێکیان لێکردم کە دیار بوو مەئمووری خۆیان بوو و دەیانپرسی بۆچی دەرکراوە. گوتم دز و بەرتیلوەرگر و ملهوڕە و مانەوەی لە بەرژەوەندیی شیرکەتدا نییە. نەیاندەویست ڕاستەوخۆ بڵێن نابێ دەریبکەن، دەیانگوت فەقیرە و قەرزدارە و باش وایە ئاگایەکتان لێی بێ! گوتم دەچم و دەپرسم بزانم چیم بۆ دەکرێ، بەڵام هەر نەمگێڕایەوە سەر کار، ئەوانیش دوای ماوەیەک گۆڕبەگۆڕ بوون و داموودەزگایان پێچرایەوە. شۆڕش تۆماری ساواکی پێچایەوە و ساواکی تەورێز کەوتە بەر هێرشی خەڵک و گیرا. برادەرێکی گەنجم کە لە هێرش کردنە سەر ساواکدا بەشداریی کردبوو و

دەمانچەیەکیشـی هێنابـووە دەرێ. دەمانچەکـەی دا بـە مـن، منیـش دواتـر بردمەوە بۆکان و دام بە «کومیتەی شۆڕش»ی شارەکە.

دوو ڕۆژ پێش سـەرکەوتنی شـۆڕش، چریکـە فیدائییەکانـی خەڵـق لـە تەوریـز «هفتـە همبسـتگی بـا خلـق کرد»یـان لە زانسـتگەی تەوریـز بەڕێوەبرد کە لـە فەزای ناسیۆنالیسـتیی تورکیی ئازەربایجان و شـاری تەورێزدا هەنگاوێکی باش بوو. لەو کارەدا ڕاسـتەوخۆ بەشـداریم کرد، هەم چوومە تاران و داوام لە چەند کەسی کورد کرد بێن و لە سالۆنەکەدا قسە بکەن، هەم خۆم قسەم کرد.

ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش، واتە ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧یش ژمارەی ٢٠ کەسێک لە لایەنگرانی فیدائییان لە بۆکانەوە هاتبوونە تەورێز هەتا بەشداری ڕێوڕەسمەکە بن، یەکیان شەهید مینەی شێرخانی بوو. دوای تەواو بوونی بەرنامەکە هەموویان پێکەوە هاتنە ماڵەکەی من. لەوێ دانیشـتبووین کە تەلەفیزیۆن سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلی ڕاگەیانـد و هەموو پێکەوە سـروودێکمان گوتەوە کە لە تەلەفیزیۆنەوە بڵاو دەبۆوە. ڕۆژێکی خۆش بوو، کێ پێی وابوو مەلای لابەلا شۆڕشەکە دەقۆزنەوە و دەیکەن بەهی خۆیان، بەڵام با ئەوە بڵێم من ماوەیەک پێشتر و لە ڕۆژی تاسووعای ساڵی ١٣٥٧دا لە تاران بووم. لەو ڕۆژەدا خۆپیشاندانێکی گەورە دژ بە ڕژیمی شا لە تاران بەڕێوە چوو. منیش بەشداریم تێدا کرد و لە گەڕانەوەمدا بۆ تەورێز کاتێ دەمگوت لە تاران مەلا و ئیسـلامییەکان سـەرەپەتی هەموو کارەکانیان بەدەسـتە، هاوڕێ چەپەکانم باوەڕیان پێنەدەکـردم. ئێمـە لە خـەون و خەیاڵدا بووین و ئەوان هاتـن بەروبووی زەحمەتی سالآنی خەڵک و ئێمەیان دزی و کردیان بە هی خۆیان، ڕۆژاوایییەکانیش لە ترسی تەیاری چەپ یارمەتیی ئەوانیان دا و خومەینییان لە نەجەفەوە بردە کوەیت و پاریس و لەوێـوە بـە فڕۆکەی تایبەتی ئەیرفڕانس هێنایانەوە ئێران، ئێسـتا ئەوانیش وەک ئێمە بەدەست مەلا و قاعیدەوماعیدەوە گیریان خواردووە و بۆیان قەمتەر ناکرێن.

هـەر چۆنێـک بێ، بە سـەرکەوتنی شـۆڕش و ڕووخانی ڕژیمی شـایەتی، منیش وەک زۆرێـک لـە زیندانیانـی سیاسـیی ڕژیمـی شـا، گەڕامـەوە سـەر ئیش‌وکاری مامۆسـتاییم و داوام کـرد لـە تارانـەوە بمنێرنـەوە بـۆ بـۆکان. چوومـەوە بـۆکان،

سـەرەتا وەک ئەندامێکی کومیتەی شۆڕشـی شـار لە کومیتەدا بووم، ئینجا بووم بە مامۆسـتای دەبیرسـتانی شـەهید کەمال و کـەموزۆر هاوکات لەگـەڵ ئەوانە، لەگەڵ جەرەیانی فیدائییانیش کەوتم. ئیتر بەشوێنی‌دا هەڵبژاردنەکان و کاندیداتۆریی من و شـەڕی کوردسـتان و گۆڕانـی خەتی فکریی ئەکسـەرییەت و ڕۆیشـتن بـۆ تاران و خۆشـاردنەوە و گیرانی دووبارە و پاشـانیش، پشـت لە دۆسـت و ڕوو لە دوژمن! هەڵاتـن بـۆ ئورووپا و حاوانەوە لە بریتانیا. ئەو قۆناغانە دەبنە کتێبێکی پڕ لاپەڕە و دیـارە شـوێنیان ئێـرە نییە، بەڵام لە داهاتـوودا حیکایەتی گیـران و ١٠ ڕۆژ زیندانی بوونم لە ئێڤینی سەردەمی خومەینیش دەنووسم.

**شرح این هجران و این خون جگر**
**ایـــن زمان بگـــذار تا وقـــت دگر**

**ئەنجام**

من لە هەڵسـەنگاندنی کاری زیندان و گیران و ئازاد بوونمدا هەندێک بۆچوونم هەیە کـە لێـرەدا بەکورتی ڕایاندەگەیەنم. وا هەیە ئەنجـام وەرگرتنەکانم بۆ هەندێک کەس ڕاسـت و بۆ هەندێکی دیکە چەوت بنوێنن، بەڵام ڕاسـت یان چەوت، بۆخۆم جێگەی قبووڵن:

یەکەم، من لە هەڵبژاردنی ڕێبازی سیاسی‌دا دەورێکی ئەوتۆم نەبوو. کورد بووم، لە بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورە ببووم، باوکم پێشتر ئەندامی «ژ. ک» ببوو و کاکم لە ڕووداوەکانی سـاڵی ١٣٣١ ـ ٣٢ی ئێران‌دا وەک ڕۆژنامەفرۆشـێکی چەپ بەشداریی کردبوو و بەهۆی ئەوەوە کەوتبووە زیندانەوە. بارودۆخی سیاسـیی کوردسـتان و بۆکانی ئەو ساڵانە و زوڵم و زۆری ئاغاوات و گوشاری حکوومەت و ساواک، کتێب و ڕۆژنامـە خوێندنـەوە، گوێدانـە ڕادیـۆی وەک پەیکی ئێران، سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلوول و دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان و کرانەوەی ڕادیۆی کوردی لە کرماشان هەمووی بەسەریەکەوە شوێنیان لەسەر دانابووم و بەرەو بیری سیاسیی چەپ و لە عەینی کات‌دا بەرەو ناسیۆنالیسمی کوردییان بردبووم و مەعجوونێکی سەیریان لێ

دروست کردبووم کە نەمدەزانی کێم و چیم دەوێ، هەر ئەوەندەم دەزانی کە دەبێ دژ بەو سیستمە دامەزراوە سیاسییە بوەستم کە لە ئێراندا سەقامی گرتبوو. ئەوەش بە پێوانەی ساواک کردبوومیە کەسێکی سیاسی، گەرچی واش نەبوو و من نە تێگەیشتن و نە زانستی سیاسی هیچکامیانم نەبوو.

دووهەم، تەبعید کران و دوورخرانەوەی بەناحەقم لە کوردستان نەک هەر لە سیاسەت دووری نەخستمەوە بەڵکوو هانی زیاتری دام ڕژیمم ناخۆش بوێ و دوژمنی بم. باوکم دوابەدوای تەبعیدی من نەخۆش کەوت و لە درێژەیدا کۆچیدوایی کرد. من ڕژیمی شام بە هۆکاری ئەو مردنە ناوەختەی باوکم دەزانی، ئەو تەنیا ٥٣ ساڵ ژیا.

سێهەم، چوونی دانیشگا و نەفەسکێشان لە فەزای نیوە ئازادی ئەوێدا دەرەتانی زیاتری بیرکردنەوە و خوێندنەوەی پێدام و لە هەڵوێستگرتنی دژ بە ڕژیمدا قایمتری کردم. بەشدار بوون لە هەموو خۆپیشاندانێکی زانستگە و دەرەوەی زانستگە وەک ئیعتیساباتی ناسراو بە شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاران و چلەی کوژرانی غوەلامڕەزا تەختی و هاتوچۆی ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران و شووڕەوی و سووکە هاوکاری کردنێکی گۆڤاری «خووشە»ی ئەحمەدی شاملوو و نووسین و تەرجەمەی هەندێک بابەت لە فارسی و تورکییەوە بۆ سەر کوردی و بڵاوکردنەوەیان بەناوی خۆم یان ناوی خوازراوە لە هەندێک گۆڤاری فارسیی ئەو سەردەمەی تاراندا، بەرهەمی ئەو تەبعیدە بوون و لام وایە ئەگەر لە کوردستان دوور نەخرابایمەتەوە و لە گوندەکانی دەوروبەری سەقز و بۆکان مامۆستاییم بکردایە وا هەبوو زۆرێک لەوانە ڕوو نەدەن.

چوارەم، هەندێک کەسی وەک کاکم و کاک سوارەی ئێلخانیزادە و درەنگتر، دۆست و برادەری چەپ لە تاران، بەتایبەت لە زانستگە، زیاتریان بەرەو بیری چەپ بردم. لەو کتێبانەی کە شوێنی زۆریان لەسەر دانام «سیر تاریخ»ی «گۆردن چایڵد» بوو وەرگێڕانی فارسیی «احمد بهمنش» کە کاک سوارە پێیدام و گوتی خۆت لەو چوارچێوە بەرتەنگە فکرییە بهێنە دەرەوە کە ئێستا تێیدای.

پێنجەم، لە هەموو ئەو ماوەیەدا هیچ کارێکم جگە لە کتێبخوێندنەوە نەکرد. ئەگەر ساواک و بەگشتی ڕژیمی ئێران ئەو بەند و بەستەیان لەسەر چاپەمەنی دانەنایە و ئازادییەک هەبووایە کتێبم بخوێندایەتەوە و جاسووسیان لەسەر دانەنایەم و بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی وەک «کوهستان» بانگی ساواکیان نەکردایەم و هەڕەشەیان لێنەکردایەم، بەو شێوە زەقە خۆم لە بەرانبەر ئەواندا نەدەدیت و وا هەبوو نەبوومایەتە ناحەز و دژبەری ئاشتەوەنەبوویان. بەگشتی بڵێم، من بارودۆخ کردمییە سیاسی و هەر دوو تەبعید و زیندانی کرانم دوور لە داپەروەری بوو، کەس‌وکاریشم هەرکام بە شێوەیەک دووکەڵی ئەم ئاگرەیان بە چاودا چوو.

شەشەم، بەڵام ئەوەی خۆم بگرێتەوە، منیش لەم ڕەوتەدا بێهەڵە نەبووم. هەڵەیەکم ئەوە بوو خۆم و توانا و تاقەت و هێزی خۆم نەناسیبوو و بە گەنجییەتی ملم پێوەنابوو و لام وابوو بە خۆم و چوار کەسی دیکەی وەک خۆمەوە کە بەدەوری یەکترەوە بووین، دەتوانین ئەمپریالیزمی جیهانی تێکومەکان بدەین. شەڕی ڤیەتنام و گۆڕانی سیستمی سیاسی لە کووبا و کامبۆج و لائۆس و بەهێز بوونی بزووتنەوەی چەپ و دێموکرات لە ئورووپای ڕۆژاواش لەم باوەڕ بەخۆبوونەدا هاندەرم بوون.

حەوتەم، وەک خۆمم باش نەدەناسی، دوژمنیشم باش نەدەناسی و هەر ئەوەندەی دەمدیت خەڵکانێک دەگیرێن و بە ماوەیەکی کەم لە زیندان دێنە دەرێ، ئامادەیی ئەوەم لە خۆمدا دەدیت منیش بۆ خزمەت بە باوەڕەکەم ماوەیەکی تەمەنم بەختی زیندان چوون بکەم، بەڵام دڵڕەقی و بێبەزەبوونی دوژمنم نەهێنابووە حیسابەکانمەوە و نەمدەزانی ورە و توانای من دەتوانن تێکبشکێنن و تەنانەت لە ژیانم بێزار بکەن. بە دڵنیایی ئەگەر زانیارییەکانی ئەو برادەرە ویۆلۆن‌ژەنە نەبووایە لە قۆناغی دواتری ئەشکەنجە و لێداندا ناوی چەند دۆست و هاوڕێیەکی خۆم دەبرد و ساواکیش ڕانەدەوەستا لە گرتنیان، واتە دەبوومە باعیسی ئازار و ئەشکەنجە و زیندانی خەڵکانێک کە هەموویان دۆست و خزمی چاکی خۆم بوون. تەنیا بەخت یارمەتی‌دام وام لێنەقەومێ دەنا من قارەمان و شێرکرۆژ نەبووم.

هەشتەم، پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییم نەبوو و بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشانە ئامادە

نەکرابووم. کەسێکی خۆڕست بووم و بە تاکەکەسیش هەودای ئاڵۆزی ئەو هەموو کێشانەم بۆ نەدەکرایەوە. کەسانێک کە لە بارودۆخی وڵاتانی ئێمەدا مەترسیی بەرەنگاربوونەوەی ڕژیمێکی داپڵۆسێنەر دەگرنە ئەستۆ وا هەیە سەرکەوتووتر یان پارێزراوتر بن ئەگەر پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی‌یان لە پشت بێ، گەرچی هەر ئەوەش وا هەیە ببێتە هۆی ناسرانەوە و گیرانیان.

نۆهەم، کەسێکی دڵساف و بێخەوش بووم و خەڵکی دیکەشم وەک خۆم دەدیت، لە کاتێکدا یەک لە نزیکترین هاوڕێیانی خۆم مەئمووری ساواک بوو و مانگی دوو جار ڕاپۆرتی لێدەدام کە درەنگتر ئەسڵی نامەکانی کەوتنە دەستم. لە ماوەی مامۆستایی گوندی «سەرا»دا یەک لە نۆکەرانی ماڵی سمایل‌ئاغای عەباسی کە جاسووسێکی بەئەزموونی ساواک بوو و بۆ دەورە دیتن برابووە ئیسرائیلیش، هەمیشە بەدەورمەوە بوو و تەنانەت بە مایکرۆفۆنی ژێر کەواکەی دەنگی تۆمار دەکردم و من لەبەر خاوی و بێئەزموونی ئەوانەم نەدەزانی لە کاتێکدا ئەو ڕێگایەی گرتبوومە بەر پێویستی بەوە بوو بیانزانم و ڕەنگدانەوەم لە بەرانبەریان‌دا هەبێ و بە ساویلکەیی تێنەکەوم. تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەو کاتم ئەوە بوو گوندی سەرای سەرجادە و ئاسوودەیی ئەوێم گۆڕییەوە و چوومە بوغدەکەندی، بەڵام درەنگ ببوو و ساواک ئیتر دەستی لە سەرم نەکردەوە و ئەو هاوڕێ فریوخواردووەی خۆمی کردە ملۆزم و ناردییە گوندەکە ئاگای لێم بێ، لە کاتێکدا قوتابخانەی بوغدەکەندی تازە دامەزرابوو و تەنیا دوو پۆلی یەک و دووی هەبوو، قوتابخانەی گوندەکانی دیکە بە شەش پۆلیشەوە دوو مامۆستایان نەبوو و هەر بەگشتی تا ئەو دەمە لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان قوتابخانەی هیچ ئاواییەک نەبوو دوو مامۆستای هەبێ!

دەهەم، لە ماوەی خوێندنی زانکۆش‌دا دۆست و برادەری وام گرتبوون کە جێگەی متمانە نەبوون و یەک لەوان هەر ئەو برادەرە سنەیی‌یە بوو. من نەدەبووایە نامیلکەی «ستارە سرخ» وەربگرم لەبەروەی ساواک بە ڕەگ و ڕیشەی ڕێکخراوەکەدا چووبووە خوارێ. وەریشم‌دەگرت دەبووایە لە کەسێکی بە متمانەی وەربگرم کە بە

تاقە یەک زڵلەی ساواک ئەوی بوو و نەبوو سەبارەت بە من و کەسانی دیکە نەیلێ و بە ئیستیراحەت پاڵی لێنەداتەوە، واتە دەبووایە لایەنە سیاسییەکانم کەسانی جێگەی بڕوا و خۆڕاگر و سادق بن، ئەوەش نەگونجاو نەبوو، بەڵام عەقڵ و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەویست کە من نەمبوو.

یازدەهەم، ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر ئەو تەمەنە و ئەو ژیانە، گومانم نییە هەمان ڕێگا هەڵدەبژێرمەوە. ناڵێم شیرکرۆژ دەبم و چی دەکەم. ئێستاش وا نیم! ئەو دەم کتێبم دەخوێندەوە و ئەمجاریش هەر ئەوە دەکەم. باوەڕم بە ڕێبازەکەم هەیە، خوازیاری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەرانبەری و یەکسانیم و دژی خورافات و ئایینم و لەپێناو ئەو ئامانجانەدا سەرلەنوێ خەبات دەکەمەوە، بەڵام بە تەنافی باریک و پواوی ئەو چەشنە کەسانە ناچمە چاڵەوە. نە نامیلکە لە خەڵکی هیچوپووچە وەردەگرم و نە لەبەرەوەی دڵی فڵانەکەسم لێنەئێشێ دەچم تفەنگی ڕاو بتەقێنم و ئیجازە بدەم ڕاپۆرتم لەسەر بنووسن.

هەر چۆنێک بێ، ژیان بەتایبەت لە ساڵانی لاویدا بەبێ هەڵە نابێ و هەموو هەڵەیەکیش ئاکامی نیگاتیڤی خۆی هەیە. من هەڵەکانم کرد و سزایانم کێشا. بە هیوای ئەوەی نەوەی دواڕۆژی گەلەکەمان ئەو هەڵانە دووپات نەکەنەوە و ڕێبازی خەبات و خزمەت بە خەڵک بە هەڵەی کەمترەوە ببڕن. کورد گەلێکی زوڵم لێکراوە و باری کەوتووە، ئەو هەوڵانەی وا دەبووایە سەدەیەک دووان پێش ئێستا بیدا و بە ئەگەری زۆر لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوییدا سەرکەوتوو بێ، ئێستا دەیدا کە کارەکان گەلێک ئاڵۆز و ئەستەمترن و لێزانیی زۆری دەوێ بە شەلەشەل لەو زەلە بێینە دەرەوە. من بەو دواڕۆژە ڕوونە گەش بینم و دڵنیام خەباتی گەل بەروبووی لەوە زیاتری دەبێ کە ئێستا هەمانە و هەر ئێستاش سەرەتاکانی لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان دیارن؛ باکووریش ئەگەر دەست لە پەرەستنی تاکەکەس هەڵبگرن کارەکانیان تا ئێستا باش بردۆتە پێشەوە.

دەمێنێتەوە ڕۆژهەڵات. ئێمە شپرزە و بەربڵاوین. ئێستا ٣٠ ساڵێکە حیزب و ڕێکخراوەکانمان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک نییە و لە

دوورەوڵاتی، خۆیان دەیبڕن و هەر خۆشیان دەیدروون. ئەوە کارێکی مەترسیدارە و بۆشایی نێوان خەڵک و حیزبەکان وێدەچێ گەلێک گەورە بێ. ئێمە ئەم مەسەلەیەمان پێشتر ئەزموون کرد کاتێ کە ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران دوای ٣٥ ساڵ گەڕایەوە ئێران و نەیتوانی هەلومەرجی وڵاتەکە بەباشی بناسێ، لە ئەنجامدا دروشمی «کیانووری»ی هەڵگرت کە دەیگوت «ئێمە پەیڕەوی خەتی ئیمامین»، واتە پێی وابوو ئەگەر بچێتە ژێر عابای خومەینییەوە دەتوانێ وردەوردە بیگۆڕێ یان لەنێوی بەرێ و سیاسەت و بەرنامەی خۆی زاڵ بکا. ڕێکخراوە کوردییەکان لە چوونەوەی نێو وڵاتدا دەبێ وریا بن و نەهێڵن بەسەر هەڵەی هاوچەشندا بکەون، بەتایبەت کە بەداخەوە هەموویان چەکدارن و ئێمە ئەزموونی تاڵی شەڕی کۆمەڵە و دێموکراتیشمان لە پشتە. خەباتکارانی نێوخۆی وڵات شارەزاتری بارودۆخەکەن تا ئێمەی لە دوورەوڵاتی قەتیس ماو.

ئەوە کورتەیەک بوو لە بەسەرهاتی دوو ساڵ و چەند مانگ زیندانم لە ئێرانی سەردەمی پەهلەوی‌دا. بە هیوای مسۆگەربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی دیاری‌کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

## هەڵبژاردنەکانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧/ ١٩٧٩ی ئێران لە ناوچەی بۆکان

لە زنجیرەیەک وتاری سێ بەشی‌دا کە مانگی نۆی ٢٠١١ لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بڵاوبۆوە، ڕێزدار تاهیر عەلیار هەندێک بیرەوەریی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکانی بۆکان و هەڵسووڕانی خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەردەمی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و ماوەیەک دوای ئەوی لە بۆکان و ناوچەی دەوروبەری گێڕاوەتەوە، کە لە باری زەمانییەوە ماوەی بۆشایی نێوان لەق بوونی چوارچێوەی حکوومەتی شا و سەقامگیر بوونی حوکمی مەلاکان لە ئێران و شەڕ پێ فرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە گەلی کورد دەگرێتەوە.

لە بیرەوەرییەکان‌دا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان زۆر ڕاست و سادقانە نووسراون و ئەوەش بە چەند نیشانەیەک دەردەکەوێ: یەکەم، کاتێ باسی چوونی یەک لە هاوڕێیانی فیدایی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی شەڕی یەکەمی کوردستان دەکا، من کە ئاگاداری مەسەلەکەم، دەزانم ڕاستە و ئەم شتە ڕووی داوە و کەسەکەش دەناسم. دووهەم، لە باسی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بۆکان لە شار و دێ لە ماوەی چەند مانگی پێش هەرەسی حکوومەتی شا، هەروەها کۆبوونەوە حیزبییەکان و بڕیارەکان‌دا، نووسەر ناوی هەندێک بەرپرسی حیزب دەبا، کە هەموویان ماون و بەشێکی زۆریشیان لە دەرەوەی وڵاتن، ئەگەر حیسابەکان هەڵە بووایەن یەک لەو کەسانە وەجواب دەهات و نامەیەک، وتارێک، شتێکی دەنووسی و بۆ ماڵپەرێکی دەنارد، کە تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە. سێهەم، لە ڕاگەیاندنی هەواڵی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٥٨ لە بۆکان‌دا، ئەوەی گوتوویەتی ڕاستە و من کە ئەو دەم کاندیدایەکی ئەو هەڵبژاردنانە بووم، شتێکی خیلافیان تێدا نابینم. جیا لەو سێ خاڵە، هەر کەسایەتی نووسەر خۆی بۆ کەسانێک کە دەیناسن جێگەی متمانەیە و قەڵەمەکەشی پاکە. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، بیرەوەرییەکانی کاک

تاهیر دەبێ بایەخی پێ بدرێ و بۆ نووسینی مێژووی ئەو ساڵانەی ناوچەکە، کەڵکی لێوەربگیرێ، بەتایبەت کە نووسینەکانی دوورن لە سووکایەتی و هێرش بۆ سەر خەڵکانی تر و ئەوەش بۆ بازاڕی شێواوی قەڵەم و بیرەوەری گێڕانەوەی ئێستای کوردستان نیعمەتێکە!

لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکان‌دا کاک تاهیر باسی یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی ئێران لە بۆکان دەکا. من کە یەک لە کاندیدەکانی ئەو هەڵبژاردنە بووم بە باشم زانی تا ماوم ئەم زانیارییانەی وا لەو ڕووداوەم هەیە بنووسم وبیهێڵمەوە، گەرچی وا هەیە زۆرێک لەو دۆست و برادەر و هاوڕییانەی وا لە کاری تەبلیغات و هاتوچۆی گوندەکان‌دا بوون یا چاوەدێریی سندووقی دەنگەکانیان دەکرد، گەلێک لایەنی نەبیسراوی مەسەلەکە لە من باشتر بزانن، بەڵام هەر چۆنێک بێ منیش بەشبەحاڵی خۆم بەشێک لە ڕووداوەکانم بینیوە و وا هەیە زانیارییەکانم بێکەڵک نەبن.

**

دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷دا، دوو هەڵبژاردنی گرنگی سەراسەری لە ئێران بەڕێوەچوون، کە کوردستانیشیان گرتبووەبەر:

- هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگان (بۆ دانانی یاسای بنەڕەتی نوێی ئێران)؛
- هەڵبژاردنی نوێنەرانی یەکەم مەجلیس یا پەرلەمانی ئێران کە ناوی کرابوو بە «مەجلیسی شووڕای ئیسلامی».

یەکەم هەڵبژاردن، واتە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان لە بەهاری ساڵی ۱۳۵۸دا بەڕێوەبرا. هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای ئوستانی بوون و خەڵکی بۆکان کە شارەکەیان بەشێک بوو لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، دەبووایە دەنگ بە کاندیدەکانی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا بدەن. کاندیدەکان بریتی بوون لە چەند کەسایەتیی ناوداری کورد و ئازەری وەک: نەمران دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، مامەغەنی

بلووریان و هەروەها ئیمام جومعەی دژی کوردی ورمی مەلا حەسەنی.

ڕێکخـراوی فیدائیییانـی خەڵـق بڕیاری دابوو لـە هەڵبژاردنەکەدا بەشـداری بکا و بـەو بۆنەیـەوە دەیانویسـت لەلایەن خۆیانـەوە کاندیدێک بۆ ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا دەسنیشـان بکـەن. سـتادی سـازمان لە مەهابـاد بانگیان کـردم بچمە ئەوێ. نەمدەزانـی بۆچـی، بـەڵام چـووم. چـاوم بـە هـاوڕێ محەممـەد (بێهـزاد کەریمـی) کەوت. گوتی بڕیارمان داوە تۆ بکەینە کاندیدی سـازمان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسـی خیبـرەگان. بـاوەڕم نەدەکـرد. هەوڵێکی زۆرم دا بڕیارەکە هەڵوەشـێننەوە. گوتم من کێـم لـە بەرانبەر ئەو کەسـانەدا بوەسـتم؟ کێ من دەناسـێ؟ کێ ئامـادە دەبێ دەنگ بەو کەسانە نەدا و بە منی بدا؟ هەوڵەکانم بێئاکام مانەوە و هەر چیم کرد سوودی نەبوو. ئەو دەم لە ڕێکخراوەکانی ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوادا کەسانی لێزان و لێهاتـووی وا هەبـوون کـە مـن دەرکەوانیـی ئەوانیشـم پـێ ڕەوا نەبوو، بـەڵام هەر چۆنێـک بـێ، بڕیـار درابوو و وێدەچوو گەڕانـەوەی نەبێ؛ حوکمـی حاکم و مەرگی موفاجـا ! بـووم بە کاندیـدی ڕێکخراوی فیدائیییانی خەڵک لە ئوسـتانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و لە ڕۆژنامەی «کار» و ئەوراقی سەر دیوارەکاندا تەبلیغاتێکی زۆرم بۆکرا.

پەیوەندیـی کـورد و حکوومەتـی ناوەنـدی دوابەدوای شـەڕی نێو شـاری سـنە گەلێک ئاڵۆز و هەردوولا لە یەکتر دڕدۆنگ بوون، ڕژیمی مەلاکان خۆی لە ڕێبەرانی بزووتنـەوەی گەلـی کورد وەک قاسـملوو و بلووریان مڵاس دابوو و دەیویسـت بە بیانـووی هەڵبژاردنـەوە بیانکێشـێتە تـاران و لـەوێ دەسبەسـەریان بـکا. لەلایەکـی دیکەوە، لەو دەمەدا هێزی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانێ بەربەرەکانیی گەلی ڕاپەڕیوی هەموو شار و گوندەکانی کوردستان بکا، بەناچار لێگەڕابوون هەڵبژاردن لە ناوچەکە بـە شـێوەی ئاسـایی بەڕێوە بچـێ و وەک پاشـماوەی ئێـران نوێنـەر هەڵبژێردرێ. ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان و ژمارەی دەنگەکانیش لـە ڕۆژنامەکانی تاران و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا ڕاگەیەندرا.

ئاکامـی کارەکـە، هەڵبژاردنێکـی ڕاسـتەقینەی بێفڕوفێـڵ بـوو لە کوردسـتان کە لـە مێـژووی سیاسـیی ئێـراندا دەچـووە پـاڵ هەڵبژاردنی یەکـەم پەرلەمانـی دوای

مەشرووتییەتی ئێران لە ۱۹۰۶ و ئیتر لە دەورەکانی دواتردا دەستێوەردانی دەسەڵات و سەپاندنی مۆرەکانی خۆیان، هەڵبژاردنەکانی لە گرێژەنە برد. لە ناوچە کوردنشینەکان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق کاندیدیان دەسنیشان کردبوو، بەڵام کۆمەڵە کەسی نەکردبووە کاندید و دڵنیاش نیم دەنگیان بە کام لایەن دابێ. جگە لە حیزبە سیاسییەکان، لە مەهاباد کاک ئەنوەر ئێرانزادە کوڕی نەمر عەبدوڵڵا ئێرانیش وەک کاندیدی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردبوو. ئاگاداری ژمارەی دەنگەکانی نیم، بەڵام ئەوە پیشاندەری دێموکراسی و ڕاست و بێفێڵ بوونی هەڵبژاردنەکە لە کوردستانێک بوو کە حیزبە سیاسییە کوردییەکان بەڕێوەیان دەبرد و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازییەکی زۆری هەبوو. لە کوردستان هەموو کەس دەیتوانی خۆی کاندید بکا بێئەوەی دەسەڵاتی حیزبە سیاسییەکان بەرگریی کارەکەیان لێبکا.

نەمر دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوادا یەکەم دەنگی هێنایەوە، کە لە هی مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێش زیاتر بوو. ئەوە مستێک بوو لە دەمی ڕژیمی مەلاکان. حەسەنی دووهەم و مامەغەنی سێهەم کەس هاتبوونەوە. دەنگی قاسملوو ئەگەر هەڵەم نەکردبێ گەیشتبووە ۳۰۰ هەزار و زیاتریش. من ئەوەندەی لە بیرم بێ ۳۶ هەزار دەنگم پێدرابوو. دیارە هەندێک کەس لە ناوچەی بۆکان منیان ناسیوە و دەنگیان بە خۆم داوە، بەڵام پاشماوەی دەنگەکان بەبێ هیچ گومانێک هی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵک بوو، واتە ئەوان هەر کەسێکیان بکردایەتە کاندید، ئەم ڕادە دەنگەی هەر دەهێنایەوە. بۆ نموونە، درەنگتر چاوم بە مامۆستایەکی ئازەریی خەڵکی شاری ماکۆ کەوت کە باسی هەڵسووڕانی خۆی و هاوڕێکانی لە ماوەی هەڵبژاردنەکەدا دەکرد بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ من، دیارە ئەو لەلایەن ڕێکخراوەکەوە ڕاسپێردرابوو بۆ کارەکە، دەنا من چی و دەنگی سەلماس و خۆی و ماکۆ چی!

هەڵبژاردنی دووهەم. ئەم هەڵبژاردنە لە کۆتاییەکانی بەهار و سەرەتای هاوینی هەمان ساڵ، واتە ۱۳۵۸دا بەڕێوە چوو، ئەویش هەڵبژاردن بۆ یەکەم مەجلیسی

شـووڕا، واتـە پەرلەمانی ئێـران بوو. سـەرلەنوێ کرامەوە کاندیـدی ڕێکخراوەکە و سـەرلەنوێ کـەس گوێـی نەدایـە هاتوهـاوارم. ببوو بـە نەقڵی مەلای کتێب سـوور کـە خوێندەواریـی نەبوو، بـەڵام پێیان دەگوت «مـەلای و مەلای چاکیشـی!» ئەمجار هەڵبژاردنەکان ئوسـتانی نەبوو و لەسـەر بنەمای شـار بوو. من کاندیدی فیدائیيانی خەڵق لە بۆکان بووم. وەک لە وتارەکەی کاک تاهیردا گوتراوە، بۆکان چوار کاندیدی هەبوو:

- نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی، لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە؛
- نەمـر سـەید ئەبووبەکـری هیدایەتـی، لەلایـەن حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانەوە؛
- نەمر دوکتۆر جەعفەری شەفیعی لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە؛
- ئەنوەر سولتانی لەلایەن ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵکەوە.

حزبـی تـوودەی ئێـران کاری تەبلیغاتیی ئەوتۆی نەکردبـوو و من کە وەک مەلا کوێرەی کاتی خەرمان، گوندەکانم دەتەقاند و داوای دەنگم لە خەڵک دەکرد، هەموو جارێـک نـاوی هەر سـێ کاندیدەکانی دیکەم دەهێنا و دەمگـوت ئەوانیش کاندیدن و دەتوانـن دەنـگ بـە یەک لە ئێمە بـدەن. خەڵکی گوندەکانی دەوروبـەری بۆکان ناوی سـێ کەسـیان بیسـتبوو، بـەڵام ئـاگاداری مامۆسـتا مەلا حەسـەن نەبـوون؛ حیزبی تـوودەی ئێران چەکدار نەبوو و خەڵکی زۆریشـی بـەدەورەوە نەبوون هەر بۆیەش بانگـەوازی کاندیدکرانی مامۆسـتا زۆر بڵاونەببۆوە، دەنا کەسـایەتیی خۆی جێگەی ڕێزی هەمووان بوو. وەک بیسـتوومە، مامۆسـتا خۆی بەو مەسـەلەی کاندیدکرانەی ڕازی نەبوو، بەڵام حیزب مەجبووری کردبوو.

بە هەڵسـەنگاندنی ئێمەی فیدائی، کاندیدی ئێمە یا کۆمەڵە هەڵبژاردنەکەی بۆکانی دەبردەوە. جارێک بە هەڵکەوت لە مەهاباد چاوم بە نەمر دوکتۆر شەفیعی کەوت و باسـی مەسـەلەکەمان کـرد، گوتـی بـە بۆچوونـی ئێمـە، لەنێـو شـاری بـۆکاندا تۆ دەیبەیەوە، بەڵام لە سـەرجەمی دەنگەکاندا ئێمە دەیبەینەوە. دیار بوو حیسـابەکانی ئەوان لە هی ئێمە وردتر بوو، لەبەروەی کاتێ دەنگەکان ڕاگەیەندران من لە شاریدا وەپێش ئەو کەوتبووم، بەڵام لە سـەرجەمی دەنگەکاندا ئەو هەزار دەنگیشـی لە من

زیاتر بوو.

بەڵام ئەوی لە حیسابەکانی ئێمە و کۆمەڵەدا نەهاتبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بە بۆچوونی هەردوولامان کاندیدی حیزب نەدەگەیشتە تۆزی ئێمەش، بەڵام ڕاستەقینە وا نەبوو و ئێمە ئاگاداری خۆشەویستیی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی شار و گوندی ناوچەکە نەبووین. دیاردەیەکی دیکە کە حیسابەکانی ئێمەی تێکدا، ئەوە بوو نەمر دوکتۆر قاسملوو بۆ پشتیوانی کردنی شەهید سەید ئەبووبەکری هیدایەتی سەفەرێکی بۆکانی کرد و لە ستادیۆمی وەرزشی وتاری بۆ خەڵک دا و داوای لێکردن دەنگ بە کاک ئەبووبەکر بدەن. ئەمانە بوون بەهۆی پێشکەوتی بەرچاوی کاندیدی حیزب و هێشتا هەڵبژاردنەکە تەواو نەببوو، پێشمەرگەیەکی حیزب بە هاوڕێیەکی ئێمەی گوتبوو بە تێسکەی تفەنگیش ناگەنەوە ئێمە. قسەکەی ڕاست بوو!

نەمر سەید ئەبووبەکر زیاد لە ٦ هەزار، نەمر دوکتۆر جەعفەر زیاد لە ٤ هەزار و من زیاد لە ٣ هەزار دەنگم هێنابۆوە، بەداخەوە دەنگ بۆ مامۆستای خۆشەویست مەلا حەسەنی قزڵجی گەلێک کەم بوو. ئەو خۆی خوازیاری کارەکە نەبوو و هەوڵێکی بۆ نەدەدا، هێڵە فکرییەکەی حیزبی توودەی ئێرانیش لەو بارودۆخەی ئەو دەمی ئێراندا لایەنگری نەبوو.

هەڵبژاردنەکە بەوپەڕی هێمنی و بێدەنگییەوە بەڕێوەبرا، نوێنەرانی هەر چوار حیزب و ڕێکخراوەکان لەسەر سندووقەکانی دەنگ بوون، جگە لە وردەگلەیی کە چۆنییەتیی بەڕێوەچوونی کارەکانی دەگرتەوە، کەس سکاڵای لە فێڵبازی و نادروستیی کارەکان نەکرد و لە ڕاستیشدا ئەوەندەی لە بیرم بێ بە هەموو نوێنەرەکانی ڕێکخراوی فیدایی گوترابوو نە فێڵێک لە کارەکاندا بکەن و نە مۆڵەتیش بدەن کەسی تر بیکا. دڵنیام لایەنەکانی دیکەش هەر ئەم هەڵوێستەیان هەبوو و ئەوەش بە ئەنجامی کارەکەدا دەرکەوت. بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنە بێفێڵە شانازییەک بوو بۆ دەسەڵاتی کوردی، کە بەبێ حزووری پۆلیس و ژاندرمە و پاسدار و مەئمووری حکوومی وا بە ڕێکوپێکی ئەم کارە مەزنەیان بەڕێوەبرد و حکوومەتی ناوەندییان بێهیوا کرد. ئەوان بە تەمای ئاڵۆزی و کێشە و شەڕ و هەرای لایەنەکان لەگەڵ

یەکتر و لە قاودانیان بوون. لە هەموو شارەکانی کوردستان بارودۆخ هەر ئەوە بوو کە ئێمە لە بۆکان دیتمان. چاوی ڕەشی ئەوان کاڵ بووەوە و گەلی کورد سەرکەوت.

دوای هەر دوو هەڵبژاردنەکە، نوێنەر و پاڵێوراوی کوردی لە کامیاران و هەورامانەوە تا ماکۆ، هیچکامیان نەچوون بۆ تاران و کورسییەکانیان بەتاڵ مایەوە. ڕژیم زۆر بەتەمای ئەوە بوو کەسانی وەک دوکتۆر قاسملوو و مامەغەنی بکەونە شوێن کڵاوی لار و بەناوی مەجلیس و کورسی و پلەوپایەوە بچنە بەردەستیان. دواتر خومەینی جەللاد لە وتارێکدا کە ئێستا لەسەر یووتیووب هەیە گوتی ئێمە چاوەڕوان بووین بێن و بیانگرین!

دیارە لەو قۆناغەدا نەیانتوانی بیانگرن، بەڵام دواتر بە پیلانی تازەتر تۆڵەی خۆیان لە هەندێک هەر لەو نوێنەر و کاندیدانە کردەوە. هەموومان بە چۆنییەتیی شەهید کرانی دوکتۆر قاسملوو لە ڤیەن دەزانین، بەڵام لەو چوار کەسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بۆکان، مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجی ماوەیەک دواتر لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی حیزبی توودەی ئێراندا دەست بەسەر و لە زیندانی ئێڤینی تاران پاش ئازار و ئێشاندنێکی زۆر گیانی بەختی ئازادی کرد و کەسیش بە شوێنی گۆڕی نەزانی. «عطوفت اسلامی» لەسەر نەمر ئەبووبەکری هیدایەتیش بەڕێوە چوو، کۆماری ئیسلامی بۆمبایەکی نامەی بۆ ناردەماڵیان لە سوید، کە لە دەستیدا تەقییەوە و زیانی زۆر بە ئەندامانی لەشی گەیشت، دوای ماوەیەکیش هەر بەو برینانە شەهید بوو. دوکتۆر جەعفەری شەفیعیش لە ڕووداوێکی ترۆمبیلدا لە باشووری کوردستان گیانی ئەسپارد. یادی هەرسێکیان بەخێر بێ. ئێستا لەو چوار کەسە هەر من ماوم، نازانم لە نەخۆشی و بۆمبای کۆماری ئیسلامی کامیان زووتر زەفەرم پێدەبەن و کەی!

ئەوە حیکایەتی دێموکراسی و پەرلەمان و هەڵبژاردن و یاسا بوو لە شارێکی کوردستانی بندەستی کۆماری ئیسلامی؛ ئەوانەش وا بە هیوای حکوومەتی ئیسلامی لە عێراق و باشووری کوردستانن، با خۆیان بۆ دێموکراسییەتی ئیسلامی ئامادە بکەن!

**دەستەی نوێنەراتیی گەلی کورد**

پێشکەش بەیادی نەمران:

شێخ عیززەددینی حوسێنی، دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، مامەغەنی بلووریان، بێهرووز سولەیمانی، دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، مینەی شێرخانی و سەدیقی کەمانگەر ئەندامانی گیانبەختکردوو و کۆچکردووی هەیئەت.

لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٣٥٨ و دوابەدوای شەڕی داسەپاوی دەسەڵاتدارانی تاران و قوم بەسەر گەلی کورددا، هەندێک لە ئەندامانی «دەوڵەتی موەققەت»ی موهەندیس بازرگان گەیشتبوونە ئەم ئاکامەی کە پرسی کورد لە ئێران لە ڕێگەی نیزامییەوە چارەسەر ناکرێ و بە سەڵاحیان زانیبوو وتووێژێک لەگەڵ نوێنەرانی کورد بەڕێوەببرێ. کەمترین سوودی ئەم کارە ئەوە دەبوو کە لایەنی شەڕەنگێزی حکوومەت دەرفەت و دەرەتانی بەخۆداهاتنەوە و ئامادەکاری بۆ شەڕەکانی دواتری بۆ دەرەخسا. ئەوەندەی ئێستا ڕوون بۆتەوە، خومەینی و مەلاکان و تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی دەوڵەتی بازرگانیش لە کاری وتووێژ لەگەڵ کورددا جیددی نەبوون و باوەڕیان بە هیچ شتێک جگە لە لێدان و سەرکوت و کوشتوبڕ نەبوو.

بەگشتی، خومەینی خۆی و زۆربەی مەلا دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ بیرۆکەی وتووێژ نەبوون و کاتێکیش کە «داریووشی فرووهەر» هاتە ناوچەی سەردەشت و لە گوندی بنووخەڵەف چاوی بە مامۆستا شێخ عیززەددین و مام جەلال و بەرپرسانی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات کەوت، خومەینی بە کارەکەیان ڕازی نەبوو و بەگوێرەی وتارێک کە ئێستا لەسەر یووتیووب داندراوە، پێی گوتبوون ئەگەر وتووێژیشیان لەگەڵ دەکەن لەپێشدا بە هێزی سپایی دەوریان بگرن و گوشاریان بخەنە سەر، جا قسەیان لەگەڵ بکەن.

هەر چۆنێک بێ، هێڵی فکریی نێو دەوڵەتی کاتی لەمەڕ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد، بۆ ماوەیەک سەرکەوت و دوای هاتنی فرووهەر بۆ کوردستان و

گەڕانەوەی بۆ تاران، تاقمێک لە نوێنەرانی دەوڵەت کە خۆیان بە «هەیئەتی چارەسەری کێشــەی کورد» ناســاندبوو و ئەوەندەی لە بیرم بێ لەو ســەردەمەدا بەناوی «هیأت حســن نیـت دولـت» ناودێر و بۆ وتوویژ لەگــەڵ نوێنەرانی کورد دیـاری کرابوون. ئەندامانــی ئــەو تاقمــە بریتــی بــوون لە داریووشــی فرووهــەر کە ئــەو دەم وەزیری ڕاوێژکاری دەوڵەت بوو، دوکتۆر ســەحابی و موهەندیس ســەبباغیان دوو وەزیری دیکــەی کابینــەی بــازرگان، هــاوڕێ لەگــەڵ ئایەتوڵــلا ئیشــراقی زاوای خومەینــی و نوێنەر و دەمڕاستی ئەو و چەند فەرماندەیەکی سپای تاران و ئازەربایجان.

هەیئەتەکە داوای دەکرد چەند کەسێکیش وەک نوێنەرانی کورد دەسنیشان بکرێن بۆ ئەوەی هەردوو لایەن پێکەوە دابنیشن و باسی کێشەکان بکەن. ئەوەی ڕوانگەی ســەقەت و ناتــەواوی دەوڵــەت و مــەلاکان بــوو بریتی بــوو لەوەی هەندێــک مەلا و ڕیش‌ســپیی شــارەکانی کوردســتان ســەعاتێک دوو ســەعات لەگەڵیان دابنیشن و بە شێوەی ڕیش‌چەرمگی بارودۆخە کرژەکە خاو بکەنەوە و تەنانەت بەرگری لە کاری چەکدارانەی حیزبە سیاسییەکانیش بکەن. ئینجا لایەنی حکوومەتیش هەندێک بەڵێن وەک کشاندنەوەی هێزی سپایی دەوڵەت و چاکسازیی ئابووری بدەن و لە ماوەی دانیشتنێک و دووان‌دا بە خەیاڵی خۆیان کێشەی نێوان کورد و دەوڵەت چارەسەر بکەن، ئیتر مافی سیاسی بۆ گەلی کورد و خودموختاری و شتی لەم چەشنە هەر لە بەرنامەیان‌دا نەبوو و ئامادەی قسە لەسەر کردنیشی نەبوون.

بەهۆی ئەم ڕوانگە هەڵەیەوە، دەوڵەت بەوە ڕازی نەبوو کە ڕێکخراوە سیاسییەکان نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکەن و داواکارییەکانی کورد ڕەنگی سیاسی و نەتەوایەتییان پــێ بــدرێ، هــەر بۆیەش ئامــادە نەدەبــوون لەگــەڵ نوێنەرانــی حیــزب و ڕێکخراوە سیاســییەکان دابنیشــن. داواکاریــی ئــەوان ئــەوە بــوو هیــچ کەســێک بەنــاوی هیــچ ڕێکخراوەیەکــەوە بەشــداری وتوویــژەکان نەبــێ و لایەنــی بەرانبەریــان تەنیــا «نوێنەرانــی کــورد» بــن بەبــێ پەیوەندیی ڕێکخراوەیــی و ئەوەش گرفتی ســەرەکیی مەسەلەی وتوویژی دەوڵەت و کورد بوو لەو بڕگە تایبەتەدا.

لایەنی کورد لەو کاتانە و لەو بارودۆخەی کوردستان‌دا ئەوەی پێ وەرنەدەگیرا و

لە ڕاستیش‌دا پێشنیارەکە لەوپەڕی نەگونجاوی‌دا بوو کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و فیدایی خۆیان لە کارەکە بکێشنە دواوە و چارەنووس بخەنە دەستی چەند مەلا و دووکانداری ناسیاسییەوە. تەنانەت کاتێک کە ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکان وتوویژی دەست پێکرد، نەیتوانی بەسەریان‌دا بسەپێنێ «فەتح» خۆی لە کارەکە بدزێتەوە و چەند کەسی نابەرپرس ڕێبەرایەتیی وتوویژەکان بکەن، دانیشتنە نافەرمییەکانی ئوسلۆش لەلایەن کەسانێکەوە دەکرا کە لە پەیوەندیی نزیکی فەتح‌دا بوون، هەر ئەوەندە بوو، کە وەک عەرەفات و ڕێبەرانی فەتح ناسراو نەبوون. کە دەڵێم ئەم کارە گونجاو نەبوو، دیارە لەو بارودۆخەدا نەدەکرا، دەنا ئەگەر بەرەیەکی یەکگرتووی کورد هەبووایە و جیاوازیی خەت و بۆچوون لە نێوان ڕێکخراوەکان‌دا کەمتر بووایە، وا هەبوو چەند کەسی خۆشناوی وەک مامۆستا شێخ عیزەددین و مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی و خەڵکانی سیاسی بخرایەنەتە پێشەوە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پشت پەردەوە ڕێبەرایەتیی کارەکانیان بکردایەن.

هەر چۆنێک بێ، ئەوەی ئێمە درەنگتر لە خومەینی و خەڵخاڵی و ڕەفسەنجانی و ئەوانی دیکەمان بینی، ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنانەت ئەگەر ئەو مەرجەش جێ‌بەجێ بکرایە و دەوڵەتی بازرگانیش بۆ کارەکە ڕازی بکرابا، باڵی شەڕخوازی خومەینی و چەمران و زەهیرنەژاد و پاسدار و کومیتەچیی مەلا حەسەنی هەر ڕازی نەدەبوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان شەڕیان بەسەر کورددا دەسەپاند و کوشتاری نەغەدە و قارنێ و قەلاتان و کەلبەڕەزاخانیان هەر بەڕێوە دەبرد؛ نموونەکەشی ڕێزدار موفتی‌زادە بوو کە زۆریش بەدڵوداو لەگەڵ مەلاکان‌دا هاوکاریی کرد و ڕووبەڕووی هێزە سیاسییە کوردەکان وێستا، بەڵام نەک هەر حیسابێکیان بۆ نەکرد و گرێیەکی پرسی کوردیان بە دەستی ئەو نەکردەوە بەڵکوو بەپێچەوانە لە زیندان‌دا ڕزاندیان و لەژێر ئەشکەنجەی بەردەوام‌دا شکاندیان. نموونەیەکی تر ئەم ڕاستییە زەقەیە کە ئێستا، کە ڕێکخراوە چەکدارەکانی کورد چل ساڵێکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چوونەتە دەرەوە و خەباتی چەکدارییان بەکردەوە وەلا ناوە، بەڵام زنجیرەی ئیعدامی ڕۆڵەکانی کورد

ناپسێتەوە و هەر ئەمڕۆ، کە ئەم وتارە دەنووسم، شەهید «فەرهاد تاروم» لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زیندانی ورمێ ئیعدام کراوە. یادی بەخێر بێ. ئیتر حوسێنی خزری و فەرزادی کەمانگەر و شیرینی عەلەمهوولی و سەدان لاوی خوێنگەرمی تریشمان لە بیر ناچێتەوە کە هەر لەم چەند مانگەی دواییدا کەوتنە بەر «عطوفت اسلامی»ی مەلاکانی حاکم.

**

کاتێ کە ئەو وتووێژانە لە ناوچەی سەردەشت دەستیان پێکرد من لە تاران بووم، شەڕیش کە وەستێندرا و وڵات ئەمین بوویەوە، گەڕامەوە بۆکان، ئافەرەم! ماوەیەک لە بۆکان لە دەفتەری ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسەرییەت کارم دەکرد؛ ڕۆژێکیان لە «ستاد»ی سازمانی فیدائییانەوە بانگ کرام بچم بۆ مەهاباد؛ چووم. پێشتر کاتێ کە پێیان گوتبووم ببم بە کاندیدی مەجلیسی خیبرەگان و پەرلەمان، شەڕی زۆرم لەگەڵ کردبوون کە براله من ئەو کەسە نیم و بۆ ئەوە نابم، بەڵام گوێیان نەدابوومێ! ئیتر ئەمجارە هیچم نەگوت. چاوم بە بەرپرسانی «ستاد» کەوت و پاشان کاک «مینەی شێرخانی»م بینی کە مەسەلەکەی بۆ شیکردمەوە و یەکدوو ڕۆژ دواتریش کاک «بێهرووزی سولەیمانی» لە سنەوە گەیشتە مەهاباد. ئەم سێ کەسەمان وەک نوێنەرانی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی هەیئەتی دەوڵەت دیاری کرابووین.

هەمان ڕۆژ و پێش هاتنی بێهرووز، بەپێی قەراری دانراو لەگەڵ کاک مینەدا لە بەنداوی مەهاباد چووینە دیداری داریووشی فرووهەر. من ناوی فرووهەرم لە سالانی پێش ٢٨ی گەلاوێژ و سەردەمی حکوومەتی دوکتۆر موسەددیقەوە بیستبوو و شارەزای کار و کردەوەی ئەو سالانەی بووم، هەڵوێستی سیاسی و دژایەتیی ئەوم لەگەڵ بیری چەپ و پێشکەوتنخوازیش دەزانی، پێم سەیر بوو چۆن لەگەڵ ئێمەی بە کۆمۆنیست ناسراو دادەنیشت و قسەی لەگەڵدا دەکردین، بەڵام ژیانە و سیاسەت و بارودۆخ وا هەیە دەیان گۆڕان بەسەر مرۆڤدا بهێنێ، کە ئەوە

یەکیان بوو!

لــە دانیشــتنەکەدا فرووهــەر خــۆی وەک مرۆڤێکــی ناوبژیکــەر پیشــان دەدا کــە دەیهەوێ کێشــەی نێوان دوولایەن چارەســەر بکا، دوو لایەنێک کە خۆی لایەنگری هیچکامیــان نییــە، تەنانــەت لــە هێنانی نــاوی خومەینــیدا تەنیا دەیگــوت خومەینی و یــەک جاریــش «ئیمام خومەینــی» پێنەگوت. هەوڵی دەدا پێمان بڵێ کە ئەم دەرفەتە لە دەســت نەدەیــن، لــە وتوویــژەکاندا زۆر ڕادیکاڵ نەبین و پڕکێشــیی ئەوتۆ نەکەین کە ببینە هۆی شکســتهێنانی مەئموورییەتەکەی ئەو و بەکورتی یەکپارچەیی ئێرانە خۆشەویستەکەی ئەو تێکنەچێ.

من فرووهەرم تا ئەم حاندە، لەو هەڵوێستەیدا بە کەسێکی سادق و ڕاست هاتە پێش چاو، بەڵام لەنێو قسەکاندا لێم پرسی گەلۆ دەیهەوێ گرووپی «کراس قاوەیییەکان» زیندوو بکاتەوە؟ گوتی نا. هەســتم کرد پرســیارەکەی پێخۆش نەبوو، دواتریش کە هاتینــە دەرەوە کاک مینــە گوتــی نەدەبووایــە ئەوەی بەچاودا بدەیتەوە. لە ڕاســتیدا فرووهــەر ئــەو دەم دەوری ڕیشچەرمگــی نێــوان دووبــەرەی شــەڕکەری دەبینی و پێــی وا نەبــوو ئێمــە شــارەزای ڕابردووەکــەی هەیــن. فرووهەر لە ســاڵانی ١٣٣١ ـ ٣٢ی حکوومەتی موسەددیقدا تاقمێکی لە خەڵکانی لاپرەسەن پێکهێنابوو کە کراسی قاوەییــان لــە بــەر دەکــرد و لە هــەر کوێیەک کۆبوونــەوە و خۆپیشــاندانی حیزبی تــوودەی ئێــران و بەگشــتی خەڵکانی چــەپ و پێشــکەوتنخواز هەبووایە، هێرشــیان دەکردە ســەریان و بە گۆپاڵ و دار ســەروگوێلاکیان دەشــکاندن، بەوانەیان دەگوت «پیراهن قهوەایها».

ئەم چاوپێکەوتنە سەرەتایەک بوو بۆ ناسینی یەکتر. دوای ڕۆژێک و دووان، کاتێ کە نەمر بێهرووزی ســولەیمانیش لە ســنەوە گەیشــتە جێ. چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی «هەیئەتی نمایەندەگیی خەڵقی کورد»، واتە جەنابی مامۆستا شــێخ عیززەددین و نەمر دوکتۆر قاســملوو و کاک عەبدوڵڵای موهتەدی و بەگشتی لایەنەکانــی دیکــەی هەیئەت، واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پێکهێنا. ئامادەییەکی بــاش بــۆ پێشــکەش کردنــی خواســتەکانی گەلــی کــورد هەبــوو، بــەڵام هەمــوو هەر

چاوەڕوان بووین بزانین دەوڵەت و نوێنەرەکانی چییان لە پرێسکەدایە و دەڵێن چی.

فرووهــەر گەڕایــەوە تــاران و دوای ماوەیەک خۆی و موهەندیس ســەبباغیان و دوکتۆر سەحابی کە هەرسێکیان وەزیری دەوڵەتی بازرگان بوون، هاتن بۆ مەهاباد. ئێمە ئەو ڕۆژە لەماڵی مامۆستا شێخ عیزەددین کۆبوونەوەمان هەبوو. کۆبوونەوەکانمان گیروگرفتی زۆری تێدا نەبوو و سەرەڕای جیاوازیی حیزبی و ڕوانگەی تایبەتمەندی ڕێکخراوەیی، هەموو لایەک دەمانزانی چیمان دەوێ و دەڵێین چی. لە ڕاستیدا نەک هەر ئێمە ئەو چەند کەسە، بەڵکوو زۆربەی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات دوای ئەو شەڕ و پێکدادان و ئیعدامانەی خەڵخاڵی دەیانزانی چییان لە دەوڵەت دەوێ. دیارە کۆمەڵە و دێموکرات هەرکام هەڵوێستی قورس و قایمی خۆیان هەبوو کە هەندێک جار لەگەڵ هەڵوێســتی ئەویتر یەکی نەدەگرتەوە و ئێمەش دروشــمی حکوومەتی شــووڕاییمان هەڵگرتبــوو. ئــەم جیاوازییانە بەڵام لــە ڕادەیەکی «مەعقوول» نەدەچووە دەرێ و لەو قۆناغەدا زیاتر «تەبایی» باڵی بەســەر پەیوەندییەکانماندا کێشــابوو و جیاوازییەکان گەرچی هەندێک جاریش خۆیان دەنواند، بەگشتی شاردرابوونەوە.

ئێمەی فیدائی، وەک هێزێکی سیاسیی سەرتاسەری، قورسایی خۆمان هەبوو، بەڵام لە ڕاســتیدا جەماوەرێکی ئەوتۆمان لە کوردســتان نەبوو و ئەوەی ئێمەی کردبووە بەشێک لە دەستەی وتوویژ و لە ژوورەکەدا لە بەرانبەر نوێنەرانی دەوڵەتی دانابووین تەنیا بالانسی هێز لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران بوو. کۆمەڵە ئێمەی دەویست بۆ ئەوەی بەرەی چەپ لە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتدا بەهێز بکا و بەیارمەتــی ئێمــە و مامۆســتا، تای تەرازووی خۆی لە بەرانبــەر حیزبی دێموکراتدا قورســایی زیاتر پێ بدا. هەڵسەنگاندنەکەشــیان زۆر هەڵە نەبوو. لە دانیشــتنێکی هەر چوار لایەنەکەی خۆمان کە شەوێکیان لە ماڵی موهەندیس ئاریا لە دەرەوەی شاری مەهاباد پێکهات، کاک بێهرووزی ســولەیمانی بە شــێوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دێموکرات تێکەوت و دەنگیان لێک بەرز بۆوە کە ئەو شــەوە نوێنەرانی کۆمەڵە کەم تا زۆر هیچیان نەگوت، واتە قسەکانی ئەوانیش بێهرووز کردی!

پەیوەندیی نێوان نوێنەرانی دەوڵەت و ئێمە وەک نوێنەرانی گەلی کورد لە ڕێگەی

ئاغای باباتاهیری فەرمانداری مەهابادەوە دەدرا. هەر ئەویش پێی ڕاگەیاندین کە ئێوارەی هەمان ڕۆژی هاتنی نوێنەرانی دەوڵەت، لە فەرمانداریی مەهاباد کۆبوونەوەی فەرمی لە نێوان هەردوو لادا دەست پێدەکا و پرسی ئەوەی کرد ئایا ئێمە بۆی ئامادەین؟ دیارە ئێمە هەموو لایەکمان لەمێژ بوو ئامادە بووین و دەمانزانی چی دەڵێین و چی دەخوازین.

دوای نیوەڕۆی درەنگی ئەو ڕۆژە، هەموومان چووینە هۆڵی دانیشتنەکە لە فەرمانداریی مەهاباد و لە بەرێکی مێزێکی درێژ دانیشتین کە فەرمانداریی بۆی دیاری کردبووین. چەند ئەفسەری ئێرانی ڕووبەڕوومان دانیشتبوون، بەڵام هێشتا وەزیرەکان نەهاتبوون. لەپڕ هەواڵیان هێنا کە بەردەرگای فەرمانداری چەکدارێکی فیدایی لێیە و وەزیرەکان ئامادە نین بەبەردەم چەکداری کورددا بێنە نێو فەرمانداربیەوە. من چوومە خوارەوە و تکام لە برادەرەکەمان کرد لەوێ بڕوا و کێشەکە لە ماوەی چەند خولەکدا چارەسەر کرا.

وەزیرەکان هاتن و ڕووبەڕووی ئێمە دانیشتن. ژمارەی ئەندامانی هەیئەتی کورد دوو کەسێکی زیاد کردبوو و لە بەری ئێمە بەباشی جێگەی دانیشتن نەبوو. من کە لە خوارەوەی هەمووان دانیشتبووم، ناچار کورسییەکەم بردە بەری پانتایی مێزەکە و لەوێ دانیشتم. تەرتیبی دانیشتنەکە بەو شێوەیە بوو: مامۆستا مەلا شێخ عیززەددین و دوو یان سێ کەس لە ئەندامانی دەفتەرەکەی، دوکتۆر قاسملوو و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە کاک ئەحمەدی قازیشیان لەگەڵ کەوتبوو، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی و ئەندامانی کۆمەڵە کە یەک کەسیان لێ زیاد کرابوو و کاک بێهرووزی سولەیمانی و کاک مینەی شێرخانی و من وەک فیدائییانی خەڵق.

سەرەتا، داریووشی فرووهەر قسەی کرد و پێخۆشیی خۆی لە پێکەوە دانیشتنی دوو لایەن دەربڕی. قسەکان فەرمی و کەمنێوەرۆک بوون. پاشان مامۆستا هەستایە سەرپێ و دوای بەخێرهێنانی نوێنەرانی دەوڵەت، ئەندامانی وەڤدی کوردی یەکیەک بە ناو ڕاگەیاند و پەیوەندیی حیزبایەتیشیانی ناساند و گوتی ئێستا دوکتۆر قاسملوو وەک وتەبێژی هەیئەتی کورد قسە دەکا. ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت شێوازی

ناساندنەکانیان پێخۆش نەبوو و بەگوێرەی بڕیاری لەپێش‌دادراوی خۆیان یا بەپێی ئەو ڕیسایەی وا لە تاران بۆیان دیاری کرابوو، نەیاندەویست بکەونە دۆخێکی واوە کـە ڕووبەڕووەکەیـان بەرپرسـانی حیزب و کۆمەڵە و فیدایی بن. ئەم هەڵوێسـتە لە هەمان دانیشتن‌دا دەرکەوت.

دوای ئـەم ناسـاندنە، نەمـر دوکتۆر قاسـملوو وەک مرۆڤێکی خـاوەن ئەزموونی سیاسـی دەسـتی بە قسـە کرد، نوێنەرانی دەوڵەتی بەخێر هێنا و پێخۆشیی خۆی لە بەرێوەچوونـی وتوویـژەکان دەربڕی. ئینجا پرسـی کوردی هێنایـە ئاراوە و دوای کورتەباسـێک لەمەڕ مێژووی کورد، گەلێک پسـپۆڕانە لە پێداویسـتیی چارەسـەری پرسـی کـورد دوا و خۆشـحاڵیی خـۆی و نوێنەرانـی گەلی کوردی بە چارەسـەری ئاشـتییانەی مەسـەلەکە دەربڕی. من لـەو کاتەدا کە فرووهەر وتـاری دا و درەنگتر دوکتـۆر قاسـملوو قسـەی هەڵبـژاردەی خـۆی پێشـکەش کـرد، قاسـملووم وەک مامۆستای قوتابخانەیەک دەدیت و هەیئەتی دەوڵەت لە بەرچاوم وەک خوێندکارانی کەم‌ئەزموونی پۆلێکی قوتابخانەکە بوون کە مامۆستا دەرسیان دادەدا! لە ڕاستیش‌دا ڕادەی بەرز و نێوەرۆکی قسـەکانی قاسـملوو لەچاو لایەنەکەی تر دەبێ هەسـتێکی وای بە هەموو ئەو کەسانە دابێ کە لە ژوورەکەدا دانیشتبوون.

هەر چۆنێک بێ، دوابەدوای قسەکانی نوێنەری کوردان، هەر فرووهەر یا کەسێکی دیکە لە ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت (لە بیرم نییە کامیان)، هەستایە سەرپێ و بێ‌ئەوەی ئاماژەیەک بە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو و خواستەکانی گەلی کورد بکا و ئا و نایەک بڵێ، ناڕەزایی خۆی لەوە دەربڕی کە نوێنەرانی کورد سەر بە حیزبە سیاسییەکانن و گوتی ئێمە ئامادە نین لەگەڵ حیزبی سیاسی و خەڵکانی ناسراو بە پەیوەندیی حیزبی و ڕێکخراوەیی‌یـەوە وتوویـژ بکەین و ئەوەندەی لە بیرمە، بۆ نموونە ناوی دووسـێ کەسی هێنا کە یەکیان کاک یۆسفی کەمانگەر و ئەویتریان منی هیچکارە بووم! ئەوەش بەڕواڵەت لەبەر ئەو هۆیە بوو کە ئێمە هەردووکمان وەک کاندیدی ڕێکخراوی کۆمەڵە و فیدایـی بـۆ هەڵبژاردنـی پەرلەمان دیاری کرابووین و ناومان لـە ڕۆژنامە و ڕادیۆدا ڕاگەیەندرابوو. ئیتر هەر ئەو کەسـە دوای قسـەیەکی دووسـێ خولەکی، «پشـوو»ی

ڕاگەیاند و هەمووان لە ژوورەکە چووینە دەرەوە. وا ئەم پشووە چل ساڵێکە درێژەی هەیە و حکوومەتی ئێران بە تانگ و تۆپ و تەیارە و پەتی سێدارە نەبێ وتووێژی لەگەڵ گەلی کورد نەکردووە. هەڵوێست گرتنی نوێنەرانی دەوڵەت شتێکی کوتوپڕ نەبوو و لەپێشەوە بڕیاریان لەسەر دابوو.

هەر چۆنێک بێ، ئەوە بیانوو بووبێ یان هۆکار، دەوڵەت کە پێشتریش نارەزایی لەمەڕ مەسەلەی وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان دەربڕیبوو، خۆی لە وتووێژەکان کێشـایەوە و زۆری پێنەچوو دەوڵەتـی بازرگانیش لەژێر نەعلەینی مەلاکاندا پلیشایەوە و خرایە لایەوە. گەلێک لایەنی تاریک و نادیاری مەسەلەکە، دواتر ڕوون بۆوە و زانرا کە لایەنی شەڕخواز و لەپێش هەموویاندا خومەینی، بەهیچ چەشنە ڕێککەوتنێک کە تەسلیم و توانەوەی کورد و چوونە ژێر عابای ویلایەتی فەقیهی تێدا نەبووایە ڕازی نەدەبوون و پێکهاتنی بەرەیەکی بەهێزی یەکگرتووی سیاسیی کورد بە خواستی دیاریکراوی سیاسییەوە نە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بوو و نە دەرەقەتی دەهاتن و نە زەرفییەتی قبووڵی تەنانەت بەشێک لە خواستەکانی گەلی کوردیان هەبوو. ئیتر وەک بڕیارێکی لەپێشەوە دراو، خۆیان بەهیچەوە ماندوو نەکرد و کشانەوە دواوە، تاران بگرە هاتمەوە! ئێمە لە عەینی بێباوەڕی بە ئیرادە و خواستی دەوڵەت بۆ چارەسەریی پرسی کوردیش، هێشتا چاوەڕوانی هەڵوێستێکی وا توندوتیژ و پاشەکشەی وا کوتوپڕمان نەدەکرد، بەڵام دیتمان.

هەمان شەو هەر سێ وەزیرەکە بە جیاجیا لەگەڵ مامۆستا شێخ عیززەددین، نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە دانیشتنێکی نافەرمییان کرد و ماوەیەک لەگەڵ هەرکامیان دوان ـ دوانێکی دۆستانە و غەیرەڕەسمی. بە ئێمەش وەک نوێنەرانی فیدائییانی خەڵق ڕاگەیەندرابوو کە دەیانهەوێ چاوپێکەوتنمان بکەن. ئەوە یەکەم هەوڵی هەیئەتەکە بوو بۆ جیاوازی خستن و تاکخستنەوەی ئەندامانی هەیئەتی کورد لە یەکتر و تێکشکاندنی بەرەی یەکگرتوویان، بەڵام بە شێوازێکی دۆستانە! دواتریش ئەو هەڵوێستە دووپات بووەوە و نوێنەرانی دەوڵەت هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵی یەکگرتووی هەر چوار لایەنی هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد

دانیشتنیان نەکرد. بەرەی ئێمەش کە گرفتی نێوخۆمان کەم نەبوو، ملمان بۆ دابردن و قەبووڵمـان کـرد کـە هــەرکام بـە تەنیایـی لەگەڵیان دابنیشــین. ئەوە دەسـکەوتێک بـوو بـۆ حکوومــەت و شکسـتێک بوو بۆ ئێمــە. من دڵنیـام ئەم کارەیـان بەگوێرەی بەرنامەیەک کرد، بەڵام دڵنیا نیم ئایا فرووهەر ئاگاداری پلانەکە بوو یان نا؟!

کاتـێ کـە نوێنەرانـی دەوڵەت هەمان شــەو لـە فەرمانداریـی مەهاباد بـە جیاجیا لەگەڵ سـێ لایەنەکەی دیکە دانیشـتن، نۆرەی ئێمەش هات. فرووهەر و سـەحابی و سـەبباغیان لـە ژوورێکی بچـووکدا لەگەڵ نەمران بێهرووزی سـولەیمانی و مینەی شـێرخانی و مـن ـ وەک نوێنەرانـی ڕێکخـراوی فیدائییانی گەڵ ـ دانیشـتن. ئێمە هەر شـەش کەسمان لە سـەردەمی شادا کەوتبووینە زیندان و سەحابی و کاک بێهرووز لـە بەندێکـی زیندانی قەسـردا پێکـەوە بوون، منیش لەو سـاڵانەدا لە زیندانی قەسـر بووم، بەڵام بەندەکەم لە هی ئەوان جیاواز بوو. هەندێک باسـی ئەو سـاڵانەیان کرد و پرسیار و قسەی دۆستانەی لەو چەشنە.

قسەکانمان بەگشتی نافەرمی و تا ڕادەیەکیش دۆستانە بوو. شتێکی سەرنجڕاکێش کە لە قسـەکانیان لەبیرم مابێ ئەوەیە هەوڵیان دەدا پێمان بڵێن لایەنیان نەرمتر بێ، لەبەر ئەوەی هەندێک لایەنی ناحەزی وتووێژەکان لە تاران گەلێک بەدەسـەڵاتن و ئەو وتووێژانەیان ناوێ کە ئێمە دەیکەین؛ ئێوەش نابێ بیانوو بدەنە دەستیان. دیارە ئەوان نەیاندەگوت ئەوانە لایەنی شەڕخوازن و تەنیا بە «خەڵکانی تر» ناویان دەبردن.

سـەبباغیان گوتـی ئەگـەر ئێمـە وەک دەوڵەت بتوانین جارێـک چاومان بە ئیمام [واتە خومەینی] بکەوێ، کەسانی وا هەن کە دە جار دەچنە لای. ئەو دەم لایەنەکانی نێو دەسەڵاتی تاران بۆ ئێمە وەک ئەمڕۆ ڕوون نەبوو، بەڵام ئێستا دەزانین دەوڵەتی بازرگان دژبەر و ناحەزی لەنێو مەلاکاندا زۆر بوو و کەسانی وەک ڕەفسەنجانی و خامنەیـی و شــەلاتی وەک هــادی غەففـاری و شــەڕخوازی وەک چەمـران لــەلای خومەینـی دەمیـان زۆر لەپێشـتر بوو و دواتر بۆ هەمـووان دەرکەوت ئەوانە کێن و چیـن. تەنانــەت شــێتۆکەیەکی وەک خەڵخاڵـی لـە دیوەخانـی خومەینـیدا گەلێـک لە بازرگان خۆشەویستتر بوو، چ بگا بە کەسێکی وەک فرووهەر! قسەکانمان کەمتر لە

سەعاتێکی خایاند و دوای نیوەشەو بوو ئەوان گەڕانەوە شوێنی حاوانەوەی خۆیان لە بەنداوی مەهاباد و ئێمەش گەڕاینەوە ماڵێ. نوێنەرانی دەوڵەت هەر بەیانیی ئەو شەوە بە هەلیکۆپتێر چوونەوە بۆ ورمێ و لەوێوە بۆ تاران.

دوای ئەم دیدارە، ئیتر دانیشتنێکی فەرمی لە نێوان دوو لایەنەکە پێکنەهات، گەرچی مەئموورییەتی هەیئەتەکەی تاران تەوا نەببوو و هەندێک لە ئەندامانی هەیئەت چەند جارێکی تر سەردانی مەهابادیان کرد، بەڵام لەسەر ڕێبازەکەی خۆیان ڕۆیشتن کە بریتی بوو لە وتووێژی نافەرمی لەگەڵ لایەنەکان بە جیاجیا، نەک وەک گشت.

لە بیرمە سەفەری دوایی کە نوێنەری حکوومەت هاتە مەهاباد، ئایەتوڵلا ئیشراقی زاوای خومەینی بەتەنیا بوو و دواتر زانرا ئەویش وەک خومەینی، لایەنێکی گەلێک توندوتیژ و دژبەری وتووێژەکان بووە. مەلا هاتبووە بەنداوی مەهاباد. لە کۆبوونەوەی هەیئەتەکەی خۆماندا لەسەر پێشنیاری شەهید قاسملوو و موافەقەی هەموومان بڕیار درا لەبەروەی کابرا مەلایە و زاوای خومەینیشە، جەنابی مامۆستا شێخ عیززەددین وەک کەسایەتییەکی ئایینی بچێتە چاوپێکەوتن و بەخێرهێنانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی، کە بەنداوی مەهاباد بوو. ئەم کارە کرا و دواتر یا لەسەر داواکاریی ئەو یا خود سەلاحی حیزبی دێموکرات، نوێنەرانی حیزبیش چوونە چاوپێکەوتنی، ئێمە ئاگاداری چۆنییەتیی کارەکە نەبووین.

کۆمەڵەش بۆ ئەوەی لە کارەکە دوانەکەوێ، چوو و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد. ئێمە تا ئاوڕمان داوە هەمووان چووبوونە خزمەت جەنابی ئایەتوڵلا و هەر ئێمە مابووین! جا ئیتر بەپەلە پەیاممان نارد و گوتمان دێین بۆ دیداری موبارەکی؛ کارێکی بەئاشکرا هەڵە.

دەوروبەری سەعات ١١ی بەیانیی ڕۆژێک بوو چووینە بەنداوی مەهاباد، ماوەیەک دانیشتین کەس پرسیاری لێنەکردین! لەپڕ دیتمان مەلا هاتەدەرێ و دەیویست سواری ترۆمبیل بێ بڕوا. چووین بۆ لای. لەگەڵمان زۆر بە ئیحتیرام جوولایەوە، بەڵام گوتی من ئاگاداری مەوعیدی دانیشتنەکە نەبووم و داوای

لێبووردنیشی کرد، ئینجا سوار بوو و تێیقووچاند. وەک ڕۆژ لێمان ڕوون بوو درۆی دەکرد، زانیبووی، بەڵام چاوپێکەوتنمانی بە پێویست نەزانیبوو! ئەوان بە نەغدی خۆیان گەیشتبوون و ئێمەیان چەند پارچە کردبوو، ئیتر هێزێکی بچووکی وەک فیدایی بایەخی بۆیان نەبوو!

بەکورتی، سیاسەتی ئەوان بۆ بێبایەخ کردنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد درێژەی هەبوو و نەیاندەویست بە هەندمان وەربگرن، هەر بۆیەش خوازیاری دانیشتنی دوو لایەنەی خۆیان و هەرکام لە چوار لایەنەکەی ئێمە بوون، لەوەش‌دا سەرکەوتن. هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنەکەیان دوو شت بوو: یەکەم، مەئمووریيەتەکەیان جگە لەو شێوازە بۆ هیچ شێوازێکی دیکە دانەتاشرابوو و فرووهەر بەخۆڕایی خۆی ماندوو دەکرد، واتە ئەگەر وا نەبووایە دەگەڕانەوە تاران و تەواو! دووهەم، ناکۆکیی نێوخۆی ئێمە وەک نوێنەرانی کورد دەرەتانی سەرکەوتنی بەو سیاسەتەی ئەوان دەدا.

دوو لایەنی سەرەکیی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە ڕوانگەیان لەمەڕ وتووێژ تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر جیاواز بوو و ئەوەندەی حیزب بەرەو چارەسەری کێشەکە و پێکهاتن لەگەڵ حکوومەت دەڕۆیشت، ئەوەندەش سیاسەتەکانی کۆمەڵە ڕادیکاڵتر دەبوو و لایەنی نەرمی حیزبی بە «سازشکار» دادەنا. ئێمەی فیداییش هێڵی فکریمان لانیکەم لەو خاڵە تایبەتەدا هاوتەریبی کۆمەڵە بوو. مامۆستا شێخ عیزەددینیش، من شایەدی دەدەم هەوڵی زۆری بۆ تەبایی نێوان خۆمان دەدا و لە چەند مەجال‌دا بۆ نموونە هەڕەشەی لە ئێمەی نوێنەری فیدائییان کرد کە ئەگەر یەک نەگرین و سیاسەتمان لە ئەندامانی دیکەی هەیئەت (مەنزووری حیزبی دێموکرات بوو)، نزیک نەکەینەوە، پشتیوانیی خۆیمان لێ دریغ دەکا. ئەوە ئەو شتە بوو کە من دەمدیت، بەڵام دەگوترا کە مامۆستا دۆستایەتیی قایمی لەگەڵ کاک سەلاحی موهتەدی هەیە و لە هێڵی فکری و ڕێبازی کۆمەڵە نزیکترە.

من نە دۆستایەتیی شەخسی و نە نزیکایەتیی هێڵی فکریی ئەوم لە کۆمەڵە، پێ شتێکی سەمەرە نییە، مامۆستا وەک تاکەکەس دەیتوانی و مافی خۆی بوو

لەم یا لەو هێڵی فکری نزیکتر یا دوورتر بێ. ئەوە دیاردەیەکی ئاساییە و هەرکام لە ئێمەی نوێنەری ڕێکخراوەکانیش دیارە هەڵوێست و بۆچوونی تاکەکەسیمان هەبووە و ناتوانێ جگە لەوە بێ، بەڵام کاتێ باسی هەڵوێستی سیاسی یا سەرۆکایەتیی هەیئەتەکە دەکرێ دەبێ بڵێم مامۆستام نەدیت لە هیچ دانیشتنێکدا لە بەرانبەر حیزبی دێموکرات و نوێنەرەکانیدا بوەستێ یا دژایەتییان بکا، لەسەر تەلەفۆن و لە وتاردانیشدا باوەڕ ناکەم شتی ئەوتۆی لێبینرابێ. ئیتر نازانم ئەم شێوە ناساندنەی ئەندامانی هەیئەتی کورد بە هەیئەتی دەوڵەت لە یەکەم دانیشتندا، کە بوو بەهۆی ناڕەزایی لایەنی دەوڵەت، هەر خۆی کردی یا خواستی کۆمەڵە و فیدایی بوو. من لە بیرم نییە پرسێکی ئەوتۆ لەنێو ئێمەدا هاتبێتە ئاراوە، بەڵام نایشارمەوە ئەوەی لە هەڵوێست گرتنی ئەو دەمی خۆمم لە بیرە، ئەگەر کەسێک پرسی پێکردبێتم، بە دڵنیایی مۆری پەسندم لەسەر کارەکە داناوە و پێم کارێکی بەجێ بووە!

هەر چۆنێک بێ نیازم ئەوەیە بڵێم ئەگەر مامۆستا وەک هێزێکی بێلایەن لەنێو هەیئەتی کورددا بگرینە بەرچاو، هێشتا حیزبی دێموکرات دوو لایەنی دژبەری هەبوو و کۆمەڵە کە خەڵکێکی زۆری بەری باشوور و ناوچەی سنە و مەریوان و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ڕووناکبیری کورد و غەیرەکوردی لەگەڵ بوو بەهاسانی دەیتوانی خەتی ڕادیکاڵی خۆی لەنێو هەیئەتەکەدا بەرەو پێش بەرێ و ئێمەش وەک فیدائییان لە زۆر سیاسەتدا، بۆ نموونە هەڵوێستی توندوتیژ بەرانبەر بە تاران، پشتگیریمان دەکردن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە خۆکشاندنەوەی تاران لە وتووێژی جیددی، لە ئەنجامی ئەو دووبەرەکییەی نێو ئێمەدا نەبوو، مەلاکان شەڕیان دەویست و کاتیان دەکڕی خۆیانی تێدا بەهێز بکەن و پادگانەکان بە چەکوچۆڵ بئاخنن. ئەوان نە لەنێو هەیئەتی نوێنەرانی گەلی کورد و نە کاتێکیش کە مامۆستا شێخ عیزەددین یا چەند کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نەمر قاسملوو، لە قوم چوون بۆ چاوپێکەوتنی خومەینی، ڕوویەکی خۆشیان پیشان کورد نەدا، کە

ئێستا بڵێین ئەگەر ئەو دەم خواستەکانی کۆمەڵە و ئێمە ڕادیکاڵ نەبووایە، پێکهاتنێک لە ئاسۆدا دەردەکەوت، بەڵام ئاشکرایە سیاسەتی یەکگرتووی هەیئەت دەیتوانی ئەو دەم و دواتریش کە شەڕ هەڵگیرسایەوە، دەورێکی کاریگەرتر ببینێ و هەڵوێستی کورد لە بەرانبەر شەڕخوازانی تاران و قومدا بەهێزتر بکا.

**

ماوەیەک دواتر، نوێنەرانی تاران هاتنەوە مەهاباد، بەڵام کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئێمە نەکرد و تەنیا دەقی نووسراوی هەندێک پێشنیاریان دایە یەک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە تێیدا باس لە «خودگەردانی» کرابوو نەک «خودموختاری» وەک سیستەمێکی سیاسی کە خواستی گەلی کورد لەو قۆناغە مێژوویی‌یەدا بوو. دەیانگوت پێ لەسەر ناوەکەی دامەگرن و چاو لە نێوەرۆکی بکەن.

دەقەکە دەسخەت بوو و تەنانەت تایپیش نەکرابوو. وا قاو بوو کە حیزبی توودەی ئێران نووسیبووی و دابوویە دەوڵەت. نوسخەی دەقەکە فۆتۆکۆپی کرا و لەنێو هەر چوار لایەنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا دابەشکرا. بڕیار درا هەموو لایەنەکان سەرنجی نێوەرۆکەکەی بدەن بۆ ئەوەی دواتر لە زمان سەرجەمی هەیئەتەکەوە وەڵامی پێویستی بۆ ئامادە بکرێ. ئەم گەڵاڵەیە نەبووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکییەک لەنێو نوێنەرانی کورددا لەبەروەی نێوەرۆکێکی بەتاڵ و پووچەڵی هەبوو و نە هەر نێوەرۆک بەڵکوو شێوازی نووسرانی بە دەسخەت و پێشکەش کرانی ناتەواوی بە ئێمە وای دەگەیاند کە دەوڵەت کەم تا زۆر پرسی کوردی بە هەند وەرنەگرتووە و لە بیری چارەسەری هێمنانەی مەسەلەکەدا نییە. وەڵامی تۆ بۆ گەڵاڵەیەکی وا ئیفلیج چ دەبێ جگە لەوەی بەداخەوە بی بۆ گوێنەبیستیی لایەنەکەت و بێئەنجام مانەوەی هەوڵەکانت لەپێناو چارەسەری هێمنانەی ناکۆکییەکان.

با لێرەدا باس لە گەڵاڵەیەک بکەم کە وەک پێشنیارەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پێشکەش بە دەوڵەت کرا. ئەو گەڵاڵەیە لە ٨ بەند پێکهاتبوو و بەندی هەشتەمی گەڵاڵەکە ئێستا جێگەی مشتومڕی لایەن و حیزبە کوردییەکانە. گەڵاڵەکە لە ڕاستیدا

دوای کۆبوونەوەیەکی چوار لایەنەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە مەهاباد بڕیاری نووسران و ئامادەکرانی درا، بۆ ئەوەی دواتر بدرێتە نوێنەرانی دەوڵەت. بە شوێنیدا من لەگەڵ کاک مینەی شێرخانی چوومەوە بۆکان. ئەوەندەی لە بیرم بێ یەک لە ئەندامانی غەیرە بۆکانیی کۆمەڵە لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای موهتەدی و ئەگەر هەڵە نەکەم، نەمر دوکتۆر جەعفەری شەفیعی بە ترۆمبیلی خۆیان هەمان ڕۆژ هاتن بۆ بۆکان و چوون بۆ ماڵی کاک عەبدوڵڵا.

گەڵاڵەکە بەگوێرەی زانیاریی من لەو سەفەرەدا لە بۆکان نووسرا، کەس بیروڕای منی نەپرسی و ئەوەندەی ئاگادار بم کاک مینەش بەشداری مەسەلەکە نەبوو. کێ نووسی نازانم؟ دەوری کاک سەلاحی موهتەدی لە کارەکەدا چەندە بوو؟ نازانم. چەندە لە بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات و هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورددا بوو؟ گومانم هەیە بووبێ. لەبەرەوەی بوو بە هۆکارێکی ناتەبایی و نێوانناخۆشی و گەرای دووبەرەکیی نەک لەنێو هەیئەتەکەی ئێمە، بەڵکوو لەنێو خەڵکیشدا چاند، کە چاوەڕوانیان دەکرد گەڵاڵەی پێشنیارەکانی ئێمە داخوازییە بنەڕەتییە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی کورد بخاتە بەردەمی دەوڵەت، نەک خواستێکی سیاسیی ئەوتۆ کە تەنیا لایەنێکی سیاسیی باشووری کوردستانی خۆشحاڵ دەکرد. من دڵنیام ئەو دەم ناڕەزامەندیم لە بەرانبەر ئەو مادەیەدا نەنواندووە، بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەو دەم باوەکوو کەسێکی ئەوتۆ نەبووم پرسم پێ بکرێ، بەڵام وەک ئەندامێکی ئەو هەیئەتە، هەڵەم کردووە ئەگەر کەم تا زۆر پەسندی نووسران و پێشکەشکرانی ئەو مادە هەشتەم کردبێ و بۆ ئەو هەڵەیەم داوای لێبووردن لە گەلی کورد دەکەم. ئیتر ئەوانەی ڕاستەوخۆ ئەم کارەیان کرد چەندە پێ لە هەڵەی خۆیان دەنێن، ئەوە کاری ئەوانە نەک من. ئێمە بڕیار بوو چارەسەری کێشەیەکی مێژوویی کوردی ڕۆژهەڵات لە سیستەمی تازەدامەزراوی ئێران بخوازین، کێشەیەک کە ئەوەندەی سیاسی بوو، ئەوەندەش ئابووری، سپایی و فەرهەنگی بوو. ئیتر داواکاری لەمەڕ دەرکردنی قیادەی موەققەتەی پارتی دێموکرات شتێک بوو کە لایەنێکی سیاسی لە باشووری کوردستان خوازیاری بوو و ئێمە نەدەبووایە کێشەی ئەوانمان تێکەڵاوی

خواستە سەرەکییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکردایە، ئەویش بەو شێوازە نائوسوولییە و بە دەرکرانی لایەنێکی پەناهێناو بۆ ئێران کە دواتر دیتمان چۆن تەقییەوە و قیادەی موەققەتەی چۆن خستە بەرەی دەوڵەتی ئێران و ئەو خەسار و زیانە گەورەیەی تووشی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە کردی. ئەوانەی وا لەژێر ناوی یەکگرتوویی بەشەکانی کوردستان و «کوردستانی گەورە»دا پەسندی کارێکی نابەجێی وەک ئەو کارەی ئێمە دەکەن یا لە سیاسەت ناگەن یا بە نیازێکی پاکەوە بۆ مەسەلەکە ناچن.

ئێستا باشووری کوردستان بەکردەوە داڵدە و پەناگەی هەموو ئەو کوردانەیە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاوارە بوون و ڕێگەی گەڕانەوەیان لێبڕاوە، هەر لە حیزبە سیاسییەکانەوە بگرە تا ڕووناکبیری تاکەکەس، بەڵام گەلۆ کەس دەتوانێ چاوەڕوان بێ حکوومەتی هەرێم لە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراقدا مادەی ٨ بخاتە نێو گەلاڵەی پێشنیارەکانییەوە و بۆ نموونە داوای دەرکرانی کۆمەڵە یا حیزبی دێموکرات لە حکوومەتی عێراق بکا؟ خۆ ئەوانیش لەنێو خۆیاندا گرفت و ناکۆکی و نێوانناخۆشییان کەم نییە و هەرکامیان لە لایەنێکی نێو دەسەڵاتی کوردی نزیکترن تا ئەویتر. من دووپاتی دەکەمەوە، گەرچی ناحەزی هەڵوێستەکانی قیادەی موەققەتە بەرانبەر پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بووم، بەڵام ڕاستەوخۆ دەستم لە ئامادەکردنی ئەم گەڵالەیەدا نەبووە، بۆ هەر ئەم دەورە ناڕاستەوخۆیەشم وەک ئەندامێکی هەیئەتەکە، پێ لە هەڵەی خۆم دەنێم.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە کوردستان یەک وڵاتە و خواستی گەلی کورد یەکپارچەیی و یەکگرتنەوەی بەشەکانییەتی، بەڵام دابڕانی چەند سەد ساڵە لە یەکتر و کەوتنە بەر حوکمی چەند حکوومەتی جیاواز کە لەباری ڕادەی پێشکەوتی ئابووری و فەرهەنگییەوە گەلێک لە یەکتر جیاوازن، کێشە و ئەرکە سیاسییەکانی هەر پارچەیەکی لە پارچەکانی تر جیاواز کردووە و تێکەڵ کردنی بەزۆرەملێ و میکانیکیی خواست و داواکارییەکانیان جگە لە ئاڵۆزتر کردنی کار، هیچ سوودێک بە خەباتی ئەمڕۆ و دواڕۆژی گەلی کورد ناگەیەنێ. هەرکات کێشەی لایەنێک و پارچەیەکی کوردستان

ڕاگوێزراوەتە نێو لایەنەکەی تر، کێشەکە گەورەتر بۆتەوە و دەسکەوت کەمتر.

سەیرێکی دەستێوەردانی ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆنگرەی دووهەم لە کار و سیاسەتەکانی دوولایەنی ناکۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی بکەین؛ هەروەها دەوری پارتی دێموکراتی کوردستا ن لە سەردەمی قیادەی موەققەتە و شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی حیزبی دێموکرات بگرینە بەرچاو و ئەنجامە نەرێنییەکانیان ببینین. ئینجا بڕوانینە تێکەڵاو کردنی کێشەی کوردی باکوور لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵات دوای گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان کە ئەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە بەشێکی بەرچاو لە ئازەرییەکانیش سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا بۆ دژایەتیکردنی پژاک ڕەچاو بکەن و لەوەش بچنە پێشەوەتر و ناحەزیی خۆیان لە بەرانبەر پژاک بکەنە سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ گەلی کورد بەگشتی. من تەنانەت دژ بە دۆخی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور دەوەستم، کە ماوەی چەند ساڵە چوونەتە ژێر چەتری دوو حیزبی دەسەڵاتداری باشوور و هەرکام چارەنووسی خۆیان بە یەکێک لەو دووحزبەوە گرێداوە.

بەندی هەشتەمی داخوازییەکانی گەلی کورد لە حکوومەتی ناوەندیی ئێرانیش شتێک بوو لەو بابەتانە. لە ڕاستیدا، داخوازە مێژوویییەکانی کورد بۆ ئاوەدانیی ئابووری و مافی سیاسی و فەرهەنگی پەیوەندییەکی بە دەرکردنی قیادە و بارزانییەکان لە ئێران نەبوو و ئەم کارە بەداخەوە بە هاندانی یەکییەتیی نیشتمانی کرا. ئەوەندەی بزانم حیزب لەگەڵ ئەم خاڵی هەشتەدا نەبوو، دەزانم کۆمەڵە و هەروەها ئێمە وەک فیدائییان لەگەڵی بووین. با هەموومان ئازایەتیی ئەوەمان هەبێ پێ لە خەتای خۆمان بنێین، خەتایەک کە لە درێژەی خۆیدا دوژمنایەتی و دووبەرەکی و شەڕی کورد و کوردی لێکەوتەوە و قیادەی موەققەتەی کردە هاوسەنگەری پاسداری ئێرانی و گەلێک دەسکەوتی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی پێ پووچەڵکرایەوە. ئەوە دەرسێکی گرنگە و ئەو حیزب و ڕێکخراو و تاکەکەسانەی ڕۆژهەڵات وا ئێستا لە باشوورن دەبێ بەوردی لێی بڕوانن.

هەر چۆنێک بێ، حکوومەت کە وردەوردە جێپێی خۆی لە پادگانەکانی کوردستاندا

قایم کردبوو و جاش و خۆفرۆشی زۆریشی لە خۆی کۆکردبۆوە، بە لاوازیی ڕیزی کورد و کێشەی نێوان هێزەکانیشی دەزانی، خۆی بۆ شەڕی کورد ئامادە دەکرد و ئیتر لە سیاسەتی خومەینی و توندڕەوەکانی نێو حکوومەتدا شوێنێک بۆ ئاشتی و تەبایی یا تەنانەت وتوویژی ڕواڵەتیش نەمابوو، ئیتر مەسەلەی وتوویژ بەتەواوەتی خرایە لاوە و هێرش بۆ سەر شارەکانی کوردستان لە چەند لاوە دەستی پێکرد.

**ئەنجام**

ئێستا کە زیاد لە ٤٠ ساڵ بەسەر ئەو ئەزموونەدا ڕادەبرێ، هەڵسەنگاندنی من لە هەیئەتی نمایەندەگیی گەلی کورد بەو چەشنەی خوارەوەیە:

ئەزموونێکی باشی تەبایی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی گەلی کورد بوو و لە هەلومەرجی ڕووخانی حکوومەتی شاهی و هێشتا جێگیر نەبوونی حکوومەتی مەلاکاندا هاتە گونجان. سەرەڕای جیاوازیی هەڵوێست و بۆچوون، کە سروشتی قۆناغێکی ئەوتۆی ڕاپەڕینی خەڵکە، دەسکەوتی باشیشی هەبوو و حکوومەتی ناچار کرد مل بۆ وتوویژ دابەرێ.

فیدائییان وەک هێزێکی سەرانسەریی ئێران و ڕێکخراوەیەک کە سیاسەتەکانی لە تاران دادەڕژا، سیاسەتی سەرانسەرییان لە ئێران و هەڵوێست لقی کوردستانیان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ یەکتردا جیاواز و ناتەبا بوو و دوای جیابوونەوەی «چریکهای فدائی خلق» و بەتایبەت دوای دابەش بوونی بەسەر ئەکسەرییەت و ئەقەلییەتدا، سەرلێشێواوییەک لەنێو ئەندامانی لقی کوردستاندا پێکهاتبوو.

ڕێکخراوی فیدائییان لە کوردستان لەوە کەمتەمەنتر و کەمئەزموونتر بوو ئەرکێکی گەورە و گرانی وەک بەرنامەدانان بۆ چارەنووسی سیاسیی کوردی پێ بسپێردرێ، ئەندامەکانیشی هەموو گەنج بوون و سەرچاوەیەکی فکریی ئەوتۆیان لە بەردەستدا نەبوو کەڵکی لێوەربگرن. وەک دیارە سیاسەت و بەرنامەیان لەمەڕ کوردستان لە سەرچاوەیەکی وەک کتێبی کەم نێوەرۆکی «پرسی نەتەوایەتی»ی ستالین وەردەگرت، کە نەک هەر لە کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ڕووسیای

سۆڤیەتیش بەڕێوەبردنی نەگونجاو بوو. ستالین نە نووسەر بوو، نە تیئۆریسیەن و ئەم کتێبە تەنیا لە بارودۆخی دیکتاتۆرییەتی سۆڤیەتی ئەو دەمدا «کتێب» بوو، ئیتر ڕەوتی کێشەی لەمێژینەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ڕێبازی ئەوتۆدا بردن دەبێ لە کەمبەختیی گەلی کورد و ناشارەزایی لاوانی سەرەپەت بەدەست بپرسرێ!

بە بۆچوونی من، ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ، دەکرا دەوری ڕاوێژکار و هاوهەنگاوی لەگەڵ وتووێژکەرانی کورد ببینێ، بەڵام نەدەبووایە وەک لایەنێکی وتووێژەکان بهێنرێتە نێو هەیئەتەکەوە، کە دواتر بەرەو سیاسەتێکی وا بڕوا ڕژیمی خومەینی بە دژی ئەمپریالیست بناسێ و کورد بە «ضدانقلاب»! سیاسەتێک کە بێگومان هیچ لایەنگرێکی لەنێو ئەندامانی کوردی ڕێکخراوەکەدا نەبوو و لە بیرمە نەمر بێهرووزی سولەیمانی هاواری دەکرد و دەیگوت هەر ئێستا پاسدارەکان پێشمەرگەی ئێمە بە تانگ و تۆپ دەکوژن، من چۆن بە لایەنگرەکانمان بڵێم ئەوانەی دەتانکوژن دژی ئەمپریالیست و دۆستی گەلن! بەڵام سیاسەتی ڕێکخراوەکە لە تاران و لەژێر گەلێ فاکتەری وەک نفووزی حیزبی توودەی ئێران دادەڕژا و لقی کوردستان نەیدەتوانی بۆ هەمیشە دژی سیاسەتە گشتییەکانی ناوەند بوەستێ، کە نەوەستا و لە ئەنجامیدا تووشی هەرەس و بەدناوی هات و خوێنی ئەم هەمووە شەهیدەشمان بەبا چوو.

مامۆستای بەڕێز شێخ عیززەددین بە ڕوانگەی ڕوونی لەمەڕ داخوازییەکانی گەلی کوردەوە، بەحەق دەبووایە ئەندامی هەیئەتی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت بێ، بەڵام کارێکی باش نەبوو دەفتەری مامۆستا بکرێتە ڕێکخراوەیەکی سیاسی و دەفتەرەکەی بەشداریی هەیئەتێکی نوێنەرایەتی پێکهاتوو لە حیزبە سیاسییەکان بکا و لەوەش خراپتر، ڕێباز و بەرنامەی کارەکانی کۆمەڵە هەڵیسووڕێنێ. مامۆستا درەنگتر و بە ماوەیەکی کەم پێش کۆچیدوایییەکەی بەو هەڵەیەی زانیبوو و لە وتووێژێکدا ئەوەی ڕاگەیاند. بە بۆچوونی من دەوری مامۆستا ئەگەر وەک دەوری ئایەتوڵڵا سیستانی لە عێراق بمایە سوودی زیاتری بۆ خەباتی گەلی کورد دەبوو و دەیتوانی جێگەی پرسیار و پەنای هەموو ڕێکخراوەکان بێ. هەر چەندە ماوەیەک پاش ئەم ڕووداوانە، کورد ئەم ڕێگایەشی تاقی کردەوە و نەمر مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی پێش تیرۆرە

ناجوانمێرانەکەی ویستی وەها دەورێک بگێڕێ و سەرنەکەوت. بەئاشکرا حکوومەت ئامادە نەبوو سەر بۆ خواستەکانی گەلی کورد دابنەوێنێ و هیچ نییەتێکی پاکی بۆ چارەسەری پرسی کوردی نەبوو و بەکردەوەش هەنگاوێکی بۆ ئەم لایەنە هەڵنەهێناوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، ئێستا هەندێک لایەن هەن کە گەلی کورد تۆمەتبار دەکەن بەوەی شەڕخواز بووبێ و ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکەی بەستبێ. زمان ماسوولکەیە، بە هەر لایەکدا بتەوێ دەگەڕێ، بەتایبەت زمانی سیاسەت کە تێکەڵاوی بەرژەوەندییە و وا هەیە کەم جار بە لایەنی ڕاستدا بگەڕێ!

کۆمەڵە گەرچی بە ژمارەی لایەنگر لە حیزب بچووکتر بوو، بەڵام هێزێکی بەرچاوی ڕووناکبیرانی لەگەڵ بوو، کە دەیتوانی لەجیاتی هەوڵ لەپێناو بەهێزتر کردنی باری سپایی خۆی و خۆگەیاندنە ڕیزی حیزبی چەکداری دێموکرات، وەک هێزێکی سیاسی دەوری بەرچاو لە وتوویێژەکاندا ببینی و نەک هەر یاریدەدەری حیزب، بەڵکوو ڕاستکەرەوەی هەڵەی کارەکانی ئەوانیش بێ. چەقبەستنی زۆری ئەوان لەسەر هێزی چەکدار و ناردنی ئەندام و لایەنگرانی ڕووناکبیری شار بۆ گوندەکان و دوورخستنەوەیان لە ژینگەی ڕووناکبیری، گەرچی لەگەڵ سیاسەتی حیزب و ڕێکخراوە مائۆئیستییەکاندا یەکی دەگرتەوە و کارێکی قانوونمەندی ئەو بیروباوەڕە بوو، بەڵام لەگەڵ هەلومەرجی ئەو دەمی کوردستان بەگشتی و سیاسەتی هاوکاری کردنی نێو هەیئەتی نوێنەرایەتیدا یەکی نەدەگرتەوە. هەوڵ لەپێناو بەدەستەوەگرتنی «هێژێمۆنی» و بوون بە هێزی یەکەمی خاوەنەدەسەڵات لە کوردستان، کێشەی یەکییەتی و پارتیی هێنایە نێو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەکی ترەوە ئەوانی لە بەرانبەر حیزبی دێموکرات دانا. وەک دیتمان، ڕووبەڕووبوونەوەکان درەنگتر تەقینەوە و ئاکامی چەپەڵی وەک شەڕی براکوژییان لێکەوتەوە. سیاسەتی پشتگیری لە فیدائییان و هاوردنیان بۆ نێو هەیئەتی نوێنەرایەتی، هەروەها دەورگێڕانیان لە «دەفتەری مامۆستا»شدا هەر لەسەر ئەم پێوشوێنە بوو و بەداخەوە هیچکام لەم هەنگاوانە لەم قۆناغە تایبەتەدا خزمەتی

سەرکەوتنی وتوویژەکانیان نەکرد.

حیزبی دێموکرات بە حیسابی ژمارەی زۆری لایەنگر و مێژووی ڕابردووی خەباتیان لە کوردستان، لە هەڵسەنگاندنی هێزی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی پەرەئەستێن تووشی هەڵە هات. ئەوان سیاسەتی حیزبیان وەک سیاسەتی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبینی، کە تاقە هێزی ناوچەکە بوون و ئەم ڕاستییەیان لە بەرچاو نەگرت کە لە دەرەوەی موکریانیش کورد هەن و دەتوانن بڕیاردەر بن. ئەو کۆپی کردنە لەلایەک لە ناوچەکانی باشوورتری غافڵ کردن و کرماشان و ئیلام و تا ڕادەیەکیش شاری سنەیان لە دەستچوو، لەلایەکیش حیسابیان بۆ هێزی گەورەی کۆمەڵە نەکرد کە لە دەرەوەی موکریان و تەنانەت لە موکریانیش بەشێکی بەرچاوی خەڵک و بەتایبەت لاوانی خوێندەواریان لەگەڵ کەوتبوون. ئەگەر حیزب و کۆماری کوردستان کاتی خۆی نەیانتوانی لە گوندی سەرای نێوان سەقز و بۆکان بەرەو باشوور بڕۆن، هۆکارەکە بوونی سپای سۆڤیەت و پەیمانی ڕووس و ئینگلیزی ساڵی ١٩٠٧ و ١٩١٥ بوو. لە ساڵی ١٩٧٩دا گەلێک شت گۆڕابوو کە بەداخەوە لانیکەم بەشێکیان لە بەرچاوی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ون بوون. هەر ئەوەش بوو بەهۆی ڕوبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕاستییەک کە بریتی بوو لە چوونە نێو هەیئەتی نوێنەرایەتی وەک هاوپەیمانییەکی چوار لایەنە، کە سێ لایەنی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەودا کۆک نەبوون (مامۆستا وەک تاکەکەس نەک وەک دەفتەرەکەی لەو حیسابە دەردەهاوێژم). حیزبی دێموکرات زیاد لە هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دا، بەڵام لە نێوخۆی کوردستان و لە بەرانبەر هێزی ڕێکخراوە چەپەکان، بەتایبەت کۆمەڵەدا ئەو سەرکەوتنەی نەبوو کە بتوانێ وەک نوێنەری زۆرینەی جەماوەر دەوری سەرەکی لە سیاسەتەکانیشدا بگێڕێ و لە ئەنجامدا حکوومەتی ناوەندی مەجبوور بە دانی مافەکانی گەلی کورد بکا.

سەرەڕای هەموو ئەم لاوازی و هەڵەوپەڵانە، پێکهاتنی «هیأت نمایندگی خلق کرد» و کارپێکەوە کردنی چەند لایەنی سەرەکی خەباتی سیاسی ئەو ڕۆژانەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەسکەوتێکی مەزن بوو و ئەزموونی پێکهاتنی دەتوانێ ببێتە چرایەکی ڕوونکەرەوەی ڕێگا بۆ خەباتی دواڕۆژی گەلی کورد.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

ئا. ئەم یادداشتانە تەنیا بە یارمەتیی بیرەوەریی ئەو ساڵانە نووسراون و دڵنیام دەبێ هەڵەیان تێکەوتبێ، بەڵام با خوێنەر لە یەک خاڵ دڵنیا بێ: من بە دەستەقەسـد هەوڵی گۆڕانی هیچ ڕاستییەکم نەداوە، لایەنم نەگرتووە و بۆ لای خۆمم دانەتاشیوە، لـە سـاڵێک دوای ئـەم ڕووداوانەوە، واتە لە چل سـاڵ بەرلە ئێسـتاوە لە ڕێکخراوی فیدائییانـی ئەکسـەرییەت هاتوومەتـە دەرەوە و چیتـر ئەندامی هیـچ ڕێکخراوەیەکی سیاسـی نیم؛ دژایەتی و دوژمنایەتیشـم نە لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە نە لەگەڵ کۆمەڵـە و نـە لەگـەڵ فیدایـی، بەپێچەوانە لەگـەڵ گەلێک ئەندامی لایەنەکان دۆسـتم؛ کەوابـوو ئەگەر بەشـێک لـە بیرەوەرییەکانم ڕاسـت و تەواو نەبن تەنیـا لەبەر ئەوە بووە کە لە بیرم نەماوە یا لەوە زیاترم لێنەزانیوە. با خەڵکانی دیکە هەڵەکانم ڕاست بکەنەوە. هەر بۆچوونێکیش لەم بارەیەوە هەبێ و بگاتە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان بـە پێخۆشـییەوە بەبـێ دەسـتێوەردان بڵاو دەکرێتەوە. لـە کۆتایـی کاردا، ئامانج لە نووسینی ئەم چەشنە یادداشتانە زانیاری بەخشینە بە کۆمەڵگا و بەتایبەت نەوەکانی داهاتـوو، نـەک ڕقەبەرایەتی و یەکتر پووچاندنەوە. جا ئەگەر وا بێ کە ئامانجی منە، من بینووسم یا کەس و کەسانی تر، بە مەرجێک شێواندن و سووکایەتیی بە لایەنە سیاسییەکانی تێدا نەبێ، یارمەتیدەری خەباتی گەلە و حەق وایە پێشوازیی لێ بکرێ.

ب. دوای دابەش‌بوونی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق بەسەر دوو باڵی ئەکسەرییەت و ئەقەلییـەتدا، مـن لەگەڵ ئەکسـەرییەت مامەوە. لە نووسـینی بابەتەکانی سـەرەوەدا هەندێک جار وا هەیە ڕووداوەکان لە سـەردەمی دوای ئەو دابەش بوونەدا ڕوویان دابێ و کەسایەتییەکان سەر بە ئەم یا ئەو تەیار بووبێتن، بەڵام من بەباشی مێژووی ڕووداوەکانـم لـە بیـر نەمـاوە و هـەر ئەوەنـدە دەتوانـم بڵێم کـە من خۆم سـەر بە ئەکسـەرییەت بووم و ئەقەلییەت لە دابین‌کردنی سیاسـەتەکانی ئێمە لە کوردستاندا دەوریـان نەبـوو، تەنانەت ناحەزی و نێوان‌ناخۆشـیش لە نێواندا بوو کە درەنگتر تا

ڕادەی دژ بە یەکتروەستانیش چووە پێشەوە.

پ. هۆکاری دامەزراندنی ئەم باسە لێرەدا بەشدار بوونی چوار کەسی خەڵکی بۆکان لەنێو هەیئەتەکە و دەوری بۆکان لە وتوویژەکان و هەروەها نووسرانی گەڵاڵەی پێشنیارەکان بەتایبەت مادەی هەشتەمی بوو. ئەندامانی بۆکانیی هەیئەتی نمایەندەگیی کورد بریتی بوون لە:

- نەمر مینەی شێرخانی، کە لەلایەن فیدائییانی خەڵقەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛
- نەمر دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، کە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛
- ڕێزدار عەبدوڵڵای موهتەدی، کە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛
- من ئەنوەری سوڵتانیش، کە لەلایەن فیدائییانی خەڵقەوە ئەندامی هەیئەتەکە بووم.

**تێبینی**: ئەم وتارە لە ماوەیەکدا نووسراوە کە نەمر مامۆستا شێخ عیزەددین لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی سوید کەوتبوو و دواتر لەوێ کۆچیدوایی کرد و لە گردی سەیوانی سلێمانی ئەسپاردەی خاک کرا. یادی بەخێر بێ.

**پاشکۆکان:**

١. ئیمەیلی کاک برایم فەڕشی:

دوای نووسرانی ئەم بابەتە و پێش بڵاوبوونەوەی، بەختی ئەوەم هەبوو کە چەند دۆست و برادەری شارەزا بۆچوون و زانیاریی خۆیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەیان بنووسن و بۆمی بنێرن کە لێرەدا سپاسیان دەکەم. بەشی زۆری بۆچوون و زانیارییەکانم ئامێتەی وتارەکە کردووە، بەڵام بە باشم زانی ئەم یادداشتەی خوارەوە بە شێوەی سەربەخۆ بڵاو بکەمەوە. یادداشتەکە ڕێزدار برایمی فەڕشی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٢/٢١، لە کۆڵنەوە نووسیویەتی، کە لێرەدا سپاسی دەکەم:

«لەبەروەی من لە جەریانی شەڕی سێ مانگە (ساڵی ١٣٥٨)، لە شاخ بەرپرسی ئینتشاراتی شاخە[ی کوردستانیی سازمانی فیدائییانی خەڵق] بووم، ئاگاداری هێندێک ڕووداو هەم کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی

کوردەوە هەیە...

دوای ئـەوەی خومەینـی لـە پاییـزی سـاڵی ١٣٥٨ وەک فەرمانـدەی هێزەکانـی نیزامیـی ئێـران پەیامی ئاشـتبوونەوە لەگەڵ کورد و ڕاگرتنی شـەڕ لە کوردسـتانی ڕاگەیاند و باس لە وتوویژ لەگەڵ کورد هاتە کایەوە، پرسـیارێکی جیدی لە نێوان چریـک و کۆمەڵە هاتبووە ئاراوە، ئەویش نەبوونی تەرح و بەرنامەی خودموختاری لەلایـەن ئـەم دوو سـازمانەوە بوو. ئـەوان دەیانزانی کە حیزبـی دێموکرات گەڵاڵەی ئامـادە کـراوی هەیە و کۆمەڵە و فیدایی لە دانیشـتن لەگـەڵ حیزبدا ئەگەر گەڵاڵەی خۆیـان نەبێ، دەکەونە ژێر هێژمۆنیی سیاسـی و بەرنامەیـی حیزبی دێموکراتەوە... ئـەم دوو سـازمانە کـە خۆیـان بە نوێنـەری زەحمەتکێشـان دەزانـی، کەوتنە خۆ بۆ گەڵاڵە کردنی بەرنامەی سیاسیی خۆیان بۆ کوردستان بە مەبەستی وتوویژ لەگەڵ حیزبـی دێموکـرات و حکوومـەت. هـەر بۆیـە هەر دوو لا لەسـەر ئـەوە پێکهاتبوون کـە هەتـا هاتنـی مەوعیدی کۆبوونـەوە لەگەڵ حیزبی دێموکـرات گەڵاڵەی خۆیان بۆ خودموختاری ئامادە بکەن.

ئەو سـەردەمە ڕێبەرایەتیی چریکی فیدایی و کۆمەڵە و مامۆسـتا شێخ عیزەددین لـە گونـدی شـێنێ بـوون کـە گوندێکی کاولکـراوی باشـووری کوردسـتان بوو. لە مەقەری سەرکردایەتیی چریک فیدایی سێ کەس دیاری کران بۆ نووسینی گەڵاڵەی خودموختاری فیدایی: جەواد، مینەی شـێرخانی و کەسـێکی دیکە کە لەبەر هۆکاری ئاسـایش ناوی ناهێنم. تەنیا سـەرچاوە کە لە بەردەسـتدا بوو کتێبی «ئیسـتالین و مەسـەلەی میللـی» بـوو. ئەو سـێ کەسـە هـەرکام دوو ڕۆژ کاتیان هەبـوو کتێبەکە بخوێننەوە و گەڵاڵەی خۆیان ئامادە بکەن. دوای خوێندنەوەی کتێبەکە هەر سێکیان دانیشـتن و لەسـەر گەڵاڵەکە قسـەیان کرد و کۆبەندی بیروڕای هەرسێکیان بوو بە گەڵاڵەی «خودموختاری بەدست شوراها».

ئـەم گەڵاڵەیـە بـە دەسـتی مـن لە چەنـد نوسـخەدا تایپ کـرا، پـاش تەواوبوونی گەڵاڵەکە بەپێی بڕیاری پێشـوو دەبوو نوسـخەیەک بەرم بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە. من چووم بۆ مەقەڕی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە زۆر لە ئێمەوە دوور نەبوو، کاتێک

گەیشتمە شوێنەکە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک سەلاح موهتەدی و کەسانی دیکە لەبەر مەقەڕەکە پیاسەیان دەکرد، من نوسخەی دووهەمی گەڵاڵەکەم دایە دەست کاک عەبدوڵڵا موهتەدی. سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەر ئەو شەوە چەند گۆڕانکارییەکی سووکیان تێدا کرد و ڕۆژی دواتر هەر دوو سازمانی چریکی فیدایی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوون بە خاوەنی گەڵاڵەی خودموختاری. دواتر هەر دوو سازمان گەڵاڵەی خۆیان بە زمانی کوردی و فارسی لە کوردستان بڵاوکردەوە. ئەوەی ئەم گەڵاڵەیە چەندە سێ لایەنی حیزب و کۆمەڵە و چریکی لە یەک نزیک یان دوور خستەوە و یان لە وتوویژەکاندا چەندە شوێنی لەسەر گەڵاڵەی گشتیی خودموختاریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد دانا، دەبێ ئێوە بزانن. ئەم گەڵاڵەیە جیاوازە لە گەڵاڵەی ٢٦ مادەیی و ٨ مادەیی و ٦ مادەیی کە دواتر لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە ئاڕاستەی دەوڵەتی ئێران کران.»[١]

هەروەک باسم کرد لە کۆبوونەوەکانی لایەنەکان لەگەڵ یەکتر لە شاخ، باسی نێوەرۆکی داخوازی هەر لایەنێک بەپێی بەرنامەی حیزبی و سازمانییان کرابوو، بەڵام ئەگەر هەڵەم نەکردبێ هیچکام لە بەرنامەکانی حیزبەکان نەبووە بنەما و پایە بۆ داوای خودموختاری، لە ڕاستیدا کۆمەڵە و فیدایی ئامانجیان ئەوە بوو، نەچنە ژێر قبووڵی بەرنامەی کلاسیکی حیزب، کە پێم وایە مەبەست لە نووسینی گەڵاڵەکەش هەر ئەوە بوو، بەو ئامانجەش گەیشتن. گەڵاڵەی ٨ مادەش کە دواتر ئامادە کرا ڕەنگدانەوەی زەقی بەرنامەی لایەنێک نەبوو.

٢. وتوویژ لەگەڵ هاشم سەبباغیان

ئەم وتوویژە، «لوتفوڵڵای مەیسەمی» ئەندامی جیابۆوەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» لەگەڵ «هاشم سەبباغیان» وەزیری نێوخۆی کابینەی بازرگان و ئەندامی هەیئەتی دەوڵەت لە وتوویژ لەگەڵ

---

١. ئەم ڕووداوە دواتر بوو بە مایەی فکری، بۆ نووسینی شانۆنامەی «خودموختاری یانی چی؟» کە دواتر لەلایەن تیپی شانۆی لاوی بۆکانەوە لە پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەقز و سنە پێشکەش کرا.

کوردە و لە ماڵپەڕی «مەیسـەمی دات. کام»دا بڵاوبۆتەوە، ئینجا کاک قەرەنی قادری وەیگێڕاوەتـە سـەر کوردی و لە ماڵپەڕی خۆی (کوردسـتان پرێـس، ٢٠٠٣/٧/١١)دا بـڵاوی کردۆتـەوە. سپاسـی زۆر بۆ کاک قەرەنـی و هەروەها بۆ مامۆسـتا گۆرانی خۆشەویست کە بۆی ناردم.

سەبباغیان لێرەدا هەندێک ڕاستیی سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی شا بەرانبەر بـە گەلـی کـورد دەخاتە ڕوو، کە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی خـۆی و دەوڵەتی کاتیی بازرگانیـش‌دا وەک خۆیان مانەوە و لە ئێسـتای ئێران‌دا بە زەقی و ئاشـکرایی‌یەکی زیاتـرەوە پەیـڕەو دەکرێـن، ئەویش پەراوێزکردنی کوردسـتان و مۆڵـەت نەدانە بە گەشـەی ئابـووری و بەرگری‌کـردن لـە دامەزرانـی کارخانـە و کارگـە بـۆ ئـەوەی کرێـکاری ناپسـپۆڕی کـورد بەهەمـوو ئێـران‌دا بـڵاو بکەنـەوە و هیـچ شـوێنێکی کوردسـتان ئاوەدانی و کۆبوونەوەی سـەد کرێکار بەخۆیەوە نەبینێ. ئەم سیاسەتە پەیڕەوکـراوە ئەگـەر لـە چوارچێـوەی بەرنامە گشـتییەکانی حکوومەتـی ناوەندی‌دا سەیر بکرێ دەزانرێ لە سەردەمی وتوویژەکانی هەیئەتی دەوڵەتیش‌دا سیاسەتێکی جیـددی بـۆ لابردنـی ئـەو بێ‌عەداڵەتییانە لە ئـارادا نەبووە و کورد نـە بە گەلاڵەی ۶ مادەیی و نە بە ٨ و نە بە ٢۶ نەیدەتوانی لەگەڵ حکوومەتێکی ئەوتۆ بگاتە ئەنجامی چارەسـەرێکی ئاشـتیخوازانەی کێشەکانی کە هەم سیاسی بوون و هەم ئابووری و هەم فەرهەنگی و ئێستاش هەر هەن!

هاشمی سەبباغیان جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی کاتیی بـوو کـە بە «دەوڵەتی مەهدی بازەرگان»یـش ناوی دەرکردبوو، هەروەها چەند پلەی تری حکوومەتیی هەبوو.

ئەوەش دەقی بەشێک لە وتوویژەکە:

**بەشێک لە بیرەوەرییەکانی هاشم سەبباغیان سەبارەت بە کوردستان**

**پ: ڕووداوی پــاوە کــە ڕووی دا ، ئایەتولــڵا خومەینــی ئەمــری کــرد کە دەبــێ تا ٢٤ کاتژمێری تر ئەو ڕووداوە کۆتایی پێ بێ. دوای ڕووداوی پاوە، ئەمریان کرد کە هێزە نیزامییەکان بەرەو ســنە بکەونە ڕێ. لە حاڵێکدا پارێــزگاری هەڵبژێردراوی ئێوە لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەکانی نێوخۆ و دەرەوەدا بە سەرسوڕمانەوە ڕایگەیاند: لە سنە شتێک نەقەوماوە، شەڕ نەبووە، ئەم جارکێشانەی شەڕ بۆچی بوو؟**

و: گوتــم کــە دەنگوباســی هەڵەیان دەنارد. خوالێخۆشــبوو خومەینــی بڕیارێکی دابــوو کــە زۆر گونجــاو نەبــوو. دوایــی کــە گوتیان لە ســنە خەبەرێک نییــە، بەریان پێگــرت. بەهەرحــاڵ، کاتی هەڵبژاردنــی هەیئەتی نییەتپاکی نزیک بــۆوە، ئێمە کۆمەڵە پێشنیارێکمان هێنایە گۆڕێ و لەوانە بوو کە مەترسی هەڕەشەمان لێبکا. بەهەرحاڵ ئــەو پێشــنیارانەی کــە لــەو ســەردەمەدا بــە زەینمــان دەگەیشــتن هێنامانــە گۆڕێ و پایەبەرزترین بەڕێوەبەرانیش تەئیدیان کرد.

**یەکــەم**: هەیئەتــی نییەتپاکــی لە دەوڵــەتدا هەڵبژێردرا و وامان بــە باش زانی کە بەهــۆی ڕووداوی پــاوەوە، دکتۆر چەمران لەگەڵمان نەبێ. ســەرەتا هەیئەتەکە ســێ کەس بوون، پەســندکراوەکەی هەیئەتی دەوڵەت ئەوە بوو کە دەســەڵات بەو هەیئەتە بدرێ بەهۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی شــۆڕش لەو بڕگە زەمانییەدا ڕۆڵی مەجلیســی دەگێڕا، ئەم پەسندکراوەی هەیئەتی دەوڵەتی پەسند کرد و ئیمامیش دەسەڵاتی خۆی بە ئایەتوڵڵا ئیشــراقی دا، لەبەر ئەوە ئەو هەیئەتە لەلایەن گشــت لایەنەکانەوە تەئید کرا و دەســەڵاتی هەبوو، واتە قســەیەک کە لەوێ کردبامان لایەنی قانوونیی هەبوو. وای لەبەر چاو بگرە، دەمانویست بۆ کارمەندانی فەرهەنگی ئیمکانات ئامادە بکەین، هــەر لەوێ کە پەســندمان دەکــرد، بەڕێوە دەچوو. هەر بوودجەیەک کە ویســتبامان لەبەر دەستمان بوو، چونکە نوێنەری بەرنامە و بوودجەش لەگەڵ ئێمە بوو.

ناوی ڕاستەقینەی هەیئەتەکە «هەیئەتی تایبەتیی چارەسەری کێشەی کوردستان» بــوو، بــەڵام کوردەکان نــاوی «هەیئەتــی نییەتپاکی»یان لێ نابوو. ئێمــەش دەمانگوت نییەتێکی خراپ لە گۆڕێدا نییە کە ئێمە هەیئەتی نییەتپاکیی بین، بەڵام ئەوان سوور

بوون لەسەر ئەوە و ئێمەش لە وتوووێژەکانماندا بەردەوام دەمانگوت کە هەیئەتی تایبەتیی چارەسەری کێشەی کوردستان و ئەوانیش دەیانگوت هەیئەتی نییەتپاکی. پێش ئەوەی کارەکانی ئێمە دەست پێبکا، ئیعدامە ناڕەواکانی ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی ئاگری نابۆوە. بە بۆچوونی خۆی دەیویست بیانترسێنێ، بۆ نموونە برایەک لەبری برایەکی تر ئیعدام کرابوو. ئەو سەردەم کۆمۆنیستەکان وێنەی ئەویان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمدا چاپ کردبوو. بۆ شۆڕش کارێکی گەلێک نالەبار بوو. ئەم کەسە سەقەت بوو و ئەویان بە دارەمەیت هێنابوو و ئیعدامیان کردبوو. ژنەکەی بۆ شکایەت هاتبووە لای هەیئەت، چونکە گوتبوومان هەر کەسێک کە دەخوازێ دەتوانێ بێ بۆ لای هەیئەتەکە. هەندێک لە بنەماڵەی ئیعدامییەکانیش دەهاتن، دیمەنێکی غەمناک بوو.

ئەو عەبای ئایەتوڵڵای ئیشراقی گرتبوو و دەیگوت: بۆچی ئابڕووی کۆماری ئیسلامیتان برد، مێردەکەی من سەقەت بوو و لەوانە بوو دوو مانگی تر بۆ خۆی بمرێ. وا وێدەچوو لە ئاغاواتەکانی وێ بووبێ. ئێوە بە ئیعدامی مێردەکەی من بەهانەتان دایە دەست دوژمنانی ئێمەوە، چ وەڵامێکتان بۆ خوا هەیە؟ ئایەتوڵڵا ئیشراقی گەلێک غەمگین بوو و داوای لێکرد سەبوور بێ.

هەیئەتەکە کە چووبووە وێ، یەکەمین کاری کە کردی ئەوە بوو، لێکیداوە کە کێشەی کوردستان چییە و ڕێگاچارەکانی دەتوانن کامانە بن. ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە لە سەردەمی پاشایەتیش‌دا کێشەی کوردستان هەبووە. کوردستانیش لە باری هێزی ئینسانییەوە توانایەکی بەهێزی کرێکاریی هەبوو. یانی هێزی کورد لە تەواوی ناوچەکانی ئێراندا وەکوو باشترین کرێکار و زەحمەتکێش کاریان دەکرد و خاوەنی وزەیەکی زۆر بوون. بۆ نموونە کاتێک کە دەبووە زستان، لە تاران کار دەست نەدەکەوت، کوردەکان بەرەو بەندەرعەبباس کۆچیان دەکرد، بەداخەوە لە کوردستان کە تا ئەم ڕادەیە هیزی خاوەن‌توانای کاری هەبوو، دووکەڵی شەریکەیەکت لێ نەدەدەیت. لە چڕبوونەوەی کوردەکان لە کوردستان دەترسان. لە بواری ئاساییشەوە، گەلاڵەی کوردستانێکی چڕ لە سەردەمی شا لە گۆڕێدا بوو.

لە تەواوی ناوچەکەدا کارێکی بەرهەمهێنەر نەبوو کە کەڵک لەم هێزە وەربگرێ،

تەنانــەت کوورەخانەی خشــتبڕین کە پێویســتی بە ژمارەیەکـی کەمی کرێکار هەبوو لەوێ نەبوو و لە شوێنی ترەوە وەکوو کرماشان خشتیان بۆ دێنا.

واتــە کارناســەکانی ســەردەمی «شــا»ش پلانیــان ئــەوە بــوو کــە هێزی کــورد لە کوردســتان کــۆ نەبێتەوە. کوردەکان لە بواری خوێنــدندا خەڵکێکی بەرزن، لەلایەنی ئامارییەوە لە بواری جۆراوجۆردا پســپۆڕیان هەیە و لە سەرتاســەری ئێراندا بڵاو بوونەتــەوە، بــەڵام لە خودی ســنە و ناوەندەکانی کوردســتان نەبــوون. لە هەیئەتدا بەو فکرە گەیشــتین کە دەبێ لە کوردســتان بە ئاراســتەی ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاو بنێیــن. دەبــێ لەوێ کار بخولقێنین و بۆ ئەم کارەش دەبێ هێزی کوردی ڕابکێشــین. بەو بۆنەیەوە داهاتی ڕۆژێک نەوت خرایە ژێر دەســتی هەیئەتەکەوە کە گیروگرفتی ماڵیی نەبێ. ڕاســتییەکەی کیشــەمان نەبوو، کاتێک کە ئێمە چووینە وێ، دنە لەلایەن هێزە چەپەکانەوە دەستی پێکرد. تەنانەت جاری وا هەبوو دووسێ ڕۆژیش گەمارۆ دەدرایــن، بــە دنەدان لەلایەن کۆمەڵەوە، هاتنە دەوروبەری پارێزگای ســنە و مانیان گرت. لێرەدا ئێمە چاوەڕوان بووین کە ئاغای موفتیزادە لە دەرەوە کارێک بکا، بەڵام ئەو هاوکارییەکی وای نەکرد، لەوانەیە چاوەڕوانی ئەوە بووبێ کە هەیئەتەکە بچێتە ســەردانی. زۆرتــر فرووهــەر پەیوەندیــی لەگــەڵ هەبــوو و بیروبۆچوونەکانی ئەوی بــە ئێمــە ڕادەگەیاند. بەهەرحاڵ گیروگرفتمان زۆر بــوو. یەکەمین کاری کە کردمان، گوتمان بە تەمای خوا، زۆر بە ئاسانی دەچینە نێو شار. ئەو کارەشمان کرد، شەوانە دەچووینــە نێــو شــار، لــە چایخانە دادەنیشــتین و هەر کام لــە ئەندامانــی هەیئەتەکە لەگەڵ چەند کەســی تر دەڕۆیشــتن. بۆچوونی ئێمە ئەوە بوو کە خەڵکی کوردســتان متمانەیان بە دەوڵەتی ناوەندی، واتە دەوڵەتی کاتی نییە. ئێمەش دەمانگوت، کە دەبێ ئەو درزە نەهێڵینەوە، ئەوان دەیانگوت کە قســە زۆر بووە و کردەوە نییە، ڕاســتیان دەکرد، بەڵام ئێمە دەمانویست کە کردەوە بنوێنین.

یەکەمین کاری کە کردمان، گرووپی ئایەتوڵڵا خەڵخاڵیمان بەڕێکردەوە و هەرگیز ئیزنــی ئەوەمــان پێنــەدا بگەڕێتــەوە وێ، تەنانەت چووبوو بــۆ لای ئیمام خومەینی و شــکایەتی کردبــوو کــە دەبێ بــە توندوتیژی لەگەڵ کــوردەکان ڕەفتار بکــرێ، ئیمام

خومەینییش نەچووە ژێر بارییەوە.

**پ: لە نێوان قوم و سنەش لە هاتووچۆدا بوون؟**

و: بەڵێ، هەر جارێک کە دەهاتین، سەرەتا دەچووینە لای ئیمام و ڕاپۆرتی کار و کردەوەکانی خۆمان پێدەدا، ڕاپۆرتەکان بە نووسراوە نەبوون، ڕاپۆرتمان بە هەیئەتی دەوڵەت و ئەنجومەنی شۆڕشیش دەدا.

**پ: لە مامەڵە لەگەڵ پارتەکاندا بە چ ئاکامێک گەیشتن؟**

و: ڕاوێژمان لەگەڵ ئیمام دەکرد و ئیزنی وتووێژمان لەگەڵ حیزبەکان لێ وەردەگرت. لە پێکهاتەی ئەواندا، کۆمەڵە، شێخ عیززەددینی قوت کردبۆوە، دیموکراتیش هەروەها، ئاغای محەممەدعەلی عەموویی لەلایەن حیزبی توودەوە پردی پەیوەندیی نێوان ئێمە و

حیزبی جۆراوجۆر وەکوو ڕزگاری، پەیکار، چریکە فیداییەکان، کۆمەڵە و دیموکرات؛ هەروەها موجاهیدینیش هەبوون. تا ئەو جێگەیەی کە مەسعوود ڕەجەوییان وەکوو پاڵێوراوی سەرۆککۆماری ڕاگەیاندبوو (کۆتایی ساڵی ١٣٥٨ بوو).

ئێمە یەکبەیەک چووینە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، وردەوردە سنە کەوتە ژێر دەستمانەوە، ئاسایشمان هەبوو، بەڵام شەوانە نەمانبوو، لەلایەن گرووپەکانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر تەقە لە شوێنی ئێمە دەکرا. خەڵکی سنە متمانەیان بە ئێمە کردبوو، ئێمە دەچووینە شارەکانی تر تا کاتێک ڕووداوی مەهاباد و کوژرانی سەرۆکی شارەوانیی دیاریکراو لەلایەن ئێمەوە، شەو دەچنە ماڵەکەی و سەری دەبڕن کە ئەوەیان بۆ ئێمە گرفتی نایەوە و لەسەرمان گران تەواو بوو.

**پ: هەڵوێستی گرووپەکان سەبارەت بە هەیئەتەکە یەکدەست نەبوو؟**

و: لە هەمووان نزیکتر لە ئێمە حیزبی دێموکرات بوو بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو؛ کۆمۆنیستەکان عیززەددینی حوسێنییان کردبوو بە ڕێبەری خۆیان، کە تەنیا ئالایەک بوو لە بەرانبەر ئێمەدا بەرزیان کردبۆوە و تەواو بەدەست کۆمەڵەوە بوو. حیزبی دێموکراتیش دانی بەمەدا دێنا، بەڵام عیززەددینی حوسێنی ئەوەی قبووڵ نەبوو.

# گیان بەخت کردووان

## پێشەکی

خوێنەری بەڕێز!

دەزانــم زوڵــم و زۆری داگیرکــەران و ســەندنی ڕۆڵــە هەڵکەوتووەکانــی کــورد لــە گەلەکەمــان بــۆ کورد دیاردەیەکی نەناســراو نین. دەشــزانم کەســانێک کــە چوونەتە گۆڕەپانــی خەباتــی سیاســییەوە چاویــان لــەوە نەبــووە و نییــە کەســێکی وەک مــن شــینیان بــۆ بگێڕێ و بە شــان و باڵیــاندا هەڵبڵێ. ئەوە هەســتێکە ئێمــەی زیندووی ســەر خاک هەمانە و دەشــبێ بمانبێ کە لە بەرانبەر ئەو بەخشــندەیی‌یە گەورەیەی گیانبەختکردووەکانــی گەلەکەماندا ســەری ڕێز دابنەوێنین و دووراودووریش بێ دەستەگوڵی خۆشەویستی پێشکەش بە کێلی گۆڕە پیرۆزەکەیان بکەین.

لەم بەشــەدا باس لە دیاردەی شــەهیدبوون لە ڕێگای کوردســتان دەکرێ و ئێمە دەبینــە دەنگــی ئــەو ڕۆڵانەی گەل کە دوژمن بە خەیاڵی خــۆی بێدەنگی کردن، بەڵام زایەڵەی هاواریان ئێستاش و لە داهاتووشدا لە گوێماندا دەزرینگێتەوە.

بەشــێک لــەو گیانبەختکردووانــە هی ڕێکخــراوی فیدائییانی خەڵــق لە بۆکان و دەوروبەرین. ئەو کەسانە هاوشان و هاوڕێ لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران و کۆمەڵە، چوونەتە سەنگەری خەباتەوە و هەر لە سەنگەریشدا کوژراون یان گیراون و دواتر ئیعدامیان کردوون. گۆڕانی دواتری سیاسەتی ڕێکخراوەکەو چوونــەدەری لــە کوردســتان، نابێ ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی ناوی ئەم خۆشەویســتانە لــە بیــر بکــرێ. ئــەوان بــە هەمان بــاوەڕەوە خەباتیــان کــرد و گیانیان بەخشــی، کە پێشــمەرگەی حیزبەکانــی دیکــەش بوویــان، زوڵمێکــی گــەورە دەبێ ئەگــەر گۆڕانی سیاسەتی ڕێکخراوەکە لە تاران ببێتە هۆکار بۆ ئینکاری خەباتی ئەوان و فەرامۆش کردنی یادی عەزیزیان.

شەهیدە خۆشەویستەکانمان، یادتان بەخێر بێ!

## چۆنییەتیی گیانبەختکردنی نەمر دوکتۆر قاسملوو

مەسەلەی وتوویێژی نەمر عەبدورڕەحمانی قاسملوو لەگەڵ مەئموورانی نێردراوی ئێرانی لە نەمسا (ئوتریش) و شەهید بوونی خۆی و هاوڕێیانی بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری مەلاکان کارەساتێکە هەرگیز لە بیری کورد ناچێتەوە و هیوای تۆڵە و حەقسەندنەوەیان لە دڵی هەموو کوردێکدا بۆ هەمیشە دەمێنێ.

بەداخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان (هەردوو باڵی)، بۆ ئەم کێشەیە و هەروەها تیرۆری میکۆنووس تووشی کەمکاری و بێعەمەلی هات و بە شێوەی پێویست شوێنی مەسەلەکانی نەگرت و یەکییەتیی نیشتمانیش کە دەوری ڕێخۆشکەری بەناو وتوویێژەکەی بینیبوو، ڕەنگدانەوەیەکی لە بەرانبەر کارەساتەکە نەنواند.

جگە لە ڕاپۆرت و هەواڵ و وتاری بەربڵاوی ئێرەوئەوێ، تا ئێستاش تاقە کتێبێک کە سەبارەت بە ڕووداوەکە نووسرابێ کتێبی نوێنەرێکی پەرلەمانی ئوتریشە بەناوی «پیتر پیلچ» لە حیزبی سەوز، کە لە ساڵی ١٩٩٧دا نووسراوە و بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی پۆلیس و وەزارەتی دەرەوە و دادپەروەریی ئوتریش، چۆنییەتیی تیرۆرەکە، هەڵاتن و گیران و دیزە بە دەرخۆنەکران و ناردنەوەی تیرۆریستەکانی بۆ ئێران لەلایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە بەوردی و ڕۆژبەڕۆژ و سەعاتبەسەعاتی تێدا ئاشکرا کراوە.

برای بەڕێزم کاک حەسەن ئەیووبزادە کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەم کارەی قەرەبووی بەشێک لە تەمبەڵی و تەوەزەلیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کردۆتەوە کە دەیانتوانی دەیان کتێبی ئەوتۆی لەسەر بنووسن و بە کوردی و فارسی و زمانانی دیکە بڵاوی بکەنەوە. گەلۆ حیزب وەڵامی مێژوو چ دەداتەوە؟ نەک هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە قەڵەم بەدەستەکانیش.

پیتر پیلچ، «ئیسکۆرت بەرەو تاران؛ د. قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕاکێشکرا؟»، وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: حەسەن ئەیووبزادە، ساڵ (؟)، شوێن (؟)، ٣١١ لاپەڕە، کوردی.

## هەندێک زانیاری سەبارەت بە گیران و گیان بەخت‌کردنی مامۆستایان حەسەن قزڵجی و عەلی گەلاوێژ

ماڵپەڕی «بی. بی. سی فارسی» لە مانگی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۲ بە دواوە هەندێک وتار و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە مێژووی ۶۰ ساڵەی حیزبی توودەی ئێران بڵاوکردۆتەوە.[1]

نووسەری وتارەکان خەڵکانی جیاوازن و سەرەڕای ئەوەی حیزب بۆچوونەکانیان بە هەڵە دادەنێ، بەڵام بەشێکی بەرچاویان بابەتی قورس و پڕ لە زانیارین. دیارە کەسێک کە ئەم هەڵسەنگاندنانە دەخوێنێتەوە، ناکرێ سیاسەتی گشتیی بنکەی ڕاگەیاندنی بی. بی. سی و حکوومەتی بریتانیا و هەڵوێستیان بەرانبەر ڕێکخراوە چەپەکانیش وەبەرچاو نەگرێ.

خۆزگە کارێکی هاوچەشن سەبارەت بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەڕێوە دەبرا و شارەزایان لەسەر سیاسەت و کردەوەکانی حیزب لە ماوەی نزیک بە هەمان ئەو ساڵانەی حیزبی توودەی ئێران، بابەتیان دەنووسی. تەمەنی حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە زۆر لە یەکتر جیاواز نین.

هەر چۆنێک بێ، لە وتارەکاندا ئەوەی کورد و بۆکان بگرێتەوە، هەندێک زانیارین کە لە وتاری «ئیرەج موسەددیقی»دا ڕەنگی داوەتەوە. وتارەکە لەژێر ئەم سەردێڕەدا بڵاوبۆتەوە: «هەوراز و نشێوی حیزبی توودەی ئێران لە دەیەی ۶۰دا: لە کامەرانییەوە تا ئیعدام».[2]

نووسەر خۆی، بەگوێرەی هەندێک شوێنی وتارەکە، دوور نییە توودەیی یان کۆنە توودەیی بێ و زانیارییەکی وردی سەبارەت بە ناوی کەسەکان و مێژووی ڕووداوەکان هەیە، کە بۆ من گەلێک جێگەی سەرنجن. ئەوانەی خوارەوە بەشێکن لەو زانیارییانە سەبارەت بە گیران و کوژرانی نەمران حەسەن قزڵجی و عەلی گەلاوێژ لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا.

---

1.http://www. bbc. co. uk/persian/iran/2012/02/120222_l10_mesdaghi_toudeh_party. shtml

۲. دەیەی ۱۳۶۰ی ئێران کەم‌وزۆر بەرانبەرە لەگەڵ هەشتاکانی سەدەی بیستەمی زایینی.

١. سەبارەت بە مامۆستا حەسەن قزڵجی

«... لە ١٣٦١/١١/١٧ی هەتاوی [١٩٨٣/٢/٦] زیاد لە ٥٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادری چالاکی حیزب بە تۆمەتی جاسووسی گیران و لە زیندانی کومیتەی هاوبەش (تەوحید)[1] کەوتنە ژێر ئەشکەنجە... لە ناویاندا نوورەددین کیانووری، مەریەم فیرووز... و مەلا حەسەن قزڵجی[2] و... بوون...»

کە وابوو، بەگوێرەی قسەی نووسەر، مامۆستا مەلا حەسەن دەبێ لە ڕۆژی ١٣٦١/١١/١٧ (١٩٨٣/٢/٧)دا گیرابێ. دیارە ئەو دەم مامۆستا لە تاران دەژیا و شوێنی گیرانیشی هەر تاران بووە.

٢. سەبارەت بە مامۆستا عەلی گەلاوێژ:

«... ١٣٦٢/٢/٧ی هەتاوی [١٩٨٣/٤/٢٧] لە تویێی عەمەلیاتێک لەژێر ناوی ڕەمزی «حەزرەتی عەلی»دا ١٧٠ کادری حیزب لە تاران و ٥٠٠ کەسیش لە شارەکانی تر [ی ئێران] بەناوی بەرگری لە کۆدەتای سپایی گیران، کە لە ناویاندا ئیحسان تەبەری، فەرەجوڵڵا میزانی، ... عەلی گەلاوێژ...یش بوون...»

واتە مامۆستا عەلی گەلاوێژ لە ١٣٦٢/٢/٧ (١٩٨٣/٤/٢٧)دا گیراوە. ئەویش ئەو دەم لە تاران دەژیا و هەر لەوێش گیراوە.

«... ١٣٦٢/٢/١٠ی هەتاوی [١٩٨٣/٤/٣٠] ئیعتیرافاتی تەلەفیزیۆنیی ئاغای کیانووری و ئاغای بێهـ ئازین کە لەژێر ئەشکەنجە لێیان وەرگیرابوو، بڵاوکرایەوە... لە مانگی شەهریوەری ١٣٦٣دا [3] نوورەددین کیانووری، ... عەلی گەلاوێژ بەرپرسی کوردستان [ی حیزب] و... لەژێر توندوتیژترین ئەشکەنجەدا مەجبوور کران لە مێزگردێکی تەلەفیزیۆنیدا بەشداری بکەن کە بەڕێوەبردنی لە ئەستۆی ئاغای عەموویی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبدا بوو.»

---

١. ئەگەر ئەم کومیتەیە هەمان «کمیته ضد خرابکاری»ی سەردەمی پەهلەوی بێ، لە حەوشی شارەبانی کوللی ئێران لە نزیک مەیدانی تۆپخانەی تارانە و من لە ساڵی ١٩٧٤دا ماوەی ١٠١ ڕۆژ لەوێ گیرا بووم. زیندانی کومیتە، شوێنی سەرەکیی ئەشکەنجەی زیندانیان بوو.
٢. لە دەقەکەدا «قزلچی» نووسراوە.
٣. ١٩٨٤/٨/٢٣ تا ١٩٨٤/٩/٢٢.

نووسەر، ڕۆژی ئەو مێزیگردەی دەسنیشان نەکردووە وا گەلاوێژ تێیدا بەشدار بووە و تەنیا گوتوویەتی لە مانگی ۶ی ساڵی ۱۳۶۲دا بووە، کە دەکاتە ۱۰ ڕۆژ لە مانگی ٨ و ۲۰ ڕۆژ لە مانگی ۹ی ساڵی ۱۹۸۴ی زایینی.

«... لە مانگی ئابانی ساڵی ۶۶دا[1] لەسەر پێشنیاری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی توودە، مێزگردێک بە بەشداریی ڕێبەرانی گرووپە چەپەکان لە «حوسێنییەی ئێڤین» پێکهات کە ۲۷ دانیشتنی ۳ سەعاتە بوو؛ ۱۶ دانیشتنیان تایبەت بە حیزبی توودە و ۱۱یان تایبەت بە گرووپە چەپەکانی دیکە بوو... تەبەری و... گەلاوێژ[2]... تێیاندا بەشدار بوون.»

۳. ئەنجام:

«... حەسەن قزڵجی [لە مانگی] میهری ۶۳دا[3] و... عەلی گەلاوێژ لە ساڵی ۶۶[4]... لە ئەنجامی نەخۆشی و گوشاری زیندان و ئەشکەنجەدا، وەفاتیان کرد.»

نووسەر هەروەها دەنووسێ:

«... لە بەڵگەنامەکانی حیزبی توودەدا هاتووە کە عەلی گەلاوێژ لە ساڵی ۱۳۶۴ لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە لە کاتێکدا کە تا نیوەی دووهەمی ساڵی ۱۳۶۶ لە زیندانی ئێڤین بووە و لە مێزگردی ڕێبەرانی پەشیمانی گرووپە چەپەکان لە حوسێنییەی جەماران بەشداریی کردووە...»

کورتەی قسە، بەگوێرەی قسەی نووسەر، مامۆستا مەلا حەسەن لە مانگی میهری ۱۳۶۳ و مامۆستا گەلاوێژ لە ساڵی ۱۳۶۶دا لە زیندانی ئێڤین و لەژێر گوشار و ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوە. ئەگەر حیساباتی نووسەری وتارەکە ڕاست بێ، مامۆستا قزڵجی تەنیا ساڵێک و هەشت مانگ لە زینداندا ماوەتەوە و پاشان شەهید

---

١. = ۱۹۸۷/۱۰/۲۳ تا ۱۹۸۷/۱۱/۲۱ی زایینی.
۲. ناوەکە وەک «گەلاویژە» نووسراوە.
۳. مانگی میهری ساڵی ۱۳۶۳ی هەتاوی بەرانبەرە لەگەڵ ۱۹۸۴/۰۹/۲۳ تا ۱۹۸۴/۱۰/۲۲ی زایینی.
٤. ساڵی ۱۳۶۶ کەموزۆر بەرانبەرە لەگەڵ ۹ مانگی ساڵی ۱۹۸۷ و ۳ مانگی ساڵی ۱۹۸۸ی زایینی.

بووە. ماوەی مانەوەی مامۆستا گەلاوێژیش لە زینداندا، دەوروبەری چوار ساڵ و نیو بووە و پاشان ئیعدام کراوە. یادیان بەخێر بێ!

**تێبینی**: نووسەری ئەم وتارە پێشتر وتارێکی دیکەشی نووسیوە کە هەر لە ماڵپەڕی «بی. بی. سی فارسی»دا بڵاوکراوەتەوە. وتارەکە لە ڕاستیدا لیستەیەکە لە ناوی ١٠٣ ئیعدامکراوی حیزبی توودەی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧/ ١٩٨٨دا.[١]

1.http://www. bbc. co. uk/persian/iran/2012/02/120222_l10_mesdaghi_toudeh_party_table. shtml

## گیانبەختکردووانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان

ماڵپەڕی «شەهید»[1] ماڵپەڕێکە لە پەیوەندی شەهیدان‌دا؛ لە خوێندنەوەی‌دا دەردەکەوێ کە ماڵپەڕەکە بۆ ناساندنی شەهیدان و سەرلەپێناوانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە دەچێ. ئەم ماڵپەڕە سەرچاوەیەکی باشە بۆ کاری توێژینەوە لە ڕووداوە سیاسی ـ نیزامییەکانی حیزب و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە تا ئەمڕۆ و لە ڕاستی‌دا درێژەی کارێکە کە پێشتر نەمر کەریمی حیسامی بە دەرکردنی کتێبێک لەمەڕ شەهیدانی حیزب سەرەتای دامەزراندبوو. هەر بەو بۆنەیەشەوە، من عینوانی ئەم وتارەم بە ناتەواویی نووسی بۆ ئەوەی سەرم لە خوێنەر نەشێواندبێ. هەر چۆنێک بێ، لیستەکە شەهیدانی هەر دوو ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتۆتە خۆ.

لیستەکە بەگوێرەی شار و ناوچە ڕێکخراوە، وەک کرماشان، ئیلام، سنە، هەوشار مەهاباد، ورمێ، ماکۆ و... لە باسی هەرکام لە شارەکانیش‌دا ناو و وێنەی ۳۰ کەس لە یەک لاپەڕەدا ڕاگەیەندراوە و کاتێ کە لەسەر ناوی کەسێک کلیک بکرێ، ئەم تایبەتمەندییانە سەبارەت بە شەهیدەکە دەردەکەون: ناو، خەڵکی کوێ بووە، لەکوێ لەدایکبووە، لەکوێ شەهید کراوە، ڕێکەوتی شەهید بوونی، چۆنییەتیی شەهید بوونی، گڵکۆی لەکوێیە و سەر بەکام ڕێکخراوی حیزب بووە.

شەهیدەکان هەموو بە یەک شێوە سەیر کراون و یەک چەشنە زانیارییان لەسەر ڕاگەیەندراوە، واتە پلەوپایەی ڕێکخراوەیی تێدا نەگیراوەتە بەرچاو و بە شان و باڵی کەسێک‌دا زیاد لەویتر هەڵنەگوتراوە، ئەوە خۆی‌لەخۆی‌دا کارێکی گەلێک باشە لەبەروەی هەموو ئەو کەسانە، لە هەر پلەوپایەیەک‌دا بووبێتن، بەنرخترین دیاری، واتە گیانی خۆیان پێشکەش بە باوەڕەکەیان کردووە و لەوەدا کەس لەویتر کەمتر

1. http://shehid. com/bokan. php

نییــە، بــەڵام لەبــەرووەی هەندێــک لــەو ناوانە بە نەخۆشــی کۆچی‌دوایی‌یــان کردووە، واتە نە ئیعدام کراون و نە لە شــەڕدا شــەهید بوون، دەکرا لە کۆتایی ئەم زانیارییە گشــتییانەدا هەندێک زانیاری تایبەتمەند بۆ هەرکام لەو کەســانە گردوکۆ بکرێ و لە ســەرچاوەکانی دیکە وەربگیرێ بۆ ئەوەی خوێنەرانی دوارۆژ باشــتر ئەو کەســانە بناســن. ئــەم کارە، بــۆ نموونــە بۆ نەمــر ئیبراهیم جیهاندیــدە (فەقێ برایــم) کراوە و زۆریش لە شوێنی خۆی‌دایە.

شار و ناوچەی بۆکانیش لە لیستەکەدا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. لە ٥ لاپەڕەی تایبەت بە بۆکان‌دا ناو و وێنەی ١٤٨ کەس ڕاگەیەندراوە کە جگە لە چەند کەسێکیان کــە بــە نەخۆشــی بەجێیان‌هێشــتووین، ئەوانــی تــر هەمــوو هــەر بەدەســت ڕژیمــی پەهلــەوی و زۆربەیــان بەدەســت کۆماری ئیســلامی شــەهید بــوون، واتە یــا ئیعدام کراون یا لە شــەڕدا شــەهید بوون یا کەوتوونەتە بەر تۆپبارانی دەســەڵاتی زاڵ یا لە هەموویان جێی‌داختر، لە شەڕی کۆمەڵە و حیزب‌دا کوژراون.

هــۆکاری شــەهیدبوونی هەندێــک کەســیش وەک «ڕووداو» نووســراوە کــە دەرناکەوێ چییە. گەلۆ ئەوە ڕووداوی ترۆمبیل و شــتی هاوچەشــنە یا شــەهیدەکە یەک لەو ٧٠٠ پێشــمەرگە بێ‌تاوانەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەیە کە لە هەشــتا و نــەوەدەکان‌دا لە باشــووری کوردســتان بەدەســت جــاش و بەکرێگیراوانــی ئێران یا ڕاســتەوخۆ بە دەســت پاســدار و بەســیجیی دزەکردووی نێو کوردستان کوژران و حیزبە کوردییەکانی باشــووری کوردســتان دیزە بە دەرخۆنەیان بە مەسەلەکە کرد. بەداخەوە من نەمتوانی قوربانییانی ئەم بابەتەی دوایی لەنێو لیســتەکەدا بدۆزمەوە. هیوادارم ئەوە کەمتەرخەمی من بووبێ کە هەموو ناوەکانم یەک بە یەک نەپشکنیوە، دەنا ناتەواوییەکی بەرچاو دەبێ ئەگەر ئەم تاوانە گەورەیە و ئەم ڕاســتییە زەقە لە خەڵک بشاردرێتەوە.

خەڵکینە! نزیک بە ٧٠٠ کەس لە ڕۆڵەکانی ئێوە، کە لە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دابوون، لە باشووری کوردستان بەدەست پاسدار و بەســیجیی مەلاکانــی ئێران یــا بەکرێگیراوی خۆجێیی ئەوان بێ‌سەروشــوێن کراون.

تەنانـەت هەندێکیـان لەلایـەن بەرپرسـانی چەنـد حیزبـی باشـووری کوردسـتانەوە ڕادەسـتی ڕژیمـی ئێـران کراونەتـەوە و لـە ڕاسـتیدا پێیـان فرۆشـراون! ئەنجامـی کارەکەش ئیعدامی ئەو هەزارانە بووە.

ئەوە ڕاسـتییەکی مێژوویییە و دەبـێ کۆمەڵانی خەڵک لێی ئاگادار بن. هیوادارم بەڕێوەبەرانـی ماڵپـەڕی شـەهید کـە زەحمەتێکی زۆریـان بۆ ئامادەکردنـی زانیاری لەسـەر ئـەم هەمـوو شـەهیدە کێشـاوە، ئەگەر تا ئێسـتا لەبەر هەندێـک «مولاحەزە» نـاوی ئـەو شـەهیدانەیان کە بەو شـێوە ناجوانمێرانەیە شـەهید کراون، نەخسـتبێتە توێی ماڵپەڕەکەیانەوە، ئێستا بیخەن؛ ئەگەریش ناوەکان ڕاگەیەندراون، ئەوا ئاماژەی ڕاسـتەوخۆ بەو ڕاسـتییە تاڵانە بکەن کە هەموومان پێیان دەزانین و ئەگەر نەیکەن، ئـەوا پەردەپۆشـی جینایەتەکانی سـپای پاسـداران و جاشـی خۆجێییـان کردووە، ئەوەش لە خەڵکانی خەباتکار ناوەشێتەوە.

هیوایـە کارێکـی هاوچەشـن لەلایـەن برادەرانـی کۆمەڵە و حیزبە سیاسـییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیشەوە بکرێ و ئەم بێدەنگییە سەرسامهێنە سەبارەت بە جینایەتێکی وا مەزن بشکێنن.

## نامیلکەی گیانبەختکردووانی کوردستان

نامیلکەی شەهیدانی کوردستان[1] نامیلکەیەکە، ڕێزدار «ڕەحمان نەقشی» ئامادەی کردووە و کۆمەڵێکە لە زانیاری سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدانی حیزبی دێموکرات، کە لە سەرچاوە کوردییەکان (کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار) وەرگیراون.

بابەتی سەرەکیی کاری نووسەر، ڕێبەران و فەرماندەرانی هێز و جێگرانی ئەوان و بەرپرسی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەگشتی لە شەڕی ڕژیمی پەهلەوی و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون یا ئیعدام و تیرۆر کراون؛ واتە گەرچی نامیلکەکە تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام شەهیدانی سەرکردەی حیزب لە ساڵانی پێشتر و دواتریشی گرتۆتەبەر.

هەندێک لەو کەسانەی وا لە نامیلکەکەدا ناویان هاتووە، کەسانێکن کە بە نەخۆشی یا لە دوورەوڵاتی کۆچیدوایییان کردووە و هێنانی ناوی ئەوان لە نامیلکەکەدا دەبێ تەنیا لە هەستی خۆشەویستیی نووسەرەوە بەرانبەر بە ڕێبەرانی لەدەستچووی حیزب سەری هەڵدابێ دەنا لەگەڵ عینوانی نامیلکەکەدا یەک ناگرێتەوە کە بریتییە لە «لیستەی شەهیدان...» نموونەی مەسەلەکە، هێنانی ناوی ئەم نەمرانەیە لەوێدا: حاجی بابەشێخی سەیادەت (لە ماڵی خۆی) و مامەقالەی دەبباغی (لە لەندەن) و سەید سەلام عەزیزی (لە بەغدا)، بە مەرگی ئاسایی کۆچیدوایییان کردووە و زۆر کەسی دیکەی لەم چەشنەش.

ئەوەی بۆ من سەرنجڕاکێش بێ دەسنیشانکرانی ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٥ (١٩٤٧/٣/١٤) وەک ڕۆژی لە سێدارەدرانی یازدە شەهیدەکەی شاری سەقزە. ئەو ڕێکەوتە هەندێک جێگەی مشتومڕە و بەتەواوەتی ڕوون نییە، جا نازانم سەرچاوەی زانیاریی کاک ڕەحمان لەو بارەیەوە چی بووە، گەرچی زۆریش وێدەچێ وابێ.

---

1. http://www. giareng. com/babet2012/3/pdf/10y_xakeliwe. pdf

کارێکی گەلێک باشی نووسەر هێنانی ناوی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی باشووری کوردستانە لە لیستەکەدا دیارە ئەو کەسانە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە و بە تاوانی ڕاپەڕین دژ بە حکوومەتی عێراق ئیعدام کران، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەم ڕووداوە دوای خزمەت کردنیان بە کۆماری کوردستان ڕووی دا و کارێکی بەجێیە ناویان لە لیستەی شەهیدانی کۆمار هەڵنەبوێردرێ و یادیان ئاوێتەی بیرەوەریی کۆمار بکرێ. ڕێکەوتی ئیعدامی چوار ئەفسەرەکە ٢٩ی جۆزەردانی١٣٢٦ ڕاگەیەندراوە و بەرانبەرە زایینیەکەشی بە ١٩ی مارسی ١٩٤٧ نووسراوە لە کاتێکدا ئەو ٢٩ی جۆزەردانە دەکاتە ١٩ی مانگی ژوئەن، واتە ٣ مانگ دواتر. دەبێ هەڵەیەک لە ڕێکەوتەکە یا بەراوردکارییەکەیدا ڕووی دابێ.

بەڵام لە پەیوەندی بۆکاندا:

نووسەر ناوی نەمر عەلیبەگی یەکشەوەی لەگەڵ ١١ شەهیدەکەی شاری سەقز خستووە و لیستەی ناوەکانی کردۆتە ١٢ گەرچی لە ڕوونکردنەوەدا گوتوویەتی عەلیبەگ «لە تەنیشت حەوزەگەورەی بۆکان» لە سێدارە دراوە. ڕۆژی ئیعدامی عەلیبەگیشی وەک ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٩٤٧/٢/١٥) نووسیوە کە لەگەڵ نووسراوەی سەر کێلی شەهیددا، یەک دەگرێتەوە.

ژمارە ١٢ی لیستەی ناوبراو باسی نەمر ئەحمەدخانی فارووقی (سالار سەدر)ە کە دەنووسێ موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە [لە کۆماری کوردستاندا] بووە و لەگەڵ ١٠ کەسەکەی تر لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەمە (ئیسفەند)ی ١٣٢٥ (١٩٤٧/٣/١٤) لە سەقز ئیعدام کراوە.

ئەوەش ناوی چەند کەس لە شەهیدانی دیکەی ناوچەی بۆکان لە نامیلکەکەدا:

شەهید سەرگورد کەریم عەلیار لە ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٩٨٥ شەهید کراوە. سەروان عەبدوڵڵا ئەفشین فەرماندەی هێزی بەیان لە ١٣٨٠/٧/٤ لە نزیک گوندی شیناوێ لە شەڕ لەگەڵ ڕژیمی ئێراندا شەهید بووە.

لە لیستەکەدا ناوی شەهیدان «عوسمان دادخا» و «محەممەد زولفەقادری»ش هاتووە کە وێدەچێ خەڵکی ناوچەی بۆکان بن و من زولفەقادری بە زولفەقاری

دەزانم، بەڵام لە بۆچوونەکەشم دڵنیا نیم.

سەبارەت بە نەمر سەید سەلام عەزیزی نووسراوە: لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئاوایی «دونگوز»ی بۆکان لەدایکبووە و لە ١٥ لەسەر ١٦ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٩ لە بەغدا کۆچی‌دوایی کردووە. یادی هەموویان بەخێر بێ!

## کتێبی ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات[1]

ئەوە کتێبێکی تازە چاپە و نوسخەیم لە ڕێگەی دۆستێکی خۆشەویستەوە دەست کەتووە کە لێرەدا سپاسی دەکەم.

ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات کتێبێکی ٤٢٦ لاپەڕەیە لە ژیاننامەی ٢٢٧ شەهیدی هەر دوو «حزبی دێموکراتی کوردستان» و «حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لە ناوچەی بۆکان پێکهاتووە. بەگوێرەی نووسینی نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا، ئەوە بەرگی دووهەمی کتێبەکەیە و پێشتر بەرگی یەکەمی سەبارەت بە ژیانی ١٣٠ شەهید نووسراوە و لە ساڵی ١٣٨٤/ ٢٠٠٥دا بڵاوکراتەوە (لاپەڕە ٥). نووسەر دەڵێ نەیتوانیوە ژیاننامەی ١٠ کەسێکی دیکەش لە شەهیدانی حیزب لە بۆکان بنووسێ بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە «لە هێزەکانی دیکەدا [جگە لە هێزی بەیان] خزمەتیان کردووە.» (هەمان لاپەڕە).

بەگوێرەی ئەو ژمارە و ڕەقەمانەی سەرەوە، حکوومەتی نگریسی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا ٣٦٧ لایەنگر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی شەهید کردوون کە تەنیا خەڵکی ناوچەی بۆکان بوون، ئیتر خەڵکی ئاسایی و ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کورد هیچ. هەموو ئەم کارەساتەش لە ناوچەیەکی بچووکی وەک بۆکان لە ماوەی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتدا، کە وا هەیە بتوانین بڵێین لە نێوان ساڵانی ١٣٥٧ تا ئەو دەمە بێ کە سەرکردایەتیی حیزب لە کۆیە نیشتەجێ بوو و بەپێی پەیمانێک کە یەک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ سپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێرانی بەست، ئیتر کاری چەکداریی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ئێران وەستێندرا.

من لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا بەداخەوە نەمتوانی سەرنج بدەمە ڕێکەوتی شەهید

١. برایم چووکەڵی، «ئەستێرەگەشەکانی ڕێی خەبات (ژیاننامەی شەهیدان)»، بنکەی بڵاوکەرەوە (؟)، ١٣٩١/ ٢٠١٢، ٤٢٦ لاپەڕە، کوردی.

بوونـی هەمـوو ئەو کەسـانە بۆ ئـەوەی بزانم گەلـۆ دوای مۆرکرانی ئـەم پەیمانەی یەک لە حیزبە سیاسـییەکانی باشـووری کوردستان، دیسـانەکە عەمەلیاتێک لەلایەن حیزبـەوە دژ بـە کۆمـاری ئیسـلامی کـراوە یان نـا، بەڵام لـە ڕێگـەی هەواڵەکانەوە دەزانم کاری وا ئەگەر کرابێ، دەگمەن بووە و حیسابی بۆ ناکرێ، بەڵام بەپێچەوانە، پاسـدار و بەسـیجی و جاشـی کۆماری ئیسـلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەشـوێن خەباتکارانـی حیزبـەوە بوون و لە باشـووری کوردسـتان، ژمارەیەکـی زۆریانی لە ماڵـی خۆیـان یـا لە هاتوچـۆ و تەنانەت لە سـتادیۆمی فوتباڵ کاتی یـاری کردنیش شەهید کردوون. بەمە دەڵێن پەیمانی ئیسلامی!

دیارە ئەگەر ئەوەی لە کتێبەکەدا گوتراوە بارودۆخی حیزبێک بووبێ لە ناوچەیەکی بچووکـی وەک بـۆکان، ئیـدی لەژێـر سـێبەری قورسـی حکوومەتـی جینایەتـکاری کۆماری ئیسـلامی‌دا چی بەسـەر هەموو ئەو کوردسـتانە هاتووە و چەندەها هەزار کەس بە بۆمباردمان و ئیعدام و شەڕی ڕاستەوخۆ و کەمین نانەوە و جاش ناردنە سـەر، گیانیـان بەختکـردووە، وا هەیـە هەرگیز بەڕوونی نەزانـدرێ، بەڵام ژمارەی دەبێ بگاتە سـەدهەزار و زیاتریش. ئەوە ئەنفالێکی بێدەنگ و هەڵەبجەیەکی شـاراوە نەبێ هیچی تر نییە!

کتێبەکـە، کاک برایـم چووکەڵـی نووسـیویەتی کـە خـۆی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانە و ژیاننامەی شـەهیدەکانیش هەر ئەو پێکیهێناون، مامۆسـتا مەلا عەبدوڵڵا حەسـەنزادەش سەرەتای بۆ کتێبەکە نووسیوە. بەگوێرەی سەرەتای مامۆستا، نووسەر، «پێشمەرگەیەکی لەمێژینەیە و زۆر بیرەوەریی بەنرخی لە ژیان و خەباتـی شـەهیدەکان لـە ناوچەی خـۆی، واتە بۆکان هەیە، لەگـەڵ هێندێکیان منداڵی گەڕەک بووە، هاوپۆل و هاوقوتابخانەی بەشێکیان بووە، بۆ زۆرێکیان هاودەورە و هاوسـەنگەر و هـاوڕێ و هاوڕاز و تەنانەت بـۆ هێندێکیان هەمووی ئەوانەش بووە. کەم نین ئەو شەهیدانەی لە پەنای خۆی شەهید بوون یان لە ڕێی نەخۆشخانە و لە باوەشی خۆی‌دا گیانیان سپاردووە» (ل ۸).

کتێبەکە بە ژیاننامەی شەهیدان سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی

حیـزب (ل ۱۱ تا ۱۳) و سـەرگورد کەریم عەلیـار ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب (ل ۱۵ تـا ۱۷) دەسـت پێـدەکا، ئینجـا دەگاتـە پێشـمەرگەی ئاسـایی کـە بەگوێـرەی پیتـی ئەلفوبێـی ناوی یەکەمی شـەهیدەکان، بە خوێنەریان دەناسـێنێ. بە شـێوەی مامناونجی، نووسەر باسی هەر شەهیدی لە لاپەڕە و نیوێکدا کردووە و وێنەیەکی زۆربەی زۆریانی داناوە. ئینجا لە کۆتایی کتێبەکەدا کۆمەڵەی وێنەی هەموویانی وەک ئالبۆمێک لە ۷ لاپەڕەدا چاپ کردووە و پێرستێکی لە ناوی شەهیدەکان پێکهێناوە.

وردبوونەوەیەکـی کـەم لـە ژیاننامەی شـەهیدەکانی بۆکانی حیزب ئەم ڕاسـتییە دەردەخا کە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شار بوون و هەر هەموویان لە یەک دیاردەدا هاوبەش بوون: هەژاری! لە لاپەڕە ۱۸ی کتێبەکە بە دواوە (دوای دوو شـەهیدی ناوبراوی سـەرەوە) بۆ هەرکام لە شەهیدەکان ئەم عیبارەتانە نووسـراون: «لـە بنەماڵەیەکی دەسـکورت و نـەدار»، «لـە بنەماڵەیەکی دەسـکورت»، «لە بنەماڵەیەکی بەتەواوی مانا هەژاری کوردەواری»، «لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش»، «لە بنەمالەیەکی فەقیر»، «لەوپەڕی بێبەشی و دەسکورت»، «لە هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی»، «لە بنەماڵەیەکی وەرزێر»، «بنەماڵەیەکی دەسکورت» و... (ل ۱۸ تا ۳۲).

ئەم ڕەوتە، کەموزۆر بە هەمان شێوە تا دوایین لاپەڕەی کتێبەکە درێژە دەکێشێ و خوێنەر تێدەگا کە پێگەی چینایەتیی پێشـمەرگەی کورد بەگشـتی، چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە و ئەندامانی ئەم چینە چەوساوەیەن کە بێعەداڵەتیی چینایەتی ڕێخۆشکەر و ئامادەسـازیانە بـۆ خەبـات دژ بە سیسـتەم و حکوومەتی چەوسـێنەر، حکوومەتێک کـە بەنـاوی ئەڵـڵا نوێنەرایەتیی چەوسـێنەران و زاڵمـان و زۆرداران دەکا. هەر ئەم هەسـتە و ئەم بیرەش دەیانباتە سـەنگەری خەباتی نیشـتمانی و نەتەوەییەوە و لە ڕاستیدا هەر دوو ئەرکی نەتەوایەتی و چینایەتی پێکەوە بەڕێوە دەبەن.

نووسـەر سـەرکەتووانە نـاو و تایبەتمەندیـی بنەماڵەیی، ڕێکەوتـی لەدایکبوون، ڕادەی خوێندەواری، ڕێکەوت و چۆنییەتی و تەنانەت هۆکاری چوونە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزب و ڕادەی بەجەرگی و ئازایەتی، ناوی ئەو شەڕانەی کە شەهیدان بەشدارییان تێدا کردووە و دوایین شەڕ و پێکدادانێک کە تێیدا شەهید بوون، شوێنی

شــەڕەکە و نــاوی هاوڕێیانیان لەو دوایین شــەڕەدا ڕوونکردۆتەوە و بە خوێنەری ناساندووە.

قەڵەمی نووسەر ڕەوان و شیرین و پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ شەهیدەکان و هاوسەنگەرەکانی خۆیەتی و لە ڕاستیدا کتێبەکە، فەرهەنگێکی زانیارییە لەسەر ئەم بابەتە تایبەتە، واتە شەڕی پێشمەرگەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

نووســەر هەندێک ناوچەی دەوروبەری بۆکانی بە ناوێک ناســاندوون کە بۆ من تــازە دەنوێنــن، وەک «ناوچــەی ئەحمــەدی کــۆر»، «ناوچەی فەرهادتــاش»، «ناوچەی پیرمحەممەد»، «ناوچەی ئاڵەشین» و... وێدەچێ ئەم ناوانە لەلایەن پێشمەرگەی حیزب یان هەر نووســەری کتێبەکەوە لەســەر شــوێنەکان دانرابێتن کە زۆریش بەڕێوجێ دەنوێنن. من بەتایبەت پێم خۆش بوو چاوم بەناوی «گوندی قالوێ موعینی» کەوت. لە ناوچەی گەورکایەتی نێوان بۆکان و ســەقز و سەردەشــت و مەهاباد ســێ گوند بەنــاوی «قالــوێ»وە هــەن کــە ئەوەنــدەی مــن بزانم بەو شــێوەیە دەناســرێن: قالوێ زەندان، قالوێ شــێخان و قالوێ ڕەســووڵئاغا، بەڵام دیارە بۆ یادکردنەوەی شەهید بوونــی کاک عەبدوڵــڵای موعینی لە قالوێ لە ســاڵی ١٣٤٨دا ئــەم ناوەیان لە یەک لە قالوێــکان نــاوە[١] و هەر چۆنێک بێ، بەلای منەوە گەلێک پڕ بەپێســت دەنوێنێ. ئەگەر کــورد ســەروەری و دەســەڵاتی وڵاتی خــۆی هەبێ، ئــەم کارە بەڕێوجێیانەش کەم نابن.

خوێنەر بە خوێندنەوەی کتێبەکە هەست دەکا نووسەر بەشێکی جیانەکراوە بووە لەو شەڕ و ئازایەتی و خەبات و پێشمەرگایەتییەی وا شەهیدەکان کردوویانە و هەر بۆیەش لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکاندا گەلێک ســەرکەوتووە. بەهیوای ئەوەی نووســەر، هەروەها نووســەرانی دیکەی نێو حیزبە کوردییەکان کارێکی هاوچەشــن بۆ هەموو ناوچەکانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بەڕێوەبــەرن بۆ ئــەوەی لەلایەکــەوە یادی ئەو خزمەتکارە دڵســۆزانەی نیشــتمانی کورد زینــدوو ڕابگیرێ و لەلایەکی دیکەشــەوە

١. نەمزانی کامە قالوێیە؟ یەکدوو ســەرچاوەش گەڕام بۆ ئەوەی بزانم شــەهید عەبدوڵڵای موعینی لە کامیەک لەو قالوێیانە شەهید بووە، بەڵام بۆم ساغ نەبۆوە.

وەک بەڵگـە بۆ جینایاتی ڕژیمی کۆماری ئیسـلامی لـە کوڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا کەڵکیـان لێوەربگیـرێ. سـەد بریا ئەم چەشـنە کتێبە بەڵگەنامەیی‌یانـە لە قۆناغێکدا وەربگەڕێنرایەنە سـەر یەکدوو زمانی نێونەتەوەیی وەک ئینگلیزی و فەرەنسـی بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بدرێنە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانیش.[١]

١. قالوێـکان لـە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد، کەوتوونە هەل و هەڵکەوتێکی سێگۆشـە و وەکـوو سـێکۆچکەیەک خۆ دەنوێنن و بریتیـن لە: قالوێ زەندان (قالـوێ بایزاغای)؛ قالوێ باسـەودەلان (قالوێ ڕەسـواغای) و قالوێ شـێخان (قالوێ عەولاغای). وەکوو دیارە بەپێی ملکایەتیی ئاغاکانیان ناوی دووهەمیان بەسەردا براوە.
کاک عەبدوڵلای موعینی و مینەشـەم لە داوێنی شـاخی «هێلوێ» و لە «دۆڵی میرەبەگ» و لە مووچەی «ئەحمەدی کەوازەرد» شەهید بوون. ئەم مووچە و مەزرایە ملکی قالوێ زەندانە و هەر بەو بۆنەیەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی‌دا قالوێ زەندان بە «قالوێ موعینی»ش ناودێر کراوە.

## ئەفسەرانی کورد و هەڵوێستیان لە جەنگەی هێرشی هەمەلایەنە[ی ساڵی ١٣٥٨]ی حکوومەتی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان

من لە جەنگەی خوێندنەوەی کتێبی بیرەوەریی ئەفسەران و کاربەدەستانی سەردەمی پەهلەوی‌دا بووم کە وتارێکی ڕێزدار سدیق باباییم لە ماڵپەڕی «هەڵوێست»دا خوێندەوە.[1] کاک سدیق کارێکی گەلێک بەڕێوجێی کردووە کە ناو و یادی ئەفسەرانی شەهید و سەرفرازی گەلەکەمانی زیندوو راگرتووە و ژیاننامەی بۆ پێکهێناون. ئەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان شایانی ڕێزلێگرتنی زۆرن، ئەوان دەیانتوانی ڕێبازی خەباتی نەتەوایەتی نەگرنەبەر، وەک زۆرێکی تر، سووک و سانا خەیانەت بە گەلەکەیان بکەن و ڕێز و قەدر و پووڵ و پارەی دوژمنی کورد و تەمەنی درێژتریشیان هەبێ، بەڵام ژیانی هەڵۆیانەیان هەڵبژارد و چینەیان لە سەرانگوێلکی قەلی ڕووڕەش نەکرد. ڕێز و خۆشەویستیی ڕۆڵەکانی گەل بۆ یادی پیرۆزیان بێ!

خوێندنەوەی ئەم بیرەوەرییانە لە تەنیشت بیرەوەریی مرۆڤکوژان و قەسابانی سەردەمی پەهلەوییەکان کاتێ تەکمیل دەبێ کە بیرەوەریی مەلا و پاسدارە شەلاتەکانی ڕژیمی خومەینی وەک خەڵخاڵی و حوسێن بروجێردیشیان لەگەڵ بێ. با ئەوانیش باس لە «شاکارەکان»ی خۆیان بکەن و سەربوردەی مرۆڤکوژیی خۆیان لە کوردستان بگێڕنەوە و کۆمەڵانی گەل ئەو جینایەتانەی ئەوان لەگەڵ خزمەت و لەخۆبوردوویی ڕۆڵە شەهیدەکانی خۆیان بەراورد بکەن و بزانن ئێمە لەکوێین و داگیرکەرانی خاکمان لەکوێی ئەم جیهانە دوور لە عەداڵەتە وەستاون.

لە خوێندنەوەی ژیاننامەی شەهیدەکان‌دا خوێنەر دەگاتە چەند ئاکامێکی سەرنجڕاکێش:

زۆرێک لە ئەفسەر و دەرەجەدار و سەربازانی کوردی نێو سپای ئێران، هەر ئەوەندەی سپایەکی نەتەوەیی پێکهاتووە، دەستیان لە خزمەتکردنی حکوومەتی

---

1.http://www. helwist. com/Nuseran/Babay%20. S/2013/6%20%205%20%20Efseran%20Kurd. pdf

ناوەندی شۆڕدۆتەوە و چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە. ئەم دیاردەیە پێشتر لە شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستانیش‌دا بینیمان و ئێستا لە کوردستانی سووریاش بەچاو دەیبینین.

پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی ئەو ئەفسەرە شەهیدانە هەمەچەشنەیە. لە ڕەعیەتەوە تا ئاغا و لە کاسبکاری وردەوە تا تاجر و دەوڵەمەندی شارە کوردنشینەکان. ئەوەش پیشاندەری ڕاستییەکی گرنگی سیاسییە: بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بزاڤێکی نەتەوەیی و سەرانسەرییە، واتە هەموو چین و توێژەکانی گەلی گرتۆتەبەر؛ تەنانەت هەندێک لەو ئەفسەر و دەرەجەدارانەش کە کورد نەبوون، بەڵام لە پەیوەندیی کورداندا بوون و بە ڕادەی مەزڵوومییەتی گەلی کورد و حەقانییەتی داواکارییەکانیان زانیبوو، چوونە ڕیزی شۆڕشەوە.

وتارەکە سەرەتایەکی باشە بۆ نووسینی کتێبی ژیاننامەی ئەو شەهیدانە و کەسانێکی دیکەی کە وا هەیە کاک سدیق لە کاتی نووسینەکەی‌دا بە هەواڵیانی نەزانیبێ. هیوادارم نووسەر درێژە بەو کارە گرنگە بدا و زانیارییەکانی سەبارەت بە هەرکام لەو شەهیدە پیرۆزانەمان زیاتر بکا بە شێوەیەک کە لە دوارۆژدا کتێبێکی پڕلاپەڕەی لێ بەرهەم بێ و زیاتر شیاوی خزمەت و لەخۆبوردوویی ئەم خۆشەویستانەی گەلەکەمان بێ، هەروەها وەک بەشێک لە مێژووی سیاسیی گەلی کورد لە دوارۆژدا کەڵکی لێکۆڵینەوەی لێوەربگیرێ.

## شەهیدانی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق (پاشان ئەکسەرییەت) لە بۆکان

لە ماوەی ساڵانی ڕەشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، کوردستان و بەگشتی گەلی کورد زیاترین زیانی گیانی و ماڵیی لێکەوت و ناوچەکە لە باری ئابوورییەوە تووشی نشوستی و دواکەوتنێک هات کە بەو زووانە قەرەبوو ناکرێتەوە.

سیاسەتی ناپیرۆزی مەلاکان ئەوەندەی حیزبە سیاسییە کوردییەکانی گرتەوە چەند قاتی ئەوەش ئاوقای خەڵکی ئاسایی بوویەوە. شەڕ و بۆمباردمان و تیرۆر و ئیعدام و زیندان و شاربەدەری و ماڵوێرانی و ئاوارەیی، تاقە مانگێک دوای دەسەڵاتسەندنی مەلاکان لە سنەوە دەستی پێکرد و وردەوردە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانی تەنییەوە. لە پاوە و مەریوان و کامیاران و سنە و بانە و سەقزەوە تا بۆکان و گوندی قەرەگۆل و کەلبەڕەزاخان و سەوزی و سەرچناری سەر چۆمیمەجیدخان، ئینجا مەهاباد و سەردەشت و خانێ و نەغەدە و قاڕنێ و قەلاتان و لەوێوە تا ورمێ و سەڵماس و خۆی و ماکۆی نێو عەشیرەتی جەلالی، کە شەهیدێکی وەک شیرین عەلەمهوولی و چەندەها بێتاوانی دیکەی لێکەوتەوە. شاری سنە ٢٤ ڕۆژ بۆمباردمان کرا، تەنیا لە گوندی «نیەر»ی سنە ٥٧ کەس بوونەتە قوربانیی سیاسەتی چەپەڵی ڕژیم و بە شەوێک ٥٩ شەنگەلاوی بێتاوانی مەهابادی بێسەروشوێن کران.

حیزبە سیاسییە کوردییەکان هەرکام لیستەیەکی دوورودرێژیان لە ناوی شەهیدانی خۆیان بە دەست کۆماری ئیسلامییەوە پێکهێناوە و تەنانەت ئەو لیستەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆتە کتێبێکی پڕلاپەڕە، بەڵام جگە لە دوو حیزبی سەرەکیی دێموکرات و کۆمەڵە، ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵقیش لە سەرەتای شۆڕشەوە تا هاوینی ١٣٥٩ و سەرەتای وەرچەرخانی سیاسەتەکەی، هاوهەنگاو و هاوخەباتی گەلی کورد بوو و لە هەر دوو بواری سیاسی و سپاییدا خەباتێکی بەرفراوانی کرد، لەپێناو ئەم خەباتەشدا گەلێک شەهیدی پێشکەش بە گەلی کورد کرد.

پێگەی فیدائییانی خەڵق لە سەرەتایساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) لە بۆکان کرایەوە. چەند هەفتە پێشتر «ستادی فیدائییانی خەڵق» لە مەهاباد کرابۆوە. لە سنە، شەهید بێهرووز سولەیمانی کادری ڕێکخراوەکە، کە تازە لە زیندان هاتبووە دەرێ «دەفتەر»ی سازمانی فیدائییانی بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە ناوچەی موکریان کەسێکی خۆجێیی ئەوتۆ نەبوو کە لە کۆنەوە لەگەڵیان بووبێ و لە سەردەمی کورتماوەی ئازادیی نێوان ڕووخانی ڕژیمی شا و خۆ قایم کردنی مەلاکاندا کاری ڕێکخراوەیی ناوچەکە بەدەستەوە بگرێ، دیارە شەهید مینەی شێرخانی و چەند کەسی دیکەی وەک ئەو هەبوون کە پێش داندرانی «دەفتەر»ەکانی فیدائییان لە کوردستان پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەبوو، بەڵام بەشێک لە کاری بەڕێوەبردنی دەفتەرەکان لە موکریان، لە ئەستۆی هاوڕێیانی ئازەربایجانی بوو، گەرچی تاکوتەرایەک بەرپرسی فارسیش لە ناوچەکە هەبوون. ئەوان زیاتر لە مەهاباد و بۆکان بوون.

هۆکاری بەرپرس بوونی هاوڕێیانی ئازەربایجانی، جگە لە نزیکیی مەودای موکریان و ئازەربایجان دوو شتی دیکەش بوو: یەکەم، لقی ئازەربایجان و بەگشتی ئەندامان و کادرانی ئازەربایجانی لە ڕێکخراوی «چریک‌های فدائی خلق» و پاشان «فدائیان خلق»دا، خاوەنی جێگەوپێگەی سەرەکی بوون و بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوەکە لە ئێراندا هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە ئازەربایجانی بوون. دووهەم، هەندێک خوێندەوار و ڕووناکبیری ناوچەی موکریان لە شارەکانی ئازەربایجان دەیانخوێند یا کاریان دەکرد و ئەوەش ببووە هۆی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکە.

ئەو دەم، واتە لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا، کاتێ کە هێشتا پێگەی فیدائییان لە بۆکان نەکرابۆوە، ڕێکخراوی فیدائییان لە دانیشگای تەورێز زنجیرەیەک کۆبوونەوە و سیمیناری بەناوی «هفته همبستگی با خلق کرد» بەڕێوەبرد. ئەو دەم من لە تەورێز لە «شرکت انبارهای عمومی ایران» کارم دەکرد و لە ڕێگەی هاوڕێیەکەوە هەواڵی بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوانەم پێگەیشت و هاوکاریم

کردن، چوومە تاران و کاک جەلیلی گادانیم بانگهێشتن کرد بێ لەوێ وتار بدا، مەلا غەفووری دەبباغی لە مەهابادەوە هات و شێعری خوێندەوە، خۆشم لە دەسپێکی سیمینارەکەدا وتارێکم لەژێر ناوی «هفته همبستگی با خلق کرد چرا؟» پێشکەش کرد.

لەو سەردەمەدا من هێشتا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لەگەڵ ڕێکخراوەکە نەبەستبوو، بەڵام دەستەیەکی ٢٠ ـ ٣٠ کەسی لە لاوان و ڕووناکبیرانی بۆکانی لایەنگری فیدائییان، کە هاتبوون بەشداریی کۆبوونەوەکە بکەن، لە نێوەڕاستی بەرنامەکاندا، واتە ڕاست لە ڕۆژی ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧ گەیشتنە تەورێز و هەمان ڕۆژ لە تاران شۆڕش سەرکەوت و پادگانەکان کەوتنە دەست خەڵک، ئەوان هەموو لە ماڵەکەی من بوون کە تەلەفیزیۆن سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی ڕژیمی شای ڕاگەیاند، ئیتر نەک هەر میوانداریی من، بەڵکوو کۆبوونەوەکەی فیدائییانیش لە زانستگە تێکچوو و میوانە بۆکانییەکانیش بەپەلە گەڕانەوە بۆکان. تا ئەو ڕۆژە جگە لە سنە لە هیچ شارێکی کوردستان لقی ڕێکخراوی فیدائییان نەکرابۆوە.

هەر چۆنێک بێ، لە ماوەی دوو مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا، لە مەهاباد و بۆکان و سەقز و سەردەشت و بانە و نەغەدە و شنۆ لقی ڕێکخراوەکە کرایەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکار و مامۆستا و ڕووناکبیرانی ناوچەکە و بەشێکیش کرێکاری شار و وەرزێر و ڕەشایی گوندەکان لە دەوری کۆبوونەوە و هەڵسووڕان دەستی پێکرد.

بەداخەوە هەر لەو ماوە کورتە و لە سەروحەدی کرانەوەی دەفتەری سازمان لە بۆکاندا، شەڕی یەکەمی شاری سنە سەری هەڵدا و تووی ناکۆکیی نێوان کورد و ڕژیمی تازەی کۆماری ئیسلامی چەکەرەی کرد، کە درەنگتر شەڕی پاوە و شەڕی دووهەمی سنەی لێکەوتەوە و وردەوردە پاشماوەی شار و ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە؛ واتە یەکەم هەنگاوەکانی هەڵسووڕانی سیاسیی فیدائییان لە کوردستان، لە فەزایەکی پڕ شەڕ و کێشە و هەرا و دژایەتیی خەڵک و ڕژیمی تازەدامەزراوی ئێراندا هەڵهێندرایەوە و نە ئەندام و کادری لە شارەکانی ترەوە هاتوو و نە لایەنگرانی خۆجێیی، دەرەتانی بەخۆداهاتن و پێوەندیی سیاسیی لەگەڵ

کۆمەڵانی خەڵک و ڕاگەیشتن بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و ناسینی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەیان بۆ نەڕەخسا. هەموو شت بە چەک و گوللە و شەڕ و پێکدادان دەستی پێکرد و وەک دەزانین هەر بەو دیاردانەش درێژەی کێشا، دۆخێکی نائاسایی کە شوێنی تەواوی لەسەر هەموو هەڵسووڕانێکی دوارۆژی ڕێکخراوەکە لە کوردستان دانا؛ بەکورتی، کاری چەکداری وەک دووانەیەک لەگەڵ کرانەوەی دەفتەرەکانی ڕێکخراوی فیدائییان لە کوردستان، لەدایکبوو و تا دوایین ڕۆژەکانی بوونی دەفتەر و ستادی سازمان لە کوردستان لەگەڵیدا ژیا و بەجێینەهێشت.

هۆکاری زۆر ئاشکرای ئەم هەڵوێستەش یەکەم، ڕۆحی شەڕەنگێزانەی سیستەمی تازەدامەزراوی ئێران و بەتایبەت خومەینی؛ دووهەم، بارودۆخی کوردستان دوای گیرانی پادگانی مەهاباد و هەوڵی کۆمەڵە بۆ دەست بەسەرداگرتنی پادگانی سنە و سەرهەڵدانی شەڕی نۆ ڕۆژەی سنە بوو، کە درەنگتر بەهۆی جینایەتەکانی خەڵخاڵی و زنجیرەی ئیعدامەکانەوە دەرفەتی ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان گەلی کورد و مەلایانی تاران و قومی بەتەواوەتی تێدا برد؛ سێهەمیش چەکخۆشەویستیی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە بوو. لە هەموو ماوەی ساڵانی ١٣٥٠ - ١٣٥٧ و چەند مانگێک پێش کرانەوەی بنکەکانی کوردستان، ڕێبازی چریکی و چەکداری سەرەکیترین کار و هەڵسووڕانی چریکەکان بوو و لە ئەنجامیدا ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ڕژیمی شا بەدەست ئەوان کوژرابوون و خۆشیان شەهید و زیندانییەکی گەلێک زۆریان لەو پێناوەدا دابوو. لایەنگرانی ڕێکخراوەکە لە کوردستانیش بە شێوەیەکی سروشتی لەو ڕۆژانەدا بەرەو ئەم هەڵوێستە و ئەو سیاسەتە کشابوون. تووی ئەو بیروبۆچوونە لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە، واتە چەکخۆشەویستیی مێژوویی کورد، باشتری چەکەرە کرد و سەری هەڵدا، ئیتر دۆم بێ و کلاش بۆخۆی بکا! کورد بێ و بچێتە نێو ڕێکخراوەیەکی چەکداریی چریکییەوە کە تا ئەو دەم ناو و ئیعتیبارێکی زۆری لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو!

لەژێر کارتێکەریی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران و هەروەها نزیکبوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوەکە لە حیزبی توودەی ئێران، لە مەودای سالانی ۱۳۵۸- ۱۳۶۰دا چەند «ئینشیعاب» لەنێو ڕێکخراوەکەدا ڕووی دا و لە ئەنجامدا، نەک هەر ناوی ڕێکخراوەکە، بەڵکوو هەڵوێست و سیاسەتەکانیشی گۆڕانی زۆریان بەسەردا هات. ئەو لقەی وا منی لەگەڵ کەوتبووم «ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق ـ ئەکسەرییەت» بوو و ئەم یادداشتانەش لە ڕاستیدا یادی شەهیدانی ڕێکخراوەکەیە لە بۆکان، گەرچی وا هەیە بیرەوەرییەکانم تەواو نەبن و سەردەمی پێش و دوای هەرکام لەو دووفاقە بوونانەم کەمتاکورتێک لێ تێکەڵاو بووبێ. ئەگەر ناوەکان یا مێژووی ڕووداوەکانیش دەقاودەق لەگەڵ ڕاستەقینەی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو دەمدا یەک نەگرنەوە بە قەسد و نییەتێک نییە و تەنیا ناشارەزایی و ناتەواویی بیرەوەرییەکانمە.

**

لەو شەڕانەی وا دوای شۆڕشی ۱۳۵۷ و کرانەوەی دەفتەرەکانی سازمان لە سنە و سەقز و درەنگتر لە مەهاباد و بەگشتی کوردستاندا ڕوویان دا، ئەندامان و لایەنگران و چەکدارانی فیدایی شانبەشانی پێشمەرگەی دێموکرات و کۆمەڵە لە شار و گوند لەگەڵ پاسداری شەڕخوازی مەلاکان جەنگین و دوای گیرانەوەی شارەکان لەلایەن ئەرتەش و پاسدارانەوە، ئاوای دیوی باشووری کوردستان بوون و لە هەر دوو لا، خوێنیان ڕژایە سەر خاکی کوردستان. تا وەرچەرخانەکەی ساڵی ۱۳۵۹ کە لە ئەنجامیدا هەموو بنکە و «دەفتەر»ەکانی فیدائییان لە شارەکانی کوردستان کۆکرانەوە و دوایین دەفتەریش کە دەفتەری بۆکان بوو و تا ماوەیەک بە کراوەیی مابۆوە، دوای دووجار خۆپیشاندانی خەڵک دژ بە سیاسەتە نوێیەکەی، بەیەکجاری پێچرایەوە.

دوای داخرانی دەفتەری بۆکان، ماڵی ئێمە، لە ڕاستیدا ماڵی دایکم، بۆ ماوەی چەند مانگ بوو بە شوێنی حاوانەوەی ئەندامانی غەیرە بۆکانی و بەڕێوەچوونی

کارەکان و تەنانەت کۆنفرانسی سێ ڕۆژەی ناوچەیی فیدائییان لە کوردستان لە پاییزی ۱۳۵۹دا لە ژێرخانی ماڵی ئێمە بەڕێوەبرا. لە ئەنجامی ئەو کۆنفرانسەدا بڕیاری وەستاندنی یەکجاریی کاری چەکدارانە دژ بە ڕژیمی ئێران، کۆکردنەوەی چەک و شاردنەوەیان دەرچوو و سێ کەس بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەکە نێردرانە شاری سەقز کە ئەو دەم کەوتبووە دەست پاسدارەکانی خومەینی، بۆ ئەوەی سیاسەتی وەستانی کاری چەکدارانەی ڕێکخراوەکە بە سپای پاسداران ڕابگەیەنن. ئەوە دوایین بزمار بوو کە لە تابووتی خەباتی چەکدارانەی فیدائییانی ئەکسەرییەت لە کوردستان درا و بە شوێنیدا ئیتر مانەوەمان لە کوردستان کارێکی نەگونجاو بوو و زۆربەی زۆری ئێمە پەڕیوەی شارەکانی ئێران، بەتایبەت تاران بووین و ئەوانەش وا لە ناوچەکەدا مانەوە، کەوتنە بەر ڕق و بوغز و هێرشی ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ناوچە و خەڵکیش کە لەژێر هێرش و پەلاماری ڕۆژانەی پاسدار و بەسیجیی کۆماری ئیسلامیدا بوون، ئەم سیاسەتە نوێیەیان بۆ هەزم نەدەکرا و دژمان دەوەستان.

من هەر لێرەدا ڕاستییەک بۆ مێژوو دەدرکێنم: هیچکام لە ئەندامان و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی خۆجێیی کورد، لە وەرچەرخان و ڕەچاوکرانی ئەم سیاسەتەدا دەستیان نەبوو و تا ئەمڕۆش هەموویان پەسندی سیاسەتەکەیان نەکردووە. لە بیرمە کاتێ کە ڕۆژنامەی «کار»ی ئەکسەرییەت بە تیتری گەورە ئەو سیاسەتە نوێیەی ڕاگەیاند، نەمر بێهرووزی سولەیمانی لە بۆکان بوو و دەینەڕاند و دەیگوت وا پێشمەرگەکانمان لەژێر بۆمباردمانی پاسداردا لە سنە دەکووژرێن، من چۆن بچمەوە و پێیان بڵێم ئەم ڕژیمە «ئینقلابی»یە؟ بێهرووز تاقەکەس نەبوو و زۆرێک لە ئەندامان و لایەنگرانی فیدائییان لە کوردستان وەک ئەویان بیر دەکردەوە، بەڵام ڕێکخراوەیەکی سیاسیی سەرانسەریی وەک فیدائییانی ئەکسەرییەت، بڕیارەکانی لە تاران دەدرا و دەنگی لقی کوردستان و کەیفییەتی ئەندامەکانی بەداخەوە ئەوەندە بەرز نەبوو کە بتوانێ بەسەر ئەواندا زاڵ بێ. دیارە «ئینشیعاب»ێکی تازە لەو سیاسەتە کەوتەوە و بەشێک لە کادر و ئەندامان و

لایەنگران لەگەڵ «عەلی کشتگەر» کەوتن و لە ئەکسەرییەت جیا بوونەوە، کە یەکیان کاک بێهرووز بوو

بەڵام سیاسەتی ئەکسەرییەت نەگۆڕ مایەوە و لقی کوردستانیی ڕێکخراوەکە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە، تێداچوو و تەنانەت کار و خەبات و گیانبەختکردنی ئەندامان و لایەنگرانەکانی بە ئاگری هەمان سیاسەت سووتا، بە شێوەیەک کە ئەمڕۆ، لە باسی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق (ئەکسەرییەت)دا هەموو کەس تەنیا باس لە بڕگەی دوای وەرچەرخانەکە دەکا و خەباتی چەکدارانە و شەهیدبوونی دەیان ڕۆڵەی قارەمانی گەل کە لە ڕیزی فیدائییانی ئەکسەرییەتدا گیانی خۆیان پێشکەش بە خاکی کوردستان کرد، لە بیر دەبرێتەوە.

من کە ئەم قسانە دەکەم نامەوێ دیزە بەدەرخۆنەم کردبێ و ڕاستەقینەی زەقی نێو ڕێکخراوەکە بشارمەوە و بەرگی درۆیین لە بەر ڕاستییەکان بکەم. لەنێو ئێمەدا کەم نەبوون ئەوانەی وا بیرۆکەی توودەیی‌یان بوو و عالمانە وەشوێن سیاسەتی نوێی ڕێکخراوەکە کەوتبوون، بەڵام هیچ ئامارێکم بەدەستەوە نییە بزانم لە ڕێکخراوی کام شاری کوردستان و یەک لەوان بۆکاندا چەند کەس لەسەر کام بۆچوون و کام هێڵی فکری بوون. دەزانم لەگەڵ هەرکام لە ئینشیعابەکاندا کۆمەڵێک لە هاوڕێیان دەڕۆیشتن و جیا دەبوونەوە، ئەوەش بەواتای ناڕەزایی لە بەرانبەر سیاسەتەکاندا بوو، بەڵام ئەوانەی وا مابوونەوە بەگشتی ئەو کەسانە بوون کە ئەو خەتە فکرییەیان پەسند دەکرد.

من خۆم هەرگیز لەگەڵ کاری چەکدارییدا نەبووم و ئێستاش هەر نیم، کەوابوو بەبێ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم و پاساوی ڕاستییەک بدەم، دەڵێم من لەگەڵ ئەو هێڵە فکرییە نوێیەدا بووم کە بەسەر ڕێکخراوەکەدا زاڵ ببوو و خۆی لە کاری چەکدارانە لە کوردستان و لە ئێران دەکێشایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزانم گەلێک کەسان هەبوون کە لە عەینی وەفاداری بە ڕێکخراوەکە، ئەم سیاسەتەیان نەدەسەلماند و بەشێکیان لەسەر ئەم دووڕێیانە وەستان و گیانی خۆشیان بەخت کرد.

بەداخەوە هیچ ئامارێک بەدەستەوە نییە دەریبخا ڕژیمی مەلاکان چەند کەسی

لـە پەیوەندیـی ڕێکخـراوی فیدائییـان‌دا لە کوردسـتان ئیعدام کـردووە، یاخود چەند کەسـیان لە شـەڕ لەگەڵ ڕژیمدا کوژراون. ژیانی دوورەوڵاتیش دەرەتانی ئەوە نادا لە نزیکەوە هەوڵی گردوکۆی زانیاریی ئەوتۆ بدرێ.

ئەم بابەتەی لێرەدا دەینووسـم، لە درێژەی نووسـینی مێژووی بۆکان‌دایە و بەو پێیە، بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی ئەو کادر و ئەندام و لایەنگرانەی فیدائیيانی ئەکسـەرییەتە، کە تەنیا لە ناوچەی بۆکان بەدەسـتی ڕژیمی جینایەتکاری خومەینی شەهید کراون. من زانیاریم لەسەر بارودۆخی شارەکانی دیکەی کوردستان نییە کە بتوانم لای‌کەم لیستەیەک لە ناوی شەهیدانی فیدایی بۆ نموونە لە سنە و سەقز و مەهاباد و شـارەکانی دیکەی کوردسـتان پێکبێنم، بەڵام گەلێک هیوادارم کە خەڵکانی شـارەزا لە شـارەکانی دیکەی کوردستانیش کارێکی هاوچەشن بکەن و لە ئەنجامدا دەربکەوێ خوێنی چەند خەباتکاری سەرلەپێناو ڕیزەکانی فیدایی پێشکەش بە خاکی کوردسـتان کـراوە و تەنانـەت دوای وەرچەرخانـی نابەجێی سیاسـەتی فیدائییان و پشـتکردنە کوردستانیشـیان، چەند کەسـیان لەلایەن ڕژیمەوە گیران و لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران ئیعدام کران.

**

دەبێ ئەم ڕاستییە لە بیر نەکرێ کە پێش کرانەوەی دەفتەرەکان ژمارەیەکی بەرچاو لـە ڕووناکبیرانـی کـورد پەیوەندییـان بـە ڕێکخـراوی «چریکهـای فدائـی خلق»ەوە هەبـوو و بـە کرانەوەی دەفتەرەکان، ئەوانیش هاوکاریـی خۆیان لەگەڵ دەفتەرەکان دەسـت پێکـرد. مـن لـە برگـەی پێشـوودا ئـەم ڕاسـتییەم نەگرتبـووە بەرچـاو و قورسـایی زیاتـرم بـە هاوڕێیانـی ئازەربایجانـی دابـوو، کـە بۆچوونێکـە لەجێـی خـۆیدا نییـە لەبـەروەی ژمـارەی ئـەو کوردانـەی وا لـە پەیوەندیـی ڕێکخراوەکەدا بـوون یـا لـەو پەیوەنـدەدا گیرابوون، کـەم نەبوو و هـەر ئەوانیش بوونـە کۆڵەکەی دروسـت بوونـی دەفتـەر و بنکـەکان لـە کوردسـتان، واتـە بەبـێ هاتنـی هاوڕێیانی ئازەربایجانیـش دەفتـەرەکان لـە کوردسـتان هـەر دەکرانـەوە. لـە بیرمـە ماوەیەک

پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ له تەورێز چوومە زانستگە و لەوێ چاوم بە هاوڕێیەکی ڕێکخراوی فیدائییان کەوت کە ئێستا لە ئوروووپا دەژی و داوام لێکرد یارمەتیی کرانەوەی دەفتەری ڕیکخراوەکە لە کوردستان بدەن، بەڵام لەبەروەی لە کوردستان نەدەژیام ئاگام لە کاروبار و هەڵسووڕاوییەکانی ئەوێ نەبوو و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر سەبارەت بە هاوڕێیانی ئازەربایجانی بدوێم.

**حیکایەتی من لەگەڵ فیدائییان**

من، کە دوای زیندانی ساڵەکانی ١٣٥١ تا ١٣٥٣، لەسەر ئیش‌وکاری دەوڵەتی دەرکرابووم، دوابەدوای شۆڕش، واتە لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ەوە گەڕامەوە سەر ئیش‌وکاری پێشووم کە مامۆستایی بوو لە دەبیرستانەکانی تاران، بەڵام تەنیا ڕۆژێکم کار کرد و داوام کرد بمنێرنەوە بۆکان کە لەوێ وەک ئەندامی «شووڕای ئینقلاب»ی شارەکە هەڵبژێردرابووم. لە بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی کوردستان‌دا، کە داروبەردیش سیاسی بوو و هەموو کەس لایەنگری لە حیزبێک و ڕێکخراوەیەک دەکرد، دیارە منیش، بە شێوەی سروشتی، بەرەو لایەنێک دەکشام.

وەک هێڵی فکری، لە مائۆئیسم دوور بووم و بۆ لایەنگریی کۆمەڵە نەدەبووم، بیری چەپ و هەندێکیش چەپڕەویی خۆم نەیدەهێشت لەنێو حیزبی دێموکرات‌دا جێگەم بێتەوە. جا دوای گەڕانەوەی بۆکان، هەر بە یەکەم داخوازی و بانگهێشتن، بەرەو ڕیکخراوەی چریکە فیدائییەکان چووم کە تازە دەفتەریان لە بۆکان کردبۆوە. سەرەتا لایەنگریان بووم و پاشان بووم بە ئەندام و هەندێک بەرپرسایەتیشم وەرگرت؛ واتە لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٥٩دا ماوەیەک بەرپرسی دەفتەری بۆکان بووم و دوای داخرانی دەفتەرەکانی سازمان لە شارەکانی کوردستان و گۆڕانی ڕێبازی چەکداریی، بۆ ماوەی دووسێ مانگێک لە تاران بوومە بەرپرسی شاخەی کوردستانیی ڕێکخراوەکە، کارێک کە لە سەرم زیاد بوو و توانایم نەبوو، ئیتر گەلێک زوو خۆم کێشایە دواوە. لە کۆتایی پاییزی هەمان ساڵ و سەرەتاکانی زستانیش‌دا بە نامە «ئیستیعفا»م دا و بەتەواوەتی لە ڕێکخراوەکە هاتمە دەرەوە، واتە سەرجەم،

ماوەی دەوروبەری ساڵ و نیو یان دوو ساڵ لەگەڵ ڕێکخراوی فیدائییان بووم.

دوای چوونە تارانم لەگەڵ دوو خزمی خۆم و برادەرێکی ئەواندا بە ترۆمبیل بە شەقامێکی تاراندا دەڕۆیشتین کە پاسدار بەناوی «مونافیق»، واتە موجاهیدی خەڵقەوە گرتیانین و بردیانینە زیندانی ئێڤین. ئەوانی تر گرفتی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام من دەستم لە خۆم شۆردبوو و لام وا نەبوو ئیتر چاوم بە دەرێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەو دەم پەیوەندیی ئەکسەرییەت لەگەڵ ڕژیمی ئێران زۆر خراپ نەبوو و گەرچی جاروبارە ئیعدامیان دەکردین، بەڵام بەگشتی لەچاو ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکانی تر لەگەڵمان باشتر دەجووڵانەوە. نامەنووسینی بەرپرسانی ڕێکخراوەکە کاری خۆی کرد و دوای ١٠ ڕۆژ لەگەڵ سێ کەسەکەی تردا ئازاد کرام، بەڵام منیان بە ئەسپاردنی قەباڵەی ماڵ ئازاد کرد.

**

هەر چۆنێک بێ، با لەوە زیاتر لە باسەکە لانەدەم و بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەتڵەب. لەو ماوەیەدا کە ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکان و پاشان فیدائییانی گەل (ئەکسەرییەت) لە بۆکان هەڵسووڕانیان دەنواند من گەلێک هاوڕێ و هەڤاڵ و برادەری چاکم بوون کە ئێستاش شانازی بە هاوڕێیەتی و ناسینیان دەکەم. ئەو ئازایەتی و لەخۆبوردوویی و خزمەتگوزارییەی وا لەو هاوڕێیانەم دیت ئەگەر بیهێنمە سەر کاغەز چەند بەرگ کتێبی دەوێ.

ئەو قسانەم بەواتای ئەوە نییە کە هەر کەسێک هاتبووە نێو ڕێکخراوەکەوە مەعسووم و فریشتە بوو. دەزانم لە نێوماندا خەڵکانی کەمباوەڕ و هەلپەرست و تەنانەت قاچاخچی و فێڵبازیش هەبوون. ئەو کەسانە بەهۆی پۆپۆلیست بوونی هەندێک لە ئێمە و ڕێزگرتنمان لە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵکەوە، خۆیان خزاندبووە نێو ڕێکخراوەکە و هەندێکیان تا پلەی سەرەوەی بەرپرسایەتیی ناوچەییش هاتبوون. لە بیرمە لە دوایین مانگی داخرانی دەفتەری بۆکاندا من دەفتەرم بەجێهێشت و گوتم تا فلانەکەس ـ کە بەرپرسی دارایی ڕێکخراوەکەمان بوو ـ لەو دەفتەرەدا بێ

من سەری پێدا ناکەم و هەرواشم کرد، بەڵام ماوەی تۆرانەکەی من درێژەی نەکێشا لەبەروەی دەفتەر کۆکرایەوە و ئەو و من هەرکام بە ڕێبازی خۆماندا ڕۆیشتین!

من ئەم بابەتە بۆیە نانووسـم هێرشـم کردبێتە سەر کەسێک و کەسانێک؛ دەزانم من لە هەموویان ناتەواوتر بووم، بەڵام قسەیەکیشم بۆ دز کردبێ، نە خائین بووم و نە هەلپەرست. بەپێچەوانە، بۆیە دەنووسم کە یادێکم کردبێ لە پێشمەرگە و لایەنگر و ئەندامانی پاک و بێگەردی ڕێکخراوەکە، ئەوانەی وا لەو سـاڵانە و ماوەیەک دواتردا گیانی خۆیان پێشـکەش بە کوردسـتان کرد و بوون بە شەهیدی ڕێگای سوسیالیزم لە کوردسـتان. دیارە ڕێبازی فکریی ئەو سـاڵانەی ڕێکخراوی فیدائییان، بەتایبەت لە کوردستان دیاردەیەکی ئاڵۆز بوو و لە نێوان سوسیالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردیدا قەتیس مابوو. ڕووناکبیرانی ئەندامی ڕێکخراوەکە بەگشتی هەڵگری بیری چەپ بوون و هـەر بـەو ئامانجەش لـە دەوری ڕێکخراوەکە کۆببوونەوە، بـەڵام لە بارودۆخی ئەو دەمی کوردستان و زەقبوونەوەی پرسی نەتەوایەتیی کورد، بەتایبەت بەهۆی شەڕی بەسەرداسەپاوی ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە، کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد ببووە سیاسـەتی پەیڕەوکراوی ڕۆژانە و لە ڕاسـتیدا جیاوازییەکی بەکردەوە لە نێوان پێشمەرگەی چەکداری ئێمە و پێشمەرگەی کۆمەڵە و دێموکراتدا نەبوو و هەر سێ ڕێکخراوەکە، هەرکام بە ڕادەی توانا و ژمارەی ئەندام و لایەنگر، بەشداریی شەڕ و بەربەرەکانیی پاسدار و ئەرتەشی کۆماری مەلاکانیان دەکرد. هەتا ئەو ڕۆژانەش کە سیاسەتی ڕێکخراوەکە تووشی گۆڕان هات و خۆی لە شەڕی چەکدارانە کێشایە دواوە، بۆ خەڵکی ئاسایی کورد لە ناوچەکە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پێشمەرگەی ئێمە و دوو ڕێکخراوەکەی دیکەدا نەبوو، بەڵام هەر ئەوەندەی خۆمان لە بەربەرەکانی و خەباتـی چەکـداری کێشـایەوە، حیسـابەکان گـۆڕان و خەڵـک بـە چـاوی دوژمن و تەنانەت جاشی ڕژیم سەیریان دەکردین.

ئەوە هەڵەیەک بوو بەسەریدا کەوتین و زیانی زۆریشمان لە پایدا بینی، بەڵام چ کـەردەن؟ ڕێکخراوەیەکـی سەرانسـەری کە بڕیـاردەران و سیاسـەتدانەرانی لە دەرەوەی کوردستان بوون و بەشێکیان کەوتبوونە ژێر کارتێکەریی حیزبی توودەی

ئێرانەوە و ڕوانینی نابەجێی ئەوان لەمەڕ سیستەمی سیاسیی ئێران و باوەڕیان بە دژی ئەمپریالیست بوونی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لاوازیی فکری و تیئۆریکیی لقی کوردستان و بەرز نەبوونی دەنگی سەربەخۆی بەرانبەر ئەو سیاسەتە لەلایەکی تر، گەیشتە ئەو کەتنەی وا پێمان کرا و خوێنی ڕژاوی لاوەکانمان لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک بە فیڕۆ چوو.

هەر چۆنێک بێ، پێش ئەم وەرچەرخانە و تەنانەت لە ماوەی وەرچەرخانەکە و دوای ئەویشدا، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵە قارەمانەکانی ڕیزەکانی فیدایی دژ بە پاسدار و سپای کۆماری ئیسلامی جەنگین و خوێنیان بەختی ئەو ڕێبازە کرد. ژمارەیەکی زیاتریش خۆیان و بنەماڵەیان بریندار بوون یا تووشی گیران و ئەشکەنجە و شاربەدەری هاتن یا بازرەی ولاتان بوون یا ماڵیان ڕووخا و سووتا و داگیرکرا یا ئیش‌وکاریان لە دەستچوو، کە ئەم شتانە و تەنانەت ئەو کەسانە لە هیچ سەرچاوەیەک و لە هیچ حیسابێکدا دیار نین. ئەومانە سەربازانی ونی شۆڕش و گەل بوون.

دیارە توێژینەوە لەو هەموو کارەسات و کوشتوبڕ و ماڵوێرانییانە لە تاقەتی ئەم بابەتە کورتەدا نییە و من لێرە تەنیا باسی هاوڕێیانی شەهیدی ڕێکخراوەکە دەکەم ئەویش لە بۆکان. بەداخەوە هێشتا ناوی ئەو شەهیدانە بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک گردوکۆ و تۆمار نەکراوە و کۆمەڵانی خەڵک ئاگاداری ڕادەی بەرزی ئەو فیداکارییانەی هاوڕێیانی فیدایی نین. ئەم تۆمارکردنە ئەرکێکی گەلێک پێویستە و دەبێ درەنگ یا زوو بەڕێوە بچێ؛ کۆمەڵانی خەڵک دەبێ بزانن کە شەهید و قوربانییانی ڕێکخراوی فیدائییان لە کوردستان لە بەراورد لەگەڵ شەهیدانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا نەک کەم نەبووە، بەڵکوو ئەگەر ڕادەی لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخراوەکان بگیرێتە بەرچاو، ژمارەی شەهید و ئیعدامییەکانی ئەو سەردەمەی فیدائییان لە کوردستان وا هەیە لەوانی دیکە زیاتریش بووبێ.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم لیستەیەک لە ناوی شەهیدانی فیدایی لە بۆکان و دەوروبەری پێکبێنم و ڕێزی خۆم پێشکەش بە یادی پیرۆزی ئەوان و پێشگای

کەس‌وکاری ئازیەتباریان بکەم، بە هیوای ئەوەی کارێکی هاوچەشـن بۆ شـەهیدانی شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان لـە ئیلامـەوە تا ماکـۆ بەڕێوە بچـێ و لای‌کەم ناوی عەزیـزی ئـەو گیان‌بەخت‌کردووانـە لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی خەباتـی گەلەکەمان‌دا بمێنێ. دیارە زانیاری و بیرەوەریی من لە دوورەوڵاتی و دوای ئەم هەمووە ساڵانە، ناتـەواون و زۆر وا هەیـە بەشـێک لە ناوەکانـم لە بیر نەمابن. خـۆ ئەگەر یارمەتیی هەندێک هاوڕێی خۆشەویسـت نەبووایە تا ئەم ڕادەیەی ئێسـتاش نەمدەتوانی بچمە پێشەوە، دەستیان خۆش بێ.

تکا لە خوێنەری ئەم بابەتە دەکەم ئەگەر ناو یا ژیاننامەی کەسانێک دەزانن، کە لە قەڵەمی من کەوتوون یا بابەتی وا هەبێ کە لە نووسینەکەی مندا ڕەنگی نەدابێتەوە یـا بـە هەڵـە ڕەنگـی دابێتەوە، بـا ئـاگادارم بکەنەوە؛ ئـەوە ئەرکی هەمـوو لایەکە، چ ئەوانـەی لایەنگـری ڕێکخراوەکـە بـوون و چ کەسـانی تر. ئەم شـەهیدانە گیانیان لە ڕێـگای خەڵـکدا بەخـت کـرد، حەق وایـە خەڵکیش لـە بیریان نەکـەن. وەرچەرخانی سیاسـەتی دواتـری ڕێکخراوەکە هیـچ پەیوەندییەکی بە کەسـایەتیی لەخۆبوردوو و خزمەتگوزاری ئەو شـەهیدانەوە نییە و حەق وا نییە ئەم دوو مەسـەلەیە تێکەڵ یەک بکرێن.

ئەوەی لەم باسـەدا دێ ناوی بەشـێک لە شـەهیدانی «سـازمان چریکهای فدائی خلـق» و دواتـر، «سـازمان فدائیـان خلـق ـ اکثریت» لـە ناوچەی بۆکانە. بەشـێک لەو شەهیدانە، وا هەیە لە دابەش‌بوونی ڕێکخراوەکە بەسەر «اکثریت» و «اقلیت»دا، سەر بە «اقلیت» بووبێتن، بەڵام من خۆم لەگەڵ ئەکسەرییەت بووم و ئاگادارییەکی ئەوتۆم لـە کاری ئەقەلییـەت نییە، ئامانجیشـم ئەوە نییە شـەهیدی یەکیان بـدزم و بیبەم بۆ لایەکەی تر! زانیارییەکەم هەر ئەوەندە بڕ دەکا.

یـادی ئـەوان و هەمـوو گیان‌بەخت‌کردووانی ڕێگای ڕزگاریی زەحمەتکێشـان لە کوردستان بەخێر بێ!

پێـش دەسـپێکی نـاوەکان دەمەوێ بەشـێک لە شـێعرێکی خۆم بنووسـمەوە، کە سـاڵی ١٩٨٧، کاتێ لە نەخۆشـخانەیەکی لەندەن کەوتبووم گوتوومە. لەم شـێعرەدا

یادم کردووە لە چەند کەس لە گیانبەختکردووانی فیدایی و هەڵسووڕاوان و هەروەها بەشێک لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوڕێیانی فیدایی لە سەروحەدی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێراندا لە بۆکان. شێعرەکە دووردرێژە و لە هەندێک شوێندا تەنزێکی نەرمیشی ئاوێتە کراوە. من ڕووی شێعرەکەم لە هاوڕێیەکی پێشووی ڕێکخراوەکەیە، بەڵام ناویم نەهێناوە و بەناوی خوازراوەی «عەباس»ەوە ناویم بردووە کردووە. لەبەر هۆکاری ئاسایش و هاتنی ناوی خەڵکانی زۆر، هێشتا سەرجەمی شێعرەکە بڵاونەکراوەتەوە و ئەوە یەکەم جارە کە بەشێکی بڵاو دەکەمەوە:

**چلۆنە کەیفەکەت عەبباسە پیرە؟**
**هەرا و بێنەوبەرەی دوێنێت لە بیرە؟**
**لەبیرتە «سەرخوڕێنک» و «حەوزەگەورە»؟**
**لەبیرتە چۆن لە یەک کۆبووین بەدەورە؟**
**لەبیرتە بارودۆخی ئەو زەمانە؟**
**هەرا و بێنەوبەرەی ئەو سەردەمانە؟**
**لەبیرتە ڕۆژ لە شار و شەو لە دێ بووین؟**
**لە هەرکوێ گۆڵمەزێک بووایە لەوێ بووین**
**لەبیرت ماوە بەزموڕەزمی شاری؟**
**سوخەنڕانی لەسەر یەک دانە گاری!**
**وەبیرت دێنەوە «شووڕای مەحەللات»؟**
**چلۆن ڕێکتدەخستن کات و بێ‌کات!**
**«خیابانی سەقز»، لای «حەوزەگەورە»**
**«قەڵا» و «قولـلە» و «کەمەربەندی» بەدەورە**
**لە «پشت خەندەک» هەتا «پردی میراوا»**
**لە «بەربەردان»ەوە تا «کۆپیناوا»**
**پەنا و داڵدەی هەموو لایەک بوو «شووڕا»**

هەموو کاری خەڵک بەو هەڵدەسووڕا...
زراویـــان چووبوو زومرەی تاجری شـــار
لە شـــووڕای خاوەنی ئەو چەشنە ئەفکار
بـــەڵام جوملـــەی فەقیـــران و هـــەژاران
هەمـــوو ڕووتوڕەجـــاڵ و دەردەداران
بـــە ســـەربەرزی لە ڕیـــزی ڕادەوەســـتان
چ وەســـتانێ، بڵـــێ یەکپارچە هەســـتان!
گوشـــاری زۆر خرا سەرشـــانی شـــووڕا
بەڵام شـــوورەی خەڵک بوو دانەشـــووڕا!
لەبـــیرتـــە ئیعتیســـابی کوورەخانـــە؟
کرێکـــارانـــی چەنـــد قەنادیخانـــە؟
کرێـــکاری حەمـــام و شـــیرکەتی نەوت
چلۆن مافی ڕەوای خۆیان وەدەست کەوت
تەنانـەت بـــۆ کرێکارانـــی بێـــکار
«حەقی بێکاری» دانرا بـــۆ یەکەم جار...
ئەوانـــە هیممەتـــی تاقـــە کەسـێک نیـــن
وەیا خـــود حیکمەتی فریادڕەسـێک نین
بەروبـــووی ڕەنجـــی چینێکـــی هـــەژارن
نەتیجـــەی دەردی خەڵکـــی دەردەدارن
چهـــا عـــارەق لـــە ڕێیـــاندا ڕژاوە!
چ خوێنهایـــەک لەپێناویـــان دراوە!
«ڕەشید» و «یۆسف» و «وەستاعومەر»مان
لەڕێـــی چـــیدا کرانـــە قۆچی‌قوربـــان؟
وەیاخوێنی «تەها» و «یەعقووب» و «مینە»
لەسەرچی ســـووری کرد ئەم سەرزەمینە؟

**دەبا کوێر بم! ئەمن زیندووی لەسەر خاک**
**ئەوانیش دەستەچیلەی گڵ بەسەرپاک...**

لە درێژەی بابەتەکەدا، بە یارمەتیی ئەو زانیارییانەی وا لە چەند دۆست و برادەری دڵسۆزم وەرگرتوون، کورتەیەک لە ژیانی شەهیدانی ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق لە بۆکان و ناوچەی دەوروبەری دەنووسم و سپاسی هەموو لایەکیان دەکەم. دەشزانم بەبێ یارمەتیی ئەوان نە بیرەوەری من ئەوەندەی بڕ دەکرد و نە بەگشتی ئەو زانیارییانەم هەبوو کە باسەکەی پێ بڕازێنمەوە. نووسراوەی هاوڕێیانم لە نێو دوو کەوانۆ کە«دا داناوە بۆ ئەوەی لە قسە و بۆچوونەکانی من جیاواز بن و سەربەخۆیی بیروڕای هاوڕێیان پارێزراو بێ.

سپاسی زۆرم ئاڕاستەی کەسوکاری شەهیدان بەتایبەت ئەم زاتانەی خوارەوە دەکەم کە بە دەنگمەوە هاتن و سەرەڕای تاڵ و سوێریی وەبیرهێنانەوەی ڕووداوی دڵتەزێنی ئیعدامی برا و کەسوکار، زانیاریی زۆریان سەبارەت بە شەهیدەکان بۆ ناردم:

- خاتوو گەوهەر فەیزی، خوشکی نەمر سەیفوڵڵا فەیزی
- ڕێزدار ئەمیر شێرخانی، برای نەمر مینەی شێرخانی
- ڕێزدار جەعفەر مەردانبەگی، برای نەمر عەزیز مەردانبەگی
- ڕێزدار نادر فەتحی، پوورزای نەمر عەزیز مەردانبەگی

هەروەها سپاسی خۆم ئاڕاستەی ئەم بەڕێزانە دەکەم کە لە ڕاستیدا ئەم باسانە لەسەر بنەمای زانیاریی ئەوان گەڵاڵە و ئامادە کراون: برایانی خۆشەویستم ڕەحیم بەهرامزادە، جەعفەر ڕۆستەمی، عومەر حەمیدی، محەممەد حەمیدی، د. کامران ئەمینئاوە و چەند هاوڕێیەکی دیکە.

بۆ ڕوون بوونەوەی هەندێک لایەنی کارەکان بەتایبەت گیرانی هاوڕێیان مینەی شێرخانی، جەواد و سەعید، بە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ یا بە تەلەفۆن زانیاریم لە هەشت کەس لە بەرپرسانی ئەو دەمی ڕێکخراوی ئەکسەرییەت لە کوردستان و

تاران وەرگرت، کە بە پێویستی دەزانم بێئەوەی ناویان ڕابگەیەنم لێرەدا سپاسی زۆری خۆمیان ئاڕاستە بکەم. من سەرەتا کارەکەم گەلێک سووک و هاسان گرتبوو، بەڵام دواتر لقوپۆپی زۆری لێبۆوە و هەندێک پرسیارم ورووژاند کە وەڵامدانەوەی تەواویان لێرەدا گونجاو نابێ، بەڵام دڵنیام دواتر شوێنیان دەگیرێ و لە بیدەنگیدا گوم نابن.

من بەو یادداشتانە نەمویستووە قارەمانپەروەری و قارەمانسازی بکەم، ئەگەر لە نووسراوەکەدا کەڵک لە هەندێک وشە و سیفەتی قاڵبی وەرگیرابێ، لە بنەمای ڕێز و ئیحتیرامەوە بۆ ئەو گیانبەختکردووانەی ڕێگای بەختەوەریی زەحمەتکێشان سەری هەڵداوە و یاریم بە وشەی قابغی و بێنێوەرۆک نەکردووە. من لە قووڵایی دڵمەوە ئەم کەسانە بە سەربازانی ونی شۆڕشی چینایەتی و خەباتی گەلی کورد لەپێناو سەروەری، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەزانم، ڕێزلێگرتنیشیان لەو بنەمایە سەرهەڵدەدا. یادی ئەو قارەمانانە وەک لە دڵی مندا زیندووە لەسەر ڕووپەڕی مێژووش زیندوو بێ! پێویست بە گوتنە کە هەندێک لەو شەهیدانەی وا لە خوارەوە ناویان دێ، پێش ئینشیعاب و دووفاقە بوونی ڕێکخراوەکە شەهید بوون و وا هەیە بۆ نموونە، ئەقەلییەت یا لقەکانی دیکەی سەر بە بزووتنەوەی فیداییش ناویان لە بڵاوکراوەی خۆیاندا بهێنن. من ئەوە بە کارێکی ڕەوا دەزانم و لام وایە ئەوان ڕۆڵەی گەلن نەک ملک وماڵی کەسێک و لق و فەرعێک! هەموو ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی فیدائییان و نەک هەر ئەوان، هەموو کۆمەڵانی گەل دەتوانن شانازییان پێوەبکەن.

١. هاوڕێ یۆسف کیشیزادە (ڕەفیق حەسەن)

یەکەم بەرپرسی ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی گەل لە بۆکان و یەک لە یەکەم شەهیدەکانمان بوو. ساڵانێکی زۆر لە زیندانی شادا مابۆوە. سەری لە نێو کتێبدا بوو و شارەزایی تیئۆریکی زۆر بوو. لە ماوەی بەرپرسایەتیی ڕێکخراوەکە لە بۆکان هەندێک کۆرسی تیئۆریکی بۆ لایەنگران و خەڵکی دیکە دانا و بەوە زۆر دڵڕەنج بوو کە کەسانێکی زۆر ئامادە نەبوون؛ من وەک گوێگر و قوتابی بەشداریی کۆرسەکانم

دەکرد. لە کاری ڕێکخراوەیی‌دا گەلێک جیددی و ورد بوو و لە سەقامگیربوونی دەفتەری بۆکان‌دا دەوری گرنگی بینی، هەر لە سەردەمی ئەو و کاک مینەی شێرخانی‌دا کومیتەی جیاجیا بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکان پێکهاتن، لایەنگران هان دەدران کتێب بخوێننەوە، هەوڵی پەیوەندی گرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە دەدرا و هاوڕێ حەسەن لە هیدایەتی ئەو کارانەدا دەوری سەرەکیی دەبینی. نەزم و ڕێکوپێکیی کاروباری ڕێکخراوەیی و ئەوەی پێی دەگوترا «انضباط تشکیلاتی» لای ئەو گەلێک گرنگ بوو. بەداخەوە بەرپرسایەتییەکەی لە دەفتەری بۆکان گەلێک کەم ماوە بوو و دوای چەند مانگێک، بە ئەنجامێکی تراژیک کۆتایی پێهات.

لە هێرشی یەکەمی پاسداران بۆ سەر شاری سەقز لە مانگی خەرمانانی ١٣٥٨دا، هاوڕێ لەگەڵ تیمێکی فیدائییان کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان یەعقووب تەقدیری (ڕەفیق ئەمیر)، عەزیزی مەردانبەگی، ڕەشید ئاهەنگەری، عەبدوڵڵا فەیزوڵڵابەگی و هاوڕێیەکی دیکە، چوونە یارمەتی‌دانی خەڵکی سەقز بۆ بەرگری‌کردن لە هێرشی پاسدار بۆ سەر شارەکە، هەر لەوێش لەگەڵ چەند کەسی دیکەی وەک شەهید ئەبووبەکری حەمیدی‌دا، لە بەربەرەکانی لەگەڵ پاسدارەکان شەهید کران یا گیران و خەڵخاڵیی جەللاد ئیعدامی کردن. تەرمی ئەویش وەک زۆربەی ئەو کەسانە، هێنرایەوە بۆکان و لە قەبرستانی شارەکە نێژرا. خەڵخاڵی لەو سەفەرەی سەقزی‌دا، ٢٠ یا ٢٢ کەسی ئیعدام کرد کە هاوڕێ حەسەن یەک لەوان بوو. شەلاتێکی پاسدار بەناوی حوسێن برووجێردی کە لەو سەفەرەدا لەگەڵ خەڵخاڵی بووە لە باسی جینایەتەکانی خەڵخاڵی‌دا ئاماژە بەو ئیعدامانەش دەکا.

هاوڕێ حەسەن بە ئەسڵ خەڵکی شاری «مشکین‌شەهر»ی ئازەربایجان بوو، دایک و باوکی دواتر دەهاتنە بۆکان و سەری گڵکۆکەیان دەدا. هاوڕێیانی بۆکانی لەگەڵیان دەچوونە سەرقەبران و منیش جارێک لە خزمەتیان‌دا بووم.

«هاوڕێ حەسەن»ی خەڵکی شاری مشکین‌شەهری ئازەربایجان، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کردبوو و دوای وەرگرتنی دیپلۆم لە زانستگای تاران لە «دانشکده فنی ـ رشته راه و ساختمان» بە خوێندکار وەرگیرابوو.

لە سەرەتای پەنجاکاندا لەگەڵ فیدائییەکان کەوتبوو. هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕەش خرابووە بەندیخانە. لە زیندانی «ئێڤین» مەسئوولی «بەند»ی سیاسی بوو. هەر لەو زیندانە ناسناوی «یۆسف ئاپۆلۆ» پێبەخشرابوو. «ئاپۆلۆ» ناوی نەوعێک دەزگای ئەشکەنجەیە کە بازجووەکانی ساواکی شا لە دژی بەندکراوە سیاسییەکان بە کاریان دەهێنا بۆ ئەوەی ئیقراریان پێ بکەن. گوایە، کەم کەس توانیویەتی بەسەر ئەم ئەشکەنجەیەدا زاڵ بێ و هاوڕێ حەسەن یەکێ لەوانە بووە. زور لە ڕۆڵە قارەمان و بەنرخەکانی گەلەکەمان لە زیندان و لە دەرەوەی زیندان لە نزیکەوە ئەم هاوڕێیەیان دەناسی و یەک لەوانە، هاوڕێی نەمر و ڕۆڵەی گەورەی گەلەکەمان دوکتۆر جەعفەری شەفیعی بوو کە دواییش لە بۆکان دۆستایەتییان لەگەڵ یەکتر زور گەرم بوو.»

٢. هاوڕێ یەعقووب تەقدیری قزڵجەمەیدان (ڕەفیق ئەمیر)

ڕەفیق ئەمیر خەڵکی تەورێز و لە هاوڕێیانی فیدایی بوو کە لە فەلەستین دەورەی ڕاهاتنی بینیبوو. ئەویش لەگەڵ ڕەفیق حەسەن هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێکخراوەکەدا هاتبووە بۆکان و لەوێ بەرپرسی کاروباری سپایی بوو. هەڵسوکەوت و ئینزیباتی ڕێکخراوەیی ئەمیر بۆ ئێمە جێگەی دەرسوەرگرتن بوو. بەداخەوە ماوەی مانەوە و کارکردنی ئەمیر لە دەفتەری بۆکان کەمخایەن بوو و گەیشتە هەمان ئەنجامی تراژیک کە لە باسی هاوڕێ حەسەندا گوترا.

لە مانگی شەهریوری ١٣٥٨ لەگەڵ تیمی یارمەتیدەرانی فیدایی پێکهاتوو لە خۆی و هاوڕێیان یۆسف کیشیزادە، عەزیز مەردانبەگی، ڕەشید ئاهەنگەری، عەبدوڵڵا فەیزوڵڵابەگی و هاوڕێیەکی دیکە، چوون بۆ یارمەتیدانی خەڵکی سەقز دژ بە هێرشی پاسداران و لەوێ کەوتنە بۆسەی پاسدارانی خومەینییەوە و شەهیدکران یا چەند ڕۆژ دواتر بە حوکمی خەڵخاڵیی جەللاد تیرەباران کران. یەعقووب لە یەکەم هەنگاوەکانی چوونە نێو شاری سەقزدا لە دەروازەی بۆکان کەوتە بۆسەی پاسدارانی خومەینییەوە و بە گوللەی ئەوان شەهید کرا.

باوکی ڕەفیق یەعقووب مرۆڤێکی مەزن و دۆستی کورد بوو. لە کۆبوونەوەیەکی

جەماوەریـی فیدائییـان لـە تەورێـز، یادی شـەهیدانی کوردسـتانی کـردەوە و وەک شەهیدێکی شاری بۆکانی ناوی هێنا.

٣. هاوڕێ ڕەشید ئاهەنگەری

مـن خۆم زانیارییەکی ئەوتۆم لـە ژیانی هاوڕێی کۆچکردوو نییە. تەنیا ئەوەندەم لـە بیـرە کـە ماوەیەک دوای شـەهید بوونـی هاوڕێکەمـان لەگەڵ دوو کەسـی دیکە لـە بەرپرسـانی دەفتەری بۆکان بۆ سەرەخۆشـی لە بنەماڵـەی بەڕێزیان چووین بۆ گوندی قەرەگوێز، شـەوێک لە ماڵی باوکی شـەهید ڕەشید میوان بووین و قورسایی بـاری لـە دەسچوونـی ڕۆڵەیەکـی وا هەڵکەوتوومـان لەنێـو کەسوکاری شـەهیددا بەباشی هەست پێکرد.

ڕەشـید لـەو گونـدەدا گەورە ببـوو کە «مام حەبیـب قەرەگوێـزی» لەژێر کەپر و ساباتەکەی چیای «حاجیکیمی» میوانداریی شۆڕشگێڕانی وەک شەریفـزادە و مەلا ئاوارە و موعینییەکانی کردبوو، هەر بۆیەش، پەیوەست بوونی ئەو بە بزووتنەوەی فیدایی نە سەمەرە بوو و نە بەهەڵکەوت ڕووی دابوو. چ کەردەن کە ماوەی خەباتی کەمخایەن بوو، هەر زوو شەهید کرا و نەگەیشتە قۆناغی لەدایکبوونی ئەستێرەیەکی دیکـە لـە ئاسـمانی شۆڕشـی گەلـی چەوسـاوەی کـورد، دەنـا ڕەشـید پاڵەوانی ئەم گۆڕەپانە بوو.

«هاوڕێ شـەهید ڕەشـیدی ئاهەنگەری خەڵکی گوندی قەرەگوێز لە بنەماڵەیەکی جووتێـری زەحمەتکیـش هاتبـووە دنیـا. کاتـێ خومەینـی فتـوای جیهـادی بۆ سـەر کوردسـتان ئیعلام کرد و ئەرتەش و سـپای حکوومەتی ئیسـلامی هێرشـیان هێنایە سـەر کوردسـتان، ئـەم هاوڕێیـە لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی دیکـە[ی فیدایـی]، بـۆ بەرگـری لـە شـاری سـەقز ڕەوانەی ئەو شـارە کـرا، هاوڕێکانمان بریتـی بوون لە: یەعقووبـی تەقدیری (ئەمیر)، یۆسـف کیشـیزادە (حەسـەن)، ڕەشـیدی ئاهەنگەری، عەزیـزی مەردانبەگـی و هاوڕێیەکی دیکە. هاوڕێیان ڕەشـید ئاهەنگەری و ئەمیر لە شـەڕ و پێکدادانـا شـەهید کرابوون. هێشـتا بوومەلێڵ بوو کە پێشـمەرگەی کۆمەڵە گەڕابوونـەوە بۆکان و ئـەو هەواڵە دڵتەزێنەیان بۆ هێنایین. ئەو دەم مەقەڕی کۆمەڵە

لە پەنا دەفتەری ئێمە بوو.»

۴. هاوڕێ عومەری ساڵحی (وەستا عومەری بەننا)

«هـاوڕێ وەسـتا عومـەری بەننا لـە بنەماڵەیەکـی زەحمەتکێش لە شـاری بۆکان هاتبـووە دونیـا. باوکـی وەسـتا عومـەر، واتـە کاک عـەوڵا زەحمەتکێشـێکی زۆر تەنگدەست و بێئەنوا بوو و لە قەپانی قاسمئاغا کۆڵکێشیی دەکرد. ئەگەرچی ژیانێکی زۆر تاڵ و نالەباری هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، پیاوێکی زۆر ڕووخۆش بوو و لەنێـو هاوقەتارەکانیشـیدا جێـگای متمانە و بـڕوا بـوو و زۆر حورمەتیان دەگرت. هـاوڕێ وەسـتا عومـەر هاوڕێیەکـی زۆر نزیکـی من بـوو و لە هەرەتـی منداڵییەوە لـە قوتابخانـە لە پۆلێکدا بووین. بەداخەوە دەسـتەنگی و گوزەرانی ناخۆشـی ماڵی ئـەوان ئیجـازەی پێنـەدا لـە قوتابخانە دەوام بـکا و بەناچار بۆ پەیـدا کردنی نان و یارمەتیدانـی باوکـی هـەژاری، هەر لـە سـەرەتای منداڵییەوە ڕووی کـردە مەیدانی کار و زەحمەت. لای وەستا محەممەدی میعماری بوو بە شاگرد بەننا و دوای چەند سـاڵێ بەهـۆی زیرەکـی و توانایـی زەینییـەوە، زۆر زوو توانـی ببێ بـە بەننا و لەم بوارەدا شارەزایییەکی زۆری پەیدا کردبوو.

دۆستایەتی ئێمە لە سەرەتای شۆڕش و بەتایبەت دوای شۆڕشی ساڵی ۵٧ هەتا دەهـات پتەوتـر دەبـوو. شـەهید عومەر یەک لەو کەسـانە بوو، کە تێبینیی سیاسـیی تـەواوی هەبـوو و چـون بۆخۆی لـە ئـۆردووگای کار و زەحمـەتدا پێگەیشـتبوو، دەیزانـی چـی دەڵـێ و لەکـوێ قسـە دەکا. دوای شۆڕشـی سـاڵی ۵٧ کـە لـە بۆکان دەفتەری ڕێکخراوی فیدایی کرایەوە، سەردانی دەفتەری دەکرد و زۆریشی پێخوش بوو چەک هەڵبگرێ، بەڵام ئێمە پێمان گوت چاترە لەسەر کاروباری خۆی بەردەوام بێ و لە جێگای سروشتیی خۆیدا بمێنێتەوە.

لە کۆتایی هاوینی سـاڵی ۵٨دا کە پێشـمەرگەکانی فیدایی لەگەڵ پێشـمەرگەکانی حدکا و کۆمەڵە بۆ ئازادکردنەوەی شاری بۆکان هێرشیان هینایە سەر شاری، وەستا عومەریـش وەک چالاکێکـی نێو شـار هات بەفریای پێشـمەرگەی فیداییەوە و هەر لەسەر پردی میراواوە تا گەڕەکی سامبەگی و لەوێوە کە بەرەو حەمامەکەی حاجی

ئەحمەدەشاخە داکشاین، عومەر وەکوو چاوساخێکی باش ڕێی پێ نیشان دەداین و دیواربەدیـوار و قوژبن‌بەقوژبـن لەگەڵمان بوو تا مزگەوتەکەی حاجی عەبدولکەریم. بڕیار وابوو لەوێوە بە «گەڕەکی ئازارشـی»دا بەرەو گەڕەکی سـەرجۆگە و دواییش بەسـەر ماڵە کۆنەکانی نەمر حاجی قاسـمی کەریمی و حەمامی کۆنەدا بچینە سـەر حەوزی بۆکان، کە لەناکاو وەستا عومەر ڕەنگی بە ڕووە نەما. لێم پرسی ئەوە چییە، عومەر بۆ وا بێتاقەتی؟ جوابی پێنەدرایەوە. گوللەی نامرۆڤێکی جاش دڵی گەرمی وەستا عومەری لە لێدان خست.

بـە هەر جۆریک بـوو، بردمانە نێو ژووری حەوزەکەی پەنای مزگەوت و زۆری پێنەچـوو، بەهـۆی قورسـی برینەکـەی، ماڵاوایـی لێکردین. یادی زینـدوو و ڕۆحی شاد بێ. خەڵکی کۆڵانەکە پۆل‌پۆل لێمان کۆدەبوونەوە و ورەیان بەرز دەکردینەوە، پێمـان ڕاگەیانـدن ئەوە شـەهیدی خۆتانە، حـەق وایە بە ڕێز و ئیحترامـی تایبەتەوە بە خاکی بسـپێرن... دوای ئەوەی شـار کەوتەوە دەست پێشمەرگە، چووینە خزمەت بنەماڵەکەیان.»

٥. هاوڕێ عەبدوڵڵا فەیزوڵڵابەگی

هاوڕێـی نەمـر کاک عەبدوڵـڵا فەیزوڵڵابەگیش یەک لەو کەسـانە بوو کە هاوینی سـاڵی ١٣٥٨/ ١٩٧٩، لە شـەڕی سـەقز شـەهید کـرا. ئەم چەند دێڕەی خـوارەوە کە برادەرێکم سـەبارەت بە شـەهید عەبدوڵڵا نووسـیویەتی هەموو ئەو زانیارییانەن وا لێرە لە دوورەوڵاتی دەستم کەوتووە: «کوڕی ساڵەخان بوو؛ باوکی زۆر هەژار بوو. لە بۆکان تابلۆی سـادەی دەکێشـاوە و بە خەڵکی دەفرۆشـت، هەتا بڵێی ئینسـانێکی بەفەرهەنگ و بەئەدەب بوو.»

٦. هاوڕێ عەزیز مەردانبەگی

هاوڕێ عەزیز لە بۆکان مامۆسـتای قوتابخانە و لایەنگری فیدائییان بوو. لەگەڵ تیمی یاریدەدەری فیدائییان چوو بۆ شـاری سـەقز. لە دەروازەی شـار ڕووبەڕووی پاسـداری ئێرانـی بوونـەوە و دەسـت و شـانی بە گولـلە برینـدار کـران؛ دوای ئەم ڕووداوە ماوەی چەند ساڵێک زیاتر نەژیا و لە ئەنجامدا بوو بە شەهیدی گیان‌بەختی

گەلەکەی.

«هاوڕێی نەمر عەزیزی مەردانبەگی لەم شەڕەدا [شەڕی سەقز، هاوینی ساڵی ١٣٥٨/ ١٩٧٩] باسکی بە گوللەی شەستیر بریندار دەبێ، بەڵام بەدەست دوژمن ناکەوێ و بە برینداری دەیهێننەوە شاری بۆکان و دواتریش بۆ موعالیجە لەلایەن ڕێکخراوی فیدائییەوە دەینێرنە شارەکانی تر و وڵاتێکی ئورووپاییش. ناوبراو هەر لەسەر ئەم برینە قورسە کە ناتەبایی خستبووە سەر جەستەی، واتە نالەباریی هاتوچۆی خوێن لە نێوان دڵ و دەستیدا پێکهاتبوو، سەری نایەوە و بەجێیهێشتین.»

ئەوەش کورتەیەک لە ژیان و کارەساتی بریندار بوون و کۆچیدوایی کردنی کاک عەزیزی نەمر لە زمان کاک جەعفەر مەردانبەگی برای و کاک نادر فەتحی پوورزایەوە:

«بە دەست پێکردنی شەڕی سێ مانگە لەسەر فتوای جیهاد لەلایەن خومەینییەوە بۆ سەر کوردستان، سازمانی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران بوو بە هاوبەشی شەڕەکە. لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا شەڕ بەگەرمی لەنێو شاری سەقز لە گەڕاندا بوو. لە یەکێک لەو شەڕانەدا، کە بەداخەوە لەسەر زەینم نییە چ ڕۆژێک بوو، بەڵام لە دەوروبەری سەعات ١٢ی شەو تیمێکی سازمان کە بریتی بوون لە ڕەفیق حەسەن [یۆسف کیشیزادە]، ڕەفیق ئەمیر [یەعقووب تەقدیری]. کاک ڕەشیدی ئاهەنگەری و هاوڕێیەکی تر، لەسەر ئەرکی سازمان بە ماشێنی ڕەوانشاد کاک عەزیز بەرەو شاری سەقز وەڕێکەوتن.

هاتوچۆیەکی زۆر لە بەینی بۆکان و سەقزدا هەبوو، هەر لەو هاتوچۆیانەدا خەبەرەکان ئاڵوگۆڕ دەکران. ماوەی دوو سەعاتێکی پێچووبوو، کە خەبەر هات تیمەکەی سازمان لە دەروازەی شاری سەقز کەوتۆتە ناو کەمینی کوتوپڕی پاسدارەکانی خومەینییەوە و هەر پێنج کەسەکەیان کوژراون. ئەم هەواڵە وەک هەموو هەواڵەکانی تری ئەوکات لەنێو شاردا بڵاوبۆوە و خەڵکێکی زۆر لە بەردەم مەقەڕی سازمان کۆبوونەوە.

من و براکانیشم کە هەر لە شەوێوە و دوای ڕۆیشتنی کاک عەزیز لەگەڵ تیمەکە، لە دەوروبەری مەقەڕی سازمان لە هاتوچۆدا بووین، ئەو خەبەرەمان پێگەیشت و

بۆ ئاگاداری زیاتر و خەبەری ڕاستی ئەو ڕووداوە چووین بۆ نێو مەقەڕی سازمان؛ لەوێ ڕووبەڕرووی ڕەوانشاد کاک حەمەدەمین شێرخانی بووینەوە. کاک مینە گوتی خەبەرەکە یەقین نییە، ئێوە بڕۆنەوە ماڵێ و ئاگاداری تەلەفۆن بن و خۆتان جواب بدەنەوە با حاجی کەریم و «کووپە»، تا یەقین بوونی خەبەرەکە بە هیچ نەزانن کاک مینەش هەر لە زمانی کاک عەزیزەوە بە دایکمی دەگوت «کووپە».

شەو درەنگ ببوو، چومەوە ماڵێ و تەلەفۆنەکەم لەلای خوم دانا، درەنگی شەو و ماندوویەتی لە خەوی کردم، لە تاریکوڕوونی بەیانیدا بە هاتوهاواری دایکم و خوشکەکانم وەخەبەر هاتم و یەقینم کرد کە خەبەرەکە دەبێ ڕاست بێ. هەموومان لە حەوشە خڕبووینەوە، دایکم هاواری ئەنوەر[ی برام] دەکرد کە ماشێنەکە بێنە دەبێ بچین بۆ بیمارستان، عەزیز لە سەقز بریندار بووە، لەوێیە.

سوکنایییەک بە دڵمدا هات و لەگەڵ براکان چاوێکمان لێک کرد، بەڵام ئێمە تەواو یەقین نەبووین لە ڕاستیی خەبەرەکە، هاوکات لەگەڵ چوونی ئێمە بۆ نێو بیمارستان، کاک عەزیزمان دیت کە لە دیوی عەمەل هێنایانە دەرێ و ئەوانەی ئاگادارییان لێدەکرد گوتیان کە جێی مەترسی نییە و گوللە لە دەستی دراوە.

کاتێک کاک عەزیز هاتەوە سەرخۆ، چۆنییەتیی ڕووداوەکەی گێڕاوە.

ئەوان بە گەیشتنە دەروازەی شاری سەقز دەکەونە نێو کەمینی دەستەیەک لە پاسداران و تەقە دەست پێدەکا. هەر لە یەکەم دەسڕێژی کالیبر پەنجای پاسدارەکان کاک عەزیز بریندار دەبێ و گوللە لە نێوەڕاستی قۆڵی ڕاستی دەدرێ، بە شێوەیەک کە ئانیشکی لەگەڵ گوللەکە دەڕوا و قۆڵی بە پارچە ماهیچەیەکەوە خۆ ڕادەگرێ. لە تیمەکە، سێ کەسیان دەکوژرێن [هاوڕێیان عەبدوڵڵا، ئەمیر و ڕەشید] و یەکێکی دیکەشیان دەگیرێ [هاوڕێ حەسەن]. کاک عەزیز لەنێو جۆگەلەیەکدا خۆ حەشار دەدا تا ماوەیەکی پێدەچێ و بە ئەهوەنبوونەوەی وەزعەکە خۆ دەگەیەنێتە سەر جادە و خەڵک دەیبینن و دەیهێننەوە بۆکان.

لە دوو لاوە هێرش بۆ سەر بۆکان کرا و کاکە عەزیزمان بۆ مەهاباد ڕاگوێست، چوار ڕۆژێک لە مەهاباد ماینەوە؛ خەبەر هات بۆ بیمارستان کە نەخۆشەکان دەبێ

ڕاگوێزرێن. بە یارمەتیی سـازمان بە ئامبولانسـێک بەرەو سەردەشت وەڕێکەوتین. ماوەیەک بە دەردەسەری لە سەردەشت و دەوروبەری گوزەرانێکی سەختمان کرد، تابمان نەهێنا، بەرەو خزموکەس لەلای گەورکایەتی بۆ گوندی قولْقولْە وەڕێکەوتین. زوری پێنەچوو بۆکان گیراوە، واتە کەوتەوە دەست پێشمەرگە.

هێمنی کەوتە نێو چەند شارێکی کوردستان و بۆکان. بەپێچەوانەی ئەم وەزعە ئێش و ئازار لە لەشی کاکە عەزیزدا هەر دەهات و خۆی بڵاوتر دەکردەوە و عاجزتری دەکرد. سازمان بڕیاری دا چارەیەکی وەزعی کاکە عەزیز بکا؛ چووین بۆ مەهاباد لە دەفتەری سازمان چاومان بە کاک مینە کەوت کە بەرپرسی دەفتەری مەهاباد بوو. بە نامەی کاک مینەوە بەرەو تاران و بۆ دەفتەری مەرکەزیی سازمان چووین. چاومان بە کاک ئەنوەر سوڵتانی کەوت و ئەویش لەلایەن سازمانەوە شوێنی مانەوەی بۆ دیاری کردین لە خیابانی کاخ. دوو حەوتوویەکی پێچوو هەتا کاروباری کاکە عەزیز و هاوڕێیەکی دیکـە کـە ئەویـش هـەر بۆکانی بـوو، بۆ سـەفەری ئەلمان سـازکرا و کاک عەزیز و هاوڕێکەی بەرەو ئەلمان بۆ موداوا وەڕێکەوتن.

چـل ڕۆژی پێنەچـوو کاکـە عەزیز هاتەوە بۆکان و ئەوەش بـەلای ئێمەوە جێی سەرنج بوو کە سەفەرەکەی کاکە عەزیز زۆر بەزوویی کۆتایی پێهاتووە. لە ئەلمان گوتبوویان برینەکە تەڕە و دەبێ چەند مانگێک پشووی دەینێ تاکوو ئێشک بێتەوە، ئەو کات دەتوانین نەشتەرگەریی لەسەر بکەین. کاک عەزیز دەیتوانی ئەو ماوەیە لە ئەلمان بمێنێتەوە، بەڵام یەکەم دووری ماڵومناڵ و دووهەم بە هیوای ئەوەی کە هەلومەرجی سیاسی لە ئێراندا بەرەو باشی دەچێ و هەر کات پێی خۆش بێ دەتوانێ سەفەر بکا و بۆ موداوای خۆی بچێ بۆ ئەلمان، بەرەو ئێران هاتبۆوە.

وتوویژی هەیئەتی نمایەندەگیی حکوومەت و کوردستان بە ئەنجام نەگەیشت و شەڕ هاتەوە بۆ نێو کوردستان. سەرلەنوێ هەڵوەدای گوند و دێهاتی وڵات بووینەوە؛ دیسـان بەرەو قولْقولْە و ماڵی خاڵە سـوارەی بەهیممەت و کوردپەروەر و قارەمان، خاڵی باوکمان وەڕێکەوتین.

پاییز و بەهاری سـاڵی شەسـتمان لە قولْقولْە بەسەربرد؛ برینی کاکە عەزیز هەر

تەڕ بوو و ئێشی هەر دەهات و عاجزتری دەکرد. ناچار بە قاچاخی خۆمان بە مەهابادا کرد، لەسەر یارمەتی کردنی گەلێک خزم و ناسیاو و خەڵکی بەشەرەفی مەهاباد، چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دوکتۆرەکان سازکرا و ئەوان هاتنە سەر ئەم باوەڕە کە برینەکە لە زووترین کاتدا دەبێ دەرمان بکرێ، لەبەروەی مەترسیی برینەوەی دەستی هەیە. دوای ئەم هەمووە دەربەدەرییە ئەم خەبەرە لە دەروونی هەموومان‌دا کاری کرد. حاڵ و وەزعەکەم بە تەلەفۆن بە باوکم ڕاگەیاند و ئەویش دوای دوو ڕۆژ هاتە مەهاباد بۆ تەگبیروڕا کردن لەسەر وەزعەکە.

بەپێی ئاڵوگۆڕێک کە لە سیاسەتی تەشکیلاتیی سازمانی چریکە فیدائیی‌یەکان‌دا پێکهاتبوو، ئیتر هیچ ئومێدێک بەو سازمانە نەمابوو. بڕیار هاتە سەر ئەوەی کە یارمەتی لە حیزبی دێموکرات وەربگرین.

نامەیەکمان لەلایەن حاجی حسێنی فاتحییەوە پێ‌بوو بۆ کاک جەلیلی گادانی. خزم و ناسیاوی تریش هەبوون کە هەر کام لەوان بە نۆبەی خۆیان ئەوپەڕی یارمەتییان سەبارەت بە خۆناساندنمان بە حیزبی دێموکرات پێداین.

دەبوو بە زووترین کات لە شاری مەهاباد هاتباینە دەرێ، هەر لەو ڕۆژانەدا پێشمەرگە هاتبوونەوە نێو شار و بەهۆی تەقە و پێکدادنی نێو شار هەموو کەلێن و قوژبنەکان گیرابوون، ڕێی دەرچوونی قاچاخیش نەبوو. کەسانێکی زۆر بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و ئینسانییەتەوە یارمەتییان داین کە بەداخەوە ناتوانم نێویان بێنم، هەر چەند، چەند کەسێکیان لە حەیات‌دا نین، ڕوحیان شاد بێ، لەلایەن هەموو بنەماڵەی مەردانبەگییەوە ڕێز و حورمەتی خۆمیان پێشکەش دەکەم.

لەسەر بڕیاری هەموو لایەک هاتینە سەر ئەم باوەڕە کە هەر لە ڕێی سەردەشتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی دەرکەوین و ئەگەر بەریان‌پێگرتین بڵێین دەچینە سەر شایی لە سیاقۆڵ. من و کاکە عەزیز و هاوڕێی هەموو کاتێکم (کاک مەنسوور فەڕڕوخی) سواری مینی‌بووس بووین بەرەو سەردەشت. گەیشتینە بازرەسیی دەروازەی ڕێی سەردەشت، بەریان بە مینی‌بووس گرت و خورپە کەوتە دڵی هەمووومان، جاشێک هاتە نێو مینی‌بووسەکە و بە نێوچاوانگرژییەکی

تونـدەوە گوتـی هەمووتـان وەرنـە خـوارەوە، نەمانزانـی چـۆن هاتینە خـوارێ، نێو مینیبووسـەکەیان پشـکنی و جەماعەتەکەیـان بـە سـەف کـرد. دوای پشـکنینی ژوورەوە چوونـە سـوراغی جەعبـەی مینیبووسـەکە و داوایـان کـرد کـە سـاحیب بـارەکان هـەر کەسـەی بێ بۆ لای باری خۆی. پاسـدارێک چەنـد قەدەمێک دوورتر بـە تفەنگـەوە ڕاوەسـتابوو چاوی لە وەزعەکە دەکرد. بە ئیشـارەتی دەسـت گوتیان ئەوانـەی باریـان نییە بـەم‌لاوە. لەو کاتەدا کاکە عەزیز لە نێـوان جەماعەتی بێبار و باردار‌دا مابۆوە، من خۆم ئاگام لێنەبوو، بەڵام مەنسوور ئاوای دەگێڕێتەوە:

ئەو کاتەی کە ببووین بە دوو دەسـتەی باردار و بێبار، کاکە عەزیز بەنێو هەر دوو دەستەدا پێشاوبڕی مینیبووسەکەی داوە و بە بەر مینیبووسەکەدا لە دەرگای شۆفیرەوە خۆی بەنێو مینیبووسەکەدا کرد، کە هاتینەوە نێو مینیبووسەکە دیتمان کاکـە عەزیـز لە جێی خوی دانیشـتووە و منداڵێکی لە باوەشدایە، چەند کەسـێک کە مابوون، هاتنەوە سەرێ و مینیبووس وەڕێکەوت.

چارەگە سەعاتێکی پێچوو هیچمان قسەمان نەدەکرد، کاکە عەزیز منداڵەکەی هەر لە باوەشی خۆیدا ڕاگرتبوو تاکوو دایکەکەی داوای منداڵەکەی کرد و گوتی بمدەوە بابم با لەوە زیاتر عەزیەتت نەکا! شوکور نەجاتمان بوو و لەو کاتەوە قسە دەستیپێکردەوە و کاکە عەزیز گێڕایەوە کە چەندە ترسـابوو و لە ترسـان سەری داخستبوو بێئەوەی چـاو لـە کەس بـکا لەلای شـۆفیرەوە خـۆی بەنێو مینیبووسـەکەدا کردبـۆوە. هەتا گونـدی کیتکە هاتین و مینیبووسـەکە لـەوە زیاتر نەدەڕۆیی. بـە لەندرۆوێرێک، کە ئەویش هەتا قۆزلوێ دەچوو، ڕۆیشتین و لەوێ خۆمان بە قاوەخانەکەدا کرد.

حـاڵ و هـەوای ئـازادی لەگەڵ هەموو جـۆرە بۆنێک لە خـۆش و ناخۆش تێکەڵ ببوو. نەفەسمان بە گەرمی قوت دەدا، سەروچاومان گەش ببۆوە، هاتوچۆی ماشێن لەو ڕێیەدا کە هەر بەدەست پێشمەرگەوە بوو، کەم بوو یان ئەگەریش ببووایە هەر ماشـێنێک دەهـات پڕ بوو. لای ئێـوارە تراکتۆرێک هات، گوتی کە هەتا قاوەخانەکەی زمزیران دەچێ، بە تەقەوشـەقەی تراکتۆر گەیشـتینە زمزیران. کاک عەلی پێشکاری فڕووجاوێکـی بەلەزەتـی داینـێ و دوای کێشـانی سـیگارێک بەزوویـی هەموومـان

خەومان لێکەوت؛ دەمێک بوو کە ئا بەو شێوەیە خەومان لێنەکەوتبوو!

بە گەرموگوڕی لە میوانخانەی حیزب وەریانگرتین. داوای چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کاک جەلیلی گادانی کرد. خەبەریان بۆ هێناین کە کاک جەلیل بەزوویی بۆ دیتنمان دێ. دوای دوو ڕۆژ کاک جەلیل هات بۆ میوانخانە، ئەو نامانەی کە پێمانبوو دامانێ و ڕاسپاردەکانیشمان پێگوت، جوابی داینەوە کە دوای بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی وەڵاممان دەداتەوە، لە هەمان کاتیش‌دا گوتی کە بە سەربەستی لە میوانخانە بمێنینەوە، خۆ عاجز نەکەین و ئەویش لە حەولی بە ئەنجام گەیاندنی داواکەمان‌دا دەبێ.

دوای دوو حەوتوو بەیانییەک کاک جەلیل بە خەبەری خۆشەوە هاتەوە، داوای کرد کە کاک عەزیز بەپەلە خۆ سازکا، دەوروبەری نیوەڕۆ دەچێ بۆ بەغدا. پەلە و خۆشی تێکەڵ ببوو، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هاتن لەدوای و بەپەلە سەروچاوی یەکترمان ماچ کرد و خواحافیز، خواحافیز!

من و مەنسوور داگەڕاینەوە خوارێ بۆ لای مەنتەقەی مەهاباد کە مەقەڕی یەکییەتی لاوانی حیزبی دێموکرات لەوێ بوو، دەستمان کردەوە بە تەمریناتی خومان.

هەروا مانگێکی پێنەچووبوو کە خەبەر هات کاکە عەزیز گەڕاوەتەوە، ئەوە لە شارۆچکەی «واوان» لە ماڵی کاک حوسێن سەردەشتییە، کە لە خزمەکانی خۆمان بوو. پەرۆشی دیسان دەروونی داگرتین.

چووین بۆ دیتنی کاکە عەزیز لە واوان. بە بڕوای کاکە عەزیز هەموو شتێک ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتنەکەی؛ دەفتەری سیاسی حیزب بڕیاری خۆی دابوو بۆ بەڕێکردنی، هەر بۆیەش ناردبوویان بۆ بەغدا، بەڵام وا دیار بوو ئەو کەسەی بەرپرسی پێوندییەکانی دەرەوە لە بەغدا بوو، کەیفی بە کاکە عەزیز نەهاتووە و چەتی خستۆتە کارەکەیەوە و گوتبووی کە ئێمە بە ژمارەیەکی دیاریکراو دەتوانین کەس بۆ دەرەوە بنێرین و ئێستاش سەرە ناکەوێتە ئێوە، دەفتەری سیاسی خەبەری لەو قەول‌وقەرارانە نییە.

کاک عەزیز هۆی بەڕێنەکرانەکەی لەوەدا نەدەدی و پێی وابوو لەبەروەی کە ئەو لەنێو چریکە فیدائییەکان‌دا بریندار بووە، بۆتە هۆی بەڕێنەکردنی لەلایەن ئەو

بەرپرسەوە کە ئەو کات لە بەغدا دەسرۆیشتوو بوو.

ناهومێدی دەروونی داگرتبوو، نەیدەزانی چی بکا، بۆ کوێ بچێ، ماندوو ببوو، ئێشی برینەکەی لە سەرمای زستاندا گەلێک ئازاری دەدا. زەوقی نەمابوو، زۆری قسە نەدەکرد، ئەگەر شتێکیشی دەگوت زیاتر باسی ماڵومنداڵی دەکرد. خەبەرمان نارد دایکم و حاجی هاتن، ڕاوتەگبیر هاتە سەر ئەوە کاکە عەزیز بۆ لای بۆکان بەرنەوە و لەوێ چارەیەکی برینەکەی بکەن.

کاکە عەزیز ئەمجار بەرەو بۆکان وەڕێکەوت. ئەوە ئاخر جار بوو کە کاکە عەزیزمان دیت. خەبەرات دەهات کە خەریکی هاتوچۆی دوکتۆرەکانە و لە حەولی چارەیەکدایە بۆ ساڕێژ کردنی برینەکەی. دوای ماوەیەک دەبێ بە مامۆستای بەشی هونەریی قوتابخانەکان لە بۆکان.

برینی کاکە عەزیز قەت ساڕێژ نەبۆوە، سەروبنی دەستی بە ئاڵقەڕێز و دوولایییەک پێکەوە گرێدرابوون؛ ئێشی ئەم برینە هەر ئێشی ئازار نەبوو، ئێشی ئەو برینە لە دەروونی کاکە عەزیزدا بوو هەتا ئاخرین کاتەکانی ژیانی ئازاری دا؛ برینێک بوو کە هیچ کاتێک ساڕێژ نەبۆوە.

کاکە عەزیز لە زستانی ساڵی ١٩٩٢ [١٣٧٠/١١/٢٥]دا بەهۆی گرفتی «ترومپوزە»، کە لە برینەکەیەوە پێکهاتبوو، فەوتی کرد.

...کاک عەزیز لە ڕۆژی ١٣٣١/٦/٢٦ی هەتاوی [١٣٥٢/٩/١٧ی ز] لە بۆکان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە بۆکان تەواو کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندی «ورچان»ی مەریوان «سوپای دانیش» بووە، پاشان بۆتە مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان. ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بۆتە مامۆستای هونەریی «کانوونی پەروەریشی فکری منداڵان و مێرمنداڵان»ی بۆکان لە بەشی شانۆ و مووزیکدا. ساڵی ١٣٥٦دا زەماوەندی کردووە، سێ کوڕ و کچێکی بووە، کچەکەی چەند مانگێک پێش ئێستا مێردی کردووە و کوڕەکانیشی هاوسەریان گرتووە. بەداخەوە یەک لە کوڕەکانی بە کارەساتی کارەبا گیانی لە دەست داوە.»

«کاک عەزیز و ڕەفیق ئەمیر و دوو کەسی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە بە

ئوتۆمۆبیلێکی شەخسی بۆ بەشداری کردن لە شەڕی سەقز لە بۆکانەوە وەڕێ‌دەکەون. پێش گەیشتنە سەقز تووشی چەند کەسێکی ئاشنا دەبن و ئەرخەیانیان دەکەن کە شار بەدەست پێشمەرگەوەیە و جێی هیچ مەترسییەک بۆ ئەوان نییە. ئەوانیش بە تێڕادیوییەوە بەرەو ناوەندی شارەکە لێ‌دەخوڕن و لەناکاو دەکەونە کەمینی پاسدارەکانەوە و بە تیربار دەستڕێژیان لێ‌دەکرێ. ڕەفیق ئەمیر و ئەوانی تر شەهید دەبن و کاک عەزیز کە تەنیا قۆڵی بریندار دەبێ، خۆی لە جۆگەلەی پەنا شەقامەکەدا دەشارێتەوە و دوای ئارام بوونەوەی بارودۆخ لەلایەن خەڵکەوە یارمەتی دەدرێ و دەهێنرێتەوە بۆکان.

تیربارەکە ئێسقانی ئانیشکی وا لەتوکوت کردبوو کە نەیدەتوانی دەستی بەرز بکاتەوە. دوای ماوەیەک لەلایەن سازمانی چریکە فیدائییەکانەوە دەنێردرێ بۆ وڵاتی ئاڵمان و لەوێ دوکتۆرەکان پێی دەڵێن چونکە برینەکەی زۆر تازەیە، ناکرێ دەستەوجێ ئانیشکی مەسنووعی بۆ ساز کەن و دەبێ ماوەی سێ مانگێک ڕاوەستێ. ئەویش بەو هیوایەی کە دوای سێ مانگی تر دەتوانێ بێتەوە بۆ ئاڵمان، دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و دوای ئاڵوگۆڕییەکانی بارودۆخی سیاسی ئێران، بەداخەوە ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتەوە.

٧. هاوڕێ ڕەزا پیرانی

شەهید ڕەزا پیرانی خەڵکی مەهاباد و ئەندامی بەشی تەبلیغاتی ڕێکخراوی فیدائییان بوو. دوای داخرانی ستادی سازمان لە مەهاباد. لە مەقەڕێکی ڕێکخراوەکە لە گەورکایەتی کاری دەکرد. لە مانگی میهری ساڵی ٥٩دا بەدەست کەسێکی سەر بە حیزبی دێموکرات شەهید کرا. هاوڕێ بە برینداری، لەنێو جیبێکی سازماندا هێنرایەوە بۆکان، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی بیگەیەننە نەخۆشخانە، بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەک دانا. برادەرێک کە هێنابوویەوە شاری، دەیگوت تا گەیشتینە سەر جادەی ئیسفاڵتیش هەر زیندوو بوو و بەداخەوە بەرگەی برینی گوللە و خوێن لە بەر ڕۆیشتنەکەی نەگرت و گیانی ئەسپارد. ڕێ‌وڕەسمی بەڕێ‌کردنی تەرمەکەی لە بۆکان بەڕێوە چوو و تەرمی شەهید بە هاوبەشیی هەندێک ئەندامی بنەماڵەکەیان و

بـە سـروود خوێندنـەوەی لاوان بەڕێکرا. دوای ناشـتنی تەرمەکـەی هەندێک کەس وتاریان دا، کە یەکیان کاک عومەری حەمیدی و یەکی تریان من بووم، ئەگەر هەڵە نەکـەم کەسـێکیش لەلایـەن حیزبی دێموکراتـەوە وتاری دا، بـەڵام کارەکە کرابوو و زیانێکـی گـەورە لە سـامانی هەڤاڵانـی فیدایی کەوتبوو، کە بە وتار و قسـە قەرەبوو نەدەکرایەوە.

کاک ڕەزا، لاوێکـی هەڵسـووڕاو و بێ‌فیـز و زەحمەتکێـش بـوو. ئـەرک و کاری بەشـی «تەبلیغـات»ی ڕێکخراوەکـەی بـە ڕێکوپێکـی بەڕێوەدەبـرد و لـە کارەکـەی خـۆیدا گەلێک شـارەزا و جیـددی بوو. ئەندامانی بنەماڵەکەشـی کە بۆ بەڕێ‌کردنی تەرمـی ڕەزا هاتبوونـە بـۆکان، خەڵکانێکـی خودان‌ڕێـز و ڕێکوپێک بـوون. جێگەی خۆیەتـی هاوڕێیانی سـتادی فیدائییـان لە مەهاباد و ئەوانەی وا لـە نزیکەوە کاریان لەگەڵ کردبوو، سەبارەت بە کەسایەتی و چالاکییەکانی بابەتی تێروتەسەل بنووسن. بەداخەوە زانیاریی من لەسەر هاوڕێ ڕەزا هەر ئەوەندەیە.

ڕێزدار بێهزاد کەریمی لە وەڵامنامەیەکدا کە بۆ ڕەخنەگرێکی لقی کوردسـتانیی ڕێکخراوی فیدائییانی نووسـیوە و لە ١٨ی مانگی یەکەمی سـاڵی ١٣٨٧ لە ماڵپەڕی فارسـی «اخبـار روز»دا بڵاوبۆتـەوە، باسـی ئەو ڕەنجانـە دەکا کە دوای بەسـترانی بنکەکانی ئەکسەرییەت لە کوردستان و ئاوارەبوونی هاوڕێیان لە شارەکانی تاران و تەورێـز تووشـی هاتن. لەوێ‌دا ئاماژەیەکیشـی بە هاوڕێ ڕەزا کـردووە، کە بوو بە قوربانیی ئەو سیاسەتە نوێیە و نووسیویەتی:

«... ئـەم هاوڕێیانـە لە کوردسـتان نـەک هەر کەوتبوونە ژێر گوللـەبارانی چەکی ڕەخنـە، بەڵکـوو لێرەولـەوێ ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی چەکیش دەبوونـەوە و جارێک گەیشتە ئەو شوێنەی کە هاوڕێی لەگیان‌بوردوو ڕەزا پیرانی تێدا کوژرا...»

٨. هاوڕێ سمکۆ یەزدان‌پەنا

شۆڕەلاوێکی باڵابەرزی بەجەرگ و ئازا، لە فەیزوڵڵابەگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان بوو. کاتێ لە دەبیرستانی کەمالی بۆکان دەرسم دەگوتەوە، بۆ ماوەی چەند مانگێک شـاگردم بوو. لایەنگری ڕێکخـراوی فیدائییان بوو و لە دابەش‌بوونی ڕێکخراوەکەدا

لەگـەڵ ئەقەلییـەت کەوت. دەگوترێ لە کاتی گیرانەوەی شـاری بـۆکان و هاتنەوەی پاسدار و ئەرتەشدا ئازایەتیی زۆری نواندبێ، بەڵام لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەقەلییەت کەوتبوو و دەبێ ئەوان زانیاریی زیاتریان لە هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی هەبێ.

بەداخـەوە مـن گەلێـک کـەم لە ژیـان و بەسـەرهاتی کاک سـمکۆ دەزانـم، بەڵام بەختەوەرانـە بنەماڵەی بەڕێزی ڕێگای شـۆڕش و خەباتیـان بەرنەداوە و یادی ئەو زیندوو ڕادەگرن.

٩. هاوڕێ سەیفوڵڵا فەیزی

لاوێکـی ڕێکخـراوی لاوانـی پێشـگام بـوو، ڕوحسـووک و ئـازا و لەبـەردڵان. لە یارمەتیدانی خەڵکی شاری سەقزدا گیرا و خەڵخالّی جەللاد ئیعدامی کرد.

بـۆ ئـاگاداری لە ژیان و کارەسـاتی کوژرانەکـەی پەیوەندیم بـە خاتوو گەوهەر فەیزی خوشـکی شـەهید سـەیفوڵڵاوە گرت و تکای زانیاریم لێکرد. بە پێخۆشییەوە گەوهەرخانم بەرەوپیری پێشنیارەکەم هات و ڕەشنووسی یادداشتێکی بۆ ناردم کە بە زمانی ئینگلیزی بۆ ڕێکخراوەیەکی مافی مرۆڤی ئامادە کردبوو. ئەوەی لە خوارەوە دێ وەرگێـڕاوی هەڵبژاردەیەکـی ئـەو یادداشـتەن. سپاسـی زۆری گەوهەرخانمیش دەکەم:

«... شـەڕی نێوان پێشـمەرگە و کۆماری ئیسـلامی لە مانگی ئۆگوسـتی ١٩٧٩دا لە شـاری سـەقز سـەری هەڵدا و لە ئەنجامدا خەڵکانێکی زۆر گیران و ئیعدام کران. براکەم «سـەیفوڵڵا» لەو کەسـانەدا بوو کە بە لایەنگری کردنی ئۆپۆزیسیۆن تاوانبار کـرا. سـەیفوڵڵا، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٤ لەدایـک ببوو، تەمەنـی تەنیا ١٦ سـاڵان بوو کە خواردەمەنـی و دەرمانی بۆ پێشـمەرگە کۆدەکردەوە و بۆی دەبردنە بەرەی شـەڕ. لە ماوەی ئەو هەڵسووڕانە و لە کاتێکدا خواردەمەنی دەبرد بۆ پێشمەرگە، لەلایەن پاسـدار و بەسـیجییەکانەوە گەمارۆ دەدرێ. بە هێزی زەوینی و هەوایی تەقە لەو و لە هاوڕێکانی دەکەن. گوللە وە باسکی دەکەوێ، پاشان بێبەزەییانە ماوەی چەند مایلێـک بەسـەر خاکوخۆڵـی دەوروبەری شـاری سـەقزدا ڕایدەکێشـن تـا دەیبەنە ناوەندێکی سپایی لە نێوەڕاستی شاری سەقز. لە ئەنجامدا باسکی دەشکێ و هەموو

ئەندامی لەشی بریندار دەبن و شین دەبنەوە.

لەو سەردەمەدا «خەڵخاڵی» لەلایەن خومەینییەوە کرایە حاکم[ی شەرع] لە سەقز و براکەمیان بە لەشی بریندار و دەستی شکاوەوە بردە بەر دەمی. ڕەوتی دادگایەکی فەرمی بەڕێوە نەبرا و کەس گوێی نەدایە چۆنییەتیی گیرانەکەی و تەندروستیی ئەندامی و دەروونیی براکەم. لەجیاتی ئەوانە لێی دەپرسن چیت کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێ من پشتگیریی گەلەکەم دەکرد و خواردن و دەرمانم دەبرد بۆ پێشمەرگە. لێیان پرسی ڕێبەری گەلەکەت کێیە؟ گوتی دوکتۆر قاسملوو. ئینجا خەڵخاڵی بە دارێکی باریک دەسنیشانی لایەنێکی کرد و بە سەیفوڵڵای گوت بچێتە ئەو لایە و لەوێ بوەستێ. ئەوە هەموو ئەو پرسیارانە بوو کە لێی کرا.

ڕۆژێک لە جەژنی ڕەمەزانی ئەو ساڵە تێپەڕیبوو و ئێمە هەر چاوەڕوانی سەیفوڵڵا بووین تا بۆ جەژن بگەڕێتەوە لامان، بەڵام هەواڵمان پێگەیشت کە سەیفوڵڵا گیراوە. لە ماوەی گیرانیدا تەنیا خوشکەکەم چوو بۆ چاوپێکەوتنی لەبەروەی بۆ پیاوەکانی بنەماڵە جێگەی مەترسی بوو بچنە مولاقاتی، ئیتر نەمانهێشت باوکم و براکانی دیکەمان بچن بۆ سەقز.

خوشکم دوای گەڕانەوە لە سەقز داستانی چۆنییەتیی گیرانی سەیفوڵڵای بۆ بنەماڵەکەمان گێڕایەوە. دڵنیا نیم ڕۆژێک یا چەند ڕۆژ لە گیرانی براکەم تێپەڕیبوو کە هەواڵمان بۆ هات گوایە سەیفوڵڵا ئازاد دەکرێ. لەبەروەی سەرەتای جەژنی ڕەمەزان بوو. خوشکە گەورەکەم دەسبەجێ خواردنی دڵخوازی ئەوی ئامادەکرد و جلوبەرگی تازەیمان هەڵگرت و [لە بۆکانەوە] بەرەو سەقز وەڕێکەوتین. ئوتوبووسەکە پڕ بوو لە بنەماڵەی ئەو کەسانەی وا لە سەقز گیرابوون. پەردەیەکی خەمهێن لە بێدەنگی بەسەر شاری سەقزدا کشابوو، ژنان بە چارشێوی ڕەشەوە بە قەراغ جادەکاندا دەڕۆیشتن، ئەستەم پیاوێک دەبینرا. سەقز بەلامەوە وەک شاری ئەرواح دەچوو.

خوشکم پەنجەرەی ئوتوبووسەکەی کردەوە و هەواڵی تازەی لە خەڵک پرسی. یەکیان گوتی دوێشەو ٢٠ کەسیان ئیعدام کردووە. بۆ ماوەیەک بێدەنگیی

سەرسووڕهێن بەسەر هەموومانـدا کشا... دڵنیا نەبووین ئایا سەیفوڵڵاش لەنێو ئیعدامییەکان‌دایە یان نا؟... بەرەو پادگانی شارەکە ڕۆیشتین... هێشتا لە شوێنەکە نزیک نەببووینەوە بارانی گوللەمان بەسەردا باری. بە بڵیندگۆ گوتیان ئەگەر نزیکتر ببنەوە تەقەتان لێ‌دەکرێ، ئەگەر دەتانەوێ کوڕەکانتان ببینن بچن بۆ مزگەوتی گەورە لە نێوەڕاستی شار. کاتێ گەیشتینە مزگەوتەکە بەردەرگاکەی پڕ بوو لە خەڵک، بە ناڕەحەتییەوە باسی ئەو ٢٠ کەسەیان دەکرد کە شەوی پێشتر گوللەباران کرابوون.

دەسبەجێ لە ئوتوبووسەکە پەڕیمە دەرەوە و بەرەو مزگەوت هەڵاتم. خۆم بە نێو خەڵکەکەدا کرد. خەڵک لە قوژبنێکی حەوشەی مزگەوتەکە کۆببوونەوە. چاوم گێڕا، جەنازەی مردووەکانم بینی کە سەهۆڵیان بەسەردا کرابوو. بەوردی سەیری تەرمەکانم کرد، ناسینەوەیان ئەستەم بوو ئەویش بۆ یەکێ وەک من کە ئەو دەم دەوروبەری ١٥ ساڵم تەمەن بوو.

... بێ‌ئەوەی کۆنترۆڵی خۆم لە دەستم دابێ، لە تەرمەکان چوومە پێشەوە. گەلێک ترسابووم... لە ئەنجامدا تەرمی براکەی خۆم دۆزییەوە. من زۆر لە براکەم نزیک بووم، زۆر جار دەهاتە شوێنم و لە قوتابخانەوە دەیبردمەوە ماڵێ؛ لە ڕێگا دەستی دەکردە ملم. دەستوپەنجەکانی زۆر لەبۆم ئاشنا بوو... هەر ئەوەندەی دەستەکانیم لەنێو کۆمای جەنازەکان‌دا بینی دەسبەجێ ناسیمەوە. دەستیم ماچ کرد... سینگی کون‌کون کرابوو، وێدەچوو ١٠ ـ ١٢ گوللەیان پێوەنابێ. هەروەها نیشانەی پەتیش بە سەرملییەوە دیار بوو. باسکی هێشتا لە گەچ گیرابوو. هاوارم کرد: ئەوە براکەی منە! خۆشکەکانم لە دەرەوەی مزگەوت گوێیان لە دەنگی قیژەی من ببوو و بە ئازیەتباری لە سینگی خۆیان دەدا... کارەساتەکە ڕووی دابوو.

... سەیفوڵڵا خوێن‌گەرم و خۆشەویست بوو، کەسێکی عاقڵ و تێگەیشتوو بوو. گەلێک بنەماڵەکەی خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستییە بۆ گەل و نیشتمان چەند بەرابەر بوو. سەرەڕای تەمەنی کەم، گەلێک وریا و هۆشیار بوو... لە کاتی ئیعدامکران‌دا، ١٦ ساڵی تەمەن و قوتابی دەبیرستان بوو. تەرمی ئەو شەنگەلاوەمان

هێنایەوە بۆکان و لە گۆڕستانی شارەکە ناشتمان...»

خاتوو گەوهەر کارێکی گەورەشی کردووە بەوەی ناوی ١٩ کەسی دیکە لەو خەڵکانەی بۆ ناردووم کە لەگەڵ نەمر سەیفوڵڵای برای لە سەقز ئیعدام کران. ئەوانەی خوارەوە ناوەکانن کە هەموویان خەڵکی شاری سەقز یا بۆکان و دەوروبەریانن:

ئەحمەد سەیدی، ئەبووبەکر حەمیدی، قادر بەهار، محەممەد بابامیری، ڕەسووڵ ئەمینی، ناجی خورشیدی، کەریم ڕەزایی، ئەنوەر ئەردەڵان، عەلی فەخری، عەبدوڵڵا بەهرامی، سەید حەسەن ئەحمەدی، محەممەد دەروێش نوقرەیی، کەریم شیرینی، ئەحمەد موقەددەم، جەلیل جەماڵزادە، یۆسف کیشیزادە، محەممەد غەفووری، تاهیر کاتبی و ناسر حەدادی. خۆزیا ژیاننامەیەک بۆ هەموو ئەم شەهیدانە پێکدەهات.

١٠. هاوڕێ حەسەن حەسەنزادە

قوتابییەکی لاوی خەڵکی بۆکان و ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی «پێشگام» و ماڵیان لە گەڕەکی قوڵڵە بوو. لە تەقینەوەی ناو میتینگێکی سازمان لە شاری مەهاباد لە مانگی پووشپەڕی ١٣٥٨دا شەهید بوو. جاشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆمباکەیان تەقاندبۆوە. لە بۆکان سەرەخۆشیمان بۆ دانا و خەڵکێکی زۆر بەشدارییان تێدا کرد. بەرپرسی ئەو دەمی ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات لە بۆکانیش ئامادەی سەرەخۆشییەکە بوو.

باوکی شەهید حەسەن مرۆڤێکی بەڕێز و بەجەرگ و لەبەردڵان بوو، لە بیرمە سەرەڕای دەرد و داخی مردنی جگەرگۆشەکەی، لەو مەجلیسی پرسەیەدا سەرەخۆشیی لە ئێمە دەکرد.

١١. هاوڕێ قاسم مەعرووفی

ئەوەندەی بزانم ئەم هاوڕێیە دواتر لەگەڵ فیدائیيانی ئەقەلییەت کەوت. لە بیرمە چوو بۆ شەڕی پاسدارانی ئێرانی لە جادەی بانە ـ سەردەشت و لەوێ شەهید کرا. تەرمەکەیان دوای ماوەیەک هێناوە بۆکان و لەوێ ئەسپەردەیان کرد. من تەنیا یەکدوو جارم بینیبوو و ئەوەندەم لە بیرە لاوێکی باڵابەرزی قسەخۆش بوو و جارێکیان دووبەدوو پێکەوە لە دەفتەری ڕێکخراوەکە دانیشتبووین کە باسی

بەرنامەکانی دوارۆژی ژیانی خۆی بۆ کردم. بەداخەوە گوللەی پاسداری مەلاکان دەرەتانی وەدیهێنانی ئاواتەکانی پێنەدا.

١٢. هاوڕێ عومەر عەزیزنەژاد

لاوێکی بۆکانی و لایەنگری فیدائییان بوو. هەر لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا چووبووە شاری سنە و لەوێ لە بنکەی ڕێکخراوەکە لە دانیشتنێکدا کە زۆر کەسی دیکەشی تێدا بەشدار بوون، کەسێک گوللەی لە دەست دەرچووبوو و پێی کوژرا.

١٣. هاوڕێ محەممەد حەیدەری موقەددەم (ڕەفیق سەلیم)

لە ماڵپەڕی فارسی «اخبار روز» وتارێکی کاک «سیامەک بۆکان»ی کە ناوێکی خوازراوە و هاوکارێکی پێشووی ڕێکخراوی فیدائییان لە بۆکانە بەناوی «یادی محەممەد حەیدەری موقەددەم (ڕەفیق سەلیم) بە ڕێز بێ!» بڵاوبۆتەوە.[1] وتارەکە بە حەماسەتێکی شۆڕشگێڕانەوە سەبارەت بە هاوڕێیەک نووسراوە کە لەو سەردەمانەی وا ئێمە لە ڕێکخراوی فیدائییان لە بۆکان کارمان دەکرد، لە تارانەوە هاتبووە ئەوێ و بەناوی «سەلیم»ەوە وەک پێشمەرگەیەک چەکی هەڵگرتبوو.

من ئەو هاوڕێیەم باش لە بیر نییە، بەڵام بوونی کەسێکی فارسزمان بەناوی «ئارتاک» یا «سەلیم» لە ڕێکخراوی بۆکاندا پشتڕاست دەکەمەوە، زۆریش ئاگاداری پلەوپایەی ڕێکخراوەیی نیم، ئەم وتوویژەشم وەبیر نایەتەوە کە بەگوێرەی وتارەکە دەبێ لەگەڵ بەرپرسی لقی بۆکانی ڕێکخراوی فیدائییانی کردبێ، کە زۆر وا هەیە من بووبێتم، بەڵام وێدەچێ ڕاست بێ، لەبەروەی بەباشی لە بیرمە ئێمە ئەم هاوڕێیەمان چاک نەدەناسی و نەماندەزانی چۆن و بۆچی لە تارانەوە هاتۆتە بۆکان؟ بەگشتی، چەشنە ئیحتیاتێک دەکرا و ئەوەش بێڕێزی بە هاوڕێ سەلیم نەبوو، بەڵکوو پێداویستییەکی سەرەکیی خەباتی چەکدارانە بوو و نەدەبووایە دەرەتان بە هەموو کەس بدرێ بێتە نێو ڕێکخراوەکە و چەک هەڵبگرێ. لە برگەی چەکدارانیشدا، چەک لە هەموو کەس وەردەگیرایەوە و

1. http://www. iran chabar. de/article. jsp?essayId=40654

لام وایە ئەم هاوڕێیە ڕاست دەکا لەبەروەی ئاشکرایە دەبێ داوای چەکدانان لە هاوڕێ سەلیمیش، وەک پێشمەرگەکانی تر، کرابێ.

بیرەوەرییەکیشم لە هاوڕێ سیامەکی نووسەری وتارەکە هەیە: ماوەی دوو ساڵێک دوای داخرانی دەفتەری بۆکان و ڕۆیشتنمان بۆ تاران و تەنانەت دوای ئەوەی لە ئەندامییەتی ڕێکخراوەکە ئیستیعفام دابوو، هاوڕێ سیامەک لە شوێنێک چاوی بە هاوڕێیەکی پێشووی دەفتەری بۆکان کەوتبوو، دوو دانە کەپسوولی سیانووری پێدابوو و گوتبووی یەکیان بۆ خۆت و ئەوی دیکە بدە بە ئەنوەر، ئەویش هاتە ماڵمان و کەپسوولەکەی پێدام. من سیانوورەکەم پێ دیارییەکی بەنرخ بوو لەبەروەی خۆم بە کەسێکی وا نەدەزانی بتوانم لە بەرانبەر ئەشکەنجەی وەحشییانەی دەزگای ئیتلاعاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابوەستم و هیچ نەدرکێنم. جا بە هەموو وجوودمەوە ئامادە بووم ئەگەر بێن و بمگرن خۆم بەو کەپسوولە لە چنگ ئەشکەنجە و ئیعتیراف و خۆدۆڕاندن و خەڵک پێوەکردن و ئابڕووچوون ڕزگار بکەم، بەڵام کێشەکەم ئەوە بوو لە ماڵی تیمی و چریکیدا نەدەژیام و لەگەڵ دایکم و یەک لە خوشکەکانم ماڵێکمان بەناوی دایکمەوە بەکرێ گرتبوو و ژیانێکی ئاسایی نێو خێزان و خزم و کەسوکارم هەبوو، حەبی سیانووریش لە ماڵێکی وادا ئەستەم ڕادەگیرا و مەترسیی ئەوەی هەبوو بکەوێتە دەست منداڵەکانی کاکم کە هەمیشە لە ماڵماندا بوون یا تێکەڵ دەوا و دەرمانی ماڵی بێ و کەسێکی بێتاوانی پێ بکوژرێ.

ماوەی دوو مانگێک بەدزیی خەڵکی ماڵەوە لەم گیرفان و لەو گیرفاندا ڕامگرت هەتا ئەوەی لە ئەنجامی هەڵە و بێئیحتیاتی خۆمدا لە گیرفانی کراسێکدا مابۆوە و خرابووە نێو دەزگای جلشۆرەوە و تا پێ بزانم، شۆرابوو و ئاسەواری نەمابوو!

لە وتارەکەی کاک سیامەکدا ئاماژە بە ناوی هاوڕێ «ابراهیم طالبیزادە (سعید)» کراوە. ئەوەندەی بزانم ناوی ئەو هاوڕێیەمان «ابراهیم لطفاللەزادە»یە نەک «طالبیزادە».

١٤. هاوڕێ تەها پارسا

کاک تەها نموونەیەک بوو لە پاکی و مرۆڤایەتی. دەبێ ئەم چەرخە چەوتە چەندە بسووڕێ تا دایکی نیشتمان کەسێکی دیکە وەک تەها پەروەردە بکا؟ خەڵکی قەڵای ڕەسووڵەسیتی سەر چۆمی‌مەجیدخان بوو. لیسانسی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی تەوریز وەرگرتبوو و لە پۆلی دووهەمی قوتابخانەکانی بۆکان دەرسی زمانی ئینگلیزیی دەگوتەوە. هەرکات دەهاتە دەفتەری ڕێکخراوەکە بەبێ فیزی دەچوو لە بەردەرگا پاسەوانیی دەدا. لە میهرەبانی و خۆش‌زمانی‌دا نموونەی هەر خۆی بوو و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگر هەموو ئەوپەڕی خۆشەویستی و ئیحتیرامیان بۆی هەبوو.

لە کاتی داخرانی دەفتەری ئەکسەرییەت لە بۆکان و ڕۆیشتنی بەرپرسان بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەو لە بۆکان مایەوە، پاشان ماڵی بردە مەهاباد و وەک بەرپرسی ڕێکخراوی بۆکانی ئەکسەرییەت، لەوێ دەژیا، هەتا دەستێکی چەپەڵ بەداخەوە کوردێک، لە شاری مەهاباد بە دەمانچە هێرشی کردە سەری و ئەو دڵەی وا بە خزمەتکردنی گەل گەرم بوو سارد کردەوە. جەهل و دەمارگیری و حیزب‌حیزبێن زیانی زۆری لە گەلەکەمان و یەکپارچەیی ڕیزەکانی دا، ئەوەش زیانێک و خەسارێک و برینێکی خۆشەوەنەبووی دیکە.

لەمەڕ پەیوەندیی سیاسیی بکوژی کاک تەها سێ ڕیوایەتم بیستووە لەبەرەوەی لێرە لە دوورەوڵاتی و بێ‌هەواڵی‌دا ناتوانم هیچکامیان بە دڵنیایی ساغ بکەمەوە، لێیان بێدەنگ دەبم، بەڵام هەر سێ ڕیوایەتەکە باس لە پەیوەندیی بکوژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئوپۆزیسیۆنی ڕژیم لە کوردستان دەکەن و ئەوەش جێگەی داخە. تەها پەپوولەیەکی مەعسووم بوو، نە دەوری لە دانانی سیاسەتی ئەکسەرییەت‌دا هەبوو و نە لایەنگری وەرچەرخانی سیاسەتەکانی بوو، هەر بۆیەش دەردی شەهید بوونی گەلێک گرانە و من هەرچی دەکەم ناتوانم بزانم بۆچی ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە کوردستان دەبێ ئەندام یا لایەنگرێکی خۆی ناردبێ جینایەتێکی وا گەورە بکا. هەر لە سەردەمی کوژرانی تەهادا، زۆرێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەکسەرییەت

لە کوردستـان دژ بە سیاسـەتی داسـەپاوی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسـی ڕێکخراوەکە وەستابوون، بەڵام چ دەکرا و بە کوژرانی تەهای مەعسووم چ دەگۆڕا؟

من لەسـەر ئەم خاڵە ئیسـتێک دەگرم: ڕێگای خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی خاکەکەمـان گەلێـک دوورودرێـژە و ئاسـۆی ڕوونـاک زۆر نزیـک نییـە. ڕێکخراوە سیاسـییەکانی کـورد کـە هەموو یا زۆربەیان لـە دەرەوەی وڵاتـن، ناکۆکی زۆریان لەنێودایـە و ئـەم ناکۆکییانـە هەندێـک جـار گەیشـتۆتە قۆناغـی توندوتیـژی دژ بـە یەکتریـش. دوژمـن واتـە ڕژیمـی گەندەڵی ئیسـلامی و ئیتلاعاتی سـپاش ئاگری ئەو دوژمنایەتـی و دووبەرەکییـە خـۆش دەکا و لە ڕێگەی هەندێک جاش و خۆفرۆشـی وەک قانعیفـەردەوە یەکگرتوویـی ڕیزەکانـی گەل لاواز دەکا و هەوڵی سـووکایەتی کردن بە لایەنێک و هاندانی لایەنەکەی تر دژ بەو دەدا بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە ئاکامی پێکدادان و شـەڕی براکوژی. ئەگەر ڕێبەرانی سیاسیی کورد وریا و وشیار نەبن و ئەم ڕۆحە چەپەڵ و غەیرە شۆڕشگێڕانەیە بەردەوام بمێنێ، لە دوارۆژی گەڕانەوەی هێـزەکان بـۆ نێوخۆی وڵات، دوژمن و داگیرکەر لە بیر دەچنەوە و شـەڕی کورد و کورد دەست پێدەکا.

چارەی سەرەکی بۆ بەرگری لەو ڕۆژە ڕەشە ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بـۆ پەیوەندیگرتـن لەگـەڵ لایەنـی تر هێڵی سـووریان هەبـێ و کـەس نەتوانێ ئەو هێڵـە تێپەڕ بکا، هێڵی سـووریش دەبێ شـەڕی کورد لەگەڵ کـورد و کوژرانی کورد بەدەسـتی کـورد بـێ. بەبێ ڕوانگەیەکی ئەوتـۆ، لە بارودۆخـی بەربڵاویی ڕیزەکانی گەلـی کـورددا، ئاکاری چەپەڵی وەک تیرۆری کاک تەها و کاک ڕەزا پیرانی دووپات دەبێتـەوە و گەل لە ڕێبازی ڕاسـتیی خەبات چەواشـە دەکـرێ، ئەوەش هیچ ناوێکی لەسەر داناندرێ جگە لە خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جا هەر کەس و هەر لایەنێک بیکا.

برادەرێکم سەبارەت بە هاوڕێ تەها دەنووسێ:

«کوشتنی کاک تەها، کوشتنی موحەببەت و ئینسانییەت بوو.»

د. کامـران ئەمینئـاوە لە پەڕاوێزی وتارێکدا کە سـاڵی ٢٠١٠ بە زمانی فارسـی

لـە ماڵپـەڕی «اخبار روز»دا بڵاوکراوەتەوە، سـەبارەت بە تەهـای نەمر ئەم دێڕانەی نووسیوە، کە من کردوومەتە کوردی:

«نەمـر تەهـا پارسـا یـەک لـە کادرە خاوەنئەزموونەکانی بزووتنـەوەی چەپ و ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵق ـ ئەکسـەرییەت بوو، کە دوابەدوای گۆڕانی هەڵوێسـتی ڕێکخراوەکـە لـە ڕۆژی چوارەمـی مانگـی جۆزەردانـی ١٣٦١دا لـە شـاری مەهابـاد بەدەسـت کەسـانێکی نەناسـراو تیرۆر کرا. لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە گوندی قەڵای ڕەسووڵەسـیتی ئەختاچی، لە ٤٥ کیلۆمیتریی باکووری بۆکان هاتە جیهان. خوێندنی سـەرەتایی لـە گوندەکـەی و ناوەندی لە شـاری میانـدواو کۆتایی پێهێنا. لە سـاڵی ١٣٥٠ زمـان و ئەدەبـی ئینگلیزیـی لە زانسـتگەی تەورێز خوێند و لە سـاڵی ١٣٥٣دا بەهۆی هاوکاری کردنی گرووپی سیاسیی «آرمان خلق» گیرا و لە مانگی ڕەشەمەی سـاڵی ١٣٥٥دا ئـازاد کـرا، ئینجـا گەڕایـەوە بـۆکان. کاک تەها هەتا شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ی گەلانـی ئێـران لە «مەدرەسـەی ڕاهنمایی خاقانی» خەریکی کار و گوتنەوەی دەرسـی زمانی ئینگلیزی بوو. لە شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧دا چالاکانە بەشداری کرد و دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش چـووە نێـو ڕیزەکانی ڕێکخـراوی چریکـە فیدائییەکانی خەڵقی ئێران. تا کاتی تیرۆری ناجوامێرانەی لە مەهاباد، واتە تا ڕۆژێک دوای فەتحی خورڕەمشـەهر، یـەک لـە کادرانی چـالاک و خۆشەویسـتی ڕێکخـراوی فیدائییان و خەڵکی بۆکان بوو.»

یادی تەهای خۆشەویستی هەموو لایەکمان بەخێر بێ!

١٥. هاوڕێ ئیبراهیم لوتفوڵلازادە (ڕەفیق سەعید)

هاوڕێیەکـی ئازەربایجانیی خەڵکی شـاری خۆی، لـە هاوڕێیانی کۆنی ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکان بوو، کە لە فەلەسـتین ڕاهێنانی سـپایی پێکرابوو. ماوەیەک دوای شەهید بوونی هاوڕێ یەعقووب تەقدیری (ئەمیر)، نێردرایە بۆکان و کرایە بەرپرسی سپایی دەفتەری فیدائییان لە شارەکە.

لـە مـاوەی ژیانی بۆکان و دەفتـەری ڕێکخراوەکەماندا، هاوڕێ سـەعید جێگەی ڕێـز و خۆشەویسـتیی هەمووومان بوو و بە هێدی و هێمنـی و بێدەنگی و قەناعەت،

بەڵام سووربوون لەسەر باوەڕ و ڕێبازی سیاسی ناوی دەرکردبوو. تا کۆتایی کاری دەفتەری بۆکان ئەرکی خۆی بەباشی بەڕێوەبرد و دوای ئاشبەتاڵ و ڕۆیشتنی کادر و ئەندام بۆ شارەکانی دیکەی ئێران، هاوڕێ سەعیدیش چوو بۆ تاران.

خەسڵەتە ئینسانییەکانی سەعید بەسەر گەلێک کێشە و جیاوازیدا زاڵ ببوو کە بە نەبوونی ئەو خەسڵەتانە دەیانتوانی کێشە و گرفت بخوڵقێنن. سەعید مامۆستای خووخدەی مرۆڤانە بوو و داخ و حەسرەت کە ڕژیمی دژی خەڵکیی مەلاکان ئەم دەستەگوڵەی لێسەندین.

هاوڕێ سەعید لە ساڵی ١٣٦١دا لەگەڵ شەهیدان مینەی شێرخانی و جەواد لە دەرەوەی شاری ورمێ گیرا و دوای مانگێک و دووان لە زیندانی ورمێوە نێردرایە زیندانەکانی تاران و لە زیندانی ئێڤین بەدەستی مرۆڤکوژانی وەک لاجوەردی ئیعدام کرا. هاوڕێ سەعید لە زینداندا ڕووسوور مایەوە و نهێنییەکانی خەڵکی بە دژی خەڵک نەگوت.

١٦. هاوڕێ سەعید یەزدانپەنا

پێشتر چەند دێڕێکم سەبارەت بە نەمر ڕەشید یەزدانپەنا (سمکۆ) نووسی و حەسرەتی ئەوەم خوارد کە زانیارییەکی ئەوتۆم سەبارەت بە ژیانی نییە. دیارە دەزانم هاوڕێ سمکۆ لەگەڵ باڵی ئەقەلییەت بوو و هەر چالاکییەکی پاش دووفاقە بوونی ڕێکخراوەکەی کردبێ، دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەت و کاری ئەواندا سەیر بکرێ، ئەم یادداشتانەش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕاستییە نین، بەڵکوو بۆ یادکردنەوەیەکن لەو وەک خەباتکارێک کە لە پەیوەندیی فیدائییاندا بووە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژەیەکی هاوچەشن بە نەمر سەعید یەزدان پەنا بکەم کە برا چکۆلەی کاک ڕەشید و درێژەدەری ڕێگای خەباتی ئەو بوو. کاک سەعیدیش لەگەڵ ئەکسەرییەت نەبوو و لەگەڵ باڵێکی ڕێکخراوی فیدائییان کەوتبوو کە ناوی «پیروان هویت» بوو و لەلایەن «مەهدی سامیع»ی خەڵکی ئیسفەهانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا.

ئەوەندەی بزانم کاک سەعید کەسایەتیی دووهەمی ڕێکخراوەکە بوو و دواتر ڕێبازی خۆی لەوان جیا کردەوە و بەرەو کوردایەتی کشا و لە ئەنجامدا بە یارمەتیی

چەند هاوڕێیەکی کوردپەروەر «یەکییەتیی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان»ی بنیات نا کە ئێسـتاش هـەر هەیـە، بـەڵام بەداخەوە بۆتە قوربانیی هەندێک کێشـە و لـە ئەنجامدا دووفاقـە بـووە، هـەر دوو لقەکانیش لەلایەن دوو برای کاک سـەعیدەوە ڕێبەرایەتی دەکرێن.

بەداخەوە کاک سەعیدی شۆڕشگێڕ دوای دامەزراندنی «یەکییەتیی شۆڕشگێڕانی کوردسـتان» و هەڵوێسـت گرتن دژ بە کۆماری ئیسـلامی، بەدەسـت بەکرێگیراوێکی ڕژیمی مەلاکان لە شاری سلێمانی تیرۆر کرا.

١٧. هاوڕێ مینەی شێرخانی

هەموومـان لـە ماوەی تەمەنماندا خەڵکانێکمان بە کەسـایەتیی قورس و قایمەوە بینیوە یا بیسـتوومانە کە سـەریان لە ڕێی باوەڕی خۆیاندا دانابێ؛ ئەوە بۆ گەلێکی وەک کورد نە دیاردەیەکی دەگمەنە و نە سـەمەرە، بەڵام کاک مینەی شـێرخانی بە پێوانـەی ژیانـی سیاسـیی گەلـی کوردیـش هەڵکەوتێکـی دەگمەنە. ئـەوەی مینەی لە ژوور زۆر کەسـەوە دادەنـا، بـاوەڕی قـورس و قایمی بوو بەو ڕێبـازەی گرتبوویە بەر و ئامادەیی بۆ گیانفیدایی لە ڕێگەیدا.

لە باری کەسـایەتییەوە مینە کەسـێکی مەند و هێمن و لە عەینی کاتدا جیددی و بە کار و ئەرکییەوە بەسترابۆوە. تایبەتمەندیی کەسایەتییەکەی مەجبووری دەکردی هەم خۆشـت بوێ، هەم ڕێزی لێبگری و هەم فەرمانی بەڕێوەبەری. بەکورتی بڵێم، کەم کەس دەیتوانی مینە بێ!

خوێنـدکاری زانسـتگەی ورمـێ بـوو و ماوەیەک لـە زیندانی شـادا مابۆوە و لە سـەرەتای شۆڕشـی ١٣٥٧دا ئـازاد کرابـوو. هەروەهـا لە یەکـەم لایەنگرانی ڕێبازی فیدایی لە بۆکان بوو و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکە هەر لە سـەردەمی خوێندن لە زانسـتگەی ورمێوە دەسـتی پێکردبوو و لە یەکەم کەسـان و لە ڕاسـتیدا کۆڵەکەی سەرەکیی دامەزرانی دەفتەری فیدائییان بوو لە بۆکان. من پێشتر لە بۆکان نەبووم و بەختـی ناسـینی مینـەم نەبوو، کاتێکیش کە گەڕامەوە بـۆکان، دەفتەری ڕێکخراوەکە کرابۆوە و مینە، هێمن و بێدەنگ، کەموزۆر لە پشـت بەڕێوەبردنی هەموو کارەکانی

ئەوێدا بوو.

تەنانەت ئەگەر مەزلوومییەتی زیندان و شەهادەتی ژێر ئەشکەنجەشی نەبووایە، مینە وەک کەسایەتییەکی سیاسی کوردستان دەناسرا، بەڵام ئازایەتیی نێو زیندان و وەفاداریی بە خەڵکی چەوساوە و داهاتووی خەباتی گەل، هەروەها دژایەتیی بێداد و نابەرانبەریی چینایەتیی کە خۆی لە خۆڕاگرییەکی دوور لە باوەڕ لە بەرانبەر ئەشکەنجەی وەحشییانەی زیندانەوانانی کۆماری ئیسلامیدا دەنواند، مینەی کردە ئوستوورەیەک لە ڕیزی کەسایەتییە مەزنەکانی کورد و گەلانی دیکەی جیهان.

من مینەم گەلێک جار بینیبوو، کارم لەگەڵ کردبوو و شانازیم بەوە کردبوو کە بەرپرسی ڕێکخراوەیی و حیزبیم بێ. مینە ئەهلی خۆ دەرخستن و نمایش نەبوو و زیاتر لە پشت کارەکانەوە دەوەستا و هیدایەتی دەکردن. کاتێ کە ڕێکخراوەکە منی کردە کاندیدی خۆی بۆ مەجلیسی خیبرەگان و مەجلیسی شووڕا، زۆرم پێ سەیر بوو و نەمدەزانی بۆچی ئەرکەکەیان نەخستبووە سەر شانی مینە کە دەیان قات بۆ ئەو کارە لە من باشتر بوو؟ لام وایە دەبێ پێشتر قسەیان لەگەڵ ئەو کردبێ و نەیانتوانیبێ ڕازی بکەن کارەکە بگرێتە ئەستۆ. ئەم بۆچوونەم بە بەڵگەیەک پشتئەستوورە: تەلەفیزیۆنی مەهاباد بەرنامەیەکی دانابوو بۆ تەبلیغاتی ئینتیخاباتی مەجلیسی شووڕا یا خیبرەگان، کە ئەوەندەی لە بیرم بێ نەمران دوکتۆر قاسملوو و مامەغەنی بلووریانیش تێیدا بەشدار بوون. من چەند ڕۆژێک بوو بۆ کاری ڕێکخراوەیی چووبوومە مەهاباد و لەو ماڵەدا دەژیام کە بۆ مینە و بێهرووز بەکرێگیرابوو. بڕیار بوو مینە لەلایەن فیدائیییانەوە بەشداری بەرنامەکە بێ و شەویش باسی مەسەلەکەمان زۆر کرد، بەڵام بەیانی کە هەرسێکمان پێکەوە لە ماڵ چووینە دەرەوە، هەر لە ئێزگەی تەلەفیزیۆن نزیک بووینەوە، مینە خوداحافیزی کرد و گوتی تۆ بچۆ! هەر چەندم هەوڵ دا براله، بڕیار بووە تۆ بەشدار بی و من ئامادەییم نییە، گوێی نەدامێ و گوتی هەر ئەوانە بڵێ کە دوێشەو باسمان کرد. بەکورتی، مینە خۆپیشاندەر نەبوو، گەرچی منیش وا نەبووم، بەڵام وام لێهات!

سێ کەسەکە بریتی بوون لە بێهرووز سولەیمانی، مینەی شێرخانی و من. بێهرووز

لە سنە بوو و هێشتا نەهاتبوو. مینە لە مەهاباد بوو و کاری لێژنە سێ کەسییەکەی ئێمە بەگشتی لەژێر دەستی ئەودا بوو، هەر ئەویش چاوپێکەوتنێکی ڕێکخستبوو لەگەڵ «داریووش فرووهەر» نوێنەری دەوڵەتی بازرگان بۆ وتووێژەکان کە هەردووکمان پێکەوە چووین و لە بینایەی بەنداوی مەهاباد چاومان پێی کەوت. مینە لە قسەکردن لەگەڵ فرووهەردا گەلێک زانایانە و سیاسییانە جووڵایەوە. هەروەها لە ماوەی چەند مانگی دانیشتن لەگەڵ لقەکانی دیکەی هەیئەتی کورد و لە سێ چاوپێکەوتنی دیکەی نوێنەرانی دەوڵەت و کۆبوونەوەکانی سێ کەسیی نێوخۆماندا شارەزای کەسایەتیی قورس و قایم و خاوەن پڕەنسیبی ئەو بووم و گەلێک شتی لێ فێربووم. ئەم پەیوەندییانە دواتریش درێژەیان کێشا.

لە تاران برادەرێکی خۆشەویست ئاپارتمانێکی بچووکی بۆ دابین کردبووم. من ئاپارتمانەکەم بەجێهێشت و مینە لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەری خۆیدا ماوەیەکی کەم لەوێدا ژیان، کاتێکیش کە لە کاری ڕێکخراوەکە کشامە دواوە و خانەنشین بووم چەند جار سەردانی ماڵمانی کرد و دڵنەوایی گەڕانەوەی دامەوە، بەڵام من لە بڕیارەکەم پاشگەز نەبوومەوە.

کاتێک کە مینە لە کۆتاییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٦١دا لەگەڵ هاوڕێیان عەلیڕەزا شاندیز (جەواد) و ئیبراهیم لوتفوڵڵازادە (سەعید) لە نزیک ورمێ گیرا و کەوتە ژێر ئەشکەنجەی وەحشییانەی پاسدار و ئیتلاعاتییەوە، ئەدرەسی گەلێک کەسان و یەک لەوان، منی بەباشی دەزانی و هەموو زانیارییەکی سەبارەت بە من هەبوو. من بۆ پارێزراو مانەوە و گیرنەکەوتنم، منەتباری ئەوم و درێژەی ژیانم لەو ڕۆژانەوە تا ئەمڕۆ بە بەرهەمی خۆڕاگری و باوەڕی قایمی ئەو دەزانم و سپاسی دەکەم.

دیارە من کەسێکی ئەوتۆ نەبووم، هاوڕێیان و بەرپرسانی سەرەوەی ڕێکخراوەکەش لە ئەنجامی خۆڕاگریی مینەدا پارێزراو مانەوە. مینە کادر و بەرپرسێکی گرنگی ڕێکخراوەکە بوو و خۆ بەدەستەوەدانی دەیتوانی کارەسات بخوڵقێنێ. سڵاوی لێ بێ کە نەیهێشت ئەم گەردە چەپەڵە لە کەسایەتییە بێگەردەکەی بنیشێ و گورگەکانی ئیتلاعاتی خومەینی وەرببنە گیانی خەڵکانێکی زۆر و بنەماڵەیان

ئازیەتبار بکەن.

بە بۆچوونی من دەکرێ و دەبێ دەیان شێعر و چیرۆکی حەماسی سەبارەت بە خووخدەی مرۆڤانە و وەفاداری بە باوەڕی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگریی مینە لەژێر ئەشکەنجەی وەحشییانەی زینداندا بنووسرێ و بەسەرهاتی ببێتە هەوێنی ڕۆمانێکی گەورە بەنێوەرۆکی باوەڕ بە خەڵکی چەوساوە و بەربەرەکانی لە بەرانبەر ئەشکەنجەی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیدا.

ئەوەی گوتم، تەنیا چەند دێڕێک بوو لە کتێبێکی پڕ لاپەڕەی ئازایەتی و گەورەیی مینەی شێرخانی. دایکی وەتەن دەبێ تووشی چ ئازارێک هاتبێ کاتێ ئەم ڕۆڵە نازەنینەی لە دەستچوو؟

برادەرێکم سەبارەت بە هاوڕێ مینە دەنووسێ:

«بە بۆچوونی من قەتڵی کاکە مینە یەکێک لە گەورەترین زەربەکان بۆ بزووتنەوەی کوردی بوو. کاکە مینە ئینسانێکی زۆر بەئیستیعداد لە بابەت سیاسەتەوە، دەقیق و قاتیع بوو و ئەگەر مابایە دەیتوانی زۆر کۆمەک نە فەقەت بۆ هەوادارەکانی سازمان، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی کوردی بێ.»

تکام لە ڕێزدار جەعفەری شێرخانی برای بەڕێزی کاک مینە کرد سەبارەت بە کاکی زانیاریم بداتێ. سپاسی زۆری دەکەم کە تکاکارییەکەمی قبووڵ کرد، گەرچی دەزانم ئەوە بۆ ئەو زیندووبوونەوەی داخ و کوڵ و حەسرەتی لە دەسچوونی برا و مامۆستا و هاوڕێیەکی خۆشەویست بوو. ئەوانەی خوارەوە کورتەی ئەو زانیارییانەن وا لە دوو ئیمەیلی مانگی شەشیساڵی ٢٠١١ی کاک جەعفەر سەبارەت بە کاک مینەی برای هەڵگیراون:

١. «لە ساڵی ١٣٣١ لە ناوچەی بۆکان لەدایکبوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بۆکان تەواو کرد. کۆتایی خوێندنەکەی هاوکات بووە لەگەڵ بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٧ ـ ١٣٤٨ و ئەوەش شوێنی زۆری لەسەر بیروڕا و بۆچوونی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی ئەو دانا. ساڵی ١٣٥٠ لە زانکۆی کشتوکاڵی ورمی وەرگیرا. ساڵانی ١٣٥١ ـ ١٣٥٢ سەردەمی گەشەسەندنی بزووتنەوەی خوێندکاریی

ئێران بوو و مینە کە ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتیی سەر گەلی کورد و بەگشتی زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی ناسیبوو، بە هەموو تواناوە لەو بزووتنەوەیەدا بەشداریی کرد و گەلێک زوو بوو بە یەک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکاریی زانستگەی ورمێ.

ساڵی ١٣٥٢ ساواک مینەی لەگەڵ هەندێک هاوڕێی خوێندکاریدا دەستبەسەر کرد و خستییە ژێر لێپرسینەوە و ئەشکەنجەی توندوتیژەوە، بەڵام جەللادەکانی ساواک نەیانتوانی هیچی پێ بدرکێنن، هەر بۆیەش ناردیانە ئەشکەنجەخانەی ئێڤین لە تاران. لەوێ بۆ ماوەی چەند مانگ لەژێر ئەشکەنجەدا ڕایانگرت، بەڵام نەیانتوانی سەبارەت بە هەڵسووڕانی سیاسی هیچی لێ ببیسن، لە ئەنجامدا پاش دوو ساڵ زیندان، ئازادیان کرد.

بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ١٣٥٦دا گیرا، بەڵام بە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی گەل و شکانی دەرگای زیندانەکان، ئەویش وەک هەزاران زیندانیی دیکە ئازاد کرا.

مینە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێرانیش بۆ چرکەیەک لە خەباتی ڕێگای ڕزگاریی زەحمەتکێشان و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کۆڵی نەدا و نەوەستا. دوای شەڕی یەکەمی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨دا بوو بە بەرپرسی دەفتەری ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسەرییەت لە بۆکان و ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەرایەتیی لقی کوردستانی ڕێکخراوەکە لە مەهاباد و لە ماوەی وتووێژی نوێنەرانی دەوڵەتی بازرگان لەگەڵ گەلی کورددا، وەک ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی فیدائییانی ئەکسەرییەت لە «هیأت نمایندگی خلق کورد»دا بەشدار بوو.

مینە و دوو کەس لە هاوڕێکانی لە کاتی بەجێهێشتنی وڵات لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٣٦١دا، لە ڕێگای چوون بۆ سەر سنووری تورکیا گیران. جەللادانی ڕژیم مینەیان ماوەیەک لە زیندانی ورمێ و تەورێزدا هێشتەوە، ئینجا ناردیانە تاران و لەوێ لە بەندی تووش و ئەستەمی ٣٠٠٠دا ڕایانگرت. وەک خەباتکارێکی کۆڵنەدەر و کوردێکی شۆڕشگێڕ، مینە لەژێر ئەشکەنجەی وەحشییانە و تۆڵەئەستێنەرانەی زیندانەوانەکاندا ڕاوەستا و هیچ چەشنە ئەشکەنجەیەک نەیتوانی ئیرادەی پۆڵایینی

تێکشـکێنێ و نهێنییەکانـی خەڵـک لای جەللادانـی کۆمـاری ئیسـلامی بدرکێنـێ. لەو پەیامانەدا وا بۆ دەرەوەی زیندانی دەنارد، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە «من هەر ئەو مینەیەی پێشـوو ماوم» بەواتای ئەوەی هەمان خەباتکاری ماندوویی‌نەناسـە کە بوو، لەسەر ئارمانجە مرۆڤانەکەی خۆی ماوە و خۆی نەدۆڕاندووە.»

٢. مینە لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە عەلاقەیەکی زۆری بە سـینەما و شـانۆ هەبوو، هەر ئەوەش هانی‌دا لە گرووپێکی تیئاتری‌دا بەشـدار بێ. لە سـاڵانی ١٣٥١ ـ ١٣٥٢دا لە سالۆنی سینەما سەعدی بۆکان شانۆیەک پیشان درا بەناوی «ئاڕەشی کەمانگیر»؛ لەو شـانۆیەدا مینە دەورێکی بەرچاوی هەبوو و شـێعرێکی دیکلەمە کرد کە بینەران گەلێکیان پێخۆش بوو و چەند خولەکێک چەپڵەیان بۆ لێدا و تەشویقیان کرد.

هاوڕێیانی مینە لە دەورەی دەبیرستان بریتی بوون لە نەمر عەزیز مەردانبەگی، حسـێن سـەرکار، عەزیز ئەبازەری، عومەر حەددادی، مستەفا سۆفی‌زادە و... لەگەڵ هەموویان، بەتایبەت عەزیز مەردانبەگی‌دا نێوانی خۆش بوو.

مینـە زۆر ئەهلـی موتالەعـە بـوو و زیاتـر ڕۆمـان و کتێبـی سـادقی هیدایـەت، دەوڵەت‌ئابادی، شاملوو، سەمەدی بێهرەنگی و عەزیز نەسینی دەخوێندەوە. قەڵەمێکی گەلێک جوانی بۆ نووسـین هەبوو و شـێعری زۆری دەزانی، خەتیشـی خۆش بوو. یەک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی دیواریی دەورەی دەبیرستانی خۆی بوو.

مینـە پێوەندێکـی بـاش و بـە ئیحتیرامـی لەگەڵ دایـک و بابمدا هەبـوو و نێوانی لەگـەڵ منیـش ئاسـایی و بـاش بـوو، ئامۆژگاریـی زۆری دەکردم و زۆریشـی هان دەدام کتێـب بخوێنمـەوە. بەداخـەوە لەبـەر هۆکاری ئاسـایش هیچکام لـە ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە و ئەوەندەی بزانم بنەماڵەی نادرەخانمی هاوسـەری لە ڕێوڕەسـمی ئیزدیواجەکەی‌دا بەشدار نەبوون.

چەند ڕۆژێک لە گیرانی مینە تێپەڕ ببوو، کە هەواڵی گیرانەکەی بە بنەماڵەی ئێمە ڕاگەیەندرا. من چووم بۆ ورمێ و لەوێ چاوم بە هاوڕێیەکی سەردەمی زانکۆی کەوت و چۆنییەتیی گیرانی ئەو و جەوادی بۆ باس کردم.

لە ئەنجامدا و کاتێ کە مینەی خۆڕاگر هیچ نهێنییەکی ڕێکخراوەیی لای جەللادانی

ڕژیمی خومەینی نەدرکاند، لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی خەرمانانی ١٣٦٤دا هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە هاوخەباتەکانی ئیعدام کرا.»

**پرسی گیرانی مینە، جەواد و سەعید**

سەبارەت بە هەندێک لایەنی کێشەی گیرانی هاوڕێیان مینە، جەواد و سەعید، لە ماوەی دووسێ مانگی ڕابردوودا لەگەڵ کاک جەعفەری شێرخانی، برای بەڕێزی کاک مینە و ئەندامێکی بەڕێزی بنەماڵەی هاوڕێ جەواددا قسەم کرد، زانیاریم وەرگرت و بۆچوونم گۆڕییەوە. بە شوێن ئەواندا بە تەلەفۆن یا ڕووبەڕوو قسەم لەگەڵ ئەم کەسانە کرد:

- ئەندامێکی هەیئەتی سیاسیی ئەو دەمی فیدائییانی ئەکسەرییەت؛
- دوو ئەندامی کوردی لقی کوردستانیی ڕێکخراوەکە؛
- ئەندامێکی غەیرە خۆجێیی لقی کوردستان؛
- ئەو هاوڕێیەی وا لە کاتی گیرانی سێ کەسەکەدا لەگەڵیان بوو؛ هەروەها لە ڕێگەی تەلەفۆن و ئیمەیلەوە لەگەڵ هەشت کەسی دیکە لە هاوڕێیانی پێشووی ڕێکخراوەکە لە مەهاباد و بۆکان پەیوەندیم گرت.

کاک جەعفەری بەڕێزیش ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەم کەسانە گرت:

- دوو کەس لە بنەماڵەی بەڕێزی خۆی و کاک مینە؛
- بەرپرسێکی پێشووی ستادی ڕێکخراوەکە لە مەهاباد؛
- بەرپرسی لقێکی ڕێکخراوەکە لە ورمێ.

لە ئەنجامی پەیوەندییەکانیشدا ئاگاداری چۆنییەتیی بۆچوونەکانی ئەوانی کردم.

واتە، سەرجەم بۆ پێکهێنان و ئامادە کردنی ئەم یادداشتانە، پرسیار لە ١٩ کەس کراوە. بەداخەوەم کە دەڵێم دوای هەموو ئەو پرسوجۆیانە نەمتوانیوە سەرەهەودای کەلافی ئاڵۆزی ئەم گیرانە بدۆزمەوە. وێدەچێ کە هاوڕێ شەهیدەکانمان لە زیندانیش دەراوێکی ڕوونیان لە مەسەلەکە نەبووبێ یا ئەگەریش بووبێتیان تا ئێستا نەزاندراوە لای کەس درکاندبێتیان.

لەو پرس‌وجۆیانەدا کە من کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە هەندێک لایەن مەسەلەکە بە شـێوەیەکی شەخسـی و تاکەکەسـی سـەیر دەکەن و خەیانەتی کەسـێکی تایبەت بـە هـۆکاری گیرانەکە دەزانن، لە کاتێکدا بەرپرسـانی سـەرەوەی ڕێکخراوەکە ئەم کێشەیە لە چوارچێوەیەکی گەورەتری سیاسەتەکانی ئەکسەرییەت و پەیوەندییەکانی ئـەو سـەردەمەیان لەگـەڵ کۆماری ئیسـلامی‌دا دەبینن و زۆر لەگـەڵ ئەمەدا نین کە تاکەکەسـێک بـە هـۆکار بناسـن، بەڵام هیچکام لـەو دوو لایەنە لـە بۆچوونی خۆیان دڵنیا نین و کێشـەی «هەڵکەوت» و «ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو» و «هەڵەی بچووکی هاوڕێیان کە بووبێتە سەبەبی ئەم خەسارە گەورەیە»ش نادەنە دواوە.

بەگوێـرەی ئـەم زانیارییانـەی وا کەوتوونەتـە دەسـت مـن، بڕیار بووە سـەعات ١ی دوای نیـوەڕۆی ڕۆژێکـی پێنج‌شـەممە[1] بـە ترۆمبیلێـک کە بەرپرسـێکی قیادەی موەققەتـەی پارتـی دێموکراتـی کوردسـتانی باشـوور بۆیـان دابین بکا، لـە ورمێوە بچـن بـۆ گونـدی ڕاژان و لەوێوە بـەرەو ئورووپا بـڕۆن، بـەڵام ترۆمبیلەکە درەنگ کەوتـووە و لـە کاتی خۆی‌دا نەهاتۆتە شـوێنەکە. ئەوانیش لـە فەلەکەی مودەرریس لە شـاری ورمێ جیپێکی کرێکێشـیی ئاسـایی‌یان بەکرێ‌گرتـووە و وەڕێ‌کەوتوون. ئـەو جیپـە لە نێوان ڕاژان و ورمێ‌دا کرێکێشـی کـردووە و لێخوڕەکەی مۆڵەتی ئەم هات‌وچۆیەی هەبووە.

لەسـەر جـادەی «بەنـد» و زۆر نزیـک لـە شـار، بازگەیەکی پشـکنینی پاسـداران ڕایگرتوون. ئەو بازگەیە «کاتی» بووە و پێشـتر لەو شـوێنەدا نەبووە، کە ئەوە خۆی پرسـیار دەخولقێنـێ. لێخوڕی جیپەکەش بارزانی بـووە و دەمانچەیەکی پێ‌بووە کە گوایـە لـەو سـەردەمەدا مۆڵەتی هەڵگرتنی بە هەندێک لـە ئەندامانی قیادە دراوە. ئەو پاسدارەی وا ڕایگرتوون، داوای کاغەز و ئەوراقی ئیجازەی دەمانچەکەی لە لێخوڕی ترۆمبیلەکە کردووە ئەویش پێی نەبووە. گوتوویەتی دەمانچەکەت ڕادەگرین و بڕۆ و ئەوراقەکـەت بهێنـە تـا بتدەینـەوە، بەڵام ئەو قبووڵـی نەکردووە. لە حەیس‌وبەیسـی

١. بەداخـەوە ڕێکەوتـی ڕۆژی گیرانەکـە ڕوون نییە، بەڵام بەدڵنیایی لە کۆتاییەکانی بەهار تا نێوەڕاستی هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی‌دا بووە.

ئـەم قسـانەدا، بـاس لە پـووڵ و پارە کراوە و جـەواد بە فارسـی گوتوویەتی «بهش بگـو پولشـو مـن میدم». ئیتر کابرای پاسـدار بە فارسـی قسـەکردنی ئـەودا گومانی لێکـردوون و خسـتوونییەتە بەر پرسـیار و پشـکنین. لـە پشـکنینەکەدا کیفێکیان بە دەسـت جـەوادەوە دیـوە کـە پارەیەکـی تێـدا بـووە و ئـەوەش پاسـدارەکەی زیاتر گوماناوی کردووە. ئەنجامی ئەم پرسـیار و پشکنینە گەیشتۆتە گرتن و ناردنیان بۆ زیندانی ورمێ و قەومانی کارەساتەکە.

لەم ڕووداوەدا سـێ کەسـەکە گیراون، بەڵام ئەو هاوڕێ کوردەی وا ڕێنومایان بـووە و بڕیـار بـووە بیانگەیەنێتـە ڕاژان، لـە پێشـەوەی ترۆمبیلەکـە دانیشـتووە و حیسـابی خۆی لەوان جیا کردۆتەوە، لە پرسـیار و وەڵامدا گوتوویەتی دەچێتە ماڵی خۆشکی خۆی لە ڕاژان، ئەوەش بۆتە هۆکاری بەربوون و ڕۆیشتنی.[1]

لەم ڕووداوەدا چەند پرسێک سـەرهەڵدەدەن:

گەلۆ کەسـێک ڕاپۆرتی ڕۆیشـتنی ئەوانی بە ئیتلاعاتی سـپای پاسـداران داوە و ئەوانیش لەو شوێنە بۆسەیان بۆ ناونەتەوە؟ ئەگەر بووە، کێ بووە؟ هەر لە بەرپرسی ئەو دەمی ڕێکخراوی ئەکسەرییەت لە ورمێوە تا کەسانێکی دیکەی وا ئاگاداری ئەو سـەفەرە بـوون، تا هاوڕێی ڕێنومایان، تا کەسـانی دەوروبـەری پارتی دێموکرات و تەنانەت تا لێخوڕی ترۆمبیلەکە... بەڵام کێ و کامیان و بۆچی؟

گەلۆ ڕێکخستنی سەفەرێکی ئەوتۆ بەو شێوەیە، بە ترۆمبیلی کرێ و بەو ڕێگایەدا بۆ کەسانێکی وا پلەبەرزی ڕێکخراوەکە، لەجێی خۆیدا بووە؟

گەلۆ پشکنینی پاسدارەکان بەهەڵکەوت بووە و هاوڕێکانی ئێمە بوون کە خۆیان بۆ پرسیار و وەڵامەکان ئامادە نەکردبوو؟

گەلۆ کیفی پووڵ و فارسی قسەکردنی جەواد بۆتە هۆکاری گومان لێکرانیان؟

وەڵامێکی ڕوون بۆ هیچکام لەو پرسـیارانە نییە. ئەوەی ئاشـکرایە و لە قسـەی بەرپرسانی سـەرەوەی ڕێکخراوەکە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە:

---

١. ئەم زانیارییانەم لە هەمان ئەو هاوڕێیە وەرگرتووە کە لە ترۆمبیلەکەدا گەڵیان بووە.

ئـا. بڕیاری ســەفەری جــەواد بۆ ئورووپـا لەلایەن هەیئەتی سیاسـیی ڕێکخراوی ئەکســەرییەتەوە دراوە، کـە جـەواد خۆی یەک لە ئەندامەکانـی بووە و لە کاتی بڕیاردانیش، لە دانیشتنەکەدا ئامادە بووە.

ب. چۆنییەتیـی ڕۆیشــتنەکە و ڕێگای کوردســتانیش جەواد خـۆی هەڵیبژاردووە؛ ڕێگای ڕۆیشتنە دەر لە ورمێشەوە پێشتر چەند جار تاقی کراوەتەوە.[1]

پ. هەڵبژاردنی هاوڕێیان مینە و سەعید وەک بەرپرسانی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە کوردستان، یەکەم بۆ یارمەتی‌دانی جەواد و دووهەمیش بۆ دوورخستنەوەیان لە مەترسیی گیران لە نێوخۆی ئێران بووە.

لە ماوەی ئەم پرس‌وجۆیانەدا ئاگادار کرامەوە کە:

کەســێک بەناوی عەلی، بەرپرســی ئەو دەمی ڕێکخراوی ئەکســەرییەت لە ورمێ، کـە خوێندکارێکـی زانکۆی کشــتوکاڵی ورمـێ و خەڵکی باکووری ئێـران بوو، دوو جار لەلایەن ئیتلاعاتی سـپای پاسـدارانەوە گیرابوو و خێرایەک بەردرابوو؛ تەنانەت یـەک لـەو گیرانانەی خۆی بە ڕێکخراوەکە ڕانەگەیاندبوو! ئەو کەسـە، بەیانی ڕۆژی گیرانی هاوڕێیان لەگەڵیان بووە و دەسبەجێ بە ماوەی سەعاتێک دوای گیرانیان بە هاوڕێیەکی ڕێکخراوەکەی گوتووە[2] «هەرسـێکیان گیران»! گوایە ئەو شەخسـە، واتە «عەلی» ئێستا جێگری وەزیرێکی کابینەی ئەحمەدی‌نەژادە لە تاران![3]

برایەکی ئەو هاوڕێیەی وا لە کاتی گیرانی سێ کەسەکەدا لەگەڵیان بووە، پاسدار یـا کەسـێکی نزیک بـە دامودەزگای دەوڵەت بووە لە ورمێ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسـە دەستی لە کارەکەدا بووبێ، چۆنی بە هەواڵی ئەم ڕۆیشتنە زانیوە؟

وەک ئەگەرێـک، دوور لـە عەقـڵ نابـێ ئەگـەر بیر لـەوە بکرێتەوە ئایا کەسـانێک لـە پلـەی خوارەوەتـری ئاڵقەی قیادەدا، کە ئاگاداری مەسـەلەکە بـوون، هەواڵیان بە ئیتلاعات دابێ!

---

١. ئەمەم لە کەسێکی نزیکی بنەماڵەی جەواد بیست.
٢. ئەم هاوڕێیە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی.
٣. لەو هەواڵە دڵنیا نیم، بەڵام لە چەند سەرچاوەم بیستەوە.

دوای هەموو ئەوانەش، بەرپرسانی سەرەوەی ئەکسەرییەت لایان وایە کە بەهۆی پەیوەندیی نزیکی سیاسەتەکانی ئەکسەرییەت لە کۆماری ئیسلامییەوە، لەو ساڵانەدا ئەگەر ئیتلاعات بیویستایە جەواد بگرێ، دەیتوانی و پێویستی بەو شانۆگەرییانە نەدەکرد.

مەسەلەیەک کە جێگەی بیر لێکردنەوەیە ئەوەیە جەواد ماوەی چوارپێنج ساڵ دوای گیرانەکەی لە زینداندا مایەوە و لەو ماوەیەدا ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی گەلێک جار چاویان پێی کەوت. هەواڵی دوو یا سێ چاوپێکەوتنی ئەندامانی بنەماڵەی کاک مینەش هەر هەیە. نە مینە و نە جەواد لەو چاوپێکەوتنانەدا دوور یا نزیک ئاماژەیەکیان بە هۆکاری گیرانی خۆیان نەکردووە. بەداخەوە نەمتوانی پەیوەندییەک لەگەڵ بنەماڵەی هاوڕێ سەعید ببەستم و پرسیارەکەیان ئاراستە بکەم، بەڵام وێناچێ ئەوانیش زانیارییەکی ئەوتۆیان بووبێ، دەنا بە شێوەیەک لە شێوەکان، شەخسی یا ڕێکخراوەیی، دەگەیشتەوە کەسێک لەو ١٩ کەسەی وا بۆ نووسینی ئەم یادداشتانە پەیوەندییان پێوەکراوە.

ئەوانە ڕیوایەتی چەند کەسێک لە بەرپرسانی ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسەرییەت و ئەوانەن وا لە سەردەمی گیرانی ئەو سێ کەسەدا سیاسەتگێڕ یا لایکەم ئاگاداری سیاسەتەکانی ئەکسەرییەت بوون. هیچکام لەو کەسانەی وا من قسەم لەگەڵ کردوون یا زانیاریم لێوەرگرتوون بەڕاشکاوی و بێگومانییەوە نەیانتوانیوە هۆکاری گیرانی هاوڕێیان ڕابگەیەنێ، ئەوەش خەسلەتی ئەو چەشنە ڕووداوانەیە کە بەداخەوە هاسان نییە «هۆکاری بێگومان»یان بۆ بدۆزرێتەوە.

بەگوێرەی ئەزموونی من لە ماوەی ئەو پرس‌وجۆیانەدا، کەسانێک کە شارەزایی کەمتریان لە مەسەلەکە هەیە، لەنێو هەموو ئەگەر و ئایا و ئیحتیمالەکاندا زووتر و هاسانتر یەکێکیان هەڵبژاردووە و بۆ نموونە تاکێکیان بە تاوانبار زانیوە، بەڵام کەسانێک کە بەرپرسایەتیی سیاسەتدانانی ڕێکخراوەکەیان بە دەست بووە و ئاگاداری سیاسەتی ڕۆژ و ڕەوتی گشتیی کارەکان و پەیوەندیی ڕێکخراوەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوون، وا بە تێڕادیوی و ڕاشکاوی بڕیار نادەن و

کەمتر لەگەڵ ئەم بۆچوونە یەکلایەنانەدان. ئەوان مەسەلەکە بە هەڵکەوتێک یا هەڵەیەکی حیسابەکانی هاوڕێ جەواد دەزانن و دەڵێن دەیان کەس لە بەرپرسانی ڕێکخراوەیی ئێمە لەو ساڵانەدا گیران و بەردران؛ پەیوەندیی کەموزۆریشمان لەگەڵ دەزگای حکوومەتی هەبوو؛ ئیتر ئەگەر بیانوویستایە بمانگرن پێویستی نەدەکرد لەسەر ڕێگەی بەندی ورمێ لەسەرمان ڕاوەستن، لە تاران و زۆر شاری دیکەش بە شوێنی هەندێک لە بەرپرسانی ئێمەیان دەزانی و ئەگەر بیانوویستایە دەیانگرتین، وەک دوای ساڵی ١٣٦٥ و گۆڕانی سیاسەت و هەڵگرتنی دروشمی ڕووخاندنی ڕژیم، گرتیانین و ئیعدامیشیان کردین.

دیارە ئەم بۆچوونە، هەندێک ڕاستیی تێدایە، بەڵام زۆریش تەواو نییە لەبەروەی لە ماوەی ساڵانی ١٣٦٢ ـ ١٣٦٥یش‌دا ژمارەی ئیعدامییەکانی فیدائییان کەم نەبووە و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەکسەرییەت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٣٦٠ ـ ١٣٦٥دا هەواڵی چەندەها شەهیدی ئەکسەرییەتییان ڕاگەیاندووە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌دا ئیعدام کراون؛ بەتایبەت کاتێ مەسەلەکە پەیوەندیی بە هاوڕێیانی کوردستانەوە پەیدا دەکا، هەندێک زیاتر لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە.

لام وایە بکرێ نموونە بۆ هەر دوو بۆچوونەکە بهێندرێتەوە:

ـ لایەنێک دەتوانێ بڵێ ئەی بۆچێ هاوڕێیەکی وەک «رضی تابان» و زۆرێکی دیکەمان هەر لەو ساڵانەدا ئیعدام کران؟

ـ لایەنەکەی دیکەش دەتوانێ نموونە لە گیران و ئازادکرانی چەند کەس لە بەرپرسانی سەرەوەی ڕێکخراوەکە یا تەنانەت هاوڕێیانی کوردستانیش بهێنێتەوە، کە یەکیان من خۆم بووم و لە کۆتایی‌یەکانی ساڵی ١٣٦٠دا بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە تاران گیرام و بە هەوڵی ڕێکخراوەکە بەردرام. دیارە من لە پلە و ڕوتبەی ڕێکخراوەیی‌دا ئەندامێکی ساکار زیاتر نەبووم، بەڵام هەر بە حیسابی بەرپرسایەتیم لە کوردستان دەیانتوانی ڕامبگرن و ئیعدامیشم بکەن، کە نەیانکرد. خەڵکانی گەلێک گرنگتریش هەبوون کە گیران و ئیعدام نەکران، ئازادیش کران.

بەڵام یەک خاڵ هەیە کە دوور نییە لەم پەیوەندییەدا کارتێکەریی هەبووبێ

ئەویش ئەوەی کە ئەو سێ هاوڕێیە دەچوونە دەرەوەی وڵات. بۆی هەیە ئیتلاعاتی سپای پاسداران تا کاتێک کە بەرپرسانی ئەکسەرییەت لە نێوخۆی وڵات و لە بەردەستی خۆیاندا بوون، کاریان بەسەریانەوە نەدابووبێ و لێیانگەڕابێتن، بەڵام کاتێ کە زانیبێتیان وا هەیە باڵندەکان لە قەفەز دەرچن، گرتوویانن و نەیانهێشتووە بڕۆنە دەرەوە.

خاڵی لاوازی ئەم بۆچوونەش دەکرێ ئەوە بێ کە بڵێین باشە ئەوان چۆنیان دەزانی کە ئەو سێ کەسە بۆ کارێکی ڕێکخراوەیی ناچنە ڕاژان و بەپێچەوانە، وڵات بەجێدەهێڵن؟ واتە ئەم زانیارییە هەرگیز نەدەکەوتە دەست پاسداری ورمێ ئەگەر هاوکارێکیان لەنێو ڕێکخراوەکەدا نەبووایە، کە ئەوەش دەمانگەڕێنێتەوە نێو بازنەی یەکەمی ئەگەرەکان و خەیانەتی نێوخۆیی تاکەکەس لە ڕێکخراوەکەدا.

ئەوە زنجیرێکی درێژە لە ئاڵقەی زۆری بۆچوون و ئەگەر و ئەمما. بەداخەوە پەیجۆیی من لەوە زیاتر نەچووە پێشێ و سەرەڕای هەوڵی زۆری خۆم و هاوکاری کردنی کاک جەعفەر و ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و برادەر و هاوڕێ و بەرپرسی ڕێکخراوەکە، نەمتوانی ئاڵقەی سەرەکیی ئەم زنجیرە بدۆزمەوە یا بۆچوونێکی ڕوون لەسەر مەسەلەکە دەرببڕم و بەڕاشکاوی کارەکە بە لایەکدا بخەم.

لە کۆتاییدا، ئەگەر مافی دەربڕینی بۆچوونی شەخسیم هەبێ، ڕووداوەکە وەک دەرەنجامی هەڵەی هەر سێ هاوڕێکە، بەتایبەت هاوڕێ جەواد و پەلەکردن و بێئیحتیاتی خۆیان دەبینم. من پێشتر خەسلەتی پەلە و هەڵەشەییم لە کەسایەتیی هاوڕێ جەوادا بینیبوو و دەمزانی ڕۆحێکی جەسوور و ئازا و خۆپێدادەر و کەمئیحتیاتی هەیە. وەک نموونەیەک بۆ پەسندی بۆچوونەکەشم ئاماژە بە ڕۆژی ڕۆیشتنی هاوڕێ جەواد لە بۆکان دەکەم؛ یەکدوو ساڵ پێش گیرانیان، واتە لە کاتێ داخرانی دەفتەری بۆکاندا.

ئەو دەم جەواد لە بۆکان لە ماڵی مینە دەژیا و کاتێک کە دەفتەری بۆکان داخرا بۆ هەندێک کاروباری ڕێکخراوەیی کەڵک لە ماڵی ئێمە وەردەگیرا، جەوادیش زۆربەی ڕۆژەکان لەوێ بوو. کاتێ ئیتر هاوڕێیان لە کوردستان دەستیان کرد بە

ڕۆیشتن، نۆبەی جەواد هات. جەواد لە ڕۆژی ڕۆیشتندا دەمانچەیەکی لەگەڵ خۆی برد و هەر کارێکمان کرد خۆ لەو مەترسییە نەدا، بە قسەی نەکردین.

من دڵنیا بووم دەمانچەکەی ئەگەر بەشێک بۆ داکۆکی کردن لەگەڵ خۆی دەبرد، بەشـێکی زیاتر بۆ ئەوەی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی پاسـدار و مەترسـی دەسـت بەسەربوونداخۆی پێ بکوژێ. جەواد کەسێکی بەجەرگ و ئازا و لەخۆبوردوو بوو و دوور نییـە هـەر ئەم ئازایەتییەش بووبێتە هـۆکاری بێئیحتیاتی و گیرخواردنیان. لە عەینی کاتدا کە ئەو قسانە دەکەم، ئەگەری خەیانەتی «عەلی» بەرپرسی ڕێکخراوی ئەکسـەرییەت لـە ورمێـش ناتوانـم لـە بەرچـاوم ون بکـەم. هەڵـە یان ڕاسـت، ئەوە بۆچوونی منە و بەڵگەشم بۆ سەلماندنی نییە!

هیـوادارم پەیجۆیییەکانـی دواتـری بنەماڵـەی بەڕێـزی هـەر سـێ شـەهیدەکە لەلایەک و هەوڵی بەرپرسانی ڕێکخراوەکەش لەلایەکی ترەوە بێئەنجام نەمێننەوە و لـە دواڕۆژدا تیشـکی زیاتـر بکەوێتـە سـەر مەسـەلەی گیرانـی ئەو سـێ خەباتکارە مەزنـە و بزووتنـەوەی نەتەوایەتیـی کوردیـش بـۆ خەباتـی دواڕۆژی خـۆی لـەو کارەساتە دڵتەزێنە دەرس وەربگرێ.[١]

**

لێـرەدا یادێـک دەکەم لە هەندێک هاوڕێی بەئەمەگی ڕێکخـراوی فیدائییان کە لەپێناو باوەڕیاندا شەهید بوون. هەندێک لەو هاوڕێیانە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان یا خود ئێران بوون، بەڵام ڕاسـتەوخۆ یا ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ دەفتەری فیدائییان لە بۆکان هەبوو و من بە شـێوەیەک لە شـێوەکان کارم لەگەڵ کردوون و ناسیومن. دیارە تایتڵی باسەکەم نەگۆڕیوە دەنا زۆربەی ئەو کەسانە بۆکانی نەبوون و

---

١. بەختەوەرانە خاتوو «ڕوقیە دانشگەری» هاوسەری بەوەفای هاوڕێ جەواد مانگی مارسی ٢٠٢١ کتێبێکی سـەبارەت بە ژیانی هاوسـەرەکەی نووسـیوە و لە ئاڵمانیا بڵاوی کردۆتەوە، کە پرسـی گیرانی جەواد و دوو کەسـەکەی دیکە بەشـی هەرە زۆری کتێبەکەیان پێکهێناوە، بەڵام لەوێشدا هۆکاری سەرەکیی گیرانەکەیان ڕوون نەبۆتەوە. بڕ: رقیە دانشگری (فران)، «بـە یـاد آن پرواز زندگی و مرگ علیرضا اکبری شـاندیز»، کتـاب آیدا، بوخوم، آلمان، بهمن ١٣٩٩/ فوریە ٢٠٢١. ISBN: 978-3-947753-72-7

لــە بۆکانیش شــەهید نەکـراون، بەڵام لە پەیوەندیی بۆکان‌دا بـوون و یادکردنەوەیان بـۆ مـن بەڕێوەبردنـی کەمتریـن ئەرکە بەرانبەر بـەوان و کەسـایەتیی خەباتکاریان. هەندێـک لـەو شـەهیدانە کەسـانێک بوون کە پێشـتر هات‌وچۆی دەفتـەری بۆکانیان کـردووە و مـن لـە کۆبوونـەوەی ڕێکخراوەیـی‌دا لەگەڵیـان بووم، ڕێـزم گرتوون و خۆشـم ویستوون و ئێستاش بە پێویسـتی دەزانم بەش‌بەحاڵی خۆم ناویان و یادی خۆشەویستیان زیندوو ڕابگرم.

١. هاوڕێ بێهرووز سولەیمانی

هاوڕێ بێهرووز لە یەکەم کەسـانێک بووە کە لە کوردسـتان لەگەڵ بزووتنەوەی فیدائییان کەوتووە، هەر لەو پەیوەندییەش‌دا گیراوە و لە زیندان‌دا هاودەمی ڕێبەرانی سـەرەکیی بزووتنەوەکە وەک جەزەنی و پوویان بووە. لە هاتنە دەرێی زیندانیش‌دا بێهـرووز لەسـەر ڕێبـازی خـۆی ماوەتـەوە و یەکەم دەفتـەر و بنکـەی فیدائییان لە کوردستان، پێش کرانەوەی ستادی سازمان لە مەهاباد، بەدەستی ئەو و هاوڕێکانی لە شاری سنە کراوەتەوە.

بێهـرووز کەسـایەتییەکی جیـددی و خاوەن بڕوا و لەخۆبـوردوو بوو. من چەند جـار لە بـۆکان و مەهاباد بینیومە، لە کۆبوونـەوەی ڕێکخراوەیی‌دا لەگەڵی بووم، لە بـۆکان هاتۆتـە ماڵمـان، لە مەهاباد کاتێ لەگەڵ هاوڕێ مینەی شـێرخانی لە ماڵێک‌دا دەژیـان چەنـد ڕۆژ لەلایـان ماومەتـەوە و دوای داخرانی دەفتەرەکانـی فیدائییان لە کوردستانیش کاتێ کە هەردووکمان لە تاران بووین، هات‌وچۆی ماڵمی کردووە.

لەو بیرەوەرییانەی وا لەسەر بێهرووزم هەیە ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەم:

شاری سنە کەوتبووە دەست پاسداری خومەینی و بێهرووز لە بنکەکانی دەوروبەری شاری سنە دەژیا. جارێک بۆ ئەرکی ڕێکخراوەیی هاتبووە مەهاباد و بۆکان. هاوسەر و کوڕە بچووکەکەشی لە سنەوە هاتبوونە دیتنی. هەردوو لایان ئەو ڕۆژە گەیشتبوونە بۆکان و لە ماڵی ئێمە بوون. ئەو شەوە کۆبوونەوەیەک لە ماڵی یەک لە هاوڕێکانمان پێکدەهات و هەر بۆیەش دوای نانخواردن چووینە ئەوێ. کۆبوونەوەکە درێژەی کێشا، من دوای نیوەشـەو گەڕامەوە ماڵێ، بەڵام بێهرووز لەوێ مایەوە و نزیکەی هەموو

شەوەکەی لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا تێپەڕ بوو، کە پێویست نەبوو من تێیدا بەشدار بم، هەر بۆیەش چوومەوە ماڵێ، دایکم و هاوسەری کاک بێهرووز بە خەبەر بوون و چاوەڕوان مابوونەوە. دایکم زۆری پێناخۆش بوو کە بێهرووز نەگەڕابۆوە لای ژن و منداڵەکەی، دەیگوت لەسەر هەر عەقیدەیەکن کەیفی خۆتانە، بەڵام ئەو ژن و منداڵە چ گوناهێکیان کردووە؟ با سەعاتێک لە لایان دابنیشتایە. بەیانی زوو بێهرووز بە شوێن کارێکی خێرای ڕێکخراوەییدا ڕۆیشت بۆ لای گەورکایەتی و بۆ چەند خولەک نەبێ چاوی بە هاوسەر و منداڵەکەی نەکەوتەوە، ئەوانیش دواتر گەڕانەوە بۆ سنە. بێهرووز هیچ کەس و هیچ پەیوەندییەکی نەدەخستە پێش باوەڕەکەی و ئەرک و کاری ڕێکخراوەیی خۆی.

کاتێ چووبووینە تاران، بێهرووز لەگەڵ ئەکسەرییەت نەمابوو و ئەندامی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی کێشتگەرییەکان بوو، بەڵام بە حوکمی دۆستی دەهاتە ماڵەکەی منیش. کلیلێکی ماڵەکەم پێ دابوو کە هەر کات ویستی بێتە ژوورەوە. برادەرێکی ڕێکخراوەیی سەر بە ئەکسەرییەت کە ئێستا لە ئاڵمانیا دەژی بە ژن و منداڵەوە لە تاران بوو، لە باری داراییەوە دۆخی لە ئێمەش خراپتر بوو. کەس نەبوو تمەنێکمان بۆ خەرجی ڕۆژانە بداتێ، جا ئەویش بە ژن و منداڵەوە دەردی لە ئێمە گرانتر بوو. باسی مەسەلەکەم بۆ بێهرووز کرد. دەستی برد و بڕێک پارەی دەرهێنا و دایمێ بیدەمە برادەرەکەم، منیش دامێ. پێم سەیر بوو، ئەو لە ڕێکخراوەکەدا نەمابوو و لەباری سیاسیشەوە لەگەڵمان ناکۆک بوو، وەکی دیکە چاوی لەو هەژاری و ناتەواوییەی هاوڕێکەمان ـ کە دەیناسی ـ نەقووچاند و مەسەلەکەی نەخستە پشتگوێ. بۆ بێهرووز دیواری بەینی ڕێکخراوەکەی ئێمە و خۆیان دیوارێکی شووشەیی بوو و لەودیوێوە بێدەرەتانی و هەژاریی هاوڕێکەمانی دەبینی. ئەو دیوارە بۆ زۆر کەسی دیکە دیوارێکی کۆنکرێت و پۆڵایین بوو کە تەیری باڵشکاوی بیریان پێیدا ئاودیو نەدەبوو!

٢. هاوڕێ عەلیڕەزا ئەکبەری شاندیز (ڕەفیق جەواد)

چەند مانگێک دوای کرانەوەی ستادی سازمان لە مەهاباد و زەقبوونەوەی

هەندێک ناتەبایـی ئایدیۆلۆژیک لای ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوەکە لە کوردسـتان کـە لـە زەلـی نێـوان ئینترناسـیۆنالیزمی سوسیالیسـتی و ناسـیۆنالیزمی کـوردی چەقیبـوون و نەیاندەتوانـی خۆی لـێ ڕزگار بکەن، کومیتەی ناوەندیـی فیدائییان بۆ بەهێـز کردنی ڕێکخراوەکە لەباری تیئۆریـک و دەرکردنی بڵاوەی تیئۆرییەکی وەک «ڕێگای گەل»، ئەندامێکی هەیئەتی سیاسیی خۆی نارده کوردستان.

ئەو کەسە، هاوڕێ عەلیڕەزا ئەکبەری شاندیز، خەڵکی مەشهەد بوو کە بە «ڕەفیق جـەواد» دەناسـرا. لـە ماوەی مانەوەی جـەواد لە مەهاباد مـن پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵـی نەبـوو و تەنیـا چەنـد جارێکم بینیبـوو، بەڵام کاتـێ کە پاسـدار مەهابادیان گرتـەوە و سـتادی سـازمان لە مەهابـاد داخرا، جـەواد هاتە بۆکان و لـە ماڵی کاک مینـەی شـێرخانی دەژیا. دوای داخرانـی دەفتەری فیدائییان لـە بۆکانیش، ماڵی ئێمە کەمتاکورتێـک وەک ئۆفیـس و ئیـدارەی ڕێکخراوەکـەی لێهاتبـوو و بەشـێک لـە کارەکان لەوێ بەڕێوە دەبران، هاوڕێ جەوادیش زۆر جاران بە ڕۆژا دەهاتە ئەوێ. لـە کۆتایـیدا، کاتێ ئێمە هەموو وردەوردە خەریکـی بڵاوەکردن بووین و دەچووین بـۆ تـاران و شـارەکانی تـر، جەوادیـش لە دوایین کەسـەکان بوو کە کوردسـتانی بەجێهێشـت. ئـەو ڕۆژەی کـە لـە بۆکانـەوە بـەرەو تـاران دەڕۆیشـت، یـەکدوو هاوڕێـی دیکەشـمانی لەگـەڵ بـوو. دەمانچەیەکـی لەگەڵ خـۆی برد، هـەر کارێکمان کـرد ملیدانەبـرد دەمانچەکە لەگـەڵ خۆی نەبا. ڕێگا پڕ مەترسـی بوو، بەڵام جەواد مرۆڤێکی بەجەرگ بوو، دڵنیام چەکەکەی بۆ کوشـتنی کەس لەگەڵ خۆی نەدەبرد و بۆیەی بوو ئەگەر تووشـی مەترسـییەکی جیددی وەک گیران بەدەسـتی پاسـدار و جاش بێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ.

سـەرەڕای ئـەم ئازایەتـی و بەجەرگییـە، دەگوتـرێ کـە لـە زینـدان و لەژێـر ئەشـکەنجەدا شـکابێ و خۆی دۆڕاندبێ. من هەواڵی نزیکم سەبارەت بەو مەسەلەیە نییـە، بـەڵام بە درۆشـی نازانم لەبەروەی لە زۆر سـەرچاوەم بیسـتووە. برادەرێکی خۆشەویستم لەم پەیوەندییەدا بۆی نووسیوم:

«یەکێ لە کوڕەکانی ورمێ[ی ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسـەرییەت] کە لە زیندان

بەردرا بوو گوتبووی جەواد هەموو شتێکی گوتووە. ئەوەندەی من بیسبێتم شەهید مینەش دەبێ ئەوەی بە کەسێک گوتبێ.»

من خۆم لەسەر ئەم قسانە ئیستێک دەگرم. جەواد سەرەڕای هەموو ئەو قسە و ناوونیتکانە، گەلێک نهێنیی پاراست کە ناکرێ لێرەدا باسیان بکرێ، بەڵام یەک خاڵ لە پەیوەندیی خۆمدا هەیە کە دەتوانم دەسنیشانی بکەم. جەواد ئادرەسی ماڵەکەی منی لـە تـاران دەزانی و هاتوچـۆی کردبوو، منیش کە لە ڕێکخراوەکـە جیاببوومەوە تا درەنگانێکی زۆر بە هەواڵی گیرانیم نەزانیبوو. ئەگەر ئەو بیویستایە بەڕاستی خراپ بێ و بەتەواوەتی لایەنی دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی بگرێ، سووک و هاسان دەیتوانی هەم ئادرەسی منیان بداتێ، هەم لەگەڵیان بێ و ماڵەکەیان پیشان بدا، بەڵام ئەوەی نەکرد و منی پاراست و بۆ هەمیشە منەتباری خۆی کرد. دەزانم لەم پەیوەندەدا کەسانێکی زیاتر و گەلێک لە من گرنگتر هەبوون کە جەواد ئەوانیشی پاراست.

بـا ئـەوەش بڵێـم کاتێ کە سیسـتەمی سیاسـی لـە کۆمەڵگایـەکدا ئەهریمەنی و نامرۆڤانە بوو، گونجاو دەبێ بتوانێ لە فریشتە شەیتان دروست بکا. دیارە تاقەت و خۆڕاگریی خەڵکانیش هەموو لە یەک ڕادەدا نییە. برادەرێکی خۆشەویست سەبارەت بە کۆتایی کاری جەواد لە زیندان ئەم دێڕانەی بۆنووسیوم:

«تاوانی ئەو مرۆڤشـکاندنە دەکەویتە ئەسـتۆی دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەرگیز حورمەتیان بۆ مرۆڤ دانەناوە.»

دیارە بۆچوونی برادەرەکەم و پاکانە کردنی من باری سەرشـانی جەواد و هیچ کەسـێکی دیکە سـووک ناکەن و هیچ پەڵەیەک بۆ کەس ناشـۆنەوە. ڕێبازی خەبات پڕ لە مەترسییە و ڕێبوار دەبێ یا خۆی لێلابدا یا بۆ بەرز و نزمییەکانی ئامادە بێ.

لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵێم کە هاوڕێ جەواد دوای ڕۆیشتنمان لە کوردستان و چوونمان بۆ تاران، لەگەڵ هاوڕێ «ڕوقیە دانیشگەری»، یەک لە ژنە چریکە ناودارەکانی سـەردەمی خەباتـی چەکدارانـەی «چریکـە فیدائییەکانـی گەل» پەیمانـی ژنومێردیی بەسـت و بێهەسـتوخوسـت شـاییەکی بچووکیان لە تاران ڕێکخسـت، کە منیش بەختـی ئـەوەم هەبوو تێیدا بەشـدار بم. بەداخەوە دوای شـاییەکە زۆری پێنەچوو

جەواد گیرا و هەر ئەو گیرانە بوو کە ئازادیی بە شوێندا نەهات و جەللادانی خومەینی ئەویشیان لە زیندانی ئێڤین ئیعدام کرد.

٣. هاوڕێ عومەر بەرایی

هاوڕێ عومەر بەرایی (مام عەلی) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە سەقز لەدایک ببوو. مامۆستای بیرکاری بوو لە شاری سەقز. کەوتبووە پەیوەندەوە لەگەڵ دەفتەری بۆکانی ڕێکخراوەکەش. ئەوەی سەبارەت بەو هاوڕێ لێزان و زانایە لە بیرم بێ سەردەمێکە کە لەگەڵ هاوڕێیانی تر لە چیاکانی باشووری کوردستان دەژیاین و ئەو یەک لەو کەسانە بوو کە بە ڕووخۆشی و قسەخۆشی و گۆرانی خۆش گوتنەوە، باری ژیانی سەخڵەت و ئەستەم و پڕ لە مەترسیی ئەوێی لێ سووک دەکردین. سەرەڕای ئەستەم بوونی بارودۆخی ژیان، من هیچ کات نەمدیت بزە لەسەر لێوی عومەر بتۆرێ، هەر ئەوەش ورە و هێزی دەدایە زۆر کەس و یەک لەوان من. بە دیتنی هاوڕێ عومەر و هەڵسووڕاوی و ورەبەرزی و پێکەنینەکانی، تۆ شەرمت دەکرد نەک هەر لە تەنگوچەڵەمەکانت بدوێی، تەنانەت لای خۆشت بیریان لێبکەیتەوە. سەرچاوەی ئەو خەسڵەتانە و ئەم ورەبەرزییە، بنەمای پتەوی باوەڕ، هیوا بە دواڕۆژی چەوساوانی وڵاتەکەی، ملدانەواندن بۆ ئەرک و کاری ڕێکخراوەیی و تا ڕادەیەکی زۆریش پێگەی چینایەتیی هاوڕێ عومەر بوو.

هەر ئەو باوەڕە بەهێزە کارێکی کرد کە کاتێ زۆربەی هاوڕێیان باشووری کوردستانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە وڵات یا چوونە وڵاتانی دەرەوە، ئەو لە کوردستان و لای یەک لە هێزە سیاسییەکانی باشوور مایەوە و وەک پێشمەرگەیەکی گیانفیدا خزمەتی گەلی هەژاری کوردی کرد تا ئەوەی بۆمباردمانی هێزەکانی سەددام لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی (عارف خەلیفەزادە)دا شەهیدی کردن.

٤ـ٥. هاوڕێیان عارف خەلیفەزادە (مام خدر) و ڕەزا خەلیفەزادە

هاوڕێ عارف خەڵکی سەقز بوو. پەیوەندیی بە بۆکانەوە دەگەڕایەوە ڕۆژانی کۆچ و ڕەوی خەڵکی سەقز دوای هاتنەوەی پاسداری دژی خەڵک بۆ شارەکە.

ئـەو دەم بەشـێکی زۆر لـە بنەماڵە سـەقزییەکان لە ماڵی خەڵکی بـۆکان حاوانەوە و بەشێکیشـیان لە سـتادیۆمی وەرزشـیی شـار لەژێر چادردا دەژیان. بنەماڵەی کاک عـارف لـە ماڵـی کاکـم بوون و هـەر لەوێـوە هـەودای ناسـیاوی و دۆسـتایەتیمان سـەری هەڵدابوو. بەداخەوە هەر لەو ماوە کورتەدا برا گەورەی کاک عارف بەهۆی پێکدادرانی ترۆمبیلەوە لە جادەی سەقز و بۆکان گیانی خۆی لە دەست دا. ئەوەندەی بزانم ناوی ڕەزا بوو و لایەنگری فیدائییانیش بوو. وا هەیە کاک عارفی برا چکۆلەش لەژێر کارتێکەریی ئەودا بەرەو ڕێکخراوی فیدائییان کشابێ.

من هاوڕێ عارفم لە چیاکانی برادۆست لە باشووری کوردستان ناسی. ئەویش و منیش و زۆر کەسـانی دیکە بۆ ماوەیەک لەوێ گیرسـابووینەوە. عارف ناوی خۆی نابوو «مام خدر». لاوێکی خوێنگەرم و هەڵسـووڕاو کە سـەرەڕای کەمتەمەنییەکەی، هەمـوو لایـەک ڕێزیـان دەگرت و خۆشـیان دەویسـت. لەگـەڵ کاک عومـەر بەرایی کەپرێکیـان لەژێر داربەڕوویەکی کۆنەسـاڵ دروسـتکردبوو و تێیـدا دەژیان. دوای ڕۆیشتنی من و زۆرێکی دیکە لە هاوڕێیان، هاوڕێ عارف لەگەڵ کاک عومەر لەوێ مانەوە و بەداخی زۆرەوە کەوتنە بەر بۆمباردمانی سەددام و شەهید بوون.

ئـەو دەم مـن گەڕابوومـەوە تاران و لەگەڵ دایک و خوشـکمدا پێکـەوە دەژیاین. دایکـی دڵشـکاو و ڕۆڵەکوژراوی کاک عارف هاتە ماڵمان و گەلێک گریا. دەیویسـت کوڕەکـەی بگەڕێتـەوە و دەیگـوت لـە تـاران دەتوانـم بیشـارمەوە و بیحاوێنمـەوە. بەداخـەوە مـن پەیوەندییەکم لەگەڵ ڕێکخراوەکـە نەمابوو و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم چاوپێکەوتنە هەواڵی شەهیدبوونی عارفم پێگەیشت و هیچ نەکرا بۆ گەڕانەوەی. دایکـی عـارف پیش مردنی کـوڕی دووهەمی گەلێک پەشـێو و ناڕەحەت بوو، داخوا دەبێ بە بیستنی هەواڵی مەرگی کوڕی دووهەم چی لێ بەسەرهاتبێ. کێ بەو هەموو ئـازار و دەردە دەزانـێ کە گەلەکەمـان و بنەماڵەیەکی مەزلوومـی وەک خەلیفەزادە تووشی هاتن؟ ئەگەر خوایەک هەبێ دەبێ هەڵینەگرێ.

٦. هاوڕێ عەبدوڵڵا کەریمی

کوڕەلاوێکـی خوێنـدەواری خەڵکـی سـەقز و لایەنگـری ئەکسـەرییەت بـوو. لـە

بنکەیەکی ڕێکخراوەکە لە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە بوو. هاوڕێیەکی خۆی تفەنگی یووزیـی پـاک کردبـۆوە گولـلـەی لـە دەسـت دەرچووبـوو، بەداخەوە گولـلـە وەبەر ئەویش کەوتبوو و نەخواستە کوژرابوو.

ستادی سازمان لە مەهاباد هەواڵی کارەساتەکەی بە تەلەفۆن بە من لە دەفتەری بـۆکان ڕاگەیانـد و جەنازەکەشـیان نـاردەوە بـۆکان. هەواڵمـان دا بە کـەس‌وکاری هاوڕێـی لـە دەس‌چـوو؛ دایـک و خاڵـی کاک عەبدوڵـڵا ئـەو دەم یا لە بـۆکان بوون یـا لـە سـەقزەوە هاتـن، جەنازەکەیان وەرگـرت و ئەوەنـدەی لە بیرم بـێ لە بۆکان ئەسـپاردەیان کـرد. کارەکە بـوو بەهۆی خەم و کەسـەرێکی زۆر بۆمان، لەبەروەی شـۆڕەلاوێکی ڕێکخراوەکەمـان بەدەسـت هەڤاڵێکـی خۆمان گیانی لە دەسـت دابوو، بەڵام چ کەردەن؟ خەسارەکە بەهەڵکەوت ڕووی دابوو و نەدەگەڕایەوە.

دایکی شەهید بە ڕوونکردنەوەکانی ئێمە ڕازی نەبوو و ڕاگەیاندنێکی نووسی و بـە دیـوارەوەی دا و تێیـدا هێرشـی کـردە سـەر ئێمـە. هـەر چۆنێـک بـێ دایکێکـی ڕۆڵەکوژراوی دڵ بریندار مافی خۆی بوو لەسـەر ڕووداوێکی وا دڵتەزێن ڕەخنەی زۆر لـەوە توندتریـش لە ڕێکخراوەکە بگرێ، لەبـەروەی کارەکە هیچ مەنتیقێکی تێدا نەبوو و نەدەبووایە ڕوو بدا.

٧. هاوڕێ ئەبووبەکر حەمیدی

هـاوڕێ ئەبووبەکـر کـوڕی هەمزاغای حەمیدی و برای بچووکـی کاک عومەری حەمیـدی بـوو. لایەنگـری فیدائییان نەبوو، لەگەڵ کۆمەڵـەش نەکەوتبوو و حاڵەتێکی سـەربەخۆ لـە ڕێکخراوەکانی پاراسـتبوو، بـەڵام وەک بیر و هەڵوێسـت، چەپ بوو. گوایـە بـە تەمـای دامەزراندنـی ڕێکخراوەیـەک لە کوردسـتان بـوو، بەڵام گولـلـەی خەڵخاڵی جەللاد دەرەتانی پێنەدا.

هـۆکاری هێنانـی کاک ئەبووبەکـر لێـرەدا یەکـەم ڕێزلێ‌گرتنـی شەخسـی منە لە کەسـایەتییەکی پێشـکەوتنخواز کـە جێگـەی ڕێزم بـوو، دووهەم ئەو ڕاسـتییەی کە ئـەو لەگـەڵ پێنـج کـەس لە ئەنـدام و لایەنگرانی فیدائییـان لە هاوینی سـاڵی ١٣٥٨دا پێکەوە بۆ یارمەتی‌دانی خەڵکی شـاری سـەقز لە بۆکانەوە چوونە ئەوێ، بەڵام هەر

لە دەروازەی شاری سەقزدا کەوتنە بۆسەی پاسدارانی خومەینییەوە، دوو کەسیان لەجێدا شەهید کران (یەعقووب تەقدیری و ڕەشید ئاهەنگەری)، یەکیان بە برینداری گەڕایەوە بۆکان (عەزیز مەردانبەگی) و یەکیان (یۆسف کیشیزادە) لەگەڵ هاوڕێ ئەبووبەکردا گیران و لەگەڵ ١٨ کەسی دیکەدا بە حوکمی خەڵخاڵی مرۆڤکوژ لە سەقز ئیعدام کران.

هاوڕێ ئەبووبەکر پێشینەیەکی ڕوونی سیاسیی هەبوو، لە سەردەمی حوکمی پەهلەویدا چەند ساڵ کەوتبووە زیندانەوە و بە ڕووسووری هاتبووە دەرێ. کۆمۆنیستێکی خاوەن بڕوا، لایەنگری زەحمەتکێشان و چەوساوان و دۆستی هەموو پێشکەوتنخوازانی شارەکە بوو. وەک کەسایەتیش مرۆڤێکی خوێنگەرم و لەبەردڵان بوو.

باشم لە بیرە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا کیژۆڵە تاقانەکەی لە جادەی کەمەربەندیی بۆکان کەوتە بەر تانکرێکی نەوتکێش و گیانی لە دەست دا، بەڵام هەر ئەوەندەی لێخوڕی کرماشانی لۆرییەکە داوای لێبووردنی لێکرد، بە دڵفراوانییەکی دوور لە باوەڕەوە چاوی لەو تاوانە گەورەیە پۆشی و نەیهێشت کابرا بکەوێتە زیندانەوە. دڵی ئەبووبەکر دڵ نەبوو، دەریا بوو.

هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی کاک ئەبووبەکر بە ژن و پیاوەوە خەباتکار و شۆڕشگێڕ بوون.

**

بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠١١/١٠/٢٩ ڕاپۆرتێکی بەڵگەنامەیی (مرکز اسناد حقوق بشر ایران) کە ڕێکخراوەیەکی مافی مرۆڤی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتە، لە بیچمی کتێبێکی ئەلەکترۆنی بەناوی بیرەوەرییە سەرسامهێنەکان: ئیعدامی ساڵی ١٩٧٩ی کوردان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و بە زمانی ئینگلیزی لە ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەدا بڵاوبۆوە.[1] ڕاپۆرتەکە پەسند و پشتڕاستکردنەوەی ئەو جینایەتانەی کۆماری مەلاکانە کە بەشێکی کەمی

1. Haunted Memories: The Islamic Republic»s Executions of Kurds in 1979.

لە نووسینەکانی منیش‌دا هاتووە و بە شێوەیەک پەیوەندیی بەو نووسینانەوە هەیە.

کتێبەکە سەرچاوەیەکی بەڵگەمەند و حاشاهەڵنەگرە سەبارەت بە کوردکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیساڵی یەکەمی دامەزرانی‌دا.

لاپەڕە ٢٧ تا ٣١ی کتێبەکە باسی ئیعدامەکانی سەقزە و تێیدا کەڵکی زۆر لە هەمان ئەو ڕاپۆرتەی گەوهەرخانمی فەیزی، خۆشکی نەمر سەیفوڵڵا فەیزی وەرگیراوە کە من باسم کردووە. گەوهەرخانم لە وەڵامی داواکاریی مندا لوتفی کردبوو و پێش بەڕێکردنی ڕاپۆرتەکەی بۆ ئەو ڕێکخراوە ئێرانییە، نوسخە ڕەشنووسەکەی بۆ من ناردبوو.

ڕاپۆرتی گەوهەرخانم لەگەڵ ڕاپۆرتی کاک ڕەئووف کەعبی سەبارەت بە ئیعدامی دوو خوشکی پەرستاری خۆی واتە نەمران شەهلا و نەسرین کەعبی، بەشی سەرەکی بابەتی سەبارەت بە شاری سەقزیان لەو کتێبەدا پێکهێناوە. کتێبەکە ناوی ٩ ئەفسەر و ١١ کەسی سیڤیلی ڕاگەیاندووە کە خەڵخاڵی لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ (ئاگۆستی ١٩٧٩) لە شاری سەقز ئیعدامی کردن.

لیستەی ناوەکان، جگە لە سەیفوڵڵا فەیزی، کاک ئەبووبەکری حەمیدیشی گرتۆتەبەر گەرچی لەجیاتی حەمیدی بە «سەمەدی» ناوبراوە، بەڵام ناوی هاوڕێ حەسەن (یۆسف کیشی‌زادە)ی تێدا نەهاتووە و بە بۆچوونی من هۆکارەکەی ئەوە بووە کە هاوڕێ حەسەن کورد نەبوو لە کاتێکدا ڕستەی پەیوەندیدار بەو ١١ ئیعدامییە لە کتێبەکەدا باس لە «ئیعدامی ١١ کورد» دەکا.

ماڵپەڕی ڕێکخراوی «مرکز اسناد حقوق بشر ایران» بە دوو زمانی ئینگلیزی و فارسی وتار بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ڕاپۆرتی جێگەی باسی ئێمە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ماڵپەڕەکەیان دەبیندرێ کە جێگەی خۆیەتی بکرێتە کوردی و فارسیش.

لاپەڕە ٢٧ تا ٣١ی کتێبەکە لە پەیوەندیی ئیعدامەکانی شاری سەقزدایە و ناوی ئیعدامییەکانی سەقزیشی تێدا ڕاگەیەندراوە.

لـە ڕاپۆرتەکـەدا ناوی «ئازەرکەشـب دارایی» کوڕێکی مێرمنداڵـی بۆکانیش وەک یـەک لە ئیعدامکراوەکانی دەسـتی خەڵخاڵی لە شـاری سـەقز ڕاگەیەنـدراوە (لاپەڕە ٢٨). مـن کـە چـاوم بـە هەواڵەکـە کەوت هەسـتم کـرد دەبـێ هەڵەیەک لـە ناوەکەدا ڕووی دابـێ و بـە حیسـابی ویچوویـی ناوەکـە بیـرم بـۆ «ئازەرگوشەسـب» چـوو، کـە نـاوی بنەماڵەیەکـی بەڕێزی بۆکانییە. یارمەتیم لە دۆسـت و برادەر خواسـت و لـە ئەنجـامدا توانیـم بـە تەلەفـۆن قسـە لەگـەڵ ڕێـزدار ڕەحمـان ئازەرگوشەسـب بکـەم کـە ئێسـتا لـە کانـادا دەژی. بەختەوەرانـە کاک ڕەحمـان دڵنیـای کـردم کـە هیـچ کـەس لـە بنەماڵـەی ئـەوان تووشـی کارەسـاتی ئیعـدام نەهاتـووە، بـەڵام ڕوونکردنەوەیەکـی سـەبارەت بـەو نـاوە پێـدام کـە لێـرەدا بـۆ سـاغکردنەوە و ڕووناکی خستنە سەر ڕاگەیەندراوەی کتێبی «مرکز اسناد حقوقی ایران» دەینووسم. کاک ڕەحمان گوتی:

«ئەو ڕۆژەی وا تەرمی شەهیدە ئیعدامکراوەکانی سەقزیان هێنایەوە بۆکان، نەمر دوکتۆر جەعفەر شـەفیعی لەسـەر بڵیندگۆی شـارەداریی بۆکان ناوی شـەهیدەکانی خوێنـدەوە و داوای لـە کەسوکارەکانیـان کـرد بـۆ ناسـینەوەی جەنـازەکان بچـن بـۆ مزگەوتـی حاجـی عەبدولکەریـم. لـە نێـو ئـەو ناوانەدا کـە دوکتـۆر خوێندییەوە یەکیشـیان «ئازەرگوشەسـب» بوو. ئێمە بەپەلە و دڵەتەپـێ چووین بۆ مزگەوتەکە و تەماشای جەنازەکانمان کرد. کەسی ئێمەی تێدا نەبوو و وا بزانم ناوەکەمان بەهۆی هاوشێوەبوونی یەک لە ئیعدامییەکان لەگەڵ برایەک لە براکانی ئێمە، ڕاگەیەنرابوو.»

بەگوێـرەی ئـەم ڕوونکردنەوەیـەی کاک ڕەحمـان دەبـێ نـاوی «ئازەرکەشـب دارائـی» بـە هەڵـە نووسـرابێ و کەوتبێتە نێو ناوی شـەهیدەکانەوە، بـەڵام ئەم ناوە جێگـری چ ناوێکـی دیکە کـراوە ڕوون نییە. ژمارەی ئیعـدام کراوەکانی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی سەقز ئەوەندەی زانرابێ، ٢٠ کەس بووە و سەرچاوەکانیش هەر وایان ڕاگەیاندووە. لە لیسـتەی «مرکز اسـناد...»یشدا ناوی نەمر یۆسـف کیشیزادە (ڕفیق حەسـەن) ڕانەگەیەندراوە، بەڵام ناوی «ئازەرکەشـب دارائی» لێ زیاد کراوە و ئەگەرێـک ئەوەیـە ئـەم نـاوە لە ڕاسـتیدا هەمان «کیشـیزادە» بێ. هـەر چۆنێک بێ

ژمارەی ٢٠ شـەهیدەکەی شـاری سـەقز لە ڕاپۆرتەکەشدا وەک خۆی ماوەتەوە و هەمان ٢٠ کەسە.

١١. نەمر عەبدوڵڵا فەیزی

برا گەورەی هاوڕێ سەیفوڵڵا فەیزی (ژمارە٩ی ئەم لیستەیە)یە، کە بە بریندار گیراوە و ئەشـکەنجە کراوە و بەداخەوە پاشـانیش کەوتۆتە بەر «عطوفت اسـلامی» خومەینی و خەڵخاڵی ئیعدامی کردووە.

ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە شەهید عەبدوڵڵا دەنووسێ:

عەبدوڵـڵای بـرای سـەیفوڵڵاش لە سـاڵی ١٩٨٠دا ئیعـدام کرا. گەوهـەری فەیزی [خوشـکی عەبدوڵڵا]، هەڵسوکەوتی پڕ سووکایەتیی [پاسدارەکان] لەگەڵ براکەی و کوژرانی بێبەزەیی‌یانەی ئەوی لە بیرە:

«بەبـێ لێپرسـینەوە یـا دادگایـی کـران، پاسـدارەکان پـلاکاردی «ضدانقـلاب» و «ملحد»یان نووسی و بە ملی زیندانییاندا هەڵیانواسی، ئینجا بەسەر شەقامەکانیاندا هێنان. خەڵکی ڕاوەستاوی قەراغ شەقامیان مەجبوور دەکرد تەماتە و هێلکەی پیس، بـەرد و دار و شـتی تـر بە براکـەم و هاوڕێکانیدا بـدەن. بەو شـێوەیە، حکوومەت کەڵکی نابەجێی لە خەڵکی بێتاوان وەردەگرت و برایان دەکردە دوژمنی برا.

دوای ئـەوەی براکـەم و ئەوانی تر ئەم هەڵسوکەوتە پڕسـووکایەتییەیان لەگەڵ کـرا، ئیتـر هەواڵـم نییە و نازانم چۆن کـوژران، بەڵام کاتێ کە تەرمـەکان هێنرانەوە بـۆکان، گەردنـی براکـەم بەتەواوەتـی هەڵبڕابـوو و نـاوەوەی لەشـی دەرکەوتبوو. دیمەنەکە ئەوەندە ترسناک بوو، کە من هەر لەوێ بوورامەوە.»

ئەوە بەسەرهاتی کورتی شەهیدی دووهەمی بنەماڵەی فەیزی و یەک لە هەزاران شەهیدی دەستی کۆماری جینایەتکاری ئیسلامییە.

١٢-١٣. نەمران سەرۆک و جێگری سەرۆکی بەنداوی بۆکان

لە سـاڵانی سـەرەتای شەڕی کوردسـتاندا، کۆماری ئیسـلامی کەڵکی لە گەلێک شێوازی نامرۆڤانە دژ بە گەلی کورد و ڕۆڵەکانی وەرگرت کە تا ئێستاش لەسەری بەردەوامـە. هەر لە بۆمباردمانی شـاری سـنەوە تا تـۆپ و خۆمپارەبارانی مەهاباد،

قەتڵیعامـی قاڕنـێ و قەڵاتان و کەلبەڕەزاخـان، گرتن و ئیعدام و شـاربەدەرکردنی بنەماڵەکان و ماڵ و دووکان سووتاندن و کوشتنی دژبەرانی سیاسی و وەئەستۆی پێشمەرگە خستنی کارەکە و... بەگشتی هەر شێوەیەکی نائینسانی کە شۆڤینیست و ڕەگەزپەرستانی وڵاتانی تر پێش ئەوان کەڵکیان لێوەرگرتبوون.

یـەک لـەو شـێوازە ناجوامێرانەیـە ئاواڵەکردنی دەسـتی شـەلات و چەقۆکێش و مرۆڤکوژی شارەکانی دەوروبەری کوردستان بوو بۆ تاڵانوبڕۆ و چەپاو و گرتن و کوشـتنی نـەک هەر چالاکانی سیاسـی، بەڵکـوو خەڵکانی ئاسـایی و خزمەتگوزار و زەحمەتکێـش و تۆمەتبـار کردنـی «ضدانقلاب!» بـەو تاوانانە. لەم بوارەدا پاسـدار و بەسـیجیی هەندێـک شـار بـە هاندانـی سـپای پاسـداران و بەرنامەدانانـی ئـەوان، چەنـد نموونەیەکـی چەپەڵـی جینایەتیـان خسـتە ڕوو، کە مـرۆڤ تەنانـەت قێزی لە باسکردنیشیان دەبێتەوە.

یەک لەو جینایەتانەی کە لەسەر جادەی میاندواو بۆ بۆکان کرا، ڕاگرتنی ترۆمبیلی سـەرۆک و جێگـری سـەرۆکی بەنـداوی بۆکان و پاشـان کوشـتنی هەردووکیان و بەجێهێشـتنی تەرمەکانیان لە قەراغ جادە بوو. ئەم دوو کەسـە ڕۆژانە بە ترۆمبیل لـە بۆکانـەوە هاتوچـۆی ئۆفیسـی بەنداوەکەیـان لـە میانـدواو دەکـرد، هـەر لـەو هاتوچۆیانەشدا بوو، کە دەستێکی چەپەڵ شەهیدی کردن. جینایەتکارەکان سەرۆکی بەنداویان هێنایە خوارەوە و داوایان لە جێگرەکەی کرد بڕوات، بەڵام جێگری جوامێر قبووڵـی نەکـرد و گوتی تـا هاوڕێکەم نەدەنەوە دەسـت ناڕۆم. جینایەتـکارەکان، کە بەرنامـەی داڕژاویـان بـۆ تیرۆرەکـە هەبوو، هەر لـەوێ هەردووکیان کوشـتن و لە هەمان شـوێنیش بەجێیانهێشـتن. ئـەم دوو قوربانییە بێتاوانە نـە ئەندامی حیزبێک بـوون و نـە کارێکیـان دژ بـە کۆماری ئیسـلامی کردبـوو. ئەوەی لێیان وەشـابۆوە خزمەت بوو و بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی کاروباری ئیداری لە بەنداوی بۆکان ئەویش لە سـەردەمی ئاڵۆزی و بشـێوی و شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگە و هێزی دەوڵەت لە ناوچەکەدا.

من لەمێژە تامەزرۆی نووسـینی بابەتێکی تێروتەسـەل سـەبارەت بەو تراژێدییە

دڵتەزێنەم، بەڵام جارێ دەست ڕادەگرم و تەنیا کارێک کە ئێستا دەیکەم ئەوەیە ڕێز و حورمەتی خۆم پێشکەش بە گیانی پیرۆزی ئەو دوو بێتاوانە مەزلوومە و جوامێرییەکەی کاک قادری خۆشەویست بکەم.

**شەهیدانی تر**

بەداخەوە زانیاریی من لەسەر ئەم جینایەتانەی ڕژیم، گەلێک کەمە و ناتوانم بەوردی باسی کارەساتە خوڵقاوەکانی دەستی پاسدار و بەسیجی بکەم. دەزانم بێگوناهانێکی زۆری دیکە هەن کە «عطوفت اسلامی» ئەوانیشی گرتۆتەوە و بە دەست ڕژیمی مەلاکان ئیعدام کراون، بەڵام جگە لە هەندێک زانیاریی سەرپێیی هیچم بەدەستەوە نییە و بەناچار بێدەنگەیان لێدەکەم.

دۆست و برادەر باسی دوو هاوڕێی ڕێکخراوی ئەکسەرییەت لە تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) یان بۆ کردووم کە ناوی یەکیان «ناسر...» بووە هەروەها مەنسوور خوسرەوی خەڵکی مەهاباد و متەللیب چابوک و کێوکێ... تەنیا کارێکیش کە لە دەستم دێ ئەوەیە ڕێزی خۆم پێشکەش بە گیانی پاکی ئەوان و دڵی بریندارى بنەماڵەکەیان بکەم، کە دەیکەم.

پاش هێرشی سپای ئێران بۆ سەر سەقز لە گەلاوێژی ١٣٥٨، لاوێکی ١٥ ساڵەش بەناوی ئەحمەد جۆڵاییئەقدەم کە لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لەگەڵ چەند کەسێک لە بۆکانەوە نان و خواردەمەنیی بۆ خەڵکی سەقز بردبوو، پاش گیرانی بە ئەمری خەڵخاڵی ئیعدام کرا.

باسی دوو شەهیدە لاوەکەی خۆپیشاندانی سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی بۆکان بەدەست مەئموورانی ڕژیمی شا (نەمران کەمال حەمیدی و محەممەد بەهرامی) دەرفەت و دەرەتانێکی دیکەی دەوێ، بەڵام کوژرانی کاک ئەنوەر، برا گەورەی کەمالی شەهید لە ڕێگەی «آذرشهر» درەنگتر لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا قەوما. بەداخەوە ئەوەم وەک بیرەوەرییەکی لێڵ لە مێشکدا ماوە و دەبێ کەسانی دیکە لەسەری بنووسن.

شـەهیدی دیکـەش لەم شـارە ئازیەتبـارە زۆرن و گەلێک هیـوادارم لە دواڕۆژدا بتوانم یادێک لە شـەهیدانی هەموو ڕێکخراوە سیاسـییەکان بکەم. لە ڕاسـتی‌دا کاتێ دەسـتم بەو کارە کرد ڕادەی بەربڵاوی جینایەتەکانی ڕژیمم نەدەزانی و دەمویسـت سووک و سانا یادێک لە چەند کەس هاوڕێ و هاوڕێکخراوەیی پێشووی خۆم بکەم، بـەڵام ئێسـتا و دوای پرس‌وجـۆ و پشـکنینی سـەرچاوە، ڕادەی مەزلوومییەتی ئەو خەڵکـەم بـۆ دەرکەوتووە، بەهیوام دواتر دەسـت بدەمە کارێکـی گەورەتر و بەڵگەی جینایەتکارییەکانـی ڕژیـم و ڕادەی ئازیەتباریـی بنەماڵەکان لە بۆکان و کوردسـتان بەگشتی بێنمە سەر کاغەز. دیارە ئەوە کاری زیاتر و دەرفەتی فراوانتری دەوێ.

یـادی هەمـوو گیان‌بەختکراوانـی گەلەکەمان بەدەسـت سیسـتەمی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامییەوە بەخێر بێ!

**

مـن ئـەم بابەتانـەم لـە چوارچێـوەی ئامـادەکاری بـۆ نووسـینی مێـژووی شـار و ناوچـەی بـۆکان‌دا نووسـیوە و بەو بۆنەیـەوە دەبووایـە لێکۆڵینەوەکانم لـەو مەودا بەرتەسـکەی بۆکان‌دا قەتیس بهێڵمەوە، کە هەرواشـم کرد، بەڵام هیوادارم کەسـانی تـر هەنگاوێکـی لـەوە ڕێک‌وپێکتـر بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی فیدایـی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان هەڵێننـەوە و نەهێڵـن نـاوی ئـەو شـەهیدە گیان‌بەختکردووانـەی گەلەکەمـان لـە مێـژوودا ون بـن. زۆربـەی ئـەوان لـە سـەردەمێک‌دا شـەهید کـران کـە هێشـتا سیاسـەتی ڕێکخراوەکـە لـە بەرانبەر کۆمـاری ئیسـلامی‌دا نەگۆڕابوو و ئەوانیـش وەک پاشـماوەی هاوڕێکانیـان بـە باوەڕی قووڵـی خەباتـەوە بەرانبەر بە ڕژیمـی خومەینـی وەسـتان و گیانیـان بەخـت کـرد. هـەر بۆیـەش پێویسـتە ناویان لـە تەنیشـت شـەهیدانی ڕێکخراوە سیاسـییەکانی دیکـە دابندرێ و وەک شـەهیدانی جووڵانـەوەی گشـتگری کۆمۆنیسـتی لە کوردسـتان سـەیر بکرێـن. ئەرکێکی ئەوتۆ لـە درێـژەی خـۆی‌دا ئاسـۆیەکی بەرفراوانتـری دەبـێ و تەنیـا ڕێکخراوەیـەک و دووان ناگرێتـە بـەر، واتـە دەبێتـە مێـژووی خەباتی شـارێک و گەلێـک. منیش لێرە

بـەدواوە قۆڵـی لێهەڵدەماڵم و بەڵگە بۆ نووسـینی بابەتێکـی هەمەلایەنی تری ئەوتۆ کۆدەکەمەوە.

بەداخەوە زانیاریی من تا ئێستا لەوە زیاتر بڕی نەکردووە و ژیانی دوورەوڵاتیش دەرفەتی بەرەوپێش بردنی زیاتری کارەکەم پێ نادا. لێرەدا جارێکی دیکە ڕێزی خۆم بـۆ یەکیەکـی ئەو شـەهیدانە و بنەماڵەی بەڕێزیان دووپـات دەکەمەوە و لە کۆتایی کارەکـەمدا بـە یارمەتیـی چەنـد کەس لـە دۆسـت و برادەرانی خۆشەویسـتم چەند وتارێک دەهێنمەوە کە خەڵکانی دیکە سـەبارەت بەو کەسانەیان نووسیون و زووتر لـە سـەرچاوەی جیـاوازدا بڵاوکراونەتـەوە. هـەر لێرەدا بڵێـم کە ئـاگاداری هەندێک بابەتـی چاپکـراوی دیکەش هەم کە دوو کەس لە هاوڕێیانی پێشـووی ڕێکخراوەکە نووسیویانن و لە ڕۆژنامە یا ماڵپەڕەکاندا بڵاویان کردوونەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئیجازەی دووبارە بڵاوکردنەوەیانم نییە چاویان لێدەپۆشم.

هەروەها لەو ماوەیەدا هەوڵم داوە بەڵکوو بتوانم وێنەی شەهیدەکانیش کۆبکەمەوە و لێـرەدا بیانهێنـم. بەداخـەوە ئـەو هەوڵەم زۆر سـەرکەوتوو نەبوو و جگـە لە وێنەی شـەهید بێهرووز سـولەیمانی کە دۆستی خۆشەویسـتم کاک ئەمیر لوتفوڵلانەژادیان بـۆی ناردووم، تەنیا وێنەیەکی شـەهید مینەی شـێرخانیم لە ڕۆژنامەیەکدا دەسـت کەوتووە و هیچی تر.

وا لێـرە، لـە دوو بـەشدا وێنـە یا وتاری سـەبارەت بە شـەهیدان مینـە، ئیبراهیم لوتفوڵـڵازادە، عومـەر بەرایی و عـارف خەلیفەزادە دەهێنمەوە کە لـە چەند ژمارەی ڕۆژنامـەی هەفتانەی «اکثریـت» ئۆرگانی ڕێکخراوی فیدائییانی ئەکسـەرییەتدا بلاو کراونەتەوە.

ئـەوەش وێنـە و بابەتـی سـەبارەت بـە نەمـران مینـەی شـێرخانی، ئیبراهیـم لوتفوڵلازادە، عومەر بەرایی و عارف خەلیفەزادە:

وێنـەی شـەهید مینەی شـێرخانی؛ وەرگیراو لە ڕۆژنامـەی «اکثریت»، ژمارە ۹۱، ۱۳۶۴/۱۰/۳۰ی هەتاوی، ل ۶.

۶ اکثریت نشریه سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت) درخارج از کشور
شماره ۹۱
۳۰ دی ۱۳۶۴

## چهلمین سالگرد تشکیل جمهوری خود مختار کردستان گرامی باد!

# این شعله همواره گرم و سوزنده خواهد ماند

بقیه ازصفحه اول بخشی از روند سرکوب جنبش ملی ـ دمکراتیک در ایران بود ـ کتاب جنبش ملی کردستان بسته نگردید و تنها فصل دیگری از آن آغاز شد: فصل آتش در زیر خاکستر. این آتش بارها زبانه کشید و با شعله‌هایی همچون شریف‌زاده و معینی فروزندگی و سوزندگی خود را عیان ساخت. بالاخره شعله‌ها دامن گستردند و بعد از انقلاب ۵۷ سرتاسر کردستان را دربرگرفتند.

ارتجاع مجسم در قالب رژیم جمهوری اسلامی بسیار کوشیده است جنبش ملی در کردستان را سرکوب سازد. این رژیم باکینه ای حیوانی به خلق کرد حمله ور می‌شود. دیده ایم که چگونه بر شهرها توپ و خمپاره می‌ریزد و روستاها را به موشک می‌بندد. اکنون بیش از شش سال است که کردستان سرکوب می‌شود اما از پا نمی افتد. ارتجاع در این زمینه نیز تاریخا کودنتر از آن است که دریابد این جنبش با وحشیانه‌ترین نوع سرکوب نیز از پا درآمدنی نیست. انتهای موقتی جنبش ملی خلق کرد چه در ایران وچه در ترکیه و عراق بارها از سوی مرتجعین شوونیست به عنوان پایان عمر این نهضت جشن گرفته شده است اما هر بار خنده‌های پیروزی دشمنان با اوجگیری دوباره خروش خلق به آه و افسوس تبدیل شده است.


در برابر سرکوبگران جمهوری اسلامی که با بکارگیری همه اشکال فریب و سرکوب (به خیالی باطل) می‌خواهند جنبش ملی کردستان ایران را منزوی و ریشه‌کن سازند، خلق کرد نشان می‌دهد که در راه دستیابی به خودمختاری از بذل هچگونه فداکاری دریغ نمی‌ورزد و با بهره‌گیری از تمامی اشکال ممکن مبارزه همچنان قاطع و مصمم می‌رزمد. پیوند میان جنبش ملی کردستان و جنبش سرتاسری علیه رژیم جمهوری اسلامی با تحکیم مناسبات میان کلیه نیروهای ملی و دمکراتیک ایران مستحکم‌تر خواهد شد. با پیروزی جبهه نیروهای ملی و دمکراتیک وبراندازی رژیم جمهوری اسلامی راه خلق کرد برای دستیابی به آرزوی تاریخی اش هموار می‌شود تا این خلق بتواند "۲ ی ریبه‌ندان" را در کردستانی خودمختار جشن بگیرد

## ڕێبەندان و شاعیر

ڕێبەندان ! دیسان هاتیەوە سەرمان
ڕەقمان هەڵئێنی دیسان لەسەرمان
بەسۆزەی زریان پیاوی دەکەی سڕ
بەکڕێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ
ڕێوبان دەبەستی بە بەفر هەموو
لەبەر پەساران هەڵدەنێی ڕنوو
بڕووشە و مز و کەڕەسیسەکەت
تەپ و تومان و هەوا پیسەکەت
پێیەوە هەزار ئازار و ئاهـۆ
کۆخە و هەڵامەت، لەرز و چەقوچۆ
کە تۆ تەشریفی ناشەریف دێنی
دڵی گەلی کورد دادەخورپێنی
ماشین و ڕێگای ئیسفاڵتی نیە
بەوسارد و سۆڵە عیلاجی جیە
بە هەجەهەجی کەرێ جۆن باری
لادێیی کوردی دەگاتە شاری ؟

در چهلمین سالگرد "۲ ی ریبه ندان"

## یاد فرزند دلیر خلق کرد، فدایی خلق محمدامین شیرخانی گرامی باد!



پیمی ئاوی بوشە هیدی وەتن شیوەن و گرین
ئامرن ئە وانە وله دلی میلله تائه ژین

بر شهیدان وطن نمی‌بایست گریست
چراکه آنان نمرده اند ودرقلب ملت زنده اند

www.iran-archive.com

برقراری حکومت خودمختار در کردستان چهل سال است که یکی از منابع الهام شاعران و هنرمندان کرد به شمار می‌رود. ما به مناسبت فرا رسیدن ۲ بهمن، چهلمین سالگرد تشکیل جمهوری مهاباد، شعری را که "هیمن" شاعر برجسته خلق کرد در زمان استقرار این جمهوری در ستایش از آن سروده است، در اینجا درج می‌کنیم. این شعر گفتگوی شاعر است با ماه بهمن که برای خلق کرد سمبل جمهوری است و اینک هم سمبل جمهوری خودمختار است وهم انقلاب سرتاسری.

در بالا متن کردی ودر زیر ترجمه آزاد شعر "هیمن" در گرامی داشت ۲ ی ریبه ندان درج شده است.

## بهمن‌ماه و شاعر

**شاعر:**

دوباره بازگشتی ای بهمن ماه!
با آن همه سوز سرمایت
سرمایت کرختمان می‌کند
بوران وکولاکتان بی توشه مان می‌سازد
راه‌ها را سد می‌کنی
ودر دامنه‌ها، بهمن‌ها را به غلتش درمی آوری
دوباره بازگشتی با ریزش ناموزونت، مه وکولاکت
باد سوزنده، توفان وهوای آشفته است
نَفَست بیمار است
باتوتب است ولرزیدن وچائیدن
آنگاه که سر می‌رسی
دل هر کردی از هراس می لرزد
در اینجا نه ماشینی داریم، نه جاده آسفالته ای
دستمان در برابر سرما بسته است
با اسب وقاطر، روستایی ما
هرگز به شهر نخواهد رسید
ستمدیدگان بی توشه و آذوقه می‌مانند
وزیر بار فقر کمرشان می‌شکند
پیران ونوباوگان به بستر بیماری می افتند
بی‌پرستار و دارو و درمان
قدومت بدشگون است ای ماه کولاک ومه
که تنها ره آوردت درد و اندوه است

**بهمن‌ماه:**

شاعر، چرا به خانه خرابان و وازدگان می‌مانی؟
دیوانه ای، خواب آلوده ای، چشم بر جهان بسته ای؟
مگر نمی‌بینی که درجهان چه می گذرد؟
مگر نشنیده ای که چه پیش آمده است؟
چرا علیه من زبان به طعنه می گشایی
مگر نمی‌دانی ای بی خبر که من امسال
همراه باد جنوبی برایتان آزادی آوردم
وهمراه باد شمالی، شادی؟
نسیم من که وزیدن گرفت
باد فقر وستم را فرونشاند
طوفان به پاکردم، اما همراه این باد وکولاک
آرزوی همیشگی کرد را نیز برآوردم
در روزی از روزهای من
خلق کرد باسربلندی، پرچم جمهوری را برافراشت
اکنون دیگر روزگار کردهاست
کرد رنگ آسودگی را به چشم می‌بیند

**شاعر:**

جان من فدای تو باد ابهمن ماه
که چنین خجسته باز آمدی!
قدمت مبارک باشد
ونوروز در قدمت
روزهای تو، روزهای جشن بزرگ ماست
نام تو، درمان همه دردهای ماست
شادمانیم که امسال، بهار ما در زمستان سر برآورده است
مرگ بر دشمنان کرد وکردستان!

وتار سەبارەت بەشەهید بوونی هاوڕێیان مینەی شێرخانی، ئیبراهیم لوتفوڵلازادە (سەعید) و محەممەدی شیروودی؛ ڕۆژنامەی «اکثریت»، ژمارە ٨٥، ١٣٦٤/٩/١١ (١٩٨٥/١٢/٢)، ل ١.



اکثریت

نشریه سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت) درخارج از کشور

دوشنبه ۱۱ آذر ۱۳۶۴ برابر ۲ دسامبر ۱۹۸۵
بها ۶۰ ریال ـ سال دوم ـ شماره ۸۵

## سه تن دیگر از مسئولین و اعضای سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت) تیرباران شدند

## فدایی خلق محمد امین شیرخانی، فرزند دلاور خلق کرد به شهادت رسید

در موج کشتاری که رژیم تبهکار خمینی بر پا کرده است، سه تن دیگر از فدائیان خلق به جوخه اعدام سپرده شدند. بنابه گزارشات واصله در این موج کشتار رفیق محمد امین شیرخانی (رفیق مینه) کادر برجسته سازمان ما و عضو هیات نمایندگی خلق کرد در مذاکره با دولت در سال ۵۸، رفیق ابراهیم لطف الله زاده (رفیق سعید) کادر پر سابقه سازمان و مبارز پیگیر در راه آمال خلق کرد و رفیق محمد شیرودی مسئول تشکیلات سازمان در شهر مریوان کردستان توسط جلادان رژیم جمهوری اسلامی تیرباران گردیدند.

رفقا شیرخانی، لطف الله زاده و شیرودی ازجمله کسانی بودند که در صفوف سازمان ما در راه خودمختاری خلق کرد، سال‌های درازی پیکار کردند. هر سه آنان از چند سال قبل در سیاهچالهای رژیم جمهوری اسلامی زندانی بودند و تحت ددمنشانه‌ترین شکنجه‌های جلادان خمینی تسلیم نشده و به آرمان‌های والای طبقه کارگر وفادار ماندند.

رفیق مینه، انقلابی پر سابقه‌ای است که مبارزاتش را در دهه ۵۰ علیه رژیم شاه آغاز کرده بود. او که توسط ساواک دستگیر و زندانی شده بود با اوجگیری انقلاب از زندان آزاد شد و بلافاصله مبارزه را در صفوف تشکیلات سازمان در کردستان از سر گرفت. او به پاس شایستگی های انقلابی و سوابق مبارزاتی اش از سوی مردم کردستان به عضویت در ترکیب "هئیت نمایندگی خلق کرد" برگزیده شده بود. دستگیری او توسط پاسداران خمینی در بهار سال ۶۱ صورت گرفت.

رفیق سعید عضو قدیمی سازمان ماست که سالهای چندی در فلسطین علیه امپریالیسم و صیهونیسم می جنگید. با پیروزی انقلاب این فدائی دلیر مرحله تازه مبارزه را در صفوف سازمان در کردستان آغاز کرد. او در سال ۶۰ توسط پاسداران خمینی دستگیر شد و از آن زمان تاکنون زندانی بود.

رفقا شیرخانی، لطف الله زاده وشیرودی همراه با رفقا غبرائی و تابان اعضای رهبری سازمان ما و نیز رفیق بهتاجی، از گروه فدائیانی هستند که اخیرا رژیم منحوس خمینی در انتقام گیری از جنبش اوج گیرنده خلق تیرباران کرده است. اما بیگمان رژیم خمینی از این جنایات طرفی نخواهد بست. مبارزه گسترش بیشتری خواهد یافت تا رژیم ضد مردمی جمهوری اسلامی بر انداخته شود●

اعلامیه کمیته مرکزی سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت) در صفحه آخر

شهادت فدایی پاک باخته و پرسابقه، محمد رضا غبرائی عضو مشاور هیات سیاسی کمیته مرکزی سازمان

## خمینی جانشین خود را برگزید

در روز شنبه هفته گذشته در مطبوعات دولتی تهران اعلام شد که مجلس خبرگان آیت الله حسینعلی منتظری را رسما به عنوان جانشین خمینی و ولی فقیه پس از مرگ خمینی برگزیده است.

در همان سال ۶۱ که انتخابات برای گزینش اعضای مجلس خبرگان آغاز شده بود، همه می‌دانستند که اصلی ترین، مقدم ترین و درعین حال دشوارترین وظیفه این مجلس، تصمیم گیری پیرامون امر جانشینی خمینی است. در همان زمان نیز نامزد اصلی ولایت عهدی خمینی، حسینعلی منتظری بشمار می‌آید. اما برای گزینش او مخالفت های جدی نیز وجود داشت. بر زمینه درگیری‌های میان دستجات رقیب در حکومت و پیرامون آن، آشکار بود که منتظری به آسانی نخواهد توانست عبای ولایت عهدی خمینی را بر دوش افکند. حضور گلپایگانی و "آیات عظام" دیگر به مثابه رقیب از جمله موانع گزینش منتظری شمرده می‌شدند. این مانع از آن رو اهمیت می‌یافت که این افراد در سلسله مراتب دستگاه روحانیت جای بالاتری داشتند. عده‌ای از خبرگان و گروهی از حکومتگران از طرح "شورای رهبری" دفاع می‌کردند و خواستار بودند که منتظری تنها به عنوان عضوی از این شورا برگزیده شود. اما منتظری نیز پشتیبانان نیرومندی داشت. در میان این پشتیبانان علاوه بر شخص خمینی که مصلحت اندیشانه هیچگاه نظر خود را

بقیه در صفحه ۱۲

## در روستاهای کشور چه می‌گذرد؟

## مشت نمونه خروار

مضمون اکثر قریب به اتفاق گزارشهای دهقانی چنین است: زمین داران بزرگ با اتکا بر سر نیزه ارگانهای سرکوبگر رژیم باز می‌گردند. مقاومت دهقانان با گلوله و سر نیزه وزندان پاسخ داده می‌شود. زمین‌های مصادره شده در جریان انقلاب مجددا در اختیار بهره‌کشانی قرار می‌گیرد که انقلاب آنها را گریزانده بود و اکنون تاخت و تازشان، درروستاها یکی دیگر از نمادهای ماهیت خائنانه رژیم است.

تقریبا هیچ شماره نشریه "اکثریت" بدون یک یا چند خبر دهقانی با این مضمون نیست. در زیر نیز خبرهایی را از چندین روستای گوشه وکنار کشور درج می‌کنیم که بر این روند رو به تکمیل دلالت دارند. این خبرها مشتی هستند نمونه خروار، نمونه‌هایی هستند از سیاهه طویل خیانتهای رژیم ضد انقلابی جمهوری اسلامی.

بقیه در صفحه ۱۰

## مصاحبه "اکثریت" با رفیق فرید احمد مزدک دبیر اول سازمان دموکراتیک جوانان افغانستان

## جوانان افغان، در پیکار برای تحکیم دستاوردهای انقلاب شکوهمند ثور

کشور افغانستان با انقلاب شکوهمند ثور، جوان شده است. مردم این کشور، تحت رهبری، حزب دمکراتیک خلق، می‌روند تا تمام قیود کهن بازمانده از قرون و اعصار را بروبند و بزدایند و افغانستانی نوین، افغانستانی آباد و آزاد راپی بریزند.

در پیکار سترگی که مردم افغانستان علیه اشرار، این پاسداران پلیدی ها و پلشتی‌ها، انجام می‌دهند، جوانان نقش ستایش انگیزی ایفا می‌کنند. جوانان پیشرو در سازمان دمکراتیک "جوانان افغانستان متشکل گردیده‌اند. آنان شور انقلابی را با دانش مبارزاتی و والاترین خصائل میهن دوستانه عجین کرده و به نیروئی چنان رزم آور تبدیل شده اند که باندهای ضد انقلابی از آن در وحشت فرو رفته‌اند. جوانان افغانستان این موقعیت گرانقدر را به قیمت قربانی‌های بسیار به دست آورده‌اند. تاکنون هزاران عضو س.د.ج.ا به دست ضد انقلاب به خاک و خون کشیده شدند. اما به اعتراف دوست و دشمن، سازمان دمکراتیک جوانان اینک از همیشه نیرومندتر است و درنبرد با اشرار ضد انقلابی و در تلاش برای نوسازی جامعه از هر زمان دیگری مصمم تر است.

به منظور آشنائی با نقش و موقعیت کنونی جوانان افغانستان، از رفیق فرید احمد مزدک دبیر اول سازمان دمکراتیک جوانان افغانستان تقاضا کردیم به پرسش های ما در این زمینه پاسخ گوید. ایشان در گفتگو با خبرنگار ما به سئوالاتی پیرامون چگونگی تاسیس این سازمان و برنامه

بقیه در صفحه ۱۲

در این شماره:


* نتایج دیدار ژنو از دیدگاه میخائیل گارباچف
در صفحه ۱۴
* ۱۶ آذر را به روز مبارزه علیه رژیم جمهوری اسلامی تبدیل کنیم!
در صفحه ۱۱


شهید

شعری از رضا مقصدی

در صفحه ۲

جاودان باد خاطرهٔ شهیدان به خون خفتهٔ خلق!

www.iran-archive.com

وتار سەبارەت بە شەهیدان عومەر بەرایی (مام عەلی) و عارف خەلیفەزادە (مام خدر)؛ ڕۆژنامەی «اکثریت»، ژمارە ٢٢٩، ١٣٦٧/٧/٢٥ (١٩٨٨/١٠/٧١).

اکثریت
نشریه سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت) در خارج از کشور
دوشنبه ۲۵ مهر ۱۳۶۷ برابر ۱۷ اکتبر ۱۹۸۸
بها ۶۰ ریال - سال پنجم - شماره ۲۲۹

# شـــهادت دو فـــدائی کرد

**پی‌تاوی بوشەهیدی وەتن شیون وگرین**
**نامرن ئەوانە والە دلی میلـــەتا ئەژین**

شمیدان وطن را نیازی به زاری و شیون نیست
زیرا که آنان در دل ملت جاودانه زنده‌اند.

سازمان ما در روزهای گذشته دو تن از مبارزین فداکار و قهرمان خویش را از دست داد. رفیق فداکار و قهرمان ''عمر برایی'' (مام علی) و فدایی خلق ''عارف خلیفه‌زاده'' (هاوری خدر) در منطقه کردستان، در جریان حملات رژیم جنایتکار صدام حسین به شهادت رسیدند. از دست دادن این دو فدایی رزمنده برای سازمان ما و هرآن کس که با خصوصیات آنها آشنا بوده است، بسیار دردناک است. ما اندوه فقدان این رفقای دلیر را جانمایه نبرد با سرکوبگران خلقها می‌سازیم و خاطره آنان را جاودانه عزیز می‌داریم.

## عمر برایی
## گوهری والا

درباره وطن ما کردستان، هنوز زخمهای سالها دیکتاتوری شاهان التیام نیافته بود که در اولین بهار آزادی، تهاجم از زمین و هوا با تانک و توپ و خمپاره و راکت آغاز شد. شهرها، روستاها و انسانها در خاک وخون غلتیدند، وحشیگری ارتشی و پاسدار و بسیجی و حکامانی چون خلخالی به اوج خود رسید، مردم گروه گروه قتل عام شدند. جوانان دسته دسته به پای جوخه‌های اعدام روانه گشتند و چنین بود که فجایع قارنا، قەلاتان و حوسین مامه شکل گرفت و جوانان کرمانشاه، سنندج و مهاباد دسته‌جمعی اعدام شدند. در میان شهدای مردم، عزیزترین رفقای ماهم بخون غلطیدند، گرجی بیانی، خلیقی، تقدیری، کشی‌زاده، شیرخانی، احمدزاده، پیرانی، پارسا، شیدایی، بهروزنیا، ناهیدها وخلیفه‌زاده‌ها دهها و دهها فدایی دیگر

شبی است وحشتناک، صدای توپ از طرف پادگان شهر یک آن قطع نمی‌شود. در این شب تاریک زیر نور منورها هر حرکتی پیدا است، فرش

بقیه در صفحه ۶

اطلاعیه دبیرخانه کمیته مرکزی سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)

## درباره برگزاری پلنوم شهریورماه ۶۷

پلنوم کمیته مرکزی سازمان فداییان خلق ایران (اکثریت) درنیمه دوم شهریور ماه سال جاری تشکیل گردید و با درود بر خاطره رفیق کبیر انوشیروان لطفی و رفقا فرامرز صوفی، عمر برایی و عارف خلیفه زاده و بادرود بر دیگر شهدای قهرمان سازمان و جنبش، کار خود را آغاز کرد. دستور کار پلنوم شهریور ۶۷ به قرار زیر بود:

- بررسی گزارش هیات سیاسی به پلنوم کمیته مرکزی درباره اوضاع سیاسی کشور و مواضع ما.
- اتخاذ تصمیمات ضرور در رابطه با تدارک برگزاری نخستین کنگره سازمان.

- پلنوم پس از بحث روی گزارش هیات سیاسی ''پیرامون اوضاع سیاسی کشور و جهان'' آن رابا اصلاحاتی مورد تصویب قرار داده و قرار انتشار آن را صادر کرد. در این گزارش تحولات اخیر در اوضاع کشور و سمت آن مورد تجزیه و تحلیل قرار گرفته و از نیروهایی که می‌توانند یک جبهه وسیع باهدف سرنگونی رژیم، تامین دمکراسی و تضمین صلح مبارزه کنند. صریحا نام برده شده است.

پلنوم همچنین فعالیت هیات سیاسی در فاصله دو پلنوم را مورد نقد وبررسی قرار داد و با صدور قطعنامه‌هایی درباره برخی از مهم‌ترین مسایل ورخدادهای زندگی درون سازمانی طی یک سال اخیر اظهار نظر کرد.

مهمترین عرصه کار پلنوم اتخاذ تصمیمات در زمینه تدارک نخستین کنگره سازمان بود. پیرو تصمیمات پلنوم‌های مهر ۶۳ و فروردین ۶۵، مهر ۶۶ اکنون در پلنوم شهریورماه ۶۷ گام بلند

بقیه در صفحه ۲

پیام کمیته مرکزی سازمان
**به اعضا و هواداران سازمان در خارج از کشور**
در صفحه ۲

پیام پلنوم به کمیته مرکزی حزب کمونیست عراق
وجبهه نیروهای ملی ومترقی کردستان عراق
**کشتار جمعی خلق کرد عراق را محکوم می‌کنیم**
در صفحه ۲

www.iran-archive.com

## کاهش بهای نفت و بحران اضافه تولید

درآمد ارزی ناشی از تولید و صادرات نفت در کنار ''اعتبارات خارجی'' ازمهمترین عوامل تاثیرگذار در روند بازسازی اقتصادی و عمرانی جمهوری اسلامی به حساب می‌آیند. جمهوری اسلامی در تبلیغات دائمی خود و با هیاهو به راه انداختن حول درآمد ارزی نفت می‌کوشد تا نقش ''اعتبارات خارجی'' را مسکوت بگذارد. پی گرفتن مسائل اقتصادی مربوط به بازسازی اقتصادی و عمرانی و از آن جمله دنبال کردن لحظه به لحظه وضعیت تولید و صدور نفت در بازارهای جهانی از نهایت درجه اهمیت برخوردار است. در پاسخگویی به این ضرورت حتمی، مقاله حاضر می‌کوشد تا تصویری از وضعیت فعلی حاکم بر بازار جهانی نفت، بحران اضافه تولید اوپک ومشکلات اصلی اوپک در اجلاس آتی آنرا ارائه دهد.

بهای نفت در بازارهای جهانی این کالا، در لحظه فعلی، در مقام مقایسه باآغاز سال میلادی حاضر، بیش از ۳۰ درصد کاهش یافته است. با در نظر گرفتن نرخ تورم در سنجش بهای نفت، باید گفت که بهای نفت اینک به کمتر از بهای ۱۵ سال قبل رسیده است. اضافه تولید نفت کشورهای عضو سازمان کشورهای صادر کننده نفت (اوپک) که اخیرا در پی تصمیم جدید عربستان سعودی، بازهم

بقیه در صفحه ۳

## شیلی: مبارزه با پینوشه ادامه دارد

پینوشه، دیکتاتور شیلی، درشرایطی که در تاریخ شاید بی سابقه باشد، ناچارشد شکست خود را در رفراندومی بپذیرد که خود ترتیب داده بود تا از مردم برای ادامه حکومت ننگین اش رای بگیرد. شکست دیکتاتوری فاشیستی شیلی در رفراندوم، آن هم درشرایطی که همه امکانات تبلیغاتی و سرکوبگرانه‌اش‌را برای پیروزی بسیج کرده بود، پیروزی بزرگ دمکراسی نه تنها در شیلی، که درمقیاس بین المللی است. مردم شیلی، این بانگ رسای بشریت را فریاد کردند: عصر دیکتاتورها به سر رسیده است!

جهان ما، دستخوش تحولات دورانسازی است. تقدیر چنین خواست که این طریق و شیوه بدیع در فروپاشی یک دیکتاتوری، از کشوری آغاز شود که درآن، منزوی‌ترین و منفورترین دیکتاتور در سطح جهان، حکومت میکند.

پیروزی اپوزیسیون شیلی در همه‌پرسی ریاست جمهوری، بزرگترین شکستی است که پینوشه، دیکتاتور این کشور از هنگام کودتای خونین خود در ۱۵ سال پیش، متحمل شده است. رفراندومی که قرار بود به رژیم که در عرصه بین المللی منزوی است، ''مشروعیت دمکراتیک'' ببخشید و ضربه مرگباری به اپوزیسیون وارد آورد، به‌خود رژیم ضربه‌ای کاری وارد کرد.

بقیه در صفحه ۹

# پێشڕەوانی کاروکاسبی لە بۆکان

ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ژیان، بۆ سبەینێ دەبنە مێژوو. کەسێک کە خۆی بە مێژوونووسینی کوردستانەوە خەریک دەکا، ئەرکی تەنیا ئەوە نابێ کە بگەڕێتەوە بۆ ماد و زەردەشت. هەر ئەم شار و گوندانەی کە ئێستا تێیاندا دەژین خۆیان خاوەنی ڕابردوویەکی ئەرک و کار و خەباتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگین کە دڵسۆزانی نیشتمان هەرکام لە هەر شوێنێکەوە دەتوانن و دەبێ هەوڵی تۆمارکردنی ڕووداوەکانیان بدەن و بۆ نەوەی دواڕۆژیان بەجێبهێڵن. مێژووی هەمەلایەنەی جێگەی باوەڕی کوردستان لە دواڕۆژدا کاتێ دەنووسرێ کە سەرجەم ئەم زانیارییە بچووکانە کۆ ببنەوە و جەمسەرەکانیان بدرێنە دەم یەک.

لێرەدا هەوڵ دراوە ناوی خاوەن کەسبوکارانی ١٢٢ پیشەی جیاجیای بۆکان و هەندێک گوندی دەوروبەری بپارێزرێ و بە داهاتووانمان ڕابگەیەنرێ. ئەم ناوانە بەگشتی هی سەدەی بیستەمن و هاوکارانی بەڕێزی من لە نووسینی یادداشتەکانیاندا تەنیا توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانە کە خۆیان کەسەکانیان بینیبێ یان لە کەسوکاری خۆیانیان بیستبێ. ئەم کەسانە هەموویان یان لە تەمەنی مندان یا لە من کەمتەمەنترن و لە ئەنجامدا تاکوتەرا نەبێ وا هەیە نەتوانرابێ ئاوڕ لە ڕابردووی پێش سەدەی بیستەم بدرێتەوە. دەزانم ئێمە لە دەرەوەی وڵات ئەوەندە زیاترمان لە دەست نەدەهات، بەڵام هیوادارم خەڵکانی نێوخۆی کوردستان بە یارمەتیی باوک و باپیریان ئەم سنوورە زەمانییە بکێشنە دواترەوە و بیبەنەوە سەر ساڵانێکی زووتریش.

## پێشەکی

ناسین و ناساندنی پێشڕەوانی کار و پیشە و سەنعەت لە بۆکان لە پەیوەندیی مێژووی ئابووریی ناوچەکە و بەگشتی ئابووریی کوردستاندا گرنگایەتیی زۆری هەیە. سەرهەڵدانی پیشەسازی دەوری سەرەکی بینیوە لە جیابوونەوەی ژیانی کۆنباوی سەردەمی فێئۆدالی و گەیشتن بە شارستانییەت و دیاردەی نوێی سەرمایەداری. باش وایە هەر بیرەوەرییەک لەو بابەتەوە هەبێ، لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ، زووتر تۆمار بکرێن و بنووسرێنەوە دەنا هەر ڕۆژێک زیاتریان بەسەردا تێپەڕێ وا هەیە بەشێک لە زانیاریی و بیرەوەرییەکان لە بیر بچنەوە و بفەوتێن.

بەداخەوە لە دوورەوڵاتی دەرەتانی ئەوە نییە پرس‌وجۆی پێویست لەسەر بابەتەکە بکرێ و ئەوانەش وا لە دەرەوەی وڵاتن زۆربەیان گەنج و لاون و ئەو ڕابردووە دوورانەیان لە بیر نییە. هیوا زیاتر بەو کەسانەیە وا لە نێوخۆی وڵات دەژین و زەوق و خواستی ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانەیان هەیە؛ گەرچی ئەستەم بوونی ژیان لەلایەک و گوشاری زۆری سیاسی و ئەمنیەتیی ڕژیمی مەلاکان لەسەر خەڵک، ئەم دەرەتانەیان بۆ هەمووان بەرتەنگ کردۆتەوە.

دیارە دەسنیشان کردنی هەندێک لەو پێشڕەوانە ئەستەمە و وا هەیە ئیتر لە گونجان نەیە. بۆ نموونە یەکەم ئاشەوان کێ بووە؟[1] یەکەم دارتاش یا بەرگدروو

---

١. مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغی لە بەرگی نۆهەمی کتێبی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەسخەتەکانیانەوە»دا دەنووسێ: پیشەی ئاشەوانی یەکەم پیشەسازیی کوردستان بووە.

یا بەقاڵ و کووتاڵفرۆشــی بۆکان کێ بوون؟ ئەمانە ئەســتەمە بزانرێن، بەڵام یەکەم فیتــەر، واتــە میکانیکــی ترۆمبیل یــا یەکەم کتێبفــرۆش و یەکــەم کەمپیوتەرفرۆش و تەلەفۆنفرۆش و... بەو ڕادەیە لە تاریکیدا نین.

مــن بەشبەحاڵــی خۆم لەم بــوارەدا هەوڵێــک دەدەم، بەڵام کارە ســەرەکییەکەی دەمێنێتــەوە بــۆ خوێنەرانــی بابەتەکــە ئەگــەر بیانــەوێ بــە ناردنــی زانیاریــی وردتر دەوڵەمەنــدی بکــەن، دەنــا دەبــێ کارەکە بۆ نووســەرانی دواڕۆژی مێــژووی بۆکان دابنێین.

### ١. ئاش و ئاشەوانی

ئاشی ئاو: دەگوترێ یەکەم پیشەسازی لە کوردستاندا ئاشەوانی بووە. دوور نییە ئەم پیشەیە لە بۆکانیش کەوتبێتە پێش هەموو پیشەیەکی دیکەوە، بەڵام کەی و چۆن و کێ، نازانم.

لە بۆکان بە بیرەوەریی من دوو ئاشی ئاو هەبوون کە هەردووکیان لە سەردەمی لاوییەتی مندا، وەستان و چی دی کاریان نەدەکرد: «ئاشی خانم» و «ئاشی باشی». ئەو ناوانە لەکوێوە هاتبوون؟ خانم کێ بوو؟ ئاشی باشی یانی چی؟ ئەوەش نازانم. تەنیا دەزانم هەر دوو ئاشەکە پێشتر بە ئاوی حەوزەگەورە گەڕاون. ئاشی خانم لە باکووری شار و لە خوار تەقتەقە بەردەکانی لای دوخانیات هەڵکەوتبوو و ئەو جۆگەلە ئاوەی حەوزەگەورە کە بە نێو شاردا دەهات و بەرەو عەلیاباد دەچوو، ئاشەکەشی پێدەگەڕا. ئاشی باشی لە خوار باغی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی، واتە لە پشت دەبیرستانی کەمال لە قووڵاییەکدا هەڵکەوتبوو کە دواتر بوو بە بێستانی کاک متەللیب و ئەو جۆگەیەی بەسەردا سوار بوو کە لە حەوزەگەورەوە بە نێو ماڵی فەڕنیا و قزڵجیدا دەهاتە خوارێ و بە کۆڵانەکەدا، بەرەو چۆمی دەکشا.

ناوی هیچکام لە ئاشەوانەکان نازانم و ناشزانم وەک ملک، ملکی کێ بوون گەرچی دوور نییە وەک پاشماوەی ملک و ماڵەکان هی سەردارەکان و پاشان هی پەناهی و ئینجا هی ئاغاواتی ئێلخانیزادە بووبێتن. زانیارییەکی دیکەم لەسەر بابەتەکە نییە و گەلێک بە پێویستی دەزانم کەسانی دیکە لە نێوخۆی وڵات شوێنی بگرن و پرسوجۆی خەڵکانی بەساڵاچووی بۆ بکەن. چۆنییەتیی کارکردنی ئاش، بیراز، سەعاتی کار، حەقدەستی ئاشەوان، ناوی ئاشەوان و کرێکارانی و گەلێک بابەتی دیکە هەن کە دەبێ ڕوون بکرێنەوە.

ئاشی ئاور: لە سەردەمی منداڵیی مندا ئاشێک لە بۆکان دامەزرا کە بە ماتۆڕی میکانیکی کاری دەکرد و پێی دەگوترا ئاشی ئاور. یەکەم ئاشی ئاور لە خوار

دەرمانگای کۆن و نزیکماڵی حاجی حەمەڕەحیمخانی دادخوا دانرا و وا بزانم هەر هی ئەویش بوو. درەنگتر ئاشی ڕەحمانی سالمی دانرا، کە لە نێوان ماڵی برایمئاغای ئێلخانیزادە و دوخانیات، واتە کەمتاکورتێک ڕووبەڕووی نەخۆشخانەی کۆنی بۆکان هەڵکەوتبوو. دەزانم دواتر ئاشی گەورەتر وەک ئاشی کاک ڕەشیدی سالمی لە بۆکان دانراون، بەڵام زانیارییەکم لەسەریان نییە.

کاک جەعفەری مەردانبەگی بۆی نووسیوم:

«هەوەڵین ئاشەوان کە لە ئاشی باشی و ئاشی خانم ئاشەوانی دەکرد، بە بیرەوەری دایکم، کاک شەنگەی مورادی ناسراو بە شەنگەی ئاشەوان بوو. ئاشی عەلی کەشاوەرزی و ئاشی حاجی حەسەنی عەلیزادە لە خیابانی میراوا، ئاشی حاجی کەریمی لەیلیپوور لە جادەی میاندواو، ئاشی سەید محێدین حوسێنی لە جادەی سەقزیش هەر ئاشی ئاور بوون.»

## ٢. دارتاشی

دارتاشی یا نەجارِی، پیشەسازییەکی کۆن و لەمێژینەیە کە بێگومان وەک ئاشەوانی و بەرگدروویی و ئاسنگەری، گەلێک زوو لە بۆکان پەیدا بووە و تەنانەت لە هەندێک گوندی دەوروبەری شاریشدا دارتاش هەبوون. هۆکارەکەی دەبێ ئەو پەیوەندە بێ کە دارتاشی بە کەرەسەی کشتوکاڵەوە هەیەتی و جووتێر بۆ کاری جووت و گا پێویستیان بە نیروئاموور و کەڵەوە و شتی هاوچەشن هەیە. گەرچی دەرگای هەندێک ماڵە هەژار چەپەر بووە و پێویستی بە دارتاش نەبووە، بەڵام ماڵە دەوڵەمەندترەکان، بەتایبەت لە شاریدا، دەرگا و پەنجەرەیان ویستووە و هەر بۆیەش دارتاشی دەبێ یەک لە پیشەسازییەکانی سەرەتا بووبێ لە شار و ناوچەکە.

بە بیرەوەریی من، ئەم وەستا دارتاشانە ناوی زۆریان هەبوو: وەستا عەوڵای قەرەگوێز، سەید شوکرە، وەستا تەها، وەستا ڕەسووڵ و وەستا بیلال. ماوەیەکیش «مسروب»ناوێکی ئەرمەنی دووکانێکی هەبوو کە لەوێدا کاری دەکرد و دەیانگوت

گەلێک وەستایە و لەبەر گران بوونی دەسکردەکانی، تەنیا ئاغاوات دەیانتوانی بیانکڕن. دواتر گەلێک نەجاڕی دیکەش سەریان هەڵدا، بەهاییەکی خەڵکی میاندواویش کە لە دەست ڕاونانی عەجەم لە میاندواو هەڵاتبوو، لە بۆکان گیرسایەوە و ماوەیەک دارتاشی کرد، پاشان بوو بە وێنەگر.

کاک جەعفەر مەردانبەگی سەبارەت بە دارتاشەکانی بۆکانیش ئەم دێڕانەی نووسیوە:

«وەستا بایزی ئیسماعیلپوور مالەکەی لە کووچەی بەربەردان، ڕووبەرووی باغچەکەی حەمەڕەسووڵی گڵێنە بوو، هەوەڵ دووکانی نەجاڕی وەستا بایز لە یەکیک لە هۆدەکانی ماڵی عەلی میرەبەگدا بوو پاشان کە کاروباری باشتر بوو لە تەنیشت ماڵی باپیرم ئاغا برایم، لە مەیدانی کافرۆشەکان، کە پاشان بۆ بە ماڵی عەولای بارامئاغا، گیرساوە. زۆر وەستای دارتاشی شاری بۆکان حاسلی ڕەنجی ئەون، وەک وەستا سمایلی ئیسماعیلپوور، وەستا قادری کەرێزە، مەشهوور بە دەروێش قادر و وەستا فەتاحەسوور. حاجی مستەفا نەجاڕیش زۆر دارتاشێکی لێوەشاوە بوو.»

کاک ڕەحیمی بەهرامزادە، کە ناوی بەشێک لەو دارتاشانەی سەرەوە ئەو بۆی نووسیوم، باوکی خۆی دارتاش بوو و لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا باسێکی کورتی وەستا سەعیدی باوکی و وەستا ڕەسووڵێکمان لە بۆکان بۆ دەکا. کاک ڕەحیم بە حیسابی قسەی سەر زاری خەڵک، مسروبی ئەرمەنی بە مەسرووف ناو دەبات:

«باوکم وەستا سەعید، خەڵکی ئاوایی کرکرەی فەیزوڵڵابەگی، نەجاڕیی لە خزمێکی خۆمان بەناوی «وەستا ڕەسووڵ کوڕی شامحەممەد» فێر ببوو، کە بە ئەسڵ خەڵکی گوندی باخچەی فەیزوڵڵابەگی بوو و لە بۆکان نەجاڕی دەکرد. وەستا ڕەسووڵ هەرچەندە نەخوێندەوار بوو شتی زۆر هونەرمەندانەی ساز دەکرد و ئەو بێشکە و مێزەی ئەو دروستی دەکرد بۆ ئەوە دەبوو لە مووزە بپارێزرێن. وەستا ڕەسووڵ سەرەڕای وەستایەتی خۆی سەری لە کاری وەستا مەسرووفی ئەرمەنی دانیشتووی بۆکان کە دووکانی لە پەنای حەمامی کاکاغا بوو، سوڕ دەما. وەستا

مەسرووف لەوئاخرییانەدا پیر ببوو و تاقەتی کاری قورسی نەمابوو و جارجار تەختەنەردێکی ساز دەکرد. وەستا ڕەسووڵ بەهۆی کاری سیاسییەوە ماوەیەک لە زیندانی تەورێز بوو. نازانم ئەوە چ ساڵێک بوو، بەڵام باوکم دەیگوت لەگەڵ حسێنی فاتحی گیرابوو.»[١]

کاک ڕەحیم هەروەها ئاماژەی بە هاتنی «هەجیجییەکان»ی هەورامان بۆ ناوچەی بۆکان کردووە، کە بەگوێرەی پیشەیانەوە دەکرێ لێرەدا ناویان ببەین باوەکوو لە ناوچەیەکی دیکەی کوردستانەوە دەهاتنە ئەوێ و بەرهەمی دارینی ئامادەکراوی خۆیان دەفرۆشت. ئەوەش یادداشتەکەیەتی سەبارەت بە هەجیجییەکانی هەورامان لە ناوچەی بۆکان، بە سپاسی زۆرەوە بۆ یارمەتی و زانیارییەکانی:

«لە هەورامانەوە ئینسانی زەحمەتکێش و زۆر بەئەدەب دەهاتنە گوندەکانی بۆکان و ئاردەتوویان دەفرۆشت. زۆرجار ئەو هەورامییانە کەوچک، تەشی، شانەی دار بۆ قژ شانەکردن، شانەی خوری و شتی تری لە دار دروستکرایان بۆ فرۆش لەگەڵ خۆیان دێنا. بەو هەورامییانەیان دەگوت هەجیجی. خەڵکی پووڵیان نەبوو، بۆیە ئەم کاڵایانەیان لەگەڵ شتی تر دەگۆڕییەوە. بە زۆری، هەجیجییەکان شتەکانیان بە کۆڵ دەگێڕا. کاتێ ئاردەتوویان دەفرۆشت هاواریان دەکرد: «ئاردەتوو، وە خوری، وە موو، وە ڕۆحە شکاو»؛ لەو ساڵانەی دوایی‌دا تەنانەت کەوشی جیریشیان وەردەگرت. هەجیجی یان ئەو شتانەی خۆیان هاوردبوویان بەسەر شانیانەوە بوو یان ئەوانەی وەریاندەگرت. کە وابوو بەردەوام شان و پیلیان لەژێر باری گران‌دا دەیناڵاند. من قەتم نەبیستووە ئەوانە کێشەیان ساز کردبێ یان فێڵیان لە خەڵک کردبێ. خەڵکیش زۆریان ڕێز لێ‌دەگرتن.»

---

١. دیارە دەبێ ساڵانی دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ بووبێ. گەرچی دواتریش چەند شەپۆلی گرتنی خەڵکی کورد بەتایبەت ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٣٣٨ و ١٣٤٢دا گەیشتنە ناوچەکە. نەمر کاک حسێنی فاتحی ماوەیەک بەرپرسی لقی حیزب لە بۆکان بوو.

### ٣. ئاسنگەری

ئاسنگەریش لەو پیشەسازییە کۆنانەیە کە دەبێ لە زووەوە لە شاردا هەبووبێ و ئاسنگەرانی خۆجێیی کەرەسەی کشتوکاڵیان دروستکردبێ و بە خەڵکیان فرۆشتبێ. بۆ نموونە، داس و مەڵەغان و چەقۆ و چەکوش و شتی لەو چەشنە. «داسی نەزەر» لە نێو خەڵکدا گەلێک مەشهوور بوو و دەبێ لە پەیوەندیی بنەماڵەی نەزەردا بووبێ کە دواتر ناسناوی «نەزەری»یان پێدرا بوو. من باسی داسی نەزەرم لە بەیتە کوردییەکانیشدا بیستووە.

لە تەمەنی مندا، ئاسنگەرەکان ڕیزە دووکانێکیان لە خوار قەپانی حەمەدەمینئاغاوە بەرەو لای چۆمی، هەبوو کە ژمارەیان لە پێنج و شەش کارگە زیاتر بوو. یەکیان وەستا... ؟ کاوەیی و ئەویتریان وەستا سەعیدی نەزەری بوو، بەداخەوە ناوی ئەوانی دیکەم لە بیر نییە. ئاسنگەرێکیش لە خیابانی کۆن ڕووبەڕووی دووکانی بەقاڵییماڵی محەممەدی و فاتحی هەبوو.

وا بزانم کەرەسەی کارخانەیی عەجەمستان، کاری ئەوانیشی لەقولۆق و کەمبرەو کردبوو، داس و مەڵەغانێک کە تاجرەکان لە عەجەمستانەوە دەیانهێنا و دەیانفرۆشت، هەرزانتر بوون و هەر بۆیەش برەویان سەند و کەڵکی ئەوانی خۆماڵییان بڕی.

کاک نادری فەتحی ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی لە پەیوەندیی ئاسنگەرێکی دیکەی بۆکانیدا بۆ نووسیوم:

«باوکی ئەمجەدی ئەمینزادە، کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، دەبێتە مامی ئاغای ئەمینزادەی مامۆستای قوتابخانە، ئاسنگەرێکی زۆر کۆنی بۆکان بوو.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش ئەم دێڕانەی نووسیون:

«وەستا حەسەنی بەسری، باوکی کاک عەلی بەسری؛ وەستا حسێنی پایدار باوکی کاک عەبووی پایدار لە تەنیشت دووکانی ماماغا سەعیدی نەزەری دووکانیان بوو. هەروەها وەستا عەولای ئاسنگەر لە گوزەری کۆن دووکانی بوو.»

## ٤. تەنەكەسازی

حەڵەبی‌ساز لە بۆكان هەندێک كەرەسەی وەک سەتڵ و ئەفتاوە و ئاوپاش و شتی لەو چەشنەیان دروست دەكرد یا بنیان لە ئەفتاوە دەگرتەوە یا قۆری و تەنانەت كاسە و دەوریی و ژێرپیاڵەی شكاویان هەڵدەبەستەوە.ماڵی حەڵەبییەكان (وەستا ڕەشید و وەستا...) و هەروەها سەید تەها و درەنگتریش سەید محێدینی تەنەكەساز، ناویان هەبوو.

كاک جەعفەر مەردانبەگی دەنووسێ:

«تەنەكەسازەكانی كۆنی بۆكان دوای مامە ڕەشیدی حەڵەبی، بریتی بوون لە: وەستا عەوڵا وەیسی مەشهوور بە عەبەتەنەكە و وەستا ڕۆستەمی تەنەكەساز و وەستا سەعیدی قاسمزادە مەشهوور بە سەعیدتەنەكە، زاوای كاک ئەسعەدی حەقیقەت، وەستا محەممەدەشەل مەشهوور بە ئاغاسی (گۆرانیبێژ)یش هەر تەنەكەساز بوو.»

كاک برایم فەڕشی بۆی نووسیوم:

«ڕۆستەمی تەنەكەساز كە مرۆڤێكی سەنعەتكار و هونەرمەند بوو، كەشتی بە چكۆلەیی ١٥ هەتا ٢٠ سانتی‌میتر دروست دەكرد، فتیلەی بۆ دادەنا و بە نەوت كاری دەكرد، كە فتیلەكەت هەڵدەكرد كەشتیەكە بەرەو پێشەوە دەچوو.»

## ٥. حەمامچییەتی

نازانم چ ساڵێک یەكەم گەرماو یا حەمامی عموومی لە بۆكان كراوەتەوە، بەڵام بە بیرەوەریی منداڵیم، تاقە یەک حەمام لە شارەكەدا هەبوو كە پێیان دەگوت «حەمامی قاسمئاغا» و دواتر ناوی «حەمامی كۆن»ی لێ‌نرا. شوێنەكەی كەموزۆر ڕووبەڕووی حەوزەگەورە و دەرگاكەی لە كۆڵانی گەڕەكی مامۆستا شێخ حەسەنی كازمی و حاجی قاسمی كەریمی‌دا بوو.

حەمامەكە بە شێوەی سەردەم خەزێنە بوو؛ بە ملک، ملكی ماڵی ئاغاكانی

بـۆکان (وا هەیـە ملْکی قاسـمئاغای موهتەدی بووبێ) کە بـە ئیجارە دەدرا بە خەڵک. حەمامەکـە، «توونچی» هەبوو. ئاوی خەزێنە، کە لە جۆگەیەکی حەوزەگەورەوە بۆی دەچوو، لەو توونەدا گەرم دەکرا. توونچیش بۆ ئەو مەبەستە، کای ڕزیوی دەڕژاندە نێو توونەکەوە.

بەیانـان زوو هـی پیـاوان بـوو، پاشـان دەبووە هـی ژنان، ئینجا دوای عەسـر و دەمـەو ئێوارە دیسـان دەبۆوە هـی پیاوان. هەندێک جار حەمام «قـۆرغ» دەکرا، واتە تایبـەت بـە ماڵێـک یا کەسـانێک دەکـرا، کە دیـارە دەبـێ دەوڵەمەند بووبێتـن. قۆرغ کردن زیاتر بۆ ڕێوڕەسـمی وەک شـایی و هێنانی بووک بۆ حەمام بوو و بەو پێیە بەگشتی حەمام بۆ ژنان قۆرغ دەکرا.

دوو یـا سـێ دەلاک لەنێـو حەمامەکـەدا کاریـان دەکـرد و خەڵکیـان دەشـۆرد. کەسـێکیش فۆتـەی بـۆ خەڵـک دەهێنـا. بەداخەوە ناوی ئەو کەسـانەم لـە بیر نییە و پێویستە هەر لە ئیجارەدارەکانەوە تا توونچی و کرێکار و بەرپرس و دەلاکی ژن و دەلاکی پیاو هەموویان ناویان تۆمار بکرێ. ئای بۆ هیممەتدارێک!

بە تەنیشت ئەم حەمامەوە حەمامێکی بچووکتر هەبوو بە خەزێنەیەکی بچووکەوە. ئـەوە حەمامـی جوولەکەکان بوو و دوای ڕۆیشـتنیان لە بۆکان (١٣٢٩)، ئەویشـیان دایە دەم حەمامەکەی دیکە و گەورەیان کردەوە.

وا بزانم لە دەوروبەری ساڵی ١٣٣٥دا بوو، کە حەمامێکی نمرە لەلای حەوزەگەورە و نزیک مزگەوتی جامیع کرایەوە کە هی حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە بوو و بەناوی کوڕەکـەی خۆیـەوە نـاوی «نـادر»ی لەسـەر دانـا بـوو. ئەمـە، یەکەم حەمامـی نمرە (خسووسـی) لـە بـۆکان بـوو و وا بزانـم ٥ نمرەی هەبـوو و خەڵک زۆریان پەسـند دەکرد، تەنانەت حەسـەن زیرەک لە چەند گۆرانی سـەردەمی ڕادیۆ بەغدادا، باسـی حەمامەکە و ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوانی کردووە کە بەسەریدا ڕادەگەیشت.

دوای ئـەو، لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٣٤١دا، حەمامـی کەیخوسـرەوی و پاشـان حەمامی محەممەدیان و ئینجا حەمامی حاجی شاخە کرانەوە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لەم بارەیەوە بۆی نووسیوم:

«هەوەڵێن کەسانێک کە [بە بیری ئەو] لە حەمام کاریان دەکرد، بریتی بوون لە: عەلی حەمامچی باوکی کاک حەمەساڵە و کاک عەوڵای مەشهوور بە باوکمردوو (خۆشنوود)، کاک حەمەحسێن جانالی مەشهوور بە حەمەحسێنی دەڵاڵ، عەبووی فەقێ بۆکانی مەشهوور بە عەبووی نەنێ، کاک حەمەسالەی بۆکانی، وەستا محەممەدی ئەلیاسوەند و حەیدەرە عەجەم.

ژنانی حەمامچیش وەک دادە زارا فەتعەلیزادە، دادە زولەیخا جەعفەری و دادە مریەمەکۆڵە.»

من خۆشم «کاک عەلی و کاک محەممەدی ناوە»م لە بیرە، کە دەلاک بوون و لە حەمامی نادر و حەمامی کاکاغای کەیخوسرەوی کاریان دەکرد.

## ٦. بەننایی

گەلێک باڵەخانەی بازرگان و دەوڵەمەندی قەدیمی بۆکان وەستا و بەننای ئازەربایجانی دروستیان کردوون کە لە تەورێز و زەنجانەوە دەیانهێنان، بەڵام بۆکانیش بەننای ناوبەدەرەوەی هەبوون. بە بیرەوەریی من، سەیدی بەننا، واتە سەید عەبدولقادری قورەیشی، برای سەید سدیق و حاجی سەید حەمەساڵحی قورەیشی، یەک لەوانە بوو؛ کابرایەکی کورتەباڵا و جێگەی ڕێزی خەڵک، کە دوو کچ و کوڕێکی بوون. سەید محەممەد (سەی حەمکە)ی کوڕی لە تیرتاش لە باکووری ئێران لە کارخانەی جگەرە کاری دەکرد.

بەننایەکی دیکە هەبوو کە ناوی وەستا قەفار (غەففار) بوو و مێردی دادە عیسمەتی خزمی ئێمەش بوو. من دادە عیسمەتم باش لە بیرە،ماڵی لە پشت ماڵی کاک عەلی بەسری و نزیک ماڵی سەید حەکیمی تووتنچی بوو، بەڵام ئەو دەمەی من وەبیرم دێ، وەستا قەفار نەمابوو.

درەنگتر وەستا حەمەساڵە، وەستا محەممەد میعماری، وەستا قادر میعماری، وەستا شێخئاغایی، وەستا جەعفەر لەیلەکورد، وەستا ڕەحمان عەسکەری و وەستا

ڕەحیم شەوەکی ناویان هەبوو. دیارە ئەمانە هەموو ناوەکان نین و دەبێ زۆریان لە قەڵەمکەوتبێتن.

ئەم کەسانەش وەک گەچکار ناویان هەبوو: وەستا محەممەد، وەستا قادر، وەستا عادڵ شەهسواری، وەستا ئەحمەد ئەحمەدیان، وەستا قادر کوڕی ڕەسووڵ دمەک و وەستا عومەر سەقزی.

### ٧. پێڵاودروون

لە گوزەرێکی باریک و کورتی نێوان خیابانی کۆن و تازەدا پێنج شەش دووکان هەبوون؛ ئەو گوزەرە پێشتر پەیوەست ببوو بە گوزەری خەیاتەکانەوە، بەڵام خیابانی تازە لێکی دابڕیبوون و ئەمیان لێ تەریک کەتبۆوە. دووکاندارێ ئەو گوزەرە پێڵاوی پیاوانەیان دروست دەکرد و دەیانفرۆشت (دڵنیا نیم پێڵاوی ژنانەشیان دروستکردبێ یان نا؟). پێڵاوەکان گەلێک قورس و قایم بوون، ژێریان لاستیکی چەرخی ترۆمبیل و سەریان چەرمێکی سووری قایمی گا بوو، گوللە بە عاستەم دەیبڕی! لە شاریدا، پێیان دەگوت کەوشی دێهاتی و منداڵانی شاریش وەک گەورەکان پێیان خۆش نەبوو لە پێی بکەن. ساڵێکیان باوکم جووتێکی بۆ کڕیم، بەڵام زۆری پێ قەڵس بووم و نەمدەویست لە پێی بکەم، منداڵانی هاوتەمەن گاڵتەیان پێدەکردم.

کەوشدرووەکان بەگشتی ماڵی «کەفشدووزی» بوون، واتە کاک یۆسف و میرزا حەمەڕەسووڵ و میرزا حەمەڕەشید. کەسێک یا دووانی دیکەش لە هەمان گوزەردا ئەم کارەیان دەکرد کە ناویانم لە بیر نییە، دەڵێی یەکیان میرزا غوەڵام بوو.

ئەم کارە خۆماڵییە لە بەرانبەر کەوشی ڕێکوپێکتر و ڕازاوەتری تەورێز و تاراندا ڕقەبەرایەتیی بۆ نەدەکرا، بەتایبەت کاتێ کە کەوشی ماشێنی (کفش ملی!) هات، کە هەم جوانتر و هەم تا ڕادەیەکیش هەرزان بوو، ئیتر وردەوردە ئەوانیش کاریان لە کەمیی دا و یەکیان بوو بە کەوشفرۆش و لە تاران و تەورێزەوە کەوشی

دێنا و بەداخەوە لە ئەنجامدا دووکانی کەوشدروون لە بۆکان پێچرایەوە.

هەمان بەلا بەسەر خەیات، واتە بەرگدرووی شاریشدا هات، کە بەهۆی گرنگایەتیی کاری ئەوانەوە بە جیا باسی دەکەم، بەڵام سەمەرە ئەوەیە قاڵی دەسچن، واتە فەرش لە بەرانبەر فەرشی ماشێنیدا خۆی گرت و لە ڕەونەق نەکەوت. ڕەنگە ئەوە بەهۆی پشتیوانیی دەرەوەی وڵات و مشتەریی فەرشی ئێران لە ئورووپا و ئەمریکا بووبێ.

هەروەها ئەم کەسانەش بۆ کەوشدروویی ناویان هەبوو: وەستا حەبیبوڵڵا ساڵحی، وەستا قادر ساڵحی، مەلا ناسح شافعی، وەستا حەمەساڵحی حەقپوور، وەستا شەریف باوکی ئاغای ڕامش، وەستا حەمەڕەشید، وسوو (یۆسف) و خاڵەکاکەی عەزیزنەژاد.

ئەم کەسانەش کەوشفرۆش بوون، واتە پێڵاوی ئامادەیان لە تەورێز و درەنگتر لە تارانەوە دەهێنا و لە بۆکان دەیانفرۆشت: مامە خەسرەو مرادبەگی، حاجی حەسەن یۆسفی، کاک حەمەڕەسووڵ سالمی، محەممەد عەزیزنەژاد.

کار و ئەرکێکی دیکەش هەبوو کە دیارە ئێستاش هەر هەیە ئەویش پینەچییەتییە، واتە چاککردنەوە و دروونەوە و ژێر تێکردنەوەی کەوشی خراپ بوو. من بەداخەوە ناوی پینەچییەکانم لە بیر نییە. کاک جەعفەر مەردانبەگی دەڵێ تەحسین و باوکی دووکانی پینەچییەتییان هەبوو، کە لەسەر خوڕێنک جیران دووکانی عەلی حەڵەبی بوو.

## ٨. فەرش و تەون و خومگەری

لە بۆکانی سەردەمی منداڵی من، هونەری بەڕەچنین لە دەوروبەری بۆکان هەبوو، بەڵام کاری تەونی فەرش و مافوورە یا نەبوو یا کەم بوو و ناوی کەسێک یا ماڵێکی تایبەتم لە بیر نییە مافوورەیان چنیبێ، بەڵام فەرشی هەوشار لە بنگوێی بۆکان، ناوبانگی گەلێک زۆری هەبوو. لە ڕێگەی کاک برایمی فەرشییەوە دەزانم کە

میرزا محەممەدی باپیری، واتە باوکی حاجی عەلی فەڕشی، سەرەتا لە حەمامیان و دیوەخانی ئاغاواتی ئێلخانیزادە و پاشان لە بۆکان داری تەونی بووە و وا هەیە یەکەم کەس بووبێ کە فەڕشی گەورەی ٢ میتر لە ٣ میتر و سێ لە چواری لە بۆکان چنیبێ. میرزا محەممەد وا بزانم خەڵکی تەوریز بوو و ناسناوی «فەڕشی»ی بنەماڵەکەیانیش هەر لەو کار و پیشەیانەوە هاتووە.

کاک برایم فەڕشی زانیارییەکی زۆری لەسەر میرزا محەممەد بۆ ناردووم کە لێرەدا بە سپاسی زۆرەوە ڕایاندەگوێزم:

«لەسەر باپیرم:

بە میرزا محەممەدی تەوریزی مەشهوور بوو، هەر بەو ناوە فەڕشەکانی ئیمزا کردووە و لە کتێبی مێژووی فەڕشی ئێراندا ناوی هاتووە.

فەڕشەکانی ئەو لە باری نەخشە و ڕەنگ و پەرداخت و لایەنی هونەری مەشهوور بوون، یەک لە فەڕشەکانی بەپێی وتەی کاک تاهیر ئێلخانیزادە لە ڕێگای مەحموودئاغاوە ناردراوە بۆ شێخێکی نەقشبەندی لە هەورامان و ئەویش خەڵاتی پاشای موسڵمانانی کردووە (کە دەبێ سوڵتانی عوسمانی یا خود پادشای سعوودی بووبێ).

بنەچەکی بنەماڵەکەیان تەونگەر و تەونچی بوون و هەر ئێستاش فەڕشی ئەو بنەماڵەیە لە تەوریز لەژێر ناوی «اصمعی»دا بەناوبانگە.

ناوی تەواوی باپیرم میرزا محەممەد فەڕشچی بووە کە دواتر کراوەتە فەڕشی.

باپیرم لە سابلاخ هەروەها لە بەشی فەیزوڵڵابەگی و حەمامیان فەڕشی چنیوە، بەڵام کاتێ کە هاتوونە بۆکان وازی لەو کارە هێناوە.

باوکم [حاجی عەلی فەڕشی] تا تەمەنی ٢٠ساڵی لەگەڵ باپیرمدا هەم فەڕشی چنیوە و هەم نەخشەی کێشاوتەوە، دواتر ئەویش وازی هێناوە؛ چەند فەردە فەڕشی دیواریی دەستچنی باوکم، کە زۆرتر وەک تابلۆ دەچن، ئێستاش لای کاکم ماون.

میرزا محەممەد هەم خۆی نەخشەی کێشاوە، هەم پیادەی کردووە و هەمیش لە دروستکردنی ڕەنگ و بەن ڕەنگکردندا بەشداریی کردووە. لە بیرمە باوکم

زۆربەی هەرە زۆری گیا و ڕەنگ و دەرمانی ناوچەی کوردستانی دەناسی، هەم ئەو بەشەی کە وەک دەرمان بەکار دەهێندرا و هەم ئەوانەش کە پێوندیی بە دروستکردنی ڕەنگەوە هەبوو.

باپیرم و بابم کە هاتوونە بۆکان وازیان لە پیشەی فەڕش هێناوە.

کەرەسەکانی دروستکردنی فەڕش هی باوکم و باپیرم مابوو، ئەگەر نەفەوتابن، من خۆم بینیبووم، تەنانەت داوام لە باوکم دەکرد فێرم کات، هەرچەند قبووڵی کرد، بەڵام نەکرا، دواتر چووم لەلای مامی باوکم لە تەوریز فێری تەونگەری بووم، بەڵام قەت بەکارم نەهێنا.»

جیا لەو کەسە دەگمەنانە، بەگشتی هەتا سەروحەدی شۆڕشی ١٣٥٧ و کاتێ کە خەڵکی گوندەکانی هەوشار هاتنە بۆکانەوە، کاری فەڕشچنین لە بۆکان باو نەبوو.[١]

هەر لەو پەیوەندییەدا دەبێ بڵێم بە دڵنیایی کەسانێک کاری تەون و مافوورەچنینیان کردووە و من نایانناسم. ئەوەش بەو نیشانەیەدا دەڵێم کە لە بۆکانی سەردەمی منداڵیی منیش دووکانی خومگەریی «حاجی خمگەر»ی باوکی کاک غەفوور و حسێنی ئاشناگەر هەبوو و حاجی خمگەر کە بەداخەوە ناوی بچووکیم لە بیر نییە، بەنی فەڕشی لە دووکانەکەیدا ڕەنگ دەکرد و لە دەرەوە هەڵیدەخستن ویشک ببنەوە. دیارە ئەو هەموو ساڵە خومگەری کردنە، بۆ کەسانێک بووە کە لە ماڵاندا تەونیان کردووە و دڵنیام دەبێ خەڵکێکی زۆر هەبن کە ئەو کەسانە بناسن.

ئێستا ٣٢ ساڵێک دوای کۆچی ئەو خەڵکەی هەوشار بۆ بۆکان، فەڕشی بۆکان ناوبانگی دەرکردووە و تەنانەت هەناردەی دەرەوەی ئێران دەکرێ. حەق وایە ناوی پێشڕەوانی کارەکە و ئەوانەی وا لە هەوشارەوە هاتنە بۆکان، بۆ مێژوو تۆمار

---

١. فەڕشی هەوشار نەقشە و تەرحی ناسراوی خۆی هەیە و لە بیرمە ساڵی ١٣۴٢ کە تەبعید کرابووم بۆ ئەراک، قاڵیچەیەکم هەبوو وا بزانم ماڵی خاڵم پێیاندابووم. لەوێ لەبەر بێپووڵی فرۆشتم! کابرای کڕیار فەڕشفرۆشێک بوو هاتە ماڵێ و هەر ئەوەندەی چاوی پێی کەوت گوتی ئەوە فەڕشی هەوشارە ئەگەر جووتەکەیت هەبێ بەوەندە و ئەوەندە لێت دەکڕم، بەڵام لینگەکە بەتەنیا هیچ ناهێنێ و بەو فێڵە بە ٢٠٠ تمەن لە چنگی دەرهێنام! زۆرم پێ سەیر بوو لە ئەراک باسی فەڕشی هەوشاریان دەکرد.

بکەین، بەڵام بەداخەوە من لە دوورەوڵاتی هیچم لە دەست نایە و دەبێ خەڵکانی دیکە هیممەت بکەن.

دوای حاجی خمگەر، وەستا سمایل باوەمین (کەریمی)، سەیزادە خاتوون خمگەر، وەستا ڕەشید چوارچاو (کاروانسەرادار) و دادە ئامین خمگەر (هاوسەری کاک ڕەحمان سنجوو).

لە پەراوێزی باسەکەدا بڵێم کاکم، وەفا، بۆ یەکەم جار فەرشی ماشێنیی هێنایە بۆکان و لە دووکانەکەیدا دەیفرۆشت. وا بزانم ئەوە ساڵانی ١٣٤٨ ـ ٤٩ بوو.

## ٩. ددانسازی

یەکەم ددانسازی بۆکان لە سەردەمی منداڵی مندا کاک عەبدوڕڕەحمانی ددانساز (ڕۆستەمی) بوو، کە دیارە دەبێ بە کەرەسەی زۆر سەرەتایی ئەو سەردەمە کارەکەی لە ماڵی خۆیاندا بەڕێوەبردبێ. بۆ پرسیاری ئەوەی پێش وەستا عەبدوڕڕەحمان، باوکی یا چ کەسێکی دیکە لە بۆکان ددانسازیی کردووە، وەڵامم نییە، بەڵام وا هەیە خەڵکانێکی زۆر هەبن ئەوە بزانن بۆ نموونە، کاک عەبدوڵڵا ڕۆستەمی کوڕی وەستا عەبدوڕڕەحمان.

دواتر «میکائیل»ی ئەرمەنی و کابرایەکی بەڕێزی ئاسوری، کە ناویم لە بیر نەماوە، دووکانی ددانسازییان کردەوە. پاشان چەند کەسی خەڵکی بۆکان و برادەرێکی مەهابادیش هەر کاری ددانسازییان دەکرد. من خۆم چوومەتە لای دوو کەسیان، بەڵام بەداخەوە ناویانم لە بیر نەماوە.

باش وایە وەڵامی پرسیار سەبارەت بە چۆنییەتیی عیلاج و دەرمان و کێشان و پڕکردنەوە و کەرەسەی کارەکە و ڕادەی حەقدەست و شتی لەو چەشنەش وەربگیرێتەوە و بزاندرێ کێ، کەی و چۆن کاری ددانسازیی لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری کردووە.

درەنگتر، ئەم کەسانەش دووکان یا دیدەنگەی ددانسازییان هەبوو: مەلا مەحمەد بانەیی، کاک مەحموود بانەیی، ... ئەیووبی خەڵکی سابڵاغ، وەستا حەبیب زاهیدی،

محەممــەد عەبدولقــادری، ... زولفەقــاری، ســەلاح مەردانبەگــی و شــوعلە زاهیــدی (هاوسەری کاک سەلاح).

کاک ڕەحیم بەهرامزادە لە باســی گوندی «کڕکڕە»ی بەشــی فەیزوڵڵابەگیدا ئەم چەند دێڕەی بۆ نووسیوم کە وەک هەمیشە تەنزێکی شیرین لە نووسینەکەیدایە:

«پیاوێکــی کرماشــانی ســاڵی جارێــک دەهــات، ددانــی خەڵکــی خــراپ دەکــرد و ڕووکێشــی زێڕی بەســەردا دەکێشــا. دوای ئەوەی کارەکەی تەواو دەبوو، بە ددان زێڕی دەگوت چکێ بکەنە! ئەوسا خۆی دەیگوت: «فرە قەشەنگە!»

## ١٠. چەرچییەتی

چەرچییەتی لەو کارانەیە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک زوو. نەبوونی دووکان و بــازاڕ لــە گونــدەکان و بوونی پێداویســتیی خەڵک بۆ کڕینی هەندێک شــت، بەتایبەت ژنــان، کە کەمتر ڕێگایان کەوتۆتە نێو شــار، ئــەو ئیشوکارەی خوڵقاندووە. چەرچی وشــەیەکی کــوردی نییــە و وا بزانــم تورکــی بــێ. لــە ئازەربایجانیــش چەرچییەتــی هەبــووە و شــەهریار لــە حەیدەربابادا باســی بنێشــت و نەباتی ســپی چەرچییەکان لــە گوندەکەی خۆیان دەکا. چەرچی بەگشــتی شــتومەکی ســووکی خۆیان لەســەر خوانچەیەک دادەنا و بە شریتێک لە ملی خۆیان دەکرد ئینجا بە کۆڵاناندا دەگەڕان و هەرای بنێشت و نوقڵ و شتی وایان دەکرد.

لە بۆکان چەرچییەکی زۆری جوولەکە هەبوون کە بە گوندەکاندا گەڕاون. دواتر ئەم کارە موسوڵمان کردوویانەتە پیشە و لەوانە یەکیان «سەیدی خەڕازی» (سەید حەسەنی بەدەوی) بوو کە بە کۆڵانەکانی نێو شــاردا دەگەڕا و بنێشــت و نوقڵ و مووروو و زەنگیانە و بازنە و شــتی لەو چەشــنەی دەفرۆشــت، جا نازانم سەری گوندەکانیشی دەدا یان نا؟ سەیدی خەڕازی لەجیاتی خوانچە، چەرخێکی وەک کالیسکەی منداڵانی هەبــوو، کــە شــتومەکەکەی لەســەر ئــەو دادەنــا و دەیگێــڕان. چەرچییەکــی دیکەی خاوەن ناو لە بۆکان سەیدەچکۆل بوو، کە پاشان لەبەر دووکانی حاجی حەمەڕەشید محەممەدیان بۆتکەیەکی دانا و عەتر و مورووی دەفرۆشت.

کاک ڕەحیم بەهرامزادە بۆی نووسیوم:

«وردەواڵەفرۆش بۆ فرۆشتنی شانە، ئاوێنە، دەرزی، دەرزیلە، سابوون، بنێشتی ئەمریکایی و... دەهاتن بۆ کرەکرە. لە هەمووان ناسراوتر «حسەین چەرچی» بوو کە خۆی ماڵی لە تیکانتەپە بوو. حسەین چەرچی زۆر ئینسانێکی گاڵتەچی بوو.

بۆ کووتاڵفرۆشتنیش پیاوێکی کورتە باڵا، کە ناوی «حەمەپخی» بوو دەهات بۆ کرکرە. لە بیرم نەماوە ئەو کاک محەممەدە خەڵکی کوێ بوو.»

## ١١. زیندروون، کورتاندروون و ناڵبەندی

ئەم پیشانەهی سەردەمێک بوون کە خەڵک و بەتایبەت ئاغاواتی دەوروبەری شار ئەسپ و چارەوێیان هەبوو. ئەمانە هەموو، بە پەیدابوونی ترۆمبیل و تراکتۆر، وردەوردە لە مۆد کەوتن.[1]

ئەوەی لە بیرەوەریی مندا بێ، تاقە یەک دووکانی زیندروون لە بۆکان هەبوو کە کاک عەزیز سەڕاج (تەحریریان) بەڕێوەی دەبرد. کاک عەزیز، هەروەها دوو برای، کە مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان بوون، لە مەهابادەوە هاتبوونە بۆکان و لەوێ نیشتەجێ ببوون. دووکانی کاک عەزیز لەسەر خیابانی تازە لە نێوان بانکی سادرات و میللی ئێستا، لە شوێنێکدا بوو کە دواتر بوو بە دووکانی «خشکشویی وفا». وا هەیە پێش تەمەنی من، دووکانێکی زیاتری زیندروون لە بۆکان هەبووبێ.

دیارە زین بۆ ئەسپ و ماین دروست دەکرێ و گوێدرێژ و ئێستر کورتانیان لێدەنرێ. کورتاندرووەکانی بۆکانیش هاوڕێ لەگەڵ ناڵبەندەکان، لە مەیدانێکدا کۆببوونەوە کە پێی دەگوترا مەیدانی کا یا مەیدانی کافرۆشەکان. شوێنی مەیدانەکە جێگایەک بوو کە لە قەپانی قاسمئاغاوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتی و ڕاست پێش گەیشتن بە خیابانی سەقز، گۆڕاییەک هەبوو کە بە دەورییەوە دووکان

---

١. سەیرە لێرە لە ئورووپای ماشێنیدا، بەپێچەوانە، ئەسپ هەم زۆرە و هەم ماقووڵە. بە لەندەن دەڵێن پێتەختی ئەسپی دنیا! لە هەموو گوند و شارێکی بریتانیا ئەسپ بەخێوکردن و ئەسپسواری لەوپەڕی برەوی خۆیدایە. دیارە بەشێکیش بۆ کێبەرکێ کەڵکیان لێوەردەگیرێ و دراوی زۆریان پێ پەیدا دەکرێ.

بـوو. دووکانەکان زۆریان هی ناڵبەند و کورتاندروو و کافرۆش بوون، دووکانێکی بەقاڵیشی لێبوو، کە هی باوکی کاک کەریمی سالمی بوو.

ناڵبەندەکان هەر لە نێو ئەو مەیدانەدا وڵاخیشیان ناڵ دەکرد. لە ناڵبەندەکان تەنیا میرزا حەمەحەسەنی نەعلبەندیم لە بیرە.

تێبینی: زۆربەی زۆری ناوی ئەو خاوەن پیشانەی وا لەم بەشەدا ناویان هاتووە، ڕێزدار جەعفەر مەردانبەگی بۆی ناردووم.

## ١٢. لێفەدروون

لـە لێفـەدرووی سـەردەمی خۆم تەنیـا ئەحمەدخـان، کاک حەمەسـاڵەی کوڕی کاک قـادر (قالە سێسـەر)، هەروەها دەروێش سـەدیقی جەعفەریم لـە بیرن. ئەحمەدخان بەرگـدروو بوو، بەڵام لێفەدروویيشـی دەکرد، بـەڵام جگە لە بیرەوەری من، هەندێک وەسـتای لێفەدرووی دیکەش هەبوون، کە ئەوە ناوەکانیانە: وەسـتا عەوڵا غەوسـی (عەبەخەمە)، وەسـتا عەوڵای لێفەدروو (دووکانەکەی لە مەیدانی ئارد بوو)، وەسـتا ئەحمەدی لێفەدروو لە خیابانی سەقز.

بـە شـێوازی نەریتـی، لێفـە لە ژوورێکـی گەورە یـان دووکان یان لـە دەرەوەی دووکان لـە گۆڕاییيـەک ڕادەخـرا، نێوئاخنـی لۆکـە (پەمـۆ)ی تێدەخرا و بە دەسـت تەقەڵی لێدەدرا. ئەو دەم هێشتا لێفەی کارخانەیی لە عەجەمستان و چین و تورکیاوە نەگەیشتبووە وڵات و ئەم کاسبییەش وەک زۆر کاسبیی دیکە بە برەو بوو، بەڵام لە بەرانبەر هێرشی بەرهەمی هاوردەی لاوەکیدا خۆی بۆ نەگیرا و لە کەمی و لاوازیی دا. نازانم ئێستا پاشماوەیەکی ماوە یان نا؟

## ١٣. هەللاجی

بۆ کاری لێفەدروون و هەروەها بۆ دروونی کەوای پیاوان و کڵۆنجەی ژنان پێویست بە لۆکەی شـیکراوە هەبوو. نەمبیسـتووە لۆکە لە بۆکان بەرهەم هاتبێ و هەمیشـە

هەر لە تاران و تەوریزەوە هاوردە کراوە. لۆکە لە بیچمی ئاسایی خۆیدا بۆ لێفە و کەوادروون نەدەبوو و دەبووایە کەسێک شیی بکاتەوە.

شیکردنەوەی لۆکە کاری هەلاج بوو. من تاقە یەک هەللاجم لە بیرە لە ماڵەکەی خۆیدا هەللاجی دەکرد و بە منداڵی لۆکەی دووکانی بابم بۆ دەبرد، ئینجا یەکدوو ڕۆژێک دواتر دەچووم شیکراوەکەیم دەهێناوە. کارگەی کاری وەستای هەلاج ژێرخانێکی تاریکوتنۆک، بەڵام گەورە بوو، کە کاری ئامادەی هەرکام لە مشتەرییەکانی لەلایەکی ژێرخانەکەدا دەنا. کاتێک کە دەچووم لۆکەی دووکانی باوکم بهێنمەوە، بە دەست ئاماژەی بە کۆمایەک دەکرد و دەیگوت هۆوە هی میرزا عەبڵایە! بەداخەوە ناوی هەللاجەکەم لە بیر نەماوە، بەڵام ماڵیانم لە بیرە لە سەرووی ماڵی کاک برایمی تورکی کوڕی «وەلیەترک»ەوە بوو، لە نزیک ماڵی حاجی حەمەساڵحی محەممەدی.

کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم دێڕانەی خوارەوەی بۆ نووسیوم:

- «وەستا حەمەدەمین ناسراو بە مینەهەللاج باوکی کاک عەبوو و کاک عوسمان هەللاجی، یەک لە هەللاجەکانی بۆکان بوو. دەروێش سەدیق جەعفەری هەم هەللاج و هەم لێفەدروو بوو. وەستا برایم شوکروڵڵاهی، باپیرم (واتە باوکی دایکم)، ناسراو بە ئاغا برایم، دووکانەکەی لە تەنیشت دووکانی میرزا حسێن مەجیدی یەک لە کۆنترین هەللاجەکانی بۆکان بوو، جاروبار لەگەڵ کاک نادر فەتحی کوڕی پوورم و براکانم دەچووین بۆ دووکانی بابەگەورە، ئاهەنگی دار هەللاجییەکەمان زۆر پێخۆش بوو و ئەم چەند خەت شێعرەمان لەگەڵ دەگوتەوە: «پمپم هەللاجی، چوومە ماڵی مام حاجی، مام حاجی لە ماڵ نەبوو، هێلکەوڕوونیان لێنابوو، بەشی ئێمە نەمابوو!»

## ١٤. جۆلایی

دەزانم کاری جۆلا، تەنینی بووزوو و چنینی جاجم و بەرماڵ و پۆپەشمین بوو. وا هەیە ئێستاش هەر وابێ. ئەوە سەنعەتێکە لە پێش شۆڕشی پیشەسازیدا لە

ئورووپاش باو بووە، بەڵام ئەوان بە شوێنیدا دەزگای بەرهەمهێنانی پێشکەوتوویان دروستکرد و جۆڵاییـیان لە کۆمەڵگای خۆیاندا کردە مێژوو؛ لە کاتێکدا ئێمەی هەژار لەژێر دەستی داگیرکەردا ئەمڕۆش هەر تاقە سەنعەتی کووتاڵمان جۆڵاییـیە!

من ناوی جۆلاکانی بۆکانم لە بیر نییە، بەڵام سەدان دەست بووزووی دەسکردی ئەوانم بینیوە ڕێگەیان کەوتۆتە دووکانی بەرگدروویی باوکم کە ڕانک و چۆغەی بۆ خەڵک لێ دروستکردوون. لە بۆکانیش وێڕای گوندەکانی دەوروبەر جۆڵایی دەکرا.

کاری جۆڵایی بە «مەرەز» دەکرێ. مەرەز، موو یا کوڵکی چەشنە بزنێکە، کە جیاوازە لە خوری، بەڵام وا هەیە لە زمانی فارسیدا لەگەڵ خوری جیاواز دانەنرێ وەک ئەو، هەر «پەشم»ی پێ بگوترێ. کاک ڕەحیم بەهرامزادە بۆی نووسیوم: «لە جۆڵاییدا، ئەوەندەی لە بیرم بێ، تەنیا بۆ پۆپەشمین و بووزوو کوڵکیان بەکاردەهێنا. بزن چەشنێکیان موویان هەیە و چەشنێکیان کوڵک. بەوانەی کوڵکیان هەیە دەڵێن بزەنە مەرەز.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش ناوی ئەم جۆڵایانەی بۆکانی بۆ ناردووم: «سەید ئەحمەد قوڕەیشی ناسراو بە سەیدی جۆڵا باوکی سەید عەلی قوڕەیشی؛ سەید حەمەساڵحی هاشمی باوکی سەید ئەسعەدی هاشمی و وەستا بایزی جۆڵا (ئیسماعیلپوور) کە نەجاڕیشی دەکرد.»

## ١٥. خوری: (شتنەوە، لە شانەدان و ڕستن)؛ بادانی دەسرە و پێچ، گوڵدۆزی، چنینی گۆرەوی و کڵاو، سەرکڵاوەچنین، تاسکڵاوی ژنان

خوریڕستن، کاری تایبەتی ژنان بووە و ژنی هەژار کە لە ماوەی مانەوەی نێوماڵدا دەیان ئەرک و خزمەت و کاری لەسەر شان بوو، لە کاتی بە ڕێگادا ڕۆیشتنیش یا تەشیڕستووە یا دەسرە و پێچ و مێزەری پیاوانی باداوە! ئەم گۆرانییەی ماملێ باس لەو دیاردە تاڵە دەکا: «... بە دەسرە بادانێ دەچنەوە ماڵێ!»

کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم دێڕانەی خوارەوەی لە پەیوەندیی خوریڕستن و

ڕیشـۆڵ بادانـی پێـچ و مێـزەری پیـاوان لـە بـۆکان بـۆ نووسـیوم و ئـەم ناوانـەی دەسنیشان کردوون:

«نەنـە نەخشـین محەممـەدی، خێزانی ئاغا ڕەزا مەراغەیی باوکی مامە ڕەشـید و مامـە سـاڵح (سـاڵەرەش)؛ سـەیزادە هاجـەر، خێزانی سـەید حەمەسـاڵحی قەسـاب؛ هەروەهـا ماڵـی حاجی محەممەدی کاڕەش لەگەڵ کاک عەوڵای برای، کە حەوشـە و حەسـارێکی گەورەیـان بـوو و دایـم ژن و کچەکانـی خەریکی خوریشـتنەوە و لە شـانەدان و ڕسـتن بـوون، دووکانەکەشـیان جیرانی کاک عەلی خاتـوون و میرزای نەجەف بوو؛ نەنە شـیرین حسـێنی خەسـووی حاجی سەید قادری عەللاف و نەنکی خێزانم لە کاری تەشیڕستندا زۆر بەناوبانگ بوو.

خات گۆڵەندامی خێزانی ئاغا برایم، مەهارەتیکی باشی لە پێچی پیاوان دروستکردن و پێچ بادان بوو و ناوبانگی بە شـێوەیەک لەنێو خەڵکی بۆکان درچووبوو کە زۆرێک لـەو کەسـانەی وا لەگـەڵ کـۆت و پانتـۆڵ پێچیـان دەبەسـت، لای خاتـوو گۆڵەنـدام سفارشـیان دەدا. هەروەها دەسـرەی بچووکی لە ڕەنگی جۆراوجور دروست دەکرد کە پیاوان لە پەنا پیشتێن قایمیان دەکرد یا بۆ ویشککردنەوەی دەستوچاو بەکاریان دەهێنان. زستانان کە کاری هەللاجی کەم بوو، باپیرم بە نێو چایخانەکاندا دەگەڕا و دەسکردەکانی ئەوی دەفرۆشت.

خات بووکێ (مریەم مەردانبەگی) خێزانی کاک عەوڵای سەلیمبەگ، لە دروستکردن و ڕیشۆڵبادانی مێزەر، هەروەها لە گوڵدۆزیدا گەلێک وەستا بوو. قەدیم کە لە ماڵان قـەدری زۆر لـە ڕادیـو دەگیرا، داوایان لـە خات بووکێ دەکـرد گوڵدۆزییەکی جۆان بۆ سـەر ڕادیو و هەندێک جاریش بۆ سـەر تاقە یا بۆ سـەر یەغدان یان بۆ پەردەی پەنجەرەکەیان دروست بکا.»

## ١٦. حەسیرچنین، باوەشێنی حەسیر

هەر کاک جەعفەر بۆی نووسیوم:

«حاجی زولەیخا، ماڵەکەی لە پشت مەزگەوتی بچووک و جیرانی ماڵی حەمەکەریم سەرایی بوو. حاجی زولەیخا لە چەشنێک گیای ویشک، کە لە گەڵای دارخورما دەچوو، باوەشێنی بۆ کەبابخانە دروست دەکرد کە دەسکەکەی لە داری قامیش بوو. باوەشێنەکان زۆر سووک و خۆشدەست بوون و ئێمە، کە دووکانی کەبابیمان بوو،[١] کەڵکمان لەو باوەشێنانە وەردەگرت.

حاجی زولەیخا، لە پەنا ئەم کارەدا، ڕەژی، واتە زوخاڵیشی دەفرۆشت هەر چەلەنگەی بە ١٢ قڕان.»

## ١٧. تەقیلە و کڵاوی پیاوان؛ دەسکێش و سەرکڵاو و گۆرەوی مەرەز؛ تاسکڵاوی ژنان

ئەوە ئەرکێکی هەمەگیر بوو و هەموو ژنێک لە ماڵیدا تەقیلەی پیاوان و گۆرەوی و دەسکێش و سەرکڵاو و پووزەوانەی ئەوانی دەچنی، جا مێرد بووایە یا برا یا دەسگیران. هەندێک کەسیش وەک کاری بازاڕی دروستیان دەکردن و دەیانفرۆشتن. دووکانی تایبەت بەو چەشنە بەرهەمانە نەبوو و بەگشتی، کچان و ژنان دەسکردەکانی خۆیان یا لە دووکانی خزم و دۆست و ناسیاو دادەنا بۆیان بفرۆشن یان دووکاندار بەنرخێکی کەم لێی دەکڕین و دایدەنان بۆ فرۆشتن. ئەم کارانە پیاوان نەیاندەکرد یا من نەمبیست بیکەن.

بەڵام کارێک کە ژن و پیاو هەردووک دەیانکرد، دروستکردنی کڵاوی ژنان بوو. ئەوەیان پێویستی بە چنین و شتی وا نەدەکرد و ساکارتر بوو. لە بۆکان حاجی عەلی کڵاودروو (ڕۆستەمی) خۆی و هاوسەر و کچەکانی کڵاویان دەدووری. کاک ڕەحیم خزری، کاک حسێن محەممەدیان و دایکی منیش، لە ماڵی خۆیان کڵاوی

---

١. کاک جەعفەر کوڕی حاجی کەریم مەردانبەگییە کە خۆی و پێش ئەویش باوکی، لە بۆکان هەم قەساب بوون و هەم کەبابچی.

ژنانیان دروست دەکرد و لە دووکانان دایاندەنا بۆ فرۆشتن.

کڵاوی ژنان لە قاڵبێکی مقەببا پێکدەهات کە ئاستەڕەکەی چیت بوو و ڕووەکەی مەخمەری سوور، ئینجا بە پووڵەکە و زەنگیانە و «ئیغراج» دەیانڕازاندەوە، ژنە دەوڵەمەندیش خۆیان زێڕیان لێدەنا یان پێیاندا هەڵدەواسی. ئیغراج یا ئیخڕاج نازانم چ وشەیەکە، بەڵام دەیان چەشنی هەبوو و لە تەورێز و تارانەوە دەیانهێنا بۆکان و بە تۆپ و بە میتر دەیانفرۆشت. دووکانی حاجی قادری نەزەری مەرکەزی فرۆشتنی ئەم شتانە بوو و دوای کۆچیدوایی حاجی قادر، ڕابیعەخانمی خێزانی دووکانەکەی بەڕێوە دەبرد.

لە دروستکردنی کڵاوی ژنانەدا، کاکم و من و خوشکەکانم یارمەتیی دایکمان دەدا؛ هەر بۆیەش کەموزۆرێک دەزانم چۆنی دروست بکەم. ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆکار بۆ ئەوەی دوای خۆشاردنەوە و ڕۆیشتنمان لە کوردستان، کاتێ لە تاران دەژیاین، لەگەڵ دایکم و خوشکم بووکەپەڕۆ (عەرووسەک)مان دروست دەکرد و دەمانفرۆشت؛ ژیانی چەندساڵمان لە تاران بەو کارە بەڕێوەبرا. من کارەکە لە کاک عومەری حەمیدی فێر بووم کە ئەویش لە تاران بوو و ماوەیەک هەر ئەم کارەی دەکرد.

## ١٨. سرکە و ترشیات و مرەببا

دانانی سرکە و ترشیات، هەروەها دروستکردنی مرەبباش هەر ئەرکی ژنان بوو. هەندێک کار وەک خاوێن کردنەوە و پێگەیاندنی «مووسڵێ»، گەلێک زەحمەت بوو. لە هەندێک ماڵ هەرمێ بەترش و کاڵەک بەترشیشیان دادەنا. نەمبیستووە ئەو دەم مرەببایان فرۆشتبێ، بەڵام ماڵی مام نەسروڵڵا هەبوون کە پاییزان سرکەی ئامادەیان بە ماڵان دەفرۆشت بۆ ئەوەی بتوانن ترشیاتی پێ دابنێن. هەر ئەوان ترشیاتیشیان دەفرۆشت.

کاک جەعفەر مەردانبەگی دەڵێ: «خات بووکێ (کە باسم کرد)، لە پەنا کاری

گوڵدۆزی و شـتی وادا، پاییزان لە ماڵی خۆی سرکەشـی دادەنا و پاشـان دەیکردنە بۆتڵەوە و دەیفرۆشتن.»

## ١٩. ماستفرۆشی

ئـەوەش یـەک لـە ئـەرک و کارەکانی ژنـان و کچـان، بەتایبەت ژن و کچـی خەڵکی گونـدە نزیکەکانـی دەوروبـەری بۆکان بـوو، گەلێکیش زەحمەت و ناخـۆش. بەیانی پێش تاوکەوتن، کیتەڵە و جام و قابڵەمەی ماسـت لەسـەر سـەر یا بە دەسـتەوە، لە ئاواییەکانـەوە وەڕێدەکەوتـن و دەهاتنە بۆکان. ماسـتەکانیان لـە خیابانی کۆن لە ڕووبەڕووی گوزەری کەوشدرووەکان دادەنا و بە دیارییەوە ڕادەوەستان.

کڕیار، کە هەموویان پیاو بوون، دوای چەنەلێدان و کڕین، پێیان عەیب بوو کیتەڵە ماسـتەکە هەڵبگرن و بیبەنەوە ماڵی خۆیان. جا ژنە دێهاتیی هەژار دەبووایە دیسـان ماسـتی گۆریـن هەڵبگرێ و بکەوێتە شـوێن جەنابی کڕیار، کـۆڵان بە کۆڵان بڕوا تا بیگەیەنێتـە ماڵـی کابرای کڕیـار. ئینجا لەوێ ماسـتیان بەتاڵ دەکـرد و زەرفەکەیان دەدایـەوە دەسـتی. هەندێـک جاریش ماسـت دەسـبەجێ بەتـاڵ نەدەکـرا و زەرفەکە ڕۆژی دوایـی لـە شـوێنێکی وەک دووکانـی کابـرای کڕیـار یا دووکانی ناسـیاوێکی هەردوو لا دادەنرا بۆ ئەوەی فرۆشیار ڕۆژی دوایی لەوێ هەڵیبگرێ.

ئەوە شـێوازێکی کۆنی کڕین و فرۆشـتن بوو، بەڵام کۆمەڵگای ئەو دەمی بۆکان هەرئەوەی لێهەڵدەسـووڕا. لایەنی باشـی کارەکە ئەوە بوو کە خەڵکەکە دەسـت و دڵپـاک و داوێنپـاک بـوون. من هەرگیز نەمبیسـتەوە لـەو هاتوچۆیانـەدا کچێک و ژنێکی گوندی ئەزیەت کرابێ یا قاپ و قاچاغی لێ زەوت کرابێ و شتی لەم چەشنە.

## ٢٠. نان کردن

نـان کـردن بەعـام، کاری ژنـان بـوو. لە سـەردەمی منداڵیـی مندا نزیک بـە هەموو کەسـی خەڵکی بۆکان لە ماڵی خۆیدا تەندووری هەبـوو و نانی ماڵی خۆی دەکرد.

هەندێک ژنــی زەحمەتکێش هەبوون کە دەچوونە مــاڵان و نانەکەیان بۆ دەکردن، لە بەرانبەردا «دەســتەوارەیەک» نان و پارەیەکی کەم وەربگرن. ئەوە کارێکی ئەســتەم بوو و دەبووایە شــەوی پێشــتر بچن و هەویر بشــێلن، ئینجا بەیانیی گەلێک زووی ڕۆژی دوایی پێش تاوکەوتن بچن ســەری هەویر بدەن، تەندوور بکەنەوە و پاشــان گونتکگرتن و نان پێوەدان و...

لە هەندێک ماڵیشدا نان بۆ فرۆشــتن دەکرا. فرۆشتنەکەشــی هەر کاری کچان و ژنان بوو. ئەوان «دەستەوارەیەک»ی گەورەی نانیان دەنا سەر سەلە یان تەختەیەکی درێژ و بە ســەرما یان گەرما، دەهاتن لەســەر خیابانی کۆن، ڕووبەڕووی گوزەری کەوشفرۆشەکان، هاوڕێ لەگەڵ ماستفرۆشەکان، بەڕیز ڕادەوەستان و نانەکەشیان لــە بەردەمــی خۆیــان دادەنا. کڕیار، کە زۆربەیان کارمەنــدی غەیرە خۆجێیی یا ماڵە هــەژاری بێدەرەتــان و بــێ تەنــدوور بــوون، لێیان دەکڕیــن و دەیانبــردەوە. ئەگەر زۆریان لێبکڕیایەن هەر فرۆشیار دەبووایە بۆیانی هەڵبگرێ و بیباتەوە ماڵیان.

زۆربەی زۆری ئەم زانیارییانەی ســەرەوەم ســەبارەت بە کەسەکان، لە بەڕێزان ڕەحیم بەهرامزادە و جەعفەر مەردانبەگی وەرگرتووە.

### ٢١. نانەوایی

لــە ســەردەمی منداڵــی و لاوییەتیی مندا، لــە بۆکان نانەوایی نەبــوو. هۆکارەکەی وا هەیــە ئــەو ڕاســتییە بێ کە خەڵک بەگشــتی لە ماڵــی خۆیــاندا تەندووریان هەبوو و نانیــان دەکــرد، نانکڕینیــش نــەک هــەر باو نەبــوو، بەڵکــوو کارێک بــوو لای خەڵک هەندێــک سووکیشــی دەنواند. تەنانەت ئەگەر نان لە ماڵــێدا نەبووایە لە دەروجیران قــەرز دەکــرا و ڕۆژێک دواتر کە نان دەکرا، قــەرزی ماڵە جیران بە زیادەوە بە نانی گەرم دەدرایەوە. هۆکارێکی دیکەشی ئەوە بوو کە ئەو دەم جگە لەو نانی «لەواش»ە، کە لە باشووری کوردستان پێی دەڵێن نانی هەورامی و خەڵکەکە پێی ڕاهاتبوون، نە لە شار و نە لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکاندا هیچ نانێکی دیکە نەدەخورا.

وا بزانم له سەرەتای ساڵانی چل(ی ئێران)دا بوو نانەواییەکی نانی «سەنگەک» لە دووکانەکانی پاساژی قورەیشیدا کرایەوە، بەڵام تەمەنێکی درێژی نەبوو و بە ماوەیەکی کەم، لەبەر پێشوازی نەکردنی خەڵک، داخرا.

له ساڵی شۆڕشی ١٣٥٧ بەدواوە، بارودۆخ گۆڕا و وردەوردە تەندوور لە ماڵان هەڵگیرا و ڕووو کرایە نان کڕین. ئیتر هەر نانەواخانە بوو دەکرایەوە و دڵنیام ئێستا چەند جۆر نان لە بۆکان بەرهەم دێ. لە بیرمە کاکم لە دوایین سەفەری‌دا بۆ لەندەن بەتەما بوو کاتێ گەڕایەوە کارگای «نانی فانتێزی» لە بۆکان بکاتەوە، کە من گوتم کارێکی زەحمەتە و زۆرت ماندوو دەکا. ئیتر کەوتە بیری ئەوەی ڕێستورانی پیتزا بکاتەوە، کردیشییەوە، بەڵام کاری بۆ نەکرد و ناچار گۆڕی و کردی بە چڵەوکەبابی.

ئەوانەی خوارەوە ناوی هەندێک نانپەز، نانفرۆش و نانەواخانەدارن لە بۆکان:

ماڵی خاڵەکاکە؛ دادە هاجەر لە گوزەری کۆن نانی دەفرۆشت؛ خات توحفە جێرانی کاک نادر فەتحی بوو؛ خات مەنیج لە گوزەری کۆنە بوو؛ نانەواخانەی حاجی سەید قادری عەللاف لە خیابانی ئامووزش و پەروەرش؛ حاجی عەبلای نانەوا (عەزیزئامان)؛ کاک سەعدوون؛ مام سەیدە لە خیابانی سەقز و دەروێش قادری فەرامەرزی لە کووچەی مەردانبەگی.

## ٢٢. بەفرەچاڵ و بەفرفرۆشی

لە چلەی زستان و سەرماوسۆڵدا لە داوێنی خوارەوەی ناڵەشکێنە و سەرووی خانووبەرەی فەرهەنگیان و ستادیۆمی فوتباڵی ئێستا، هەندێک کەس بەفریان کۆدەکردەوە و دەیانکردە چاڵێکی بەتایبەت هەڵکەنراو بۆ ئەم کارەوە و سەریان بە کا دادەپۆشی، ئینجا خاک و خۆڵیشیان بەسەردا دەکرد.

دوای گەرم بوونی هەوا، خاوەنی بەفرەچاڵەکان دەچوون بە مشار بەفرەکەیان دەبڕی، باری گوێدرێژیان دەکرد و دەیانهێنا نێوشار بۆ ئەوەی ئێواران بە خەڵکی بفرۆشن. کڕیار دەبوو دەسرەی خۆی پێ بێ و ئەو بەشە بەفرەی وا دەیکڕێ

بیخاتە دەسماڵەوە و بەپەلە بیگەیەنێتەوە ماڵێ بۆ ئەوەی زوو نەتوێتەوە.

لە ماڵەوە بەفر دەخرا نێو ئاو یان دۆوە، بەڵام زۆر جار بەفرەکە خاوێن و سپی نەبوو و دەبوو بیشۆیەوە کە بەو کارە نیوەی دەبوو بە ئاو و دەڕۆیشت! ئەو بەفرە بۆ دروستکردنی بەستەنی لە دووکانی بەستەنیفرۆشیش کەڵکی لێوەردەگیرا.

شێوازێکی دیکەش بۆ سارد کردنی دۆ هەبوو. ئەوانەی ماڵیان لەسەر جۆگەئاوێک بوو، لە شوێنی تەنکایی جۆگەکە کیتەڵەیەکی دۆیان دەنا چەقی ئاوەکەوە و لێی دەگەڕان هەتا ئێوارە. ئەو دەم دەچوون دەیانهێناوە و دەیانخواردەوە. بەو کارە، دۆیەکە تەواو سارد نەدەبوو، بەڵام لە هیچ باشتر بوو. ئەم کارانە بەگشتی، ژنان دەیانکرد. کێشەیەک کە ئەم کارە هەیبوو ئەوە بوو کە سەری کیتەڵەکانیان بە کووتاڵێک دەپێچاوە کە بە هاسانی ئاویشی تێوە دەچوو. ئەو دەم پلاستیک وەک ئێستا باو نەبوو.

بۆ ماوەی چەند ساڵ، ئەو دەمەی وا ماڵمان لە گەڕەکی ماڵی ئیسماعیلزادە و حەبیبزادە لە سەرووی حەوزەگەورە و مزگەوتی جامیع بوو، دایکم کیتەڵە دۆی لە ئاوی ئەو جۆگەیە دەخست کە لە حەوزەگەورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و باشووری شار دەڕۆیشت و دوای تێپەڕبوون بە ماڵی حەبیبزادە و حەبیب سەقزی (سوهرابی)دا، لە کۆڵانی بەردەرگای ماڵی میرزا عەلی کامەلایی سەری دەردێنا. ئێمە ڕاست لەو بەردەرگایەی ماڵی کامەلایی کیتەڵە دۆمان لە ئاو دەخست؛ خەڵکانی دیکەش هەمان کاریان دەکرد و جاری وا هەبوو حەوتهەشت کیتەڵە دۆ لە ئاوەکەدا بوو. نەمبیستەوە کەسێک دەست لە کیتەڵەی ماڵی خەڵکی دیکە بدا یا لێی بخواتەوە. دۆ نرخێکی وای نەبوو و خەڵکیش وەک ئێستا چاوچنۆک نەبوون!

درەنگتر، لە ساڵانی چلی ئێرانیدا، کارخانەی سەهۆڵ لە نزیک گۆلی مەردانبەگ دانرا و ئیتر ئیدارەی بێهداشت بەرگری لە کاری بەفرەچاڵ کرد و وەستاندی. سەهۆڵی کارخانەکە گەلێک خاوێنتر بوو لە بەفری بەفرەچاڵ.

لە شارە گەورەکانی ئێران و بۆ نموونە لە شوێنی وەک تاران کە بەفر کەم بوو، ئاویان لە ژێرخانێکی نسێر و دوورەهەتاو دەکرد و لێی دەگەڕان لە سەرمای

زستاندا بەتەواوەتی بیبەستێ و جەڕەبابە بدرێ، ئینجا لە هەواخۆشیدا دەیانبڕی و دەیانفرۆشت. من لە تەورێز چاوم بە شوێنێکی وا کەوتووە لە نزیک ئەو مزگەوتەی وا لە کۆندا، ئەحمەدی کەسرەوی پێشنوێژی ببوو.

ئەوەش ناوی هەندێک بەفرفرۆشی بۆکان:

ئەحمەدی مامۆستا هاوینان لەبەر چایخانەی عەولای خات خاوەر بەفری دەفرۆشت؛ ئەحمەد عەدە هەر لەبەر دووکانەکەی خۆی؛ کاک عەزیزی لاتان جیرانی عەلی مێر (چابوک) لەبەر دووکانەکەی مامۆستا مەلا هادی بەفری دەفرۆشت؛ پوورە فاتم مەحموودنەژاد دایکی مینە سەقزی لەبەر حەوزەگەورە بەفری دەفرۆشت، هەروەها کاک مەجیدی بەستنیفرۆش (مەجید ئەندازە) بە داشقەکەی بە نێو کۆلاندا دەگەڕا و هاواری دەکرد: وەرن بەرن بەفری چالان، سپی وەک سینگی کیژان، لەزەت بەرن لە دۆی پڕ لە قەزوان!

## ٢٣. قەنیادی

لە بۆکان یەکدوو «قەنیادیخانە» یا «کارگەی قەندرێژی» هەبوو کە قەندی کلۆیان دروست دەکرد. نەمر حاجی قاسمی کەریمیش کارگەیەکی «قەندرێژی»ی لەسەر حەوزەگەورە و ڕووبەڕووی خورێنک هەبوو کە چەند ڕۆژ دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کاتێ کە بابنۆکەری ئاغاکان ماڵی ئەو و عەلی میرەبەگیان ئاگر تێبەردا، قەنیادیخانەکەشیان لێ سووتاند و لەکار خست. کارگەکەی حاجی قاسم، ئاژیر یا سووتێکی هەبوو کە نیوەڕۆ و ئێوارە لە کاتی تەواو بوونی کاردا، لێدەدرا و کرێکار بە شوێنیدا دەستیان لە کار دەکێشایەوە. ئاگام لە ژمارەی کرێکارەکانیان نییە.

قەنیادیخانەیەکی دیکەش لە نزیک گاراژ بوو کە وا بزانم هی ماڵی ڕەزاییەکان (حاجی ئەحمەدی کاخان) بوو. دواتر یەکدوو کارگەی دیکەش لە بۆکان کرایەوە وا بزانم یەکیان هی ماڵی ئەمینی بوو.

یەک شـتی دیکەشـم لە بیرە. لە سـالانی منداڵی مندا دایکم لە ماڵی خۆمان و بۆ مەسـرەفی ناوماڵ، بە شـەکر (یا خاکەقەند؟)، قەندی کەلـلەی لە قالب دەدا و پاشـان دایدەنا ویشـک بێتەوە. دیارە دەبێ ئەم کاری قەند دروسـتکردنە لە ماڵانی دیکەی بـۆکان و شـاری دیکـەی ناوچەکـەشدا کرابێ، بەڵام لە کەسـی دیکەم نەبیسـتووە. هـەر بەگشـتی لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا یـەک لـە گرفتـە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکانی ناوچەکە، نەبوونی قەند و شەکر بوو بە شێوەیەک کە کاتێ ڕێبەرانی کـورد لـە سـەفەری دووهەمـی باکـۆ گەڕانـەوە، هەرکام تایـەک قەندیـان بە خەڵات پێدابوون.

بـا لە کۆتاییدا، شـتێکی خۆش سـەبارەت بـە قەنناديخانـەی لای گاراجی بۆکان بگێڕمەوە:

مـن منـداڵ بـووم دوو جارم دیـت تاقمێکی هونەریی ئازەربایجانـی هاتنە بۆکان، بەرنامەی گۆرانی و ڕەقسیان هەبوو و خەڵک دەیانگوت «خانم دەتیری» هاتووە، واتە خانمی دە ساڵان! خانم دەتیریش چ خانم دەتیری، ڕەنگە منداڵەکەشی لە دەساڵان زیاتر بووبێ! ئەو دەم ساڵۆن و شوێنی نمایش لە بۆکان نەبوو. ئاگادارم کە لایکەم دووجار هـەر لـەو قەنناديخانەیەی لای گاراج بەرنامەیان بەڕێوەبرد. جارێکیش دەسـتەیەکی هونەریـی ئازەربایجانی هاتبـوون و لە قاوەخانەی نەمر کەریمی خات زینەت، کە لە پشت چوارڕێی ئەسکەندەری هەڵکەوتبوو، نمایشیان دەدا و خەڵک بە پووڵ دەچوونە ژووری سەیریان دەکرد. ژنیان لەگەڵ نەبوو، یەک لە پیاوەکان خۆی کردبوو بەژن و بەرنامـەی ئیجـڕا دەکـرد. من هیچکام لەوانەم بەچاو نەبینـی لەبەروەی منداڵ بووم، بـەڵام دەمبیسـتەوە و خانـم دەتیریشـم دەدیـت کـە هیـچ نەبووایە، جارێک بەسـەر شـەقامدا دەهـات و خـۆی دەنواند، لەشـکرێکی منداڵە بۆکانیش بە شـوێنیەوە! ئەوە چەشنە تەبلیغات کردنێک بوو بۆ بەرنامەکەیان.

سـاڵۆنی دەبیرسـتانی بۆکان درەنگتر، وا بزانم دەوروبەری سـاڵی ١٣٣٦ ـ ٣٧ لە سـەرقەڵا لەلای باکووری ڕۆژاوای حەوشـەکە دروسـتکرا، کە دواتریش ڕووخا و نەمـا، ئینجـا سـاڵۆنی دەبیرسـتانی کەمال بوو بە شـوێنی کۆبوونـەوە و وتاردان و

بەڕێوەبردنی شانۆگەری و شتی وا.

ئەوەش ناوی چەند کەسی دیکە لەوانەی وا لە کاری قەنتادیخانەدا بوون:

ڕەحیم ئەسلانی باوکی شەهید جەعفەر ئەسلانی، کاتێک کە وەرشکست بوو کاک جەلیل ئەمینی لەجیاتی قەرز دووکانەکەی هەڵگرتەوە؛ کاک موشیر قەندساز (موشیرەکەچەل) لە مەیدانی کافرۆشان؛ ڕەشید عەبدوڵلاهی لە شەهرەکی سەنعەتی؛ میرزا عەبدوڵلا فەتحی؛ مینە سەقزی لە شەهرەکی سەنعەتی؛ کاک محەممەد کوڕی کاک حەمەشەریف ( خەیاتی نەوین) لە گوندی قوڵقوڵەی گەورکایەتی کارگایەکی قەندی دامەزراندبوو و دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەر پێویست نەبوو بۆ قەند و شەکر هاتوچۆی شار بکەن.

## ٢٤. تۆشە و شیرینیپەزی

شیرنیات و غوڕابی لە تەورێزەوە دەهاتە بۆکان و دەفرۆشرا. چەند کەس ئەم کارەیان کردووە کە بەداخەوە من لە بیرم نییە کێ بوون. کاکم لە ساڵی ١٣٣٧ ـ ٣٨دا دووکانی بەستەنی و پاڵوودە و شیرنیاتی دانابوو و لە «قەننادی ڕێکس»ی تەورێزەوە شیرنیاتی دەهێنا و دەیفرۆشت، جارێکیش من لەگەڵی چووم بۆ تەورێز و بە چەند سندووق شیرنیاتەوە گەڕاینەوە! یەکەم کەسانێک کە لە بۆکان شیرینی و تۆشەیان دروستکردبێ، «برادەران» و کاک قادری برای حەمە سەقزی بوون:

برادەران، دوو برای تورکی ئازەری بوون، دووکانێکیان لە بۆکان کردبۆوە و قەند و شیرنیات و ئەو چەشنە شتانەیان تێدا دەفرۆشت و خۆشیان بەشێکیان دروست دەکرد. دووکانەکەیان لەسەر شەقامی تازە لە نێوان قەپانی قاسمئاغا و چوارڕێی ئەسکەندەریدا بوو. دووکانی کاک قادری برای محەممەد سەقزیش لە شوێنی دواتری بانکی میللی، واتە دووکانەکانی ئیسماعیلیدا بوو. درەنگتر، واتە چەند ساڵێک دوای ئەوان، سەید سمایلی کەریمی کە پێیان دەگوت سەیدی قەننادی و خەڵکی سنە بوو، لە دووکانەکانی ماڵی کۆچەری، نزیک بانکی سادراتی ئێستادا

دووکانێکی گەورەی شیرنیاتپەزیی دانا؛ ناوی دووکانەکەی «گلسرخ» بوو.

هەرسێکی ئەو کەسانە لە شارەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون و خۆجێیی نەبوون. لە سەردەمی منداڵیی مندا خات فاتم، دایکی برایانی قادرزادە لە ماڵەکەی خۆیدا شیرنیاتێکی سپی دروست دەکرد کە پێیان دەگوت کەشکی نقوڵ. ژنێکی میهرەبان لەگەڵ منداڵان، کە شیرنیاتەکەی لەسەر کەشەفێک دادەنا و کوڕەکانی بە کۆڵاندا دەیانگێڕا. هەندێک جار ئێمە دەچووین لە ماڵەوە لێمان دەکڕی.

ئەوەش ناوی هەندێکی دیکە لەو کەسانەی وا لە کاری شیرنیپەزیدا بوون:

محێدین کەریمی جەوان، دووکانەکەیان لەسەر کووچەی حەوزێ بوو؛ مەرحوومی، کاک فەتاح و کاک عەلی ئیبراهیمیان (کوڕەکانی خەلیفە)؛ خالید خوسرەوی کوڕی نەمر کاک عوسمان خوسرەوی (عوسمانەکوێر)، کە لەگەڵ عوسمان بوداقیدا شەریک بوون و دووکانەکەیان لە فەلەکەی سەقز لە ژێرزەمینیکدا، زۆر پاکوخاوێن و مینگەی ئێوارەی لاوانی بۆکان بوو؛ دوای مردنی سەید سمایل کەریمی (سەیدی قەننادی)، کورەکانی واتە سەید موختار و سەید بەهمەن کارەکەیان درێژە پێدەدا؛ مەحموود سوڵتاننەژاد (سوولی)؛ عەلیدارماڵ و محەممەدی برای دووکانەکەیان لە تەنیشت شارەبانی بوو؛ هەروەها شیرینیپەزیی برادەران (برایانی قادرزادە) کە دووکانەکەیان تەنیشت سەلمانیی حەمەگێلگێلە بوو. ئەو برادەرانە جیاوازە لە برادەرانی ئازەربایجانی کە لە سەرەوەتر باسم کرد.

### ٢٥. دەرمانفرۆشی و شکستەبەندی

لە کۆندا جوولەکەکان دەرمانفرۆشی و عەتاری و شکستەبەندییان کردووە. لە سەردەمی مندا جەڕاح و شکستەبەند هەبوون و عەتاریش هەر هەبوون و خەڵک بۆ داودەرمان دەچوونە لایان. میرزا حەمەکەریم کەریمی باوکی کاک هاشم و کاک عەبدوڵلا و کاک عومەر و کاک جەعفەری کەریمی ناودارترینیان بوو. پوورە شەرافەتی هاوسەری میرزا حەمەکەریمیش هەمان کاری بۆ ژنان دەکرد.

شکستەبەندیش هەبوون و یەکیان لەلای قەپانی حەمەدەمینئاغا دووکانی هەبوو، بە بەر کارەکەیەوە شکستەبەندیشی دەکرد. من لاقم لەجێ چووبوو ئەو هێنایەوە جێ؛ وا بزانم ناوی حاجی مەلا حەمەدەمین مەلاجامی بوو. هەروەها حاجی دەروێشی ئەمجەدی و خاتوو جەمین خێزانی حەبیب عەجەم لە خیابانی سەقزیش کاری شکستەبەندییان دەکرد.

نازانم لە سەردەمی جوولەکەکاندا جگە لە عەتاری ئایا شتێک بەناوی دەرمانخانە یا دەوافرۆشی هەبووە یان نا. ئەگەر نەبووبێ، ئەوا، یەکەم دووکانی دەرمانفرۆشی کاک برایمی مورادی کوڕی وەلەدبەگ داینا، کە ناویشی «داروخانە مرادی» بوو. دووکانەکەی کاک برایم، سەرەتا لە نزیک دووکانی پارچەفرۆشیی حاجی ئەحمەدی ڕۆستەمی و خەڕازی کاک سەعید کەڵەکانی و ڕووبەڕووی دووکانی بەرگدروویی باوکم بوو، پاشان چووە ڕووبەڕووی خوڕێنک و حەوزەگەورە.

درەنگتر، کاک ئەحمەدی وەیسی (ئەحمەدی دەرمانگا)، دەواخانەیەکی لە کۆڵانی لای موسافیرخانەی کاک کەریمی خات زینەت دانا.

دوای ئەوان شێخەی دوافرۆش ڕووبەڕووی بانکی سادرات و دووکانی کاکم، «داروخانە»یەکی کردەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە بۆکان هەر ئەو کەسانە دەوا و دەرمانیان دەفرۆشت.

ئینجا کاتێ کە دوکتۆر محەممەدی کەریمی کوڕی میرزا حەسەنی برای حاجی بابەخان، خوێندنی تەواو کرد و گەڕایەوە بۆکان و دەواخانەیەکی لە ڕووبەڕووی گوزەری خەیاتەکان کردەوە، ئیتر بە حوکمی دەوڵەت دەواخانەکانی دیکەیان داخست؛ میرزا برایم بوو بە تاجری نۆک، شێخەی دەوافرۆش بوو بە کتێبفرۆش و کاک ئەحمەدی دەرمانگاش پێشتر کۆچیدوایی کردبوو.

دەواخانەی دوکتۆر موحسین وەحیدی کوڕی ئیمام جومعەش ڕووبەڕووی بیمارستان بوو.

## ۲۶. کوورەخانە

لـە بـۆکان کوورەخانــەی خشــتی ســوور (ئاجـور)، نەبـوو و خشــتی ســووریان لە شــارەکانی دەوروبــەرەوە دەهێنا. یەکەم کوورەخانە وا بزانــم هی ماڵی زیاییەکان بوو، کە لە ساڵانی پەنجادا لە گوندی «قازڵیان»ی نزیک بۆکان، دانرا. دواتر، خەڵکانی تر کوورەخانەی دیکەشیان دانا.

کاری کوورەخانــە زەحمەتــی زۆر بوو و خەڵکێکــی زۆر لە گوندەکان و تەنانەت لەنێـو شــاری بۆکانــەوە لەبەر بێکاری و نەبوونی ئیشوکار لە کوردســتان، ســاڵانە دەچوونە شارەکانی عەجەمستان و لەوێ زوڵمی زۆریان لێدەکرا. وا بزانم ئێستاش هەروەها بێ.

## ۲۷. بلووکی سمیت

ئــەم کارە گەلێـک درەنـگ لــە بـۆکان ســەری هەڵـدا. بلوکی ســیمانی لــە کارگەیەکی بچووکدا دروست دەکرا و دیواری پێ دادەنرا. نازانم یەکەم کارگەی بلووکی سمیت لــە بـۆکان کــێ داینا، بەڵام دەزانم لە ســاڵی ۱۳۵۲ ـ ۵۳دا، کاکـم کارگەیەکی ئامادەی بلووکی لە کەسێک کڕی کە دوور نییە مامی ئایەتوڵڵا مەهدی کەڕرووبی بووبێ کە دوای ســاڵی ۱۳۵۷ بـوو بــە ســەرۆکی پەرلەمانی ئێران و ئەو دەم لــە بۆکان تەبعید بــوو. کاکـم چەنـد ســاڵ خاوەنایەتیی کـرد و برادەرێکی کوردی لەســەر دانابوو کە هەڵیدەســووڕاند. کارگەکە لەلای ئاشــی ئاوری حاجی حەمەڕەحیمخانی دادخوا بوو، کە پاشان فرۆشرا بە کەسێکی دیکە.

عەلی حەســەن عەســکەر (عەســکەری) هەم موزائیک و هەم بلووکســاز بوو و کارگاکــەی لەســەر حــەوزێ هەڵکەوتبـوو؛ قــادری باوەمیـن بلووکســازییەکەی ڕووبەڕووی ماڵی قادری بارامئاغا و حەمامی محەممەدیان بوو.

هەموو ئەم ناوانەی وا لە کۆتایی هەرکام لەو ئیشوکارانەی سەرەوەدا هاتوون، کاک جەعفــەر مەردانبەگــی بـۆی نووســیوم. کاک جەعفەر هەروەها لە باســی مامی

مەهدی کەڕرووبیدا دەنووسێ:

«کاتێ کە لە سەردەمی شادا تەبعید کرابوو بۆ بۆکان، مامەکەی کارگەی موزائیک و بلووکسازی لە ئاشە کۆنەکەی داخواە دانابوو و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەموویان چوونەوە تاران. ئەو مامەی کوڕێکی بوو بە ناوی ئەسغەر کە برادەرم بوو و بەداخەوە پازدە ساڵ لەوە پێش لە تاران خۆی کوشت.»

## ٢٨. مەیخانە و مەشرووبفرۆشی

مەشرووبفرۆشی یا عارەقفرۆشی و مەیخانەچییەتی لە بۆکان، سەربووردەی وەک مەشرووبەکە خۆی، خۆشە! بەشێک لە مەشرووبفرۆشەکانی بۆکان لە سەرەتادا مەلا و فەقێ و سەید بوون! ئەگەر باوەڕ ناکەن گوێ بدەنێ:

ئەوەندەی بیرەوەریی چەند دەیەی پێش ئێستا ئیجازەمان پێ بدا، دەزانین کە یەکەم عارەقفرۆشەکانی بۆکان جوولەکە بوون، ئەوان هەر خۆیان لە ماڵیدا شەرابیان ناوەتەوە و عارەقیان دروستکردووە، هەر لە ماڵەوەش فرۆشتوویانە. نەمبیستووە جوولەکە لە بۆکان مەیخانەیان بووبێ مەگەر خەڵکانی بەتەمەنتر لە من ئەوەیان بینیبێ، دەنا هەرچی بووە هەر لە ماڵەوە بووە.

دوای کۆچکردنی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل (ساڵانی ١٣٢٨ ـ ١٣٢٩)، من لە ساڵی ١٣٣٢دا مەیخانەیەکم لەلای قەپانی حەمەدەمینئاغا و نزیک دووکانی حاجی عەلی فەرشی دەدیت کە خەڵک دەچوون و لەوێ هەم خواردنیان دەخوارد و هەم مەشرووبیان دەخواردەوە. نازانم خاوەنی مەیخانەکە کێ بوو، بەڵام نابێ دۆزینەوە و زانینی زەحمەت بێ. خەڵکانی بەتەمەنی شارەکە دەبێ ئەوە باش بزانن.

لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٣٥دا «مەلا ئەحمەدی حیسامەددینی» پیاڵەفرۆشییەکی لە دووکانەکانی ماڵی حاجی ساڵحی حەریری لە نزیک گاراج کردەوە، کە چەند ساڵێک کاری کرد. کاک ساڵەی کوڕی مەلا ئەحمەد لە قوتابخانەی بۆکان هاوپۆلی ئێمە بوو. (گەلێک درەنگتر، لە ساڵانی دەوروبەری ١٣٥٠، کاک ساڵەش لە دەوروبەری ئاشی

حەمەڕەحیمخـان مەیخانەیەکـی بچووکـی کـردەوە و من جارێکیـان لەگەڵ خزمێکی خۆماندا چوومە ئەوێ).

دوای مەلا ئەحمەد، کاک عەبدوڵڵا فەتحی، کە لە کاری شارەبانیدا نەمابوو، لەگەڵ کاک حەسەنی برای مەیخانەیەکی بچووک و کەبابییان لە دووکانەکانی ماڵی حەبیبزادە لە پەنای شارەبانیدا کردەوە، وا بزانم سەرەتا قەسابی بوو و پاشان بوو بە کەبابی و مەیخانـە. ئینجا دووسـێ سـاڵێک دواتر ڕایانگواسـتە بینایەی میـرزا عەبدولکەریمی هەمزەیـی لەسـەر حەوزەگـەورە، شـوێنێکی گـەورە، کە هـەم موسـافیرخانە و هەم مەیخانـە بـوو. حەوشـێکی خۆشـی هەبوو و جۆگەیەکـی پڕ لە ئـاوی حەوزەگەورە دوای تێپەڕبوون بە ماڵی میرزا حەمەکەریمی کەریمی و عەلی حەڵەبیدا، دەگەیشتە ئەوێ و پاشـان لە شـەقامی سـەرەکی سـەری دەردێنا و بەرەو ئەوسـەری شـار، لای دوخانیاتی تازە و ئاشـی خانم دەڕۆیشـت. کاک عەبدوڵڵای خاوەنی مەیخانەکە، کەسێکی ڕێزلێگیراو و قسەخۆش بوو.

کاتێ ساختمانی ڕووبەڕووی حەوزەگەورە لەسەر خیابانی سەرەکی سازکرایەوە و بـوو بـە دەرمانخانـەی میـرزا برایمـی مـرادی و ڕادیۆفرۆشـیی عەلـی حەڵەبـی، لە ژێرزەمینەکـەیدا کـە دەرگای دەکەوتـە کۆڵانـی ماڵـی کەفشـدووزییەوە، «سـەید حەمەدەمینـی کەریمی» مەیخانەی دانا. شـوێنێکی خۆش بـە جۆگەلەئاوێکی خوڕەوە کە وا بزانم لقێکی خۆڕێنک بوو. هاوینان فێنک و خۆش و بابەتی عارەقخواردنەوە! سـەید حەمەدەمین مرۆڤێکی ڕێزلێگیراوی شـارەکە و سـەری لەنێو سـەراندا دیار بوو. کاک نادر فەتحی دەنووسێ:

«زۆر جـار لەگـەڵ باوکم دەچوومە ژێرزمینەکەی سـەید حەمەدەمینی کەریمی و ئەوەی زۆرم بۆ سەرنجڕاکێش بوو، جیا لە فێنکیی ژێرزەمینەکە، حەوزێکی چکۆلەی لێبوو کە نەقە (باقۆ) و ماسیی جۆراوجۆری تێدا بوو.»

مینـە زیـرەک بـرای حەسـەن زیرەکـی هونەرمەندیش، لـە دووکانەکانـی حاجی حەمەڕەحیمخانـی دادخـوادا کـە ئـەو دەمانـە دەکەوتنـە دوایین بەشـی شـەقامی سـەرەکی لەلای باشـوور، واتە بەرەو سـەقز، ڕاسـت لە شـوێنی پێش مەیدانی لای

نەخۆشـخانەی شێروخورشـید، موسـافیرخانە و مەیخانەیەکی دانا، کە نازانم ناوی چی بوو، بەڵام ساڵانێکی زۆر بەڕێوەی برد. شاگردی کاکە مینەش فەقێی پێشووی حوجـرەی مزگـەوت بوو، کەسـێکی قسـەخۆش و خوێنگـەرم، کە وا بزانم دەرسـی دوازدە عیلمەکەشی تەواو کردبوو، بەڵام مەلایەتی نەدەکرد. مشتەری مەیخانە، ئەو برادەرەیـان هـەر بە فەقێ بانگ دەکـرد: «دا فەقێ گیان نیوقاپمان عارەقی مەراغە بۆ بێنە!»

ئینجا قاوەخانە و مەیخانەی عەبەسالار (میناپوور) بوو، کە وا بزانم لە سینەماوە دوور نەبوو. عەبەسالار دووکانەکەی بە کرێ دابوو بە حوسێنی حەمەشەل (کەبابچی ناوداری مەهابادی)، ئەویش کردبووی بە مەیخانە.

لە بەشی باکووری شەقامی سەرەکیی شار بەرەو عەلیاباد و ڕاست ڕووبەڕووی بەنزینخانەی حەبیبزادە، «نەغدالی» عەجەم مەیخانەیەکی کردەوە کە تەمەنی کورت بـوو لەبەروەی شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ گەیشـتێ و بـە هاتنەوەی ئەرتەش و سـپای مەلاکان، مەشرووبخواردنەوە لە دووکان و مەیخانەوە ڕاگوێزرایە نێو ماڵان؛ حافز گوتەنی: «پنهان خورید بادە کە تعزیر میکنند!».[1]

درەنگتر، ئەم مەیخانانەش کرانەوە:

لـە سـەرەوەی بیمارسـتان، ڕەحمانـی دادخـوا مەشرووبفرۆشـی و بـە قەولی ئەمڕۆیـی ڕێسـتوورانێکی زۆر خاوێـن و شـیک و باشـی سـازکردبوو بـە نـاوی کۆنتینانتاڵ.

لە دەرەوەی شار، لە خوارەوەی پردی میراوا لەبەر باغی هەمزەییش مەیخانەیەکی خنجێلانـە سـاز کرابـوو کە محەممەد میراوایی و ڕەسـووڵ باینجان کاریان لەسـەر

١. دوای شۆڕش، مەلاکانی ئێران دەسەڵاتیان سەند ئیتر هەر ئەوەندە بوو، ترێ خواردنیان قەدەغـە نەکـرد! دەنـا ئادار بەسـەر پـاداری مەیخانەوە نەما و ئیتلاعاتی سـپای پاسـداران، بەگوێرەی سیاسـەتی داڕژاوی مامۆستاکانی قوم و تاران، حەشیش و تریاک و هێرۆئینیان لەجیاتییـان ڕژانـدە کوردسـتانەوە. بۆکانیش لە ئەنجامی ئەو سیاسـەتەدا تێوە تلا و گەلێک لاوی هەژار بە تەپکەی مەلای عەجەمەوە بوون و کەوتنە کۆڵانان. مامۆستاکان خواردنەوەی ئابجۆیـان پـێ حەرام بوو، بەڵام هێرۆئین و شیشـە و تریاک لەلایان عەینی «ئیسـلامی نابی محەممەدی» بوو لەبەروەی نەیارەکانیان، واتە گەلی کوردی پێ گیرۆدە دەکرا.

دەکرد، ناوی مەیخانەکە ئاوابوو: «ئەمشەو بخۆوە و بەیانی پووڵ بدە!» لە ئاکامدا کەسەکان وەرشکەست بوون و مەیخانەش داخرا!

دوای ساڵی ١٣٥٧ و ئەو ماوەیەی وا شاری بۆکان لە دەست پێشمەرگەدا بوو، لە دەرەوەی شار چەند مەشرووبفرۆشییەکی دیکەش کرابوونەوە:

لە ڕووبەڕووی کولتەپە، شوێنێک بەناوی سەنگشکەن کە «محەممەدسەعید کەڵەوان» و «خالید خەلی و بەلی» ئیدارەیان دەکرد.

لە بن پردی میراوا مەیخانەیەک بوو سەید کامیل نیزامی و عەبوو مەسعوودیان بەڕێوەیان دەبرد.

لە پاساژی پەنا بانکی سادرات کە دووکانی بەرگدروویی کاک محەممەدی نەوین و قاوەخانەی کاک ڕەحمانی لێبوو ئەکبەرئاغای عیبادیان، کە پێشتر ئاشپەزی مسافرخانەی پارس (مسافرخانەکەی کاک عەبڵا فەتحی) بوو، دووکانێکی بچووکی کردەوە کە هەم ساندویجی بوو و هەم مەشرووبیشی تێدا دەفرۆشت.

سەرنجڕاکێش لەو مێژووە کورتەی مەشرووبفرۆشییەی بۆکاندا ئەوەیە کە مەشرووبفرۆشەکانی سەرەتای کار لە بۆکان، کەسانی جێگەی ڕێزی خەڵک بوون و خاوەنملکەکانیش کە دووکانیان پێ بە ئیجارە دەدان، تاجری ماقووڵی شار و حاجی و خاوەن ئیمانی وەک حاجیساڵەی حەریری و حاجی برایمی حەبیبزادە و میرزا عەبدولکەریمی هەمزەیی بوون. بەکورتی، مەشرووب کە لەباری ئایینییەوە حەرام بوو، لەباری کۆمەڵایەتییەوە قێزوبێزی لێنەدەکرا و ئەوە گەلێک جیاوازە لەو عەقڵییەتەی وا بەسەر شارەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستاندا زاڵ بوو. بۆ نموونە، لە شارێکی گەورەی وەک تەورێز، کاری مەشرووبفرۆشی بەگشتی یا بەدەست ئەرمەنییەکانەوە بوو یان موهاجیر، واتە ئەوانەی وا لە ئازەربایجانی باکوورەوە هاتبوون یا گەڕابوونەوە. لە هەندێک شوێنی دیکەی وەک قوم و مەشهەد ناوهێنانی مەشرووبیش باسیسەر بوو. ئەوە یەک لەو تایبەتمەندییانەیە، کە کوردستانی پێ پێناسە دەکرێ، واتە تەحەممول کردن و ڕێزگرتن لە کەسانێک کە وا هەیە تۆ لەگەڵ باوەڕ و ڕێبازیاندا نەبی، بەڵام کاریشت بە کاریان نەداوە و ڕقەبەرییان ناکەی.

مـەلاکان لـە مـاوەی ٣٢ سـاڵی ڕابـردوودا، بەتایبـەت لە کوردسـتان سیاسـەتێکیان پەیـڕەو کـردووە کـە ئەو تەحەممول و ڕێـز لە ناحەزگرتنە نەمێنـێ و جێگەی خۆی بداتە دژبەری و ڕق و کینە و نەفرەت لە ناحەزی بیروباوەڕ، بە شێوەیەک کە دوای ئەم سیستەمە نگریسە چەپەڵەش، وا هەیە زۆری پێ بچێ تا دەرگا بکەوێتەوە سەر گرێژەنـەی جـاران. دوژمنایەتی و دژبەری سـازدان لە نێـوان کۆمەڵانی خەڵکدا بە هەر ناوێک و بۆ هەر ئامانجێک بێ، جینایەتە دژی مرۆڤایەتی.

## ٢٩. شەربەتی مێوژ

پێش هێرشـی بەرهەمی عەجەمسـتان بۆ سـەر ناوچەکە، سـێ چەشن خواردنەوەی سارد لە بۆکان و دەوروبەری‌دا هەبوو:

ئـاو، کـە خواردنەوەی ئاسـایی هەموو شـوێن و وڵاتێکە و لە هاویـن‌دا بە بەفر سارد دەکرا (بەفراو)...

«دۆ» کە لە زۆربەی ماڵانی شـار و دێ‌دا بەرهەم دەهات و ئەگەریش کەسـێک نەیبووایـە، بەخۆڕایـی لە ماڵی دەروجیـران و خزم و کـەس‌وکاری وەردەگرت. لەم سـاڵانەی دوایـی‌دا، کەسـیک کـە دۆی بەتـام و لەزەتـی دەفرۆشـت، کاک عـەوڵای خوسـرەوی ناسـراو بە عەبەی دۆ برای کاک عوسمان و کاک ڕەحمانی خوسرەوی بـوو. بیسـاتەکەی لە نێـوان دووکانی مەلا محەممـەد (مەلاسـەبیلە) و «چڵەوکەبابیی مەمی»دا بوو و جاروبارە بە خیابانیش‌دا دەیگێڕا...

شـەربەتی مێوژەڕەشـکە، کـە لـە مێـوژی سەردەشـت دەگیـرا، بـە بەفر سـارد دەکـرا و بـە خیابـان‌دا دەیانگێڕا و دەیانفرۆشـت. پێم وایە لە سـەردەمی پێش من‌دا وەسـتا ڕەحیمی نەزەر (نەزەری) فرۆشـتوویەتی و کاکم لە پەخشانە شێعری «بیری ڕابردوو»دا باسی دەکا. پاشان کاک ئەحمەد عەدە لە کووپەیەکی شێرەداری دەکرد و دەیگێڕا. ئینجا ئەحمەدی مامۆستا هەمان کاری دەکرد.

ئـەوە دیارە کاری هەواخۆشـیی هاوین و بەهار بـوو. لە وەرزەکانی دیکەدا کاک

ئەحمەدی مامۆستا یەرەڵماسی دەکوڵاند و دیفرۆشت. کاک ئەحمەد عەدەش گەنمەشامی دەبرژاند و لەگەڵ گوڵقەند دەیفرۆشت. گوڵقەند تۆپەڵەیەک بوو بەقەدرایی چنگی مرۆڤ، لە گەنمەشامی و شەکراوێکی خەستی سوور دروست دەکرا، واتە گەنمەشامییەکەی پێ شیرین دەبوو و دەنکەکانیشی پێکەوە دەنووساندن. ئێستا لە ئورووپاش گەنمەشامی شیرن دەکرێ و دەفرۆشرێ، بەتایبەت لە سینەماکاندا، بەڵام تۆپەڵکەی لێ دروست ناکەن. ئەوەی کە تۆپەڵکە بێ و من دیبێتم، شتێکی ئیتالیایییە عەینووبیللا گوڵقەندی ئێمە، بەڵام ئەمیان شتی دیکەی جگە لە گەنمەشامیشی تێکەڵاوە، وەکوو گوڵەبەڕۆژە و تووکوولەکە و کشمیش و شتی وا.

## ٣٠. پیپسی کۆلا

گوایە بۆ یەکەم جار کاک قادری نەزەری (قالەکوێر) سندووقێکی پیپسی کۆلای بۆ فرۆشتن هێناوەتە بۆکان، جا چاک نەفرۆشراوە، چی؟ ئیتر شوێنی نەگرتووە. ئەودەم دووکانی پاڵوودە و بەستەنیفرۆشیی کاکم لە پەنای دووکانی کاک قادر بوو. پاڵوودەمان لە ماڵەوە دروست دەکرد، واتە دایکم و من و خوشکم دروستمان دەکرد، ئینجا من دەمبرد بۆ دووکانی کاکم و ئەویش دەیفرۆشت، بەڵام بەستەنی دروستکردن، بەفری دەویست و کاکم لە ماڵی کاک عەبدوڵڵایەک دروستی دەکرد و دەیهێنا بۆ فرۆشتن کە وا بزانم بەفرفرۆشیش بوو؛ ئەو کاک عەبدوڵڵایە پێی دەگوترا عەبەزیقاوە. پێش کاکم، کاک سەعید و کاک محەممەد کەڵەکانی بەستەنییان دروست دەکرد. ئەوان منداڵی خات خاتوونە کورد بوون و لە هەوشار و ئەولایانەوە هاتبوونە بۆکان. ئێوارانی هاوین بەستەنییان دێنا لای حەوزەگەورە و دەیانفرۆشت. لە بیرمە کاک محەممەد بەستەنییەکەی هەڵدێنا و کێشی پێدەدا و دەیگوت «کێشی ئێ تا بەغا!» دواتر کاک قادر برای محەممەد سەقزی بەستەنیفرۆشیی کردەوە، ئینجا سەید سوولی و زۆر خەڵکی دیکە.

کاکم لە دووکانی خۆیدا، شیرنیات و لیمۆناد، هەروەها خواردنەوەیەکی لە

تەوریزەوە دەهێنا و دەیفرۆشت کە پێیان دەگۆت «ڤۆڵکان»؛ هێشتا پیپسی جگە لەو یەک سندووقەی کاک قادری نەزەری، نەهاتبووە بازاڕی بۆکانەوە. کاکم پیپسی کردە باو و هەموو جارێ دەیان سندووقی ٢٤ دانەیی پیپسیی لە تەوریزەوە دەهێنا و دوای فرۆشتن، شووشەکانی بۆ دەبردنەوە. دوای ماوەیەک کۆکاکۆلا و کانادادرای سەریان هەڵدا و وا بزانم کەسێکی دیکەی وەک مەلا ئەحمەدی حیسامەددینی یا یەکێکی تر لەلای گاراج و دووکانی بەستەنیفرۆشیی سەید سوولی دەیفرۆشتن. ئەو دەم بەرهەمی کارخانەی کانادادرای بە پێنج شەش ڕەنگ و تام هەبوو، یەکیان پێیان دەگوت «جینجرِ ئەیل» کە ئێستاش لە ئورووپا هەیە و تامی زەنجەفیلی دەدا.

بازاڕی بۆکانیش وەک پاشماوەی شارەکانی تر بەتاڵ بوو و جگە لە شەربەتی مێوژەڕەشکە هیچی دیکەی لێ دەست نەدەکەوت، هەر بۆیەش، بەداخەوە ئەم بەرهەمە ئەمریکاییانە لەوێش وەک زۆر شوێنی دیکەی جیهان، زۆر زوو جێگای خۆیان کردەوە و فرۆشران، شتە خۆماڵی و خۆجێییە سروشتییەکانیش خۆیان لە خەڵک شاردەوە.

## ٣١. فیشەکەشێتە و نارنجەک

باسی حاجی قادری نەزەریم کرد دیتم بێئینسافییە لە دەسپێشخەریی ئەو مرۆڤە لە کاری دووکانداریدا نەدوێم. کاک قادر وردەواڵەی وای دەفرۆشت کە کەسی دیکە لە بۆکان نەیبوون. ئێمە منداڵ بووین و بۆ شەوی نەورۆز «زەڕنیخ و کلووریات»مان لێدەکڕی، تێکەڵاومان دەکرد و لەگەڵ چەند دانە ورکەبەردی سپی، کووتاڵێکمان تێدەئاڵاند و بە دەزوو دەمانبەست. ئەوە نارنجەک بوو و کاتێ لە زەویمان دەدا، دەتەقی. حاجی قادر کە ئەو دەم حاجی نەبوو و کاک قادریان پێدەگوت، ئەو شتانەی لەگەڵ فیشەکەشێتە دەفرۆشت. فیشەکەشێتەی لە تەوریزەوە دێنا یا خۆی لە ماڵەوە دروستی دەکردن، نازانم، بەڵام نارنجەک هەر لە ماڵەوە لە بۆکان دروست دەکرا. دوای فەوتی حاجی قادر، دووکانەکە خانمی هاوسەری دەیگێڕا و وا بزانم کوڕەکانی

کاری نارنجەک و فیشەکەشێتەیان درێژە پێدا.

تێبینی: زۆر ناو و تەفسیلاتی ئەو کەسانەی وا لە سەرەوەدا ناویان هاتووە، برایان نادر فەتحی، ڕەحیم بەهرامزادە و جەعفەر مەردانبەگی بۆیان نووسیوم، دەستیان خۆش بێ.

## ٣٢. دووچەرخە

لە باشووری کوردستان بە دووچەرخە دەڵێن «پاسکیل» کە شێوازێکە لە وشەی «بایسیکل»ی ئینگلیزی بەواتای خاوەنی دوو دانە چەرخ یا تایە. لە بۆکانی قەدیم و وا بزانم بەگشتی لە موکریانیش لە سەرەتای پەیدابوونی دووچەرخەدا، «کەر ماشێن»یان پێ‌گوتووە.

بێ‌گومان یەکەم کەرماشێن کە گەیشتبێتە بۆکان هی عەلی‌خانی سەرداری موکری بووە. عەلی‌خان لە تفلیسی پێتەختی گورجستانی سەر بە ڕووسیای تزاری دەرسی دەخوێند، کاتی لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، واتە لە ساڵی ١٩١٤دا حەمەحوسێن‌خانی باوکی بەدەست فەرماندەی سپای عوسمانی لە مەراغە ئیعدام کرا. عەلی‌خان گەڕایەوە بۆکان و مەهاباد و بوو بە جێگری باوکی، واتە کرایە «سەرداری موکری». لە گەڕانەوەی ڕووسیادا، عەلی‌خان دووچەرخەیەک و کامێرایەکی وێنەگریی لەگەڵ خۆی هێنابوو و بەو پێیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٤، دووچەرخە گەیشتۆتە بۆکان.

تا ئێرەی کارەکە هاسان بوو. گرنگ ئەوەیە بزاندرێ دوای عەلی‌خان کێ و کەی دووچەرخەی هەبووە و سواری بووە؟ هەروەها کێ یەکەم دووکانی فرۆشتن یا چاککردنەوەی دووچەرخەی لە بۆکاندا کردۆتەوە. من لە سەردەمی منداڵیی خۆمدا، قادر و عەبدوڵڵای دەبباغی، کوڕانی وەستا کەریم، هەروەها ڕەحمانی خزری و کابرایەکی ئازەربایجانیم لە بیرە، بەڵام پێش ئەوان کێ بووە؟ ئەوە دەبێ شوێنی بگیرێ و ڕوون بکرێتەوە.

كاك ڕەحیم بەهرامزادە بۆی نووسیوم:

«كاك قادری دەبباغی لە سەردەمی ئێمەدا دووكانی دووچەرخە فرۆشیی هەبوو و خۆشـی تەعمیـری دەكـردن. لەگەڵ فـرۆش و تەعمیر، دووچەرخـەی بەكرێش دەدا. دووكانەی لە پەنای حەوزی مزگەوتی بازاڕ بوو.»

كاك جەعفەر مەردانبەگیش دەنووسێ:

«شاگردەكانی وەستا كەریم، واتە خالم «عەوڵای ئاغا برایم» و ڕەحمانی خزری و محەممـەدی ئەحمـەدی شـوێنی كارەكەیـان گرت، كە دوو كەسـەكەی دوایی ئێسـتا لـە بـۆكان دووكانـی دووچەرخەفرۆشـییان هەیە، بـەڵام كاك عـەوڵای خاڵم بوو بە خەیات و بەرگی ژنانی دەدروو. هەروەها حاجی حەمەسـاڵەی ڕەحمانی ناسـراو بە ڕەحمـان دووچەرخـە دووكانەكـەی ڕووبەڕووی كارخانەی بەرقی قەدیم و وەسـتا مەحموودی دووچەرخەساز (ڕەحمانی)ش دووكانی لە خیابانی دادگا بوو.»

### ٣٣. وێنەگری (عەكاسی)

گوایە عەلیخانی سەردار لە گەڕانەوەی تفلیسدا، كامێرایەكیشی لەگەڵ خۆی هێناوە. من خۆم پێم وابوو نەمر سمایلخانی فەڕڕوخی كە خزمایەتیی لەگەڵ ماڵی سەردار هەبـوو، هونـەری وێنەگـری لـەو فێر بووە، بـەڵام كاك مەنسـوور فەڕووخی كوڕی سمایلخان دەڵێ وا نەبووە و لە تەورێز لە ئەرمەنییەك فێری وێنەگرتن بووە. دیارە زانیاریی ئەو تەواوترە و دەبێ بڕوا بەو بكەین.

هەر چۆنێك بێ، بێگومان مێژووی عەكاسی لە بۆكان بە سمایلخانەوە بەستراوە. سـمایلخان لە سـەردەمی كۆماری كوردسـتاندا ماڵی لە تەورێز بووە و هەر لەوێ عەكاسیی كردووە. وێنەیەكی زۆری كەسایەتییە كوردەكانی ئەو سەردەمە، كە ئێستا لێرەولەوێ چاپ دەبن، ئەو هەڵیگرتوون.

سـمایلخان درەنگتر لە بۆكان دووكانی وێنەگریی كردەوە و پاشـان برایمخانی كـوڕی بـۆ ماوەی سـاڵانێكی زۆر تاقـە وێنەگری بۆكان بـوو. دووكانەكەی لە نزیك

گاراج ڕووبەڕووی مزگەوتی بازاڕ بوو. من چەند وێنەی کۆنی سەردەمی قوتابی بوونم هەن کە برایمخان هەڵیگرتوون. برایمخان لەلای هاجەرەخاتوونی خێزانی یەکەمییەوە خزمایەتیی لەگەڵ ئێمە هەبوو.

لە ساڵانی دواتردا چەند دووکانی وێنەگری لە بۆکان کرایەوە کە بەداخەوە ناوی هیچیانم جگە لە «قوربانزادە» لە بیر نییە. ئەو قوربانزادەیە، دارتاشێکی عەجەمی میاندواو بوو و دوای ئەوەی لە میاندواو ڕاوەدووی بەهاییەکانیان نا، چەند کەسێکیان ڕوویان کردە کوردستان و لە مەهاباد و سەقز و بۆکان دامەزران. لە کوردستان کەس کاری بە بەهایی نەدابوو و ئازار نەدەدران. دووکانی قوربانزادە لە دووکانەکانی مزگەوتی جامیعدا، لای حەمامی نادر بوو. خەڵک نەک هەر بەهایییان نەدەبوغزاند، بەڵکوو دووکانی مزگەوتیشیان پێ بە ئیجارە دەدان! ئەوە جیاوازیی گەورەی کۆمەڵگای کوردە لەگەڵ کۆمەڵگای گەلانی دراوسێ.

قوربانزادە دوای ماوەیەک لەپڕ، بوو بە وێنەگر و لە هەمان دووکانی مزگەوتدا دەستی بە عەکاسی کرد. دەڵێن کاک عوسمانی حەمیدی لێی پرسیوە «ئای قوربانزادە، چۆن بوو لە دارتاشییەوە بازت دا بۆ عەکاسی؟» ئەویش بە کوردیی زاراوەی تورکی وەڵامی داوەتەوە: «بەشەر گابیل تەرەگگییە... !»[١]

کاک ڕەحیم بەهرامزادە سەبارەت بە وێنەکێشەکانی بۆکان دەنووسێ:

«لە دووکانەکانی کاکاغای کەیخوسرەی لە نزیک دووکانی نەجاڕی مسرووبی ئەرمەنی دوو برای ئەرمەنی دووکانێکی عەکاسییان هەبوو. ناوی دووکانەکە «عکاسی برادران ثانی» بوو. ئەم دوو برایە زۆر جوانچاک بوون و ویترینی دووکانەکەشیان بە عەکسی خۆیان ڕازاندبووە. دوو براکە زۆر لەیەک دەچوون و دوور نییە لفەودووانە بووبێتن. ئەم دووکانە دوای یەکدوو ساڵ نەما.»

لەم ساڵانەدا وێنەگری باش لە بۆکان پەیدا ببوو. ئەوە ناوی بەشێکیانە کە کاک

١. کاک جەعفەر مەردانبەگی نووسیویەتی: «قوربانزادە، نێوی «نوراللە قوربانزادەی میاندواوی»یە، لە ١٣١٣/٧/٣ لە میاندواو لەدایکبووە، ناوی باوکی حاجی حوسێنی بانەیی، بە ڕەگەز کوردە، بەڵام دایکی خەڵکی میاندواوە، زۆربەی خزمەکانی لە بانە دەژین.»

جەعفەر بۆی ناردووم: «مەرحوومی تەها ئیرەمی، زاوای کاک حەسەن فەتحی (عەکاسیی هۆلیوود)؛ ڕەسووڵ دەبباغی، سەلاح خوسرەوی، عومەر باپیری، کەسێکی گەنجیش بوو، کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە لە وەرمێوە هاتبوو لە دووکانەکانی کاکاغا کەیخوسرەوی‌دا عەکاسی دەکرد.»

## ٣٤. کتێب و ڕۆژنامە و کەرەسەی نووسین

ئەوەی وا بە فارسی «نوشت‌افزار» و بە عەرەبی «قرطاسیه»ی پێدەگوترێ. لە کۆن‌دا جووەکانی بۆکان خەریکی فرۆشتنی بوون، بەڵام دووکانی تایبەتمەند بەو بابەتە نەبوو، بەڵکوو ئەو شتانە لەگەڵ کەرەسەی خەرازی دەفرۆشران. دوای ڕۆیشتنی ئەوان و بە بیرەوەریی من، میرزا حەمەڕەسووڵی ئیسماعیل‌زادە و کاک عەبدوڵڵای برای، لە دووکانێکی نێو قەیسەری کۆن‌دا ئەم شتانەیان دەفرۆشت و من بەباشی شوێنی دووکانەکەشیانم لە زارکی مەیدانی خەیاتەکان لە بیرە. دواتر کە خیابانی تازە لێدرا، دووکانی ماڵی ئیسماعیل‌زادە هاتە پای قەپانی قاسمئاغا و وا بزانم ئێستاش هەر لەوێن. لە هەمان دووکان‌دا، ڕۆژنامە و کتێبیشیان دەفرۆشت. دیارە کتیب کەمتر دەفرۆشرا مەگەر کتێبی دەرسی. ئەوەی وا زیاتر هەیانبوو، کەرەسەی نووسین، واتە قەڵەم و کاغەز و دەفتەر بوو لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران.

درەنگتر لە سەروحەدی ساڵانی ١٣٣٠دا کاکم عومەر سوڵتانی (وەفا)، دووکانێکی ڕۆژنامەفرۆشیی کردەوە کە لە پەنای دووکانی باوکم لە نێوان بانکی سادراتی ئێستا و قەپانی قاسمئاغا لەسەر خیابانی تازە. ئەوە یەکەم دووکانی ڕۆژنامەفرۆشی بوو لە بۆکان. دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کاکم هەر لەسەر فرۆشتنی ڕۆژنامە گیرا و دوای ئازادبوونیش نەیوێرا بەرەو ڕۆژنامەفرۆشی بچێتەوە لەبەروەی بە کەفالەت ئازادیان کردبوو و بۆ ماوەی زیاد لە ١٠ ـ ١٢ ساڵ، هەر ساڵەی جارێک و دووان دەیانبردە دادگای نیزامی لە ورمێ.

دوای ماوەیەک کاکم دووکانێکی کتێب و «نوشت‌افزار»فرۆشیی لە دووکانەکانی

ماڵـی حاجـی حەمەسـاڵحی محەممـەدی لە نێـوان بانکی میللی و سـادراتی ئێسـتادا کردەوە و دوای چەند ساڵێک لەگەڵ کاک کەریم سالمی خزممانَدا بوو بە شەریک. ئینجا چوو بۆ سەربازی و دووکانەکە بوو بە هی کاک کەریم.

دواتر، وا بزانم چەند سـاڵێک پێش شۆڕشـی سـاڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران، مەلا محەممەدی تاهیرئازەر (مەلاسەبیلە) و مەلا ... کتێبفرۆشییان کردەوە، ئیجا شێخەی دەوافرۆش دووکانی دەرمانفرۆشـییەکەی خۆی کردە کتێبفرۆشی و دوای ئەو کاک کەریم سالمی دووکانی کتێبفرۆشییەکەی خۆی بۆ سولەیمانی کوڕی بەجێهێشت و لە نزیک سـتادیۆمی فوتباڵ دووکانێکی دیکەی کردەوە. من ئەمانەم بەچاو نەبینیوە لەبـەروەی دوای ڕۆیشـتنم لـە بـۆکان، واتـە سـاڵی ١٣٥٩ بـوون و تەنیا لـە خەڵکم بیستوون. دەبێ ئەمڕۆ دووکانی دیکەی لەو چەشنە لە بۆکاندا زۆر بێ، بۆ نموونە من ناوی کتێبفرۆشی میرزا بەنگین ساڵحیم بیستووە.

سەبارەت بە میرزا بەنگین، کاک ڕەحیم بەهرامزادە دەنووسێ:

«میـرزا بەنگیـن خەڵکـی گوندەکانـی فەیزوڵلابەگـی بـوو. ئەو پێشـتر لەگەڵ مەلا کەریمێک بە شـەریکی کتێبفرۆشـییان لەلای ماڵی حاجی شـەهاب کردەوە. وا بزانم دووکانەکەشیان هەر لە حاجی شەهاب بە کرێگرتبوو. مەلا کەریم مەلای مزگەوتی گونـدی باخچـەی فەیزوڵلابەگـی بوو، بەڵام وازی لە مەلایەتـی هێنا و لە بۆکان بوو بـە کتێبفـرۆش. ئەگەر باشـم لە بیـر بێ میرزا بەنگین خزمایەتیـی لەگەڵ مەلا کەریم هەبوو. پاش ماوەیەک مەلا کەریم وازی لە کتێبفرۆشیش هاورد، دووکانەکە بوو بە هی میرزا بەنگین و هاتە پەنای شـارەبانی. میرزا بەنگین کتێبی تازەی دەفرۆشـت و کتێبی کۆنی خەڵکیشی دەکڕی و دەیفرۆشتەوە. جگە لەوە کتێبی بەکرێش دەدا و من زۆر ڕۆمانـی جینایـی فارسـیم لەو بەکرێگرتووە و خوێندوومەتـەوە. میرزا بەنگین بەرلە شۆڕشـی ئیسـلامی ماوەیەک گیرا و نازانم ئەو گرتنە لەسەر چی بوو. یەکێک لە هاوپەروەندەکانی کوێخا ئەحمەدی حەسار بوو.»

### ٣٥. بانک

یەکـەم بانکێـک لە بۆکان کرابێتەوە «بانک صادرات و معادن ایران» بوو، کە لەسـەر جێگای ئێسـتای لقـی سـەرەکی بانکەکە هەڵکەوتبـوو، واتە لەژێر قەڵای سـەردار و لە دووکانەکانی حاجی سـمایلئاغای ئێلخانیزادەدا. سـاڵەکەیم لە بیر نییە، بەڵام وا هەیە ١٣٤١ ـ ٤٢ بێ. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، «بانک ملی ایران» لە دووکانەکانی ئیسماعیلیدا کرایەوە و بە شوێن ئەودا «بانک سپه» لە فەلەکەی گاراژ و دووکانەکانی حەریریدا، ئینجا «بانک کشـاورزی» لە مەیدانی کافرۆشـەکان. من هیچی ترم لە بیر نییە، بەڵام وا بزانم بانکی تیجارەت لە ڕووبەڕووی بانکی سـادراتی ئێسـتا و بانکی مەسـکەن لە فەلەکەی میاندواو، دراوسـێی قاوەخانـەی ڕەحمانی قادری و هەروەها یەکدوو بانکی کەرتی تایبەتیش لە بۆکان کرابێتنەوە، کە من ناوەکانیان نازانم.

### ٣٦. بیمە (دڵنیایی)

بیمەکردنـی مـاڵ و دووکان لـە بـۆکان بـاو نەبوو، بـەڵام ترۆمبیل بە حوکمی یاسـا دەبووایـە بیمـە بکرێ و زۆربـەی خەڵکیش دەیانکرد. نازانم بیمـەی ترۆمبیل لەکوێ دەکـرا، دەبـێ لە شـارەکانی دەوروبەر کرابێ. ناشـزانم لە بـۆکان کێ بۆ یەکەم جار ماڵ و دووکانی خەڵکی بیمە کردووە، بەڵام ئاگادارم کە کاکم لە سـەرەتای سـاڵانی ١٣٥٠دا نوێنەرایەتیـی شـیرکەتێکی بیمـەی هەبوو و تاکوتەرایـەک خەڵکیش ماڵ و دووکانیـان لـەلا بیمە دەکرد. سـەیر ئەوە بوو خۆی بیمـەی دووکانەکەی خۆی تازە نەکردبۆوە، کاتێ کە کەپسوولێکی گاز ئاگری گرت و هەموو شتی نێو دووکانەکەی سووتا، هیچیشی لە بیمەوە پێنەبڕا!

### ٣٧. ڕادیۆفرۆشی و کەرەسەی دیکەی نێوماڵ

بە بیری من یەکەم ڕادیۆفرۆشی بۆکان کاک عەلی حەڵەبی بوو. سەرەتا دووکانەکەی لـە خیابانـی کۆنە، نزیـک گوزەری کەوشـدرووەکان و ڕووبـەڕووی دووکانی ماڵی

محەممەدی بوو. ئەو دەم ڕادیۆ لەمێژ نەبوو گەیشتبووە ناوچەکە و بە باتری کاریان دەکرد. چەشنە ڕادیۆیەک هەبوو کە میرزا عەلی دەیفرۆشت، نازانم کاری کوێ بوو، بەڵام لەجیاتی باتری، بە نەوت کاری دەکرد؛ چرایەکی نەوتیشی پێ هەڵدەبوو کە لەنێو هۆدەکەدا هەڵیاندەواسی! کاک عەلی کەرەسەی دیکەی وەک یەخچاڵی نەوتی مارکی «بوش» و چراتوڕ و شتی لەو چەشنەشی دەفرۆشت. هەندێک لەو کەرەسانە بە باتری ترۆمبیل کاریان دەکرد و باترییەکەشیان بە تراکتۆر شارژ دەکرانەوە!

دواتر دووکانی کاک عەلی چووە سەر حەوزەگەورە، پەنای دەواخانەی مرادی و ڕووبەڕووی خورێنک. کاک محەممەدی برای کاک عەلیش، دووکانی چاککردنەوەی ئەو کەرەسانەی هەبوو. هاوکات یا بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، کاک عەلی کامەلایی ڕادیۆی دەفرۆشت و چاکیشی دەکردەوە. کاک حەسەنی کوڕی کاک عەلیش کە هاوپۆلی قوتابخانەی من بوو، دوای باوکی دووکانەکەی هەڵدەسووڕاند.

درەنگتر و لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٤٢دا کاکیشم دووکانی فرۆشتنی ئەو کەرەسانەی کردەوە، دوای ئەویش کاک غەفوور ئاشناگەر. دواتر، کاک خەلیل عابید ڕادیۆفرۆشی و ڕادیۆسازیی دەکرد و کاک عەولا و کاک عەبووی مام عەبدوڵڵاش ڕادیۆفرۆش و ڕادیۆساز بوون.

ڕادیۆفرۆشی گەڕۆکیش هەبوو. یەکیان عەلی کۆچەری (عەلییەسوور) بوو، کە ڕادیۆکانی لە باوەش دەگرت و بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕا و دەیفرۆشتن.

### ٣٨. تەلەفیزیۆن

پێش ئەوەی بۆکان بکەوێتە ژێر پۆششی تەلەفیزیۆنی دەوڵەتییەوە، کاکم بەهۆی ئانتێنێکی بەرزەوە لە ماڵی خۆیدا دەنگ و هەندێک ڕەنگی لێڵی سەر تەلەفیزیۆنی وەردەگرت و جارێک سەرۆکی شارەبانی و چەند بەرپرسی دیکە، بەناو بۆ تەماشای تەلەفیزیۆن، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ کۆنترۆڵی مەسەلەکە، چووبوونە ماڵێ بزانن چ کاناڵێک و هی چ دەوڵەتێک دەگرێ! وا بزانم ئەوە ساڵی ١٣٥٠ بوو، گەرچی دڵنیاش نیم وا

بووبێ. هەر چۆنێک بێ هەر ئەویش یەکەم فرۆشیاری تەلەفیزیۆن لە بۆکان بوو، کاک عەلی حەڵەبی و کاک غەفووری ئاشناگەریش بە شوێن ئەودا تەلەفیزیۆنیان هێنا.

برای عەلی حەڵەبی، عەبدوڵڵای حەڵەبی، هەم تەلەفیزیۆنی دەفرۆشت و هەم تەعمیری دەکردن. برایەکی دیکەیان، واتە محەممەدیش هەر کاری چاککردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی دەکرد، بەڵام کەرەسەی کارەباشی دەفرۆشت. دوای ساڵی ١٣٥٠ دوو کەس بەناوی محەممەد لەتیفی و عوسمان جەبەلیئەقدەم، کە یەکەمین ئیستگای ڕادیۆی بۆکانیش هەر ئەو داینا، بە دووقۆڵی دووکانێکی تەعمیری ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنیان دانا.

## ٣٩. دەزگای فۆتۆکۆپی

ئەوەش لە ساڵی ١٣٤٠ و ئەو کاتانەدا، کاکم هێنای بە بۆکاندا. بۆ ماوەی چەند ساڵ کەسی دیکە ئەو کارەی نەدەکرد و ڕمێنی باشی هەبوو. بەتایبەت کە هەر بە ساڵێک و دووان دوای ئەوە، ئیسلاحاتی ئەرزی کرا و خەڵکی گوندەکان کۆپی ناسنامە و عەریزە و شتی وایان زۆر بوو و دەهاتن بۆ کۆپیکردنیان. دەزگاکە ئەگەر تێکبچوایە، دەبوو تەلەفۆن بکا کەسێک لە تەورێزەوە بێ چاکی بکاتەوە. درەنگتر برادەرێکی میاندواویش تەعمیری دەکرد و وا بزانم عەلییەشەلی سینەماش هەر چاکی دەکردەوە.

دوای چەند ساڵ، نەمر مەلا هادی ئەفخەمزادە لە دووکانی پەنای ماڵەکەی خۆیدا دەزگایەکی فۆتۆکۆپی دانا و پاشان میرزا عەلی... (عەریزەنووس) و خەڵکانی دیکەش هەمان کاریان کرد، بەڵام ناوی کەسی دیکەیانم لە بیر نییە.

برایان جەعفەری مەردانبەگی، ڕەحیم بەهرامزادە، نادر فەتحی و کامران ئەمینئاوە نەک هەر بەشێکی زۆر لە ناوی ئەو کاسبکارانەی سەرەوەیان بۆ ناردووم، بەڵکوو هەندێک لەو بیرەوەرییانەش کە لێرەدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەر هی ئەوانە.

## ٤٠. کەرەسەی کارەبا (بەرق)

یەکەم ماتۆڕی بەرق وا بزانم لە ساڵی ١٣٣٧ یا ٣٨ (١٩٥٨ ـ ١٣٥٩)دا هاتە بۆکان. کابرایەکی فارس کارخانەکەی دامەزراند کە بە «ئاغای موهەندیس» بانگیان دەکرد و تەنیا چەند مانگێک لە بۆکان مایەوە تا خەڵک گوتەنی «کارخانەی بەرق»ی وەڕێخست. بینایەکی بچووکیان بۆ ماتۆڕەکە دروستکرد کە لە نێوان دەرمانگای پێشوو و حەمامی کەیخوسرەوی، لەسەر شەقامی سەرەکیی شار و بەردەم ماڵی حاجی حسێنی قورەیشی هەڵکەوتبوو.

سەرەتا بەرقی سەر شەقامیان کێشا، ئینجا خەڵکیش دەیانکڕی و بەو شێوەیە بەرق هاتە ماڵانیشەوە. کابرای موهەندیسی بەرق لەگەڵ کاکم ببوو بە دۆست و هاتوچۆی دووکانەکەی ئەوی دەکرد، لە بیرمە پێی گوت بۆچی لە دووکانەکەتدا کەرەسەی بەرقیش نافرۆشی، ئەوە برەوی زۆری دەبێ، ئینجا لیستەیەکی بۆگرت و ئەویش چوو لە تەوریز هێنانی (ئەو دەم دووکانی کتێب و ڕۆژنامەی هەبوو). هەر لەو مانگانەدا و پێش کاکم، کاک عەلی کامەلایی و کاک محەممەدی حەڵەبی و ئەگەر هەڵە نەکەم کاک عەلی حەڵەبیش هەر ئەم کەرەسانە، واتە سیم و پریز و کلیل و تەقسیمی بەرقیان هێنا و فرۆشتیان.

دوای ڕۆیشتنی کابرای موهەندیس، تیکنیسیەنێک هات بۆ چاوەدێریی ماتۆڕەکە، کە بە فارسی قسەی دەکرد، نازانم فارس بوو یان تورک، بەڵام خەڵک هەر پێیان دەگوت موهەندیس، ناوی فیرووزی بوو و تا ساڵی شۆڕشی ١٣٥٧یش هەر لەوێ مابوو، ئیتر نازانم دوای ئەو چی لێهات.

یەکەم بۆکانییەک کە خەریکی کاری بەرق بوو و ببوو بە «سیمبان» و بەسەر دارچرابەرقەکاندا هەڵدەگەڕا، کاک حسێنی ئاشناگەر (حسێنی حاجی خمگەر، برای بچووکی غەفووری ئاشناگەر) و کاک سادقی کامەلایی بوون. کاک حسێن بەداخەوە لەسەر دارچرابەرقێک بەرق گرتی و کوشتی. کاک سادق هاوپۆلی قوتابخانەی من بوو و دەپازدە ساڵێک پێش ئێستا کۆچیدوایی کرد. ئەمانە خزمەتکاری خەڵک و

بەڕێوەبــەری كارێـك بـوون كە ئـەو دەم گرنگایەتییەكەی هەسـت پێنەدەكـرا، بەڵام ئێستا دەزانرێ چییە.

دواتر ئەم كەسـانەش كاری سیمكەشـی و سـیمبانییان دەكرد: ڕەسـووڵ بەپەلە، ڕەحمانی حاجینەژاد، برایم ڕەزایی، ڕەسووڵ ڕەسووڵنەژاد، عەوڵای سەناعەتی و یەحیا ئەحمەدی.

## ٤١. قەوان و شریتفرۆشی

قەوان یا سـەفحە لەگەڵ گرامافۆن گەلێك زوو گەیشـتۆتە بۆكان و لە قاوەخانەكان دانراون. سەفحەی مەلا كەریم و كاوێسئاغا و سەید عەلیئەسغەری كوردستانی و ئایشـێخان و... بۆ نموونە، لە قاوەخانەی حەمەحسـێنی خات سـافیە (ڕەوشـەنفكر) لەسـەر حەوزەگەورە و ڕووبەڕووی خوڕێنك، سـەفحەیان لێداوە. گوایە نەمر سەید عەلیئەسـغەری كوردسـتانیش لەسـەر ڕێگای چـوون بۆ مەهاباد لـە بۆكانیش لای داوە و لـەو قاوەخانەیـەدا گۆرانیی گوتووە. ئەوەی باسـی دەكەم هی سـاڵانی دوای شـەهریوەری ١٣٢٠ و سـەردەمی كۆمـاری كوردسـتانە، بـەڵام نەمبیسـتووە لـەو سـاڵانەدا كەس یا كەسـانێك سـەفحەیان لە بۆكان فرۆشـتبێ. دیارە هەرچییەك من نەمبیستبێ بەواتای ئەوە نییە كە هەر نەبووە!

شریت و زەبتی سەوت (موسەجەلە)، ئەگەر هەڵە نەكەم، لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٣٨ ـ ١٣٣٩دا لە بۆكان پەیدا بوون. ئەوانەی وا سەرەتا ئەو دەزگایانەیان دەفرۆشت، عەلـی حەڵەبـی و میـرزا عەلـی كامەلایـی بـوون. دواتـر كاكـم (وەفـا) و غەفـووری ئاشناگەریش هاتنە ئەم گۆڕەپانەوە.[١] یەكەم سەفحە و شریتیش وا بزانم حاجی عەلی

١. یادداشـتێكی كاك جەعفـەر مەردانبەگـی: «بیرەوەریی من لە گرام و سـەفحەی ٣٣ دەور: لـە ئەسـڵدا باوكـم هەر قەسـاب بوو، بـەڵام درەنگتـر كەبابفرۆشتنیشـی لـە دووكانەكەی زیـاد كـرد، مێز و سـەندەڵی تـازەی لێدانا و تەنیا گرامافونی كەم بوو. ڕۆژێكیان شـاعیری هەمیشە زیندوو، عومەر سوڵتانی (وەفا) بە بەر دووكاندا هات، باوكم گوتی عومەر! گوتی: بەڵـێ كاكـە! باوكـم گوتی: كوڕەكان داوای گرام دەكەن. كاك عومـەر گوتی: «جافە» بنێرە با دانەیەكتان بۆ بنێرم (كاك عومەر لە زمان دادە عاتیەی خێزانییەوە بە جافە بانگی دەكردم).

فەڕشــی و عەلی حەڵەبی فرۆشــتوویانە، بەڵام لە بیرمە کاکیشــم لە ســاڵانی ١٣٤١ ـ ٤٢دا ســەفحەی دەفرۆشــت. کاک محەممــەدی حەڵەبیـش کـە کاری چاککردنــەوەی ڕادیۆ و زەبت و تەلەفیزیۆنی دەکرد، سەفحە و شریتی دەفرۆشت. درەنگتر، ئەحمەد ســەرایی و ئینجـا عەبەچکۆلـی هونەرمەندیـش دووکانـی شریتفرۆشـییان دانـا و بەگشتی خەڵکێکی زۆر بەو کارەوە خەریک بوون.

وا بزانــم ســی. دی درەنگتــر و بــە ئەگــەری زۆر، لــە شەســتەکان (هەشــتاکانی زایینی)دا، لە بۆکان پەیدا بوو.

کاک برایم فەڕشی لەم بارەیەوە بۆی نووسیوم:

ـ «باوکـم زۆرتـر لـە تەورێـزەوە سـەفحەی کوردی و فارسـی و ترکـی دەهێنا، ئــەوە پێـش ئـەوە بـوو کـە من بچمـە مەدرەسـە، هەروەها هــەر ئەو دەم زەبتیشــی هەبوو کە یەکەم جار کڕیبووی لە موسافیرخانەی هومایوون لەگەڵ حاجی کەریمی مەردانبەگـی لـەو موسـافرخانەیە شـریتێکیان پڕکردبـووە کـە جەفەنگیاتـی نێـوان خۆیـان بـوو. دواتـر هەر ئـەو زەبتە بوو بەهۆی ئەوەی حسـێنی نەورۆز (شـاعیر)، عەلـی کـەردار (بەیتبێـژ)، حاجی کەریـم مەردانبەگی (دەنگخۆش)، خاڵـم، محەممەد پیرۆتی (حیکایەتخوان)، حاجی ئەحمەدی کەیخوسـرەوبەگ (قسـەخۆش) و کەسانی دیکـە، شــەوانە هەتـا نیوەشــەو کۆدەبوونەوە و ئیتـر شـێعرخوێندنەوە و گۆرانی و حیکایەت و قسەی خۆش بوو دەگوترا، هەر هەمووشیان زەبت دەکران. ئەو شەوانە بۆ من فێستیڤاڵی هونەر و فەرهەنگی کوردی بوو.»

---

لە خۆشـییان، لە پیش کاک عومەردا خۆم گەیاندە دووکانەکەی، بەڵام ئەحمەد زبیل ڕێگای نەدام بچمە نێو دووکان! کاک عومەر لە پیشدا چووبووە بانکی سادرات و نزیکەی چارەگە سـەعاتێکی پێچـوو تـا هاتەوە، بەڵام ئەو چارەگە سـەعاتە لای من چەنـد کاتژمێر بوو! کاک عومـەر لەگـەڵ گرامەکە سـەفحەیەکی تازەی حەسـەن زیـرەک بە ناوی «نەمام نەمام»یشـی بەخۆرایی پێدام، گرامەکە مارکی «تێپاز» بوو و زۆریشی کار کرد. لەبیرمە کەلاسی هەشت یان نۆ بووم، ئەو گرامە هەر مابوو، ئێواران لەگەڵ هاوڕێم کاک برایم فەڕشی لە ماڵی ئێمە یان لە ماڵی کاک برایم گوێمان لە شێعرەکانی شاملوو لەنێو گۆرانییەکان بە دەنگی فەرهاد و داریووش دەگرت.»

## ٤٢. شۆفیری

زۆر وا هەیـە یەكـەم لێخۆڕی ترۆمبیل لە بـۆكان ئەرمەنی یا ئازەربایجانی بووبێتن. یەكـەم ترۆمبیلێكیش گەیشـتبێتە بـۆكان، دەبێ بارهەڵگر و تانكێـری نەوت بووبێ و پاشان جیپ، ئینجا سەواری و درەنگتر تراكتۆر و كۆمباین.

هەندێک ئاغای وەک قاسمئاغای موهتەدی و ئاغاواتی گوندەكانی دەوروبەری بۆكان یەكەم كەسانێک بوون كە ترۆمبیل (بەگشتی جیپ)یان كڕیوە و شۆفیریان بۆ گرتوون. ماڵی سەیدی زەنبیلیش جیپیان هەبوو و ماوەیەک شۆفیرێكی عەجەم بۆی لێ‌دەخوڕین. بەشێک لەو ئازەربایجانییانەی ئێستا نیشتەجێی بۆكانن لە پەیوەندیی ترۆمبیل لێخوڕین و چاككردنەوەی‌دا هاتوونەتە ئەوێ و گیرساونەتەوە. گرنگە ناوی یەكەم شۆفیرەكان بزاندرێ و تۆمار بكرێ. دەگوترێ كە «ئەكبەر ئاسۆری»ی ئازەربایجانی زاوای نەمر حەسەن زیرەک، هەوەڵ كەس بووە كە لە بۆكان ماشێنی باریی لێخوڕیبێ.

كاک ڕەحیم بەهرامزادە بۆی نووسیوم:

«میرزا عەلی عەبدوڵلازادە شۆفیری قاسمئاغای موهتەدی بوو. گوایە میرزا عەلی لە ساڵانی ١٣٤٦ ـ ٤٧ لە پێوەند لەگەڵ شەڕی چەكداریی كورددا گیراوە. میرزا عەلی دواتر لە بەنداوەكەی بۆكان كاری دەكرد و شۆفیری ئیدارەی «آب و برق» بوو.»

من خۆشـم كاک عەلیم لە سـەردەمی شـۆفیری كردن بۆ قاسمئاغا و دواتریش‌دا بەباشی لە بیرە، مرۆڤێكی هێدی و هێمن و بێ‌ئازار بوو.

## ٤٣. تەعمیركاری (فیتەری)ی ترۆمبیل

ئەوەندەی بزانم ئەم كارەش سەرەتا بەدەست ئازەربایجانی و ئەرمەنییەكانەوە بووە، بەڵام ناوی كەسـیان نازانم. تەنیا «نیعمەت»م لە بیرە كە دووكانی تەعمیراتی هەبوو لـە نزیـک گاراج. گرنگـە بزانـدرێ كام بۆكانـی بۆ یەكـەم جار چۆتە ئـەم بوارەوە و دووكانی كردۆتەوە و لە كام شوێن و كەی؟

لەم دواییانەدا، وەستا خالید بەهاری، وەستا سمایلی نیكفاڵ (ئازەری)، ئەحمەد

ئیسلامی و حەمە فابریک وەستای تەعمیرکاری ماشێن بوون لە بۆکان. فرۆشتنی کەرەسەی ترۆمبیلیش خۆی بوارێکی جیاوازە و لە پەیوەندیی کاری سەرەوەدایە. کێ یەکەم دووکانی «قەتعە»فرۆشیی ماشێنی لە بۆکان کردەوە؟ من تەنیا عەبدوڵلا دەبباغیم لە بیرە کە لە نزیک گاراج دووکانی هەبوو، هەروەها کاک عەوڵای ئاسەف لە دووکانەکانی دادخوادا قەتعەی ماشێنی دەفرۆشت، بەڵام پێش ئەوان و دوای ئەوان کێ بوون؟ نازانم.

بە هەمان شێوە، ئاگاداری کاری پەنچەرگیری و ڕۆنگۆڕینی ماشێنیش نیم. دەزانم کوڕێکی نابینای عەجەم لە بۆکان دووکانی گۆڕینی ڕۆنی ماشێنی بوو، بەڵام چۆن کاری دەکرد و چۆنی ڕۆن دەگۆڕی، نازانم.

## ٤٤. گاراجداری

گاراج یا گاراجی سەرەکیی بۆکان هی حەمەدەمینئاغای ئێلخانیزادە بوو، وا بزانم دواتر قاسمئاغای موهتەدیش گاراجی کردەوە. یەک لە یەکەمین گاراجدارەکانی بۆکان میرزا مەحموودی غەوسی باوکی کاک عەبدولخالق و کاک محەممەدی غەوسی بوو[١] و پاشان میرزا عەلی بەهرامپوور بوون، واتە من ئەوانەم لە بیرە. کێی دیکە پێش ئەوان و دوای ئەوانن؟ نازانم. تاجر و دووکانداری بۆکان کە باریان بۆ دەهات چەند بارهەڵگرێکی هەژار هەبوون کە عەمباڵی گاراجیان پێدەگوتن. ئەوان بارەکانیان لە کۆڵیان دەدا و دەیانبرد بۆ خاوەنەکەی. درەنگتر، واتە ٧ ـ ٨ ساڵێک پێش شۆڕشی ١٣٥٧ چەرخیان دروستکرد کە بارەکەیان پێی دەبردە شوێنی خاوەنەکەی، ئەوە هەندێک باشتر بوو و ئەو زەحمەتەی نەبوو کە بە شان هەڵیانبگرتایە.

گاراجی بۆکان هەر ئەوە بوو کە لەلای ڕۆژاوای مەیدانی گاراج هەڵکەوتبوو!

---

١. میرزا مەحموود مرۆڤێکی خوێندەواری باڵابەرز و لەسەرخۆ بوو. لە وەرزی زستاندا بە میوانی بانگ دەکرایە ماڵان و لەوێ کتێبی وەک شانامە و ئەسکەندەرنامە و شتی وای دەخوێندەوە. من چەند جارم لە ماڵی خۆمان بینیبوو. خزمایەتییەکی دووریشمان لەگەڵ یەکتردا هەبوو.

ئوتوبووسـی تەورێز و شارەکانی دیکەش لەوێ ڕادەوەستان، ماشێنی بارهەڵگریش هەر لەوێ باریان لێ‌دادەگیرا. دەفتەری فرۆشتنی بلیتیش هەر لەوێ بوو. سەید عەلی قورەیشی بلیتی دەفرۆشت و دەهاتە نێو ئوتوبووسەکان و موسافیری دادەمەزراند. کەسـێکی دیکـەی کـە لـە کاری گاراجدا بـوو، ... مەلا مەحموودی بوو کـە بەداخەوە ناوی تەواویم لە بیر نییە.

نـاوی عەمباڵەکانـی گاراجیشـم هــەر لـە بیـر نییـە و سـەد بریـا کەسـانی دیکـە ناوەکانیـان تۆمـار بکرایـەن یـا بە منیـان ڕابگەیاندایە بـا دواتر لـە بابەتەکەی زیاد بکەم. لەم دواییی‌یانەدا چەند گاراجی تازەش کرابوونەوە:

گاراجی محەممەد پاڵەوانی، گاراجی حاجی عەلی ڕەزایی، گاراجی حەسەن‌ئاغای قادری لە ڕێگای سەقز و گاراجی ڕەحمان حسێن‌زادە.

## ٤٥. قەپانداری

لـە بـۆکان دوو قەپـان هەبوو کە کاروباریـان برەوی زۆر بوو و لە ڕاسـتی‌دا وەک دڵی ئابووریی شارەکە سەیر دەکران: قەپانی قاسم‌ئاغا لە بەری ڕۆژهەڵاتی شەقامی سـەرەکیی و قەپانـی حەمەدەمین‌ئاغـا لـە بـەری ڕۆژاوای شـەقامەکە، ڕووبەڕووی یەکتر. کاری سـەرەکی قەپانەکان کێشـانی دانەوێڵە و بەگشـتی گەنم و جۆ و نۆک بـوو بـۆ عەللافەکان. خەڵکـی گوندەکان گەنـم و دانەوێڵەیان دەهێنا و بـە عەللافیان دەفرۆشـتن و لەسـەر ئەو دوو قەپانە دەیانکێشان. قەپاندار هەبوون کە قەپانەکەیان بە قۆنتەرات هەڵدەگرت و لەو کاری کێشانی دانەوێڵەیەدا حەقدەستێکیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت. بیستوومە نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی لە قۆناغێکی ژیانی‌دا لە بۆکان، قەپانی بە قۆنتەرات هەڵگرتووە، بەڵام ناوی کەسـی دیکە نازانم. «بەرقەپان»، واتە دەوروبەری شـوێنەکە هەمیشـە قەرەباڵغ و پڕ هەرا و گرمە بوو. ماشـێن لەولاوەتر ڕادەوەسـتا، بەڵام داشقە و بارهەڵگر و فرۆشیار و کڕیار و قەپاندار هەرا و زەڵازەڵایەکیان بوو کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی بازاڕدا، وێنەی نەبوو.

دواتــر، ئــەم کەســانەش قەپانەکانیان بەڕێــوە دەبرد: میرزا برایــم مەجیدی، کاک حەمەڕەســووڵ داباشــی (وەفادار)، حاجی تورکە (محەممەد کازمی) و حەسەنخانی تاهیری.

## ٤٦. عەللافی

بـۆکان لـە باری کشـتوکاڵەوە ناوچەیەکـی بەپێزە و بەتایبەت گەنـم و جۆ و نۆکی زۆرە. عەللاف کەسـانێکن کە گەنم لە گوندییەکان دەکڕن و دەینێرن بۆ شـارەکانی تر و لەوێ دەیفرۆشن. بۆکان عەللافێکی زۆری هەبوون، بەڵام بەداخەوە ناویانم لە بیر نییە. دەبێ ئەو ناتەواوییەی کارەکەی من کەسانی دیکە پڕی بکەنەوە.

مامۆسـتا هەژار لە چێشـتی مجێوردا کاتێ لە سـەردەمی ژیانی خۆی لە بۆکان دەدوێ، باسـی شـەریکایەتیی خـۆی لەگـەڵ حسـێنی فاتحـی و عەبدولکەریمی خات شـەوکەت (هەمزەیـی) دەکا و دەڵێ پێکـەوە گەنمیان کڕیوە و فرۆشـتوویانەتەوە و خێریان کردووە. بەو حیسـابە مامۆسـتا هەژار لە سـەردەمی لاوییەتیدا لە بۆکان، عەللاف بووە.

عەللافەکان لە هاوین و سەرەتاکانی پاییزدا، گەنم و جۆیان لە گۆڕەپانێکی گەورەی پشـت قەپانەکان ڕۆدەکرد و شـەقڵیان لێدەدا. کۆگای دانەوێڵە لە گۆڕەپانەکەدا زۆر بـوون و نەمبیسـتەوە کەس دەسـت لە کـۆگای خەڵکی دیکە بدا. کامیۆن یا ماشـێنی بارهەڵگـر ڕۆژانـە دەهاتن و عەمباڵ گەنم و جۆیان بە گۆنی (تەلیس) لە کۆڵ دەدا و لە کامیۆنەکانیان وەسەردەخست.

کاک نادر فەتحی دەنووسـێ: «باپیرم ئەحمەد فەتحی و براکەی برایم فەتحی کە شەریکیش بوون، عەلافی کۆنی بۆکان بوون.»

ئەوەش ناوی چەند عەللافی دیکەی بۆکان کە کاک جەعفەری مەردانبەگی بۆی نووسیوم: حاجی سەید قادری عەللاف (حسێنی)، حەمەچکۆل (دێهبەندی)، حەسەنی بایزئاغا (ڕەحمانی)، مەلا ڕەحمان ماجیدی، سەید حسێن تووتنچی، عەبە کێلەکەوەیی

(کەریمی)، عومەر شێخی و حاجی فەتحوڵڵا موقتەدیری و برایم مورادی.

ئـەم کەسـانەی خـوارەوەش لە بـۆکان ئاردفرۆشـییان دەکرد، کـە ئیشوکارێکە بـە تەنیشـت عەللافییەوە: حاجی قادری حسـێنی، مەلا حەمەدەمیـن عەزیزی، حاجی کەریم لەیلیپوور، سـەید برایم بەرزنجی، کاک سـەعدوون مام سـەیدە، توڕابخانی فەیزوڵڵابەگی، حاجی مستەفا ئیسماعیلزادە و حاجی عەولا عەزیزئامان.

## ٤٧. بەقاڵی

گومـان نییـە ئـەو یەکـەم دووکانانـەی وا لە گوندێـک بەنـاوی بـۆکاندا کرابێتنەوە، دەبـێ خواردەمەنییـان فرۆشـتبێ، بـەڵام کـەی و کـێ؟ ئەسـتەمە بزانـدرێ. یەکـەم هەنـگاوەکان دەبـێ بـە فرۆشـتنی دانەوێڵـە و ڕۆن و شـیرەمەنی دەسـتی پێکردبێ. کاک «ڕەشـیدی سـپێهری» نـاوی سـێ کەسـی پـێ گوتـووم کـە بەگوێرەی قسـەی ئـەو، واتـە لـە سـەردەمی منداڵیـی ئـەودا دووکانـی بەقاڵییـان هەبـووە: «مـام نەسـروڵڵای فەرەجـی (مامـە نەشـێ باوکـی کاک عەبدوڵـڵا فەرەجـی)، مـام هەباس گـەدۆڵ و مـام سـوڵتان (یـا دەرویـێش سـوڵتان). کاک ڕەشـید دەڵـێ دووکانـی هەرسـێکیان لـەو گـوزەرەدا بـوو کـە دواتـر قاوەخانـەی کەریمـی خـات زینـەت و دەواخانـەی ئەحمـەدی دەرمانـگا و دووکانی سـدیقی خـات نازدار لـەوێ کرانەوە.» درەنگتر، دەروێش سـوڵتان دووکانەکەی ڕاگواسـت و هاتە سـەر خیابانی تازە لەو شوێنەی کە هێشتا حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە ئەو دووکانانەی دروست نەکردبوو وا بوو بە بانکی سادرات و دووکانی کاکم. دەروێش سوڵتان دراوسێی ماڵی ئێمە بوو و مـن بـە منداڵی هاتوچۆی ماڵیانم زۆر کردووە. یادی بەخێر بێ خات خاتوونی ژنی یەکەمی وەک دایک وابوو بۆم. دەروێش سـوڵتان دەروێشـی قادری بوو و هاوینان لە سەربانی ماڵەکەی دەفەی لێدەدا و زیکری دەکرد. هەروەها باخ یا باخچەیەکیشی هەبوو لە دوای دەرمانگای ئاشی حەمەڕەحیمخان.

لـە سـەردەمی ئێمـەدا ئەم کەسـانە بەقاڵی عومـدەی بۆکان بوون، دیـارە گەلێک

کەسی دیکەش بە کارەکەوە خەریک بوون، بەڵام نە من لە بیرمە و نە ڕەنگە هاسانیش بێ ناوی هەموویان لێرەدا بنووسرێ:

حاجی سەید برایمی قوڕەیشی، حاجی حەسەنی محەممەدی، کاک حوسێن و کاک عەلی محەممەدیان، ماڵی ئیسماعیلی، مەلا محەممەدی شێخی، کاک حەمەکەریم دەورانی و...

## ٤٨. ویشکەفرۆشی

ئەم پیشەیە لە ڕاستیدا هەر بەقاڵییە، بەڵام بابەتی کەمتری تێدا دەفرۆشرێ وەک نۆک و لەپە و برنج و توو و شتی لەو چەشنە، هەر بۆیەش سەرمایەیەکی کەمتری دەوێ. زۆرێک لە کاسب و دووکاندارە بچووکەکانی بۆکان بەو کەسبەوە خەریک بوون، بۆ نموونە مەرحوومی میرزا ئەسەدوڵڵا غوڵامعەلی لەلای قەپانی قاسمئاغا دووکانێکی وای هەبوو. ناوبراو خوێندەوار و مەلا و زانا و شاعیر بوو، بەڵام لەبەروەی مەلایەتیی نەدەکرد بۆ بەڕێوەبردنی ژیان دووکانێکی لەو چەشنەی دانابوو و لەبەر بێفێڵی و ڕاستگۆیی دوای ماوەیەک وەرشکست بوو. دەڵێن گوایە مشتەری کە هاتۆتە بەر دووکانەکەی و پرسیویەتی ئەرێ مام میرزا ئەو لەپەیە زوو دەکوڵێ یان درەنگ؟ گوتوویەتی بەخوای باوکم هەر لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ لەسەر ئاگری دانێی، هەر ناکوڵێ! دیارە مشتەریش ئەوە ببیسێ دەڕوا و ڕوو دەکاتە دووکانێک کە بە درۆش بێ هەر لەپەی خۆشکوڵی بدەنێ.

کاک مەولوود، کاک قادر و کاک عەلی عەبدولقادری کە دووکانیان ڕووبەڕووی حەوزەگەورە بوو؛ کاک کەریم حوسێنپوور، کە ئەویش دراوسێی دووکانی کاک مەولوود بوو؛ کاک ئەرکان لە خیابانی کۆنە؛ قازی عەلی ئیبراهیمی هەر لە خیابانی کۆنە؛ میرزای سوڵتانی لە نزیک حەوزەگەورە و نزیک موسافیرخانەی میرزا عەبدوڵڵای فەتحی و زۆر کەسی دیکەش دووکانی ویشکەفرۆشییان هەبوو.

## ٤٩. کووتاڵفرۆشی

کووتاڵفـرۆش یـا پارچەفرۆشـەکان، بازرگانانـی سـەرەکی و دەوڵەمەندانـی دەسرۆیشتووی شارەکە بوون. لە کۆندا، کووتاڵیان لە هەمەدان و زەنجان و دواتر لـە تەورێـز و تـاران دەکڕی و لە بۆکان بە خەڵکی شـار و گوندیان دەفرۆشـتنەوە. کڕیاریـان نـەک هـەر ژن و پیاوی تاکەکەس بـوو، بەڵکـوو بەرگدروەکانی بۆکانیش کووتاڵیان بە قەرز لێوەردەگرتن بۆ ئەوەی لە ماوەی بەهار و هاویندا جلوبەرگی کـوردی پـێ بـدروون و بە ئامادەیی لـە دووکانەکانیـان دایبنێن بۆ ئـەوەی لە کاتی حاسڵی پاییزدا گوندنشینەکان بێن و لێیان بکڕن. هەروەها زۆرێک لە کۆتاڵفرۆشەکان جنسیان بە سەلەم دەدایە گوندنشینەکان؛ سەلەم کردن، واتە فرۆشتنی کاڵا بە قەرز و بـە نرخـی زیاد لە ڕادەی ئاسـایی؛ واتـە وەرزێری فڵانە گوند کاڵای لـە دووکاندارە بۆکانییەکـە دەکـڕی و لەبـری پـارە، کاغەزێکـی بۆ مـۆر دەکرد کە لەکاتی حاسـڵدا ئەوەنـدە تەغـار گەنمـی بداتێ؛ نرخـی گەنمەکە کەمتر لەوە دەقەبڵا کـە ئەو ڕۆژە لە بازاڕدا دەفرۆشـرا. ئەوەش لە ڕاسـتیدا چەشـنێک سوود و بەهرە وەرگرتن بوو بە کڵاوی شەرعییەوە، ئەو چەشنە مامەڵەیە دەبێ ئێستاش هەر هەبێ.

کووتاڵفرۆشـەکانی بۆکان بە بیری من لەنێو قەیسـەرییەکەدا دووکانیان بوو و دوای لێدرانـی خیابانـی تـازە و ڕووخانـی قەیسـەری هاتنـە سـەر خیابانـی تازە و زۆربەیان جگە لە سێ یا چوار کەس، ئەوانی تر بەگشتی لە بەری ڕۆژاوای خیاباندا، کە ملکی قاسمئاغا بوو، دووکانیان کردەوە. دووکانی سێچوار کەسێکیشیان کەوتە بەری ڕۆژهەڵاتی شـەقامەکە واتە بەشـی ماڵی حاجی سمایلئاغا و حەمەدەمینئاغا. وەبیرم نایە کەسـیان دووکانی لەسـەر خیابانی کۆن بووبێ مەگەر پێش بیرەوەریی من.

دووکان کردنـەوەی بەیانـی و داخسـتنی ئێوارانی بۆکان، بەپێی سـەعات و کات نەبوو. هەر لە شەبەقی بەیانییەوە هەتا ڕۆژاوا و تاریکان، دووکان دەکرایەوە. جا بە زسـتان ماوەیەکی کەم و بە هاوینان ماوەیەکی زیاتر. کاتی نیوەڕۆ زۆربەی خەڵک

یا دووکانیان دادەخست یاخود کوڕی گەنجیان لەوێ دادەنا و خۆیان دەچوونەوە بۆ ماڵ. ئەوەندەی لە بیرم بێ دوانیوەڕۆیانی جومعە دووکان دادەخران.

ژنان، جگە لە ژنانی دێهات نەک هەر دووکاندار نەبوون، بەڵکوو بۆ کڕینی شتومەکیش نەدەهاتنە بازاڕ. درەنگتر ئەم شێوازە گۆڕا و وردەوردە لە کۆتاییی‌یەکانی ڕژیمی شایەتییەوە ژنانیش دەهاتنە بازاڕ بۆ کڕینی شتومەک و هەروەها دووکانداری ژنیش پەیدا بوون. ڕەوتەکە بەتایبەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بەتەواوەتی گۆڕا و ژنان دەورێکی بەرچاوتریان لە ئابووریی شار و گەڕانی بازاڕدا بینی چ بە کڕینی کاڵا و چ وەک دووکاندار و بازرگان.

ئەوە ناوی بەشێک لە کووتاڵفرۆشەکانی بۆکانە:

حاجی سەید حەمەساڵەی قوڕەیشی، حاجی سەعید، حاجی محەممەدڕەشید، میرزا محەممەد و کاک برایم محەممەدیان، حاجی حەمەساڵە، حاجی قادر و حاجی سمایلی محەممەدی، حاجی ئەحمەد و حاجی عەلی ڕەزایی، حاجی حەسەن‌بەگ و میرزا عەبدوڵلا سامبەگی، حاجی ئەحمەد، میرزا عەلی و میرزا محەممەد ڕۆستەمی، حاجی بایز و حاجی عەبدوڵلا ئیسماعیلی، حاجی سەید سمایل و سەید محێدین حسێنی، حاجی حەمەڕەشید و میرزا حەسەنی عەلی‌زادە، حاجی بابەخان و میرزا حەمەساڵح کەریمی، حاجی بابا، میرزا محەممەد، میرزا ناجی و میرزا ڕەحیم زیایی، حاجی برایم و حاجی مستەفا حەبیب‌زادە، سۆفی محەممەد، میرزا عوسمان و کاک سادق حەبیب‌زادە، میرزا عەبدولخالقی کەفاشی، حاجی ساڵح ڕەشیدبەگی، میرزا ڕەسووڵ ئەسڵانی، میرزا جەلیل ئەمینی، میرزا محەممەد خاڵندی، حاجی محەممەد ڕۆستەمزادە و...

## ٥٠. خەڕازی و عەتاری

لە ڕاستی‌دا من نازانم جیاوازیی خەڕازی لەگەڵ عەتاری چییە و کامیان چی دەفرۆشن کە لە دووکانی ئەوی دیکەیان‌دا نییە؟ دەزانم هەندێک لە جوولەکەکان

پێش ئـەوەی وڵات بەجێبهێڵـن، دووکانـی خـەڕازی یـا عەتـاری (جەمالیات)یـان بـووە، بـەڵام پێشـتر چـی؟ کـێ یەکـەم بـووە و کـەی؟ چییـان فرۆشـتووە؟ بـۆی هەیـە عەتـر و دەرزی بـەرۆک و مـووروو و زەنگیانـەی کچـان بەشـێک بووبـن لـە بابەتـەکان، بـەڵام بەشـێکی تریـان بـە دڵنیایـی کەرەسـەی بچووکـی مـاڵ وەک کاسـە و دەوری و ئیسـتیکان و ناڵبەکـی و سـەماوەر و چـرای گڕسـۆز و چـرا تۆڕی و شووشـە چرا و ئەم شـتانە بووە. هەروەها عەتـار گیاوگژ و دەرمانی نەخۆشـییان فرۆشتووە. لە کوردسـتان و ئەوەندەی بزانم لە ئێرانیش‌دا عەتارەکان، چـازان و پزیشـکیش بوون و دەرمانی نەخۆشـیان کـردووە. لە بۆکانی سـەردەمی من‌دا سەعید و محەممەد کەڵەکانی، حەمەدەمینەسوور، عەبدوڵڵا مسگەری و گەلێک کەسانی دیکە خەڕازی‌فرۆشییان هەبوو، بەڵام داودەرمانیان نەدەفرۆشت.

ئەوەی زیاتر بە کاری دەرمان کردن و دەرمان‌فرۆشـتنەوە خەریک بوو، حاجی عەبدوڵـڵای کەریمـی و دوای ئەو میرزا حەمەکەریمـی کوڕی بوو. مام میرزا گەلێک خۆش‌مەحـزەر و قسـەخۆش و لەبەردڵان بـوو، گەلێک تەجروبـەی ژیانی هەبوو و زۆری کتێـب و ئەفسـانە و حیکایەتـی کۆن خوێندبـۆوە و زەینێکـی هونەرئافەرینی هەبـوو و وەک داسـتان و ڕووداوی نێـو کتێبەکانـی دەگوتـەوە، خۆیشـی بابەتـی دەئافراند و لێی زیاد دەکرد. مام میرزا و شـەرافەت‌خانمی هاوسـەری، واتە پوورە شـەرافەت هەردووکیـان دەرمانـی نەخۆشـیان دەکرد، مـام میرزا لـە دووکان و بۆ پیـاوان، پوورەشـەرافەتیش لـە ماڵـەوە بۆ ژنـان. وا هەبـوو ژنانی گوندنشـین بچنە دووکانـی مـام میـرزا و دەرمـان لەویش وەربگـرن. دووکانی میـرزا حەمەکەریم لە بـەری حەمەدەمین‌ئاغا لەسـەر شـەقامی تازە بوو، لە نێـوان دووکانی محەممەدی و دووکانی قوڕەیشی لەسەر گوزەری کەبابی برایمی نەوبەختی.

کەسـێکی دیکـەی بـە کاری فرۆشـتنی گژوگیـا و دەرمانـی نەخۆشـەوە خەریک بووبـێ، حاجـی عەلی فەڕشـی بـوو. حاجی عەلی لە کاروکاسـبی‌دا بە تـەواوی مانا کەسـێکی پێشـەنگ بـوو. گەلێک کاری هـاوکات بەیەکەوە دەکـرد و دووکانەکەی لە ڕاسـتی‌دا سـەری مارومێرووی تێدا بوو، واتە ئەگەر بچوایەی بۆ هیچ شـتێک پەکت

نەدەکەوت! لە پەیوەندیی فرۆشتنی گژوگیا و داودەرماندا کاک برایم فەرشی سەبارەت بە باوکی ئاوای بۆ نووسیوم:

«لە بیرمە باوکم زۆربەی هەرە زۆری گیاوگژی ناوچەی کوردستانی دەناسی کە بۆ ڕەنگ کردنی بەن و دەرمانی نەخۆش بەکار دەهاتن؛ هەم ئەو بەشەی کە وەک دەرمان بەکار دەهێنرا و هەم ئەوانەش کە پێوندییان بە دروستکردنی ڕەنگەوە هەبوو. وا هەیە یەکەم کەس لە بۆکان ئەو بووبێ کە گیاوگژی دەرمانی و خۆماڵیی سوننەتیی هەبووبێ. باش باشم لە بیرە خەڵک دەهاتن و باسی ژانی سەر و زگ و گرفتی دیکەیان دەکرد، ئەویش لەو گیایانەی دەدانێ و پێشی دەگوتن چۆنی بەکار بێنن. قەت نەمبینی کەسێک گلەیی هەبێ لەو کارەی ئەو. بە دەگمەن خۆشی دەرمانی پزیشکی دەخوارد.»

کاک ڕەشید سپێهریش ناوی عەتارە قەدیمییەکانی بۆکانی بەو شێوەیە بۆ نووسیوم:

«سەعید و محەممەد کەڵەکانی، سەید حەسەنی بدەوی ناسراو بە سەید حەسەنی خەڕازی؛ سەید ڕەحمانەچکۆل لە کۆڵانی خەیاتەکان؛ مینە حەتەم (حەمەدەمینی مەردانبەگی)، ڕەحیم و کەریمی بەهرامی مەشهوور بە شەمێ؛ عەولا قورمیشی ناسراو بە عەولا دایەمان، حەمەساڵەی مامەحمەد، عەزیزی میعماری کوڕی وەستا ئەحمەد، عەبە مەلا خەڵکی کانی عەلییەگردە، میرزا ڕەحیمی یەنگیکەندی، کە باوکی چووبوو بۆ سلێمانی؛ کوڕانی ڕەشید ناسکێ (ڕەحمان و ڕەحیم)، حاجی حەمەڕەسووڵی کەریمی ناسراو بە پەپوولە.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش دەنووسێ:

«حاجی مینەی مەردانبەگی مامم لە پیشدا دووکانی خەڕازی بوو، پاشان هەمان دووکان بوو بە سەرتاشخانە و شوێنەکەشی ڕووبەڕووی دووکانی کاک عومەری وەفا بوو.»

## ٥١. بەرگدروون (خەیاتی)

مەسـەلەی بەرگدرووەکانی بۆکان دوورودرێژە و لە عەینی کاتدا گەلێک گرنگیشە. ژمـارەی بەرگدرووەکانـی شـار، چەنـد قـات لـە بەرگـدرووی مەهابـاد و سـەقز و شارەکانی دراوسێ زیاتر بوو. ئەم ژمارە زۆرە، دەورێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی بە خەیات و شـاگرد خەیات دابوو، کە لە ژوور هەموو خاوەن پیشـەکانی دیکەوە بوو. بـۆ نموونـە، دارتاش و ئاسـنگەر ئەم جێگە و پێگـە کۆمەڵایەتییەیان نەبوو کە ئەوان بوویان، پێگەیەک کە لە بڕگەی ساڵی ١٣٣٢دا بوو بە هێزێکی سیاسی و لە ڕاپەڕینی خەڵکـی بـۆکان دژ بـە ئاغـاکاندا دەوری پێشـەنگی و ڕێبەرایەتیـی بینـی. ڕێبەرانی ئەسـڵیی بزووتنـەوەی سـاڵی ١٣٣٢ی بـۆکان زۆرێکیان خەیات بوون: حاجی قاسـم کەریمی، میرزا حەمەڕەئووفی حافزەلقورئان، حسێنی تەهایی، حسێنی مەجیدی و...

بۆچی وابوو؟ بەرگدرووی بۆکان لە چی ناڕازی بوون و دژ بە کێ دەوەستان؟ بـە بۆچوونـی مـن بـۆ وەڵامدانەوەی پرسـیارەکان دەبـێ بگەڕێینەوە بـۆ بنەماکانی بـاوەڕی سیاسـیی کەسـایەتییە بەرچـاوە بەرگـدرووەکان و هـۆکاری هەڵوێسـت گرتنیان. سەرەتای خەباتیان لەکوێوە دەستی پێکرد و بۆچی؟

من مەسـەلەکە لە سیاسـەتی ڕەزاشـایی بەرانبەر بە گەلانی نیشـتەجێی ئێران و کەمایەتییـە نەتەوایەتییـەکاندا دەبینـم، سیاسـەتێک کـە عەینووبیلـلا کۆپیکـراوی سیاسـەتەکانی ئاتاتـورک بـوو لـە تورکیـا. جیاوازیی دوو کەسـەکە لەمـەدا بوو کە ئـەو، سـەروەری و گەورەیـی بە تورک دەدا و ئەم بە فارس؛ بەڵام شـێوازی کار و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان یەک بوو و جیاوازییان ئەگەر هەبووایە، بچووک بوو.

بەشـێک لـە سیاسـەتەکانی ڕەزاشـا لەپێنـاو دەسـتەبەر کردنـی هێزێکـی زاڵـی مەرکـەزیدا، تواندنـەوەی کەمایەتییـە نەتەوایەتییەکانـی ئێران و یەک لـەوان، کورد بـوو لەنێـو فارسـەکاندا. زمانی کوردی تەنانەت قسـە پێکردنیشـی لـە قوتابخانە و ئیدارەکاندا یاسـاخ کرابوو؛ مێژوونووسـی فریوخواردوو یـا بەکرێگیراو، مێژووی کوردیـان دەگـۆڕی و بـە کلکـی فارسـەکانیانەوە دەبەسـت؛ جلوبەرگی کـوردی بە

ڕادەی زمانەکەی قاچاخ بوو؛ ژاندرمەی عەجەم نێفەکی پانتۆڵی پیاوانیان دەبڕی، پێچ و کڵاویان لەسەر لادەبردن و پشتێنیان لە پشتی ژنان دەکردەوە. هەمووان دەبووایە کڵاوی پەهلەوی و دوولینگەی لە تارانەوە هاتوو بکەنە جێگری جلوبەرگی ئابا و ئەجدادیان.

لە بارودۆخێکی نالەباری ئەوتۆدا، بەرگدرووی کورد زیاترین زیانی تووش دەهات. ئەوان نە دەیانزانی و نە دەیانەویست جلوبەرگی عەجەمی بدروون. تەنانەت تا تەمەنی لاوییەتی منیش کە برادەرێکی خەیاتی مەهابادی لە بۆکان دەستی بە دروونی کۆت و شەڵوار عەجەمی کرد، لە بۆکاندا کەسێک نەبوو ئەو بەرگە بدروێ. خەیاتەکان، کە بە شێوەی سروشتی زیاترین زیانیان لەو سیاسەتەی ڕەزاشا دەبینی، لە ڕیزی پێشەوەی نەیاران و ناحەزانی سیاسەتەکەش وەستا بوون.

نەریتی دژایەتیکردنی حکوومەتی ناوەندی کە لەنێو کورددا دیاردەیەکی گشتییە، بۆ بەرگدرووەکانی کوردستان ببوو بە کێشەیەکی پیشەیی و ئابووریش. سیاسەتەکە هەموویانی کەلەلا دەکرد و مشتەرییەکانیانی لە دەست دەسەندن. ئەوە بەتەنیایی بەس بوو بۆ بەرگدرووی بۆکان کە بەبێ ئەوەش وەک بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی، دژبەری حکوومەتی ناوەندی بوون. ئەم نەریتە سیاسییەی بەرگدرووی بۆکان بۆ دژایەتیکردنی حکوومەتی ناوەندی، بنەمای ئابووری هەبوو و من ئەم بنەما ئابوورییە بە ماتۆڕی جووڵانەوەیەک دەبینم کە لە ساڵی ١٣٣٢ لە نێو خەیات و شاگرد خەیاتی بۆکاندا سەری هەڵدا. دیارە ژمارەی زۆری خەیات و شاگردخەیاتەکان لێرەدا دەورێکی گرنگی دەبینی و هێزێکی زیاتری پێدەدان. بەبێ ئەوەش، شاگرد خەیاتەکانی بۆکان گەلێک یەکگرتوو بوون و لە ماوەی شەش مانگی ساڵدا هەفتەی ڕۆژێک لە باغەکانی دەوروبەر و سەر چۆمی شارەکە کۆدەبوونەوە، سەیران و «زیافەت»یان ڕێکدەخست و بە تەبایی و خۆشی لەگەڵ یەکتر ڕایاندەبوارد، هەر ئەوەش ڕیزەکانیانی پتەوتر دەکرد.

بەبیرەوەریی من، ئەم کەسانەی خوارەوە لە بۆکان بەرگدروو بوون:

میرزا حەمەڕەئووف (حەمەڕەئووف مەلا حەسەن)، میرزا حسێن تەهایی، باوکم

(میرزا عەبدوڵڵا سـوڵتانی)، مام غەنی پیران، میرزا حەمەحەسـەن...، میرزا حسێن و میرزا سـمایل مەجیدی، وەسـتا ڕەحمان بابامیری (عەلی زەردان)، وەسـتا عەبدوڵڵا قەرەگوێـز، حاجـی محەممـەد شـاقولی (محەممـەدزادە) و براکـەی، حەمەسـاڵەی شـاوێردی، عومەری خونچە (سـەلیمی)، حەمەڕەسـووڵی کاکەڵڵا، وەسـتا عیززەت، وەسـتا عەزیز دۆینە (مورادی)، وەسـتا ئەحمەد...، وەستا مەحموود برای ڕەسووڵی سـولەیمان، ڕەحمان سـوفیزادە (شاعیر) لەگەڵ براکەی، وەسـتا عەبوو شەوبەخێر و...

ئەم کەسانەش کۆتوشەڵواریان دەدروو:

میـرزا مارف حەسـەنیانی (خەیاتیی لۆکس)؛ میرزا محەممەدی کا حەمەشـەریف (خەیاتیی نوین)؛ حسـێن کوردپوور؛ تاهیر ئاسـەف و عەلی نەورۆز (خەیاتیی مۆدی ئامریک).

## ٥٢. ماشێنفرۆشی

دوای ئەوەی ترۆمبیل و تراکتۆر بوون بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، وردەوردە دانیشـتووانی شـار و ئاغاواتـی دەوروبـەری بۆکانیـش بـۆ هاتوچـۆ و کاروباری کشتوکاڵ، ماشێن و تراکتۆر و کۆمباینیان کڕی و درەنگتریش هەندێک کەس لە شار و دێ بوون بە خاوەنی مینیبووس و ئۆتوبووس و ماشێنی باری. سەرەتا تەنیا ماشێنی جیپ و لەندرۆوێر دەکڕدرا، بەڵام هەندێک لە ئاغاواتی نێو شـار وا هەبوو ماشـێنی سەواریشیان هەبێ.

خەڵک بۆ کڕینی ماشێن دەچوونە شارەکانی دەوروبەر و بەگشتی تەورێز، بەڵام دواتر هەندێک کەس لە بۆکانیش نوێنەرایەتیی فرۆشـی ماشـێنیان وەرگرت. حاجی عەلی فەڕشی یەک لەو کەسانە بوو، پاشان سێ تاجری بۆکانی (حاجی حەمەڕەشید محەممەدیـان، حاجـی عەلی ڕەزایـی و عەلی کەشـاوەرزی) نوێنەرایەتیی کۆمپانیای جیپیـان وەرگـرت؛ دوای ئەوان ئیتر خەڵکانی دیکەش هاتنـە کارەکەوە و تەنانەت لە

بیرمە کاکم لە ساڵی ١٣٥٧ ڕاست پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دووکانی کەرەسەی ماڵی پێچایەوە و سەوارییەکی وەک ڕێنۆ یا شتێکی لەو چەشنەی دەفرۆشت. دەزانم زۆر کەسی دیکەش لە کاری فرۆشتنی ماشێندا بوون، بەڵام بەداخەوە ناویان نازانم، بەڵکوو ئەوانەی دەزانن ئەم ئەرکە ڕابپەڕێنن.

کاک برایمی فەڕشی لەم بارەیەوە بۆی نووسیوم:

- «بۆکان عەمباری دانەوێڵەی ئازەربایجان بوو، بەشێکی زۆر لە گەنم و جۆی ئەم ئوستانە لە بۆکان بەرهەم دەهات، گواستنەوەی سەدان و بگرە هەزاران تۆن گەنم و جۆ و گەنمەشامی و چەوەندەر و... لە دێهاتەوە بۆ بازاڕی گەنمی بۆکان و پاشان ڕاگواستنیان بۆ شارەکانی دیکەی ئێران، نیازی جیددی بە ماشێنی بارکێشی لە بۆکان و ناوچەکە دەردەخست، ئەم کارە تا ئەو ڕۆژەی ماشێنی گاز هێنرایە بۆکان بە کەڵوعەرابە، وڵاغ و ترێلی تراکتۆر جێبەجێ دەکرا. باوکم لە ساڵانی پێش ١٣٥٠ سێ ماشێنی گازی ڕووسی و تراکتۆرێکی ڕۆمانی هێنایە بۆکان، دواتر لەسەر پێشنیاری نوێنەرایەتیی تەورێزی ماشێنگەلی ڕووسی، حاجی عەلی فەڕشی نوێنەرایەتیی ماشێنی گاز و ماز و واز و ماشێنی سەواریی ماسکۆیچ و ماتۆڕسیکلێتی ئیژی ڕووسیی هێنایە بۆکان. گالێریی ماشێنی ماسکۆیچ و ماتۆڕسیکلێت لە دووکانێکدا بوو لە خیابانی نزیک حەوز و مزگەوتی بازاڕ کە ڕاست ڕووبەرووی دووچەرخەسازییەکەی قادر دەبباغی بوو. گاز و واز و ماز لە دووکانەکانی سەر خیابانی سەقز تەنیشت ماڵی خۆمان ڕادەگیرا کە پێشتر کارگای دۆشاو دروستکردن بوو. دوای حاجی عەلی کۆمەڵێک لە حاجییەکانی دیکەی بۆکان ماشێنی گازیان کڕی و دەیاندا بە کرێ بۆ ڕاگوێستنی گەنم و جۆ یان بۆ خیز و بەرد و قسڵ کێشان و کەرەسەی دیکەی ماڵدروستکردن و کەلوپەلی دیکە. لەو سەردەمەدا کاری شۆفیری باوی خۆش بوو. ئەو ماشێنانە تەنانەت بۆ گواستنەوەی گەنم دەچوونە ناوچەی هەوشاریش.»[1]

---

١. حاجی عەلی فەڕشی کە دەچوو بۆ سەفەر هەمیشە بە شتێکی تازەوە دەهاتەوە، ڕادیۆ، گرامافون، زەبتی سەوت، تەلەویزیۆن، بادبزەن، دووچەرخە، کەرەسەی نێوماڵ و زۆر شت کە

کاک ڕەحیم بەهرامزادە سەبارەت بە تراکتۆر و هاتنی بۆ ناوچەکە ئەم دێڕانەی خوارەوەی نووسیوە. لەبەروەی لە یادداشتەکەدا باس لە «کەڵک وەرگرتنی تراکتۆر» کراوە نەک فرۆشتنەکەی کە بابەتی ئەم بەشەیە، بە باشم زانی لە پەڕاوێزدا بیهێنم:[1]

---

ئێمە لە بۆکان نەماندیتبوون. لە یەکێک لەو سەفەرانەدا بە دوو مینیبووسی (قابتی قاشدی) و دوو شۆفیری ئازەری و کرماشانی گەڕایەوە بۆکان. کابرای کرماشانیی بە ژن و منداڵەوە هێنابووە بۆکان کە دواتر وەک دۆستی بنەماڵەیی ئێمەیان لێهات. لەو دەورەیەدا کاک حەسەنی برام لەگەڵ کابرای کرماشانی یەک لە مینیبووسەکانیان بەدەستەوە بوو و سەفەری هەموو شوێنێکیان دەکرد، کاک حەسەنم دەیگێڕاوە، ڕۆژێکیان نەمر حەسەن زیرەک لە بۆکان سواری مینیبووسەکەی ببوو، هەر چەند داوای کرێی لێ نەکرابوو، بەڵام گوتبووی «حەسەن گیان لەجیاتی پووڵ گۆرانیتان بۆ دەڵێم.» هەر ئەو دەمە یەکسەر گۆرانی «یاڵڵا شۆفیر»ی بۆ گوتبوون، جا نازانم ئەوە یەکەم جار بووە یان پێشتریش گوتبووی.

١.«لە کاتێکدا تەنیا کەرەسەیەکی نوێی کار کردن کە جووتیاران بە کاریان دەهێنا «فەرغوون» بوو کە جێگای سەوەتە و ساقۆڕی بۆ ڕشتنی خۆڵەمێش و پەینوپاڵ گرتبۆوە، ئاغاکانی ناوچە تراکتۆریان بۆ کاری کشتوکاڵ بەکاردەهێنا. ئەوەندەی من بیستوومە عەزیزخانی کرمانج (عەزیزبەگی یاسیکەند) یەکەم کەس بووە کە لە ناوچەی بۆکان تراکتۆری کڕیوە. نازانم ئەم قسەیە چەندە ڕاستە، بەڵام ئەحمەدخانی «ترکاشە» بەرلە ئاغاکانی «کڕکڕە» تراکتۆری هەبوو. ئەم تراکتۆرە بە فارسی لەسەری نووسرابوو: «تراکتر اشتاهیر ساخت اطریش». سەید عەلی شۆفیری ئەو تراکتۆرە بوو. دەیانگوت ئەم تراکتۆرە ٦٨ ئەسپە. زۆر جار ئەم تراکتۆرە بە کڕکڕەدا دەڕۆیی و ئەگەر ترێلی بەدواوە بووایە لە دواوە خۆمان بە ترێلییەکەدا هەڵدەواسی. پاشان لە «تیکانتەپە»وە تراکتۆری ماڵی حەمەخانیان بۆ کاری ماڵی حاجی عەبدوڵڵاخان دەهاورد بۆ کڕکڕە. شۆفیری ئەو تراکتۆرە حەمەڕەشیدی کوڕی حەمەخان (برای سەیفوڵڵا) بوو. پاشان کوڕە ئاغاکانی کڕکڕەش تراکتۆریان لێدەخوڕی. ئەم تراکتۆرەش هەر بەرهەمی ئوتریش بوو. ئەم تراکتۆرە گاسن و دیسکی بۆ جووتکردن و دیسک بۆ گێرە کردن و ترێلیشی بۆ بارکێشان هەبوو. زۆر جار خەڵک بەو تراکتۆرە دەچوون بۆ بۆکان. زستانان هەڵکردنی تراکتۆر زۆر زەحمەت بوو و خەڵکی پاڵیان پێودەنا و جاری وابوو هەتا نیوەی ڕێگای ساروقامیش بە پاڵپێوەنان دەیانبرد و هەڵنەدەبوو. ماوەیەک پیاوێکی «چەرداوڕوو» شۆفیری ئەو تراکتۆرە بوو و عەبەشۆفیریان پێدەگوت. وا بزانم ماڵی حاجی عەبدوڵڵاخان پاشان نیوەی تراکتۆرەکەیان کڕیبوو. ساڵانی دواتر بۆ دروێنەوەی گەنم «کۆمباین» دەهات بۆ کڕکڕە. نازانم ئەو کۆمباینە هی کێ بوو و لەکوێوە دەهات. یەکەم جار کە هات کوتە زەوییەکی ماڵی حاجی عەبدوڵڵاخانی دوورییەوە کە لەسەر ڕێگای باخچە بوو. تەواوی خەڵکی بە ژن و منداڵەوە هاتبوون بۆ سەیری ئەو کۆمباینە. کۆمباین دەڕۆیی و تەلیسی گەنمی دووردراو بە شوێنێکدا، کە وەک جێگای خلیسکێن وابوو دەهاتە خوارەوە. لەو ساڵانەدا خەڵکی دیکە هەر بە شێوەی نەریتی کاری وەرزێریی خۆیان دەکرد و زۆربەی زەوییەکانی ئەوانیش لە شوێنی ئاستەم بوو و هەر تراکتۆر و کۆمباینی تێنەدەکەوت. کاتێ تەگەری تراکتۆر پەنچەر دەبوو شۆفیر خۆیان پەنچەرگیرییان دەکرد. ئەم تراکتۆرە دەسگایەکی پۆمپی هەبوو کە بە پاش تراکتۆرەوە وەسڵ دەکرا و تیووبی تەگەرەکانیان پێ بادەکرد.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش ئەم ناوانەی خوارەوەی بۆ ناردووم کە ساڵانێکی درەنگتر لە بۆکان بونگای ماشێنفرۆشییان کردۆتەوە: «حەسەنئاغای شەهامەت (بونگای شەهامەت)؛ سولەیمان بێباک، حەسەن شەبدیز و عەلی موقتەدیری.»

## ٥٣. فەرشفرۆشی

لە بۆکان و دەوروبەری بەرە و لاکێش بەرهەم دەهات و بەو هۆیەوە دەبێ ساتوسەودای ئەم دوو بەرهەمەش لە بازاڕدا باو بووبێ. مافوورەفرۆشی ئەو سەردەمانە کێ بووە؟ نازانم. درەنگتر، فەرش، واتە قاڵی گەورە وەک سێلەچوار و دوولەسێ میتریش لە شارەکانی دیکەوە دەهێنرایە بۆکان و لەوێ دەفرۆشران.

من بەداخەوە ناوی فەرشفرۆشەکانی بۆکانم لە بیر نییە، بەڵام دەزانم کاک فەتحوڵڵا (فەحە سنەیی) و مەشەدی نەقی عەجەم دوو لەو کەسانەن کە دووکانی فەرشفرۆشییان هەبوو. ئەگەر هەڵە نەکەم کاک حسێنی ئازەری (حسێنەکۆڵ)یش دووکانی فەرشفرۆشیی هەبوو. هەروەها کاک حسێنی غوەڵامعەلیش دوای خانەنشین بوون لە ئیدارەی پەروەردە و چەند ساڵ پێش کۆچیدواییەکەی، دووکانێکی بچووکی فەرشفرۆشیی بەڕێوە دەبرد.

ئەوەش ناوی چەند فەرشفرۆشی دیکەی بۆکان کە کاک جەعفەر مەردانبەگی

---

دیارە ئەوانەی کاک ڕەحیم نووسیونی بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دەگرنەوە. لە وەڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بە ڕێکەوتی هاتنی تراکتۆر بۆ ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، کاک ڕەحیم گوتی کە دەبێ دوای ئیسلاحاتی ئەرزی ١٣٤١ و سەردەمێک بووبێ کە ئیتر بێگاری لەسەر گوندنشینەکان هەڵگیرابوو و ئاغاوات پێویستیان بە هێزێکی نوێی کار هەبوو بیکەنە جێگری هێزی کاری بێگاری. من خۆشم لە ساڵانی دەوروبەری ١٣٣٥دا لە بیرمە کابرایەکی ئەمریکایی لەگەڵ کۆمباین و تراکتۆرێک هاتبووە بۆکان و دەیویست چۆنییەتیی کاری کۆمباین پیشانی خەڵک و ئاغاوات بدا بە هیوای ئەوەی بیانکڕن. لە مەزرایەکی گەنمی خوار دەرمانگای ئەوکات گەنم و وێنجە، بە کۆمباینەکە درووریانەوە و وێنجەکەیان کردە باقە و لەوێ دایاننان؛ قاسمئاغای موهتەدیش لەوێ وەستا بوو و وێدەچوو کارەکە لەسەر بانگهێشتن یا لایکەم بە ئاگاداریی ئەو کرابێ. لە بیرم نییە کەی و کام بۆکانی بۆ یەکەم جار کۆمباینی کڕی، بەڵام ئەگەر هەڵە نەکەم کاک ڕەحمانی سالمی بوو. کاک ڕەحمان لەو کارانەدا پێشەنگ بوو.

نووسیونی:

«کاک حەسەن ناسراو بە «حەسەنەدووگە» لە تەنیشت قاوەخانەی عەوڵای خات خاوەر؛ کاک حامید ئەفخەمی؛ پاشان باوکم (حاجی کەریم مەردانبەگی) کە دوای قەسابی، دووکانی فەڕشفرۆشی دانا؛ کاک برایم تورکی، کاک قادر مەردانی و عەوڵای شوکروڵڵاهی.»

## ٥٤. قاوەخانە

قاوەخانە لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریدا شوێنێکی گرنگی کۆبوونەوە و سازبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە و دەوری «پاب» و «بار» لە ڕۆژاوا دەبینێ. جگە لە دانیشتن و چاییخواردنەوە، قاوەخانە شوێنی هەندێک یاریی وەک نەردێن (تاوڵە) و دۆمینەیە و لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا هەندێکیان تا درەنگوەخت و کاتی پارشێو ئاواڵەن. کارێکی دیکەی قاوەخانەدار ئەوە بوو چایی‌یان بۆ دووکانی دووکاندارەکانی دیکە دەبرد، واتە هەر کەس میوانێکی بهاتبایەتە دووکان بانگی چایی‌یان بۆ دەکرد.

ئەوەندەی بیستبێتم پێش ئەوەی خیابانی تازە لێبدرێ، قاوەخانەی حەمەحسێنی خات سافیە ڕووبەڕووی حەوزەگەورە بووە و لەنێو بازاڕیشدا قاوەخانەی کاک حەمەڕەسووڵی... (کە حەمەسووریان پێدەگوت)، دوو دەرکی هەبوو کە یەکیان لە خیابانی تازە و ئەویتر لە خیابانی کۆنە دەکرایەوە. کوڕی ئەو کا حەمەڕەسووڵەش (وا بزانم ناوی متەللیب بوو) ماوەیەک بۆ کارکردن چووبوو بۆ گەرمیان (واتە کوردستانی باشوور) و لە گەڕانەوەدا قاوەخانەیەکی دیکەی لەسەر خیابانی تازە کردەوە، کە چەند چەشنە چایی دەفرۆشت وەک چایی ترش، ئەوە کارێکی نوێخوازانە بوو، بەڵام بۆی نەگرت و بەماوەیەکی کەم داخرا. قاوەخانەی «کاک مستەفا و کاک حەمەساڵەی میقرازی»ش لەلای قاوەخانەکەی کاک حەمەڕەسووڵ بوو. هەر لەو نزیکە قاوەخانەیەکی بچووکی دیکە هەبوو، کە بەداخەوە ناوی خاوەنەکەیم

لە بیر نەماوە.

کاک مەحموودی ئازەری کە قسەخۆش بوو. قاوەخانەکەی لەلای ئاشی حاجی حەمەڕەحیمخان، مینگەی لاوان بوو. گەلێک قاوەخانەی دیکە لە شوێنی جیاجیای شارەکە هەبوون کە من لە بیرم نەماوە و لەوانە قاوەخانەی مەلا عوبەیدیللا کانی سیرانی و عەبەسالار بوون.

کاک ڕەشید سپێهری ئەم یادداشتەی خوارەوەی بۆ ناردووم:

قاوەچییەکانی بۆکان:

١. کاک قادر زاوای مەلا عەولای بابی ڕەشید و فەتاحی شێخلەر و باوکی خالیدی وەحیدی، لەنێو قەیسەری جووەکان[1] قاوەخانەی بوو.

٢. کاک حەمەسووری باوکی متەللیب و یۆنسەکەڕە و وەهاب، کە برای حاجی بایزی ئیسماعیلی بوو، قاوەخانەکەی لە بەینی دووکانی میرزا عەولای سولتانی و حاجی کەریمی مەردانبەگیدا بوو. متەللیبی کوڕی کاک حەمە ساڵی ١٣٣١ هەڵات بۆ باشووری کوردستان. قاوەخانەکە دوو دەرکی بوو، دەرکی نێو خیابانی کۆن بەرهەیوانی بوو و مشتەری لێدادەنیشتن

٣. قاوەخانەی کاک فەتحوڵڵای مەرزینگی بە خۆی و کاک حسێن و حەسەنی برای هەڵدەسووڕا.

٤. لە بەینی دووکانی ماڵی ڕەسووڵی کەریمی و حاجی کەریمی قەسابدا قاوەخانەیەکی دیکە هەبوو هی کاک مستەفا و کاک حەمەساڵەی میقرازی بوو.

٥. لە خیابانی کۆن لە سەر کۆلانی ماڵی عەزیزی سالمی و عەبلای سالمی و حسێنی سالمی، قاوەخانەی مەلا ڕەحمانی وەحیدی[2] بوو؛ دوایی کاک حەمەسولتان موشاندەریی لێی کڕی کە ئەویش فرۆشتی بە کاک حەمەڕەسووڵی سوولیفرۆش.

٦. ڕووبەڕووی حەوزەگەورە و خوڕێنک، قاوەخانەی کاک حەمەحسێنی ڕەوشەنفکر

---

١. ئەوە یەکەم جارە دەبیسم کە قەیسەرییەکەی بۆکان بە قەیسەری جووەکان ناوببرێ. دەبێ پرسیاری زیاتری ئەو مەسەلەیە بکرێ.

٢. مەلا ڕەحمان پاشان بوو بە بانگبێژی مزگەوت.

مەشهوور بە حەمەحسێنی خات سافیە هەڵکەوتبوو. ئێواران خەڵک لەوێ دادەنیشتن و کەسانی وەک عەرەبعەلی قەساب گۆرانییان دەگوت، بەتایبەت جحێڵەکان لەوێ کۆدەبوونەوە. ژنانیش پاش تەواو بوونی کاری ماڵ، دەهاتن بۆ سەر خوڕێنک بە جەڕە و گۆزە ئاویان دەبردەوە ماڵێ.

٧. لە کۆتایی خیابانی کۆن، قاوەخانەی کەریمی خات زینەت بوو. ئەوێ وەک موسافیرخانە وابوو، شۆفیر و غەوارە لەوێ دەخەوتن.

٨. قاوەخانەی مام بەها، کە لەسەر قاوەخانەکەی مەلا محەممەدی شێخی هەڵکەوتبوو.

٩. قاوەخانەی کاک مەحموود حەساری لە تەنیشت دووکانی کاک قادری نەزەری.

١٠. عەولای «مام ڕەحیم هەلە» دووکانەکەی لە پەنا دووکانی دەرویش عەولای نەزەری و قازی عەلیدا بوو. ئەو عەولای مام ڕەحیمە لەگەڵ «محەممەدی مەلا عورووس»[1] هاتوچۆی شاری سلێمانییان دەکرد. پاش چەند ساڵێک گەڕانەوە بۆکان و عەولای مام ڕەحیم ڕووبەڕووی قاوەخانەی مام بەها، چڵەوکەبابییە کی دانا، بەڵام بۆی هەڵنەسووڕا و فرۆشتی بەساڵەی حەقپوور.

ئەم عەولایە و محەممەدی مەلا عورووس و حسێنی مەرزینگی و سەید حەسەنی هاشمی کوڕی سەید متەللیب[2] و سەید محەممەدی کوڕی سەید تەهای تەنەکەساز دەچوون بۆ سلێمانی. عەولا لەوێ ببوو بە شاگرد قاوەچی.

ئەوەش ناوی چەند قاوەخانە و قاوەچی کە کاک جەعفەر مەردانبەگی بۆی ناردووم:

«قاوەخانەی کاک عەلی مەردانبەگی ناسراو بە عەلی دۆشاو پێکەوە لەگەڵ مام بەها لە دووکانەکانی مزگەوتی بازاڕدا؛ قاوەخانەی مەلا عوبەیدیللا جیرانی حاجی قادری محەممەدی؛ قاوەخانەی مەلا حەمەدەمین لە قەپانی قاسمئاغا؛ قاوەخانەی

١. مەلا ڕەئیس (؟).
٢.حسێنی مەرزینگی و سەید حەسەن کوڕی سەید متەللیب پاشان بوون بە گرووبانی ئەرتەش و سەید حەسەن درەنگتر سەری لە ساواکی مەهاباد دەرهێنا.

حاجی برایمی عەبدوڵڵاپوور لە قەپانی حەمەدەمینئاغا؛ قاوەخانەی حاجی فەتحوڵڵا مەردانی لە قەپانی قاسمئاغا؛ قاوەخانەی میرزا عەلی ئەسراری و مام عەوڵا نزیک شارەبانی؛ قاوەخانەی کاک ڕەحمان تووتنچی لە پاساژی بانکی میللی.»

**٥٥. کەبابخانە**

لە کۆندا، لە بۆکان شتێک بەناوی ڕێستووران هەر نەبوو و خواردەمەنیی ئامادەی بازاڕ بریتی بوو لە کەباب و کەلانە و یەرەڵماسی یا پەتاتەی کوڵاو. کەلانەیان بە نێو بازاڕدا دەگێڕا. ئەمانە هەمووی بۆ نەهار، واتە بۆ خواردنی نیوەڕۆ بوو. دوای سەعات ٢ ـ ٣ی دوانیوەڕۆ ئیتر دووکانی کەبابیش دادەخرا. بەشی بەرچاوی مشتەریی کەبابچییەکانیش خەڵکی گوندەکان بوون کە بەیانان بۆ شتومەک کڕین دەهاتنە بۆکان و ئێواران دەگەڕانەوە. دیارە خەڵکی شاریش هەر کڕیاری کەباب بوون، بەڵام زیاتر پیاوان کەبابیان دەخوارد، لەبەروەی ڕەسم نەبوو ژنان لە ماڵ بێنەدەر و لە دووکانێک دابنیشن خواردن بخۆن. ژنانی خەڵکی گوند کە دەهاتنە شار، بەپێچەوانە، دەچوونە قاوەخانە و کەبابخانەش. ئەوان خەڵکانێکی حەیا بەخۆ بوون کە بە جلوبەرگی کوردی و بەبێ چارشێو دەهاتنە شار، جا نازانم ئێستاش ئەم ئازادییەیان ماوە یا مەلای لابەلا ئەوانیشی بردۆتە ژێر کفنی ڕەشەوە.

پێش ئەوەی کارەبا بگاتە بۆکان و ماوەیەکی باش دوای ئەویش، کەبابچییەکان یەخچاڵیان نەبوو و هەر بۆیەش کەبابەکانیان هی هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە دەیانفرۆشت.

من خۆم کەبابخانەی برایمی نەوبەختی و حاجی کەریمی مەردانبەگی و ئەحمەدی جیهان و «دەروێش مازوو»م لە بیرە. کاک جەعفەر مەردانبەگیش ئەم ناوانەی بۆ ناردووم: «هەوەڵ کەبابخانەی بۆکان دوای باوکم (حاجی کەریمی مەردانبەگی)، کاک حەمەدەمین فەرامەرزی بوو، پاشان برایم نەوبەخت و ئەحمەدی جیهان کە پێکەوە شەریک بوون.»

## ٥٦. سوولی یا جەرگ‌ودڵ‌فرۆشی

فرۆشـتنی جـەرگ و دڵ و گورچیلەی برژاویـش هەر لە کۆنەوە لە بۆکان باو بووە. خەڵکی بۆکان بە سەرجەمی ئەو شتانە، واتە جەرگ و دڵ و گورچیلەی برژاو دەڵێن «سـوولی» کە نازانم چ وشـەیەکە.[١] سوولی‌فرۆشـتن یا لە دووکان‌دا دەکرا یا لەبەر دووکانی کەسێکی دیکە وەک دەسفرۆشی.

ئـەوەی لـە بـۆکان بـاو بوو و لـە شـارەکانی دیکەی دەوروبـەر نەدەبینـرا ئەوە بـوو کـە «زمـان»ی مەڕ و بزنیشـیان بە شیشـەوە دەکـرد و وەک جـەرگ و دڵەکە دەیانبرژاند. ئەم کارە لە عەجەمستان نەدەکرا، لەبەروەی ئەوان زمانیان دەکوڵاند و وەک بەشێک لە سەروپێ دەیانفرۆشت، واتە نەیاندەبرژاند.

مـن لـە سوولی‌فرۆشـەکانی بـۆکان کاک ڕەحمان چاوشـینم لە بیـرە. «دەروێش مـازوو»ش سوولی‌فرۆشـیی دەکـرد. کاک ڕەشـید سـپێهری نـاوی کاک ڕەسـووڵی میرزا (حەسـەن‌زادە) و کاک مینەی ئەلیاس (مەرزینگی) و کوڕەکانی، واتە دەروێش مـازوو و قـادر هەروەها برایمی نەوبەختیشـی پێ گوتووم. کاک حەمەسـاڵەیەکیش شاگردی برایمی نەوبەخت و قەدیم بۆکانی بوو.

## ٥٧. ڕێستووران و چڵەوکەبابی

ئەوە لە بۆکان دیاردەیەکی گەلێک تازەیە. ڕێستووران لە بۆکانیش وەک عەجەمستان لـە چڵەوکەبـاب و چڵەوخۆرشـتدا خۆلاسـە دەبـۆوە و نەمبیسـتووە خواردەمەنیی کوردییـان تێـدا فرۆشـتبێ. یەکـەم چڵەوکەبابییـەکان لـە دەوروبـەری گاراج و لـە پەیوەندیـی موسـافیر و هات‌وچۆکـەردا سـەریان هەڵـدا. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە مـن نازانـم یەکـەم چڵەوکەبابـی کـێ لـە بۆکان داینـا، بەڵام ئـەوەی لـە بیرەوەریی من‌دا بـێ، چڵەوکەبابـی مەمـی بـرای شـەنگە لە نزیـک مزگەوتی بـازاڕ، شـوێنێک بوو کە

---

١. کاک ڕەشـید سـپێهری دەڵێ وا هەیە وشەی «سـوولی» لە زمانی جووەکانی بۆکانەوە بۆ ئێمە مابێتەوە.

ئۆتوبووس و ماشێنی دیکەش لەبەر دەمی دەوەستان و موسافیر و شۆفیر لەوێ خواردنیان دەخوارد. خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش هەر دەچوونە ئەوێ، گەرچی وا هەیە زیاتر هەر کەبابیان خواردبێ.

دواتر چڵەوکەبابی هومایوون لەنێو مەیدانی گاراج و چڵەوکەبابی حەمەساڵەی شافیعیش کرانەوە. چڵەوکەبابییەکیش لە تەنیشت دووکانی کاک برایمی فەڕۆخی هەبوو. لەم ساڵانەی دواییش‌دا کە کاکم لە تارانەوە ماڵی هاتبۆوە بۆکان سەرەتا یەکەم دووکانی پیتزافرۆشی دانا، بەڵام خەڵک پێشوازییان لێ‌نەکرد، ئیتر ئەویش کردی بە چڵەوکەبابی.

### ٥٨. سەروپێ

لە سەردەمی منداڵیی من‌دا بۆکان دووکانی سەروپێ یا کەللەپاچەفرۆشتنی لێ‌نەبوو و خەڵک لە ماڵان دروستیان دەکرد و دەیانخوارد. خۆش‌کردن و پاک‌کردنی سەروپێ کارێکی ئەستەم بوو و هەموو کارەکانی جگە لە خواردنی لەسەر شانی ژنان بوو! سەروپێش وەک ئاوگۆشت و چێشتی دیکە، لە قەدیم‌دا شەوانە دەخورا، هۆیەکەشی ئاشکرا بوو: دەبووایە کابانی ماڵ لە بەیانییەوە خەریکی ئامادەکردن و کوڵاندنی بێ هەتاکوو ئێوارە.

بەڵام لە عەجەمستان سەروپێیان بەیانان دەخوارد و ئەم نەریتە وا بزانم ئێستا گەیشتبێتە بۆکانیش. یەکەم دووکانی سەروپێی کوڵاو لە بۆکان، لە دەوروبەری ساڵانی١٣٤٥دا لە پاساژە بچووکەکەی میرزا عەبدوڵڵای شەرەفکەندی لە ڕووبەڕووی گاراج کرایەوە. وا بزانم خاوەنەکەی ئازەربایجانی بوو. ئێستا دەبێ ژمارەی دووکانی سەروپێ زۆر بێ و یەک لەوان کاک «ئەبووبەکر جەبەلی ئەقدەم»ە لە خیابانی سەقز.

## ٥٩. ساندویچی

تا ئەو دەمەی من لە بۆکان بووم، واتە تا ساڵی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) لە بۆکان ساندویچفرۆشی نەبوو یا ئەگەر بووبێ من لێی ئاگادار نەبووم. دیاردەی ساندویچ و خواردنی خێرا، لە پەیوەندیی کاروباری ئیداری و موسافیر و چوونی سینەما و شتی ئەوتۆدایە، واتە کاتێک کە خەڵک سەرقاڵی ئیشوکارن و ناپەرژێنە ئەوەی بچنەوە ماڵێ یا بۆیان ناکرێ لە ڕێستووران دابنیشن و بە ئیستیراحەت خواردن بخۆن؛ ئەوەش لە بۆکان هاوڕێ لەگەڵ گەورەبوونەوەی شار، وردەوردە سەری هەڵدا.

دەبێ یەکەم ساندویچفرۆشیی بۆکان هەر لە پەیوندیی ئەم دیاردانەدا کرابێتەوە. کاک برایمی فەڕشی ئەم چەند دێڕەی لە پەیوەندیی یەکەم دووکانی ساندویچیی بۆکان بۆ نووسیوم:

«داداش و بنەماڵەکەیان لە بۆکان سەوزیخانە و سەوزیفرۆشییان هەبوو، زۆرجار لە دووکانەکەی، کە نزیک قەپانی قاسمئاغا بوو، قسەمان دەکرد و ڕۆژێکیان باس لە ساندویچی کرا و نییەتێکی وای باس کرد کە من زوو بەڵێنیی هاوکاریم پێدا. ئەو بوو کە یەکەم ساندویچی بۆکانی[ساڵی ٥٤ ـ ٥٥] لە پەنا دووکانی براکانی سەی سوولی دامەزراند، من زۆرجار بەخۆڕایی کارم بۆ دەکرد و ئەم کارەم بە پێشکەوتن دەزانی. نانی ساندویچ لە بۆکان نەبوو، جاروبار لە میاندواوەوە دەهێنرا، لە بۆکان هەر نانی لەواش بەکار دەهێنراو و هەر دەبووە بابۆڵەکەی خۆمان. خۆراکی ساندویچ کەمتر سۆسیس و کالباس و زۆرتر جەرگ و مێشک و کۆتلێت و شامیکەباب، ساڵاد ئۆلویە و... بوو. دووکانەکە ببوو بە شوێنی کۆبوونەوەی لاوان. پێموایە خێری زۆری نەبوو و دوایە کۆکرایەوە، کەی؟ لە بیرم نییە و ڕەنگە ئەو دەم من لە بۆکان نەبووبێتم.»

دیارە دواتر ساندویچییەکی زۆر لە شاردا کراونەوە کە بەداخەوە من ناوی هیچ دووکان و خاوەنێکی نازانم، بەڵام کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم ناوانەی بۆ

نووسـیوم: «وەسـتا ئەکبەر لە پاسـاژی ئیسـماعیلی، حەسـان عەباس‌زادە و حسێن سالمی.»

## ۶۰. پیتزایی

کاکم لە دوایین سەفەری لەندەنی‌دا، کاتێ کە هێشتا هەر ماڵی لە تاران بوو و دووسێ سـاڵێک پێـش کۆچی‌دوایی‌یەکەی، کەوتە بیری ئەوەی لە بـۆکان دووکانێکی پیتزایی بکاتەوە. پێکەوە چووینە دووکانی برادەرێکی پیتزاییم لە ناوچەی هامرسمیث لە لەندەن و وەسـتای کارەکە بۆ ماوەیەک چۆنییەتیی دروسـتکردنی پیتزای پیشانی کاکم دا. لە گەڕانەوەدا، کارەکەی وەڕێخست و بەو شێوەیە بۆکان بوو بە خاوەنی یەکەم پیتزایی. دوای یەک‌دوو مانگ بە تەلەفۆن پێی گوتم کە کارەکە نەیگرتووە و ئیتر شوێنەکەی کرد بە چێشتخانە و چڵەوکەبابی؛ ئەوە وا بزانم ساڵی ۲۰۰۵ بوو. خاڵی گرنگ لە پەیوەندیی کارە تازەکەی کاکم‌دا ئەوە بوو کە خواردەمەنیی کوردیشـی دەفرۆشـت، بۆ نموونە من ڕێکلامێکی دووکانەکەیم لە ڕۆژنامەیەکی کوردیی چاپی سنەدا بینی کە تەبلیغاتی بۆ «سەنگەسیر» کردبوو. ئەم کارە بەگشتی خەڵکی دیکە نایکەن و وردەوردە خەریکە خواردنـی کـوردی بەتەواوەتی لە بیر دەچێتەوە یان لای‌کـەم ڕووی بازاڕی نامێنێ، لـە کاتێـک‌دا خواردەمەنی تورک و هیندی و مێکزیکیـش وەک هامبرگری ئەمریکایی ڕێیان لە کوردستان کەوتووە.

گوایـە دواتـر گەلێـک دووکانـی پیتزایـی کراونەتـەوە، بـەڵام بەداخـەوە نـاوی خاوەنەکانیان نازانم.

## ۶۱. تەلار

تەلار یان تالار یان ساڵۆن، بریتییە لە هۆڵی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی میوانی و جەژن بەتایبەت شـایی و مارەیی. قەدیم کە ژمارەی دانیشـتووانی شـار و گوندەکان کەم بوون، شـایی لە مەیدان یا گۆڕایی‌یەکی نێو دێ گیراوە و هەموو خەڵکی گوند تێیدا

بەشـدارییان کردووە، واتە پێویسـت بە بانگهێشـتن و لێگێڕانەوە نەبووە. لە بۆکانی کۆنیش شـایی لە دەوروبەری حەوزەگەورە یان لە باخچەیەکی نزیک شـار گیراوە. لە سـەردەمی ئێمەدا شـایی لەنێو حەوش و حەسـاری ماڵی بووک و بەتایبەت زاوا دەگیرا و شایەر و گۆرانیبێژ داوەتەکەیان دەگێڕا.

تـەلار و جـەژن و میوانیـی تـەلار تایبەت بە شـارە گەورەکان بوو و لە شـوێنی وەک بۆکان شـتی وا نەبوو. بە هاتنی مەلا بۆ سـەر حوکم و سـەپاندنی سیاسـەتی نامرۆڤانەیـان بەسـەر خەڵکی هەژاری کوردسـتاندا، گەلێـک نەریتی باش فەوتان و نەمان. ئیتر لە ترسـی هێرش و ئەزیەت کردن و گرتنی پاسـداری عەجەم خەڵکەکە شـایییان لە ماڵی خۆیاندا نەدەگرت و دەبووایە بچنە شـوێنی وەک تەلار، کە گوایە یەک بە شوێن یەکدا لە بۆکان کراونەتەوە.

هۆکارێکـی دیکـەی پەرەسـەندنی ئەم دیاردەیە، وا هەیە ئـەوە بێ کە بارودۆخی ئابووریی خەڵک باشتر بووە و دابونەریتی عەجەم خزاوەتە نێو کۆمەڵگاکەمانەوە و ئیتر ئەو شـایی و جەژنە نەریتییە کە دوور بوو لە ئیفادەفرۆشـی و نمایش، شـوێنی خۆی داوە بە تەشریفاتی ناپێویست و لە ئەنجامدا بە قەرزوقۆڵەش بێ دەبێ جەژنی گـەورە لـە تـەلار بگیرێ و میوانـان لەوێ بەڕێ بکرێـن. دیارە ئـەم دیاردەیە ئەگەر لـە هەندێـک ڕوانگـەوە خراپیش بووبـێ، لەو لایەنەوە باش بوو کـە ژنان لە خزمەت کـردن و زەحمەتی چێشـتلێنان و میوان بەڕێکردن دەکەوتـن، ئەوەش هەنگاوێکی گەلێک باشە بۆ پێشەوە.

برایان برایم فەڕشی، ڕەشید سپێهری، ڕەحیم بەهرامزادە و جەعفەر مەردانبەگی هاوکارم بوون لەم بەشەدا.

## ٦٢. ماست و پەنیرفرۆشی

هەندێک دووکانی بەقاڵی و ویشکەفرۆشیی بچووک هەبوون کە ماست و پەنیریان لە خەڵکی گوندەکان دەکڕی و بە کڕیاری خەڵکی شاریان دەفرۆشتەوە. ماستەکان هەر

بـە جامـی ئەوانەوە بە کڕیار دەفرۆشـران، ئینجا کڕیار جامە ماسـتەکەی دەبردەوە ماڵـێ، لـەوێ بەتاڵیان دەکـرد و دەیهێناوە بۆ دووکاندارەکە، کـە ئەویش بیداتەوە بە خاوەنەکەی، بەڵام پەنیر بەگشتی دوو جۆر بوو: پەنیری سەلک، کە تازە بوو و تەنیا خوێـی لـێ دەدرا و دەخـورا و پەنیـری کووپە، کـە دوای ئـەوەی ورد و تێرخوێیان دەکرد، لە کووپەیەکدا دەیانشـێلا و سـەری کووپەکەیان ڕۆن و چەوری لێدەدا بۆ ئەوەی هەوای تێوەنەچێ و خراپ نەبێ، ئینجا دەیانخسـتە چاڵێکەوە و هەڵیاندەگرت لـە زسـتاندا دەریبێنـن و بیخـۆن. دووکانـدار بە عـادەت کووپەیەکیان دەشـکاند و وردەوردە بە خەڵکیان دەفرۆشت. من خۆم پەنیرم لە کووپە کردووە و شێلاومە. لە بەهاردا «لۆرک»یش هەبوو جاروبارە دەفرۆشرا، بەڵام نەمدی کەس «فرۆ» بفرۆشێ.

لە ماسـت و پەنیرفرۆشـەکانی بۆکان تەنیا دەروێش سـوڵتان و سـەید حسـێنی عارفم لە بیرە، بەڵام کاک ڕەشید سپێهری لیستەی چەند ناوی دیکەشی بۆ ناردووم. ئەو گەلێک لە من شارەزاتری ئەم بوارانەیە:

«ماسـت و پەنیرفرۆشـە زۆر قەدیمییەکانـی بـۆکان: دەروێـش سـوڵتان و مـام نەسـروڵڵای فەرەجی (مامە نەشـێ) و هەباس گەدۆل. درەنگتریش ئەم کەسانە: مام ئەحمـەد ناسـراو بـە ئەحمـەد کولێرە؛ میرزا عەزیـزی حەقیقەت؛ مـام برایمی فاتحی ڕووبەڕووی دووکانی حاجی حەمەساڵەی محەممەدی لە خیابانی کۆنە؛ قازی عەلی ڕووبـەڕووی دووکانـی موبارەکی؛ سـۆفی حەمـە ڕووبەڕووی دووکانـی برادەران؛ سـۆفی ڕەحمانـی کاڕەش لـە پەنـای دووکانـی حاجـی محەممەدی دۆشـاو؛ سـۆفی حەسـەن ڕووبەڕووی دووکانی عەبەقەڵەوە؛ حەمەکەڵەوان لەلای مزگەوتی بازاڕ و عەلییەکەچەڵ ژنبرای عەبدوڵڵا کێلەکەوەیی.»[1]

---

١. هـەر لـەم پەیوەندییەدا کاک ڕەحیم بەهرامزادە نووسـیویەتی: «پەنیری پێسـتەش هەبوو، بەڵام لە بۆکان و دەوروبەری باو نەبوو. ڕەنگە ئەوە بەرهەمی ناوچەی کوێسـتانیتر [وەک مەنگوڕایەتـی] بووبێ. پەنیـری پێسـتە دەبـوو لـە جیـگای فێنـک ڕابگیرایە. لەبـەر نەبوونی کارەبا و یەخچاڵ پەنیریان لە ئەشـکەوتی فێنکدا ڕادەگرت. هەموو خەڵکی گوند و تەنانەت چەند گوند پەنیریان دەبردە ئەو شـوێنە و کەسـێکیش ئاگای لێی دەبوو. بە شوێنی ڕاگرتنی پەنیریان دەگوت «کونەپێسـتە» [کولێن]. ئەو کەسـەی ئاگای لە پەنیری پێستە دەبوو ناوێکی هەبوو، کە بەداخەوە لە بیرم نەماوە (پێستەوان؟).

## ٦٣. خوێفرۆشی

پێش ئەوەی خوێ و ئەدویە (بەهارات)ی نێو پاکەت و قوتوو بێتە بازاڕی بۆکانەوە، بەگشتی خوێیان بە ماشێنی باری (لۆری) لە گۆلی ورمێوە دەهێنا، لەنێو دووکانێک هەڵیاندەڕشت و خەڵکی شار و گوندیش دەچوون بە «پووت» یا «سیە» (کە چەند گرەمێک لە ٢ کیلۆ زیاتر بوو)، دەیانکڕی و بە سەتڵ یا بە چارەکە و جەواڵ دەیانبردەوە ماڵێ. خوێیەکە لە دەریا دەگیرا و زۆریش سپی و خاوێن و جوان نەبوو، دەنکەکانیشی درشت بوو، ژنان لە ماڵەوە دەیانهاڕی.

لە دەوروبەری ساڵی ١٣٤٥دا بوو کە شیرکەتی «صدف»ی تاران نوێنەرایەتیی بەرهەمەکانی خۆی دایە کاکم و ئیتر وردەوردە ئەو چەشنە شتانەی (وەک خوێ و ئاڵەت (ئیسیوەت) وزەردەچێوە و...ی قوتوو و پاکەت بوو بە باو و شوێنی شێوازی سوننەتیی کارەکەیان گرتەوە، کە پێشتر بە تەلیس لە دووکانی بەقاڵی دادەنران و لەوێ دەکرانە کاغەزی ڕۆژنامە و شتی واوە و دەبرانەوە ماڵان.

من دووکانی حاجی ئەحمەدی ئاسنگەرم لە بیرە، کە لە خیابانی کۆن بوو و خوێفرۆشیی دەکرد، بەڵام کاک ڕەشید سپێهری ئەم ناوانەشی بۆ نووسیوم:

«مام ئەحمەدی خەلیلی باوکی سمایل و محەممەدی داشقەچی؛ محەممەدی حاجی ڕەشیدە کیورە لە مەیدانی ئاسنگەران. مام ڕەسووڵ شیلاناوی لە خیابانی کۆنە؛ ڕەحمانی ڕەحمەت لە دووکانەکانی کەفاشیدا و کاک سەعید لە پەنا ماڵی مامەنەشێ.»

کاک برایم فەڕشی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

«لە کۆڵانەکەی دووکانی ئەحمەدی دەرمانگادا دوو برا هەبوو خوێیان دەفرۆشت، ڕەنگە ئەوانە کۆنترین خوێفرۆشی بۆکان بووبێتن، ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.»

کاک ڕەحیم بەهرامزادەش دەنووسێ:

«خوێی زبر دواتریش هەر دەفرۆشرا و بۆ هەویر شێلان بە کاریان دەهێنا یا بە ئاژەڵیان دەدا. حاجی حەبیبوڵڵای کوڕی ڕەشیدەسوور لە خیابانی سەقز لە پەنای

کارێـژ و قاوەخانەکەیـاندا دووکانـی خوێفرۆشـی هەبوو و زۆربـەی کڕیارەکانی خەڵکی گوندەکان یا نانەواکانی بۆکان بوون.»

### ٦٤. مریشک و قەلفرۆشی

مریشـکی ماشـێنی لـە سـەردەمی منداڵیـی مـندا وردەوردە پەیدا بوو. پێشـتر تەنیا مریشکی ئۆرگانیک و هێلکەی ئۆرگانیک هەبوو کە پییان دەگوترا مریشکی کوردی و هێلکەی کوردی. مریشکفرۆش کەسانێک بوون کە دانەیەک و دووان مریشکیان لە قەفەزێکی بچووکدا دادەنا یا لاقیان دەبەستنەوە و لەسەر زەوی لە قەراغ شەقام زیاتر لە دەوروبەری قەپان دەیانفرۆشتن. هەر لەوێش لە جۆگەی سەر شەقامەکە سەریان دەبڕین و دەیاندا دەست مشتەری. ئەوە کەسبێکی بچووک بوو کە تا ئێستاش هەر ماوە و خەڵکانی کەمداهات پێیەوە خەریک دەبن.

قەل یا قەلەموونەش باڵندەیەکی خۆماڵییە و لە هەوای سـارد و شـوێنی سارد و کوێستانیدا گەشە دەکا. لە ڕابردوودا قەلیش بە زیندوویی دەهێنرایە سەر شەقام و دەفرۆشرا؛ ئەوە هی وەرزی پاییز و زستان بوو، دەنا لە گەرمای هاویندا، کە قەل لاواز و کەنەفتە، ساتوسەودای پێنەدەکرا و نەشدەخورا. لەبەرەوەی قەل گرانتر لە مریشکە و گەورەتریشـە، هەمـوو کـەس بودجەی کڕینی قەلی نەبوو، جا لە سـەردەمی منداڵیی مـندا هەندێـک کەس قەلیان دەکوشـتەوە و دەیانکردە چەند بەشـەوە هەر بەشـەی نیـو سـیە (هەندێـک لـە کیلۆ زیاتر) یـا ٧ درەم (هەندێـک لە نیو کیلۆ زیاتر)، لەسـەر کەشەفێکیان دادەنا و بە قەیسەری یا شەقامدا دەیانگێڕا، خەڵکیش لێیان دەکڕین.

بەداخەوە جگە لە کاکم کە لە سەردەمی پێش ڕۆژنامەفرۆشیدا چەند مانگێک لەسەر سینی قەلی دەفرۆشت، ناوی کەسم لە بیر نییە لەم کەسبەدا بووبێ، بەڵام دەزانم و دیتبووم خەڵکانی دیکەش هەبوون ئەم کارەیان دەکرد. کاک ڕەشید سپێهریش ناوی ئەم کەسانەی خوارەوەی وەک مریشکفرۆش بۆ ناردووم: «محەممەدی عەوڵا ئێرانی، بایزی جووچکفرۆش، حەمەشەریفی جووچکفرۆش، سەیفە عەجەم، قاسم نەعلبەندی و

محەممەدی شاریکەندی زاوای عیسمەتی زەنبیل.»

## ٦٥. کارگەی دروستکردنی دۆشاو

دۆشاو شیلەی کشمیش یان خورمایە و لەو شوێنانەدا بەرهەم دێ کە ترێ و خورمای زۆر بێ. بۆکان بە بیرەوەری من ترێ و کشمیشی وای نەبوو بکرێنە دۆشاو، خورماش هەر هیچ. هەندێک لە تاجرەکان دەچوون خورمای نێو حەسیریان لە ئابادان و شارەکانی دیکە دەکڕی و بە کامیۆن لە ڕێگای کرماشانەوە دەیانهێنا بۆکان. دیارە ئەمانە خورمای تازە نەبوون کە تا بگەنە بۆکان بترشێن، بەڵکوو خورمای هەندێک ویشک (یابس) بوون. لە بیرمە من ئەو ساڵانەی وا تەبعیدی ئەراک کرابووم (۱۳۴۲ ـ ۳) جارێکیان حاجی حەسەنی محەممەدیان دوای کڕینی خورما، لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی ئابادان هاتە ئەراک و لەوێ سەردانی منی کرد. دیارە خورما لە تاران و تەورێزیش هەر دەکڕدرا.

کاک ڕەشیدی سپێهری ئەم ناوانەی خوارەوەی وەک کەسانێک بۆ ناردووم کە لە بۆکان دۆشاویان گرتووە یان فرۆشتوویانە:

«حاجی عەلی فەڕشی کە کارگای دۆشاوی خورمای هەبوو؛ حاجی شنۆیی لە خیابانی میراوا دۆشاوی لە چەوەندەر دەگرت و حاجی مینەی عەلیبەگ کە دۆشاوی کوولەکە و ترێی دەفرۆشت و زۆریش خۆش بوون.»

حاجی عەلی فەڕشی بەگوێرەی قسەی کاک برایمی فەڕشی یەکەم کەس بووە کە خاوەنایەتیی کارگایەکی دروستکردنی دۆشاوی لە بۆکان کردبێ: «باوکم لە بۆکان یەکەم کارگای دروستکردنی دۆشاوی خورمای دامەزراند لە تەنیشت ماڵی خۆمان لە خیابانی سەقز کە نزیک قوللە بوو. من خۆم ئەو کارخانەیەم و شێوەی دروستکردنی دۆشاوم لەو کارگایە بینیبوو. حاجی ئەحمەدی مەرزینگی کرابووە بەرپرسی شوێنەکە. خورما لە تەورێز یان لە قەسری‌شیرین یان یەکسەر لە خوزستانەوە بە ماشێنی گەورە دەهێنرایە بۆکان. پێموایە دۆشاوی ناوچەی

بۆکان و شارەکانی دیکەش لەو کارگایەوە بەرهەم دەهات، دەنکە خورماکان دوایە خەڵک دەهاتن دەیانبرد و تەسبێحی دەنکەخورمایان لێ دروست دەکردن. ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دوای بۆکان لە شاری «بناو»ی ئازەربایجانیش کارگایەکی وا هەبوو، نازانم لەبەر چ هۆیەک ئەو کارگایەی بۆکان داخرا. دەبێ ئەوە ساڵانی بەرلە ١٣٤٠ بێ کە ئەڵبەت زۆریش ئەرخەیان نیم، ئەوەندە دەزانم من زۆر منداڵ بووم و دەچووم سەیری کارگاکەم دەکرد. کەلوپەلی کارگاکە تا ماوەیەکیش دواتر هەر مابوو، بەڵام دوایە نازانم چییان لێبەسەرهات.»

کاک برایم هەندێک زانیاریی سەبارەت بە شێوازی دروستکردنی دۆشاویش لە کارگاکەی بۆکان بۆ ناردووم کە بە سپاسەوە لە پەراوێزدا دەیانهێنم.[١]

## ٦٦. گیاوگژی کوێستان

لە وەرزی بەهاردا هەندێک گیاوگژی سروشتی لە چیاکانەوە دەهێنرایە بۆکان و دەفرۆشران. یەکەم شتی بەهار کە دەبینرا و هەندێک جاریش دەفرۆشرا، گوڵەگەزیزە بوو کە لەژێر بەفری ناڵەشکێنە و چیاکانی دەوروبەری شار سەری دەردەهێنا. دیارە ئەوە زۆر کەم بوو، بەڵام هەشبوو. ئەوەی بە شوێن گەزیزەدا

١. «دروستکردنی دۆشاو بەو شێوەیە بوو: لە پێشدا دانە بە دانە ناوک (پێشە)ی خورما بە دەست لە گۆشتەکەی جیا دەکرایەوە. هەموو ئەو خورمایە دەکرایە ناو حەوزێکی سیمانیی چوارگۆشە، کە قەوارەکەی دوو میتر لە سێ میترێک دەبوو، پاشان بە چەشنێک پێمەڕەی تایبەت کە دەم تەسک و درێژ بوو، خورما ورد دەکرا، دواتر یەکدوو کەس چەکمە لەپێ کە تایبەت بەو کارە بوون، خورماکەیان بە لاق هەڵدەشێلا، دوای ئەوەی خورما بە چاکی هەڵدەشێلرا، سەرجەم خۆرماکە دەڕژایە نێو تیانەیەکی خڕ بە گەورەیی ژوورێکی سێ لە چوار میتر، لەژێر ئەو تیانەیەدا ئاور دەکرایەوە، نازانم ژێر تیانەکە تەندوور بوو یان بە ئاوری گاز گەرم دەکرا؟ ئەو خورمایە کە بە نیسبەتێکی تایبەت ئاوی تێدەکرا، هێندە دەکوڵا تا وەستاکار کە زۆربەیان عەجەم بوون لێی ڕازی دەبوو، دوای ئەوە دۆشاو لەو تیانە گەورەوە لە ڕێگای شێرەوە دەڕژایە نێو تیخەڵە یان کووپەی زۆر گەورە بە گەورەیی باڵای کەسێک و تەنگەی چەند کەسێک بە یەکەوە. دۆشاو لەو زەرفانەدا کە لە گڵەسوورە لە دەرەوەی کوردستان دروستکرابوون، دەمانەوە و سارد دەبوونەوە، دوایە ئەو دۆشاوە دەڕژایە نێو تەنەکەی تایبەت و زەرفی دیکەوە بۆ فرۆشتن. پێموایە دۆشاو دروستکردن لە هەموو فەسڵێکدا نەبوو.

دەهات «شـنگ» بوو و گێلاخە و قازیاخە و کەنگر و کارگ و ڕێواس. هەندێک گیای دیکـەی کوێسـتانیش هەبـوون کە لە بۆکان دەسـت نەدەکەوتن و لە کوێسـتانەکانی مەنگوڕایەتی و گەورکایەتییەوە دەهێنرانە بۆکان وەک بیزا و مەندێ و...

ئەوانـە بەگشـتی گوندییـەکان دەیانهێنانـە بـۆکان و هـەر بـە چارەکـە و جەواڵ دەفرۆشـران یـا دەدرانـە دووکانـدار و ئـەوان بە خەڵکیـان دەفرۆشـتەوە. من ناوی کەسێکی تایبەتم لەم پەیوەندییەدا لە بیر نییە.

کاک ڕەشـید سـپێهری دەنووسـێ: «لە وەرزی بەهاردا ئەم گیایانەیان لە دێهاتی دەوروبەری شارەوە دەهێنایە بۆکان: گێلاخە، کەنگر، قازیاخە، شنگ، ترشۆکە، پنگە، بزنەڕیشە، سیرەمێرگە، کووزەڵە، گێلمبەرباغی، پرپرە، قۆقمیشسەلمکە و ئەسپەناغ. ئەو گیایە کێویانە لە چیاکانی کانی شـوقاقان و قەرەمووسـالیان و قاڕنجە و قەڵا و حاجیاوا و سریلاوا و سارووقامیش زۆر شین دەبوون.

ئـەم گیـا کوێستانیانەشـیان لـە گونـدی گەنمـان و مووسـێ و برایمخەسـار و ساردەکۆستانەوە دەهێنا بۆکان: کارگی کەما، هەڵز، بیزا، کوڕادە، مەندێ، قوونسوور، لووشـە، سیرەخاسـە، سـیرەکوڵکە، ڕێواس و قەزوان. قەزوان و بیزا و مەندێ زۆر خۆشن بۆ ترشیات.»

## ٦٧. دەڵاڵ (دەسفرۆشی لیباس)

جلوبەرگـی ئامـادە بریتـی بـوون لـەو جلوبەرگـە عەجەمییـە کۆنانـەی وا لـە عەجەمسـتانەوە دەهێنرانـە بـۆکان و لەوێ بە خەڵکانی کەمداهات دەفرۆشـران. ئەم کارە دەورێکـی زۆری بینی لە چەسـپاندنی جلوبەرگـی عەجەمی و جێگیرکردنی لە شـوێنی جلوبەرگی کوردی. ئەوانەی دەهێنرانە بۆکان زیاتر کۆت (چاکەت) و باڵتە بـوون، شـەڵوار یـا دوولینگە کەمتر دەهـات و خەڵک جگە لە قوتابـی و فەرمانبەری ئیـدارات، خۆیـان لەوە دەپاراسـت کە دوولینگـە لە پێ بکەن. تەنانـەت تاجرەکان کە دەچوون بۆ تاران یا تەورێز تا کاتێک کە بەرەو گاراج وەڕێدەکەوتن بچن سواری

ماشێن بن و بڕۆن، هەر جلوبەرگە کوردییەکەیان لە بەردا بوو. گۆڕانکارییەکان لە کۆت (چاکەت)ەوە دەستی پێکرد و ماوەیەک ببووە دیاردەیەکی ئاسایی کە پانتۆڵی کوردی و کۆتی عەجەمی لەبەر خەڵکدا ببینی. دواتر پانتۆڵیش بوو بە شەڵوار و لە کۆتاییەکانی ڕژیمی شادا ئیتر بۆکانیش وەک شارەکانی دیکەی کوردستان کۆتوشەڵوار لەپێی زۆر تێدا دەبینرا و ژمارەی زۆری بەرگدرووی کۆتوشەڵواری لە ساڵانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧دا ئەم ڕاستییە بەباشی دەردەخەن. پێشتر لە بۆکان تاقە یەک بەرگدرووی کۆتوشەڵواری هەبوو (خیاطی لوکس) و دواتر بوو بە دوان (خیاطی مد آمریک)، بەڵام درەنگتر لای‌کەم سێ یان چواری دیکەشی لێ زیاد بوو.

جلوبەرگی ئامادە بە عادەت دەسفرۆش دەیانفرۆشت. دەسفرۆش بەسەر شەقامدا دەهات و هاواری کاڵاکەی خۆی دەکرد، بەڵام لای‌کەم یەک دووکانم لە بیرە کە کاک کەریم (دوایی حاجی کەریم)ێک لە تەنیشت دووکانی باوکم لەسەر شەقامی تازە کردبوویەوە و تێیدا جلوبەرگی کۆنی دەفرۆشت. کاک حەسەنێکیش کە بە «حەسەنەدووگە» ناسرابوو دەسفرۆشی جلوبەرگی کۆن بوو.

وەک بیستوومە، لە قەدیمدا جووەکانی بۆکان کاری دەسفرۆشیی جلوبەرگیان کردووە، بەڵام نازانم لەو سەردەمەشدا هەر جلوبەرگی عەجەمییان فرۆشتووە یان هی کوردی، بە ئەگەری زۆری هەر کوردی بووە، دەنا ئەو دەم عەجەم ئاوا نەخزابووە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە. درەنگتر و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بۆکان بوو بە ناوەندێکی گرنگی کڕین و فرۆشتنی جلوبەرگی دەستی دوو (کە بە تاناکۆڕا ناودەبرا) و ئەوەندەی بزانم ئەم ڕەوتە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. بەداخەوە ناوی کەس یا کەسانێک کە لەم کارەدان، نازانم.

### ٦٨. جلوبەرگی ئامادە

نیاز لەم بەشە، جلوبەرگی کۆن نییە، بەڵکوو کۆتوشەڵوار و مانتۆ و کراس و تیشێرت و بلووز و شتی وایە، کە لە تاران و تەورێزەوە دەهێنرانە بۆکان و بەخەڵک

(زیاتر بە گەنج و لاو و قوتابی) دەفرۆشران. ئەم کارە تا سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ برەوی ئەوتۆی نەبوو و بۆ نموونە، لە بیرمە کاکم لە دووکانەکەیدا بە تەنیشت بابەتی دیکەوە تاکوتەرایەک دەیفرۆشتن؛ گەرچی یەک لەوانە، کراسی «مەخمەلیان» بوو کە بە ڕادەیەکی دوور لە باوەڕ دەفرۆشرا. وا بزانم کاک غەفووری ئاشناگەریش هەر ئەو شتانەی دەفرۆشتن. دواتر و لە سالانی دوای شۆڕشدا ئەم کارە برەوی تەواوی پەیدا کردووە و بەتەواوەتی شوێنی داناوەتە سەر کاری بەرگدرووی کورد کە توانای کێبەرکێی لەگەڵ کارخانەی گەورەی تاران و تەورێز و لەم دواییانەشدا، چین و هۆنگکۆنگ نییە. لە باری کۆمەڵایەتیشەوە ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی جلوبەرگی کوردی لە نێو لاوەکانماندا پاشەکشێ بکا. دیارە ئەوە جەبری زەمانە و خەتای کەس نییە، کەسیش ناتوانێ لەو بارودۆخەدا کە وڵاتەکەمانی تێدایە بەرگری لێبکا. من لەنێو کەسانێکدا کە ئێستا بەو کەسبەوە خەریکن تەنیا ناوی برایانی محەممەدی (کاک محەممەد و کاک یۆنس) دەزانم.

بریا خاوەنی ئەو کەسبوکارانە بە تەنیشت شتومەکی لاوەکی و خاریجییەوە هەندێک دەسکردی خۆماڵیشیان بفرۆشتایە، وەک سەرکڵاو و گۆرەوی و دەسکێشی پیاوان و کراس و کڵاوی ژنانی کورد و نەیانهێشتایە نەریتی چنینی ئەو بەرهەمانە لە وڵاتەکەماندا بفەوتێ.

### ٦٩. دەسفرۆشی دیکە: تەسبێحفرۆش و...

گەلێک خەڵکانی بێئیشوکار کە توانای کاری فەعلەییان نەبوو یا خود لە وەرزی زستاندا کە کاری بینا و ساختمان دەوەستا، لە پای قەپان یا شوێنی دیکەی سەر شەقامەکان وردەواڵە و سەعات و تەسبێح و شتی وایان دەفرۆشت. ئەوە هی بارودۆخی خراپی ئابووری و نەبوونی کار و کاسبیی ڕێکوپێکە و تا ئەمڕۆش نەک هەر درێژەی هەیە بەڵکوو بە چەند قات زیادیشی کردووە، بەداخەوە ناوێکی تایبەت بۆ بواری ئەم کاسبییە نازانم.

### ۷۰. گۆرەوی و سەرکڵاو و بەرهەمی دەسچنی دیکە

لە ڕابردوودا، گۆرەوی و پووزەوانە و دەسکێش و سەرکڵاوی پیاوان لە موو یان مەرەز دەچنرا و ژنان بۆ کەسوکاری خۆیانیان دەچنین، وا هەبوو چەند دانەیەکی زیادیشیان بچنیایە و بیانفرۆشتایەن. لە هەندێک دووکان ئەو بابەتانە دەست دەکەوتن، بەڵام دواتر بەرهەمی کارخانەکانی ئیسفەهان و یەزد و تاران هەمووی لە برەو خستن و ئێستا ئەگەر مابێتیشن لە گیانەڵڵادان. کێشەی کوردستان و بۆکانیش وەک بەشێک لەو، ئەوە بوو کە خۆی لەگەڵ بارودۆخە تازەکە نەدەتوانی ڕێکبخا، لەبەروەی نە سەرمایەی وا گەورەی تێدا بوو، نە سەرمایەداری بیرتیژ کە بتوانێ ڕەوتی دواڕۆژی بازاڕ بناسێ، نە دەرەتانی دابەشکردن و ناردنی بەرهەم بۆ دەرەوەی کوردستانیان هەبوو. لە ئەنجامدا، ئەم بەرهەمە خۆماڵییانە خێرایەک لە بەرانبەر بەرهەمی عەجەمستان و دەرەوەی وڵاتدا چۆکیان دادا و فەوتان.

کاک ڕەشید سپێهری لەم بارەیەوە بۆی نووسیوم:

«بەشی زۆری ئەم بەرهەمانە، قەدیم لە حەوتەبازاڕی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا دەفرۆشران. فرۆشیاریان کچان و کوڕانی تەمەن ۱۰ تا ۱۲ ساڵ بوون. دواتر حاجی وەستا عەلی کڵاودروو لە دووکانی خۆی، سەرکڵاو، کڵاوی پێچ، دەسرەی گوڵدۆزی، تاسکڵاوی ژنان، دەسرازەی منداڵان، بەرماڵ، پۆپەشمین، جاجم، گۆرەوی و زەنگاڵی دەفرۆشت.»

### ۷۱. سەلمانیی پیاوان

سەرتاش، دەللاک یا سەلمانی ئەو کەسانە بوون کە سەر و ڕدێنی پیاوان و کوڕانیان دەتاشی یا فارس گوتەنی «ئیسلاح»یان دەکرد. دواتر دووکانی ئەم کەسانە ناوی «ئارایشگا»یان لێنرا، کە وشەیەکی فارسییە. لام وایە زووتر و پێش سەردەمی ئێمەمانان ئەو کەسانە لە حەمام سەر و ڕیشی خەڵکیان تاشیوە و هەر ئەوانیش کیسەکێشییان کردووە بۆیەش پێیان گوتوون دەللاک.

هــەر چۆنێـک بـێ، لـە سـەردەمی منداڵیی مـندا دووکانـی سـەلمانی هەبوون و پیاوان و کوڕان بۆ «ئیسلاح»ی سەر، دەچوونە ئەوێ. سەلمانیی ئەو دەمانە شێواز و مـۆدی جیاوازیـان یا نەدەزانی یا خەڵک لێی نەدەخواسـتن، لەبەروەی سەروسـمێڵی هەمـوو کەسـیان وەک یـەک ڕێکدەکـرد! دووکانی سـەلمانی، تەنیا شـوێنی ئاوێنەکە نەبـێ، دەورانـدەور بە وێنـەی ڕەنگیی ڕووبەرگی گۆڤاری فارسـی، وەک تەڕەقی و ئاسیای جەوان و ئیتلاعاتی هەفتەگی دادەپۆشرا.

ئێمـە کـە منـداڵ بووین و لە قوتابخانە دەمانخوێند نەیاندەهێشـت قژی سـەرمان درێـژ بـێ و دەبـوو بیکەینـە «مەخمەری» کە وا بزانم نمرە ٣ی ماشـێنی سەرتاشـی بـوو. باوکـم منـی دەنـاردە دووکانـی کاک حەمەگێلگێلـە لەسـەر خیابانـی تـازە، ڕووبەڕووی دووکانی کاکم و کتێبفرۆشییەکەی کاک کەریمی سالمی. وام لە بیرە کە حەقدەسـتی ئیسـلاحی سـەر ٥ قڕان بوو. درەنگتر کە گەورە ببووم و لە دەبیرستان دەرسـم دەخوێنـد، کابرایەکـی عەجەم لـە دووکانەکانـی حاجی بایزی ئیسـماعیلیدا «ئارایشـگا»یەکی کردەوە کە گەنج و لاو دەچوونە ئەوێ و منیش دەچووم، وا بزانم نرخـی ئـەو گرانتـر و کارەکـەی هەندێـک «ئەمڕۆیی»تر بـوو، واتە لەوێ سیاسـەتی «مەخمەری» حکوومەتی نەدەکرد!

کاک ڕەشـیدی سـپێهری لەژێـر سـەردێڕی «سـەلمانییە قەدیمییەکانـی بۆکان»دا ئـەم ناوانـەی بـۆ ناردووم: «حەسـەن سـەلمانی خەڵکـی سـاینقەڵا، دووکانەکەی لە پەنـا دووکانـی عەبڵای مام ئەحمەد بوو و سەرتاشـی و خەتەنـەی منداڵانی دەکرد، جاروبـارەش لەنێـو بـازاڕدا دەسـووڕاوە و هەرای سەرتاشـینی دەکرد؛ مەسـعوود سـەلمانی لە جێگا دووکانی محەممەدی نەویندا بوو و پاشـان چووە دووکانەکانی لای فەلەکـەی قـازی؛ عەلـی فەهەندیـژ سـەلمانییەکی خەڵکـی تەوریـز و کرێنشـینی ماڵـی سـەید حەمەدەمینـی قەسـاب بوو؛ مینەپشـی دوو کوڕ و کچێکی بـوو بەناوی هووشەنگ و مەسعوود دووکانەکەشی لە پەنا ڕەشیدی ئاغاڕەزا بوو دوایی فرۆشتی بە سـەید عەلی پارسـا؛ عوسـمان و ئەبووبەکری کوڕانی مینە حەتەم؛ مینە سەلمانی باوکی یۆنس؛ عەلی کوڕی محەممەدی کیسەکێش (کاکەڵڵا)؛ مەشەدی ئەکبەر باوکی

غوەلامــەلاڵ لە پەنــا قەنادییەکەی برایمی ڕەزایــی؛ محەممەدەکەڕە (کەریمی) کوڕی عەبەشین و مستەفا میعماری کە ئێستا لە فینلاند دەژی.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش ئەم ناوانەی نووسیوە: «مەرحوومان کاک عوسمان و کاک ئەبووبەکر مەردانبەگی، مینە سەلمانی، کاک عەلی ئەفشین.»

ئەوەش هەواڵی سەلمانییەک لە بۆکان کە کاک برایم فەڕشی بۆی نووسیوم:

«لە تەنیشــت دووکانی باوکم دووکانێکی ســەلمانی هەبوو، کابرا ئەرمەنی بوو و کوردیشــی دەزانــی، ئەو هەر لــە دووکانەکەی‌دا دەژیــا دووکانەکەی دوو بەش بوو، کە بە پەردە جیا دەکراوە و خۆی لە پشت پەردەکە دەژیا، ... میسیۆ دوو سەری بە پێنج قڕان دەتاشی. دوو سەری من و زیندەیاد کاک حەسەنم وەبەر ماشێنی میسیۆ دەکەوت. میسیۆ کەسێکی ڕووخۆش و بەتەمەن بوو. نازانم چی بەسەر هات. دوای ئەو سەید عەلی پارسا دووکانەکەی کردە پارچەفرۆشی، دوای ئەو میرزا غەفووری ئاشناگەر جێی گرتەوە.»

## ٧٢. ئارایشگای ژنان

ئەوەش دیاردەیەکی نوێیە. پێشتر، ڕازاندنەوە و ئارایشی ژنان لە سوراووسپیاوێک‌دا خۆلاسە دەبۆوە کە یا ژنانی خزم و دۆست و هاوڕێ بۆ کەسەکەیان بەڕێوە دەبرد یان هەر ژنانی کرێکاری حەمام دەچوونە ماڵان و ئاراشیان دەکردن.

لــە بیــرم نییە یەکەم ئارایشــگای ژنان کەی لە بــۆکان کرابێتەوە، بەڵام بە دڵنیایی دەزانم لە دەوروبەری ســاڵی ١٣٤٠ و لەنێو ماڵی کەســەکەدا بوو نەک لە دووکان و شــوێنی وا گشــتی. هێشــتا ژنانــی بــۆکان ئــەم ســەربەخۆیی‌یەیان نەبــوو بچــن بــۆ دووکانێکــی ئارایــش کردن. لە کۆتایی‌یەکانی ڕژیمی شــا و پێش شۆڕشــی ١٣٥٧دا، وردەوردە بارودۆخەکــە باشــتر ببــوو و تابلــۆی ئارایشــگای ژنان بەســەر دەرگای هەندێک ماڵەوە دەبینرا، گەرچی هێشــتا ئارایشــگای ســەربەخۆ لە دووکان و شوێنی گشــتی‌دا نەبوو. درەنگتر مەســەلەکە گۆڕا و ئێســتا زۆر ئارایشــگای ژنان لە بۆکان

هەن.

کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم کەسانەی وەک خاوەنی ئارایشگای ژنان دەسنیشان کردووە: «ئارایشگای مەنیژە خۆشنوود؛ ئارایشگای تارا (زەمانە مەردانبەگی)، ئارایشگای شەهلا عابید.» هەروەها کاک جەعفەر ئەم خاڵە گرنگەشی وەبیر هێناوینەتەوە: «لە کۆندا، دەموچاوهەڵگرتنی ژنان باو بوو. ئەم کەسانە دەچوونە ماڵان بۆ دەموچاوهەڵگرتن: دادە ئایشێ حەمامچی و دادە زارا.» ئەوانەی هەنیەی ژنانیان هەڵدەگرت پێیان دەگوتن: هەنێکەر.

## ٧٣. مامانەکانی بۆکان

لە ڕابردوودا مامان (قابیلە)ی دەرسخوێندوو و خاوەنمەدرەک لە بۆکان یا گوندەکانی دەوروبەریدا نەبوو. وا بزانم یەکەم قابیلەی نوێباو لە دوایساڵی ١٣٤١ ـ ٤٢ لە بۆکان پەیدا بوو کە خانمێکی تێگەیشتووی خاوەن شەخسیەتی خەڵکی مەهاباد بوو، هەر لە بۆکانیش مێردی کرد و لەوێ گیرسایەوە.

پێشتر، ئەم ئەرکە هەندێک لە ژنانی خاوەن ئەزموون بەڕێوەیان دەبرد و یەک لەوان یادی بەخێر بێ، «نەنێ» دایکی کاک کەریمی خەیات و نەنکی کاک عەبووی فەقێ کەریمی بوو، کە لە گەڕەکی ئێمە دەژیا. نەنێ لە سەردەمێکدا کە من دیتبێتم، ژنێکی بەتەمەنی خۆشقسە بوو و خەڵکی شار ڕێزی زۆریان دەگرت. من گەلێک جار بە میوانی لە ماڵی خۆمان بینیبووم و من لەسەر دەستی ئەو لەدایک ببووم. من جگە لەو، کەسی دیکە ناناسم.

بەڵام کاک ڕەشیدی سپێهری ئەم ناوانەی بۆ ناردووم: «پوورە نەنێ دایکی کەریمی خەیات کە ماڵیان لە پشت ماڵی میرزا عەلی کامەلایی بوو؛ پوورە ئامینەی ژنی دەروێش سەیاد لە گەڕەکی کێلەشین؛ دادە ئایشێ دایکی عومەری خەیات لە گەڕەکی تاڵوار؛ ئەشرەفی هاوسەری ئەحمەد مەلەوان لە گەڕەکی بەربەردان؛ پوورە زولەیخا لە گەڕەکی قەبران؛ دادە خاتوون هاوسەری مستەفای داڵاندار لە گەڕەکی

زاخەکان و پوورە حەلیمەی خوداکەرەمی لە گەڕەکی خانەقا.»

## ٧٤. کیسەکێش و کرێکاری حەمام

لە حەمامی پیاوان‌دا لە بۆکان، جگە لە حەمامچی و توونچی، دوو چەشنە کرێکار هەبوون: ئەوانەی وا خزمەتی خەڵکیان دەکرد و فۆتەیان بۆ دەهێنان و ئەوانەی وا کیسەی خەڵکیان دەکێشا. کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم ناوانەی لەو پەیوەندییەدا بۆ ناردووم کە دیارە هی سەرەتاکانی کار نین و هی ماوەی تەمەنی خۆیین کە لە من گەلێک کەم‌تەمەنترە:

«کاک عەلی و کاک محەممەدی ناوە، عەلی حەمامچی باوکی کاک حەمەساڵە و کاک عەولای مەشهوور بە باوکمردوو (خۆشنوود)، کاک حەمەحسێن جانالی ناسراو بە حەمەحسێنی دەڵاڵ، عەبووی فەقێ کەریمی مەشهوور بە عەبووی نەنێ (کە کۆنە هاوڕێ و هاوگەڕەکی و هاوپۆلی قوتابخانەی منیش بوو)،[١] کاک حەمەساڵەی بۆکانی، وەستا محەممەدی ئەلیاس‌وەند، حەیدەرە عەجەم و حەسەنەکەڕ، (کە خەتەنەی کوڕانیشی دەکرد.»

هەروەها کاک ڕەشیدی سپێهری ئەم ناوانەی بۆ نووسیوم کە وا هەیە لە یەک شوێن‌دا لەگەڵ لیستەی کاک جەعفەر تەواو یەک نەگرنەوە، «کاک قادری ئەلیاس، محەممەدی کاکەڵڵا، کاک ڕەسووڵ یەنگیجەیی، حەمەساڵە برای حەمەحسێنی دەڵاڵ، عەلی خاڵەناوە و حەیدەر عەجەم.»

---

١. کاک برایم فەڕشی ئەم بیرەوەرییەی سەبارەت بە کاک عەبووی فەقێ بۆ نووسیوم: «کاک عەبوو قسەخۆش و جەفەنگی بوو، بەیانییەکی زوو لەگەڵ کاکم چووین بۆ حەمام، دانیشتبووین بۆ نۆبەی کیسە. ع. ق. مامۆستایەکی قوتابخانە، هات و چاوەڕوان بوو نۆبەی بێ، کاک عەبوو ڕووی تێکرد و گوتی پرسیارێکت لێ‌دەکەم ئەگەر جوابی دروست بدەیەوە ئەوە نۆبەبڕیت بۆ دەکەم، مامۆستاکە قبووڵی کرد، کاک عەبوو پرسی: «باوکی کوڕەکانی حەزرەتی عەلی نێوی چی بوو؟» کابرا هێندێک بیری کردەوە و کوتی وەڵا عەبوو ئەو دەرسەمان قەت نەخوێندووە! دەوروبەر لە قاقای پێکەنینان دا، کاک عەبوو کوتی باشە ئەوەت نەزانی پرسیارێکی هاسانترت لێ‌دەکەم: باوکی کوڕەکانی حاجی عەلی فەڕشی ناوی چی بوو؟ مامۆستای گۆڕین چاوێکی لە کاکم کرد و کوتی ئەوە دەزانم، حاجی عەلی!»

کاک ڕەشید ئەم ناوانەشی وەک «فۆتەگیر»ی حەمام بۆ ناردووم: «محێدینی برای محەممەد ناسراو بە هەیاس و محەممەدێک کە شۆرەتی نازانم و عەبدوڵڵا کەریمی.»

## ٧٥. کەرەسەی وەرزش

ئەمــە، کار و کاسـبییەکی تازەیـە و بـە بیرەوەریی من شـتی وا لە بـۆکان نەبوو. وا بزانم کاک عەبدوڵڵا مسـگەری لەم دواییانەدا هەندێک شـتی وەرزشیی دەفرۆشت. ڕەنگە ئێستا لە دووکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەدا لە بۆکان، هەندێ کەرەسەی وەرزش وەک جلوبەرگـی وەرزشـیش بفرۆشـرێ، بـەڵام ئـاگادار نیـم دووکانـی سەربەخۆی شتومەکی وەرزشی هەیە یان نا؟

کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم دوو ناوەی وەک فرۆشـیاری کەرەسـەی وەرزش لە بۆکان بۆ نووسیوم: «برایم مەردانبەگی وعوسمان تووتنچی.»

## ٧٦. شووشەبڕی و شووشەفرۆشی

کاک جەعفـەر مەردانبەگـی لـە پەیوەندیـی باسـەکەدا خاڵێکـی گرنگـی دەسنیشـان کردووە، کاتێ دەنووسـێ: «ئەو کات هەر نەجاڕەکان شووشـەیان دەفرۆشت.» ئینجا ئەم ناوانەشـی نووسیوە: «وەسـتا عومەری شووشەبڕ، وەستا قادر، وەستا سمایلی مەحموودی و وەستا ڕەحمانی شووشەبڕ.»

کاک ڕەشـید سـپێهریش ئەم ناوانەی بۆ نووسـیوم: «وەستا مستەفای نەجاڕ، وەستا تەهای نەجاڕ، وەستا ڕەحمانی نەجاڕ، وەستا سوورە و وەستا ڕەحمانی شووشەبڕ.

من خۆم، لە شووشەبڕی بۆکان تەنیا حاجی مستەفای نەجاڕیم لە بیرە.»

## ٧٧. گەچ و ئاهەک و سمیت و خشت و ئاسن و داری ساختمان

لەبیرمە جاران کەسێک کە ماڵی دروست دەکرد یا سنەیی گوتەنی ماڵی دەناوە، ئێواران کاتی دووکان داخران، دووکانداری دۆست و ناسیاو سەردانی شوێنەکەیان دەکرد و

هــەر کــەس پێشــنیارێک و ڕەخنەیەکی دەردەبڕی. ماڵی خەڵک بەگشــتی لە دوو قات تێنەدەپــەڕی. یەکــەم بینای ســێ قات کە دروســتکرا وا بزانم لە ســاڵانی ١٣٥٠دا لە ڕووبــەڕووی نەخۆشــخانەی شێروخورشــید، هــی کاک مینــە زیرەکی بــرا گەورەی حەسەن زیرەک بوو. ئێستا وا بزانم بینای وا لە بۆکان زۆرن.

کەرەســەی ســاختمان بەگشــتی لــەلاوە دەهێنــرا، بــەڵام وا بزانــم ئاهەکیــان لــە بۆکانیش دروســت دەکرد. هەروەها چەند ســاڵێک پێش شۆڕشــی ١٣٥٧ ماڵی زیایی کوورەخانەیەکــی خشــتی ســووریان لــە قازڵیــان دانــا. کاریتــە و تیرەگــی دارەڕای ماڵیــش هــەر لە دارســتانەکانی بۆکان و دەوروبەری بەرهەم دەهات. ســاڵانی ١٣٣٠ ـ ١٣٤٠ کابرایەکــی ئەرمەنــی و یەکی ئازەری داری قۆرغ و دارســتانەکانی بۆکان و دەوروبەریان دەکڕی و بە ماشێن دەیانبردن بۆ عەجەمستان.

لە بۆکان چەند دووکان هەبوون کە بەشێک لە کەرەسەی بیناسازییان دەفرۆشت، لەوانە یەکیان نەمر مەلا عەبدوڵڵای حەسار بوو کە دووکانەکەی لە سەرەتای کۆڵانی جــووەکان ڕووبــەڕووی دووکانــی کاکــم بوو.[١] یەکی دیکەشــیان حاجــی فەتحوڵڵای موقتەدیــری بــوو. دەزانم کاک عەلی ئیســماعیلپووریش دوای خانەنشــینی لە کاری مامۆستایی، ئاسنفرۆشیی دەکرد.

کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم ناوانەی وەک فرۆشیاری «مصالح ساختمانی» بۆ ناردووم: «کاک قادر کەریمی، کاک قادر باوەمین، میرزا حسێن فاتحی، کاک فەتحولا فاتحــی، میــرزا عــەولای فەتحــی، حاجــی مســتەفا مەعــرووف بە حاجی ســووتاو و ڕەسووڵ نەجاڕی.»

١. مەلا عەبدوڵڵای حەســار لە ســەردەمی کۆماری کوردســتاندا هاوڕێی خەبات و دۆســتی مامۆستا هەژار بوو، لە بەرەو موکریاندا هەژار دەڵێ: «ئەمجەد و قازی، مەلا ڕیشی حەسار/ کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەســار؟» کە مەلا ڕیشــی حەســار هەر ئەم مەلا عەبدوڵڵایەیە، ئەمجەد مەلا ئەمجەدی عوسمانی و قازیش قازی کاکەحەمەی قزڵجییە.

## ٧٨. بەردتاشی

ئەو بەردانەی وا لە بۆکان دیبێتم بە زۆری، بەردی ئاهەکین. وا هەیە لە گوندەکانی دەوروبەر بەردی دیکەش دەست بکەون، بەڵام بەردتاش لە بۆکان بەگشتی لەسەر بەردی ئاهەکی کە بەردی سپی پێدەگوترا کاریان دەکرد چ بۆ پایەی دیواری ساختمان و چ بۆ دروستکردنی حەوز و لێواری جۆگە و کێلی قەبر بێ.

وەک بەردتاش لە بۆکان، من تەنیا کاک عەلی عەسکەریم لە بیرە، بەڵام کاک ڕەشید سپێهری ئەم زانیارییانەی لە پەیوەندیی مەسەلەکەدا بۆ ناردووم. دوو کەسی یەکەمیان برای کاک عەلی عەسکەری، واتە کوڕانی حەسەن عەسکەرن: «سەعید عەسکەری، ڕەحمان عەسکەری (زۆرجار دەچوونە شارە فارس و تورکنشینەکان دەنا لە بەر ماڵی ساحێبکارەکە بەردیان دەتاشی. لەم دواییانەشدا لە پەنا حەمامی مەڕمەڕ کارگەیەکی بەردتاشی و خشتی سمیتیان دانابوو)؛ عەبدوڵڵا باپیری، عوسمانی وەستا محێدین (ڕووبەڕووی زیندانە گەورەکەی ئێستا بەردی دەتاشی) و محەممەدی باپیری کە لە بەر ماڵی خۆیان ڕووبەڕووی ماڵی کاک حەمەی نستانیپوور کاری دەکرد.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش ئەم دوو ناوەی بۆ نووسیوم: «وەستا خالیدی عەسکەری و وەستا محەممەد فەرهەنگ، کە لە پشت حەمامی کۆن کاریان دەکرد.»[١]

## ٧٩. مۆدنە و سەبیلە

من نازانم توتن و جگەرە لە کەیەوە ڕێگەیان کەوتۆتە ناوچەی ئێمە، بەڵام لایکەم دەبێ ٢٠٠ساڵێک بێ کە توتن لە ناوچەکەمان بەرهەم دێ. مۆدنە و سەبیلە و قەندە (قەننە) لە پەیوەندیی توتن و جگەرەکێشاندان. سەبیلە شتێکە وەک پیپ. قەندە درێژە و تەنانەت هەندێک جار کابرای قەندەکێش خۆی دەستی پێناگا هەڵیبکا

١. وەک دەبینرێ لێرەدا ناوی چوار کەس، واتە عەلی، سەعید، ڕەحمان و قادرخالیدی عەسکەری وەک کوڕانی حەسەن عەسکەر و بەردتاشی بۆکانی هاتوون. هیوادارم هەڵە لە ناوەکان نەکەوتبێ.

هــەر بۆیەش لە ڕابردوودا ئاغاواتی دەسڕۆیشــتوو کەســێکیان بەنــاوی قەندەچی یا قەندەدار هەبووە کە ئەم ئەرکەیان بۆ ڕاپەڕێنێ!

لــە بــۆکان هــەر لــە کۆنــەوە کەســانێک هەبــوون کــە مۆدنەیــان لــە دار یــان گڵ دروســتکردووە و فرۆشــتوویانە. لە ســەردەمی منداچ حاجی عەبدوڵڵای نەزەری و هەروەهــا مــەلا محەممــەدی تاهیرئــازەر کە بــە «مەلاســەبیلە» ناودەبرا، لە تەنیشــت مزگەوتــی بــازاڕ دووکانێکــی بچووکــی هەبــوو تێیــدا هــەم کتێبــی دەفرۆشــت، هەم دەرســی قورئانی بە منداڵان دەگوتەوە و هەم ســەبیلە و مۆدنەی دروست دەکرد و دەیفرۆشتن.

ســەبارەت بەو دوو کەســە و کەســانێکی دیکەی بەو کارەوە خەریک بوون کاک ڕەشید سپێهری ئەم دێڕانەی بۆ نووسیوم:

«حاجــی عەبدوڵــڵای نەزەری لە هەموویــان کارجوانتر بــوو. چەقۆ و خەنجەر و مۆدنــەی دارکەوتــی دروســت دەکرد و دەســتی چاککردنــەوەی چەکی گەرمیشــی هەبــوو. ناوبــراو ســەرەتا لــە خیابانــی کۆن و لــە شــوێنێکی نزیــک دووکانی حاجی حەســەنی محەممــەدی کــە دواتر بوو بە هــی کاک غوەڵام، دووکانی هەبوو، پاشــان چــووە دووکانێکــی بچووکــی نێوان شــەقامی کۆن و تازە. مامۆســتا مــەلا محەممەد تەنیا سەبیلەی دروست دەکرد؛ حەمەدەمینی سەیزادە لە پەنا ماڵی حەسەنی نەورۆز ســەبیلەی دروســت دەکــرد و عەبەچەقــۆش مۆدنــە و ســەبیلە و چەقــۆی دروســت دەکرد.»

کاک برایم فەڕشی کە ماوەیەک قوتابیی مامۆستا مەلا محەممەد بووە، لە کتێبی ئەلێکترۆنیکیــی «ســەفەری خەیاڵــی بۆ بــۆکان» (ســاڵی ١٣٦٤)دا بابەتێکی هونەری و ڕازاوەی ســەبارەت بــە دووکانەکــەی مامۆســتا، کەســایەتیی خــۆی و ســەبیلە دروستکردنەکەی نووسیوە کە من بە سپاسەوە لە پەراوێزدا دەیهێنم:[١]

---

١. «توونییەتــی زۆری بــۆ هێنابــووم، لە بەردەرکی مزگەوتە چکۆلە ڕاوەســتابووم، چاوم بە کتێبــەکاندا دەخشــاند، دەمنــەی جوراجور بە شــکلی کەڵەباب و تاوس و شــتی دی بەرچاو دەکەوت، ئێرە دووکانی بانگبێژە دەنگخۆشەکەی بۆکانە. پێش بوومەلێلی بەیانی ئەو کاتەی کــە هەمــوو کــەس لە خــەودان، دەنگی مەلا محەممەد بــەرز دەبێتەوە، موناجاتــی بەرەبەیان

بەسپاسی زۆرەوە بۆ برایان برایم فەڕشی، ڕەشید سپێهری، جەعفەر مەردانبەگی و

---

سۆفی و سەید و حاجی و نوێژکەر بەرەو مزگەوت بانگ دەکا، شێعرە جوانەکانی لەگەڵ دەنگی خۆش، خەوی منداڵەکان شیرینتر دەکا. دەگێڕنەوە باوکی مەلا محەممەد یەکەم بانگبێژی دەنگخۆشی ناوچە بووە، کاتێک لە حەمامیان بانگی دەدا لە بۆکان خەڵک بەرەو مزگەوت ئاوا دەبوون.

چوومە پێش و سڵاوم کرد، زۆر بەڕووخۆشی وەڵامی دامەوە، دەستی لە نێو جامێک دابوو، قوڕەکەی خۆش دەکرد، هێندێکی لە بەری دەستی دادەنا، تۆزێک کایەی پێدەکرد، ئەوجا وەک پەیکەرسازێکی ماهیر، شکلی پێدەدا، بە دارێکی زەریف وەک نەققاش خەریکی گڵەکە دەبوو، ئەوی دادەنا دارێکی پانتری هەڵئەگرت دیسان خەریک دەبوو، هێندی پێنەدەچوو، مراوییەک، کەڵەبابێک، تاوسێک زیندوو زیندوو لەنێو دەستی دەهاتەدەر، دوای ئەوە دەمنە (مۆدنە)کە تەواو دەبوو، دایدەنا وشک بێتەوە، پاشان ڕەنگی دەکرد.

مامۆستا کتێبی کوردیت هەیە؟ سەیرێکی کرد، بەبێ مەیلییەوە کوتی: «تەماشاکە بزانە هەیە!» چاوم گێرا وتم: مامۆستا هیچ نابینم. وتی: «دەی کاکە کاتێک نابینی یانی چی؟» وەبیر خۆم و کوڕە لاوەکەی لای سینەما کەوتمەوە، کوتم: نازانم یانی چی! تۆزێک شڵەژا، نێوچاوانی تێکنا، بە تووڕەییەوە کوتی: «یانی نییە کاکە» مۆدنەیەکی کەڵەبابی هەڵگرت دەستی کرد بە ڕەنگ کردنی، زۆر بە سەلیقە ڕەنگی دەکرد. ڕاوەستابووم. سەیرم دەکرد. متەق لە داروبەرد بێ، لە منەوە نەدەهات، وەبیر زەمانی منداڵی کەوتمەوە، کاتێک کە باوکم لێم تووڕە دەبوو. خەریکی کاری خۆی بوو، جارجارە بە دزییەوە تەماشایەکی دەکردم، نێوچاوانی وردەوردە گەش بووە، هەروا کە ئیشی دەکرد وتی: «خەڵکی کوێی؟»

بەپەلە کوتم: سەری خۆت مامۆستا بفەرموو نێوچاوانی من چی لێنووسراوە؟ بزەیەکی هاتە سەر لێو: «کاکە خۆ من فاڵگیر و ڕەممال نیم!» بۆم گێڕاوە کە لە بەیانییەوە چەند کەڕەتیان لێپرسیووم، باسی کابرای ڕانک و چۆغە لەبەر، باسی قالەمەڕە، باسی لاوەکەی لای سینەما. نێوچاوانی تەواو گەش ببووە. وتی: «کاکە شارەکە خنجیلانەیە هەموو کەس یەکتر دەناسن، جا ئەوەیە کابرای میوان بەرچاوە.» باشە مامۆستا لە کوردەواریدا ڕێز لە میوان دەگرن ئەتۆ ...نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم کوتی: «لە کوردەواریدا میوان خۆشەویستە، پێی لەسەر چاوانە، بەڵام ڕووی پیاوی خراپ ڕەش بێ، چەند ڕۆژ لەوە پێش لەسەر کتێبێک بەناوی فڕیفڕی قەل فڕی لە سابڵاخ پەندێکیان پێدام کە بۆم ناگێڕدرێتەوە، دوای لە زیندان کردن و چەرمەسەری بەرەڵایان کردم، پێیان کوتم نابێ کتێبی کوردی بفرۆشی.»

بەگاڵتە کوتم: «مامۆستا پێت وایە ئەم قەلەڕەشە بفڕێ؟ بزەیەک هاتە سەر لێوی. چەند کتێبم لێوەرگرت و خواحافیزیم کرد. لەسەر یەک لە کتێبەکان ناوی شەفیعیم بەرچاو کەوت مامۆستا مەلا عیسامەددین شەفیعی شاعیری کورد، شێعری بە فارسی و کوردی و عەرەبی هۆندۆتەوە.

مەولەوی فارس دەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت می‌کند      وز جدائی‌ها شکایت می‌کند

مامۆستا مەلا عیسامەددین شەفیعیش دەڵێ:

مشنو از نی، نالەاش ازبیدلی است      بیدلان را عاقبت بی‌حاصلی است

ڕەحیم بەهرامزادە کە لەم بەشەدا هاوکارییان کردم.

## ٨٠. مسگەری

لە ڕاستیدا نازانم گەلۆ کاری مسگەر لە بۆکان دروستکردنی کەرەسەی مسی بوو یا هەر سپیکردنەوە و چاککردنەوەیان. بە بیرەوەریی من، عەجەمی زەنجان هاتوچۆی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەریان دەکرد و مەنجەڵ و ئاوگەردان و مەجۆعمە و کەوگیر و ئەفتاوە و لەگەن و شتی ئەو چەشنەیان دەفرۆشت. نازانم مسگەرەکانی بۆکانیش خۆیان هەمان ئەو کەرەسانەیان دروست دەکرد یان نا؟ بەڵام دەزانم ئەوانەیان سپیدەکردەوە. ناوی مسگەرەکانیشم لە بیر نییە جگە لە حاجی ئەحمەدی مسگەری. وەستا ڕەحیمی مسگەریش ناوی زۆری هەبوو و عەبدوڵڵای مسگەریی کوڕی ئەو، دووکانی عەتاری هەبوو، واتە مسگەریی نەدەکرد، جا نازانم محەممەدی کوڕی مسگەر بوو یان نا؟

کاک ڕەحیم بەهرامزادە ئەم دێڕانەی خوارەوەی لە باسی کاری مسگەری لە دەوروبەری بۆکاندا بۆ نووسیوم:

لە سەردەمی منداڵیی مندا یەک یا دوو دووکانی مسگەری لە خیابانی کۆن هەبوون. یەکیان هی حاجی ئەحمەدی مسگەری بوو. مسگەر لە بۆکان بەگشتی قاپ و قاچاغی ماڵانی سپیدەکردەوە یا ئەفتاوەی کون و شتی ئەوتۆی چاک دەکردەوە. نەمزانیوە لە بۆکان کەرەسەی مسی دروستکرابێ، ئەگەریش بووبێ من ئاگام لێی نییە. کەرەسەی مسی عەجەمی زەنگان (زەنجانی ئێستا) دەیانهێنا و لە شار و گوند بە خەڵکیان دەفرۆشت.[1] هەموو ساڵێک کاتی بەهار، مسگەر بۆ سپیکردنەوەی قاپ و کەوچک و مەنجەڵی مس ڕوویان لە گوندەکان دەکرد. مسگەر پێش سپیکردنەوە،

---

بشنو از من شور عشقم در سر است نالە عاشق نوائی دیگر است

١. زەنگانی تەنانەت لە جەنگەی شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستاندا لە گوندەکانی باشووری کوردستان بوون و شتومەکیان دەفرۆشت! پێشمەرگەیەک کە لە مەهابادەوە چووبووە یارمەتیدانی شۆڕش لە باشوور، ئەوەی بۆ گێڕامەوە.

قاپ و کەوچکی بە زیخ دەساوی و ژەنگی لێدەکردەوە و پاشان ئەگەر باشم لە بیر بێ بە «قەلایی» ڕووکێشیان دەکرد. بۆ خاوێنکردنەوەی مەنجەڵ هەندێ خیزیان لە بن مەنجەڵەکە ڕۆدەکرد و کوتەچەرمێکیان لەسەر خیزەکە دادەنا. شاگرد مسگەر دەچووە نێو مەنجەڵەوە و دەستی بە دیوارەوە دەگرت لەسەر چەرمەکە بە چپ و ڕاستدا خۆی با دەدا. بۆیە کورد دەڵێ: «ئەوە سەوەتەیە و سەنعەت، مسگەری نییە و قوون بادان!» هەروەها: «لە زەنگانەوە هەموو ساڵێ چەند کەس بۆ مەنجەڵ و قاپ و کەوچکی مسفرۆشتن، دەهاتن بۆ گوندی «کرکرە». ئەوان شتەکانیان بە قەرز دەفرۆشت و پاییزان بۆ قەرز کۆکردنەوە دەهاتنەوە. هەر کەس بیگووتایە نیمە و ناتوانم قەرز بدەمەوە، دەچوون لە ماڵی دایاندەکوتا. کابرای قەرزدار هەر جۆرێک بووایە قەرزەکەی دەدانەوە و ئەو سێچوار کەسەی لە مل خۆی دەکردەوە. بۆیە ئەگەر کەسێک بۆ سەندنەوەی قەرز زۆری بۆ قەرزدار دەهێنا دەیانگوت کاکە واز بێرە خۆ تۆ زەنگانی نیت! ئەو زەنگانیانە لە یادداشتەکانی خۆیاندا ژمارەیان بە حیسابی ڕۆمی [ڕقومی؟] دەنووسی. هەر چەندە ئێمە قەرزدار نەبووین باوکم ڕۆژێک بۆ نانی نیوەرۆ یەکێک لەوانەی هێناوە بۆ ماڵێ و وتی ئەو ژمارانە فێری کوڕەکەم بکە. من ئەو کات ژمارەی ڕۆمی لە یەکەوە تا دە فێر بووم.»

کاک ڕەشید سپێهری ناوی سێ کەس لە مسگەرە قەدیمییەکانی بۆکانی بەو شێوەیە نووسیوە و بۆی ناردووم:

«وەستا ڕەحیمی مسگەری، زڕباوکی سەید محێدینی تەنەکەساز، لە سەرووی قەسابییەکەی ڕەحمان چاوشین دووکانی هەبوو و مەنجەڵ و تەشت و ئەفتاوە و لەگەنی سپی دەکردەوە و سەتڵ و ئەفتاوەی تەنەکەشی دروست دەکرد. ئەویش لە دوای هەرەسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان هەلات بۆ باشووری کوردستان و پاش چەند ساڵ گەڕایەوە و لەگەڵ ئەسعەدی کوڕی بەهۆی نەخۆشی و نەدارییەوە گیانی لە دەست دا. یادی بەخێر بێ. وەستا محەممەدی مسگەری، لە سەرووی دووکانی پینەچییەتیی خلە سەدتمەنیدا مسگەریی دەکرد. ئەویش لەگەڵ عەبلای برای، قاپ و مەنجەڵ و کەرەسەی مسی دیکەی سپی دەکردەوە. دواتر ئەم دوو برایە

دووکانەکەیان فرۆشت بە وەستا سمایلی تورک کە کتری و سەماوەری تەنەکەی دروست دەکرد. وەستا محەممەد دووکانێکی دیکەی لەپەنا شیرینیفرۆشییەکەی برادەران کڕی. ئەو کات دنیای نایلۆن نەبوو، هەر مەنجەڵ و تاوە و کەوگیرێکی مس بەرگەی زیاد لە بیست ساڵی دەگرت، تەنیا دەبوو سپی بکرێنەوە.»

## ٨١. جۆشکاری

ئەوە سەنعەتێکی تازەیە و لەمێژ نییە لە بۆکان سەری هەڵداوە (وا هەیە ٥٠ ساڵێک ببێ). جۆشکاری بەگشتی پەیوەندیی بە ئاسن و کاروباری خانووبەرەوە هەیە.

کاک برایم فەرشی لەم پەیوەندییەدا بۆی نووسیوم:

«ئەوەی بە بیری من بێ مەشەدییەکی ئازەری کە ناویم لە بیر نەماوە لە دەوری فەلەکەی خوارێ [فەلەکەی گاراج]، دووکانی جۆشکاری هەبوو و پاشان هێدیهێدی بەشێک لە نەجارەکان وەک حاجی مستەفای نەجاڕی بەرەو دروستکردنی درگا و پەنجەرەی ئاسن چوون و جۆشکاریش بوو بە بەشێک لە کاری ئەوان. هەر حاجی مستەفا چەند شاگردی هەبوو کە یەکیان تارانی بوو، کوڕی خاڵی منیش «عەبدوڵڵا پیرۆتی» و چەند کەسی دیکە کاریان لا دەکرد و دوایە هەر کام لەو کەسانە دووکانی خۆیان کردەوە. بەرلە مەشەدی و دوای ساڵی ١٣٥٧ ئاگاداری کارەکە نیم.»

کاک ڕەشید سپێهری دەنووسێ:

- «وەستا سمایلی تورک کە تەنەکەسازیی دەکرد، دووکانی جۆشکاریشی دانا، بەڵام ئەو وەستا ئازەرییانە کاتێ کە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکرد هەموویان گەڕانەوە شارەکانی خۆیان.»

## ٨٢. پەنچەرگیری

ئەوە پیشەیەکە وا بزانم لە ساڵانی ١٣٣٠دا لە بۆکان سەری هەڵدا. سەرەتا کاتێ ئیشوکار کەم بوون، تەعمیرکارەکان کاری پەنچەرگیریشیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام

دواتـر دووکانـی تایبەتـی بۆ کرایـەوە و خەڵکانێک پێیەوە خەریک بـوون. بەداخەوە ناوی پەنچەرگیرەکانی بۆکان نازانم.

## ٨٣. ناڵبەندی

ناڵبەنـدی پیشـەیەکی کۆنـە و بـە دڵنیایـی لە خەڵکی ئێسـتای بۆکان کـەس لە بیری نییـە و نازانـێ یەکـەم ناڵبەندەکانـی بـۆکان کێ بوون. شـوێنی پیشـەی ناڵبەندی لە بۆکان لە مەیدانی کافرۆشەکان لە نێوان خیابانی کۆن و خیابانی سەقزدا بوو، بەڵام وا بزانم ناڵبەند لە گوزەری ئاسـنگەرەکانیش هەبوون. کاتێ ئەسـپ و ماین و ئێستر لـە بـۆکان و دەوروبـەری لـە کەمبیاندا، ئیتـر دووکانـی ناڵبەندەکانیـش وردەوردە داخران و نەمان. لە ناڵبەندەکانی سەردەمی منداڵیم تەنیا ناوی میرزا حەمەحەسەنی نەعلبەندیم لە بیرە.

کاک برایم فەرشی ئاماژەی بەو دێڕەی سەرەوەی من کردووە کە نووسیومە: «وا بزانـم ناڵبەنـد لە گوزەری ئاسـنگەرەکانیش هەبـوون.» هەروەها گوتوویەتی: «تەنیـا شـوێنی ناڵبەنـدەکان مەیدانی کافرۆشـەکان بوو. لەو مەیدانـە چەند ناڵبەندی لێبـوو، نـاڵ لـە تەورێزەوە دەهات و دەزانم باوکم ناڵی بـۆ دەهێنان، لە بیرمە چەند جار من خۆم لەگەڵی بووم لە گوزەری ناڵفرۆشەکانی بازاڕی تەورێز، فرۆشیارانی نـاڵ لـەو گـوزەرە، بـە زاراوەیەکـی جیـاوازی ئـازەرەی قسـەیان دەکـرد. من خۆم زۆرجـار لـە مەیدانی کافرۆشـان ڕاسـپاردەی باوکم دەگەیاندە ئـەو چەند ناڵبەندەی بۆکان، زۆرجاریش ناڵم دەبرد بۆ ئەو ناڵبەندانە، ئەڵبەت بە چەرخی تایبەت. زۆرجار ڕادەوەسـتام و سـەیری ئـەو ناڵبەندانـەم دەکـرد کـە زۆر لێزانانـە ناڵـی ئەسـپ و گوێدرێژ و ئێستریان دەکرد، بەداخەوە ناوی ئەو دوو ناڵبەندە قسەخۆش و بۆکانی گوتەنی خوێنشیرینانەم لە بیر نەماوە.»

## ٨٤. کاروانسەراداری

بۆکان شـوێنێکی نێوڕێیانە و هاتوچۆی زۆری بەسـەرەوەیە. هاتوچۆی خەڵکانی نێوخۆی ئێران و خەڵکی سەرسنوور یان ئەوپەڕی سنوور لە باشووری کوردستان، هەروەها هاتوچۆی نێوان کرماشـان و سـنە و سـەقز لەگەڵ ئازەربایجان بەگشتی لـە ڕێگـەی بۆکانەوە بەڕێـوە دەچێ. ئەوە لەلایەک و هاتوچـۆی خەڵکی گوندەکانی دەوروبـەر بـۆ بۆکانیـش لەلایەکی دیکە، هەر لە کۆنەوە بۆتە هۆی دروسـت بوونی هەندێک کاروانسەرا و «خان» کە میوانیان تێدا حاواوەتەوە.

لە بۆکانی قەدیم و سـەردەمی پێش کرانەوەی هوتێل و موسـافیرخانە، هەندێک مـاڵ هەبـوون کـە میوانداریی موسـافیر و ڕێبوار و چۆداریان دەکرد. ئەو شـوێنانە دەبووایـە جێگـەی تایبەت بۆ مرۆڤ و ئەسـپ و مەڕوماڵاتی موسـافیریان هەبێ کە وا هەبـوو لـە گوندەکانی دەوروبەر و تەنانەت شـارەکانی دیکەوە دەیانهێنا «بازاڕی حەیـوان» لە بـۆکان یا بە بۆکاندا تێپەڕ دەبوون و دەیانبردە بازاڕی قەباغکەندی لە نزیک میاندواو.

کۆنترین بیرەوەری لەسـەر کاروانسـەراکانی بۆکان وا هەیە لەو سەفەرنامەیەدا هاتبێ کە نەمر مسـتەفا تەیموورزادە بازرگانی سـەقزی سـەبارەت بە ساڵانی نێوان ١٢٩٣ تا ١٣٠٤ی هەتاوی نووسیویەتی و تێیدا باسی سەفەرێکی خۆی لە سەقزەوە بـۆ تەورێـز دەکا و دەڵێ: «لەگەڵ کاروانی سـەرداری بۆکان لە سـەقزەوە چووم بۆ بۆکان و شـەو لە کاروانسـەرای سـەردار مامەوە...» هەر لەوێدا دەڵێ بۆکانی ئەو دەم «تەنیـا یـەک قاوەخانـە، یـەک قەسـابخانە و یـەک کەبابخانەی هەبـوو» (بڕواننە کتێبی «وحشت در سقز»، نشر شیرازه، تهران ١٣٨٠/ ٢٠٠١، لاپەڕە ١٩ ـ ٢٠.

دیارە من ئەو سەردەمانەم لە بیر نییە و هەر بۆیەش دەبێ ئەم کارەی من دەیکەم لاوەکانمـان لـە بـۆکان بیکـەن و بچنە لای خەڵکانـی بەسـاڵاچوو و بیرەوەرییەکانی ئەوان تۆمار بکەن دەنا من لێرەوە جگە لە بیرەوەریی خۆم چیترم پێناکرێ.

من ماڵی ڕەشیدەسـوورم لەسـەر خیابانی سـەقز ڕووبـەڕووی دوخانیاتی کۆن بەباشی لە بیرە و تەنانەت جارێکیش لەگەڵ باوکم یان کاکم لەوێ چووینە سەردانی

عەلیشای زەمبیل. هەروەها ماڵی کاک قادر (قالەسیٚسەر)ی کۆنە دراوسێی ئێمەش شوێنێک بوو کە هەندێک لە ئاغاواتی بەگزادە دەهاتن و لەوێ دەمانەوە.

کاک ڕەشید سپێهری ئەم زانیارییانەی لە پەیوەندی بابەتەکەدا بۆ ناردووم:

«لە بۆکان لەجیاتی موسافیرخانە، کاروانسەرا هەبوو؛ کاروانسەراکانیش شێوازی چینایەتییان بوو؛ بۆ نموونە، ماڵی مام ڕەشیدەسوور (ڕووبەڕووی دوخانیاتی کۆن لەسەر خیابانی سەقز)؛ ماڵی فاتمەخانم (لە کۆڵانی ماڵی پاڵەوانی) و ماڵی باوەمین (لەسەر خیابانی سەقز) جێگای ئاغاوات و دەوڵەمەندان بوون. ئەم کاروانسەرایانەی خوارەوەش فەقیرنشین بوون:

ئاغای قالەچاوشین (لە کۆڵانی ماڵی سەیدی بەننا)؛ سۆفی ڕەحمان (لە کۆڵانی ماڵی حاجی بایزی ئیسماعیلی)؛ محەممەد بەردەزەردی (لە کۆڵانی ماڵی ڕەزاییەکان)؛ حەسەنبەگی مێردی خات ڕێحان (لەلای ماڵی حاجی زولەیخا)؛ ڕەشیدی یۆسفی (لە خیابانی میراوا ڕووبەڕووی ماڵی کاک کەریم جۆڵا باوکی کاک حەمەعەلی)؛ ڕەحمان سنجوو (لە کۆڵانی ماڵی حەقیقی)؛ ڕەشید چوارچاو (لەلای ماڵی کاک فەتحوڵڵای قاوەچی)؛ خلە گەورک (لای ماڵی مەحموودی حەیدەری)؛ خلە سەدتمەنی (لە کۆڵانی ماڵی ئەسکەندەری)؛ ڕەشید باوکمردوو (لای ماڵی ڕەسووڵ گلێنە)؛ ئەحمەد ڕەشەگۆشت (ڕووبەڕووی پشت خەندەک)؛ مام عەلییەکوێرە لە کۆڵانی سەیدەشەلە؛ ئەحەدعەجەم لە کۆڵانی ماڵی فاتم بێوەژن (ڕووبەڕووی ماڵی خەجێ کلاوڕەش)؛ مام ڕەشیدی باوکی عەبەکەچەڵ (لە کۆڵانی ماڵی فاتحی)؛ مەلا دووژنە (لە کۆڵانی ماڵی سامبەگی) و کاک حەمەکەریم لە گەڕەکی قەبران.»

کاک برایم فەڕشیش بۆی نووسیوم: «دیوار بە دیواری ماڵی ئێمە، واتە لە پشت ماڵان، کاروانسەرایەک هەبوو بەناوی کاروانسەرای «کەیکاوس» کە دەرگاکەی لەسەر خیابانی سەقز نەبوو و لە پشت ماڵان بوو، ماڵەکەی ئێمە دەرگایەکی دەکەوتە سەر خیابانی سەقز و دەرگای دووهەمی دەکەوتە سەر ئەو کۆڵانەی پشت ماڵان. کاروانسەرای کەیکاوس شوێنێکی تایبەت بوو، جگە لە کاروانچی و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر، زۆربەی ئەو کەسانەی وا ورچ و مەیموونیان هەڵدەپەڕاند و

کاری سەیروسەمەرەیان دەکرد دەهاتنە ئەوێ و هەر لە حەوشی کاروانسەرا ورچ و مەیموونیان هەڵدەپەراند. ڕۆژی بەرنامەکە بە دەهۆڵ خەڵک ئاگادار دەکرا و ئەو ڕۆژە حەوشەکە پڕ دەبوو لە خەڵک. ئێمە و زۆر منداڵی دیکە دەچووینە سەر سەربانی ماڵی خۆمان و ماڵەکانی دەوروبەر و سەیری بەرنامەکەمان دەکرد.

کاروانسەرای دووهەم دەکەوتە کۆڵانی ماڵی برایانی ئەسکەندەری، ئەو کاروانسەرایە ناوی کاروانسەرای «خلە سەدتمەنی» بوو، شتێکی تایبەتی ئەو کاروانسەرایە ئەوە بوو کە وشتریشی ڕادەگرت، لە بیرمە جارێک هەر لەو کاروانسەرایە وشترێکی نەخۆش یان برینداریان سەر بڕی و گۆشتەکەیان دابەشکرد، دەگوترا گۆشتی وشتر شیرینە. هەم کەیکاوس و هەم خلە سەتمەنی دوو مرۆڤی بەڕێز بوون و هەرکیان لە بیرەوەرییەکانی مندا جێگای خۆیان هەیە.»

## ۸۵. کا و وێنجەفرۆشی

ئەم کەسبە پەیوەندیی هەیە بە مەڕومالات و چۆدارییەوە. لە بۆکان هەندێک دووکان لە مەیدانی کافرۆشان هەبوون کا و وێنجەیان بەو موسافیرانە دەفرۆشت وا تفاقی حەیوانیان لێدەبڕا. لە گوندەکانەوە کا و وێنجەیان بە گیشە دەهێنا مەیدانی کافرۆشان، لە دووکانەکەدا هەڵیاندەڕشت و دووکانداریش دەیفرۆشتن.

خەڵکی نێوشار هەروەها بۆ قوڕەکاری و گرتنەوەی گڵەسوورە بۆ سواغی سەربان و دیوار، پێویستیان بە کا دەبوو و هەندێک کەس دەچوون لەو شوێنە دەیانکڕی.

من بەداخەوە ناوی هیچ کەسم لە بیر نییە کە بەو پیشەیەوە خەریک بووبێ.

## ۸۶. بازاڕی حەیوان

بازاڕ شوێنێکی گەورەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بوو لە بۆکان. لە کەیەوە بۆکان ببووە خاوەنی ئەم بازاڕە؟ نازانم، بەڵام بەهۆی سروشتی بۆکان و هەل و هەڵکەوتی دەبێ پیشەیەکی چەند هەزار ساڵەی ناوچەکە بووبێ. لە سەردەمی منداڵیی

منەوە تا کاتێ کە لە بۆکان ڕۆیشتووم، تەنانەت لە ماوەی شەڕ و ئاڵۆزیش‌دا بازاڕی هەفتانەی حەیوان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆکان، واتە ناوچەی «پشت خەندەک» (نێوان زاخەکان و قەبرانی کۆن) هەر کراوە بوو.

ئەوەندەی بزانم خاوەنی ئەو بازاڕە حەمەدەمین‌ئاغای ئێلخانی‌زادە بوو،[1] کە پیاو یا نوێنەرەکانی، لە کڕین و فرۆشتنی هەر سەرێک حەیوان باجێکی دیاری‌کراویان لە خەڵکەکە (وا بزانم فرۆشـیار) وەردەگرت. هەندێک جار بازاڕەکە بە قۆنتەرات دەدرا بە کەسانێک و ئەوانیش داهاتەکەیان بۆخۆیان هەڵدەگرت.

بـازاڕی حەیوانـی بـۆکان لـە سـەردەمی منداڵـی و لاوییەتیـی مـن‌دا ڕۆژانـی چوارشـەممە لە گۆڕاییی‌یەکی بەرینی پشـت خیابانی سـەقز لەو شـوێنەی وا پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد، بەڕێـوە دەچـوو. ئـەو مەئموورانـەی ئاغـاکان کـە بـە کاروبـاری بازاڕەکـە ڕادەگەیشـتن و کومیسـیۆنیان لـە فرۆشـیاری حەیوانـەکان وەردەگـرت، یەکیان ڕەشـیدی ڕۆسـتەم پاڵەوان و کوڕەکەی (کاک محەممەدی پاڵەوانی) و میرزا حەمەدەمینی ڕەشـید ناسکێ بوون. دێهاتی هەمیشە بەدەست مەئمووری ئاغاکانەوە زاڵەیـان بـوو و تەنانەت ئەگەر لە ڕێگا و پێش گەیشـتنە نێو بۆکانیش مەڕوماڵاتیان بفرۆشتایە مەئموورەکان دەگەیشتنە سەریان و ئەو سەدا چەندەیان لێ‌دەسەندن کە لەنێو بازاڕەکە لە خەڵک دەسەندرا.

کاک ڕەشید سپێهری لەم پەیوەندییەدا بۆی نووسیوم:

«بـازاڕی حەیوان هەتا لە دەسـت حەمەدەمین‌ئاغا دابـوو پیاوەکانی ئەو باجەیان وەردەگـرت، کـە بریتی بوون لە: مینەی ڕەشـید ناسـکێ، مامەندی میـراوا [مامەندی ئەحمـەد گەرمێنـی]، مینەچاوشـین و عەزەی ڕابە. ئەوانە زۆرجـار لە خەڵکیان دەدا. کاتێ بازاڕەکە بە ئیجارە درا، لەجیاتی چوارشـەممە، ڕۆژی یەکشـەممەیان کرد بە ڕۆژی بـازاڕ. ئیجارەدار ڕەشـیدی ڕۆسـتەم پاڵـەوان بوو لەگـەڵ محەممەد و عەلی

---

١. بەگوێرەی هەواڵی کاک ڕەشـید سـپێهری، قاسـم‌ئاغای موهتەدیش بۆ ماوەیەک بازاڕێکی دیکـەی بـۆ کڕیـن و فرۆشـتنی حەیـوان داناوە، بـەڵام کەم‌خایـەن بـووە و دوای ماوەیەک وەستێندراوە.

کوڕی. هەتا ماوەیەک مینەی مام ڕەشیدیشیان لەگەڵ بوو، لە دوایە چەند لاوی بۆکانییان بەکرێ گرت لەگەڵ محەممەد و عەلی باجەکەیان کۆ دەکردەوە. پاشان کە بازاڕەکە گەشەی کرد شەممەشی هاتە سەر.

باجی ئاژەڵەکان جیاوازیی هەبوو، کەڵ پێنج تمەن، گا و جوانەگا سێ تمەن و کاوڕ و گیسکیش سەری پێنج قڕان بوو. جگە لە ساتوسەودای حەیوان، لەنێو بازاڕەکەدا هەموو کەلوپەلێکی پێویستی خەڵکی گوندەکان وەک لیباسی حازری خەیاتەکان دەفرۆشرا. لانکە و دەسرازە و دەسرەی گوڵدۆزی و پێچوکڵاو، کە ژنان لەماڵێ ڕیشوویان بۆ هەڵدەبەستن یا دەیانچنین، هەروەها گەلێک جۆری خۆراک و ساردەمەنیشیان دەفرۆشت، زۆرێک لەوانە منداڵی دەدوازدە ساڵە دەیانفرۆشت. هەر لەوێ مەشەدییەکی عەجەم داری دەفرۆشت بانگی دەکرد: ئەم دارە خۆش دارە، هەمەدان دارە! بەڵام دارەپەڵکی میاندواو بوو!»

## ٨٧. چۆداری

چۆدار بە کەسێک دەگوترێ کە مەڕومالات بکڕێ و بفرۆشێ. بەحیسابی بوونی بازاڕی هەفتانەی حەیوان لە بۆکان و هەروەها بازاڕێکی دیکەی هاوچەشن لە گوندی قەباغکەندی میاندواو، ئەو کەسبە لە بۆکان و دەوروبەری برەوی هەبووە و چۆدار لە شارەکانی دیکەشەوە هاتوونەتە بۆکان. تەنانەت کاروانی مەڕ و مانگا لە بازاڕی حەیوانی شاری بۆکانەوە بۆ شارەکانی عەجەمستانیش، وەک تاران و تەورێز، هەمیشە بەڕێوە بووە. لە بیرەوەری منداڵیی مندا تاقە چۆدار کاک حەبیب سەقزی (سوهرابی)یە کە دراوسێ ماڵمان بوو و لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای کوڕیدا هاوپۆل و هاوڕێ بووین.

کاک ڕەشید سپێهری بۆی نووسیوم:

«لە هەر چوار لای بۆکانەوە دەهاتن بۆ بازاڕەکە و حەیوانیان دەکڕی و ڕایاندەگواستن. کاک حەبیب سەقزی بەرەو سەقز و کرماشانی دەبردن، تورک و فارس بەرەو تەورێز و

تارانیان دەبردن. چەند تورکێکی میاندواویش هەر چۆدار بوون و حەیوانیان دەکڕی، بەڵام کوردە چۆدارەکان بریتی بوون لە مچەی قەباغکەندی، کا حەمەکەریم و کاک حەبیب. ئەوان دوای کڕینی ماڵات، بە لەوەڕ، بەرەو شوێنی خۆیانیان دەبردن. ماشێنی لۆریش تاکوتەرایەک دەهاتە بۆکان، حەیوانیان لێدەدا و دەیانبرد.»

## ۸۸. دەبباغی یا پێستەخۆش‌کردن

دەبباغی بە خۆش‌کردن، واتە خاوێن‌کردنەوەی پێستەی حەیوان (بەگشتی کەڵ و گاوگۆل و مەڕ) دەگوترێ. کارێکی ناخۆشە و شوێنی کارەکە پڕە لە بۆنی ناخۆش. من لە دەرەوەی تاران و لە نزیک قوتابخانەیەک کە دەرسم تێدا دەگوتەوە کارگەی دەبباغیم بینیوە و نەمدەزانی لە بۆکانیش کاری دەبباغی کرابێ تا ئەوەی کاک برایم فەڕشی ئەم یادداشتەی بۆ ناردم:

«پیشەیەکی دیکە کە لە بۆکان بوو، پێستە خۆش‌کردن و پێستەفرۆشتن بوو، هەموو ئەو کەسانەی حەیوانیان دەکوشتەوە، پێستەکەیان دەفرۆشت بەو کەسانەی کە پێستەیان خۆش دەکرد، پێستە بە تاڵ و قشقە و خوێ خۆش دەکرا و لەبەر خۆرەتاو دادەنرا بۆ ئەوەی بۆن نەگرێ، دواتر لە تەورێز و هەمەدان و شارەکانی دیکەوە دەهاتن و باری ماشێنیان دەکرد و دەیانبرد، یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم کارەی دەکرد مرۆڤێکی ئاشنای باوکم بوو کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، شوێنی ئەو کارە ماڵێک بوو کە بە ملکایەتی هی باوکم بوو. شوێنەکەی خیابانی کۆنە، دیوار بە دیواری دووکانی عەوڵای ئیسماعیل‌پوور و ڕووبەڕووی خوشکشوویی حەمەساڵەی شاوێردی بوو. من زۆرجار کاری خۆش‌کردنی پێستەم لەو ماڵە کە وەک عەمباریش کەڵکی لێوەردەگیرا بینیبوو. ئەم ماڵە عەمباری خورما، پیواز، پەتاتە (یەرەڵماسی)، شووشەی چرا لامپا و لەنتەر و گڕسۆز و چراتۆڕ و چرای ئەمریکایی بوو. جەنابم هاوینان ئەگەر لە بۆکان بووایەم، دەبوومە کارگەری دووکانی باوکم و لەو عەمبارەوە ئەو شتانەم دەگوێستەوە بۆ دووکان و زۆرجاریش شتومەکی

مشتەرییەکانی باوکم دەبرد بۆ کاروانسەراکان و گاراجەکان، بۆ ئەو کارەش چەرخی تایبەت هەبوو کە کارەکەی هاسان دەکردەوە.»[۱]

برایان ڕەشید سپێهری، برایم فەڕشی و ڕەحیم بەهرامزادە هاوکارانی ئەم بەشەی بابەتەکە بوون.

## ۸۹. زێڕینگەری

یەکەم زێڕینگەرەکانی بۆکان کێ بوون؟ جووەکان؟ کێ؟ کەی؟ ئەوانە هاسان نین بزاندرێ. بەگوێرەی زانیاریی من ۳ کەس لە ۷۲ دووکانداری جوولەکەی بۆکان پێش ساڵی ۱۳۲۸ (ساڵی کۆچ کردنیان بۆ ئیسرائیل)، زێڕینگەر بوون، بەڵام ناوەکانیان چی بووە، نازانم. دوای ڕۆیشتنی ئەوان کێ ئەو کارەی کردووە؟ زێڕینگەرەکانی ئێستای بۆکان کێن؟

کاک ڕەشید سپێهری، کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیارییە لەسەر بۆکان، ئەم لیستە دوورودرێژەی زێڕینگەرانی بۆکانی لە کۆنەوە تا ئێستا بۆ ناردووم: «لە جوولەکەکان: یۆسف لەنێو قەیسەری، هەم پارچەفرۆش و هەم زێڕفرۆش بوو؛ دینێ جووش بە هەمان شێوە کووتاڵفرۆش و زێڕفرۆش بوو. مووشێ نەسیمی کووتاڵفرۆشیش بە هەمان شێوە.

بەڵام کوردە زێڕفرۆشەکان:

حاجی حەمەڕەشیدی عەلیزادە، میرزا حەسەنی عەلیزادە، حاجی عەلی ڕەزایی، مەحموود جەعفەری مەشهوور بە خولە، کەریم تورک، عومەر عەبدولقادری، سەید حەسەن بەرزنجی (خەڵکی چاوان [عەلیاباد])، ڕەحمان قوولەری، فەتاح ئیبراهیمی، عەلی ئیبراهیمی، حوسێن تازەکار، کەیهان بەهایی، عەلی براخاس، حەسەن ئازەری و عەبدوڵڵا ئازەری.

---

۱. حاجی عەلی بەخوڕایی کاری پێنەدەکردم و پووڵی ئەو کارانەی دەدامێ، هاوینان لەو ڕێگایەوە پووڵیکی چاکم دەست دەکەوت. باوەڕ ناکەم کەسێکی دیکە لە بۆکان پارەی کاری بە منداڵەکانی خۆی دابێ. گەرچی ڕەنگە بووبێتیش، بەڵام من نە دیتم و نە بیستم.

لەو زێڕینگەرانە، سێ کەسیان کاری زێڕینگەری، واتە دروستکردنی گوارە و بازنە و گەردنبەندیان دەکرد: کەریمە تورک، مەحموودی جەعفەری و عومەر عەبدولقادری.»

کاک جەعفەر مەردانبەگیش کە هەمیشە بە لیستەیەکی دووردودرێژ لە نزیکەی هەموو بابەتەکاندا هاوکاریی کردووم، ناوی ئەم زێڕینگەرانەی نووسیوە: «کەریم بەهرامبەگی، کەریمئاغای خەڵکی تەورێز، ڕەحیم بەهرامی، حاجی محەممەد ئامانی کەرێزکەن، کەریم کەریمی (کەریمەسوور)، محەممەدئەمینی برای جەلیل ئەمینی، حاجی برایم ئازەری و عەبدوڵڵا ئازەری.»

## ٩٠. قەسابی

سەبارەت بە مێژوولکەی قەسابی و قەسابەکانی بۆکان من هیچم لەو دێڕانە باشتر پێ شک نایە کە کاک جەعفەر مەردانبەگی نووسیویەتی و بۆی ناردووم. کاک جەعفەر خۆی کوڕە قەسابە:

«ئەو جۆرەی کە مامم [حاجی عەبدوڵڵا مەردانبەگی] بۆی باس کردم، باپیرەم خەسرەوبەگ هەوڵین قەسابی بۆکان بووە. لە بەر قەپانی قاسمئاغا کووچەیەک بوو کە دەچووە سەر خیابانی میرئاوا، لەنێو ئەو کووچەیەدا، کاسبکاران بە دروستکردنی کەپر و دانانی شتومەک کاسبییان دەکرد. با وجوودی ئەوەی کە ساحێبی مڵکی بۆکان بووین ئەو کەپرەمان پێ بڕابوو،[1] دۆوای ماوەیەک کاک ڕەحمان چاوشین و کاک ڕەحمان هەنگۆین لە پەنا باپیرم کەپری قەسابی دەکەنەوە، دوای فەوتی باپیرم، باوکم کارەکەی باوکی خۆی درێژە دەدا.

ئەو کات بۆکان گەورە نەبوو، ڕۆژی دوو حەیوان سەردەبڕا، پاشان کە پادگان و ژاندرمەری هاتە نێو بۆکان و بیمارستان سازکرا داواش زۆر بوو، ڕۆژانە دە سەر مەڕ یان بزن سەردەبڕا. ئەو کات سەللاخخانە نەبوو، هەر کەس لە حەوشی

---

١. گوندی بۆکان پێش سەردار عەزیزخان مڵکی تایفەی «خەڵکی» و «مەردانبەگی»یەکان بووە.

ماڵی خۆی کوشتاری دەکرد و ئیمەش لە حەوشەی پشتەوە کە دەکەوتە بەر ماڵی مەرحوومی عەلی میرەبەگ کوشتارمان دەکرد. پاشان بە هیممەتی بەخشداری بۆکان ئاغای سالاری لە ساڵی ١٣٣٧ هەتاوی سەللاخخانە لەلای بەربەردان دروستکرا، کە تەنیا هۆدەیەکی بوو. وردەوردە قەسابی زۆر بوو و هۆدیەکی دیکەیان دروستکرد، هۆدەی هەوەڵ تەنیا بۆ مەڕ و کاوڕ و بزن و هۆدەی دووهەم بۆ گا و کەڵ و گوێلک.

قەسابەکانی بۆکان بریتی بوون لە: حاجی کەریم مەردانبەگی، کاک حەمەڕەسووڵ عەتری، حاجی عەبدوڵڵا مەردانبەگی، کاک حەمەدەمینی ئەلیاس (فەرامەرزی)، کاک ڕەحمان چاوشین و کاک ڕەحمان هەنگوین، کە حەیوانی بچووک، واتە مەڕ و بزنیان دەفرۆشت. قەسابەکانی حەیوانی گەورەش بریتی بوون لە: حاج مستەفا سۆفی، کاک محێدین سۆفی و حاجی یۆسف محەممەدی.

ئەم کەسانەش وەک شاگرد یارمەتیی باوکمیان دەدا: مەرحوومان کاک حەسەنەکوێری گۆرانیبێژ و دمبەگژەن، کاک عەولا چکۆلی دمبەگژەن، کاک عەبە دەڕژێی گۆرانیبێژ، کاک عەلی ئەکبەرپوور مەشهوور بە عەرەبالی، سەید حەمەدەمینی شکستەبەند، کە جیرانی خۆمان بوو و کاک ڕەسووڵ باینجان. لەو چەند کەسە، سێیان بوون بە هۆنەرمەندی گۆرانیبێژ و مۆسیقار.»

کاک برایم فەڕشی ناوی عەرەبالی قەسابی وەبیر هێناومەتەوە و سەبارەت بەو سەید حەمەدەمینەی وا کاک جەعفەر باسی دەکا یادداشتێکی نووسیوە کە دەبێ لە بەشی دواتردا باسی بکەم، ئەویش باسی شکستەبەندەکانی بۆکانە.

### ٩١. شکستەبەندی

کاک برایمی فەڕشی نووسیویەتی:

«سەید حەمەدەمین ناوێک هەبوو کە لە قەپانی قاسمئاغا دووکانی هەبوو، کاری شکەستەبەندیشی دەکرد. من مشتەریی شکەستەبەندەکانی بۆکان بووم، وەک حاجی

دەروێش، سەید حەمەدەمین و کەسانی دیکە لە دێهاتەکان وەک حاجی مەحموودی قوولەر... پیشەی شکەستەبەندی گرنگ بوو، حاجی شێخ گوڵ و پیرمحەممەدی بوغدەداغیش کە «چاک» بوون و خەڵک دەچوونە زیارەتیان، ئەرکی چاککردنەوەی شکستەشیان لە گەردن بوو!»

## ٩٢. سەللاخخانە (کوشتارگا)

کاک جەعفەر مەردانبەگی باسی سەللاخخانەی بۆکانی کردووە، کە دەزگایەکی سەر بە شارەداریی بۆکان بوو و وا بزانم لە دەیەی ١٣٣٧دا لە پشت دوخانیاتی تازە (بەربەردان) دروست بوو. کاک جەعفەر بەهۆی کاری قەسابی باوکییەوە ڕاستەوخۆ ئاگاداری کاری سەللاخخانەی بۆکانیش بووە:

«لە سەللاخخانە کەسانێک کوشتاریان بۆ قەسابەکان دەکرد بەبێ پووڵ. لەجیاتی پووڵ مابەقی کوشتارەکە وەک تەڕافی گۆشتەکە کە مەخسووسی کەباب بوو یان سەروپێ یان جەرگ و دڵ و گورچیلەیان هەڵدەگرت. ئەو کەسانە بریتی بوون لە: کاک ڕەسووڵ حەسەنزادە (سوولی)، کەریمی ڕەحمان چاوشین، کاک برایمی نەوبەخت، کاک ساڵح نەوبەخت و دەروێش حەسەن ئەلیاس.

ئەو کەسەش کە ئەرکی ئاگالێبوونی سەللاخخانە و پاکوخاوێنیی شوێنەکەی لە ئەستۆ بوو، ناوی کاک حسێن کۆچەری برای کاک عەلییەسوور بوو. کاتێک کە گۆشتەکە دەهاتە بەر دووکانی قەسابەکان و پێش فرۆشتن، کاک حسێن لەلایەن شارەدارییەوە دەهات مۆرێکی لێدەدا و تەمەنیکی وەردەگرت. پاشان ئەم کارە لە خودی کۆشتارگا دەکرا و لە لەیەن شارەدارییەوە کاک محەممەد فاتحی کوڕی میرزا حسێن فاتحی (مێردی پوورم) بۆ ئەم کارە دامەزرا.»

## ٩٣. پێست و ڕیخۆڵەفرۆشی

پێشتر باسمان لە پێستەخۆشکردن، واتە دەبباغی کردووە، بەڵام پێستە و

ڕیخۆڵەفرۆشتن کارێکی سەربەخۆی جیاوازە، واتە بازرگانی کردن و کڕین و فرۆشتنی پێستە و ڕیخۆڵەیە. کاک جەعفەر مەردانبەگی ئەم ناوانەی لە پەیوەندیی کارەکەدا بۆ ناردووم: «کاک مستەفا نەوبەخت، کاک قادر باوەمین، کاک عەلی پیتی (حەدادی)، کاک حەمەڕەسووڵ ئادەمی، کاک حەمەسەرڕووت و حەمەڕەسووڵ عەزیزبەگی.»

کاک ڕەشید سپێهریش ناوی ئەم کەسانەی وا پێستە و ڕیخۆڵەیان دەکڕی و بەڕێیان دەکرد بۆ تەورێز و تاران، بەو شێوەیە بۆ نووسیوم: «مستەفا نەوبەخت، کەریم و ڕەسووڵ کوڕانی فاتم بێوەژن، یۆسفی حەسەن سەرشین، ڕەحمانی ڕەشید هاجەر، عەلی چاوشین (ڕیحانی)، ڕەحمانەکەچەڵ (بەنگی)، کەریمەشین، حەمەی عەبەزلە برای عەلییەکوێر، محەممەد زیندەباد، ڕەسووڵەچکۆڵ و حاجی ڕەحیم سووتاو، کە پێستە و ڕیخۆلە و خورییان دەکڕی.»

## ٩٤. تەڕەبارفرۆشی

بارفرۆش یا تەڕەبارفرۆش بە عومدەفرۆشی میوە و سەوزە دەگوترێ. لە بۆکان بارفرۆشەکان لەو خیابانەدا بوون کە لە چوارڕێی ئەسکەندەرییەوە بەرەو میراوا دەڕۆیشت.

بەگوێرەی نووسینی کاک جەعفەر مەردانبەگی، تەڕەبارفروشەکانی بۆکان بریتی بوون لەم چەند کەسە: «میرزا ڕەحمان بەهرامی، ئەحمەدی سەید سوولی، عەلی بووغلی، سەید جەلال حسێنی (سەیدە)، سەید حەمەدەمین حسێنی ( مینەپشی).

## ٩٥. میوەفرۆشی

لە ڕابردووی بۆکاندا میوە زیاتر لە بەهار و هاویندا دەهاتە بازاڕەوە، بەڵام هەندێک میوەی وەک ترێ دەکرایە مێلاق و لە پاییزی درەنگیشدا دەخورا.[١] هۆکاری

١. ترێیان لە ژێرخان و شوێنی نە زۆر سارددا بە میچەوە هەڵدەواسی و بۆ زستانیان

مەسـەلەکە ئـەوە بـوو کـە ئـەو دەم یەخچـاڵ بـۆ ڕاگرتنی میـوە نەبـوو و هەروەها ڕێـگای شـارە دوورەدەسـتەکانیش ئەوەندە کـراوە نەبوو کە شـتی وەک پرتەقاڵ و لیمۆیان لێوە بهێنن. لە ماڵاندا بە شـەوی زسـتان زیاتر کشـمیش و گوێز و بادام و تووگوڵەبـەڕۆژە دەخـورا. لە سـەردەمی منداڵیی منەدا کاڵەک و شـووتی بۆ شـەوی زستان هەڵنەدەگیرا، ڕەسمێک کە لە هەندێک شوێنی عەجەمستان باوە.

درەنگتر، هەندێک کەس لە هاتوچۆی تەورێز و شارەکانی دیکەدا میوەیان دەهێنا و دەیانفرۆشـت، بـۆ نموونـە کاکـم هەنـار و پرتەقاڵـی لەوێـوە دەهێنا و لـە دووکانی شیرینیفرۆشـییەکەیدا دەیفرۆشـتن؛ برادەرانـی عەجەمیـش هـەر میـوەی وایـان دەفرۆشـت. دواتـر دووکانی سـەربەخۆی میوەفرۆشـیش کـراوە کە مـن تەنیا کاک سدیقی ئەسکەندەریم لە بیرە.

کاک جەعفـەر مەردانبەگـی، بـەڵام نـاوی خەڵکانێکی زیاتری بۆ نـاردووم: «کاک سەدیق ئەسکەندەری، کاک عەلی خاتوون، حاجی عەینی ئازەری و کاک محەممەدی حاجی شنۆیی.»

هەروەها کاک برایم فەڕشـی ئەم ناوەی لە ناوەکان زیاد کردووە و نووسـیویە: «حاجـی حەمەکەڵەوانیـش لەسـەر خیابانی سـەرەکی، لە چوارڕێی ئەسـکەندەری لە شـانی دووکانەکەی کاک سـەدیق ئەسـکەندەری، بەڵام لەوبەری خیابانی مزگەوت، میوە و سەوزەی دەفرۆشت.»

## ٩٦. ئاجیلفرۆشی

ئاجیل واتە پستە و بادام و فندق و تووکوولەکە و... لە کۆندا بەو شێوەیە لە بۆکان نەبوو. گوێز و بادام و تووکوولەکە و تووگوڵەبەڕۆژە و کشمیش و شتی وا بەتەنیا

---

هەڵدەگرت، بەوەیان دەگوت مێلاق کە وا بزانم وشەیەکی تورکییە (لە بانە پێی دەڵێن «ترێ تۆپیـو»). بیسـتوومە لـە هەندێـک شـوێنی کوردسـتان وەک هەورامان ترێیان بە شـێوەیەکی تایبەت هەر بەسەر لقەوە لەژێر خاکدا شاردۆتەوە و بۆ زستانیان هەڵگرتووە. ئەو شێوازەم نەبیستووە لە بۆکان لە کار کرابێ.

لە دووکانی ویشکەفرۆشـیدا دەفرۆشـران و خەڵکانی دەوڵەمەند وەک شـەوچەلەی شـەوانی زسـتان دەیانخوارد، بەڵام ئاجیلیان پێنەدەگوترا. ئەوەی شـێوازی ئێسـتای ئاجیلی ئێرانی هەبێ درەنگتر، واتە دوای سـاڵی سـییەکانی ئێران سـەری هەڵدا و لە شیرینیفرۆشی و قەننادیدا دەفرۆشرا. لە شاری گەورەتری وەک تەورێز دووکانی تایبـەت بـە ئاجیلفرۆشـی هەبـوو، بـەڵام لـە بـۆکان نەبوو. نازانم ئێسـتا لـە بۆکان ئاجیلفرۆش هەن یان نا؟

کاک جەعفـەر مەردانبەگـی سـەبارەت بـە ئاجیـل و ئاجیلفـرۆش لە بـۆکان ئەم دێڕانەی نووسین:

«زەمانێـک لـە بـۆکان جگـە لـە تووفرۆشـی و سەرداریفرۆشـی شـتی دیکـە نەبـوو. مـن وەبیـرم دێ کاتێک لەگـەڵ باوکم دەچووین بۆ سـینەما، لە بەر فەلەکەی میانـدواو کاک قـادری پەرهێـز، ئامـۆزای باوکـم، کـە پاشـان بـوو بـە ڕەئیسـی ئیـدارەی سـەبتی ئەسـنادی بـۆکان، شـەوانە تووکوولەکـەی دەفرۆشـت، زۆریـش بەتـام بـوو. پاشـان هـەر لەو شـوێنە، لـە پەنـا قاوەخانـەی حەمەسـوڵتان ڕەحیمی، کاک خـدر وەلـیزادە ناسـراو بـە «خلـە سـەدتمەنی» بۆتکەیەکـی بچووکـی دانابوو کـە تێیـدا ئاجیـل و پسـتە و تووکوولەکـە و سـیغاری دەفروشـت. دوای ماوەیـەک بۆتکەکـەی دا بـە خزمێکـی خـۆی بـە نێـوی کاک عوسـمان و ئەویـش تـا ماوەیەک لـە کارەکـەدا بەردەوام بوو. لە تەنیشـت سـینەماش کاک غـوەڵام خەڵکی ورمێ یان میانـداو، دووکانـی پسـتە و ئاجیلـی بـوو.[١] پاشـان لەسـەر قوژبنـی خیابانـی دادگا، لـە دووکانەکانـی کەیخوسـرەویدا، کاک عەزیـز میعماری برای وەسـتا محەممەدی میعمار، دووکانێکی خاوێنی ئاجیلفرۆشیی دانابوو.»

---

١. کە سینەما داخرا، ئەویش ئیتر دیار نەما. کاتیک بوو موسابەقەی فوتباڵ لە ورمێ بووین بەهەڵکەوت لە بۆتکەیەکی چووکەدا دیتم کە بلیتی ئوتوبووسـی دەفرۆشـت. زور خوشـحاڵ بوو و هەواڵی تەوای دۆستانی خوی و خەڵکی بۆکانی پرسی.

### ٩٧. بێستانچییەتی

بێستانی سەوزە و خەیار و شووتی و کاڵەک و گرکەش لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری کەم نەبوو و لە ڕابردوودا ڕادەیان ئەوەندە بووە کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی ناوچەکە بێ و پێویست نەکا سەوزە لە عەجەمستان و شووتی لە ئەهواز و کاڵەک لە ئیسفەهانەوە بێنن. گرکە و فاتەبۆری گوندی مەحموودئاوا هەر زۆر بەناوبانگ بوو.

بێستانچییە ناسراوەکان بەگوێرەی نووسینی کاک جەعفەر مەردانبەگی، بریتی بوون لە: «کاک مامەندی میراوا [مامەندی ئەحمەدی گەرمێنی]، کاک حەمەڕسووڵ وەفادار (داباشی) لە باشووری پردی میراوا، عومەر ئەسلانی لە باکووری پردی میراوا، مەشەدی محەممەد و حاجی عەینی شەریفزادە، مەشەدی سەیفالی، مەشەدی ڕەحیمئاغا و مەلا ڕەحمانی هەمزەپوور لە میراوا.»

### ٩٨. گوڵفرۆشی

تا ساڵی ١٣٥٩ کە لە بۆکان بووم دووکانی گوڵفرۆشی نەبوو و وا بزانم ئێستا هەیە. کێ بوو یەکەم دووکانی گوڵفرۆشی لە بۆکان کردەوە؟ ئێستا کێ بەو کارەوە خەریکە؟ بەڵکوو کەسانی دیکە یارمەتیی نووسینی ناویان بدەن.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لەم پەیوەندییەدا ئەم دێڕانەی نووسیوە:

«زەمانی ئێمە بۆکان گوڵفروشی لێنەبوو، کاتێک کە گەنج بووین و دەمانویست گوڵێک بە کچێک بدەین دەچووینە لای مەرحوومی کاک جەعفەر قزڵجی یان بە خواهیش یان بەدزی چەپکێکمان وەردەگرت! بەڵام لە شەستەکاندا، لە نزیک بیمارستان کاک مەحموود ئیبراهیمی کوڕی یەکێک لە ئاغاکانی گەورک دووکانی گوڵفرۆشی دانابوو. دوابەدوای ئەو، لە خیابانی دادگا، لە دووکانەکانی کاک مینەی حیساميشدا، سەید ڕەحیم بەدەوی کە کارمەندی ئامووزش و پەروەرش بوو، دووکانی گوڵفرۆشیی هەبوو.»

هاوکارانی ئەم بەشـانە، کاک ڕەشـید سپێهری، کاک جەعفەر مەردانبەگی و کاک برایم فەڕشی بوون.

### ۹۹. باغەوانی

شـاری بۆکان لە ڕابردوودا دەوری بە باغی زۆر تەنرابوو و تا سـەردەمی منداڵیی منیش ڕاست بەرەوە باشووری حەوزەگەورە لەو سەری شار و باکووری گاراج لەم سەر، هەروەها بەرەو ڕۆژاوا و سەر چۆمی و تەنانەت هەندێکیش بەرەو ڕۆژهەڵات هەمووی هەر باغی میوە و قۆرغ و دارستان بوو. من لە شوێنی ئێستای شارەداری، واتە دوای ماڵی میرزا عەبدوڵڵای بارامئاغا کە باغی ماڵی وەلەدبەگ بوو، گەلێک جار لەگـەڵ مندالانـی خالّم سـەیران (زیافەت)م کردووە. باغی قازی تـا ئەم دواییيانەش جێگەی سەیرانی خەڵکی شار بوو؛ باغی مەلا عەلی (قزڵجی) تا دوای ساڵی شۆڕشی ۱۳۵۷یـش هـەر باغەوانـی هەبوو و میوەی لێ بەرهەم دەهـات. باغەکانی بەلاڵووکی میراواش چوونەتە نێو شێعری شاعیران و گۆرانی گۆرانیبێژانەوە.

ئـەم هەمـوو باغ و میوەیە دیارە پێویسـتی بە خەوانی لێزان و شـارەزا هەبووە. ئەمانـە کـێ بـوون؟ کارێکـی زۆر هەڵە دەبێ ئەگـەر بهێڵین ناویـان بفەوتێ. من لەم سـاڵانەی دوایـیدا تەنیـا کاک جەعفـەری قزڵجیـم لە بیـرە کە زۆر بە شـارەزایی و لـە عەینـی کاتدا دڵسـۆزانە و بێچاوەڕوانیـی ماددی سـەردانی ماڵانی دەکرد و بە گـوڵ و دار و درەخـت و باغەکانیـان ڕادەگەیشـت؛ یـادی بەخێر بێ! لە سـەردەمی منداڵیشـمدا پیاوێکـی مەهابـادی هەبوو لـە دەچووە ماڵان و «تەکمیـش»ی ڕەز، واتە دارمێوی دەکرد یا خزمەتی دیکەی باغی دەکرد، بەڵام لام وا نییە ئەویش پارەی لە کەس وەرگرتبێ. دیارە جگە لەوانە، باغەوانی پرۆفیشـناڵ (پیشـەیی)ش هەبوون کە من ناویان نازانم.

کاک جەعفـەر مەردانبەگـی نـاوی ئـەم باغەوانانـەی بۆکانی بۆ نـاردووم: «کاک متەللیبـی باغـەوان، وەسـتا مالیکـی ئـازەری، مـەلا محەممـەدی باغـی میـراوا، کاک

ڕەسووڵ میراوایی کە ئاگای لە باغی ماڵی هەمزەیی دەبوو؛ لە «کولتەپە»ش باغێکی خۆشی لێبوو کە خاوەنەکەی حاجی عەلییەخڕەیان پێدەگوت.»

لام وایە پێویست بکا ناوی «مەشەدی ڕەحیمئاغای باسمنجی»ش لەو لیستەیە زیاد بکەین. ناوبراو تورکی ئازەربایجان بوو و وا بزانم قاسمئاغای موهتەدی هێنابوویە بۆکان باغەوانی و ئاگاداریی دارستانی بۆ بکا. یەکەم جار کە هاتە بۆکان خۆی و ژن و منداڵەکەی یەک ژووری ماڵی کاک حەبیب سەقزی (سوهرابی)یان بەکرێ گرتبوو کە دراوسێ ماڵی ئێمە بوون. کوڕێکی هاوتەمەنی ئێمەی هەبوو کە ببوو بە دۆست و هاوپۆلی من و کاک عەبدوڵڵای کوڕی کاک حەبیب، بەڵام دواتر دەوڵەمەند ببوو و خاوەنی ملک و ماڵێکی باش بوو لە بۆکان. مامۆستا عەباسی حەقیقی بە «نثر مسجع» و بە لاسایی کردنەوەی سەعدیی شیرازی لە بابی سێهەمی گوڵستاندا، بابەتێکی شیرینی لەسەر مەشهەدی ڕەحیم نووسیوە.

## ١٠٠. کەمپیوتێر و کەرەسەی کەمپیوتێر

دیارە ئەوە بابەتێکی گەلێک نوێیە. نازانم کێ یەکەم دووکانی ئەم کەرەسانەی کردەوە و کەی؟ ئێستا کێ بە کارەکەوە خەریکە و لە کام شەقام و کامە گوزەر؟

ئەگەر من هەواڵی مەسەلەکەم نییە، برای بەڕێزم کاک جەعفەر مەردانبەگی بۆی قەرەبوو کردوومەتەوە و لیستەی ئەم ناوانەی خوارەوەی لە پەیوەندیی مەسەلەکەدا بۆ ناردووم:

«شیرکەتی کەمپیوتێری سەهل سیستم، خاوەن: حەسەن ئەندیشە
شیرکەتی کەمپیوتێری ڕۆژتەک، خاوەن: فارووق فroومەند
کەمپیوتێری ئاریا سیستم، خاوەن: کەریم پوورموستەفەوی
شیرکەتی کەمپیوتێری ئۆستا، خاوەن: ئاغای مەکاری
فرۆشگای ڕایانەی دانا، خاوەن: موحسین حاجی باپیری
شیرکەتی پوویش ڕایانە، خاوەن: شێربەگی

شیرکەتی ماد سیستم، خاوەن: ڕەئووف شامورادی
خەدەماتی ڕایانەی وەفادار: خاوەن کەریم وەفادار.»

### ۱۰۱. تەلەفۆن، تەلەفۆنی موبایل

ئەوەش هەر بابەتێکی نوێیە. کاتێ من لە بۆکان بووم دووکانی وای تێدا نەبوو. دەزانم درەنگتر، هێرشی کوڕی کاکم دووکانی ئەو بابەتانەی هەبوو، بەڵام کێ یەکەم کەس بوو و کەی دووکانی ئەوتۆ کراوە و ئێستا کێ لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕوا؟

ئەم ناوانەی خوارەوە کاک جەعفەری مەردانبەگی بۆی ناردووم:

«میلان موبایل، خاوەن: ئاکۆ مەردانبەگی
کاج موبایل، خاوەن: دیاکۆ قادری
موبایل ئەپل، خاوەن: سۆران ڕەحیمی
موبایل ۱۰۰۱، خاوەن: محەممەد قازی
موبایل ڕێبوار، خاوەن: ڕیبوار فەیزوڵلابەگی
بایل پاناتیل، خاوەن: ئەمیر ئەمینی
ئاوا موبایل، خاوەن: شۆڕش ئەمینیئازەر
پارس موبایل، خاوەن: سیاوەش دێهبوکری
سرووش موبایل، خاوەن: عەزیم کەدخودا محەممەدی.»

### ۱۰۲. تەعمیری یەخچاڵ و کەرەسەی کارەبایی

ئـەم کارە ئەوەنـدەی بزانم لە زووەوە لە بۆکان هەبووە. کەسـانێک وەک کاک عەلی کامەلایـی، حەسـەنی کامەلایـی، عەلـی و محەممـەد و عەبدوڵـلا حەڵەبـی ڕادیـۆ و گرامافـون و زەبتی سـەوتیان تەعمیر دەکرد. درەنگتر کـە یەخچاڵ و تەلەفیزیۆن و ماشـێنی لیباسشـۆری لـە بـۆکان پەیدا بـوون (وا بزانم لـە سـەرەتای ۱۳۴۰ەکان و کۆتایی سـییەکانەوە) کەسـانی دیکەش دووکانی تەعمیراتیان کردەوە کە من ناویانم

لە بیر نییە، بەڵام دەزانم یەکیان فاتحی سوڵتانی برازامە کە دووکانی چاککردنەوەی ئەو دەزگایانەی هەیە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لیستەیەک لە ناوی ئەو کەسانەی بۆ ناردووم کە ئێستا لە بۆکان کاری چاککردنەوەی یەخچاڵ و کەرەسەی کارەبایی دەکەن:

«تەعمیرگای خوسرەوی، خاوەن: عەلی خوسرەوی

تەعمیرگای یەخچاڵ، خاوەن: عەلی مام باپیر

خەدەماتی فەننی، خاوەن: حەسەن سەناعەتی

خەدەماتی یەخچاڵ، خاوەن: برایم شێرزاد

خەدەماتی فەننی، خاوەن: سەلاح کەریمی

خەدەماتی فەننی سرووش، خاوەن: ڕەزا قاسمزادە

خەدەماتی فەننی سەیوان، خاوەن: ئەحمەد زەمزەم

تەعمیرگای دارخاڵ، خاوەن: حیسام دارخاڵ.»

## ١٠٣. پۆستەی تایبەت، خزمەتگوزاریی پۆستە

کاری ناردنی نامە و شتی تر لە ڕێگای پۆستەی تایبەت، واتە غەیرە دەوڵەتییەوە لەمێژە لە ئێران هەیە و من پێش شۆڕشی ١٣٥٧ لە تەورێز کەڵکم لێوەرگرتووە، بەڵام لە بۆکان کەی و کێ بۆ یەکەم جار دەستیان دایە ئەم کارە؟ ئێستا کێ دەیکا؟

کاک جەعفەر مەردانبەگی دەسنیشانی ئەم ناوانەی کردووە کە لە بۆکان دەفتەری خزمەتگوزاریی پۆستەیان هەیە:

«دەفتەری خەدەماتی پۆستی حەبیبی، خاوەن: ئەمیر حەبیبی

دەفتەری پێشخوانی دەوڵەت، خاوەن: داوود جان

دەفتەری خەدەماتی پۆستی ئەحمەدزادە، خاوەن: محەممەد ئەحمەدزادە.»

## ۱۰۴. بلیتی تەیارەفرۆشی

ئەوەش هەر کارێکی نوێیە. کۆماری ئیسلامی لە شارە کوردنشینەکان بۆ نموونە لە موکریان فڕۆکەخانە ناکاتەوە. فڕۆکەخانەی شاری سنەش گەورە ناکەنەوە کە هیچ نەبێ تەیارەی شیرکەتی هومای خۆشیان بتوانێ لێی بنیشێ! خەڵکی ناوچەی موکریان، بە بۆکانەوە، دەبێ بچنە سنە و ورمێ و تەورێز بۆ ئەوەی بە فڕۆکە بچن بۆ ئەملا و ئەولا. بیستوومە لە بۆکان چەند شوێنێک بۆ فرۆشتنی بلیتی تەیارە کراونەوەوە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی ناوی ئەم دوو شوێنەی لە پەیوەندیی فرۆشتنی بلیتی فڕۆکە لە بۆکاندا بۆ ناردووم: ئاژانسی سیروان و ئاژانسی پەرواز.

ئەگەر هەڵە نەکەم دەبێ «ئاژانسی ئالان»یش هەبێ کە هێرشی برازام خاوەنییەتی و بەناوی ئالانی کوڕمی کردووە.

## ۱۰۵. تابلۆنووسین

ئەوە کارێکی هونەری و هی کەسانی خەتخۆشە. لە ڕابردوودا تابلۆ بەگشتی بۆ دووکانان و ئیدارات دەنووسرا و کارەکە لەسەر وەرەقێکی ئاسنی ڕەنگکراو بەڕێوە دەبرا، واتە هێشتا تابلۆی نێئۆن و چرادار باو نەبوو و ئەوانەش کە هەبوون لە تارانەوە هاتبوون. کاکم زۆر خەتخۆش بوو و گەرچی تابلۆنووسینی وەک ئەرک و کار نەدەکرد، بەڵام تابلۆی سەر دووکانی هەندێک کەسی نووسیبوو. لەوانەش کە وەک پیشە، بەو کارەوە خەریک بووبێتن تەنیا کاک غەفووری ئاشناگەر دەناسم.

ئەوەش ناوی چەند تابلۆنووسی بۆکان بەپێی نووسینی کاک جەعفەر مەردانبەگی: قادر مەعرووفی، کەریم نەجاڕی، موحسین حەسەنیانی و جەعفەر مەلامەحموودی.

## ۱۰۶. ڕەنگکردنی دیوار و دەرک و پەنجەرە

لە قەدیمدا دیواری ماڵان سپیکاری دەکرا و لە ماڵی خەڵکی هەژار هەروەها لە

گوندەکانیش دۆغاوێکی سپی دەگیرایەوە و بە دیوارەکاندا دەکرا. ڕەنگکردنی دیوار بە ڕەنگی غەیرە سپی، دیاردەیەکی نوێیە کە هاوڕێ لەگەڵ دروستکرانی ساختمانی تازە و ئاپارتمان سەری هەڵداوە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لەم پەیوەندییەدا ئەم یادداشتە کورتەی نووسیوە و ئەم ناوانەی ڕاگەیاندووە: «عومەر سەقزی (لە حەساری ئێمەدا بوو)؛ سەلاح عابد، سدیق فورقانی، جەعفەری عەزیزئامان و وەستا عومەری ڕەنگڕێز.»

## ١٠٧. سافکاری و ڕەنگکردنەوەی ترۆمبیل

ئەوە ئاشکرایە پیشەیەکی نوێیە کە ئەوەندەی بزانم لە ساڵانی چل و پەنجای هەتاوی‌دا سەری هەڵدا. یەکەم سافکار کێ بوو؟ یەکەم ڕەنگڕێز کێ بوو؟

## ١٠٨. فایتوون و تاکسی

فایتوون بریتییە لە عارەبانەیەکی بچووک کە لەسەر دوو تەگەر دەگەڕێ، جێگای بۆ دانیشتنی چوار کەسێک هەیە و چەترێکی تایبەتیشی بۆ پاراستن لە بەفر و باران بە سەرەوەیە ئینجا ئەسپ یا ماینێک ڕایدەکێشێ. لە ئورووپا فایتوونی دووقاتیش هەبووە کە دوو ئەسپ ڕایانکێشاوە و موسافیرێکی زیاتری سوار بوون. هەر ئەو فایتوونە دووتەبەقەیە دواتر بوو بە ئوتوبووسی دوو تەبەقە.

ئەو ساڵانەی وا فایتوون لە شارەکاندا دەگەڕا و موسافیری ڕادەگواست، بۆکان فایتوونی نەبوو. درەنگ وا بزانم ساڵی ١٣٤٢ و ئەو دەوروبەرە بوو، فایتوونێک لە بۆکان کەوتە ڕێ، بەڵام نازانم هی کێ بوو. بە ماوەیەکی کەمتر لە ساڵ، تاکسی سەری هەڵدا و یەک بە دوای یەکدا کەوتنە شەقامەکانی بۆکانەوە ئیتر فایتوون فەوتا و نەما.

کاک برایم فەڕشی نووسیویەتی:

«خاوەنی ئەو فایتوونە، کابرایەکی عەجەم بوو و زۆرجار من و دایکم هەر بەو

فایتوونە دەچووین بۆ حەمامیان کە ماڵی خاڵم و باپیرم لەوێ بوو.»

یەکەم تاکسی هی کێ بوو؟ دوای ئەو کێ؟ چ ساڵێک بوو تاکسی لە بۆکان دەستی بەکار کرد؟ ئەوە نازانم، بەڵام کاک جەعفەر مەردانبەگی سەبارەت بە لێخوڕانی تاکسی لە بۆکان ئەم چەند دێڕەی نووسیوە:

«قەدیمییەکان بریتی بوون لە: عەزیز فەرامەرزی، ڕەحمان عەباسی، حەسەن مەعرووفی، تاهیر فازلی، مەرحوومی ڕەزا بابامیری، ئەسعەد کەفاشی و سەید حەسەن کازمی برای سەید ڕەحیم. ئیستاش ئاژانسی تاکسی شەوانە و ڕۆژانە زۆرن.»

## ١٠٩. داشقەچییەتی

داشقە یان گاری، وەک فایتوون، بریتییە لە عارەبانەیەکی بچووک کە لەسەر دوو تەگەر دەڕوا و ئەسپ یان ماینێک ڕایدەکێشێ، بەڵام ئەمیان شوێنی دانیشتنی موسافیری نییە و تەنیا بۆ بارکێشانە. سەرەڕای ئەوەش، لە بۆکانی قەدیمدا، داشقە وەک تاکسی کەڵکی بۆ ڕاگواستنی خەڵکیش لێوەرگیراوە. من خۆم چەند جاران لەگەڵ حەوتهەشت کەسی خزم و کەسوکار بە داشقە چووین بۆ سەر چاکی بوغدەداغی و حاجی شێخ گوڵ. دەزانم ئەستەمە بزاندرێ یەکەم داشقەچی بۆکان کێ بووە، ئەوە کارێکە بە هەزاران ساڵ لە ناوچەکەدا هەبووە و پێشینەی دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئاشوور و سوومێر و... بەڵام لە سەردەمی نوێ، واتە سەدەی ١٩ ـ ٢٠ بۆکاندا کێ داشقەچییەتی کردووە؟

کاک ڕەشید سپێهری لەم بارەیەوە بۆی نووسیوم: «قەدیم داشقە و ئەسپ کەم بوو و لای ئێمە زۆرتر بە «خەرەکی» و «تێڕ» باریان دەکێشا. بۆ نموونە، لە ناڵەشکێنەوە بە خەرەکی بەردیان دەکیشا بۆ نێو شار. بۆ دروستکردنی خەرەکی ٦دار لە ٤دار هەڵدەکشا و بە بەندروو یا گوریس دەیانپێچا بۆ ئەوەی دارەکان لە بەریەک بڵاونەبن. درەنگتر، کەڵوعەرابە و داشقە سەریان هەڵدا کە تێکنیک بەرەو کوردستان هات، ماشێنی لۆری و

کۆمپرێسـی جێـگای بـە فەقیـر لێـژ کرد. ئێسـتا بـەدە گمەن ئەم کەرەسـانە دەسـت دەکـەون مەگـەر لەنێـو بـاغ و مـەزرادا. ئەوەش نـاوی ٢٥ کەس لە داشـقەچییەکانی قەدیمی بۆکان:

«ڕەحیمەلاڵی داشقەچی،[١] کوڕانی سەید ساڵەی داشقەچی جیرانی ساڵەی ئاغاڕەزا بوون، سەید عەوڵای...، سەید سەلام...، سەید سەمەد...، سەید ڕەزا...، کوڕانی کوردەی داشقەچی، جەلال...، ڕەسووڵ...، شەمسە،[٢] فارس...، عەزیزی مام هەباس برای سەعید و قادر؛ کوڕانی مام ئەحمەدی خەلیلی، سەعید...، سمایل...، محەممەد...، عومەری کوڕی مەحموودەسـوور، عەزیز کوڕی خاڵەکانەبی، فەتاحی داشـقەچی، ماڵیان لای قسـنی شـێخ مەحمـوود بـوو؛ ڕەزا ئەکبـەری و ئیبراهیـم ئەکبەری کە کوڕی فەڕشـچنێکی تەورێـزی بـوون بەنـاوی غوەلامحوسـێن و ماڵیـان لـە گەڕەکـی قەبـران بـوو لای گومبـەزی سـەردار، بـەڵام دایکیـان کـورد بـوو و ماڵیـان لـە گەڕەکی قەبـران بوو؛ کوڕانی خاڵە باوەمین، عەبدوڵڵای مام سـوڵتان (تەسـلیم) کە لەپێشدا لە شـارەداری کاری دەکرد؛ کاک ساڵحی عەلیارە، محەممەدی مامە حەمە، محەممەدی قالەڕەش لە گەڕەکی زاخەکان و سەید حەسەنی برای سەید حەمەدەمین.»

کاک جەعفـەر مەردانبەگیـش ئـەم ناوانەی بۆ ناردووم: «کاک عەزیز داشـقەچی؛ سەید سەمەدی داشقەچی زاوای ڕەشید شارەزووری و جەلالە کوردی داشقەچی.»

## ١١٠. کەڵوعەرابە

ئـەوەش شـێوازێکی دیکـەی ڕاگواسـتنی کەلوپـەل و بەرهەمی کشـتوکاڵە. کەڵ و گامێش لە کوێستانان نین و هی ناوچەی دەشتایین. کەڵ هەر ئەوەیە وا بە ئینگلیزی «بۆڵ»ی پێدەگوترێ و لە فیلمی وێستێڕن و شتی وادا دەبیندرێ. کەڵ نێرە و گامێش

١. ئەم ڕەحیمەلاڵە، بادەوەیەکی دروسـتکرد، وە حەوای خسـت. لای خەڵکی شـار شـتێکی سـەیر بوو هەتا دوو ڕۆژ خەڵک هەر تماشـایان دەکرد. دوایە بە پووڵێکی باش فرۆشـتی بە بەچکە ئاغایەک ماڵی لە گەڕەکی میراوا بوو.
٢. ئەم کۆڕە بە داشقە و ئەسپ و گەنمەوە لە چۆمی شاریکەند نەیزانیبوو بوار نادا، خنکا.

مـێ. لـە بـۆکان و گوندەکانی کەڵوعەرابە زۆر بوو. ئەرابە یـا عارەبانەیەک کە دوو کـەڵ ڕایاندەکێشـا گەلێـک گەورەتـر بـوو و بە کاری ڕاگواسـتنی وێنجە و شـتی وا دەهـات. کـەڵ و گامێـش زۆر گران بوون و هەر بۆیەش حەقدەسـتی کەڵ و عەرابە زۆر بوو. بە عادەت ئەو کەسـەی وا کەڵوعەرابەی لێدەخوڕی بە پاوە دەوەسـتا و خەرەزەنێکی بەدەستەوە بوو. خەرەزەن لە قایش یان چەرمی قایم دروست دەکرا و کەڵەکانیان پێ دەنگ دەدا.

لـە بۆکان ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئاغـاکان کەڵیان هەبوو و دەبێ کەڵوعەرابەش هی کەسانی سەر بەوان بووبێ. هەندێک جار ئەو کەڵانەیان دەخستە گیانی یەکتر و «شـەڕەکەڵ»یان پێدەکـردن، کـە گەلێک وەحشـییانە بـوو. من چەند جار شـەڕەکەڵم بینیوە.

هەر چۆنێک بێ من ناوی کەڵەوان یان خاوەن کەڵوعەرابەی تایبەت نازانم، تەنیا ئەوەم لە بیرە کە لەگەڵ مندالانی دیکە لە دواوە خۆم بە عەرابەکەدا هەڵاوەسـیوە و جارێکیش بە خەرەزەن داویانە لە سەرم!

مێژووی ڕاگرتنی کەڵ لە ماڵانی ناوچەکەدا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا و بەیتی «کەڵ و شێر» نیشانەیەکی ئەو لەمێژینەبوونەیە. هەروەها کەڵ و گا، شوێنی تایبەتیان بووە لە ئایینی کۆنی میترایی‌دا و زۆرێک لە وێنە و پەیکەرانەی لە شەڕی میترا لەگەڵ گا و سەربڕینەکەی بەجێماون، لە ڕاستی‌دا کەڵن نەک گا.

## ١١١. گوێدرێژ بۆ گەیاندن و گواستنەوە

جگە لە داشقە و کەڵوعەرابە، شێوازێکی دیکەی ڕاگواستنی کەل‌وپەل هەبوو ئەویش بـە گوێدرێـژ دەکرا. بەرد و خشـت و کلۆ و شـووڵی تەڕ بـۆ دارەڕا و هەندێک جار چەلەنگی نەوت و ئاویان لە پشتی گوێدرێژ دەدا و ڕایاندەگواست. من لە بۆکان تەنیا «کوڕانـی مـەلا حەبیـب»م لە بیرە، بـەڵام خەڵکێکی زۆری دیکەش پێـش پەیدا بوونی سێ‌تەگەری و ماشێنی باری، ئەم کارەیان دەکرد.

## ١١٢. بارکێشیی نێوان گوند و شارەکان

بـاری گونـدەکان بهاتبایەتە شـاری، دیارە گەنم و جۆ و نـۆک و وێنجە و بەرهەمی دیکـەی کشـتوکاڵ بـووە یـان مـەڕ و بزن و خـوری و بەرهەمـی ئاژەڵـداری. ئەو بەرهەمانـە لـە گوندەکانـەوە دەهێنرانە بۆکان و بەشـێکیان لە شـاری دەفرۆشـران، بەشـێکی دیکەشـیان دەبرانە شـارەکانی عەجەمسـتان. وا بزانم ئێسـتاش هەر وابێ. پەیوەندیی شـار و گوندەکانی دەوروبەر بەشـێکی بە ماشێنی جیپ و بەشی زیاتری بـە ماشـێنی بـاری (وەک گاز و مـاز و...) بوو. ئەو چەشـنە ماشـێنانە بەگشـتی هی دووکانـدار و دەوڵەمەنـدی شـار بـوون و هەندێک جاریش هی ئاغـا و دەوڵەمەندی گوندەکان.

## ١١٣. سێتەگەری

ئێسـتا لـە بـۆکان «سـێتەگەری» هەرزانترین ئامرازی ڕاگواسـتنی شـتومەکە و لە ڕاستیدا ماتۆڕسیکلێتێکە سێتەگەری بۆ داندراوە. لە ساڵانی دەوروبەری شۆڕشی ١٣٥٧دا سێتەگەری لە بۆکان زۆر بوو و تەنانەت بە گۆرانی باسیان دەکرد.[١] یەکەم جـار کـێ سـێتەگەری بە بۆکاندا هێنـا؟ کێ لێیدەخوڕی؟ کێ دەیفرۆشـت؟ مارکی چی بوو؟ نرخی چەندە بوو؟

ئـەوەش نـاوی چەند لێخوڕی سـێتەگەری کە کاک جەعفـەری مەردانبەگی بۆی نووسـیوم: «کاک حەمەسـاڵەی ئاختەتەر، کاک ڕەشید ئاغجەیوانی، کاک حەمەکەریم ئاڵبلاغی و قادر میراوایی.»

## ١١٤. سەد یا بەنداوی بۆکان

بەنداوێک کە لە کۆتاییەکانی دەیەی چل و سەرەتای پەنجاکانی هەتاوی لەسەر چۆمی

١. «بێرۆ، بێرۆ، بێرۆ، بێرۆ/ بێرۆ گیانم بێرۆ/ بۆکان بۆتە شارستان، سێتەگەری نەتکا بە ژێرۆ!» بەشێک لە گۆرانی گۆرانیبێژێکی کورد کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نییە.

جەغەتوو لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان لێدرا، لە ڕاستیدا هیچ سوودێکی ڕاستەوخۆی بۆ بۆکان و سەقز و تیکانتەپەی هەوشار و ساینقەڵا نەبوو، بەنداوەکە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان هەڵبەستراوە، بەڵام زەوییەکانی میاندواو و مەڵکەندی و بناو ئاودێری دەکا.

هەر چۆنێک بێ، بەستنی بەنداو لە بۆکان ڕووداوێکی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. خەڵکێکی زۆر بەتایبەت لاوانی بۆکان لە ماوەی دروستکردنی بەنداوەکە و دوای ئەویش لەوێ دامەزران، کاریان کرد و پارەی مانگانەیان وەرگرت؛ بەهۆی ئەوەی پەیمانکار یا قۆنتەراتچی کارەکان ئوروپایییەکان بوون و موهەندیسەکانیش ئوتریشی، ئاڵمانی یا ئەمریکایی بوون، شێوازی کارکردنەکە بۆ ئەو سەردەمەی بۆکان گەلێک مۆدێرن بوو؛ بەشێک لە لاوانی بۆکان لەوێ فێری زمانی ئینگلیزی و ئاڵمانی بوون؛ گەلێک لە کەرەسەی ژیانی ڕۆژانەی کارمەند و کرێکاری بەنداوەکە لە دووکانەکانی بۆکان دەکڕدران و بەشێک لە شتومەکی نێو فرۆشگای بەنداویش هەر لە بۆکانەوە دەبرا، ئەوەش جووڵەیەکی باشی بە بازاڕی بۆکان دا.

کارکردن لە بەنداوی بۆکان تەنیا بۆ ماوەی دروستکردنی بەنداوەکە نەبوو و دواتریش خەڵکانێکی زۆر لەوێ مانەوە و درێژەیان بە کارکردن دا، تەنانەت نەمران ئەحمەدی بەهرامی و قادری سالمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧یش وەک سەرۆک و جێگری سەرۆکی بەنداوەکە کاریان دەکرد تا ئەوەی دەستی چەپەڵی پاسداری میاندواوی لە ساڵی ١٣٦٠دا لەسەر جادەی میاندواو بۆکان شەهیدی کردن. من بەنداوی بۆکان لە باری ئابوورییەوە وەک شێوازێکی مۆدێرنی کاری کارگایی سەیر دەکەم و هەر بۆیەش لێرەدا دەیهێنم.

کاک ڕەحیم بەهرامزادە، کە خۆی ماوەیەک لە سەد کاری کردووە، ئەم دێڕانەی خوارەوەی بۆ نووسیوم:

«سەرەتای ساڵانی دەیەی حەفتا لەسەر چۆمی جەغەتوو لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و نزیک ئاوایی «قەڵەندەر»، دەوڵەتی ئێران دەستی بە سازکردنی بەنداوێک کرد. ئەو بەنداوە کە ناوی فەرمیی «سد کورش کبیر» بوو و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو بە «سد

شەهید کازمی»، لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا بەناوی «سەدی بۆکان» ناوبانگی دەرکرد. ئەم سەدە کۆمپانییەکی ئوتریشی بەناوی «ئاپۆڕ» لەژێر چاوەدێری کۆمپانییەکی ئەمریکی سازی کرد. زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەر بۆ کار کردن چوون بۆ سەد. ئەوەندەی لە بیرم بێ هیچ «کڕکڕە»یی‌یەک لەوێ کاری نەدەکرد، بەڵام چەند کەسی خەڵکی ساروو‌قامیش لەوێ کاریان دەکرد. لە ڕێگای ئەوانەوە چەند وشەی ئینگلیسی لـە کڕکـڕە بـوو بە باو. دوو وشــەم لە بیرە: فنیش و دابڵ. ئەگەر کەسـێک دەردەکرا دەیانگوت فلان کەس فنیش کراوە. ئەگەر کەسێکیش ڕۆژی پشوودانی ڕەسمیی ئێران کاری بکردایە، کرێی ڕۆژانەی دووقات بوو و دەیانگوت دابڵ وەردەگرێ. من باشم لـە بیـرە خەڵـک مشـتومڕیان دەکـرد و دەیانگـوت بەری ئـەو چۆمـە بەرینە چۆن دەگیرێ. زۆر جار خەڵکی کڕکڕەش بۆ مریشک و هێلکەفرۆشتن دەچوون بۆ سەد. ئەم ئاگاداریيانەش هی ئەو کاتەن کە خۆم لە سەد کارم دەکرد، واتە ساڵی ١٩٧٦.

نزیکـەی ٧٠ کـەس لـە سـەدی بۆکان کاریان دەکرد. سـەدی بـۆکان ئەو کات نە کارەبای بەرهەم دەهێنا و نە بۆ شتی تر کەڵکی لێوەردەگیرا. لە ڕاستی‌دا ئەوی لەوێ کاریان دەکرد تەنیا ئەرکیان پاراستنی سەدەکە بوو. سەد ئیستگایەکی هەواشناسیشی لێبوو. پێوەندیی سەد لەگەڵ دەرەوە بەهۆی دەستگایەکی بێسیمەوە دەکرا و لەگەڵ تـاران، تەورێـز، میاندواو، سـەدی ئەرەس و موغـان پەیوەندی دەگیـرا. لە نێوخۆی سەدیش‌دا ناوەندێکی تەلەفۆنی ٢٥ ژمارەیی هەبوو کە بەرهەمی کۆمپانیای زیمێنس بوو. دەزگا بێسیمەکە مۆتۆرۆلا و ئەمیش هەر ئاڵمانی بوو.»

## ١١٥. دووکان لە گوندەکان

ئەوە بابەتێکی گەلێک گرنگە و پێویسـت دەکا کاری زۆری لەسـەر بکرێ. بەداخەوە مـن زانیارییەکـی ئەوتۆم لەسـەر ئەوە نییە کامە گونـد خاوەنی دووکان بووە و چی تێـدا فرۆشـراوە. ئـەو گوندانـەش کە تێیـان‌دا ژیـاوم و کارم کـردووە (باغڵووجە و بوغدەکەنـدی) هیچکامیـان دووکانیـان تێـدا نەبووە. لـە گوندی سـەرا قاوەخانەیەک

لەسەر جادەی نێوان بۆکان و سەقز دروستکرا بوو و من زۆرجار لە ماوەی مامۆستایی ساڵی ١٣٤٢مدا هاتوچۆیم کردووە. قاوەخانەکە جگە لە چاییفرۆشتن شوێنی حاوانەوەی موسافیری بەجێماویش بوو و هەندێک شتومەکیشی لێ ساتوسەودا دەکرا.

کاک ڕەشید سپێهری کە شارەزایییەکی گەلێک زیاتر لە منی هەیە، لەم بارەیەوە دەنووسێ: «میراوای ئێستا بەشێک لە بۆکان، ئەو دەم ڕیزە دووکانێکی هەبوو، شتومەکی قاچاخ لە باشووری کوردستان (گەرمێن)ەوە دەگەیشتە ئەوێ و بەشەودا دەبرایە نێو بۆکان.

بە هەمان شێوە، ڕیزە دووکانێک لە گوندی گڵۆڵانی گەورکان هەبوو کە کووتاڵ و شتومەکی دیکە لە گەرمێنەوە دەهاتە ئەوێ و لەوێوە دەبرایە سەقز و بۆکان یا مەهاباد. ئەوەی وا حەسەن زیرەک لە گۆرانی «حەریرە»دا دەڵێ: «ئای حەریرە و ئاگربارانە/ کارخانەکەی لە گڵۆڵانە»، ئاماژەیە بەو دەورەی وا گوندەکە لە ڕاگواستنی کووتاڵ و کاڵای دیکەدا دەیبینی.

بازاڕی قەباغکەندی بازاڕی حەیوان بوو و شتومەکیشی لێدەفرۆشرا. کورد و تورک پێکەوە لەوێ شتیان دەفرۆشت.

قەڵای ڕەسووڵەسیت ڕیزە دووکانێک و قاوەخانەیەکی بوو، گوندەکانی دەوروبەر تا سەهۆڵان و وەتەمیش بۆ کڕینی هەندێک شتومەک دەهاتنە ئەوێ.»

## ١١٦. ئیشوکاری خەڵکانی غەیرە خۆجێیی

لێرەدا باسی هەندێک ئیشوکار دەکەم کە بە شێوەی وەرزی و بەگشتی لەلایەن خەڵکانی دەرەوەی ناوچەکەوە بەڕێوە دەبرا وەک کەتیرەبڕی، ئاردەتووفرۆشی و خەیار و شووتیفرۆشی و...

## ١١٧. کەتیرەبڕی

هاوینان هەندێک خەڵکی هەژار و بێداهاتی ناوچەی کرماشـان و لوڕسـتان دەهاتنە بـۆکان و لەوێـوە بـە گوندەکانـی دەوروبـەردا بڵاوەیـان دەکـرد بـۆ کەتیرەبـڕی. کەتیرەبڕی لە گوێنی دڕکاوی کارێکی ناخۆش بوو، بەڵام ئەوان دەیانکرد و بۆ ئەم کارە ئەستەمەش دەبووایە باج بە دەوڵەتی شاهەنشاهی بدەن.

کاک ڕەحیم بەهرامزادە لەم بارەیەوە دەنووسێ: «هەموو ساڵێک لە دەوروبەری کرماشـانەوە چەند کوردێک بۆ کەتیرە بڕین دەهاتنە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی. کەتیرە بـەو مادەیـە دەگوتـرێ کە لە گـەوەن (گوێنی) دەگیرێ. گوێنـی گیایەکی دڕکاوییە و لە زۆربەی شـوێنەکانی کوردسـتان هەیە. بەو کەسـانەیان دەگوت کەتیرەبڕ. ئەمانە دەبوو پارەیەک بە ئیدارەی جەنگەڵبانی بدەن ئەگینا بۆیان نەبوو کەتیرە ببڕن. کەتیرە بەو شێوەیە دەبڕدرا. بنی گەوەنیان بە پاچ هەندێ هەڵدەکۆڵی. پاشان بە چەقۆیەکی تیژ خەتێکیان بە گوێنیدا دەهێنا. مادەیەکی وەک جیوە کە سپی بوو دەهاتە دەرەوە. ڕۆژی دواتـر کەتیـرە خۆی دەگرت و کۆیان دەکردەوە و لە تەلیسـیان دەکرد. کاتێ پاییز نزیک دەبۆوە دەڕۆیشتنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. گۆیا کەتیرەیان لە دروستکردنی دەرمانی خۆجوانکردندا بە کار دەهێنا. خەڵکی سەرەڕای فەقیریی خۆیان یارمەتیی کەتیرەبڕیان دەدا. من زۆر گۆرانیم بە زاراوەی کرماشانی لە کەتیرەبڕ ژنەفتووە.»

کاک برایم فەڕشیش لەم پەیوەندییەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکا کە بریتی بێ لـەوەی خەڵکانـی خۆجێیی بۆکانیش بـە کاری کەتیرەبڕین یا کڕین و فرۆشـتنییەوە خەریک بوون:

«کەتیرەبڕ زۆرتر دەهاتنە دووکانی باوکم. هەم خەڵکی خۆجێیی بوون هەم عەجەم و کوردی شوێنی دیکە، باوکم خۆی کەتیرەناسی باش بوو، هەموو نەوعەکانی دەناسی و لێکی جیا دەکردنەوە، ڕەنگە ئەویش لە باوکییەوە فێربووبێ یان لە خەڵکانی تەورێزی کە زۆربەی کەتیرەی ناوچەی بۆکانیان دەکڕێ.»[1]

١. کاک برایم فەڕشی دەنووسێ: «وەک چۆن پێستەی بۆکان بەشێکی زۆری لەلایەن ئەوان یـان هەمەدانییەکانـەوە دەکـڕدرا، ئـەوان مشـتـەری پەنیر و ڕۆنـی بۆکانیش بـوون، ئەڵبەت

## ١١٨. ئاردەتووفرۆشی

تـووی شـیرین و ئاردەتـووی ناوچـەی ئێمـە پەیوەندیـی بـە هەورامانـەوە هەیە و بەگشـتی هەورامییـەکان بـوون و هـەن، کە لـە وەرزی پاییـزدا شـوێنەکانی دیکەی کوردسـتان بەسـەر دەکەنەوە و لە شـار و گوندەکاندا تووی ویشـک یا ئاردەتوو دەفرۆشن. ئاردەتوو بە عادەت یا بەرانبەر بە پووڵ و پارە دەفرۆشرێ یا بە گەنم و جۆ و بەرهەمی کشتوکاڵی.

## ١١٩. ورچ و مەیموون هەڵپەڕاندن

دەبێ لە ڕابردوودا دارستان و جەنگەڵەکانی کوردستان حەیوانی دڕندەی زۆری تێدا بووبێ لەبەروەی هەندێک کەس لە هەندێک شوێنی وەک بیجاڕ و ساینقەڵاوە بە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەردا دەگەڕان و لە بەردەمی دووکان یا ماڵی خەڵک نمایشیان دەدا و پووڵیـان لـە خەڵک دەسـەند. لە بیرمە بە گاڵتە لە خەڵکی ئەو شـوێنانەیان دەپرسـی ئـەرێ چەنـد زنجیر ورچتان هەس؟ ئەوانـەی وا مەیموونیان هەڵدەپەڕاند «لۆتی»یان پێدەگوترا. هەندێک حەرەکەیان فێری مەیموونەکان کردبوو و ئەوانیش بە دەنگدانی لۆتییـەکان ئـەو حەرەکانەیـان دەکـرد. ئەگەر خـاوەن دووکان یا خـاوەن ماڵ پێیان ڕابگەیشـتایەن و پووڵـی باشـیان بدایەتنـێ لـە مەیموونەکەیـان دەپرسـی جێگـەی فلانەکەس لەکوێیە ئەویش ئاماژەی بەسـەر سـەری خۆی دەکرد. ئەگەریش پووڵیان نەدانەتێ دەچوونە ماڵێک ئەولاتر و لە مەیموونەکەیان دەپرسـی جێگەی فلانەکەس لەکوێیـە ئەویش دەسـتی بۆ شـوێنی خراپـی خۆی دەبرد! دیارە هەمـوو ئەوانە کۆد بوون و درابوونە مەیموونی هەژار و ئەویش دووپاتی دەکردنەوە.

دواجارێـک کـە من لۆتیی بیجاڕیم بینیبێ سـاڵی ١٣٤١ لـە گوندی باغلووجە بوو، دوو کـەس بـە مەیموونێکـەوە هاتنە بـەر قوتابخانەکە، منیـش منداڵەکانم بانگ کردە

---

بەرلەوەی دەغەڵکاری بکەوێتە نێو فرۆشـتنی ڕۆنی زەنگەوە... کەسـانێک لە بۆکان بەو فێڵە هەم دەوڵەمەند بوون و هەمیش بازاڕی ڕۆنی زەنگی بۆکانیان تێکدا.»

دەرەوە سـەیری مەیمـوون هەڵپەڕانـدن بکـەن و پووڵێکی واشـم پێدان کـە لە ماڵی دواتردا جنێوم پێنەدەن!

### ١٢٠. خەیار و شووتیی عەجەمستان

جگە لە خەیار و کالیار و شووتی و کاڵەک و گڕکە و فاتەبۆری خۆماڵی، لە هاوین‌دا هەندێـک کاسـبکاری عەجەمـی میاندواوی و بناوی ماشـێنێکی بارییـان پڕ دەکرد لە خەیـار یـا شـووتی و کاڵەک و دەیانهێنا لە شـوێنێکی قەرەباڵغی بـۆکان وەک قەپان یـا خیابانـی کـۆن هەڵیاندەڕشـت و دەیانفرۆشـت. ئێسـتا دەبێ ئەو ڕەسـمە نەمابێ لەبەروەی ڕێگای شوێنەکانی دیکەی ئێران کراوەیە و دەکرێ بەرهەمەکانیان بخەنە ناو سـندووق و کارتۆنەوە و لە تاران یا شـوێنی دیکە بیانفرۆشن، بەڵام ئەو دەم لە هاوین‌دا زۆر جار شتی وا دەبینرا.[1]

### ١٢١. عەتر و سابوون و کتێب!

ئازەربایجانییـەکان کـە لە شـاری گەورەتر دەژیان و لەوێ‌دا کەسـب‌وکار ڕەونەقی زیاتـری هەبـوو، باشـتر لـە خەڵکـی ناوچەی ئێمە بۆنـی پووڵ و داهاتیـان دەکرد و دەیانزانـی قازانـج لەکـوێ و لـە چی‌دایە. ڕۆژانـی جەژنی قوربان و ڕەمـەزان کە لە عەجەمسـتان ڕێ‌وڕەسمێکی ئەوتۆیان بۆی نەبوو و لە کوردستان دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ دووکانـی بـۆ تەختە دەکرا و منداڵ جەژنانەی وەردەگرت، هەندێک جار عەجەم دەهاتـن و لەسـەر خیابانی تازە و دەوروبـەری قەپان لە بەردەم دووکانی داخراوی خەڵک شت‌ومەکیان بڵاو دەکردەوە. لەو شتانەی کە دەیانفرۆشت یەکیان عەتر بوو، بانگیـان دەکـرد: «عطر گل یاسـمن، شـش تا ببر یک تومن!» واتە شـەش شووشـەی عەتری یاسەمەن، بیکڕە بە یەک تمەن! یا خود کتێبی هەرزانی کەم لاپەڕەی فارسییان دەهێنا کە من ناوی یەکیانم لە بیرە خۆم لێم کڕیبوون: «زرد پری، سرخ پری».

---

١. ئەو دەمانە «شووتی بڕکێن»یش زۆر دەکرا.

**

کاڵـەم درا و لـەو هەمـوو کاروکاسـبی و قەیسـەری و دووکانـە هیچـم پێنەبـڕا! لە درێـژەدا، بابەتێـک سـەبارەت بە یەکەم ناوەندەکانی کاسـبی لە بۆکان دەنووسـم و کۆتایی بەو زنجیرە ١٢٢ بەشییە دەهێنم.

بـا هـەر لێـرەدا سپاسـی زۆری دۆسـت و برادەرانـی خـۆم بکـەم کـە یارمەتیی کارەکەیان دام و بەبێ ئەو یارمەتییانە لە ڕاستی‌دا من هیچم بۆ نەدەکرا. برایان: برایم فەڕشـی، ڕەشـید سـپێهری، نادر فەتحی، ڕەحیم بەهرامزادە، جەعفەر مەردانبەگی و د. کامـران ئەمینئـاوە. هەروەها سپاسـی ئەو دۆسـت و برادەرانە دەکـەم کە دوای بڵاوبوونەوەی بابەتەکان بە تەلەفۆن یان ئیمەیل هەڵەیان بۆ ڕاست کردوومەتەوە و منیـش بـە یارمەتیـی کاک نـادر هەڵەبڕیـی هەمـوو ئەو بەشـانەم کردووە کـە لێیان ئاگادار کراومەتەوە. لە دواڕۆژیش‌دا هەر هەڵەیەکمان پێ ڕابگەیەندرێ بە سپاسەوە ساغی دەکەینەوە. دەستی هەموو لایەکتان خۆش!

## فەرمانبەران و کاسبکارانی ئازەربایجانی لە بۆکان

لە سەردەمی قاجارەکان و پێش ئەوانیشدا کە سیستەمی دابەشکرانی شارەکانی ئێران لەسەر بنەمای ئەیالەت و ویلایەت داندرابوو، موکریان «ویلایەت»ێک بوو سەر بە ئەیالەتی ئازەربایجان. وەلیعەهد، واتە جێگری دوارۆژی شا، لە تەورێزەوە حاکمی بۆ ویلایەتی موکریان دیاری دەکرد. ناوەندی ویلایەتەکە، «سابڵاغ» بوو کە لە نووسیندا وەک «ساوجبڵاغ» دەنووسرا و بۆ ئەوەی لەگەڵ گوند یا شارۆچکەی ساوجبڵاغی نزیک تاران نەشێوێ، بەمیان دەگوت «ساوجبڵاغی موکری»، واتە ناوی ویلایەتی موکری لەسەر شارەکە مابۆوە.

لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا سیستەمی ئوستانی دامەزرا و ئازەربایجان بوو بە ئوستانی چوارەم، کوردستان و کرماشان و ئیلام و هەمەدانیش بوونە ئوستانی پێنجەم. دواتر ئوستانەکان نەک بە ژمارە بەڵکوو بە ناو، ناونران و ئوستانی پێنجەم بوو بە ئوستانی کرماشان کە پێکدەهات لە یەک «ئوستان» و سێ «فەرمانداریی کولل». ئوستانەکە کرماشان بوو و سێ «فەرمانداریی کولل»ەکەش بریتی بوون لە کوردستان و ئیلام و هەمەدان. دەرنگتر فەرمانداریی کولل نەمان و هەموویان بوون بە ئوستان.

هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە ماکۆوە تا بۆکان بە ویلایەتی موکرییەوە، کەوتبوونە سەر ئوستانی ئازەربایجان، سەردەشتیشیان لە ئوستانی کوردستان جیاکردەوە و خستیانە سەر ئازەربایجان. کاتێکیش ئازەربایجانیان کرد بە دوو ئوستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، ئەم ناوچە کوردنشینانە هەموویان کەوتنە سەر ئازەربایجانی ڕۆژاوا.

هەر لە ساڵانی حوکمی ڕەزاشادا، ناوی ساوجبڵاغی موکریش گۆڕا و بوو بە مەهاباد، ئیتر نیشانەیەک لە موکری و ویلایەتی موکری لە دابەشکردنی ئوستانیی ئێراندا نەما. بۆکان و سەردەشت دوو «بەخش»ی شارستانی مەهاباد بوون و بۆ ساڵانێکی زۆر بە هەرسێ شارەکە یەک نوێنەریان لە پەرلەمانی ئێراندا هەبوو. پاشان سەردەشت بوو بە شار و لە مەهاباد جیابۆوە، ئینجا لەم ساڵانەی دواییشدا بۆکان.

لە سەردەمی ڕەزاشادا دامودەزگای ئیداری پەرەی سەند و ئیداراتی زۆری وەک فەرمانداری، بەخشداری، پۆلیس، ژاندرمەری، مالییە، سەبتی ئەحواڵ، سەبتی ئەسناد، بێهداری و فەرهەنگ لە شارەکان‌دا کرانەوە و ژمارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت چەند قاتی جاران هەوراز چوون. بەشی زۆری فەرمانبەرەکان بەتایبەت پۆلیس و ژاندرمە خۆجێیی نەبوون و لە ئازەربایجانەوە دەهاتن، واتە بەپێچەوانەی سەردەمی قاجار کە سەرداری موکری خۆی کورد و خەڵکی ناوچەکە بوو و دەستوپێوەندیشی هەموو یا زۆربەیان کورد و خەڵکی ناوچەکە بوون، بەڕێوەبەرایەتیی کارەکان سەرجەم کەوتە دەست ئازەرییەکان.

هۆکارێکی مەسەلەکە ئەوە بوو کە لە سیستەمی حکوومەتی قاجاردا، واتە پێش پەهلەوی دامودەزگای حکوومی ئەوەندە بەربڵاو نەبوو و لە حاکمێک و دیوەخانەکەی و چەند نۆکەر و گزیر و باج‌بگیر تێپەڕ نەدەبوو لە کاتێک‌دا سەردەمی پەهلەوی سەردەمی پەرەسەندنی سپا و کرانەوەی پادگان و دامەزرانی پۆلیس و ژاندرمە و دێهداری، بەخشداری، فەرمانداری و هەروەها ئیداراتی هەمەچەشنەی وەک دارایی و سەبتی ئەحواڵ و سەبتی ئەسناد و بێهداری و فەرهەنگ و... بوو.

کرانەوەی ئەوانەش هاوکات بوو لەگەڵ فەوتانی ویلایەتی موکری و ئیتر شارەکان بۆ نموونە مەهاباد یا شنۆ یا سەردەشت یا بۆکان هەرکام بەناوی شار یا بەخشێک بە ورمێوە بەستران، واتە ئوستانێک بەناوی موکریان بنیات نەنرا. جا هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی ئەو ئیداراتە لە ناوچەی بۆکان و بەگشتی موکریان، مەئموورانی ئازەربایجانی لە تەورێز و ورمێ و مەراغە و میاندواوەوە ڕژانە موکریان و کارەکانیان بەدەست خۆیانەوە گرت. ناوەندی بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی شارەکان، ورمێ بوو و سەرۆکی هەموو یا زۆربەی ئیدارەکانیش ئازەری بوون. بۆ نموونە، یەکەم سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ لە بۆکان، نەمر حاجی مەهدی شەیبانی، تورکی ئازەری بوو و ئەوەندەی بزانم لە ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦)دا یەکەم حاکم (شتێکی وەک بەخشدار)ی بۆکان مەجد بوو، کە هەر ئازەری بوو. ئەم ڕەوتە تا کۆتایی سیستەمی شاهی لە ئێران درێژەی کێشا و لە کۆماری مەلایانیش‌دا بەهۆی دەسەڵاتی زۆری سپا و

هاتنی پاسداری بێهەژمار بۆ ناوچەکە و دوورخرانەوەی خەڵکی خۆجێیی لە ئەرک و کار و بڕیار و بەڕێوەبەرایەتی، ژمارەی مەئموورانی بێگانە لە ناوچەکە چەند قات زیادی کرد.

بەڵام جگە لە فەرمانبەر و کاربەدەستانی حکوومی کە بەگوێرەی فەرمانی دەوڵەت هاتبوونە بۆکان، هەندێک کاسب و میکانیک و شۆفیر و سەنعەتکاری وەک دارتاش و میعمار یا دووکاندار و بازرگانیش ڕوویان کردە بۆکان و بە شێوەی دایمی لەوێ مانەوە. لە سەردەمی قوتابخانەی منداڵ ڕەنگە پێنج یا شەش کەسێک لە منداڵانی هەر ئەو ئازەربایجانییانە لە قوتابخانەکاندا هەبوون کە لەگەڵیان دۆست بووین و هاتوچۆی ماڵی یەکترمان دەکرد. من لە بیرم نییە هەستم بە جیاوازییەک لەگەڵ ئەوان کردبێ یا کەس بەناوی عەجەم و شیعەوە بوغزاندبێتنی. ئەم شتانە لەنێو خەڵکانی گەورەشدا نەبوو و خەڵک بەگشتی ڕێزیان لێدەگرتن؛ تەنانەت کاتێ کە بەهایییەکان لە سەرەمی پەهلەویی دووهەمدا لە میاندواو ڕاونران، چەند کەسیان هاتنە بۆکان و لەوێ گیرسانەوە و نە دراوسێ ماڵ و نە جیران دووکان دژایەتیی نەکردن هیچ، یارمەتیشیان دان و لە مەترسی پاراستیانن. تەنانەت یەکیان دووکانێک لە دووکانەکانی مزگەوتی جامیع لەسەر حەوزەگەورەی بە ئیجارە پێدرا کە تێیدا دارتاشی و دواتریش وێنەگریی دەکرد.

بەگشتی، لەم بوارەدا فەزایەکی سالم و بێکێشە یا کەم کێشە لە بۆکان هەبوو و ئازەرییەکان بە «غەیرە» و «ناخۆیی» دانەدەنران. کاتێ لە گوندی بوغدەکەندی بوومە مامۆستا، لە بیرمە مجێوری مزگەوتەکە کابرایەکی کورتەباڵای کەمقسە و پیاوچاک بوو کە پێیان دەگوت عەلی عەجەم و هێشتا کوردی قسەکردنەکەی شەقڵێکی تەواوی ئازەربایجانی بەسەرەوە بوو، خەڵکیش هەموو خۆشیان دەویست. لە یەکدوو گوندی دیکەش مجێوری مزگەوت هەر عەجەم بوون. دیارە ئەگەر ئازەرییە شیعەکان کاری وەک مجێورایەتیی مزگەوتیان پێ سپێردرابێ، خەڵکەکە لە هیچ شتێکی دیکەی ئەوان سڵیان نەکردۆتەوە و بۆ نموونە ئەگەر چەرچی بووبێتن شتیان لێکڕیون یان ئەگەر دارتاش بووبێتن کاریان پێ سپاردوون و ئەگەر میوەفرۆش بووبێتن میوەیان

لیٚکڕیـون. ئـەوەش گەلیـک جیاوازە بۆ نموونـە لەو «هەڵاواردن»ەی کە تا ئێسـتاش دووکانداری نێو بازاڕی تەورێز «سـفتاح»، واتە یەکەم پارەی شـت کڕین لە کوردی سوننی وەرناگرن!

هـۆکاری نووسـینی ئەم بابەتە بڵاوبوونەوەی نووسـراوەیەکی ڕێـزدار جەعفەر مەردانبەگییـە لـە ماڵپـەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکاندا بەنـاوی «ئازەرییەکانـی بۆکان»، کە بیرەوەرییەکانی خۆیەتی لە هەندێک کەسایەتی و بنەماڵەی ئازەربایجانیی نیشتەجێی بـۆکان. بابەتەکـە، بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ نووسـەرانی دواڕۆژی مێژووی بۆکان و ئـەو کەسـانە پێکدێنیٚ کە بیانەویٚ لـە پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سـەردەمانەی بۆکان بکۆڵنەوە.

## گرنگترین ناوەندەکانی کەسبوکار لە بۆکانی قەدیم

بەشی «پێشڕەوانی کەسبوکار لە بۆکان» لێرەدا کۆتایی پیٚدیٚ. لە دەسپێکی کارەکەدا هەوڵـی مـن ئەوە بـوو نـاوی پێشـڕەوان و یەکەمینەکانی کەسـبوکار لـە بۆکان و دەوروبـەری بدۆزمـەوە و تۆماریـان بکـەم، بـەڵام بەکـردەوە ئەم کارەم بـۆ نەکرا. یەکـەم، لەبـەروەی بیرەوەرییەکانـی من زۆری بڕ بکردایە دەگەڕایـەوە بۆ ٥٠ یا ٦٠ سـاڵ پێش ئێسـتا و ئەوەش بۆ مێژووی شـار و ناوچەیەک گەلێک کەم و ناتەواوە؛ دووهـەم لەبـەر ئەو ڕاسـتییەی کە ژیانی دوورەوڵاتی دەرەتانـی پێنەدەدام کەڵک لە زانیاریی خەڵکانی بەتەمەن و شـارەزای شار و ناوچە وەربگرم؛ سێهەم و ڕەنگە لە هەمووان گرنگتر لەبەر نەبوونی سەرچاوەی نووسراو.

لـە ئەنجـامدا پەنـام بـردە بەر ئەو دۆسـت و برادەرانـەم کە هـاوکاری ماڵپەڕی «ڕۆژهـەڵات/ بـۆکان»ن؛ دیـارە ئەگـەر یارمەتی و هاوکاریـی ئەو کەسـانە نەبووایە پڕۆژەکـەی مـن هـەر لـە یەکـەم هەنـگاوەکاندا تووشـی نشوسـت دەهـات و ئـەوەش کـە تا ئێسـتا کـراوە، نەدەکرا، بـەڵام ئـەم هاوکارییانە کێشـەیەکی تازەیان دروسـتکرد ئەویـش ئـەوە بـوو کـە هەمـوو ئەو کەسـانە، لـە مـن کەمتەمەنترن و

ئـەوەی دەیزانـن هـەر ئەوانـەن کـە لە مـاوەی ژیانی خۆیـان‌دا دیتوویانـە، کەوابوو ئامانجـی سـەرەتایی مـن کـە پشـکنینی مێـژووی پێـش تەمەنی نەسـلی ئێسـتا بوو، نەپێکـرا و وەک دەبینـدرێ، کارەکـە بەگشـتی بۆتە مێژووی کەسـب‌وکار لە بۆکانی نیـوەی دووهەمـی سـەدەی بیسـتەم و ئـەم ١٠ ـ ١٢ سـاڵەی سـەدەی بیسـت و یەک، واتە سـەرجەم هی ٦٠ سـاڵی ڕابردووە، گەرچی لە هەندێک شـوێن‌دا کەڵک لە بیرەوەریی ١٠ ـ ١٥ ساڵ پێشتریش وەرگیراوە.

بەگشتی حیساباتی ئەم زنجیرەوتارە لە خۆش‌بینانەترین بۆچوون‌دا، دەگەڕێنەوە بـۆ ٧٠ ـ ٨٠ سـاڵ پێـش ئێسـتا، کە ئەوەش بـۆ ناوچەیەکی مێژوویـی و کۆنی وەک بـۆکان و موکریـان گەلێـک کەمە. هـەر چۆنێک بـێ، کار و زەحمەتـی چەند مانگەی هاوڕێکانم و تا ڕادەیەکی کەمیش من، سـەرەڕای ئەم ناتەواوییانە، لای‌کەم بەشـێک لـە مێـژووی ئابووریـی ناوچەکـە و هەندێک ناوی کەسـانی تۆمار و لە فەرامۆشـی ڕزگار کرد، کە لە دوارۆژدا دەتوانێ ببێتە کەرەسەیەکی باش بۆ نووسینی مێژووی کامڵـی بـۆکان و موکریـان. لێرەدا وێڕای سپاسـی زۆری هاوکارانی خۆشەویسـتم، داوای لێبووردن دەکەم بۆ لە بیرچوونی هەندێک کاروکاسـبی یاخود ناوی هەندێک کەس کە پێشڕەوانی کاروکاسبی بۆکان و ناوچەکەی بوون و بەداخەوە وا هەیە لە بیرمـان چووبێتـن. هیوادارم ئەم کەلەبەرانە لەلایەن نووسـەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان‌دا قەرەبوو بکرێنەوە.

**

ئێسـتا، لە دوابەشـی وتـارەکان‌دا، مێژوولکەیەکی کورتی ئابووریـی بۆکان بە کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانی بەردەستم دەنووسم و کارەکەم دەهێنمە کۆتایی. ئامانجی ئەم بەشە ڕوانینێکی گشتییە بە باری ئابووریی بۆکان‌دا و ئاماژەکردن بەو شوێن و ناوەندانەی کەسب‌وکار، وا «گوندی بۆکان»ی سەد ساڵێک پێش ئێستایان کردە شارەدێ و پاشـان شـار و شارسـتان. واتە ئـەو ناوەنـدە بازرگانییانـەی کە لە سـەرەتاکانەوە لـە بـۆکان دامـەزران و یارمەتیی گەورەبوونەوەی شـار و ئاوەدانـی و زیاد بوونی

ئاپۆرەی خەڵکیان دا. ئەوەش چەشنە وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی بۆکان لە گوندێکەوە بوو بە شار، بەڵام «سەرا»، «گلۆلان»، «میراوا»، «عەلیاباد»،» تیکانتەپەی فەیزوڵڵابەگی»، «داشبەند» یا گوندێکی دیکەی هاوچەشن گۆڕانکاریی وایان بەسەردا نەهات؟ بەڵام با پێشتر ئەوە بڵێم بۆکان و ناوچەکەی گەلێک لەمێژین و کۆنن و ژیانی مرۆڤ لەسەر گردی نێوەڕاستی شار دەبێ بگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٠ تا ١٢ هەزار ساڵ پێش ئێستا. ئاوڕدانەوە لەو مێژووە کۆنە کاری من نییە و پێویستی بە توێژینەوەی کەونارناسان هەیە. باسەکەی من سەردەمێکی نوێی دووسەد تا سێسەد ساڵەی ئەم دواییە دەگرێتە بەر ئەویش بە زەحمەت، لەبەروەی سەرچاوەی زۆر بۆ بابەتەکە لە بەردەستا نییە.

دیارە دوابەدوای نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە ناوچەکە و ئاوەدان بوونەوەی گوندێک بەناوی بۆکان، بازرگانی و سەنعەتیش کەموزۆر هاوکات لەگەڵ کشتوکاڵ لە چەند شوێنی تایبەتی شارەکەدا دەستی پێکردووە و گرنگە بزاندرێ هەرکام لەو شوێنانە لە چ ساڵێک و سەردەمێکەوە بوونەتە ناوەندی کەسبوکار و بازرگانی. ئەوە بۆ کەسێکی وەک من لە دوورەوڵاتی‌دا ئەستەمە و هیوادارم لە نێوخۆی وڵات هەوڵی لەپێناو بدرێ و شوێنی بگیرێ.

پرسیارەکە خۆی‌لەخۆی‌دا مەسەلەیەکی سەرەکی، واتە کێشەی خاوەنایەتیی بۆکان دێنێتە گۆڕێ و ئەم پرسیارەی کە یەکەم خاوەنەکانی بۆکان، پێش سەردارەکان، کێ بوون؟ قسەی سەر زاری خەڵک ئەوەیە کە بنەماڵەی مەردانبەگی و خاکی (یا «خەڵکی» )؛ پێش سەردارەکان خاوەنی گوندی بۆکان بووبێتن، بەڵام گەلۆ جگە لە قسە، بەڵگەیەکیش بەدەستەوەیە؟ دیارە ئەم باسە هی بۆکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمە و سەردەمەکانی پێشتر (واتە پێش حوکمی قاجار و پەهلەوی) ناگرێتەبەر. ئەی بۆکان لە سەدەکانی پێشوودا بەدەست کێوە بووە؟ لە دەسەڵاتدارییەتیی زەند و ئەفشار و سەفەوی و سەردەمی موغولەکان‌دا کێ خاوەنایەتیی بۆکانی کردووە؟ زووتر، لە دوای هێرشی عەرەب یا تەنانەت پێش ئەوان لە سەردەمی ساسانی و ئەشکانی و هەخامەنشی و ماد و مانّادا چ حاڵەتێکی هەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە

هاســان نییە و دڵنیام کە لە ســەردەمی ئێستادا و بەپێی ئەو زانیاری و زانستەی کە ئێسـتا هەیە هەندێک بەشـی نەبێ، وەڵامی بۆ نادۆزرێتەوە، لەگـەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم هەندێک زانیاری لەسەر ئەو سەردەمانە ڕوون بکەمەوە.

بەکورتـی، نێوەرۆکـی ئـەم بەشـە، ناوەنـدە بازرگانییـە سـەرەکییەکانی بۆکانـی ئێسـتایە واتە هی نیوەی دووهەمی سـەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایینـی کـە گوندی بۆکان دەسـتی بە پەرەسـەندن کـرد و بەرەبەرە بوو بە شـاری بۆکانی ئێستا.

ئەوانەی خوارەوە ئەم ناوەندانەن:

## ١. قەپان و مەیدانی گەنم

بـە بۆچوونـی مـن بـۆکان لـە پەیوەندیـی بازرگانـی و ساتوسـەودای دانەوێڵـەی گوندەکانی دەوروبەری‌دا گەورە بۆتەوە و بیچمی شاری بەخۆیەوە گرتووە. ئەوەی بۆچی بۆکان بۆتە شار و فڵانە گوندی دەوروبەری نەبووە، پرسیارێکە سەبارەت بە هەموو شـارێکی دیکەش دەتوانرێ بکرێ. دەزانین زۆربەی هەرە زۆری شـارەکانی جیهـان لـە لێـوار ڕووبارێـک دامـەزراون. بۆکان لە سـەرەتای کاردا تـا ڕادەیەک لە ڕووباری تەتەهوو دوور بووە (تۆ بگرە کیلۆمیترێک)، بەڵام ڕووبارەکە دەوری خۆی لـە ئاوەدانبوونـەوە و برەوی کشـتوکاڵ و باغەوانی و بێسـتانچییەتیی شـار و بە هەمان شێوە کشتوکاڵی برنج لە حەمامیان و هەندێک گوندی دیکەی نزیک شار و گەنـم و جـۆ و نـۆک و چەوەندەر و تووتـن، لە گوندەکانـی دیکە، بینیـوە. دیاردەی گرنگ لەو پەیوەندییەدا وا هەیە «حەوزەگەورە» بێ کە شـوێنی بەتاڵی چۆمی چەقی شاری پڕ کردۆتەوە. ئاوی حەوزەگەورە بە بیرەوەریی ئێمە و نەوەی پێش ئێمەش، بە سێ لایەنی جیاوازی شاردا خوشیوە و مەزرا و باغ و بێستانی ئاودێر کردووە، لای‌کەم لەنێو شاردا دوو ئاشی پێ‌گەڕاوە. لە ڕاستی‌دا بۆکان بەبێ حەوزەگەورە یا نەدەبوو یا ئەگەر ببووایە لە گوندێکی بچووک واوەتر نەدەچوو.

سـەرەڕێ بوونی باشـوور و باکوور و بە یەکەوەبەسـتنی چەند پارێزگای وەک کرماشـان، کوردسـتان و ئازەربایجـان لەلایـەک و نزیـک بوونی لە سـنووری دوو ناوچـەی گرنگ و بەپیزی «بین‌النهرین» و «ئاسـیای بچـووک» لەلایەکی تر؛ هەروەها دەشتایی و تەخت و گوڕ بوونی خاکەکەی و لە ژوور ئەوانەوەش هەوڵ و تێکۆشانی دانیشـتووەکانی، دەبێ هۆکار بووبێتن بۆ سـەرهەڵدان و گەورەبوونەوەی شارەکە. دیـارە سـەرەڕێ بوونـی بۆکان بۆ هاتوچـۆی نێوان تیسـفوون و ئاورگەی گرنگی ئازەرگوشنەسـب (شـیز) لە تەختی سـولەیمانی ڕۆژهەلاتی شـار، هەروەها، بوونی «ئیزیزتـوو»ی پێتەختـی حکوومەتی ماننـا لە «قەلایچی»ی بنگوێی شـارەکە دەتوانن دوو فاکتەری دیکە بن بۆ ئاوەدان بوونی بۆکان هەر لە سەدەکانی زووەوە، تەنانەت سەردەمی پێش مێژووی عیسایی.

ئەگـەر ئەم بۆچوونەی من بەشێکیشـی ڕاسـت بێ، ئەوا دەبـێ بگەڕێین و بزانین سەرەتا کام شوێن و گەڕەک لە بۆکاندا ئاوەدان بۆتەوە و خەڵکی لێ‌کۆبوونەتەوە. لـە بـاری کۆمەلایەتییـەوە دەوروبـەری حەوزەگەورە بـە قەلای تەنیشـتییەوە دەبێ یەکـەم شـوێنی نیشـتەجێ بوونی خەڵک بووبـێ و بوونی ئاسـەواری «دەخمە»یەکی مـادی لـە گەورەماڵێکی سـەر گۆلی مەردانبەگ ئەم ڕاسـتییە دەسـەلمێنێ، بەلام لە باری ئابوورییەوە دەوروبەری قەپان دەبێ یەکەم شـوێنی بازرگانیی بۆکان بووبێ کـە خەڵکـی گوندەکان گەنـم و دانەوێڵەی خۆیـان هێنابێتە ئەوێ و فرۆشـتبێتیان یا لەگەڵ کالای دیکەدا ئاڵوگۆڕیان پێکردبێ. دواتر بە بۆنەی هاتوچۆی ئەو کڕیار و فرۆشیارانەوە لە دەوروبەری قەپان دووکانی وەک چایخانە و فرۆشتنی خواردەمەنی، ئینجـا بەقاڵـی و شـتی ئەوتۆ لـەو دەوروبەرە کرابێتنـەوە و لە قۆناغەکانـی دواتردا سـەنعەتکاری وەک ئاسـنگەر و بەرگدروو و دارتاش...یش سـەریان هەڵدابێ و بەو پێیـە، هـەم ژمـارەی دانیشـتووان لـە زیادیی دابێ، هـەم گەڕەک و ناوچەکانی شـار پەرەیان سەندبێ.

## ٢. خیابانی کۆن

نازانم ئەو خیابانە، کەی لێدراوە، بەڵام دووری نازانم هاورێ لەگەڵ گەورەبوونەوەی شار و برەوی کاروکاسبی‌دا وردەوردە دووکان لە دەوروبەری قەپانەوە بۆ ئەملایە پەرەیان سەندبێ. گومان لەمەدا نییە کە خیابانەکە دەبێ بەگوێرەی نەخشە و داڕشتنێک لێدرابێ. ئەوەی وا تەختی زەوی، واتە پانتایی شەقامەکە بەردچن بووە، دەرخەری ئەم نەخشە و پلانەیە. وا هەیە کاری دروستکردنی شەقامەکە لە ماوەی حوکمی سەردارەکان و بە ئەگەری زۆریشەوە لە سەردەمی سەیفەددین‌خان کرابێ، بەڵام ئەگەر قەڵای شارەکە مێژووی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر، گونجاو نابێ لە سەردەمە کۆنەکان و لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتیی موغول و تەنانەت پێش ئەوانیش لە سەردەمی ماد وماننا و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی و دەسەڵاتی ڕۆم لە ناوچەکەدا، شەقامێک بە دەوری قەڵاوە نەبووبێ بۆ ئەوەی دانیشتووانی قەڵا بۆ کاروبار و ژیانی ئاسایی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن. ڕوانینێک بە قەڵای مێژوویی سەقز و بازاڕی پەنای‌دا، هەروەها قەڵای هەولێر و کەرکووک و شەقامی بازنەیی دەوروبەریان‌دا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە قەڵاکان پێویستیان بە ناوەندی بازرگانی هەبووە کە کاروانی شتومەک هاتوچۆیان بکا و کەرەسەی ژیان بۆ دانیشتووەکانی دابین بکا. ئەم ڕاستییە سەبارەت بە شەقامی کۆنی بۆکانیش دەتوانێ ڕاست بێ و مێژووی بگەڕێنێتەوە بۆ دوو یا سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا.

## ٣. قەیسەری

قەیسەریی بۆکان کاری سەردەمی سەیفەددین‌خانی بابامیری بووە. دەزانین کە سەیفەددین‌خان لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی‌دا ژیاوە و بەو پێیە، قەیسەری و بینای قەڵا و نۆژەنکردنەوەی حەوزەگەورە هەمووی کاری نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەی زایینین. قەیسەری تا ئەو ساڵەی کە خیابانی تازە

(پەهلەوی) لێدراوە، واتە دەوروبەری ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی و ۱۹۴۰ی زایینی، هەر بووە و کاری بازرگانیی تێدا کراوە. شـوێن و باری جوغرافیایی قەیسـەرییەکە بەو چەشنە بووە:

لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا کشاوە. سەرەتاکەی لە خیابانی کۆن ڕووبەڕووی مـاڵ و دووکانـی نەمـر حاجی حەمەسـاڵحی محەممـەدی و کۆتاییەکەشـی، دوای زاوییەیەک، بەرەو باکوور و گوزەری بەرگدرووەکانی ئێستا سووڕاوەتەوە. سەرجەم درێژاییەکەی لە ۱۰۰ میترێک زیاتر نەبووە. قەیسـەری سـەری داپۆشـراو بووە و زۆربـەی کووتاڵفرۆشـییەکانی بـۆکان و هەندێـک کاروکاسـبی دیکەشـی وەخـۆی گرتـووە. نازانم بە خشـتی سـوور دروسـتکراوە یا بەخشـتی کاڵ؟ بـەڵام ئەگەری زۆر ئەوەیە خشتی کاڵ بووبێ، جگە لە سەردەرگانە و شوێنی هاوچەشن. هەروەها نازانم بەنناکەی کێ بووە؟ ناوی هیچ بەننایەکی خۆجێییم نەبیسـتووە کە ئەرکەکەی ڕاپەڕاندبـێ. دەزانیـن درەنگتـر «سـەیدی بەننا» (سـەید عەبدولقادری قورەیشـی) لە دەزگای سەردار عەلیخان زۆر نزیک بووە و دەوری باوەڕپێکراو و نوێنەری ئەوی بینیوە، بەڵام قەیسـەری لە سـەردەمی پێش عەلیخاندا دروسـتکراوە و ئەو دەمە، سـەیدی بەننا وا هەیە لە دایکیش نەبووبێ. ئەگەرێک دەتوانێ ئەوە بێ کە سـەردار بەننـای لە شـارەکانی دیکەوە بـۆ هێنابێ. ئەگەری گرنگتر ئەوەیە کە قەیسـەرییەکی کۆنتر لە شـوێن یا دەوروبەری ئەو قەیسـەرییە بووبێ کە لە سـەدەکانی پێشـتردا بازرگانیی تێدا کرابێ و ئەو قەیسـەرییەی سـەردار سـەیفەددینخان کرابێتە جێگری ئەو، بەڵام من هیچ بەڵگە و نیشانەیەکم بۆ ئەوە نییە.

بـە بیرەوەریـی خـۆم، لـە نێو قەیسـەری سـەیفەددینخاندا هەندێـک دووکان یا حوجـرەم بینیـوە و لەوانـە کووتاڵفرۆشـیی ماڵی خاڵـم. تەنانەت بەباشـی لە بیرمە کـە حوجـرەی کووتاڵفرۆشـیی حاجی قـادری محەممەدی کەوتبووە ئـەو قوژبنەی وا دووکانەکان بە دەستەڕاسـتدا وەردەسـووڕانەوە و بـەرەو گوزەری خەیاتەکان دەکشـان. هەروەها دووکانی خەڕازی و کەرەسـەی نووسـین (نوشـتافزار)ی ماڵی ئیسـماعیلزادەم لە بیرە کە وا بزانم دوایین دووکانی نێو قەیسـەری بوو و پاشـان

دەگەیشتییە گوزەری خەیاتەکان، ئەو گوزەرەی وا سەری دانەپۆشرابوو. حوجرە یا دووکانەکانی نێو قەیسەری هەندێک لە زەوی بەرزتر بوون و تا سەرەوەی ئەژنۆی مشتەری دەهاتن. دووکاندار لەوێ چوارمەشقی دادەنیشت، واتە کورسییەک نەبوو لە سەری دابنیشن. تەنیا دەزگا یا مێزێک هەبوو کە کاری لەسەر دەکرا، بۆ نموونە کووتاڵفرۆش کووتاڵەکەی لەسەر گەز دەکرد و دەیبڕی یا بەرگدروو ئیشوکاری لەسەر ڕادەپەڕاند. مشتەریش لە دەرەوەی دووکان، واتە لەنێو ڕاڕەوی قەیسەری ڕادەوەستا و لەگەڵ خاوەن دووکاندا قسەی دەکرد.


ڕۆژانی جەژنی مەولوود دووکاندارەکان بەردووکانی خۆیان دەڕازاندەوە و چراخانیان دەکرد.

ئیش کردن، واتە کردنەوە و داخستنی دووکان بەگوێرەی سەعات نەبوو. لە چوار وەرزی ساڵدا بەیانی دوای تاوکەوتن و نانی بەیانی خواردن دووکان دەکرایەوە و ئێوارانیش پێش تاریکان دادەخرا. هەندێک کەس زووتر لەوانی دیکە دووکانیان دەکردەوە.

درەنگتر، کاتێ کە خیابانی تازە لێدرا، ڕاست بە نێوەڕاستی قەیسەریدا تێدەپەڕی، ئیتر قەیسەریش خەڵک گوتەنی، «وەبەر خیابان کەوت» و ڕووخێنرا و نەما.

ئەم نەخشەیەی خوارەوەم هەر بۆ زانیاریی سەرەتایی ئەو کەسانەی وا قەیسەرییان نەبینیوە ئامادە کردووە، دەزانم نە شێواز و ئوسلووبی نەخشەکێشانی تێدا ڕەچاو کراوە، نە ئەندازەکانم بۆ دیاری کراون و نە سەرجەم دیققەتێکی عیلمی هەیە؛ هەر ئەوەندەیە لە هیچ باشترە! بریا پسپۆڕێکی وەک کاک سولەیمان چووکەڵی نەقشەیەکی ڕێکوپێکی بۆ بکێشایەتەوە.

ئەوەش نەقشەکەی قەیسەری:



### ٤. گوزەری خەیاتەکان

گـوزەر یـا مەیدانـی خەیاتـەکان لـە ڕاسـتیدا درێـژەی قەیسـەری بوو. بـە دەوری گۆڕاییەکـی گـەورەوە دووکانـی بەرگـدرووەکان هەڵکەوتبـوو. ژمـارەی دووکانی بەرگـدرووی بـۆکان لەچاو ئیشوکارەکانی دیکە، زۆر بوو و بۆ ئەوە دەبوو ڕاسـتە دووکان یـا گـوزەری تایبـەت بەخۆیان هەبێ. شـارەکانی دەوروبەری بۆکان نە ئەو ژمـارە بەرگدروویەیـان هەبـوو، نـە تێیـاندا گوزەرێـک تایبـەت بە بەرگـدرووەکان کرابوو. دوای تێکچوونی قەیسەری دوو یا سێ دووکانی خەیاتی هاتنە سەر خیابان. وا بزانـم ئەمانـە کەسـانێک بوون کە دووکانیـان لە دەرەوەی گـوزەری خەیاتەکان،

واتە لەنێو خودی قەیسەرییەکەدا هەڵکەوتبوو. دووکانی حەسەن و حسێنی تەهایی لە خیابانی کۆنە، دووکانی محەممەدی شاقولی لە نێوان خیابانی تازە و خیابانی کۆن، دووکانی باوکیشم لەسەر خیابانی تازە لە نزیک زارکی پێشووی قەیسەری بوو. دەبێ ئەم قسەیە ڕاست بێ لەبەروەی لە بیرمە دووکانی باوکم پێشتر لە نێو قەیسەریدا بوو و من بە منداڵی هاتوچۆم دەکرد.

خەیاتەکان جلوبەرگی کوردییان دەدروو و دایاندەنان بۆ پاییز کە خەڵکی گوندەکان گەنم و جۆ و نۆکیان دەهێنایە شاری، دەیانفرۆشت و جلوبەرگی تازەیان بۆ خۆیان و کەسوکاریان دەکڕی. بەو کارە دەگوترا «جلوبەرگی بازاڕی دروون». خەیاتەکان کە توانای دارایییان کەم بوو، بە عادەت کووتاڵیان بە قەرز لە کووتاڵفرۆشەکان وەردەگرت، کاری «بازاڕی»یان پێدەکرد و لە پاییزدا دوای فرۆشتنی جلوبەرگەکان قەرزەکەیان دەدانەوە. ئەو جلوبەرگەی وا دەدروا و ئامادە دەکرا بەگشتی کەواوپانتۆڵ و کراسی پیاوان و کڵۆنجەی ژنان بوو. بەرگدروو بەگوێرەی ڕادەی کار و دارایی خۆی یەک یا دوو «شاگرد»ی هەبوو. شاگرد ئەو کەسانە بوون کە لە بەردەستی وەستادا کاریان دەکرد و فێری خەیاتی دەبوون، لە بەرانبەردا ساڵانە حەقدەستێکیان وەردەگرت. شاگرد خەیات ساڵانە پەیمان یا قۆنتەراتێکی لەگەڵ وەستای خەیات ئیمزا دەکرد کە ساڵێک کاری بۆ بکا و لەو ساڵەدا سێ مانگیش «شەوکار» بکا. شەوکار بریتی بوو لەوەی وەستا و شاگرد لە مانگی کۆتایی بەهار و دوو مانگی هاویندا دوای شێوی شەو و نوێژی خەوتنان، دەهاتنەوە دووکان و تا نیوەشەو کاریان دەکرد بۆ ئەوەی جلوبەرگی «بازاڕی» بۆ پاییز ئامادە بکەن.

هەندێک خەیات کاری بازاڕییان نەدەکرد و تەنیا بە «سفارش»ی خەڵک جلوبەرگیان بۆ دەدروون. مشتەریی ئەو چەشنە خەیاتانە بەگشتی دەوڵەمەندی شار و ئاغاواتی گوندەکان بوون. بەو کارەیان دەگوت کاری «خۆماڵی» لە بەرانبەر کاری «بازاڕی»دا کە پێشتر ئاماژەم پێکرد. باوکم تەنیا کاری خۆماڵی دەکرد و جلوبەرگی ئاغاکانی

بـۆکان و دەوروبـەری دەدروو.[١] سـاڵێکیان دیتـم باوکم کاری «بـازاڕی» کرد، بەڵام لەگەڵ تەبیعەتی‌دا نەدەگونجا و خێری لێ‌نەدەکرد، ئیتر نەیکردەوە.

### ٥. مەیدانی کافرۆشەکان

مەیدانەکـە گۆڕایی‌یـەک بـوو لە ڕۆژهەڵاتی قەپانی قاسـمئاغا، لە نێـوان خیابانی کۆنە و خیابانی سەقز. هەردوو لای باشوور و باکووری گۆڕایی‌یەکە، دووکان بوو و پشـت دووکانەکانیش ماڵی خەڵک. ناڵبەندەکان لەوێ‌دا دووکانیان بوو و وڵاخیان لە بەردەم دووکانەکەیان ناڵ دەکرد. چەند دووکانی کا و وێنجەفرۆشیشی لێ‌بوو. یەک دووکانی بەقاڵیشـم لە بیرە کە لەوێ هەڵکەوتبوو و هی کاک حەمەسـاڵەی سـالمی، باوکـی کاک کەریـم و شـەهید قـادری سـالمی بوو. لە سـەردەمی برەوی ئەسـپ و چـارەوێ‌دا، ئـەو مەیدانـە دەوری «تەعمیـرگا»ی ماشـێنی ئێسـتای دەبینـی و زۆر قەرەباڵغ بوو. درەنگتر هەندێک لە دووکانەکان، دیارە بەهۆی بێ‌برەویی ئەو چەشنە کەسـبوکارانەوە، چـۆڵ ببـوون و لـە دووکانیکیان‌دا ژنێکـی بێ‌پەنا (خونچەشـێت) دەژیا.[٢]

### ٦. ڕاستەی ئاسنگەرەکان

لە قەپانی حەمەدەمین‌ئاغاوە بەرەوخوار، واتە بەرەو لای چۆمی، کۆڵانێکی پان یاخود شـەقامێک هەبوو کە زۆربەی دووکانەکانی ئاسـنگەری بوون. دووکانی ئاسـنگەریی

١. باوکم هەموو شەوی جەژنێکی قوربان و ڕەمەزان کەواوپانتۆڵی بۆ قاسمئاغای موهتەدی دەدروو و بەیانی زووی جەژن دەیدا بە من بیبەم بۆ «دێی قاسمئاغا» لە پەنای شار. لەوێ لە دیوەخان کەواوپانتۆڵەکەم دەدایە دەست نۆکەر و دەستوپێوەند، ئەوانیش دەیانبردە ژووریَ و «شـاگردانە»یان بۆ دەهێنام. ئەم کارەم زۆر پێخۆش بوو لەبەروەی شـاگردانەی قاسـمئاغا لەچاو ئاغاکانی دیکە، گەلێک زۆر بوو!

٢. من لە دەبیرستان دەرسم دەخوێند و «پێشاهەنگ» بووم. لە بیرمە مامۆستایەکمان (کاک عەزیز موقتەدیری) ڕۆژێک وەک «کاری چاکی پێشاهەنگی» بردینی و شوێنی ژیانی خونچەی هەژارمـان بـۆ خاوێن کردەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی هاتـەوە ماڵێ، بەربووە جنێوپێدانمان و لە ترسان هەموومان هەڵاتین!

ماڵـی «کاوەیـی» و «نـەزەری»ش لـەوێ هەڵکەوتبـوون. ئاسـنگەرەکان کەرەسـەی کشتوکاڵ وەک داس و نیروئامووریان دروست دەکرد. کوورە و دەزگا و سندانیان هەبوو و ڕۆژ تا ئێوارە شـاگردێک کوورەی دەدەماند و وەسـتا ئامرازی دەسکردی خۆیانـی دەکوتایـەوە. لای ڕۆژهەڵاتـی ئەو گـوزەرە، قەپانـی حەمەدەمینئاغا و لای ڕۆژاوای ماڵی خەڵک بوو کە دەگەیشـتەوە سـەر خیابانی میراوا. بەری باشـووری گوزەری ئاسنگەران، گوزەری خەیاتەکان و بەری باکووری، مەیدانی گەنم بوو.

## ٧. مەیدانی حەیوان

ئـەوە دیاردەیەکـی تایبـەت بە بـۆکان بوو و لە هەمـوو ناوچەکەدا ئەوەنـدەی بزانم بـازاڕی حەیـوان تەنیـا لە بـۆکان و لە گونـدی قەباغکەندیی نزیک میانـدواو هەبوو. بـازاڕی حەیـوان لە بـۆکان هەفتەبازاڕێک بوو بۆ کڕین و فرۆشـتنی مەڕ و مانگا و ئەسـپ و گوێدرێـژ و بەگشـتی ئاژەڵ و پاتـاڵ. وا بزانم ڕۆژی بازاڕ چوارشـەممان بوو و دواتر کرا بە یەکشەممان.

فرۆشـیار لـە گوندەکانـەوە حەیوانیان دێنایە ئـەوێ و دەیانفرۆشـت، کڕیاریش، چ خۆجێیـی و چ ئەوانـەی وا لـە شـارەکانی دیکـەوە دەهاتـن، حەیوانیـان دەکڕی و دەیانبردن بۆ شوێنەکانی دیکەی کوردستان یا عەجەمستان. دڵنیا نیم ئایا «عەواریز» تەنیـا لـە فرۆشـیار وەردەگیـرا یـان لە کڕیاریش. لە سـەردەمێکدا کـە وە بیری من دێ، کاری وەرگرتنی ئەو عەواریزە بە ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوان و کوڕەکەی، واتە محەممـەدی پاڵەوانـی درابوو. کەس نەیدەتوانی بەبێ ئـەوەی ماڵیات یا عەواریز بدا هیچ بفرۆشـێ، تەنانەت ئەگەر پێش هاتنە نێوشـاری بۆکان، لە ڕێگاش بیانفرۆشتایە دەبووایـە عەواریزەکە بدەن دەنا تووشـی شـەڕ دەبوون و لێیـان دەدرا. ئەو مەڕ و مانگایانەی وا دەفرۆشـران، قەسـاب و هەروەها چۆدارەکان دەیانکڕی و دەیانبردن بـۆ تـاران و تەورێـز لـەوێ دەیانفرۆشـتن. خەڵکـی ئاسـاییش بۆ قوربانـی کردن و «گاوگـەردوون» حەیوانیـان لـەوێ دەکڕی. بازاڕی حەیـوان ناوەندێکی گەلێک گرنگ

بوو بۆ ئابووریی بۆکان و ناوچەکە لەبەروەی بە تەنیشت کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵەوە گەلێک بابەتی دیکە هەر لە جلوبەرگەوە تا خواردەمەنیش دەفرۆشرا. دووکاندارەکانی بۆکان لەو ڕۆژەدا شتومەکی خۆیان دەهێنا و لەسەر زەوی پانیان دەکردنەوە و خەڵکەکە لێیان دەکڕین.

## ٨. گاراج

گاراج یا گاراج دیاردەیەکی تازەترە و بەو شوێنە دەگوترێ کە دوای سەرهەڵدانی ترۆمبیل و کرانەوەی ڕێگای هاتوچۆی ترۆمبیل بۆ شارەکانی دیکەی وەک تەورێز و مەهاباد و ورمێ و میاندواو و بناو و سەقز، گرنگایەتیی پەیدا کرد و بوو بە ناوەندێکی سەرەکیی ئابووری بۆ هەنارده و هاوردەی و بردە کردنی شتومەک. یەکەم گاراج لە شوێنێک کرایەوە کە دەکەوتە خوار باغی ماڵی حاجی ساڵەی حەریری و شانی باکووری ڕۆژاوای مزگەوتی بازاڕ. دواتر لە بەردەم گاراجەکە مەیدانێکیش لێدرا و چەند دووکانیشی تێدا کرایەوە. ماشێنی باری لەوێوە بەرەو شارەکانی دیکە بەڕێ دەکرا و گەنم و جۆ و نۆک و خوری و بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵی و حەیوانیی بۆ شارەکانی دیکە دەبرد و لەوانەوە، بەتایبەت لە تەورێزیشەوە شتومەک دەگەیشتە ئەوێ، لەوێ بەتاڵ دەکرا و دەبرا بۆ بەر دووکانی خاوەنەکانیان.

ئەوەی لەم بەشە و بەشەکانی پێشوودا سەبارەت بە ئابووریی بۆکان تۆمار کرا، زانیارییەکی گەلێک کەم بوون. هیوادارم ئەم هەشتە لە مشتە بۆ نووسینی دواڕۆژی مێژووی بۆکان و موکریان وەک بەشێک لە کوردستان، کەڵکی خۆی هەبێ و هاندەرێک بێ بۆ توێژەرانی دواڕۆژ کە کاری شێلگیرانە و وردبینانەتری لەسەر بکەن.

## زنجیرە چاپکراوەکانی بنکەی ڕۆشنگەری

١. کۆڕیادی ١٠١مین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەن قزڵجی، نوامبری ٢٠١٦
٢. شیلانی شەرگە، (کۆمەڵە شێعر) نووسینی قادر وریا
٣. مچەی کچەی(بەسەرهات)، نووسینی قادر وریا
٤. تێرۆریزمی دەوڵەتی لەدژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نووسینی قادر وریا
٥. ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم، نووسینی عەبدوڵڵا فەتاحی بەرگی ١ و ٢
٦. برگەیەك لە ژیان و خەباتم، نووسینی حەسەن ڕەستگار، بەرگی یەك، بەشی ١و٢
٧. وەردانەوەی ژیان، نووسینی محەمەد بۆکانی(بێکەس)
٨. چەپکێك ڕوانگە و ڕەخنە، کۆمەڵە وتار لەبارەی پرسی کورد، نووسینی کامران ئەمین ئاوە
٩. ئێستاش لە بەرلین دادوەر هەیە، تیرۆر و دادگای بەرلین، مێهران پایەندە، عەبباس خوداقولی، حەمید نەوزەری، وەرگێڕ: سامان ڕەحیمزادە
١٠. بازاندیشی در برخی از مفاهیم کلیدی فلسفەی سیاسی، مجموعە ترجمە از پژوهشگران خارجی، ناصر ایرانپور، جلد ١ و ٢
١١. خندەی گدا(مجموعە داستان) حسن قزلجی
١٢. جستارهایی پیرامون جنبش ملی کرد(مجموعە مقالات سیاسی – اجتماعی)، کامران امین آوە
١٣. چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، کامران امین آوە
١٤. کردستان معاصر، لازاریف، محوی و دیگران. مترجم کامران امین آوە
١٥. سالم زیستن آموختنی است! (مجموعە مقالات پزشکی – اجتماعی)، دکتر کامران امین آوە
١٦. افعال و مبانی دستور زبان آلمانی، چارلز جی. جیمس، مترجم کامران امین آوە

# BOKAN
# IN THE COURSE OF HISTORY
# BY ANWAR SOLTANI

## Vol. III

A collection of 481 essays detailing history, literature and life accounts of people of Bokan (Bukan), a Kurdish town in north-west Iran, from the earliest written record to present. The accounts of historic sites around the town give details of continuous story of three thousand years of civilizations in the region, including the time of Mannaean, Medes, Urartian, Scythians, Parthians, Sassanids, Greeks, Romans and Arabs who governed the region at different points in time. Readers will embark on the journey through the historic sites of Zewiyeh, Izirito, Takht-e Soleiman (Shiz) and Faqreqa, the tomb of a Median king in neighbouring towns of Saqiz and Mehabad, while meeting past and present religions such as Mithraism, Zoroastrian and Islam.

Bokan is also a land of great Kurdish poets and authors; important contributions to Kurdish literature are documented in the book through the life and fortunes of H. Qizilji, A.Haqiqi, K. I. Awat, S. Ilkhanizadeh, E. Afkhami, O.S. Wefa and many others. Two further sections of the book will account for development of economy in Bokan during the time, along with the exciting political memoirs of the author in both prisons of the previous and current Iranian regimes.

Readers can also find detailed history of the region through the time, from Assyrian invasions (first millennium BC)  to the first and second world wars, Republic of Kurdistan (1946), Peasants Uprising (1952-3) and Kurds defending harsh aggression of the Islamic republic of Iran in 1979.